ئایدۆلۆژیا
مۆدێرنە سیاسییەکان
وەرگێڕانی : عومەر مەولودی

له لایەن وەرگێڕەوە پێشکەشە بە بەرەی کوردستانی

ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان

نووسین

ئەندرۆ ڤینسێنت

وەرگێڕانی

عومەر مەولوودی

- **ئیدئۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان**
- نووسینی: ئەندرۆ ڤینسێنت
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عومەر مەولوودی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: محەمەد هاشم
- پیتچنین: عەلی جەوشەنی (بۆکان)
- ژمارەی سپاردن: ١٦١٠
- نرخ: ٦٠٠٠
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٧
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (٣٤٩)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

من خەریکم باوەڕ بکەم کە گشت جیهان رازێکە، رازێکی بێ ئازار کە کۆششەکانی ئێمە بۆ تەعبیری ئەو، ئەو جۆرە کە دەڵێی راستەقینەیەکی شاراوەی لە ناخی خۆیدا هەیە، ترسناک و تواناسواوی کردووە.

ئۆمبراتواکۆ، ئاونگ فۆکۆ

ناوەڕۆک

ئیدئۆلۆژیای مۆدێرنە سیاسییەکان

ئەم کتێبە دەسکەوتی ساڵانێکی دوور و درێژی وتنەوەی وانەی ئیدئۆلۆژیا لـە خـولی بکـالریۆس (لیـسانس)ە. نەسـڵ و پالـوێنەیەکی زۆری خوێنـدکاران بـۆ دەوڵـەمەندتر کردنی بە سەعات بێ‌پسانەوە لێدوان، لەگەڵ چرکەساتی بینـینی رەخنـەیی و گاڵـتە و گەپ و گێرانەوەی نوکتەی خۆشی، ویستراو و نەویستراو لە پێکهێنـانی ئـەم کتێبـەدا بەشداریان بووە. بەراستی ئەگەر بکرێ بو فێربوونی دەرسی ئیـدئۆلۆژی سـیفەتێکی باش گوڵبژێر بکرێ، بێ بەزییانە لە دەروون پاکی، کات، بە سەبری و پـشوودرێژی و پسپۆڕی هاوڕێیان و هاوخوێندکارانم بەهرەمەنـد بـووم. هەنووکـە تێدەگـەم کـە لـە شوێنێکی قەرەباڵخی وەک زانکۆ ئەرکێکی گـەلێک ئاسـتەنگ بـوو کـە مـن خـستوومە ئەستۆی ئەوان. حەز دەکەم بەتایبەت لە (جینۆ بدانی) کە یارمەتییـەکی فـرەی داوم و کات و دادوەری روونی خۆی لێبووردوانە خستووەتە بە دەستم، سوپاسی لێ بکـەم. هەروەها لە (لۆئیس ئـالان، رابـین ئاتفیلـد، ئەنـدرۆ بێلـسێی، سـتیفان بێرگێـر، دەیـڤید بوچێر، ئەندی دابسۆن، مارک دونوڤان، گـریم دانکـەن، دیانـا کـول، سـارا دێلامۆنـت، ئەندرۆ ئێدگار، یان فۆربێس، مایکل جـۆرج، بـروس هـەدوک، دەیـڤید هـەنلی، دەیـڤید جەکسۆن، روی جـۆنس و بـاری جـۆنس سوپاسـیان دەکـەم) کـە چەنـد بەشـێک لـە کتێبەکەمیان خوێندەوە و تۆژینەوەیان لە بارەوە ئەنجام داوە. ئەوان ئەو توانایـەیان بە من بەخشی کە لە زۆر هەڵە خۆ ببوێرم و لـە باشـتر کـردنی نـاوەڕۆکـی کتێبەکـە یارمەتیان کردووم. جگە لە وانەش، لە گـرەوی زەحمەتـەکانی خێزانەکـەم، مـەری، و کچەکانم، لیزا و راشل، دام کە لە کۆکردنەوەی کتێبەکەمـدا یارمـەتیان داوم. شـایانی باسە کە بەرپرسایەتی داهێنان و لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبە تەنیا بە ئەستۆی خۆمە.

هەرچەند کە ئەم کتێبە بۆ فێربوونی ئیدئۆلۆژی کۆکراوەتەوە، بەڵام هیچ شتێک بە هیچ شێوەیەک جێی خوێندن ناگرێ. کتێب هێندێ کەرەسەی دەسپێک لە بواری سروشتی ئیدیۆلۆژییەکان پێک دێنێ و لە ئاخاوتنی بەراوردی سەبارەت بە ئەندێشەگەل، ناوەڕۆک گەل و بیرمەندان کەڵک وەردەگرێ. ئەگەر خوێندکاران تێبکۆشن لانیکەم بڕێک لە ئاسەواری ناوبراو موتاڵا بکەن، ئەو دەم ئەم کتێبە دەبێ وەک داهێنانێکی تەواو بۆ بیرکردنەوە و تێرامان لەمەڕ ئیدئۆلۆژییەکان وەک سەرچاوەیەک کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

لەگەڵ ئەوەی کە کتێب زۆرتر تایبەت دراوە بە وانە ئیدئۆلۆژییەکانەوە، لە چەند لێدوانێکی دیکەشدا، لەسەرانسەری ئەودا هاتوونەتە ئاراوە. ئەم لێدوانانە پەراوێزی موتاڵا بەرفراوان دەکاتەوە و بڕێک لەسەر بەرینی راڤەکردنی جەوهەری ئیدئۆلۆژییەکان فراوانتر دەکاتەوە. بەم حاڵەوە هەوڵ دراوە هەتا جەماوەری خەڵک بتوانن کتێبی ئیدئۆلۆیای مۆدێرنە سیاسییە بخوێننەوە و سوودی لێ بەرن.

ئەندرۆ ڤینسێنت ـ زانکۆی ویلز، کاریف

بەشی یەکەم

سروشتی ئیدئۆلۆژی

لەم بەشەدا باس لە سێ بابەت دەکەین: یەکەم، بەگشتی مێژوویەکی چڕوپڕ لەمەڕ چەمکی ئیدئۆلۆژی و سەرەنجام لێکدانەوەیەکی سەرهەم بەندی لە پێکهاتەی کتێب.

ئەم کتێبە لەمەڕ چەمکی ئیدئۆلۆژی بە مانـای تایبـەتی ئـەو نییـە، بەڵـکو کتێبێکـە لەمەڕ ئیدئۆلۆژییەکان. لەگەڵ ئەمەدا، چونکە کێشە لە ناو بۆچوونەکان سەبارەت بـە ئیدئۆلۆژییەکان زۆرە، بێ را دەربڕین، ئەگەر کورتیش بێ، لـەو بـارەوە ناتوانــێ بـە مەبەستی دیاریکراو بگا. لە بەراورد کردن لەگەڵ ئیدئۆلۆژییـەکان خۆیـان، مێـژووی چەمکی ئیدئۆلۆژی کورت، رەنگە دووسەت ساڵ، بەڵام پێچراوەیە. مێژووی لە دایک بوونی وشەی «ئیدئۆلۆژی» وەکو زۆربەی «ئیـدئۆلۆژی»یـە سیاسـییەکان و نـوێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسا لە دەیـەی ۱۷۹۰. بـۆ ئاشـکرا و روونکردنەوەی مەبەست، مێژوو بە چەند قۆناخ دابەشـکەین و ئەمانـە قۆناخگـەلێکن کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ماناگەلی جیـاواز و جۆراوجـۆر. بەگـشتی، باسـەکە بـە وتەیەکی داهێنانەی، فەیلسووفی فەڕانسەوی، ئانتوان دستووت دوو تراسـی، دەیـەی ۱۷۹۰ دەس پێدەکەین. ئەو کات بە کار کردی مارکس ئەم واژەیە لە دەیـەی ۱۸٤۰ و مـیراتی داپۆشـراو و شـاراوەی مارکسیـستی ئـەو لـە درێژایـی سـەدەی بیستەم دەگەین، پاشان بۆ کـارکردی ئـەم وشـەیە لـە بزاڤـی (دوا قۆنـاخی ئیـدئۆلۆژی) بـۆ دەیەی ۱۹۵۰ دەگەڕێینـەوە. لـە کۆتاییدا بـە سـیلەی چاوێـک دەڕوانینـە تـازەترین وتووێژ سەبارەت بەم وشەیە.

وشـەی ئیـدئۆلۆژی یەکـەم جـار لـە نێـوان ساڵـەکانی ۱۷۹٦ و ۱۷۹۸ ئـانتوان دووتراسی کاتێ هەواڵی زانستی لـەژێر ناونیـشانی رەسـالەیەک دەربـارەی هێـزی بیرکردنەوە لە ئەنستیتۆی نەتەوەی پاریس هێنایـە ئـاراوە، ئـەم رەسـالە پاشـان بـە شێوەی کتێب و بە ناوی بنەمای ئیدئۆلۆژی (۱۸۱۵ ـ ۱۸۰۰) چاپ کرا. هەڵـبەت ئەمـە وەک سەرەتایەک راستە کـە رەنگـە تراسـی دەیویـست جگـە لـە پێوەندییەکـەی بـە وشەی ئیدئۆلۆژییـەوە، لـە لایەنـەکانی دیکـەش تـا رادەیـەک کەسـایەتی نەناسـراو

بمێنێ. سەیر لێرەدایە کە مانای ئاشکرا و دەروونی لە ناوەڕۆکەکەی کە تراسی خستوویەتە بەرچاو، دەرناکەوێ. لە ڕاستیدا دەتوانرێ چوار کارکرد لەم وشەیە لە یەکتر هاوێر بکرێ. کارکردی یەکەم، کارکردی پاکردەی بنەڕەتی تراسی بوو کە بە زانستی کردەوەی ئەندێشە کۆتایی پێ دەهات؛ کارکردی دووەم بە شێوەیەک پێوەندی بە کۆمارخوازی لیبرالی عورفی ڕێنیشاندەرە؛ کارکردی سێیەم ئاماژە دەکاتە مانای دەروونی بە کەمزانینی لە بارەی نەزۆکی فیکری و کار بە کردەوە و هەروەها جۆرێک رادیکالیزمی ترسناک؛ سەرەنجام کارکردی چوارەم و کەم بایەختر و بەڵکو ناسکتر و بەشێوەی گشتی پێوەند دەدرێ بە کوتایی، بە مەسلەکی سیاسییەوە. هەر چوار ماناکەی باسکراوە، لە ساڵەکانی ۱۸۰۰ تا ۱۸۳۰ لە باری سیاسییەوە بەبرەو و بازاڕیان گەرم بووە.

وشەی ئیدئۆلۆژی وشەیەکی نوێ بوو و پێکهاتەیەکە لە دوو وشەی یۆنانی eidos و logos کە ئەوە دەتوانێ بە مانای (زانستی ئەندێشە) بێتە ئاراوە.[1] تراسی بە دووی ناوێکی نوێ بۆ زانستێکی نوێوە بوو. ئەو ناوانەی متافیزیک و دەروونناسی بە نابەجێی دەزانی و رەتی دەکردنەوە. بە بۆچوونی تراسی رشتەی متافیزیک لارێ و بێبایەخ بووە، مەبەست لە دەروونناسی یان زانستی رۆح، زانست یان ناسینی رۆح بوو کە لەوانە بوو بە هەڵە بکەوێتە هەستی درۆزنانە و تا رادەیەک مەزهەبی بێت. تراسی کەسێ بوو لە ناخەوە دژی کلیسا و مادەگەرا، ئەو لە ساڵانی دەیەی ۱۷۹۰ و سەرەتای دەیەی ۱۸۰۰، بەتایبەت لە بارەی پێراگەیشتنی فێرکردن و بارهێنان سەرقاڵی خەباتێکی توندوتیژ دژی کلێسای کاتۆلیک بوو. لەبەر ئەوە هەر ناو و بابەتێک کە زانست باسی کردبایە دەبوو لە رازاندنەوەی دین بە دوور و بێبەری بوایە. لێرەدا جێی خۆیەتی بەو خاڵە ئاماژە بکەم کە داهێنانی وشەی ئیدئۆلۆژی کەم تا کورتێ بەرامبەر و هاوسەنگ بوو لەگەڵ دەسپێکی دەستەواژەی (علم الاجتماع) (La science sociale) لەو تافەدا. دەستەواژەی ئەم دواییانە، وەکو ئیدئۆلۆژی، نیشاندەری سەردەمی رۆشنگەری بوو. بەو مانا کە هەست بەوە دەکرا دەتوانێ یاسای زاڵبوون بەسەر ژیانی کۆمەڵگە و ئامانجی بەختەوەرییەکی زۆرتر و باشتر بوونی شێوەی ژیانی مرۆڤ بە دەس بێنێ و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

«تراسی» وەکو زۆرینەی فەیلەسووفانی فەڕانسەوی سەردەمی رۆشنگەری و ئەسحابی دائرەتولمعارف لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە هەموو مەیدانەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی، کە زۆربەی ئەوان پێشەکی لە بواری زانستی ئیلاهیات لێکدراونەتەوە، دەبێ عەقلانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. زانستی ئەندێشە دەبوایە رێی هەستانی سروشتی ئەندێشەی هەڵسەنگاندایە و زانیاری بە پێوارەیەکی میزان سەبارەت بە هۆکاری بە دیهێنەری ئەندێشەگەل لەهەستەکان. ئەندێشەگەلی سروشتی رەت دەکرانەوە: هەموو دەبوون بە هەستەکان. تراسی ئیدئۆلۆژی بە لقێک لە بوونەوەرناسی ئەدایە قەڵەم و دەیوت هۆش و ئەندێشەی مرۆڤ بنەڕەتی فیزیۆلۆژیکی هەیە. تراسیش وەکو تەجربەگەراکان و کەللەڕەقێکی وەکو بیکێن، دێکارت، نیوتۆن، لاوازیێە و کوندیاک، دەیگوت: ناوەڕۆکی ئەم لێکۆلینەوانە دەبێ بە میتۆدگەلی زانستی بە وردی بچنە خانە و هێڵی تایبەتەوە و پێرستی بۆ دابنرێ و هەموو بەشەکانی دیاری بکرێ. تراسی رێزێکی تایبەتی بۆ نیوتۆن دادەنا. یەکێک لە تۆژەرەکان دەیوت: بە ڕا و بۆچوونی تراسی، نیوتۆن سامانبەخشی ئەندێشەگەلی لێکۆلینەوە زانستییەکانی پێشین بووە، کەسێ بووە کە دەتوانێ بیسەلمێنێ. هەموو رووداوگەلی ئێستا و داهاتوو، پێڕەوی گەلالەگەلی دیاریکراوی چەند یاسای ساکارن.[٢] لێکدانەوەی تراسی لە شێوەی بەدی هێنانی ئەندێشە و تێگەیشتن و پێوەندی ئەوانە بە یەکترەوە لە کۆی زانستی ئەندێشەگەل، ئێستا دەبێ وەکو دەروونناسی بەکردەوە باسیان بکرێ. لە راستیدا، وەکو یەکێ لە لێکۆلەرەکان دەڵێ: تراسی پێش هەنگاوی خاوەن میتۆدی روو بە رەفتارگەرانە لە زانیاری مرۆڤ بوو.[٣] بۆ تراسی، ئیدئۆلۆژی بۆچوونی بۆچوونەکان بوو. شای هەموو زانیارییەکان بوو. چونکە پێوستانە لە پێش هەموو زانیارییەکانەوە بوو و پێویستانەش لە ئەندێشەگەل کەلکی وەردەگرت.

هەموو ئەو کەسانەی کە تاریفیان لە کتێبەکەی تراسی دەکرد لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم زانستە ئەندێشەیە دەتوانێ کاریگەرێکی گەورە، بەتایبەت لەسەر فێرکردن و بارهێنان، هەبێت. ئەگەر پێگەی راپەرین و هەستانی ئەندێشەگەل دیاری کرابا، ئەو دەم رەنگە بە سوودێکی زۆرترەوە لە گەشە کردنی فێرکردن و بارهێنان

کەلکی لێ وەردەگیرا. لەوانە بوو ریشەگەلی نەزانینی مرۆڤایەتی ئاشکرا کردبایە و بناخەیەکی پتەوی بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و عەقڵانی دابڕشتایە. بەم شێوە، تراسی و ئەوانەی لایەنگری قورس و قایمی سوود وەرگرتنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فێرکردنێک لە ئیدئۆلۆژی بوون، لە نێوانی ساڵەکانی ۱۷۹۹ تا ۱۸۰۰، واتە لەسەردەمی حکوومەتی دیکتاتۆر (دەستەی بەرێوەبەر) لە فەڕانسا، تراسی بەرەو جێگری فێرگەی گشتی هەڵبژێرا راگەیاندنگەلێکی سەبارەت بە قوتابخانە گشتییەکان نووسی کە لەوانەدا جەختی لەسەر کارکردی ئیدئۆلۆژی لە پرۆگرامی دەرسی کرد بوو.[٤] هەروەها هەوڵ دەدرا کە وەکو بێنتام (فەیلسووفی ئینگلیزی) زانستخانەیەک بە ناوی زانستی یاسادانەر دابنرێ. تراسی و هەموو ئیدئۆلۆگەکان بۆ بەدەس هێنانی ئەم ئامانجانە دەستیان کرد بە هاوکاری لەگەڵ لیبرالیزمی کۆمارخوازی جیا لە مەزهەب کە باوەڕیان بە حکوومەتی نوێنەرایەتی بوو و بە هەڵبژێراوانی رۆشنبیران لەقەڵەم دەدران. بەم چەشنە، ئیدئۆلۆژی لە تێگەیشتنی گشتیدا بە ناوی باوەڕی سیاسی تاقمێک لە رۆشنبیرانی لیبرال، بوو بە (زانستگای تەجربی)[٥] لێرەدا بوو کە بە شێوەیەکی ناسک مانای دووهەمی ئیدئۆلۆژی کەوتە بڕەو، ئیدئۆلۆژی ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر تایبەت مانای باوەڕی سیاسی دەگرێتەوەخۆ. دوا مانای واژەی ئیدئۆلۆژی ریشەی لە هاوکاری و ئەنجوومەنگەلی تراسی و هاونیشتمانی دایە. یەکێک لە ئەندامە دەرەکییە سەر بەرزەکانی ئیدئۆلۆگەکان ناپلیۆن بوناپارت بوو. بەڵام دواتر کە ئەو بە دەسەڵات گەیشت بە کردەوە بەرزەفڕە سەرەڕۆکانی خۆی درێژەی دا و سەرەنجام لە ناخەوە بوو بە دوژمن لەگەڵ ئیدئۆلۆگەکان و ئەوانی بە گێرەشێوێنی سیاسی دەدایە قەڵەم. بوناپارت لە ئاماژەکانیدا ئەوانی بە کەسگەلێ دەزانی کە تەنیا لە دەروونی خۆیاندا ئارەزووی گۆڕینی جیهانیان هەیە، متافیزیکزانانی زۆر بلێ و بێ کردەوەن کە لە بینای سیاسی بێ سوودن، یان زۆر کەم سوودن. بوناپارت لە فوریەی ۱۸۰۱ لە شۆرای دەوڵەتی ئەوانی خستە بەر هێرشی رەخنە و ناوی زۆر بلێ گەلێکی لێ نان کە هەوڵ ئەدەن توانایی سیاسی وڵات لاواز بکەن. بوناپارت هەر کە پەیماننامەی ۱۸۰۲ لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکەکان بەسراو بوو بە باوەڕپێکراوی کەنیسە، دیسان هەر

ئـەم چەشـنـەی کـە چـاوەڕوان دەکـرا ئیدئۆلۆگـەکانی مـەحکووم کـرد و نـاوی ئەنجوومەنی بێ خودایانی لێنان. لەو تافەدا خانمی دوو ئەستال (یەکێک بوو لە ژنە بە ناوبانگەکانی فەڕانسا لە بواری ئەدەبی و لەسەردەمی شۆڕشـدا) وتوویـەتی: وا وێدەچی ناپلیۆن بوناپارت تووشی نەخۆشی جارِز بوون لە ئیدئۆلۆژی (ئیـدئۆفوبی) بووە[6]! ئەو کات ئەو کارکردە دژایەتییە بە کەم زانینە بەگشتی کاریگەرییەتی لەسـەر ئیـدئۆلۆژی، کـە ئاشـکرا بـەیانی نـەزۆکی و ئەسـتێوری سیاسـی، بـێبایـەخی بـێ کردەوەیی، بەتایبەت هەست بە ترسـێکی سیاسـی بـوو، وردە وردە هاتـە گـۆڕێ و سـەری هەڵـدا. کـۆڕ و کۆبوونـەوەی خۆپـارێزان (پارێزکـاران) و لایـەنگرانی گەڕانـەوەی رژێمـی کـۆن و شـاخوازان لـە فەڕانـسا، لـە ئیدئۆلۆگـەکان بـە سـوود وەرگـرتن لـە کـارکردی دوا واژە رەخنـەیان دەگـرت. لـە سالـی ١٨٩٢ کتـێبی کۆمارخوازانەی (توخمە ئایدلۆژییەکان) تراسی بـە نـاوی بەشـێک لـە تێکۆشـان بـۆ رووخانی (برایەتی دێرینەی تەخت و مێحراب)[7] مەحکووم دەکـرد. لێـرەدا بـوو کـە مانا و واتای دوا قۆناخی واژە سەری هەڵدا. ئێـستە کـە نـاوەڕۆکـی ئیـدئۆلۆژی تـا رادەیەک لە زانستی ئەندێشەکانی تراسی، کوندیاک و رێبازی هەسـت گـەرایی دوور دەکەوێتەوە و بە واتایـەکی گرنگتـر بـاوەڕی سیاسـی (کـە لەسـەرەتاوە بـە واتـای کۆمارخوازی لیبرالی دوور لە مەزهەب بوو) نزیک دەبۆوە، هەر هـەنگاوێکی مـابوو کە رەخنەگەلی سەڵتەنەت خوازانیش بە باوەڕی سیاسی بدرێنە قەڵەم، کە ئەویش بە ناوی ئیدئۆلۆژیک جێی بـاس بـوو. بـەم جـۆرە، ئیـدئۆلۆژی لـە کـەش و هەوایـەکی ئاستەنگی وەک فەڕانسا بەرامبەر بوو لەگەڵ (باوەڕی سیاسی) کەوتە چوارچێـوە و قالبەوە. واتایەکی دیکەی ئیدئۆلۆژی بەو روانگەیەی دواییەوە بوون بە هاوژین.

ئێـستا ئـەم مەتەڵـە نـەمرە و هەمیـشە زینـدووە دەمێنێتـەوە کـە مـارکس بـە چ مەبەسـتێکەوە واژەی ئیـدئۆلۆژی هەڵـبژاردووە؟ مـارکس لـە نووسـراوە سەرەتایەکانیدا بە دوو شێوە ئاماژەی دەروونی کردووەتە تراسـی. سـەرەتا ئەمـە کە ئەو، بە ناوی چاوەدێرێکی ساکاری مێژوویی، بە هەبوونی تاقمێک لە بیرمەنـدان، واتە ئیدئۆلۆگەکان، ئاماژە دەکا و لە تراسی، لەپلەی ئەندامی سەرەکی ئەم تاقمـە، بـە بەرچەسپی ئابووری زانانی سیاسی بورژوا لیبرال و سووک و چرووک و بێبایـەخ

ناو دەبا. سەرەنجام، ئاماژەیەکی زووتێپەڕ بە بەشی چوارەمی کتێبی توخمەکانی تراسی، واتە بابەتی ئابووری سیاسی دەکا. دووەم، مارکس ئەم واژەیە لە باسێکدا، لە بابەتی یەکەمیدا بە ناوی ئیدئۆلۆژی ئەڵمانی (کە لە پاش مەرگی بڵاو بووەوە) وەک بەر چەسپێکی بە کەم زانی بۆ ئاماژە بە کەسگەلێ (بەتایبەت تاقمی هێگلیە لاوەکان) بە کاری هێناوە کە فەیلسووفانە شیکاریان لەسەر جیهان کردووە بەڵام لە ڕواڵەتا توانای گۆڕانکاریان نییە. لەگەڵ ئەمەدا کە هەم هێگلیە لاوەکان و هەم تراسی هۆکاری (ئەندێشە) تەئکیدیان لەسەر دەکا. مارکس ڕەنگە وەک یەک بوونێکی لە نێوان ئەواندا دیبێوە. ئاسانکاری، ئەندێشەی تراسی هەڵگری هێندێ باوەڕی فەلسەفەی (ئیدەئالیستی) بوو.

مارکس بە ئاشکر کارکردی سەرەتایی واژەی ئیدئۆلۆژی بە ناوی (زانستی ئەندێشەگەل) شارەزا بوو، بەڵام بایەخێکی ئەو تۆی بەوە نەداوە. تاقانە واتایەک کە سوودی لێ بردووە، لە یەک هەنگاودا، هەر ئەو کارکردە بە کەم زانینەی ناپلیۆن بوو، ئەویش کەم تا کورت هێگلییە لاوانی (زۆربلێ) و متافیزیکزانانی و ڕاوەکەری بێ کردەوە دەدایە قەڵەم. لەوەش پتر، ئەو هەم ئیدئۆلۆگەکان و هەم هێگلییەکانی بە چاوی بورژوا لیبرال هەڵدەسەنگاند و بۆیان دەڕوانی. ڕیشەی ئەو سەری ئەم ئەندێشەیە لە مانا و واتای ئاماژەی دەکردە سەڵتەنەت خوازانی سەرەتایی فەڕانسا کە ئیدئۆلۆگەکانی بە لیبرالیزمی ڕادیکاڵی ریفۆرمخوازی ترسناک دەدانە قەڵەم.

بەم حاڵەوە، مارکس بە شێوەی ناسیستماتیک، واتای واژەی بەربلاوتر کرد و لە بوارگەلی جۆراوجۆردا بە کاری دێنا. لە ئاسەواری مارکسدا، ئیدئۆلۆژی نەک تەنیا لە بێبایەخیدا و نەبوونی کارکردی بە کردەوە، بەڵکو بە گومان و دوودڵی و ون کردنی ڕاستەقینە زەق دەبێتەوە. لەمە نادیارتر، ئیدئۆلۆژی بە دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ دەستەگەلێکی کۆکەناوی چینی وەخۆگرت و لەوە بەولاتر، زاڵ بوون و دەسەڵاتی هێندێ چین، پێوەندی بەدی هێنا. هێندێ لایەنی ئەم تەنینەوە مانا و واتایە، بەتایبەت لایەنی فیکری و گومانی ئەوی بە جۆری دەروونی لە کارکردی بە کەم زانینی بوناپارت لەم واژەدا شک دەبەین، بەڵام تا سەردەمی مارکس کەڵکێکی ئەوتۆی لێ وەرنەگیرا بوو. سەیر ئەوەیە کە مارکس هێندێ

لایەنـەکانی کـارکردی ئیدئۆلۆگـەکانی پاراسـت، واتـە بـاوەڕ بەمـە کـە دەتوانـێ کۆمەڵگەکان عەقڵانی و زانایانە بتۆژێتـەوە. هـەروەها ئەمـە کـە مرۆڤایەتی بـەرەو بیچمێک لە کۆمەڵگەی عەقڵانی، بە رووناک بینی ئـابووری و سیاسـی، بـەرەو پـێش هان بدا. بۆ تێگەیـشتنی کـارکردی مـارکس لـەم واژە، پێویـستە کـە ئـەم بۆچوونـە ماتریالیستییە بە شێوەی کورتکراو توێژینەوە و راڤە بکرێت.

ئەگەرچی ئەم مەبەستە راستییە کە ئاشکرا دەمانخاتـە گومانـەوە، دیـسان دەبـێ بڵێم، مارکس بە جۆرێکی تایبەت جەوهەری بیرمەنـدی ماتریالیزمـە. شـتێک کـە بـۆ مرۆڤ لە پلەی یەکەمی بایەخ دایە، پێویستی ئەوان بە مان و ژیانـە. مـرۆڤ بـۆ ئـەم چەمکە پێویستی بە کار و دروسـت کـردن و داهێنانـە. ئەندێـشەش لـەم رەوەنـدەدا تووشی کێشە دەبـێ، بـەڵام کـردەوە لـە پلـەی یەکـەم و ئەندێـشە دەکەوێتـە پلـەی دووەم.

ویستە مادییەکانی مرۆڤ لە پلەی سەرەتای بایەخدان. ئەندێـشە و زانیـاری بـە شێوەی گشتی لە پێناوی رازیبوونی ئەم ویستانە کاریگەتی دەبێ. مرۆڤ لـە کـاتی دروست کردن و داهێناندا پێ دەنێتە گۆڕەپانی وەک یەک بوونی کۆمەڵ و تێکەڵ بە ئاڵوگۆڕێکی پێچراوە و پڕ لە گرێ لەگەڵ یەکتر دەبـن. هـەروەها مـرۆڤ ئەگـەر بـە شێوەی کۆ کار بکەن، بە جۆرێکی کارامەتر بە داهێنانەوە سەرقاڵ دەبـن، ئەرکـەکان لە سەرەتاوە لە یەک جیا دەبنەوە و مرۆڤ بە تواناتر بار دێنـێ و بـە دەسـکەوتێکی زۆرتر و باشترەوە درێژە بـە کـار دەدەن. لێرەدا یەکـەم دیـاردە و بیچمگـەلی لـە دابەشکردنی کار دەکەوێتە بەرچاو.

بێ گەڵاڵەی بیر و رای گشتی، پێویستە تێگەین کە لە نـاخی کۆمەڵـگە و ئـابووری ئێمەدا چ شتێک لە پلەی یەکەمدایە. مارکس خـاوەنی فەلـسەفەی مـاددە گەرایانەیـە. لەم هەستیناسیە، زانیاری ئێمە بـە جـۆرێکی قـووڵ و هەمەلایەنـە شـی دەکاتـەوە. ئەندێشەش رەنگە زایەڵەی ئەم رەوەندە بێ و هەمیش بە هەڵـە ئـەوە لێـک بداتـەوە. گرفتی گەورەی (دابەشکردنی کار) لە سەرەتادا ئەمەیە کە لـە نێـوان کـاری فیکـری قەشەکان و رۆشنبیران لەگەڵ کـاری جـسمی جیـاوازی بـۆ دانـراوە. بەرژەوەنـدی قەشەکان و رۆشنبیران لە مەدایە کە کاری خۆیان بە زیاتر لە کاری جسمانی بـزانن.

ئەوانە بە دوای داكۆكی و پاڵپشتی ئەربابە گەورەكان، واتــە كەسـگەلێكەوەن كـە لـە قۆناخێكی تایبەتیدا لــە قۆنـاغێكی تایبــەت بــە بۆچــوونی كۆمەڵـگە، بەســەر ئـامێر و كەرەسەی بەرهەمێنان، بڵاوكردنەوە و سات و سەودا و ئاڵوگۆڕی كۆمەڵـگەدا زاڵـن و ئەو شتانە مسۆگەر دەكەن. ئەم كاردانەوە فیكریانە، چ بە ئامێر و چ بــێ ئـامێر، بـە پاساو دانەوەی فیكری بــەربلاو و كــراوەی بــارودۆخی ئێستە وەگــەڕ كــەوتوون و وزەی فیكـری خۆیــان (لــە ســەدەی نۆزدەیــەم) بـۆ ســەرمایەداری (بــورژوازی) و دەوڵەت تەرخان كردووە. هەروەها وجوود و پاســاو دانــەوەی ئــەوان ئارخــەیانێك بوو بۆ ئەو كەسانەی كە لە سیستەمی كۆمەلایەتی و ئابووری رەنجیان دەبرد. ئــەم كاردانەوە فیكریە دەروونییە و لە ناخەوە ئیدئۆلۆژیستگەلی سیستەمــی سیاســی و ئابوورین. بەم حاڵــەوە زۆرتــر زاینــەوەی فیكــری ئــەوان گومــان و لادانــە لــە رێــی راســتەقینە. پێویــستە بــزانین كــە بناخــەی سەرهەڵــدانی فەلــسەفەی ســەرەكی ئــەم هەستیناسیەی ماتریالیزمییە (و تێگەیشتنی ماركس لە ئیدئۆلۆژی) بە رەخنە لە دیــن خۆراگر و قایم بوو. لێرەدا تێگەین و زانینی رۆمــاتێكی ئاڵــمانی و بەتایبــەت هێگلــی، جێی سەرنجێكی تایبەتییە. سوننەتی ئاڵمانی، لە كانتەوە بگرە هەتا دەگاتــە فیختــە و هێگل، تەئكیدی زۆریان لەسەر بە خۆدا چوونــە و خۆگــۆڕینی مــرۆڤ كــردووە. بــە جــۆرێكی ســاكار، هۆشــی مــرۆڤ لــە دارشـــتنی جیهــان و كــەش و هــەوای ئــەو كاریگەرییەتی هەیە. تراسی گوتەنی: هەستی مرۆڤ تەنیا بەشێوەی كار تێكراو كــار ناكا و دیاردەگەلی دەرەوەی كارتێكراون وەرناگرێ. بەتایبەت بە بۆچــوونی هێگــل، ئــەم هەوڵــە فــۆرم بــە خۆدانــە و خۆســاز كردنــە، لــە چوارچێــوە و قاڵــبی مێــژوودا دەكەوێتە بەرچاو. زانیاری تەنیا لەوەدا كە ئێمە ناومان ناوەڕاستی و حەقیقەت، پێك نەهاتووە بەڵكو هێور هێور لە رەوەنــدەدا لــە حاڵــی گــۆڕانی مێــژوو پێــك هــاتووە. زانیاری لە درێژایی مێژوودا راستییەكان دەگۆڕێ و راستی گەلێكی نوێتر و بــاشتــر دروست دەكا. هێگلییە لاوەكــان، بەتایبــەت لودویــگ فــویر بــاخ، هێگلیــان تــاوان بــار دەكرد كە لەسەر دەوری هۆش بە گشتی، لەسەر دەوری زانیاری و واتــای رۆح لــە مێژوودا لە رادەبەدەر تەئكیدی كردووە. بە بۆچوونی ئەوان، ئەمــە (رۆحــە گــشتی)

نییە کە خۆ دروست دەکا، بەڵکو چێژی تاکی بوونی مرۆڤایەتی هەمیشە لەگەڵ پێداویستییە جسمییەکانە کە فۆرم بە راستییەکان دەبەخشێ.

فویر باخ رستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ (گشتی ئیلاهیات، مرۆڤناسییە) مرۆڤەکان خودا، رۆح یان مێژوویان لە ئەندێشەی خۆیاندا خوڵقاندووە و دەیخولقێنن. مارکس ئەم بابەتەی بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی بەکار برد. ئەم کارە زاینەوەی مرۆڤانە، بەتایبەت چینایەتی ئابوورییە کە لە قۆناخێکی تایبەتی لە مێژوو (بەرامبەر لەگەڵ پێویستییە ئابووری و شێوە گەلی زاینەوە) فۆرم بە جیهان دەبەخشێ. بەم شێوە، ئەم فۆرم پێدانە رەنگە بە بیچمێکی پێچەوانەوە سەرهەڵدا. لەسەرانسەری مێژوودا، رۆشنبیران لاریگەلێکی زۆریان لەم جۆرانە بەدی هێناوە کە زاڵ بوونی سەرەکی و چەوسانەوەی چینێ بە دەس چینێکی دیکەیان بردووەتە نێو تەمی گومانەوە. دەبێ لەگەڵ ئەوە بە قۆناخی تایبەتی کۆمەڵگە، بەتایبەت شێوەی زاینەوە و فۆرم پێدانی چینەکان بیچمێکی باشتری لە راستەقینە بخرێتە روو، بەڵام ئەم بیچمە هێشتا لار و وێرە. هێنانە ئارای تێکۆشانی ئابووری لەم رەوەندەدا بەو مانایەیە کە مارکس بە شێوەیکی شیاوی فەلسەفەی ئاڵمانی، لەگەڵ ئابووری سیاسی بریتانیایی و ماتریالیزمی فەڕانسەوی هاوتەرازی کردوون.

دواتر بابەتی ئیدئۆلۆژی مارکسیزم، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کەوتە ژێر هێندێ گوشار و لێکۆڵینەوەگەلی جۆراوجۆر. پرسیارگەلێ هاتە ئاراوە. مارکس لە نووسراوە سەرەتاییەکانی خۆیدا بە رواڵەت ئیدئۆلۆژیای (بەناوی ئەندێشە)یەک لە بەرامبەر راستییەک (بەناوی کردەوە) نووسیویەتی ـ کە بیچمی هەستی‌ناسی ماتریالیزمی فەلسەفی بوو ـ چونکە سەرمایەداری لیبرالیش هەڵوێستێکی ئەوتۆی لە بەرامبەر بە دین، بەناو لادان لە جەوهەری مرۆڤی بوو. پاشان ئەم دژایەتیە، ئیدئۆلۆژییەی (بەناوی لادان) لە بەرامبەر زانست (بەناوی حەقیقەت یان زانین) دایە قەڵەم. واتا یەک لە خۆ بێگانەیی لە نووسراوە سەرەتایەکانی مارکس، لە نووسراوەکانی دوایدا بوو بە دزی و داگیرکراوی بایەخی زیادی و چەوسانەوەی ئابووری. لەگەڵ ئەمەشدا، روون نەبوو کە ئایا مارکس وشەی زانستی بە مانای (زانستی سروشتی) بە کار دەبا یان بە مانای قەدیمی ئاڵمانی Wissensehoft

(زانـینی سیـستماتیک) . هێنـدێ لـه مارکسیـسته قەدیمییـەکانی ئـەم سـەدەیە ئـەم گۆڕینەیان خستووەتە ئەستۆی بوونی دوولایەنی (جیا بوونەوەی شوناس‌ناسی) لـه مارکسییه و دەزانن کـه مارکسی لاو لـه مارکـسی پوختـه هەڵـداوێرێ. تەنانـەت لـه دەروونی ئەم دوو لایەنە، روون نییه که چ شتێک به شیکردنەوەی ئیدئۆلۆژی پێوەنـد دەدرێ. له هێندێ له نووسـینەکان، مـارکس دەڵـێ (زانیـاری گـشتی) بەتایبـەت هـەر لایـەنێک لـه کۆشـشی مـرۆڤ، بـۆ وێنـه هونـەر و زانـستی سروشـتیش. لـه ریـزی ئیدئۆلۆژی دەدرێتە قەڵەم. بەڵام له نووسراوەی دیکەدا وا دەکەوێتە بەرچاو کـه ئـەو تەنیا بە ئەندێشەگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری که لەسەر پێکهاتەی سیاسی و ئابووری کاریگەرییەتیان دەبێ و ئـەویش لاڕێ دەکـەن، فیکـری دەکـرد، بێجگەلەمـە، ئاماژەی یەکەمی مارکس له کتێبی ئیدئۆلۆژی ئاڵمانی به رەسمـی دووربـینی تاریـک هێنده یاریدەدەر نەبوو. مارکس ئیدئۆلۆژیای له زانیـاری مـرۆڤ بـه دوورنوێنییـەکی تاریکی دەشوبهێنێ کـه جیهـانی سـەرە و ژێـر تیـا بنوێنـێ. شـێوە و مانـای قووڵـی مەکانیکی ئەوەنده له رێلادەرانه بوو که تەنانەت مارکسیش به راستی ئەوەی قبوول نەکرد.

مارکس هەروەها پێوەندی راستەوخۆی ئەندێشەکان (که زۆرتر دەرەکی ناویـان لێنراوە) و بنـەڕەتی ئـابووری روون نەکردۆتـەوە. لـه هێنـدێ لایەنـەوە ئەمـە بـه رواڵەت یەکێکه له جەبر باوەڕێ (یەک‌لایەنە)یە، واته بنەما سەر بنـەما دیـاری دەکـا. بـەم حاڵـەوە، دیـسان مـارکس هـەرگیز روونی ناکاتـەوە کـه مەبەسـتی لـه واژەی (جەبری باوەڕ) چییه؟ بۆ وێنه روون نییه که ئایا (جەبری باوەڕی) به مانای ئەوەیـه که A هۆی B و کارتێکردنی له Bیە یان دیاردە و دیاریکەری پارامترگـەلی Bیـە. لـه هەندێک باری دیکەوە، ئەم پێوەندییه به پێوەدیگەلی پێکـەوە ژیانـە، یـان وەک یـەک کاریگەرییەتی نێوان ئیدئۆلۆژی و بنەڕەتی ئـابووری دەگۆڕێـت. ئـەنگلس لـه نامـه گورێنەوەیەکی زۆر و شی کراوەی خۆیدا وەک هەمیشه لەم بارەوە لەسەری دەڕوا و بۆچوونی دوای پێویست دەزانێ.[٨]

چارەنووسی دوایی مانای مارکسیستی ئیدئۆلۆژی له کـۆکراوە دژ بـه یەکەکانـدا تووشی ئاڵۆز و تێکـەڵاو بـوون دەبـێ (نێونەتەوایـەتی دووهـەم) لـەژێر دەسـەڵاتی

حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا و بە سەرپەرشتی ئەنگلس سەری هەڵدا، نزیکایەتییەکی بەتەوژم لە نێوانی کردەوەی مارکسیستی و ئیدئۆلۆژی بورژوازی لە ئارادا بوو. بەتایبەت ئینگلس تایبەتمەندی بەناوبانگ (زانیاری بە درۆ)ی داهێنا کە مارکس پێشتر هەرگیز لە بارەی زانیارییەوە وای نەوتبوو. ئەندێشەی زانیاری راستەقینە و درۆزنانە بە رواڵەت و لانیکەم لەم ئاستە ناسکەدا، بۆ مارکس لە رادە بە دەر وشک و بێ رۆح بوو.[٩]

لنین لە بەرهەمگەلی وەکو چ دەبێ بکرێ؟ لایەنێکی شێواوی لە ئیدئۆلۆژی پێناسە کرد. واتاگەلێکی دەروونی و بە کەم زانین لە ناکاو لە ئەدەبیاتی سیاسی درهاوێژران و لە بۆشایدا بە لەنگەر وەستان. لنین بە دڵنیایەوە دەڵێ: سوسیالیزم جۆرە ئیدئۆلۆژییەک لە قەڵەم دەدرێ کە لە خەباتی گشتی چینایەتیدا لە حاڵی مەیدانداری لەگەڵ بورژوازی دایە. لنین ئیدئۆلۆژی سۆسیالیزمی وەک چەکێک لە خەباتی چینایەتی دەزانی. ئەم کارکردە بە کارکردی فەڕانسەوی ئەو دەیەی ١٨٣٠ و هەروەها هێندێ کارکردگەلی هاوچەرخی نزیکە کە تەواوی باوەڕگەلی سیاسی ئەویان لە دەروونەوە بە ئیدئۆلۆژی دەزانن. ئەمە بێگومان وێچوونێکی وای لەگەڵ واتای (زانیاری درۆینی) ئینگلس، یان جیاوازێکی قورس لە نێوان زانستی مارکسیستی لە بەرامبەر بە ئیدئۆلۆژیا نیانە.

کاتێ کە پێ دەنێینە سەدەی بستەمەوە، ئاستەنگی ئیدئۆلۆژی لە رێبازی مارکسیزمدا پێچراوەتر دەبێ. لەگەڵ نووسەرانی وەک لۆکاچ، ماتریالیزمی دیالێکتیک وەکو ئیدئۆلۆژییەک وەرگیراوە ـ ئەگەرچی وەک هەڵە، زانستیتر لە ئیدئۆلۆژی بورژوایی زانراوەو هەروەها بە بۆچوونی لۆکاچ، ئیدئۆلۆژی زۆر زیاتر لەوەی کە لنین فیکری دەکرد، لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا ریشەی داکوتاوە. لە بەرهەمگەلی ئانتۆنیۆ گرامشی بە رووبەڕووبوونەوەی وردبینانەتر و پێچراوەتر، ئەگەر دوو لایەنە، لەگەڵ مانا و واتای ئیدئۆلۆژی بەرەنگار دەبێتەوە. لە بۆچوونی گرامشیدا دەسەڵات لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنیا بە کردەوەی زۆر وەدەس نایە بەڵکو بە جوانکاری و رێبەرایەتی ئەندێشەگەل وەرێدەکەوێ. ئیدئۆلۆژی چینی سیستەمی لە دەروونی فام و تێگەیشتنی هاووڵاتیانی مامناوەندی

جەماوەر پەسند بووە. دەسەلات تەنیا یاسای وشک و توندوتیژی، یان بە گوشار و زۆری فیزیکی نییە، بەلکو حاکمیەتی زمان، ئەخلاق، فەرهەنگ و شعووری گشتی و عەقلی سەلیمە. جەماوەر بە دەروونی کردنی دەسەلاتی ئەندێشە سەرکوت دەکرێن. لە راستیدا ئەندێشەگەلی رێنوێن و زاناتر دەبن بە ئەزموونێکی راستی و ئێستای چینە زۆرلێکراوەکان. رۆشنبیرانی سوننەتی بە ئامێری سەرەکی ئەم دەزگا پێچراوەیە ئەدرێنە قەلەم. باوەڕگەلی تاکەکەسی، میتۆد و ئارەزووگەلی پرۆلتاریا سەرکردەیی بورژوایی پێکی دەهێنێ و دەیخاتە قالبەوە؛ لەم رووەوە گرامشی خەباتێک لە رادەی ئیدئۆلۆژی بانگەواز دەکا. رۆشنبیرانی فێرکراوەی نەزم و تەرتیب لە دەروونی پرۆلیتاریادا دەبێ بە پێکهێنان و دروست کردنی دژێکی بەتەوژمی دەسەلات لە بەرامبەری رۆشنبیرانی سوننەتی کە پروپاگەندە بۆ بورژوازیی دەکەن دەس بکەن بە کردەوە.

لە رێکوپێک کردنی گرامشی، وردەکاری و پالاوتن و پێناسە کردنی زانستی مارکسیستی و رەسالەی ئیدئۆلۆژی (زانستێک لە گرامشی بە واژەی خۆی توندوتیژی (ئابووریگەرایی) ئەوە رەت دەکاتەوە) تووشی دەبین: ماتریالیزمی دیالکتیک؛ جەبر باوەڕی بیر ساکار؛ رەسالەی زانیاری درۆین و ئاخری، ئەندێشەی مارکسیستی. وا وێدەچێ کە لە بەرهەمەکانی گرامشیدا، ئیدئۆلۆژی بە شێوەیەکی گشتیتر لەسەر باوەڕی سیاسی ساخ بووەتەوە، ئەگەرچی لە عەینی حالدا لە ناخی زمان و فەرهەنگدا ریشەی داکوتاوە. بە پێچەوانەی جوانکاری رێدۆزینەوەی گرامشی، هێشتا بە دوای هۆکار و بۆرهانگەلی پێچراوە و گۆمان لێکراوە لەسەر (حەقیقەتی) مارکسیزم لە بەرامبەر بە دۆزینەوەی رێگەلی دیکە تەئکید دەکرێ. بەم هۆیەوە، دەبێ بلێین کە هەر ئەوە هەلاوێژ و جوێ بوونەوەی رابردووی، بەلام بە جل و بەرگی جوان، دیسان سەرهەلدەداتەوە. پاشان، چ لە لێکۆلینەوەی ئیدئۆلۆژی دەگۆڕن. لەگەل ئەمەدا، ناوەرۆکێکی رەوا و رەوان بە جێ دەمێنێ و ئەوە: پێوەندێکی زەریف و پێچراوە لە بەینی ئیدئۆلۆژی، هێز و دەسەلاتە.

کارل مانهایم یەکێک لە قوتابیانی لۆکاچ بوو کە لە کۆی واژەکانی مارکس سوودی وەرگرت و پێگەیەکی فیکری ئەوی بە شێوەیەک گۆڕی. لە کتێبی

ئیـدئۆلۆژی ئوتـۆپی ۱۹۲۹ مانهـایم دەکـرێ بـە نـاوی دوا قۆنـاخی مانـا و واتـای ئیدئۆلۆژی نـاو بـەرین. لێـرەدا لـە بـەرەی بۆچوونـەکانی مانهـایم نـادوێین. بـەڵام سەبارەت بـە مانهـایم دەبـێ سـەرنج ندەینـە ئـەم پرسـیارە. پـۆل ریکـۆر ئـەوەی (پارادوکس مانهایم) ناو دەنێ. ریکۆر لە پرسیاری خوارەوەدا ئـەم پارادوکسە بـەو چەشـنە دێنێتـە ئـاراوە: (ئەگـەر هـەر وتووێژێـک ئیدئۆلۆژێکـە، کەواتـە پێگـەی شوناسناسی ولەناو بابەتی ئایدۆلۆژی چییە:[10] ئەم پرسـیارە لـە مارکسیش کـراوە هـەتا لـەم پێوەندیـەدا گریمانـەی خـۆی سـەبارەت بـە ئیـدئۆلۆژی شـی بکاتـەوە و تێبگەێنێ. کاریگەرییەتی مەنتق پرسیار لە دەرەکێکێ زۆر رووخێنەر و وێرانکەرە.

مانهـایم بـۆ پەرەپێـدانی بینایـەکانی مـارکس، هەوڵـی داوە هـەتا بۆچوونـە بەربڵاوەکانی دەربـارەی ئیـدئۆلۆژی کـۆ بکاتـەوە. شـەش کـۆکراوەی پێکهێنـەری سەرەکی بۆ ئەم کارە هەیە. یەکەم کۆکراوە، لەگـەڵ سـوودمەندی جەوهـەری ئـەو، پێوەنـدی بـە ئێمـەوە نییـە. مانهـایم هـەم ئیدئۆلۆژییـەکانی دەتۆژییـەوە و هـەم ئارەزووی شارەکان.

ئیدئۆلۆژییەکان زۆریان بۆ پشتگری لە سیستەمی تایبەتی کردەوە لـە خۆنیـشان دەدەن، ئەگەرچی لە کەش و هەوایەکی تایبەتا رەنگە وێرانگـەریش بـن. ئوتوپیاکـان (کە بـە پێچاوەنـەی مـارکس، مانهـایم دەڵـێ: (لـە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا بایـەخێکیان بەرامبەر بە ئیدئۆلۆژی هەیە) بەرەو پێشکەوتن پێـشچوونیان زۆرە و راسـتەقینەی ئێستای کۆمەڵگەیان بـەرەو مەیـدانی خـەبات دەخـوازن و دەیانـەوێ گۆڕانکـارێکی بەربڵاو و گەورە بخولقێنن.

مانهایم لە بۆچوونێکی خۆیا لە ئیدئۆلۆژی، بەینی ماناکان تایبـەت و گـشتی جیـا دەکاتـەوە و جیاوازیـان بـۆ دادەنـێ. مانـای تایبـەت بـە (تـاک) بۆچـوونی هەیـە، دەروونناسی و بەرژەوەندی و هۆگری تاک، زۆر بەشێوەی گـشتییە، دەیتۆژێتـەوە هەتا لایەنی لاوازی مەبەستی بەرانبەر نیشان بدا. ئەندێشەی گـشتی ئیـدئۆلۆژی بـە حیـسابی گریمانـەی (جیهـان‌بـینی) تـەواو و کەماڵـی کـەلتـووری گـشتی و رەنگـە دەورەی مێژوویی چاو لێ بکا. بە جۆرێکی دیکـە، بـە پێکهاتـەی گـشتی ئەندێشەوە سـەرقاڵ دەبـێ. بـە بۆچـوونی مانهـایم، مـارکس، لـە بـەراورد لەگـەڵ بۆچـوونی

کۆمەڵایەتی پێشووی، ئەم دوو کۆکراوەی پێکەوە لێکداوە و خستوویەتە بەرچاو کە بۆ کردنەوە و یەک کاڵە بوونەوەی ئیدیئۆلۆژی تەواو دەبێ فەرهەنگێک پەردە لەسەر باوەڕە تاکەکان هەڵداتەوە. ڕاست بەم هۆیەوە مانهایم داوای لە مارکس کردووە بە واژەگەلی مارکسیستی دەس بە کار بێ بۆ پێگەیاندنی ئەندێشەکانی خۆی، ئەمە شتێکە کە ئەنجامدانی ئەوە بۆ مارکس دژوار بوو. بەپێی نووسراوەی مانهایم:

مومیکن نییە لەم دەسکەوتە ئاشکرا و گشتیەی ئیدئۆلۆژی خۆدوور ڕابگرین، کە وەک ئەو، ئەندێشەی گشت ڕێکخراوەکان لە هەموو خولێکدا خووی ئیدئۆلۆژیکێکیان بووە، بە ڕێکەوت هەڵوێستێکی تەنیا عەقلانی ڕێدەکەوێ، مارکسیزم هیچ جیاوازێک بۆ ئەم بنەمایە، کە لەسەراسەر مێژوودا نەگۆڕ بووە، حیساب ناکرێ. بۆ مارکسیستێ نابێ ئەوەندە گرنگ و دژوار بێ کە بناخە و ڕیشەی کۆمەڵگەکەی خۆی بناسێ.[11]

ئەم پرسیارە، مانهایمی بە سێیەم بنەڕەتی ئەندێشەکانی خۆی گەیاند. ئەگەر مارکسیزم لەم لێکۆڵینەوەدا لە دەروونەوە رووخاوە. ئێمە هێشتا نابێ بینایەکانی ئەو لە ئیدئۆلۆژی دەربهاوێژین. بە بەیانێکی دەقیقتر، دەبێ لە بارەی باوەڕەوە، ئیدئۆلۆژییەکانی خۆمان، بە بۆچوونی ژیانی خۆمان و بارودۆخی مێژوویی ئەوان بدۆزینەوە و خۆمان بە زانیاری تێر و تەسەل بکەین بە بێ خۆ سازدان، بینایەکانی مارکس لە قەوارەی ڕیشەیی ئاکادمیک بپارێزین. مانهایم ئەم قاڵبە نوێ ئاکادمیکەی ناو ناوە کۆمەڵناسی ناسین) ڕیشەیەک کە بە تۆژینەوەی ناسین و هەر (پێناسەیەک) لە بوارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی تایبەتا دەس پێ دەکا. بەم جۆرە کە لە مانا و واتای مارکسیستی ئیدئۆلۆژی نووسی: ئەویکە سەردەمێک بە کەرەسەی عەقلانی تاقمێک حیساب دەکرا، ئێستا بوە بە میتۆدێکی لێکۆڵینەوەیی لە مێژووی کۆمەڵایەتی و فیکریدا.[12]

چوارەم، مانهایم دەیوت کە ئەندێشەی ئەو نسبیگەرا نییە. ڕێژەگەرایی لەگەڵ ئەوەی ئەو ناوی نابوو پێوەندیگەرایی، جیاواز بوو. زۆر لە توێژەران کە ئەم جیاوازیە بە کردەوە سەلماوە.[13] مانهایم دەیوت لەو جێیەدا کە پێوەندیگەرایی بە واتای ڕاستەقینە پێوەندی بە مێژووەوە نییە، پێوەندیگەرایی (پێوەندی جیاوازە لە خووی تەنیا ڕێژەیی هەر جۆرە فامێکی مێژوویی)[14] لە پێوەندیگەرایدا، زانین و فام ناسی لە

بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا جیا نەبوون (ئەو جۆرە کە لە پێشمەرج و گریمانەی داپۆشراوی ڕێژەیی گەرایی ئەم کارە دەکەوێتە بەرچاو) پێنجەم، مانهایم پارسەنگگەلێکی زۆری بە لێدانەوەی ئەم ئەندێشەیە زیاد کرد، بەرامبەری ڕێنوێن (مانا و واتای تەواوی پێوەندی ئیدئۆلۆژی)، نێوان جێکەوتووەکانی جیا لە لێکدانەوە و لێکدانەوەی بابەتی موتالا و هەم سەرنجڕاکێشەرە، لەم ڕووەوە، لەبارترین میتۆدە بۆ کومەڵناسی فام. سەرەنجام وێدەچێ پێچەوانەتر ئەمە کە، مانهایم لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەم ڕشتە نوێیە تەنیا دەتوانێ بە هۆی کەسگەلێکی تا ڕادەیەک بێچین، مامناوەندی، کە هەم بیرمەند بن و هەم توانایی ئەم خۆ توێژینەوەیان هەبێ، بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەو ئەم جۆرە کەسانە بە پێڕەوی لە ئالفرد و بە گشتی ڕۆشنبیران بە بێ پێوەندی ناو دەبا.[١٥]

مانهایم لەگەڵ وەڵامگەلێکی زۆر جیاواز لە یەک و وەک هەمیشە لەگەڵ زۆر ڕەخنە ڕووبەڕوو بوو. بەو جۆرە کە هێندێ بەتەواوی ڕەتیان کردەوە و هێندێکی دیکە بە لانیکەمەوە تاریفیان لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بابەتگەلێکی هورووژێنەری ئەندێشەی مێژوویی کردووە. جیا بوونەوەی ڕێژەیی‌باوەڕی و پێوەندیگەرایی ئەو، بە ڕاستی و تەواو شی نەکراوەتەوە. بێجگە لەوەش، دەور و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی بە شێوەیەکی پڕۆگرامی زۆر ناتەواو باسی کردووە. سەرەنجام ئەمەیکە پڕەنسیپێکی نادیار لە ئەندێشەی ئەودا هەیە: ئایا بە بۆچوونی ئەو هەر ئەندێشەیەک، بەتایبەت زانست و ریازیات (بیرکاری)، لە باری کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە ڕێژەییە؟ وەڵام ڕوونە. هەروەها، ئایا بە کەڵک وەرگرتن لە پلەی باڵای ئاکادمیک (کۆمەڵناسی فام) تێکوشاوە وا نیشان بدا کە کردەوەیەکی بەرچاوتر و زانستیتر (لە زانستی کۆمەڵایەتی) بخاتە ڕوو و لەم ڕێگاوە ناوەڕۆکی جوان و زەریف بە سەرەنجێکی بێ لایەنەوە سوودی بردووە؟ لەم بارەوە، تارادەیەک ڕەخنەی ئەم دوایییە باوەڕ پێ کراوانەیە و بە ڕواڵەت بەتەواوی دەکەوێتە بازنەی مانهایم. بەو سەرەنجامە دەگەین کە ئەو بۆ قەرەبووی بن بەستی خۆی بە مەسەلی وەکو لارێ بوون لە ڕاستی پەنا دەباتە بەر ئەوە کە میتۆدی خۆی وەلاناوە.

مانهایم بە شێوەیەکیتر کە زۆرتـر ناراسـتەوخۆیە، ڕێگـای بـۆ قۆنـاخی دواتـری واتای ئیدئۆلۆژی پـاک دەکاتـەوە کـە لـە سـاڵاکانی دوای ١٩٤٥، واتـە پـاش جـەنگی جیهانی دووهەم سەری هەڵدا و ئەوە زۆرتر نـاوی سـەردەمی (کۆتـایی ئیـدئۆلۆژی) لێناوە.[١٦] تێکـەڵ بـوونی لەسـەرەخۆی ئیـدئۆلۆژی بـە هـەوڵ و دەولی سیاسـی لـە ڕشتەگەلی ئاکادمیکی کۆمەڵناسی، نەک تەنیا واتای تێکشکان لە وتووێژی ئیـدئۆلۆژی بـێ چـاو پۆشـی و ئیحـساساتییە، بەڵـکو ڕاسـتەوخۆ بـە واتـای بایـەخی پێشکوتووخوازانەیە. مانەوە و حەیاتی سیاسی بۆ ناخی زانستە کۆمەڵایەتی مـەنتقی، بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیرانی کارناس کێشراوە.

ڕێبازی (دوایی پێهائنی ئیدئۆلۆژی) دەسکەوتی قۆناخی دەیەی ١٩٥٠ و سەردەمی شەڕی سارد بوو. ئەگەرچی پێشمەرج و گریمانەگەلی سەرەکی ئـەم بزاڤـە پێـشەکی جێگای پەسندی زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە بیرمەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەزانی، بـوو. پاشـان بـە ڕووداوگـەلێکی وەک «لافـاوی کۆتـایی دەیـەی ١٩٨٠ و ڕووخانی کومۆنیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و گەڕانەوەی بـەرەو ئـابووری بـازاڕی ئازاد» تاقمێک دەستیان کرد بە پێشبینی بە تاڵووکەی سـەبارەت بـە بەرهـەق بـوونی سەرکەوتوانەی ئەم ئەندێـشە.[١٧] ئـەم باسـە تایبەتـە سـەرەتا لـە نەهادگـەلی زانـستە کۆمەلایەتییـەکانی ئـەمریکاوە سـەری هەڵـدا، ئەگـەرچی لەگـەڵ هێنـدێ ئاڵـوگۆڕ لـە ئەندێشەی ئەوروپایش بێ پێوەندی نەبوو، ئەم کارە نەک تەنیا لەگەڵ بزاڤـی (مـەرگی ئەندێـشەی سیاسـی) و ڕێبـازی باتـسکل لـە بریتانیـا بەڵـکو بـە لـێ دەرهاوێـشتن و هاوێرگـەلێکی وەیـشوومەتری بزاڤـی دژی کومـۆنیزمی مـەککـارتی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وێچوونی هەیە.

جێی خۆیەتی بڵێم کە ئەم دەلیلانە لەگەڵ هەڵوێستگەلی جیـاواز، بـەڵام پڕزایەڵـەو دەنگدانەوەی هێندێ لە ڕۆشنبیرانی دەورانیش هاودەنگی و هاوسـەنگی هەیـە. ئێمـە لەپێشدا لەگەڵ بزاڤێ لە فەلـسەفە کـە (بەتایبـەت لـەژێر کاریگەرییـەتی پۆزیتیـۆیزمی مەنتقی بوو) بەرەنگار بووینەتـەوە کـە دەیگـوت ئەندێـشەی سیاسـی کلاسـیک (یـان ئیدئۆلۆژی) مردووە. لێکدانەوەی واتایی دووشکی زۆر و مـەنتق هەڵوێـستی خـۆ بـە گەورە زانینی پاراستبوو. لە هێندێ تێگەیـشتنی هەسـتپێکردن، ئیـدئۆلۆژی هاوتـەراز

بوو لەگەڵ ئەخلاق یان جوانناسی کە خۆی پێوەندی دابوو بە (بایەجەوە) و خۆی بە زیاتر دەزانی. لە قۆناخە سەرەتاییەکان و کاڵی هۆکار، ئەم بایەخگەلە و خۆ بە زۆر زانینە جیا لە راستەقینەیان دەزانی و ئەوانیان بە چاوی پڕ جۆش و خرۆشی هۆش، بێ مایەی عەقڵانی سەیریان دەکردن.

مایکل ئەوکشات خاوەن ئەندێشە و بە دەسەڵات، لە پڕۆژەیەکی فەلسەفی و زۆر جیاوازی خۆیدا، لە کتێبێکی وەکو عەقڵگەرایی لە سیاسەت جیاوازی لە نێوان هەڵوێستی سوننەتگەرا و ئیدئۆلۆژیکی لە تێڕامانی سیاسیدا داناوە. ریشەگەلی فەلسەفی ئەم جیاوازییە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە. خاڵی سەرەکی ئەمە بوو کە ئیدئۆلۆژی جۆری ساکارسازی، لە ریشە دەرهێنان و ئەوەیکە ئەوکشات (هەڵبژاردەیەک) لە راستەقینەی کۆمەڵگای ناو لێدەنێ و دەیخاتە روو. ئیدئۆلۆژیستەکان لە راستییە کۆمەڵایەتییە فرەپێچراوەکان، ئەوەیکە دەیانەوێ هەڵیدەبژێرین و لە ئەنجاما دەس دەکەن بە پێچ و پەنا تێخستنی. ئەو جۆرە کە چاوەڕوان دەکرێ (بە لەبەرچاو گرتنی خووی سروشتی سەفسەتەگەرانە (گۆڕینی راستی بە پێچ و پەنا) زۆرتر باسی ئیدئۆلۆژیکی سەدەی بیستەم) جێکەوتنێ کە بەناوی جێکەوتنی جیا لە ئیدئۆلۆژیکی، فەلسەفی و زۆرتر ئاکادمیک باس دەکرێ و لەسەر پێچراوەیی جوانیگەلی گشتی راستی کۆمەڵگە جەخت دەکا، شێوەیەک لە پارێزکارییە[18] ئەم جیاوازییە دواکاتەکانی دەیەی ١٩٨٠ دەکەونە بەرچاو.[19]

بەڵگەیەکی گرنگی دیکە کە لەگەڵ (کۆتایی پێکهاتنی ئیدئۆلۆژی) دەنگی دایەوە ئەم جەختە بوو کە (ئەندێشەی سیاسی) لەگەڵ ئیدئۆلۆژی جیاوازی هەیە. ئیدئۆلۆژی لە فام و بینینی ئەوانەیکە بە ئارەزوو گەیون رێنوێنی هەیە کە لە هەر جۆرە باسێکی سیاسی بێجگە لەوەیکە لەگەڵ خۆی سازگارە، پێشگری دەکا. ئیدئۆلۆژی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئازاد، زاوزێ، موداراکەر و عەقڵانی کە پێگەی (ئەندێشەی سیاسی)یە سازگاری نییە. نووسەرانی جۆراوجۆری وەکو رالف دارنرورف، ج. ل. تالون، بێرناد کریکی، هانا ئارێنت، کارل پوپێر، وریمون، هەر یەکەیان بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لە (ئیدئۆلۆژی تەواو گەرا) و کۆمەڵگەی داخراو (فاشیزم و کۆمۆنیزم) دەدوێن کە لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی مەدەنی ئاسانکاری و کۆمەڵگەی کراوە جیاوازیان هەیە. لەم

خوێندنەوە، ئیدئۆلۆژی لە بەراورد لەگەڵ جۆری ئەندێشەگەلی جیا لە ئیدئۆلۆژی کراوە و ئاسانکاری، دووربینی بێکەلک، داخراو و بەرتەسک دێنێتە بەرهەم.

کتێبی دەسەلاتە بێگانەکان: ئەندێشەگەلی ئیدئۆلۆژی، نووسینی کێن مینوگیش بە جۆرێکی‌تر نزیکایەکی زۆری بەوانەوە هەیە. ئەم کتێبە بە ناوی کۆمەڵگەیەکی کراوەتر، هەروەها تا رادەیەک بە ناوی ورد ئەندێشی فەلسەفی و ئاکادمیک، کوشتاری ئەژدیهای ئیدئۆلۆژیکی بە ئاوات گەیشتووی شەڕی سارد دەست درێژ دەکا و باوەڕی هەیە کە ئیدئۆلۆژیستەکان پێچراوەیی جیهانی کۆمەڵایەتی ئەوکشات لە قەید و بەندگەلی ئیدئۆلۆژیکی تەنگ و بەرتەسک دەکەنەوە. بەڵگەی بنەڕەتی مینوگ ئەوەیە کە ئیدئۆلۆژی فۆرمێکی مامناوەندی نوێ ئەندێشەیە کە ریشەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم. ئیدئۆلۆژییەکان (کە بە رواڵەت مەبەستی گشت ئەوانە بێجگە لە لیبرالیزم، پارێزکاری و سۆسیال دێموکراسییە) لە جیهانی داخراوان کە بەدفەڕی و شەیتانی شتێکی جیاواز لە سروشتی مرۆڤایەتی دێنە ئارا. هەر ئیدئۆلۆژێکی شەیتانی دەرەوەی خۆی هەیە (بۆ وێنە سەرمایەداری سەرەڕۆیی یان سیستەمی پیاو سالاری) ئەمانە (دەسەلاتگەلی بێگانە)یەکن کە دەبێ ئیدئۆلۆژیستەکان لە ناویان بەرن. ئازاد و کەماڵ لە لایەن شۆڕشەوە دژی ئەم دەسەلاتە بێگانانە بەدەست دێ. بە بۆچوونی مینوگ، ئیدئۆلۆژیستەکان لە بنەڕەتدا لە تاکگەرایی، زاینەوە گەرایی و کۆمەلگەی لیبرال بێزارن؛ بە کورتی لە مۆدێرنیتە بێزاریان هەیە. ئەوانە بێزارێکی سەیریان سەبارەت بە شارستانیەتی رۆژئاوا هەیە کە خووی هێندێ لە رۆشنبیرانە. هەروەها، ئەو جۆرەیکە چاوەڕوان دەکرێ، بەڵگەی مینوگ لە دەور و بەری ئەم گریمانە (کە ئاشکرا لەگەڵ ئەوکشات جیاوەزە) دەخولێتەوە کە هەڵوێستی پێچەوانە و جیا لە ئیدئۆلۆژیکی، فۆرمێکی لە لیبرالیزمی کلاسیکی ئەمرۆیی گرتووە بە خۆوە.

هۆی سەرەتایی بیچمی ئەمریکایی (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) لەسەر کانگای گەورە سەرچاوەی گرتووە. یەکەم، لە دەیەی ١٩٥٠ و لە نێوان بەرەیەکدا کە لە دەیەی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ دا ژیاون، ئاگادار و شایەدی شەڕەکان، ئەنفالەکان، دادگایی کردنی نمایشی، نازیزم، قەلاچوو کردنی یەهوودییەکان، ئیتالینیزم بوون. ئەم باوەڕە

روونه بەدی هات کـه ئەندێشەی سیاسـی ئیـدئۆلۆژیکی بەشـێک لـە کـۆی گۆمـانی ترسـناکە. مارکسیزم، لنینیـزم چاوگـە و نـاوەڕۆکـی سـەرنجی ئـەم بـیر و گومانـە رواڵەتییە، لە سەردەمی شەڕی سـارد بـوو. بـەم جـۆرە قبـووڵ کـرا کـە ئەندێـشەی ئیدئۆلۆژیکی ریشەی سەرەکی رەنجی جەماوەرە. نەبوونی و دەس تەنگی و شەڕ لە نیوەی سەدەی بیستەمدا بـووە. هێنـدێ لـە نووسـەرانی دەیـەی ١٩٥٠ لـە راسـتیدا رۆشنبیرانی یەهوودی بوون کە دڵ لەدوایی پـەژارەی قووڵـی خۆیـان سـەبارەت بـە چارەنووسی یەهوودییەکان لە نیزامگـەلی جـەزمی ئیـدئۆلۆژیکی دەهـەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ دەنگیان دەدایەوە. ئیدئۆلۆژی کارتێکەری خوازیاری ئەندێشەی سیاسـی وەک دۆن کیشۆتە و هێرش دەکاتە غوولە شەیتان خەیاڵەکان.

دووهەم. بە پێچەوانـەی ئـەم راسـتە کـە ئیدئۆلۆژییـەکان لـە کۆمەڵـگەی روو بـە پێشکەوت کـارکردی باشـی هەیـە. ئـەم بـاوەڕە لـە ئارادایـە کـە دەوری ئەوانـە لـە کۆمەڵگەی دێموکراسییەتە پیشەسازییەکان شـتێکی زۆرتـر لـە دەوری رازاندنـەوە و جوان کـردنی نییـە. لـە دوا کۆمەڵـگە، گـشتیان لـە بـارەی ئامانجـە بنەڕەتییەکانـەوە پێکهـاتوون. زۆرێنـەی رێکخـراوە گـەورەکان لـە کۆمەڵـگە پیـشەسازی، لـە خـۆش رابواردن و پێکهاتە ئابوورییە تێکەڵاوەکان، بە زۆرینەی ئامانجگەلی ریفۆرمخوازانەی خۆیان گەیشتوون. باڵی چەپ مەترسیگەلی بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی توندڕەویان پەسـند کـردووە. هاوکـاری گـشتی و بـە یەکـەوە بـوون و یـەک پارچـە بـوون لـە ئامانجگەلی سیاسی لە زۆر لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا دەبینرێ. هەر ئەو جۆرەی کـە سیمور مارتین لیـست نووسـیویەتی، (ئەمـە سـەرکەوتنێکی گەورەیـە بـۆ شۆڕشـی کۆمەڵایەتی دیموکراسییەتی غەرب کە بە ئیدئۆلۆژییەکان، یان ئارەزووە شـارییەکان بۆ بزاڤی خۆی بەرەو دەسپێکی سیاسـی پێویـستی بـەوە هەیـە)[٢٠] پێکـەوە سـازانی بنەڕەتی لە بارەی بابەخە سیاسییەکان بـە دەسـت هـاتووە. ئەندێـشەگەلی سیاسـی زۆرتر دەربارەی ساماندان بە زانستی پەراوێزی، زاینەوەی خالیسی میللی، قیمەتگەل، هەقدەستەکان، دابینکردنی کۆمەڵایەتی و وەکو ئەوانە بووە. شـتەکانی دیکـە زۆرتـر خۆ پێوەراداان هـارە و گیـڤە و قـسەی خـۆراییی بـووە. بـە وتـەی لیپـست (خـەباتی

دیموکراتییەت درێژەی هەیە، بەڵام لەم خەباتەدا ئیتر لە ئیدئۆلۆژییەکان، ئاڵا سوورەکان و خۆ پیشاندان و خۆ نواندنی رۆژی یەکی مانگی مەی خەبەرێک نابێ.[21]

لە مانە بەو لاوەتر، دەیەی ١٩٥٠ شایەدی بەهرەمەندی پایەداری گەشە ساندنی زاینەوە (تەولید) ی ناخالیسی میللی لە بریتانیا و ئەمریکا بوو. لە لایەنێکەوە، ئەم خولە (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) هەتا رادەیەک بووە هۆی دەنگدانەوەی گۆڕان و گەشە کردنی ئابوورییەکانی غەربی لە دەیەی ١٩٥٠.[22] پێوانەگەلی ژیان ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و زۆرینەی دانیشتووە شارییەکانی ئەمریکایی و بریتانی، لەسەروەت و سامانێکی زۆرتر بەهرەمەند بوون. ماوەیەکی دوور و درێژ بوو کە دابە شکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەتا ئەم رادە نەببووە بازنەیی و سەرەکی. لە بریتانی، موتاڵای باتلر و ئەستۆکس باسیان لە ئاوا بوونی پێوەندی چینی کۆمەڵایەتی لەگەڵ رادەی بەشداری لە دەنگداندا دەکرد. دەوڵەمەندی ئابووری لەگەڵ گەشە کردنی دەوڵەتی دەوڵەمەند، لە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری و سیاسی کەمی کردووەتەوە.[23] سێیەم، (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) نزیک بوو لەسەردەمی پاڵەوانەتی کۆمەڵناسی، بەتایبەت کۆمەڵناسی ئەمریکایی (دووربینی و هیوای رزگار بوون لە ئیدئۆلۆژی لە بەرامبەر جیهانییەکاندا کردبیەوە، چونکە لە باتی بێهوودەپەرەستی، (زانست) کۆمەڵگەی پێناسە دەکرد)[24] ئەم کارە بە جۆرێک گەڕانەوە بوو بۆ ئانتوان تراسێ، ئەگەرچی واژەگەلی ئەو گۆڕا بوو. بەلای تراسییەوە، ئیدئۆلۆژی زانستی بوو کە بێ هوودەیی پاک دەکردەوە. لە زانیاری کۆمەڵایەتی دەیەی ١٩٥٠، ئیدئۆلۆژی بێ هوودەیەک بوو کە پێویستی بە پاک کردەوە و سڕینەوە بوو. پێچەوانەی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری ترمینۆلۆژیک، هۆی هەر دووک رووداوەکە یەکێک بوو و ئەوە شتێک نەبوو جگە لەم تێکۆشانە زانستییە عەقلانییە لە بەرامبەر بە بێ هوودە پەرستی و قسەلۆکی بێ ناوەڕۆکی رۆشنبیرانە بەرەنگاری بێتەوە. پێشکەوت و تەنینەوەی کۆمەڵناسی تاقیکراوە پێویستی بە سەرنج و وردبینی ئازاد بە بایەخ پێدانەکان، دڵکرمۆڵی، لێکۆڵینەوەی تاقیکراو یان دەستێوەردان، ئالوودە نەبوون بۆ بەرەو چوونی دلۆڤانی ئیدئۆلۆژی یان تەنانەت ئەندێشەی سیاسی تەشریفاتی نەبوو

عەقڵگەرایی یان نئۆپۆزیتیڤیزم دەبوایە راستییەکانی لە بایەخ و گەورە شاراوەکان لە پشتی ئەم حوکمانە هاوێر بکات.

دەرئەنجام، لەم بارەوە گەلێ بەڵگەیان دەهێناوە کە ئیدئۆلۆژی بە واتای راستەقینەی وشە لە کۆمەڵگەی دیموکراتییەتی پیشەسازی پێشکەوتوو تەمەنی بەسەرچووە. ئیدئۆلۆژی بە دوو دڵنیییەکی زۆرەوە و لەگەڵ زانیاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای تاقیکراو بەرهەڵستییەک دژایەتیان بوو. زانیاری کۆمەڵایەتی رێگایەک بوو بۆ بەرو زانینی سیاسی، ئێستە ئەوە کە ئیدئۆلۆژی بە مانا و واتای دەروونی بیر و گومان بوو. بە وەتەی ئەدوارد شلیز: (زانین لە تەک ئیدئۆلۆژی بێگانەیە)[٢٥] لەم بارەوە، ئاماژە بە گومانی ئیدئۆلۆژی، بەپلەی یەکەم خودی مارکسیزمی پێکا بوو.

بابەتگەلێکی زۆر لە دووربینی (دوایی پێ هاتنی ئیدئۆلۆژی) لە ئارادا بوو. دەتوانین بڵێین ئەم رووداوە قۆناخێکی تێپەڕ بووە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان کە بەرامبەر بە توندوتیژی سالانی شەڕ لە خۆیان نیشان دەدا. خەڵک، لە پاش دەروانی رۆژەرەشی و دەسکورتی سالانی شەڕ، ئێستا لەگەڵ خۆش گوزەرانی و سامان، بەکاربردن و گەشەی ئابووری رووبەڕووبوونەتەوە. ئیدئۆلۆژی بە جۆرێکی پێچراوە بیرەوەرییەکانی سەردەمی تالیان وەبیر دێنیتەوە. لەگەڵ ئەمەدا، لە رادەی بۆچوونی گشتیتر، ئەو جۆرە مەک ئالیسدر مەک ئەینتایر، بیرمەندانە بۆچوونی خۆی راگەیاندووە، خاوەن ئەندێشانی دوایی پێ هاتنی ئیدئۆلۆژی (لە هەڵسەنگاندنێکی دژواردا ئیمکانی وجوودی لە جێدانانێکی تێشکاو بوون: واتە ئەمەی کە دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی، بێ ئەوەی کە بە راستی دوایی ئیدئۆلۆژی بێ، خۆی لەو سەردەمەدا جۆرێک ئیدئۆلۆژی دەدرایە قەڵەم.[٢٦] بۆچوونگەلێ کە رێبازی (دوایی پێ هاتنی ئیدئۆلۆژی) گەلالە دەگیرا هەڵگری هێندێ گریمانەی بایەخی بوو و کێشان و پێوانی دەربارەی سروشتی مرۆڤ، چۆنیەتی کارکردی عەقلانیەت، بایەخی هاوبیری و وەردەکاری لە باری تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شێوازە و ئاسانکاری بە یەکەوە، چۆنیەتی پەروەردەی کۆمەڵگای مەدەنی کردەوەگەرایی. کۆشش بۆ ئەم ویستە کە ئەم بۆچوونانە تەنیا پێشمەرج و گریمانەگەلێ دەربارەی دووربینی زانستی کۆمەڵایەتین و بۆچوونگەلێکی دیکەی ئیدئۆلۆژی دێنە ئاراوە. یان لە نابینایە یان

هەڵخەڵەتانی رۆشنبیرانەیە. (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) خۆی بابەتێکی ئیدئۆلۆژیکی و جۆرێک لە لیبرالیزمی کردەوە گەرایانە بوو. ئەم تێکشانە سێبەری بەسەر دووربینی (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) داکشا بوو هەتا لیبرالیزم بەناوی ئیدئۆلۆژی تاقیکراو لێک بداتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە هۆگری بەم رەساڵەیە لە کۆتایی دەیەی ۱۹۸۰ زیندوو بۆوە، بزاڤی (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) هێشتا بەناوی قۆناخێک لە بەربڵاوی واتای ئیدئۆلۆژی، بە دوو دڵیەکی زۆرترەوە چاوی لێ دەکرێ.

پێگەی ئێستەی ئیدئۆلۆژی زۆر چڕوپڕ و پێچراوەیە و بۆ هەموو قۆناخەکان دەگەڕێتەوە کە هەتا ئێستا لەو بارەوە باسیان کراوە. بەبرەوترین ناوەڕۆک هێشتا دژایەتی توندی لە نێوان (حەقیقەت و ئیدئۆلۆژی)دا هەیە. زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە بارەی ئیدئۆلۆژییەوە دەدوێن دەڵێن خۆیان بێ لایەن و جیا لە ئیدئۆلۆژیکن. خوازیارانی هەڵگری ئەم بێ لایەنییە وەکو هەمیشە پسپۆڕانی زانستییە سروشتییەکان و کۆمەڵایەتی، فەلسەفە و ئەندێشە سیاسییەکانن. کاتێ تێدەگەن کە زۆر لە لیبرالەکان، پارێزگارەکان، فەمینستەکان، مارکسیستەکان و ئەوانی دیش دەڵێن لایەنگری زانست یان فەلسەفەی بەرامبەر، لەگەڵ ئیدئۆلۆژین، مەبەست ئاڵۆز و پێچراوەتر دەبێ.

ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی رەوەندی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی بووە کە هەوڵی دەدا هەتا شێوەی جیاوانی زانین و ئیدئۆلۆژی بەپێز و رامانێکی قوول و ریشەدارە کە چووە تا ناخی خۆئاگایی زانیاری کۆمەڵایەتی (دوایی پێهاتنی ئیدئۆلۆژی) یەوە. ئەگەرچی بە شێوەی دەروونی لە گشت رامانی سەردەمی رۆشنگەریشدا هەیە. لەم دواییانەدا لە وتارێکی کورت، بەڵام کراوە، لە بارەی جەوهەری ئیدئۆلۆژی، شکۆدار دەبێ کە ئەگەر واتای ئیدئۆلۆژی بە شێوەی گشتی (سیستەمی باوەڕەکان) کۆ دەکاتەوە. کەوا بێ پێناسەی باسکراو جیاوازی لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکان نامراد دێڵێتەوە... جیاوازی لە نێوانی زانست و ئیدئۆلۆژیشدا نامراد دەبێ.[27] هەڵوێستی بنەمایی و ریشەیی ئەوەیە کە بۆ کار کردنی زانستیە کۆمەڵایەتی یان سروشتی، زانینی ئێمە دەبێ پرۆژەیەکی نەگۆڕ، راوەستاو و بەرچاو هەبێت. ئەم پرۆژە کە بەڵگە

و پێواری حەقیقەتە دەتوانێ وەک بڕیارێکی دادگاه دووپات بوونەوەی بسەلمێ و وەکار بکەوێت. بایەخگەل و باوەڕەکانی ئێمە نابێ کاریگەرییەتی لەودا هەبێت. حەقیقەتی باوەڕەکانی ئێمە، کە توانایی بە ئێمە دەبەخشێ ئەوانە وەک زانین بناسین و وەری بگرین، ئەمە کە دەبێ هەتا رادەیەکی مومکین لەگەڵ ئەم پرۆژە بەرچاوە هاوکێشی و هاو سەنگیان هەبێت. عەقلانیەتیش وەک هەمیشە وەکو پێکهاتوو و سازان و بە کۆبوونەوەی گشتی دەربارەی پێوارەکان چاوی لێ دەکرێ و ورە و وزە بە ئێمە دەبەخشێ کە لەگەڵ یەکتر پێوەندیمان هەبێت. لە زانستەکانی کۆمەلایەتی، بەتایبەت ئەم پرۆژەگەراییە زانستییە دەبێ دووری و جیاوازی خۆی لەگەڵ بایەخەکانی فامیتر و دڵۆڤانیتر و باوەڕگەلی تەواوی ئیدئۆلۆژی بپارێزێ. هیچ پرۆژەیەکی دەرەکی لە بووندا نییە کە ئیدئۆلۆژییەکان لەگەڵ ئەودا هاوکێش و هاوسەنگی هەبێت. ئیدئۆلۆژییەکان هەر ئەو جۆرە کە لەگەڵ ئەندێشەکاندا گرێیان خواردوە، لەبەر ئەمە، مەنتقی تایبەتی هەیە، چونکە ئەندێشە ڕێبازی راستەقینە بنەماکانی دەرەکییە، بۆ دەستێوەردان دەبێ.

گرفتی ئەم روانگە زانستییە ئەوەیە کە زۆر کۆن رەتکراوە و نارەزامەندی زۆری لە بارەوە دەربڕاوە. لێرەدا ناکرێ سەبارەت بە باسیاتی پێچراوەیی فەلسەفەی زانست بەو باسە درێژە بدێ. بەم حاڵەوە، ئاسەواری فەیلسووفانی زانست وەکو تامس کوهن، پۆل فیربند، ئەیمرە لاکاتوس و مری هس و تاقمێکی دیکە، گەلێ کێشەیان لە بارەی جەوهەری زانست بەو لاوەتر لە بۆچوونە باسکراوەکە کردووە.[٢٨] بە بۆچوونی کوهن، زانست بە سەریەکدا کەوتن و زۆر بوون و پەسندی تاقیکراو بەرەو پێش ناچێ، بەلکو ئەم (نموونانە حاکمن) یان لە لایەن تاقمەکەی (گشتالتی) یان گۆڕینی باوەڕگەلێکی شێوە مەزهەب دەسەلاتیان بە دەستەوە گرتووە. ئەم نموونانەن کە جەوهەری پارادۆکسگەلێ کە دەبێ بتوێنەوە، دیاری دەکەن و دڵێن کە چ زانستێک باش و رێکە و چ زانستێک نییە. هەرکە وێنەیەک دیاری کرا، جەماوەری تۆژەرەکان هەتا ماوەیەک وەکو ئەو کار دەکەن . وێنەیەک پێویستانە (شیاوتر) لە وێنەکانی دیکە نییە؛ ئێستا ئەوەی کە هەر وێنەیەک جیاوازی، پێوەرەکانی جیاواز، واتای جیاواز لە راستی دەخولقێنێ. لەبەر ئەمە مێژووی زانست جۆرێک لە

جۆرەکـانی کـورت نابێتـەوە، بەڵـکو زۆرتـر رشـتەیەک، پـەلێک لـە گـۆڕانی وێنـەی دەورانییە کە هەموو جەوهەری زانست و وەرگرتووەکانی ئەو لە راسـتی دەگـۆڕێ. لـە لایـەکیترەوە، فیربنـد کێشە بـێلایەنـەکانی و سـەربەخۆیی زانیـاری سروشـتی (ئەفـسانەگەلی پـەریئاسـا) دەزانـێ کـە خەڵـکی زانـست بـڕەویان پـێ داوە و ئامانجەکەشیان کۆمەلایەتی و ئابوورییە. ئەو دەڵێ هەر پێوارەیەکی میتۆدی زانستی، چ عەقلانی بێ، چ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە، لـە پێوەنـدی لەگـەڵ دۆزینـەوە و داهێنـانی گەورەی زانستی لەوانە تەخەتی کراوە. لەبەر ئەمە، هیچ مەرجێکی پێویـست و تـەواو کردەوەی بێ عەیبی زانستی و هەڵبژاردنی ئەندێشە لە گۆڕێدا نییە.

لە راستیدا ئێستا زۆر لـە فەیلـسووفەکان دەڵـێن کـە ئەندێـشەگەلی زانـستیش تـا رادەیەکی زۆر تافی و کاتین. ئەندێشە، تایبەتمەندی راستی دەسنیشان دەکا. ئەندێشە ئەندامی بێ خەوشی راستییە. با بە جۆرێکی دیکە بڵێم: هـیچ راسـتییەکی بـەرچاو لـە دەرەوەی بنـەمایی بـێخـەوش لـە گۆڕێـدا نییـە کـە هـەموو ئەندێـشەکان لەگەڵـیدا بەرامبەری بکەن. خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە هـەم واتـا و هـەم زاینـەوەی ئەندێـشەی زانـستی لەگـەڵ رێـک بوونـە دەروونییەکـەی و وەرگـرتنی لـە لایـەن کۆمەڵـگەی زانستییەوە بە تاقی دەکرێتەوە. ئەم راگواستنە لـە زانـست، لـە لایـەن تیـشکێکی زۆر بێهێز کەوتە سەر ئەو جیاوازیە گریمانە راست و دیاری کـراوە، هێشتا زۆر جـار لـە زانیاری کومەلایەتی، لە نێوان زانست و ئیدئۆلۆژیدا جێی باس و سەرنجە. هۆی ئەوە تا رادەیەک پێوەندی بە میتۆدێکەوە دەبێ کە زانست بە هەمان دەنگەوە لە بارەیانەوە ئەدوێ کە لە رابردوودا ئیدئۆلۆژی بە شێوەی سوننەتی لەم بارەوە دەدوا .

لە باری ئەندێشـەی سیاسی و فەلـسەفەوە، تەنانـەت دۆخ پـڕ مەترسـیتـر بـووە. مەبەست پێوەندی فەلسەفەوە هەیە. فەلسەفە (ئەندێشەی سیاسی) لەگەڵ ئیـدئۆلۆژی، تا رادەیەکی زۆر بە فامی فەلسەفە دیاری دەکرێ. ئەگەر کەسێک لە لایـەن پێکهاتـەی فەلـسەفە شـیکارییەکانەوە، زمـان ناسـی، یـان گێرانـەوەیی و سـاختشـکێنی بـە رووداوەکە نزیک دەبێتەوە، لە هـەر بـارەوە تۆژینـەوەی فەلـسەفە پێوەنـدی لەگـەڵ ئیدئۆلۆژی بە شێوەیەکی بەرچاو دەگـۆڕدرێ. بـاس کـردن لـە بـارەی هـەموو ئـەم فەلسەفانە لەم ئاسـتەتەنگ و بەرتەسـکەدا ناگونجـێ، بـەم بۆنـەوە، بـە چەنـد وێنـەی

هەلبژێراو کۆتایی پێدێنین. بە گشتی کردنی مەبەست، بزاڤەکانی فەلسەفەیە بەربلاو و پێچراوەکان دەخاتە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەمەدا، گرنگ نییە کە تەئکید بکرێ فەلسەفەی شیکاری لە کردنەوەی ئەو مەبەستانەی کە بۆ ناساندن دەبن، وەک رێ و شوێنێک زانست و زانیاری بەرچاو و زانینی سروشتی (بە واتایەکی سوننەتی‌تر) هی ئەوان بووە، بە شێوەی سوننەتی هەر ئەو رێگا دەرەکیەی فەلسەفەکانیان گرتبووە بەر. فەلسەفە لەگەڵ شیکاری زاتەن بێلایەنانە، وردبینانەو، مەنتقی کار دەکا. فەلسەفە بە شیکاری سروشت پێویستانەی راستی رووداوەکان لە بارەی جیهانەوە دەدوێ. لێرەدا گریمانەی بنەڕەتی ئەوەیە کە تەنیا لە زانیاری سروشتی بێ خەوشی ئێمەدا زانست و زانیارێکی ئاوەها تووش دێین. ئیدئۆلۆژی، وەک ئەخلاق، جوانی‌ناسی یان دین، شێوەیەکی دیکەی بۆ ئەندێشەزانان هەیە کە زانستی و بەبایەخ نییە. ئیدئۆلۆژی بەشتگەل و تەئکیدی شیاو دەس پێدەکا، بەڵگە ناهێنێتەوە. ئیدئۆلۆژی زۆرتر خوازیاری کردەوەیە و لە جیاتی شیکاری رەخنەگرانە بە رازی کردنی دلۆڤانییەوە سەرقال دەبێ. بەم جۆرە کە لەم دواییانەدا لە نووسراوەیەکدا بەڵگەیان بۆ هێناوەتەوە، کاتێ دەست دەکەین بە راوێژ دەربارەی مەسەلەگەلی فەلسەفەی ئیدئۆلۆژی، نابێ (میتۆدی شیکار) لەگەڵ (ئەوەیکە شیدەکرێتەوە) تێکەڵ بکەین. بە جۆرێکی‌تر، فەلسەفە بەناوی میتۆدی شیکاری و تێگەیاندنی بێ لایەنانەی ئیدئۆلۆژی، نابێ لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەک کە شی دەکرێتەوە، تێکەڵ بکرێ.[٢٩]

ئەم واتا بێ خەوشە لە فەلسەفەدا لەژێر دوو گوشار دایە کە شێوە و بیچمی جیاواز و روونی لە نێوان شیکاری و کارێک کە بۆ شیکردنەوەیە، دژوار دەکا. یەکەم ئەوە کە، واتای زانست، وەک ئەویکە لەسەری گریمانە بوو، تووشی ئەو گۆڕانە زۆرە بووە کە ئێتر قسە کردن لەوە بەشێوەی فەیلسووفانی شیکاری سەرەتایی، کارێکی ناپەسند و رێ پێنەدراوە. واتا گەلی دواتر، ئەو جۆرەیکە ئەوترێ، لە تەجرەبەگەرایی دەقیق‌تر، بەرەو مۆدێلی تۆژینەوە رێیان پێ گۆڕیوە، بە دوای ئەوشدا، سەرهەڵدانی (زمانی ئاسایی) و فەلسەفەی زمان ناسی، کە بەتایبەت لە نووسراوەکانی ئاخری ویتگنشتاینەوە سەرچاوە دەگرێ، تێبینی ئێمە سەبارەت بە سروشتی زمان، حەقیقەت و زانینیان گۆڕیوە، تەنیا لایەنە کۆمەلایەتییەکەیان بۆ ئێمە بە جێ هێشتووە. بەیان

کرذنی واتا پێوەندی بە قسەکردنەوە هەیە کە دەزانێ چۆن زمانی هەڵسووڕێنێ. زمانەکان نەدۆزراونەتەوە بەڵکو لە باری کۆمەڵایەتییەوە داهێنراون. واژەگەلی ئێستا لە زمانەکاندا بە راستی پێوەندیان بە شتەکانی جیهانەوە نییە بەڵکو دەسکەوتی جۆراوجۆری گەورەی کار پێکردنەکان لە دەروون (یاریگەلی زمانی) گرفتی ژیانی. فێربوونی واتایەک بریتیە لە فامی جەوهەری ئەو یان فێربوون و زاڵبوون بەسەر بیچم و وێنەی زەینی ئەو نییە بەڵکو دەرک و تێگەین کارکردگەلی جۆراوجۆری ئەو لە زمانی حاڵی عامە، لەبەر ئەمە، واتا گەل راستەوخۆ لەگەڵ شتەکانی جیهان بەرامبەری نییە. لە راستیدا، سروشتی زۆرینەی واتاکان کە لەگەڵ ئەوان رووبەڕوو دەبن، باس هەڵایسێنی زاتی ئەوانەیە. واتا زۆرتر بە دەستوورگەلی زاڵبوون بەسەر کەلک وەرگرتن لە یاریگەلی زمانی بێخەوش بووە بەوە. یەکێک لە ئاسەواری ئەم کارە، گەڕاندنەوەی ئیدئۆلۆژییەکانە بۆ دەروون گێڕانەوەی (فۆرم گەلی حەیات) یان (یاریگەلی زمانی) بیە. ئیدئۆلۆژی بیچمی و وێنەیی بەرەو جیهانی بوون ناگەڕێ، بەڵکو بەشێکە لە جیهانی رمان و کردەوەیە. مەبەستی قسە هەڵاییسێنتر بۆ هێندێ لە فەیلسووفە شیکارەکان، ئەمەیە کە زانست بەشێوەی بەربڵاو بووە بە یاری زمانێکی دیکە. ئەم واتایە، ئەگەرچی وازی لە میتۆدی تەواو و شیکاری نەهێناوە، بێگومان بەرگری ئاشکرای نێوانی ئیدئۆلۆژی و فەلسەفە دەبێ.

گشت رشتەکانی گومان و داپۆشراوی فەلسەفەی هاوچەرخ، وەکو پێکهاتە شکێن و هێرمنۆتیک، لە باری تێبینیگەلێکی زۆر جیاواز لە خۆشی، بە تێڕامانێکی یەکجار زۆرتری لە فەلسەفەی شیکاری و دواخراو، چ لەبارەی سەربەخۆیی گریمانەی زانست و چ دەربارەی جیاوازی دەسکردی نێوان فەلسەفە و ئیدئۆلۆژییەکان لەو پێوەندییەدا، گومانیان کردووە. نووسەرانێکی وەک فۆکۆ، دریدا، هابێرماس، ریکۆر و گادامێر لە پێوەندی لەگەڵ جیاوازییە ئاسانەکانی پێوەندیدار بە ئیدئۆلۆژی کە سێبەری بەسەر زانیاری کۆمەڵایەتیدا کیشاوە، گومانگەلێکی پێداگرانەیان دەربڕیووە.

هەڵوێستی ئێستای ئیدئۆلۆژی پەیتا پەیتا جێی قسە و کێشەیە. ئێستا رواڵەتەن ئەم وایە کەوتووەتە بەر مەترسی یەکتر برینەوەیەکی ئاست ناسکی نادیارەوە. زۆربەی واتاکانی ئیدئۆلۆژی کە دیتمان کە هێشتا لە مەترسی لێکۆڵینەوە و لێدواندان ونە کار

کردی واژە بە ناوی (زانستی دۆزگەل) یان (دۆزناسی) وە نەک ئارەزووی وەها زانستێک هێشتا، لەژێر ناوگەلێکی جۆراوجۆر، لە هێندێ لە مەیدانی دەروون تۆژی و دەروونناسی، بوونیان نییە. بێجگە لەمە، ئەم واژە بە واتای فەڕانسەوی سەڵتەنەت خوازەکانی ئەو، کە لەسەر کۆمارخوازی پڕ مەترسی دژی خواپەرستی ڕێنوێنی دەکرد، بە کار نابرێ. ئیدئۆلۆژی هێشتا کارکردی تێکەڵ بە لەم زانینی هەیە، بە واتای هەبوونی تێبینی بەرتەسک یان دەمارگرژی بایەخی، وا یان بە شێوەیەکی گشتیتر، بە واتای ئەندێشە و گومانە. جگە لەوە، ئیدئۆلۆژی دەتوانێ لەسەر تێبینی سیاسی تاک ڕێنوێنی بکا: واتە کۆمەڵێ لە ڕوانگەکان کە تێدەکۆشن بە دەسەلاتی سیاسی یان هەموو ئەندێشەکانی سیاسی بەسراوە بەوەوە، ڕەوای پێ بدەن.[30] هەروەها ئیدئۆلۆژی ڕەنگە بە گشتی بە واتای دۆزگەلی حزبێکی سیاسی، جیهانبینییەکی متافیزیکی تەواو یان زانیاری مرۆڤانە بێ کە گشت باوەڕەکانیان یەکێک لەوانە هونەری زانست دەگرێتەوەخۆ. زانست دەبێ بەشی سیاسی بوونی هەموو فیکرەکان بێت کە لێرەدا جێگۆڕکێ یەکجار جۆراوجۆر و زۆرن.[31]

خاڵە بەئاگاهێنەرەکان

بە بۆچوونی من، ئیدئۆلۆژییەکان کۆمەڵێکن لە واتاکان، بایەخ و نیهادێکن کە مانا و واتای سروشتی مرۆڤ دەگرێتەوەخۆ و لەم بارەوە، بۆ مرۆڤەکانی دیاریە کە دەستیان بە چشتگەلێکی مومکین یان نامومکین دەگا، واتە: ئەندێشەی ڕەخنەیی دەربارەی کرداری سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤایەتی. ئەو بایەخانەی کە مرۆڤەکان دەبێ ڕەتی کەنەوە یان ئارەزووی گەیشتنیان بەوانە بێ، بەریلاوێکی تکنیکی دروست بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە پێوەندی بە نیاز و عەلاقە و بەرژەوەندی مرۆڤەوە هەیە. بەم جۆرە ئیدئۆلۆژییەکان هەم مرۆڤ تەوسیف دەکەن هەم ئیزنی شتگەلێک بەوان ئەدەن. ئەم دوو ئامانجەیان لە ئیدئۆلۆژیدا پێکەوە گرێ داوە. هەروەها ئیدئۆلۆژییەکان هەم هێندێ هەڵسووڕان و بەربڵاوی بەرەوا دەزانن و هەم تاکەکان بە یەکەوە دەلکێنن و بەم جۆرە، هێز و توانایی بەوان دەبەخشن کە لە دەوری ئامانجگەلێکی دیاریکراو کۆببنەوە. ئەو

ئیدئۆلۆژیانەی کە لەم کتێبەدا دەربارەی ئەوان باس دەکرێ، هەر ئەو ناوەڕۆکەیە کە لەسەرەوە باس کرا بە تەواو مانا چاوکراوانە جستوجۆ دەکەن.

چەند خاڵێکی رەخنەیی لەسەر ئیدئۆلۆژی هەیە کە دەبێ تیشک بخرێتە سەری. یەکەم، یەکێک لەو رەخنانە کە دێتەوە سەر ئیدئۆلۆژییەکان ئەوەیە کە زۆرتر ساویلکە و بە کردەوەن و بەتەواوی لە فەلسەفە نین و کەمتر رەخنە لە خۆ دەگرن. جاری وا هەیە فلان ئیدئۆلۆژی وەکو هەڵەی زمانی یان پڕوپا گەندە دێتە بەرچاو. بەم حاڵەوە، ئەمە تەنیا نیوە لە حەقیقەتە. زۆربەی لە بیرە فەلسەفەیی و زانستییەکان لە دەروونی ئیدئۆلۆژەیەکاندا کارکردیان بووە، لە راستیدا زۆر لە فەیلسووفەکان و پسپۆڕانی زانستی سروشتی ئیزنیان داوە لە باوەڕەکانیان بە شێوەیەکی ئیدئۆلۆژیکی کەڵک وەربگرن، چ زۆر بە مەیل و ئیشتیا لە زاڵبوون بەسەر ئیدئۆلۆژی تایبەتا بەشدار ببن. بە بڕوای من، ئیدئۆلۆژی دەکرێ هەم بەشێوەی زمان بە دەست بێ و هەم بە شێوەی لە ریشە دەرهێنان ئەندێشەی فەلسەفی یان زانستی. فلان نووسراوەی ئیدئۆلۆژیکی رەنگە بە شێوەیکی بەربڵاو بە پێچراوەی ئەندیشەی تێدا بە کار برابێ، بەڵام هەر ئەم بیرە بنەڕەتییە لەوانەیە بە کالترین شێوەی دروشم یان پڕۆپاگەندە بەیان بکرێ. هەروەها لە حاڵێکدا کە فلان ئیدئۆلۆژی لە ئاستی بۆچوونێکی پێچراوەدایە، فلان فەلسەفەی زانستی ئیدعای دەوری بە کردەوە دەبێ. ناوەڕۆکی شای فەیلسووفەکان (یۆتۆپیا) ئەفلاتوون، لە گۆڕەپانی مێژووی فەلسەفە تا ئێستا دەنگ دانەوەی بووە، مەگەر لە بوارە زەریفەکان و پێچراوەکاندا سروشتی فێر بوون و خۆ فێرکردنی ئەندێشە. ئەندێشەگەلی ئیدئۆلۆژی دەتوانن سەر کۆنەکەر، یان بەتەواوی بە دەدەبانە بن. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە پێڕەوانی ئەو وتانەی سەرەوە، نابێ هەمیشە چاوەڕوان بین کە لە وەرێکەوتنی ئیدئۆلۆژییەکان پێکهاتەگەلێکی رێکوپێک بە دەست بێنین. ئەو جۆرە کە گوتمان، ناوەڕۆکی ئیدئۆلۆژیکی دەکرێ هەمیشە لە هەڵە تێکەڵ و پێکەڵەکانی زمانی کە دەیانەوێ زیرەکانە ئەندێشەکانیان وەخۆ گرێ، ببینێ. تەنیا لە کۆتایی ئەم درێژ پێدانە کە دەتوانین چاوەڕوانی وەها یەکگرتنێکمان هەبێت. بێجگە لەوە، لە هەموو ئاستەکانی ئیدئۆلۆژیدا لەگەڵ بیرمەندانێکی جیاواز لە بوارگەلێکی جۆراوجۆر رووبەڕوو دەبینەوە. لە دووی یەکگرتنێکی مەنتقی دەگەڕێین، بەڵام

ناتوانین هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بین کە بیدۆزینەوە. تەنیا لە دوایی پێهاتنی ئەم ڕێژە پێدانەیە کە دەتوانین چاوەڕوانی یەک گرتنێکی ئەوتۆمان هەبێت. جیا لەوەش، لە هەموو ئاستە ئیدئۆلۆژییەکان لەگەڵ بیرمەندانێکی زۆر جیاواز لە بوارگەلێکی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو دەبینەوە، لە دووی یەکگرتنێکی مەنتقی دەگەڕێین، بەڵام ناتوانین هەمیشە چاوەڕوانی ئەو دۆزینەوە بین.

نیگەرانییەکیَ دیکە پێوەندی بەو ئاستەوەیە کە ئیدئۆلۆژی لەودا بەکار دەبریَ. ئەم بابەتە مەسئەلەی یەکگرتنی دەروونی ئیدئۆلۆژی ئاشکراتر دەکا. مارتین سلیگر لە موتالای زانستانەی لە بارەی ئیدئۆلۆژی، جیاوازی لە نێوان ئاستە بنەڕەتییەکان و زانستی ئیدئۆلۆژی دادەنێ. سلیگر ئەگەرچی بەڵگە دێنێتەوە کە (ئەندێشەی سیاسی لە ئیدئۆلۆژی جیا ناکرێتەوە)، دەڵێ سیفەتی زەق و بەرچاوی ئیدئۆلۆژی لە هەڵسەنگاندن و بەراورد لەگەڵ فەلسەفەی بە کردەوە ئەوەیە. لە بارەی ئەو خاڵەی کە لەسەرەوە باسمان کرد. بە بۆچوونی سلیگر، سروشتی بنەڕەتی، باوەڕەکان و تەجرەبەکان و ڕاسپاردەکانی ئیدئۆلۆژی هەمیشە پێویست بە بە کردەوە یان دەست پیَ کردن لە جیهان کە بنەما دەخاتە مەترسی و ئەوانە بە جۆرێکی حاشا هەڵنگەر پێکیان دێنێت، ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەم جۆرە، بە بۆچوونی سلیگر (پێکهاتن لە لایەکی دەبێتە هۆی ئیدئۆلۆژی نێوان لایەنی بەڵگەی باشتر، لەم ڕووەوە تایبەتی تر و بنەڕەتی‌تر، لە لایەکی دیکەوە لایەنێکی ورد تر و بە کردەوەتر ببێ بە دوو لق. لایەنە دواییەکەی، ئیزنگەلێکی ئەخلاقی زۆر جار... ئیزنی تەکنیکی لاواز دەکەن.[32] بە بۆچوونی سلیگر، دەسکەوتی ئەم دوو لقە و دوو شەق بوون، جیاوازی نێوان هەرێمە بنەڕەتییە ئیدئۆلۆژییەکان و لە لایەکەوە هەرێمی بە کردەوە، فەنی ئەو لە لایەکی دیکەوەیە. ئەسڵی بنەڕەتی، نەک تەنیا لە لایەن خەبات لەگەڵ هەموو ئەسڵە بنەڕەتییەکان بەڵکو هەروەها پێویستەکانی تەکنیکی و بە کردەوە زۆربەیان دەگۆڕدرێن یان دەکەونە بەر گۆڕانکاری و بۆچوون. لە لایەکی دیکەوە، مەسەلە بە کردەوەکان و تکنیکەکانیش لە بەردەمی دادگای پێویستی ئەخلاق و بیَ خەوشی ئیدئۆلۆژیکی دەکەونە بەر لێپرسینەوە و دادگایی کردن و تووشی گۆڕانکاری دەبن.

هێندێ لە ئیدئۆلۆژییەکان، وەکو لیبرالیزم، لە بارەی بە کردەوە کردن و پەرەپێدان بە مەسەلەی هۆگری خۆیان، لێزانتر و سەرکەوتووتر بوون. ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە، وەکو ئانارشیزم بە هۆگەلی جۆراوجۆر زۆرتر کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی بنەڕەتا بووە و ئەو جۆرەش ماونەتەوە. لە پلەی بەراورد، ئاناشیزم لەچاو لیبرالیزم یان سۆسیالیزم کەمتر بەس لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی فەننییەکان بە کردەوەیان هەبووبێت. لەم خاڵەدا مومکینە لەگەڵ ئەم بڕیارە نارەوایە رووبەڕوو بێتەوە کە لیبرالیزم باوەڕی حەقانیتر، بە کردەوە و نا ئیدئۆلۆژیترە. ئێستا ئەوە کە ئاناشیزم لە دنیایەکی سەرەکی باوەڕی ئیدئۆلۆژیدا دەژین کە توانای پەرەپێدانی بەوانە نییە. لەگەڵ ئەوەدا، لێرەدا مەسەلەی راستێکی نەگۆڕ لە ئارادا نییە. بەڵکو لە ئاستێکدا کە ئیدئۆلۆژی کارکردی هەیە، لەگەڵ قەزاوەتی لێکۆڵینەوە رووبەڕوو دەبێتەوە کە لیبرالیزم لە جیهاندا باشتر دەروەستی ئەوە هاتووە. بەلام تەنانەت ئەگەر ئیدئۆلۆژییش کارکردی بە کردەوە لە خۆ نیشاندابێ، ئەم کارە تەنینی ئێستای لە ئاستێکی بنەڕەتی بۆچوونی لە دەروونی ئەو ئیدئۆلۆژییە کەمناکاتوە. مێژووی داڕشتنی سیاسەتی لیبراڵ هەمیشە لەگەڵ ئەم پرسایرە رووبەڕوو بووەتەوە کە: ئایا بە راستی ئەمە لیبرالیزمە؟ جیاوازی بنەڕەتی، کردەوەی سەرکەوتوو لە بابەت لێدوان دەربارەی گۆڕینی ئیدئۆلۆژیشەوە سوودمەندە. بە بڕوای سلیگ، گۆڕین هەم مومکینە بە مانای (سازگاری دووبارەی سروشتی بەکردەوە لەگەڵ پێناسەی ریشەیی یان پێناسەی بنەڕەتی و ئەسڵی بنەمایی، و هەم سازگاری و وەک یەک بوونی پێناسە لەگەڵ ئەوەیکە بە کردەوە بەرێوە چووە یان ببێ بە جێگر).[٣٣] بە زمانێکیتر، رەنگە گۆڕین هەم لە لایەنە بەکردەوەکەوە روو بدا و هەم لە لایەنە بۆچوون و بنەڕەتییەکەیەوە، بەلام زۆرتر لە لایەنە دواییەکەوە روو دەدا، ئەمە تا رادەیەک لەو رووەوەیەکە لایەنە بۆچوونەکە زۆرتر لەبەر دەستی رووداوەکان و بەسەر هاتە زمانەکان و جیهانییەکاندایە. بەسەرهاتەکان هەم مومکینە بنەڕەتە ئەسڵییەکەی قەوی و بەهێز بکات و هەم رەنگە ئەوانە کز و لاواز بکات. تاقە خاڵێک بۆ زیاد کردن ئەمەیە کە دەرک و پێزانینی بەسەرهاتەکانیش پێوەندی بە روانگە ئیدئۆلۆژییەکانەوە هەیە. بەسەرهاتگەلی بێ ئامرازی نەگۆڕ لە ئارادا نییە کە ئیدئۆلۆژییەکان ناچار بە وەک یەک

بوونی خۆی بێ لەگەڵ ئەوان. ئەو جۆرە کە لایەنگرەکانی مێژوو دوایی تێگەیوانە بەڵگە دێننەوە، گۆڕانی مێژوویی دەبێ بە شێوەی تێگەیشتوانە تێی بگەین. ئێمە لە جیهانی واژەدا دەژین، ئەم واژانەن کە کتێب و هەرچی ئێمە داوای دەکەین و دەس نیشانیان دەکەین. ئێمە بە واژەگەلی یەکترەوە گرێمان خواردووە. ئەوەیە کە ئەنجامی دەدەین و لە ناخەوە لەگەڵ چاوگەی زمانی ئێمە، لە باری واتاوە، بەڵگە و سەنعەتێکی نوێیە بەرتەسک کراونەتەوە. دەبێ بڵێم بەرتەسکی زمانی و ئەخلاقی و سیاسی من، بەرتەسکی جیهانی ئەخلاقی و سیاسی من دەس نیشان دەکا.[٣٤] هەموو بەڵگە و هۆ و بەسەرهات و ڕووداوەکان بە ناوجێیی کردنی تێگەیشتن ئەنجام دەدرێ. ئەو جۆرە کە یەکێکی دیکە لەم تاقمە دەنووسێ: گۆڕینی تێگەیشتنی بەرەبەرە تا رادەیەکی زۆر بە سراوەتەوە بە تێگەیشتنی گۆڕانی سیاسییەوە و بە پێچەوانە. ئەم دەرک و فامە پێویستانە دەبێ مێژوویی بێ.[٣٥]

خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێ باسی بکرێ، پێوەند و تێکەڵ بوون و یەک داپۆشین و پێکەوە لکاندنگەلێکی ئیدئۆلۆژیکی هەم لە ئاستی بنەڕەتیدایە و هەم لە ئاستی کردەوە. زۆربەی بەڵگە و ئامانجگەلی جۆربەجۆر ، تا کی بنەڕەتی، یان ئەندێشە، یان بەڵگەگەل، یان فەن وە یان بیرمەند بیخەنە بەر باسێکی گشتی ئیدئۆلۆژیا کە بەتەواوی سەبارەت بە یەک بێگانەن. ئەم تێک ئالاوی و پێکەوە گرێ خواردنە، مەسەلەی ناساندنی ئاشکرا دژوار دەکاتەوە و زۆر جار بە داهێنان ناونیشانی وەکو سۆسیال لیبرال، پارێزکار لیبرال، مارکسیست فەمینیست، کومۆنیست ئانارشیت و سەرمایەداری ئانارشیست دەبەخشێ. ئیدئۆلۆژییەکان پێکهاتەگەلێکی پچڕاوی وتەیەکن کە بە رادەیەکی زۆر باری میراتی و لێک هەڵپێکانی فیکرییەکە زۆر جار هەموو ساڵێکیش پەرە دەگرێ و دەیهێننە ئاراوە. لەبەر ئەمە، هەر ئیدئۆلۆژییەک لە دوو ڕگە فیکری پێک هاتووە.

ئەم لەیەک ئالاوانە دەبێ ناوەڕۆکێک لە باری ئیدئۆلۆژییەکان بگرێتە خۆ کە دەڵێن میراتگری ئەندێشەی راستیەقینەن. لە ڕواڵەتا پیشەی ئەلیاس پێغەمبەر بە میرات بەوان گەیشتووە. ئەم ڕووکردە بە (باوەڕی راستەقینە) هەر ئەو شتەیە کە تێگەیشتنی ئەوان ئاسانتر دەکا و ئەوان لە بەڵگە هێنانەوە قورس و قایم و کاریگەر

دەکا، بە قوەتی خۆی لە باری دەسەلاتی گۆڕینی باوەڕی خۆی تووشی نیگەرانی و دوو دڵی دێ. لەوە ناچێ لە رادەبەدەر لەژێر گوشار و باری گوناه و گوماندا بن، ئەم بۆچوونە فیکریە لە گشت هەڵوێستە ئیدئۆلۆژییەکاندا دەبینرێ. کۆمەڵگای پارێزکاری، سۆسیالیزم و لیبرالیزم بە ئەلیشعگەلێکی (پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل) زۆر هاتوونەتە خوارێ، بە رادەیەک کە ئەمڕۆ بووە بە کۆمەڵگەی لەت لەت. هەموو خاوەن هەڵوێستە ئیدئۆلۆژییەکان لەژێر گوشاری ئەم بارە قورسە دانین، بەڵام هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، نیشانەی نەخۆشی بەرەوپێش دەروا. هێندێ لەسەر سوورهێنەرترینی ئەم ئەلیشعانە کەسگەلێکن سوورن لەسەر ئەوە کە مانا و واتای ئیدئۆلۆژی و شێوازی بەکردەوە و ئاکادمیک دەنووسن. هێندێ لە وانە شتگەلێ بە خوێنەر رادەگەێنن کە دەڵێن حوکمی بێ لایەنانە لەباری ئیدئۆلۆژییەوەیە، ئێستا ئەوە کە لە راستیدا خۆی بەشێکی جوان لە ئیدئۆلۆژییەکانی دیکەن. ئەو مەترسەیە هەڕەشە لە هەموو ئەو نووسراوانەی کە پێوەندی بە ئیدئۆلۆژییەوە هەیە دەکا. ئەگەرچی هێندێ لە نووسەرەکان کەمتر لەوە ئاگاداران یان لە چاو ئەوانی دیکە ئامادەی وەرگرتنی ئەم خاڵەیان کەمتر هەیە. لەبەر کردن و فێر بوونی وتوویژی ئیدئۆلۆژی لە لایەنی دروست. بابەتی حوکمی باش و تا رادەیەک جوانیناسانەیە، تەنانەت لەو شێوەدا گومانەکان هەمیشە دەگەڕێنەوە.

لەو چەمکە بەربلاوە ئەنجام دەگرین کە، ئارەزووی دایمی بە پاراستنی بێخەوش و پاکی لە ئیدئۆلۆژی دایە، زۆر کەس خەیاڵ دەکەن شتێکی بە دەر لەویکە پارێزکاری، فەمینیزم یان سۆسیالیزم ناودێر دەکرێن، ئاشکرا بوونیان هەیە. ئەم (شتە) بەرچاوە، وەکو دیوارێکی خشتی راوەستاوە و تاتە و هیچ شتێکی لێوە تێناپەڕێ و دەبێ پاک و بێخەوش بمێنێتەوە. بە باوەڕی بیرمەندان. ئەم کارە شێوەی پشتگیری لە باوەڕ بە خۆبوون دەگرێ بە خۆوە کە گشتی یەکێکە بەشێوەی دەستوورێکی پێویستی بۆ ڕێبازێک دەکەوێتە روو. هێندێ جار بەو پاکی و بێخەوشییە لەگەڵ زەرافەت و باریکبینییەکی فیکری زۆر دەپارێزێ. هەروەها ئەم کارە لەگەڵ بابەتی پێشوو پێوەندییەکی نزیکی هەیە واتە باوەڕی بێخەوش بەشێوەی جیا لە مێژوو، وەک ئەوە وایە بێ وچان لە کێوی سینا بێنێتە خوارێ فۆرمگەلێکی گرنگی دیاری بە خۆوە

دەگرێ. مەسەلەی پێوەندیدار بەوە (پێویستی بە باو باپیران یان ئاسەواری دێرین) ناو بنرێ. زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکان دیاردەی دێرین بۆ خۆیان دەتاشن و لە هێندێ شوێن سوورن لەسەر ئەوە کە لەگەڵ نیازەکانی جیا لە مێژووی مرۆڤ کە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا هەیە. هاوکێشن. ئەو کارە چێژێکی زۆرتر بە ئەندێشەکانی ئەوان دەبەخشێ. لەم ڕووەوە وتراوە ئێمە هەموومان لەبەر سروشتی خۆمان، ئانارشیست یان پارێزکارین؛ خەلکانی دێرین، تافی بەردین، لایەنگری پێگەی ژین بوون؛ یان (مەسەلەی ژن) لەسەرەتادا بوونیان بووە. بە باوەڕی من هەموو ئیدئۆلۆژییەک، تا رادەیەک شێوەگەلی نوێی ئەندێشەن کە بێ‌پسانەوە لە دوای شۆڕشی مەزنی فەڕانسا سەرچاوەیان گرتووە. جگە لەوە هیچ باوەڕ و ئەندێشەیەکی بێ‌خەوش لە بووندا نییە. گشت ئیدئۆلۆژییەکان لە دەروونی خۆیدا پێچراوە و هەڵگر و یەکترداپۆشن. هیچ روانگەیەکی سۆسیالیستی یان لیبرالی بێ‌خەوش لە جیهاندا بوونیان نییە. پێداگریی بێ‌خەوشی، وەکو پێداگریی حەقیقەتی نەگۆڕی بوون، هەمیشە درۆزنانە و داتاشەر یان لە رێ‌لابەرن.

مەسبەلەیەکی‌تر، بەڵگەی (حەقیقەت و ئەندێشە)یە کە پێشەکی ئاماژەم بەوە کردبوو. ئەم ئەندێشەیە بەپێی ئەم گریمانە هەیە کە فلان ئیدئۆلۆژی لە بارەی جیهانەوە، راستییەکان بەیان دەکا؛ هەموو شێوەی بیر ئەندێشی و گومانن و دەبێ لە بەرامبەری ئەوانە خۆڕاگری بکرێ. ئەم ئەندێشەیە تەئکیدی لەسەر سادەترین پڕۆژەی خۆی هەیە کە دەڵێ: (ئێمە بێ‌لایەن و ئێوە دەمارگرژن) ئەندێشە و گومان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدا و پێوەی دەچەسپێنن. هەموو ئیدئۆلۆژییەکان، بیچمگەل و بوتەکان و شەیتانناسی و یان زانیاری داپۆشراو و شاراوەی گومانە تایبەتەکانی خۆیان هەیە. هێندێ جار تێگەیشتن لەم بەڵگەیە زۆر دژوارە و لەگەڵ سەرهەڵدانی هاوکێش و هاوتەراز داپۆشراو پێچراوە دەبێ. بۆ ئێمە دژوارە کە لەبارەی ئیدئۆلۆژیایەک کە ماوەیەکی زۆر برەویان هەیە، بە شێوەی راستەوخۆ و لێبڕاوانە حەقیقەت لە ئەندێشە هەڵاوێرین. کاتێ پێغەمبەرانی پارێزگاری یان سۆسیالیزم سەبارەت بە حەقیقەت لەگەڵ ئێمە قسە دەکەن، هەمیشە ئێمە جیا کردنەوە و هاوێرەکانی ئەوان بە چاوی هۆگر، بەلام بێ رۆح، تەماشای دەکەین. کاتێ

ئیدئۆلۆژییەک سەردەمی منداڵـیەی خـۆی بـە شـەوق و زەوقـەوە بەسـەر بـردووە، کێشدان بە بەڵگەگەل و لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە سووک و سانا نییە. ئـەو کـات پـەرە پێدانی حەقیقەت و ئەندێشە بە وەها دەسەلات و شەوق و زەوق و راستگۆییەوە دێنە بەرچاومان کە خـۆڕاگری لـە بەرامبـەر بەڵـگەگەلی ئـەوان دژوار دەبـێ. لـە روانگـە هۆگرانەوە، هەمیشە پێکهێنەرانی ئەم ئیدئۆلۆژیانە بە جۆرێ ناحەز و ترسهێنەر یان خەندەهێنەر دەبێ کە بە جوڵەیەک وەخەبەرماندێنێ.

ئیدئۆلۆژییەکان بـە نـاوی کەسـانێکی هـاودەرد لێـک دەدەینـەوە نـەک بـە نـاوی شاهێدانی بێلایەن. تەماشاکەرانی ئەرشمیدوسـی نـەگۆڕ لـە گۆڕپـانی ئیدئۆلۆژیـدا بوونیان نییە. باوەڕی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە جیهـانی گریمانـە بـوونی نییـە کـە ئیدئۆلۆژییەکان لەودا وەک بن یان نەبن. هیچ ڕێگایـەکیش بـۆ وەلانـانی پێشمەرج و گریمانەکانی لە بووندا نییە. ئێمە بە جێکردنەوە و گونجانـدنی گریمانـەکانی خۆمـان، لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکان وەکو تێگەیـشتن لـە راسـتی هـەر وەک جیهـان هەڵـسوکەوت دەکەین. ناتوانین تەواو دوور لەم تێگەیـشتنە هـەنگاو هەڵـێنین و ئەوانـە لەگـەڵ شـتە دەرەکییـە تایبەتـەکان بـەراورد بکـەین و بیـسەلمێنین، ئەگـەرچی دەتـوانین لەگـەڵ جیهانەکان بەراوردی بکەین. ئیدئۆلۆژییەکان وەها لێزانانـە و زەریفانـە ئـەم راسـتییە پێک دێنن کە شان لـە شـانی شـتە راسـتییەکان دەدەن. لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئەگـەرچی نەخۆشین بەلام تەواو نا، هەم دەتوانین هی یەک بین و هەم، تارادەیەک، لەگەڵ راستی بیرمەندانی خـۆ ئاگـا خـۆ دوورخەینـەوە. موتـالای ئیـدئۆلۆژی کۆشـشێکە لەبـەری پێکهاتووە ئاگایانـەی پـڕۆژەی خۆتێگەیانـدنی لەگـەڵ پڕۆژەیـەکی دیکـە، کـە رەنگـە تەجرەبەی بەچاو بێ. لەم بوارەدا قسە کردن لـە راسـتی یـان درۆی ئیدئۆلۆژییـەکان کێـشە و قـسەڵۆکی لـێ دروسـت دەبـێ، بەوەتەیـەکی دروسـتتـر، هێنـدێ لـە ئیدئۆلۆژییەکان دەوڵەمەندمان دەکـەن و هێنـدێکی دیکـەیان دەوڵـەمەندییەکەمان لـێ دەسێنێتەوە. هێندێ دەسەلاتمان دەدەنێ کە ئەرکەکانی خۆمان لەم دنیایـەدا بـەرێوە بەرین و هێندێکیان تا رادەیەک بەر گریمان دەکەن.

دەق

کاتێ کە پێدەنێینە هەرێمی ئیدئۆلۆژیاوە مەترسی گەلێک دێتە سەر ڕێمان و زۆربەی کەسەکان سوورن لەسەر ئەوە مافی خاوەن ماڵیان لەم بوارەدا هەیە کە یەکێکی دیکە لەو بارەوە بدوێ قینیان هەڵدەستێ و بە گژ دار و بەردا دەچن. هەروەها مەیدانێکە پڕە لە داو و چاڵێکە پڕ لە ئاو. بەم حاڵەوە، من سەبارەت بە ئەوانە و بازدانم لەم لق بۆ ئەو لقە و داوای لێبووردن ناکەم. مافی هەنگاو نان بەم هەرێمەدا جێی پرسیارە، بڵێیت و نەڵێیت چارەسەر نەکراوە ماوەتەوە. ئەم ناوەڕۆکە بۆ بەرێوە بردنی دوو ئەرک نووسراوە، یەکەم ئەمەیە کە بۆ پۆلەکانی خوێندنی ئایدۆلۆژی گەلالە کراوە، لە گۆڕەپانی ئەوتۆدا کێشە هەلایسێن و هوروژانی قسە و قسەلۆت تەنیا دەتوانرێ بە لێکدانەوە و تۆژینەوە ڕێی چارە بدۆزێتەوە، لەم کتێبەدا بەشێک لەو بەڵگانە بێنەئاراوە کە ڕوانگەگەل تا رادەیەک نارەوانین.

هەر بەشێک لەم کتێبە بەشێوەی پێکهاتەی خۆی نووسراوە. بەو هیوایەکە لە کاتی پێویستا بتوانێ هەر بەشێکی بەشێوەی جیاواز بخوێنرێتەوە. سەرەتا پێشەکی دەسپیک و تۆژینەوەی ریفۆرم ناسی هەر ئیدئۆلۆژییەک (بۆ وێنە فاشیزم، لیبرالیزم و هتد) دێنینە ئارا. دوای ئەوە بە کورتی چاوێک بە خوازیاری و مێژووی ئیدئۆلۆژیدا دەخشێنین. پاشان دەربارەی سروشتی ئەو ئیدئۆلۆژیە دەدوێین. لەژێر ئەم ناوە سەرەکییە کە تێگەیشتنی ئەوە بۆ بەشەکانی دواترکە گشتی ترەو، دەکەوێتە بەر باس. ئەو ئیدئۆلۆژیە کە باسی دەکەین (ڕێبازگەلی فیکری) جۆراوجۆر ئاماژەیان بەوەیە و بە ورد بینیەکی زۆر بەشکراوە. تایبەتمەندی هەر ریشە ناسی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت، مێژوو و خوازیاریگەلییەو، شیکاری و سروشتی ڕێبازە پێچراوە ئیدئۆلۆژییەکان بەوەوە گرێیان خواردوە، لەبەر ئەمە، ئەم بەشە لە گشت بەشەکانی دیکە درێژترە و جیاوازە لەوانی دیکە. ئەو کات رشتەیەک لە رشتەکانمان هێناوە کە بابەتەکەی گشتیتر و تایبەتمەندییەکانی هەموو ئیدئۆلۆژییەک لە خۆدەگرێ، ئەم پێکهاتانە هەمەلایەنە و سەرەکیتر هاتوونەتە ئارا و بەناوی (ڕێبازە فیکرییەکان) بیرمەندانی تاک خراونەتە بەر باس و تۆژینەوە. لەم بڕگانەدا دەربارەی هێندێ لە بابەتی پێچراوەتری لێدوان و تۆژینەوەی فیکری جیاواز و هەڵبژێراو

دەدوێین. لە کۆتایی هەر بەشێکدا دەر ئەنجامەکەی هاو کات راپرسییەکی کورتی رەخنەییمان هێناوەتەوە.

پۆلی خوێندنی ئیدئۆلۆژی، چ بۆ مامۆستا و چ بۆ خوێندکار، مومکینە ئەزموونێکی قوولی بە بایەخ فرە بە پێز و خاوەن دەسکەوت بێ. لە لایەکەوە، خوێندکار تێدەکۆشێ، بە گریمانەی ئەمە کە شێوەی فیکری جۆرێک پێناسەی هەیە پێوەندی مەنتقی ئەو بەیان بکا. لە لایەکی دیکەوە، بەڵگە دەربارەی ئەم کۆیلە فیکرییە، پێویستی تۆژینەوەی رێبازە جۆراوجۆرە فیکرییەکان لە (دەروون) ی ئیدئۆلۆژی و هاو بەشە بیرمەندەکانی تاک لەوە دایە. ئەرکی ئەم دواییە گرفتگەلێ بۆ خوێندکار بەدی دێنێ. بۆ وێنە تۆژینەوەی بورکە (دەسخۆشانەی قومارباز لە کاتی بردنەوە بە دانیشتوی چاو لە دەسی دەدا، لە کوردەواری پێی ئەوترێ پارە بۆ پاچرا) پێویستی بە وتن لە بارەی بەشی ئەو لە بابەتێکدایە کە پارێزکاری ناودێر دەکرێ. ئێستا ئەمە کە پارێزگاری لە روانگەی بیرمەندێکی دیکەوە بە گشتی جیاوازە. ئەگەر تۆژینەوەی زانکۆیەک دەربارەی بورکە بگرینە بەرچاو، مەسەلە دژوارتر دەبێ. سەرەرای ئەمە، ئایا رێکەوتنی تاک سەبارەت بە ئیدئۆلۆژی، دەبێ لە لایەن بیرمەندەوە بێ یان رێکەوتنی بیرمەند لە لایەن ئیدئۆلۆژی؟ هەر دوو رێگا پڕ مەترسییە. مەترسی میتۆدی یەکەم، سەر لێ شێواوی لە زەلکاوی مەسەلەگەلی تویژەری و ناوەڕۆک گەرایانەوەیە. مەترسی میتۆدی دووهەم، بەرتەسک کردنەوەی دەوڵەمەندی ناوەرۆکی فیکرییە. دەرەنجام ئەمە کە، روانگەگەلی ئیدئۆلۆژیای تویژەری کامیانە؟ ئایا ئەوانە کاریگەری خراپیان لەسەر موتالای ئیدئۆلۆژیا دەبێ؟ پۆلەکانی خوێندنی ئایدئۆلۆژی هەمیشە بوونەتە قوربانی ئەم کێشە دەروونیانە کە هەم ممکینە کارە کە خراپتر بکات و هەم بە لێدوان رەنگە گیانی تازەی پێ ببخشێ و دەوڵەمەند بکات.

بەشی دووەم

لیــــبرالیـــزم

لیبرالیزم پێچراوەترین و زیرەکترین ئیدئۆلۆژییەکانە. ئەم ئیدئۆلۆژییە بە چەشنێک ئاوێتەی ژیانی کەلتووری رۆژئاوا بووە کە هەلاواردنی تۆژینەوەی لایەنگرانە لە تۆژینەوەی بەرچاوتری ئەو بە دژواری خۆ بە دەستەوە دەدا. زۆربەی موتالاتی ئاکادمیک (لە راستیدا واتای لیبرالی ئاکادمیک) لەسەر گریمانەگەلی تاکخوازی، ئاسانکاری و بەرەو پێشچوون پرۆگرامی بۆ دارژاوە. ناوەرۆکی لیبرالی بەشی هەرە زۆری ئەندێشەی سیاسی هاوچەرخ، تایبەتی نووسراوەگەلی ناودارانی بە ناوبانگی وەک جان راولیز، رابرت نووزیک، مایکێل والزر و فریدریش فۆن هایک پێکدێنێ.

دێرینەترین کارکردی جیا لە وشەی سیاسی لیبرال، ئاماژەی بە جۆری فێر کردن و بار هێنانە. لە خولی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم وشە دوو گرنگ دەگرێتەوەخۆ: سەرەتا فێرکردن و بار هێنانی پەرەدار و بەربلاو، دووهەم، فێر کردن و بار هێنانی پیاوێکی خاوەن رێز و جوامێری هاو ولاتی لێ بووردوو. واتای یەکەم واژەیەکی لە ناو چووە، ئەگەرچی لە روالەتا لە کۆڕی فێرکردنی سیاسیدا دووچاری بێ مەیلی رۆژگار بووە. واتای (فێرکردن و بار هێنانی لیبرال) لە ئێستەدا پێوەندی بە تەوژمی لەگەڵ ریشەی زانستی مرۆڤدا هەیە. مەبەست لە فێرکردن و بار هێنان و تۆژینەوەی لیبرال، تۆژینەوەی داب و نەریت و خووی دەروونی تایبەتییە. بەم جۆرە، واژە رەنگە ئافەرین بگرێتە خۆ یان بێبایەخ بێ. واتای ئافەریم رووناکبیری دەگەێنێ، حەوانە، یان گەورەیی (واتای دوایی زۆرتر بە وشەی Liberality (دڵئاوا و دەس ئاوالا) بەیان دەکرێ) کە بایەخ و پلە دەدرێتە قەڵەم. لە کۆتایی سەدەی شازدەیەم واتایەکی دیکە لەم واژە بوو بە باو کە بێبایەخ و سووک بوو و لیبرال بە مانای کەسێک بوو کە ئازادی بۆ خۆی دەویست. ئەم واژە بە واژەی Libertine گرێ درا بوو (پیاوی بێ بەر گێڕەوە ژنی سەر بەڕێ) هاتە ئاراوە کە لە سەدەی شازدەیەمدا هەم بە مانای لایەنگری لە

ئازادی کردەوەی رەگەزی و بزرکردنی یاساگەلی ئەخلاقی بوو و هەم بە مانای کەسێک کە مەیلی بە توندوتیژی دژ بە باوەڕی مەزهەبی هەیە. لە شانۆگەری ئۆتللۆ کاتێ کە دزدمونا وەک (گەندەلترین و لیبرالترین جێگر) ئاماژە بە یاگو دەکا، مەبەستی بارەکەللا و ئافەریم گوتن بەو نییە. ئەمە مانای هەتک کردنی لیبرال دەگەیێنێ کە ئێستاش بەبرەوە.

مانای سێیەمی واتای لیبرال، لەگەڵ جۆری پلە و بایەخە ئەخلاقییەکان نزیکی هەیە. بە شێوەیەکی دیکە، ریشەیەک لە پلە و بایەخەکان (ئاسانکاری، پێشکەوت، ئازادی، تاکخوازی) بوونی نییە کە چەند سەدەیە لە پشت لیبرالدا شاراونەتەوە، بەلام لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بەخدەی (دەروونی لیبرال) دەدرێتە قەلەم. بەم هۆیەوە، واژەی لیبرال بۆ دەربڕینی بیرمەندێکی وەکو جان لاک یان مونتسیکۆ بە کاردەبرا کە دێرینەتر لەسەر هەلدانی ئیدئۆلۆژی و وشەی لیبرالیزم لە ئەندێشەی ئەوروپایدا بوون. جگە لەمە، واژەی لیبرال بە هۆی واتای بە جێماوی بەربلاوی دەروونی، ئاسانکاری و حەوانەوە، توانای بە هێز و ئازاد ئەندێشی و گەورەیی رۆحی، زۆر جار لەگەڵ کردەوەی فەلسەفی هاوکیش دەدرایە قەلەم. فام و دەرکی کراوەتر و لیبرالتر خووی فەلسەفییان بوو. لەم واتادا، فەلسەفە مەلەکەی هونەرگەل و رەوشتگەلی لیبرالی دەهێنا ئاراوە.

مانای دوا پلەی واژەی لیبرال، دیاریکردنی کارکردی سیاسی ئەوە. دەبێ سەرنج بدرێتە ئەوە کە لە زمانی ئەوروپاییدا ئەم واژە سیاسییە تاڕادەیەک بە چاوی نوێ سەیری دەکرێ. یەکەم کارکردی ئاشکرای ئەم واژەیە نیشاندەری لایەنگری سیاسی، یان دەستەبەندی سیاسی بوو کە لە نێوانی سالەکانی ١٨١٠ و ١٨٢٠ لە ئیسپانیا بەکاردەبرا. واژەی لیبرالەکان بۆ وەسفی کەسانێک بەکاردەبرا کە تاقمێک بوون بە شێوەی سوننەتی لەگەڵ داروودەستەی سەلتەنەت خوازان (زۆر جار بە ناوی سەر سپێران ئاماژەیان پێ دەکرا، واتە ئەشراف و رۆحانی خاوەن زەوی گەورە) دژایەتیان دەکرد.[1] لیبرالەکان، لەژێر کاریگەرییەتی رووداوگەلی فەرانسا، لایەنگری بەدیهێنان و وەرێ خستنی یاسای بنەڕەتی جیا لە مەزهەب و ئازادی چاپەمەنی بوون. ئەم واژە لە لایەن داروودەستەی سەلتەنەت

خوازەکانەوە تا رادەیەک لایەنی بێ حورمەتی بوو کە لیبرالەکانی بە لایەنگری پڕ مەترسی ریفۆرم خوازی و ئازادی بەکردەوە دەدایە قەڵەم. لە راستیدا، لەگەڵ گەرانەوەی سەڵتەنەتی تەلاق دراو، رووداوەکان بەسەر لیبرالەکانی ئیسپانیادا زاڵ بوو. ئەم واتا سووک و چروکە واژەیەک بوو لە ئەوروپای پاش ١٨٢٠ برەوی گشتی پەیدا کرد. کاستل ریگ، سەرۆک وەزیری حزبی توری لە بریتانیا، ئەو سەردەمە ئەندامی حزبی ریگ بوو بە زمانێکی جرووداو و ژاراوی بە ناوی (لیبراله ئینگلیسییەکان) یان (لیبروه ئینگلیسەکان) ئاماژەی دەکرد کە لە رادیکاڵ نزیکە و کۆمار خواز و باوەڕی شۆڕشگێڕانەیان بوو. رەنگە بە هۆی کارکردگەلی رێز لێ گیراوی پێشووتری واژەی لیبرال، ئەم لایەنە سەرکۆنەکەر زۆر نەخایەنێ. لە کۆتایی ١٨٥٠ واژەی لیبرال لە ئینگلستان زۆرتر بە ئەندامی حزبی گلادستۆن دوایی پێ دێ.

جێی خۆیەتی لێرەدا بوترێ کە گشت کۆمەڵگەی ئەوروپایی لەم رووداوە سیاسییە تایبەتییەدا پێڕەوی بریتانیا نەبوون و واژەی لیبرال وەک هەمیشە نیشانەی بە ئەندام بوون لە حزبێکی تایبەتا نەبوو. کەسایەتیگەلێکی وەکو گیزۆ، تی‌یرز، کونستان و مازینی بە روانگەی سیاسی بەربلاو و هەمەلایەنەوە، باوەڕێ گشتی و گەش بینانە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، حکوومەتی مەشرووتە، رێخراوەگەلی ئازاد، دێموکراسی دیاری و سنووردار، پێشکەوتی کۆمەلایەتیان بوو و لە پێشکەوتی جۆری مرۆڤدا بەشدار بوون، بەلام ئەندامی حزب نەبوون، ئەم جۆرە خۆنواندنە سیاسییە، واتە تەئکید لەسەر هێندێ بایەخگەڵ و پلەگەلی لە هەرێمی حزب بە دەر، هیشتا بایەخێکی لە رادەبەدەری هەیە. هەندێک کەس بە راستی بە هەق و بە راستی مەنتقی خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ناتوانن ئەندامی (حزبی لیبرال) بن، چونکە لیبرال بوون. مێژووی حزبی لیبرالی بریتانیا پڕە لە بابەتگەلی پەیوەندیدار بەو کەسانە کە حزبیان جێ هێشتووە و چونەتی حزبێکی دیکە، چونکە هەستیان دەکرد کە لیبرالیزم لەم حزبەدا بە شێوەی کارتێکراو بوونی نییە و لە دەستە بەندیە پارێزگاکان، یان سۆسیالیستی‌دا باشتر بوونی هەیە. ئەم کردەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئالۆی و گومان، بەلام گرنگە لە بیرمان

نەچن کە جیا لە لیبرال، پێویستانە سەرەڕۆ و لیبرال پێویستانە ئازادی خواز نەبوو.

لێدوان دەربارەی لیبرالیزمی سیاسی، لە زمانی توێژەرێک (بە واتای پێکهێنانی پلانی ئیدئۆلۆژی لە گۆڕانکارییەکی گەورەدایە کە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لە بریتانیا و لە جێگەگەلێکی دیکە روویداوە)[٢] لە تێکەلاوی لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە کە ڕێی هەلاتنی نییە، بوونی هەیە، هیچ باوەڕێکی بێ خەوش لە لیبرالیزم و هیچ ناوەڕۆکێک کە کاکڵەی ناوەندی، یان بیرمەندانی سەرەکی لیبرالیزم نیشان بدا، بوونی نییە. هەروەها هیچ ناوەڕۆکێکی پاککردە و بێ خەوش لە گومان لە ئارادا نییە. بەلام ئەندێشەی کاکڵەی ڕواڵەت لە ئارادایە کە لە ناوەڕۆکگەلی جۆرا و جۆر و بۆ بیرمەندانی جۆراوجۆر بە شێوەی جیاواز کردەوە لە خۆ نیشان دەدەن. دوو سەدەی رابردوو پڕە لە وێنەگەلی ئەزموونی لیبرالەکان. ئەم جۆراوجۆرە پێویستانە بە واتای ئالۆزی و نەبوونی یەکێتی نییە، بەلکو بە واتای ئەمەیە کە ڕەوەندی هەمیشەیی لە ئەندێشەی دەروونی لیبرالیزمدا لە بووندا بووە. هەر ئەم دووپات بوونەوە ئەندێشەیەکە لیبرالیزمی کردووە بە یەکێک لە بەربلاوترین و هوروژێنترین ئیدئۆلۆژی لە جیهانی هاوچەرخدا.

پێگەی ئەندێشەی لیبرالی

لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆر سەبارەت بە پێگەی لیبرالیزم لە بووندایە. هێندێ لە توێژەران لێکۆلەرانی سەرەکی لیبرالیزم لە پانتای مێژووی دەولەت، نەتەوەکانیان هێناوەتە ناساندن. لیبرالیستە ئەلمانییەکان، ئیتالیایی، ئیسپانیایی، فەڕانسەوی و ئینگلیزی لە پێگەگەلی یەک لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی، کەلتووری گەشەیان کردووە. کۆشش لە بواری یەکگرتوویی سیاسی میللی لە ئیتالیا و ئەلمانی سەدەی نۆزدەیەم، کاریگەرییەتی شۆڕشی سالی ١٧٨٩ لە فەڕانسا و جیا بوونەوەی بریتانیا تا رادەیەک، هەموو هاوکێش کراوانی دیاریکراوی لیبرالیزم لەم ولاتانەن. لەبەر ئەمە، یەک دەس بوونێکی گشتی لە لیبرالیزمدا بوونی نییە، بەلکو سوننەتە

جۆراوجۆرەکـان دیـار و بـەرچاون. لەگـەڵ ئـەوەی کـە راسـتییەک لـەم خاڵـەدا شاراوەتەوە، رەنگە ئەم تەئکیدە بێ هوودە بێ.

رێ دۆزینەوەیـەکی دیکـە، لەسـەر خـووی سـوننەتی ئیدئۆلۆژییـە لیبرالییـە تایبەتەکان تەئکید دەکا. بەبرەوترین میتۆد لێرەدا بەڵگە بۆ رازی بوونی جیـاوازی لە نێوان لیبرالیزمی قارەی (ئـەورووپا) و لیبرالیزمـی بریتانیایـە.[٣] هەمیشە خـووی لیبرالیزمـی بریتانیـایی بـە خـاوەن ئـەزمـوونتر و دێرینـەتر دەزانـن. لیبرالیزمـی کیشوەری زۆرتر لە سەردەمی رۆشنگەری فەرانسا و هەروەها بە کارکردی تـاک (کردەوەی ئازمووونی) پێوەندی بـە کـردەوەی مرۆڤـەوە هەیـە. لێـرەدا پێوەنـدی مەنتقی بـە دوو سـوننەتی ئیـدئۆلۆژیای جیـاوازە دەلکێنـرێ. هـەرکام لەوانـە لـە مێژووە کەلتوورییە جیاوازەکانـدا جێـی خۆیـان هەیـە. ئـەم جیاوازیـە دەربـارەی لیبرالیزمـی بریتانیـایی بەرتەسـک دەبێتـەوە بـە لیبرالیزمـی (راسـتەقینە) و لیبرالیزمەکانی دیکە کە باوەڕگـەلی ریفـۆرم خوازەکـان و نۆێخـواز، یـان رێ ون کـەرانن. ئـەم روانگـە تایبەتیانـە، دەربـارەی پێگەگـەلی بزاڤـی لیـبرالی کـە زۆر پێچراوەتر و کاڵ و سەرەتایین، یارمەتییەکی ئەوتۆیان لە دەس نایە.

سێیەم رێ دۆزینەوە دەربارەی پێگەی لیبرالیزم، بەشێوەی تایبەت سـەرەنجی داوەتە بەرەو پێشچوونی جۆری ئابووری. نووسەر گوتـەنی: (هـەتا ئـەو کاتـەی سەرمایەداری هەیە، لیبرالیزمیش لـە شـێوەی جۆراوجـۆری ئـەودا هـەر دەبـێ و دەمێنێ)[٤] سەرهەڵدانی سەرمایەداری پیشەسازی دەکـرێ هاوکـات و هاوسـنوور لەگەڵ سەرهەڵدانی لیبرالیزم بەراورد بکرێ (ئەگەرچی ئەم بەڵگانە لـە هاوسـنوور بوونی ئەو لەگەڵ زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە بێ هەواڵ دەمێنـێ). بـەم شـێوە لیبرالیزم بە ناوی ئیدئۆلۆژی سەرمایەداری دێتە ئاراوە. ئەمە روانگەیەکە لە پلـەی یەکـەم، نـەک تایبەتمەندانـە، مارکسیـستی و لـە ئاسـتێکی گشتیتـر روانگـەی سۆسیالیستی دەربارەی لیبرالیزم، تاقمێک لە تۆژەرانی لیبرالیزم لەم باوەڕەدان.[٥] لەم روانگەوە، خاوەنداریێتی تایبەتی بە شێوەی ئاشـکرا لـە رووگـەی بایەخگـەل و پلەی بەرزی لیبرالی فۆرم دەگرێ و پەروەردە دەبێ. لەم رووەوە، دەبێ دەمامک لەسەر روخساری لیبرالیزم لادرێ و تاوانە زۆر خوازانەکەی ئەو بخرێتە بەرچاو.

نووسەرگەلێکی وەکو ئاربلاستر لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە شێوەی گشتی، لیبرالیزم لە دوو سەدەی رابردوودا کاریگەرییەتی زۆریان بووە.[٦] ئەگەرچی ئەم چەشنە بەڵگانە لە روانگەیەکی زۆر بەرتەسکەوە لیبرالیزم دەخاتە روو.

بە بڕوای من، پێگەی لیبرالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا ریشەی لە سوننەتی مەشروتە خوازی ئەندێشەی ئەوروپاییدا بوو. لە سەدەی رابردوودا، مەشروتە خوازی ئاشکرا لەگەڵ لیبرالیزمدا دەناسرا. دوو باوەڕی لیبرالیزم و مەشروتە خوازی دواتر ئاشکرا خاوەنی سنوورێک بوون و تێکەڵاویان بوو. بەم حاڵەوە، جێ خۆیەتی کە بێژم ئەم جۆرە وەک یەک دروست کردنە لە بارەی مێژووییەوە دیاردەیەکی تا رادەیەک نوێ دەدرێتە قەڵەم.

لێرەدا زۆر پێویست نییە کە لە دووی سوننەتی پێچراوەی مەشروتە خوازی ئەوروپا بگەڕێین کە ریشەی ئەو لە تازەکردنەوەی یاسای رۆمی دێرینەوە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەراست، ئەندیشەگەلی ئاشتیخوازانە، بیرگەلی خوراگرانە سەربارەت بە خۆراگری لە لایەن نووسەرانی دەورەی ریفۆرم خوازی و دژێ ریفۆرم خوازی، کێشەگەلی چەواشە و ئالوزی مەزهەبی فەرانسە و شەری ناوخوی ئینگلستان دایە.[٧] سەرەرای ئەمە بزووتنەوەگەل و رووداوگەل و ئەندیشەگەلێکی دەربارەی مافی تاک، ئازادی تاک، پیکهاتن، جیا بوونەوەی هەریمی تایبەتی و گشتیمان هەیە کە حکوومەتی بەرتەسک و هاوکیش و دەسەلاتی خەلک لە ئەوروپادا بە شیوەی سەرکەوتوانە بوون بە رووداوێکی سیاسی بەبرەو و گشتی. دژایەتی و جیاوازی لیرەدایە کە ئەم جورە ئەندیشەگەلە لە تاقمێکی هەرە سەرەرۆن، بەلام پر هەر و هوریای وەک کالوین کیشی، یان ژروئیت (یسوعی) سەر چاوەیان دەگرت کە لە دەروونەوە زوربەیان مەزهەبین و دژ بە وەن، بۆ ئازادی ویژدان خەباتیان دەکرد. سەرەرای ئەمە، بە بێ پەرەسندن دوو بزاڤی دیکە، ئەندێشەی یاساخوازی (مەشروتە خوازی) یەک لایەن دەمێنێ: یەکیان سەردەمی رۆشنگەری و رۆڵەکانی ئەو لە فەرانسا، ئینگلیستان و ئیسکاتلەند، ئەوانی دی شۆڕشە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە خاڵی

سەرووی ئەوان راگەیاندنی سەربەخۆ لە ١٧٧٦ و شۆڕشی کەبیری فەڕانسا لە سالّی ١٧٨٩ بوو.

پەیامی رۆشنگەری، کەلّکی تەواو و ئەزموونی عەقلّی لە بارەی مرۆڤەوە بووە. ئیلاهیات، زانستی ئابووری، زانستی سیاسەت، یاسا . فەلسەفەی پڕگریّ لەژێر کاریگەری ئەم بزاڤەدا بوون. هەتا ماوەیەکی زۆر حکوومەتی سەرەرۆ لە مەزهەب و سیاسەتدا دەسەلاتی نەگۆڕ و بێ لەمپەری بوو. لە فەلسەفەدا، میتۆدە رۆشنگەرییەکان لە ئەندیشەگەلی بیرمەندانێکی وەکو دکارت (١٦٥٠ ـ ١٥٩٦) و هابز (١٦٧٩ ـ ١٥٨٨) دا رەنگدانەوەی بوو. بە بۆچوونی دکارت هیچ شتێک قبوول نەبوو مەگەر ئەوەی کە عەقلّی تاک بەرگری لەوەبکات. بەرهەمەکانی سەردەمی رۆشنگەری زۆریان لە کۆمەلّگە جۆربەجۆرەکان بەرچاو دەکەون. هێندیّ لە بیرمەندانی هاوچەرخ، وەکو فۆن هایک لە راستیدا جیاوازی زۆریان لە نێوان بەرهەمەکانی سەردەمی رۆشنگەری لە کێشوەری (ئەورووپا) و لە ئیسکاتلەند داناوە. لە ئیسکاتلەند، دەوری سەرەکی رێبازی ئیسکاتلەند ئابووری سیاسی بوو کە پڕ ئاوازەترین نوێنەرانی ئەو ئادام سمیت و ئادام فرگوسن بوون. ئادام فرگوسن کارکردی بە شێوەی هاوکێش، گومان، ئەزموونی و بەرتەسکی قبوول بوو. لە ئەندیشەی ئەلّمانی و فەڕانسەویدا، بە هۆی جۆراوجۆری عەقل، بەرزەفڕانەتر بوو.

شورشگەلی ئەمریکا، بەتایبەت فەڕانسا، ئەندیشەگەلێکی زۆریان دەربارەی دەسەلاتی خەلّک، مافی سروشتی، پێکهاتن و بڕیارنامەی کۆمەلّایەتی خستە بەر باس و کولّینەوەی توندوتیژی سیاسی. دیتە بەرچاو کە ئامانجخوازی کەسانێکی وەکو تام پین، کە هێلّە گشتییە پڕۆژەکانی ئوتۆپیای بڕیارنامەی بۆ کۆمەلّگەکان لەسەر بنەمای یەکسانی تاک، ماف و ئازادییەکان کێشابێتەوە و دایڕشتبیّ، هاتووەتە بەر. وردە وردە بەلّگە و فایلی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە یاسای بنەڕەتی لەسەرانسەری ئەورووپا خرایەڕوو. ئامانجی ئەم بزاڤە هەتا ئەمرۆ درێژەی هەیە. خالّێکە کە دەبیّ لێرەدا وەبیر هێنەرەوەی ئەوەبیّ کە تەنیا بیست سالّ دوای شۆڕشی کەبیری فەڕانسا، ئێمە لەگەلّ وشەی (لیبرال) رووبەڕوو

دەبینەوە کە بۆ دەستەبەندیگەلێکی تایبەت، واتە لیبرالەکانی ئیسپانیا بوو بە باو کە کەوتنە ژێر کاریگەرییەتی ڕووداوەکانی فەڕانسا. هەروەها ئۆردووکێشیگەلی ئەرتەشی شۆڕشی کۆماری فەڕانسا لە دەهەکانی ١٧٩٠ و ١٨٠٠ یارمەتی ئەم ئەندێشەگەلەیان لە کیشوەری ئەورووپا کرد بۆ رەواج و پەرەسەندنی.

لەگەڵ ئەمەدا، میراتی شۆڕش لە رادە بە دەر داپۆشراو بوو. ڕوانگەی هاوکێشتری یاساخوازی لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەندێشەگەلی کۆمۆنیستی دەربارەی خاوەندارییەتی بوون. بنژمن کۆنستان، نوێنەری سەرەکی بیری یاساخوازی لیبرالی مامناوەندی، بە بۆچوونی توندترەوە لایەنگرانی بەشداری دەوڵەت لەسەردەمی شۆڕش و بەتایبەت ژان ژاک رۆسۆ و ئەندێشەی ئەو دەربارەی (ئیدارەی گشتی) رەخنەی دەگرت.[٨] نووسەرە لیبرالەکان پاش جەنگی جیهانی دووهەم، وەک ج.ل. تالمون لە قەزاوەتی کۆنستان لە سەدەی بیستەم لایەنگریان کردووە.[٩] لە فەڕانسا بەم شێوە، دوای شۆڕش، باوەڕی لیبرالی لە نێوان لایەنگرانی رادیکالی بەشداری دەوڵەت و لیبرالە یاساخوازەکاندا دابەش دەکرا.[١٠] لە بریتانیاش ئەم باوەڕە لە نێو ویگەکان و رادیکاڵەکاندا بەش کرا.

لەگەڵ نزیک بوونەوە بە دەیەی ١٨٢٠ و ١٨٣٠، هێندیهێندی لەگەڵ لیبرالی خۆئاگا ڕووبەڕوو دەبینەوە. لەم خاڵەدا یاساخوازی سەرنج دەداتە لیبرالیزم. لە ئەندێشەی بریتانیا و ئەورووپادا، دەوری گەشە کردنی لیبرالیزم بەرانبەرە لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازی و بەرین بوونەوەی بازارە کەرەسەیەکان؛واتە سەرمایە و کار. هێندێ لە بیرمەندە لیبرالەکان لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەم کە تا رادەیەک مێژووی ئەو لە بریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ (یاسای ئازاد بوونی کاتۆلیکی) ساڵی ١٨٢٩ هەتا بڕیارنامەی بازرگانی ئازاد لەگەڵ فەڕانسا لە ساڵی ١٨٦٠.

دەیەی ١٨٧٠ جارجار دەسپێکردنی ئاوا بوون، یان گۆڕانی بنەڕەتی لە لیبرالیزم دیتراوە. لەم ڕوانگەوە، لیبرالیزم جێی گواستەوە بەرەو کۆخوازی، ئەگەرچی، ئەو چەشنە کە لە بەشەکانی دواییدا دەیبینین، هەموو لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەدا نین. لە ئەورووپا، ئەندێشەگەلی لیبرالی فەڕانسا لە دەیەی ١٨٥٠ و لە ئاڵمان لە دەیەی ١٨٧٠ لەگەڵ سەرهەڵدانی بیسمارک بەرەو ئاوا بوون

رۆیـشت.[11] درێژتـرین دەورەی هـەوڵ و کۆشـشی کاریگەرییـەتی سیاسـی و ئابووری ئەو لە بریتانیا بوو. مێژووی ئەندێشەی لیبرالی لە بریتانیا لە قاڵبی حزبی لیبرالدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٨٤٠ هەتا ساڵـی ١٩٢٢، واتـە سـەردەمێک کـە دوا سەرۆک وەزیری ئینگلستان، دەیڤید لوید جۆرج کە بـە لیـبرال دەدرایـە قەڵـەم، لـە پلەی خۆی دابەزی. قاڵبێک لە حزبی لیبرال لە بریتانیا تا ئەمڕۆیش مانەوەی خـۆی پاراستووە. زۆرتـر لایـەنگرانی لیبرالیـزم دوای ئـەم دەورە لـە دەرەوەی حـزبی لیبرال بوون؛ لە راستیدا لایەنگرانی لیبرالیزم لە حاڵی حازردا زۆرتر لە نێو هـەموو رێکخراوە سیاسییەکاندان هەتا لە ناو حزبەکەی خۆیاندا.

سـەرجەم لەسەر ئەم بنەمایە تۆژینـەوە لـە پێگـەکانی لیبرالیـزم لـە ئەندێـشەی یاساخوازی هێندێ لە ئامانجە شاراوەکانی لە پشت ئەندێـشەگەلی مـافی ئـازادی، بەرتەسک بوونەوەی دەسەڵات و ئاسـانکاری و سـازان، لەسـەر چـاوەی قووڵـی سەرەڕۆییەوە هەڵدەقولێ. هیچ کەس ناتوانێ بـە زووتـرین کـات چ یـسوعیان و چ کالڤین باوەڕان لایەنگری سازان و ئاسانکاری، یان ئازادی تاک بێنێتـەبـەر بـاس. بەڵام زۆر جار هەر ئەم بەشەکەمە بێ سەبر و تێنەگەیشتوو و دەمارگرژانە بـوون کە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان بە چنگ و ددان لە پێگەی دوژمن و گەڕان بـە دووی بەڵـگەگەلێکا بـۆ پاسـاوی سـەربەخۆیی خۆیـان، بوونـە سـەرچاوەی ئەندیشەگەلێک کە بە وتەی بیرمەندێک: (ئەندێشەی ئازادی سیاسییان هێنـا ئـاراوە کە بنەچەی بێ وزەی باوەڕە سەرکەوتووەکان لـە ساڵـی ١٦٨٨ بـوو و لـە لایـەن جان لاکەوە لە ١٧٨٩ بوو بـە بنەچـەی ئـەوان).[12] جـان لاک ئەگـەرچی بـواری بـۆ وتووێژ دەربارەی دەسەڵاتداری زۆرینـە تـاقی کردبـۆوە، کـەمترین هـۆگری بـە پەرەگرتنی ئەم فیکرە تا رادەیـەک راپرسـی گـشتی، هەڵـبژاردنی دەروەیـی، یـان تەنانەت زاڵ بوونی سیستەمی پارلەمانی نەبوو. بـەم شـێوە، دەربـارەی گەشـەی یاساخوازی و لیبرالیزم هۆکارەکان بە راستی بە رێکەوت بەشدار ببوون.

سروشتی لیبرالیزم

لـەم بەشـەدا دەمـەوێ هێنـدێ لـە رێبـازە ئەندێـشەکانی لیبرالیـزم و ئـازادی خوازەکان بخەمـە بـەر توێژینـەوە. ئەگـەرچی دەربـارەی نوێنـەرانی سـەرەکی و بیرمەندی لیبرالیزم وتەگەلێک هەیە، بـۆ وێنـە هێربێـرت سـپێنـسێر، بیرمەنـدی دوا قۆنـاغی سـەدەی نۆزدەیـەم، هـەم بـە نـاوی کەسـایەتێکی گـەورە ناسـراوە کـە لیبرالیزمـی سـەدەی نۆزدەیـەم لـەودا دەبینـرێ و هـەم بـە نـاوی (تـەکرەو و خوبژێـو)ێکـی تـەواو کـە لـە دەوەوەی بزووتنـەوەی سـەرەکی باوەڕەکانـدا وەستاوە.[١٣] دەربارەی کەسـایەتیگەلێکی وەکـو جـان لاک، ئـادام سمیـت، جێرمـی بێنتام، تالکسی دوتوکویل، ئیمانوئێل کانت، جان سـتوارت میـل و لـەم دوایانەشـدا فریدریش فۆن هایک و جـان راولـریش بەسـەرهاتێکی دژایـەتی ئـەوتۆیان بـووە. لەبەر ئەمە، کۆشـش بـۆ هـاوێر و جیـا کردنـەوەی بیرمەنـدانی سـەرەکی لیـبرال ئەرکێکی گەورەیە و ئێمەش ئەم کارە ناکەین.

هێندێ لە بیرمەندان بە باوەڕێکی جیاوازانە و روونـەوە پـەنایان بـۆ لیبرالیـزم بردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، گشتیترین و هاوبەشـترین هێـڵی توێژینـەوە هەوڵـی داوە چوارچێوەی رێبازە لیبرالیزمەکان دیاری بکا. بە بڕوای ئێمە مەکتەبگەلێکی جیا لـە ئەندێشەی لیبرالیزم بوونیان هەیە و ئێمە تێدەکوشین لە دێری کتێبەکـەی خومانـدا وەک ئامێرێـک بـۆ تیـشک خـستنە سـەر سـوننەتە پێچراوەکـانی بابەتەکـە کەڵـک وەرگرین. دوو مەکتەبی سەرەکی کە دەیتوێژینەوە بریتین لە لیبرالیزمـی کلاسـیک و لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی، یان نوێ.[١٤]

دێرینەیی و دوا ئاستی لیبرالیزمـی کلاسـیک پێچراوەیـە. رووداوی سـەرەکی، بەتایبەت لە بریتانیا، پێوەندی بە ویگ، یان ویگیزم و لایەنگرانی ئەو حزبەوە هەیە. لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەیەمدا، رێبـازی ویگیـزم بـە چەشـنێکی زۆر بـەرچاو لەگەڵ رێبازی پارێزگاریدا هاودەنگ بـووە. بـەو هۆیـەوە کـە خـودی لیبرالیزمـی کلاسـیک بـوونێکی سـادە و لەسـەر پێـی خـۆی نـەبووە، لـە دەروونی ناقمـە پارێزگارەکاندا هەڵسوورانەوە روشت و نمایان کردووە. ویگیزم لە بریتانیـا دوای سـاڵـی ١٦٨٨ بایـەخ و ناوبـانگی پەیـدا کـردووە. لـەو کاتـەدا سەرقاڵـی و فیکـری

سەرەکی ویگەکان لایەنگری لە بەرەوپێش بردنی سیستەمی پەرلەمانی، پشتگری حکوومەتی یاسا و داکۆکی کردن لە خاوەنداریێتی زەوی بوو. زۆر لەوانە لە ناخەوە دڵیان بە ئەفسانەی یاسای بنەڕەتی دێرین و مافی بنەڕەتی خۆش کرد بوو. هێندێکی دیکە، لە واتای ئازادی چاپەمەنی و بەیانێک بە ناوی مافی بنەڕەتی پشتگریان دەکرد.

یاسای بنەڕەتی دێرین ئەندێشەیەک بوو کە لە لایەن کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی حزبی ویگەوە، وەکو ویسکۆنت مولس و وەرسەوە ئاشکرا ببوو و باوەڕی بەوە بوو کە یاسایەکی بنەڕەتی دێرینەی بریتانیایی بووە کە رەنگە دێرینەی بۆ ئانگلۆساکسۆنەکان و تەنانەت بۆ گوتەکان و خەڵکی شاری ترۆیا بگەڕێتەوە.[15] پێویستە بوترێ کە یاسای بنەڕەتی دێرین، مافی سروشتی لاکی نەگرتبووە خۆ، بەلکو زۆرتر هەلگری مافی تایبەتی سەردەمی زۆر کەون دەبوو کە کارکردی درێژخایان و دێرینەی ئەوی پێکدەهێنا. زۆر لە ویگەکان باوەڕیان بوو کە پشتگری لەم مافە لە بەرامبەر هەر چەشنە گەڕانەوەیەک بۆ خۆخوازی و سەرەڕۆیی نەگۆڕ کە جێی نزیکی بنەماڵەی ئەستوات بوو دەبێ هۆشیاری بە کار ببری. هەلبەت بڕیار بوو کە دەسەلاتی پاشایەتی بپارێزرێ، بەلام لە رادەی مەرج و بەرتەسک لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی هاوکێشدا کە هەلگری مەرج کردنی دەسەلات لەگەڵ هاوکێشی عەقلانی کۆکراوەکان بوو. ویگیزم لە راستیدا پێناسەیەکی سەیرە لە تێکەلاوی لەگەڵ داکۆکی لە وەدەس هێنان و هاوکات وەستان لە بەرامبەری حکوومەتی سەرەڕۆدا بوو. ویگەکان باوەڕیان بە راپرسی بەرتەسک بوو. بەم حالەوە، تەنانەت هەتا ساڵی ۱۸۳۲ راپرسیان بە دەسکەوتێکی بەرتەسک دەزانی نەک بە مافێک.

ویگیزم لەسەردەمی شۆڕشی فەڕانسادا پەرەی سەند و بەرین بووەوە. تاقم و گروپە دێرینەکانی ویگ هێشتا بە ئەندێشەگەلی یاسای بنەڕەتی دێرینەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد. ویگەکانی جان لاک لە نێوانی دەهەکانی ۱٦٨٠ و ۱۷۷٦ هەرگیز پێگەیەکی ئەوتۆیان بە دەس نەهێناوە.[16] ئەوانی دیکە لەگەڵ سەروەتی بازرگانی، رۆشنگەری، پێشکەوتی هەستی هێدی هێدی مامەڵەیان دەکرد و خۆیان

بەرەوپێش دەبرد و نزیکایەتیان لە ناسین دەکرد. ئادام سمیت لایەنی ویگە گەش بینەکان و دەیڤید هیوم لایەنی رەش بینەکان دەدرانە قەڵەم. کەسایەتی وەکو ئەدمۆند بەرکیش بوو کە، بە پێچەوانەی ستایشی لە پێکهاتنی ١٦٨٨، نە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی دێرینی ویگەکان هەستی بە نزیکایەتی دەکرد و نە لەگەڵ هەڵوێستی لاک، هیوم یان سمیت. شۆڕشی فەڕانسا هۆکاری هورۆژاندن بوو. ئەندێشەی ویگە دێرینەکان هێشتا ما بوو، بەلام قالبە نوێکانی گوفتمان پەروەردە دەکرا و گەشەی دەکرد: ئەندێشەگەلی بازرگانی ئادام سمیت؛ کارکردی رێکی جێرمی بێنتام لە سوودی باوەڕی، کورت کردنەوەی رادیکالّی پرایس و پریستلی لە زمانی جان لاکەوە.

تام پین یەکەم و کاریگەرترین دەنگی رادیکالّیزم بوو کە هەولّی دەدا رووداوی سالّەکانی ١٦٨٨ لەگەڵ ١٧٨٩ پێکەوە گرێبدا. کتێبی مافی مرۆڤ کە ئەو نووسی بووی، لە بریتانیا لەگەڵ پێشوازی فراوانی گشتی خەلّک رووبەڕوو ببووەوە. نووسەرانی گەورەی دیکە کە لەم بابەتەیان دەکۆلییەوە بریتی بوون لە جۆزف پریستلی، ریچارد پرایس، جیمز مکینتاش، ویلیام گودوین، مری وولستن، کرافت و پرسی شلی. ناوەڕۆکی ناوەندی ئەم رادیکالّیزمە، تۆژینەوەی کتێبی دوو بڕیارنامەی (١٦٨٩) جان لاک و کتێبی قەراردادی کومەلایەتی (١٧٦٢) ی ژان ژاک رۆسۆ بوو، ئەگەرچی زمانی تام بین روالّەتەن زایەلّەیەکی بە هێزتری لە یەکسانی چینایەتی دەیەی ١٦٤٠ ی بوو. رەسالەی بنەڕەتی ئەوانە هەر ئەو باوەڕە بە ناوبانگە بوو کە حاکمیەت بە سەلّتەنەت و بە دارودەستەی سەرمایەداری بە دەسەلاتەوە پێوەندی نییە بەلکو هی خەلّکە. دەولّەت دەبێ تەنیا بە رازی بوونی خەلّکەوە حکوومەت بکا، رازیبوونێک کە بە وتەی جان لاک کە لە بەشێک لە کۆتایی کتێبەکەیدا، بە ناوی بڕیارنامەی دووهەم ، دەبوو دەستی بەسەردا بگیرێ و وەربگیرێتەوە. مافی سروشتی خەلّک دەبوو وەک ئەمریکا و فەڕانسا بەشێوەی ئەسنادی یاسای بنەڕەتی کۆبکرایەتەوە و رابگیرایە. هەر ئەم رادیکالّیزمە بوو کە رێی بۆ سەردەمی گەورەی یاسای بنەڕەتی پاک کردەوە و رێخۆشکەری بڕیارگەلی مافەکان بوو.

له دەیەی ١٧٩٠ وه هەتا دەیەی ١٨٢٠، زۆرتر رادیکالیزمی بریتانیا لەسەر ناوەرۆکی ریفۆرمی پارلەمانی و هەڵبژاردن جەختی کردبوو و ئەم کردەوە زۆرتر به ئەستۆی تاقمێکی وەک (ئەنجوومەنی هەوالنێرانی لەندەن) دروست کراوی ساڵی ١٧٩٢ بوو. زمانی ئەم رێکخراوانە وەکو زمانی تام پین لەسەر بنەمای مافی سروشتی و ئەندێشەی دەسەلاتی خەڵک بوو. ئەنجوومەنی هەوالنێری لەندەن و تاقمگەلی گرێدراو بەوانەوە لە ١٧٩٤ پرۆژەی دروست کردنی یاسای بنەرەتی میللی لەسەر بنەمای وێنەی شۆرشی فەرانسا پێکیان هێناوە. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوە کە رێبەران، هۆرن توک، جان تل ول و تامس هاردی بە تاوانی خەیانەت بە ولات قولبەست بکرێن. کێشەی نێوان فەرانسا و بریتانیا لەو سەردەمەدا دەولەتی زۆرتر خستە گومانەوە لەگەل ئەوەی کە رێبەرانی ئەنجوومەن لەو تۆمەتە پەرێنەوە، بەلام هەر لە مەترسیدا بوون و هەمیشە دەترسان قۆلبەس بکرێنەوە. ئەم کارەی دەولەت لە کاریگەرییەتی بە کردەوە بزووتنەوەی کەم کردەوە و دەمارگرژی ئەوی هێنایە خوارێ. لەگەڵ ئەمەشدا، رادیکالەکان واژەگەلێکیان بۆ ئاخاوتن لە بارەی مافی دێموکراتیک و سروشتی حاکمییەتی خەلکەوە هێنا ئاراوە کە لە سەدەی دواتردا هاتە ناو بزاقی روو بە گەشەی کاریگەرییەکان و سۆسیالیستی و لە رووداوی ئەندێشەی لیبرالیشدا مایەوە.[١٧]

بنەما و کردەوەی ویگەکان و رادیکالیزم و هەر دوو لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم، لیبرالیزمی کلاسیکیان تەسەل کرد. لیبرالیزمی کلاسیک تێکەلاوی تایبەتی لە ئەندێشەکان و ئیستراتژییەکان دەربارەی چۆنیەتی باشترین رێی بە دەس هێنانی ئازادی، یان داکۆکی لەوە. هێندێ سروشتی بنەرەتی ویگ تێکەلاویەکی زۆر نزیکی لەگەڵ پارێزگاری پەیدا کردووە. زۆر لە ویگە دێرینەکان دەربارەی رۆحی نوێی پیشەسازی و بازرگانی کە زۆربەی لیبرالەکان ئەوەیان بەیان دەکرد و هەستیان بە گوشارێکی بە تەوژم دەکرد. کەسایەتییەکانی حزبی لیبرال لە بریتانیا وەکو برایت و کابدن لە دەیەی ١٨٤٠، بێزارییەکی زۆریان سەبارەت بە پلەی سەرمایەداری خاوەن زەوی، چ حزبی ویگ، دەردەبڕی. ئەوان

هەرچی رۆژەڕەشی و گرفتێک کە بەسەر بریتانیادا هاتبوو، لە چاوی ئەوانەدا دەیان بینی و بە خاوەن زەوی بوونی ئەوان لەو ناوچە بەرینە کە لە پەرەگرتنی چینێک لە وردە مالکی ئازادەوە سەریان هەلداوە، بە هۆکاری رۆژە رەشی. لاتیان دەناسین. لە راستیدا ئەم بەلگانە دەگەراوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمی میلادی.

لیبرالیزمی کلاسیک، پێچەوانەی ویگەکان یەکگرتوویی دەستووریان بوو. ئەم ڕێبازە ئاشکرا باوەڕێ خۆی بە میتۆدی تاکخوازی دەردەبڕی. دەکرێ تاکخوازی بە ناوی میتۆدێکی سیاسی و ئەخلاقی پێناسە بکرێ کە باس لە بوونی بایەخی تاکی مرۆڤ دەکا. جگە لەمەش. ئەم لیبرالیزمە بۆ ئازادی و مافی یەکسانی گشت تاکەکان و بۆ کەلک وەرگرتن لە ئازادی هەلوێستی دەگرت. ئەم ئازادیە بەشێوەی سوننەتی وەک دوور کەوتە، واتە بە ناوی ئازادی زۆرەملێ سەرەرۆ پەی پێ دەبرا. یەکێک لەو پانتایانە کە ئازادی لەودا لە هەمووان زیاتر خوازیاری دەکرا، پانتای ئابووری بوو. ئازادی ئابووری بۆ رەزامەندی گشت مرۆڤ و گەیشتن بە بەرژەوەندی ئەوان باشتر دەهاتە ئاراوە. ئابوورییەکی ئازاد کە هەموو بە شێوەی یەکسان لە بارەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان هەیانبێ، هەلگری ئەوەیە کە دەولەت لانیکەم ئەرک، وەکو پاراستنی دەسەلاتی یاسا، سیستەمی ناوخۆ، پارێزگاری لە خاوەندارێتی تایبەتی و هێمنایەتی ولاتی بە ئەستۆ بێ. لەم روەوە دەولەتێک کە لە رادە بە دەر حەز و مەیلی خۆی نیشان بدا هێندە جێی متمانە نییە. بە تەوژمترین پشتگری لەم بەلگەیە دەتوانین بریتانیای نێوان سالەکانی ١٨٣٠ هەتا ١٩١٤ بکەین بە وێنە. بەرچاوترین نوێنەرانی ئەوە بریتین لە مەکتەبی ئابووری سیاسی کلاسیک، خاوەن سوودان، مەکتەبی ئابووری مەنچستێر، زۆربەی بیرمەندی تاکی وەک جان ستوارت میل، هێربێرت سپێنسێر و هێنری سیج ویک. ئەگەرچی ئەمجۆرە ئەندێشانە لە ئەورووپا پێوەندییەکی کەمیان لەگەل ئابووری سیاسیدا بوو و کاری کەسانێکی وەک بنژمن کونستان، گیزۆ، شارل دورموزا، ماتزینی، ئەلکسی دوتۆکوویل و ویلهلم فۆن هۆمبولت بوو.

بەڵگە بە دەس هاتووە کەی ئەم شێوە لیبرالیزمە لە ساڵی ١٩١٤ لە ئارادا نەماوە. جۆرج دنجرفیلد لە کتێبەکەی خۆیا، بە ناوی مەرگی سەیر و سەمەرەی ئینگلیستانی لیبرال دەربارەی بریتانیای ساڵی ١٩١٠ دەنووسێ: (لەبەر ئەم بارە قورسە رێزدارە، هەر وەک جۆرە جەواڵێکی نالەبار خۆی لە بەریدا نەدەگرت و شانی پێوە هەڵداتەکاند. وەک ئەوە دەچوو بێ هوێ لە دەس شەڕی ئەو لیبرالیستە خۆ رزگار بکا).[١٨] بەم حاڵەوە، بەرەو رووخان و مەرگی لیبرالیزم لە رادەبەدەر شات و شووت کەرانە بووە. لە سەردەمی پاش ساڵی ١٩٤٥ و بەتایبەت لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، لیبرالیزم بە هیچ چەشنێک لە ناو نەچوو. تەنانەت هێندێ ئەو ورەیان بە خۆ دابوو کە ئەو (دەورەیان ناو نابوو سەردەمی رۆشنگەی نوێ)[١٩] ئەم قاڵبە نوێیەی لیبرالیزمی کلاسیکە، وەک جۆرە جۆرەکانی سەدەی نۆزدەیەم، روانگەگەلی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر. بە ناوبانگترینی ئەوانە روانگەی مەکتەبی ئابووری ئوتریشە کە باشترین رۆڵەی ئەو فۆن هایکە؛ هەروەها رێبازی شیکاگۆ بە ناوبانگترین نوێنەری ئەو میلتۆن فریدمن، رێبازی ویرجینیا با کار جیمز بوکانان؛ هێندێ نووسەران و فەیلسووفانی تاک وەکو ئاین رەند و رابرت نوزیک. لە بریتانیا، پشتگرانی ئەو هەم زاکۆکان و هەم سیاسەتزانان و هەم رێکخراوەگەلی تۆژینەوە و پرۆپاگەندەیی وەکو (موئەسیسەی کاروباری ئابووری) بوون.

لە کۆتایی دەیەی ١٨٨٠ وا دیار بوو کە لیبرالیزم رێبازی خۆی دەگۆڕێ.[٢٠] لێدوانێکی زۆر زانایانە، بەتایبەت لە بریتانیا، سەبارەت بەم هەڵوێستە بەرێوە دەبرێ.[٢١] هێندێکیان حەز دەکەن ئەم مەبەستە رەت بکەنەوە کە لیبرالیزمی نوێ بە راستی لیبرال بووە. لیبرالیزمی نوێ ئاشکرا و رەسمی خۆی بە (تاکخوازی کۆمەڵایەتی) دەزانی: هەرچی بۆ تاک بە کەڵکە و بەرژەوەندی ئەو دەپارێزێ، بۆ کۆمەڵگەش باش دەدرێتە قەڵەم. ئەتۆمیزم روانگەی کلاسیکی رەسمی لە بابەتی ئەخلاقی و کۆمەڵناسییەوە بە ساویلکە ناسراوە. دەبوایە دەربارەی داهاتووی کۆمەڵگەی بە پیشەسازیبوون لە ئاستێکی بەرینتر لێکۆڵینەوەی لەسەر ساز بکرایە و نەدەبوو بیسپێرن بە سەدەقە سەری و خێرخوازی تاک. کەنەفتی و نەداری، بێ

کاری و دەردەداری تەنیا و تەنیا پێوەندیان بە تاکەوە نەدەبوو بەڵکو دەبوو بە دەردی گشتی کۆمەڵگە کە لێدوان لە بارەی ئەوانەوە لە بایەخگەلی تاک تێدەپەڕی. بێجگە لەمە، ئازادی تەنیا پێوەندی بە ژیانی تاکەوە نەدەبوو بەڵکو مەلەیەک بوو کە بە کردەوە لەگەڵ ژیانی ڕەسەن و خاوەن شەرف تێکەڵاوی دەبوو. دەبێ خاوەن ژیانە ژیانییەکان بۆ وەدەس هێنانی هاوکاری و پێکەوە بوون لە ژیانێکی بە بایەخ و بە کەڵک دەربارەی وەدەس هێنانی دەسەلاتی ئابووری، کەلتووری، سیاسی و کۆمەلایەتی بەهرەمەند بن. زۆرتر حزبە سۆسیالیستە ریفۆرمخوازە ئەورووپییەکان لە سەدەی ئێستەدا ئەم ئەندێشەیان لە مێشکدا بوو. لیبرالیزمی نوێ لەگەڵ کەسایەتیگەلی وەکو ت.ە. ل. ت. هابهاوس و ج. ئا. هابسن لە دەیەی ١٨٨٠ هەتا ١٩١٤ دەناسرێنەوە، سەر و کاری بوو. لە ڕاستیا ئەم ئەندێشە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر سروشتی بنەڕەتی بزاڤە گشتییە دیموکراتیکە کۆمەلایەتییەکانی بریتانیا و هەموو ولاتە غەربیە ئەورووپایەکان لە دەیەی ١٩٣٠ هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ فۆرمی پێ بەخشێ. لەگەڵ ئەمەدا، دەبێ سەرنج بدەین کە جۆربەجۆر لە دەروونی ئەم لیبرالیزمە دیموکراتیکە کۆمەلایەتییە نوێیەدا هەیە کە لەم دواییانەدا بیرمەندان دەستیان داوەتە تۆژینەوەیان.[٢٢]

لێدوانێکی ئالۆز و پڕ لەگرێ دەربارەی پێوەندی نێوان لیبرالیزمی کلاسیک و نوێ ماوەتەوە. ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە کە لیبرالیزمی کلاسیک باوەڕێکی بێ خەوش بوو کە لیبرالیزمی نوێی شێوە بە سۆسیالیست خەیانەتی پێ کردووە. دەربارەی ڕووداوی بەرە و ئاوا بوون چوونی و خەیانەت، تۆژینەوەیەک لە ئارادایە. ج.ە. هالوول ڕووخان و مەرگی لیبرالیزمی یەکپارچەی بە لە دەستدانی ناوەڕۆکی ئەخلاقی ئەو دەزانی. ڕێزی مەزهەبی بە ڕۆحی تاک بە هۆی تێکەڵ خوازی ئەخلاقییەوە لە نێو چووە.[٢٣] بەبڕەوترین خەت لە نێو مێژوونووسان هەتا دەیەی ١٩٧٠، لیبرالیزمیان بە دوو ڕوو دەزانی: یەکیان تاکخوازی و ئەوی دی کۆخوازی. لیبرالیزمە کۆخوازە نوێکان، لیبرالیزمیان لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمی نوێ، داوەتە قەڵەم و لەبەر ئەمە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئیدئۆلۆژیا

رووی داوه. له دوو دهیهی دواییدا لهم ئهندێشهیان تۆژیوهتهوه و موو به موو لێکیان داوهتهوه.[٢٤] بهڵگهیان هێناوهتهوه که به ڕاستی هیچ چهشنه دابهشکارییهک له نێوان لیبرالیزمی کلاسیک و نوێدا له ئارادا نهبووه. ههر دووکیان به شێکن له باوهڕی یهک.[٢٥] لیبرالیزمی کلاسیک ههر تهنیا مهسلهت و ئاشتی لهگهڵ لیبرالیزمی نوێ نهکردووه. ئهم واژهناسییه بزووتنهوهییهکی قووڵ و زیرهکانهی دهروونی ئهندێشهی لیبرالی پۆشراوه دهکا. ئهندێشهگهلی ڕهسمی جهوههری خۆی له ڕایهڵه و پۆی چنراوی و بارودۆخه جیاوازهکهی وهرگرتووه. ئهوانه ههمیشه و زۆرجار له ئارادا بوو. هیچ چهشنه گۆڕانکارییهکی بنهڕهتی له ئارادا نهبووه، بهڵکو گهشه و پێشکهوتنی به تهوژم له تۆژینهوهدا دهوری هێندێ باوهڕ له بزاڤهکاندا بووه. زۆر لهم باوهڕه ڕهسمیانه ههموو بزاڤه سیاسییهکان لێیان کۆڵیوهتهوه و دۆزیویانهتهوه. دوا خاڵ ئهمه که زۆرتر ئهم گۆڕانکارییه له سروشتی لیبرالیزمدا، مادهی دهروونی له ئیدئۆلۆژیا بووه و له دهرهوه نهسهپێنرا بوو. زۆر لهو باوهڕانه که له لیبرالیزمی کلاسیکا قسهی یهکهمیان دهکرد، به ڕادهیهک شل خۆیان دهنواند که لیبراله نوێکان سوودیان لهوه دهبرد. دهرهنجام، لیبرالهکان ورده ورده له دهوڵهتی خۆیان له حاڵهتی بهڕێوه بردنی کاردا دیتهوه که ڕۆژ لهگهڵ ڕۆژ ههستیان دهکرد له بابهتی سروشتی بنهڕهتییهوه ئازاری ڕۆحی دهبینن. ههر ئهو چهشنه که له بهشهکانی دواییدا دهبینین، زۆر جار هۆکاری گهلێک ههم بۆ دژایهتی و ههم بۆ پشتگری له دامهزرانی یاسا بووه.

ئهرگهرچی جیاوازی نێوان لیبرالیزمی کلاسیک و نوێ دیاریکراوه، ئهم کاره به دوو هۆی سهرهکی، نهبڕاوه بۆوه، ئهوهڵهن، ڕێبازه لیبرالیزمهکان بهتهواوی جیاواز نین. لهوه دهچێ که بهڵگهگهلی لیبرالیزمی کلاسیک ههتا ڕادهی دهروونی لیبرالیزمی نوێ فۆرمی گرتبێ و گهشهی کردبێ؛ لهبهر ئهمه، تێپهڕانی قۆناخگهلێکی کوتوپڕ وجوودی نییه. خاڵهکهی دیکه ئهمهیه که بیرمهندانی لیبرال له دهروونی ڕێبازه تاقانهکه ڕاستهوخۆ بهیهکهوه هاودهنگیان نییه. سهرقاڵی هۆشی و ئهخلاقی لیبراله کلاسیکهکان ههمیشه جۆراوجۆره. له ڕاستیا، لهو

قۆناخەدا وادەر دەكەوێ كە ئەم بیرمەندانـە بـیری ئیدئۆلۆژیـە جۆربـەجۆرەكانن. دەیڤید هیوم، ئالكسی دوو تۆكوویل، ئەدمۆند برك و فریدریش فۆن هایك دەكـرێ هەم بە بەشێك لە لیبرالەكان و هـەم بـە بەشـێك لـە پارێزكارەكـان بـزانین. ل.ب. هابهاوس. ئا. هابسۆن، جـان دیـویی و جـان راولـزیش دەتـوانین هـەم لـە ریـزی لیبرالەكان و هەم سۆسیالیستەكان دابنێین. هیچ شتێكی دوور لەسەرنج لەم كارەدا نابێ بوونی هەبێ.

تاكخوازی

هەمەلایەنكردنی سروشـتی مـرۆڤ لـە روانگـە لیبرالـەوە دژوارە، ئەمـە هـەتا رادەیەک لەو رووەوەیە كە هەوالگەل و بەڵـگەكان زۆر جۆراوجـۆر و پێچـراوەن. لەگەڵ ئەمەشدا، واتایەک بـوونی هەیـە كـە هـەمیشە لـە ئاخـاوتنی لیبرالیـدا خـۆ دەنوێنێ و وەک تەرجیح بەندێكی گرنگ كاركردی هەیە. ئـەم واتایـە، تاكخوازییـە. كاكڵەی جیا لە سروشـت و هەسـتیناسـی ئەندێـشەی لیـبرالی و بنـەمای بـوونی ئەخلاقی، سیاسی، ئابووری و كەلتوورییە. تاک، هەم راستەقینەتر لـە كۆمەڵـگایە و هەم لەو لە پێشترە. ئەم لە پێش بوونە بە شێوەی جیاواز لێكدراوەتەوە، و دەكرێ سروشتی یان ئەخلاقی بێ.[٢٦] بایەخەكانیش پێوەندی بە تاكەوە هەیە. تاكپێوارە و بەڵـگەی ئـەخلاقی و راسـتیە. لەبـەر ئەمــە، تـاكخوازی بـە جۆرێـک روو بــە یەكسانخوازی دەڕوا. هەرتاكێک بەشێوەی بایەخی بەرامبەر چاوی لێدەكرێ.

بەم حاڵەوە، ئەندێشەگەلی گرێ دروا بە بەرامبـەری و تـاكخوازی شـتێكی زۆر دەربارەی روانگەی بنەڕەتیتری لیبرالەكان بە ئێمـە نالـێن. كـەمتـرین شـارەزایی لەگەڵ ئاسەواری لیبرالی، جیاوازی نێوان جۆرەكانی تاكخوازی دەخاتە روو. جان دیویی، فەیلسووفی لیبرالی ئەمریكایی، یەكەم كەس نەبوو كە لە كتـێبی تـاكخوازی خۆیـا، كـەون و نـوێ، جیـا كردنـەوەی نێـوان (تـاكی هەڵـكەنراو)ی لیبرالیزمـی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم و تێگـەیشتن لـە پێكـەوەبوونی زیـاتر لـە تـاكی لیبرالیزمی كۆمەلایەتی دەس بەكار بـووە.[٢٧] فـۆن هایـک لـەم جیـا كردنـەوەدا بـە شێوەی جۆراوجۆر لە بڕوانامەكەیدا بە ناوی (تاكخوازی: راست و درۆ) سوودی

وەرگرتووە، ئەم لەو جێیەوە دەسی بە جیا کردنەوەی تاکخوازی عەقلانی (لە نووسەرانی وەک ویلهلم فۆن هۆمبولت و جان دەستوارت میل) لە تاکخوازی راستەقینە (کە زۆرتر لە خەتی سوننەتەکان و قەراردادەکانی کۆمەلگەی بازرگانی) کردووە.[٢٨] بە بۆچوونی هایک، تاکخوازی تەنیا عەقلانی، نەگونجاو و نەکردەنییە. ئەم جۆرە جیا کردنەوە زۆر و کەم لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە پێوەندی بە لیبرالیزمەوە هەبێ بوونی هەیە و شەریکن.[٢٩]

لە پڕۆژەی لیبرالی ملاسیکا، (تاک) هەمیشە بە ناوی بوونەوەری تاق حەساری بە دەوردا کێشراوە (داخراو لە هۆش و بیری خۆیدا)[٣٠] زانراوە. سنووری لەش سنووری تاک پێکدێنێ. تاک، لەبەر مافی سروشتی، خاوەنی لەشی خۆیەتی. بۆچوونە گشتی و هەمەلایەنە بەشی زۆری ئەندێشەی (خاوەندارییەتی تاکخوازانە) دێنێتەوە یاد، بەم واتایە کە هەر کەس خاوەنی لەشی خۆی و ئامادەیی فێربوونی ئەوە و هیچ شتێک هی کومەلگە نییە. هەر کەرەسەیەک کە هەر کەسێک دروستی دەکا، بە درێژەی مافی خاوەندارێتی لەشی ئەو دەزانرێ.

حەز و ئارەزوو و هۆگری تاک دەسەلاتی نییە. عەقل ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە حەز و ئارەزووی هەر تاکێک. هەر کەس لە حەز و ئارەزوو و سات و سەودای خۆی هۆ و ئێلهامێک وەردەگرێ، لەبەر ئەم پێناسەیە، باشترین دەرمان، هۆگری و بەرژەوەندی خۆیەتی. لەم بابەتەوە، رێکخراوەکان دەبێ خۆ لە داوەری بەجێی تاک بپارێزن. هیچ چەشنە بەر پرسایەتییەکی گشتی یان رێکخراوەیی بوونی نییە، چونکە هەر کەسگەلن کە دەتوانن بەر پرسی خۆیان بن. تاقانە چاکە، چاکەی تاکە.

لەگەل ئەمەدا، جۆرجۆرەکان و هەمەچەشنەکانی مومکین و زۆربەی زۆر لە ناوەرۆکی پلەبەرزیدا بوونی هەیە. بێ خەوشترین و یەکپارچەترین و پایەدارترین شێوەی تاکخوازی،(تاکخوازی جیا لە دەولەتسازی)یە. هیچ ئەخلاق یان باوەڕێک بوونی نییە کە بتوانێ ناچاری بکا. هیچ کەس ناتوانێ بە زۆر شتێک بەسەر ئەودا بسەپێنێ، چونکە ئەو کانگا و سەرچاوەی گشت بایەخەکانە. ئەم بە گشتی هەلگری هەموو تەنیایەکان و سەربەخۆییە. موتلەقەن هیچ دەسەلاتێک بۆ کۆکردنەوەی ئەندێشەیەک لە بەرژەوەندی و بەرژەوندی گشتیدا لە ئارادا نییە. بەرهەمی نهایی

وەهــا باوەڕێـک دەتوانــێ لــە ئانارشــی یــان شــێواوە و کــەس لــە کــەسخــوازی تاکخوازانەدا بەدی بێ کە باشترین وێنەی ئەوروپایی ئەوە، ماکس ئەســتیرنەرە کـە ئەندێشەکانی ئەو لە بەشی پێنجەمدا دەخەینە بەر باس و تۆژینەوە.

وەها بەڵگەیەک نە دەتوانێ لایەنگری مافی خاوەندارییــەتــی بــێ و تەنانــەت نـە ئابووری بازاڕ. بەم حاڵەوە، دەبێ تەئکید بکـرێ کـە ئـەم جـۆرە مـەنتقـە بەڵـگەی تاکخوازانەیــە. زۆربــەی لیبراڵــەکان کوتوپــڕ لــە بەرامبــەر ئــەم دەرئامانجانــەدا دەوەستن، بەڵام کەسگەلێکی دیکە هــەن کــە بــەو هەســتەوە نزیکایــەتی دەکــەن و هەنگاو بەرەو ئانارشــیزم دەنــێن و بــە تــرس و دوودڵــییەوە، بەلنگەلــەرزێوە پــێ دەنێنە هەرێمەکەیــەوە. هێنــدێ لــەو ئەندێــشە ئازادیخوازانــەی دوایــی، ئەگــەرچی خۆیان بە لیبرالیزمــەوە بەســتووەتەوە، بــەڵام باشــترە دەربــارەی ئەوانــە لــەژێر چــەتری ئانارشــیزمدا بــاس بکــرێن. بــە بۆچــوونی هێنــدێ لــە نووســەرانی وەک مووورای راتبارد، ئەم رێبازە بە واژەی گشتی (سەرمایەداری هەرج و مــەرجخــواز) یان (ئانارکوکاپیتالیزم) دەبــێ پێناســە بکــرێ.[٣١] لــە بریتانیــا، لــە کۆتــایی ســەدەی بیــستەما، هێنــدێ لــە مریــدانی دەوروبــەری هێربێــرت سپێنــسێر وەکــو ئابــڕۆن هێربێرت و ووردس دورس دانیس توریپیش لە لایەن تاکخوازییەوە تێکەڵاوییــەکی نزیکی لەگەڵ ئانارشیزم و هەرج و مەرج خواز پێکهێناوە.

بە قەولی یەکێک لە نووسەرانی هاوچەرخ، ئابرون هێربێرت، (هەر ئــەو بــەرێــز هێربێرت سپێنسێرە بێ هێربێرتە)[٣٢] هێربێرت تەنانەت لە قووڵایی دڵــەوە رەخنــەی لە تاکخوازی (ئەنجوومــەنی پشتگری لــە ئــازادی و خــاوەندارییــەتــی) دەگــرت و دەیگوت: (هێندێ زۆرتر هۆگری خۆشکی خۆشەویستی خاوەندارییــەتــی بــووە... هەتا خۆشکی خۆشەویستی ئازادی)[٣٣] ئەو دڵپەرۆشــی ئــازادی تــاک بــوو. لەگــەڵ ئەوەی کە لە دەوڵەتی ئیختیاری وماڵیات دڵخوازانە پشتگری دەکرد کــە رەنــگ و بۆی سەرمایەداری هەرج و مەرجخوازی ئێستەی بوو. هەروەها ئەو روانگەی ئەم دواییانەی سپێنسێری بە پارێزکارانە دەزانی لە حەسرەت ئارمــانجخــوازی کتــێبی یەکەمی سپێنسێر، بەناوی ئیستاییناســی بــوو. لــە ئــەمریکا، ئــاین رەنــد بــاوەڕی تەواوی بە ئازادی بۆ تاک و جیا لە روانگــەی فەلسەفە بــوو. بــە بۆچــوونی رەنــد

ژیانی جوامێرانه ئەمه بوو که هەر تاکێک له خۆخوازی بێ خەوشی خۆی پێڕەوی بکا. پێشمەرج و گریمانەگەلی فەلسەفەی ئەم باوەڕە بەلای رەندەوە، کەڵک وەرگرتنی سەیر و سەمەرەی ئەو له ئەندێشەی ئەرەستۆ و تام پین بوو. ئەو جۆرە که یەکێک له نووسەرە نوێکان گوتوویە، (بە بۆچوونی رەند) (مەبەستی مرۆڤ له ژیان، پەرەپێدان بە حەز و ئارەزووەکانی خۆیەتی و ئەگەر بیهەوێ خۆی بکاتە قوربانی کەسانێکی دیکە، ئەویش لەبەر خاتری بوونەوەرگەلێکی گومان لێ کراو بەناوی (کۆمەڵگە)، لەم باوەڕە لایداوە).[٢٤] رەند ئەم باوەڕەی لە بابەتێک بە ناوی (پلەی خۆخوازی) هێنابوە ئاراوە.[٢٥] ژیان و مانەوەی خودی تاک تاقانە پێواری بایەخ دێتە ئەژمار؛ لەبەر ئەمە، خۆخوازی تاقانە بنەڕەتی ئەخلاقە. ژیانی عەقلانە تایبەتەن گرێ دراوە بە بەرژەوەندی تاکەکەسی و خۆخوازییەوە. کەسانخوازی و مرۆڤدۆستی لە راستیدا بە مرۆڤخوازی دەدرێتە قەڵەم. سەرمایەداری تاقانە نەزمێکە کە توانایی ئەم جۆرە ژیانە دەگەیێنێتە دوا قۆناغی پێکهاتن. لەم رووەوەۆ، رەند باوەڕی بوو کە لیبرالەکان (لە رێگای سەرمایەدارییەوە خەبات بکەن نە لە پێناوی ئامانجی (زانستی) و نە لە پێناوی ئامانجی (ئابووری)، بەڵکو بە لە خۆبایی بوون بە ماف و شیاو لە پێناوی ئارمانجی ئەخلاقی).[٣٦]

پێچەوانەی روانگەکان، ئابرون هێربێرت و ئاین رەند ئامادە نەبوون هەتا مەنتقی تەواو و کەمالی ئەم بەڵگە تاکخوازانە بسەلمێنن. هێربێرت وەک لاک و سپێنسێر باوەڕی بە مافی سروشتی نەبوو و لەم روەوە، بۆ زەروورەتی رێزلێنانی رووبەڕوو و رازی بوون بەڵگەی دەهێناوە کە بە بۆچوونی تاکخوازی بێخەوشی وەکو ئەستیرنر بەکەم زانین بوو. رەند هەروەها بەورەی توندوتیژەوە سەبارەت بە ئانارشیزم رەخنەی دەگرت، بە سیستەمی بینایی و عەقلانی باوەڕی قایم بوو . بوونی شێوەیەک دەوڵەتی بە پێویست دەزانی.

لە بەرهەمی هێربێرت سپێنسێر و ئەنجوومەنی پشتگری لە ئازادی و خاوەندارییەتی جۆرێک لە (تاکخوازی پێویستانە) دەبینین، ئەگەرچی باشترە بۆترێ کە زۆربەی لیبرالەکانی ئەو سەردەمە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنی بە

کەسانێکی توندوتیژ دەناسران. گرفتی گەورەی سیاسی سپێنسێر ئەمە بوو کە لە رابردووی لیبرالیزمدا هەمیشە بۆ ئازادی تاک لە بەرامبەر کردەوەی زۆرەملێ لە لایەن دەوڵەتەوە خەباتی دەکرد. کتێبە بەناوبانگەکەی ئەو، بەناوی مرۆڤ لە بەرامبەر دەوڵەت، لیبراڵەکانی کۆدەکردەوە کە بگەڕێنەوە بۆ پێگەی خۆیان و لە سۆسیالیزمە ئەزموونییەکەی گلادستۆن و تاوانی یاسادامەزرێنەران دوور کەونەوە. بە بۆچوونی سپێنسێر، تاک لەبەر مافە سروشتییەکەی خاوەنی لەشی خۆیانن. هەر کەسێک لە مافی یەکسانی بۆ ئازادی یەکسان بەهرەمەندە. سەرچاوەی مافی سروشتی ڕەوەندێکی بیۆلۆژیکی لە بابەتی بەرتەسکییەوە بەرامبەر و گرێبەستەکە بۆ خەڵکی کۆمەڵگە زەرووریيە. خاڵی گرنگ و جێی قسە دەربارەی سپێنسێر ئەو بە کە دەلیلی ئەو دەربارەی تاک، ریشەی لە بەرزەفڕییەکانی متافیزیکی بە کەماڵ گەیشتنی سروشتیخوازانەدا بوو. ئەو دەیویست تاک لە کردەوەی زۆرەملێ رزگار بکا. تەنیا کۆمەڵگەی پیشەسازی کە زۆرینەی ئەم تاکانە دابین دەکا دەیتوانی بە بنەچە لیبرالیزم بێ.

باشترە لیبرالیزمی سەرەتایی فۆن هۆمبولت لە ئەڵمان بە شێوەی سەرجەم لەگەڵ لیبرالیزمی سپێنسێر بەراورد بکەین هۆمبولت وەک سپێنسێر، لەو مەرامەی کە دەوڵەت بچێتە نێو ژیانی تاکەوە، بێزار بوو. سپێنسێر لەگەڵ ئەو مەرامەی هۆمبولتا بوو کە دەیگوت: (دەوڵەت نابێ نیگەرانی چۆنیەتی ژیانی ژیارییەکان بێ، لەوەی کە بۆ ئارامشی بەرامبەر و پشتگری ئەوان لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمن و بێگانە، پێویستە هەنگاو بەولاترەوە نەنێ).[۳۷] بەم حاڵەوە. پێناسەی هۆمبولت لە تاکخوازی لەگەڵ پێناسەی سپێنسێر زۆر جیاواز بوو. هۆمبولت ئازادی بۆ دابین کردنی لانیزۆری پەروەردەی جوانناسی تاک(Bildung) دەویست، باوەڕێک کە بە شێوەی بەرین لە ئەدەبیاتی ئاڵمان لە سوننەتی Bildung raman دا بوونی بوو. هەر کەس هەستەتایبەتییەکانی خۆی پەروەردە دەکا.

ئەم کارە بە بنەڕەتەوە کوکراوەی گشتییە. بە بۆچوونی هۆمبولت (هەستی مرۆڤێک لەگەڵ دەوڵەمەندی و پرسەمەر بوون دەگۆڕێ و دەبێ بە فیکر.

فیکرەکانی ئەو لە هەستیدا، ئەسلیەتی ئەو پلەی بەرز دەکاتەوە و بەرزەفڕی پێ دەبەخشێ).[38] تاک لە لایەن ئەزموونە جۆربەجۆرەکانەوە گەشە دەکا و پەروەردە دەبێ و باردی و بارهاتووتر دەبێ. ئازادی توانا Bildung (پەروەدە و بە کەماڵ گەیشتن)ی ئەو پێکدێنێ. دوا ئارمانجی (باشترین و هاوئاهەنگترین پەروەردە... بۆ پێکهێنانێکی گشتی و پایەدارە) ئەمە ئەندێشەیەکە کە جان ستوارت میل لە کتێبی دەربارەی ئازادی[39] خۆی سوودی لەو وەرگرتووە. کردەوەی زۆرەملێ لە لایەن دەوڵەتەوە ئەم پەروەردە جوانناسانە سەرکوت دەکا.

فیکری هەستی کۆمەڵگە بە شێوەی بنەڕەتێکی بەرتەسک و سنووردار ڕووبەڕووی تاک و قەرارداد کە لە ئەندێشەی سپێنسێریشدا دەبینرێ، لەگەڵ فیکری لیبرال کلاسیکێکی دیکە بەناو هەنری سیجویک لە کتێبی پرەنسیپی ئەندێشە سیاسییەکانی ئەودا وێکچوونیان هەیە. بە باوەڕی سیج ویک، گرێبەست بۆ سیستمی تاکخوازانە بایەخی ریشەیی هەیە. قەرارداد بۆ پێوەندیدان بە جەوهەری تاکەوە لە کۆمەڵگەدا، سەرەکییە. لەگەڵ ئەمەدا، بە بۆچوونی سیج ویک، لە بەراورد لەگەڵ ئامانجەکانی سپێنسێر، تاکخوازی قازانج باوەڕانەی یەک بە دوای یەکی لەگەڵ (تاکخوازی توندوتیژ)ی سپێنسێر دوورن لەیەک. لە حاڵێکا کە سپێنسێر لە دژایەتی خۆی لەگەڵ (یاسای دەست کورتەکان) و دابین و ئەمن کردنی گشتی فێر کردن و پەروەردە لاسار و کەللەڕەق بوو، سیج ویک ڕێگای مامناوەندی نێوان توندوتیژخوازی سپێنسێر و سۆسیالیزمی تەجروبی دەوڵەتی گلادستونی لە دەیەی ۱۸۸۰ هەڵبژارد. لانیکەم پاراستن بوونی تایبەتی، بەهێز کردن و قایم کردنی قەراردادەکان و مافی خاوەنداریێتی تایبەتی بۆ تەواو باشتر کردنی ژیانی تاک دەسەبەر و نایەتە ئاراوە. شێوەیەک لە تەداخولی تاکخوازانەمان هەیە کە ئارمانجەکەی (ئەمن بوونی (تاک) لە بەرامبەر رەنج و زیان) دایە.[40] پارێزیاری لە بواری پاک و خاوێنی و لەش ساخییەوە، خانووبەرە و فێرکردنی پزشکی، باشترینی ئەوان کە دەوڵەت دەبێ بەسەریاندا رابگا و بیانگرێتە ئەستۆ. ئەمانە لەگەڵ تاکخوازی دەگونجێن. سیج ویک باوەڕی بوو کە تاکەکان لە ڕاستیدا هەمیشە بە و بەرژەوەندی زۆر بە بایەخی خۆیان ئاگادارنین و نابێ ئیزن

بدریّ کە ئەوان لە نەزانینی خۆیان تووشـی ئـازار بـن، یـان لـە بێهێـزی و لاوازی ئەوان کەسانێکی دیکە سوود بەرن.

سیج ویک، لەگەڵ ئەوەی کە لە حکوومەتی لیبرالی ساڵی ١٨٨٠ کـە بـە بـڕوای ئەو بە خراپترین واتای وشە باوکسالاری بوو، بەم جۆرە لیبرالیزمی کۆمەڵایـەتی زۆرتر لە سپێنسێر نزیک بوو. سپێنسێر لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە رەنـج و ئـازار و رۆژەرەشـی و دەس کـورتی وەک بـە هۆشـیار کردنـەوە و بـە ئاگابوونـەوەی سیستمی لەش کار دەکەن. کەند و کۆسب قوتابخانەیـەکی باشـە بـۆ بێهێزکـردنی تاوانباران پـشتگری درۆزنانـە و ناسروشـتانە لـە تـاکی دواکـەوتوو و بـێبایـەخ هۆکارە بۆ بێهێزکردنی بزاڤی بـە کـەماڵ گەیـشتووی رەگـەزی گـشتی (مـرۆڤ). بەوتەی سپێنسێر: (پەرەپێدانی بێ دەسەڵاتی و هیچ لە جانتـادا نـەبوون بـە نرخـی هەوڵ بۆ وەدەس هێنانی معاش ستەمکارییەکی بە تەوژمە).[٤١] زۆرتر پێوارەکـانی سیج ویک بە ئاشکرا لـە لایـەن سپێنـسێرەوە رەت دەکرانـەوە و ئەوانـەی لەگـەڵ تاکخوازی راستەقینەی بە ناسازگار دەزانی.

دژایەتی سپێنسێر لەگەڵ تاکخوازی فایـدە باوەڕانـەی سـیج ویـک لـە راسـتیا کراوەی دژایـەتی گـشتی ئـەو لەگـەڵ فەلـسەفەی بێنتـام بـە شـێوەی فەلـسەفەی بەرژەوەنـد ئەندێـشی بـوو. بـە پێچەوانـەی قـەزاوەتی ئـا. و. دایـسی دەربـارەی رێبازی بێنتام کە لەسەر ئەو بڕوایە بـوو (شـتێکی دیکـە بـە ئەنـدازەی تـاکخوازی سیستمی بوە) بەتەواوی رێگـا بـۆ خـراپ کەڵـک وەرگـرتنی سـەرەرۆکان خـۆش دەکا.[٤٢] بنەڕەتی (گـەورەترین بەختـەوەری) بێنتـام و دواتـر جـان سـتوارت میـل کەڵکیان لێ وەرگرتووە، مومکین نەبوو بناخەی یاسادانەران پەسندی لیبرالی بـێ. سپێنسێر لەم داوەرییەدا تەنیا نییە. پێچەوانـەی کەسـایەتییە بەناوبانگـەکانی وەک بێنتام و میل بەناوی دامەزرێنەرانی لیبرالیزم، هەنگاوێک لە لیبرالەکان، سپێنسێر و لەم داییانەشدا رابرت نوزیک، لە سەلاحییەتی ئـەوان بـە گومـان بـوون،[٤٣] نوزیـک هۆکاری هێنابۆوە کە یەکێک لەسەرەکیترین تاوانەکانی قازانج باوەڕی ئەمەیە کە کۆششی ئەو بۆ سوود و بەهرەیە و هۆکارە بۆ رووخان و لەبەین بردنی تاکەکان و بایەخی تاک.

فۆن هایکیش ئەندامگەلێکی لەو بارەی هەیە. ئەو دەربارەی پێشمەرج و گریمانەی عەقڵخوازانە باسکراو لە ڕێبازی قازانج باوەڕی لەسەر ئەمەی کە هەموو کەسێک دەتوانێ بەختەوەری گشت کۆمەڵگە لێکبداتەوە، گومانی هەیە. بە بڕوای ئەو، عەقڵ ئامێرێکی بەرتەسک و سنووردارە کە تاکەکان بەرەو قەناعەتی بەرژەوەندیِ خۆیان هان دەدا. ناتوانێ هیچ کەس لە بەرژەوەندی خۆی دووربخاتەوە.[٤٤] سوودباوەڕان تووشی ئەم تاوانە فەلسەفییە دەبن کە بەرتەسکی و بەرتەنگییە عەقلییەکان ناناسن: لە حاڵێکا کە جان ستوارت میل دەیویست تاک لە گرفتی قەراردادەکان ئازاد بکا. هایک لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە سوننەتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان تاک پێکدێنن.[٤٥]

هایک دەربارەی فۆرمگیری کۆمەڵگەی تاک دەبێژێ: ئەگەرچی زۆر جیاواز لەگەڵ لیبرالی نوێ، پردێکی لە بار بۆ واتای تاکی جێی کەڵک وەرگرتنی لیبرالە نوێکان هەڵدەبەستێ. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەرکی لیبرالی نوێ لە تاک، بەڵگە و دەلیلی پێکەوە ژیان و ئاشتبوونەوەی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگە بوو. دەربارەی لیبرالی ئیدەئالیستەکان، تەنیا لەبەر هۆکاری متافیزیکی بوو. تاک وەک پێکهاتەیەکی کەش و هەوا چاوی لێدەکرێ. تاکێک کە کردەوەی خۆی لە نێو پارامترەکانی کۆمەڵگەی عەقڵانیدا دیاری دەکرد، ریشەیی لە بابەت بارودۆخی ئەخلاقی ژیارییەوە جوامێر دەهاتە ئاراوە.

ت. ە. گرین، لەگەڵ پێشمەرجی ئیدەئالیستی، باوەڕی وابوو کە کۆمەڵگە ئامێرێکە بۆ بە راستەقینە گەیشتنی تاک و گەشە کردنی کەسایەتی ئەوە. بیرمەندان لەگەڵ سەرنجدان بە توانایگەلی تاک، درێژە بە خەباتی (سیاسی) خۆیان دەدەن. دەسەڵات بۆ وەها گەشەیەک بەسراوەتەوە بە بوونی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەر تاکێک دەسەڵاتێکی شاراوەی مەعنەوییە کە دەتوانێ لە لایەن کۆمەڵگەوە بە خۆی بسەلمێنێ. گرین دەیوت: سوودێک کە هەر مرۆڤێک بۆ خۆی لە دووی دۆزینەوەی بێ، ئەوە حەز و خۆشی نییە، بەڵکو ئامانجگەلێکە کە کاتێک بە حەقیقەت گەیشت بەشێکی هەمشەییان لە سوودی کۆمەڵگەدا دەبێ و بەم شێوە، خۆ بەردەوام بوون و لەسەر پێوەستانی، تاکیش بە قەناعەت دەگەیێنێ.[٤٦]

خۆراگری لەگەڵ سوودی کۆمەڵگە یەکگرتوویی هەیە و یەکێکە. ڕێکخراوە مەدەنییەکان فۆرمی دەرەوەی ڕەنگدانەوەی ئامانجە ئەخلاقییەکانن. تاقانە بەیانێک بۆ بوونی ڕێخکراوەکان، بەشی ئەوان لە گەشەکردنی ئەخلاقی تاکەکاندایە. لەبەر ئەمە، ناکرێ سوودی کۆمەڵگە لە سوودی تاک هاوێر بکرێ. تاکەکان بەناوی ئەندامی کۆمەڵگە تاقە مافێک و تەکلیفێکیان هەیە.

باوەڕگەلێکی ئەوتۆ لە ئاسەواری ل. ب. هابهاوس‌دا بەدی دەکرێ. لەسەر وتەی هابهاوس، لە کتێبی دەوران سازی خۆیدا بەناوی لیبرالیزم، بنەڕەتی لیبرالیزمی لە دۆزینەوەی ڕێگای تاکا قەرار داوە. بەم حاڵەوە. (... بە وتەی گرین... تاک بە پێکهاتنی شایستەگییە هەستییەکان، ژیانی و فیکری و وزەی لەشی خۆی،... سوودی خۆی لە سوودی گشتی‌دا دەبینێ)[٤٧] ژیانی کۆمەڵایەتی پێگە و کەش و هەوایەک بەدی دێنێ کە مرۆڤ دەتوانێ لە دەروونی ئەودا ژیوار و گەشە بکا و پەروەردە بکرێ. کاتێک کۆمەڵگە ئازادە (کە هەموو هۆشەکان دەرفەتی گەیشتن بە کەماڵیان ببێ. ئەم دەرفەتە تەنیا کاتێک هەڵدەکەوێ کە بارودۆخی سەرەکی هەڵسوکەوت و پێوەندی وەک یەک بوونی ئەوانە لەگەڵ تێکۆشانێکی ڕێکخراو دابین کرابێ.[٤٨]

ئەم ئەندێشە پێناسەی هیچ چەشنە بەڵێنێکی پێچەوانە لە لایەن تاکخوازییەوە نەبوو. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا گەشە دەکەن و پەروەردە دەکرێن و تاقمێک لە تاکەکان، بە فەرمی ناسین و قبووڵ کردنی ئارمانجە گشتییەکانی کومەڵگەیە. لەم بەڵگەدا، لیبراڵەکان لە پلەی یەکەمدا هۆگری تاکخوازی مەدەنی بوون. مایکێل گوتەنی: (لیبراڵە نوێکان... گریمانەی بەر پرسایەتی کۆمەڵگەیان بۆ هەرێمە پێناسراوەکانی تێکۆشانی مرۆڤ بابەتانە بۆ گەشە و بە کەماڵ‌گەیشتن و باشترکردنی تاکەکان باسی دەکرد).[٤٩] تاکخوازی، بەتایبەت بۆ لیبراڵە ئارمانج‌خوازەکان، تا ڕادەیەک بۆ جان ستوارت میل، ڕەوەندی گەشانەوە بەرەو ژیانێکی تەواوتر بوو. گەشە و باڵا کردن و بە کەماڵ‌گەیشتنی تایبەتی ئێمە، هەڵگری دڵپێوەبوونی وەک یەکە.[٥٠] ئێمە ناتوانین سوودی خۆمان لە سوودی خەڵکان هەڵاوێرین. زۆربەی ڕوانگە گشتییەکانی سوونەتی سەدەی

نۆزدەیەم دەربارەی تاکخوازی، هی کەسگەلێکی وەک سامۆئیل ئەسمایلز، یان هەریئیت مارتینۆن کە بە سروشت، خۆیاری و پاڵپشتی نەفسی خۆیان باوەڕیان بوو و باوەڕی ئەوان بە زیرەکی و وردبینی بوو بە بەڵگەگەلێک بۆ لیبرالی نوێ. باوەڕ بەخۆ و خۆباوەڕی لە خۆکۆلینەوە فۆرمی دەگرت. لەم بوارەوە، بۆ ریفۆرم خوازانی کۆمەڵگە ئاسانکاری بوو کە لەمپەری ماددی لە خۆکۆلینەوە (و لەبەر ئەمە، لەمپەری خۆیاری و فۆرم وەرگرتنی سروشت) قسەبکن. کارکردگەلی ساڵەکانی دەیەی ١٨٩٠ و دەیەی ١٩٠٠ وەکو بیمەی میللی دیاری کردنی مافی دانیشتن بۆ بە ساڵاچووەکان (خانەنشین)، بە شێوەی رۆژ لەگەڵ رۆژ بە ناوی بنەڕەتی سەرەکی خۆیاری راگەیێنرا. تەنانەت هێندێ کەس بیمەی میللی یان بە میللی کردنی دەس پێوەگرتن و هەڵەخەرجی تەوسیفیان دەکرد.

خاڵێک کە پێویستە لێرەدا باسی لێ بکرێ، تاکخوازی و سروشتی مرۆڤایەتی لە لیبرالیزمدا شاراوەماوەتەوە. بێگومان هیچ جیاوازییەکی ئاشکرا و بێ پۆشراوەیی نێوان (تاکخوازی) و (کۆخوازی) بوونی نییە، ئەم واژانە زۆرتر هاندەری شاراوەن هەتا تیشک خستنە سەر شاراوەکان و ئاشکرا کردنیان. بێجگە لەوە، شێوەی جیاواز و وەرگرتنگەلێکی جۆراوجۆرمان لە تاکخوازی هەیە کە روانگە فەلسەفییە جۆرجۆرەکان ئەوانە رادەگەیێنن. دەرەنجام، بۆچوونگەلێکی جۆراوجۆر دەربارەی تاکخوازی، نێوان رەتکردنەوە و تەواو قبووڵکردنی ئاشکرای زەروورەتی دەست تێوەبردنی دەوڵەت، بێ کەلک و داماو ماوەتەوە.

بایەخی ئازادی

ئازادی بۆ لیبراڵەکان پلە و بایەخێکی حەیاتی هەیە. لەبەر ئەمە گرنگە، دەبێ سەرنج بدەینە ئەم وتەیەی مایکێل فریدین کە دەڵێ: (وردبۆنەوە لەمە کە باوەڕ بە ئازادی پرەنسیپی سەرەکی و کاڵکەی ئەندێشەی لیبرالی پێکدێنێ، راستییەکی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگرە. بەڵام باوەڕ بەمە بکرێ کە ئازادی هۆیە بۆ یەککگرتنی ئیدئۆلۆژی لیبراڵەکان، تاوانە. ئازادی، وەک هەموو واتاکان، هەڵوێستگەلی جۆربەجۆر دەگرێتەخۆ.[51] جیاوازی گرێبەستی دەروونی ئەم واتایەی، نێوان

ئازادی رووخاو و ویران و ئازادی بەردەوامە.[52] بێجگە لەمە، زۆر جار بەڵگە هاتووەتەوە کە ئازادی پایەدار بەراستی بەشێک لە لیبرالیزم نییە. بۆ وێنە، فۆن هایک ئاوابوونی لیبرالیزمی بریتانیا لە دەیەی ١٨٧٠ی لە پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ لێکدانەوەی دوو بارەی ئازادی دەزانی. ئێمە لەگەڵ لێکدانەوەی ئەم کتێبەدا نین.

ئەگەر ناوەڕۆکی لیبرالی کلاسیک بپشکینن، بە ئاسانی بە فیکرە رووخاوەکانی ئەوان دەگەین. نووسەرانێکی وەک بنژەمن کنستان، ئالکسی دووکوویل، هۆمبولت، سپێنسێر و سیج ویک و لەم دواییانەشدا ئابزایا برلین، هایک، میلتۆن فریدمن و رابرێت نووزیک، لایەنگری ئەم پێناسەن. کاتێک تاک ئازادە کە لەژێر زۆر و گوشاری تەنگانەی ئەندێشەدا بێ. بە شێوەی سوننەتی و میتۆد، هەرچەشنە تەداخولێکی دەوڵەتیان بە هۆکار بۆ بێهێزکردنی داهێنانی تاک و دەس درێژی بە ئازادی ئەوانیان زانیوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا واتای بەرتەسکی و سنووردارە. ئاشکرایە کە زۆر گرنگە بیخەینە روو کە ئایا دەست درێژی کراوەتە سەر ئازادی یان نا؟ بارودۆخێکی زۆر میزان بۆ ناسینی بەرتەسکی لە ئارادایە. یەکەم، بەرتەسکی زۆر ئاسایی بە خاوەنی سروشتی جسمانی دەزانین، وەکو لە بەندکردن یان بخرێتە بەر هەڕەشەی چەک. دووهەم: بەرتەسکی شتێکە لە دەرەوەی تاکە، واتە ئەمە کە X بەسەر Y دا بسەپێ. دەرەنجام، بەرتەسکی بریتییە لە کارێکی بەراورد کراوی گشتی. لەم روانگەوە، هیچ کەس ناتوانێ بە شێوەی راستەوخۆ و بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ، سنوور بۆ کەسێکی دیکە دیاری بکا و بەرتەسکی کاتەوە و ناچاری بکا. هایک وشەی (کردەوەی زۆر) بە واژەی خزی (بەرتەسکی) دەگۆڕی و بە باشتری دەزانێ. مەگەر ئەوەی کە ئاشکرا بێ کە (هۆکاری بەرتەسک کردنەوە) هەیە.[54] لێرەدا روون نییە کە بۆچی کردەوەی زۆریان بەرتەسکی دەبێ لە ئانقەست بن مەگەر ئەوە کە ئەم پێویستە ئاشکرا کرابێ.

هایک هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێ ئازادی لەگەڵ واتای سروشتی ئازادی تێکەڵ کەین. بێجگە لەوە، بێ دەسەلاتی، لە دەست دانی

ئامادەیی یان دەسەلات بە واتای بەرتەسکی و بێ شەرت و مەرج نییە. ئامادەیی، توانایی یان دەسەلات دەبێ هەل بڕەخسێنێ بۆ کەلک وەرگرتن لە ئازادی، بەلام لەگەڵ ئازادی هاوکێش نییە؛ لەبەر ئەمە، نابێ ئازادی لەگەڵ بارودۆخی بە دەست هاتوو و کردەوەی ئەو لێک بدرێ. ئەم هۆکار و بەڵگەیە ئەوە باسدەکا کە نەخۆشی، بە سالاچوون، بێهێزی یان ئیفلیجی لەش، نەداری، بێکاری یان لە دەس چوونی هەل و دەرفەت هیچ پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا نییە، چونکە بەرتەسییەکان بە ئانقەست نادرێتە قەڵەم.

ئەم بۆچوونە گشتییە دەربارەی ئازادی زۆرجار، گرێ دەدرێ بە بابەتی مالکییەتەوە. لەسەردەمی جان لاک بەدوا، بابەتی خاوەندارییەتی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئازادی پێک هێناوە. جان گرەی، بە پێڕەوی لە هایک، دەڵێ: (خاوەندارێتی تایبەتی سەرچاوەی ئازادی تاکە)[55] مالکییەت درێژەی مافی لەش دێتە ئاراوە. زۆرینەی هۆکار و بەڵگەی لیبرالەکان دەربارەی ئازادی، زۆرجار پێڕەوی ئیددعای (ئازادی) لە کردەوەی زۆرەملێ، یان بەرتەسک کردنەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە لە مافی لەش و خاوەندارییەتە. دەوڵەت، زۆر ئاسایی لەم کردەوە زۆرەملیەدا دەوری سەرەکی هەیە. دەربارەی سوننەتی یاسای بنەڕەتی ئەم کردەوە ئاشکرایە، چونکە زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە پێوەندیان بە یاسای بنەڕەتی دەربارەی حکوومەتی سەرەڕۆی نەگۆڕەوە هەیە، دەدوێن. ئەم ترسە لە کردەوەی دەوڵەتی سەرەڕۆ بۆ لیبرالە کلاسیکەکانی وەکو کۆنستان لە فەڕانسا، لە سەرەتای دەیەی ١٨٠٠، ترسێکی راستەقینە بوو، ئەو جۆرە کە بۆ لیبرالە کلاسیکەکانی سەدەی بیستەم کە دژی دەوڵەتی سۆسیالیستی بوون، ئەو چەشنە دەکەوتە بەرچاو.

لەگەڵ ئەم حالە، پاساوهێنانەوە بۆ ئازادی رۆخاو بەرینتر لە پشتگری خاوەندارییەتە. زۆرتر لایەنگرانی ئەویش حەز دەکەن ئیددعا بکەن کە هەم سەرهەڵدان پێویستە و هەم داهێنان. ئازادی رووخاو هیچ پێکهاتەیەکی ئەخلاقی تاکی یەک دەست بۆ تاکەکان پێشنیار ناکا. لە راستیدا گریمانە لەسەر ئەوەیە کە قبووڵ کردن، ئاسان و رێزگرتن لە گۆڕین و جۆراوجۆر دەس لێنەدراو بمێنێ. بەم

جۆرە، تاکخوازی باشەیە جۆراوجۆرەکان لە خۆ دەگرن. زۆر ئاسایی گوتراوە کە ئازادی پایەدار هاوکێش لەگەڵ ئەم کردەوەدا هەیە. هۆکار بەڵگەی لیبرالەکان دەربارەی بەرتەسکی هەتا ئەم رادەیە لە کردەوەدا رووڕاست و ئاشکرا نین، نیگەرانی گەورەی سەرەتای ویگەکان سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی، کە لەگەڵ میراتی سەرەڕۆیی لە حکوومەتا خەباتیان دەکرد، بەخشینی ئازادیە مەدەنییەکان دەربارەی وتار، مەزهەب وەکو ئەو بوو. خاڵ ئەمە بوو کە تێبکۆشن هەتا وەئەستۆگرتنی یاسایی بەرین بێتەوە. هێندێ لە ویگەکان و رادیکاڵەکان، دەیەی ١٧٩٠ ئەرک و بەرپرسایەتی بەرتەسکی ئازادیان بەرەو سیاسی بوون برد. هۆگری بە بەرەو چوونی بەرین کردنەوەی مافی راپرسی لە هەڵبژاردن سووڕی خوارد. لەگەڵ ئەمەدا، لە سەرەتای دەیەی ١٧٥٠شدا جەوساياتوکر کە لە ویگەکان بوو، بانگەوازی (شۆڕشی بەشکۆ)ی لە بواری ئابووریدا کردبوو. خوازیاری ئازادی ئابووری لە دەیەی ١٨٤٠ لەسەر بازرگانی ئازاد و پووچەڵ بوونەوەی یاسای دەغڵ و دان کۆبۆوەوە. لە لایەک لیبرالەکان، برایت و کابدن ئەم ئازادییە ئابوورییەیان بە پەرەسەندی ئازادی سیاسیان دەزانی. ئازادی بە واتای ئازادی لە دەسکەوتی سیاسی چینی بەکارهێنەری خاوەن زەوی بوو کە بە شێوەی دەسکرد نرخی کەرەسەی خواردەمەنی کە لەودا تووشی بێهێزی ببون، دەیانبردە سەرێ. داخوازی بۆ ئەم ئازادییە لە ئەنجوومەنی دژی یاسای دەغڵ و دان بە رادەیەکی زۆر چووەسەرێ.

لە دەیەی ١٨٧٠، زۆرلە لیبرالەکان، زۆرتر لە جاران نگەرانی بەرتەسک بوونەوەی تاک لە کەلتووری پیشەسازی بوون: زۆرتر نگەرانی لە بارەی ئازادییە کۆمەلایەتییەکانەوە بوو. ئازادی کۆمەلایەتی (وەک ئازادی سیاسی و مەدەنی) تەواوکەر و هەڵگری بەرین بوونەوەی سیستەمی دەوڵەت بوو. ئەو جۆرە کە یەکێک لە هاوچەرخەکانی سپێنسێر و توویە خەلک پێویستیان بە وەئەستۆ گرتنی فێربوون و پەروەردەی تەواو لە لایەن دەوڵەتەوە هەتا بتوانن لە بەلگە و هۆکاری سپێنسێر دەربارەی پێویست بە پووچەڵ بوونەوەی کێشەی دەوڵەت لە فێر کردن و بارهێنان بگەن.[٥٧]

ئەوەیکـە لـە بابەتەکانـدا دەبینـرێن، لـە بـواری گۆڕانکـاری بەرتەسـکیدایە. لـە سەردەمی ئادام سمیـت بـەدوا، ئاشـکرا کـردنی شـێوەی جۆراوجـۆر دەربـارەی بەرتەسکی یاسـایی لـە ئـارادابوو. ئەگـەرچی لیبرالـە کلاسـیکەکان سـەبارەت بـە کردەوەی بەربلاوی دەوڵەت رەش بین بـوون. بـەڵام ئـەوەی راسـتبێ، ئـەنجامی ئەوەیان بێ بوونی دەوڵەت بەلاوە گرنگ بوو. هەر ئەم خاڵە ئێـستەش دەربـارەی لیبراڵەکان رەنگدانەوەی هەیـە. تەنانـەت لیبرالـە کەمینـەخوازەکانی (minimalist) وەک رابرت نووزیک بە خەیاڵ و پێشبینی هەوڵ دەدا «دەوڵەتێکی هاوکێش» کە بە شێوەی سروشتی سـەر هەڵـدا و بـە شـێوەی خودبـەخود کـاری دابـین کـردن و خزمەت بگرێتە ئەستۆ.[58]

بەم جۆرە لە ئەندێشەی لیبرالیـدا، جیاوازییـە ئاشـکراکانی نێـوان بەرتەسـکی پاساوهەڵگر و پاساوهەڵنەگر دەکەوێتە بەرچاو. سێ خاڵ دەبێ لێرەدا باس بکرێ: یەکەم، برێک پەیوەندی نێوان ئەو کردارانەی کە لیبراڵەکان بەرتەسـکی دەکەنـەوە، دەبینرێن؛ دووهەم، بـرێک بەڵـگە لـە بـواری بەرتەسـکی پاساوهەڵـگر بـە دەسـت هـاتووە؛ سـێیەم، چـۆن کەسـێک بـێ ئـەوەی بەرتەسـکی پاساوهەڵـگر لـە جـۆرە تایبەتییەکانی جیاکاتەوە، چ شتێک بایەخدار و بە کەڵکە، دەتوانێ پێناسەی‌بکا؟

ئاشکرایە کە بەرهەمی ئازادی رووخاو هیچ چەشنە رێنوێنییـەک سـەبارەت بـە دەوڵەت و تێکۆشانەکانی ناخاتە روو. چ. ب. مەک فەرسۆن، بـۆ وێنـە دەربـارەی بەڵگەی پێناسەکراوی ئازادی رووخاو بۆ پـشتگری کـردن لـە سۆسیالیـستیمەدار، پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری لـە کۆمەڵـگە پیـشەسازییەکانی رۆژئـاوا سـوود وەردەگرێ.[59] ئەم کردەوە بە دژواری دەتوانێ لـە مێـشکی لیبرالـە کلاسـیکەکاندا باوەڕ بەدی بێنێ. جگە لەمە، هیچ کام لە لیبراڵە کلاسیکەکان ئەم پڕەنسیپە قبـووڵ ناکەن کە بەرتەسکی لە هەناوی ئەهریمەنێکدایە. کردەوەی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا بەناوی کردەوەی دەوڵـەت، پێویـستانە بەرتەسـک نییـە. بـرێکی زۆر لـە کـرداری دەوڵەت، دەکرێ بە گـشتی بـێکینـە و بـێزیـان بـێ. لـە راسـتیدا، بەرتەسـکی لـە ئەندێشەی لیبرالیدا میوانێکی گەڕۆکە. پەرەگرتنی کـارکردی ئـەو، ئـەو جـۆرە کـە پێـشەکی باسـی لێـوە کـرا، هـەمیـشە لـە خـولی سـەرەتای سـەدەی ئێـستەدا،

ئەندێشەگەلی لیبرالی نوێ بە مانەوەی خۆی درێژەی داوە. سروشتی هێندێ لە بەرتەسکییەکان پاساوهەڵگرن چونکە یارمەتی بە وەلاتانی بەرتەسکییە پاساوهەڵنەگرەکان دەکەن. بەتایبەت ئەمە لە کاتێکایە کە بێکاری، نەخۆشی یان پیری چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەو بابەتەی دوایی. لێرەدا ئاگاداری بزاڤی ڕەوای دەروونی لیبرالیزم هەین.

دەربارەی خاڵی دووهەم بە رادەیەک گرێ دراوە بە بەڵگەوە کە مومکینە بەو هۆیەوە بەرتەسکی بەربلاو بێتەوە. هێندێ لە لیبراڵە هاوچەرخەکانی وەک فۆن هایک و ئایزایابرلێن بەڵگەیان هێناوەتەوە کە واتای گشتی بەرتەسکی مومکین نییە دیاردەگەلێکی وەک نەداری یان بێکاری بگرێتە خۆ. هەر تەنیا (بەرتەسکییەکانی دەرەوە پایەدارن) کە هۆکاری بەرتەسککراوی ئانقەست دەگرنە بەر. بەم جۆرە. هیچ کەس ناڵێ نەداری یان بێکاری دەبێ لە ئازادیدا بن. ئەمە تاقە واتایەکە کە هایک لەو کارکردە هاوکێشەی (بەرتەسک) و (کردەوەی زۆر) قبووڵییەتی. بەم حاڵە، ئایا بەڵگەی پلەی یەکەم وجوودی هەیە کە بۆچی واتا بەرتەسکەکان کردەوەی زۆر دەبێ بەم شێوازە بەرتەسک ببنەوە؟ میگرێن و ژانەسەرە توندەکان، نەخۆشە تاقەتپڕووکێنەکان، نەزانین، لە دەستدانی دەستوبردەکان، ڕەجاڵی و ڕەبەنەماڵی و بێکاری لە ریزی بەرتەسکییەکاندان کە سەپاوە بەسەر تاکەکاندا. دەکرێ بڵێین ئەوانە ناچارن لە تێکۆشانگەلێکدا، کە لە رووی وێنە تایبەتییەکانەوە دەیدەن. بوونی ئیدعای لە تەنگانە کەوتن (بەرتەسکی دەرەوەی بەردەوام) هەم لە باری واتایەوە ناپەسندە و هەم لە باری مێژووەوە واتایەکی سەیر و نائاساییە. وا دێتە بەرچاو کە زۆربەی لیبراڵە کلاسیکەکانیش لەگەڵ ئەم ئەندێشە بەرتەسکەدابن.

لیبراڵەکان بەڵگەی گرێدراو بە بەرتەسکییەوە لە سەدەی بیستەمدا بە باشی بەرینیان کردووەتەوە، خاڵگەلێکی نوێیان پێوە چەسپاندووە. لێرەدا تووشی خاڵێک دەبین کە بۆچوونێکی باشتریان دەربارەی ئازادی هەیە. بۆ ئەوەی کە دەسنیشان بکرێ، لە هێندێ کردەوەکاندا چ شتێک بایەخدار و بەکەڵکە چۆن دەکرێ تێبگەین کە چ بەرتەسکییەک شیاوە؟ مەگەر ئەوەی کە کەسێک ڕوانگەی

توندڕەتیژی هەڵبژێرێ و بەڵگە بێنێتـەوە کـە هـەر بەرتەسـکییەک خـۆی لـە خۆیـدا بەرتەسکی شەیتانیە (کە زۆربـەی لیبرالـەکان ئـەوە بـە پووچـەڵ دەزانـن) و لـەو شێوەدا جیاوازی ڕواڵەتی نێوان بەرتەسکی پاساوهەڵـگر و پاساوهەڵـنەگر دابنـێ. بەم کردەوە مرۆڤ بە شێوەی چێژوئیـشتیای نێـوان کـردەوە جیـاوازی دادەنـێ، لەبەر ئەمە، دەستەوبەجێ لـە ئاماژەیـەک زیـاتر بـە ئـازادی ڕوخـاو، بـەولاترەوە دەچێ؛ بەم جۆرە، ئازادی لەگەڵ جـۆرە دیاریکراوەکـان لـە کـردەوەی بەکەڵـک و بایەخدار دەناسرێتەوە. ئەمە گریمانەی بەردەوامی واتای ئازادییە.

ت.ە. گرین لە دەیەی ١٨٨٠دا بەڵگەی هێناوەتەوە کە دەتوانین ئـازادی بـەناوی لە دەسدانی بەرتەسکی یان زۆر تێبگـەین. ئـەو بـاوەڕی وابـوو کـە (نـاکرێ هـەر جۆرێک کە دڵمان دەخـوازێ واتـای ئـازادی لێکدەینـەوە. نـاکرێ مەبەسـتمان لـە ئازادی ئەمەبێ کە کەسێک لەوە سوود بەرێ... بەم قیمەتە خەڵکان لەو بێ بـەهرە بن). ئازادی (دەسەلاتی ئەنجامدانی کردەوەی پایەداری سوود وەرگرتنە، شـتێکە کە ئێمە لەگەڵ خەڵکان بە شێوەی پێکەوە بوون ئـەوە دەخەینـە گـەڕ و لـە سـوود وەرگرتن شەریکین)[٦٠] ئەمەیـە خاڵـە گرنگـەکان کـە پێـشکەوتنی کۆمەڵـگە لەگـەڵ پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئازادییە بەراورد دەکرێ کە گرین بە بەراوردی ئەوە لەگەڵ پـەرەگرتنی لیبرالیـزم بـاوەڕی تـەواوی بـوو، بـەوەی کـە کۆمەڵـگە پێـشمەرجی کردەوەی ئەم ئازادییەیـە خۆنابـێ بـەواتای نـەبوونی ئـازادی خەڵـکانی دیکـەبێ. ئازادی لەگەڵ سوودی گشتی پەیوەندی هەیـە. بـەم چەشـنە، ئـازادی تـاک لەگـەڵ ئازادی کۆمەڵگە یەکسان بەرانبەرە.

لانی زۆری دەسـەلاتی گشتی ئەندامی کۆمەڵگە لەوەدایـە کـە باشـترینەکان بـۆ خۆیان هەڵبژێرن. بەم جۆرە، گرین باوەڕی بوو کە لە بواری ئازادی، چوونـە نـاو کاری فرۆش و بەکارهێنانی ئەلکۆل، شوێنی نیشتەجێ، کەرەسەی دەرمانی و پاک و خاوێنی. مەسەلەیەک کە پێوەندی بە کار و پیشەوە هەیە، خاوەندارێتی زەوی و فێرکردن و بارهێنان کارێکی پاساوهەڵگرە. ئەم کردەوانە ئەگـەریش زۆری لەگـەڵ بێ، بارودۆخی پێویست بۆ کردەوە ئازادییە ڕەسـەنەکان پێـکدێـنن. لەبـەر ئەمـە، دەبێ یاسا لە ژیانی کەسانێک کە کاری قورس تاقەت پڕووکێنیان هەیـە، تووشـی

نەخۆشی بێ خواردەمەنی بوون، یان شوێنی نیشتەجێ و فێرگەی خراپیان هەیە، ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

ئەم بابەتانە دەربارەی ئازادی بەردەوام لە زۆربەی نووسراوەکانی لیبرالی نوێدا رەنگدانەوەی هەیە. هەر ئەو چەشنە کە هێربێرت سامۆئەل دەڵێ: (ئەگەر مرۆڤێک بە هۆی نەدارییەوە بکەوێتە تەنگانە یان بکەوێتە ژێر گوشارەوە، ناچار بێکاری لەرادەبەدەر بکا، بۆ بەڕێوەبردنی ژیان هێمنایەتی نەبێ، ئازادی راستەقینە نەگەیوە بە حەقیقەت... مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازاد بێ، دەبێ لەم گرفتانە رزگاری بێ؛ لە زۆر شوێندا هەر دەسەلاتی یاسایە کە دەتوانێ ئەم گرفتە قورسانە لە ناو ببات. زۆر جار یاسا باشتر بە واتای ئازادی زۆرترە.[61] ناودارانی لیبرالی نوێ، هابهاوس، وینستۆن چەرچیل و ە. ە. ئاسکیب باوەڕگەلی ئەوتۆیان هێنابووە ئاراوە.[62] دەوڵەتە لیبراڵەکانی ساڵی ۱۹۰٦ هەتا ۱۹۱٤ لە بریتانیا و یاساگەلی خۆش بژیوی قبووڵ کراوی ئەوان لەبەر تێگەیشتنە لە ئازادی بوو. هەر ئەم هێڵە فیکرییەش لە هێندێ لایەنەکانی سوننەتی دیموکراتیکی کومەلایەتی سەدەی بیستەمدا کاریگەرییەتی بوو.

عەداڵەت و وەک یەکبوون

لە روانگەی لیبرالیزمی کلاسیکەوە، عەداڵەت هەڵگری پاراستنی فۆرمی گشتی میتۆدی و شێوەگەلی فەرمییە. ئەم جۆرە عەداڵەتە، پێکهاتەی هەمەلایەنە و دەسەلاتی یاسا دابین دەکا هەتا لە دەروونی ئەودا کەسانێک بتوانن بۆ لە دووگەڕانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پشتگری بکرێن. یاسا بۆ دەستتێوەردان لە تێکۆشان و هەڵبژاردنە تایبەتییەکانی مرۆڤ نییە. بوونی یاسا بۆ دابین کردنی بارودۆخێکە کە مرۆڤ بتوانێ لەودا ئاشکرا گەشە بکا. عەداڵەت گرێ نادرێ بە دەسکەوتی گەشە کردنەوە. دەست کورتی، نایەکسانی کۆمەلایەتی بێکاری خۆی لە خۆیدا بابەتی عەداڵەت نین. ئەم واتا گشتییە لە عەداڵەتا، (عەداڵەتی گۆڕین) ناو نراوە و گوتراوە کە جەوهەری ئەو شتێک دێنێتە ئاراوە کە مەبەستی لیبراڵەکانە لە عەداڵەت.[63]

عەداڵەتی گۆڕین لە بەرامبەر لەگەڵ عەداڵەتی دابەشکاریدایە کە زۆرینە ئەویان خراپ لە عەداڵەت لێکداوەتەوە. زۆرتر هەوڵی عەداڵەت بۆ بەکاربردنی دابەشکاری باش بوون و چلۆنایەتی ڕەنج و خەمی کۆمەڵگەیە. بەم حاڵەوە، بیرمەندانی وەکو فۆن هایک باوەڕی وایە کە قبووڵ کردنی پرەنسیپێک بۆ دابەشکاری بژیو لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. تەنانەت ئەگەر وەها پرەنسیپێک هەبێ، دەسەڵاتی بە هەقیقەت گەیاندنی ئەویان لە کۆمەڵگەدا نییە کە (بەهرەوەرگرتن لەو بە بوونی ئازادی تاکەکان لە کەلک وەرگرتن لە فێربوون و تواناییەکانی خۆی بۆ وەدەی هێنان پێوەندی بە ئارمانجەکانیەوە هەیە).[٦٤] دابەشکاری هەڵگری بوونی پرۆگرام و دارشتنی پرۆگرامە کە هەوڵ بدرێ پرەنسیپی خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنن. ئەم جۆرە ڕەوەندانە بە هۆی خۆخوازی و سەرەڕۆیی بوونی خۆی، بە شێوەی نەبوونی هەڵبژاردنیەوە دەبێتە هۆی بێ عەداڵەتی. ئەمە ناوەڕۆکی سەرەکی کتێبی فۆن هایکە بەناوی ڕێگای کۆیلایەتی بوو. هێربێرت سپێنسێر لە واتایەکا کە لە ئاوابوونی کۆمەڵگەی پیشەسازی بە کۆمەڵگەی کێشەخواز و شەڕخواز خستوویەتە دەرێ، ئەم کردارانەی پێشبینی کردبوو. کۆمەڵێک لە نووسەرانیش لە پشتی عەداڵەتی دابەشکاری تەنیا شارەزا بە ئارمانجی شاراوەی بەرچاو تەنگی بوون.[٦٥] بازرگان یان کارفەرمایەک کە لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو نابێ، ڕێگایەکی دیکە هەڵدەبژێرێ هەتا سەرکەوتنی کەسانێکی دیکە بێهێزکا و یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکان وەدەس هێنانی سامانی خەڵکە لە لایەن ماڵیاتەوە. بەڕای سپێنسێر، یەکێک لە گرنگترین گرفتەکان کە عەداڵەتی دابەشکاری دەیهەوێ بیتوێنێتەوە، ڕەنج و دەردێکە کە لە نایەکسانیەوە سەرچاوەی گرتووە؛ ئەم دەرد و ڕەنجە شتێکە چەشنی سیستمی بە ئاگا هێنانەوەی بیۆلۆژیکی لەشە. دەبێ پرەنسیپی نەخۆش، تەوەزەل، بێبەندوبار و بێکەڵک لە قاپووری لەش بخرێتە دەرێ. ڕزگاری ئەم جۆرە کەسانە لە لایەن دابەشکاری دووبارەوە سەرچاوەیەک بۆ ئەوان، باوکسالاری نابەجێ و ناشایستە و لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ڕەوەندی گشتی و بەکەماڵگەیشتووی کۆمەڵگە کاریگەرییەتی ئابووری هەیە.[٦٦]

ئـەو بەڵـگانەی سـەرەوە پێوەندییـەکی نزیکیـان لەگـەڵ بەڵـگە کەڵـک لێوەرگیراوەکـانی لـە بوارێکـا یەکـسانیان هەیـە. لیبرالیزمـی کلاسـیک رەواجـی بەربلاویان بە تێگەیشتن و دەرکی شـێوەی وەک یـەکبوون بەخـشی. نایەکـسانی بەناوی واقعیەتێکی سروشتی یان دەرنجام بەرهەمە بەدەس هاتووەکانی جیـا لـە تایبەتییە. یەکسانی لە رووبەڕووی یاسادا بەپێی مافی مەدەنی کـارێکی بنـەڕەتی بوو. یەکسانی ئابووری بە واتای دەسرەسی یەکسان بـە بـازاڕ بـوو. هـەموو بـۆ پێڕەوی لە بەرژەوەندی و هۆگری خۆیان دەبێ لە ئازادی یەکسانی، لە رادەیەکـدا کـە دەسـت درێـژی نەکرێتـە سـەر مـافی کەسـانێکی دیکـە، بەهرەمەنـدبن. لـەم روانگـەوە، یـەک یـەکبوون خوازیـاری دۆزن هـەوڵ دەدا کـە لـە لایـەن کۆشـشی دەوڵەتەوە بە دابەشکارییەکی باشتری سامان بگا. ئەمە ترسێک بوو کـە سپێنـسێر لە (کۆمەڵگەی کێشەخواز) بووی. سپێنسێر لە ساڵی ١٩٠٣ بەڵگەی هێناوەتەوە کـە ئامـانجی (یەکـسانی مـرۆڤ نییـە). بەڵـکو یەکـسانی شایـستەگییەکانی ئـەو بـۆ ئـەنجامی زۆرتـرین و باشـترین کۆشـشە.[٦٧] پێـڕەوی لـە ئەندێـشەی بەرامبـەری بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایـەتی ناچـار رەوەنـدی بـازاڕ بێهێـز دەکـا و ئـازادی قەڵاچۆ دەکـا. بـەم جـۆرە، ئـازادی هەمیـشە لەگـەڵ یەکـسانی لـە کێـشەدایە. بـە بۆچوونی زۆرینەی لیبراڵە کلاسیکەکان، پیرەوی لە ئەندێشەی یەکسانی بنـەڕەتی هەمیشە بە کردەوەی زۆر و ملهوڕی لە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ.[٦٨]

بە پێچەوانە رەخنەگەلی کۆمەڵێک لە لیبراڵە کلاسیکەکان لـە واتـا گـشتییەکانی عەدالەتی دابەشکاری و یەکسانی بنەڕەتی، ئاشکرایە کـە فیکـرە ناوبراوەکـان لـە سوننەتی لیبرالیدا پێگەیەکی باوەڕ پێکراویان هەیە و فیکری رادیکاڵـگەلێکی وەکـو تام پـین دەکرێتـەوە. ئـەو جـۆرە کـە گ.ف. گـاوس نووسـیویە: (هـەموو لیبراڵـە مەدەنییەکان راولێز و ستوارت میل، بەڵگە دێننەوە کە دەبێ کەش‌وهەوا بـۆ گەشـە و پێکەوە بوونی یەکسانی بەدی بێنن و بیخەنە بەردەم کەسانێکی دیکـە)[٦٩] ئەگـەر بیسەلمێنن کە هەر کەس مافی یەکسانی بۆ ئازادی بەرامبەر هەیە، ئازادی بـەناوی ئەنجامی کردەوەیەکی دەسەڵاتی بـە بایـەخ دەرک بکـرێ، لـەو شـێوەدا دەلیـل و

بەلگەی لیبرالی دەگۆڕدرێ. لەوانەیە بـە ئەسـتۆگرتنی ئـازادی بەرامبـەر هەلـگری دابەشکاری سەر لە نوێ بنەڕەتی لە لایەن دەولەتەوەیە.

لیبراله دواکەوتووەکان دەیانی کە پەرەنگ پەرەنگ بوونی ناشایـستی سـامان ناعادلانــە و بــێ ئینـسافانەیە و ڕێچارەیــەک لــە لایــەن بەرتەسـکی دابەشـکاری سەرلەنوێ بوونی هەیە. ئەوانـە نەیاندەویـست سیـستەمـی بـازاڕی بێهێـز بکـەن، بەلکو هەستیان دەکرد کە دەکرێ کاریگەرییەتی ئەوە هاوکێش بێ. ئەو جۆرە کـە ت.ە. گرین دەلێ: (جەماوەرێکی بەکەم زانراو، ئەگەر کەس لێیان نەپرسـێ یـان لـە رووی دەروون پاکی خۆیانەوە خۆوراستان بکەوێتە ئەستۆ، دەکرێ خۆی بەرینی کاتەوە). [70] لیبرالیزمی دواکەوتوو پێویستە بە شێوەی دابەشکاری سـەرلەنوێ، بـە هۆیی ئازادی رەسەن، یەکسانی و عەدالـەت بـسەلمێنێ. ئـەم ئەندێـشە بێخەوشـە لەگەل پێچراوەیەکی زۆر لە سالەکانی ئاخردا لە ئەندێشە کۆمەلایەتییە لیبرالەکانی جان راولێزدا لە دووی گەراون. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، فیکرە لیبراله نوێکـان لە بارەی لانیکەمی هەق دەست، بیمـەی پـاک و خـاوێنی و دەرمـانی و بێکـاری، بژیو و خواردەمەنی لە قوتابخانە، مووچەی دانشتنی کاتی بـە سـالاچوون وەکـو ئەمانە دەسکەوتی ئەم هێلە فیکرییە بوون. ئەمە بزاڤێک نەبوو بەرەو سۆسـیالیزم، بەلکو زۆرتـر بـەرین بوونـەوەی بەلـگەکان دەربـارەی مافـە یەکسان و ئازادییـە بەرمبەرییەکان بوو.

ماف و دیموکراسی

پێگەی مافە سروشتییەکان لە ئەندێـشەی لیبرالیـدا زۆرینـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ بیرمەندێکی وەکو جان لاک. لە پشت مافـە سروشـتییە رەسـەنەکانەوە، کۆمەلـێک ئەندێـشەی شـکۆداری یاسـای سروشـتی و جۆرێـک خوداباوەڕی سروشـتی گەشبینانە بوو کە جیهانی هەستی بە بەروبوومی یاسـاکانی خـودا کـە فـام بـڕی پێدەکا، دەزانی. ئەم مافانە جیاواز لـە کۆمەلـگە، گـشتی و بەشـێک لـە سروشـتی مرۆڤ دەدرایە قەلەم. بە خـاوەن بـوونی ئـەم مافانـە و ڕێزگرتنیـان، پێـشمەرجی گەشەکردنی مرۆڤ دێتە ئاراوە.

مافه سروشتییەکان، لە دەستی جان لاک، لەو گرنگتر، موستەعمەرەنشینەکانی ئەمریکایی و شۆڕشە فەڕانسەوییەکان، بوون بە باوەڕی رادیکاڵ و بەدی هێنەری نیگەرانی و پێناسەی نارەزایەتی دایمی سەبارەت بە حکوومەت دامەزرا. ئەم باوەڕانە حەز و مەیلێک بوو کە لە لایەن کەمینەکان، تاقمە بنەچەیەکان، ژنان و رووت رەجاڵەکەنەوە دەست و بردانە لە داخوازییەکانی ژیانەوە بوو بە داخوازی خاوەندارییەتی، بەیانی ئازاد، بوو بەسەربەخۆیی سیاسی و ئازادی مەدەنی. زۆربەی رادیکاڵەکان، وەکو تام پەین، خوازیاری ئەوە بوون کە ئەم مافانە بەیەکەوە هاوکێش و یەکسان نەبوون. لە ئەمریکای باکوور کە سەرکەوتووەکان و براوەکان لە سەرەتای بەشێک لە مافە سروشتییەکانی مالکیەت دەدرانە قەڵەم، مافی ئازادی و مافی خاوەندارییەتی بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە کەوتنەڕوو.

داخوازی یەکسانی بنەڕەتی هەڵقولاوەی مافە سروشتییەکان، سەرەنجام کاری کردە سەر بزاوتە سۆسیالیزمەکانی دوا خولی سەدەی نۆزدەیەم. لایەنێکی دیکە لە بەڵگە پێوەند دراوەکان بە مافە سروشتییەکانەوە، سەریهەڵدا و راپەڕی و بوو بە پشتگری مافە خاوەندارییەکان و پێی لەسەری داگرت. بە جۆرێکی دیکە، مافە سروشتییەکان گۆڕان و بوون بە پشتگری زوڵمی ئابووری و کۆمەڵایەتی. د. گ. ریچی ئەم پێکهاتەی (شێوەیەکی دیکەی لە رێگایەکەوە زانیوە کە پارێزکارانی بەرەیەک مومکینە ئەندێشەگەلی رادیکاڵەکانی بەرەی پێشوو بە دەست بێنن).[٧٢]

واتای گشتی مافە سروشتییەکان، بەتایبەت مافە مالکییەتەکان، لە دوا خولی سەدەی نۆزدەیەمدا بە شێوەیەکی زیرەکانە لە لایەن تاقمێک لیبرالەوە فۆرمیان گۆڕی. ت.ە. گرین تەئکیدی دەکرد کە ئەندێشەی (حاڵەتی سروشتی) جیاواز لە کۆمەڵگە، ئەندێشەیەکی درۆزنە. مرۆڤەکان خوڵقێنەری کۆمەڵگەی سروشتن. مافی (سروشتی) بەر لە کۆمەڵگە وجوودی هەیە. مافەکان هەمیشە هاوپێواری بە فەرمی ناسینی شیاوە دەستوورییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا هەن. بەم جۆرە، گرین مافە سروشتیەکانی بە شێوەیەکی کورتترکراوەی ئەو مافانەی دەزانێ کە هەم لە سوودی تاک و هەم لە سوودی کۆ بەهرەمەندە. بە بۆچوونی گرین، ئەوانە بارودۆخی روخاوی راستی و توانایەکان و دەسەڵاتەکانی تاکن.

وەهـنا بەڵـگەگەلێک بەتايبـەت پێوەنـد دەدرێ بـە مەسـەلەی مافـەکانی خاوەندارییەوە. ئەو جـۆرە کـە پێـشتر ليبرالـە کلاسـيکەکان تەئکيـديان کـردووە، خاوەنداری پێشمەرجی بەربڵاوی پێشکەوتنی تاک دەدرێتە قەڵەم. دەسـتتێوەردان لە خاوەنداری تاوانێکی ناپەسـندە لـە مافـەکان و ئازادييـەکان. بـەم حاڵـەوە، ئـەم بەڵگەيە لايەنێکی ديکەی هەيە. ئەگەر خاوەنداری پێشمەرجێکی گرنگی پێـشکەوتنی مرۆڤ دەدرێتە قەڵەم، کەواتە کۆمەڵگەی ئازاد ئەخلاقەن ئەرکی خۆيەتی گەيشتنی هەر کەس بە مالکييەت مسۆگەر بکا. لە لايەکی ديکـەوە، لايـەنگری سپێنـسێر يـان هايک مومکينە وەک رەتکردنەوە بڵێن بەرامبەری تەنيا لە دەسکەوت يان دەرفـەت دەبێ مسۆگەر بکرێ. هيچ نابێ پێش بە بەشداريکردنی تـاک بـێ لـە بـازاڕ، بەڵـکو دەرئەنجامی کار، چ سەرکەوتوو و چ ناسەرکەوتوو، تايبەتەن پێوەندی بـە تاکـەوە دەبێ. بە شێوەيەکی ديکە، باوەڕ بە بايەخی خاوەنداری بۆ پێشکەوتنی تاک هەڵگر و هاوپێواری دابەشکاری سەرلەنوێی بەربڵاوتری سامان و رەواجی خـاوەنـداری لە نێو هەموو مەدەنييەکانە. تاک پێشمەرجی خاوەنداری دەدرێتە قەڵەم.

لايەنگرانی روانگەی رووخاو ئيدعايان دەکرد کە بەڵـگەی نـاوبراوی سـەرەوە هەڵگری هەموو مافـەکانی مالکيەتـە کـە گريمانـە لەسـەر درز نـەبردنی ئەوانييـە. هێندێ لە ليبراڵە نوێکان رێگايەکيان لە دەوروبەری ئەم ناوەڕۆکە رەچاو کردووە. سەرەتا ئەمەيە کە، دەبێ ئەوانە بە نـاوی شـياوی کومەڵـگە قبـووڵ بکـەن. ئەگـەر کۆمەڵـێک خەڵـک نـاتوانن وزە شـاراوەکانی خۆيـان بخەنـەڕوو، کەواتـە ئـەم خاوەندارييە مافێکی رەسەن نييە، چونکە پێوەنـدی بـە سـوودی گـشتی و قبـووڵ کردنی کۆمەڵگەوە هەيە. ناتوانی ئازادی خەڵک داگير و زەوتکەی و ئازادی خـۆت بە دەستبينی. ئەمە لە لايـەک و لـە لايـەکی ديکـەوە ئەگـەر مالکييـەت پێـشمەرجی ئازادی بێ، کەواتە هەموو ئەندامی کۆمەڵگە دەبێ بۆ دابينکـردنی سـوودی گـشتی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ کە ئامێری ئازادی بـۆ گـشت مەدەنييـەکان خۆيـان دەبـێ پێکی بێنن. دەرەنجام ئەمەکە، ئەمجا نێوان خاوەنداری بۆ کەلک، يان خـاوەنـداری بە مافی وەدەست هاتوو، مالکييەت بـۆ دەسـەڵات، کـە لـە دەسـکەوتی رەنـج بـۆ نەکـشاوی، بەدەسـت دێ، بـاس لـە بەشـکردن دەکـەن. خـاوەنـدارێتی بنـەڕەتی،

خاوەندارێتی جۆری یەکەم نەک خاوەندارێتی جۆری دووەم. ئەم بەڵگە باسی لە پانتایەک بۆ سامان دەکرد کە دەیتوانی بۆ دابەشکاری سەرلەنوێ کەڵک لەوە وەرگرێ. لە راستیدا سوودی بایەخەکان سامانێکە کە باهێناویە. ئامانجی سەرەکی پرۆژەکانی لیبرالی دواکەوتوو کە ماڵیات بەندی هێور هێوری دەهێنا ئاراوە.

دەبێ قبوول کرێ کە لیبرالە کلاسیکەکان بە گشتی لەگەڵ باوەڕی مافە سروشتییەکان هەستیان بە هێمنایەتی نەدەکرد. لە سەدەی نۆزدەیەمدا لایەنگرانی بێنتام ئاشکراترین وێنەی دەسپێکی بابەتی رووخاوی مافە سروشتییەکان بوون. لە روانگەی پێڕەوانی بێنتامەوە، مافە بنەڕەتییەکان بەربڵاوکردنەوەیەک بوون بۆ پشتگری لە بەرژەوەندی، کە لە کۆتاییدا پێشمەرجی زانیاری قازانجی دەدرایەقەڵەم. مافە سروشتییەکان پێشتر لە بنەڕەتیبوون یان پێشتر لە کۆمەڵگە بوون، بوونی نەبوو، بێنتام ئەم جۆرە مافانەی (کردەوەی ناپەسندانەی تاک کە پێی دارینی هەیە) باسی کردووە. لەم سەدەدا، لیبرالگەلێکی وەک هایک هەڵوێستی نزیکتر بە کانتەوە کە هەڵوێستی یاساپەرستانە و میتۆدخوازانەی دەربارەی مافەکان، قبوولی دەکا. بە وتەی جان گرەی، ئێمە لە بەرهەمەکانی هایک (زۆرتر لە ناوەڕۆکی مافەکانی لیبرالی لە بارەی رەنگدانەوەی داخوازی عەداڵەت لێک جیا دەکەینەوە... هەتا پێداچوونەوە و تێرامان دەربارەی بەرینبوونەوەی مافە باسکراوەکان لە لایەن جان لاک، لە حاڵەتێکی سروشتی و خەیاڵی)[٧٣] ئەم جۆرە بەڵگە هەمیشە پێشمەرجی جیاکردنەوەی نێوان (ماف) و (سوود)ە. کارکردی مافەکان، دابین کردنی چواچێوەی کردار و عادلانەیە کە تاکەکان بتوانن لە دەروونی ئەودا سوودی خۆیان بدۆزنەوە. ئەم واتا گشتییە لە ماف هیچ واتایەکی تایبەتی لە سوود پێشنیار ناکا[٧٤]. لەگەڵ ئەمەدا، ئەو (مافە)ی کە لە لایەن کانتەوە هاتووتە ئارا، رەخنەگران و بیرمەندانی وەکو مایکێل سەندل توێژیویانەتەوە.[٧٥] لەم ئاستەدا، تا رادەیەک، وەک گەڕانەوەیەک بۆ ناوەڕۆکەکانی لیبرالە ئامانجخوازەکان، ت. ە. گرین هەست پێدەکرێ کە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەیان بە

شێوەی شێلگیرانە دەگرتە بەرچاو و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەیان لە وتووێژێکدا سەبارەت بە مافە جۆراوجۆرەکان بایە، بە سیلەی چاو بۆی دەڕوانین.[٧٦]

لێرەدا بابەتێکی گرنگتر، پێوەندی لیبرالیزم لەگەڵ دیموکراسییە. گریمانە لەسەر ئەمە کە لیبرالیزم چۆن پێوەندییەکی زاتی لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە. ئەم شێوە گشتییە زۆر لە ڕێ لادەرانەیە. سەرەتا، ئەمەکە، لیبرالیزمی کلاسیک زۆر ئاسایی جیاوازی لەگەڵ دێموکراسی هەیە. شێوەیەک لە دێموکراسی، دێموکراسی پاڕلەمانی، بەناوی یەکێک لە ئامێرە بنەڕەتییەکانی لیبرالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا قبووڵ کراوە و ناسراوە. دوای پێدرێژی دێموکراسی هاوبەشی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسا، لیبرالەکان، بەتایبەت لە فەڕانسا، هێندێ باوەڕیان بە دێموکراسی راستەقینە پەیدا کرد. لە بریتانیا، ویگەکانیش هۆگری دێموکراسی نەبوون. ویگەکان، بە پێچەوانەی شەبەیخوونەکان، جارنەجار خۆیان بە رازی بوون و حاکمییەتی خەلک، هێشتا لە بارەی دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە ناخەوە دەرئەنجام خواز بوون. لە راستیدا، نەبوونی ئەم هۆگرییە بە پەرەپێدانی مافی راپرسی لە سروشتی هێندێ لە نووسەرانی لیبرال، لە سەدەی بیستەمیشدا مابوو.

سەرەڕای ئەمە، لایەنێک لە سوننەتی لیبرالیدا بوو کە خوازیاری پەرەسەندنی مافی راپرسی بوون، بەناوی بنەمای مەدەنیەتی خاوەندار./ لایەنگرانی بێنتام بەرینکردنەوەی مافی راپرسیان بە ئامێرێکی سوودمەن بۆ بە دەست هێنانی زۆرینەی بەختەوەری لە لایەن بەرتەسکی و هاوکێش کردنی بەرژەوەندی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەدا دەزانی، بە جۆرێک کە چ بەرژەوەندی وەیشوومەی سەرمایدا و چ بەرەڵلای ملهوڕ دەرفەتی دەسەلات وەدەست نەهێنن. ئەم جۆرە بۆچوونە لە دیموکراسی، نەفێر کردن و بارهێنان بوو و نە سروشتی شیاو سازدەری بوو، بەلکو لە پرەنسیپی بەرژەوەندی خاوەندارییەت پشتگری دەکرد.

جان ستوارت میل رەنگە گەشبینترین بیرمەند دەربارەی دێموکراسی بووبێ. و باوەڕی بوو کە دێموکراسی دەتوانێ کاریگەرییەتی سوودمەند و بە کەڵکی لەسەر پێشکەوتی مەدەنییەت هەبێ. ئەم روانگە تەواکەرە دەربارەی دێموکراسییە کە بەلای کۆمەڵێک لە لیبرالەنوێکانی وەکو گرین، هابهاوس و دیویی شەوە

دەکرێ بدۆزرێتەوە. بەم جۆرە، لە سەدەی بیستەمدا گومان و دڵەراوکێ دەربارەی دەور و نیاز بە دیموکراسی لە نێو لیبراڵە کلاسیکەکاندا کەم و زۆر لە ئارادایە. بۆ هێندێ لە لیبراڵەکان، کێشە لەگەڵ دیموکراسی ئەمەیە کە دیموکراسی پێویستانە نابێتە هۆی بەدیهێنانی سیاسەتە لیبرالییەکان. جەفەرسۆن ئەم کێشە و گرفتەی لە سەدەی هەژدەیەمدا هێنایەوە بیر و بەڵگەی لەسەر هێناوە کە لە بەرامبەر دیموکراسییدا (مومکینە تا رادەیە، بەڵام بەپارێز) پێویستە. هایکیش دیموکراسی و ئازادی بە خاوەنی ئارمانجە جۆراوجۆرەکانی دەزانی کە رەنگە لەگەڵ یەک هاوکێشیان هەبێ یان نەیان بێ. دیموکراسی پشتگری بەرتەسکی رەنگە لایەنگری ئازادی بێ، بەڵام مەترسی گەلێک لە ئارادایە. هایک دەڵێ: رەنگە ئەمە راستە کە دیومانە ملیۆنەها لەوانەی کە لە راپرسیدا بەشداریان کردووە و رای خۆیان دەربڕیوە، راستەوخۆ،خۆی بە دەستی فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ سپاردووە بە بەرەی ئێمە حاڵی دەکا کە هەڵبژاردنی یەک کەس بۆ دەسەڵات پێویستانە ئازادی مسۆگەر ناکا.[٧٧]

ئابووری

هەموو لیبراڵەکان بایەخی بازاڕی ئازادی ئابووری دەزانن. بەم حاڵەوە، دەربارەی جەوهەری ئەوە بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. گومانە کە ئایا پێگەکانی ئەو پێوارەی کارتێکراو و کارایەکانیشی پێ زانراوەیان پێوارەی بایەخی ئەو لەسەرکەوتنی ئەو لە ئازادیدایە. ئەو جۆرە کە ئالبرێت هیرشمن گوتوویە، لە دەورەی زایین بەدوا، مرۆڤ بە بوونەوەرێک ناسراوە کە لەژێر دەسەڵاتی هەوا و هەوەس و حەزەکانی خۆیدا بووە. مەسەلە ئەوەیەکە لەگەڵ ئەم هەوا و هەوەس و حەزانە چۆن هەڵسوکەوت بکەین. ئەو ئەندێشە جۆراوجۆرانە کە کەوتوونە بەر لێکۆڵینەوە، واتە: پاکتاو قەڵاچۆکردنی هەوا و هەوەس، بە کەڵک وەرگرتن لە هەوا و هەوەسی دژ و تۆڵەئەستێن لە جێگایەک کە ئەوین بە چێژ بردن لە رێڕەوی ئەوین بە پێشکەوت بەرتەسک بێتەوە؛ لە کۆتاییدا، دەمبێن کردنی هەوا و هەوەس لەگەڵ هەوڵی بێ تاوانانە یان هەوڵی کۆمەڵایەتی بێ زیانە. هیرشمن نیشانی دەدا

که چۆن وشەی (هەوا و هـەوەس) بـە شـێوەی زیرەکانـە گـۆڕاوە و بـووە بـە وشــەی (بەرژەوەنـدی). ئـەم بەرژەوەندییـە سـەرەنجام گـۆڕاوە و بـووە بـە بەرژەوەندی ئـابووری و بـەکاوخۆ لـە ژوورەکـانی شـۆڕای دەوڵـەتەوە ڕێـی ئـابووری دەگرێتەبـەر و دەیدۆزێتـەوە. سـوود (بـە کۆکردنـەوەی مـاڵ، پـارە دروست کردن عەتا کرا بوو، واتایەکی دەروونی پۆزەتیڤ و دەرمـانی)[78] پـارە دروست کردن و کۆکردنەوەی سامان بە چاویلکەی بـێ تـاوانی سـەیر دەکـرا. سـات و سـەوداگەران و بازرگانـان کەسـگەلێکی هێـدی و هـێمن و مەسلەحەتخواز و بێ زیان دەناسران. زۆرکەس لەسەر ئەو باوەڕە بـوون کـە باشترە ڕۆحی بازرگانی بخرێتە جێی ڕۆحـی سـەر کـەوتن. هـەموو، بەتایبـەت ئادام سمیت، دەربارەی ئاسەواری بازرگانی ئازاد لەسەر شارسانییەتی مرۆڤ گەشبین بوون.

ئادام سمیت ئەگەرچی بـە گـۆڕان و پێشکەوتنی بایەخـە بازرگانییـەکان بـە ڕاستی هۆگر بوو، دەربارەی بەرهەمـەکـانی ئـەو لەسـەر پـاکی و باشـییەکانی شەڕ و سیستەمـی شارسـانیەتیش نیگـەران بـوو. بایـەخی ئـابووری ئـازاد لـە لێهاتوویی ئەو بۆ بەربەست کردنی هەوا و هەوەس لەغاوی پساند بوو. بێجگـە لەمە، زۆر لە لیبرالەکان، لە تام پین بە دوا، بەشداری لـە بـازاڕ و خـاوەنـدارێتی دارایی بە هۆکاری سەرهەڵدانی پلەی مەدەنی دەزانی. لەبەر ئەمە، هەڵـچوونی ئازادی و کارایی پێویستانە کارتێکراوی یەکەم بـازاڕ نییـە. لـە ڕاسـتیدا، دەلیـل گەلێکی زۆر لە ئارادایە کە بۆچی ئابوورییەکانی بازاڕی ئـازاد دەبـێ بایەخـدار بدرێتە قەڵەم؟ ئەوانە خۆراگرِ و باوەڕیان بە نەفسی خۆیان هەیە. ئەوانە ئاشتی و سیستەمیان بە دیاری هێناوە. هێندێ بیرمەند خودبەخود بایەخ بە سیستەمـی بازاڕ: هێندێکی دیکـە ئاکامـەکانی ئەوانـە بـە بایەخـدار دەزانـن. توندڕەوترین ئەندامی تاقمی یەکـەم، لوودویـک فـۆن میـزس، دەڵـێ: بازاڕەکـان بـە شـێوەی تێبینی و چاوپۆشی لە ئاکامەکانی خۆی، باشن. هەڵبەت لیبرالگـەلێکی زۆر لـەم هێڵە فیکرییە تایبەتە پێڕەوی دەکەن. یەکێک لە هۆکاری برێک بە ئازار لە پـشت ئەندێـشەی هاوئاهـەنگی سروشـتی ئـابووری ئـازاد ئەوەیـە کـە زۆر جـار

ئەندێشەیەکی متافیزیکی نادیار لە بنەڕەتی باسەکەدا بوونی هەیە. نووسەرێکی وەکو سمیت بوونی دەسێکی نادیـار بـە شـێوەی خـودا باوەڕانـەی سروشـتی خۆبینانە دەبینێ. ئەوچەشنە کە دەردەکەوێ خودا بە راستی رووداوە خود بـە خودەکانی بازاڕی لەژێر دەسەلات و بەرگێڕەوەی خۆیدا دەبوو. جگە لـە فـۆن هایک کە لە واتای گشتی کە لـە سیـستەمـی خـود بـە خـودی یـان گۆڕینـەوەی ئابووری ئازاد خستیەڕوو، هەوڵیدا بارودۆخی ئەم متافیزیکە دیـاری بکـا، ئـەم هۆکارە بەلای زۆرینـەی لیبرالـە نوێکانـەوە بـەردەوام و بـڕاوە و بـێ چەنـد و چوون ماوەتەوە.[79]

بڕێک لە لیبرالەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەردەمی زێڕینی ئابووری لیبرالی لە ئارادا بووە. تەنانەت هێندێ رەخنەگریش لەگەڵ ئەو باوەڕە بوون.[80] زەمانێک ئەویان ناو نـابوو سـەردەمـی ئـابووری ئـازاد. تـاقمێکیش باوەڕیـان وابوو کە هیچ فەلسەفەیەکی یەکگرتوو لە دەستتێوەردانی دەوڵەت هەتا نیـوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم فۆرمی نەگرتووە. پڕەنسیپی بەبـڕەو و بـەردەوام بریتی بوو لە دەسـتتێنەوەردانـی ئـابووری ئـازاد. وەبیرهێنانـەوەی ئـەم خاڵـە گرنگە کە ئابووری ئازاد[81] هیچ کـات لیـبرالی نـەبوو. ئـەم فیکـرە پـاش دەسـت پێکـردنی، بـەگرژی لـە لایـەن پارێزکارانـەوە پەسـند کـرا لـە نیـوەی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە هەمیـشە بـە شـێوەی دەورانی کەڵـکیان لـێ وەرگرتـووە. بـە بۆچوونی لیبرالەکان لە سەدەی رابـردوودا، ئەمـە ئـامێرێکی بەکەڵـک بـوو بـۆ سوود وەرگـرتن دژی خـاوەن ئیمتیـاز و دەسـت بـەسـەرداگـرتن. ئـابووری ئازادی مەکتـەبی مەنچـستێر کـە لایـەنگرانی ئـەو بـە دەسـت بـەسـەرداگـری سەرمایەداری خاوەن زەوی کە دەسەلات و ئاگالێبوونی مەودای خواردەمەنی سەرەکی لە بەردەستی ئەواندا بوو، لێی ئاگادار بوون، باشترین سـوودیان لـەو ئەندێشە وەرگرتبوو و سەرمایەداریان بە شەیتانی گەورە ناودێر دەکرد. ئەمـە واژەیـەکی دژی دەرەبەگایـەتی بـوو. هـەر وەکـو پێـدا هەڵـگوتنەکەی خـودی ت.ە.گرین، زۆربەی چارە رەشـییەکانی بریتانیـای دەخـستە ئەسـتۆی بنەماڵـە خاوەن زەوییەکانی نۆمەنەوە.

هەرچەند کەسایەتییەکانی وەکو هێربێرت سپێنسێر لە ئارادا کە لەگەڵ بابەتی ئابووری ئازاد پێوەندییەکی نزیکیان هەیە و بەو ناوە دەناسرێن، بەڵام هێندێ ڕێکخراوەی وەک ئەنجوومەنی پشتگری لە ئازادی و خاوەنداریتی لە ڕاستیدا پڕە لە پارێزکارانی وەکو بەرپرسی خودی لۆرد و میس و باوەڕیان بەم کارە بوو. تەنانەت رەخنەگرانی تاکخوازی توندڕەوی ئەنجوومەن، ئابرۆن هێربێرت، ژیانی سیاسی خۆیان لە حزبی پارێزکار دەسپێکرد. ئەگەرچی ئابووری ئازاد لە سالی ١٨٣٠ بە دوا لە زۆربەی ئاخاوتنە گشتییەکان و خەڵکیدا لیبرالی وجوودی هەیە، لە دەیەی ١٨٨٠دا، لە بزاوتی پڕەنسیپی ئەندێشەی لیبرالی چووەدەرێ و هەرگیز ئاوڕی نەداوە. لە ڕاستیدا، زۆر لە بیرمەندان گومانیان بوو کە ئایا ئەم فیکرە بە کردەوە لە ساڵەکانی نێوان سەدەی نۆزدەیەمدا بوونی بووە یان نا؟[٨٢]

کۆمەڵێک لە لایەنگرانی لیبرالیزمی کلاسیک، لە نزیکایەتییەک کە خۆیان بە جیا لە لیبرالیزم دادەنێن، بەڵگە دێننەوە کە هەموو لیبرالەکان، وەک لایەنگری بێنتام، وردە وردە لە ڕێی ئەندێشەی خۆیانەوە دەسیان لە ئابووری ئازاد کێشاوە و دڵیان هۆگری دەستتێوەردانی دەوڵەت ببوو. لە ڕاستیدا ئەم فیکرە لە ڕێ لادەرە. ئەگەر بکەوینە تۆژینەوەی هۆکارەکانی لیبرالیزمی سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم، لە هۆگری ڕوو بە پەرەگرتنی هەمیشەیی و لەسەرەخۆی بە دەوری دەوڵەت دەگەین.[٨٣] لیبرالە دواکەوتووەکان بەرینکردنەوەی ئەم رەساڵە گشتییەیە و قبووڵی کردووە کە هەر مەدەنییەک وەک یەک بەهرە لە مافە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئابووری، سیاسی و کەلتووری هەیە و وەردەگرێ. ئەم ڕەوەندە هەڵگری دەستتێوەردان و کۆنترۆڵی ژیانی ئابوورییە. ئەو جۆرە کە ج.ئا. هابسن دەڵێ: (کۆنترۆڵەکان .. هەرگیز خۆی بە ئەندێشەیان هێڵی فیکری ئەم تاکخوازە بیر تەسەکە ئابوورییە ئازادە نەبەستووەتەوە).[٨٤] بە بۆچوونی لیبرالە دواکەوتووەکان، بەرینبوونەوەی هەرێمی دەوڵەت، هەمیشە فرەبوونی ئازادی تاک دەگرێتەوەخۆ. دەبێ بوترێ کە هیچ کام لە لیبرالە دواکەوتووەکان هەوڵیان نەدا بیری ئابووری ئازاد

لەبیربەرن. زۆرینەی ئەوان بەر لە ساڵی ١٩١٤ دەیان ویست سەرمایەداری بکەن بە ئەخلاقی. دەربارەی لیبراڵە ئابووری زانەکان، کینز لە دەیەی ١٩٣٠، تەئکیدی جۆراوجۆر بوو و زۆرتر دەربارەی ئابووری رووخاوی سەبارەت بە سەرپەرشتی دەوڵەت لەسەر سیستەمی بازاڕی ئەودا هەتا کارکردی ئەو زۆر بکا و لە بێکاری و نەداری کەم کاتەوە و بەم شێوە، لێهاتوویەکانی بەهرەوەرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری هێنائاراوە. لە دەیەی ١٩٢٠، ئەمە بوو بە کالکەی پڕەنسیپی لیبرالیزمی نوێ کە لووتکەی ئەو ساڵی ١٩٢٨ بڵاوبوونەوەی کتێبی داهاتووی پیشەسازی بریتانیا بوو. ئەم کتێبە کە بە هۆی رەنگی روو بەرگەیەوە بە (کتێبی زەرد) بەناوبانگ بوو. پرۆگرامێکی بەربلاو لەژێر چاوەدێری کارکردەکانی دەوڵەتدا بوو کە کارگەلێکی سوودبەخشی گشتی، زایەڵە و دەنگدانەوەی خاوەندارییەتی، بەرینبوونەوەیماڵیاتی پلە بە پلە و هاندان بۆ پاشەکەوتی دەگرتەخۆ. بەگشتی جۆری سەرمایەداری گەلاڵەگیراو و سەرپەرشتی دەخستەڕوو. وا وێدەچوو کە خودی کینز زۆر شارەزای بابەتی نەبوونی و هەژاری نەبووبێ، سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی کۆ لەمەڕ هەژاری لە راپۆرت دەربارەی بیمە کۆمەلایەتییەکان و خزمەتگوزاری هەمەلایەنەی هاودەنگ لە ساڵی ١٩٤٢ لە لایەن و.ه.بەوریج بڵاو کراوە و کەوتە بەر باسێکی هەمەلایەنە کە بنەماکانی سیستەمی دابینکردنی کۆمەلایەتی لە بریتانیا دەهێنا ئاراوە. ئاشکرایە کە لیبراڵە کۆمەلایەتییەکان یان نوێ، گۆڕانکارییە گەورە سیاسییەکان لە بواری کۆمەلایەتی و ئابووریدا لە بریتانیای سەدەی بیستەمی هەتا دەیەی ١٩٧٠ی هێنابووە ئارا و پەرەیان داوە. ئەم بەرینکردنەوە سیاسییە کۆمەلایەتیانە پێویستانە دژایەتی لەگەڵ لیبرالیزمی کلاسیک نییە. پەرە و راپەڕینی پلە بە پلەی ئەندیشەکان لەسەرانسەری سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمدا بوونی بوو کە بە هۆی پەرەسەندنی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە هێڵە فیکریەکانی ئابووری کۆمەلایەتیدا.

سیاسەت و دەوڵەت

واتای گشتی لیبرالی دەوڵەت لە سوننەتی فیکری زۆر دێرینەتر لایەنگری لە دەسەڵاتی یاسا سەرچاوە دەگرێ. لیبرالیزم لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە سەرنجی داوەتە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی یاسا و یاساخوازی. هەڵبەت، زۆربەی نووسەرانی سەرەتای یاساخوازی هیچ چەشنە وەرگرتنێک لە زۆربەی ناوەڕۆکەکان کە ئەمڕۆ بە بەشێک لە لیبرالیزم دەزانین نەبووە. بەڵام لیبرالیزمی سوننەتی یاساخوازی تێر و تەسەل کردووە و بەکردەوە زۆر زۆر خۆی لەگەڵی هاوپێناسە ناساندووە. دڵگەرمی سەرەکی ئەم سوننەتە یاساخوازە، وەکو لیبرالیزم، بەرتەسک کردنەوەی پەراوێزی دەوڵەت، وەڵامگۆ و بەرپرس زانینی ئەو لە ئاست کردەوەی خۆی و وەئەستۆگرتنی هێندێ لە بایەخە تایبەتییەکان لە لایەن ئەوەوە دەسەبەر کراوە.

دەڵێن لیبرالیزم خوازیاری وجوودی دەوڵەتی لانیکەم بووە، دەوڵەتێک کە ئەرکەکانی بە دابینکردنی سیستەمی ناوخۆ و دەرەوە بەرتەسک دەبۆەوە و لە نێوان پانتا تایبەتی و گشتییەکاندا جیاوازی داناوە. هەرچەند کۆمەڵێک لە لیبراله کلاسیکەکان بە شێوەی دەروونی تووشی هێندێ کۆڵانی دوودڵی و دڵەڕاوکێک دەربارەی چۆنیەتی بەرتەسککردنەوەی دەوڵەت بوون، ئەم راستییە ئەوانی ئیفلیج کردبوو کە یاساخوازی و لایەنگری لە دەسەڵاتی یاسای لیبرالی ئەندێشەیەک لە بابەتی دەوڵەتەوە و پێوەندی بە سوودی گشتییەوە هەیە. مەرجی پێویستی بەرتەسکی، وجوودی خودی دەوڵەتە. سنووری ئەگەر و گریمانەی ئێستەی نێوان گشتی و تایبەتی، بێوچان لە گەڕ و گۆڕاندایە. دەوڵەتی لیبرالی بە شێوەی فەرمی وەئەستۆی دەگرێ کە بۆ هەرێمە تایبەتییەکان دابنێ و ئەوە بپارێزێ، بەم حاڵە، ئەو جۆرە کە لە بەشەکانی پێشوودا دیمان، هیچ پێوەندییەکی دیارینەکراو یان بەرچاوتەنگییەک بۆ جیاوازی نێوان تایبەتی و گشتی لە ئارادا نییە. ئاشکرایە کە لە کاتی شەڕ و ئاڵۆزیدا، دەوڵەتە لیبرالەکان، بەناوی کارێکی سروشتی و ئاشکرا. سنوورەکان دەگۆڕن.

لێرەشدا، وەکو باس دەربارەی ئابووری، سەرنجی لەسەرەخۆ و روو بە گەشەی لیبراڵەکان لەسەرانسەری سەدەکانی نۆزدە و بیستەم سەبارەت بە دەوری پۆزەتیڤی دەوڵەت ئاگادارین. بەڵگەی لیبراڵەکان لەم بارەشەوە کەسانێک کە لە نێوان هۆگری بە ئانارشیزم داماوانە مابوونەو، هۆگرییەکیان بە دەوڵەت نەبوو یان ئەوەیان بەلاوە زەروورەتێکی تاڵە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، کەسانێک کە دەوری باش و چالاکانەیان بۆ سەرکەوتنی تاکی رەسەن و باشی مەدەنییەت گێراوە، کەم و زۆری هەیە.

کەسایەتییە مەدەنییەکان (مینیمالیست) وەکو ئابرۆن هێربێرت، لایەنگری راستەقینەی دەوڵەتی ئیختیارین. لیبراڵە نوێترەکانی وەک رابێت نووزیک لایەنگری دەوڵەتی کەمینە و بەرتەسک کراو لەگەڵ مافە سروشتییەکانن. بەلام لیبراڵە لایەنگرەکانی هایک، بە هۆی کەمینەخوازییەوە رەخنەیان لە نووزیک گرتووە.[85] هێربێرت سپێنسێر دەوڵەتی بە (کومێتەی مەدەنییەتی) تاڵ، بەلام پێویست دەزانی. ئەو تۆمارێکی دوور و درێژی لەسەر ئەوەی کە (نابێ) دەوڵەت ئەنجامی بدا، دەیخستە روو. سپێنسێر کۆمەڵێک لە یاساکانی بریتانیای بە بەلایەکی بێوێنە دەداتە قەڵەم: هێزی یاسا دادەمەزرێن هەمیشە جۆرە یاسایەکی هێناوەتە ئەرا و لەسەریەک هەڵی چنیون هەتا نوقسانییەکانی یاسا پێوەکانی تۆڵە بکاتەوە. وەها دەوڵەتێک لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی لە لایەن پەروەردەی بەسراو بە جەماوەر و بێهێزکردنی لەسەر پێوەستانی تاک، گەشە دەکا. لەبەر ئەمە، بە بۆچوونی سپێنسێر، دەوڵەت نابێ نیگەرانی یارمەتی بە هەژاران، دانانی یاسا بۆ کارخانەکان، پاک و خاوێنی و دەرمانی گشتی، ئاوەڕۆ و واکسیناسیۆن بێ. بە پێچەوانەی هۆمبولت، ئادام سمیت و مالتۆس، سپێنسێریش دژی هەر چەشنە دەخاڵەتێکی دەوڵەت لە بواری فێرکردن و بارهێنان بوو. ئەو لەگەڵ (ئەنجوومەنی پەرستاری بریتانیا) و (ئەنجوومەنی میللی بەرگری لە کردەوەی خراپ لەگەڵ منداڵان) بەو ناوە کە تاقمێکی لە رادەبەدەر (کۆ)ن کە تاکخوازی بێهێز دەکەن، هەروەها دژی بوو. لە لایەکی دیکەوە، سپێنسێر لەگەڵ کۆنترۆڵی

دەوڵەتی دەربارەی یاساتۆمەتییەکان و هاودەنگ کردنی تێکەڵاوی و ناپاکی، هات و هاوار و دووکەڵ دابوو، پرۆژەی گشتی کردنی زەوی لە لایەن دەوڵەتەوە دەبوونە هۆ کە هێندێ لە لایەنگرانی لێی دڵسارد ببنەوە.

وەها دوو لایەنەیەک سەبارەت بە دەوڵەت لە ئەندێشەی لیبراڵە فایدە باوەڕەکانیشدا دەبینرێ. بێنتام، ستوارت میل و سیج ویک، بە پێچەوانەی باوەڕی ئاشکرای بە بەرتەسک کردنەوەی دەوڵەت، پلە بە پلە ئەرکێکی زۆرتری بۆ ئەو لەبەرچاوگرت، ئەو جۆرە کە، لە وتەکانی سپێنسێریش بەولاترەوە چوون. زانیاری قازانج باوەڕ ئیزنی بە قازانج باوەڕەکان دەدا کە بۆ لێکدانەوەی دامەزراندنی یاسا چالاکانە دەست بە کاربن. هیچ بوارێکی زاتی بۆ دژایەتی لەگەڵ چالاکییەکانی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا ئازاد نەبوو. هیچ کام لە لیبراڵەکانی کێشوەری (ئەورووپا)، وەکو کۆنستان، لەگەڵ کەمینەخوازی سپێنسێر بەر بەرەکانێی نەدەکرد. کۆنستان و تۆکوویل زۆرتر بە دوی رزگاری بەرتەسکییەکانەوە لە لایەن بەدیهێنانی هاوکێش و هاوێرکردنی دەسەڵاتەکان لە دەروونی پێکهاتەی دەوڵەتەوە بوون. ترسی گەورەی ئەوان گەشەی دیکتاتۆڕی خەماوەری خەڵکی و ئابوابوونی ئازادی تاک بوو. لیبراڵە کلاسیکە دواکەوتووترەکان، هایک، لەگەڵ دەوڵەتی زۆر کەمینەخواز یان تەنانەت کەمینەویست بە واتای نووزیکی ئەونین، ئەگەرچی لە بێنتام بە دوا لەگەڵ سوننەتی قازانج باوەڕی دژایەتیان هەیە.

لەبەر ئەمە، روانگەی پۆزەتیڤ تری دەوڵەتی نە بەرهەمی زووتێپەڕی کوتوپڕ و نە ئەنجامی دووبارە رادەربڕنی سەرەکی لە ئەندێشەی لیبرالی، بەڵکو دەسکەوتی بزاوتی لەسەرەخۆ لە دەروونی ئەندێشە لیبراڵەکاندایە. باشتر ئەوەیە کە بڵێین ئەم بزاوتە تا رادەیەک بیرمەندانێکی وەکو گرین یان تاوداوە. واتای گشتی ئیدەئالیستی لە دەوڵەت، ئەو بەخاوەنی رۆڵێکی ئەخلاقی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگە دەناسن. دەوڵەت هەر تەنیا نەهادێکی راستەوخۆ نییە بەڵکو پێکهاتەیەک لە ویست و ئارەزووە مەدەنییەکانە کە ئەو پێکدێنێ. دەوڵەت هەستی ئۆرگانێکێکە لە بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکانی مرۆڤایەتی

بەدیهاتووە، ئەو ئارمانجانەی کە لەگەڵ تاکی راستەقینە و ئازادی پەیوەندییان هەیە. ئەو ریکخراوانەی کە لە نێو دەوڵەتان پێناسەی ئارمانجە ئەخلاقییەکانن. واتا و بایەخەکانی دەوڵەت پێوەندی بە بەرەو باشتربوونی ئەندامەکانی ئەوەوە هەیە، بەم جۆرە، هەڵگری واتای تاکخوازانەیەکی گرنگە و ئازادی تاک دەگیرێتە ئەستۆ و دەسەبەری دەکا. هەرچەند ئەم ئازادییە هاوکێشی ئەوەیە کە دەوڵەت بارودۆخی پێویست بۆ گەشەو پێشکەوتنی هەموو مەدەنییەکان پێک بێنی.

ئەم فیکرانە، کارکردە رادیکاڵترەکانی ئەندێشەی قازانج باوەڕانە و تەواوکەرن، کەواتە سەرهەڵدانی لیبرالیزمی نوێ لە بریتانیا بوونی هەبووە. بە بۆچوونی بیرمەندانێکی وەکو هابسۆن و هابهاوس، کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بوو. دەوڵەت هەر بۆ ئەو نەبووە کە تاکەکان لە لەمپەری چالاکییە ئابوورییەکان رزگار بکا، بەڵکو بۆ بەرەوپێشچوونی ژیانێکی مەدەنییەتی ژیاری دەورێکی باڵای هەیە. لیبراڵەکان لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ هیچ کات بەتەواوی لە دەوڵەت رازی نەبوون. رووداوی دوو جەنگی جیهانی یەکەم لە سەدەی بیستەم و دەست تێوەردان و لەسەر پێوەستانی دەوڵەت لە پانتا بەرین جۆراوجۆرەکان، بەراستی بیری ئەوانی چەواشە کردبوو. ئەم دڵتەنگییە لە بریتانیادا لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای ئەو بۆ لیبراڵەکان کەوتە قالب و قەوارە و فۆرمی راستەقینەی بە خۆوە گرت، بەتایبەت دەربارەی مەسەلەیەکی وەک خزمەتی سیستەمی سەربازی لە ناخەوە تاڵ بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم دژە نارەزامەندەیە لە دەوڵەت هیچکات نەبووە هۆی ئەوە کە بۆ سەرکەوتنی ئازادی، بەرابەری دابەشکاری، چوارچێوەی یاسایی بۆ پێوەندی ئابووری، بەرەوپێش بردنی ئابووری تێکەڵ و دابینکردنی هێندێ کەلوپەلی گشتی کەڵک وەرنەگرن. دەکرێ لەم واتادا دەوڵەت بە رێخراوەیەک بزانرێ کە دەسەلاتی هەیە ژیانێکی لە بار و باش بۆ هەموو مەدەنییەکان دابین بکا.

دەرەنجام

ئێستە سەبارەت بە هێندێ رەخنەی گەورە دەدوێین کە رەنگە داگیرکەرانی ئەندێشەی لیبرالی بگرێتەبەر. کۆمەڵێک لەم رەخنانە دەگەرێتەوە بۆ زەینی گشتی لیبرالی، برێکیش بە شێوەی تایبەت رەخنەیان لە ئیدئۆلۆژی لیبرالی هەیە. بۆ ئاسانکاری، ئەم رەخنانە بە سێ ئاخاوتنی سەرەکی دابەش دەکەین: رەخنە لە زەینی تاکخوازانە، رەخنە لە واقعییەت و ئەندێشەی ئیدئۆلۆژی لیبرالی، دەرەنجام هێندێ فیکر دەربارەی لایەن و لووتکەی ئەندێشەی لیبرالی لە سەدەی بیستمەدا. رەخنە لە زەینی تاکخوازانە کۆمەڵێک بەڵگە دەگرێتەوەخۆ کە بە شێوەی کورت کراوە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین. بەر لە گشتی ئەوانە، گوتراوە کە لیبراڵەکان لە کۆکردنەوەی هەر چەشنە واتایەکی ئاشکرا و واقیبینانە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی تووشی گرفتێکی فراوان بوون. هەم سۆسیالیستەکان و هەم پارێزکارەکان رەخنەیان لەوان گرتووە و بە ساویلکەی کۆمەڵناسی تاوانبارکراون. ئەگەر لیبرالیزم بە تاکە بنەڕەتییەکانی ئەزموون بە ناوی بەشێکی نەگۆڕ باوەڕی هەیە، چۆن دەتوانێ فۆرم بە واتای کۆ ببەخشێ؟

ئەگەر کەسێک هەوڵ بدا هەتا ئەندێشەیەکی رەسەن دەربارەی تاک کۆبکاتەوە، ئایا دەسی لە کارێکی نەشیاو وەرنەداوە؟ چونکە دەبێ ئەمە بە گریمانەیەک کە هەر دەسەڵاتێک ناچارە رەزامەندی هەر تاکێک بە دەسبێنێ. بەکردەوە لیبراڵەکان هەرگیز وەها بەڵگەیەک ناهێننەوە، لەم رووەوە، لەگەڵ هەڵوێستی گشتی بەڵگەکانی خۆی دەکەوێتە دژایەتی و ناسازگاری. ئاشکرایە کە زۆربەی لیبراڵەکان ئامادەی قبووڵ کردنی ئەم خاڵە بوون کە دەبێ تاکەکان بکەونە ژێر گوشارەوە کە ئەمەش رواڵەتەن لەگەڵ پێشمەرچی تاکخوازی ئەوان بەتەواوی جیاوازی هەیە. هەر ئەم میتۆدە، هێندێ لە رەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەن کە لیبراڵەکان تێدەکۆشن بە شێوەی نهێنی هاوکاری ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی بێننە ئاراوە. هایک پاش وتوێژێکی درێژخایان دەربارەی گرنگی بەرپرسایەتی تاک و جیاوازی ئەو لەگەڵ بەرپرسایەتی کۆ، لە رووبەڕوو

بوونەوە لەگەڵ مەنتقی بەڵگەی خۆی حاشا دەکا و تێدەکۆشێ کۆمەڵگە بە کۆمەڵێک لە گرێبەستە ئەخلاقییەکان بداتە قەڵەم کە وا بیری لێ کراوە هەموو بێ بیرکردنەوە ئەوە دەسەڵمێنن. دەکرێ ئەمە بە جۆرە فێڵ و تەڵەکەیەک دابنرێ. لە لایەکەوە، باشترین لیبرال، کە جیهان لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی سازگار ئەداتە قەڵەم، رەنگە بە چاوپۆشی لە نرخ ناچارن بیدەن، بە کەسانێک کە تاقەسواری تاکباوەڕی بن.

ئەگەر کۆکردنەوەی بەرژەوەندی تاک لە دەوری یەک ئەستەمە، کۆکردنەوەی ئەندێشەیەکی شادی هێنەر سەبارەت بە سوودی گشتی یان ئاشت کردنەوەی دەسەلاتدارانی تاک و کۆکارێکی نەگونجاو نەشیاوە. چۆن دەکرێ ئەوانە لە دەوری یەک کۆکرێتەوە؟ گۆڕینەوەی بەرژەوەندی تاک لەگەڵ بەرژەوندی گشتی، کە لە کۆتاییدا وەک هەمیشە دادەسەپێنرێ، بۆ کۆکردنەوە نابێ. سەرجەم، وادەردەکەوێ کە لیبرالەکان، ئەگەرچی رێز بۆ تاک دادەنێن، بە راستی ئامادەیی تەواویان بۆ جەماوەری کردنەوەی مەنتقی تاکخوازی نییە. تاکخوازی لە بنەماترین واتای خۆیدا هەڵگری خۆخوازی و ناوەندخوازی لە هەموو مەسەلە ئەخلاقی و راستییەکانە، رواڵەتەن، هیچ رێگایەک بۆ جیاوازی نێوان راستی تاک و بەرژەوەندی درۆ نایەتە بەرچاو. بەڵگەیەک هەیە کە بۆچی هەتا ئەم رادە بابەتی ئەخلاقییە پێچەوانەکان لە ئەندێشەی لیبرالیدا هاتووتە ئاراوە؟ ئایا دەتوانین وەها سەقەت و ناتەواویەک، قەتڵ لە رووی بەرزیەوە یان دایکێکی ناوبژێکەر مەحکووم بکەین؟ ئایا مافی ئێمەیە پرنۆگرافی (وێنە هەڵگرتن لە ئاورێشم) بقرتێنین؟ گرنگی و بایەخی تاکەکان و ئازادی ئەوان لە پشت ئەم پرسیارانەدا شاراونەتەوە.

بێهێزی بنەڕەتی رەخنە لەم بوارەدا ئەوەیە کە هەر کۆمەڵێکی بەرتەسک لە لیبرالەکان دەگرێتەبەر. جۆرێک تاکخوازی کۆمەلایتشی لە ئارادایە کە لە لای زۆربەی نووسەرە لیبرالەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەدوا پەیدا دەبێ کە ناچار نین وەلامی ئەم پرسیارە بدەنەوە چونکە هەندێک لە بایەخە کۆمەلایەتییەکان لە

پێکهاتە و تێکەڵاوی کۆمەڵگەی تاکی قبووڵ کردووە. دەرەنجام، ڕەخنە مومکین نییە هەموو سوننەتەکانی لیبرالی بە ناوی گشتی بگرێتەخۆ.

دووەمین دەستەی ڕەخنەکان دەگرێتەوە سەر ڕاستی و گومانی ئیدئۆلۆژی لیبرالی. ئەم ڕەخنانە دەکرێ هەڵگری هێندێ دژایەتی بێ. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە لیبراڵەکان ڕێز بۆ ئازادی کەسانێک دادەنێن کە توانای کەلک وەرگرتنیان لە ئازادی نییە، مەدەنییەتی یەکسانی بۆ هەمووان رادەگەیێنن و ئەوە بۆ زۆرینەی بێ زیان پێکدێنن. لیبراڵەکان لەم بارەوە زۆرتر هۆگری مافە مەدەنییەکانن هەتا خەڵکی برسی. ڕەنگە زۆربەی لیبراڵەکان بڵێن ئامادەن کە لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا لە برسان بمرن هەتا ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی سەرەڕۆ و خۆخوازدا باش برێوە بچن، ئەمە خۆی سەرنج ڕاکێشە. لیبراڵەکان لەگەڵ بڕێک واژەی بەتام و چێژ لە بایەخی خاوەندارییەتی دەدوێن، بەڵام لە کۆتاییدا لە لایەن ڕێکخراوە ئابووری و بازاڕییەکانی خۆیانەوە، ئەمە بۆ ملیۆنان کەس ڕەت دەکەنەوە. لە ڕاستیدا لە لیبراڵەکان، بەتایبەت لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەیەم، بە هۆی کردەوەی خراپیانەوە لەگەڵ هەژاران و زگبرسییەکان ڕەخنەیان لێی گیراوە. هەر ئەوەندە بەسە وشە و کردەوەکانی دەوڵەتی لیبرالی سەردەمی گرانی گەورەی ئیرلەند، یان دیتنی بیچمی وەک مالتۆس دەربارەی کرێکارە هەژارەکان بێننەوە یاد هەتا ئەم ئەندێشەیە بسەلمێنرێ. لیبرالیزم بایەخە هاوبەشییەکانی مرۆڤ رادەگەیێنێ و پاشان دەکەوێتە پێداهەلگوتنی خۆخوازی تاکخوازانە، هەڵوێستێک کە بەتایبەت لە بابەتی ئاین ڕەند دەربارەی پلەی خۆخوازی بە وردی کورت کراوەتەوە. لیبرالیزم هۆگری یەکسانی یاساییە، بەڵام نەک یەکسانی لە مالکییەت یان دەسەڵاتدا. ئەو لە نێوانی مالکیەت و یەکسانیدا جیاوازی دەرفەتەکان دانانێ. بە بۆچوونی هێندێ لە ڕەخنەگران، لیبراڵەکان لە ڕادە بە دەر لەگەڵ لایەنی پۆزەتیڤی چاپەمەنیدا بوون. ئێستە ئەوەی کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ واقعییەتی پشت ئەندێشەکان یان لانیکەم لایەنە خراپەکان بەراوردی لایەنە باشەکان چاویان لێ بکرێ.

ئازادی یان مەدەنییەتی یاسای بەرامبەر بۆ تاکی هەژار و برسی یان نەخۆش و دەردەدار کەلکی چییە؟ چ سوودێکی هەیە؟ لیبرالیزم ئەوە نابینێ کە خاوەنداریتی نایەکسان دەتوانێ بە دەسەڵاتی نایەکسان بگا و لەبەر ئەمە، پێوەندی رووبەڕووبوونەوەی ومرۆڤ زیان بگەیێنێ. نەداری بە جۆرێک بە تاوانی خۆد تاک زانراوە. تاکی نەدار خۆی بەرپرسی وەزعی خۆیەتی. لەلایەکەوە، مالکییەت بە کارێکی بنەڕەتی زانراوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە سیستەمی سەرمایەداری قبوول دەکا کە زۆربەی تاکەکان لەوە بێ بەهرەبن؛ بەم هۆیەوە، قسەکردن دەربارەی خاوەنداریتی تاکەوە دەست درێژی ئاشکرایە بە مافی تاکەکان. بەم شێوە کەسی نەخۆش یان کۆخنشین کە دەمرێ ئازادە و هیچ نابەرابەرییەک سەبارەت بەو رووی نەداوە. ئێستا کە میلیارد دێرێک کە دەبێ پلەبەپلە و هێورهێور مالیات بدا، بووەتە قوربانی نابەرابەری. رابرێت نووزیک مالیات بەپێی سامانی جۆرێک کاری زۆرەملی و کۆیلەتی باس دەکا. تاقمێکی زۆر لەم جۆرە دەرەنجامانە تالی و ناخۆشیان چێشتووە.

کۆمەلێک لەم رەخنانە دەگەڕێتەوە بۆ لیبراڵە کلاسیکەکان. هەر بەو چەشنە کە لەم بەشەدا دیمان، واتاگەلێکی جۆراوجۆر لە ئازادی، مەدەنییەت، مافەکان و خاوەنداریتی نێوان لیبراڵە جۆربەجۆرەکان بەبرەو بووە. رەنگە کەسانێک وەبیری بێنێتەوە ئەو تاقمە لە لیبراڵە کۆمەلایەتییەکان کە بەلگەیان دەهێناوە ئازادی تەنیا هەر بە واتای لێدە و برۆی تاکەکان نییە بەلکو بۆدابینکردنی ژیانێکی باش و بەکەلکی ئەوان، لە ئالوگۆڕێکی دوور نوێن دەخاتە بەرچاو.

دەستەی کۆتایی رەخنەکان دەگەێنەوە بۆ چارەنووسی لیبرالیزمی سەدەی بیستەم. باوەڕی یەکسانی و ئازادی لە هێندێ رێکخراوەی رێکەدا کە دەبوو کەلک لە یەکسانی وەرگرن، خراونەتە پشتگۆی و پاشقول دراون و لێیان شاراوەتەوە. ئەو جۆرە کە روگجی یرۆ گوتوویە: (لەژێر پۆششی لیبرالیزمی جیهانیدا، بورژوایی پلەیەکی وەکو ئەوە کە سەردەمێک سەرمایەداری شانازی پێوە دەکرد، شاردوویەتەوە، بەم چەشنە کۆششی پرۆلیتاریاکان بۆ لە ناو بردنی پلە نوێکانی، هەرچەند کە لە روالەتا دژی لیبراڵییە، بەلام لە راستیدا

لیبرالیزمێکـی بـەربلاوتری بـە دیـاری هێنـاوە).[٨٦] هـەتا سـەدەی بیسـتەم، جەماوەرێکی فرەی کرێکـار و ژنـان لـە بەرژەوەنـدی مەدەنییـەتی لیـبرال، لـە بابەتی یەکسانی مافی سیاسـی، کـەلتـووری، ئـابووری و کۆمەلایەتییەکانـەوە بەش براو کـرا بـوون. لەگـەڵ پـەرەگرتن و بەرینبوونـەوەی ئـەم رێکخراوانـە، سروشـتی لیبرالیـزمیش گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە. سـەرەتا ئـەم کـارە دەربارەی رێکخراواکـانی چـینی کرێکـار بـوو و پاشـان لـە سـەدەی بیستمدا سـەبارەت بـە ژنـانیش پـەرەی سـەند. بـەم جـۆرە کـە روگجـی یـرۆ بەلـگەی هێناوەتەوە، هاوکاری روو بە گەشەی لیبرالەکان لەگەڵ رێکخراوە کرێکارەکان لە دەیەی ١٨٩٠ (راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەلـخوازی سیاسـی نییـە، بەڵـکو ریـشەی لـە قـوولایی زەروورەتـە دیموکراسـییە نوێکـان دایـە)[٨٧] دەبـێ ئـەو پرسیارە بکرێ کە ئایا ئەم رەوەندە هێشتا لـە ئەندێـشەی لیبرالیـدا بەردەوامـە یان نا؟

لەم بەلگەدا خولانـەوە و سـووڕخواردنێکی زۆرتـر رووی داوە. لـە دەیـەی ١٩٣٠ تاقمێـک لــە مارکسیـستەکان بـۆ رەخنــەگرتن لــە لیبرالیـزم بەلـگەیان هێناوەتەوە کە لیبرالیزم نەیتوانیوە بەم بەرینکردنەوە سروشـتییە سـەرکەوتنی لە مەنتقی خۆیدا هەبێ، چونکە سەلماندنی ئەم کارە پاشەرۆژێکی گـەورەی بـۆ سیستەمـی سـەرمایەداری و بەرهــەمی لانیزۆری سـوود و مالکییـەت هەیـە. لیبرالیـزم بـەوەی نەزانییـەوە کـە (دیموکراسـییەتێکی سیاسـی کـە ئـەو بـەدی هێناوە لەسەر ئەم ئەگەر و گریمانـە بـاس نـەکراوە دارژاوە کـە خـاوەنـداریتی تایبەتی کەرەسـەی بەرهەمێنـانی دەسـت لێنـەدراو راگـرێ)[٨٨] ئـەو بەرادەیـەک نیگەرانی شێوەی سیاسی بوو کە لە بابەتی پرۆژە ئابوورییەکان کە ئەمـە بـوو کە بەدووی کەرەسەیەکدا بگەڕێن هـەتا هـەموو هەرسـەکان بوەسـتێن. دەڵـێن ئەوان ئەم کەرەسەیان لە وجوودی فاشیزمدا دۆزیوەتەوە. فاشیزم پشتگری لە کۆکردنـەوەی سـەرمایە دەکـرد و بـزاوت و هەسـتانی پـرۆلتاریای سـەرکوت دەکرد. بەم چەشنە سیستەمی فاشیستی (تکنیکی بەردی بناخەی سەرمایەداری لە قۆناغی سەرهەلدانی دژایەتییەکانی ئەوە)[٨٩] هەڵبەتە ئەم بەلـگانەی لیبرالیـزم

به مەرامێکی روو لە ئاوا بوون دەزانرێ کە پێوەندی بێپسانەوەی بە شێوەی تایبەتی بەرهەمێنانەوە هەیە. کۆتایی پێیهاتنی سەرمایەداری بە واتای کۆتایێ پێیهاتنی لیبرالیزمە. بێهێزی گەورەی ئەم بەڵگە ئەوەیە کە شی ناکاتەوە بۆچی فاشیزم لە دەیەی ۱۹۲۰ لە وڵاتێک سەریهەڵدا کە سوننەتێکی لیبرالی زۆر لاوازی بوو؟ (ئاڵمان) و لە بەراود لەگەڵ بریتانیا، بەردی بناخەی پیشەسازی سەرمایەداری ئەو زۆر ریشەدار نەبوو؟ (ئیتاڵیا) لە راستیدا لیبرالیزم لە گۆڕپانی ئەندێشەی ئەورووپیدا مایەوە، هەرچەند رووداوی دوو جەنگی جیهانی فامی لیبرالی گەندەڵ کردبوو. زۆرتر ئەندێشەی لیبرالەکان گەشبینانە و کەماڵخوازی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە بەستێن و لێواری چۆمی سۆم (somme لە فەڕانسا) و ئیپر (لە بلژیک) و پاشان لە کەمپەکانی داخائۆ و بۆخن واڵتدانێژرا بوون و لەناو چووبوون. بوونی هەستی گەشبینانە سەبارەت بە جۆری مرۆڤ ئەستەم بوو. ئەم کارە بووە هۆ کە هێندێ لە لیبرالەکان خۆ بدۆرێنن و لە ناسیۆنالیزم تەرەکەمەبن. لە دەیەی ۱۹۳۰، بۆ کەسانێک کە تێکەڵ بە بانگەشەی فاشیزم یان سۆسیالیزم نەببوون، بەفریو بردنی خۆخوازی و چاولێکەر و خۆهاوکێش کردنی تاک جێگای سەرنج بوو، ئەگەرچی رێنوێنی ئەندێشەکان لە دەیەی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۰ لە پێناوی گەشەکردنی پلە بە پلەی حزبی لیبرالی بریتانیا، بەتایبەت لە کاتی هاونی، نابێ لە بیر بکرێ.[۹۰] پاش جەنگی جیهانی دووهەم، لیبرالیزم دیسان بە شێوەی سیاسی جۆراوجۆر سەری هەڵدایەوە. لە دەی ۱۹۵۰ تاقمی (کۆتایی ئیدئۆلۆژی)، کە لە بەشی یەکەمدا سەبارەت بەوان دوایین، وێنەی بەرچاوی ئەو لە سەدەی جەنگی سارددا بوو ئەو چەشنە کە هەم ئەمریکا و هەم لە ئەورووپا کاریگەرییەتی بەرچاوی لێ کەوتووتەوە. دژایەتی لەمەدا بوو کە لیبرالیزم ئەمجارە لە بەرامبەر فامی ئیدئۆلۆژیکیدا دەستی کردەوە و وەستا. فامی ئیدئۆلۆژیکی لە رواڵەتا هەمیشە (یان هێندێ جار یان بەتەواوی) حەز لە بەرەو سەرەڕۆیی چوون دەکرد. لەم تافەدا، لیبرالیزم بانگەشەی بۆ یەکگرتوویی سیاسی دەکرد کە ئەوەی لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی جیا. لە

ئیدئۆلۆژی بە هەڵەگرتبوو. بە بۆچوونی تاقمێک، مەودایەکی دیکەی لە ئەندێشەی لیبرالی بەرین کردەوە کە بە (کۆتایی ئیدئۆلۆژی) ناودێر کرا. باشترین رەنگدانەوەی ئەوە رەنگە نووسراوەکانی فۆن هایک بێ. تێدەکۆشا کە کۆمەڵگە غەربیکان بە تیشکی بێخەوشی روانگەی خۆڕاگری و ئیتووپیایی لیبرالیزمی تاکخوازی کلاسیک یان وەکو ویگەکان لایەنێکی بێخەوشی تیشکداربوونی نەبوو. پرۆژەی فۆن هایک روانگەیەکی بەرتەسک و وەرەزکەری لە بارەی لیبرالیزمی رەسەن بە پلەی زەینی (کۆتایی ئیدئۆلۆژی)یە. سێیەمین جیلوەی لیبرالیزم کە قەرەباڵغتر و قسە دروسکەرترە: دووپاتبوونەوەی رووداوە جۆربەجۆرەکانی ئەندێشەی لیبرالی کۆمەڵایەتییە. مەرگ و رووخانی بەرواڵەتی لیبرالیزم لە هەڵبژاردن، لە بریتانیا و هەموو وڵاتەکان، بە واتای مەرگی لیبرالیزم و ئەندێشەی ئەو نییە. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە زۆربەی حزبە سۆسیالیستە ریفۆرم خوازەکان و پێداچوونەوەخوازەکان لە ئەوروپا (بە تەئکیدەوە لە حزبی کرێکاری بریتانیا) بەرگی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتیان پۆشیوە. لەراستیدا، ئەم لیبرالیزمە کۆمەڵایەتییە لە زۆربەی حزبەکاندا سەریهەڵداوە. ئاخاوتنی ئێستا لە ئەندێشەی سیاسی بریتانیا بە چەشنێکی زۆر بەرچاو، وەکو وتوێژی نێوان لیبراڵە کلاسیکەکان و لیبراڵە کۆمەڵایەتییەکان هەیە هەتا ئاخاوتنی نێوان پارێزکاران و سۆسیالیستەکان. یەکێک لە دواقۆناخترین جیلوەکانی لیبرالیزم کە لەسەر ئەندێشەی سیاسی کاریگەرییەتی هەیە، گەشەی بە تەوژمی فەلسەفەی سیاسی لیبراڵ، بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لە ئێستەدا هۆکارە جۆربەجۆرەکان و دژایەتی لەگەڵ ئیدئۆلۆژی لیبرالی نیشان دەدا. نووسەرانێکی وەکو جان راولێز، رابرت نووزیک، رانلێد دوو ورکین، مایکێل والزێرو کەسانێکی دی، لەلایەنی جۆراوجۆری ئەندێشەی لیبرالی، لە بابەتە گەورەکان دەکۆڵنەوە. نووزیک زۆرتر لیبراڵەکان بەرەو تاکخوازی ئازادیخواز هان دەدا، هاوکات لەگەڵ ئەوە کە روالێز بە پەلەوتالووکە بووە بە پیرۆزی لیبرالی کۆمەڵگە. هەر تەنیا ئەو لیبرالانەی وەکو کێنز و بوریج نین کە

له بریتانیا کاریگەرییەتیان لەسەر ئەندێشە و سیاسەتی حزبی کرێکارخۆیان بۆ کەتەن کردووە. تاقە مەسەلە دەربارەی ریشەکان و بوارە ئیدئۆلۆژیکەکانی ئەو زۆر زانیاری هەبێ. سەبارەت بە راولێز، نووزیک و هاویکیش لە بابەتی واتای سوننەتی لیبرالی ئەوەوە زۆر هەڵبژاردە و بەرتەسکە و بە هەڵبژاردنی ئەوەی کە روانگەی ئێستەی ئەو دەسەلێمنێ ئەوەی کە نایسەلمێنێ، سەرقاڵە. ئەم سروشتی هەڵبژاردنە، تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە سوننەت بێهێز دەکا. مەترسییەکی دیکە لەم سوننەتە بەدیدەکرێ، سروشتی چیا لە مێژووی ئەوە کە دەڵێ ئەگەر و گریمانەمان بۆ داناوە کە ئەندێشەی لیبرالی، فەلسەفەیە یان میتۆدی فەلسەفی هەیە. بەم جۆرە، گریمانە لەسەر ئەوە دەکەین کە تۆژینەوەکانی ئەوان تەنیا بە چەند بەڵگەی لێکدانەوە و فەلسەفی بزانین. مەسەلەی گەورە لێرەشدا مەسەلەی زانیاری لەم بارەوەیە کە ئەمە هەر تاقە شێوەیەکی فەلسەفییە کە ریشەگەلی مێژوویی هەیە یان نا.

بایەخەکان و پلەوپایەکان و فیکرە لیبرالییەکان لە سەدەی حەڤدەیەم بەدوا جیاجیا بوونەوە. خودی ئیدئۆلۆژیش لە سەرەتای دەیەی ١٨٠٠ بە ناوی شێوەی ئەندێشە و خۆناسین و پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەم و ئەو فۆرمی گرتووە. ئەم رێبازە کاری کردووەتە سەر ئەندێشەی ئێمە، بەلام دەبێ دەربارەی جۆری بینینی ئەو بە ناوی حەقیقەتێک سەبارەت بە جیهان و جۆری مرۆڤ بەپارێز بین.

بەشی سێیەم

پارێزگاری

واژەی پارێزکاری، وەکو لیبرالیزم، زۆر جار دوو کارکردی ئاسایی و تکنیکی بووە. کارکردی ئاسایی هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەی پارێز یان (دەست لێ نەدراوی پارێزاوی شتێک). مێژووی ئەم ئەندێشە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم. نووسەرانی هاوچەرخ دەربارەی پارێزکاری، وەکو راسێل کرک و رابرت نیسبت تەئکیدێکی زۆریان لەسەر ئەم پێگانەی سەدەکانی ناوەڕاست هەیە. بۆ وێنە کرک شوێنی پێی پارێزکاری هەتا (کۆنسراتۆرەکان، کۆنسێرڤاتۆرەکان) (یاساولانی شارە قوڕوون وستایەکان)، چووسر (شاعیر و شۆڕشگێڕی بە ناوبانگی ئینگلیسی) بێ هەواڵ و رێکخراوە دادپەروەری ئاشتی ئینگلستانی[1] بەدوادا چووە.

کارکردی راشکاوانەتری واژەی پارێزگاری، هەر وەکو لیبرالیزم، پێوەندی بە رووداوی دوای شۆڕشی کە بیری فەڕانساوە هەیە. زۆربەی بیرمەندان لەسەر ئەم بڕوایەن کە مێژووی دەقیقتری پێگەی سیاسی ئەم واژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی ١٨٠٠ لە ئەمریکا کە بە ناوی سفەتێک بۆ وەسف و لێکدانەوەی دەوڵەتی مامناوەندی لە کارەکان دەهاتە ئاراوە. بەم واتایە، هێندێ لە کۆمارخوازە میللیەکانی سەرەتای ئەمریکا خۆیان بە پارێزکار دەزانی. لە فەڕانسا بۆ یەکەم جارئەم واژەیە بەناوی رۆژنامەی شاتووبریان Le Conservateur لە دەیەی ١٨٢٠دا بەکار برد. نەشریەی ئەو دەورە ناوبراوانە بۆ پشتگری لە ئەندێشەی کەنیسەکان و گەڕانەوەی بارودۆخی سیاسی رابردوو تێدەکۆشان. لە بریتانیا سەرەتا لەم واژەیە لە گۆڤاری quarterly Review لە ساڵی ١٨٣٠ کەڵکی وەردەگیرا. لە ساڵی ١٨٣٥ گۆڕا و بوو بەناوی رەسمی حزبی تۆری. بلیک دەڵێ کە وەرگرتنی رەسمی ئەو لە ١٨٣٢ بەدوا (هەوڵی وردبینانەی بۆ پاککردنەوە و سڕینەوە حزب لە پێوەندیە رابردووەکانی بوو و ئەگەر نەڵێین بڕین لە رابردووە، لانیکەم نمادێک بوو لە گۆڕانی ئەو).[2] لە دەیەی ١٨٤٠ ئەم واژە لەسەرانسەری ئەورووپادا پەرەی سەند. شۆڕش و بەر خۆدان و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ١٨٢٩ ـ ١٨٣٠ و ١٨٤٨ ئەندێشەی پارێزکاری بەرەو مەترسیە شۆڕشەکان برد. ئەگەرچی بەرەو پیشەسازی چوون و رەوەندی دێموکراسی بوونیش دەورێکی بەرچاوی گێڕا.

دیالۆگێکی درێژخایەن دەربارەی پێوەندی نێوان کارکردە سیاسییەکانی ئاسایی و تکنیکی ئەم واژەبوونی هەیە. زۆربەی لایەنگرانی پارێزگاری سیاسی، هێندێ ئیمتیازی تایبەتیان بۆ ریشەی هەستە سیاسییەکانی ئەو لە کارکردی ئاسایی ئەم واژە داناوە. ئەم خاڵە هەتا رادەیەک راستە کە هەموو ئێمە پاش خواردنی شێوێکی باش هەتا رادەیەک دەبینە پارێزکار. کۆمەڵێک لە پارێزکارە سیاسییەکان دەیانەوێ لەو کەش‌وهەوایە سوود بەرن، بەڵگە دێننەوە کە ئێمە (بەپێی سروشتی خۆمان) پارێزکارین. دەرەنجام، لەبەر ئەمە میتۆدە؛ پارێزکاری هەر مەسلەکی سیاسی نییە بەڵکو لە ریشەی سروشتی ژیانیشدا هەیە. وەها ئەندێشەیەک، گشت مرۆڤایەتی بە پارێزکار دەزانێ. گرفتی وەها بۆچوونێک، چۆنیەتی ئاشکرا کردنی لایەنگری لە هەموو ئیدئۆلۆژییەکان دەدرێتە قەڵەم کە هاوکات لەگەڵ لیبرالیزم و سۆسیالیزم سەری هەڵدا و لە هێندێ واتای ئەواندا شەریکە، دەیخاتە پشتگوێ و چاوپۆشی لێدەکا. لەم رووەوە، تاقمێک لە توێژەران دەرەنجامەکەیان بەدەس هێناوە کە کارکردی ئاسایی واژەی پارێزکاری بۆچوونێکی بێ بایەخ دەربارەی واتای سیاسی تکنیکی ئەو پێکدێنێ.[٣] لەوەیکە هەوڵ بە پێهێنانی ئیدئۆلۆژییەکی یەکگرتوو، دەسکەوتی ساکار لە گومانی گشتی پارێزکاری هەم کاڵ و سەرەتاییە و هەم بێسوودە.[٤]

بەر لە دەسپێکی دیالۆگ دەربارەی پێگەکان و سروشتی ئیدئۆلۆژی پارێزگاری، دەبێ سەرنج بدەینە مەسەلەی گرێدراو بە پێناسەی ئەوەوە. نابێ وا بیر بکەینەوە کە قاڵبێکی دیاری و پێناسەکراو لە فیکرەکاندا وجوودی هەیە، هەموو پارێزکارەکان لایەنگری ئەوەن. لە راستیدا پارێزکارانێکی زۆر هەن کە حاشا لە نزیکی خۆیان بە باوەڕی ئیدئۆلۆژییەوە دەکەن. دەکرێ ئەم پارێزگارییە (دژی فەلسەفەی سیاسی) ناوبنرێ.[٥] لە هێندێ شوێندا حاشا کردن لە ئەندێشە کەمتر دەتوانێ جێی موتمانە بێ و لە هێندێ شوێنی دیکەدا زۆرتر هاندەری ئەندێشەیە. پێنج توێژینەوەی بەربلاو لە سروشتی پارێزکاریدا هەیە کە ناوەڕۆکەکانیان زۆر جۆراوجۆرە. پرۆژەی گشتی توێژینەوە ناوبراوەکان دەکرێ بە شێوەی خوارەوە راڤەی لەسەر بکرێ: ئیدئۆلۆژی سەرمایەداری، هەڵوێستی ئیدئۆلۆژیکی کرداری،

روانگەی هەڵوێستی یان بارودۆخی، پارێزکاری بەپێی نەریت یان شعوور، بە کورتی راڤەی ئیدئۆلۆژیکی.

لە روانگەی یەکەمەوە، پارێزکاری بریتییە لە بۆچوونی زەوت کراو بەپێی کردەوە لە خۆ نیشاندانی چینی سەرمایەداری خاوەن زەوی وەکو دەرەبەگ، بەتایبەت پاش شەڕ و شۆڕێک کە هۆکارەکەی شۆڕشی فەڕانسا بوو. لەم قاڵبەدا، پارێزکاری دەوێکی بە گوڕی مێژوویی و ئابووری بەرچاوی گیرا. پێناسەی هەڵوێستی بەرگری رووخاوی چینی دەرەبەگایەتی بەرەو ئاوابوون لە کۆمەڵگە ئەوروپایەکان بوو. لەم واتایەدا، کرانەوە و بەرینبوونەوەی نەمانی پارێزکاری دەکرێ لە ١٧٩٠ هەتا ١٩١٤ لەبەرچاو بگرین. لە بریتانیا، ساڵی ١٨٣٢ (زۆرتر لە ١٩١٤) هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی رووبە گەشەی دیموکراسی بوون. خاڵێکی زۆرحەیاتی و گرنگ دەدرێتە قەڵەم. فراوانبوونەوەی بەخشین مافی پرس، بە پیشەسازی بوونی کۆمەڵگە و سەرکەوتنی ئەنجوومەنی یاسای دژی دەغل و دان لە دەیەی ١٨٤٠، گوشارێکی مەرگ ئاسا بوو بۆ حزبی تۆری. ئەمە روانگەی ئەو توێژەرانەیە کە جیاوازیان لە نێوان گەڕۆکی جیهانی دێرینەتر و ئەندێشەکانی پاش ١٨٣٢ دادەنا. هەرکە بایەخی سیاسی و ئابووری ئەم چینە دەرەبەگە روو بە نەمان رۆیشت، ئایدلۆژی ئەویش سیس هەڵگەڕا و بێ رەنگ بوو و زیرەکانە، بەڵام لێبڕاوانە جێی خۆی، بە کردەوەو بە لیبرالیزمی کلاسیک بەخشی، لەم روانگە پارێزگاریەوە دەکرێ پەی بە دیاردەی کاتی دیاریکراو و بەرتەسکی مێژوویی بەرین کە نوێنەری حاشاهەڵنەگری چینێک بووە کە لە باری سیاسی و ئابوورییەوە بە شێوەی راستەقینە روو لە ئاوا بوون بووە.

بەڵگەی دووەم کەمتر جێی دڵخۆشییە. پارێزکاری لەم روانەگەوە لە پلەی یەکەمدا بەپێی قاڵبێک لە پڕاگۆماتیزمی سیاسی دەزانن، باوەڕێک کە ناوەڕۆکی رەسەنی نییە. ئەم باوەڕە تەنیا سروشت و میتۆدی سیاسی، کەلتووری و ئابووری بە نرخ لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. ئێستە ئەوە کە هەموو مەرامە سیاسییەکان هەمیشە لە حاڵی سەرهەڵدان و بەرەوپێش چوونن. بەم جۆرە، تا رادەیەک بە دروستی گوتراوە کە لە دوو سەد ساڵی رابردوودا، پارێزکاری هێڵە باوەڕییەکانی خۆی لە

پشت ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکان وەرگرت و جار نە جارێک پشتگریان لە یەکێک لە وانە دەکرد. ئەگەرچی ئەو هێڵە باوەڕیە باسکراوانە بە ئازموونی باشەوە لە ئاو دەرهاتوون و قبوول دەبوون، بەرژەوەندی وەرگرتنی شیاو بۆ هێڵە فیکری پارێزکاری بەدی دەهێنا. ئەو جۆرە کە هێندێ لە بیرمەندان گوتوویانە، پارێزکاری هەم دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ خۆڕاگریدا بێ و هەم دەتوانێ پێوەندی نزیکی لەگەڵ فیکرە توندوتیژە ئازادیخوازەکاندا بێ. بەم حاڵەوە، ئەم بەڵگانە دەربارەی ئەندێشەی وەرگیراوی پارێزکارانە لە رادەبەدەرە.

روانگەی پراگماتیکی (پرەنسیپی مەزهەبی بەکردەوە) ناوبراو هێندێ جار دەکرێ لەگەڵ دوو راڤە لێک بدرێ. راڤەی یەکەم، واتە روانگەی هەڵوێستی یان بارودۆخی، لە راستیدا زۆرتر هاوکێشە لەگەڵ دیالۆگی ئاسایی لەم بارەوەیە.[٦] بەم بۆچوونە، بەلای تۆژدەران و رۆژنامە وانابەوە وا لە چاو دەدا کە بەتەواوی ناشارەزایان و نازانیاریانە لە دەستەبەندیە پارێزکارەکاندا، بۆ وێنە لە دەروونی حزبی سۆسیالیستییەوە دەدوێ. لەم روانگەی پارێزگارییەوە، پێوەندی بە هیچ چین و توێژێکی تایبەت، رووداوی مێژوویی، پراگماتیزم یان تەنانەت هەڵوێستێکی تایبەتیەوە نییە. روانینی هەڵوێستی، وەکو روانگەی پراگماتیک، هیچ چەشنە پرەنسیپ و گەوهەرێکی دیاریکراوی نییە. هیچ ئارمانج یان ئارمانجێکی ژیاری کە بۆ ئەو بکەوێتە چالاکی و بەرخۆدان، نییە. بە پێچەوانە، زایەڵە و رەنگدانەوەی هەڵوێستی بەرگری ئاگایانە و زانستانە لە هەر باوەڕێکی سیاسیدا بووەتە بنەڕەتی و بەردی بناخە. پرۆسە سیاسییە بنەمایی نەکراوەکان کە زۆرتر لە واقعیەتە سیاسییەکانی ئێستە هەنگاو هەڵدێننەوە و دەخوازن لەگەڵ فیکرە هاوکێشەکان، جیهان لە هێڵێکی تایبەتدا بگۆڕن، دوژمنانی سروشتی پارێزکاری دەدرێنە قەڵەم. پارێزکاران ئەو کەسانەن کە لە شێوەی بنەمایی کراوی ژیاندا ریشەیان هەیە و زاتەن لە سیستەمی تایبەت پشتگری دەکەن. هەمیشە پشتگری لە (بارودۆخ) کێشە و گێچەڵ لەگەڵ رێکخراوە فیکرییە بەرزەکان دێنێتە ئاراوە. بەم جۆرە، پارێزکاران، لایەنگری سیستەمی ئێستا، پێچەوانەی چۆنیەتی سیمای سیاسی ئەو، لە بەرامبەر گێچەڵ و بەهۆی سەرکۆنەکەر دەکەوتە ئاشتی و

سولحەوە. لەگەڵ ئەم پێناسە بارودۆخە دەکرێ (پارێزکاری چەپ) یش بدوێین. بەم چەشنە، ناوەڕۆکێک بۆ ئیدئۆلۆژی پارێزکارانە لە ئارادا نییە. هەر چەشنە نەزمێکی بنەڕەتیکراو (چ کومۆنیزم چ لیبرالیزم) دەکرێ پارێزکار بن.

چوارەمین راڤە ئاوڕ لە خوو و نەریت دەداتەوە. لەم بارەوە دوو بەڵگە لە ئارادا هەیە. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەیەی سەرەتا کە پارێزکاری بە بەشێک لە سروشتی خودی ژیان دەزانێ. لۆرد هیوسسێل ئەمە بە (پارێزکاری سروشتی) ناودێر دەکا کە (نزیکایەتی سەرەتای مرۆڤ) پێناسە دەکا. ئەم سروشتە دژی گۆڕانکارییە و هەتا رادەی رەشبینانە سەبارەت بە هەر شتێکی نەناسراو و سەرچاوە دەگرێ و زۆرتر وەبیر هێنەرەوەی ئازموونە هەتا عەقڵی بۆچوون.[٧] خاڵی گرنگ ئەوەیە کە پارێزکاری بەپێی ئیدئۆلۆژیەک چاوی لێ نەکراوە؛ زۆرتر خوو و میتۆدی سروشتی بوونەوەری مرۆڤە کە داب و نەریتەکان یان ئامێرە ئەزموونکراوەکان بە داب و. نەریت و ئامێرەنوێکان رانەهاتووە، دەگۆڕتەوە و خووی بە وان گرتووە. ئەم فیکرە بە ئاسانی دەبڕێتە پانتای سیاسەتەوە. کردار یان رێکخراوە دامەزراوە ناتەواوەکان بەسەر هێندێ شتی خۆیاندا دەسەڵاتیان هەیە.

بەڵگەی دووەم پشتگری فەلسەفی پێچراوەتری سروشتی لە پارێزکاری هێناوەتە ئاراوە. ئەم پشتگرییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زیرەکانەی نێوان جۆرەکانی عەقڵی (عەقڵی بۆچوونی و کردەوە) و هەروەها هەڵگری هۆکاری سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییە. لێرەدا بەڵگەی خولقێنەر، بەڵام لە لەڕێ لابەری ئازادییە. پشتگری فەلسەفی لە رەسالی خوو و خدە لە لایەک باوەڕی هەیە کە پارێزگاری دیاردەیەکی جیاواز لە ئاڕمانجی سروشتییە، لە لایەکی دیکەوە تێدەکۆشێ ئێمە بە حەقیقەتی ئەم فیکرە لەگەڵ بەڵگەی سەر رێژ لە پڕەنسیپی ئاڕمانجی بە قەناعەت بگەیێنێ. لەم رووەوە کە لەسەرەتادا ئەوەیان بە (سیاسی، دژی فەلسەفی) ناو دەبرد. ئەگەرچی واژەی (فەلسەفە، دژی فەلسەفە) لە رواڵەتدا بۆ ئەو پڕبەپێستە. بەڵگەی پێچراوەتر دەربارەی نزیکایەتی پارێزکارانە، چوارمین راڤەی ئیدئۆلۆژیکی بە خۆوە پێچاوە.

لەم وتارە ئاخرەدا، پارێزگاری ئیدئۆلۆژییەکی بێ سەرپۆشە کە لەگەڵ هیچ چەشنە تێبینییەکی پراگماتیک یان بارودۆخێک ناتوانێ سازگار بێ. نە لەگەڵ کەش‌وهەوای مێژوویی خۆی پێناسە دەکرێ نە پێویستانە لەگەڵ هیچ چین و توێژێک هاوپێوارەی ناسینەوەیە. لە هەر چەشنە نزیکایەتییەکی سروشتیش بە دوورە. لێرەدا کۆمەڵێک لە فیکرەکان لەگەڵ ناوەرۆکێکی بینایی تایبەتییە. زۆرکەس ئەدموند بەرەک بە دامەزرێنەری ئەم ئیدئۆلۆژییە دەزانن کە ئەمڕۆ زۆر ناو بەدەرەوەیە. لەم روانگەوە، پارێزکاری هەمیشە تێکۆشاوە دژایەتی لەگەڵ هێندێ لە فیکرەکان بکا کە زۆربەیان لە کەش‌وهەوای شۆڕشەکاندا سەریان هەڵداوە و کەڵکیان لێ وەرگیراوە؛ واتە، هەڵگری بە کەماڵ گەیینی جۆری مرۆڤ لە لایەن بەدی هێنانی گۆڕانکاری کەش‌وهەوای کۆمەڵایەتی و سیاسی، جۆراوجۆری سروشتی مرۆڤ و داهاتە ئابووری و سیاسییەکانی ئەم فیکرانە، باوەڕ بە سەرکەوتنی عەقڵ و شعووری مرۆڤ لە جیهان؛ بێبایەخانە یان بە کەمزانینی دەسەڵات، پلە، ڕێچکەی یەک بە دوای یەک و سوننەت. لە سەرەتا، لە فەڕانسا و ئەڵمانیا نووکی تیژی رەخنەی پارێزکاری رووی لە فیکرە پڕنسیپە ڕۆشنگەرییەکانی سوننەتی فەیلسووفەکان و بەدوو بەرەکی بوونی (ئینشعاب) توندوتیژی ئەو، واتە ژاکۆبینیسمی شۆڕشگێڕ بوو. لە بریتانیا، بە سوننەتی لیبرالی رادیکاڵی (پین و پرایس) و پاشان بە فیکری ئابووری زانانی قازانج باوەڕ و لیبرال هێرشیان کرایە سەر. سەرەنجام، لە سەدەکانی نۆزدە و بیست، شێوە جۆراوجۆرە سۆسیالیستەکان بوونە هۆی ترس و نیگەرانی ڕێکخراوە پارێزکارەکان.

دەربارەی تێگەیشتن و زانیاری جیا لە ئیدئۆلۆژیکی پارێزکاری دیسان دیالۆگمان دەبێ و کارتێکراوی و هەمەلایەنە بوونی ئەو ناتوانین لەبەرچاو نەگرین. هەروەها باشترە بنووسین کە لەگەڵ ئەم بەڵگە دیسان بە دیالۆگ دەربارەی هەموو ئیدئۆلۆژییەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە. پاش ناوبردنی مەسەلەی پێناساندنی پارێزگاری، پاشماوەی بەشەکە تایبەت دەدەین بە لایەنە دواکەوتووەکەی ئیدئۆلۆژیکییەوە.

پێگەکانی ئەندێشەی پارێزکاری

زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە دەربارەی پارێزکاری بابەتیان نووسیوە، باوەڕیان هەیە کە خاڵی گرنگی راستی ئەندێشەی پارێزکاری، شۆڕشی گەورەی فەڕانسا بووە. ئەمە رووداوی فەڕانسا بوو کە تۆوی کردەوە لە خۆنیشاندانە بە ناوبانگەکانی ئەدموند بەرەکی چاند، هەڵبەت، لە دەیەی ١٨٠٠ دایە کە یەکەم کارکردی وشەی پارێزکاری بە واتای سیاسی دەبینین. بەم حاڵەوە، هێندێ توێژەر ناوەڕۆکە گرنگەکانی بەر لە ساڵی ١٧٨٩ی (شۆڕشی فەڕانسا) دەبینن کە هەرچەند ئاگاهانە پارێزگارنین، بەڵام دەستێکی کەمیان لە پێکهێنانی پارێزکاریدا نەبووە. دەتوانین ناوی ئەوە بنێن (پارێزکاری نائاگا). لە وەها کێشەیەکدا لایەنی جەعل و نەسخکراو وجوودی هەیە.

دەسپێکی سەرەتای پارێزکاری لە ئەندێشەی یۆنانی و رۆمیدا دیتراوە. زۆرجار نووسەران لەم بارەوە ناوی ئەفلاتوون و رەواقیونی رۆمی دێنن، هەرچەند ناوی ئاریستوفانی شانۆنووسیش لە کتێبی راسل کرکدا بەرچاو دەکەوێ.[٨] هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی پارێزکاری کە لە ساڵی ١٩٧٦ بڵاو کراوە لەگەڵ چەند هەڵبژاردە لە کتێبی کۆماری ئەفلاتوون دەسپێدەکا.[٩] نووسەرێکی دیکە دەڵێ: (گرنگ ئەوەیە کە یەکەمین کار دەربارەی پارێزکاری دەسپێکەکەی لەگەڵ کتێبی کوماری ئەفلاتوونە)[١٠] خولی دەسپێکێکی دیکە سەدەکانی ناوەڕاستە، هەرچەند دژوارە کە بەو تەوسیفەی مۆزتۆن ئۆیرباخ لە کتێبی پۆلیکراتیکۆس، نووسراوەی جان سالیسبوری (سەدەی دوازدەهەم) بە ناوی بەرهەمی (تەنیا پارێزکارانە) باوەڕ بکەن.[١١] تەنانەت زۆرتر توندوتیژی لە خۆنیشان دەدا و سەرجەم بزاڤی پارێزکاری سەدەی نۆزدە و بیست لەژێر ئاڵای سەدەکانی ناوەڕاست دەشارێتەوە. بە بۆچوونی نیسبەت، بەرەک بە ناوی کەسێکی (وگ) بناسین، کارێکی تاوانە. بەرەک بە راستی تێدەکۆشا بۆ ئەوە کە جەماوەری گەرەک و ناوخۆ و پێکهاتەکانی یەکگرتووە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی دەربەگایەتی زیندوو کاتەوە. زۆرینەش بۆچوونە یاسایە سروشتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان بە دەسکردی بەرەک دەزانی، بەڵام ئەمە دیالۆگێکی

جیاوازە.[١٢] کەلتووری سەدەکانی ناوەڕاستیان خوازی نوێش لە ڕێکخراوەگەلێکی وەکو (ڕێکخراوە ئینگلستانی نوێی ئیسرائیکی) نێوانی سەدەی نۆزدەیەم دیتراوە. پۆل سمیت ئەو ڕێکخراوە بەناوی (زیندووکەرەوەی دەربەگایەتی) پێناسە دەکا.[١٣] زۆر لە توێژەرانی دوایی لە خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست خوازانە هەم بەرەک و هەم پارێزکاریان بە کارێکی درۆزنانە و دوور لە شعووریان زانیوە.[١٤] لەم جۆرە روانگانەوە پرەنسیپێکی بەهێز لە حەسرەتی رابردوو، بەرەودوا گەرانەوەخوازی مێژوویی و خەیاڵی خاو بوونی هەیە.

ئەم بەرەودوا گەرانەوەخوازییە مێژووییە لە خولەکانی دوایشدا درێژەی دەبێ. لە حاڵێکدا کە کێت فیلنگ و هیوسیسل بەناوی خولی (ریفۆرمات) سەرنجیان داوەتە سەرچاوەی ئیدئۆلۆژی پارێزکاری، نووسەرانێکی وەکو ئانتۆنی کینتۆن، هانتینگتۆن و رابرت ئەکلشال لەگەڵ ریچارد هۆکر و ئیلبزابت ستلمنت دەست پێ دەکەن.[١٥] بە بۆچوونی ئەکلشال، هۆکر باپیرەی پارێزکاری دەدرێتە قەڵەم. بەپێی نووسراوەکانی ئەو (خەتێک لە پێشکەوتەکان لە لایەن هۆکر و فیلمرەوە لە پێکهێنانی حزبی تۆریدا لە بەشی کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمدا وجوودی هەیە).[١٦] ئەو هێرشی هۆکر بۆ پورتینەکان (پاک دینەکان) لەگەڵ هێرشی دوایی بەرەک بۆ سەر ژاکۆبنەکان لە یەک پلەدا دەبینێ.[١٧] لەگەڵ ئەمەدا، فرانک ئۆگورمەن گوتویەتی کە ریشەداکوتن و مانەوەی دەورانی ئەلیزابتی بێ (دوور نوێنی مێژوویی دەربارەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە تایبەتییەکانی پارێزکاری نوێیە).[١٨]

هەموو توێژەرە بنەڕەتییەکانی ئیدئۆلۆژی پارێزکاری لە باوەڕی مافی ئیلاهی و ڕێبازی باوکسالاریدا دەبینن. بە بۆچوونی گوردون شوکت، کتێبی باوکسالاری نووسەراوەی فیلمرستۆن چەندین جار ئەندێشەی تۆری دەدرێتە قەڵەم.[١٩] گوتراوە کە باوەڕی مافی ئیلاهی، کە چارەنووسی حکوومەت بە دەستی خودایە، پێچەوانەی خۆڕاگری و فەرمانبەری کارتێکراوانە لە ئەرکە دینییەکانە، کۆمەڵگە بۆ مرۆڤەکان سروشتی و وەکو بنەماڵەیەک لەگەڵ یەک بە دوای یەکدا سروشتی زاتییە، هێشتا لە ئەندێشەی پارێزکاری سەدەی نۆزدەیەمدا ماوەتەوە. لە دەروونی پارێزکاریدا باوەڕ ڕەنگە دەربارەی سەرچاوە و ماک بگۆڕدرێ،

بەڵام دەربارەی جەوهەر و چۆنیەتی پیرۆزی دەسەڵاتداری و دەسەڵاتی میللی ناگۆڕدرێ. دەسەڵات هەر تەنیا لە سەڵتەنەتەوە بۆ پاڕلەمان گۆڕا بوو.[20] ئۆگورمەن لەگەڵ کێشەی پاشایەتی لە دەیەی ١٦٦٠دا هەیە، واتە کاتێ کە واژەی (تۆری) کارکردی سیاسی بە دەس هێنا. ئەو جۆرە کە خۆی دەڵێ: (بەنرختر ئەوەیە کە بڵێین سەرهەڵدانی بینینی تایبەتی (تۆری) لە سیاسەت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەم لە مشتومڕ کردن دەربارەی پاشماوە و شەجەرەنامە درۆینەکان باشترە).[21] ئەوانەی دیکە لە رواڵەتا (خۆڕاگری)ساڵی ١٦٨٨ بە شێوەی ساتێکی بە بڕشت قبووڵە. مارکی ئاو هالیفاکس زۆر جار بەناوی کەسایەتییەکی سەرەکی پارێزکاری لەم قۆناغە ناسراوە. هەرچەند کە مەترسییەکی زۆر لە هەموو ئەم فیکرانەدا وجوودی هەیە. عەقیدەی ویگەکان و تۆرییەکان پاش ١٦٨٨ پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە بوو. هیچ کام لە رێکخراوەکان بە واتای نوێ حزب نەبوون. ئەوانە نە سیستەمێکی رەسمیان بوو و نە پێوارەیەکی دروست بۆ بە ئەندام بوون. باشترە ناوی یەککرتوانی بەرژەوەندی گۆڕانکاری لەوانە بێین. کۆشش بۆ ناسینی هەڵوێستی پارێزکارانەی خۆڕاگر لەم دەورانە نادروستە.[22] هەروەها باشە لە بیری نەبینەوە کە بەرەک لیبرال بوو نەک تۆری. ئەو هەم لایەنگری بە شەوقی شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ بوو و هەم لایەنگری کۆچەرەکانی ئەمریکایی لە دەیەی ١٧٧٠. ئەو، بە پێچەوانەی تامپین، دەیویست لە نێوان ئەم شۆڕشانە لەگەڵ شۆڕشی ١٧٨٩ (فەڕانسا) جیاوازی دابنێ.[23]

یەکێکی دیکە لە فەیلسووفەکانی سەدەی هەژدەیەم کە نووسەرانی پارێزکار زۆرجار بە شێوەی کەسایەتییەکی دامەزرێنەر ناوی دەبەن، دیویی هیومە، ئەگەرچی ئەو زۆرجار فیکری لیبرالی لە مێشکدا گەڵاڵە کردبوو، دەربارەی هیوم باوەڕەکان جۆراوجۆرە. کۆمەڵێک لە نووسەرەکان بە شێوەی ئیلهام بەخشێکی گەورەی ئەندێشە پارێزکاری رێزیان بۆ ئەو دادەنا.[24] نووسەرێکی دیکەی پارێزکار، یان گیلۆر، دەربارەی هیوم دەنووسێ: چۆن دەکرێ پاوێک کە گومانەکانی هۆکاری رەتکردنەوەی خودا، رۆح، مۆعجزات، یاسای سروشتی، مادده و جستوجۆکراوە، بە پارێزکارێکی باش بناسرێ؟)[25] جیاواز لە مەزهەب

بوونی قووڵ و گومانە وێرانگەرەکانی هیوم هەمیشە بەزاری پارێزکارەکان خۆش نەبوو. دۆکتۆر جانسۆن تەنیا کەسێک نەبوو کە لە وتوویژ لەگەڵ بۆس وڵ، هیومیان بە (تۆرییەکی ئیتفاقی)[26] دادەنا.

زۆربەی توێژەران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئیدئۆلۆژی خودئاگای پارێزکاری وەڵامێک بوو بۆ شۆڕشی گەورەی فەڕانسا. خولی ١٧٨٩ هەتا ساڵی ١٩١٤ زۆرجار بە خولی گەشەکردنی ئەندێشە و کرداری پارێزکاری دانراوە.[27] شۆڕشی ساڵی ١٩١٤ هۆکاری سەرهەڵدانی کتێبی بەناوبانگی بەرەک، بەناوی تێرامان، و هەروەها سەرهەڵدانی خودی وشەی (پارێزکاری) بوو. نووسەرانی ئەورووپایی هاودەنگ لەگەڵ پارێزکاری وەکو کالریج، مایستێر، بوونالد، لاموونەیێ، شاتۆبەریان، نوو والیس و مولێر، هەموویان باوەڕی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ رووداوە شۆڕشییەکان روون کردەوە و زۆربەیان بەرەکیان کردە سەر مەشقی خۆیان. هەڵوێستی بەرەک لە ئەندێشەی پارێزکاریدا، چ بۆ ستایش بۆ ستایشکارەکان و چ توێژەران کەم و زۆر تا ئەمڕۆ بەرچاو و پێشڕەو ماوەتەوە. بە بۆچوونی بەرەک، شۆڕشی فەڕانسا بە شێوەی رەوەندی بەربلاو و نوێ بوو. ئەم شۆڕشە هەر ئەو خوو و رەوەشتی شۆڕشەکانی ١٦٨٨ و ١٧٧٦ بوو. فیکرەکانی کانوونی شۆڕشی فەڕانسا ئەمە بوو کە مرۆڤەکان هەم یەکسان و هەم ئاشتیخواز بوون. ئەم سازگارییە بە بۆچوونی شۆڕشگێڕان دەکرا لەگەڵ پەروەدەی عەقڵی مرۆڤ و سامانبەخشین بە رێکخراوە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان بە راستەقینە بگەن. بە بۆچوونی بەرەک، ئەم فیکرانە هەڵگری واتا دەروونییە قووڵەکان بۆ سیاسەت بوو. هەر ئەو واتا دەروونیانە بوون کە ئەو و پارێزکارەکانی دوایی لەبەرامبەر ئەواندا دەوەستان. ئەم وەستانە بە هەڵاواردنی راستەقینەی ئیدئۆلۆژی پارێزکاری فۆرمی گرت.

تایبەتمەندی مێژووی دواییئی پارێزکاری لە سەدەی نۆزدەیەم، کۆمەڵێک ناوەڕۆکی رووخاو بوو. پارێزکارەکان، بەتایبەت لە بریتانیا، تێدەکۆشان هەتا خۆیان لەگەڵ گەشەی دیموکراسی رێک خەن. بەڵام رێگا هەموار نەبوو.[28] پارێزکارەکان زۆر جار حەزیان لە دەسەلاتی خەلک یان مافی پرسیگشتی پیاوان

نەبوو. ئەوان بە نەریتی خۆیان (خەلک) یان لە جەماوەری (هەمەلایەنە) و بێ سەر و پا بە جیایان دەزانین. خەلکێک کە سامان و ملکیان بوو تا رادەیەک دەیانتوانی نوێنەرانێکیان هەبێ، بەلام خەلکی ساکار یان بێ سەر و پای هیچنەزان وەها مافێکیان نەبوو. سبات و هۆگر بە خێری گشتی کۆمەلگە پێوەندی بە خاوەنداریتی مال و ملکەوە بوو. نووسەرانێکی وەکو ماتیو ئارتۆلد، تامس کارلایل، سەرهنری مین و و.ە.لکی و بەتایبەت سیاسەت زانانێکی وەکو لۆرد سالیسبوری هێستا لە سەدەی نۆزدەیەمدا نیگەرانی مافی پرسی جەماوەری ساکار و نەزان بوون. بەرەک تەنانەت دەرەبەگەکانی بە چەندین پەلی تر دابەش دەکرد و بە (نوێنەری بەکردەوە) باوەڕی بوو. واتە (ئەمە کە تەنانەت بێ ئەوەی رادەی مافی پرس ببێ، تاکەکان دەتوانن (بەکردەوە) بە هۆی ئەم و ئەوەوە لە کۆمەلگەدا نوێنەریان ببێ).[٢٩] بەرەک رادەی پرسی دەرەبەگەکان هەتا رادەی چوار سەد هەزار مەدەنی پێ دەزانی. لەگەل ئەمەدا، پارێزگارە ئینگلیزییەکان بە کردەوە لەگەل دیموکراسی زۆرتر لە هاوکێشە ئەوروپایەکانی خۆیان هاتنە ئاراوە.

پارێزکارانی سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی پیشەسازی بوون و بەرەو سەرچوونی ئابووری سیاسی لیبرالی زۆر دوو دل بوون. لە رێبازی پارێزکاریدا، لە موزر و کالریج بگرە هەتا کابت و دیزرائیلی و چارلێز موراس، ت.س. ئەلیوت و کریستۆفر داوسۆن لەم سەدەدا بزاوتێکی بەهێزی دژی پیشەسازی و دژی تاکخوازی وجوودی بوو. پیشەسازی بوون و تاکخوازی بە واتای زەوالی کۆمەلگە، سوننەت، سیستەم و دینە. لەبەر ئەمە، بە جۆرێک هێلی فیکری پارێزکاری ئاشکرا دژی سەرمایەداری بوونی هەیە.[٣٠] بەم حالەوە، بارودۆخی سیاسی حزبی پارێزکار لە بریتانیا لە سەدەی بیستەمدا لەسەر بنەمای شیاوی سازگاری و دۆزینەوەی سازشی سەرهەمبەندی لەگەل خورەوشتی پیشەسازی و دێموکراسی بووە.[٣١]

جەوهەری پارێزکاری

سێ پانتای بەرین و فەراوان لە موتالای پارێزگاریدا هەیە: پانتای دەولەتی نەتەوەیی)یان دەولەتی نەتەوە) مێژوویی، پانتای زەمانی و پانتای فیکری. هەلبەت

ئەمانە لەگەڵ یەکدا لەمپەری کۆ نین. ئەم سێ پانتایە لە هێندێ موتالادا بە چەشنێکی بەرچاو زۆرجار دووچاوی تەوژم دەبن و دەکەون بەسەریەکدا. هیچ کام لەم پانتایانە، جگە لە لایەنێک لە روانگەی فیکرییەوە، هیچ هەڵوێستێکی جیاوازی، یان هەڵوێستێکی پێویستانەی پارێزگارانەیان نییە.

لەسەر بنەمای ئەندێشەی دەوڵەتی میللی و مێژوویی، پارێزگاری هەر تەنیا دەکرێ لە ئاستی بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویی و کەلتووری دەوڵەت، بەراستی نەتەوە دابەشی بکرێ. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە لەگەڵ پارێزگاری ئەڵمانی، بریتانیایی و فەڕانسەوی رووبەڕووبوونەتەوە نەک لەگەڵ ئەندێشەی بەرین و هەمەلایەنە. ئوسۆلیڤان لەگەڵ ئەم بابەتە یاری دەکا، بەلام بە تێکەلاوی ئەو لەگەڵ تەئکیدی فیکری لەسەر عەیبەکانی خەریکە. بەم جۆرە پارێزگاری فەڕانسەوی لە سەرەتادا زۆرتر روانگەی مەزهەبی و ئەخلاقی بوو و بانگەشە بۆ پلە و سیستەمی دین دەکرا. لە بەرامبەر و پێچەوانە، پارێزکاری ئالمانی بە روانگە متافیزیکی و مێژووییەکانەوە کە لەسەر ئەندێشەی فەلسەفەی مێژوویی زۆر تەئکیدی دەکرد، بەرەو ئەوە چوو. کارول مانهایم لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو و دەیگوت لە پارێزگاری ئەڵمانیدا لەگەڵ (بەرینبوونەوەی فەلسەفە خاڵگەلێک کە بەرەک هێنا بوویە ئاراوە، رووبەڕووبووینەتەوە کە لەگەڵ پڕەنسیپی ئالمانی تێکەڵ بوون... ئەوەیکە فەڕانسا بۆ سەردەمی رۆشنگەری پلە بە پلە ئەنجامیدا، ئالمان لە لایەن ئیدئۆلۆژی پارێزگارییەوە بەوە گەیشت و دەسکەوتی عەقلانی و مەنتقی خۆی لەو وەرگرت).[٣٢] دەرەنجام، لە بریتانیا روانگەی گومانلێکراو و ئەزموونی دەبینین کە لە بابەتی فیکرییەوە ئالۆز و چەواشە، لە ئاشتی و سولحدایە و یەکگرتوویەکی کەمتری هەیە، بەلام لە سەرەنجامدا بە ئامانجی سیاسی خۆی دەگا.[٣٣]

لەم پانتادا چەند بایەخێک وجوودی هەیە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامەریکا لە راستیدا زۆر لە پارێزگارەکان ئاشکرا پشتگری لیبرالیزمی کلاسیک بوون. بە بۆچوونی لوئیس هارتێز، (ماف) لە ئەمریکا لە سوننەتی لیبرالیزمی خاوەنداریتی گەورە وێنەوەردەگرێ دەکا.[٣٤] کەسانێک لە ئەمریکا، لە دەیەی ١٩٣٠ لە باوەڕی

لیبرالی کلاسیکی سوننەتیدا دژی (پرۆژەی نوێ) پشتگری کردبا، بەرچەسپ و مارکی پارێزکاریان پێوە دەچەسپاند، ئێستە ئەوەکە رۆزۆلت و وودرو ویلسۆنیان بە لیبرال دەزانی.[35] لە ئالمانیش مەسەلە تایبەتییەکانی یەکگرتوویی سیاسی لە سەدەی نۆزدەیەم، هەلوێستی زالبوونی یۆنکرە سەرەڕۆ پرۆسییەکان، پانتای متافیزیکی بە تەوژمی بیرمەندانی پێشڕەوی ئەوان، بە شێوەی حاشا هەلنەگر رەنگی پانتای ئیدئۆلۆژی پارێزگاری بە خۆوە گرت. لە کۆتایی دەیەی ۱۹۲۰دا زۆربەی ئەندێشە ناسیۆنالیست و پارێزگارەکان لەژێر کاریگەرییەتی ناسیۆنال سۆسیالیزمدا بوون.[36] بابەتە ناوخۆیی و بوومیە مێژوویی، کەلتووری و سیاسییەکان لە زۆربەی ولاتەکان لەسەر خوو و سروشتی پارێزگاری شوێنی داناوە.

پانتای دووەم، پارێزگاری بەپێی خولە زەمانییەکان پلەبەندی دەکا. پلەبەندی خولەکان تێکشکان و سەرکەوتنی حیزبە پارێزگارەکان دەکرێتەبەر. لە بریتانیا، پارێزگاری پیلیت جێی خۆی بە دیزرائیلی، سالسبووری بەخشی و هەر بەوشێوەی درێژەی بوو هەتا (ڕێگای سەربڕ) مەک میلان و سەردەمی مارگارێت تاچێر لە دەیەی ۱۹۸۰. هەرکام لەم قۆناغانەی پارێزگاری مۆر و هێمای تایبەتی کەسایەتیە دەسەلاتدار و پێویستەکانی ئەو سەردەمەیان بە تەوێلەوەیە. وەها دابەشکارییەکی زەمانی لەگەل ئەوەیکە تێگەیشتنی ئاسانترە، دەتوانێ ڕێکبوونی ئیدئۆلۆژیکی تووشی گوکان بکا.

دوایین لێکدانەوە لەسەر پارێزگاری دەگەڕێتەوە بۆ پلەبەندی فیکری. دوو هەلوێستی گشتی دەربارەی روانگەی فیکری دەکەوێتە بەرچاو. یەکەمیان بەلگە دێنێتەوە کە باوەڕی بێخەوش لە پارێزگاریدا بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەرچی ریشەگەلی فەلسەفەی جۆراوجۆریشی ببێ. رێبازە پارێزگارییەکان بوونیان نییە؛ لەبەر ئەمە، هەولدان بۆ پلەبەندیە جۆراوجۆرەکانی پارێزگاری بێسوودە.[37] دووەم، کە روانگەیەکی گشتیترە، باوەڕی بە رێبازە جیاوازەکان لە پارێزگاریدا هەیە. رەنگە لە بابەتی شێوەی بایەخ و فیکرەکانەوە جۆرێک یەکگرتوویی بوونی ببێ. بەلام شێوەیەک کە ئەم فیکرانە لێکی دەدەنەوە لەوانەیە بە دەرەنجامێک لە ریشە

جۆربەجۆرەکان بگـا. گـرفتی ئەندێـشەی دوایــی ئەوەیـە کـە هــەموو جـۆرە سەرسـوورهێنەرەکان لــە نــاوەڕۆکــە رەدەبەندییەکانــدا هەیـە. جـاری واهەیـە پارێزگارەکان جیاوازی لە نێوان تۆرییـەکان، سـوننەت پەرسـتان و کردەوەخـوازان دادەنـێن. دەتـوانین لــە دەروونی پارێزگاریـدا پلەبەندیگـەلێکی دوولایەنـە ببیـنین، پارێزکـارانی کۆخـواز و ئـازادیخواز یـان پارێزگـارانی بنـەڕەتی و پـڕاگماتیک.[٣٨] پلەبەندی سێ لایەنەش هەیـە، پارێزگـارانی دواکـەوتووخواز، لایـەنگری بـارودۆخی ئێستا و سولحخواز، یان پارێزکارانی ئەزموونخوازی لیبرال، پارێزگـارانی شـاهیدی لیبرال.[٣٩] رەدەبەندیگەلێکی بەربلاوتریش لە ناوەڕۆکەکانی پارێزگاریدا هەیە.[٤٠]

ئاشکرایە کە لێـرەدا تـا رادەیـەک هـاوبۆچوونی دەکەوێتـە بـەرچاو. بـۆ واتـا بەخشین بە جۆرەکانی ئەندێشەی پارێزگاری پێویستە سـەرنج بدینـە رەدەبەنـدی پێنچ لایەنی: سوننەتخوازی، رۆمانتیـک، بـاوکسـالاری، لیـبرالی و پارێزگـارانی (راستی نوێ)و لەم پانتادا تاقمی دوایی لە هەموویان نوێتر و دیالۆگ هەلایسێنترە. لەگەڵ ئەمەدا، هیچ کام لەمانە بەتەواوی دەستەی داکووژێنەر نادرێتـە قەڵـەم. ئـەم تاقمانە هەمیشە لە کاری یەکتردا دەسـتتێوەردانیـان هەیـە و لـە زۆرکاتـا هەڵـگری سەرنجی تایبەتین.

پارێزگاری سوننەتخواز زۆرترین واتا گشتییەکان بۆ داب و نەریت، گرێبەسـت و سوننەت لەبەرچاو دەگرن. ئەمە پارێزگارییە کە زیادە لە هـەموو هۆگریمـان بـە بیچمی رایجی بەرەک گرتووە. عەقلی بۆچوونی زەبوون دەدرێتە قەڵـەم و لەگـەڵ دەمـارگرژیی و عەقـلی کردەوەیـی رووبـەڕوو دەبێتـەوە. یاسـای بنـەڕەتی و دەسەلاتی یاسا دەسکەوتی مرۆڤ نییە بەڵکو دەسـکەوتی ساڵـیانێکی کـردەوەی بەسـەریەکدا کـەوتووە و هەڵـگری پێـشبینی نییـە. ئەگـەر ئاڵـوگۆڕێک روو بـدا بەرهەمی ئەندێشەی مەنتقی پەسندی عەقلانی نییە بەڵکو بەشـێوەی سروشـتی لـە سوننەتەکانی کۆمەڵگەوە هەڵقولاوە. رێبەری، دەسەلات و پلەریزکـراوەکـانی نـاو سروشـتن. هــەر بــەو سـاکارییەی کــە پــشوو دەکێـشین دەسـت دەکــەین و فەرمانبەری. ئیرادە و مافەکانی ئێمە ریشەیان لە رێ و رەوشە کۆمەلایەکاندایە.

پارێزگاری ڕۆمانتیک تایبەتمەندی تایبەتی زۆر لـە بیرمەنـدانی ئاڵمانی وەکـو یوسـتوس مـوزر، ئـادام مـولێر، ئەشـلگێلەکان. فریـدریش نـووالیس و هـەروەها پارێزگـارە ئینگلیـسەکان وەکـو س.ت. کـالریج، ویلیـام وردت ورت، سـەروالێتر ئەسـکاتۆ ویلیـام کابێـت و ت.س. ئەلیۆتـە. بـەلای زۆرینـەی ئـەم بیرمەندانـەوە حەسرەتێکی زۆر بە ڕابردووی ئارمانجی کراوی سەردەمی شـوانی، گوندنـشینی و وێچووی دەرەبەگایەتی تووش دێین کە لەگەڵ یۆتۆپیای کە دەبـێ لـە کۆمەڵـگە بەرقەرار بێ، تێکەڵ بـوە. نـاوەرۆکی گـشتی ئەندێـشەی پارێزکـارانی ڕۆمانتیـک، پێکهێنـەری کۆمەڵـگەی دژە پیـشەسازی بـوو. ئەوانـە لـە ناخـەوە لـە شـعووری بازرگانی و بایەخە بـەیانکراوەکانی ئـەو ڕەخنـەیان دەگـرت. ئـابووری سیاسـی لیـبرال لـە بناخـەوە بـە نـاجۆر لەگـەڵ سروشـتی مـرۆڤ دەزانـرا. پارێزگـارانی ڕۆمانتیک لەگەڵ شێوەیەکی ژیاندا بـوون کـە سـادەتر، مەزهـەبی، و تێرکـراو لـە هەستەکانی کۆمەڵگە بێ. بە شێوەی پارێزگاری سوننەتخواز خوازیاری پلەبەنـدی سروشتی بوون کـە لـەودا ورە جـوامێری خانـەدان و بایـەخی پاڵـوانانێکی وەکـو زۆربەی کەسایەتییە دیرۆکەکانی ئەسکات یان پاڵەوانە خەیاڵـییەکانی کارلایـل لـە ئارادا بن. ئەم شێوە لە پارێزگاری کەمتر نیگەرانی پەست بـوون و بەکـەم زانـینی ڕۆڵی عەقڵ بوو. عەقڵخوازی شۆڕشەکانی ژاکـۆبن، چ لـە بـاری غـەریزی و چ لـە بـاری عەقـلی بـەکردەوە کـەمتر دەکەوتـە بـەر هێـرش بەڵـکو لـە بـلندایە سەرگێژکەرەکانی عەقلی بۆچوونی (بە ئاڵمانی Vernunft) چاوی لێ دەکـرا. ئەمـە ئاشکرا هاوکێش بوو لەگەڵ پانتای کالریج.

پارێزگاری باوک سالارانە هێندێ لایەنە سوننەتخوازەکان و ڕۆمانتیکی لە خۆ گرتبـوو. ئـەو ئەرکـەکانی دەوڵـەتی بـە پێکهێنـانی ژیـانێکی خـۆش بـۆ هـەموو مەدەنییەکانی دەزانی و بە جۆرێک لە بەرپرسایەتی سەرمایەداری دەدایە قەڵـەم. ئەم پرەنسیپە زۆربەی لە پارێزگاکـانی بـە ڕێیـەکی ڕێنـوێنی کراوتـری هانـدان.[٤١] بیچمی حکوومەت بە چاوی باوکی خێرخواز دەبینرا کـە ئارمانجـەکان بـەرەوپێش دەبـا و پێکهێنـانی دەرفەتگـەلی یەکـسان و عادلانـە دەسـەبەر دەکـا. پارێزگـاری باوکسالاری لە دوو سەدەی ڕابردوودا ڕێک بـە دووی یەکدا دیتـراوە. لـە کـاری

شافتسبووری لـه دەیـەی ١٨٣٠ و پاشـان دیزرائیلـی و چەمبـەرلین هـەتا ڕێـی ناوندی پارێزکاری مەک میلان ئەدوارد هـەیس. ئـەم ڕێبـازە هـەر بـەمجۆرە لـە دێموکراسـی مەسـیحی ئـەوروپایی لـە ئالـمان و ئیتالیـای دوای چـەرخی ١٩٤٥ وجوودی بووە. سازان لەگەڵ بەرپرسایەتی هەڵبژێراوەکان و ڕێککەوتن لەگـەڵ ئەوان، پرەنسیپێکی مرۆڤدۆستانەی بەهێز بوو. لە بریتانیا ئەم ڕووداوە لە پلـەی یەکەمدا دەکرێ لە ئەندێشەی پیاوانێکی وەکو ئاستێلر، سـەدلێر، و شافـسبووری و کاری ئەوانە دەربارەی یاساگەلی کارخانەکان بگرنە بەرچاو. ئـەوان هەمیـشە لە عەقڵخوازی، ڕێبازی بێنتام و ئابووری سیاسی کلاسیک کەلکیان وەردەگرت؛ لە (یاسای نوێی هەژاران) (١٨٣٤) بێزار بوون و بە توندی لەسەر ڕۆڵی دەوڵـەت لە دەستەبەر کردنی مەسکەنی بابەتانە، کەش‌وهـەوای کـار، مـافی کـار و هـەق دەست و کردەوەی بابەتانە لەگەڵ هەژاران تەئکید و باوەڕیان بـوو. لـە کۆتـایی سەدەدا لە بریتانیا ئەم نگەرانییە دەربارەی پشتگری لە بـارودۆخی بابەتانـە بـۆ هەمووان شێوەی پارێزگاری (نەتەوەیـەک) بـەخۆوە گـرت. بێگومـان چۆنیـەتی کاریگەربوونی ئەوە لە سەدەی نۆزدەیەم، کارێکە بۆ توێژینەوە دەبێ.

لـە دەیـەی ١٨٣٠ بزووتنـەوە و هۆکـارێکی دیکـە هاتـە نێـو ئـەم بزاوتـە باوکسالارانەوە. ئەم ڕووداوە واقعبینانەی هەڵبژاردن بوو. واقعبینی دەربارەی سروشتی گۆڕانی ئەوانە لە ڕاپرسیدا بەشداربوون. ئەم خاڵە لە بەیانییـەی (تـام وورس) (١٨٣٤) کەوتە بەر ئاماژەی سەر ڕابرت پیل.[٤٢] ئەم بەیانیەیە کۆمەڵـێکی بەربلاو لە ئیدەکان نەبوو بەڵکو وادەهاتە بـەرچاو بـە جـۆرێکی بـە تالـووکە بـۆ ڕاپرسی پێکهاتبوو. بەم حاڵەوە، زۆربەی بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم ڕەنگدانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕینی ورە بوو و دەیویست حزبی تـۆری دێرینەتر لەگەڵ ڕادەربرە نوێکان (یاسای پـەرلـەمانی خەڵکی) ئاشـت بکاتـەوە. دەوڵەت خاوەن هێز، یاسا و سیستەمـی بـەهێز، یاسـای بنـەڕەتی سـوننەتی و بەرژەوەندی ماڵی بوونی دەبوو لەگەڵ ڕادەربرە نوێیەکانی چـینی مامناوەنـدی پێوەندی بەدی بێنێ. ئەگەر حزبی پارێزگار بیویستبا لە ڕاپرسـیدا بـە مانـەوەی خـۆی درێـژە بـدا، دەبـوو لەگـەڵ ئـەوە خـۆ ڕێـک بخـا، ئـەم پـەیامی بەشـە

جۆرەبەجۆرەکانی حزب، بەتایبەت لە دوای تێکچوونی یاسای دانەوێڵە لە ساڵی ١٨٦٤ بە دەستیان گەیشت.

دیزرائیلی بزاڤی پیلیتی قاییم کردەوە. رێکخراوەی تازەوە سەر پێکەوتووی ئینگلستان، ئەو ئەندامی بوو، وەرگێرانێکی روونتری لەم باوکسالارییە و واقعبینی گرێدراو بە رادەربڕە نوێکان دەدرایە قەڵەم، ئامانجی ئەوان، کە لە نووئێلی دیزرائیلی بە ناوی سایبل یان دوو نەتەوە هاتووەتە ئاراوە، بناخەی حزبی پارێزگاری میللی بوو کە کۆکردنەوەی سامانی بۆ خۆی، تاکخوازی لیبرالی و دابەشکردنی چینایەتی لە خۆی دوورخستەوە و پارێزگاری دیزرائیلی هەم لە نوێنەرایەتی سیاسی دەگەڕا و هەم باشترکردنی کەش و هەوای پیشەسازی کۆمەڵایەتی دەویست. ئەم کارە لەگەڵ رێز و حورمەتی پاشایەتی و یاسای بنەڕەتی دێرینە گرێ درابوو. بەگشتی، ئامانجی ئەو (یەک نەتەوە) بوو. رێز لێنان و ستایشی دیزرائیلی لە ئاست یاسای بنەڕەتی دێرین لە کتێبی یەکەمی ئەودا، بەناوی هەقانیەتی یاسای بنەڕەتی ئینگلیز روونکراوەتەوە کە رێزی خۆی ئاراستەی بەرەک .و کالریج کردووە. باشتربوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر دەرەکی بوو. لەگەڵ ئەمەدا، دەسکەوتی روانگەی دیزرائیلی. جگە لە قبووڵ کردنی ناوخۆی حزب، لە بەرینبوونەوەی بزاواتی راپرسی لە نوێنەرایەتی یاسای خەلک لە ١٨٦٧دا شاراوەتەوە.

سوننەتی باوکسالاری بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەوری گرنگی لە حزبی پارێزگاریدا گێراوە. تەئکید لەسەر بەرپرسایەتی و ئەرکی ماڵ و مولکیان، بەرین کردنەوەی مافە سیاسییەکان، سازدانی کەلک وەرگرتن لە دەوڵەت بۆ تەبایی و پاک و خاوێنی و باشتر ژیان بەسەر بردنی نەتەوە، چاو کراوانە جێگای قبووڵ و پشتیوانی و پاڵپشتی کەسایەتیگەلێکی وەکو لۆرد رەندۆلۆف چەرچیل، جۆزف چمبەرلین و کوڕەکەی نێویل لە دەیەی ١٩٢٠ بوون. ئەم پانتایە هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی پارێزگاری مامناوەندی مەک میلان لە دەیەی ١٩٥٠ و بڕێک لایەنەکانی سەردەمی سەرۆک وەزیری ئەدوارد هەیس بوو. یەکێک لە تازەترین لایەنگرانی ئەو لە حزبی پارێزگاری بریتانیا، سیریان گیلمورە. گیلمور لە کتێبی

بریتانیادا دەتوانێ دژی سەرهەڵدان و زۆربوونی بێکاری لە دەیەی ١٩٨٠ لە بواری بێهێز کردنی بۆچوونی نەتەوەیەک) کارربکا، دەڵێ: رەخنە لە (یاسای نوێی نەداری)، مامەڵە لەگەڵ سازشی دیزرائیلی سەبارەت بە چاتیستەکان، نیگەرانی دەربارەی یاسای کارخانە، هەموویان بە بەشێک لە سوننەتی پارێزگاری زانراون. دەرەنجام، گیلمورنگەرانی قووڵی خۆی سەبارەت بە روانگەی لیبرالی کلاسیکی هەڵبژێراو لە لایەن زۆربەی هاورێ حزبیەکانییەوە لە دەیەی ١٩٨٠ دەری دەبرێ و ئەگەرچی ئابووری ئازاد تا رادەیەک پێویستە، نابێ بۆ پارێزگاری ببێ بە بایەخی دەسەلات. بە بۆچوونی گیلمور، سیاسەت دەبێ هەمیشە لەسەر ئابووری لە پلەی یەکەمدا بێ و قسەی یەکەم بکا.[٤٣]

دروشمی پارێزگاری لیبرال پێچەوانەی دروشمی گیلمورە. ئابووری لەسەرووی سیاسەتەوەیە. بێپسانەوە بۆ ناسینەوەی شعووری پارێزگاری لیبرال دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم. رەنگە تا رادەیەک بکرێ بیرمەندانێکی وەکو کۆنستان و تۆکوویل لە ریزی ئەو دابنرێن. لەگەڵ ئەم حاڵەدا، هێشتا جێی قسە و باسە کە ئایا ئەم دەستە بەندیە راستە یان نا؟ پارێزگاری لیبرال حەز دەکا زۆرتر باوەڕە رەسمییەکانی لیبرالیزمی کلاسیک قبووڵ بکا: تەئکید لەسەر تاکخوازی، ئازادی رووخاو، مافە تایبەتیەکان و دەوڵەتی لەگەڵ لانیکەمی دەسەلاتی یاسایی. بەلام ئەم واتایە لە دەوڵەت، کە زۆرجار لەگەڵ چارەنووسی ئەمپراتۆری تێکەڵ بەیەکە، هەمیشە لەوە توندوتیژترە کە بە شێوەی سروشتی لە لایەن لیبرالە کلاسیکەکانەوە قبووڵ بکرێ. زیندووبوونەوەی پارێزگاری لیبرال لە پاش ساڵی ١٩٤٥، لە زۆربەی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان، نووکی تیژی هێرشی خۆی کردبووە خاوەندارێتی بەشی گشتی و خەتتە فیکرییەکان دەوڵەتی تەبایان پێکهێناوە.[٤٤]

ئەم شێوە لە پارێزگاری لیبرال شوێنی پێی باوەڕەکانی بەرەک لە کتێبی ئەندێشەکان و برگەکانی دەربارەی کەم و کووڕی هەڵگرتووە. هێندێ کەس کۆتایی دەیەی ١٨٨٠ بە خاڵێکی دەسپێکی باوەڕ پێکراوتری دەزانن. لە بریتانیای دەیەی ١٨٨٠ ئەم باوەڕە لە نێو ئەندامی پارێزگاری (ئازادی سپێنسێری) و

(ئەنجوومەنی پشتگری لە مالکییەت) دێتە ناساندن. ڕێکخراوەگەلێک کە پێوەندی ئەندامەتیان لەگەڵ حزبی پارێزگاردا بوە، وەکو (ئەنجوومەنی مافە تایبەتیەکان) ئەنجوومەنی بە کەمال گەیشتنی سیاسی (دواتر یەکێتی خۆراگری دەولەت)، (ئەنجوومەنی یاسای بنەڕەتی بریتانیا)، (یەکێتی دژی سۆسیالیستی) و ((ئەنجوومەنی ئازادی پیشەسازی) هەروەها حالەتی ڕۆحی گشتی پارێزگاریان لە خۆیان نیشان داوە. چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانە هەمیشە لە پێناوی هێرش بە گەشەکردنی دەولەت بووە. پاراستنی سەرپەرشتی دەولەت و تایبەتمەندکردنی ئامانجە پێداویستەکانی ئەوانی پێک هێناوە.

ئەم سوننەتە تایبەتە لە لایەن هێندێ لە ئەنجوومەنەکانەوە لە دەورەی پاش شەڕەوە درێژەی پێ درا و بەتایبەت لە دەهەکانی دوایدا کاریگەرییەتی ڕوو بە گەشەی لەسەرانسەری ئەورووپا و ئەمریکادا ڕەنگیداوە. لەوە دەچێ بەناوبانگترین ڕێکخراوە ڕۆشنگەری، ئەنجوومەنی مانت پلرین بێ. لە بریتانیا، (ناوەندی کاری ئابووری)، (ئامانجە پیشەسازییەکان) و لەم دوایانەدا (ناوەندی ئادام سمیت)، (ئەنجوومەنی ئازادی) و (ناوەندی موتالایی سیاسی) ئەم مەشعەلەیان بە دەستەوە گرتووە و هێناویانە. لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ زۆر لە کەسایەتییە ڕێبەرەکان لە حزبی پارێزگار بریتانیا بەتەواوی جەزبی پارێزگاری لیبرال و تارادەیەک بڕان لە هەموو ناوەڕۆکە سوننەتییەکانی پارێزگاری. سیرکیت جۆزێف و کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی نەک زۆر بەناوبانگ، نوێخوازی باوەڕی نوێیان بوو کە سیفەتی کرداری دووپات کردنەوەی جەزمی و پلە و پایەی وەکو کۆیلە و نییەتی پاکیان بازاڕی ئازادی لیبرالی. بوو. وتەکانی ئەوان بە کردەوە نەدەکرا لە لیبرالیزمی کلاسیک جیا بکرێتەوە.

ئاخرین تاقمی پارێزگاران، واتە، (ڕاستی نوێ) زیاتر لە هەموویان بەدێ هێنەری دیالۆگە. شتێک نییە کە بە ئاسانی باس کرێ بەم هۆیە تا ڕادەیەک ئەندامی جۆراوجۆر دەگرێتەوەخۆ. ئەم بزاوتە ڕاشکاوانە زۆر لەگەڵ سوننەتخوازی دێرینەتر و سوننەتە ڕۆمانتیکە باوکسالارییەکان جیاوازە.

دژایەتی لێرەدایە کە دەربارەی پارێزگاری دەتوانین بڵێن کە یەکێک لە بزاوتەکانی (راستی نوێ) دەدرێتە قەڵەم. سەرچاوەی بێپسانەوەی ئەو یەکەم پایەداری و بەردەوامی سوننەتی پارێزگاری لیبرالییە، دووەمەن رەخنەگەلێکی دژی سەرەرۆیی دەیەی ١٩٥٠، بەتایبەت لە نووسەرانێکی وەکو هایک و ئەوکشات کە لە خەباتێکی هەمیشەیدا لەگەڵ گشت شێوە سۆسالیزم و لیبرالیزمە کۆمەڵایەتییەکاندا کردوویانەو بێجگە لەمە، شکستە راپرسییەکانی پارێزگارانی باوکسالاری لە دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠، زۆربەی کەسەکانی رازی کرد کە گۆڕینی لایەن پێویستە. سەرەنجام خەڵک باوەڕیان کرد کە سیاسەتەکان و پەیبردن بە هەمەلایەنەکردنی رێخراوە ئابوورییەکان، بزاڤی تەعاونی، بەرێوبەرایەتی کینزی و دەوڵەتی تەبا تێکشکاوە، ئەم سەر لەبەرد دانە بەرامبەر بوو لەگەڵ ترسە ریشەدارەکان لە وەستانی نرخ و باکردنی لە ئابوورییە غەربییەکان لە دەیەی ١٩٧٠دا.

ئەوەی لەژێر ناونیشانی (راستی نوێ) دایە، ئێستاش وەک مەتەڵێکی هەڵناهاتوو ماوەتەوە. هەمیشە ئەوە بە ئالیاژێک (پێکهاتەیەکی فلز لەگەڵ جیوە) لە پارێزگاری لیبرالی سوننەتی، ئەندێشەی ئابووری لیبرالی رێبازی ئۆترش (لۆدویگ فۆن میسیز و فۆن هایک)، ئازادیخوازی توندوتیژی (ئانارکوکاپیتالیزم) و خەڵکخوازی دواکەوتووانە و سەرەتای دەزانن.[٤٥] دەیڤید گرین لە بەرگری خۆیدا لایەنی لیبرالی فراوانتر دەکاتەوە ئەو جۆرە کە رێبازی فریدمن شیکاگۆ و فیکرەکان رێبازی هەڵبژاردنی گشتی ویرجینیاش دەگرێتەبەر.[٤٦] هیچ کام لەم پرەنسیپانە لە باری فیکرییەوە یەک ناگرنەوە. هێندێ ناوەڕۆک، وەک ناوەڕۆکی گرین، ئەگەرچی موتالا بە لایەن لیبرالی نوێ بەرین دەکاتەوە، هەڵگری سەلماندنی ناوەڕۆکی پارێزکاری نوێ یان پرەنسیپی سەرەرۆی نوێیان نییە. راجێر سکرۆتۆن و هەموو ئەندامی کۆڕی سالیسبوری جیا لە باسەکەن و ئەوانە قبووڵ نەکراون. هەرچەند رەنگە کەسانێک ئەوە ببینن و بڵێن بۆچی وایە، چونکە تەنانەت یەککگرتوویی ئیدئۆلۆژی (راستی نوێ) زۆرتر ئاڵۆز دەکا، بەڵام دەربارەی بزاوتی ئەم کارە عادلانە نییە.[٤٧]

یەکگرتوویی ئیدئۆلۆژیکی رواڵەتی ئەگەر خۆی بە پرەنسیپی لیبرالی نوێ ببستێتەوە، تا رادەیەک لە بەخت و نەسیب بەهرەمەند دەبێ. تەئکید لەسەر سیاسەتی لیبرالی نوێ بە خۆشییەوە لەگەڵ بازاڕی ئازاد رووبەڕووبووەتەوە. وا دێتە بەرچاو کە دەخاڵەتی دەوڵەت بەتەواوی دووچاوی تێکشکان بووەتەوە. سیاسەتە داڕێژراوەکانی بەرنامەرێژی دوای جەنگ. دەوڵەتی تەبا و رەبا، وەرگرتنی مالیاتی زۆر، خەرجەکان و کۆی دەسکەوتی گشتی، گەشەی دیوان سالاری. زیادکردنی هەقدەستەکان بێ سەرنجدان بە بەرهەم، و هەرەوەزی گشتی لەوە دەچێ بێ کەلک بن. رواڵەتەن هیچ جێگرێک بۆ ئازاد کە دەبێ بە داوەری نهایی هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان (لەگەڵ ئەوانەدا تەندروستی و دەرمان و فێرکردن و بارهێنان) بزانرێ، بوونی نییە.

ئامانجە سیاسییەکان بریتی بوون لە رزگاری تاک لە دەسەڵاتی دەوڵەت، بڕینەوە و بەر بەستی مالیاتەکان، کەمکردنەوە و لاوازکردنی دەوری دەوڵەتی تەبا، کۆنترۆلی کەمکردنی دەسکەوت و دەرخستنی پارە، تایبەتی کردنی دەست بە سەرداگرتنی دەوڵەتییەکان. جیاوازی لەگەڵ سوننەتی پارێزگاری لیبرالی لەوەدایە کە لە (راستی نوێ) لیبرالی نوێ پێوارەکانی بازاڕی کردبووە پاڵپشتی خۆی. سەرمایەداری ئانارشیست (یان ئانارکۆکاپیتالیزم) یان پرەنسیپی ئازادیخوازە توندوتیژەکان لە (راستی نوێ) دا بانگهێشتنی دەوڵەت بۆ چاوە دێری کردن بەسەر مادە سڕکەرە قەویەکاندا، بێبایەخ بینین و لە هێندێ جاردا چالاکی گەورە وەکو باجگیری و دەمارگرژیان دەکرد. دەگوترا ئەگەر کە ئەم بابەتانە لە بازاڕی ئازاددا ببێ لە درێژخایاندا مەسەلەیەک پێکناهێنێ و ئەگەر تاکەکان رێز بۆ ناوبانگی خۆیان دانێن و بتوانن بڕیارنامەیەک بۆ خۆیان بنووسن کە کەسێک زانیاری دەربارەی ئەوانەوە ئاشکراکا، لەو شێوەدا تەنانەت باجگیری و دەمارگرژیش بەپێی پێوارەکانی بازاڕ جۆرێک گۆڕینەوەی شیاو و رەوا دەبوو. هەڵبەت پارێزگارانی لیبرال دانیان بە هیچ کام لەم فیکرانەدا نەناوە و قبوولیان نەکردووە. لە راستیدا، پارێزگارانی لیبرالی وەکو ئەنوک پاول لە بریتانیا ناتوانێ بیسەلمێنێ کە پاک و خاوێنی و دەرمان یان فێرکردن و بارهێنان

پەیڕەوی پرەنسیپی بازاڕ بن. بەم چەشنە، لەسەر رۆیشتنێکی دوور و درێژ دەربارەی بەرینبوونەوەی بازاڕ لە ئارادایە. زۆر لە بیرمەندان و ئەندێشمەندانی بازاڕ لەگەڵ بەرنامەی (راستی نوێ) پارێزگارانی نوێدا هاو باوەڕنین، واتە هاودەنگ لەگەڵ ناسیۆنالیستی، ولاتپەرستی، کەلتووری نەتەوەیی، نایەکسانی سروشتی، بایەخی ژیانی بنەماڵەیی بە دەسەلاتی باوک سالارانە، فێرکردن و بارهێنانی مەزهەبی مەسیح ئیجباری. پارێزگاری نوێ سکرۆتۆن یان مووریس کاولینگ پێوەندییەکی زۆرتری لەگەڵ هێندێ لایەنە پارێزگارە سوننەتخوازەکاندا هەیە.[48] ئەوانە بە گەرم و گوڕی و لێبڕوانە هاوکێشی خۆیان هەم لەگەڵ باوکسالاری و هەم پارێزگاری لیبرال رەت دەکەنەوە و کەمێک هۆگریان بە ئازادی و یەکسانی هەیە یان لە بنەڕەتا هۆگریان نییە. لە راستیدا مەدەنییەکان لە سەردەمی دوای شەڕ ئازادی و یەکسانیان زۆرتر بووە. بە بۆچوونی کاولینگ، هەم مارکسیزم و هەم لیبرالیزم دەبێ لە یەک ئاستا بکەونە بەر پەلاماری گاڵتەجاڕ و گومانی پارێزگاران. یەکێک لە ئامانجە چاوکراوەکانی تاقمی سالیسبوری راستکردنەوە و هەڵە هەڵگرتنەوەی بەرەو لاچوونی لیبرالیزم لە دەروونی دەوڵەتی پارێزگاردا بوو. بە باوەڕی کاولینگ، پارێزگارانی راستەقینە دەبێ، نیگەران و دڵ لە دوای مەسەلەگەلێکی وەک پشتگری کردن لە خاوەنداریێتی تایبەتی، ئازادبوونی سەبارەت بە چۆنیەتی وەدەس هێنانی دەرامەد و پاراستنی سەرلەنوێی پێناسەی نەتەوایەتی بن.[49]

سروشتی مرۆڤ

پارێزگاری، بێجگە لە رێبازەکانی پارێزگاری لیبرال و (راستی نوێ) کە زۆرتر هۆگری نووسراوەکانی لیبرالی کلاسیک بوون، تا رادەیەک داوەری نەگۆڕی دەربارەی سروشتی مرۆڤ هەیە. بە بۆچوونی پارێزگارانی سوننەتخواز، رۆمانتیک و باوکسالار، مرۆڤ بە و مرۆڤخوازی ئامادەیی بەرتەسکی هەیە کە هەمیشە بنەماڵە، دراوسێ و نزیکان دەگرێتەخۆ. ئێمە بەپێی جەوهەر و سروشتی خۆمان، نەک تایبەتەن، خۆخوازین. غەریزە

زۆرخوازییەکەمان ئێمەی بە شێوەی نەگۆڕ هەڵگری خراپەکاری بارهێناوە، بەڵام تەوەزەلی ئێمە گۆڕەپانی ئەم خراپەکارییەی بەرتەسک کردووتەوە. لەم بارەوە ناتوانین زۆربەی عەقڵی خۆمان بخەینە گەڕ. ئەم واتا عەقلانییە لەگەڵ پێچراوەیی مرۆڤدا هاوکێش نییە و لە کێشەدایە. مرۆڤ زۆرجار بۆ ئازادی خۆی و زۆرینەی کەلک وەرگرتن لە سەرچاوەی خۆی هەوڵی داوە بایەخی بداتێ، بەڵام لە هۆگری عەشقی خۆی بە خۆش رابواردن، تەوەزەلی سروشتی و بەهرەمەن بوون لە ژیان ناتوانێ چاو پۆشی بکا. مرۆڤ مەکینەیەکی بیرمەند نییە بەڵکو شەبەکەیەکی پێچراوەیە لە حەز و خۆشەویستی، ئەندێشە و زۆرجار هۆکاری دژ بە یەکن. لێرەدا شتێک کە هۆی شەرمساری بێ، لە ئارادا نییە. لە دووگەڕانی هاودەنگی و سازگاری تەواو، دیرۆکەی عەقڵخوازانەیە. ئەگەر ئەمە بە هۆکاری سەرەتای عەقڵی مرۆڤ بزانین، بۆچوونێکی دەرەکییە. ئەم بۆچوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەندێشەی گومانلێکراو سەبارەت بە ئارەزووەکانی عاقڵبوونی مرۆڤ دەبێ. ئەم خاڵە دواییە لەگەڵ یەکێک لە دژایەتییەکانی سەرەتای رەخنەگرانی پارێزگار بە پارێزگاری لیبراڵەوە پێوەندی هەیە. باوەڕی وایە کە ئەوانە ساویلکانە دەڕواننە سروشتی مرۆڤ و لەوە ناگەن.

زۆر لە پارێزگاکان نە باوەڕی کۆمەڵگەی پڕ جەماوەریان بە لاوە مانا دارە و نە پرەنسیپەکانی تاک. رەخنە لە تاکەکان هۆیە بۆ ئاڵوگۆڕبوونی دیالۆگی توندوتیژی نێوان پارێزگارانی لیبراڵ و گشت رێبازە پارێزگارەکان. هەر دوو واتا گشتییەکە (تاک و کۆمەڵگەی پڕ جەماوەر) زۆرجار بە بەر و پشتی سککەیەک زانراون. جەماوەر لە تاک و تاقە تاقە پێکهاتووە. لە روانگەی زۆرینەی پارێزگارانەوە، بوونەوەری مرۆڤی لە دەروونی پێکهاتەیەکی پێچراوەی خاوەن کەلتووری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکەن. ئازادی تاک بەرهەمی سالیانی گەشەی کۆمەڵگەی دەروونی سوننەتێکی تایبەتی نەتەوەیە. زمان، داب و نەریت، ئەندێشە، بەر لە هەر جۆرە ئەندێشەیەکی چاوکراوانە دەربارەی ئەوانە لە بنەماڵەدا، تاقمە هاوتەمەنەکان، قوتابخانەکان و کار و کرداری بەرامبەری کۆمەڵگە بە دەس دێ. تاکی ئاڕمانجی و مرۆڤە جیهان

وەتەنەکان پێکهاتەی ئەندێشە و گومانن. ئەو جۆرە کە ژووزف دوومستر دەڵێ: (یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٧٩٥ وەکو یاساگەلی بنەڕەتی بەر لە خۆی، بۆ مرۆڤ نووسرا بوو. بەڵام شتێکی گشتی بەناوی مرۆڤ لە جیهاندا لە ئارادا نییە. من لە ماوەی تەمەنی خۆمدا فەڕانسەوییەکان، ئیتاڵیایەکان، رووسییەکان و... دیوە، بە سایەی نووسراوەکانی مۆنتسکیوییەوە تەنانەت لەگەڵ مرۆڤە ئێرانییەکانیش ئاشنا بووم. بەڵام دەربارەی مرۆڤ رادەگەیێنم کە لە ژیانمدا لەگەڵ وەها شتێک رووبەڕوونەبوومەتەوە. ئەگەر وەها بوونەوەرێک لە ژیانا بێ، بۆ من نەناسراوە.[٥٠] راجێر ئەسکرۆتون کاتێ دەڵێ: (تاک شتێکی دەسکرد، بەرهەمێکە کە گرێ دراوە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە)[٥١] هەر ئەم خاڵە دووپات دەکەینەوە.

بە پێچەوانەی دەربڕینی هەستی زۆربەی نووسراوەکانی پارێزگاری دەربارەی هەستە مێژووییەکان، روانگەی ئەوان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ هەم جیهانین و هەم جیا لە مێژووە. بەڵام سەبارەت بەو جیهانی بوونە، بیرمەندانی پارێزکار لەگەڵ لیبرالیزم لە باوەڕدا شەریکن. زانیاری مێژوویی رەنگە بە رێژەبوونی سروشتی مرۆڤ دابنرێ. دەربارەی پارێزگاری، دەبێ بڵێین ئێمە بە پێچەوانەی ئەمە کە بەرەو رۆڵەی تاف و کۆمەڵگەی خۆمانین، سروشت و هۆکاری پرەنسیپی ئێمە مەگۆڕ دەمێنێتەوە. سروشت و جۆری جیهانی شێوە و قاڵبی وجوودی ئێمە دیاری دەکا. لە لایەکەوە، ئەم زانیارییە مێژووییە پارێزگارەکانی بە رەتکردنەوەی باوەڕ دەربارەی مافە سروشتییەکان هاندەدا، بەرەو ئەندێشەی قەراردادی و بارودۆخی سروشتی کێشاوە. ئەم باوەڕانە مرۆڤەکانی لە سوننەتە میللییە تایبەتییەکانی خۆی و رێخراوەگەلێک کە بە ژیانی ئەوان مانا دەبەخشێ، دەکا بە بێگانە. بوونەوەری مرۆڤ ناکرێ لە کۆمەڵگە بەدەر بیری لێ بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، پارێزگاران لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤەکان هەمیشە لە دەرەوەی زەمان و ویستەکانی ئەو دەمێننەوە. ئەم باوەڕە هەرچەند کە لە نێوان گۆڕانکاری مێژوویی و سروشتی نەگۆڕێ ئێمە بەدێ هێنەری سازگارییە، بەڵام توانایی ئەوەی نییە بە قەناعەتمان

بگەیێنیٚ. نووسەرانی پارێزگار خوازیاری بەرژەوەندین، بەلاّم خوازیاری هیچ کام لە خەرجە رێژەی زانیارییە مێژووییەکان نین.

لەو جێیەدا کە ئێمە لە بابەتی کۆمەلاّیەتی و مێژووە بوونەوەرێکی دیاریکراوین، پێویستانە رەنگدانەوەی وێنە سروشتییە نایەکسانەکان لە بابەت ئامادەیەکان و سەرکەوتنەکان لە کۆمەلگەداین. دەسەلاّت هەمیشە لە کۆمەلگەدا پێویستە و دەسەلاّت هەلگری نایەکسانیە. مرۆڤی خاوەن دەسەلاّت فەرمان دەدا و ئەم و ئەو فەرمانەکانی ئەو بەرێوە دەبەن. پارێزگاران بە دەسەلاّت بەرێوەبەرانی هێندیٚ رێکخراوە یان تاک باوەرِیان هەیە.[52] بەردی بناخەی نایەکسانی هەم لە سروشت و هەم بەرهەمی کەش و هەوای سیاسییە. کۆمەلێک لە خەلک، چ لە باری فیکری و چ لە باری رۆحی و ئەخلاقی، بە شێوەی سروشتی بە سەرووی ئەم و ئەوەوەن. ئەم نایەکسانییە نابیٚ هۆی شەرمەزاری بیٚ. ئەم نایەکسانییە ناتوانیٚ لەگەل ئامێرە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان لە بەین ببریٚ. هێندیٚ بۆ فەرماندان لە دایک دەبن و برێکی بۆ فەرمانبەری. لەگەل ئەمەدا، دەبیٚ دەربارەی ئەم خالە بوتریٚ کە تاقمێک لە پارێزگارەکانی سەدەی بیستەم، چ ئەو کەسانەی کە باوەرِی لیبرالیان هەیە و چ ئەوانەی کە زۆرتر پێرِوەی بیری باوک سالاّرانەن، زۆر لەژێر کاریگەری باوەرِی یەکسانی دەرفەتەکان و مەدەنییەتی یەکسانیدان.

سەرەنجام، پارێزگاری دلنیگەرانی رووخان و لەناو نەچوونی و جیهانی بوونی و سروشتی مرۆڤایەتییە. ئەم بیرە گشتییە بە واتای ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەمیشە تێکشکاو دەمێننەوە و بە هیچ چەشنێک ناکەونە سەر دەور و رێک نابن. ئەم ئەندێشەیە بێگومان مرۆڤ دەخاتە بیری وتەکەی ویرک کە دەیگوت پارێزگاری دەکریٚ بە جۆری (شێوەی دژەمەزهەبی و سیاسی بوونی ئەو باوەرِەی مەزەب دەربارەی تاوانی سەرەتا)[53]ی دانا. دوو سەرچاوەی سەرەکی دەربارەی روانگەی رووخاوی سروشتی مرۆڤی لە ئارادا هەیە: ئیلاهیات و کردار. سەرچاوەی ئیلاهیات روانگەیەکی دێرینەترە. لە ئیلاهیاتی مەسیحیدا ئەم ئەندێشە لە پلەی یەکمدا بە باوەرِێک بۆ تاوان و گوناهی سەرەتا

(ناوبراو له کتێبی پیرۆز) دەگەڕێتەوە. ئێمە لە دنیایەکدا ژیان دەکەین پڕە لە گوناه و تاوان. هیچ کارێک ناکرێ مەگەر ئەوە کە جەماوەر و کۆمەڵگە دژی گەندەڵ کردەوە لە خۆ بنوێنن. ئەمە بارودۆخی مرۆڤایەتییە و شەرت و مەرجی بوونی ئەو دەدرێتە قەڵەم. لە (شاری مرۆڤ) لەگەڵ ئیلهام لە واژەی (شاری خودا) کە ئەگوستینی قەدیس بەکاری بردووە) گشت دەسەلاتی سیاسی دەکرێ بۆ هەڵبژاردن و ئەنجامدانی باشترین کار لە نێوان خراپترین کارەکان کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەو جۆرە کە مستێر گوتوویە: (لە کارەکانی مرۆڤدا، هەر شتێک بە هەمان شێوەی خراپی و ڕۆژەڕەشی خولقێنەری ئەوە).[٥٤] مستێر دەربارەی ڕەوشتی ناحەز و بە گەندەڵ کێشراوی مرۆڤایەتی زۆر زیاتر لە ئەدمۆند بەرەک دڵ کرمێ بوو.[٥٥]

لەگەڵ بوونی ئەم ڕاستییەدا کە پارێزگارانێک لەم سەدەدا هەن کە بە ئەندێشەی مەزهەب تێکشکاون و هەڵگری ریفۆرم نەبوون باوەڕیان هەیە، زۆری دیکە هەن کە ناتوانن ئەم بۆچوونە قبووڵ بکەن.[٥٦] لە ڕاستیدا هێندێ بێ چاو کردنەوە ناوەڕۆکە دینییەکان ڕەت دەکەنەوە. سوننەتێکی بەهێز لە پارێزگاری دژە مەزهەبیدا هەیە کە دەربارەی پێشکەوتوویی فیکری ئەم سەدەیە گومانی تێدانییە. پارێزگارانی دژە مەزهەبی بەوەی کە بەربلاوانە دەتوانن ئەوە مەسەلەکی کردەوەی ڕووخاو و ریفۆرم هەڵنەگر ناو بنێن، باوەڕیان هەیە. ئەم باوەڕە لە بەرژەوەندی ئەندێشەی ئەخلاقی، ئاشنایی ناسی و دەروونناسی جەخت دەکەنەوە. باوەڕی بنەڕەتی ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەپێی ئامادەییەکان و لێهاتووییەکانیان لە تێگەیشتنی جیهان ناتەواون. هەموو ئێمە پاشەکەوتێکی زۆر کەممان لە زانیاری لەبەر دەستایە. هەروەها لە بابەتی مێژوو و کۆمەڵایەتییەوە ئاسۆمان بەرتەسکە. لێهاتوویی پێڕاگەیینی عەقلی و زانیاری مرۆڤ زۆر لاوازە و ناتوانین باوەڕ بەوە بکەین. لەبەر ئەمە، داب و نەریت و سوننەتی ڕێنوێنانی باوەڕ پێکراوتر بو ڕێنوێنی مرۆڤ دەدرێتە قەڵەم. ئەم زانیارییە بەرتەسک و لاوازەی مرۆڤ لە دیاری کردنی خێری دەم و ئەو شتێک نییە کە گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە. ئەمە ڕاستییەکی جیهانی مرۆڤە. هەر ئەو جۆرە کە پاشەکەوتی

گشتی مرۆڤ زۆر دەبێ، تەنانەت لە ناخی کەلتووری خۆماندا مەحکوومین کە بە نەزانییەگشتییەکەی خۆشمان زیاد بکەین. دەور و رۆڵی بەکردەوەی ئێمە حاشا هەڵنگرە. بەم جۆرە، بێجگە لە باوەڕی پارێزگاری لیبرال. گریمانەی گشتیتری پارێزگاری ئەوەیە کە پرەنسیپی مرۆڤ ناتەواو و خاوەن عەیبە و وەکو ئەندێشەی سیاسی ئەو دەمێنێتەوە.[٥٧] لەبەر ئەمە، ئەندێشەیەکی سیاسی کە لە کەماڵخوازی مرۆڤ دەدوێ، مایەی بێزە.

عەقڵ و کردەوە

بەر لە هەموو دیالۆگێک دەربارەی باوەڕە ئابووری و سیاسییەکانی پارێزگاری، گرنگە کە یەکێک لە شاراوەترین و پێچراوەترین بەڵگەکانی ئیدئۆلۆژی پارێزگاری بزانین. ئەم بەڵگەیە پێوەندی بە ئاشکرا کردنی جەوهەری کردەوە و رۆڵی عەقڵی مرۆڤەوە هەیە. لەم بارەوە لە بەشەکانی پێشوودا بە گشتی باسمان لێوە کرد و ئێستا دەبێ ئەم بابەتە پەرە پێبدەین.

چونکە دەسپێکی پارێزگاری لەگەڵ دیارەی بەڵگەکانی سەرکردەی عەقڵخوازی شۆڕشی فەڕانسا پێوەندی بووە، هەمیشە هەستی دژایەتی عەقڵخوازی لە ئیدئۆلۆژی پارێزگاریدا لە ئارادا بووە. روانگەی پارێزگاری سەبارەت بە پێوەندی عەقڵخوازی لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی گومان لێکراوە؛ راسل کەرک دەڵێ: (هەر پارێزگارێکی چاوکراوە لە تێگەیاندنی بنەڕەتی سیستەمە فیکریە پێچراوەکان و مەتڵەبە شاراوەکان و پڕ شاتوشووت بە بێگاری دەزانێ؛ ئەو تکنیکی بەلاوە باشترە لە جۆش و خورۆشی رادیکاڵەکانە.[٥٨] نەبوونی هۆگری بە فەلسەفەی سیاسی سیستماتیک و دەزگایی، باوەڕ بە کردەوەخوازی زۆرتر، پانتای گومان سەبارەت بە ئەندێشەی سیاسی، بووەتە هۆ کە پارێزگاران لە بەرەک هەتا ئوکشات بە رەتکردنەوەی دەوری ئینحساری عەقڵ لە سیاسەت دەس بەکار بن. بەم حاڵەوە، تاوانە ئەگەر پارێزگارانی سوننەتخواز، رۆمانتیک و باوکسالار بێ مەنتق و لایەنگری کردەوە دژەعەقڵانییەکان دابنێنین. ئەو جۆرە کە ئەسکرۆتون گوتوویە: چونکە هیچ

سیاسەتێکی گشتی پارێزگارانە لە گۆڕێدا نییە. ئەم بۆچوونە هاتووەتە ئاراوە کە هیچ ئەندێشەیەکی پارێزگارانە لە دەسا نییە.[٥٩]

بنەڕەتانە، زۆربەی پارێزگارەکان جیاوازی نێوان دوو جۆر عەقڵ وەبیر دێننەوە. ئەم جیاوازییەی نێوان (بەکردەوە) و عەقڵی (سیستەمی) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرەستوو، هێندێ لە پارێزگارانی سوننەتخواز لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسادا کەلکیان لێ وەرگرتووە. بە بۆچوونی زۆر کەس، جیاوازی زۆر تیشکی نەخراوەتە سەر و نێوان (عەقڵ) و (غەریزە) و (شهوود) دەردەکەوێ. مستێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە فەلسەفە بە شێوەی گشتی (قوڕی گیراوەی پێوەلکانی مرۆڤەکان دەخوا و پیر و گەندەڵی دەکا). بە وتەی ئەو فەلسەفەی نوێ، (لە ئێستەدا ئامادەخوازتر و لە خۆبایتر لەوەیە کە هۆکارە پڕەنسیپەکانی جیهانی سیاسەت وەربگرێ) ئامادەیی و لێ هاتوویی لە شهوود لە جیهانی مەعنەوی ئێمە لە بوونەوەران جیا دەکاتەوە نەک عەقڵ. دامەزرێنەرانی یاسای راستەقینە (زۆرتر لەسەر بنەڕەتی غەریزە و مەیل کار دەکەن هەتا لەسەر بنەمای عەقڵ).[٦٠] بەلای یۆستوس موزرەوە ئەم باوەڕە بە شێوەی رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەندێشە، کە وشک و ڕەق و سەر پێیە و ژیان کە چالاک گەشەکەرە، بەلام لەگەڵ ئەوەدا ریشەی لە داب و نەریتە دێرینەکاندا هەیە، دێتە ئاراوە.[٦١]

بەرەک لە نێوان بنەبڕ و بنەڕەت جیاوازی دادەنێ.[٦٢] پڕەنسیپ، کە بەرەک ئەوانە نەبەدڵ بەکار دەبا، ریشەیان لە داب و نەریت و سوننەتا هەیە و لەگەڵ عەقڵی وشک و رووتی متافیزیکی جیاوازن. بەرەک بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی متافیزیکی عەقڵی رۆشنگەری راشکاوانە لە کتێبی نووسراوەکان گوتوویەتی: (چوار سەد ساڵ بەسەر ئێمدا تێپەڕێ؛ بەلام بە باوەڕی من، ئێمە لە بابەتی ماددیەوە گۆڕانکارییەکمان بەسەردا نەهاتووە... بە سایەی خۆڕاگری بێزارانەمانەو لە ئاست نوێسازی، بە سایەی کەم بزووتنەوەی ساردی خووی میللی خۆمان، هێشتا مۆر و هێمای باوباپیرانی خۆمان بە تەوێڵەوە ماوە. ئێمە گەورەیی و شیاوی ئەندێشەی سەدە چواردەیەمان لە دەس نەداوە؛ و هەتا

ئێستەش بە وردبینی لە نێوان وەحشیان و بارهاتووەکاندا دەس بەکار نـەبوون. نـە چووینەتـە سـەر بـاوەڕی رسـۆ، نـە بووینەتـە موریـدی ولێتـر، (بـاوەڕی) هلوسیوس-یش لە نێو ئێمەدا پێـشکەوتی نـەبووە پرەنـسیپی گرنگـی حکومـەت ئەنجام نەدراوە).[٦٣]

پێ داگری جێی بۆچوونی بەرەک ئەمە نەبوو کە بوونی هەر چەشنە عەقڵێک لە سیاسەتا بێهێز بکا، بەڵکو باوەڕی بوو کە نابێ سیاسەت لە رێگوزەری واتا لە ریشە هەڵـکەنراوەکانی وەکـو مافـە سروشـتییەکان دیـاری بکـرێ. حـەقیقـەتی هەستی رێخراوەیەک یان داب و نەریت لە درێژەی زەمانـدا نیـشاندەری بـوونی یـەک عەقلانییـەتی کـرداری زاتی بـووە کـە هـەمیـشە لـە یەکـەم چاوپێکەوتـدا نەکەوتووەتە بەرچاوی تەماشەکەر. گۆڕانکـاری شـتێکی پێویـستە، بـەڵام نابـێ لەگەڵ پێشمەرجێک لەسەر بنـەمای بـاوەڕە وەلانراوەکـانی پێشوو دابمـەزرێ، بەڵـکو دەبـێ سـەرنج بدرێتـە مەسـەلە دیاریکراوەکـان و رۆحـی رێخـراوە پێوەندیـدارەکان. لـە نێـو بـردنی رێخـراوە کۆمەڵایـەتی و شـیاوەکان دووپاتبوونـەوە لەگـەڵ پێـشمەرجە عەقلانییـە نوێکـان، یەکـەمین تـاوانی شۆڕشگێڕانی فەڕانسەوی بوو. وەها باوەڕێک بەلای بۆستوسیشەوە هەیە: (لـە هەر لایەک لەگەڵ داب و نەریتە دێرینەکان رووبەڕوو دەبم کە لەگەڵ بۆچـوونی گشتی مۆدێرنی ئێمـە هـاوکێش نییـە، بـە خـۆم دەڵـێم بەڵـگەیەکم نییـە کـە بـیر بکەمەوە باو باپیرانی ئێمە گەوج بوون. لەبەر ئەمە، مەسەلەکە شی دەکەمەوە و دەیدۆزم هەتا وەڵامێکی مەنتقی بۆ بدۆزمەوە، و ئەو دەم کە دۆزیمەوە دەتـوانم بە گاڵتەجاڕ بێم بە دەوری کەسانێکدا بێم کە بە نەفامی هێرشیان دەکـردە سـەر داب و نەریتی دێرینە).[٦٤] واژەناسی مایکێل ئوکشات بـۆ ئـەم بابـەت، دەسـەڵات بەخشین بە زانیاری بەکردەوە بەسەر زانیاری تکنیکیدایە. زانیاری بەکردەوە لە ناخ و لایەن سوننەتەوە کـار دەکـا، ئێـستە کـە زانیـاری تکنیکـی هـەموو شـتێک دەگۆڕێ و ساکاری دەکا.[٦٥]

گـشت پارێزگارەکـان بەتـەواوی لـە چواچێـوەی نـاوبراودا نـاگونجێن. پارێزگارانی رۆمانتیک، وەکو کالریج، تەئکیدێکی زۆری لەسەر بۆچوونی گشتی

ئاڵمانی (عەقڵی فەلسەفی) لە قبووڵ کردن لەگەڵ (فام) دەکەنەوە. عەقڵی فەلسەفی واتای گشتی دەگرێتەوەخۆ، لە حاڵێکدا کە فامی سروشتی بڕبڕ و لەت لەت دەکا.[٦٦] عەقڵ لان کەم دەبێ بە مودێلی گشتی ئەندامی کۆمەڵگە. لە ئەندێشەی کالریجدا، مەکتەبی بێنتام و ئابووری سیاسی لیبرالی وێنەگەلێکن کە بڕبڕ بوونی درۆزنانەی فامی کۆمەڵگەن. بەم حاڵە، پارێزگاری لیبرال کە لە راستیدا پشت ئەستوورن بە بەرهەمی ئامێرخوازانەتر لە عەقڵن کە لە ئابووری سیاسی لیبرالیدا هاتووتە ئاراوە،، لە جیهانی کردەوەخوازانەی سەردەمی رۆشنگەریدا ژیوار دەکەن کە کەوتوونەتە بەر پەلاماری رەخنە و رەتکردنەوەی زۆرینەی پارێزگارانی سوننەتخواز و رۆمانتیک.

باوەڕ بە بوونی دوو جۆر عەقڵ، زۆر لە پارێزگاران بەرەو دوو باوەڕ بە دووجۆر راستی هاندراون. ئەمانە بریتین لە راستییەکانی عەقڵ و مەنتق کە لە ئاقاری ئەندێشەدا بوونیان هەیە. ئەم راستیانە رەنگە لەگەڵ دنیای ئەزموونی کە لە ژیانی رۆژانەدا بوونی هەیە، پێوەندی نەبێ یان پێوەندییەکی زۆر کەمیان هەبێ. راستەقینە بە کردەوە دارژاوە لەسەر داب و نەریت و سوننەتە. دامەزرێنەرانی یاسای راستەقینە لەسەر پرەنسیپی ئەم هۆکارە بەکردوەکار دەکەن.[٦٧] ئەو جۆرە کە ئەمڕۆ دەڵێن: (کردەوەیەک کە خۆی زۆر لەگەڵ کەش و هەوای تاکی هەر کەس دێنێتە ئاستێک و دەزانێ چۆن کەڵک لەو وەربگرێ پاکسازی زۆرتری لە ئەندێشە هەیە کە زۆرینەی بارودۆخی دیاریکراو دەخاتە پشتگوێ).[٦٨] کاتێک راستییەکانی عەقڵی بوچوونی دەربارەی هەستی دێتە ئاراوە، لادان دێتە گۆڕێ. ئەم باوەڕە ریشەی سکاڵای مستێر دژی دروست کردنی شاری واشینگتۆن بوو کە بە پێشبینی تووشی شکست دەبوو چونکە بەرهەمی لێکدانەوە و هەڵوێستی عاقڵانە بوو.[٦٩] وەها بنەڕەتێک بەڵگەی مایکێل ئۆکشات لەم بارەوە پێکدێنێ کە فێربوونی چێشت لێنان یان لێخوڕینی دووچەرخە لە لایەن خوێندنەوەی کتێبەوە. هەڵەیە. ئەم کردەوە ناکرێ لە میتۆدی تەکنیکی وەربگیرێ.[٧٠]

جیاوازی نێوان جۆرەکانی عەقڵ تا رادەیەک دەربارەی دژایەتی پارێزگاری لەگەڵ گومانەکانیش رۆشنکەرەوەیە. ئەوانە باوەڕیان هەیە کە دووجۆر گومان

هەیە. گومانی بێخەوشی گریمانەی رەخنەی رادیکاڵ سەبارەت بە هەرچەشنە باوەڕی مرۆڤایەتییە کە لە ئامێرە عەقڵیەکان بۆ گەڕانەوەی عەقڵ لە جێی خۆیدا کەلکی لێوەردەگرێ. پارێزگاران وەها باوەڕێکیان نییە. ئەم رەوتە گوماناویە بە تەوژم لە ئاسەواری دەیڤید هیوم و لەگەڵ میتۆدی ئەزموونی ئەو دەربارەی هۆش و شعوور هاتووتە ئاراوە. ئەو بەم باوەڕەوە دەربارەی مێژوو، سروشتی مرۆڤ و داب و نەریت زۆرتر تەئکیدی کردووە.[٧١] ئامانجی راستەقینەی هیوم عەقڵی تەنیای سەردەمی رۆشنگەری لە زانینناسی و ئەخلاق دایە. زۆربەی پارێزگاران لایەنی گشتی بەڵگەکانی هیوم، بەتایبەت نووسراوەکانی ئەو دەربارەی دین، دەرکیان کردووە.

دووەمین شێوەی گومانەکان، کە تایبەتی پارێزگارانی سوننەتخواز و باوکسالارییە، بە رەشبینی دەربارەی گەیشتن بە عەقڵی بۆچوونی بەرتەسک بۆوەتەوە. ئەم گومانە، گریمانەی فەلسەفی لەم بارەوەیە کە ئایا ئارمانجە عەقڵانییەکان هەڵگری بەرهەمن؟ یان لە راستیدا ئایا بەپێی بنەما مانایان هەیە یان نا؟[٧٢] لە پلەی یەکەمدا زۆر لە پارێزگارانی رۆمانتیک دەبێ لەو باوەڕە هاوێر بکرێن. هەر ئەو جۆرە کە پێشەکی باسکرا، ئەمانە خوازیاری بە مانەوە لەگەڵ جێی متمانەی واتای عەقڵی فەلسەفین. لێرەدا هێندێ جێگا بۆ سکالا ماوەتەوە. دووەم، پارێزگارانی لیبرالیش بە باوەڕە گرێدراوەکان بە سروشتی مرۆڤ، عەقڵی ئامێری، و جەوهەری چالاکی ئابووری، کە لە شێوەی دوو دڵیدا پارێز دەکا، ئیمانیان هەیە. بە لای پارێزگارانی لیبرال و لایەنگەلێک لە باوەڕە بازارخوازە (راستی نوێ) واتای دڵ خۆشانەیان لە حەقیقەتی عەقلانی بن بڕکراو بوونی هەیە.

لە پارێزگاری سوننەتخوازدا پرەنسیپی کرداری مرۆڤ عەقڵی بۆچوونی نییە، بەڵکو داب و نەریت، دەمارگرژی و عادەتە. ئەم کردەوانە هەڵگری عەقڵی بە کردەوەن. بە بۆچوونی مستێر، دەبی لانکە بە دەمارگرژی دەوری تەنرابێ هەتا منداڵ زۆرتر هەست بە هێمنایەتی بکا. ئەم دەمارگرژی و عادەتانە لە کەش و هەوای مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکەوە سەرچاوەیان گرتووە. دەمارگرژی هەر

تەنیا کردەوەی کوێر و غەیرەمەنتقی نییە، بەڵکو پێچەوانە، (پێش داوەری) ییە،شەهدی گیراوەی ئەزموونی بەرەی رابردووی دێرینە. میتۆدێکە بۆ زانینی ئەمەی کە چیبکەین، لەبنەڕەتدا بەسەر عەقلی رووتا زاڵ و لە پێشترە. دەمارگرژی هەڵ بۆ هۆکار دەرەخسێنێ کە بزانێ، بەبێ ئەندێشە لە ئەخلاق سیاسەتدا، چ دەکا. کارکردن لەگەڵ دەمارگرژی کارکردنی شتێکە کە باوباپیران ئەنجامیان داوە. ئەم کارە لە زاتی خۆیدا، سوننەتە. سکرۆتۆنشی دەڵێ: (کاتێک مرۆڤێک لە پێناوی سوننەت کاردەکا، ئەوەی کە ئێستە ئەنجامی ئەدا، بە ناوی شتێک کە هەقی بە وێنەیەکەوەیە کە لە ناوەندی بەرژەوەندی ئێستەی ئەو بەولاوەتر دەڕوا، دیبینێ و بەوەیکە پێشەکی ئەنجامی گرتووە و سەریش کەوتووە، پەیمان و بەڵێنی لەگەڵ دەبەستێ).[٧٣] بەرەک ئەم کردەوە بە هەق (کردەوەی بێئەندێشە) ناو دەنێ. ئەو جۆرە کە هەمپشرمانک دەڵێ: بۆچوونی بەرەک دەربارەی دەمارگرژی (پشتگری لە گریمانە تۆژینەوە نەکراو کە بە ناوی دەرەنجامی یارمەتییە فۆرم گرتووەکان بە رابردووی کۆمەڵگە، باوەڕە سیاسی و ئەخلاقییەکانیشی دروست دەکا... بەرەک بێ سەرنجدان بە ناوەڕۆکی خودی دەمارگرژی، پشتکی ئەو دەکا، چونکە کردەوە مرۆڤ بە هۆی کۆمەڵگەیەکی پێشبینی کراوتر و هەڵگری ئیدارە کردنتر نیشان ئەدا).[٧٤] دەمارگرژی بە هوی پایەداربوونی خۆی، جەوهەری سوننەتەکان و کردەوەی مرۆڤ پێکدێنن و دروست دەکەن. رێبازی ژاکۆبنەکان و هەموو پرەنسیپی سیاسی وەکو یەک هەوڵ دەدەن هەتا بەناوی رۆشنگەری دەمارگرژی لە ناو پاک بکەنەوە و لە بەینی بەرن. سەیر نییە کە بەرەک توانی لەگەڵ تەئکید و شەوقێکی زۆر بڵێ (سوپاس بۆ خوا کە رۆشنایی رۆشنگەری بە بەشی ئێمە نەبووە).

سەرسووڕمان لێرەدایە کە یەکێک لە دەسکەوتەکانی سەرنج بە دەمارگرژی، عادەت و داب و نەریت، لەبەر ئەمە بە سوننەت، ئەمەیە کە مێژوو پیچمێکی بەرز بەدەس دێنێ. بەرەک لەگەڵ بەڵگەکانی خۆی دەربارەی سوننەت بەرەو واتایەکی دەوڵەمەند لە مێژوودا کێشرا. ئەو بێ ئەوەی بزانێ رچەی بۆ

بەرزەفڕی و پیشکووتنی مێژوویی لە سەدەی نۆزدەیەم، بەتایبەت لە ئالمان، شکاند. ئەم کارە بووەتە هۆ کە بەراوردەکانی نێوان هێگل و بەرەک ئەنجام بدرێ. لەم بوارەدا دەبینین کە پارێزگارانی ڕۆمانتیک و سوننەتخواز لەگەڵ یەکدا یەککرتوویان هەیە. هەر دوو مێژوو بەناوی سەرچاوە و تێڕامانی ئامانجی قووڵ و مەعنەوی، بە چاوی کۆتاییخوازانە سەیری دەکەن. خاڵێک کە زۆرتر پارێزگاران لە وەها تێڕامانێکی مێژووییدا بەشدار دەکا ئەمەیە کە نەکا مێژوو بێ کۆتایی چاوی لێ بکرێ، واتە ئەندێشە و چالاکی مرۆڤ تەنیا جیلوەگەری خولێکی مێژووی تایبەتی بێ کە هیچ مانا و ئامانجێکی بالاتر، یان بەولاوەتر لە خولی ئێستای ئەندێشە بێ. پارێزگار، بەراستی ناتوانن وەها ڕێژەخوازییەکی مێژوویی بگرنە ئەستۆ.

سیاسەت و دەوڵەت

زۆربەی ڕێبازە پارێزگارییەکان ژیانی سیاسی بە شێوەی کۆی ئەندامەکان چاو لێ دەکەن. ئەم پارێزگارییە سەبارەت بە تاکخوازی بە گومان و ڕەشبینە. لە کۆتایدا، مێژوو بە شێوەی پلەبەندی دەبینن، واتە لێهاتوویی ڕێبەری و داوەری سیاسی کەم و لە بەردەستی تاقمێکی کەمدایە. دادپرسی سیاسی تایبەتی لێزانانە. پارێزگاری لیبرال، بەتایبەت ڕادەی توندوتیژتری ئەو واتە بیرمەندان (ڕاستی نوێ) باوەڕێکی ئەوتۆیان نییە.

ڕوانگەی ئۆرگانێک هەلگری ئەم باوەڕەیە کە کۆمەلگە شتێکی دەسکرد یان ماشێنی یان مکانیزم نییە بەڵکو لە پێوەندی بەرامبەری بەشە گرێدراوەکان پێکهاتووە. زۆربەی پارێزگارەکان، لەگەڵ هەلاواردنێکی زۆرکەم، بە پێوارەی ئۆرگانیزمخوازی یان وەک یەک بینینی کۆمەلگە لەگەڵ زیندەوار پێواویانە. لەم ئۆرگانێکە گشتییەدا، هەر تاکێک جێی خۆی هەیە. گۆڕین یان ڕیفۆرم دەبێ سازگار و هاودەنگ لەگەڵ دەنگی گشتی ئۆرگانیزمدا بێ. بیرمەندانێکی وەکو لامۆنە، مستێر و مولێر بەم ئەندێشە ئۆرگانیکییە واتای مەزهەبی و عێرفانی دەبەخشن. ڕەنگە توندوتیژترین وێنەی ئەم حەز و مەیلە فریدریش نوواليس لەگەڵ کتێبی مەسیحییەت یان ئەورووپا بووە کە دەوڵەتی بە ئۆرگانیزمێکی

گەورە (مرۆڤێکی وەکو دێو) زانیوە.[٧٥] زۆرینەی پارێزگارانی دژەمەزهەبی پێوارەی ئۆرگانیزمیان تەنیا بۆ مودێل کردنی بایەخی کۆمەڵگە و نەتەوە بەکاریان بردووە.

ژیانی سیاسی بەشێک لە شانۆی بەربلاوتر، مەزهەبی یان دژەمەزهەبی، زانراوە. سیستەمێکی نەگۆڕ لە جیهاندا بوونی هەیە. سیستەمی سیاسی یان ئەخلاقی نە دەکرێ دابێ و نە بەتەواوی ئەو دەست پێ بکرێ؛ بەڵکو ئەم نەزمە ناوەڕۆکی هەناوی رێکخراوە سیاسی و ئەخلاقییەکان پێکدێنێ. ئەم سیستەمە لە گشت جیهان وەرگیراوە. کۆبان دەڵێ: (سەرانسەری ژیانی بەرەک کڕنۆش بردنە بەر دەرگای رازی گەورەی ژیانی کۆمەلایەتی بوو).[٧٦] نووسەرانی پارێزگار سروشتی ئەم نەزمەیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لێکداوەتەوە. شعووری مەزهەبخوارتری وەکو مستێر، خوداوەند بە پەروەردگاری بە سیستەم دەزانی. بە باوەڕی ئەو، رێخراوەکان، (بە رادەیەک بەهێز و پایەدار هەن کە هۆی پلە و مەقامی خودابیان هەیە).[٧٧] بە بۆچوونی مستێرەو (هەتا رادەیەک کەمتر بەرەک) شۆڕشی فەڕانسا کردەوەی شەیتانی دژی سیستەمی خودا بوو. ئەم بوچوونە دینیە لە واتای نەزمدا هێشتا لە سەدەی بیستەمەدا بەلای هێندێ لە پارێزگارانەوە دەبینرێ.[٧٨] گشت نووسەرانی کاملبوونی مێژووی دژەمەزهەبی کۆمەڵگە و سوننەت بە چاوی نەزمێکی گرنگ و پڕمانا دەبینن. هێندێ جار، ئەم نەزمە ناوەڕۆکی دینی رەت دەکاتەوە. لە بریتانیای دوای ١٩٤٥، مایکێل ئوکشات وێنەی وەها پارێزگارییەکی غەیرەمەزهەبییە.[٧٩]

حەز و مەیلەکانی کۆمەڵگەخوازی و دژی تاکخوازی پارێزگاری، تارادەیەک لە پێوارەی ئۆرگانیزمەوە سەرچاوە دەگرێ. تاک بەشێک لە ئۆرگانیزمی گشتییە و بوونی ئەو، لە لایەن گشتی ئوزگانیزمەوە شعوور قبووڵی نییە. لەگەڵ ئەمەدا، فیکری گشتی جەماوەر و کۆمەڵگە تارادەیەک کاڵ و سەرەتای ماوەتەوە. بە بۆچوونی نیسبت، کۆمەڵگە (تێکەڵییەکە کە لە سوننەت و بەڵێنی. لە ئەندامی و ویست). ئەم واتایە بە شێوەی ناوەڕۆکی دژی تاکخوازی سەردەمی رۆشنگەری بەکار دەبەن. نیسبت باوەڕی وایە کە بنەماڵە، خزم و تایفەگەری، گەڕەک، گوند،

کەنیسە، یان جەماوەری خەڵک (بە گشتی ئاشکرا لە بابەتی مێژووییەوە مولۆکوولەکانی راستەقینەی گەورەتری بەناوی کۆمەڵگەن. ئەم کەسە شێوە ئەتۆمیانەی یاسای سەیر و سەمەرەی سروشتە، نەک بە شێوەی لەبن هاتووی رووداوە راستییەکان، زانستی مرۆڤی راستەقینە دەدرێتە قەڵەم).[80] باوەڕی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بڕوایەیە کە پێناسەی قووڵتر و واتای پێوە هەڵاواسراوی سەرچاوەی دڵخۆشی و لەش ساخی مرۆڤ بووە. ئەم ناوەڕۆکە کالریج، دیزرائیلی و دواتر ت. س. ئەلیوت و کریستۆفر داونس لەگەڵ بەهێند نەگرتنێکی نەک ئەوەندە شاراوە سەبارەت بە کۆمەڵگەی لیبرالی تاکخواز و لە بەرامبەر لەگەڵ کۆمەڵگەی شوانی و نیوە دەرەبەگایەتی هێناویانەتە ئاراوە.

یەکێک لە واتا دەروونییەکانی کۆمەڵگەی ئۆرگانیک رێزگرتن لە داب و نەریتە. پابەندی بە سیستەمی مەوجوود پێویستی بە حەقیقەت گەیشتنی بایەخی سوننەتە. سوننەت عەقڵانییەتی زۆرتری لە تاکەوە. هەیە. چونکە لە تەنینەوەی شێوەی دیاریکراو بۆ ژیانی بەرە یەک بە دوای یەکەکاندایە. بە پێچەوانەی ئەندێشە لە ریشە هاتووەکان، دەکرێ باوەڕ بە سوننەت بکەی. خۆی لە خۆیدا گۆڕان لە دەروونی سوننەتا حاشا هەڵنەگرە. شتێک کە حاشا هەڵگرە، (رۆحی خۆخوازانەی نوێخواز)یە کە دەیەوی جێگا عاقڵانەکان بە هۆی خودی گۆڕینەوە، بگۆرێ. سەرەنجام ئەمەکە، پابەند بە سیستەمی ریشەدار بە واتای ئەوەیە کە بۆ پلەبەندی سروشتی نایەکسانی لە کۆمەڵگە رێز دابنێین. گشت رێبازە پارێزگارەکان، بێجگە لە پارێزگاری لیبرال، لایەنگری ئەم ئەندێشەن. سیستەمی کۆمەڵگە هەمیشە هەڵگری وجوودی دەسەڵات و رێبەری سروشتی تاقم یان تاکی شارەزا و لێهاتووە. ئەو جۆرە کە ئالیسۆن دەڵێ: (ئەگەر بڕیار بێ ئەدەبیات، هونەرەکان و کۆمەڵگە بوونیان بێ، بوونی سلسلەمەراتب، دەسەڵات و کردەوەی دەسەڵات و زۆڵم و زۆریش پێویستە).[81] بەرەک ئەم رێبەرایەتییەی بە مافی سەرمایەدارییەتی سروشتی دەزانێ. لە حاڵێکدا کە بەرەک، مستێر، موزر و نووالیس بیر لە سلسلەمەراتب و سەرمایەدارییەتی زەمینداری پایەدارتر دەکەنەوە، کالریج و ئەلیوت لە ئەندێشەی لێزانان و شارەزایانی بەربلاوتر

ڕۆشنبیران دەگرێتەخۆ؛ کالریج بە (ڕۆحانییەتی میللی) و ئەلیوت بە (ئۆمەتی مەسیحی) ئاماژە دەکا.[٨٢] ئەم و ئەوی وەکو و.ە. مالوک لە کتێبی سەرمایەدارییەت و تەکامولی باوەڕی سەرمایەدارییەتی شایستەسالاری دێنێتە ئاراوە و ئەوە بۆ حکوومەت شیاوتر دەزانی.[٨٣] نووسەرێکی دیکەی پارێزگاری باوەڕی هەیە کە خاڵی گرنگی ناوەڕۆکی سەرمایەدارییەت شارەزای هەڵبژێراو نییە بەڵکوناخ و سفەتی ئەخلاقی ڕێبەرایەتی لە (خزمەت ئەرک ناسانە بە گشتی خەڵک، سووربوون و پێداگری لە چۆنیەتی و پێوارەکان و ئەدەب و ئەخلاقی چاوەدێری لەسەر ئەرکەکانی سەرمایەدارە).[٨٤]

بە هۆی ناتەواوی سروشتی مرۆڤ، حکوومەت پێویست و زەروورییە. بە بۆچوونی پارێزگاران حوکوومەت بەخشەندە و باشە، بەڵام تێکەڵی لە خۆناگرێ. جۆراوجۆریش لە جەوهەری حوکوومەتا نییە. نووسەرانێکی وەکو مستێر و موزر راشکاوانە بیر لە رژێمە وێچووە دەرەبەگایەتی و پاشایەتییەکان دەکەنەوە. تەنانەت لە بریتانیای سەدەی نۆزدەیەمدا، تامس کارلایل، لەسەر لێواری ئەندێشەی پارێزگاری بە حەواوە مابووەوە، بێ سەبرییەکی قووڵی سەبارەت بە پێکهاتەی پارلەمانی بریتانیا و پرسیاری پاڵەوانان و ڕێبەرانی دیکتاتۆری بە هێزی وەکو ئولیوێر کرامول لە خۆی نیشان دەدا. لەگەڵ ئەمەدا. بەرەک و زۆرینەی سوننەتی پارێزگاری بریتانیا لەگەڵ بوونی هاوکێشی لە حوکوومەتی یاسا و حوکوومەتی پارلەمانی هەستیان بە شادییەکی زۆرتر دەکرد.

حوکوومەت دەبێ قاڵب و چوارچێوەیەکی بەهێزی بۆ یاسای دیاریکراوی بەڕێوەبەر و داب و نەریت کە پارێزگاری ئاشتی، عەدالەت، ئازادی و خاوەندارییەتی بن، بێنێتە ئاراوە. بە بۆچوونی زۆرینەی پارێزگاران، حوکوومەت پێویستی ژیان بوو کە بیتوانیبا لایەنە جیاکراو و هۆکارەکان بێ. پارێزگاران بیجگە لە تاقمە لیبراڵەکان و لایەنگرانی بازاڕ، لە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ترسیان نەبوو. پارێزگارانی ڕۆمانتیک و باوکسالاری دەربارەی حەز و مەیلی خۆیان بە سوود وەرگرتن لە دەوڵەت بۆ یارمەتیدان بە

دروستکردنی ژیانێکی باشتر بۆ مەدەنییەکان بەتەواوی شـێلگیر و کـرژ بـوون. پارێزگارانی (مامناوەندی) مەک میلان و ئەمانی‌تر لـە ئەندێشە یـەکگرتووەکان، مودێریەتی کینزی و چالاکی روو بە گەشەی دەوڵەت لـە دابینکـردنی کۆمەڵـگە، فێرکردن و پەروەردە و چاوەدێرییە پـاک و خاوێنییـەکان و دەرمـانی کەڵـکیان وەرگرت. حزبی پارێزگاری ئینگلیس یەکەم حزب بوو کـە پـرۆژەی نـەتـەوەیـی کردنی لە ساڵەکانی نێوان دوو جەنگی جیهانی دەسپێکرد. ئەو چەشـنە کـە ئـەم کارە دەسپێکی سوود وەرگرتن لە رادیۆی دەوڵەتیش هاوکات لەگەڵ ئـەو بـوو. جگە لەوە، واتای دەوڵەتی تەبا و رەبا لە زۆربەی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا هـەر بـەو رادە کـە پێوەنـدی بـە ئیدئۆلۆژییـەکانی دیکـەوە هەیـە، پێوەنـدی بـە پارێزکارانیشەوە هەیە.

ئەگەرچی ئارمانجـە تایبەتییـەکانی پارێزگـاری دەربـارەی دەوڵـەت بـوونی هەیە. لایەنە گشتییەکان هەن کە شایانی باسـن. سـەرەتا ئەمـە کـە پارێزگاکـان دژی حوکوومەتی تایبەتەن سەرەڕۆ بوون. ئەوانە لایەنگری حوکوومەتی بێهێـز نین. لایەنگری شـتێکن کـە زۆر بـەهێز بـێ هـەتا سیستەمـی نـاوخۆ و دەرەوە بپارێزێ، بەلام لە بابەتی یاساشەوە بەرتەسک و هاوکێش بـێ. ئـەوان هەمیـشە باوەڕیان بە یاسای بنەڕەتی نییە. یاسـای بنـەڕەتی وەکـو یاسـاداندراوەکـان و مافە نووسراوەکان مانای راستەقینەی نییە. میتۆد و مافەکان بەرهەمی ساڵـیانی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسین.[85] یاسا نووسراوە بەیانکراوەکان لـە داب و نەریت، پێشەکی ئامادەکراون کە یەکگرتوویی بە کۆمەڵگە دەبەخشن. ئەو جـۆرە کـە مـستێر بەڵـگەی هێناوەتـەوە: (ئەگـەرچی یاسـا نووسـراوەکان هـەر تـەنیا بەیانییەگەلێکن لە مافە پێشوەکان، ناکرێ هەموو شـتێک بنووسـرێ؛ لـە راسـتیدا هەمیشە لە هەر حوکوومەتی یاسایدا شتێک لە ئارادایە کـە بـۆ نووسـین نابـێ و دەبێ... بەنرخی رەنجی داخهێنەری دەوڵەت شاراوە بمێنێتەوە.[86] بە بۆچـوونی مستێر، یاسا بنەڕەتییەکان مرۆڤەکان چاوکراوانـە بـە دیـان نـەهێناوە بەڵـکو بـە یارمەتی خودا و خۆی لە خۆیدا دەردەکـەون. بـەرەک بـەرادەی مـستێر ناچێتـە پێشێ، بەلام هەر ئەو ئەندێشە پرەنسیپیە دەربارەی یاسای بنەڕەتی دێرینە چاو

بەسراوانە لـە فیکـری ئەویـشدا بـوونی هەیـە. تەنانـەت نووسـەری پارێزگـاری دواکەوێ وەک ڕێژە هەست دەکا کە ناچارە یاسای بنـەڕەتی ئـەمریکا لـە چنـگ یاسا بنەڕەتخوازی لیبرال دەربێنـێ و لـە بناخـەوە، بەڵـگەی ئـەو وەهـا دەلیـل دێنێتەوە کە یاسای بنەڕەتی ئەمریکا، بێجگەلە (فەرمانی مافـەکانی مەدەنییـەت)، زۆرتر واتای دیکەی ئەو وەکو جودایی دەسـەڵاتەکان، زاتـەن لـە داب و نـەریتی دێرینەی نەنووسراو ئیلهامی وەرگرتووە.[۸۷]

وەها یاساگەلێک یاسای بەناوی هەڵگری پێکهاتەی زاڵ، نایەکسانە یەکـدەنـگ بوونی دەسەڵاتەکان، و ڕێبەرایەتی سروشتی یان سەرمایەدارییەتە. پێشمەرجی ئەمانـە بـوونی بەرتەسـکەیەتی دەسـەڵاتەکان، پـشتگری لـە بـڕێک مافـەکان دەربارەی ئازادی و مالکیەت و تارادەیەک نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییە. خاڵی دوایی، هەر ئەو چەشنە کە ڕاپۆرتی ئەندێشەی لیبرالی کلاسیکا بەفـەرمـی باسکراوە، هەڵگری جیاوازی بابەتی و یەکدەنگییە. لە ڕاستید، جودایی یەکدەنـگ بوو لە کۆمەڵگەی ئۆزگانیکیدا بە چاوی ڕەشبینانە سـەیرکراوە. ئەگـەر مـەدەنی بەشێک لە پێوەندی یەکگرتوویی تاک بووبا، چۆن جودایی دەیتوانی ڕوویدا؟ بەم حاڵەوە، پارێزگاران، بەتایبەت پارێزگارانی لیبرال، بایـەخی ئـەخلاقی و سیاسـی ئاقاری تایبەتیان قبووڵ کردووە.

پارێزگارانی سوننەتخواز، ڕۆمانتیک و باوسالار بایـەخێکی زۆریـان داوە بـە مافەکان. ئەم مافانە، هەر ئەو مافە تاکخوازیە لیبراليانە نین. ئەوانە مافی تایبەتی، سروشتی یان بەر لە کۆمەڵگە نادرێتە قەڵەم. مافەکان بریتین لە بـەدەس هێنـانی بەرهەمە شیاوەکانی کۆمەڵگە. بە وتەیەکی دیکە، مافەکان ئـامێرە تاوێنـەرەکانی مەسەلە لە دەروونی کۆمەڵگە سیاسییەکانە. ئەو جـۆرە کـە بێژرێکـی پارێزگـار بەڵگەی هێناوەتەوە: هەر ئەو چەشنە کە نـاتوانی زمـانی تایبـەتیت ببـێ چۆنکـە وشەکان واتای خـۆی لـە بـەکاربردنی ئـەوان وەردەگـرێ، لەبـەر ئەمـە، حاشـا هەڵنەگرە کە پێگەی زمان کۆمەڵگە بێ...، هەر بەم جۆرە، مافـە تایبەتییـەکان کـە هیچ کەسێکی دیکە وەرگری ئەو نەبێ هەروەها ناتوانی بتبـێ. کاتـێ دەربـارەی ماف ئاخاوتن دەکەین، دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی وتووێژ دەکەین.[۸۸]

مافی خاوەندارییەتی ئەگەرچی بنەڕەتی، مافی نەگۆڕ هی تاک نییە. بەڵکو بە پێچەوانە مافێکە کە (بەپێی بەڵگە مەزهەبی و شەرعی) لە لایەن کۆمەڵگەی سیاسییەوە قبووڵ کراوە و مۆری تەئیدی پێوە چەسپاوە. ڕەنگە ئەم مافە بایەخێکی پڕەنسیپی بۆ وەستانی کۆمەڵگە نەبێ، بەڵام هێشتا پێناسە و مەوجوودیيەتی تایبەتی تەواوی نییە. هەروەها ئەم مافە لە ڕوانگەی زۆر لە پارێزگارانەوە هەڵگری سەختی و بەرپرسایەتییە.[89]

بێجگە لەمە، خاوەندارییەت وەبیر هێنەرەوەی ئازادییە، (هیچ کەس بەتەواوی ئازاد نییە مەگەر ئەوەکە خاوەنی مافە خاوەندارییەکان بێ).[90] ئازادی بەئازادی وەلانراوی لیبرالی نەزانراوە، واتە ئازادی کردەوەی دژە سەپاندن و دژە زۆر.[91] پارێزگارانی سوننەتخواز و باوکسالار هەمیشە ئازادیان بە مافی یاسای باڵای سوننەت و حوکوومەتی یاسا دەزانن. گریمانەی پێشوو لەسەر بوونی ژیانی بنەڕەتی داڕژاوە. ئەم ناوەڕۆکە گرنگە لە سوننەتی پارێزگاریدا ئەژمار دەکرێ.[92] ئازادی بە پشتگری لە تاک (هەمیشە لە بنەماڵە) و ماڵکیەت ئەوەوە گرێی خواردووە. لەگەڵ ئەمەدا، ئازادی بایەخێکی نەگۆڕ نادرێتە قەڵەم. ئازادی پێوەندی بە ئامانجەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. ئازادی بێوەستان سیستەمی کۆمەڵگە بێهێز دەکا. ئازادی دانی زۆر بە هەر کەس کە لە ڕەوەندی سیاسیدا بەشدار بێ، ئازادی بە دەست نایە. ئەمە تاوانە گەورەی ژاکۆبنەکان و پاشان سۆسیالیستەکان بووە. مەدەنی هەر دەوڵەتێک لەگەڵ بوونی دەسەڵات و حوکوومەتی یاسا ئازادی هەڵدەسەنگێنێ.

جێی خۆیەتی بڵێین کە پارێزگاران بە شێوەی گشتی، تەنانەت کەسانێک کە باوەڕێکی لیبرالتریان هەیە، بەراستی لایەنگری بایەخی دێموکراسی نەبوون. بە بۆچوونی زۆربەی نووسەرەکان، بەتایبەت بەرەک، مستێر، شارل مورا، مورلیس باریس، سێر هێنری مین، ویلیام لکی، ە. و. مالوک، ت. س. ئەلیوت و کریستۆفر داوسن، دێموکراسی ڕاستەقینە هەڵگری بوونی یەک بۆچوونی و سەرەڕۆی تەواو و ڕوخێنەری ژیانی سیاسی هاوکێش و ئازادە. بێزاری لە دووپاتکردنەوەی زۆری دێموکراسی لە نووسراوەکانی لیبرالی کنستان،

توکوویل، جان ستوارت میل و هایک و هەروەها تاقمێکی بەربلاو لە نووسەرە ئەوروپاییەکانی وەکو یاکوب بورکهارت، و قبوول کردنی نیچە و رەنگە ئورتگای گاست لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی هەستانی هەمەلایەنەی جەماوەریش بێتە بەرچاو.[٩٣] لەبەر ئەمە، هەر تەنیا پارێزگاران وەها بێزاری ترسێکیان نەبووە.

دێموکراسی، لە شێوەی پێکەوەبوون خوازانەی نابەرتەسکیترین خۆیدا، بە جۆری دەروونی لە زۆربەی بزاڤە شۆڕشگێڕییەکاندا هاتووەتە ئاراوە. دێموکراسی هەروەها لەگەڵ باوەڕە نگەران کەرەکانی دەسەلاتی خەڵکیش پێوەندی بوو. بە بۆچوونی زۆربەی رێبازە پارێزگارییەکان، مرۆڤەکان ناتوانن خودبەخود حوکوومەت بکەن؛ ئەوان بە یارمەتی و رێنوێنی شارەزایانە و ئاقلانەی حوکوومەتی سروشتی هەڵبژێراوەکان پێویستیان هەیە. ئازادی لە لایەن دیموکراسییەوە بەرهەم بە دەستەوە نادا. مورا لە فەڕانسا و داوسن لە بریتانیا لەگەڵ ئەم مەنتقە دەستیان کرد بە رەخنە گرتن لە دێموکراسی پەرلەمانی بەرتەسک.[٩٤] لە دەهەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠، ئەم رێبازە وەسوەسە هەلایسێنە سەرنجراکێشە بۆ پرەنسیپی پارێزگار لە ئەڵمان و بریتانیا بوو، بەلام لە فەڕانسا و بریتانیا بوو بە دەرنجامێکی جۆراوجۆر. کۆمەڵگە پێویستی بە دەسەلات و پلەبەندی هەیە کە لەگەڵ دەسەلاتی خەلک ناسازگارن. بە بۆچوونی پارێزگاران، دیموکراسی بێخەوش هەلگری سەرنجی بە تەوژمی بە بەرژەوەندی ئەهلی، رووخانی کۆمەلگەی دەروونی جەماوەرەکان لەگەڵ خۆبێگانە و کاکڵەیی و کۆتایی دەسەلات و شارسانییەتە.

زۆربەی پارێزگاکان دێموکراسی پەرلەمانیان بە شێوەی بەر بەست کراوە و بەرتەسکی ئەویان قبوول کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، گۆڕانکاری و بریندارى و راست کردنەوە لەم ئەندێشەدا روویداوە. بۆ وێنە بەرەک باوەڕی (نوێنەرایەتی بەهێز) دێنێتە ئاراوە واتە ئەمەکە تاکەکان، تەنانەت بێ ئەوەی مافی بۆچوونیان بێ، بتوانن لە لایەن ئەم و ئەوەوە نوێنەر بن. بەرەک بە راستی بۆچوونێکی کەمی لە بیردا بوو. ئەم بیرکردنەوە گشتییە لە سوننەتی پارێزگاری بریتانیادا

ریشەی داکوتاوە. ماریتن پو سەرنجی داوەتە رۆحی ئەم خالە. کاتێک کە دەنووسێ پارێزگاران (و لیبرالەکان) ی سەدەی نۆزدەیەم:

رایان دانەبوو کە سیستەمی ئەوان دیموکراسییە، واژەیەک کە رەنگ و بۆی وەلاتانی کیشوەری بوو و هەلگری تایبەتمەندی یەکسانی توندوتیژی کۆمەلگەی ئەمریکایی بوو، بەلکو زۆرتر سەرنجیان بە حوکوومەتی کارتێکراو و کارامە کە (ئازادی) دەستەبەر بکا و بە شێوەی پەرلەمانی بێ، بوو. نوێنەرایەتی راستەوخۆ لە بابەتی عەقل و سەربەخۆیی ئەو، لایەنی ماددی ئەو لە کۆمەلگە، فێرکردن و پەروەردە و زانیاری سیاسی بۆ کردەوەی ماف رەئیی پەرلەمانی تایبەت تر بوو.[٩٥]

ئەم و ئەو دیانتوانی بە جێی کەسانێک کە مافی رەئیان نەبوو، قسە بکەن: خاوەندارییەکان بە جێی وەرزێران، پیاوان بە جێی ژنان و زارۆکان، خوێندەواران و مالکان بە جێی نەخوێندەوار و بێزەوی و زاران. ئێستاش رەنگبێ کەسگەلێک هەبێ کە کینەی خولەکانی سالی سەرەتای سەدەی حازری لە لۆرد سالیسبووری سەرۆک وەزیری پارێزگاری سەبارەت بە دێموکراسی هەست پێ بکا و لە دلیدا مابێ.[٩٦] هەر ئەم دوایانە، راجێر سکرۆتۆن دێموکراسی بە (نەخۆشییەکی واگیردار و پێوەنەر)ی کۆمەلگەی بریتانیای ناودێر کردووە. لەو لە بارەی پێوەندی نێوان دەولەت و یەکێتییە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی شوومەوە دەلێ: (جەوهەری راستەقینەی پێوەندی نێوان دەولەت و یەکێتییە مەدەنییەکان هەر تەنیا سەردەمێک دەکرێ باش دەرک بکرێ کە پرەنسیپی دێموکراتێک وەلابنرێ).[٩٧] دەرەنجام لە دەیەی ١٩٨٠ بە بۆچوونی ئەسکرۆتون مەنتقێک دێتە گۆڕێ کە بە دامەزراندنی رۆژنامەی پرۆپاگەندەی پارێزگاری، بە توێژینەوەی سالیسبووری یارمەتی بکا.

لەبەر ئەمە، ئازادی رەسەن هەلگری زۆر و ئیجباری کۆمەلگەیە. تەنانەت پارێزگارانی نوێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە بریتانیای پاش جەنگ (لەگەل کەلک وەرگرتن لە شێوەی لێکۆلینەوەیەک لە پرگرین وورسترۆن) لە رادەبەدەر ئازاد بووە. وورسترۆن، لەگەل بە ئاگاکردن دژی سەرهەلدانی پارێزگاری لیبرال لە

دەیەی ١٩٨٠ بەڵگە دێنێتەوە (پێویستی خێرا ئەمڕۆ بۆ دەوڵەت بەدەست هێنانی هەوساری دووبارەی... (خەڵک) و بە دەسگرتنەوەی دووبارەی دەسەڵاتی خۆیەتی. بێ سوودە فیکر بکەنەوە کە ئەو کارە بە یارمەتی وەرگرتن لە پاشماوەی ئازادییە رەسم کراو و وێنەگیراوەکان لە لایەن نووسراوەکانی ئادام سمیت، جان ستوارت میل، و لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەس دەدا).[٩٨] ئاخاوتنی ئازادی دەربارەی خودموختاری تاک نییە، بەڵکو بە پێچەوانە دەربارەی تەئکید لەسەر بڕێک مافی سوننەتی لە دەوڵەتێکی دامەزراوە.

باوەڕی ئازادی ئاشکرا لەگەڵ کەمترین یان جۆرترین روانگە سەبارەت بە یەکسانی، یەکسانی لە ئاست یاسا، جیاوازی هەیە. لە شعووری پارێزگاریدا، داوا یەکسانییەکانی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسی لە ئاستی داواکارییەکانی ژاکۆبینیزم یان سۆسیالیزمدایە. خەڵک دەبێ پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بناسن. بەرای زۆرنەی پارێزگارانی سوننەتخواز، رۆمانتیک و باوکسالار. مرۆڤەکان بەپێی سروشتی خۆیان نایەکسانن. بڕێکیان بە هۆشترین و بەرژەوەندییەکی زۆرتر بە دەس دێنن، بڕێک لە بابەتی بنەماڵەوە بەختەوەرترن، هێندێ بۆ حکوومەت زاناترن. کۆمەڵگە پێویستانە و بە جۆرێک پلەبەندی نایەکسانییە.

ئابووری

لە ئیدئۆلۆژی پارێزگاریدا دوو هەڵویستی سەرەکی دەربارەی ئابووری هەڵبژێراوە. یەکەمیان کە رەنگدانەوەی رێبازە سوننەتخوازەکان، رۆمانتیک و باوکسالارییە حەز دەکا کە هەڵوێستی گومانلێکراوەنەتری سەبارەت بە واتای ئابووری بازاڕی ئازادی ببێ. هەڵوێستی دووەم زۆرتر لایەنگری بازاڕ و هەڵواسراو بە پارێزگاری لیبرال و چەند لایەنێک لە باوەڕی (راستی نوێ) وەیە.

دیالۆگ دەربارەی روانگە ئابوورییەکانی پارێزگاری دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە باوەکە دامەزرێنەرەکانی ئەم رێبازە واتە ئەدمۆند بەرەک. کۆمەڵێک تۆژەر ئەو بە بێژەر و لایەنگری ئاشکرای روانگەی بازاڕی ئازاد، بەتایبەت لە رەساڵەکەیدا بە ناوی ئەندێشەگەل و بەشبەشکردن دەربارەی کەمی و نەبوون

دەزانن. گوتراوە کە جیاوازییەکی زۆرکەم لە نێوان ئەندێشەی بەرەک و ئادام سمیتدا هەیە. بەڕای رابرت ئەکلش، لە ئاسەواری بەرەک (بۆ یەکەم جار ئابووری بورژوایی لەگەڵ واتای دێرینەتری کۆمەڵگە بە ناوی پێکهاتەی دەستووری پێکەوە گرێی خواردووە).[99] کەمتر کەسانێکی دیکە لەژێر کاریگەری ئەم روانگەدا. یان گیلمور نووسراوەکانی بەرەکی دەربارەی ئابووری سیاسی بەلادەر دەزانێ کە هێندێ باوەڕ (متافیزیکی وەحشیانە) لەو رێوە دۆزیویانەتەوە.[100] لە لایەکیترەوە، ئاین هەمپشر مانک زیرەکانە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە لە نووسراوەکانی بەرەکدا (بەڵگەی سیاسی راستەقینە بۆ بازرگانی ئازادی رێکوپێک کراوی دژی ماڵیات وەرگرتن بۆ ئەمە بوو کە دەس پێراگەینی پاشایەتی بەسەر دەسکەوتە جەنگییەکانی ئیمپراتۆری بەرتەسک کاتەوە و دەرەنجام سەرچاوەی ئەو بۆ ئیدارەی ولات تەنگ کاتەوە. بەرەک بۆ بازرگانی ئازاد پێویستی بە بەڵگە ئابوورییەکانی ئادام سمیت نەبوو).[101] لەم واتایەدا، لە بەڵگەکانی بەرەکدا زۆرتر هۆکاری سیاسی لە ئارادا بوو هەتا هۆکاری راستەوخۆی ئابووری.

لەگەڵ بوونی بایەخێک کە پارێزگارانی لیبرال لە دەیەی رابردوودا بوویانە و تەئکیدێک کە لەسەر بازاڕی کردوویانە، زۆرتر باوەڕەکانی ئەو، رەنگدانەوە باوەڕە رەسمییەکانی لیبرالیزمی کلاسیکە. لەبەر ئەمە، خاڵێکی چەندان زۆرتر لەوەی کە پێشەکی لە بەشی دووەمدا دەربارەی بازاڕەکان بەیان کرا، بۆ لەسەر رۆیشتنی لە ئارادا نییە. بەم حاڵەوە، دەبێ بڵێین کە پارێزگارانی لیبرالی دەربارەی لێهاتوویی و شایستەیی مرۆڤ کەمتر لە لیبراڵە کلاسیکەکان گەشبینن. بەڕای ئەوان بازاڕ کەمتر پێویستی بە قاڵب و چوارچێوەی قەویتر و ئەمینتر لە بابەتی یاسا و نەزمەوە، سەبارەت بەوەی کە جێی سەرنجی لیبراڵە کلاسیکەکان بوە، هەیە. لەم رووەوە پارێزگارانی لیبرال بۆ پشتگری و بالابردنی بەرژەوەندی بازاڕ زۆرتر مایل بە سوود وەرگرتن لە بوونی دەوڵەتن، ئەگەرچی وتووێژە ناوخۆییەکان دەربارەی بازاڕ و پرسینەوەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لە

پێوەندی لەگەڵ هێندێ پێشنیارەکانی (راستی نوێ) لە نێوان نەوانەدا لە حاڵی تەنینەوەدایە.[١٠٢]

بە پێچەوانە، زاڵبوونی پارێزگاری لیبرال و (راستی نوێ) لە ئەوروپا و ئەمریکا لە دەیەی رابردوودا حەقیقەتی ئاشکرا ئەوەیە کە بڵێین زۆربەی پارێزگاران لە بابەتی مێژووەوە بۆچوونێکی ئیستا و پڕ لە گومانیان سەبارەت بە بازاڕە نارێکوپێکەکانیان بووە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم پارێزگارە سوننەتخواز و باوکسالارانە لایەنگر شتێکی وەک ئابووری دەستووری بووبێتن. ئەوانە هەمیشە رێڕەوی پڕاگماتیک و بەرژەوەندخوازانەتر و نەرم تر سەبارەت بە بازاڕەکان لە لایەن پایەبەرزە پێناسەکراوی کۆمەڵگەیان قبووڵ بوو. لە راستیدا ئەندێشەی (مەسیحییەتی دیموکراتیکی ئەوروپایی) دەربارەی (ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی) زۆرتر لەگەڵ سوننەتی پارێزگاری دەگونجێ.

بەرینکردنەوەی پیشەسازی و ئابووری بازاڕی هەڵگری پێڕەوی لە بەرژەوەندی تایبەتی و وەسەریەکنانی سەرمایەیە. پارێزگاری دەربارەی ئەم بابەتە هێندێ وەلامی زیرەکانەی هەیە. هێندێ لە پارێزگارانی رۆمانتیک دەربارەی بە پیشەسازی کردن و ئابووری بازاڕی ئاشکرا خاوەنی بۆچوونێکی زۆر وردبینانە بوون، هەموو هەتا کاتێک ئەم پرۆژانە لەسەر بایەخە سەرکەوتووەکانی وەک کۆمەڵگە کارتێکراوی خراپیان نەبوو، لەگەڵ ئەوان دەحاوانەوە. نووسەرانی جۆراوجۆری وەک کالریج، ساوتی، لامونە، مورا، و ئەلیوت نگەرانییەکی قووڵیان سەبارەت بەم پرسیارە هێنابووە ئاراوە کە ئایا ئابوورییە بازاڕییەکانی لیبرالی بۆ کۆمەڵگەی رەسەن موناسیبن یان نا؟ ئەلیوت لە کتێبی باوەڕی کۆمەڵگەیەکی مەسیحیدا زۆر بە داخەوەیە لە مەیکە:

عەیبی دەسەلاتدار بەسەر تافی ئێمەدا... تەماح و حەز و ئارەزوو و کۆکردنەوەی سامانە. بێگومان شتێکی هەڵە لە دیتنی ئێمە سەبارەت بە دراو و پارە بوونی هەیە. زۆرخوازی کۆکردنەوەی لە رادەبەدەری سامان زۆرتر لە غەریزە داهێنەرەکانی مەعنەوی هاندەدرێن... من بە هیچ کولۆنجێک دڵنیانیم کارێکی شیاوبێ کە دەسکەوتی خۆم لە رێگای دانانی بەشێک سەرمایە لە

کۆمپانییایەک بە دەس بێنم... سەبارەت بە ئەخلاقی بوونی ژیانم لە لایەن سوودخۆریشەوە دڵنیایەکی کەمترم هەیە.[103]

هاندان بۆ بەدەس هێنانی تایبەتی و حەز و تەماح، باوەڕەکانی بازاڕی کۆمەڵگە دەکاتە ناوەڕۆکی، دژایەتی لەگەڵ هونەر، بێ کەلتووری لێ دەزێتەوە و فێرکردن و پەروەردە و فەرهەنگ لاواز و بێهێز دەکا.[104]

بێجگە لەمە، ئابووری بازاڕی لەگەڵ بەدی هاتنی نەداری (کالریج عادەتی بوو ئابووری سیاسی لیبرالی ناوبنێ ئامێری بە توانای هەژار سازی) هەر بە تەنینەوە کۆمەڵگەی ئێستە دەگرێتەبەر.[105] لە راستیدا وادێتە بەرچاو کە ئەم تەنینەوانە لە قۆناغە سەرەتایەکانی رەوەندی بازاڕ لە دایک دەبن. بەڕای نیسبت، دیباچەگەلێک لە ئینگلستان، نووسراوەی ساوتی وەک پەیرەونامەیەکی سۆسیالیستی دژی سیستەمی کارخانەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دایە.[106] کابتێش، وەکو کالریج و ئەوانی دی، لە ئابووری سیاسی لیبرالی بێزار بوون و کتێبی جادەی گوندەکان، خۆی لە خۆیدا نوکتەگەلێکی سەیر و سەمەرە دەربارەی مالتوسی تێدا نووسراوە.[107]

یەکێک لە توێژەرانی کالریج لەگەڵ رادەربڕینی لایەنگەرانەی بۆچوونەکانی ئەوی دەربارەی مالیاتی لەگەڵ ئەندیشە ئابوورییەکانی سەدەی بیستەم دەربارەی بەکارهێنانی کەم بەراورد دەکا. کالریج بانگهێشتنی دەکرد کە (رۆحی دەوڵەت) ی نیشتەجێی (رۆحی توجارت) دەکەین. بە بۆچوونی کالریج خولەکانی کەسپ و کار لە ئابووری بازاڕی (نەک هەر ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەری بۆ هەژاران بەرهەم دێنێ بەڵکو دەبێتە هۆی هێنانەخواری ئەخلاقی هەموو کۆمەڵگە).[108] بێجگە لەمە، فیکری گشتی ژیان و مرۆڤایەتی کە لە ئابوورییەکانی لیبرالی کلاسیکیدا دەرکەوتووە، بە درۆ دەزانرا. ئەم روانگە رووخاوە، بێبەهرە و مکانیکی دەدرایە قەڵەم. بە بۆچوونی کالریج، مرۆڤ هەر تەنیا ماشێنە جەماوەرییەکانی سامان نەبوون. تەندروستی کۆمەڵگەباش نەدەکرا تەنیا لەگەڵ تەبا و رەبای ئابووری ئەو پێوارە بکرێ و هەڵسەنگێندێ. ئەم بۆچوونە بەرتەسکانە لە ژیان هەموو بایەخەکانی دەڕووخاند. بەم شێوە، بۆ

ڕۆحی بازرگانی وەکو ڕاستییەکی بەرچاو بە حەز و تەماحەوە دەڕوانین. کالریج چاودێرییەکی دەخستە بەرچاو کە لە پارێزگاری ڕۆمانتیکی ئاڵمانیشدا دەبینرا. لەم سەدەدا، مورا و (دەس بەکار بوونی فەڕانسەوی) (ئاکسیۆن فەڕانسز) دژایەتییەکی بە تەوژمی ئەوتۆی لەگەڵ سەرمایەداری لیبرال و ماددەخوازی مەوجوود لەودا نیشانیان دا و یەکگرتووییەکی بۆچوونی زۆرتریان لەگەڵ سەندیکالیزمی سووریل هەیە.[١٠٩]

لەگەڵ ئەم حاڵەدا، پارێزگاران و ئابووری زانانی لیبرالی کلاسیک وەک یەک بایەخی خاوەنداریێتی خوسووسیدا هاودەنگ بوون. تەنیا جیاوازییەک لە ڕوانگەی ئەواندا بوونی بوو. خاوەنداریێتی بە دەس هاتوو لە لایەن ڕەوەندی بازاڕی لیبرالەوە دەیتوانی لەگەڵ وێنەی سوننەتی دەست لێنەدراوەکانی خاوەندارییەتا دەستتێوەردانیان ببێ. لێرەدا بەرخۆدانی پیشەسازی نێوان ئەوەی کە خاوەنداریێتی سەرمایەداری خاوەندارییەتی ناودەنرا لەگەڵ خاوەنداریێتی ماڵی بوونی بوو. بە بۆچوونی لیبراڵەکان، هەر کەس، چاوپۆشی لە پێگەی کۆمەلایەتی، دەیتوانی لە بابەتی بۆچوونی خاوەنی خاوەنداریێتی ماڵی بێ و ئەوکات ئەم ماڵکییەتە بە کرژی لە بازاڕ لە دەست بدا. ئەم واتایە بۆ بەرژەوەندی پارێزگاری سوننەتی‌تر هەراسناک دەهاتە بەرچاو. چۆن خەڵک دەیانتوانێ جێگە و پێگەی خۆیان لە پلەبەندی کۆمەڵگەدا بناسنەوە ئەگەر وەها سەرمایەیەک هەر کەسێک بیتوانیبا کۆیبکاتەوە، بێ ئەوەی کە جێگەی تایبەتی کۆمەلایەتی ببێ؟ ئەم وێنە بێپایە و لەرزۆکە مافەکانی خاوەنداریێتی ئەرزی لاواز دەکرد و پێکهاتە کۆمەلایەتییە سوننەتییەکان و وێنەگەلی کۆمەڵگەی سست و گەندەڵ دەکرد.[١١٠] کۆمەڵگە دەبوو بە خەرمانێک لە بەربەرەکانێ و کێبەرکێیکان، ناهێمنایەتییەکان، ناهەموارییەکانی کەسگەلێک کە بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە بوون.

لە پارێزگاری بریتانیادا، لە کالریج و دیزرائیلی بەدوا، نیگەرانییەکان و مەسەلەی نەتەوەیی زۆرجار بالاتر لە بەرژەوەندی ئابووری بازاڕی لیبرالی چاوی لێ دەکرا. نووسەران و کارزانانی دوایی پارێزگاری هێشتا بە شێوە

نائاسـایەکان و ناشـارەزایی هـەر ئـەم بۆچوونـەیان هەیـە.[111] یـەکێک لـە وێنـە ئاشکراکانی ئەم پڕۆژەیان گیلمور دەری‌خستووە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕەیە کـە (ئابووری زانست لەسەر پێ و خۆ تەواوکەر نییە... ئابووری و ئامانجەکانی ئەو کەرەسـە و ئامێرێکـە بـۆ ئامانجـە بەرینـەکانی تـر).[112] بـە بۆچـوونی گیلمـور، ئـابووری زانـانی لیـبرال، وەکـو مارکسیـستەکان لــە روالــەتە لــە جیهانــە راستەقانییەکاندا دەژین. لۆدوویگ فۆن میزز، ئابووری زانی لیـبرالی ئوتریـشی، ئاوێنەی بـالانوینی راسـتەقینەی هـەمان جەزمگـەلی وەکـو مارکـسە. هـەر دوو خاوەن ئەندێشە لەسەر هەرێمەکان (وەکـو راز) سـوورن. گیلمـور لەسـەر ئـەو باوەڕەیە کە روانگەی هەر دووکیان دەربارەی سروشتی مرۆڤ و کۆمەلگە لـە یەک ئاستا نادروستە. پارێزگاران هەرگیز نابێ تەسـلیمی ئەندێـشە لیبرالییـەکان بن. لەو رووەوە کە ئەوانە تاڕادەیەک (هەمیشە ئەندێـشە بـە پـەیروی کـردەوە دەزانن و... بە شێوەی سوننەتی پێوەندییـەکی نزیکتریـان لەگـەل واقعیەتەکانـدا هەیە. هەتا لەگەل باوەڕ و بۆچوونە).[113] لە باری مێژووییەوە، پارێزگاران زۆرتر لایەنگری دەولەتن بۆ سوود بردن لە کۆنترۆلکردنی بازاڕ. هەر ئـەو جـۆرە کـە هەربرت سپێنسێر لە کتێبی مرۆڤ لە بەرامبـەر دەولـەت، گوتوویـە پارێزگـاران هــەول بـۆ بەربەسـت کـردنی کۆمەلـگەی تونـدوتیژن. بـە بۆچـوونی گیلمـور، کینزخــوازی مامناوەنــدی و ئــابووری تێکــەلاو بـۆ ئـەم کـارە گونجـاوتـرە. کینزخوازی هۆکاری ئاوابوون و لەناو چوونی ئـابووری دوای شـەڕی بریتانیـا نـەبوو و گیلمـور ئـەم کـارە دەخاتـە ئەسـتۆی هۆکارگـەلێکی وەکـو کـردەوە سەرەتایەکانی یەکگرتووە مەدەنییەکان، بەرێوبەرایەتی لاواز و سیاسەتی (شـل کردن و توند کردن) ی دەولەت. لەبـەر ئەمـە، ئـەو لایـەنگری گەڕانـەوە بـەرەو تەندروستی ئابوورییە بە هـۆی حـزبی پارێزگـارەوە.[114] بـە گـشتی رۆشـنە کـە پارێزگاری بینینێکی زۆر دوولایەنەی سەبارەت بە سیاسەتی ئابووری هەیـە کـە رەنگدانەوەی هەلوێستەکانی بەتەواوی جۆراوجـۆرە. لەگـەل ئەمـەدا، روانگـەی سەرکەوتوو ئەو روانگەیە کە هەلگری دوولایەنانەتر و پڕاگماتیکتر سەبارەت بـە بازاڕەکان و لە هێندێ بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسیدا بەسوودن.

دەرەنجام

یەکێک لە شاراوەترین بەڵگەکان کە لە پارێزگاریدا بوونی هەیە و بەر لەمە باسیکراوە، ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە بە شێوەی ئیدئۆلۆژی بە واتای واژەی ئاسایی نییە. پارادۆکس لێرەدایە کە ئەمە بۆچوونێکە کە هەر چەشنە ئەندێشەیەک ڕەت دەکاتەوە. بە وتەیەکی دی، ئەم جۆرە ڕۆشنبیرخوازییە زۆرتر ڕواڵەتییە هەتا ڕاستەقینە. بە قەناعەتگەیێنترین شیکردنەوەیەک کە بە دوای بڕێک ڕەتکردنەوە و حاشاگەلێکی بۆچوونی ئەندێشەیی بوونی هەیە ئەمەیە کە کەڵک لە جۆرە ئەندێشەیەکی دیکە وەرگیراوە. عەقڵی کردەوەیی لەگەڵ عەقڵی بۆچوونی جیاوازی هەیە. عەقڵی بۆچوونی کە لەسەر باوەڕە پێشزەینی و پێشمەرجەکان داڕژاوە، لەگەڵ سیاسەت هاوکێش نییە. لەم واتادا، پارێزگاران ناتوانن وەڵامێکی بۆچوونی ئاشکرا بە پرسیارە سیاسییەکان بدەنەوە. تاقمێک ئەمە بە بێهێزی دەزانن؛ ئەم و ئەو لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەمە جۆرێک بەهێزییە.[115]

دژوارییەکی دیکە ئەمەیە کە دژی ڕۆشنبیرخوازی بیچمی پایەدار و هەمیشەیی پارێزگاری نییە. پارێزگارانی ڕۆمانتیک و لیبرال یەکێکن لەم بوارەدا. بێجگە لەمە، شتێکی بە تەواو مانا لە ڕێ لادەر و لەناخەوە دژایەتی لەم حاشا بۆچوونییە وەلانراوەنەدا هەیە. هێرشی ئاشکرای عاقڵانە دژی کەڵک وەرگرتن لە عەقڵ لە سیاسەتدا سەیرە، بەتایبەت کاتێک کە ئەم هێرشە کەڵکێکی بەهێزی بۆ مانەوەی سیاسی ببێ. ڕێگای ئاسایی دەرچوون لەم تەنگانە، سوود بردن لە عەقڵی کردەوەییە. بەڵام ئایا عەقڵی کردەوەیی بە ئاشکرا جیا لە عەقڵی بۆچوونییە؟ هێندێ لە پارێزگاران باوەڕیان بەوە هەیە کە عەقڵی کردەوەیی لەسەر بنەمای سوننەت و کردەوە داڕژاوە، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەمە پێوەندییەوەوە هەیە کە کردەوە و سوننەت چۆن ببینین و لێکی دەینەوە. سوننەت شتێکی تەنیا و ڕاشکاو و بێشێلە و پیلە و شاراوە نییە کە هەر تەمداری دۆزینەوە وتێگەیشتنی ئێمە بێ. سوننەت گەلێکی زۆر بە هەموو شێوەیەکی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. بێجگە لەمانە، سوننەتگەلێک دەربارەی

عەقڵخوازی و سوننەتە سیاسییە رادیکاڵەکانیش رەنگە بوونیان بێ. جگە لەمە، هێندێ لە سوننەتەکان دەستەبەرێکی بە بایەخیان نییە و بێگومان هەر تەنیا بە سوننەتی بوون نابێ بە بایەخدار بدرێتە قەڵەم. سوننەتەکان و دەمارگرژی وەکو مرۆڤ خۆری، دژی پایەبەرزی بوون یان کۆیلەداری بەوتەواوی بۆ دژایەتی کردن دەبن و رەتکراونەتەوە و بێگومان دەبێ وەلابنرێن. لەبەر ئەمە، بۆچی دەبێ (سوننەت) یان (دەمارگرژی) خۆی لە خۆیدا و هەر لەبەر ئەوە کە سوننەن دەبێ بە بایەخ بناسرێن؟ سوننەتەکان دەبێ لەگەڵ پێوارە عەقلانی و تایبەتەکان بەراورد و هەڵسەنگێنرێن.

بێگومان، خۆی لە خۆیدا هیچ شتێکی هەڵە لە گۆڕینی بۆچوونی سوننەتەکاندا بوونی نییە. ئەم رەوەندە ئاسایی و دواکوتووە و هیچ گومانێک لەوەدا نییە. باوەڕی بۆچوونییەکانیش زۆرجار دەبێ لە کردەوەی باشدا تاقی بکرێنەوە. ئەوانەی کە لە پێش چێشت لێنان، پاسکل لێخورین یان کۆمپیوتەر پەنا دەبەنە بەر کتێبە رێنوێنەکانی چێشت لێنا، پاسکل لێخورین و کۆمپیوتەر و ئەوانە موتالا دەکەن بێگومان خوێندنەوەی ئەم کتێبانە بۆ کردەوەی دروستتر، باشترە لە نەخوێندنەوەیان. ئەندێشە وەلانراوەکانی زانیاری رووخاوی بۆچوونی لە هەموو لایەنە چالاکییەکانی مرۆڤایەتی، بەتایبەت سیاسەت، کارێکی زەروورییە و رێگای کردەوە هەموار دەکا.

هەر وەکو ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە، جیاوازی بۆچوونی ئاشکرا لە نێوان شێوە جۆر بەجۆرەکانی پارێزگاریدا بوونی هەیە. هەر ئەو چەشنە کە لە پێشدا چاومان پێی کەوت، تەنانەت زۆرتر لە لیبرالیزم، هێندێ پارێزگاران سەرنجیان داوەتە مەڕامگەلێک کە تاقمێکی دیکە بە گشتی ئەوانەیان رەتکردووەتەوە. برێک پارێزگار، بەتایبەت رۆمانتیکەکان و سوننەتخوازەکان، زۆر سەرقاڵی و داخ لە دڵی خۆزگەو ئاواتەکانی رابردوون. خۆزگەی نووالیس بە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست، کۆمەڵگەی شوانی ئەلیۆت، رژیمی سابقی دوومستێر هەموو ئەوانە جۆرێک باوەڕەدەست لێنەدراوە زەینییەکانن کەوا دێتە بەرچاو پێشی بەرەو پێشچوون دەگرن. هەموو ئەو پارێزگارانەی کە گۆڕینیان قبووڵە، لە داوی

مەنتقی لە ناخدا دژی یەکتردا پێوەبوون: لە حاڵێکدا کە بەرامبەر هێندێ لە باوەڕەکاندا دەوێستن، هەر ئەوەندە کە ئەم مەرامانە جێی پێیان لە کۆمەڵگەدا پتەو کرد و گیرسانەوە و لەگەڵ کۆمەڵگە گرێیان خوارد، دەبنەوە عەقڵی دێرینەی سەردەم و ئەم باوەڕانە لە ریزی سوننەت دەدەنە قەڵەم. سوننەت دەبێتە ئەو شتە کە ئێستا خەریکە رووبدا. لە لایەکی دیکەوە، پارێزگارانی لیبرال بە رواڵەت هێندێ گۆڕانکارییان بە باوەشی ئاواڵەوە قبوول کردەوە. لە راستیدا هاژە و گیڤە نییە ئەگەر بێین کە زۆربەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بە راستی رادیکاڵی لە دەیەی رابردوودا لە زۆرینەی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، بەتایبەت لە بریتانیا و ئەمریکا، بە داهێنانی پارێزگاری لیبرال ئەنجامی گرتووە. کەم نین ئەو کەسانەی کە دژایەتیەکی سەیریان لەم کارەدا بینیوە. سەرسوورهێنەر دەبوو ئەگەر بماندیتبا کە لە سەدەی داهاتوودا ئەوانە خۆیان لایەنگەلێکی کۆنتری پارێزگاری سوننەتخواز و باوکسالاریان سەرلەنوێ تۆیژێنەوەیان لەسەر کردبا. ئەگەر پارێزگاران لێهاتوویی و زانیاری تەواویان بۆ مانەوەی سیاسیان ببێ، بێگومان گۆڕانکاری لەواندا بەدی دێ.

بـــه هەڵـــسوکەوتی سیاســـی بـــورژوازی دەزانی.[٢] لـــە ســـەدەی بیـــستەمدا سۆسیالیستەکان و ئانارشیستەکان جگـە لـەو رەخنانـە، عەیبگـەلێکی زۆریـان لـە شۆڕش دەگرت.

واتای (کۆمەڵگەی مەدەنی)، کە ئەمەش ریشەی لە دۆزی گرێبەست دابوو، هاتە ناو ئابووری سیاسی و ئـەوروپایی و بەتایبـەت هاتـە نـاو ئیدئۆلۆژیکـەلێکی وەک لیبرالیزمـی کلاسـیکەوە. بـەلام لەسـەر سۆسـیالیزم و نائارشـیزمی سـەرتاییش کاریگەری هەبوو. واتایەک کە پێتر ژوزف پرودون ئانارشیزمی لە کۆمەڵگە نیشان دەدا ریـشەی لـە دۆزە گرێبـەسـتەکانـدا بـوو. ئەگـەرچی بـە شـێوەی ئاسـایی، کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێک لە رووبەڕوو لەگەڵ واتای جێگری کۆمەڵگە بـوو، واتـە مانایەک کە برا و برادەر و جەماوەر و جەماعەتی دەگەیانـد. کۆمەڵـگە، بـە واتـای کۆ، لە رووبەڕوو لەگەڵ تاکخوازی رووخاو (کە بە واتایەک لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیـە) جێکـەوت. ئێـستە ئێمـە ئـەم جیاوازییـە لـە ئاسـت نێـوانی سۆسـیالیزم و تاکخوازی، یان کۆخوازی لە ئاست تاکخوازی، کـە لـە ئەندێـشەی ئـەوروپایی لـە دەیەی ١٨٨٠دا پەیدا کردەوە، باشتر تێدەگەین.

واتـای دەروونـی دیکـەی شـعووری بـرادەری و هاوڕیـەتی و کۆبوونـەوە لـە وشەی (کۆمەڵگە)، پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەندێشەی دەسـەلاتی خەڵـک بـوو. ئەگـەر (کۆمەڵگە) بە واتای گشتی جەماوەر بوو، شیاوانە دەیتوانی بـە واتـا و هاوکێـشی سەرجەم خەلک بێ. بەم جـۆرە (ویـستی کۆمەڵـگە) دەیتـوانی بـە واتـای ویـستی خەلک یان ویستی گشتی بێ، خاوەنداریێتی کۆمەڵگە هەر ئەو خاوەنـداریێتی خەڵکە بوو. خاوەنداریێتی سۆسیالیستی کراو یان کۆمەلایەتی هەر ئـەو خـاوەندارییـەتـە گشتییە بوو. تەبایی کۆمەڵـگە یـان پـاک و خـاوێنی سۆسیالیـستی، واتـە تەبایـەک کەلەبەر دەستی گشتیدا بێ. هاوکاری و پێکەوە بوونی کۆمەلایەتی لە حکوومـەتا بە واتای بەشداری گشتی خەلک بوو. کۆمەڵگە لەم واتایەدا پێوەندییـەکی بـەهێز و پێـزی لەگـەڵ دۆزە دێموکراسـییەکان و دەسـەلاتی خەڵـکدا گـرت. ئـەم دۆژانـە پێشینەیەکی درێژی لە ئەندێشەی ئەوروپاییدا بوو، بەلام شێوەی تایبەتی ئێستەی خۆی لە تافی شۆڕشی فەڕانسادا بە دەست هێناوە. بێجگە لەمە، چونکە بۆ ویستی

وشەی (سۆسیالیزم) ریشەی لە واژەی لاتینی sociare هەیە کە بەواتای لەگەڵ یەکدا بوون و بە یەکەوە گرێدراویان لەگەڵ یەک بەشدار و شەریک بوونە. وشەی گرێدراو بەوەوە، کە واژەیەکی تکنیکیترە، لە یاسای رۆمیان و پاشان سەدەی ناوەڕاست societas بوە. واژەی دوایی دەکرێ بە مانای هاوڕێیەتی و برادەری لێک بدرێتەوە و هەروەها بە واتای ئەندێشەی یاساپەرستانەتر پەیمانی یەکگرتوو لەسەر بنەمای پێکەوە هاوکاری کۆنێوان جوامێران. لێرەدا بە دوو واتای جیاواز لە واژەی «soceal» تووش دێین کە هەڵگری ناوەڕۆکگەلێکە کە دواتر لە وشەی سۆسیالیزمدا کەوتە بەر تێرامان. واژەی social هەم بە مانای پەیمانی یاسای رەسمی لە پێوەندی نێوان مەدەنی ئازاد و هەم پێوەندی خۆشەویستتر و دۆستایەتییە.

بە بۆچوونی بڕێک لە تۆێژەران کارکرد یاساخوازنەتر و گرێبەست تری واژەی social هەڵگری شتێکی جیاواز لە دەوڵەت، لەبەر ئەمە، بە بڕوای کۆمەڵێک، جیاواز لە سیاسەت بە شێوەی گشتییە. ئەم و ئەو هێندێ پەیمان لەگەڵ یەکتر دەبەستن بەرامبەر بە یەک هاوکێش و پەیمان دەبن، بەم دەستووره جیاوازی گشتی نێوان کۆمەڵگەی پێکهاتوو لە کەسانێک کە ئازادانە پەیمانیان بەستووە و (دەوڵەت) حکوومەتی یاسا بەهێز دەبێ.[1] کارکردی گرێبەسی ئەم واژە بە دژایەتی نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەلایەتیش پێوەندی هەیە، کە مێژوویی ئەم دژایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ۱۸۰۰. بۆ وێنە کۆمەڵێک لە نووسەران باوەڕیان وایە کە شکستی شۆڕشی گەورەی فەڕانسا و رووخانی ئەو بەرەو دیکتاتۆری ناپلئۆنی سەرچاوەی لەم راستەقینە بوو کە ئەم شۆڕشە هەر تەنیا شۆڕشی سیاسی و لە ئاستی دەزگای دەوڵەتیدا بوو. شۆڕشی کۆمەلایەتی (بە واتای سۆسیالیستی ئەو) لە لایەن خەلک و لەژێر چاوەدێری ئەوان و شێوەی ژیانی ئەوان نەبوو. ئەم لێکدانەوە لە بناخەوە هی مارکسە کە شۆڕشی فەڕانسەی

بەشی چوارەم

سۆسیالیزم

دێموکراتیکی خەڵک زۆرجار بایەخی ئەخلاقی ڕەچاو کردووە، واژەی کۆمەڵایەتی کاراکتێری ئەخلاقیش بە دەست دێنێ.

هەر بەم دەستوورە، واتایەکی دیکەی (کۆمەڵگە) یان (سۆسیال) بە ناوی (کۆمەڵگەی مەدەنی و گرێبەست خوازی) زۆرتر پێوەندی زیرەکانەی لەگەڵ تاکخوازی ئەخلاقی و سیاسی بە دەس هێنا و یەکێک لە پرەنسیپەکانی ئەندێشەی ئەم دواییانەی دێموکراسی لیبرال لە کاری نوێنەرایەتی و پاڵەمانی پێکهێنا. لە دەیەی ١٨٤٠، پێوەندی (سۆسیال) و (دێموکراسی) بە ناوی پێوەندی بەرامبەر نێوان (لیبرال) و (دێموکراسی) بەتەواوی جێی گرتووە. واژەگەلێکی وەک سۆسیال دێموکراسی، سۆسیالیست دێموکراتیک و سۆسیالیست دێموکرات تا رادەیەک لەسەرتاسەر ئەورووپادا ناوبانگی دەرکردووە هەرچەند هێشتا خاوەنی هێندێ شاراوە و پێچراوەن.[٣]

کۆمەڵێک لە بیرمەندان مێژووی وردی سۆسیالیزمیان لە لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵێک لە باوەڕەکان، دیاریان کردووە. ئەم واژە، هەر وەک پارێزگاری لیبرالیزم، منداڵی سەردەمی پاش شۆڕشی فەڕانسا دەدرێتە قەڵەم. لەم بارەوە بەڵگەگەلێک لە ئارادایە کە ڕاست لە کوێدا بۆ یەکەمجار ئەم واژە بەکار براوە. فەڕانسا و بریتانیا وڵاتانی سەرەکی ئەم پانتایەن.[٤] بەم حاڵەوە کەس دژایەتی لەگەڵ ئەوە ناکا کە دەیەکانی ١٨٢٠ و ١٨٣٠ لەم بوارەدا دەورەگەلێکی گرنگ بوون. وشەی سۆسیالیزم لە فەوریەی ١٨٣٢دا لە ڕۆژنامەی سن‌سیمۆن بە ناوی گلووب کە سەرپەرشتی ئەو بە ئەستۆی پیێر لوورو بوو، چاپ کرا. بەر لەم بەروارە، سەرجەم لە ١٨٢٧دا، لە نەشرییەی ئەوون گەرای گۆڤاری تەعاونی ئاماژە بەوە کرا بوو. ئەوون گەرایان لە بریتانیا و سن‌سیمۆن گەرایان و فەوریە گەرایان لە فەڕانسا یەکەم کەسانێک بوون کە چاوکراوانە ئەم واژەیان بە کار بردووە. مارکس پاشان لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ناسناوی (سۆسیالیستە خەیاڵییەکانی) بەم کەسانە بەخشی کە بەرچەسپێک بوو بە واتای دەروونی تاڵ و ناخۆش و لەڕێلابەر.

واتای سۆسیالیزم لە پێوەندی لەگەڵ واتاگەلێکی دیکەی وەک سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی، کۆمۆنیزم و سۆسیال دێموکراسی چارەنووسێکی پڕ لە کەند و پێچ و خوارییەکی فرەیان بڕیوە. ئەم پێوەندییە بۆ لەناو بردنی هەر چەشنە خراپ تێگەیشتنێک وەکو خۆی سەرجەم لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی واتایەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوایەکانی سەدەی نۆزدەیەم کە پێگە و جێگەی ئەو فەڕانسەیە. مەبەست لەوە، کەتا ئەمڕۆش بە جۆرێک پێوەندی مەنتقی پایەدار ماوە، سوود وەرگرتن لە دەوڵەت و دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵ، فەرماندەی و تەنزیمی بەشە ئابووری و کۆمەڵگە مەدەنییەکانە، ئامێرێک بۆ سیاسەتی گشتی دەدرێتە قەڵەم. ئەم نەزمە، بە پلەگەلی جۆراوجۆر، پێوارە و هاوکێشی بەرنامە ڕێژی دەوڵەتی ناوەندییە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی زۆرتر وەبیر هێنەرەوەی سۆسیالیزم بووە. بەم حاڵە، مەسەلەگەلێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وێکچوونیەدا ڕووی داوە. سەرەتا ئەمەکە، بە پێچەوانەی ئەم ڕاستەقینە کە زۆر لە سۆسیالیستەکان لە کردەوەدا لە سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی سوودیان بردووە، تاقمێکی زۆر لەوانیش یان ئەوەیان لەبیر کردووە، یان حاشا دەکەن. دووەم، زۆربەی لە ئیدئۆلۆژییەکانی وەکو پارێزگاری و لیبرالیزم، هەر ئەو جۆرە کە دیتمان. ئامادەی کەلک وەرگرتن لە میتۆدەکانی خاوەندارێتی هاوبەشی ببوون. سەرەنجام شایانی باسە کە سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی زۆرتر ئامێرە نەک ڕەسالەیەک یان دەزگایەک لە باوەڕەکان دەربارەی پرەنسیپی مرۆڤ و یەکسانی، بەو جۆرە کە بۆ وێنە چاوەڕوانی لە سۆسالیزم دەکرێ. بەم جۆرە، سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشی خۆی لە خۆیدا ئەندێشەیەکی بەرتەسکتر، شێوەییتر و کارامەتر لە سۆسیالیزمە.

ئێستا بە شێوەیەکی گوشراوەتر دەربارەی بڕێک لە واتاکانی دیکە کە لەگەڵ سۆسیالیزم پێوەندی نزیکیان هەیە، دەدوێین. دورکیم لە کتێبی سۆسیالیزم و سن‌سیمۆن کومۆنیزم بە دێرینەترین واتا و شکلی سەرەتایی و ڕێکخراوەی سۆسیالیزم دەزانێ. کومۆنیزم دڵ گەرم و سەرقاڵی بەکارهێنانی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرامبەرانەیە. ئەم شێوە لە ڕێ دۆزینەوەی سەرەتایی و هۆزە

سەرەتاییترەکاندا بە کاربراوە. لە لایەکی دیکەوە، سۆسیالیزم بە بۆچوونی دورکیم ئامێرێکی زۆر نوێترە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدایە کە دەیهەوێ پێوەندی بەرهەمێنانی رێکوپێک بکا. لێرەدا جیابوونەوەیەکی ئاشکراتر لە واژەکاندا دەکەونە بەرچاو، ئەگەرچی رەنگە هەموو لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەدا نەبن.

واژەی کومۆنیزم، کە نیشاندەری لایەنگری سیاسی چاوکراوانەیە، هەر تەنیا چەند سالێک لەبەر سۆسیالیزمەوەیە. لە فەڕانسا، گراکوس بابوف و (ئەنجوومەنی مساوات)، کە بە واتای سیاسی نێوان سالەکانی ١٧٩٤ و ١٧٩٧ سەریهەڵدا، زۆرجار بابوفخوازان و جارجار (کومۆنسیتەکان) ناویان لێ نراوە. بابوف لە سالی ١٧٩٧ بە فەرمانی حکوومەتی دیرکتوار بە گیویتین سەریان لە لەشی جیا کردەوە. ئەنجوومەنی بەرنبەری لە بناخەوە تاقمێکی خراپەخواز بوو کە خۆی لە پێناوی رووخاندنی شۆڕشگێڕی و دامەزرانی دیکتاتۆرپیەک و جەماوەرێک لەسەر بنەمای بەرانبەری دانابوو. سەیر لێرەدایە کە پڕەنسیپی کومۆنسیتی لە تێکۆشانی بابوف پەیدا نەبوو بەڵکو لە ئەندێشەی سیاسی پێڕەوانی ئەو، بۆ ئوناروتی و بلانکی بایەخی زۆرتر بە دەس هێنا. دواتر پۆپۆلیستەکانی رووسی و لنینی لاویش لە دەیەی ١٨٩٠ درێژەیان بە رێگای ئەودا. نووسەرێکی دیکەی فەڕانسەوی، ئەتێن کابە. کەسێک بوو کە لە کۆتایی دەیەی ١٨٣٠ بە دوای بە دەست هێنانی ئەم مساواتە رادیکاڵ و خاوەنداریێتی هاوبەشی، بەڵام لە روانگەیەکی زۆر خەیالی و ئەندێشەییترەوە بووە. جیهانی خەیالییەک کە ئەو لە ئیکاریا دروستی مردبوو، زۆرجار بەناوی کومۆنیزمی خەیالی باس لێوە کراوە.

مارکس لە دەسپێکی نووسراوەکانی خۆیدا کومۆنیزمی بە پێکهاتەی سەرەتای سۆسیالیزمی زانیوە، بەڵام لە مانێفیستی کومۆنیستدا کە لە دەیەی ١٨٤٨ بڵاوی کردەوە، جیاوازییەکی بە گوڕی لە نێوان (کومۆنیزمی شۆڕشگێڕ) و (سۆسیالیزمی خەیالی) دانا؛ هەرچەند هەم مارکس و هەم ئەنگلس، لەژێر کاریگەری لوئیس مورگانی مرۆڤ ناس مانا و واتای کومۆنیزمی ئەوەڵییەیان سەلماندبوو.[٦] هێور هێور مارکس جۆرە بێزارییەکی سەبارەت بە وشەی سۆسیالیزمی تێدا بەدی

هاتبوو کە لە ئارین ئاسەواری دەودا، لە کۆتایی دەیەی ١٨٧٠ دەکەوێتـە بـەرچاو. بە بۆچوونی ئەو، سۆسیالیزم مەسلەکێک بوو نەرمتر، بێ چین و تـوێژ، خەیاڵـی و بە گشتی، باوەڕێکی بورژوایی. لەگەڵ ئەمەدا، ئینگلیز لە دوایین پێش وتاری خۆیدا لەسـەر راگـەیـەنـدراوی کومۆنیـست لـە ساڵـی ١٨٨٨ ئـەوەی لـە (ئـەدەبیاتی سۆسـیالییتی) وە دەزانـێ.[٧] لـە ١٩١٧دا بێـزاری مـارکس چـووە نێـو هێنـدێ لـە بەلشۆیکەکانیش کە کومۆنیزمی بە قۆناغێکی مێژوویی پێش کـەوتووتر سـەبارەت بـە سۆسـیالیزم لێکیـان داوەتـەوە. لـە بریتانیـا، ویلیـام مـوریس و ه. م. هینـدمن (بناغەدانەری یەکـەمین رێکخـراوەی مارکسیـستی بریتانیـا)ش کەڵـکی لـە واژەی سۆسیالیـستی وەرنـەدەگرت و ئـەوەی دەخـستە ئەسـتۆی سۆسیالیـستی ریفۆرمخوازی فابیان. بە پێچەوانە ئەم فرەوێژیانە، بەدیهێنانی سـەددێکی تایبـەتی دەست لێنـەدراو لـە نێـوان واژەکانـدا دەسـتوورە. بێگومـان یـاوی شۆڕشـگێڕانە ناتوانێ بە شێوەی ئەزموون و پێوار جێبگرێ. ئەگەر کەسێک روانگەگەلێکی قووڵی یاساخوازی زۆرینەی کومۆنیستەکانی ئەورووپایی دەهەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لەگەڵ تاقمە بڕبڕبووە یەک بە دووی یەکە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو سەردەمە بەراورد بکـا کـە خۆیـان نـاو دەنـا (سۆسیالیـست)، کەواتـە واژەی (شۆڕشـگێڕ) پێوەندییـەکی نزیکتری لەگەڵ سۆسیالیزمدا هەیە هەتا لەگەڵ کومۆنیزم.

(سۆسیال دێموکراسی) ش تووشی هەر ئـەو دوولایەنییـە بارودۆخییـە بـووە. ه.م. هیندمن خـۆی بـە سۆسـیال دێمـوکرات دەزانی و لـەم بـارەوە، ئەمـەی بـە پلەیەکی بەرز بۆ لایـەنگری لـە مارکسیزم دەیدایـە قەڵـەم. ئـەو پێـڕەوی رێگـا و میتۆدی ئاڵمانی بوو. هێزی بزووتنـەوەی مارکـسیزم لـە چـاخی (نێونەتەوایـەتی دووەم) کە مارکـسیزمی ئـەورووپایی هـەتا ١٩١٤ بەسـەر ئـەودا زاڵ بـوو، حـزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان (SPD) بوو کە لەراستیدا لـە ١٨٦٩ حـزبی کرێکـارانی سۆسیال دێموکرات نـاودێر کـرا.[٨] بـە پێچەوانـە بـڕێک دوولایەینـەکان، سۆسـیال دێموکراسی بە کـردەوە بـوو بـە هـاوکێش لەگـەڵ مارکسیزم رێکوپێـک کـراوە. مارکسیزم بە ناوی سۆسـال دێموکراسـی لـە بابـەتی بۆچـوونی بـە توندی دژی سۆسیالیزمی لانشینخوازی ئەدوارد برنشتاین هەڵوێستی گـرت.[٩] پـاش رووخـانی

(نێونەتەوایەتی سێیەم) بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئارەزووی بە ئەندام بوونیان لە (نێونەتەوایەتی)دا بوو، ئەمە گرنگ بوو کە واژەی کومۆنیست جێی سۆسیال دیموکراسی بگرێ. بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، دوولایەنی و ناهاودەنگی بەرەبەرە زۆرتر بووو بە ناوی سۆسیال دێموکراسی کۆمەلێک لە لانشینخوازەکان تێکەڵ بە سۆسیالیستە ئەخلاقییەکان و لیبراڵە نوێکان یان لیبراڵە کۆمەلایەتییەکان بوون. دوای سالی ١٩٢٠ هەتا ئەمڕۆ، واژەی سۆسیال دێموکراسی پێوەندیگەلێکی بەهێزیان لەگەڵ سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز و سوننەتی لیبراڵ کۆمەلایەتی دامەزراندووە. لەم ڕووەوە، پێکهاتن و دامەزرانی حزبی سۆسیال دێموکرات لە بریتانیا لە دەسپێکی دەیەی ١٩٨٠دا دیاردەیەکی نوێ یان گرنگ نەبووە.

بە گشتی دەربارەی پەیوەندیدانی پلە بەرزیە تایبەتەکان بە سۆسیال هۆشیاربین، چ بلێین کە وشەی سۆسیالیزمەکان لایەنگری سیستەمی خاوەندارێتی هاوبەشین، چ ئەمە کە کومۆنیزم بە گشتی لەگەڵ سۆسیالیزم جیاوازی هەیە، چ سۆسیال دێموکراسی سوننەتی غەیرە سۆسیالیستییە. هەموو ئەم داوەریانە هەم لە باری مێژوویی و هەم ئیدئۆلۆژیکییەوە لە ڕێ لابەرن. دەستتێوەردانی پێچراوەی نێوان ئەم پرەنسیپیە جۆراوجۆرانە هەلگری ئەو ڕووداوەیە.

پێگەکانی ئەندێشەی سۆسیالیستی

ئەگەرچی دەربارەی ریشەگەلی ئەندێشەی سۆسیالیستی دیالۆگ زۆرە، چەواشەیی ئەم دیالۆگانە لە دیالۆگەکانی پارێزگاری لیبرالیزم کەمترە. دوو ڕاپۆرتی بەربلاو دەربارەی سەرچاوەی ئەندێشەی سۆسیالیستی بوونی هەیە. یەکەمیان کە بوارێکی بەرفراوانتری هەیە. هەمیشە شوێنی ناوەڕۆکاکانی سۆسیالیستی لە بزاڤە فیکرییەکانی سەرەتای سەردەمی نوێ گرتووە. دووەم ڕاپۆرت سەرنجی داوەتە تافی دوای شۆڕشی مەزنی فەرانسا.

بەپێی راپۆرتی یەکەم دوو کەسایەتی کە زۆرتر لە هەمووان دەربارەی ئەوانە ئاخاوتن کراوە، بریتین لە تامس مور بە هۆی کتێبێک کە بەناوی ئۆتۆپیا (ئارمانج شار)ی نووسی و تاۆماس مونستێر ئاناباپتیست. کارل کائۆتسکی، پێش هەنگاوی مارکسیزم ئالمان (کە زۆرتر ئەویان بە پاپی مارکسیزم ناسیوە) کتێبێکی بەناوی تامس مور و ئارمانج شاری نووسی هەتا ئەم پێگە تایبەتە پێناسە بکا. لەم دواییانەدا ئەم بیروڕایانە چەند کەرەت دووپات کراوەتەوە.[10] جێی ئارمانجی دیکە بۆ سەرهەڵدانی ئەندێشەی سۆسیالیستی هەر لەم تافەدا، جەنگی ناوخۆی ئینگلیسە.

ڕێکخراوەگەلێکی وەک بەرانبەر خواز و ئەوانی دیکەش بوارێکی سازدراو بۆ ئەم راڤەیە تاقیکراوە.[11] بۆ وێنە کریستۆفر هیل دەربارەی ڕێبەرایەتی ئەم و ئەو (پیرەوانی بزاڤی مەزهەبی و ئابووری) دەنووسێ:

وینستنلی لە روانگەی خاوەندارێتی هاوبەش کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمی سۆسیالیزم و کومۆنیزمەوە پێشنیاری ئاخرین سوود وەرگرتنی کرد... وینستنلی خاڵێکی پڕەنسیپی ئەندێشەی سیاسی مۆدێرنی بە دەست هێنا و ئەوە ئەمە بوو کە: دەسەلاتی دەوڵەت بە سیستەمی مالکییەت و گشت ئەو دۆزانەی کە پشتگری لەم نەزمە دەکەن، پێوەندی هەیە. ئەو لەم بابەتەوە کە خوازیاری شۆڕشێک بوو کە گرفتەکانی کۆمەڵگە بکاتە جێگری بەربەرەکانی و تەئکیدی دەکرد کە ئازادی سیاسی بەبێ بەرامبەری ئابووری نامومکینە هەروەها بە توندی حەسابی لەسەر دەکرێ.[12]

رواڵەتەن، ئەو جۆرە لێکدانەوە مەسەلەگەلێکی نگەران و دوودڵی دێنێتە بار، چونکە لەو تافەدا هیچ کومەڵە باوەڕێک کە وێچووی سۆسیالیزمی سەدەکانی نۆزدە و بیستەم بێ، لە ئارادا نەبوو. رەنگە بەڵگەی لەسەر بێننەوە کە واتا بەر لەسەرهەڵدانی وشەوە بووە. بەم حاڵەوە، بوارگەلێکی بەڵێنی و مەزهەبی و کەلتووری کە باوەڕەکانی ئەم و ئەوەکان لەودا سەری هەڵدا بە گشتی سەبارەت بەم جۆرە راپۆرتانە نەزان و ناشارەزا بوو. ئەمە ترس هێنەرە کە نیگەرانییەکان و هۆگرییەکانی ئێستەی خۆمان ببەستین بە رابردووەوە، کە هەر ئەو جۆرە کە لە بەشی یەکەمدا باسی لێوەکرا، رەنگە لە باری مێژووەوە ناهەم کات و لە رێ بەدەر لە ئاو دەربێ.

دووەم راپۆرت سەرنج دەدا بە خولی بێوچانی پاش شۆڕشی گەورەی فەڕانسا. هێندێ لە بیرمەندان لە بواری کارتێکراوی رووبەڕووی شۆڕشی پیشەسازیش تۆژینەوەیان لەسەر سازداوە.[١٣] لیکتهایم دەربارەی دەیەی ١٧٩٠ دەڵێ: (مێژووی سۆسیالیزم دەبێ لەگەڵ شۆڕشی فەڕانسا دەس پێبکا، بەم هۆساکارە کە فەڕانسە لانکی (سۆسیالیزمی خەیاڵی) و (کومونیزمی خەیاڵی) بوو... و هەردووک بزاوتەکە لە شۆڕشەکان و ئاڵۆزییە گەورەکانی سالانی ١٧٨٩ هەتا ١٧٩٩ سەرچاوەیان گرتووە).[١٤] شۆڕش کاسەی ئەزموون و کوورەی رووداوگەلێک بوو کە سۆسیالیزم، چ خودی وشەی سۆسیالیزم و چ بزاڤەکانی کۆمەلایەتی کە چاوکراوانە لایەنگری ئەم ئیدئۆلۆژییە بوون، لەوەوە هەڵقولاون. ریشەی گشت ئەم دیاردانە خولەکانی شۆڕش و دوای شۆڕشە. هەڵسووڕانێکی بەهێز بۆ بەرفراوانکردنەوەی دێموکراسی، مافەکان، بەرانبەری و یەکسانی، لە لایەن هەڵسوکەوتە ریشەیی سیاسی و کۆمەلایەتییەکان، هەرچەند بە بەهرەوەر گرتن لە گشت کاریگەرییەتی ئەو پێک نەهات، بەلام شەپۆلە لەرزێنەکانی و بەرین بوونەوەی بە سەرانسەری ئەوروپا گەیشت کە دەنگدانەوە و زایەڵەی ئەوانە ئەمرۆژانەش هەستی پێ دەکرێ و بوونی هەیە.

شۆڕشی پیشەسازیش بە رێی جۆراوجۆری وەک کاتالیزوەری (یارمەتیدەر، هۆکار) کردەوە نیشان بدا لەو رووەوە کە گەشەی سەرمایەداری و گەشە و قاڵ بوونی چینی کرێکاری شاری و ژیاری ئاسان کرد، بەتایبەت ئەمە کە چینی کرێکار پەیکەرەی ژیانی زۆربەی بزاڤە سۆسیالیستییەکانی پێک دەهێنا. هەڵبەت ئەم خاڵە تایبەتە، بە سەرنجدان بە برێک واتا و باوەڕێک کە زۆر دواتر مائۆئیزم و فەرانتس فانون هێنایانە ئاراوە و وزەی هە میشەی شۆڕشگێڕی گوندنشینە وەرزێڕەکانی وریا کردەوە، هەلایسێنی قسە و باسە.[١٥] سەرمایەداری پیشەسازی هەروەها تەنینەوە و کێشەگەلێکی لێکەوتەوە کە کەوتە بەر سێرەو نیشانەی سۆسیالیستەکان. زۆرینەی سۆسیالیستەکان هەر لەسەرەتاوە سەرمایەداریان هۆی رق و بە سەرچاوەی هەموو نابەرانبەری و نایەکسانیکانیان دەزانی. سۆسیالیستەکان لەگەڵ رەخنە لەسەرمایەداری و کۆشش بۆ دۆزینەوەی رێ و

رەوشتە جێگرەکان بۆ ئەو، لە زاراوەی سوننەتی رادیکالی فەڕانسا سوودیان وەردەگرت کە خوازیاری بەرفراوانکردنەوەی مافی رەیی گشتی دیموکراتیک، مافە یەکێتییە مەدەنییەکان، ریفۆرم گەلی پەرلەمانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی بۆ کرێکاران بوو. هەر ئەوچەشنە کە شۆڕشگێڕانی فەڕانسەوی نیشانیان دابوو، ئەم ئەندێشانە دەیانتوانی بە کەلک وەرگرتن لە بزاڤە جەماوەرییەکان بە شێوەی بە قەناعەت گەیشتوانە هەست بە بەختەوەری بکەن.

بەم حالەوە، راپۆرتی باسکراو کالکەی ئەم خالە نییە کە زۆربەی لە ئەندێشە کارکردییەکانی سۆسیالیستەکان، هەلقولاوە لە سوننەتە فیکرییەکانی رابردوو و لە زۆر شوێندا پێوەندی بە پێش شۆڕشەوە بوو. لە راستیدا سۆسیالیزم دۆزەکانی خۆی لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان وەرگرتووە: کۆمارخوازی مەدەنی، عەقلخوازی سەردەمی رۆشنگەری، رۆمانتیکخوازی. شێوەی جۆربەجۆری ماددەخوازی، مەسیحییەت (چ کاتۆلیک و چ پرۆتستان). روانگەی یاسای سروشتی و مافە سروشتییەکان، فایدەباوەڕی و ئابووری سیاسی لیبرال. هەموو ئەم ئەندێشانە و ئەم مەکتەبانە و بوارانە بۆ بیرمەندانی سۆسیالیستی دێنە ئاژمار. پرەنسیپگەلێکی جۆراوجۆر لە بزووتنەوەی سۆسیالیزمدا دەوراندەوری بڕێک لەم سوننەتە فیکریانەیان داوە و تێکەلاو بوون و بەم جۆرە، باوەڕی لایەنگری ئەوان بە شێوەگەلی جیاواز دەردەبڕێن.

هەر ئەو چەشنە بەر لەمە وترا، یەکەم بزووتنەوە چاوکراوانەی سۆسیالیستییەکان لە دەهەکانی ١٨٢٠ و ١٨٣٠ دەستیان بە گەشانەوە و پێشکەوت کرد. ئەوونگەرایان، سنسیمونگەرایان و فەوریەگەرایان رشتەیەک لێکدانەوە و راڤەگەلێکی رێکوپێکیان دەربارەی کۆمەلگە بلاو کردەوە. ئەوانە، بەتایبەت ئەوونخوازان. لەگەل کۆمەلێک لە بزاڤەکانی دیکەی چینی کرێکاری وەکو چارتیستەکان هاوفیکریان بوو. سوننەت رادیکال، ئەو جۆرە کە لە رێکخراوەکانی وەک چارتیستەکان، یەکێتییە سنفییەکانی وەکو ئەو دەردەبڕا، زۆرجار لەگەل ئامانجە سۆسیالیستییەکان، هەرچەند بە شێوەی ناڕاستەوخۆ

یەکلایەن بوو. لە دەیەی ١٨٨٠ وتە و باوەڕی سۆسیالیستەکان بەربلاوانە بەناوی ئارەزووەکانی چینی کرێکار قبوول بوو.

دوای وەستانێکی کورت، لە کۆتایەکانی دەیەی ١٨٤٠ هەتا کۆتایەکانی ١٨٦٠ شەپۆلێکی دیکە لە پێشکەوتەکانی سۆسیالیستی لە ئەورووپا فۆرمی گرت. لەم خولەدا، سۆسیالیزم هەتا دەیەی ١٨٨٠ پلە بە پلە کاملتر بوو و بوو بە بزاوتی ئیدئۆلۆژیکی چاوکراوانە. پێگەی ژیانی مارکس لە رووگەی سۆسیالیستی هەتا رادەی بەگرەو گیراوی ئەم راستییەیە کە ئەو پێکهاتەیەکی بەهێزی لە دۆزەکان و ئاشکرا کراوەکان بە قەناعەتگەیێن لەم سەردەمە ناسکەی مێژوو پێکی هێنا. بێجگە لە بریتانیا، زمانی مارکسیستی بوو بە زمانی دیالۆگی دووەمی مارکسیستی ئەورووپا. حزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان (SPD) کە مارکسیست بوو هەتا ساڵی ١٩١٤ بوو بەهێزێکی سەرکەوتوو لە سۆسیالیزمی ئەورووپادا و وێنەی ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەسەر سۆسیالیستەکانی فەڕانسا لە سەردەمی دەسەڵاتداری ژولگردا سەپاند و ئەم زاڵبوونە بوو بە هۆکە دەورەی (نێونەتەوایەتی دووەم) بە (دەورەی زێڕینی مارکسیزم) باسی لێوە بکەن.

بەم حاڵەوە، هەڵوێستی زۆرینەی حزبە مارکسیستییەکان لە فەڕانسا، ئاڵمان و ئوتریش بە بۆنەی شەڕەوە لە ١٩١٤ راپرسی کرا و رەئیان دا، بە توندی هەموو مانا و واتای یەکێتی و یەکگرتوویی نێونەتەوەیی (سۆسیالیستی) بێهێز کرد. نێونەتەوەیی سێیەم (کومۆنیستی) کە لە کوورەی شەڕی ١٩١٨ـ١٩١٤ سەری وەدەر نابوو، لەژێر دەسەڵاتی بەلشویکەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو. ئێستە لنین کەسایەتی رێبەرایەتی بوو و مارکسیزم ـ لنییزم بوو بە رێنوێنی دۆزی فەرمی. بەڵام لە دەیەی ١٩٣٠ بزووتنەوە تووشی قات و قوڕی بوونێکی زۆرتر بوو. مارکسیزمی تەجدید نەزەر تەڵەب کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٠٠وەکو کوانێکی گەیو درێژەی بە مانەوەی خۆیدەدا دووبارە لەسەرانسەری ئەورووپادا گەشەی کرد. حزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان پلە پلە بەرەو هەڵوێستی پێداچوونەوە خوازانەتری سۆسیالیست دێموکراتیک، بەتایبەت لە پاش ١٩٤٥ چوو. سۆسیالیزمی بریتانیا بە بزاوتی ریفۆرمخوازی یەکلایەنە و دژەئاسایی خۆی درێژە دا. برینێکی

قوولتر له دەروونی مارکسیزمدا سەریهەلدا کە لە چاخی پاش ١٩٤٥ لە هەناوی برینە نوێکانەوە لە پشوو کێشان کەوت، ترۆتسکیزم، ئیستالینیزم، لنینیزم، مارکسیزمی پێداچوونەوەخواز، مارکیسزمی مرۆڤ دۆست، مائوئیزم، مارکسیزمی ئافریقایی. مارکسیزمی ئەگزیستانسیالیزم، کومۆنیزمی ئەوروپایی. مارکسیزمی پێکهاتەگەرا، مارکسیزمی فەمینیست، و زۆر لە بزاوتەکانی مارکسیستی دیکە فۆرمی گرت. لیستەیەکی ئەسکۆلاستیک لە مارکسیزمەکان زۆرجار بە دوژمنی یەکتر سەریان هەلێناوە و پێشکەوتنیان بووە کە هەرکام لەوانە بڕوای راستەقینەی (ئۆرتۆدۆکسی) یان بوو. رۆینی ئاوی رووبار لە دەروونی ئاوەڕۆگەلێکی پڕ لە قۆڕ و لیتەگرتوو بە رەوتی خۆی بەرەو ئاوهەلدێری رووبار درێژە دەدا. سۆسیالیزمی بەجێماو کە لە دەیەی ١٩٩٠ بە تێرامانی دووبارە دەربارەی خۆی دەستی پێ کردووە، (ئوستورەسازی) سروشت و جەوهەر هەتا رادەی بەرین بوونەوەی ریفۆرمخواز، دێموکراتیک و پێداچوونەوە خواز بوو. ئەگەر داهاتوویەک بۆ سۆسیالیزم لە ئارادا بێ. لەسەر بنەمای ئەم پرۆژە دەبێ.

جەوهەری سۆسیالیزم

یەکەم خاڵ کە دەبێ پێشکەکی تیشک بخرێتە سەری و بۆ خوێنەران روون بێتەوە ئەمەیە شتێکی بێگانە و تاک بە ناوی سۆسیالیزم بوونی نییە. زۆرتر دەبێ لە بارەی سۆسیالیزم گەلێکەوە قسە بکرێ کە هەمیشە لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە تێکەلاویان هەیە. هیچ باوەڕێکی روون و بێخەوش بوونی نییە. لەم بارەوە دەبێ زۆر بە پارێز بین چونکە هەلوێستی زالی سۆسیالیزم لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا زۆرجار بووەتە هۆکە سۆسیالیزم بە چاوی مارکسیزم ببینن. مارکسیزم سۆسیالیزمی راستەقینە نییە، مارکسیزم یەکێک لە جۆرەکانی رەسەنی سۆسالیزمە. چ مارکسیست بین و چ نەبین، ئاسان و زۆر ئاسانە کە واژەناسی و وتارەکانی مارکسیزم چاو بەسراوانە و بێ بیر کردنەوە قبوولیکەین، بۆ وێنە. جیاوازی سۆسیالیزمی خەیالی و سۆسیالیزمی زانستی یان دانانی بایەخ بۆ چین لە باسی سۆسیالیزم. لەراستیدا وەها سنووردیاری کردنێکی دەقیق لە باسی

سۆسیالیزمدا بوونی نییه. پێناسەگەلێکی زۆری واتایی و شێوە جۆراوجۆرەکانی بۆ تێگەیشتنی ئەو لە ئارادایە. ئایا دەبێ سۆسیالیستەکان بە باوەڕ، بایەخەکان یان سەرچەرچوونە سیاسییەکان ئەوان لە یەکیان جیا بکەنەوە؟ سۆسیالیزم کۆمەڵێکی دەوڵەمەند لە باوەڕە رەسمییەکان و بایەخگەلێکە کە ڕێبازە جۆراوجۆرەکان بە شێوەگەلێکی جیاواز راڤەیان کردووە.

چەند شێوەی مومکینی زۆر بۆ جیا کردنەوەی بیچمی سۆسیالیزم بوونی هەیە. مارکس و ئینگلیس (بەتایبەت ئینگلیس) یەکەم کەسانێک بوون کە جۆرەکانی سۆسیالیزمیان دەستە بەندی کردووە. یەکێک بە لە یەکەم دەستەبەندییەکانی نێوان سۆسالیزمی زانستی و شۆڕشگێڕ لە بەرامبەر سۆسالیزمی خەیالی ئەنجامی گرت. ئەم هاوێرە، چاوپۆشی لە بنەمایی بوون یان نەبوون ئەو، زۆر لە ئیددعا زانستییەکانی ئارمانجخوازان و خەیاڵییەکانی لە دەروونی خودی مارکسیزمەوە خستە پشتگۆی. شێوەیەکی دیکەی رەدەبەندی سۆسیالیزم لە ڕێگای سەرچەرچوونەکانەوەیە. رەنگە بێخەوشترین دابەشکاری نێوان سوننەتە شۆڕشگێڕییەکان و ریفۆرمخواز بێ، هەرچەند وێدەچێ پێویستانە جیاوازە وردەکانی دەروونی هەر وتارێک بەرچاو نەگرێ. چەمکی ئێمە جیاوازی روانگەکانی رۆزالوگزامبورگ و لنین یان ئیستالین و ترۆتسکی دەربارەی شۆڕشە کە هەرکام لەیەک جیایە. بێجگە لەمە، ئەگەر بناغە ناسییەکی دیکە قبوول کەین، واتە جیاوازی سۆسیالیزمە سەرەڕۆخوازەکان و ئازادیخواز، ئەودەم سۆسیالیستە ریفۆرمخوازەکانی وەک وبز دەکرا بە (سەرەڕۆخوازی ریفۆرمخواز) بزانین. لە حاڵێکدا کە روزالۆگزامبورگ یان بە جۆرێکی دیکە ویلهلم رایک و هێربێرت مارکووزە دەبێ بە (شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز) بدرێنە قەڵەم. و.ە. گرین لیف دەستەبەندییەکی جۆراوجۆری قبووڵە، واتە سۆسالیزمی هاوبەشییەکی ڕێکوپێک کراو لە بەرامبەر سۆسیالیزمی ئازادیخواز.[16] دیسانیش مەسەلەگەلێکی تێکەڵ و پێکەڵ سەرهەڵدەدا. کۆمەڵێک لە لایەنگرانی خاوەندارێتی ئیشتراکی نیگەرانی مەسەلە ئازادیخوازانەکان بوون. هەروەها لایەنگرانی سیستەمی هاوبەشی رەنگە ئازادیخواز، شۆڕشگێڕ یان ریفۆرمخواز بن. سەبارەت بە ئازادیخوازیش

مەسەلەیەکی وەک ئەوە پێش دێ. لێرەدا یەکێک لە گرنگترین مەسەلەکان ئەوەیە کە سۆسیالیزم میراتگری هێندێ لە سوننەتە فیکرییەکان و بایەخەکان بووە. رۆڵی عەقڵخوازی تافی رۆشنگەری لە لایەکەوە لە قووڵایی دڵەوە، قبووڵ کراوە و لە لایەکی دیکەوە حاشای لێ کراوە. لە لایەک، کەوتووەتە رێزلێنانی توندی گەشەی پیشەسازی و لە لایەکی دیکەوە وتەبێژ و سەناگۆی کومۆنە شوانییەکان بوون. لە گەشە و بەرەو پێشچوون پێشوازیان کردوە و لەگەڵ ئەویشدا دژایەتیان کردووە. بەهرەیان لە بوونی دەوڵەت وەرگرتووە و لە عەینی حاڵدا، ئەویان داوەتە بەر پەلامار. هێندێ خاوەن را، بێ هیوا لە دۆزینەوەی وێنەیەکی خۆرسک، لە دووی برێک ناوەرۆکی ناوەندی و کاکڵەیی دەگەرێن. ر. ن. برکی وێنەیەکی باش لەم مایل بوونەیە. ئەو چوار بایەخ دەبینێ: یەکسانیخوازی، ئەخلاقخوازی، عەقڵخوازی و ئازادیخوازی. ئەمانە لەگەڵ روانگەی کۆمەڵێک لە بیرمەندانی سۆسیالیست هاودەنگ و لەگەڵ هێندێ هاودەنگ. ئەگەر ئەم باوەڕانە بە یەکەوە تێکەڵ بکەین ناچار بە روانگەگەلێکی زۆر جیاواز لە یەک دەگەین.[١٧]

بۆچوونی من ئەوەیە کە هەوڵ بدەم هێندێ رێبازی سۆسیالیزم بەپێی وێنەی بەڵگە یان رووداوەکان ئەوانە لە یەک هەڵاوێرم. رێبازە تایبەتە باسکراوەکان وتاری وشک و بە برشت نین. بیرمەندانی هەرکام لەم وتارانە دەبێ زۆر وەرگرتنی جیاواز یان دەربارەی هێندێ مەسەلە هەبێ. بنەڕەت ناسی بەو چەمکەیە کە بە بێ حەز و مەیل بە ساکار کردنی چەمک، بە سوننەتی جیاواز، پێچراوە و جۆراوجۆر واتا ببخشێ. کۆمەڵێک لە بەڵگەکان و باوەڕەکان لە دەروونی ئەم رێبازانە نەک هەر تەنیا لەگەڵ سۆسیالیستەکانی دیکە بەڵکو لەگەڵ هەموو ئیدئۆلۆژییەکانیش تێکەڵیان هەیە. رێبازەکانی سۆسیالیزم بریتین لە: سۆسیالیزمی خەیاڵی، سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی (مارکسیزم)، سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز سەبارەت بە دەوڵەت، سۆسیالیزمی ئەخلاقی، سۆسیالیزمی رێکخراوەی زۆرخواز و سۆسیالیزمی بازاڕ.

سۆسیالیزمی خەیاڵی هەر تەنیا قۆناغێکی سەرەتایی بۆ گەیشتن بە مارکسیزم نییە. هەرکام لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکانی سەرەتای، سن‌سیمۆن (١٨٢٥، ١٧٦٠)، شارل فەوریە (١٨٣٧، ١٧٧٢)، رابرت ئەوون (١٨٥٨، ١٧٧١)، لە رێبازی خۆیاندا

کەسایەتییەکی بەرچاو و لێهاتوو بوون. سۆسیالیزمی خەیالی، کە دەورێکی گرنگی لە ئەندێشەی سۆسیالیستی سەدەی بیستەمدا بووە، تێدەکۆشا هەتا شێوەی مومکین ژیانی کۆمەلایەتی کە لەگەڵ سروشتی راستەقینەی مرۆڤایەتی بگونجێ، تەنانەت یەکێک لەوانە وێنەی زاینەوە، موقەڕەراتی بنامەلە، چۆنیەتی خواردەمەنی یان بەرگ پۆشین ئەندامی کۆمەلگەی بە شێوەی لەسەر یەک و زۆرجار تەنانەت لەگەڵ وردەکاری بخاتە بەر باس و تۆژینەوە.[18] ئەم کۆمەلگە سەرکەوتووە کە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەستانەکانی سروشتی خووی مرۆڤ، دەبوو کەش و هەوایەک باربێنێ کە بوونەوەری مرۆڤایەتی بەتەواوی شاد، رازی، دڵخۆش پیرۆز لەوە بە ژیانی خۆی درێژە دەدا. سۆسیالیستە خەیالییەکان پێکهاتە کۆمەلایەتییە پایەدارەکانیان دیاری نەدەکرد. کۆمەلگاکانی ئەوان کۆمەلگە رەوەندە داهێنەرەکان بوو کە (بەتایبەت دەربارەی فەوریە) دەرفەتی پێشکووتنی بە تەواو مانای مرۆڤایەتی بەدەس دەهێنا.[19] ئەم ئارمان شاریانە (فلانستر - یان کۆمەلگەی هاوبەشی - فەوریە، هاوئاهەنگی نوێی ئەوون، کۆمەلگەی پیشەسازی بەڕێوبەرایەتی سن‌سیمون) لە ناوەرۆکی گۆڕانکارییەکی مێژوویدا جێکەوت و هەلگری گۆڕانکاری رادیکالی لە پێوەندی وئابووری و خاوەنداریتی کۆمەلگاکاندا بوو.[20]

سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ باشتر لە هەموو بە هۆی مەکتەبی مارکسیزمەوە بەیان کراوە. مارکسیزم بەهێزترین و زانایانەترین روانگەی سۆسیالیزمی گەلالە گرتووە کە لەسەر بنەمای پێکهاتەی رەخنەی ماددەخوازی تافی رۆشنگەری، ئیدەئالیزمی هێگلی، ئابووری سیاسی لیبرال و سۆسیالیزمی خەیالی دامەزرا بوو. لایەنی پلە بەرز و رەسەنی مارکسیزم راڤەی بەهێزی مێژوویی ئەو لە کۆمەلگاکانە. بارودۆخی ماددی و ئابووری ژیان بناخەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و هەروەها زانیاری مرۆڤایەتی پێکدێنێ. پەیوەندییەکان بەرهەمێنانی و زاینەوە ژێر بنا راستەقینەکانن کە رووبنا یاساییەکان و سیاسی لەسەر ئەوانە وەستاون. دەولەت رەنگدانەوەی بەرخۆدان و خەباتی چینایەتی زاتی و دەروونییە کە لەسەر ژێر خانی ئابووری کۆمەلگە دامەزراوە. لەگەڵ گۆڕینی کەش و هەوای

ماددی، پەیوەندییەکانی بەرهەمێنان و شێوەی گۆڕینەوە، پەیوەندییەکانی چینایەتی و سیاسیش گۆڕانکاری بەسەردا دێ. سەرەنجام، کۆمەڵگاکان لە رەوەندی پەرەگرتن و بە کەماڵ گەیشتنی خۆی بەشێوەی بەرهەمێنانی سەرمایەداری دەگا کە فۆرم پێدانی چینایەتی لەودا پلەی یەکەمی هەیە و کار بە تێکهەڵچوونی نێوان پرۆلیتاریا و سەرمایەدارانی بورژوا دەگا.

دابەشکردنی گەورەی فەلسەفی کە زۆر دواتر لە مەکتەبی مارکسیزمدا روویدا لە نێوان باوەڕە مرۆڤ دۆستانەتر و نزا زانستییەکاندا بوو. لە تاقمی یەکەمدا دەکرێ ئاماژە بکەین بە ئانتۆنیۆ گرامشی، کارل کورش و گێئۆرگ لوکاچ و نووسراوەکانی ئەوان و هەروەها کۆششگەلێک کە لە پێناوی هێنانە گۆڕی پرەنسیپێکی بەهێزتری سەربەخۆیی مرۆڤ لە روانگەی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە ئەنجامی گرت. تاقمی دووەم میراتی بێزارهێنەرتر هەر ئەو سۆسیالیزمە زانستییەیە کە هەڵقولاوەی نووسەراوە دوایەکانی ئینگلس و کارل کائۆتسکییە و لە شێوەیەکی پۆشراوەتر بۆ مارکسیزمی پێکهاتەگەرای دەیەی ۱۹٦۰ و نووسراوەکانی لۆیی ئالتووسر دەگەڕێتەوە. ئەم روانگە پێوەندی بە بەراوردە یاسایەکانی پێکهاتەی بە کامڵ گەیشتووی مارکسیزمەوەیە. لەم جۆرە تایبەتییەدا مارکسیزم ئاوڕێکی کەمی لە خودموختاری یان تاکی مرۆڤ داوەتەوە. لێرەدا لە قەدەر وتەیەکی بەرینتر کەڵک لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخواز وەرگیراوە. کارکردی فیکری گشتی سیستەمی خاوەنداریتی ئیشتراکی لە رادەی بەرامبەر لەگەڵ سۆسیالیزم، نیشاندەری باپیری واتای ئەم ئەندێشەیە. سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخواز پێداچوونەوە خوازی ئەدوارد برنشتاین، فابینەکان (لانیکەم کۆمەڵێک لە فابینیە گرنگەکان)، حزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمانی پاش ۱۹٤٥ و سۆسیالیزمی کراسلەندی بریتانیا لە دەیەی ۱۹٥۰ دەگرێتەبەر. هەروەها پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سوننەتی لیبرالیزمی کۆمەلایەتی هەیە. لایەنە تایبەتییەکانی ئەم سۆسیالیزمە بریتیە لە وانەی خوارەوە: یەکەم ئەم سۆسیالیزمە هەمیشە و دەرهەم یان رەخنەی لە مارکسیزم بووە و حاشای لەو کردووە یان ویستوویە پێداچوونەوەی لەودا بێ، دووەم، هەمیشە لە دەیەی ۱۸۸۰ هەواداری ریفۆرمی پلە

به پله و یاسای دێموکراتیک به شێوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتن بـە سۆسـیالیزم بـووە. سۆسیالیزم هەرگیز نەیویستووە پەرلەمانەکان، حزبـە ڕەقیبـەکان یـان دێموکراسـی ئاڵمانی لە ناو بەرێ. سێیەم، لایەنی کەم هەمیشە، ڕۆڵی بـۆ بـازاڕی ئـازاد، زۆرجـار لە چوارچێوەی ئابووری تێکەڵ، بـووە. چـوارەمین ڕەخنـەی ئـەو لەسـەرمایەداری هەمیشە بە شێوەی ئامێری بووە. سەرمایەداری لە پلەی یەکەمدا زۆرتر بە شـێوەی سیستەمی ناکامە و لە ڕادە بەدەر چاوی لێ کراوە هەتا سیستەمی ناشایـستە و دژە ئەخلاقی. ئەمە بەو مانایە نییە کە لەم بارەوە نگەرانی ئەخلاقی لە ئارادا نییـە، بەڵـکو هەتا ڕادەی تێری جیاواز و لەژێر وتاری تایبەتا کەوتووەتە بەر باس و وتـووێژەوە. سەرەنجام و لە هەمووی گرنگتر، سۆسالیزم لایەنگری سوود بردن لـە دەوڵـەت بـۆ گەیشتن بـە ئامانجـەکانی خـۆی لـە بـواری کارامـەتر بـوون، یەکسانی، عەداڵـەتی کۆمەلایەتی و مافە کۆمەلایەتییەکان بووە.

سۆسیالیزمی دەولەتی ریفۆرمخـواز کـە لـە ساڵـەکانی پـاش ١٩٤٥ لـە بابـەتی کردەوەی سیاسی بەرچاو و ناوبانگێکی زۆرتری دەرکرد، پێوەندییەکی زۆر نزیکـی لەگەڵ دەولەتی ڕەفا هەیە کە لەسەرانسەری ئەورووپادا بەرین بووەتەوە.

سۆسیالیزمی ئەخلاقی پێوەندییەکی زۆر نزیکـی لەگـەڵ سۆسـیالیزمی دەوڵـەتی ریفۆرمخوازدا هەیە. لە ڕاستیدا لە زۆر بابەتەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو تێکەلاوی بـە دەست دێنێ هەرچەند وەرگرتنی ئەو لە دەوڵـەت هەمیـشە یـان زۆرجـار جیـاوازە. جگە لەمە، سۆسیالیزمی دەولەتی ریفۆرمخواز هەمیشە لـە هۆکـارە ئەخلاقییـەکان کەلکی وەردەگرت، بـەلام مەعموولـەن ئـەوانی لـە پلـەی دووەمـی بایەخـدا دادەنـا. خـووی تایبـەتی سۆسـالیزمی ئـەخلاقی، تەئکیـدی ئـەو لەسـەر لایـەنی ئەخلاقییـە. سۆسیالیزم دلنیگەرانی دروست یان حەقیقی بوونی بایەخەکانـە. سـەرمایەداری لـە بابەتی ئابوورییەوە ناکارامە نادرێتـە قەڵـەم، بەڵـکو لـە بابـەتی ئـەخلاقی ناتـەواو و بەرتەسکییە. ریفۆرم گەلی سیاسی، کۆمەلایەتی یان ئابووری خۆی لـە خۆیـدا خـۆ تەواو نین. بەدی هێنـانی مافـە ماددیـەکان بـۆ تـەبا و ڕەفـاه دابینکـردنی کۆمەڵـگە، چاوەدێرییە پاک و خاوێنـەکان و دەرمـانی مـشە وبـەلاش یـان وەرگـرتنی پـارەی دیاریکراوی بێکاری سوسیالیزمی ڕەسەن بـەدی نـاهێنن، بەڵـکو گـۆڕانی ئـەخلاقی

خۆدی مەدەنییەکان لەسەر گۆڕانی سیاسی پلەی بالای هەیە. کردەوەی دەوڵەت دەتوانێ لە لایەن فێرکردن و پەروەردەوە ئەم گۆڕانکارییە ئەخلاقییە ئاسان بکا، بەڵام زەروورەتێکی چارەنووسازی نییە. فێرکردن و پەروەردە مومکین نییە ئەخلاقی مرۆڤەکان بگۆڕێ. سۆسیالیستە مەسیحییەکان لە بریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمان و لەسەرانسەر سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم بە جۆرێکی بەربلاو ئەم لاگیرییەیان بوو. لەم حاڵەدا، ئەم بینینەیە کە ئێلهام بە لایەنگرانی (ئیلاهاتی لیبرالی) سەدەی بیستەم دەبەخشێ، ئەگەرچی روانگەکانی ئەوان هەمیشە مەڵهەمە (تیکەڵاوی ئاسن و جیوە) یەکە لە مارکسیزمی مرۆڤ دۆستانە و ئەخلاقی مەسیحی. زۆر لە رێبەرانی سەرەتایی حزبی کرێکاری (بریتانیا) وەکو کرهاردی، رابرت بلچفورد وج، برووس گلازییش روانگەگەلی ئەخلاقیان سەبارەت بە مارکسیزم بووە. ئەمانە سۆسیالیزمی ئەخلاقی خۆیان لە نووسەرانێکی وەک راسکین، کارلایل، دیکێنز و توورووو وەرگرتووە. ئەم بۆچوونە دەربارەی زۆر لە کەسانێکی وەکو ل. ت. هابهاوس لە سوننەتی لیبرالی کۆمەڵایەتیشدا هەیە. لە بریتانیای سەدەی بیستەم ر.ە. تاونی رەنگە بەناوبانگترین نوێنەری ئەم رێبازە بدرێتە قەڵەم. ئەو لێبڕاوانە دەوڵەتی بە رێخراوەیەک دەزانی کە کارکردە ئەخلاقییەکانی هەیە.[٢١]

سۆسیالیزمی زۆرخواز بە شێوەگەلی جۆراوجۆر پەیدا دەبێ. من بە کارکردی وشەی (زۆرخوازی) پێویستانە قەستی تێکخستنی واتای زۆرخوازی ئەخلاقی یان سیاسیم نییە. بە وتەیەکی دکە، لێرەدا هیچ گومانێک دەربارەی پێکەوە ژیانی جێگرە ئەخلاقی، سیاسی یان ئابووری لە ئارادا نییە. باوەڕەکان دەربارەی (زۆرخوازی ئەخلاقی) بە شێوەی ئەخلاقی لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخوازیشدا دەکرێ پەیدا بێ. پێچەوانە، زۆر لە لایەنگرانی سۆسیالیزمی زۆرخواز بینینگەلێکی (گشتیخوازانە) نیشان دەدەن و هیچ جێگرێک بە جێی خۆیان قبوول ناکەن. کەڵک وەرگرتنی من لە پیتی (زۆرخواز)، لایەنی هەڵبژێراوی بنەڕەتی ئەمەیە کە دەوڵەت، وەکو ئامێرێک بۆ کردەوەکانی سۆسیالیزم یان زیاد کردنی ئەو ناناسرێ. سۆسیالیزم هەر تەنیا دەتوانێ لە لایەن رێکخراوە زۆرەکانی کرێکارانەوە خۆی

سازماندراو بداته قەڵەم: ئەنجوومەنە بەرهەمهێنەرەکان کە پلە بە پلە هەموو کارکردەکانی ئیداری و تەبایی خویان (کە لە پێشدا دەوڵەت گرتبوویە ئەستۆ) بە ئەستۆی بگرن. لەبەر ئەمە. وتاری سۆسیالیزمی زۆرخواز ئەو سۆسیالیستانە ناگرێتەوە کە هیچ ئاڵوگۆڕ، یان مامەڵەیەکیان لەگەڵ دەوڵەتا نییە و ئامادەن بە پاڵپشت و پاڵدانەوە بە زۆر لەگەڵ ئەنجوومەنە کرێکارییەکان کار بکەن. لێرەدا تێکەلاوییەکی بەهێزی لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێبازە ئانارشییەکان پێش دێ.

سەیر لێرەدایە کە هی وەک ئەم ڕوانگە زۆرخوازانە لە کومۆنیزمی شۆرایی گرامشیشدا نیشان دراوە. لەم ڕوانگەیە لنین-یش بە زۆر لە کاتی گەلاڵەکردنی دروشمی (هەموو دەسەلات بە دەستی شۆڕاکان) سوودی برد. مارکس بێ ئەوەی بێهەوەێ، لەم ڕوانگەوە لە وتەکانی خۆیدا دەربارەی کومۆنی پاریس (١٨٧١)، لە کتێبی شەڕی ناوخۆ لە فەڕەنسا و کاتی لایەنگری لە کومۆنە تاک و ناکۆکان پشتگری کردووە.[٢٢] ئەم ڕوانگە بە تەوژمە بەرەولاچوونی ئانارشیزم، سەلما و پشتگری توند و قایمی بزاڤی نوێنەرایەتی مەدەنی و ئانارشیستی، نوێنەرایەتی سنفی بەرەو خۆی دەکێشێ. بیرمەندانی وەک گوستاو لندوئر یان پیێر ژوزف پرودونیش لەسەر ئەم ڕوانگە سەحەیان داناوە، لەگەڵ ئەمەدا، ڕوانگە گشتییەکانی ئەوان ڕواڵەتەن بە دژواری بۆ پلەبەندی دەبێ و بە بێ سباتی لە نێوان سۆسیالیزمی زۆرخواز و ئانارشیزمدا هەڵواسراوە.[٢٣] بە کورتی و گرنگتر لە هەموو، ئەم ڕوانگەی ئاشکرا و جیلوەی ڕووناکی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی مەدەنی بریتانیا پەیدا دەکا کە لەسەردەمی شا ئەدوارد دا پەرەی گرت. هەروەها وێچوونگەلێکی بێتینی لەگەڵ بزووتنەوەی هاوبەشی و بزاڤە یەکێتییە کرێکارییەکان لە سەردەمی پاش ١٩٤٥ هەیە. لە ڕوانگەی زۆرخوازییەوە، دەوڵەت دەبێ کردەوەکانی دەسەلاتی بازاڕ لە جێگای کردەوەکانی دەسەلاتی دەزگای ئیداری دیوانسالارانە کۆبکاتەوە. بێگومان جیاوازیگەلێکی زۆر لە نێوانی ئەم زۆرخوازیانەدا هەیە. کومۆنیزمی شۆرایی و. سەندیکالیزم ڕوانگەکانی گشتبینی بوون کە باوەڕیان بە شۆڕشی خوێناوی و تووڕە بوو و بە شێوەگەلی یاسایی و ریفۆرمخوازانە باوەڕیان نەبوو، لە حاڵێکدا کە سۆسیالیستە مەدەنییەکان زۆرینەیان دژی ئەوان بوون. بە پێچەوانەی

ئەو جیاوازییە گرنگانە، ئەوانە لە دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت بە شێوەی هۆکارێکی بە حەقیقەت گەیوی سۆسیالیزم هاو باوڕەیان بوو و هاو باوەڕ لەگەڵ چالاکی رێکخراوەیی بوون.

سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕ دیاردەیەکی زۆر نوێگرێ دراو بە دەیەی ١٩٨٠ وەیە، هەرچەند شوێنی پێی دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو و سەرچاوەی خۆی لە دۆزی مارکسدا دەدۆزێتەوە.[٢٤] پێشمەرج و گریمانەی ئەو تیشکانی سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخواز لە سەدەی بیستەمە. گرنگترین لایەنی هەڵبژێراوی سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕ ئەو واتایەیە کە ئابووری بازاڕ دەتوانێ پێوەندی بە سەرمایەدارییەوە نەبێ و لەو جیا بێتەوە. زۆر لە سۆسیالیستەکانی هەموو رێبازەکان بە هیچ چەشنێک لەگەڵ ئەم باوەڕەدا نین. بە بۆچوونی سۆسیالیستە لایەنگرەکانی بازاڕ، سەرمایەداری مومکینە وجوودی بێ بازاڕ نامومکین بێ، بەڵام بازاڕەکان دەتوانن بێ سەرمایەداریش درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، لە راستیدا بازاڕەکان دەتوانن لە خزمەتی ئامانجەکانی سۆسیالیستیدا بن و یەکسانی و تەبایی و ئەخلاقی هاوکات لەگەڵ کارکردی ئابووری بەدیاری بێنن. سۆسیالیستە لایەنگرەکانی بازاڕ سەبارەت بە دەوڵەت ڕەشبینن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێکێنانی هەڵوێستەکان و هەڵوێستە گیراوەکانی ئابووری دەبێ دژە کۆکراوتر بێ و رێ بۆ چالاکی بازاڕ بکاتەوە. سۆسیالیستەکانی لایەنگری بازاڕ بۆ ئازادیش بە شێوەی بایەخێکی لەبیر کراو دەڕوانن. بەڵام ئازادی پێویستی بە لێهاتوویەکی کاریگەی هەڵبژاردن هەیە. بەم جۆرە، سۆسیالیستەکانی لایەنگری بازاڕ دڵنیەکەرانی پێکهاتنی لانیزۆری دەرفەت بۆ هەڵبژاردنن. چونکە بازاڕەکان بە شێوەی ئامێرێکی پسپۆڕی قبوول کراون. ئەوە بەو مانا نییە کە ناتوانن لە بەرنامە رێژییە بەرتەسکەکاندا بە پارێزەوە کەلک وەربگرن. هێندێ لەوانیش تا رادەیەک لایەنگری هاوبەشی کرێکارەکانن.[٢٥]

خووی مرۆڤ

هەمیشە گشتی کردنی پانتا ئیدئۆلۆژییەکان کارێکی دژوارە. بەم حاڵەوە، سۆسیالیستەکان هەمیشە بۆچوونی گەشبینانەیان دەربارەی گۆڕانکاری بوونەوەی مرۆڤ هەیە و تا رادەیەک باوەڕی بە کامڵبوونی مرۆڤایەتی قبووڵە. بوونەوەری مرۆڤ دەتوانێ گەشە بکا و توانایی ئەخلاقی خۆی بەهرەمەند بکا.[٢٦] سۆسیالیستەکان هەروەها حەز دەکەن ریشە سروشتییەکانی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ببینن. ئێمەی مرۆڤ هەر تەنیا کەسانێکی کارتێنەکراوی دژەکۆمەڵایەتی نین، بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی پێکەوەبوون دەدرێتە قەڵەم کەش و هەوایەک کە مرۆڤەکان لەودا جۆراوجۆر باردێن تا رادەیەک پێوەندی بە جەوهەر و زاتی ئەوانەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، هەم بارودۆخی ماددی و هەم مەعنەوی بوونەوەی مرۆڤایەتی دەبێ لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگە دەرکەوێ. بێجگە لەمە، بە بۆچوونی زۆر لە سۆسیالیستەکان، مرۆڤەکان دەتوانن عەقل و فامە جۆراوجۆرەکان بەدەس بێنن. سۆسیالیزم وەک لیبرالیزم و پێچەوانەی پارێزگاری، دۆزێکە کە زۆرتر نزیکی بە جیهان وەتەنییەوە هەیە. لەسەر ئەم باوەڕەن کە هەموو مرۆڤەکان بە خستنە پشتگۆی و چاوپۆشی لەمە کە هی چ ولاتێک، چینێک، رەسەنێک و تۆرمە و بنەچەیەکن، دەتوانن جۆربەجۆر بن.

لەگەڵ ئەم باوەڕە رەسمییە گرێ دراوە دەربارەی جەوهەری مرۆڤ، جیاوازی وردبینانە و زۆرجار دژ بەیەکیش لە بابەتی هەستی ناسییەوە لە روانگەی سۆسیالیستەکاندا دەبینرێ. ئەم جۆرە هەستیناسیانە لە هەموو جۆرە سۆسیالیزمدا ناگونجێ بەڵکو ئەوە بە رێبازە جۆراوجۆرەکاندا دابەشدەکەن. لە نووسراوەکانی هێندێ لە سۆسیالیستە خەیالیە سەرەتایەکانی وەکو رابرت ئوون و سن‌سیمۆن، لە بەڵگەی زۆر لە فابیانە سەرەتایەکان، و هەروەها لە (مارکسیزمی زانستی) هەڵوێستی عەقلانی سەردەمی رۆشنگەری سەبارەت بە مرۆڤایەتی دەبینرێ. ئەم هەستی‌ناسییە سوننەت رەت دەکاتەوە و باوەڕی بەوە هەیە کە جەوهەری مرۆڤ بۆ دەستکاری و گۆڕان و کۆنترۆڵ دەبێ؛ یان سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە یان لە رێبازی عەقل و کەش و هەوادا ریفۆرم دەکرێ. لەم

رووەوە سۆسیالیزم بە باوەڕی عەقلانییەت دەدرێتە قەڵەم. ئەگەر بکرێ بارودۆخی جۆراوجۆری مرۆڤ نوێ بکرێتەوە و باش بێتەوە، کە واتە خوو و جەوهەری مرۆڤیش دەکرێ سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە. ماتریالیزمی مێژوویی مارکس وێنەیەک لەم حەز و مەیلانەیە. ئەم ماتریالیزمە بە ئێمە دەڵێ کە مرۆڤەکان لە کەش و هەوای ماددی تایبەتا چۆن کردەوەیەک لە خۆ نیشان دەدەن. ئەگەر بارودۆخی ماددی گۆڕانکاری بەسەردابێ، جەوهەری مرۆڤیش دەگۆڕدرێ.

لە لایەکی دیکەوە، لە هەستی‌ناسی ڕۆمانتیکتر و مرۆڤ دۆستانەتری ئەندێشەی سۆسیالیستیدا باوەڕێکی بەهێز بە سەر بەخۆی کردەوەی تاک بوونی هەیە. مرۆڤەکان هەر تەنیا لە بارودۆخی ماددیدا ناتوانن سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە. ئەوانە بۆ ناسینی ڕاستییە ئەخلاقییەکان دەبێ دەورە ببینن و بەقەناعەت بگەن. مرۆڤەکان خولقێنراوی سوننەتیش هەن. ئەوان ڕابردوو فڕێ نادەن یان هەمیشە بە دووی نوێکردنەوەی ڕیشەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە نین. بێجگە لەمە، ئەوان پێشکەوت لە پەرەپێدانی پیشەسازی پێویستانە پەلە نازانن، لە ڕاستیدا لە هێندێ شوێندا پێچەوانەی ئەمەیە. سۆسیالیزمگەلێک هەن کە دەتوانن کە ژیانی دێنشینی ئارام بە شێوەی ئارمانجی ژیان دەزانن.[27] مرۆڤەکان خولقاوی خولقێنەرێکن کە دەتوانن لە لایەن کاری تێبینانەوە خۆیان پێبگەیێنن. دۆزەکانی ئارتۆر پنتی و ویلیام موریس دەربارەی کاری داهێنان، ئەندێشەگەلی سۆسیالیستە ئەخلاقییەکان سەبارەت بە پێشکەوتی ئەخلاقی مرۆڤەکان، ئانتۆیۆ گرامشی دەربارەی مارکسیزمی مرۆڤ‌دۆستانە، هەموویان لایەنگەلێکی جیاوازی ئەم هەستی ناسییە گشتیە دەدرێتە قەڵەم.

لێدوانێک کە شاراوە جەوهەری مرۆڤ لە سۆسیالیزمدا پێشتر دەخاتە ڕوو، بابەتی هەرگیز نەمری ئەخلاقی و زانست لە سۆسیالیزمە. لێدوان هەر تەنیا بە هۆکاریگەلێکی ساکاری نێوان زانیاری عەقڵخوازی زیان هێنەر بۆ ویستی ئازاد و ئەخلاقی کۆتایی پێینایە. بیرێکی ئەخلاق لە ئەندێشەی زۆرینەی سۆسیالیستەکاندا هەیە کە بە زمانی دیاری زانستی تەواو پێچراوە و شاراوە دەبێ.

بوارگـەلێکی رووبـەرووی زانـستی سۆسـیالیزم، درژاوەیـە لەسـەر پـرۆژەی سەردەمی رۆشنگری بۆ شیکردنەوەی راستی لە لایەن پرەنـسیپی عەقلی و لەبـەر ئەمـە، رەتکردنـەوەی هـەر چەشـنە پـڕ و پووچێـک و بەشـێکی زۆری سـوننەت، دووەمین بواری ئـەویش پێناسـەی لـە زانـستییە تەجروبییـەکانی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمە. لەسەرانسەری سەدەی رابردوودا زانستییە سروشتییەکان بـە شـێوەی بـەربلاو هـاوکێش لەگـەڵ (راسـتی) بـەراورد دەکـرا. بـۆ ئـەوەی کـە سۆسـیالیزم حەقیقیتر جیلوە بکا، زۆرجار زمانی زانستییە سروشتییەکانی بەکار دەبـرد. بـواری پرەنسیپی سۆسیالیزمی زانستی دەبێ لـە نێـوان سۆسیالیـستە خەیاڵـییەکاندا بـۆی بگەڕێی. ئەوان بەتـەواوی لـەژێر کـاتێکراوی جوسـتوجۆی پێکهاتـە زاتی و دەقیقـی جەوهەری مرۆڤدا بوون. ئەگـەر ئـەم پێکهاتـە بـۆ ناسـینەوە و پێرسـتبەندی بووبـا، کەواتە کۆمەڵگەکانیش دەبوو لەسەر بنەمای حەز و مەیلەکانی جەوهەری مرۆڤ بـە شێوەی تەواو دابڕژایە. خواردەمەنی، چالاکی رەگەزی، بەرگ لەبەرکردن، پێـوارە و تەنانەت دەرەکیترین حەز و مەیلەکانی مرۆڤ دەکرا دیاری بکرێن و پێشەکی تـەیار کرابان. دۆزی فەوریە دەربارەی حەز و ئارەزووە بنەڕەتییـەکانی هـەر تاکێـک کـە راستە و راسـت لـە فالانـستر یـان ئارمـانج شـاری ئـەودا شـی کراوەتـەوە، جـۆرە وێنەیەکی ئـەم پرۆژەیـە.[28] هـەروەها لـە خۆراوە نییـە کـە ئوونخوازەکـان یەکـەم کەسانێک بوون کە ئەندێشەی زانـستییە کۆمەڵایەتییـەکانیان لـە بریتانیـا بـردە نێـو خەڵکەوە و هەمەلایانەیان کرد.[29]

تەنینـەوە و بەرینبوونـەوەی راسـتەقینەی سۆسـیالیزمی زانـستی لـە گـرەوی مارکس و ئینگلیسدایە. بەتایبەت ئینگلس لەگەڵ خولقاندنی ئاسـەواری پوزیتۆیـستی بە شێوەی ساکار و گـشت تێگـەین لـە کتێبگـەلێکی وەکـو سۆسـیالیزمی خەیاڵـی و سۆسیالیزمی زانستی، ئانتی دوورینگ و دیالکتیکی سروشتدا هەنگاوگەلێکی گرنگـی لەم رێوە هەڵێنا.[30] کتێبی ئانتی دوورینگ بەتایبەت لە پێکهێنانی ئەم روانگە زانـستییە کاردانەوەی زۆری بوو. بە راستی بۆ ئەوە دەبێ پرسیار بکرێ کە ئەم رێیە چۆن لە لایەن مارکسەوە خۆش کرا؟ بەراوردی ماتریالیزم لە لایەن مارکسەوە بە پـارێزتر و وردبینانـەتر لـە ئینگلس بـوو. هـەتا ئـەو رادە کـە دیـارە، مـارکس هـەرگیز لـە

بەراوردکردنی دیالکتیک بەسەر سروشتدا پێش هەنگاو نەببوو. ئینگلس لە گوتندا ئاهەنگێکی بە کاردەهێنا کە گوایە ئەمە بەشێک لە سۆسیالیزمی مارکسیستییەو بە شێوەی گشتی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیاری دەگونجێ. ئەو جۆرە کە خۆی لەسەر گڵۆی مارکس گوتوویە: (هەر ئەو جۆرە کە داروین یاسای کامڵبوونی سروشتی ئۆرگانێکی (خانە) دۆزییەوە، مارکسیش یاسای کامڵبوونی مێژووی مرۆڤی دۆزییەوە).[31] ئەم خەتە فیکرییە نەک هەر لە لایەن مارکسیستە ئەڵمانییەکانی وەکو کائۆتسکی و ببل بەتەواوی لێیان کۆڵیەوە، بەڵکو پولخانوفی مارکسیستی رووسی لە کتێبی ماتریالیزمی خەباتکار، لنین لە کتێبی ماتریالیزم و ئامپریۆکریتسیزم و دواتر بوخارین و ئێستالینش هەر ئەو رێیان پێوا.[32] زۆر کەس مارکسیان لە دەلاقەی روانگە ئینگلسەوە سەیر کردووە. لەم روانگەوە، مرۆڤەکان خولقێنراوی ماددی بوون کە (یاسا دیالکتیکەکان) زاڵ بەسەر سروشت و کۆمەڵگە لەسەر چارەنووسی ئەوان کاردانەوەی دەبوو. تاک لە لایەن چینێکەوە کە دەوری ئەو لە رەوەندی تەولیدا دەر دەکەوت، بۆ ناسینەوە دەبوو. بناغەی ماددی کۆمەڵگە چارەنووسی سەرەوەی ئەندێشەی مرۆڤی دیاری دەکرد.

هەر ئەو باوەڕە بوو بە پرۆژەی رەسمی حزبی سۆسیال دێمرکراتی ئەڵمان کە لە ساڵی ١٨٩١ شاری ئەرفورتا چەسپێنرا و دواتر بە ناوی پرۆژەی ئەرفوت ناوبانگی دەرکرد.[33] هەروەها هەر ئەم باوەڕە بوو کە لە لایەن ئەدوارد برنشتاینی پێداچوونەوە خوازەوە رەتکرایەوە. لە رۆژگاری ئێمەدا ئیددعا سۆسیالیستییە زانستییەکان بە چاوی پڕ لە گومانەوە سەیر دەکرێن.

مارکسیستەکان تاقانە سۆسیالیستێک نەبوون کە لە بیری گشتی زانیاری سوود بەرن. زۆر لە فابیانە سەرەتایەکان لە بریتانیا (لە باوەڕ بە دەرفەت، لە راستیدا زەرووڕەت، ریفۆرمی عەقلانی و زانستی و ئیداری ئیلهامیان وەرگرتبوو).[34] بە بۆچوونی (وێب) کانی فابیان، سۆسیالیزمی باش ئەوەیە کە لەسەر بنەمای زانستی کۆمەڵگە بێ. زانستە کۆمەڵایەتییەکان رەوەندی توێژینەوەی ئەزموونی سیستماتیکی دروست بوو.[35] وبەکان هێندێ سەبریان سەبارەت بە وتەکانی خۆیان لە زانستی ئەخلاقی یان بایەخە سۆسیالیستییەکان لە خۆ نیشان دەدا. زمانی ئەوان

لەژێر کارتێکراوی و نەفوزی داروینخوازی کۆمەڵایەتی (دەربارەی بئاتریسی وێب رەنگە کاریگەرتر لە هێربێرت سپێنسێر)، بە رەگەزی (eusenics)، عەقڵخوازی ئەگوست کنت، ئابووری سیاسی نئوکلاسیک و فایدە باوەڕی رادیکاڵ بوو.[٣٦]

یەکێک لە لێکۆلینەوە سەرەتاکانی فابیان، راستەقینەگەلێک بۆ سۆسیالیستەکان، رەوەندی گشتی ئەندێشەی بۆ زۆربەی سۆسیالیستەکان لە بریتانیا دیاریکرد. لەم لێکۆلینەوەیەدا بە تەئکیدەوە نووسرا بوو کە (هیچ تاکێکی مەنتقی و عاقڵ کە راستەکان بناسن ناتوانن لە سۆسیالیزم بووندا گومانیان هەبێ و کوتایی بکەن)[٣٧] حاشا هەڵنەگری زانستی سۆسیالیزم لەسەر ئاستی تەجربە دارڕژا بوو. بەرەوپێش چوون لە لایەن سۆسیالیزمەوە لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییە ئەزموونییەکان دەردەکەوت. گومانەکان لەگەڵ کۆمەڵێک وردەکاری واستی دەربارەی کاردانەوە و نزیکبوونەوە بە سوودی سۆسیالیزم و کاردانەوەی سەرمایەداری لە بێخ دەرهابوون. لەم بارەوە، سۆسیالیزم بە واتای سیاسەتی کۆنترۆڵە مەنتقییەکان و سیستمە بایەخیەکانییەوە باش بوو. ئەم کاردانەوە نەک هەر تەنیا ئەو هەڵبژاردانەی دەگرتەوە کە پسپۆڕی زانستییە کۆمەڵایەتییەکان بوون و کاروباریان لە رووی پرۆژەیەکی دەقیقەوە کۆنترۆڵ دەکرد، بەڵکو لە ئاخر رادەی کۆنترۆلی پەروەردەدا لە ئۆرگانە کارییەکاندا بە سالاچووەکانیشی دەگرتە بەر. زانستەکانی ئێستا لەم روانگەوە هەتا چ رادەیەک رێگا بۆ گومان دەکاتەوە؟ هیچ کام لە فابیانە گەورەکان لە بابەتی زانستی فێرکراوەوە و تەنانەت بەتەواوی خوێندەوار نەدەدرانە قەڵەم. وشەی زانست (هەرچەند ریشەگەلێکی بەهێزی لە زانستی ئابووریدا بوو) زۆرتر واژەی گرێدراو بە سەلماندن و قبووڵ کردنەوە بوو. ئەو چەشنە کە بیرمەندێک دەڵێ: (چەمک لە دووپاتکردنەوەی هەمیشە (وشەی زانست) متمانە پێدان بوو).[٣٨]

پێشبینی دەکرا کە سەرمایەداری تووشی ئاڵۆزی رووخانێکی حاشا هەڵنەگر بێ، رووخانێک کە یان دارڕژاو لەسەر بنەمای تەنینەوەگەلێکی چینایەتی دەروونی ئەو بوو یان، بە بۆچوونی فابیانەکان، کارنەدانەوە و بێهێزی تەواوی ئەو کۆتایی پێدێ. جێیێک کە جیاوازی ئاشکرای نێوان مارکسیزم و فابیانەکان بوونی هەیە، لە بابەتی بڵاوکردنەوەیە. فابیانییەکان بە شێوەی گشتی هیچ چەشنە واتایەکی جەبری

مێژووییان قبووڵ نەبوو، واتە ئەمە کە هەموو شتێک پێوەندی بە قۆناغی مێژووی ئابووری و شێوەی بەرهەمهێنانی ئەوەوە ببێ. ئەوان بە هەڵسوکەوت و بلاوکردنەوەی سەرچاوەکان لە لایەن دەوڵەتەوە باوەڕیان بوو، نەک تایبەتمەندانە لە بوارە ئەخلاقییەکاندا بەڵکو لە بواری کاردانەوەی نەتەوەیی و ئابووری. لە لایەکی دیکەوە، مارکسیستەکان بۆ بلاوکردنەوە لە لایەن دەوڵەتەوە بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆیان نەدەدایە. هەتا ساڵی ١٩١٤، لەژێر کارتێکراوی ئینگلیس، بۆچوونی گشتی مارکسیستی هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە بەرژەوەندی چینایەتی زاوەتەوە و هەرگیز ناتوانێ بە یەکسانی کۆمەڵایەتی بگا.

بەم حاڵەوە، لە بابەتی خاڵی باس کراوەوە، حوکم یان داوەری گشت ڕێبازە سۆسیالیستەکان گرنگییەکی لە رادەبەردەریان بوو. لە روانگە زۆر لە سۆسیالیستەکانەوە دژایەتیان لەگەڵ سەرمایەداری بە سۆنگەی دژەئەخلاقی بوونی ئەو بوو. سەیر ئەوەیە کە ئەم بابەتە ئەخلاقییە لە سۆسیالیستە ئەخلاقییە سەرەتایەکانی وەکو ئوون و سن سیمۆن هاورێ لەگەڵ عەقڵخوازی سەردەمی رۆشنگەری لەوانیشدا دەبینرێ. سن‌سیمۆن و ئوون باوەڕی مەسیحی‌یان نەبوو بەڵام دوا کتێبی سن‌سیمۆن بەناوی مەسیحییەتی نوێ کە لە لایەن مەکتەبی سن‌سیمۆنەوە بە شێوەی مەسلەکی ویچووی مەزهەبی دەهاتە ئاراوە، پێشبینی نادیاربێژانەی دوایی ئوون هەموو بە رەنگدانەوەی جۆرێک نادیاربێژی لە بارەی سەردەمی زێرینی مەعنەوی داهاتوویان دەزانی.[٣٩] فەوریەش دەوری خۆی زۆر بە گەورە و پێغەمبەرئاسا دەزانی. سۆسیالیستە خەیاڵییەکان دەربارەی سەرمایەداری و ئابووری سیاسی لیبرال هەمیشە بە ئاهەنگی رەتکردنەوەی توندوتیژی ئەخلاقییەوە ئاخاوتنیان دەکرد.[٤٠] ئەم ناوەرۆکە دەکرێ لەگەڵ دەربڕینێکی بەهێز لە کردارەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمی سۆسیالیستە مەسیحییەکانی وەکو چارلز کینگزلی‌دا ببینرێ کە باوەڕیان بە پێوەندی بەهێزی مەسیحییەت و سۆسیالیزم بوو. هەروەها وەکو ئەوە لە نێو لایەنگرانی ئیلاهیاتی لیبرال، لە سەدەی بیستەمدا دەبینرێ.

ئەم روانگە لە لایەکی دیکە لە مارکسیزم، واتە نووسراوە فەلسەفییەکانی تافی لاوی مارکس، هەروەها رەنگدانەوەی بووە. بەتایبەت کتێبە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان کە لە دەیەی ١٩٢٠ کەوتە بەر دەس و دەرکەوتن لایەنێکی دیکە لە باوەڕی مارکس ئاشکرا دەکا. واتە لایەنێک کە نیگەرانی سەربەخۆیی مرۆڤ و ویستی ئازادی ئەوە.[٤١] لەم نووسراوە سەرەتاییانەدا، (لەگەڵ خۆ بێگانەیی) گرفتێکی ئەخلاقی و فەلسەفییە و هەر تەنیا زاتی سیستەمی سەرمایەداری نادرێتە قەڵەم. مێژوو هەر تەنیا پێوەندی بە یاسای سەختی بەرچاوەوە نییە. زانیاری و باوەڕە ئەخلاقییەکان دەوری سەرەکی چارەنووس سازیان لە کاروباری مرۆڤدا هەیە. ئەم رووداوە گشتییە ئەندێشەییە لە سەدەی بیستەم لەگەڵ ئاسەواری نووسەرانێکی وەک گرامشی، مارکوزە، لۆکاچ، کورش و مەکتەبی فرانکفۆرت وەدوای کەوتن.[٤٢] لە ساڵە دوایەکاندا کۆمەڵێک لە بیرمەندان و خاوەن ئەندێشانی کۆمەڵایەتی وەکو ئاگنس هلی و فرنک فەهریش سەرلەنوێ ئەوەیان خستە بەر تۆژینەوە. ئەم نووسەرانە، بە شێوەی لایەنگرانی فیکری لۆکاچ، تێدەکۆشان ناوەڕۆکی خودموختاری مرۆڤ و ئەخلاقی لەگەڵ روانگەی مارکسیستی بگونجێنن.

بابەتە ئەخلاقییەکان و خودموختاری و سەربەخۆیی مرۆڤ لە لێدوانەکانی پێدا چوونەوە خوازی (مارکسیستی) شدا رێیان دیوەتەوە. ئەدوارد برنشتاین، یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان هەتا بەر لە هاتنە دەرەوەی خۆی، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم دەبێ لەسەر بنەماگەلێکی ئەخلاقی دابڕێژرێ و وتەکانی کانتی بە ناوی مامۆستایەک دەگێراوە.[٤٣] هەڵوێستی ئەوان نزیکییەکی زۆری لەگەڵ دەستەبەندی لیبرالی کۆمەڵایەتی وەکو ل.ت. هابهاوس هەیە.[٤٤]

حەز و مەیلی ئەخلاقی و مەزهەبی لە سۆسیالیزمی بریتانیایدا هەروەها حەز و مەیلێکی بەرچاو دەدرێتە قەڵەم. هێندێ تۆژەر پێگەی ئەوەیان بە سیمای زەقی کەلتووری سیاسی بریتانیای نێوان سەدە دوور و درێژەکان زانیوە.[٤٥] لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، هەم ویلیام موریس و هەم بلفورت باکس سۆسیالیزمیان بە سیستەمی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەدا دەزانی. هەروەها زۆربەی رێبەرانی سەرەتای

حزبی کرێکاری بریتانیا بۆ وێنە کرهاردی، لە بارەی سۆسیالیزمی خۆیەوە بە زمانی مەزهەبی ئاخاوتنیان دەکرد. هەر ئەو جۆرە کە یەکێک لە توێژەران گوتوویە، لە دەیەی ١٨٨٠ (بە دەس هێنانی باوەڕ و بەرەو سۆسیالیزم چوون زۆربەی بە شێوەی هەستە بە تەوژمە ئەزموونە مەزهەبییەکان بوو).[٤٦] ر. ه. تاونی کە بە وتەی تۆنی رایت (بەیانکەری ئەندێشەی بەرەیەکی تەواوی سۆسیالیستەکانی بریتانیا بوو) پرشنگدارترین وێنەی ئەم ناوەڕۆکە ئەخلاقی و مەزهەبییە.[٤٧] هێرشی ئەو بە سەرمایەداری و کۆمەڵگەی ماڵپەرست بە هۆی نەبوونی جەوهەری ئەخلاقی و دژە مەسیحی ئەو بوو. سەرمایەداری هەم تێکەڵاو بە گوناهە و هەم بەرەو مەیلە دژە ئەخلاقییەکان لە مەدەنییەکان هاندەدا.[٤٨] لە راستیدا تاونی هەتا ئەو جێیە دەڕوا کە دەڵێ مەسیحی رەسەن و راستەقینە دەبێ سۆسیالیزم بێ. ئەرکی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی پێکهێنانی سیستەمی دروست و دامەزراندنی بایەخە مەسیحییەکانە کە خۆی لە خۆیدا حاشایە کە بۆ ڕۆڵی سەرمایەدارییە. پێشکەوتی ماددی بەر لە هەموو شتێک هەڵگری پێشکەوتی ئەخلاقی و گۆڕینی کۆمەڵگەی کەسایەتی مرۆڤایەتیە.

لەم روانگەوە، ئەمە مرۆڤە کە سیستەمی ئەخلاقی یان دژە ئەخلاقی خۆی فۆرمی پێ دەبەخشێ. ئەوان ئازادانە مێژوو پێک دێنن. رەخنەی سەرەکی ئەخلاقییەکان لە سۆسیالیزمی زانستی تەنیا لە ئیددعا زانستییەکانی ئەو نەبوو بەڵکو دەگەراوە بۆ حاشاکردنی ئەو دەربارەی هۆکاری سەرەکی تۆژینەوەی سۆسیالیستی، واتە ئەخلاق، بوو. سۆسیالیستە بە خەیاڵ زانستییەکان دەورێکی زۆر کەمیان بۆ هەڵبژاردنی ئەخلاقی و تۆژینەوەی ئەخلاقی دادەنا. جەبرخوازی ئەوانە بناغەی سۆسیالیزمی وێران دەکرد. لە روانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە، سۆسیالیستێک ناتوانێ بە دووی بایەخەکانی وەکو مافە کۆمەڵایەتییەکان، یەکسانی کۆمەڵایەتی بێ، چونکە سوسیالیزم ئەو جۆرەی ئەوان باسی دەکەن، بە هیچ جۆرێک دەربارەی بایەخەکان نییە. لە روانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە لێدوانی دوایی ئەم بەشە دەبوایە بێ سەمەر بدرایەتە قەڵەم. بە بۆچوونی زۆر لە مارکسیستەکان، بایەخەکان و ئەخلاقی درۆنگی و گومانی بورژواییین.

تەنانەت مارکسیستگەلێکی وەکو رامشی بە مەحکووم کردنی (ئابووریخوازی)، و تەنانەت گرنگتر، لە دەروونی رێکخراوەی فیکری رێبازی فرانکفۆرت، رەخنەیان لەم جەبرخوازییە وشکە گرت. گرفتی هەڵوێست گرتنی ئەخلاقی (جگە لە خەتی کێشە بۆچوونییەکان جەنجاڵی ئەخلاقی) بوونی باوەڕە ئەخلاقییەکان یەکجار جۆراوجۆرە کە تایبەتمەندی سەرەکی تۆێژینەوە سۆسیالیستییەکان پێکدێنێ. روانگە مەسیحییەکان، کانتی، فایدە باوەڕی، ئیدەئالیزمی هێگلی، یاسای سروشتی و مافە سروشتییەکان و زۆر لە بنەڕەتییە ئەخلاقییەکانی دیکەی سۆسیالیستیان پێکهێناوە. ئەم جۆراوجۆر بوونە باوەڕەکان زۆرجار دژایەتی و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ یەکتر، هۆکاری ئەوەیە سۆسیالیزم لە بوونی هەڵوێستی بەرچاوی ئەخلاقی بێهێز بکا.

گشت روانگە پێوەندیدارەکان کە لەگەڵ مەسەلە سروشتییەکانی مرۆڤ و ئەخلاقی پێوەندیان هەیە، بایەخە بەرچاوەکان لە یەکێتی، دۆستایەتی، ئەنجوومەن، برایەتی و کۆمەڵگەن.[٤٩] کاکڵەی بەهێزی باوەڕی لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە سۆسیالیزمی سەدەی بیستەم بوونی هەیە و ئەوە ئەمەیە کە مرۆڤەکان خوڵقێنراون کە بە یەکەوە یەکێتی و هاوکاریان هەیە. کۆمەڵگە لە باری هەستیناسییەوە لە پلەی باڵای تاکەوەیە. بێجگە لەمە، یەکێتی و جەماوەر بایەخگەلێکی باڵاتر لە تاکخوازی و خۆخوازییە. تاکخوازی نیشانەی جودا بوونەوە و بەربەرەکانێیە. سۆسیالیستەکان زۆرجار گوتوویانە کە ئێمە هەمووومان بەشێکین لە یەکتر. ئەم دۆزە تەنانەت لە فۆرمێکی هێور و لەسەرەخۆتر بوونی مارکسیزمیشدا دەبینرێ. واتایەکی دیکە دەربارەی (سۆسیال) یان (کۆمەڵگە)، پێکەوە بوون، هاوکاری هاوپێوار و هاوکێش، بەشداربوون لە مەسەلەگەلی یەکترە. ئەم خاڵە لە یەکەم یەکێتییە مەدەنییەکان. ئەنجوومەنە دۆستایەتییەکان و ئەنجوومەنگەلی یەکگرتوویدا دەتوانین بیان بینین. بە پێچەوانەی پێویست بە هاوکاری بەرامبەر، ئاشکرایە کە سۆسیالیزم لە قۆناغی سەرەتایی خۆی کە کۆمەڵگە و جەماوەر بە واتای بارودۆخی ناکۆی بێ میللیەت و بێ نەتەوە بووە، راستەوخۆ واتای ئەندام بوونی لە کۆمەڵگەی هاوبەشیدا بووە. دواتر لە سەدەی نۆزدەیەم،

زۆربەی سۆسیالیستە ریفۆرمخوازەکان و سۆسیالیستە مارکسیستەکان بە پێچەوانەوە مایل بوون کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانی خۆیان رێگای سیاسەتی تەبای کۆمەڵگەوە، دەزگای دەوڵەتی بکەنە پاڵپشت. لەگەڵ ئەمەشدا، بەرەو هاوبەش بوون، ئەو جۆرە کە لە رێکخراوەگەلێکی وەک سۆسیالیستە مەدەنییەکاندا دەبینرێ، بێگومان لە سەدەی بیستەمیشدا بوونی هەیە. ئەم بەرەولاچوونە مەیلە هێشتا لە نووسراوەی کەسانی (چەپی نوێی) وەکو ریمۆند ویلیامز بایەخێکی بەهێز دەدرێتە قەڵەم.[50]

لە سۆسیالیزمدا واتاکانی جەماوەر و یەکێتی هەم بەهێز و هەم بێهێزە. بەهێزترین واتای جەماوەر کە وەکو هەمیشە پێشمەرجێکە بۆ باوەڕی بەرچاوتر، دارژاوەی سەر هاوکاری ئەخلاقی لەگەڵ یەکترە یان مەزهەبییە. باوەڕ بە شعووری کۆ، باوەڕە مەزهەبییەکان یان ئەخلاقی کۆ، یان بە واتای بەرتەسکتری وشە، ئەوەی کە جۆرج ئۆول باوەڕی کۆبە شەرم و حەیا و دەستوور و نەریتی ئەخلاقی مرۆڤەکان ناودێر دەکا،سێبەری خستووەتە سەر نووسراوەکانی سۆسیالیستی.[51] جۆری کۆمەڵگەیەک کە چاوەڕوانی دەکرێ و خەونی پێوە دەبینرێ هەمە لایەن و لەسەر بنەمای هاوکارییە. ئەم بۆچوونە، هەرچەند بە شێوەی دەرەکی کێششی هەیە، دژوارە کە لە شانۆیەکی پیشەسازی لەگەڵ بزووتنەوەیەکی گورجی کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووری ئەو بسەلمێنرێ. زۆر لە سۆسیالیستەکانی سەدەی بیستەم، لە ئاستی مەسەلەی بە پیشەسازی بوون، بە ئەندێشە و دووربینییەکی بێهێزتر و رواڵەتیتر لە بابەتی شعوور جەماوەر و کۆمەڵگەی دارژاو لەسەر رێز و حورمەتی بەرامبەری مەدەنییەکان هەولیان داوە.[52] ئەم خوازیارییە دەکرێ بە شێوەی ئاشکراتر لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخوازو وتەکانی ئەم دواییانەی سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕدا ببینرێ. هۆکارێکی دیکە کە لەم بێهێزتربوونەی واتای جەماوەردا بەشی بووە، ئەم تێگەیشتنەیە کە لایەنگری بە تەوژم لە کۆمەڵگەی ئیشتراکی دەتوانێ یان بە شێوەی نەفامانە هەڵقولاوە لە حەسرەتی رابردوو بێ یان کردەوەیەکی دوا کەوتوانە. دەبێ بڵێین لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا کۆمەڵێک نووسەرانی پارێزگارو فاشیست و برس و را و لەگەڵ بایەخی جەماوەرە سوننەتییەکان رێکەوتن.[53]

یەکسانی و ئازادی

زۆر لـە تـوێژەرانی سۆسـیالیزم یەکسانیان بـە بایـەخی بنـەڕەتی و سـەرەکی سۆسیالیزم زانیوە. گوتراوە کە هەموو سۆسیالیستەکان دەبێ بەر لە گشت شـتێک و زۆرتر لە هەموو شتێک یەکسانی خـوازبن، لـە حالـێکدا کـە پێچەوانـە باسـێک لـە ئازادی نەهاتووەتە ئاراوە. زۆر لە تـوێژەرانی سۆسـیالیزم لـەم بـوارەدا زۆر جـار لەسـەر دابەشـکاری نێـوان یەکـسانی و ئـازادی تەئکیـدیان کـردووە. گـوتراوە کـە پشتگری کردن لە یەکسانی بە واتـای رەتکردنـەوەی هەلومـەرجی ئازادییـە. لەبـەر ئەمە، پشتگری کردن لە ئازادیش بـە واتـای رەتکردنـەوەی یەکـسانییە. بـەم جـۆرە گوتوویانە کە سۆسیالیستەکان ناتوانن لایەنگری ئازادی بن.

بێگومـان یەکـسانی بایـەخی حـەیاتی سۆسیالیـستییە، بـەلام لێـرەدا زۆر لـە پرسیارەکان بێ وەلام دەمێننەوە، ئایا گشت سۆسیالیستەکان باوەڕیان بە یەکسانی هەیـە؟ جگـە لەمـە، ئایـا هـەموو سۆسیالیـستەکان سـەبارەت بـە واتـای یەکسانی بۆچوونێکیان هەیە؟ بە کورتی، ئایا یەکسانی خۆی لە خۆیدا لەگەڵ ئازادی دژایـەتی هەیە؟ بە جـۆرێکی دی، ئایـا واتـای سۆسیالیـستی لـە ئـازادی کـە دژایـەتی لەگـەڵ یەکسانیدا نەبێ دەتوانێ بوونی ببـێ؟ خـراپ لێحالـی بـوونێکی گـشتی لـەم بـاوەڕە بوونی هەیـە کـە گـشتی سۆسیالیـستەکان لایـەنگری بایـەخی یەکـسانین. سـەرەتا ئەمەکە هەمووشت پێوەندی بەم کارەوە هەیە کە دەربارەی چ واتایەک لە یەکسانی لێدوان بکرێ. بێجگە لەمە، بایەخێکی تاقانە کە هەموو سۆسیالیـستە خەیاڵییەکان لـە بارەی ئەوەوە یەک دەنگ بـن، بـوونی نییـە. فەوریـە دۆزە یەکـسانخوازەکانی بـە ژەهر دەزانی. ئەو قبووڵی دەکا کە لە ئۆتۆپیای سۆسیالیستیدا نەزمـە پلـەبـەنـدی و نایەکسانی لە تواناییەکان و لێوەشاوییەکان، سـامان و کـەش و هـەوا بـوونی ببـێ. فەوریـە دەسـتەبەری دەکـرد کـە لـە ئۆتۆپیـای ئـەودا سـامانداران دەتـوانن بـۆ کۆکردنـەوەی سـامان و راگـرتنی دەسـتبەکاربن. سـنسـیمۆنیش بـاوەڕێکی وەک فەوریەی بوو، بەلام نەک بەرادەی ئەو وشک. سنسیمۆن لەسەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کە نەزمە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگە دەبێ بپـارێزرێ. لەگـەڵ ئـەم سـەرنجە کـە لـە

ئۆتۆپیای هەر دوو بیرمەندبوون بانکداران و کار بەڕێوەبەرانی ماڵی لەبەرچاو گیراوە، بە دژواری توانیویانە مەیلی هێرشی توندیان بەم دەسکەوتانە بێ.

مارکسیش لە روانگەی جیاوازەوە رەخنەی لە باوەڕە یەکسانخوازەکان بوو و ئەوانی بە هۆکارەکان و ئیستدلالگەلی میتۆدی بیرمەندانی بورژوازی لیبرال دەزانی. ئالن وود گوتەنی، مارکس لایەنگری ئەوە نەبوو کە یەکسانی خۆی لە خۆیدا شتێکی باشە.[54] کۆمەڵگەی دوا قۆناغی کومۆنسیتی دەبێ لەسەر بنەمای یەکسانی دابڕژێ. بەڵام بە بۆچوونی مارکس خەیاڵ کردنەوە دەربارەی ئەم جۆرە شتانە بێبەهرە بوو. تەنیا زانیاری لە بارودۆخی ئابووری زەرووری

کە بە شێوەی ژیان دەس دەدا رەنگە جۆری ئەو کۆمەڵگە بە ئێمە بناسێنێ و ئێمە لەم کارە بێ هەواڵین. لە بەڵگەی دواییدا لایەنێک لە میراتی زانستی مارکس دەبینرێ. مارکس، چاوپۆشی لەم خاڵە، هێندێ جار دەخزێتە نێو دەروونی خەیالاتێک دەربارەی یەکسانی و عەداڵەتەوە، هەرچەند هێندێ زانیاری سیستماتیکمان دەربارەی باوەڕگەلێکی یەکسانخوازانە کە رەنگە بووبێتی یان نەیبووبێ، لەبەردەستماندا هەیە.

ناوەڕۆکێکی هاوبەش دەربارەی یەکسانی لە سۆسیالیزمدا، بەتایبەت مارکسیزم، دوورخستنەوەیەکی بەربلاوی واتای هاوپێوار و وشەیی و وشک یەکسانی راستەقینەیە کە بووە بە یەکێک لە پرسوودترین و دیرۆکە وەهەراس هێنەرەکانی گرێ دراو بە سۆسیالیزمەوە.[55] نزیکترین کەسانێک کە لەم واتا وشکەی یەکسانی سوودیان وەرگرتووە، گراکوس بابوف و کە بە بوون کە روانگەی کومۆنیستییە توندوتیژەکانیان بووە. بەشی هەرە زۆری سوننەتی ئەم واتایانە بە پووچەڵ دەزانن. یەکسانی راستەقینەی وشک شتێک نییە جگە لە دوەڵێک کە ئیدئۆلۆژیکە رەقیبەکان هەڵیانداوە. تاقانە تایبەتمەندێکی لاواز لەسەر ئەو، کێشەی باسکراوی هێندێ لە سۆسیالیستەکان، بەتایبەت لە بۆچوونگەلێکی دەربارەی دوەڵەتی رەفا هاتووە کە (پێویست) دەتوانێ لە کۆمەڵگەدا پرەنسیپێکی یەکسانخوازانەی تەجربی بێ بۆ بلاوکردنەوە. شیکردنەوەی ئاشکرای واتای (پێویست) دژوارە و گرفتی زاتی زۆری هەیە.[56] لەگەڵ بوونی ئەم گرفتانە،

(پێویست) هێشتا پێگەیەکی بچووکی لە واتای یەکسانی ڕاستەقینەی نەگۆڕدا هەیە، وێنەی ئەوە کۆمەڵێک ڕەخنەیە کە لە سۆسیالیزم دەگیرێ. وەڵامی پێویستەکەش هەڵگری کردەوەی یەکسانی گشتی نییە، ئەو جۆرە کە زۆرجار بە شێوەی دوورا و دوور لە دۆزی یەکسانی وشکدا ئاماژە بەو کراوە.

پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە ئایا سۆسیالیستەکان باوەڕێکی یەکگرتوویان بە واتای یەکسانی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا رادەیەک دەبێ نێگەتیڤانەبێت. ئێمە لێرەدا بۆ ڕۆشنکردنەوەی پێچراوەی ئەم پرسیارە دەبێ هێندێ زیاتر تیشک بخەینە سەر ئەو خاڵانە. یەکەم ئەمەکە یەکسانی بە شێوەی بایەخێک لەگەڵ هەر چەشنە تەئکیدێکی دەمی یان ڕاستی دەربارەی یەکسانی مرۆڤ جیاوازی هەیە. دووەم ئەمەکە، (یەکسانی بە شێوەی ئامانج) دەبێ جیاواز لە (بەرامبەری بە شێوەی پێشمەرج) بەرچاو بگیرێ. ئاخر ئەوەکە، ئامانجە بە یەکسان گەیوەکان نابێ لەگەڵ ئامانجە بەرامبەرییەکان تێکەڵ بکرێن.

جگە لەوە، بە پێچەوانەی کێشەی هێندێ توێژەر، سۆسیالیستەکان بێجگە لە کەسانێکی کەم وێنەی لایەنگری ئەم باوەڕەن کە یەکسانی شتێکە کە (دەبێ) بۆی بگەڕێی. ئەمە واتایەکی ئەزموونی یان ڕاستی نییە (کێشەیەکە بۆ پێویست هاتووەتە ئاراوە). سۆسیالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەنین کە مرۆڤەکان لە بابەتی توانایی لەش یان شعوورەوە بەرانبەرن یان ڕەنگە ببن. پێچەوانە، باوەڕیان هەیە کە چاوپۆشی لە جیاوازییە سروشتییەکان لە بابەت نەژاد و تۆرمە، جۆری نێر و مێ، توانایی یان چین، سیفەتێکی ئەخلاقیانەی بایەخدار لە ئارادا هەیە کە دەبێ ئێمە بە کردەوەی یەکسان لەگەڵ خەڵک هان بدا. لەگەڵ ئەمەدا، بۆ هەنگاونان بەرەو خاڵی دووەم، شیکاری ئەخلاقی بۆ وەها یەکسانییەک بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە. ئاساییترینی ئەوان باوەڕی فابیانەکانە کە یەکسانی زۆرتر بە کاردانەوەی زۆرترەوە دەچەسپێ. یەکسانی لەم واتایەدا بایەخی ئامێرییە، هەرچەند گشت فابیانەکان بەم چەشنە لەژێر کاریگەری بەرامبەری. تەنانەت لانیکەم لەم واتادا نین.[57] زۆربەی شیکردنەوە یەکسانییەکان لایەنە خراپ و رووخاوەکان دەگرێتەخۆ،

واته پرسیار دەربارەی وەرگرتنی نایەکسان، یان هێنانە ئارای عەقڵی باشتر بۆ کردەوەی بەرامبەر دەگرێتەبەر.

لە باری پۆزەتیڤ واتە تێگەیاندنی یەکسانی زاتی، سۆسیالیستە مەسیحییەکانی وەک تاونی و هی وەک ئەو، لەسەر ئەندێشەی یەهوودی، مەسیحی بەرامبەری رۆحەکانیان لە دیوانی خودادا تەئکیدیان لەسەر کردووە.[٥٨] باوەڕەکانی کانت و فایدە باوەڕی. بەتایبەت دوو باوەڕی دوایی، سوودیان بردووە. لەسەر بنەڕەتی ئەم دوو باوەڕەی دوایی، لە پلەی یەکەمدا یەکسانی لەسەر بنەمای ئەم پێشمەرجەیە کە هەرتاکێک چونکە خاوەنی ویستی عاقڵانەیە کە بایەخی یەکسانی هەیە و هەڵگری رێزی یەکسانە، دەبێ یەکسان بدرێتە قەڵەم؛ دووەم لەسەر بنەمای ئەم پێشمەرجە کە هەرتاکێک توانای رازیبوونی بەرژەوەندی خۆی و گەیشتن بە بەختەوەری هەیە و لەبەر ئەمە، شیاوی ئەوەیە کە لە هەر دوو حاڵەتدا یەکسان بدرێتە قەڵەم.[٥٩]

سێیەم ناوەڕۆک ئەوەیە کە یەکسانی بە شێوەی ئامانج یان دەرەنجام دەبێ لە یەکسانی بە شێوەی پێشمەرج جیاواز بزانرێ. سۆسیالیزم لە گەیشتن بە ئامانجی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا بەشێکی زۆری بووە. دەسکەوتی چالاکییەکانی مرۆڤ نابێ سەر لە نایەکسانی دەربێنێ. سۆسیالیزم هەر بەو چەشنە لایەنگری ئەم ئەندێشەیە کە یەکسانی دەتوانێ مەرجێک یان دەرفەتێک بۆ بە کەماڵ گەیشتن و بەرەوپێشچوونی بوونەوەری مرۆڤ بڕەخسێنێ، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ئێستە زۆرجار بە ناوی (دەروازەی چوونە ژوورەوەی) یەکسانی ئەدرێتە قەڵەم. بێ لانیکەمی کەش و هەوای سەرەکی فێرکردن و پەروەردە، لەش ساخی و تەبا و رەبایی بە ناوی دەسپێک، تاکەکان ناتوانن لێهاتوویی توانا بە هێزەکانی خۆیان باربێنن. دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە دەس هاتوو لەم خاڵە دەسپێکە سەرەکییە، دەتوانێ راستەوخۆ ئاستە نایەکسانییەکان بگرێتە بەر. ئەم واتا و بۆچوونە لە یەکسانی لەگەڵ ئازادی گونجاوترە هەتا لەگەڵ (بەرامبەری بەناوی ئامانجێک).[٦٠]

سەرەنجام ئامێری گەیشتن بە یەکسانی نابێ لەگەڵ شیکاری ئامانجەکان یان بارودۆخی یەکسانی تێکەڵ بکرێ. لەوەدا کە خۆماڵی کردن لە (بریتانیا) یان ئابووری دەستووری (لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) بەناوی سۆسیالیزم ناو دەبرا، زۆرجار ئەگەر و گریمانە لەسەر ئەمە دەکرا کە هەموو سۆسیالیستە یەکسانخوازەکان خوازیاری شیکاری ئەم ئامێرە تایبەتەن و لەبەر ئەمە، هەموو سۆسیالیستەکان باوەڕیان بە ئابووری دەستووری یان خۆماڵی کردن هەیە. ئەم بیرکردنەوەیە بەتەواوی نادروستە. ئامێری گەیشتن بە یەکسانی خەیاڵاتێکی بەربلاوی لە پێشنیارەکان پێکدەهێنا. بێگومان ئابووریە دەستوورییەکان لە فەڕەنسا، ئیتالیا و بریتانیا. هەروا لایەنگری یەکسانی لە لایەن ئابووری تێکەڵ یان ئابووری بازاڕەوە بوون. بەڵام سێبەرگەلێکی نادیار و شاراوە لەم باوەڕەدا بوونی هەیە. لە کۆتایی ئەم خەیاڵاتەدا، کەسایەتیگەلێکی جۆراوجۆری وەکو فابیانەکان، جۆرج برنادشاو و لنین بەلشویک لە هەوڵ بۆ گەیشتن بە یەکسانی ئابووری مەسەلەی وەک یەکبوونی دەسکەوتیان هێنا ئاراوە. بەم حاڵەوە، بڵاوکردنەوەی دووبارەی سامان لە لایەن ماڵیات بەندییەوە پلە بە پلە و زۆر بوون و پلەبەرزی تەبا و رەبایی لە لایەن سۆسیالیزمی تەجدید نەزەرخواز و ئەخلاقییەوە وەکو گشتلایەنە پەسندترین هەڵبژاردە لەم سەدەیە قبووڵ کراوە. بە گشتی ریشەی پەل هاوێژ و سەرسووڕ هێنەر لە بایەخە جۆراوجۆرەکان لەم بوارە پێشنیار و چەسپاوە.

سۆسیالیستەکان خۆیان بە خوازیاری یەکسانییەوە بەرتەسک نەکردووەتەوە، بەڵکو لە بابەتی داواکاری یەکسانی سیاسی لە مافی رەئی بۆ هەموو مەدەنییەک لەگەڵ لیبراڵەکان هاوباوەڕن. بانگهێشتن بۆ یەکسانی تەواو یاسایی لە بابەتی مافی مەدەنیشەوە یەکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانە. یەکسانی کۆمەڵایەتی لە باری مافە بەرامبەرییەکان بۆ ژیانێکی مەدەنیانەی لانیکەم، بەرامبەری لە بابەتی لەش ساخی و فێرکردن و پەروەردەشەوە یەکی دیکە لە لایەنە گرنگەکانی ویستی ئەوان دەگرێتەخۆ. لەم ساڵانەی دواییدا نزیکایەتییەکی بە تەوژم سەری هەڵداوە کە هەموو ئەم لایانە یەکسانانە دەربارەی گرفتی رەگەزایەتیش بەرچاو بگرێ و لەسەر ئەو

باوەڕەن کە ژنان لە ڕابردوودا لەم مافانە بێبەش ماونەتەوە. ئێمە سەبارەت بەم گرفتە لە بەشێکدا کە پێوەندیٚ بە فەمینیزمەوە هەیە باسی دەکەین. دەبیٚ بوتریٚ کە هەموو ئەم مافانە یاسایی و پێشنیاریانەی دەربارەی بەرقەراری یەکسانی یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سوننەتی ریفۆرمخوازەکان لە دەروونی سۆسیالیزمدا بوە. مارکسیزمی کلاسیک بۆچوونگەلێک کە پێوەندیٚ بە مافەکانەوە بوو جاشای لیٚ دەکرد. ئەگەرچی لە دەهەکانی دواییدا زۆربەی حزبە کومۆنیستەکان، بۆ وێنە لە بریتانیا و حزبی کومۆنیستی ئیتالیا (حزبی سۆسیال دێموکراتی ئێستا) نزیکایەتییەکی زۆری بە هەڵوێستی یاسای سۆسیالیستی لە خۆ نیشان داوە و لە هێندیٚ شوێندا لە سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕ نزیکبوونەتەوە. لەم بابەتەوە، وێنەی ئێستە پێچراوەتر بووە.

بەم حاڵەوە، دەبیٚ وەبیر بێنینەوە کە سۆسیالیستە زۆرینەخوازەکان بایەخە هەستانەکانیان قبوول نەکردووە بەڵکو لایەنگری دەسەڵاتی بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوە ناکۆکان یان ڕێکخراوە تەولیدکارەکان بوون. بەتایبەت سۆسیالیستە مەدەنی و سەندیکالیزمەکان لە بارودۆخی زۆر کەمی دەوڵەت یان بارودۆخی نادەوڵەتی لایەنگری دەکرد.[61] لەم بارەوە یەکسانی دەبوو لە دەروونی ڕێکخراوە کرێکارییەکاندا پێکهاتبایە. بەم شێوە، یەکسانی لە دەروونی سۆسیالیزمدا کەرەسەیەکی زۆری لەبەر دەسا بووە و نابیٚ ئەوە هەر تەنیا بە کەرەسەیەکی تایبەت بزانریٚ.

بە کورتی، جیاوازی وشکی نێوان یەکسانی و ئازادی دەبیٚ بە گومانێکی زۆرەوە چاوی لیٚ بکریٚ. پێشمەرجی ئەم جیاوازییە ناساندنی ڕووبەڕووانەی وشک لە ئازادی ڕووخاو بە شێوەی (نەبوونی بەرتەسکی)یە، (بەرتەسکی)یەش، ئەو جۆرە کە لە بەشی دووەم باسی لێوەکرا، بە شێوەی زۆر بەرتەسکی بۆچوونی پەی پیٚ دەبرا. ئەگەر وتراوە کە ئازادی بە لانیزۆرینەی هەڵبژاردن و بەرەوپێشچوونی تاک گرێبەست دەکریٚ (کە زۆرینەی سۆسیالیستەکان باوەڕیان بەوە بووە) کەواتە پێکهێنانی کەش و هەوای یەکسان بۆ هەڵبژاردنە چاوکراوانەکان (فێرکردن و پەروەردەی تەواو، لەش ساخی و دەسکەوت دەگرێتەوە) و بەم جۆرە،

سەرهەڵدانی مرۆڤی پێشکەوتووی شاراوە ڕێنوێنی لەسەر گونجانی بایەخە ئازادییەکان و یەکسانی هەیە. بەم شێوە، واتای سۆسیالیستی لە ئازادی ئەندێشەیەکی بە تەواو مانا عەقڵانی و بۆ قبوول کردن دەبێ و پێویستانە لەگەڵ یەکسانی بەناوی مەرجێک لەودا دژایەتی نییە.

دەوڵەت و دێموکراسی

زۆرجار وای بیر لێ کراوەتەوە کە گشت سۆسیالیستەکان دەوڵەت خوازن. وەها گومان کراوە کە هەموو سۆسیالیستە دەوڵەت خوازەکان تاقانە واتایەکیان لە دەوڵەت لە مێشکدا هەیە و هەموویان یەک جۆر چاو کراوەییەیان دەربارەی بوونی دەوڵەت هەیە. ئەم ئەگەر و گریمانانە بەتەواوی ناڕەوایە. گومانێک نییە کە لە دەیەی ۱۸۸۰ بەدوا بزاوتی زاڵی سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز بوونی بووە و مارکسیزمیش، زۆرتر لە کردووە هەتا لە ئەندێشەی ئاشکرا دەوڵەتخواز بووە. بەم حاڵەوە، نابێ وا بیر بکەینەوە کە ئەم دەوڵەتخوازییە خووی هەموو بزاڤەکە پێکدێنێ، یان کردەوەی دەوڵەتخوازی هەڵگری جۆرێک ئەندێشەی ڕێکوپێکە. هەر دوو خاڵ بۆ لێدوان دەبێ. کۆمەڵێک پرسیاری قووڵ و دژوار دەربارەی سەرچاوەی دەوڵەت لە سۆسیالیزمدا بوونی هەیە کە دەبێ یەکلای بکرێتەوە. جیاوازی ئەزموونی تا ڕادەیەک موناسب دەتوانێ سەرەتا لە لایەکەوە نێوان سۆسیالیزمی لایەنگری دەوڵەتی ڕێکوپێک و لە لایەکی دیکەوە، سۆسیالیزمی زۆرخواز و لیبراڵ هەڵاوێری.

ئەندێشەی گشتی سۆسیالیزمی لایەنگری دەوڵەت خاوەن سیستەم زۆرجار بە هاوکێش لەگەڵ کۆخوازی دانراوە. دەربارەی ئەم هاوکێش بوونە پێشەکی لێی دواوین. کۆخوازی هەر تەنیا میتۆدێک بۆ پلەبەرزی سۆسیالیزم نییە بەڵکو لە حاڵی ئێستادا ڕێنوێنیگەلێکی شاراوەی بەهێزی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە کە زۆربەی سۆسیالیستەکان ئەوانەیان ڕەتکردووەتەوە. جگە لەوە، بە پێچەوانەی ئەم ڕاستەقینە کە هەمیشە بە چاوی باوەڕێکی دەوڵەتخواز سەیری مارکسیزم کراوە و بە شێوەی قەراردادی بە شێوەی وێنەی ئارمانجی دەوڵەتی سۆسیالیستی کۆمەڵایەتی گیراوەتە بەرچاو،لە نووسراوەکانی مارکس و ئینگلسدا ڕوانگەیەکی موسبەت

دەربارەی دەوڵەت نایەتە بەرچاو. ئەوەی دێتە بەرچاو لێکدانەوەیەکی بێ‌کۆتایی رووخاو دەربارەی دەوڵەتە.[٦٢]

گوشراوەی هەڵوێستی سەرەکی مارکس ئەمەیە کە کەش و هەوای ماددی ژیان لە پێشترە. ئەمە کەش و هەوایە کە بناخەی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەها زانیاری مرۆڤ بەدی دێنن. مرۆڤەکان، بەر لەوەی کە بتوانن بە شێوەی سیستماتیک بیر بکەنەوە، ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان دەس بکەن بە دروستکردن. چینەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری و لە دەروونی شێوەی دروست کردن لە قۆناغی تایبەتی لە مێژوو دەکەونە قاڵبەوە و فۆرم دەگرن. تاکەکان بەپێی چینایەتی خۆیان پێناسە دەکرێن. ئەوان بە ناوی ئەندامی چینایەتی لەگەڵ یەکتردا پێوەندی دەگرن. لەوەی کە چینەکان سزا جیاوازەکان لە دەسەلات و مالکییەت وەر دەگرن و ئەم جیاوازیانە دەرەنجامی پێوەندی چەوسانەوەیە، پێکهاتەی دەوڵەتیش بە پێوەندانی خاوەندارییەت، چین و لەبەر ئەمە بەرژەوەندی چەوسانەوە فۆرم دەگری. دەوڵەت پێکهاتەی ئەندێشە یان حەز و مەیلی مرۆڤ نییە. بەڵکو پێچەوانەی ئەم چینایەتی خەبات و بەرخۆدانەی نێوان ئەوانەیە کە فۆرم بە دەوڵەت دەدا. لەبەر ئەمە، دەوڵەت هەمیشە بەناوی هۆکاری سەرکوتی چینێکی تایبەت چاوی لێ دەکرێ.

لەم روانگە قەراردادییەوە، گرفتگەلێکی زۆر بوونی هەیە. یەکەم ئەوەی کە مارکس هەرگیز راگەیاندنێکی دروستی دەربارەی ئەوەی کە دەوڵەت دەگرێتەوە راینەگەیاندووە. ئایا دەوڵەت هەموو دەزگا ئیدارییەکانە، نەهادە فێرگەکان، پۆلیس، حکوومەتی میللی و هەروەها دەزگای بەرێوەبەری، داد و یاسا دانانە؟ لە هیچ کام لە نووسراوەکانی مارکس و ئینگلسدا رێنوێنیەکی ئاشکرا لەم بارەوە نیشان نەدراوە. بێجگە لەوە، جگە لە ئاماژە و هێماگەلێکی نادیار و شاراوە دەربارەی کۆمۆنە فیدرالیزەکان کە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئانارشیدا هەیە، هیچ راپۆرتێکی سیستماتیکی سەبارەت بە جێگرەکانی دەوڵەت یان رێکخراوەی بریکاری ئەو لە ئارادا نییە. بێجگە لەمەش باسێکی رۆشن لە جەوهەری چین و پێوەندی وردی ئەو لەگەڵ خاوەندارییەت و دەوڵەت نەکراوە.

جارجاره مارکس و ئینگلس دەوڵەتیان هەر تەنیا بە هەڵقواوەیەک لە سەرچاوەی ماددییەوە زانیوە. مانیفێستی کومۆنیست و هەموو نووسراوە عامفامەکانی ئەوان، زۆرجار دەوڵەت هەر تەنیا بە جیلوە و ئامێری حکوومەتی چینایەتی دەزانێ، کومیتەی بەرێوەبەرایەتی بورژوازی کە دەبێ لەگەڵ شۆڕش برووخێ. ئەم باوەڕانە هەر تەنیا لەسەر روانگە رەسمییەکانی حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان زاڵ نەبووە، بەڵکو زۆر دواتریش لەگەڵ کومینتێرن کە بەلشویکە رووسییەکان بەسەریدا زاڵبوون پارێزا. لە شوێنەکانی دیکەدا، لە نووسراوەکانی وەکو هەژدەیەمین برومەر لویی بناپارت دەوڵەت لەگەڵ پێکهاتەیەکی پێچراوەتردا ئاشکرا دەبێ کە تا رادەیەک خاوەنی خودموختارییە و لە چاو چینە تایبەتەکان سەربەخۆی هەیە. تەنانەت مارکس گوتوویە کە لەو وڵاتانەی وەک بریتانیا بۆ بوون وڵات بە سۆسیالیزم پێویست بە شۆڕش نییە. نووسراوەکانی دوایی سوننەتی مارکسیستی بەتایبەت ئەوانەی کە لەژێر کاریگەرییەتی ئاساری گرامشی دان، دەوڵەت بە خاوەنی خودموختارییەکی بەرچاو دەزانن و دەرەنجام لە جەبری کالی (ئابووریخوازی) و پۆزیتیویزم (پۆزەتیڤخواز) کە بە کردەوە دیاردەی روانگەی ئینگلسە، رەخنە دەگرن.

لەم روانگە دوو لایەن و شاراوەی سەبارەت بە دەوڵەت مارکسیزم تەنیا نییە. مارکسیستە لایەنگرەکانی دەوڵەتی ریفۆرمخواز، وەکو فابیانەکانیش لەم بارەوە شتگەلێکی شاراوەیان گوتووە. بە وتەی نووسەرێک (نووسراوە سەرەتاکانی فابیانەکان هەلگری برێک تۆژینەوە، یان باسی ناتەواوە لەوەیکە دەوڵەت بە کردەوە دەبێ ببێ).[٦٣] هەر ئەم خاڵە دەربارەی زۆربەی نووسراوەکانی فابیانەکان لە دەیەی ١٩٩٠یش راستە. لە کۆبوونەوە و کۆڕی فابیان و تەنانەت بە هاوکاری وبەکان گومانگەلێک دەربارەی دەوڵەت بەدی هاتبوو، بەلام بە گشتی حەز و ویستی فابیانەکان ئەمە بوو کە دەوڵەت بە دەزگا یان ئامێرێکی بێ ئەسەر و کاردانەوە بزانن کە دێموکراسی پەرلەمانی ئەوی بە سەرکەوتن گەیاندووە، بۆ ئامانجێکی گەورەتری کاردانەوەی کۆمەلایەتی و ئابووری سوود لەوە وەردەگرن. رزگاری بە دەستی کارناسانی کارامەی دیوانسالارە. لەگەڵ ئەوەی کە ناوی فابیانیزم لەسەرەتایی ئەم سەدەیە لەگەڵ حکوومەتی خۆمالی و ناوخۆیی، یان شارەدارییەکان و تەنانەت

دێموكراسی پیشەسازی تێكەڵاو ببو، وبەكان و لایەنگرەكانیشان لایەنگری كۆنترۆڵ لە لایەن كۆی هەڵبژێراوەكان و دەزگایەكی دەوڵەتی باوكسالاری خێرخواز بوون.

روانگەی ناوبراو زۆربەی فابییەكان و بەتایبەت وبەكان هەروەها لەگەڵ دۆزی ئەوان دەربارەی دێموكراسی پێوەندی هەیە. هێندێ دێموكراسیان بۆ هەموو لایەنی سۆسیالیستی بەلاوە جەیاتییە.[٦٤] بەم حاڵەوە، هەرچەند هێندێ پێوەندی نزیكتریان لەگەڵ سوننەتی سۆسیالیستیدا هەیە، هەموو فابییەكان لەم بۆچوونەدا شەریك نین. لانیكەم بۆچوونی جۆراوجۆیان دەربارەی دیموكراسی هەیە. بەرای وبەكان یام جۆرج بێرنارد شاو، بەرینكردنەوەی مافی رای گشتی یان تەنانەت مافەكانی ژنان كێشێكی بەرتەسكی بووە.

ئەوانە هەنووكە باوەڕیان بە مەدەنی مامناوەندی نەبوو. بە شێوەی گشتی حكوومەت بۆ خەڵك بوو نەک بە هۆی خەڵكەوە. لەم بارەوە نووسەرانی سەرەتای سۆسیالیزمی خەیاڵیش خۆی لە خۆیدا هۆگرییەكی كەمیان بە دێموكراسی بەتایبەت دیموكراسی پەرلەمانی، بوو. رابێرت ئەوون بە توندی سەبارەت بە دێموكراسی پەرلەمانی گومانی بوو و ئەوی بە بە شتێكی جیا لەسەرپۆشی بێهێزی بۆ گەندەڵی و بێعەداڵەتی نەدەزانی. ماركسیش هێندە هۆگر بەم بابەتە نەبوو زۆرینەی نزكی ئەو بەم خاڵە، تێرامانێكی غەیرەسیستمی ئەو دەربارەی دێموكراسی راستەوخۆ لە كۆمۆنی پاریس بوو. ئەم روانگە دەربارەی دێموكراسی هاوبەشی راستەوخۆ بە شێوەی شاراوە لە لایەنە ئانارشیستەكان و هێندێ سۆسیالیستە ماركسیستەكانی دوایی سۆراخ دەگرێ. لەگەڵ ئەمەدا، بە بۆچوونی ماركس و ئینگلس دێموكراسی زۆرتر گومانی سەرمایەداری و بورژوازییە كە پەردەیەكیان بەسەر بەرژەوەندی راستەقینەی چینەكاندا دەكێشا. ئەم روانگە جێگای قبوڵی حزبە كۆمۆنیستە نوێكانی ئەورووپایی نییە كە لێدوانێكی زۆریان دەربارەی تەجدیدنەزەرخواز و گۆڕینی ناوی خۆیان بووە. بۆ وێنە ئایا دەكرێ ئێستا حزبی كۆمۆنیستی ئیتالیا (حزبی سۆسیال دێموكراتی ئێستا) بەواتای راستەقینە بە ماركسیست بزانین؟[٦٥]

سۆسیالیستە لایەنگرەكانی دەوڵەتی ریفۆرم خواز لەم سەدەدا، هەروەكو حزبی كرێكاری بریتانیا، حزبی سۆسیالیستی فەرەنسا و حزبی سۆسیال دیموكراتی ئاڵمان،

سۆسیالیسته لایەنگرەکانی بازاڕ و هێندێ لە سۆسیالیسته ئەخلاقییەکان واتای دێموکراسی پەرلەمانی نوێنەرایەتیان قبوول کردووە. سۆسیالیزمی دەوڵەتی ریفۆرمخواز تا رادەیەک بارودۆخی نسبی راپرسیان بە دەسهێناوە. هەرچەند ئەگەر کەسێک ئێستا سەرنج بداتە خولەکانی حکوومەتی حزبی کرێکاری ئینگلیس یان حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان، ئەم دەسکەوتانە زۆر بەرچاو نین. هەروەها حەز و مەیلەکان بە دیموکراسی پیشەسازی و هەرەوەزییەکان بوونی بووە کە هەمیشە لەگەڵ گومان دەربارەی کاریگەریتی بوون و کاردانەوەی راستەقینەی ئەوانە هاوهەنگاوە. سۆسیالیستی لایەنگری دەوڵەتی ریفۆرمخواز هۆگرییەکی ئەوتۆی بە دێموکراسی راستەوخۆی پەرلەمانی لە خۆ نیشان نەداوە.

حەز و مەیلی باسکراو رەنگدانەوەی تەواوی وەڵامی سۆسیالیست بە پرسیار دەربارەیی دەوڵەت یان دێموکراسی نەبووە. لە دەروونی سوننەتی سۆسیالیستیدا، ئەو جۆرە کە باسکرا، مەیلی دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی بەهێزبوونی بووە کە لە روانگەکانی مارکس و ئینگلسەوە سەرچاوە دەگرێ. دەربارەی لنین و کتێبە بەناوبانگەکەی ئەو بە ناوی دەوڵەت و شۆڕش دەبێ بوترێ کە ئەو باوەڕی بە نەبوونی دەوڵەت، کۆمەڵگەیەکی داڕژاو لەسەر کۆمۆن کە شۆڕا (ئەنجوومەن) کرێکارییەکانی ناوخۆ ئەو بەڕێوەبەرن. ئەم خەتتە (رێڕەوە) فیکرییە سەیرە لە لنیندا (کە دواتر لەگەڵ روانگە سەرەڕۆ دەوڵەتییەکان تێکەڵ بوو) لە بۆچوونی کومۆنیزمی شۆڕایی گرامشیدا کە لەسەر بنەمای ئەزموونی شاری تورین دامەزرا بوو زۆر جدی لە قەڵەم دراوە. ئەم کومۆنیزمە شۆڕاییە لەگەڵ لایەنە بۆچوونییەکەی گرامشی کە لەسەر رێکخستنی پرۆلیتاریا سوور بوو، پێوەندی نزیکی هەیە. رۆشنبیرانی چینی کرێکار توانیان ئەم چاوکراوەیەی پرۆلیتاریایی گەلاڵە و بەیان بکەن.[٦٦]

لە سۆسیالیزمی سنفی بریتانیاشدا هێڵێکی فیکری دژی دەوڵەتی و زۆرخواز لە ئارادا بوو. هەرچەند دەبێ بوترێ کە لەم بوارەدا هەڵوێستێکی ئاشکرا نایەتە بەرچاو. بێئەوەی کە بمانەوێ بابەتەکە لە رادەبەدەر پێچراوە بکەین، هەر تەنیا ئاماژەیەک دەکەین کە مەیلگەلێکی زۆر لە بزووتنەوە میللییەکان، بوونی بووە.[٦٧] سۆسیالیستە مەدەنییەکان نەک هەر باوەڕیان بوو کە دەسەڵات، تەبا و شتی لەو بابەتانە دەبێ بە

گروپە تەولیدکارەکان بسپێرێ، بەڵکو لانیکەمی ئەرکەکانیان بۆ دەوڵەت دانابوو. لە روانگەی گ. د. هـ. کول و س. ج. هابسۆن، دیموکراسی نوێنەرایەتی جوگرافیایی لە شان دیموکراسی هاوبەشی راستەوخۆ و دەکەوتنە دەرەوونی گروپە بەرهەمهێنەرەکانەوە، دیموکراسی کارکردیکی پێشگریمانە بوو بۆ ئەنجوومەنە تەولیدکارەکان کە هەموو بە یەکەوە کەم و زۆر پەرلەمانی پیشەسازیان پێکدەهێنا. تاونی بە سیاسەتی خۆماڵی کردن هۆگری نەبوو و لێدوانەکانی ئەو دەربارەی کومەڵگە کارکردی زۆرتری بینینی مەدەنی هەیە.[٦٨] بینینی مەدەنی هەمیشە بۆ بەرە سۆسیالیستەکان جووڵەوکشانی بووە. ئەم فیکرە تەنانەت لە دەوروبەری لێدوانە نوێکانی سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕیشدا دیسان هاتە ئاراوە. پشتگری لەوان هێشتا پلەی گەرمایی و لێدوانە جۆراوجۆرە سیاسییە هاوچەرخەکان لە نێوان سۆسیالیستەکاندا سەردەکەوێ.[٦٩]

مەسەلەی بەنرخی دەوڵەت لە سۆسیالیزمدا ئەمەیە کە لە بریتانیا، کە کەلتووری سیاسی لەباری مێژووەوە بۆ قبووڵی روانگەی دەوڵەت بوونی بووە، سوننەتی سۆسیالیستی ئەندیشەیەکی ئاشکرا و روونی دەربارەی دەوڵەت بڵاو نەکردووەتەوە. لە گشت وڵاتە ئەوروپایەکانی وەک ئەڵمان و فەڕەنسا، کە میتۆدەکانی دەوڵەتی چاوکراوە پەیدا دەبێ، لێدوانی سۆسیالیستی لە بابەت مێژووەوە زۆرتر تەئسیری لە زمانی مارکسیستی وەرگرتووە و سێ ئاهەنگ دەگرێتەبەر: رەخنەی زۆر خراپ لە دەوڵەت؛ دوو لایەنی لەم بارەوە کە لە سیستەمی کۆمۆنیستیدا بارودۆخی دەوڵەت چۆن دەبێ؛ و لە ئەورووپای رۆژهەڵات بە داخەوە کە رابردوویەکی بناخەیی سەرەڕۆیانەی بووە و لە هەموو ئارەزوو و ویستەکانی سۆسیالیستی بە دوور بووە. مەسەلەی دیموکراسی رێگای سەربڕی هەموو ئەم بابەتانە بووە. لەبەر ئەمە، هیچ بیچمێکی سابتی سۆسیالیستی چ دەربارەی دیموکراسی و چ دەربارەی دەوڵەت لە ناخی مەکتەبی سۆسیالیزمدا بوونی نەبووە.

هەر بەم شێوە، سازگاری و هاوئاهەنگییەکی زۆر کەم لە پرۆژە سۆسیالیستەکاندا بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئارادا هەیە. دوو لایەنی رێنوێنی سۆسیالیستی بریتین لە شۆڕش و ریفۆرمی یاسایی. نێوانی ئەم دوو سنوورە توندە زیندەخەونێکی

سەیر لە پرۆژەکاندا لە ئارا دایە. کەسانێک کە پێگەی سۆسیالیزمی خەیاڵیان هەیە بەدووی یارمەتی بانکدارانی دەولەمەندەوەن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ئەزموونی هەتا جەماوەرێکی وێنە پێکبێنن. ئەوانە هەروا دەیانکردە گریمانە کە سەرچاوەیەکی هاوبەشی عەقڵی بوونی هەیە، سۆسیالیستە مەدەنییەکان لە سەدەی بیستەمیشدا بەواتای پێکهێنانی وێنەیەک بۆ ئەوە کە ئەم و ئەو ئەوە پەسند کەن و پێڕەوی بکەن، سەرنجیان دابوێ.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا هێندێ میتۆدی زاڵ چوونەپێشێ. سۆسیالیستە دەولەتییە ریفۆرمخوازەکان لایەنگری پێکهێنانی حزبە سۆسیالیستییە یاساییەکان بەرامبەر بە دەستووری دیموکڕاتیک نوێنەرایەتی مەوجوود بوون. بە بۆچوونی ئەوان سۆسیالیزم دەیتوانی لەگەڵ رەوەندی هەڵبژاردن گەشە بکا. ئەم میتۆدەیان ناو نابوو میتۆدی پلە بە پلەخوازی سۆسیالیستی. فابیانەکان زۆر جار دانانی رێی کارناسان (شارەزا)ی کارامە لە هەلوێستە سەرەکییەکان و ئیداریدا دەهێنا ئاراوە کە پلە بە پلە سۆسیالیزم لە دەروونی دەزگا دەولەتی و ئیدارییەکاندا بگونجێنن.

لە باڵی شۆڕشگێڕتردا، هێندێ لە سۆسیالیستە مەدەنییەکانی ئەندێشەی سەندیکاڵیستی دەس‌بەکاربوونی راستەوخۆیان لە مێشکدا پەروەردە دەکرد، واتە ئەمەکە بە (مانگرتنی گشتی) هەموو کرێکاران پێوەندی بگرن هەتا سەرمایەداری بڕووخێنن. ئەمانە لەژێر کاریگەری ئەندێشەی لنین دەربارەی تاکتیکی هەستانی راستەوخۆ لە لایەن حزبی پێشرەوی پێکهاتوو لە شۆڕشگێڕانی پسپۆڕی کارامە و بەنەزم بوون. مارکسیستەکانی تر بەم فیکرە لە حوکمی کەلک وەرگرتن لە شۆڕشگێڕانی ژاکوبن و نەک پرۆلیتاریای کرێکار هێرشیان کرد. لە دەروونی بزاوتی مارکسیستی، ستراتیژی چارەنووسێکی پرکەسەری بوو. مارکس و ئینگلس لەم بارەوە هیچ نەزەرێکی سابتیان نەدابوو کە لە نووسراوەکانی ئەوان بتوانرێ بە ناوی میتۆدێکی پاڵپشتی و پشتگری هەڵبژێردرێ: خەبات و بەرخۆدانی درێژخایەنی پرۆلیتاریایی، راپەڕینی کەمتەمەن و چاوەڕوانی سەرمایەداری پیشەسازی و تەنینەوە و پەرەسەندنی دژایەتییە. کانی ئەو دانیشتن هەتا شۆڕشی جەبری رووبدا، پێکهاتنی حزبی پرۆلتێری کە بە فێرکردنی پرۆلیتاریاوە سەرقاڵ بێ؛ دروستبوونی راپەڕینی

خورسک له ناخی پرۆلیتاریا که دەست بکا به خەبات و بەرخۆدانی فیکری و سیاسی دژی سەرکردایەتی بورژوازیی؛ شۆڕش له ولاتێک؛ شۆڕشی جیهانی و... هەموو ئەم ڕێگایانه بوارێکی پشتگری کردنیان میتۆدی مارکسیستی دیوەتەوه.

ئەم نەبوونی یەقینه دەربارەی ڕێ به کار بردنی ڕەنگدانەوه خۆی له پۆشراوەکانی بەدیهێنەری سۆسیالیزمدا دیتوەتەوه. هۆکارەکانی سۆسیالیزم چ کەسانێکن؟ به ناوبانگترین مودەعی (چینی کرێکار)ە. بەلام زۆر له سۆسیالیستەکان ئێسته لەمەڕ بوونی چینی کرێکار گومانیان هەیه.[٧٠] تەنانەت له هەوالەکانی مارکس بۆ خۆی دەربارەی ئەمه که ڕێخراوه مەدەنییەکانی چینی کرێکار چ کەسانێک یان چ شتگەلێک پێکدێنن، پۆشراوەگەلێک له ئارادا هەیه. لەگەل ئەوەی که چینی کرێکار لەم سەدەدا له هەموو ولاته ئەوروپایەکاندا زۆرینەی راپرسیان پێکدەهێنا، بەلام ئەندامی ئەو بەگشتی لایەنگری ڕێکخراوەکانی پارێزگار، لیبرال، ناسیۆنال سۆسیالیست و فاشیستبوون، لێرەدا هیچ شتێک له ناخدا سۆسیالیستی پەیدا نابێ.

هەروەها ئاشکرایه که زۆر له سۆسیالیستەکان له پلەی هۆکاری بەڕێوەبەرایەتی سۆسیالیزمدا باوەڕیان به چینی کرێکار نییه. سۆسیالیسته خەیالییەکان به کردەوه به واتاکانی چینی کرێکارەکان باوەڕیان نییه؛ به بۆچوونی ئەوان سۆسیالیزم بەرهەمی ئەندێشەی پەیامهێنەرانی وەک خۆیانه که دەبێ لەگەل پشتگری ئەربابه دەولەمەندەکان جێبکەوێ. له لایەکی دیکەوه لنین له کتێبه بەناوبانگەکەی خۆیدا، «چ دەبێ بکرێ» گوتوویه که زانیاری سۆسیالیستی دەبێ له دەرەوه و له لایەن چالاکانی راستەقینەی سۆسیالیست واته هەلبژێراوانی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ له دەروونی چینی کرێکاردا بتوێنەوه. ئەوانی دیکه، وەکو روزا لوکزامبورگ لایەنگری حزبێکی بەربلاوی پرۆلیتاریایی بوون که ڕێبەرایەتی پرۆلیتاریای زاتەن شۆڕشگێڕ بگرێته ئەستۆ. گرامشی رۆشنبیرانیشی خستەپال پرۆلیتاریای خۆسازدراو. مائۆ تسه تۆنگ وەرزەێرەکانی به هۆکاری سەرەکی شۆڕش دەزانی. سۆسیالیسته سەندیکالیستەکانی ئیلهامگرتوو له سۆسیالیسته هەرەوەزییەکان و سۆسیالیسته مەدەنییەکان، گرووپه هەرەوەزییه بەرهەمێنانییەکان، وەکو هەرەوەزییەکان و یەکێتییه مەدەنییەکان به هۆکاره راستەقینەکانی سۆسیالیزمیان دەزانین. بەم حالەوه، به

بۆچوونی فابیاکانی وەک بێرنارد شاو و وبەکان، هـەم یەکێتییـە مـەدەنییـەکان و هـەم چینی کرێکار بە شێوە گشتی کەسگەلێکی نەفام و گەوج بوون.[71] هۆکارانی راستەقینەی سۆسیالیست، دیوانسالاری پسپۆڕ لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان بـوون. لـە سـوننەتی بـەربڵاوی ریفـۆرم خـوازی، سۆسیالیـستەکان لـە چـین و تـوێژ و هەڵـبژێراوانی روو وەرگێڕاو و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆسـیالیزم دەبـێ لـە لایـەن هـەموو ژنـان و پیاوانی خاوەن هزر و خاوەن باوەڕی پاک وەرببخرێ. بەم جۆرە، لێرەشدا راپۆرتێکی نەگۆڕ لەمەڕ هۆکارە راستەقینەکانی سۆسیالیزم لە ئارادا نییە.

بازاڕەکان و ئابووری

ئەگەر روانگەی تاقانە لەمەڕ کێشەی سۆسیالیست بوون بمانەوێ بیدۆزینەوە، دەبێ سەرنج بدەین کە سۆسیالیزم هەمیشە سـەبارەت بـە بـازاڕە ئازادەکـان و سیـستەمـی سەرمایەداری رەخنەی بـووە و ئـابووری بەرنامـەڕێژکـراوی بـەجێی ئەوانـە پێـشنیار کردووە. ئەم روانگە بەشی سەرەکی دیرۆکی گشتی لەمەڕ سۆسیالیزمە. بـەم حاڵـەوە، بۆچوونێکی سەیر لە ئارادا هەیە. هەموو جۆرێک خاوەنداریێتی گـشتی و خـاوەنـداریێتی دەوڵەتی لە ئابووریدا بوونی هەیـە، هـەر ئـەو چەشـنە کـە هـەموو جـۆرە چالاکیـەکی بازاڕیش بەرچاو دەکەوێ.

لـە ئاسـتێکی زۆر سـاکار خـاوەنـداریێتی گـشتی مومکینـە کۆنترۆڵـی تـەواو کـۆ و خاوەنداریێتی دەوڵەت لەسەر پیشەسازییەکان بگرێتەبەر. ئەمە هەمیشە وێنەی سەرەکی خاوەنداریێت. هەروەها دەتوانێ بە واتای خـاوەنـداریێتی پیشەسازی مـاک و فەرمانـدە، بانکەکان و شەریکەکانی بیمە لە ئابووریدا بێ. ئەمە بـە تـەنیا دەرفـەتی بـوونی بەشـە تایبەتی بەرفراوان بە دەستەوە دەدا. ئەمە رەنگە خاوەنداریێتی زۆر شت بگرێتـەخۆ کـە تایبەتمەندییەکانی سروشت دەدرێنە قەڵەم، وەک پێوەندییـەکان و موخابـەرات و ئـاوی لوولەکێشی. جگە لەوە، رەنگە خاوەنداریەتی لە شەریکەیەکی نـاکۆدا بـێ؛ لـە رووداوی دواییـدا دەوڵـەت دەتوانـێ چـاوەدێری خـۆی لەسـەر پیـشەسازی بپـارێزێ و دزەی ناڕاستەوخۆی بەسەر خەتتی کرداری سەرەکی یان بڕیارگـەلێکی گرێـدراو بـە دانـانی سەرمایەگەلێکی بەڕێوە ببێ، یان دەرفەتی یارمەتییە دەوڵـەتییەکان یـان هانـدان گـەلی

مالی بۆ هێندێ نووسینگەی ئابووری باربێنێ. ئەم کارە بەتەواوی لەگەڵ داهێنانی بەشی تایبەتی سازگارە. جەوهەری تێکهەڵچوونی دەوڵەت لە ئابووری بە هەر شێوە دەتوانێ بە جۆرێک بۆ باش تێگەیاندن جۆراوجۆر بێ. غەیرەز خاوەنداریێتی کامڵ و تەواو بێخەوش، بەرێوەبەران مومکینە لە لایەن دەوڵەت و لەگەڵ بوونی بەرپرسایەتی لە بەرامبەر وەزارەتخانە دابنرێن. رەنگە چاوەڕوانی لەوانە بکرێ کە ئامانجە مالییەکان دابین بکەن. دەوڵەت مومکینە زۆرینەی باش یان بەشێکی گرنگی بەش لە ئیختیار دابێ و هەر تەنیا سیاسەتە گشتییەکان دیاری بکا. هەروەها دەتوانێ فەزای مالی، فێرکردن و کار فێر بوون، کاری ماڵ جێگری بەرژەوەندی هێندێ پیشەسازی بکا. لە ڕاستیدا دژوارە کە ببینین ئابووری هیچ کام لەم بارودۆخانە نەبێ. بەرفراوانترین ئابوورییەکان لە کەشوهەوای ئێستەی جیهاندا وەکو ژاپۆن و ئەڵمان دەرفەتی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی لە ئابوورییەکانی خۆیدا رەخساندووە. لە ڕاستیدا دەبێ بوترێ کە تەنانەت هێندێ لە حزبە کۆمۆنیستە ئەورووپاییەکان، وەکو ئیتالیا، بە شێوەی جۆراوجۆر لایەنگری مەنتقی بازاڕەکان بوون و لە ئەنجامدا لەگەڵ میتۆدە کۆدێرینەکان و سیاسەتی خۆمالی کردن دژایەتیان کردووە.

ئەم جۆراوجۆرەی داوەری و ناوبژییە لە تێگەینی پلانی دەوڵەت لە ئابووری دەبێ لە بارەی تێگەینی بازاڕەکان و سەرمایەداریش گشتی بێ. سەرمایەداری بە پێوارەی ئەو کۆمەڵگانەی کە لەودا بوونی هەیە شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینیوە. هەروەها ئەگەرچی بازاڕەکان پێویستی بوونی سەرمایەدارین، کە خۆی مێژوویەکی سەیر و پێچراوەی زۆرجار لە پێوەندی نزیک لەگەڵ پەرەسەندنی دەوڵەت بووە، ئەمە مەسەلەیەکی جێی لێدوانە کە ئایا بازاڕەکان خۆی لە خۆیدا پێویستی سیستەمی سەرمایەداری هەن یان نا؟ تەنانەت لەوپەڕی گەشە کردنی ئابووری دەستووری، ئەوەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوونی بوو، لە بازاڕەکانیشدا بوونیان بوو و لە هێندێ شوێن بە شێوەی بازاڕی رەش یان ئابووری رەش لە بەشی دەوڵەتیدا گەشەیان کرد. لەبەر ئەمە، واتای بازار ناکرێ بەرتەسک و سنووردار بە سەرمایەداری بزانرێ.[٧٢]

ئەمە ڕاستە کە سۆسیالیزم راشکاوانە سەرەی سەرمایەداری بووە. بەڵام جەوهەری ئەم رەخنە نەگونجاو و ناهەموار بووە. بەشێوەی گشتی، سەرمایەداری لە

نێوان سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ ئاستەنگی، نەداری و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان رووبەڕوو بۆتەوە. رەخنەی باسکراو هەمیشە هاوکێشی سەرمایەداری بوو. بێجگەلەمەش سەرمایەداری بەدیهێنەری تەرازووی سەرکردووی نایەکسانییەکان و خولقێنەری تەنینەوەی ناخی کۆمەڵگایە. ئەم نەزمە بە هۆکاری سەرهەڵدانی بینینە زیانهێنەرەکان، دژی کومەڵگە و بەدیهێنەری پێشبڕکێی دەزانن. بەکارهێنانی تایبەتی و رازیبوونی ویستەکان لە قەڵەم دەدرێن، ئێستاکە بەرژەوەندی گشتی و سوودی کۆمەڵگە و رازی کردنی ویستە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەکەونە بەر پەلاماری فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە، دەرەنجام سەرمایەداری هۆکاری لاواز کردنی دۆستی یەکگرتوویی و هەرەوەزە. وێنە بلاوکراوەکانی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کۆنترۆڵنەکراو و سەرەڕۆیانە و دڵخوازانەن. هەمیشە سوود لەسەر دروستکردنی کەرەسەگەلی زەرووری و بەهرەدار دەخرێتە پلەی یەکەمەوە. لەبەر ئەمە سەرمایەداری لەزەتی بەهرە وەرگرتن و جوانیناسینی ئامراندن و داهێنان لە ناو دەبا. بەرهەمهێنان بە پێوارەی ئامانجی سوود و زیان دەپێورێ و لە خەرجە گشتییەکان غافڵ دەمێنێ. خەڵک خۆشیان بە چاوی کەرەسەگەلێک کە بۆ کڕین و فرۆش دەبێ، سەیری دەکەن.

زۆر لە سۆسیالیستەکان ئالیاژ (داڕشتە)ی رەخنە باسکراوەکان لە کلاوڕۆژنەی ئەخلاقییەوە چاویان لێکردووە. بە بۆچوونی تاونی و سۆسیالیستە ئەخلاقییەکان، سەرمایەداری لە بناخەوە مابێتن دژی ئەخلاقە و سیستەمی بایەخی دروست هەیە. هەتا کاتێک ئەم بایەخانەی سەرمایەداری مابێتن، کۆمەڵگە هەرگیز توانای گۆڕان، ریفۆرم یان باشتربوونی خۆی نییە. بەم حاڵەوە سونەتی مارکسیستی کلاسیک، تەنانەت کاتێک دەیهەوێ چاو لێکردنی مرۆڤدۆستانەی هەبێ، زۆرتر بە چاوی جەبری مێژووی سەیری چارەنووسی سەرمایەداری دەکا. سەرمایەداری بە ناوی شێوەی بەرهەمێنانی لەباری مێژووییەوە مەحکووم بە رووخانە، ئێستا ئەم کارە چ بە شێوەی حاشاهەڵنەگر لەسەر بنەمای یاساکانی ماتریالیزمی دیالێکتیک فۆرم بگرێ، چ لە لایەن رووخانی راستەوخۆی شۆڕشەوە، یان لە رێگای وردبینی بەرین کردنەوەی فیکری و سیاسییەوە. لەم روانگە ئەخلاقییەوە پێگەیەکی بەرچاوی بوو. لەم دوایانە، ئەو جۆرە

که وترا، هێندێ لە حزبە کۆمۆنیستە ئەوروپاییەکان ئەم ڕێکەوتنەیان بە جۆرێکی قابیلیەکانی ئەمە بوو کە سەرمایەداری هەم ناکارامە و هەم ئیسرافکارە، لە بەڵگەی دواییدا جێگایەک بۆ جەبری مێژوویی و ئەخلاقی بوونی نەبوو. سەرمایەداری دەزگایەکی دەوڵەتی لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی سۆسیالیستەکان، دەبی لە نێو بەرێ هەتا ئابووری کاردانەوەی خۆی بەدەسبێنێتەوە، بە رادەیەک کە ئەشراف بەرژەوەندی مرۆڤی لە باریِ ئەخلاقییەوە سەرکۆنەی کردووە، لە باری پێکهێنانی نایەکسانییەوە ئەوندە سەرکۆنە نەکراوە.

هەروەها دەبێ بوارێ کە هەر لە بەرتەسکی ئەم بەڵگەدا، پێگەکانی روانگەی ئابووری سۆسیالیستی بە رادەی رەخنەکانی ئەو لەسەرمایەداری هەمەچەشنە و جۆراوجۆرە. لە روانگەی ئابووری مارکسەوە، روانگەی ئابووری ریکاردۆ و کلاسیک، نووسراوەکانی نئۆکلاسیکی ویک ئیستید واج وۆرس، کنزگرای، هەموویان لە لایەن رێبازە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزمەوە بۆ لێکدانەوەی سیستەمی سەرمایەداری کەڵکی لێوەرگیراوە. لە راستیدا دەربارەی سۆسیالیزمی لایەنگری دەوڵەتی ریفۆرمخواز لە بریتانیا لە ١٩٤٥ هەتا دەیەی ١٩٧٠، منیارد کینزی، سۆسیال لیبرال بێگومان بەنفووزترین ئابووریزان بووە.

هەروەها ئەگەر بریکارانی سۆسیالیستی بەجێی سەرمایەداری بۆی بڕوانین، لەگەڵ پلانە زۆر جیاوازەکان و زۆر جار دژیەکتر رووبەڕوو دەبینەوە. دۆزە سەرەتاییەکان کۆمەڵێک لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان بەرفروانیان کردووەتەوە کە جەوهەری دژی سیاسیان بوو. نووسەرانێکی جۆربەجۆری وەکو ویلیام مۆریس و شارل فەریە و پاشەڕۆژێکی غەیرە پیشەسازی، بێدەوڵەت شەریکەیی و شوانانەیان گەلاڵە گرتووە. لەم جۆرە کۆمەڵگەدا کار دەگۆدرێ بە لەزەتی جوانیناسانە و هەستی دەور و ئەرکی مرۆڤەکان نابێ سابت و وەک خۆی بمێنێ. تەولید بە دروستکردنی کەرەسەی جوان دروستکراو بۆ رازیکردنی ویستەکانی مرۆڤ دانراوە. مارکسیزم لەگەڵ گۆڕینی خۆی، بە پێچەوانەی ئەمەکە زۆر جار باوەڕی کۆمۆنیستی ناکۆی شاراوەی بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو پێشنیار دەکا. بە کردەوە لایەنگری کۆمەڵگەی تەواو پیشەسازی خاوەن پلە، رێککراو و لەژێر چاوەدێری دەزگای دەوڵەتی دایە. ئاوابوونی نیعمەت لە کۆمەڵگەی

داهاتوو و لەژێر ڕێنوێنی پیشەسازییە دەوڵەتییەکاندا حەقیقەت دەسەلمێنێ. ئەو جۆرە کە باکونینی ئانارشیست لە ساڵەکانی سەرەتای مارکسیزمی کلاسیک پێشبینی کردبوو، دەوڵەتێکی سەرەڕۆی نوێ لەم باوەڕە مارکسیستە سەرهەڵدەدا. لە ساڵەکانی دواییدا بەتایبەت پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، مارکسیستەکان هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ لایەنگەلێک لە ئابووری بازاڕی بگونجێ و هاوئاهەنگ بکەن.

سۆسیالیستەکانی دەوڵەتی ریفۆرمخواز ئەم سەدەی بەرینبوونەوەی پیشەسازییەیان بە باوەشی کراوە قبووڵ کردووە، بەڵام وەک هەمیشە هاوکات لەگەڵ خاوەندارێتی تێکەڵ بەتایبەتی و گشتی، پرۆژەی خۆماڵی کردنی بەرینکراوە هاوکات لەگەڵ بەشی بازاڕی ئازاد.

سۆسیالیستە زۆرینەخوازەکان وەڵامگەلێکی جیاوازیان بووە. هەندێکیان وەکو ئا. ج. پنتی بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی دژی پیشەسازی، شوانی و سەدەکانی ناوەڕاست بانگهێشت دەکەن. ئەوانی دیکە، وەک گشت باوەڕیان هەیە کە سەرمایەداری، (بەڵام نەک پیشەسازی بوون) و سیستەمی هەقدەستی وەلابنرێن و ئابووری لەسەر بنەمای ڕێکخراوە مەدەنییەکان پیشەسازی قبووڵ بکرێ.[٧٣] ئەم کارە دەتوانێ بە کۆنترۆڵی نرخەکان، هەقدەستەکان و تەبا و ڕەبایی ئەندامەکان کۆتایی پێ بێ. وەها سیاسەتێک لەسەر پاککردنەوەی کۆ و پاککردنەوەی دەوڵەت پێ دادەگرێ. سۆسیالیستە دەوڵەتخوازەکان لەم ڕوانگە هێشتا هەر ڕەخنە دەگرن.[٧٤]

سەرەنجام، لە ساڵەکانی دوایدا کۆششێکی بە تەوژم بۆ سەپاندنی سۆسیالیستەکان بە ئاوڕدانەوەیەک لە واتای بازاڕ و جیاکردنەوەی ئەو لە سیستەمی سەرمایەداری بەڕێوەبراوە. لە بریتانیا ئەم دۆزەیان تا ڕادەی هیوگیت ئەسکل و سوان دوربان پەروەردە کردووە. زۆر لە دۆزە ئابوورییەکانی سۆسیالیستی لە ئەندێشەی سیاسی ئەڵماندا ڕەواجیان پەیدا کردووە. لە بریتانیا کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی (ئەنجوومەنی فابیانەکان) و (گروپی فەیلسووفانی سۆسیالیست) لە دەیەی ڕابردوودا بە ناوی وەڵام بە پێشنیارە ئیدئۆلۆژییەکانی (ڕاستی نوێ) بەرەو سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕ ڕۆین. حزبە کۆمۆنیستییەکانی وەک حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، هەروەها لەم ماوەدا خەتتی میتۆدیکی ئاست ناسکتر سەبارەت بە بازاڕەکانیان گرتەبەر. دۆزی سەرەکی ئەمە بوو

که سۆسیالیزمی لایەنگری بازاڕ نە بەتەواوی سەرمایەداری خالیسە نە کۆکراوەی دەوڵەتی، هەرچەند حەز دەکا لە کۆمەڵگادا (دەسەڵاتێکی بەرینتر بڵاوکرابێتەوە... بەرژەوەندی خاوەنەکانی سەرمایە، کرێکاران و بەکارهێنەران هەموویان وەک یەک و بە یەکسانی، بێئەوەی کەسی لە پێش بێ، بەرچاو بگیرێ).[٧٥] بازاڕ، بڕوا لەسەرمایەداری، مومکینە بە ناوی ئامێری تایبەتی سوودمەند بۆ کەرەسەکان وخزمەتگوزاری بپارێزرێ. دەبێ گشت مەدەنییەکان بتوانن بە ئینسافانەترین شێوە کە دەکرێ بێنە بازاڕەوە. بایەخی بەرامبەری ئازادی بۆ هەموو مەدەنییەک، بە هەمان پێواری پرەنسیپی یەکسانی لە ئازادیدا بایەخی هەیە. بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی پلەی بازاڕ، لەگەڵ کەڵک وەرگرتن، لە ئازادیمان و فۆرم دان، بە ژیانمان پێویستیمان بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەیە. پارێزگارانی پاک و خاوێنی و دەرمانی تەواو و فێرکردن و پەروەردە دەتوانن بنەڕەتی ئامێری هەڵبژاردنی تەواو بەدیبێنن. لەم ڕێیەوە ئابوورییەکی بازاڕی سۆسیالیستی مومکینە گەشە پەیدا بکا و لانی زۆرینەی یەکسانی و ئازادی بدا بە دەستەوە. بەرنامەدانانی دەتوانێ ئێستاش بوونی ببێ، بەلام دەبێ لە بابەت تایبەتمەندی لەگەڵ دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ جیاوازی بێ.

بەگشتی، لێدوانە ئاساییەکان لەم بوارە دایە کە لەوەیکە بە ئابووری میتۆدییەکانی دەوڵەتی و خۆماڵی کردنی سەرانسەری پێوەندی دەبێ بپچڕێ و هەروەها دژایەتی کردن لەگەڵ بازاڕەکان (بەتایبەت لە ئەورووپای ڕۆژهەلات پاش ١٩٤٥ بلاوە بوو) کارێکی درۆزنانەیە. سۆسیالیزم، وەکو زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکان هی ڕوانگە بەرینەکان زیرەکانە و زۆرجار دژایەتیان هەیە..

دەرەنجام

ئێستا وا نیشان دەدا کە شێوەیەک لە سۆسیالیزمی دیکە داهاتوویەکی نییە. یەکێک لە سەرکەوتووترین پرەنسیپی سونەتی سۆسیالیستی لە سەدەی بیستەم (مارکسیزم، لنینیزمی نرێخراوەیی کراو) لە دەیەی ڕابردوو لەگەڵ ڕووخانی ئەورووپای ڕۆژهەلات و لابردنی ئەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت بەجێمابوو بە ئابوورییە بازاڕییەکانی یان لانیکەم ئارەزووی بەرینبوونەوەی لەم لایەنەوە، خەسارێکی مەرگهێنەری وەرگرت. ئەم زەربە

هەرچەند رەنگە بۆ ئەستێور و نەزۆک کردنی سۆسیالیزمی مارکسیستی لەگەڵ ئابوورییە میتۆدییەکان مەرگهێنەر و چارەنووسساز بووبێ بە کولۆەنجێک بۆ سوننەتی بەربلاوی سۆسیالیستی بە شێوەی گشتی (کە هێشتا مارکسیزمی بە شێوەی جۆراوجۆر قبووڵە) و پێویستانە لە دووی لە نێو بردنی بازارەکان نەبووە، مەرگهێنەر نییە. سۆسیالیزمی لایەنگری دەوڵەتی ریفۆرمخواز لە دەیەی رابردوودا رەخنەگەلێکی راستەقینەی زۆری هێنایەوە سەر خۆی، ئەگەرچی گرێدراوی ئەو بە هێندێ جۆرەکانی سیاسەتی خۆماڵی کردن تووشی سەر لەبەردانی کردووە. بەم حاڵەوە، لەگەڵ ئەمەی کە هێڵی میتۆدەکانی خۆماڵی کردن لە پشتگری هێندێ لە ریبازەکانی هەم پارێزگاری و هەم لیبرالیزم بەهرەمەند بووە، تاوانەکە بیر لە شکانی سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز بکەینەوە. زۆرتر روانگەگەلی سۆسیالیستە ئەخلاقییەکان، دەوڵەتی ریفۆرمخواز و لایەنگرانی بازار بە باشی توانای ئەوەیان هەیە کە خۆیان لەگەڵ روانگە هاوچەرخەکان دەربارەی بازار بگونجێنن.

واتاکانی سۆسیالیزمی لایەنگری بازار و ئابووری بازاری سۆسیالیستی تاقمێک لە بیرمەندانی سۆسیالیست هەڵیان سەنگاندووە. لە راستیدا بە هۆی دەستێوەردانی بەرچاو نێوان ئەم سوننەتانە و سوننەتەکانی سۆسیال دیموکراتیک و لیبرالی نوێ، ئەوانە یەکێک لەبەرهەمهێنەر بیرکارەکان هەم بۆ سەرمایەداری پارێزگار و هەم سەرمایەداری لیبرالیان بەدیهێناوە. ئەو جۆرەکە لێداوانی ئیدئۆلۆژیکی سەرکەوتوو لە دەیەی رابردوو لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکیهێناوە. سۆسیالیزم لەگەڵ بوونی مەترسییە ئاشکراکانی هێندێ لەو شێوە مەیلیشی بەرەو حەسرەتی کۆمەڵگەی شەریکایەتی پێوەندی جارجارەشی بە دەوڵەتخوازی مکانیکی و هەلبژێرخوازی، هێشتا سوننەتی ئیدئۆلۆژیکی سوودبەخش گونجاو دەدرێتە قەڵەم، کە لە سەدەی بیستەمدا بایەخێکی مەزنی بۆ لە یەکگەیشتنی مرۆڤایەتی و ئارمانجە ئەخلاقییەکان هەیە.

بەشی پێنجەم

ئـــەنـــارشـــیزم

لێدوان لەمەڕ سۆسیالیزم لەراستیدا سەر لە دیالۆگ لەمەڕ ئانارشیزم دەردێنێ کە هەر دووکیان لە هێندێ بابەتی عەزمەکانەوە ئیدئۆلۆژیایەکی هاوبەشیان هەیە. بڕێک لە دۆزەکان و ڕێبازە ئانارشیستەکان بە ناوی شێوەی سۆسیالیزم خراونەتە ریزەوە و هەر بەم جۆرە هێندێکی دیکەش بە شێوەی لیبرال خراونەتە ریزەوە. لە راستیدا ئانارشی لەگەڵ هەر دوو ئیدئۆلۆژی شێوەی هاوبەشی هەیە.

واژەی ئانارشی لە دوو وشەی یۆنانی an بە واتای (بەبێ) و arkhê بە واتای (حکوومەت) پێکهاتووە کە لەبەر ئەمە وەرگێڕاوی وشەیی ئەو بەبێ حکوومەت یان بەبێ فەرمان مانا دەدا. واژەی «دەولەت» (بەجێی حکوومەت یان فەرمانڕەوایان» لە سەدەکانی نۆزدە و بیست بەکاربراوە. رەنگە پۆشراوەیەک لێرەدا بێتەپێشێ کە لەمپەرێک بێ بۆ تێگەیشتنی ئاشکراتری ئیدئۆلۆژی. دۆز «بەبێ دەسەلات یان مەرجەعییەت یان یاساکان» کە بەش بە حالی خۆی تاوانی وشەیی شتێکی هاوکێش لەگەڵ بێسیستەمی و بێسامانی و کەس لە کەس چەواشەکاری دێنێتە ئاراوە. دەتوانین ئەم دوو واتا لە ئاخاوتندا ئاسایی قبووڵی بکەین، واتە کاتێک مەبەستمان لە ئانارشی جۆری ژیانی بەبێ حکوومەت بێ یان بە شێوەی گشتی ڕێنوێنی کەس لە کەس و هەرج و مەرج بکا.[1]

ئانارشیستەکان بەراستی بەم تێکەڵ بوونی واتایانە لە قسەدا نارەزایەتیان هەیە. هەمیشەش لەگەڵ ئەم فیکرە کە ئانارشی بە واتای وێرانگەری و نالەبارەیە، نارەزایەتیان دەرنەبڕیوە. تێکەلاوبوونی کاکڵی ئەندێشەی ئانارشی کە هەم لایەنگران و هەم رەخنەگران بەم ڕێبازە لەسەر ئەوە تەئکیدیان هەیە، هۆی سەرهەڵدانی تەنزەکان و گاڵتەجاڕگەلێک بووە. رستەی بە ناوبانگی باکونین ئانارشیستی رووسی کە (مەیل بە وێرانی مەیل بە سازکردنەوەیە) هەر رەنگ و بۆی ئەم دوو لایەنییە تەنزاوییە مانای هەیە. بێگومان ئەدەبیاتی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە کێشانەوەی وێنەی ئانارشیستەکانەوە

سەرقاڵبوون، وەک کتێبی راسپێردراوی نهێنی، جۆزێف کێنراد یان ژێرمینال زۆلا، هەر بەم دوو لایەنە نییە و شاراوەیەی واتا کایە دەکەن.

بەم حاڵەوە، ئەو جۆرە کە پێشتر توێژەران باوەڕیان هەیە، ئانارشی خۆی بە شێوەی بزووتنەوەی ئیدئۆلۆژیکی، پێناسەکردنی لە چوارچێوە و قەوارەی خۆیدا دژوارە. ئەم ئیدئۆلۆژییە، وەکو ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە، زیندەخەوێکی بەربلاو لە دۆزەکان دەگرێتەبەر.[٢] لەبەر ئەمە، نابێ دەربارەی ئەو بە ساویلکەیی چاوی لێبکرێ. ئەم کارە هەر تەنیا هەڵقولاو لە کۆمەڵێک لایەنگرانی ئانارشی نییە بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەوە پێوەندی بە مەسەلەگەلێکی باس هەژێنەوە هەیە کە لە ناوەڕۆکی ئیدئۆلۆژیدا خۆی دەبیننەوە. بۆ وێنە ئایا واتای «بێدەوڵەت» خۆی لە خۆیدا بە واتای «بێ حکوومەت»یە؟ ئایا ئانارشیستەکان هەموو جۆرە دەسەڵاتەکان رەت دەکەنەوە یان لە نێوان دەسەڵاتەکاندا جیاوازی دادەنێن؟ ئایا جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتی زاڵ و دەسەڵاتی ئەخلاقی بوونی هەیە؟ ئەگەر دەوڵەت لەوانەیە حکوومەت، بوونی نەبێ، ئایا هەستییەکی کۆ، وەک کۆمەڵگە دەمێنێتەوە، ئایا کۆمەڵگە بریتییە لە کۆیەکی ساکار و بەسەریەکداکەوتووی تاکەکانە یان یەکگرتوویەکی زیندوو و ئۆرگانیک دەدرێتە قەڵەم.

ئەو جۆرە کە بەر لەمە، لە بەشی ئیدئۆلۆژییەکان باسی لێوەکرا، سەرچاوەی وشەی ئانارشی تا رادەیەک تازەیە. ئەم وشە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتە ناو پیتە سیاسییەکانەوە. یەکەم کاردانەوەی پیتێک کە هێمای رێنوێنی لەسەر لایەن دیاریکردنی سیاسی بوو لە کتێبی پیتێر ژووزێف پرۆدۆن بە ناوی خاوەنداری چییە؟ هەڵسەنگان لەمەڕ پرەنسیپی ماف و حکوومەت دەبینرێ. ئەم کتێبە نەک هەر تەنیا رستەی بەناوبانگ (هەر خاوەندارییەک دزییە)ی داهێنا، بەڵکو بەیانێکی ئاشکرا لە ئانارشی بوو. ئەو جۆرە کە پرۆدۆن گوتوویە: پرۆدۆن ئانارشیی بە شێوەی (لە دەسدانی ئەرباب و دەسەڵاتدار) پێناسەی دەکرد.[٣] ئەم وتەیە و دەربڕینێکی لەو بابەتانە لە کتێبەکەیدا بووە هۆ کە پرۆدۆن ناوبنێن (باوکی ئانارشی).

بەر لە پرۆدۆن، ئانارشـی زۆرتـر وەکـو وشـەیەکی نـاخۆش بـەکاردەبرا کـە نیشاندەری چەواشەکاری و بێسیستەمی بوو. لەم حاڵەتەوە وەک جوێنە تەنانـەت هەتا (نێونەتەوایەتی یەکەم) برەوی بوو. لـەم رووەوە، بـاکونین لەسـەرەتادا لـەم واژە بۆ باسی خۆی سـوودی نەدەویـست. ئـەو لـە کۆتـایی دەیـەی ١٨٦٠ واژەی (لایەنگری خـاوەنـداریتی هاوبـەشـی) بـە باشـتر زانی کـە لـە راسـتیدا ئـەوی لـە پێرەوانی پرۆدۆن هاوێر دەکرد.[٤] بێجگە لەمە، لایەنگرانی خاوەنداریتی هاوبەشـی پێویستانە دژی دەوڵەتخواز نەبوون. تا رادەیەک کە هەتا ماوەیەکی زۆر هێندێ لە ئانارشیستەکان بارودۆخێکی نالەباریان لەگەڵ بـاکونین دەبردەسـەر. لـە لایـەکی دیکەوە، مارکس بە شێوەی وشەیەک سووک کەڵکی لە (ئانارشیـست) وەردەگـرت و بەم شێوە نەک هەر بێکردەوەیی سۆسیالیستە خەیاڵییەکان، بەڵکو لـە روانگـەی ئەوەوە کەسـانێک کـە دەیانویـست (نێونەتـەوە) چەواشـە کـەن، دەیخـستنە بـەر پەلامار. نووکی هێرش و رەخنەی ئەو زۆرتر رووی لە باکونین بوو، کە دەرەنجام لەسەرەتادا بریاریدا لـەم واژە دوور کەوێتـەوە. پاشـان نـاوزەدی (ئانارشـی) لـە کۆنگرەکانـدا مێـژووی پێچـەڵاوپووچ و پرگـەوەی پێـوا و لەسەرانـسەری دەیـەی ١٨٨٠دا بوو کە لەم پیتە بە شـێوەیەکی بـەربڵاوتر لـە ئـەوروپا و ئـەمریکا کەڵـکی لێوەردەگیرا و لەسەر بزاڤی هەمەلایەنـە ئـازاد کـرا و هەڵوێـستێکی دیـاریکراوی ئیدئۆلۆژیکی گرت بە خۆوە.[٥]

پێگەکانی ئەندێشەی ئانارشیستی

لێدوانەکان لەمەر پێگـەکانی ئانارشـیزم دەتـوانین بـە سـێ جـۆری پرەنـسیپی دابەش بکەین. لەمەر جۆری یەکەم پێویست ناکا دابمێنن. ئەمە کەسانێکن کە دەڵێن ئانارشیزم لە بناغەوە هەڵوێستی جیهان وەتەن و بەربڵاو و رێبازی بـێ مێـژوو و ئازادیخوازە. ئەم تاقمە لەسەر ئەو باوەرەن کە لە چاخی نووسـەرە یۆنانییـەکانی دێرین بە دوا دەتوانین بۆچوونە بەیانکراوەکانی ئانارشیستی بە دەس بێنین. بـەم جۆرە هەروەها تەئکید کراوە کە ناوەرۆکی ئانارشیستی لە نووسراوە دێرینەکانی

چینی وەکو تـائۆدی چنگدا دەسـدەکەوێ. نووسـەری ئانارشیـستی هاوچـەرخی ئەمریکایی جان کلارک ئەم ئاسەوارەی تائۆئیـستی وەکـو «یـەکێک لـە مـەزنترین ئانارشیـسته کلاسـیکییەکان» بـاس دەکـا.[٦] هـەموو نووسـەران و بزاڤـە ئازادیخوازەکان بە گشتی لە سەردەمی سوقراتەوە کەوتوونەتە ئـەم گـشتەوە کـە لە ڕێزەی ئەم نامە نووسینە گشتی و پاسایە دابنرێن. سۆفستایەکان «دانـراوە بـە سەفسەتە، ڕێبازە فەلسەفی کە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە میلاد لـە یۆنـان سـەری هەڵداوە»، هەلاوەنگامەنانەوە، ئانارشیستەکان و بزاڤە کولتوورییەکان لـە دەیـەی ١٩٦٠ بەشـێک لـەم ڕووداوە پرکێـشە ئازادیخوازانـە دانـراون. لێـرەدا جۆرێـک بێهێزی و خـاوی پرەنـسیپی یـان نـەزانی فیکـری بـوونی هەیـە کـە لـە هۆکـارە مێژووییەکان و کۆمەڵناسی بێ هەواڵ ماوەتەوە.

بۆچوونێکی دەرەکی وەک ئەوە لەمەڕ زۆرتری ئیدئۆلۆژییەکان و ئاشکرا کـردنی ئەوانە دەکرێ پەیدا بکرێ. لێرەدا حەزێکی بەهێز بۆ دۆزینەوەی (تۆرەمەی دێرینە) بۆ هەموو ئیدئۆلۆژییەکان بوونی هەیە کە زۆربەیان پارێزی فیکر بۆش دەکاتەوە.

بینینی دووەم پرەنسیپێکی زۆر زیاتر باوەڕپێکراوی هەیە. ڕیشەی ئـەم بینینـە لە دوو گەڕانێکی مـرۆڤناسـانەیە کـە لـە دەسـپێکی سـەدەی نۆزدەیەمـدا لەگـەڵ نووسەرانێکی وەکو لۆئیس مۆرگان دەسپێکرد. کێشەی سەرەکی لێـرەدا ئەوەیـە کە ئانارشیزم بە شێوەی زگماک دەکرێ لـە جـۆری کۆمەڵگە سـەرەتایەکانی بـێ ڕێبەر یان بێ فەرماندە لەسەرانسەری جیهان پەیدا بکـرێ. مـەزنترین وێنـەی ئـەم بـاوەڕە بـەهێزترە دەتـوانین لـە کتـێبی پیتێـر کروپـوتکین بـە نـاوی «یارمـەتی بەرامبەر» (١٩٠٢) ببینین. جۆری نوێی ئەم کێشە لەگەڵ ڕیشە فیکرییە جیاوازەکان لـە کتـێبی مایکـل تـایلۆر بـە نـاوی کۆمەڵـگەی هاوبەشـی، ئانارشـی و ئـازادی خراوەتەبەر دەست، بە نووسراوەی تایلۆر: (لانی کەم لە هەموو تافەکان لە خولی مرۆڤـی ئەندێشەپیشەوە، مـرۆڤ لـە جـەماوەری هاوبەشـی «سـەرەتایی» بـەبێ دەوڵـەت ژیـانی کـردووە).[٧] زۆر لـەم کۆمەڵـگەیانە دەکـرێ نـاوی کۆمەڵـگەی سەرەتایی ئانارشیستی بـۆ دابنـێن. ئـەو جیـاوازی لـە نێـوان هێنـدێ جۆرەکـانی

کۆمەڵگەی سەرەتاییدا دادەنێ و تێدەگا کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگاکان «بێ فەرماندە و بەرپرس»، «پێوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ ئانارشی نەگۆڕدا هەیە».[8] تایلۆر لەگەڵ داکۆکی لەم باوەڕە دەڵێ:

نازانم چۆن کەسێک کە هۆگری بە ئانارشی یان کۆمەڵگەی هاوبەشی ببێ دەتوانێ لە تۆژینەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە خۆبپارێزێ؟ چۆنکە لانی کەم تاقانە وێنەکانی مێژوویی ئانارشی و وێچووی ئانارشی پێکدێنن و وێنە گرنگەکانی کۆمەڵگەی هاوبەشی لە بابەت واتاوە ئەم وشە بەکاردەبرێ.[9]

لەم ڕوانگەوە دەربارەی پێگەکانی ئانارشی مەسەلەگەلێکی زۆر دێنێتە ئاراوە. هێشتا بیچمێک لە ڕوانگەی (بنچینەی دێرین) لێرەدا بوونی هەیە. ئەگەرچی زۆربەیان بەیان نەکراوە، کە باری بەرپرسایەتی بۆ ئانارشیزمی کۆمەڵناسی و مێژوو بەجێدێڵێ. جیهانبینی واتای درۆزناە سێبەری بەسەر ئەم ڕوانگەدا کشاوە. هەر چەند ئەمە کە پێشمەرجی ئەو لەسەر واتا باوەڕپێکراوەکانی عەقڵخوازی مرۆڤناسانەی سەدەی نۆزدەیەم خۆڕاگر بێ. دەربارەی هەموو جۆرە ڕێکخراوەکانیش جۆرێک ساویلکەیی لە ئارادا هەیە. چونکە کۆمەڵگای بێدەوڵەت یان بێبەرپرس و بێپیشە وابووە پێویستانە بەو مانا نییە کە بکرێ ئەوە لە ڕیزەی ئانارشی تایبەتی سەدەی نۆزدەیەم بدرێتە قەڵەم. ئایا ئەمە شێوەیەکی دیکە لە ڕێکخراوەی کۆمەڵگە نەبووە؟ بۆچی حەز دەکەین ئەم دیاردانە لە ئاخاوتنە ئیدئۆلۆژییە هاوچەرخەکاندا بگونجێنین؟ جگە لەمە، ڕوانگە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگە سەرەتایانە لەگەڵ ئانارشی دنیای سەدەکانی نۆزدە و بیست جیاواز بووە. لەبەرئەمە، دیسان پرەنسیپی کەمبینانە و تا ڕادەیەک ڕۆمانتیک لە کۆششی بۆ وێنە نوێنی ئەم دنیا جیاوازانە دان. وا دەنوێنێ و نیشیان دەدا کە لە پشتی ڕێنوێنە عامەپەسندەکانی ئەو وەحشییە خاوەن شەرەفە، ژان ژاک ڕۆسۆ شاراوەتەوە. لە ڕاستیدا شێوەگەلی باوەڕی و جۆری کۆنترۆڵ لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا دەبێ خراپتر و توندوتیژتر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی نوێ بزانرێ.[10] زۆر لەم کۆمەڵگە سەرەتاییانە لەگەڵ ئەوەیکە

دەســەڵاتی فرەلایەنــەی دەوەڵــەتیان لــە دەس دابــوو، بــەڵام لــە ســێحربازی و جادووگــەری، دەمــارگرژی، هەرەشــە و دوژمنایــەتی رووبــەڕوودا دەتلانــەوە و بێگومان وێنە خێرخوازەکان بۆ ڕێزلێنانی بەرامبەر یان ئازادی نەدەدرانــە قەڵــەم. ئەو جۆرەکە لە پرسینەوە لەم گروپە سەرەتاییە هاتووە:

نەبوونی دەوڵەت بە شێوەی ئـامێر یـان میتۆدێـک لـە ڕێکخـراوەی کۆمەڵـگەدا پێویستانە بە واتای لە دەسدانی ئەو شتە ناپێویستانە نییە کە بمانـەوێ ئەوانـە لـە کۆمەڵگەی ڕۆژاوایان پاک کەینـەوە کـە بـریتین لـە: پێـشبڕکێ و خـەبات، دابـەش کردنی چینایەتی، لە پلە و پایـە گـەڕان و جێخـوازی، سـەرەڕۆخوازی، بەرتەسـک کردنەوەی ئازادی تاک و... قبوولکردنی ئەم دیرۆکە تا ڕادەیەک دەرەنجامی حەز و مەیلی سەدەی نۆزدەیەم دۆزینەوەی ئاشکراکانی یەک هۆیی جیهانبینینە.[11]

ڕوانگەی سێیەم دەربارەی پێگەکانی ئانارشیزم تا ڕادەیەک منداڵـی پڕەنـسیپی ڕۆشنبیری و شۆڕشی مەزنی فەڕانسا دەدرێتە قەڵەم.[12] بێجگەلە ویلیـام گـودوین (١٨٣٦ـ١٧٥٦)، کە لە مژینی مەمکی یەکێک لە بزاوتـە فرەکـانی شۆڕشـی فەڕانـسا فرچکی کردووە؛ واتای ئانارشـی بـە دڵـنیاییەوە بـەیان کـرد، ئانارشـی بـۆ خـۆی بەرهەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە. سەرهەڵدانی بەهێزی ئەو لە دەیـەی ١٨٨٠دا کارێکی تەسادوفی نەبوو. دەتوانین ئانارشی بە شێوەی خاڵێکی بەیەکگەیشتن یان بۆشایەکی نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم بدەینە قەڵەم. ئەو جۆرە کە ئانارشیـستی ئەڵمانی بە دروستی دەڵێ، ئانارشیزم (جەمسەری بەیەکگەیشتنەوەی دوو بزاوتی مەزنە کە لە دەسپێکی شۆڕشی فەڕانسا و لە ماوەی ئەو جیلوە تایبەتیانەی کـە لـە ژیانی فیکری ئەورووپادا بوویانە: سۆسیالیزم و لیبرالیزم).[13] ئەمە بەو مانا نییە کـە ئانارشی خۆی خاوەنی سیفەتێکی جیاواز نییە، بەڵام ئەمە بووتـە هـۆی کـە نێـوان ئەو و گشت ئیدئۆلۆژییەکان دەستێوەردانێکی گرنگ ئەنجام بدرێ.

خولی بزووتنەوەی ئانارشیستی دەکرێ لـە دەیـەی ١٨٨٠ هـەتا دەیـەی ١٩٣٠ دابنرێ. شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا شاهیدی دواکۆششەکانی ئەم بزاڤە بۆ پێکهـاتنی جەماوەرە ئانارشیستەکان بوو، هەڵبەت ئەگـەر بزووتنـەوە دژەکـەلتوورییـەکانی

دەیەی ١٩٦٠ لە بەرچاو نەگرین.[١٤] ئانارشیستەکان لە بناغەوە لە لێواری دوو شۆڕشی گرنگدا بەرەنگاریان بوونەوە:

یەکیان لە رووسییە بوو و ئەوی دی لە ئیسپانیا. لە هەر دوو جێ ئەوان بە توندی سەرکوتکران و لەناوچوون. لە وێنەی ئانارشیستەکانی ئۆکراین بە رێبەرایەتی نستۆر ماکنۆ پاش شۆڕشی رووسیە، سەرکەوتنی ئەوان لە هەموو خولەکانی شەڕدا درێژەی پێدرا. ئەمەکە ئایا بزاڤی ماکنۆ بزاڤێکی رەسەنی ئانارشیستی بووە یان نا، لەگەڵ سەرنجدان بە بارودۆخی تایبەتی جەنگی کارێکە بۆ لێدوان دەبێ.[١٥]

کۆمەڵێک لە نووسەران گوتوویانە لە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکەکانی ئانارشیستی دەکرێ لە بزاڤە دژی کەلتوورییەکانی لە دەیەی ١٩٦٠دا ببینرێ. مەسەگەلێکی وەک گەشەی پیشەسازی، دەسەلاتی ناوەکی، پیسکردنی ژینگە، هەڕەشەی ئالۆزی ژینگەی پێگەی جیهانی، بەهێزکردنی دەسەلاتی دەولەت و شەڕ، بەرەیەکی نوێی لەگەڵ هەستە ئانارشیستییەکان بەدیهێناوە. لە دەیەی ١٩٦٠ نووسەرە ئانارشیستەکانی وەک پول گودمەن، ئالێکس کافورت، لکین وۆرد و بەتایبەت مورای بوکچین هەموویان لە دەلاقەی ئانارشیستییەوە بۆ ئەم ناوەڕۆکە دەڕوانین.[١٦] بەرەی نوێ لە چاپەمەنی وەکو دیراون، تلۆس، هاربینگێر و بلەک رۆز هەر بەو جۆرە رەخنەی ئانارشیستیان بڵاودەکردەوە. بێجگەلە مانە نووسینگەی بلاوکردنەوەی وەک فریدم رزپرین، پرین بلەک بە بلاوکردنەوەی برێکی زۆر لە نووسراوەکانی ئانارشیستی دەس بەکار دەبەن.

پرسیار ئەمەکە چۆن ئانارشیزم لە دەیەکانی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ پەرە و پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە؟ زۆر پێچراوەیە و وەلامدانەوە بەوە بۆ بازرگان تایبەتی کۆمەلگەکان دەگەڕێتەوە. بۆ وێنە هۆکاری پەرەی ئانارشیزمی رووسی بەگشتی لەگەڵ هۆکاری پەرەی شێوەی ئەمریکایی، ئیسپانیایی یان فەڕانسەوی ئەو جیاوازی هەیە. تا رادەیەکیش یەکلایەنی فیکری لە پێگەی شێوە جۆرەبەجۆرەکانی ئانارشیدا بوونی هەیە کە لە بەشی دوایدا لەمەڕ ئەو لێدوان

دەکەین. بەم جۆرە پێگەی ئانارشیزمی تاکخواز پێوەندی فیکری نزیکتری لەگەڵ لیبرالیزمی کلاسیکدا هەیە، ئێستا ئەوەی کە ئانارشیزمی کۆمۆنیست و لایەنگری روانگەی شەریکایەتی بە لێدوانە پڕ لە تەگبیر و را فیکرییەکان لەگەڵ بلانکیزم و مارکسیزم لە (نێونەتەوایەتی) پەروەردە کراون. لە دەیەی ١٨٨٠ بە دوا، ئانارشیستەکان لە گشت کۆمەڵگە ئەورووپاییەکان، و هەروەها لە هێندوستان، ئەمریکای باشوور، ژاپۆن و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریان هەڵداوە.

دۆزینەوەی بناغەی مەنتقێکی روون لەمەڕ پەرە و تەنینەوەی ئانارشیزم بەڕاستی مومکین نییە. رێنوێنی گشتی و سەرەتایی دەتوانێ ئەو خاڵانەی خوارەوە بگرێتەخۆ. لە سەدەی نۆزدەیەم هەیە دی جۆراوجۆری مێژووی مریانی تایبەتی هەین. گرنگترینی ئەوانە بریتییە لە گەشەکردن و زاینەوەی کۆی ولات، نەتەوەکان بوو کە زاینەوەی ئیدئۆلۆژییەکان لە کۆی لیبرالیزمی لەگەڵدا بوو. بێجگەلەمە، دەبێ ئاماژە بە پەرەساندنی سەرمایەداری پیشەسازی و شێواوە و راپەڕینە مەزنە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری و سیاسی و نارەحەتیگەلێکی هەڵقولاوە لەوانە بکرێ. یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم کارەساتە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی گوندیتر، پێکهاتنی دژایەتی نێوان شێوەگەلی پیشەسازی و وەرزێڕی لێکەوتەوە. لە خۆڕا نەبوو کە ئانارشیزم هەتا دەیەی ١٩٣٠ پالپشتی خۆی لە کۆمەڵگە گوندیترەکان و وەرزێڕی هێند، رووسیا، ئیسپانیا و ئیتالیای بەدەستهێنا.

پەرەگرتنی کۆمەڵایەتی ناوبراو هاوکات بوو لەگەڵ سوننەتی بەهێزی شۆڕشێک لە ولاتە ئەورووپایەکان. هێندێ لە مێژووەکانی ئەم سوننەتە بوو بە بەشێک لە پیرۆزە بوونی سۆسیالیزم و ئانارشیزم کە هەر کام لەگەڵ دەقی پێداهەلگوتنەکان یان نەبوونی یەک نەکەوتنی توند لەمەڕ واتای راستەقینەی ئەو لەگەڵدا بوون. شۆڕشەکانی سالانی ١٧٨٩، ١٨٣٠، ١٨٤٨، ١٨٧١، ١٩١٧ و ١٩٣٠ بە مەزندەی رووداوەیەک لە دووی یەک گۆڕانکارییەکانی پڕ لە داخوازی پیرۆزی دیاردەی ئازادیخوازی درانە قەڵەم. لێدوانە مەزنەکانی «نێونەتەوایەتی یەکەم و دووەم و سێیەم» لە دەیەی ١٨٦٠ بە دوا سەلماندن و پرۆپاگەندەی بینینی ئەم

بیچمە پیرۆزە بوون. ئانارشیستەکان خۆیان بە بەشێک لەم پرۆژە ئازادسازییە دەزانی. لە زۆر بابەتدا دژایەتی ئەوان لەگەڵ دەولەت و پیشەسازی کردنی گەورەی بەراورد بەرهەمی دژایەتی ئەوان لەگەڵ مارکسیزم بوو کە وایان بیر دەکردەوە پشتیان لە ئەرکی ئازادسازی هەڵکردووە و خاین بوون و ئازادیان فرۆشتووە بە جۆرێک لەسەرمایەداری دەولەتی.

جەوهەری ئانارشیزم

ئانارشیزم وەکو سۆسیالیزم کەوتووەتەبەر پەلاماری دەنگ بەرز بوونەوەیەکی یەکجار زۆری رەخنەوە. زۆر لە توێژەران و زۆریش لە ئانارشیستەکان بوونی روانگە جۆراوجۆرەکانیان قبوولە. بە بۆنەی ئیمانێکی بەهێز بە ئازادی عەقیدی بەرچاو بە باوەڕە ئانارشیستەکەیان، وەها چاوەڕوانییەک لەوان دەکرێ. هەروەها وەکو فرەئیدئۆلۆژییەکان، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەکرێ بزاڤەکان دەستەبەندی بکرێن. هەم دەتوانین ئانارشیستەکان بەپێی دۆزەکان و ئامانجە راگەیێنراوەکانیان دەستەبندی بکەین، هەم بەپێی ئەو تاکتیکانەی کە کەلکی لێوەردەگرن واتە ئەمە کە میتۆدەکانیان دەمارگرژی بێ یان ئاشتیخوازانە.

جگە لەمە، دەربارەی برێک لە رێبازەکانی ئانارشی ئەخلاقی باوەڕێکی زۆر لە ئارادا هەیە. من حەز دەکەم ئەوانە بە جۆرەکانی تاکخوازی، کۆخوازی، کۆمۆنیست، بەرامبەرخواز و ئاناکۆسەندیکالیز دابەش بکەم. جۆرناسی قبووڵکراو لێرەدا دابەشکارییە دەرەکی ترەکانیش لە خۆدەگرێ. بۆ وێنە یەکێک لە جۆرە بەربلاوەکانی ئەندێشەی ئانارشیستی تاکخواز لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەی رابردوو لەگەڵ ناوی مورای راتبارد تێکەڵ ببوو و ناوی (ئانارکاپیتالیزمی بەخۆوەگرتووە. شێوەی مومکینی دیکەی لەم پلانەدا بوونی هەیە. هێندێ لە ئانارشیستە توندوتیژەکان «راگەیێنەری پێویست» لە دەیەکانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠ بەرەو لای نیهیلیزم یان پووچبوونەوە دەچوون. لەم دواییانەدا

موورای بوکچینی ئانارشیستی ئەمریکایی خۆی بە «ئەکۆئانارشیزم» (ئانارشیستی لایەنگری پێگەی ژین) ناو ناوە. نووسراوە نوێکان هەروەها باسیان لە (ئانارشیستی فەمینیزم) کردووە. من هەوڵم داوە هەتا بناغەناسی واژەی سەرزاری گشتی پێڕەوی بکەم. بەم جۆرە ئانارشیزمی نیهیلیست، ئەکۆئانارشیزم و ئانارشیزمی فەمینیست بە شێوەی باسێکی جیاوازانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکرێ. لە راگەیاندنی ئێستادا حەز دەکەم بوکچین لە ریزەی لایەنگرانی ئانارشیزمی کۆمۆنیست دابنێم.[19]

دەکرێ ئانارشی بە ئاشکرا لە نووسراوەی ئەمریکایەکانی وەکو جاشواوارن، بنچمین توکار، ئالبێرت جینوک و موورای راتبارد ببینرێن، بە بۆنەی دلگەرمی تایبەتی راتبارد سەبارەت بە سەرمایەداری پڕبەپێست نییە کە ئەو لە زومرەی ئەم دەستە دابنێین. ئەگەرچی تاکخوازەکان لە زۆربەی مەسەلەکاندا وەک یەک نین، تاڵێکی هاوبەش کە ئەوانە بە یەکەوە گرێبەست دەکا باوەڕی توندی ئەوانە بە دەسەڵاتی تاکە، لە زۆر شوێنەکاندا تەئکیدی ئەوان لەسەر بایەخی بنەڕەتی ئازادی تاکیە. لە سوننەتی ئەمریکادا هەر بەو چەشنە تەئکیدێک لەمەڕ بایەخی خاوەنداریتی تایبەتی لە ئارادا هەیە.

لەگەڵ ئەمەدا ئەوان باوەڕی تەواو و پێویستیان بە تاکخوازی هەیە. ئەوانە کە وەلانێین، جیاوازییەکان و جیابوونەکان دەستپێدەکا. جگە لەم بایەخە بنەڕەتییەی تاک، دۆزەکانی مارکس ئەستیرنێر بە ساکاری لەگەڵ گشت ئانارشیستە تاکخوازەکان سازگار نییە. هەر ئەم خاڵە دەربارەی ویلیام گودوین و لیئۆ تۆلستۆی راستە کە بە پێچەوانە سەرنجی بە تەوژمیان بە تاک، لەگەڵ واتای تاکخوازی ئەمریکایی گهونجانیان نییە.

ئانارشیزمی کۆخواز سەرەتا لەگەڵ ئەندێشەکانی میخائیل باکونین گرێی نەخوارد. باکونین جگە لە دۆزە ئاسایەکانی پان ئیسلاویزم و هەستە دژەئەڵمانییەکانی خۆی، بە هۆی باوەڕێک کە بە شۆڕشی خورسک و هەڵقوڵاو، ئیشتیا و پێداگری روخێنەری لە بابەت بۆچوونی، بە ئێحساساتی بە دوژمی دژی مارکسیستی و بۆچوونەکانیشی لەسەر دیکتاتۆری ئانارشیستی شۆڕشگێری

بەناوبانگ بوو. باکونین باوەڕی بەگشتی کردنی کەرەسەی بەرهـەمهێنـان نـەبوو و بە ڕای ئەو بلاوکردنەوەش دەبوو لەسەر بنـەمای پێـواری کـار دیـاری بکـرێ. لـەم ڕووەوە کروپۆتکین بەڵگەی دەهێنا و کە ئانارشیستە کۆخوازەکـان بۆچـوونی زۆر جیاوازیان لە عەداڵەت لـەچاو ئانارشیـستە کۆمۆنیـستەکان هەیـە کـە بلاوکردنـەوە بەپێی نیاز هەڵدەسەنگێنن.[٢٠]

ئانارشیزمی کۆمۆنیستی تا ئەمڕۆ یەکێک لە بەشە هەرە بـەهێزەکانی ئەندێـشەی ئانارشیستی بووە. کروپۆتکین بەناوبانگترین لایەنگری سەرەتای ئـەم بزاڤـە بـووە. ئەوانی دی بریتین لە ئەریکومالاتستا، ئەلێکسانـدێر بـەرکمن، ئیمـا گولدمـەن، کـولین وارد و مورای بوکچین. ئانارشیزمی کۆمۆنیستی بە پرەنسیپی خاوەنـدارێتی گـشتی لە بابەتی ماڵ، بەرهەمهێنان و شوێنی نیشتەجێبوونەوە بـاوەڕی هەیـە. کروپـۆتکین بـەپێی نیـاز بـاوەڕی بـە بلاوکردنەوەیـە. ئـەم باوەڕانـە لەگـەڵ بـرێک لایەنـەکانی سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز و لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی هاوبەشی پێکـدێنێ. هـەروەها ئانارشیـستە کۆمۆنیـستەکان لەسـەر زەروورەتی پێکـەوە گرێـدانی کۆمەڵایـەتی و نووسـینگە هەرەوەزییـەکان تەئکیـد دەکـەن. ئـەم واتایانـە بـە بەشـێکی سروشـتی مرۆڤایەتی دەدەنە قەڵەم. بوکچین ئەم خوازیارییە لە نووسراوەکانی خۆیدا دووپات کردۆتـەوە و ئـەوەی لەگـەڵ ناوەڕۆکـەکان هـاوکێش و هاوئاهـەنگی ئـەکۆلۆژیکی پێکەوە گرێبەست کردووە.[٢١] یەکەم کتێبی ئانارشیستی کۆمۆنیستی کتێبی یارمـەتی بەرامبەر، نووسراوەی کروپۆتکین بوو. ئازادی بابەتێکە کە لە ئانارشی کۆمۆنیستیدا تا رادەیەک شاراوە ماوەتەوە. ئەم کارە هەمیشە بە گەشەکردنی ئـەخلاقی و گەشـە و بەرەوپێشچوونی تاک لە دەروونی کۆمەڵگەدا بە پێکەوە بەسراو زانـراوە کـە بـە شێوەی واتایەکی بەکەلک لە ئازادی باشتری لێتێگدەگەن. بەڵام لەم بـارەوە لـە نێـو برێک لە نووسەرانی ئانارشیستی کۆمۆنیـستیدا تایبەتمەندیگـەلێک لـە ئـارادا هەیـە. سەرەنجام ئەمـە کـە وەک ئانارشـیزمی کۆخـواز، ئانارشـی کۆمۆنیـستی دژایـەتی لەگەڵ بازاڕ و بەرهەمهێنای تایبەتی کەرەسەکاندا هەیە.

ئانارشی بەرامبەرخواز لەگەڵ (باوکی ئانارشی) واتـە پیتێـر ژووزێـف پێوەنـدی هەیە. پرۆدۆن لە ماوەی تەمەنی خۆیدا روانگەی خۆی گۆڕی. ئەو دواتر تەنانەت لـە ناوی (ئانارشیست) بۆ خۆی حاشای بوو. روانگەی سەرەتای ئـەو لەمـەڕ ئانارشـی دەکرێ لە واژەی (بەرامبـەرخوازی) خولاسـە بکرێتـەوە. ئـەو گومـانی لـێدەدا کـە دەوڵەت لە حوکمی رێکخراوەی سیاسی جێی خۆی ئەدا بـە رێکخـراوەی ئـابووری. دەسـەلاتەکان و دەوڵـەتەکان پاکتـاو دەبـن و پێوەنـدی تاکـەکان یـەکتر لـە لایـەن قەرارادە ئابوورییـە بەرامبەرییەکانـەوە پایـەدار دەبـێ. بەرامبـەرخوازی زۆرجـار (دەستەبەرخوازی)شی ناوی لێدەنێن کە شێوەیەک لە ئانارشی گرێبەستخواز بـوو. تاقانە رێکخراوەیەک کە بنەمای ئەو قەراردادی پێکنەدەهێنا، بنەماڵە بوو کە شێوەی یەک بە دووی یەک و بـاوکسـالارانەی خـۆی دەپاراسـت. مەسـەلەی ژنـان هێنـدە لەبەرچاوی ئانارشیدا نەبوو. پیاوان دەیانتوانی (هەتا جێیەک کـە بـە چەوسـانەوە و خراپ کەلک وەرگرتن لەم و لەو خەریک نەبن) خاوەندارێتی تایبـەتی بـن و کـار بـۆ خۆیان بکەن. ئەوان دەتـوانن کەسـپ و کاریـان لەگـەڵ بـە دەسـتهێنانی ئیعتیبـاری بێسـوود لـە (بـانکی ئیعتیبـاری بەرامبـەر) دەسـت پێبکـەن. داهاتـەکانی ئـەوانیش دەتوانێ لەگەڵ بەراتەکان و بارەکان ئیعتیباری دەسـتەبەرکراوی بانکیـشدا ئاڵـوگۆڕ بکرێ. بڵاو کردنەوە دەبێ گرێ درابـێ بـە کـار و بەرهەمەکانـەوە. بـە پێچەوانـەی ئەمانە، هێشتا وەها بوارێک لە یەکسانخوازی و ئازادی جەوهەری لـە ئـارادا نـەبوو. قەرارادەکان نەدەبوو لـەژێر گوشـاری ئـابووری یـان لـەژێر بـارودۆخی ئـازادی، نەبەرامبەردا ببەسترێ. کۆمەڵگەی دادخـواز کۆمەڵـگەیەکە کـە یەکسـانی و ئـازادی قەرارداد لەو دا بوونی ببێ. پرۆدۆن ئەم واتای قەرارادەی لە یەکسـاندا (عەداڵـەتی ئاڵوگۆڕی) ناو لێناوە.

دوایین بزاوتی ئانارشیزم، ئانارکۆسەندیکالیزمە کە لە بزاڤێکی بەربلاوتر و برێک دێرینەتری سەندیکالیزمدا گەشەی کرد.[٢٢] وشەی (سەندیکالیزم) دوو مانای هەیە. لـە لایەکەوە رەنگە لەسەر یەکێتی مەدەنی بە واتای بێ لایـەنی ئـەو رێنـوێنی ببـێ، لـە لایـەکی دیکـەوە بـە واتـای رێبـازی یـەکێتی مـەدەنی شۆڕشـگێڕی یـان خـەبات و

بەرخۆدانە کە خۆی لە پێناوی روخاندنی سەرمایەداری و دەوڵەت دادەنێ. مکانیزم رەسمکراوی رووخانی مانگرتنی گشتی بوو. سەندیکالیزم بە دووپات کردنەوەی گومانی کۆمەڵگەی بێدەوڵەت، لەگەڵ پلانی فیدراڵیزە و لەگەڵ بوونی گروپە بەرهەمهێنەکانی بیر لە سەندیکایی دەکاتەوە. ئەم بزاڤە لە ماوەی دەیەی ۱۸۸۰ و ۱۸۹۰ لە فەرانسەدا گەشەی کردبوو. لە سەرەتای دەیەی ۱۹۰۰دا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتەبەر و رێکخراوەی (کرێکارانی مەدەنی جیهان)ی بەناوبانگی بەدیهێنا (wobblies) کە زۆر بەهێز بوو و لایەنگرانێکی وەک یۆجین دێبز و دانیەل دۆلئۆنی بوو. ئەم بزاڤە هەروەها لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئوسترالیا، ئەمریکای لاتین و بریتانیا پەرەی سەند. لە بریتانیا کاردانەوەی ئەو لە بوارەکانی زوخاڵ سەنگی ساوت ویلز بەر لە ١٩١٤ هەستی پێکرا. هەرچەند رۆڵی وردی ئەو و کاریگەرییەتیش لە پەرەدان بە ئاڵۆزییەکان و ناهێمنایەتییەکاندا هێشتا بە توندی جێی لێدوانە.[۲۳]

بزووتنەوەی سەندیکالیزم بە هۆی هەڵوێستی خەباتی دژی سیاسی و دژی دەوڵەتی خۆی پشتگری و هۆگری کۆمەڵێک لە ئانارشیستەکان هەڵبەت نەک هەموویان بەرەو لای کێشران. ئەوان بەداوی ریشە ماقوولەکانی رێکخراوەی دژی سیاسی ئەو لە دەرەوونی چینی کرێکار بوون. لەبەر ئەمە کە کەلتووری شۆڕشگێڕی و پێکهاتە ناکۆنەکانی خەلکی پێشەکی بەدیهاتبوو، کۆمۆنەکان هێندە سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا. پاش بەرێوەچوونی کۆنگرەی ئانارشیستی ساڵی ۱۹۰۷ لە ئامێستێردام، زۆر لە ئانارشیستەکان هەوڵیاندا لەگەڵ سەندیکالیزم یەک بگرن و شێوەی «ئانارکۆسەندیکالیزم» لێرەوە سەریهەڵدا. بڕێکیان وەک رۆدۆلف رووکێر ئانارشیزمی (ئانارشیست) ئەڵمانی، ئانارکۆسەندیکالیزمیان بە شارێی داهاتووی ئانارشییان دەدایە قەڵەم. ئەوانیدی ڤیکتۆر گریف، ئێلس لە بزاوتی سەندیکالیستی و مالاتستا و کروپۆتکین لە بزاوتی ئانارشیستی، هەموو چەشنە پێوەندییەکی نێوان ئانارشیزم و سەندیکالیزمیان رەتدەکردەوە.

به شێوەی گشتی، ئانارکۆسەندیکالیزم هەموو سیاسەتە دەوڵەتخوازەکان، حزبەکان، پەرلەمانەکان، دیموکڕاسی و وەکو ئەوانەیان ڕەتدەکردەوە. ئەم بزاوتە هەروەها لەگەڵ ڕەتکردنەوەی فێرکردن و پەروەردە و شێوە فیکرییە بورژوایەکان، گەرایشی دژی ڕۆشنبیریان هێنایە سەرشانۆ. لایەنگری شەڕی چینایەتی و رووخانی سەرمایەداری بە هۆی خەبات و بەرخۆدانی چەکدارانە و مانگرتنە گشتیەکانەوە بوو. گروپە تەولیدکارەکان دەبوایە هەستەگەلی کۆمەڵگەی نوێ پێکبێنن. ئەم هەستانە دەبوایە بە شێوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بن کە بە جۆری دیموکڕاتیکی خۆرسک ڕێکوپێککراو و بە شێوەی فیدراڵی بەڕێوە ببرێ و کەلتووری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری تایبەتی خۆی بخولقێنێ و ئەم کارە تەنانەت دەبێ بەر لە ڕوودانی شۆڕش بەڕێوە ببرێ. پلۆتییەی سەندیکالیست کە ڕێبەری سەرەتایی سەندیکالیزمی فەڕانسا بوو بە شێوەی لایەنگرێکی گرنک واتای (بورسکار)، (جێگای کڕین و فرۆشی کاغەزە بەبایەخەکان) کە خۆی بە دیهێنابوو بەتوندی لەم خودموختارییە سەندیکالیستییە لایەنگری دەکرد. (بورس) بە جێگای کۆبوونەوە کرێکارانی هەموو سەندیکاکان دەناسرا. بۆرس ئەرکێکی زۆری بە ئەستۆ بوو: جێگەی سات و سەودای وزەی کار، جێ کۆبوونەوە، جێی سندووقی تایبەنی مانگرتن و ناوەندی فێرکردن لەگەڵ کتێبخانەیەک. بورس لەگەڵ ئەوەی کە کارکردەکان و ئەرکە کردەوەییەکان و بەڕێوەبردنی بوو، لە داهێنانی کەلتووری نوێی کرێکاریشدا دەوری بوو.

بەر لەوەی دەس بکەین بە لێدوان لەمەڕ ئەندێشەی ئانارشیستی، مەسەلەیەک لەم شانۆگەرییەی (ڕێبازی ئانارشی) پێویستی بە تێرامان هەیە. ئایا هەموو ڕێبازە ناوبراوەکان دەکرێ بە ئانارشیست بدرێنە قەڵەم؟ لە ناوەڕۆکەکانی ئانارشیستیدا هەوڵێکی زۆر دراوە کە پانتای ئەو بەرتەسک بکرێتەوە. جگە لە ئانارشیستی کۆمۆنیست، تەقیریبەن هەموو ڕێبازە ئانارشیستەکان کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ئەم بەرتەسکییەوە. بۆ وێنە لەسەردەمی دەسپێکی ڕێبازی ئانارکۆسەندیکالیزم، زۆر لە کەسانی ئەو بەدەر لە بزاڤی سەرەکی ئانارشیستی دراونەتە قەڵەم. بەڵام لە هێنێدک

شوێنیشدا کە ئانارکۆسەندیکالیزم بەشێک لە ئانارشی دانـراوە، دیسان نووسـەرانێک کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێبازە ناویان دەرکردووە، وەکو ژۆرژ سورل، ئا. بێـرت و هـ. لاگاردل، زۆرجار لە بابەتی برێک بە شەوە کـە لـەودا بوویـەتی کەوتووەتـە بـەر حاشا لێکردنی و لە دەرەوەی ڕێبازەکان دراونەتە قەڵەم. بۆ وێنـە رودۆلـف رووکێـر گوتوویە کە هیچ کام لەم کەسانە نە لەسەر ئانارشی و نە لەسەر ئانارکۆسـەندیکالیزم (کەمترین دزە و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە کە بۆ باسکردن بن).[٢٤] تـوێژەرێکی نوێی وەک دەیڤید میلێر ـ یش باوەڕی وایـە کـە سـەندیکالیزم (هـەمیشە یـەکێتی لـە پڕەنسیپە بڵاوەکاندا لەباری ئیدئۆلۆژیکی)یەوە بووە و (خۆی ئانارشیستی نـەبوە).[٢٥] بەم حاڵەوە رووکێر لەو کەسانە بوو کە لەگەڵ حـوکم و داوەری دوایـدا نـەبوە. ئـەو ئانارکۆسەندیکالیزمی بە ناوەڕۆکی ئانارشی دەزانی.

کەسایەتییەکی لەباری دیکە بۆ دەرچوون لەم ڕێبـازە، مـارکس ئەسـتیرنرە. ئـەو جـۆرە کـە جـان کـارۆل لـە پێشەکی لەسـەر کتـێبی ئەسـتیرنر بـە نـاوی خـۆی و خاوەنەکەیـەوە باسـکراوە: (موتـالای فیکـری ئانارشـیزم حـەز و مـەیلی بـوە کـە دوژمنییەکی بناغەدار سەبارەت بە فەیلسووفی خۆی نیشان بـدا».[٢٦] کـارۆل لەسـەر ئەو باوەڕەیە کە باشتر ئەوەیە ئەستیرنر بە نیهیلیستێک دابنرێ هەتا ئانارشیستێک، ئـەو لـە هەڵسەنگاندنەدا هـەر خـۆی نییـە. کـارۆل درێـژەی پـێدەدا: «لایـەنگری بێکشانەوە و ئاشتی هەڵنەگری ئەستیرنر لـە خۆنیشاندانی راسـتی مـرۆڤ ئـەو لـە هەموو فەیلسووفانی ئانارشیست، بەتایبەت پرۆدۆن و کروپۆتکین جیا دەکاتەوە».[٢٧] لەم رووەوە هەموو لەگەڵ حکوومەدا هەن. جان کلارک لـە پرسـینەوەی خۆیـدا بـە ناوی خۆخۆازی مارکس ئەستیرنر بەراستی باوەڕی هەیە کە «دزەی ئەسـتیرنر لـە نێو ئانارشیزمی تاکخوازدا هەتا ئێستا بەردەوامە و من لە راستیدا زۆر گومانم هەیـە کە گەشەی کردبێ».[٢٨]

هەروەها گاوس و چایمەن لە پێشەکی لەسـەر لێکۆلینـەوەیـەک لەمـەڕ ئانارشـی دەڵـێن کـە نـەک هـەر تـەنیا (ئانارکۆسـەندیکالیزم) بەڵـکو (ئانارکۆکاپیتـالیزم)ی تاکخوازیش دەبێ وەلابنرێن. ئەم خاڵـە لـە لێکۆلینـەوە دوایـی ئـەم جڵدە لـە لایـەن

دەیڤید ویکەوە دووپات دەکرێتەوە کە لەسەرئەو باوەڕەیە کە بزاڤی دوایی، واتە ئانارکۆکاپیتالیزمی تاکخواز «بەتەواوی لە دەرەوەی بزاوتی سەرەکی نووسراوە بۆچوونییەکانی ئانارشیستییەوەیە».[٢٩] کەسانێکیش لە بزووتنەوەی ئانارشیستی کۆمۆنیستی، بەتایبەت دەربارەی قرتان و سووتانی ئانارشیستی تاکخوازەکانی وەک راتبارد وەک کۆسکەوتە ئازیەتبار بوون. بێگومان کەسەرهێنەرە کە مرۆڤ خۆی بە هاوبەشی ئەم دۆژە دژانە بزانێ. رواڵەتەن راتبارد نیگەرانی ئەم کێشە نییە و هێشتا خۆی بە هۆگری ئانارشیزمی ئازادیخوازی تاکخواز دەزانێ.

ئەگەر بە چاویلکەی نزیکبینتر سەرنجی بزاڤی ئانارشیستی بدەین، ئەم پڕۆژە دەتوانێ تا هەتایە دووپات بێتەوە. زۆر لە ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان و کۆخواز بێزاری خویان سەبارەت بە ئانارشیزمی قەراردادخوازی پڕۆدۆن دەربڕیوە و باوەڕیان وایە کە ئەو «زەینی کاسبکارانە»ی کە نیشان دابوو.[٣٠] هەروەها سەبارەت بە روانگەی بایەخی کاری ئەو، بۆچوونی ئەو لەمەڕ یەکسانی ئاڵوگۆڕی دارڕژاو لەسەر بنەمای بازاڕ، روانگەی باوکسالارانەی ئەو لەمەڕ بنەماڵە، کۆششی ئەو بۆ ناوزەدبوونی نوێنەرایەتی پەرلەمان، پشتگری ئەو لە لایەنەکان و کۆیلەداری لە شەڕی ناوخۆی ئەمریکا و باوەڕی دوایی ئەو لەمەڕ دەوری دەوڵەتی فیدڕاڵ هەستیان بە ناڕەحەتی دەکرد. هەر بەو جۆرە توێژەرانی دواکەوتووی ئانارشیست، لەوانە ورنۆن ریچاردز و دانیەل گرن، کۆخوازی باکونیان پێشتر لەگەڵ بڕیاری مارکسیستی بە بەرامبەرخواز زانیوە هەتا لەگەڵ ئانارشیزم.

لە کۆتاییدا جێی ئاماژەیە کە رێبازە جۆراوجۆرەکانی ئانارشیزم، لەیەک سەردەمدا بوونی بووە لەگەڵ یەکدا دەستتێوەردانیان کردووە و پێوەندییەکی زۆر پێچڕاوەیان هەم لەگەڵ مارکسیزم و هەم لەگەڵ لیبرالیزمدا بووە و هەیانە. ئێمە لەمەڕ ئەم خاڵە جیاوازانە لێدوان ناکەین، بەڵکو لە ناواخنی لێدوانەکانی دیکە ئاماژەیان پێدەکەین.[٣٢] ئێستا لەگەڵ پلانی رێبازە ئانارشیستەکان هێندێ لە پرەنسیپی ئەندێشەی ئانارشیستی لە چاوی رێبازە جۆراوجۆرەکانی لێپرسینەوە دەکەین.

سروشتی مرۆڤ

لەمەڕ بابەتی سروشتی مرۆڤ سێ خاڵی سەرەکی شیاوی باس لە ئارادا هەیە. سەرەتا ئەمە کە ئانارشیستەکان هەموویان پێداگرانە لەسەر تاقانە واتایەک لە سروشتی مرۆڤ تەئکیدیان نەکردووە. شایەدگەلێکی زۆر جیاوازی نێوان بیرمەندان و ڕێبازە ئانارشیستەکان لە ئارادا هەن. دووەم، بۆچوونەکانی ئەوان لەمەڕ سروشتی مرۆڤ هەمیشە نیشاندەری گەشبینی و پەرەسەندن نییە. زۆر جار تاوانبارکراون کە باوەڕی نابەجێ و ناگەشبینانەیان هەیە، بەڵام هەر ئەو جۆرە کە راتبارد گوتوویە: «دانی پێدا دەنێم کە لە بنەڕەتی ئەم تۆمەتە ناگەم... من لەگەڵ زۆربەی ئاگالێبووان و شاهیدان لەسەر ئەم باوەڕەین کە جۆری مرۆڤ تێکەڵاوێکە لە باشە و خراپە، لە بۆچوونە هەرەوەز و تاوانەکانە».[33] لە سەرەتای سەدەی ئێستە مالاتستای ئانارشیست کۆمۆنیست راست هەر ئەم خاڵەی لەمەڕ تاوانهەڵگربوونی سروشتی مرۆڤ وەبیری هێنایەوە.[34] سێیەم، ئانارشیستەکان بە گشتی، پێویستانە واتای نەگۆڕ و سابتیان لە سروشتی مرۆڤ نییە. لە بۆچوونی نووسەرانێکی وەک کروپۆتکین و ئەلیزە روکلۆ، بوونەوەری مرۆڤ لە بابەتی بیولۆژیکی هەڵگری تەکامولن. هەم کروپۆتکین و هەم روکلۆ لە بابەتی پسپۆڕی و هۆگری خۆیان جوغرافیازان و سروشتناس بوون. بەیانەکانی ئەوان دەربارەی کردەوەی مرۆڤ لە کۆتایدا دارژاو لەسەر بنەمای زانستییە سروشتییەکان بوو. ئانارشیستەکانی دی، چ پێشکەوتوو و چ دواکەوتوو، باوەڕیان بوو کە مرۆڤەکان پلە بە پلە لەگەڵ پەروەردە و جۆربەجۆری عەقڵ دەگۆڕێن. لەگەڵ گەشەی مادەکان و زۆربوونی کتێبەکانی بەردەست، کۆمەڵگەی مرۆڤ لە ئاخریدا بەرەو پێشکەوت دەڕوا. گودوین ئەم شێوەی لە دەلاقە و بینینی سەردەمی رۆشنبیریدا دەدی، لە حاڵێکدا کە نووسەرانی وەک باکونین و بوکچین ئەم ناوەڕۆکەیان پێشتر لەگەڵ روانگەی هێگلی دەربارەی گەشەی عەقڵ پێکەوەیان گرێ دەدان.

لەگەڵ ئەم هەمووە، دۆزی سروشتی مرۆڤ کەم و زۆر ناوەند و کاکڵی ئەندێشەی ئانارشیستی پێکدەهێنا. جیاوازی روانگەکان لە بزاڤی ئانارشیستیدا

پێوەندە بە خاڵی دەسپێکی بزاوتی ئەوانەوە. ئەمانە هەر تەنیا دەکرێ بە جیاوازییە تاکەکان و کۆمەڵایەتییەوە ببەسرێتەوە. بینینێکی بوونەوەرانی مرۆڤ هۆکارانی ئازاد و خودموختار لە چوارچێوەی پرۆژەگەلێکی تایبەت ژیانی خۆی لە دەرەوەی کۆمەڵگە دەتوانێ؛ روانگەیەکی دیکەی گەشە و جۆراوجۆری مرۆڤەکان لە دەروونی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی ئازادی و تاکی دەروونی ئەو جێبەجێ دەبێ. ئەمە خاڵی ئاشکرای بۆچوونە جیاوازەکان و بەربڵاوی دەروونی ئەندێشەی ئانارشیستە.

یەکێک لە بەناوبانگترینی مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرێ لە ئاسار کروپۆتکیندا بە دەست بێ، ئەو پلەبەرزەی واتای کێشە لە تەکامولدا رەت دەکاتەوە. ئەو بە موتالای کردەوەی بوونەوەر و جەماوەری سەرەتایی لە سیبری، لەژێر کاریگەری کتێبی کارل کسلری بوونەوەرناس بەم ئەنجامە گەیشت کە بوونەوەران بەتایبەت بوونەوەری مرۆڤ، هەر تەنیا بە هەرەوەز و هاوکاری کۆمەڵایەتی دەگەشێتەوە و بەرەوپێش دەچێ. کروپۆتکین لەمەڕ دەرەنجامی بینینەکانی لە زۆربەی جۆرەکانی بوونەوەریدا دەنووسێ: «لە هەموو ئەم بەستێنانەی ژیانی بوونەوەری کە لە پێش چاوی من رووی دەدا، یارمەتی بەرامبەر و پشتگری بەرامبەر لە وەها رادەیەکدا دەمبینی کە گومان دەکرد گرنگترین دەور لە پاراستنی حەیات و پاراستنی هەر کام لە جۆرەکان و بە کەماڵ گەینی ئەوانی بە ئەستۆوەیە».[٣٥] یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یارمەتی بەرامبەر لەراستیدا مافی بوونەوەری مرۆڤە. ئەمە بەشێک لە یاسای سروشتی مرۆڤە. کروپۆتکین لەمەڕ هەرەوەز، سیفاتی داهێنەر و شێوەدۆستانەی سروشتی مرۆڤ لە ناخەوە گەشبین بوو. سروشت مامۆستای ئەخلاق بوو، کێشەیەک کە کروپۆتکین لە کتێبێکدا لەمەڕ زانستی ئەخلاقەوە بە پرسینەوە سەرقاڵ بوو، کروپۆتکین حاشای لە پرەنسیپی خەبات و کێشە نەدەکرد. بەلام باوەڕی بوو موریدان و لایەنگرانی داروین رێگای شات و شوونیان پێواوە. گەوەزنە زەردەکان، پلنگەکان. مێشهەنگوین، چوالوەکان (چالەکە) هەموو ئەوانە شاهیدی سەلماندنی پێشمەرجی یارمەتی بەرامبەرن. کروپۆتکین بە گرێ دانی ئەم پێشمەرجە لەگەڵ

روانگەی سیاسی بە شێوەی راستی وەبیر دێنێتەوە کە: «مێروولەکان و مۆریانـەکان لە «جەنگی هاوژی» چاوپۆشیان کردووە و لەم بارەوە باشترن».[٣٦]

بابـەتی لێدوانی سـەرەکی ئەمـە بـوو کـە لـە بـاری بیولۆژیکییـەوە باسـترین بوونەوەران ئەوانەن کە زۆرترین هەرەوەزیان بە یەکەوە هەیە. سروشـتی چنگ و ددانی سووری نییە. تەنانەت دەربارەی کۆمەڵگەی سەرەتایی مرۆڤ ئـەم کـردەوە راسـتە.[٣٧] کروپـۆتکین دەڵـێ بـۆ خەڵـکانی سـەرەتایی نامومکینـە کـە ئەگـەر ئێمـە هەرەوەز و هاوکـاری ئـەوان بـەکاربێنن. تـاکخوازی لـە ئێمـە بگـەن. بـۆ خەڵـکانی سەرەتایی «قوربانی کردنی خۆیان لە رێـی بەرژەوەنـدی کـەلان [یـان جـەماوەری خۆی] کارێکی ئاسـایی و رۆژانەیـە».[٣٨] کروپـۆتکین لـە بەشـەکانی دواتـری کتـێبی یارمـەتی بەرامبـەر شـوێنی پێـی ئـەم یەکگرتوویـەی لـە جـەماوەری گونـدی، شارییەکانی سـەدەکـانی نـاوەڕاسـت و مـەدەنییـەکـان هەڵـگرتووە. بـە بۆچـوونی کروپـۆتکین، ژیـانی رکەبەرایـەتی و کێـشەیی لـە دەوڵـەت، کارێکـە کـە لـە بـاری مێژووییـەوە جۆرێـک لادان و ناهەمواریـیـە. هاوکـاری و هـەرەوەز و یارمـەتی بەرامبەر هێشتاش بەپێچەوانەی بوونی دەوڵەت بەردەوامە.

کروپۆتکین باوەری گەشبینانەی بە جەماوەری مرۆڤ بوو، ئەم مامەڵە بووە هـۆ کە تەنانەت کۆمەڵـێک لـە هاورێیـانی ئانارشیـست کۆمۆنیـست، تۆمـەتی گـەوجیان لـەودا.[٣٩] بـاوەری ئـەو بـە سروشـت هێـشتا لـە نووسـراوەکانی مـورای بـوکچین، ئانارشیست کۆمۆنیستی هاوچەرخ، رەنگیداوەتەوە کـە دەونووسـێ: ئیکۆلـۆژی بـە بوونی پلەبەندی لە ئاستی ئێکۆسیستم باوەرێکی نییە. نە بوونەوەران شایانی هەیـە و نە مێروولەکان خاوەنی چینایەتی پەستن... بە کردەوە هـەموو بوونـەوەرێک کـە ژیان دەکەم... لە پاراستنی هاوکێش بوون و یەکپارچەیی گشتی [کۆمەڵـگە خـۆی] دەوری هاوشان و هاوپلەیان هەیە».[٤٠] لەبەر ئەمە، بە بۆچوونی بـوکچین، سروشـت زاتەن تێکەڵاو و چەواشەیە. ئەم بـاوەڕە بـە چەواشـەی (سروشـتی) وێکچـوونێکی لەگەڵ بۆچوونی ئەلێکساندێر بەرکمـەن دا هەیـە کـە تـەواو منـداڵان (مـەیلی زاتی و غەریزیان بە تاکی و سەربەخۆیی، بە ناسازگاری دەرکـەوتن لـە نافـەرمانی ئاشـکرا

یان شاراوە لە خۆنیشان دەدەن). لەبەر ئەمە، دەکرێ ئەوانە بە شێوەی سروشتی بە ئانارشیست بدەینە قەڵەم.[٤١]

هەموو ئانارشیستەکان لەم باوەڕە بە سروشت هاوبەش نەبوون. بۆ وێنە باکونین لە دۆزی پێکهێنانی وەکو مودێلەکانی مەنتقی و عەقلانی بەرەو ئانارشی حەزی لێ نەدەکرد. بە بۆچوونی ئەم، مێژوو وەک سروشت پانتای بەربلاو رووداوە نامەنتقەکان و نامیزان و ناسیستماتیک بوو و لەبەر هەڕەشەی تەقینەوە کوت و پەڕەکان و چاوەڕوان لێنەکراوی چالاکی غەریزی و خۆڕسکدا بوو.[٤٢] بەم جۆرە باکونین لە (راپەڕینی ژیان دژی زانست) دەدوا. یاساکان و میتۆدەکان قەزاوقەدەر بەرەو لای غەریزە و بزر بوونی شعوور دەکەوتنە بەر هێرشی رووخانەوە. غەریزەکانی گوندی و نەخوێندەوار زۆرتر لە سیستمە فیکرییەکانی کەسگەلی خوێندەوار جێی باوەڕ بوون. لەم خەلکەدا شۆڕش بە شێوەی غەریزی بوونی بوو. بە وتەی ئەو: (سەرشناسترین هەڵکەوتوو بەتایبەت بۆ خەڵک هیچ کارێکیان نەکردووە یان کارگەلێکی زۆر کەمیان کردوە... ژیانی خەڵک، گۆڕانی خەلک، بەرەوپێشچوونی خەلک، بەتایبەت دەگەڕاوە بۆ خەلک بۆ خۆی.[٤٣]

ئەگەر ئەم پرسیارە کە ئایا ژۆرژ سورل وتەبێژی، ئانارکۆسەندیکالیزم بوو یان نەبوو، وەلابنێین. ئەم باوەڕە بە غەریزە بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی بڕیاری گشتی سورل لە کتێبی تێڕامان لەمەڕ دەمارگرژیش بوو. بە بۆچوونی سورل ئەمە گوندیەکان نەبوون، کە ئەم وەلامە غەریزیەییان لە خۆ دەرهێنابێ، بەلکو پێچەوانە، ئەم غەریزە لە پرۆلیتاریای پیشەسازیدا بوونی بوو. غەریزە دەبوو بە هۆی دیرۆکەکانی وەک مانگرتنی گشتییەوە شوێنی بۆ بکرێتەوە و رێنوێنی بکرێ. دەروونناسانی غەریزە کە بەسەر ئەندێشەی سورلدا زاڵبوو ریشەگەلی بۆچوونی قووڵتر لە باکونین بوو کە بریتی بوون لە ناسەوەری گۆستاو لۆبۆن، ئێدوارد فۆن هارتمان، فریدریش نیچە و هێنری بێرگسۆن.[٤٤] بێجگەلەوە، دۆخی حەماسی زەینی ئەم پرۆلیتاریانە ئاشکرا دژایەتی لەگەڵ ئەو شتە بوو کە باکونین تێیدەگەی.[٤٥]

کاتێک لـە روانگـەی ئانارشیـستی تاکخوازیـەوە دەڕوانینـە سروشـتی مـرۆڤ بەربلاوییەکی زۆرتر دێتەبەرچاو. ویلیام گـودوین خـۆی بـە تـاکخواز دەزانی. ئـەو باوەڕی بوو کە سروشتی بوونەوەری مـرۆڤ لـە پێگـەی ئەوانـدا فۆرم دەگرێ و دیاری دەکرێ. بـە وتەیـەکیتر، مرۆڤـەکان بوونـەوەرێکی کاریگـەر و بـۆ رامکـردن دەبەن. ئەوان هەروەها ئامادەیی عەقلانیان هەیە. روانگەیەکی ئـەخلاقی تایبـەت کـە ئـەو بـاوەڕی پێـی بـوو فایـدەباوەڕی بـوو. بەختـەوەری راسـتەقینە لەسـەر تاکـە جۆراوجۆرەکانی ئێمە پایەدارە. تاک بە تەنیا دەتوانێ داوەری سـوودمەندی خـۆی بێ. ئەم خاڵە گودوینی بەم باوەڕە گەیاند کە هەموو شێوەی چـالاکی هـەرەوەزی و هاوکارانە دەبێ بە گومانەوە سەیری بکرێ. ئەو جۆرە کە خۆی دەڵێ: «هەر شـتێک هەمیشە لەگەڵ واژەی هەرەوەز لێی تێدەگەین تا رادەیەک شەڕ و شـەیتانە».[٤٦] هـەر شتێک کە لەمپەری بیرکردنەوەی لەمەڕ خۆی بێ ـ کاری گـشتی، خـۆراکی گـشتی، ژن و مێردایەتی و تەنانەت پڕۆژەکانی شانۆیی و مۆسیقایی ـ دەتوانێ هێرشێک بێ بۆ سەر تاک. مرۆڤەکان دەبێ بتوانن بـەبێ بـوونی ئـەم و ئـەو کارەکـانی خۆیـان بەرنبەڕێوە و خۆڕاگری لە بەرامبەر گرفتەکانـدا لـەخۆ نیـشاندەن. ئـەو جـۆرە کـە گـودوین دەڵـێ: «تـەواوترین مـرۆڤ کەسـێکە کـە بـوونی کومەڵـگە بـە لایـەوە زەروورەتی ژیان نەبێ بەڵکو شتێکی جوان بێبەلایەوە.[٤٧]

هەڵوێـستی نـاوبراو وێچـوونێکی زۆری لەگـەڵ هەڵوێـستی مـورای تـاکخوازی سـەدەی بیستەم هەیـە، بێجگەلـەوەی کـە راتبـارد بـاوەڕی بـە روانگـەی مافـە سروشـتەکان بـوو و قـازانج بـاوەڕی رەتـدەکردەوە. بـە بۆچـوونی راتبـارد بوونەوەری مرۆڤ سروشتی تایبـەتی و دیاریکراویـان هەیـە. ئێمـە بوونـەوەرێکی خۆخوازی زۆرخوازین کە دەتوانین تێرامانمان بێ. ئێمە بە شێوەی تاکەکان هەست دەکەین بیر دەکەینەوە و کردەوە لە خۆدەنوێنین و دەبێ ئـەم ئازادییـەمان بـێ کـە فێر ببین و توانایەکانی خۆمان گەشەدار و بەرینکەینەوە. ئێمە لـە بناغـەوە خـاوەنی خۆمانین. دەتوانین یارمەتی ئەم و ئەو بدەین. بەڵام ئەمە پالاوتنی تاکە کە ئـەنجامی دەدەیـن. راتبـارد ئەمـە بـە (پرەنـسیپی بـە خـاوەنی خـۆ) نـاودێر دەکـا. تاکـەکان

پڕەنسیپی خاوەنی خۆیان قبوولـە، کـە مـافی بـە خـاوەن بـوون لەسـەر کەرەسـە بەشێک لەوەیە و بەم جۆرە لە لایەن بازاڕی ئـازادەوە لەگـەڵ ئـەم و ئـەو پێوەنـدی دەگرن.

مارکس ئەستیرنر تاکخوازی دیکە، بێگومان پڕەنسیپی بە خـاوەن بـوونی خـۆی قبووڵ بـوو، بـەڵام بۆچـوونی ئـەو لـە واژەی Eigenheit (تایبەتمەنـدی) شـتگەلێکی زۆرتر لە خۆ دەگرێ. ئەستیرنر جۆرێـک بـە توندوتیژییـەوە بەڵـگەی دەهێنـاوە کـە تەنانەت ناسینی مافی خاوەندارێتی تایبەتی ئەم و ئەو، کردەوە و کرداری بەرامبـەر داڕژاو لەسـەر بنـەمای گرێبـەسـت، بایـەخی دەوری بـازاڕ، لـە بـڕوای ئـەودا دەستکردێکی بێخەوش بوون کـە لەسەرسـەری تـاک هەڵدرابوون. خـاوەنی (خـۆ) تایبەت بە تاک تەنانـەت لـەپێش ئازادییـەوە بـوو. مرۆڤـی ئەسـتیرنر بوونـەوەرێکی بەتەواوی بەسراوەیە کە جیهان و بایەخەکانی خۆی دروست دەکا. ئەمـە ئەوپـەڕی تونـدوتیژی تـاکخوازی ئانارشیـستییە. تەنانـەت دۆسـتایەتـی تـاک، خەڵـکخـوازی بێخەوشـیش کردەوەیـەکی تـەواو خۆخوازانـە دەدرێتـە قەڵـەم. ئـەم باوەڕانـە (خۆخوازی دەروونناسی) ناولێنراوە. ریشەی ئەم باوەڕانە لە کێشە فیکریـە هـەرە جیاوازەکـان لـە سـنووری مەکتـەبی هیگـل بـە شـێوەیەکی راسـتتر، لـە رەخنـەی ئەستیرنر لە هێندێ رفێقی مەکتـەبی «هێگلـەوە تازەپێگـەیوەکان»ی ئـەو دایـە. هـەر تاکێک خۆی قازی و داوەری یەکێک لە راستییەکانە. لەم شانۆیەدا هـیچ شـتێک جگـە لە پایەبڵندی هەستیناسی هەر (خۆی) بایەخی نییە.

ئەو جۆرە کە وێنـەکـانی سـەرەوە دەبینـرێ. هـیچ بـاوەڕێکی تیشکدار لەمـەڕ سروشتی مرۆڤ لە رێبازە ئانارشیزمدا نایەتە بەرچاو. لە راستیدا ئانارشـی زۆرتـر لـەژێر کـارتێکراوی بـاوەڕە ئیدئۆلۆژییـەکانی دیکـە کـە خـۆی زۆر جیـاوازن، کاردانەوەی هەیە. ئەم خاڵە ئێمە بەرەو لێدوان لەمەڕ روانگەی سیاسی ئانارشیستی هاندەدا کە پێچراوەترە.

رەخنە لە دەوڵەت

ئەگەر ناوەڕۆکێکی یەک لایەنە بێ کە بێپسانەوە لە لێدوانەکانی بەسراوە بە ئانارشیزم دووپات بێتەوە هەر ئەو رەخنە و رەتکردنەوەی «دەوڵەت» و جارجاریش «حکوومەت» و «دەسەلات»ە. مەسەلەیەکی زۆر لەم رەت و حاشالێکردنەدا بوونیان هەیە. یەکەم لە دەستدانێکی رۆشن لە نووسراوەکانی ئانارشیستی دەربارەی چی تۆ مانای ئەم واژەیە. دەرەنجام، تێگەیینی ئەمە کە چ شتێک بۆ رەتکردن و حاشا دەبێ، دژوارە. دووەم، ئانارشیستەکان زۆرجار لەمەڕ ئەمەکە واتاگەلێکی وەک حکوومەت، دەسەلات و دەوڵەت، ئایا هاوکێشییەکن یان واتاگەلی جیاوازانە، لێکدانەوەکان زۆر جیاوازیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئەم پرسیارە لە ئارا دایە کە ئایا لە سیستەمی ئانارشیدا دەکرێ دەسەلات و توانا بەبێ بوونی دەوڵەت یان حکوومەت بپارێزرێ یان نا؟ سێیەم، بوارە رەواکان یان میتۆدێک کە لەسەر بنەمای ئەوان ئانارشیستەکان هێرش دەبەنە دەوڵەت و بە پاساودانەوە بریکارێک بۆ ئەو دادەنێن بە جۆرێکی سەرنجراکێش لە سەرچاوەیەکی ئەخلاقی جۆراوجۆرەوە هەڵدەقوڵێ. روانگەی مافە سروشتییەکانی جان لاک، قازانج باوەڕی پرەنسیپی، خۆخوازی دەروونناسی، مەکتەبی نوێی کانتی، هێگلخوازی، روانگەی تەکامول و پرەنسیپی مەسیحییەت، هەموویان بەناوبانگترین سەرچاوەی پاکانە پێکدێنن.[٤٩] ئەم جۆراوجۆرییەی پاکانەی ئەخلاقی، رێنوێنە رێکوپێکەکان و مەنتق دژوار دەکا. من سەرسەری بە پرسینەوەی واتای ئەم واژانەوە خەریک دەبم و پاشان بەم پرسیارە وەڵام دەدەمەوە کە بۆچی دەوڵەت رەتکراوەتەوە، دەگەڕێمەوە سەری.

سەیر لێرە دایە کە ئانارشیستەکان لەمەڕ ئەمە کە واتای دەوڵەت چیە زۆر کەم شتیان نووسیوە. ئەوان هەمیشە پێکهاتەکانی بناغەدانەری یاسا، بەڕێوەبەرایەتی، داد، ئیداری بوروکراتێک و جارجاریش پۆلیس، هێزە چەکدارەکان، لە هێندێ شوێندا دین و فێرکردن و پەروەردە یان لە زێهندا هەیە. هێندێکیان لەسەر پێکهاتەی کردەوەی زۆر تەئکید دەکەن، بڕێکی دیکەیان لەسەر سیستەمی دەروونناسی بیر دەکەنەوە.[٥٠] هیچ کام لەم پێوارانە بە جیاوازییە وردبینییەکانی سوننەتی دەوڵەت تایبەتیان نییە. بێجگە

لەمە، برێک نووسراوەگەلی پرۆدۆن رواڵەتەن حکوومەت، دەوڵەت، حاکمیەت، یاسا و مەرجەعییەت و دەسەڵات بەکردەوە هەموویان هاوکێش لەگەڵ یەک دەبینن. پرۆدۆن لە قرتاندنی دەوڵەت بە شێوەی قرتاندنی هەم حکوومەت و هەم دەسەڵات دەدوێ.[51] لە لایەکی دیکەوە، ئانارشیستی ئەمریکایی ئالبێرت جی نووک لە کتێبی دوژمنی ئێمە دەوڵەت، بە تیژبینی لەنێوان حکوومەت و دەوڵەتدا جیاوازی دادەنێ. دەوڵەت بە دەستێوەردان بۆ دابینکردنی مافە سروشتیەکانی ژیان، ئازادی و خاوەنداری بوو.[52] دەوڵەت هەمیشە پێکهاتەیەکی سەرکوتگەر و لە راستیدا رێکخراوەیەکی سزادانە. راتبارد هەم ئەم خەتتە رێنوێنییەی گرتووەتەبەر و مالیات سەندنی پێچراوەترین شێوەی دزی دەداتە قەڵەم.[53]

لەبەر ئەمە، کوێی کاری دەوڵەت و حکوومەت گرفتی هەیە؟ لەم بارەشەوە ئانارشیستەکان وەلام گەلێکی جۆراوجۆر دەدەنەوە. بەشێوەی گشتی، دەوڵەت رێکخراوێکی دەسکرد و بێگانە دەدرێتە قەڵەم کە لە خراپترین لایەنی خۆی، رێکخراوەی سزدان و رێگرییە. ئەو جۆرە کە ئەلکساندێر هرتزن بە توندوتیژی گوتوویە، دەوڵەتی «چەنگیزخانی لەگەڵ تەلگرافە». ئەگەرچی ئەم رۆژانە باشترە لە رایانە بدوێین. هەموو رێبازەکانی ئانارشی زۆر و کەم هەر ئەم روانگەیان هەیە. دەوڵەت جیلوەیەکی گوشار و دەمارگرژیە. لەباری مێژوویەوە، دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای زاڵبوونی نیزامییەوە فۆرمیان گرتووە و دروست کراون. سەرچاوەی ئەوان هەمیشە سامانی بە تالان هێنرا و گیراوەیێکە کە فۆرمی یاسایان داوەتێ. لەبەر ئەمە، بوونی دەوڵەت هەڵگری حاشای تەواوی ئازادییە. ئەو جۆرە کە باکونین گوتوویە: «دەوڵەتەکان ناتوانن هیچ بوارێکی دیکە جگە لە بە دیل گرتنی خەلکانێک بدۆزنەوە کە بنەما و ئامانجی ئەوان پێکدێنن».[54] بێجگەلەمە، لەوەی کە دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای سلسلەمەراتب و زاڵبوون فۆرمیان گرتووە، هەروەها پێویستانە هەڵگری حاشا کردن لە یەکسانی مرۆڤەکانن. زۆربەی ئانارشیستەکان دەڵێن کە پێکهاتەی دەوڵەت لە لایەن چین یان کەمی خوێندکاران، رۆحانیان و رۆشنبیرانەوە پشتگری لێکراوە. ئەم

حوکمه یان داوەرییە، برێک لە ئانارشیستەکانی پڕ کردەوە لە باوەڕی دژایەتی کردن لەگەڵ رۆشنبیری.

ئانارشیستە تاکخوازەکان، لە پلەی یەکەمدا سەرنجیان داوەتە حاشا کردن لە مافەکان و ئازادییە تاکەکان بەتایبەت ئازادییەکانی بازاڕ و خاوەنداری لە لایەن دەوڵەتەوە. ئەم خاڵە بەتایبەت دەربارەی زۆر لە تاکخوازە ئەمریکاییەکانەوە خۆ دەنوێنێ. ئانارشیستە تاکخوازەکان هەموویان بە هەر شێوەیەکی وتە لەمەڕ بنەماکانی کۆ و شەریکایەتی رەشبینن و دەوڵەت بە شەڕخوازترینی ئەم بنەما کۆیانە دەزانن. ئەو جۆرە کە دیمان بە بۆچوونی گودوین، ئەستیرنر و راتبارد، هەر چەشنە کردەوەی هەرەوەزی و کۆ لەراستیدا هەڵگری باوەڕ نین و بۆ متمانە نابن. بە بۆچوونی ئەستیرنر، بە بۆنەی لە پێشبوونی هەستیناسی کە ئەو بۆ (خۆی) گرتووەتە بەرچاو، کۆمەڵگە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر (تارمایەکی ترسناک)ە.[55] گودوین هەرەوەز و هاوکاری بەپێی قازانجەباوەڕی تاکخوازانەی خۆی رەتی دەکردەوە. راتباردیش بەپێی مافە سروشتییەکان، سەرقاڵی حاشای لە بوونی کۆمەڵگە بوو و دەیگوت: «هیچ هەستییەکی بەرچاو بە ناوی کۆمەڵگە بوونی نییە، هەر تەنیا تاکەکان لە کردەوەی بەرامبەر لەگەڵ یەکتر واقعییەتیان هەیە».[56] مرۆڤەکان لەراستیدا و لەبەر جەوهەری خۆیان خۆخوازن. تەنیا کۆمەڵگە مومکینە بەرچەسپی پڕبەپێستی بۆ تاکەکان لە حاڵی کردەوەی دوولایەنە بێ.

ئانارشیستە کۆخوازەکان، رووبەڕووخواز و کۆمۆنیستیش لەمەڕ ئەم بابەتە روانگە نائاساییەکانی خۆیان هەیە. پرۆدۆن و باکونین بوونی دەوڵەت بە قۆناخێکی گرژ، بەڵام تێپەڕ لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیان دەزانی. بە بۆچوونی باکونین ئەڵمانییەکان تاقانە دەوڵەتخوازانی راستەقینەی ئەورووپا بوون. ئەم لەم بابەتەوە راستەوخۆی، هەرچەند پۆی تەنزی پێوە بوو، نێوان مارکس و بیسمارکی پێکەوە بەرقەرار دەکرد. هەروەها ئەو بە هۆگری تەواوەوە بۆ فیدراڵیزمی ئەمریکایی دەڕوانی و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بریتانیا بەراستی بە هیچ جۆرێک خاوەنی سوننەتێکی دەوڵەتی نەبووە.[57]

کتێبی کروپۆتکین (و لەم سەدەدا کتێبی بوکچین) لە کتـێبی بـاکونین بـەربڵاوتر و گەشبینانەترە. بە بۆچوونی کروپۆتکین، دەوڵەت خۆی لە خۆیـدا تاکـەکان لاواز و لـە ناو نابا، بەڵکو زۆرتر بۆ بێهێزی و لە ناو بردنی جەماوەری سروشتی، هاوئاهـەنگ و ئۆرگانیکی تێدەکۆشێ کە تاکەکان لـە دەروونی ئەوانـدا گۆڕانکاریـان بەسـەردا بـێ. بوکچین ئەم جەماوەرە سروشتییەی (گرووپی یـەکگرتوو) نـاودێر دەکـا. کروپـۆتکین وێنەی تەکامولی لە کۆمەڵگادا دەبینێ و دەڵێ کە «لە هـەر جێیەکـەوە جـۆری مـرۆڤ ڕێی تێکەوتووە کە بریتین لە کۆمەڵگەی هۆز، گوندی، جەماوەر، شارییە ئازادەکـان و دەوڵەت کە گۆڕان و تەکامولی هەرکام لەوانە لە قۆناغی پێشوو تێپـەڕیوە.[58] دەوڵـەت بوونی هەیە هەتا هەمووی شێوەی سروشتی و یەکێتی فیدڕاتیڤ لەناو بەرێ. بە رای کروپۆتکین ئەم تەقینەوە، سیاسەت و هێڵی کـرداری پاپـەکان، پاشـاکانی کێـشوەری ئەوروپا، پەرلەمانکان و تەنانەت کۆنڤانـسیۆنی شۆڕشـی فەڕانـسا بـووە. ئەگـەرچی کروپۆتکین باوەڕی بوو کە لەژێر ئـەم کۆنترۆڵـە پـشووبڕەی دەوڵـەتە و، هەنووکـە یارمەتی بەرامبەر بە شێوەی «ئەنجوومەنی دۆستایەتی» زینوە.[59] ئـەرکی ئانارشـی ئەمە بوو کە ئاوەدان کردنەوەی ئەم ئەنجوومەنە سروشتیانە هان بدا.

گرنگە پێبزانین کە لە بۆچـوونی زۆرینـەی ئانارشیستەکاندا هـیچ شـتێک تۆڵـەی دەوڵەت ناکاتەوە. پرۆدۆن و باکونین دەربارەی ئەم خاڵە تایبەتین.[60] دەکرێ بـوترێ هەموو ڕێبازەکانی ئانارشـی سـوننەتی مەشـرووتەی لیـبرالی، دەوڵـەتی ژاکـوبنی، دێموکراسی پەرلەمانی لیبرالی و بەتایبەت دەوڵەتی سۆسیالیستیان بەگومان لێکراو زانیوە. لەم رووەوە، باکونین خـووی وابـوو کـە دەوڵـەتی مارکسیـستی بـە «درۆی گەورەی سـەدە ـ بوروکراسـی سـوور» ناوبنـێ.[61] کروپـۆتکینیش هـەر بـەم قـین و بێزارییەوە گوتوویە: (رادیکاڵی مودێڕن کۆکارێک، لایەنگرێکی دەوڵـەت، ژاکوبنێـک و سۆسیالیستییە کە لەسەر جێ پێکانی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن.[62]

ئازادی و یەکسانی

بە بۆچوونی زۆربەی ئانارشیستەکان هۆی بێزاری لە دەوڵەت ئەوەیە کە دەوڵەت ڕیشەی هەموو زۆرەکان و گوشارەکانە. بە وتەی بەرکەمن: «ئازادی واتە ژیانی بێ زۆر و گوشار». پێویستی ئانارشیستی بە بایەخی ئازادی لە بنەڕەتدا هەڵگری ڕەتکردنەوەی دەوڵەت بوو.[٦٣] لەم ڕوانگەوە، ئازادی ئامانجی یەکەمی فەلسەفە نەبوو، بەڵکو ئەو جۆرە کە رووکێر گوتوویە، «ئیمکانێکی دیاریکراوی حەیاتی بۆ هەر مرۆڤێک» بوو.[٦٤]

لەم خاڵە، دەبێ ئەگەر بکرێ کە سەرجەم ئانارشیستەکان بایەخی ئازادیان بە ئەستۆ گرتووە. لێرەدا دوو گرفت و مەسەلە پێش دێ کە یەک لە یەک پێچراوەترن.[٦٥] پێشتر مەسەلە ئاسانەکەیان دەگرینە بەرچاو: ئاشکرا نییە کە ئایا هەموو ئانارشیستەکان بۆ ئازادی بایەخ دان یان سەربەخۆیەکی زووتر لە هەموو بایەخەکان بوە یان نا. ئەستیرنر بۆ وێنە خاوەنداری یان (تایبەتی) یان Eigenheit سەرکەوتووتر لە ئازادی دەزانی. بە وتەیەکی دیکە، ئازادی هەمیشە پێڕەوی بایەخی (خۆ)یەتی. هەروەها بە بۆچوونی ئەستیرنر، زۆرتر بایەخی گریمانە و ناوەڕۆکی ئازادی شتێکی زیاتر لە هەودایەکی گومانی نارەسەن و (ئازادی، تووڕەیی تۆ دژی هەر چی لە تۆ نییە، دەیەژێنێ؛ خۆخوازی تۆ بە چێژ بردن لە زیاتر لە خۆت بانگهێشت دەکا؛ ئازادی ئارەزوو و حەسرەت، سکالای ڕۆمانتیک و هیوای مەسیحییە و هەروەش دەمێنێتەوە... خاوەنداری و تایبەتی ڕاستیە».[٦٦] تەنانەت کاتێک کە ئەستیرنر لەبارەی ئازادییەوە دەدوێ زۆر روون نییە کە ئایا ئەو هەڵوێستی پۆزەتیڤی قبووڵە یان هەڵوێستی نیگەتیڤی. جان لارک نووسەری ئانارشیستی ئەمریکایی دەڵێ: «ئانارشیزم یەکێک لە ڕوانگە مەزنەکانی سیاسییە کە دەیهەوێ بایەخە پۆزەتیڤ نیگەتیڤیەکانی ئازادی لە ڕوانگەی تاک و کۆ لە ئازادی مرۆڤدا بگونجێنێ و تێکەڵیان بکا».[٦٧]

بەم حاڵەوە، بێگومان زۆرینەی ئانارشیستەکان لەگەڵ تێکەڵ بوون تێکهەڵشێلانە دانین. ئەم خاڵە ئێمە بەرەو مەسەلەی دووەم ڕێنوێنی دەبا، واتە وەکو هێنەکەی لیبرالیزم، جیاوازیگەلێکی مەزن لە توێژینەوەی واتای ئازادی لە گۆڕێدا هەیە.

هەروەکو لیبرالیزم، ئەم واتای جیاواز لە ئازادی بە دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز دەگا. روانگەی ئانارشیستگەلی خاوەنپرەنسیپتر ئەوەی کە ئەوان وەکو زۆربەی لیبراڵە کلاسیکەکان واتایەکی نیگەتیڤیان لە ئازادی لە نەزەردا هەیە.[68] ئازادی لەم روانگەوە بە واتای کەمبوونەوەی زۆریان گوشاری ئەنقەسی لەشی لەسەر تاکە. ئەمە روانگەی تایبەتی ئانارشیزمی ئەمریکایە. راتبارد ئاشکرا ئەم کردارە زۆرانەی بە «دەمارگرژی فیزیکی دەستدرێژکەرانە سەبارەت بە تاک و خاوەنداری» ناودێر دەکا.[69] بەم چەشنە ئەو هەر وەک بەرکەمن «ئانارشیستی کۆمۆنیست» باوەڕی وایە کە وەلانان و پرووزانی دەوڵەت بە واتای قرتان و پرووزاندنی سەرچاوەی کرداری زۆرە و لەم رووەوە بە واتای زۆر بوون و پەرە سەندنی ئازادییە. رێنوێنی راتبارد لەگەڵ پرەنسیپی خاوەنداری لەسەرخۆیی و بنەڕەتی نەبوونی دەستدرێژی پێوەندی هەیە: واتە ئەمە کە تاکەکان مافی نەگۆڕیان بەسەر خاوەنداری لەشی خۆیانەوە هەیە. ئەو جۆرە کە هیچ کەس لەم بارەوە نابێ بە کردەوەی زۆر لەگەڵ ئەوان هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات. لەبەر ئەمە هەرکەس «مافی نەگۆڕی بۆ ئازاد بوون لە دەستدرێژی و دەمارگرژی هەیە».[70]

لە لایەکی دیکەوە، هێندێ لە ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان زۆرتر سەرنجیان لەسەر لایەنی پۆزەتیڤی ئازادییە. لەگەڵ ئەمە، ئەم تێگەیشتنە تایبەتییە لە ئازادی پۆزەتیڤ بینینێکی دڵسۆزانەتری رێژە بە دەور یان کارکردی دەوڵەت ئاسان ناکاتەوە، ئەو جۆرە کە دەربارەی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی ت. هـ. گرینیش هەروا بوو. ئەو ئانارشیستانەی کە تێبینییەکی پۆزەتیڤتریان لە ئازادی هەڵسەنگاندووە، بە رادەی تاکخوازان لە دوورخستنەوەی دەوڵەت پڕ دەنگوباسن. پرەنسیپێکی زۆر لەم واتا پۆزەتیڤە لە ئازادیدا بوونی هەیە. یەکەم، ئازادی هەر تەنیا بە مانای لەناو بردنی زۆر و گوشار نەبوو. ئەگەرچی ئاشکرایە کە زۆر بە شێوەی هۆکارێکی گرنگ لە توێژینەوەی ئازادیدا قبووڵ دەکرا. لەم مانادا، ئازادی بریتی بوو لە رزگار بوون لە گوشار و زۆر بۆ درێژە پێدانی ئامانجی پۆزەتیڤ. ئازادی پۆزەتیڤ هەڵگری سەربەخۆیی تاک، دیاریکردنی یاسا بۆ خۆی و هەڵبژاردنی خودموختارانەی

ئامانجەکانی خۆیەتی. جۆرێک خاڵی تایبەت لەم ڕێنوێنییەدا لە کتێبی ر. پ. وولف بە ناوی پشتگری لە ئانارشیزم باس کراوە کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاکادمیک تا ڕادەیەک لەگەڵ پێشوازی ڕووبەڕوو بۆتەوە. وولف بەپێچەوانەی ئەمە کە دەرکێکی زۆر کەمی لە ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی ئانارشیستی لە خۆ نیشان دەدا، ڕێنوێنییەکی فەلسەفی بەهێز دەردەخا هەتا نیشان بدا کە چوونە ژێرباری دەسەلات لەگەڵ ویستە زەروورییەکانی ئێمە لە کردەوەدا بە شێوەی تاکەکان و هۆکارە خودموختارەکان سازگاری نییە. هەر ئەرکێک لە فەرمانبەری کردن لە دەسەلات بێ بەڕاستی هەڵگری وەلانانی بەڵگە و ڕێنوێنییە. لە ڕێنوێنییەکانی وولف لە بیست ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەک پێشوازی لە نووسراوە فەلسەفییەکانی کراوە. بەم حاڵەوە، بەپێچەوانەی بەهرەمەند بوونی زاتی ئەو، لە پەراوێزی بزاوتی فیکری و بەکردەوە ئانارشیستی خۆی بینیوەتەوە.[٧١]

دووەم ئەمە کە ئازادی لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو ئامانجانەی کە لانیکەم هۆکاری بە هەرە وەرگرتنی خراپ لەم و لەو و چەوسانەوە یان بە کەمزانین و بە کەمبینینی ئەوان نەبێ، پێوەندی هەیە. بە وتەیەکی دیکە، ئامانجەکان دەبێ لایەنی ئەخلاقیان ببێ. ئەم لایەنە ئەخلاقیە بەشێک لە واتای پێکهێنەری ئازادییە.[٧٢] سێیەم ئەمە کە، ئازادی لەگەڵ بەرەوپێشچوون و تەکامولی تاکی مرۆڤ، یان ئەو جۆرە کە ڕووکێر دەڵێ: (لەگەڵ پەرە گرتن و تەکامولی کاملی هەموو هێزەکان، لێهاتووییەکان و تواناییانەی کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە)[٧٣] پێوەندی هەیە. لە ئاکامدا ئەمە کە، ئامانجە ئەخلاقییە پێکهێنەرەکان دەبێ لە کۆمەڵگەدا ڕیشە داکوتن. لە ڕاستیدا، ئامانجەکان و مەئواکان لە کۆمەڵگە یان لە غەریزەی گشتی سروشتی جەوهەری ئێمە سەرچاوە دەگرن. ئەم پێشمەرجە بنەمای ئانارشیزم پێکدێنێ.[٧٤]

باوەڕەکانی ئانارشیستی دەربارەی یەکسانی، بەپێی واتاگەلێک کە هەرکام لەمەڕ سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندی بایەخێک کە هەیانە، جیاوازیان هەیە. ئاستەنگترین ڕوانگە لەمەڕ یەکسانی ـ هەڵقولاوە لە خۆخوازی ئەستیرنری ـ هەر شتێک کە بالاتر لە (خۆی) بێ بە گومانی دەزانێ. لەبەر ئەمە، (خۆ)کان چ تایبەتی و چ بە کردەوە

دەبێ بەرامبەر ببینرێ. تاکی خۆخواز هەموو کێشەکانی لەمەڕ پلەبەندی یان پلەبەرزی دەبێ درۆ بدرێتە قەڵەم. گشت ئانارشیستە تاکخوازەکان دەربارەی جەوهەری بەرامبەری بێخەوشتر بڕیاریان داوە. بە بۆچوونی گودوین هەر مرۆڤێک بەرامبەرانە خاوەنی لێهاتوویی عەقڵانی و بڕیار لەمەڕ بەرژەوەندی و بەختەوەری خۆیەتی. هیچ پلەبەندییەک لەم بارەوە قبووڵ نییە و هەر تاکێک دەبێ بتوانێ بەرامبەرانە بیر بکاتەوە. لە سوننەتی ئانارشیستی ئەمریکایی، یەکسانی جیاوازانە لە (خۆی) کە خوازیاری مافی سروشتی مالکییەت لەسەر لەشی خۆی، نەکەوێتە بەر هەڕەشەی دەستدرێژی و هەروەها دەسڕەسی ئازاد و بەرامبەر لە بازاڕ بوونە سەرچاوە دەگرێ. لئۆ تۆلستۆی یەکسانی لەسەر بنەمای پرەنسیپی یەهوودی - مەسیحی یەکسانی رۆحەکان لێکی دەداتەوە. بە بۆچوونی تۆلستۆی هەرێمی دەسەلاتی خودا لە هەرکام لە ئێمەدا بوونی هەیە و هەڵگری رێزی بەرامبەری مەزەب بە کەسانی دیکەیە.[٧٥]

بۆچوونی شێوەی دیکە لە یەکسانی، لە تاکخوازیدا کە رەنگە دژایەتی لەگەڵ روانگەی جەوهەریتر سەبارەت بە بەرامبەری بێ، بە لای ئانارشیستە کۆمۆنیستەکانەوە دەبینرێ. بە بۆچوونی ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان و کۆخواز، یەکسانی سیاسی، یاسایی یان ئابووری، یەکسانییەکی تەواو نەبوو. یەکسانی شتێک بوو کە پەیامگەلێکی گرنگ و بەربلاوی بوو. بە بۆچوونی کروپۆتکین یەکسانی دارڕاو لەسەر نیاز بوو. هەر کەس بڕێک نیازی سەرەکی گیانی، دەروونی و کەلتووری هەیە کە دەبێ لە دەروونی کۆمەلگەدا عادلانە بەراورد بێ. ئەم نیازانە تەبا و رەبایی تاکی مرۆڤیان پێکدەهێنا. بەتایبەت لە روانگەی ئانارشیستە کۆمۆنیستەکانەوە، یەکسانی بە واتای کۆمەلایەتی ئەو لەگەڵ گەیشتن بە ئازادی پۆزەتیڤ پێوەندی نزیکی بوو. بە باوەڕی تاکخوازەکان واتای شێوەیتری کردەوەی یەکسانی لەگەڵ ئازادی نیگەتیڤ - بە شێوەی مافی بەرامبەر بۆ ئازادی - پێوەندی بوو. بە بۆچوونی زۆرینەی تاکخوازەکان کۆشش بۆ نیازە سەرەکییەکانی تاک و رەزامەندی ئەوان لە لایەن کۆمەلگەوە، لەگەڵ حاشا کردن لە ئازادی هاوتەریب بوو.

یەکسانی، خاوەنداری و ئابووری

بایەخگەلێکی دیکە کە ئانارشیستەکان بەتەواوی خوازیاری بوون، عەدالەت بوو. عەدالەتیان هەمیشە سەربەخۆ لە یاسادا دەبینی. واتای یاسا لەگەڵ کردارەکانی حکوومەت، دەوڵەت و دەسەلات پێوەندی بوو.[٧٦] لەم رووەوە ئەگەر پێوەندییەک لە نێوان ئەم دوانەدا بوونی بوو ئەمە بوو کە یەکسانی بە شێوەی پێوارێکی بەراوردی دژی کردارە یاسایەکان بەرچاو دەگیرا. بەم جۆرە واتای کۆمەڵگە لەکەداردا سالم و عادڵ کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەندێشەی ئانارشیستییە، بەڵام پرسیار هێشتا لەسەر جێی خۆیەتی: یەکسانی چییە؟ دوو لایەنی جیاواز لە ئارادا هەیە کە واتای عەدالەت لە ئەندێشەی ئانارشیستی لەواندا پەروەردە بووە. وەکو واتای یەکسانی، لایەنێک لەگەڵ دەرکی بە کردەوەتر گرێ دراوە، لایەنێکی دیکە لەگەڵ جۆرێک مودێلی بڵاو کراوە و جەوهەریتر پێوەندی هەیە.

خاڵە ناوبراوەکان جەوهەری روانگە و بۆچوونەکانی ئانارشیستی لەمەڕ ئابووریش ئاشکرا دەکەن. بە شێوەی گشتی، دەکرێ بڵێین کە هەموو رێبازە ئانارشیستییەکان لەگەڵ واتای سەرمایەداری دەوڵەتی و ئابووری دەستووری پشت بەستن بە دەوڵەت ناکۆکن. جگە لەم حوکمە زەوت کراوە، دۆزینەوەی بوارێکی هاوبەشی دیکە دژوار دەبێ. بێگومان هۆگرییەکی نادیار و شاراوە بە ئابووری ناکۆ بوونی هەیە. دەربارەی تاکخوازانی ئەمریکایی -بەتایبەت ئانارکۆکاپیتالیستەکان- بازاڕی تەواو نارێک دەکەن بە وێنە و دەیدەنە قەڵەم. تەولید مەسەلەیەکی جیاواز و هاوێرکراو لەگەڵ دابەشکردنە. لە ئانارشی کۆمۆنیستیدا تەولید و بڵاوکردنەوە هەر دوو بە یەکەوە تێکەڵاویان هەیە و دەبێ بکرێنە کۆمەڵایەتی. شێوەی بازاڕی قەراردادخوازی پرۆدۆن و تاکخوازی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەم دوو دۆزەدا وەستاون. روانگەی پرۆدۆن کەم تا کورت هاوتەریبی شێوەی ئانارشیستی سۆسیالیزمی بازارە.

یەکەم ئانارشیستێک کە واتای عەدالەتی لیبراوانە لەدیالۆگی خۆیدا دەربارەی کۆمەڵگە هێنایە ئاراوە، پرۆدۆن بوو. بەم حاڵەوە، دەبێ بوترێ کە شعووری ئەو

بەپێچەوانەی ناوبانگی رواڵەتەن رادیکاڵی خۆی، ئابووریخوازە و بە هێندێ شێوە لە لیبرالیزمی کلاسیک دەچێ. پرۆدۆن تا رادەیەک وەک سێر هێنری مین لەگەڵ «بارودۆخی گرێبەست» و ئەندێشەی ئەسپینسێر دەربارەی «خەبات لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازی» رێنوێنی دەکرد کە کۆمەڵگەکان لەگەڵ گەشە و تەنینەوەنە بەرەو ئانارشی، لە حکوومەتەوە وەکو جانلاک و ژان ژاک رۆسۆ بوو. بە بۆچوونی پرۆدۆن قەرارداد جێی حکوومەتی دەگرتەوە. بە باوەڕی ئەو گرێبەست دژی دەسەلاتە و نیشاندەری یارمەتی بەرامبەرە.[77] خەڵک لە لایەن گرێبەست و گۆڕینەوە لەگەڵ یەکدا پێوەندیان دەگرت و بەرپرسی ژیانی خۆیان دەگرتەئەستۆ. گرێبەست و خۆرازیبوونێکی تەواو پێویستە. لەبەر ئەمە، بە بۆچوونی پرۆدۆن گرێبەست ئامێرێکە بۆ بە کەماڵ گەیشتنی چەمکی ئانارشیبە. تاقانە جیاوازی لەم روانگە قەراردادخوازە بنەماڵە بوو کە پرۆدۆن هێشتا ئەوەی بە جۆرێکی تۆێژینەوەهەڵنەگر رێخراوی پلەبەندی و باوکسالارانەی دەزانی. بە شێوەی گشتی، پرۆدۆن لەسەر ئەوە سوور بوو کە لە قەرارداد دا دەبێ بەرامبەرییەکی سەرەکی لە ئارادا بێ و هەر ئەم بەرامبەریە بنەڕەتییە بوو کە جیاوازی نێوان ئەوی لەگەڵ ئانارشیستە تاکخوازەکانی دوایی بەدیهێنا.

بڕیارنامە دوو کاردانەوەی بوو: یەکەم هەڵگری دەستەبەر کردنی گۆڕینەوەی ئابووری هاوتەریبی نرخ بوو؛ دووەم قەرارداد و بڕیارنامە ئازادی دەستەبەر دەکرد چونکە پێوەندی لەودا بەتەواوی سەربەخۆ و دوور لە هەر چەشنە زۆر و گوشارێک بوون. گرێبەست خووی نوێی کۆمەڵگە ئەدرایە قەڵەم، شتێک کە پرۆدۆن ئەوەی «کۆمەڵگە دەستەبەر»یشی ناونابوو. پرۆدۆن لەم کۆمەڵگەدا تا رادەیەک بە وشەگەلی مەزەبی دەدوا.[78] شتێک نەک سەرسووڕهێنەر، بەڵام وەک مەتەڵ، واتاکە کە پرۆدۆن لە عەدالەتەوە بووی. یەکسانی پێوەندی بە گرێبەست بەرامبەرەکانەوە دەبێ. پرۆدۆن ئەمەی ناوناوە «یەکسانی ئاڵوگۆڕ» ئێمە لەم سەردەمەدا خۆمان گرتوە زۆرتر ئەندێشەکانی فۆن هایک و لایەنگرەکانی ئەو لە گۆی بگرین کە هۆی بەهێزکردنی جیلوەی بازارخوازی پرۆدۆنن، پرۆدۆن وەبیر دێنێتەوە: «یەکسانی

ئاڵوگۆڕی، فەرمانڕەوایی قەرارداد، سیستەمی پیشەسازی یان ئابووری، ئەمانە هاوتەریبە جۆراوجۆرەکانی ئەم دۆزەن». گرنگی لێرە دایە کە لەگەڵ ڕێنوێنی بەرەو دۆزە زانستی و گۆڕانکارییە، بەتوندی بە کەم جیلوەدانی واتای بلاوکردنەویە یەکسانییەوە دەپێچرێ کە تایبەتی سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز و لیبرالیزمی کۆمەلایەتییە. بە بڕوای ئەو، یەکسانی بلاوکردنەوە گرێ بە سێ دەسەلات، یاسا و حکوومەتە و شێوەی دەروونی بەیانی دەکا کە بۆ هەموو بەرنامەڕێژی و وێنەسازی کراوە. پرۆدۆن وەک ئیسپێنسێر یەکسانی بلاوکاری بە خاوەنی خۆی دەرەبەگایەتی دەزانی. بەم حاڵەوە، گرنگە تێبگەین کە ئەگەرچی ئەو لە کۆمۆنیزم و یەکسانی دابەشکاری بێزار بووە، هۆگری بە دۆزی بازاڕی ڕێکخراویش نەبوو.[79]

نووسەرانی تاکخوازی دوایی، بەتایبەت لە سوننەتی ئەمریکایی، وەبیرهێنەری هێندێ لە دۆزەکانی پرۆدۆنن. بێگومان دژایەتی ئاشکرا لەگەڵ یەکسانی دابەشکاری و بلاوکردنەوە لە ئارادا هەیە. لە ڕوانگەی نووسەرانێکی وەکو ڕاتبارد، مافی سروشتی لەسەر لەش، سامان و ئازادی بایەخێکی لە ڕادەبەدەری هەیە. ڕاتبارد نیگەرانی بەرامبەری سەرەکی هەر دووک لایەنی گرێبەست نییە، بەڵکو هەر تەنیا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نابێ بەرگری لە گرێبەستی نێوان تاکەکان بکرێ. نابێ هیچ شتێک بەرگری لە مافی خاوەندارییەکان لەسەر لەش و سەرمایە بکا و تاک نابێ بکەوێتە بەر هەڕەشەی زیان و دەمارگرژی. یەکسانی بە پایەداری «یاسای ئازادی» ویست پێوەند دەدرێ و ئاوڕ لە مافە ڕەسمییەکانی تاک دەداتەوە.[80] ڕاتبارد لە بەسەریەکدا کەوتووە بەربلاوەکانی خاوەنداری و کەم و کوڕیەکانی کۆمەڵگە کە لەسەر لێهاتوویی و شایستەیی قەرارداد ئەسەری داناوە، غافڵە. نە پرۆدۆن ئەستیرنر و نە گودوین، ئەم ڕێنوێنیەی دوایی بەتایبەت ئەو سفەتە پیرۆزەی کە ڕاتبارد بۆ خاوەندارێتی لەبەرچاوی گرتووە، نایسەلمێنن. هەرکام لەبەر بەڵگەی جۆراوجۆری ئەم ڕێنوێنیەیان دەسەلماند. بەتایبەت پرۆدۆن مافی نەگۆڕی خاوەندارێتی بە شێوەی هۆکاری هاندەری کەڵک وەرگرتنی خراپ ڕەتی

دەکردەوە. لەم رووەوە ئەم رستە بەناوبانگەی گوتووە کە «هەر خاوەندارییەک دزێکە».

بەم جۆرە، تاکخوازانی ئەمریکایی لەگەڵ دڵڕەقییەکی یەکجار زۆر راستی بازاڕی ئازاد دەسەلمێنن. جیاوازی نێوان ئانارشیستە تاکخوازەکان و لیبراڵە کلاسیکە کەمینەخوازەکان لەو بوارەدا زۆر کەمە، واتە لە لیبراڵە کلاسیکییەکان بڕوایان هەیە کە بوونەوەری مرۆڤی خۆخواز بە دووی بەرژەوەندی خۆیانەوەن و لە بازاڕێکی رێکنەخراودا ناکرێ باوەڕ بەوانە بکرێ. بێجگە لەمە، لەگەڵ ئەمەی کە هەر «خۆیان» ئەم کارە دەسەلمێنن.

مەنتقییە کە تاکەکان بە بوونی لانیکەم لە دەزگایەکی دەوڵەتی بۆ ئەنجامی هێندێ کارگەلی گشتی رەزامەندیان هەبێ. بێگومان ئەمە هەر ئەو رێگایەی نووسەرە هاوچەرخەکانی لیبرال وەکو رابێرت نوزیک و جیمز بوکانانە. لە لایەکی دیکەوە، تاکخوازانی ئانارکۆکاپیتالیست یان باوەڕیان هەیە کە مرۆڤەکان خۆیان لەگەڵ کەش و هەوای تەواو ناهەموار دەگونجێن یان تاکەکان خۆیان ئەنجامی خزمەتی بازاڕی ئازاد «کە لەوە بەر لە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوەدەچوو» لەوانە کاری پۆلیسی و پارێزگاری و کارگەلی داد، بە ئەستۆوە دەگرن.

ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان و کۆخواز، عەداڵەتیان بە واتای دابەشکاری دەیانگرتە بەرچاو. بە بۆچوونی کروپۆتکین ئەم کارە پێوەندی لەگەڵ بەرین بوونەوەی تەکامولدا بوو. ئەو جۆرە کە دەڵێ: «هەستی یەکسانی کەم و زۆر لە هەموو بوونەوەرانی کۆژین [یان کۆمەڵایەتی]دا بوونی هەیە... بەم جۆرە کۆمەڵگە قبووڵی رادەیەک بۆ خەباتی جیهانی دیاری دەکا و رێگا بۆ بەرەوپێشچوونی روانگەی ئەخلاقی باشتر دەکاتەوە».[٨١] دەربارەی پێوارەی بڵاوکراوەکان کێشەی باوەڕی لە ئارادا بوو. باوەڕی باکونین دەربارەی بڵاوکردنەوە لەسەر بنەمای ئەنجامی کار لە کۆمۆندا بوو. کروپۆتکین ئەم پڕۆژەی بە نادروست دەزانی، چونکە تەواوکەری تۆوی نەبوونی یەکسانی بوو.[٨٢] کروپۆتکین بەجێی کار یان خۆشاردنەوە لە کار، وتاری «نیاز»ی بە شێوەی پرەنسیپی دابەشکاری سەرەکی

دانابوو. له راستیدا بلاوکردنەوە وشەیەکی لە ڕێ‌لابەرە چونکە هیچ کەس ئەرکی بلاوکردنەوەی لە ئەستۆ نییە، بەڵکو زۆرتر گۆڕان لە خوو و زاتی بەرهەمهێنان و شێوەی بەکارهێنانی خەڵکە.

پێشمەرجی تۆێژینەوەی کروپۆتکین دارِژاو لەسەر بنەمای ئەم ڕێنوێنیانە بوو کە هیچ تەولیدێک تاک نییە. ئەمە تۆرمەی مرۆڤە کە سامان دەخولقێنێ. لەبەر ئەمە، خاوەنداریێتی تاک لەگەڵ جەوهەری تەولید و دروستکردنی سامان دژایەتی هەیە. بۆ ئەوەی کە بوونەوەری مرۆڤ بە شێوەی تەواو بچنەپێش و بە کەماڵ بگەن، سامان دەبێ بۆ گشت مرۆڤایەتی سەرلەنوێ تایبەتمەند بکرێ و بڵاو بێتەوە. بە وتەی کروپۆتکین پرەنسیپ دەبێ ئەمە بێ: «هەموو شتێک بۆ هەموو کەس!... ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ مافی باش ژینە: باش ژیان بۆ هەمووان!»[٨٣] هەمووکەس مافی هەیە ژیان بکا. ژیان کردن واتە نیاز بوون و ئەم نیازانە کاتێک دێتەبەرهەم کە سامان لەسەر بنەمای نیازە تایبەتمەندەکان سەرلەنوێ دابەشکاری نوێ بکرێتەوە. نیازەکان هەم جەستەیین وەکو خواردەمەنی، بەرگ و جێی حەسانەوە و نیشتەجێ بوون هەم کەلتووری، وەکو فێرکردن و پەروەردە. لەم بابەتەوە ڕوانگەی ئانارشیستی کۆمۆنیستی دەربارەی ئابووری بەتەواوی لەگەڵ ڕوانگەی ئانارشیستە تاکخوازەکان جیاوازە. بەرهەمێنان و بڵاوکردنەوە وەکو کارە شەریکەکان یەکپارچە پرسینەوەیان لێکراوە و لێکدراوەتەوە، واتە کەرەسەکان بە مەبەستی دابینکردنی نیازە گشتییەکان دروست دەکرێن. کروپۆتکین زانستی ئابووری سیاسی «لێکدانەوەی نیازەکانی جۆری مرۆڤ و کەلوپەلی ڕەزامەندی ئەوان لەگەڵ سەرفی لانیکەمی وزەی مرۆڤ» پێناسە دەکا و ئەوە «فیزیۆلۆژی کۆمەڵگە» ناو دەنێن.[٨٤]

مەسەلەی ڕێکخراوەی سیاسی

یەکێک لە مەزنترین گرفتەکانی ئانارشی لە پەرەپێدانی هەر چەشنە ڕاپۆرتێک لەمەڕ ڕێکخراوەی سیاسی ئەم تۆمەتەیە کە ئانارشی بیروباوەڕی ناواقعی،

ساکارانه و بیرخوازانه‌یە کە زۆر دژوارە بتوانێ بەڕاستی بگا. ئانارشی ئاخنراو لە ڕێنوێنیگەلێک بۆ کۆمەڵگەی ئۆتۆپیایی بووە. بێگومان تاقمێک لە نووسەرانی ئانارشیست لە پێشنیارەکانی خۆیان لە ڕادەبەدەر توندوتیژ و بێکردەوە بوون، بەڵام کەسانی دیکە لە پێڕەوەکانی خۆیاندا هاوکێشتر، بەکردەوەتر و ڕاستبینتر بوون. کەسانێک کە ویستوویانە بە هۆی فێرکردن و پەروەردە ناوەڕۆکەکانی ئانارشیستی (ناوەرۆکە ئانارشیستییەکان) بخەنەگەڕ ئاشکرا ڕوانگەگەلی درێژخایەن‌تریان بووە.[٨٥]

لەمەڕ بنەڕەتی ڕێکخراوەی کۆمەڵگە هێندێ باوەڕی هاوبەش لە ڕێبازی ئانارشیزمدا دەکەوێتە بەرچاو. زۆربەی ئانارشیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆمەڵگەی داهاتوو کۆمەڵگەیەکی جیا لە پلەبەندی، بێ زۆر و گوشار و ئازادیخواز دەبێ. بێجگە لەمە، واتای دەوڵەت ـ نەتەوە لەگەڵ دیوان‌سالاری، دەزگای داد، پۆلیس و ئەرتەشی خۆی، دیاردەیەکی زووتێپەڕ لە پانتای مێژوودا گومان کراوە. پرەنسیپێک لە حکوومەت بە جێبمێنێ، لانی کەمی ئەو لەسەر بنەمای ڕەزامەندی دەبێ. ئەو جۆرە کە نووسەران دەبێژن، ئەگەریش وابێ، «حکوومەتی بێ سیاسەت» دەبێ.[٨٦] لە هێندێ شوێندا، ئەوەی کە دەمێنێ فیدراسیونگەلێکی بێهێز و بێ تەوژم دەبێ کە «نەبوونی کۆ» دروشمی سەرەکی پێکدێنێ. لەو لای ئەم بەیەکگەینە لانی کەمە، ڕوانگەگەلێکی زیادە و زۆر جیاواز دێنە ئاراوە.

بە باوەڕی تاکخوازانی ئەمریکایی، و بەتایبەت ئانارکۆکاپیتالیستەکان، زۆربەی چالاکی پێشووی حکوومەت یان دەوڵەتی تاکەکان لە بازاڕی ئازاد بەڕێوە دەبەن. ئەو جۆرە کە ئانارشیستی ئەمریکایی بنجەمین توکار دەنووسێ: «ئانارشیزمی ڕەسەن لەگەڵ مەنچستێریزم هاوکێشە».[٨٧] لە هەر کوێ کە «دەرفەتی زۆر و دەمارگرژی تاک یان خاوەندارێتی تاک» لە ئارادا نەبێ، ئانارشی لە ئاراد هەیە.[٨٨] بە بۆچوونی ڕاتبارد، دژی دەوڵەت بوون پێویستانە بە واتای دژایەتی لەگەڵ ئەو خزمەتانەی کە دەوڵەت دەیخاتەڕوو، نییە. مەبەستی ڕاتبارد باروودۆخی تاکخوازی بەتەواوی ویست داخوازانەیە، تەنانەت وشەی «کۆمەڵگە» بە گومانێکی گشتی

زانراوه. هەتا کاتێک کە تاکەکان داخوازانە دەربارەی حاکم و داوەری پێکدێن دەتوانن تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک لە دادگا دادییەکان و پۆلیس بەڕێوە بەرن. راتبارد دەڵێ: خەڵک دەتوانن بۆ حازر بوون لە دادگاکان بانگهێشت بکرێن و بەرامبەر بە یاسا ئازادانە داوەری بکەن. هەڵبەت لە تۆژینەوەی ئاخر، هیچ شتێک ناتوانێ تاک مەجبوور بە ئیتاعە بکا مەگەر ئەمەکە هەستی پێکهاتنی ئازادانە لە ئارادا بێ و هەموو تاکەکان مافە سروشتییەکان بسەلمێنن. جگە لەمە، دیاریکردنی ئەمە کە دەربارەی تاوانکاران، ئیفلیجانی لەشی یان شێتەکان بەرامبەر بە روانگەی تاکخوازانە چ کردارێک دەکرێ بەڕێوەبەرێ، دژوارە. هەروەها، هەر ئەو جۆرە کە زۆریان وەبیریان هێناینەوە، بەڵگەگەلێک کە لەمەڕ هێمنایەتی تایبەتی و شەریکە پۆلیسییەکان یان هێمنی پێکبێنن هیچ شتێک ناتوانێ بەرگری لە جەنایەت و خراپەکاری بکا. لە کۆتاییدا سزا بە مامەڵەیەکی وەک خۆی دەبێ بە تۆڵە. ئەگەر هیچ مەسڵەتێک لە ئارادا نەبێ، لەو شێوەدا دەمارگرژی تاقە رێی چارەسەرە. لە وەها بارودۆخێکدا بازاڕ نەک هاندەری سیستەم، بەڵکو هاندەری بێ سیستەمی و کاولییەکی ترسهێنەر دەبێ.

ماکس ئەستیرنر لانیکەم هەتا ئەم رادە سەبارەت بە مەسڵەتی ئازادانە گەشبین نەبوو. ئەو لە راتبارد لەمەڕ تاکخوازی راستتر و راستبینتر بوو. ئەستیرنر باوەڕی وابوو کە دەکرێ مامەڵە بە وەکو خۆی نێوان «خۆکان» جێگری تۆڵە بێ. چونکە گشت «تارماییە» زێهنییەکانی بورژوایی ـ لەوانە مافە سروشتییەکان، خاوەنداری و بازاڕەکان ـ لەوانەیە کە بخرێتە پشتگوێ و دوورخرێتەوە، لانی زۆری شتێک کە بتوانرێ پشتی پێ ببەسرێ «یەکێتی شاراوەی خۆخوازان» دەبێ بە جۆرێک کە هەرکەس بە دووی رەزامەندی و دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە بێ.[89] کۆمەڵگە ئیتر بوونی نابێ. بە گریمانەیەکی زۆر جێی ئەو جگە لە خودگەردانی خۆی شتێک نایگرێتەوە. ئەو جۆرە کە ئەستیرنر گوتوویە «هەر نەتەوەیێک و هەر دەوڵەتێک سەبارەت بە تاک خۆخواز و بێئینسافە».[90] لەم روانگەوە سەبارەت بە

ژیانی کۆمەڵایەتی، بەو جۆرە کە ئەستیرنر ئامادەی قبووڵ کردنی ئەوە، تاوان بە رادەی سزایان قەساس باوەڕپێکراو دەبێ.

ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان کێشەی بەهێزتر یان سەبارەت بە بایەخەکان و ڕێکخراوەی کۆمۆنی یان هاوبەشی هەیە. ئەم کارە بەش بە حاڵی خۆی مەسەلەی ئازادی یان سەربەخۆیی تاک پڕکێشەتر دەکا. ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان لە وەڵام دەربارەی تاکخوازانەدا دەڵێن کە تاکخوازی دیاردەیەکی لەناوچوو و ناسازگار لەگەڵ سەردەم و ناتەواوە، گەین بە ئازادی یان یەکسانی بنەڕەتی دەبەستێ بە کەم کردن و زیادکردنی بازاڕەکانەوە، لە ئاخردا رووخانی دەوڵەتی سەرمایەداری بە دواوەیە. کۆمۆنیستەکان و کۆخوازەکان بیریان دەکردەوە کە مرۆڤەکان دەبێ لە جەماوەری شەریکەیی یان کۆمۆنە بچووکە دژەکۆکان، فدراڵیزە و دژی پلەبەندی کە وێچوو بە سوننەتی گوندی دێرینە بوو، ژیان بکەن.[91] بوکچین ئەمانەی بە «گروپە پێکەوە بەسراوەکان»ی ناو دەبرد.[92] کۆمۆنەکان ویستیار و خوازیارانە دەبن. بەڵام زۆرتر ئانارشیستەکانی ئەم تاقمە لەسەرئەو باوەڕە بوون کە ئەگەر خەلک بەم جۆرە ژیان بکەن، بە شکۆفایی و پلەبەرزی و پێشکەوتن دەگەن و هۆگری ئەم ژیانە دەبن. کروپۆتکین بەم کێشە هاوڕێی لەگەڵ بۆچوونی خۆی، تام و چێژی بیولۆژیکیشی پێ دەدا. سەیر لێرە دایە کە کروپۆتکین لە هێندێ لە نووسراوەکانی خۆیدا لە کۆششە داخوازەکانی خاچی سوور و «ئەنجوومەنی گەمی فریاکەوتنی بریتانیا» ئیلهامی وەرگرتووە و تاریف لە مەدەنییەکان و شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکا.[93] ئەم کۆمۆنانە دەبوو خۆی لە خۆیدا یەککگرتوو و مرۆڤدۆست یەکترخواز بان. لە روانگەی کۆمەڵێک ئەندامەوە، و تایبەتمەندی کاردانەوەی دەبوو بچووک بووبان و هەر تەنیا بەرهەمێنانیان بۆ دابینکردنی نیازە ناوخۆیەکانی خۆیان کردبا.[94] تەکنۆلۆژیش دەبوایە هەر بە رادەی ئەم نیازە بچووکانە ببوایە. لەبەر ئەمە، بوکچین لە کتێبەکەی خۆیدا لە «تەکنۆلۆژی خەلک» دەدوێ.[95] کاری لەش و فیکری تێکەڵ بە یەک بکرێن و تەولید لە ئاستی مرۆڤایەتی و لە کارگە سەربەخۆکاندا بەڕێوەببرێ. زۆربەی ئانارشیستە

کۆمۆنیستەکان بەتایبەت حەزیان دەکرد بەسەر جیابوونەوەی نێوان کاری دەستی و کاری مێشکی، کاری زەینی و کار لەشیدا زاڵبن و ئەوە لەناو بەرن. زۆر بە دووی ریفۆرمی بنەماڵە و ژن و مێردییەوە بوون. کروپۆتکین سوور بوو لەسەر ئەوە کە ئانارشی کۆمۆنیستی بە رزگاری راستەقینەی ژنان لە کاری قورس و دژوار لە بنەماڵەی باوکسالاری و کاری ناوماڵ دەگەن. یەکێک لە کۆششەکانی ئەو بەدیهێنانی ئامێرەکان و دەزگا نێو ماڵییەکان بۆ یارمەتی ژنان لە بەڕێوەبردنی کاری ناوماڵ بوو.[96]

دەربارەی پرۆدۆن لەگەڵ روانگەیەکی جیاواز رووبەڕوو دەبین کە پرەنسیپێکی لە تاکخوازی، کۆمۆنیزم و لیبرالیزم تێکەڵاو کردووە. لەم رووەوە پرۆدۆنیان «لیبرالی لە کۆمەڵگەی پرۆلتێری» باس دەکرد.[97] ئەو لە ماوەی ژیانیدا باوەڕی گۆڕا، بەڵام تاکخوازانی کۆمەڵایەتی هەمیشە ئەویان بە خاوەنی جۆرێک باوەڕی فدراسیۆنی گرێبەستی نێوان خەڵک دەناسی. کۆمەڵگە لە پلەی یەکەمدا دەبێ لە لایەن قەرارادەکانی نێوان تاکەکان و گروپەکان کە جێی نیاز بە حکوومەت و سیاسەتزانان دەگرن، فۆرم بگرێ، ئەم گروپە فدراڵیانە هەروەها دەبێ دەربارەی پشتگری میللی و داوەری لەمەڕ کێشەکان دانستان بکەن و پێکبێن. پشتگری لە دەوڵەتی فدراڵی دواتر سەرنجی پرۆدۆنی راکێشا کە هێندێ لە بۆچوونەکانی سەرەتایی ئەو دەچوو. واتای نیشاندراو لە لایەن ئەوەوە لەمەڕ بانکی ئیعتیباری رووبەڕوو کە دەوری حەیاتی لە کۆمەڵگەی فدراڵی داهاتوو بەڕێوە دەبرد، لە هەموویان بەناوبانگترە. ئەم بانکە دەبێ پارە تایبەتییەکان بڵاو بکاتەوە و بە بەخششی ئیعتیباری بێسوود دەستبەکار بێ هەتا تاکەکان بتوانن بەکار و کەسپەوە سەرقاڵ بن. ئەوەی کە پرۆدۆن لەو نارەزامەندە خاوەنداری تایبەتی و کەسپ و کاری تایبەتی نەبوو بەڵکو «بە دەستهێنانی دەسکەوت لە کار و زەحمەتی ئەم و ئەو لە هێندێ رێی وەک ئیجارە، سوود و چەوسانەوە بوو».[98]

سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕ و ئانارکۆسەندیکالیزم هەر دووکیان بزووتنەوەی دژی سیاسی و دژی دەوڵەتی بوون کە لەسەر «هێزی شاراوەی شۆڕشگێڕی

ڕێکخراوەی ئابووری چینی کرێکار، بەتایبەت یەکێتی مەدەنی و یەکێتی پیشەسازی تەئکیدیان دەکرد».[99] بە شێوەی گشتی سەندیکالیزم باوەڕی بە دیموکراسی پەرلەمانی نەبوو و هەمو جۆری ڕێکخراوەی دەوڵەت چ سۆسیالیستی و چ سەرمایەداری، ڕەتدەکردەوە. لە بریتانیا بە یەک ڕادە قینی لە حزبی کرێکار و لیبرالیزم دیموکراتیکی کۆمەلایەتی و یەکێتییە مەدەنییەکان بوو. ئابووری بازاڕی بە ڕادەی ئابووری دەستووری کۆکراوە و پیشە خۆماڵیکراوەکان جێی نارەزامەندی بوو.[100] سەندیکالیزمی بریتانیایی لە ناخەوە لەگەڵ واژەگەلی تەبا و ڕەبای لیبرالی نوێ لە ساڵەکانی ١٩١٤ـ١٩٠٦ دژایەتیان بوو. ئەو جۆرە کە نووسەرێک گوتوویە، سەندیکالیستەکان ستوونی سەرەتایی دەوڵەتی تەبا هەر تەنیا گەلالە گیراوە بە مەبەستی بالاچوونی کارکردی پیشەسازی و سیستەمی کۆمەلایەتی» دەزانران.[101]

بە بۆچوونی سەندیکالیزم و ئانارکۆسەندیکالیزم، هۆکارانی سەرەکی ئابووری گروپە بەرهەمهێنەرەکانی چینی کرێکار بوون نەکبەکارهێنەرەکان. ئەم تەولیدکارانە دەبێ هەم دەوڵەت و هەم سیستەمی سەرمایەداری «بەهەولی ڕاستەوخۆ»ی شۆڕشگێڕی بڕووخێنن. بۆ ئەم دەستبەکاربوونە پاڵپشتی بە دەمارگرژی تەواو ڕەوا بوو. ژۆرژ سورل لە کتێبی تێڕامانێک لەمەڕ دەمارگرژی بەم ناوەرۆکە تایبەتە، زۆر کاری لەسەر کردەوە. یەکێتییەکان نەک هەر وەک ئامێرەکانی ئەم دەسپێکە ڕاستەوخۆیە شۆڕشگێڕییە دەدرانە قەڵەم، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا، کاکڵی کۆمەڵگەی فدڕالی دژە کۆکراوەی داهاتوو بوون. کرێکارانی هەر ئاقارێک دەبوو ببنە ئەندامی یەکێتییەک، ئەو دەم یەکێتییەکان دەبوو لە کارتێلێکی (گرێبەست) ناوەندیدا یان بورس «جێی کڕین و فرۆشی ئەوراقی بەبایەخ» یەک بگرن. ئەم بوورسە ئەرکی پڕۆپاگەندە، فێرکردن و ئامادەکردنی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆلی ژیانی خۆیان بە ئەستۆیانەوە بوو. کارتێلەکانی کرێکاری لە ئاقارێک بە شێوەی یەکێتی یان فدڕالی کۆدەبوونەوە و پاشان جۆرێک فدراسیۆنی میللیان پێکدەهێنا. ئەم یەکێتییە مەزنە پیشەسازیانە نەک هەر بنەڕەتی ڕاپەڕین بەڵکو بناخەی کۆمەڵگەی داهاتوو دێننەدی. سەندیکالیستەکان ئەگەرچی لە ڕوانگەی لەبێخ

نەهاتوو و رۆشنبیرخوازی بورژوایی بێزاربوون، بەڵام لەسەر خۆ فێربوونی چینی کرێکار تەئکیدی زۆریان دەکرد. ئەمە تا رادەیەک وێچووی بووسی کاری پلۆتییە لە فەرانسا، ئەنجوومەنی زانستییەکان، ئەنجوومەنی فێرکردنی سەندیکالیستی پیشەسازی و کالجی مەرکەزی کار لە بریتانیا بوو.[١٠٢]

لە روانگەی ئانارشیستییەوە ئاشتکردنەوەی رێکخراوەی دەسەڵات لەگەڵ ئازادی سەربەخۆیی تاک گرفتێکی گەورەیە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هەڵگری مافی دەسەڵاتداریە و پێڕەوانی ئەم دەسەڵاتە مافی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرن یان بەڕێوە نەبردنیان نییە، کەواتە وادێتە بەرچاو کە ئازادی رەتکراوەتەوە. ئەم ئاستەنگی و گرفتە تایبەتییە بۆ ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان و کۆخوازی بووە کە بابەتی نیاز و حەز بە شێوەیەک لەگەڵ جەماوەر و دەسەڵات رووبەڕووبوونەتەوە. تاکخواز لەگەڵ ئەم گرفتە بەم جۆرە راستەوخۆ رووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو بە ساکاری حاشا لە پێوەندی ئەو لەو دەکا و دوور دەکەوێتەوە.

رێگای هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم گرفتە کەڵک وەرگرتن لە واتای دێموکڕاسییە، بڕیار دەربارەی سەربەخۆ بوون تاک بەرەو هەرێمی گشتی رادەکێشێ. لەبەر ئەمە، دەسەڵات لە ویستی خەلکەوە هەڵدەقولێ. بە بوونی ئەمە لەم رێنوێنیانەشدا مەسەلەیەک دێتە ئاراوە. پێشەکی ئەو جۆرە کە توێژەرێک لەم دواییانەدا گوتوویە: «پێوەندی نێوان روانگەی ئانارشیزم و روانگەی دێموکراتیک هەمیشە شاراوە بوە».[١٠٣] بە بوونی هۆگری ئاشکرا سەبارەت بە مودێلێکی هاوبەشی دێموکڕاسی، هەموو رێبازەکانی ئانارشیستی لە ناخەوە بە شێوەی گشتی بە هۆکار گەلێکی زۆر سەبارەت بە دێموکڕاسی رەخنەیان بوو. یەکەم، زۆرینەخوازی تەنانەت بۆ ئانارشیستە کۆمۆنیستەکانیش پرمەترسی هاتوونە بەرچاو. زۆرینە رەنگە ئاشکرا هەلوێستگەلێکی نائەخلاقیانە بگرێ. ئەوانە دەتوانن بە شێوەی نهێنی و شاراوە ئازادی تاک سەرکوت بکەن. بێجگەلەوە، حزبە دێموکڕاتیکەکان هەم دەسکاریکراو و هەم بێمودارن، ئەوانەی خاوەن رەئین لەبەر هەرەشەی مەترسی تایبەت. بە بۆچوونی تاکخوازانی ئەمریکایی، رەنگە دێموکڕاسی تەنانەت خاوەندارێتی

تایبەتیش بێهێز بکا یان لەناوی بەرێ. ئەو جۆرە کە پرۆدۆن لە بوارێکی دیکەدا گوتوویە، کەمێک ئیمکانی هەڵبژاردنی نێوان شایەکی خۆخواز و سەرەڕۆ و دەسەڵاتی خڵەکی سەرەڕۆ بوونی هەیە. هەردووکیان بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە بەسەر تاکدا حکوومەت دەکەن.[١٠٤]

دێموکراسی پەرلەمانیش لەبەر هەڕەشەی رەخنەی تایبەتی دایە. بە بۆچوونی پرۆدۆن گۆڕینی هەڵبژاردن و راپرسی گشتی جیاوازیان لەگەڵ یەکدا نییە. هەردووکیان دەتوانن بۆ سەرپۆش لەسەر دانانی کردەوەکانی دەوڵەت بن، بە باوەڕی پرۆدۆن راپرسی گشتی بەواتای سەرەڕۆیی گشتییە. ئانارشیستەکان سیستەمی نوێنەرایەتیان هەمیشە بە درۆزن زانیوە. لەبەر ئەمە، باکونین بە «وێچووی دەسەڵاتی ویستی دەستکرد و فێڵەبازانە خەڵک کە ئەگەر لەگەڵ وێچووی نوێنەرانی خەلک لە پەرلەمانە بە هەڵەبراوەکانی خەڵکی خۆی دەنواند» رەخنەی دەگرت.[١٠٥] لە ئاخردا بە بۆچوون زۆربەی ئانارشیستەکان، دێموکراسی پەرلەمانی لەگەڵ سیاسەتەکانی حزبی و دەوڵەتخوازیدا پێوەندی بوو. دێموکراسی راستەوخۆی هاوبەشی بەتایبەت پەرلەمانی بوو. وێڕای ئەمە تەنانەت ئەمەش بە گومانەوە چاوی لێ دەکرا.[١٠٦] جارێکی دی ئەگەر و گریمانە ئەمە بوو کە ئازادی تاک بایەخی سەرەکی هەیە کە زۆرینە رەنگە ئەوە لە یەکێتییە هاوبەشییەکاندا بە ساکاری پێشێلی بکەن. بەم هۆیەوە دێموکراسی پێویستانە ئیزنی بە ئانارشیستەکان نەدەدا کە مەسەلەی دەسەڵات و ئازادی بەرچاو نەگرن.

دوا مەسەلە لە روانگەی ئانارشیستییەوە پێوەندی بە میتۆدی گەیشتن بە رێکخراوەی سیاسی نوێوە دەبێ. بە کردەوە هەموو ئانارشیستەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە خوازیاری شۆڕش بوون، چ بە شێوەی ئاشتیخوازانە و چ بە شێوەی دەمارگرژی و شەڕخوازانە بوون. جەوهەری شۆڕش هەمیشە گرێدراوە بە گۆڕینی کۆمەڵگەوە. شۆڕشی سیاسی یان ئابووری تەواوکەر نەبوو. دەبێ گۆڕانکارییەک لە شێوەی مامەڵەوە و بینینی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدانی ببێ. پرۆدۆن و راتبارد بڕوایان بوو کە لە لایەن ئامێری ریفۆرمخوازانە و کار لە دەروونی پێکهاتەی دەوڵەت

ئانارشیزم دەیتوانی بە ئامانجی خۆی بگا. بە بیروبۆچوونی باکونین ئەم فیکرە مایەی بێزاری بوو؛ رووخانی پێکهاتەکانی دەولەت ئامانجی بالا و سەرەکی هەرچەشنە گۆڕانێکی پێکدەهێنا. لە لایەکی ترەوە گودوین باوەڕی بە دەسەلاتی بە قەناعەت گەیاندنی مەنتق بوو. ئەم ئەندێشە بە هیچ شێوەیەک لەناو نەچوە. لەراستیدا بە قەناعەت گەیاندنی ئەم و ئەو لە لایەن فێرکردن و پەروەردە و کتێب و چاپەمەنییەوە باشترین رێ بۆ ئانارشیستەکانی ئەمڕۆیە. دۆزی بەدیهێنانی سەرمەشق یان پشتگری و پالپشتی لە جەماوەری جێگریش کێشان و گیرایی هەمیشەیی هەیە. ئەمە تا رادەیەک بە میتۆدە ئاشتیخوازییەکانی ئانارشیستی تۆلستۆی و رێزلێگیراوی ئەو، گاندی وێچوویی هەیە.

لە لایەکی ترەوە ئەو جۆرە کە لە کاریکاتورە بەناوبانگەکانی ئانارشیستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەردەکەوێ، رێی دەمارگرژیش گیرایی و کشانێکی لە رادەبەدەری بوو. چالاکی دەمارگرژی راستەوخۆی پێشنیاری، شێوەگەلی جۆراوجۆری بوو. لە لایەکی توندوتیژی ئەم بزاڤە خەون و خەیالە بە تەوژمەی بە واتای «پڕۆپاگەندەی کردەوە» بوونی بوو کە هەمیشە لەسەر بنەمای بەرەوپێشچوونەکانی تاک بوو و باوەڕی بە بۆمبڕێژی یان کوشت و کوشتار بوو. بە رووبەڕووبوونەی ئەم شێوە لە جەنایەت و رێگریش پشتگری دەکرا. توندوتیژترین لایەنگری گەرایشی دوایی سرگئی نچایف، هاوڕێی باکونین بوو کە تەمەنێکی کورتی بوو. نچایف «لەگەل، یان بێیارمەتی باکونین» بەشی بەناوبانگی بنەڕەتی شۆڕشگێڕی ئامادە کرد کە لایەنگری کردەوە ترۆریستەکان بە شێوەی رێی داهاتوو بوو. کەسانێکی دیکە لە راپەڕینی چەکدارانەی رێخراو لایەنگریان دەکرد، بەلام لەوەی کە بە قەولی بەناوبانگ، ئانارشیستەکان لە کاری رێکخستندا شارەزایەکی باش نین، ئەم فیکرە گرفتێکی زۆری لێکەوتەوە. ئانارشیستەکان هەروەها سەرنجیان دابووە چالاکی مانگرتن. ئەوان بە کردەوە لە مانگرتنەکان لایەنگرانە کەلکیان وەردەگرت، بەلام زۆرتر سەندیکالیستەکان و ئانارکۆسەندیکالیستەکان لایەنگری مانگرتنی گشتی بوون. ئەم کارە دەبووە هۆ کە

کار بە گشتی راوەستێ و لە کۆتاییدا لەگەڵ رووخانی سیستەمی سیاسی و ئابووری رووبەڕوو بێتەوە. ئانارشیستەکان و ئانارکۆسەندیکالیستەکات لە دەروونی پێگەی کار لایەنگری نەفع و خراپکاری بە شێوەی شێوەگەلی بێهێزکردنی سیستەمیش بوون.

لە کاکڵی ئانارشیستدا دەمارگرژی زۆرجار بە شێوەیەکی تەم لەسەر و شاراوە لە زۆر جیا کراوەتەوە و هاوێرکراوە. زۆر کردەوەی ناڕەوایە کە پۆلیس و دەوڵەت دەیسەپێنن، ئێستا کە دەمارگرژی بە هۆی ئامانجگەلێک کە هەیە کردەوەی رەوا دەدرێتە قەڵەم؛ میتۆدێک بوو بۆ پاککردنەوەی کۆمەڵگەی بورژوایی. لەگەڵ ئەمە، ئەم پاککردنەوە لە بابەتی ئەمە کە لەغاو و هەوساری هێزگەلێکی بەردەدا کە بێ پێویست بە تەقینەوە و لە مەترسی خستنی گیانی بێتاوانان کۆتایی پێدەهات و دەیتوانی پڕمەترسی بێ.

دەرەنجام

ئانارشی زۆرتر لە ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە گیرۆدەی کێشە بۆچوونییە قووڵ و جۆراوجۆرە تاکتیکییەکانە. بەم حاڵەوە هێشتا کشانێکی راوەستاوی هەیە. هۆی ئەم کارە ئاشکرایە. نەک هەر تەنیا ئەم ئیدئۆلۆژییە هەمیشە خوازیاری ئازادی تاک لە بەرامبەر گشت شێوە پێداگر و سیستەمی وشک و کردەوەی زۆر بووە، شتێک کە لە ناخەوە سەرنجی ئەندێشەی ئەوروپایی لەسەردەمی ریفۆرماتی دینی و تافی رۆشنبیری بەرەو خۆی راکێشاوە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ژیانی گروپی و بەتایبەت رێکخراوەی دەوڵەت دژایەتی کردووە. ئەم کار عەقڵەن ئانارشیزمی لەگەڵ مەسەلەگەلێکی پڕلەگرێکوێرە رووبەڕوو کردووەوتەوە. لە لایەکەوە ئانارشیزم رازی بە بایەخی تاکخوازیە. بەڵام گێژەڵووکەی مەنتقی تاکخوازی ئەو دەگەیێنێتە سنوورەکانی پووچەڵی، رێبازی خۆخوازی دەروونناسی ئەستیرنر راستبینترین و بە بڕشتترین لایەنی ئەم مەنتقییەیە. ئەگەر تاک بایەخی بالا و تاقانە داورەی بایەخەکانە کەواتە هەر شت بالاتر لە تاک پێویستانە جێی گومانە. ئانارشیستەکانی دیکە وەک راتبارد، گودوین یان تۆلستۆی هەرگیز مەنتقی بنەمایی تاکخوازیان هەتا دەرەنجامی کۆتایی بەدوویدا ناڕۆن. ئەوان بێ‌پسانەوە بەدووی ئاشتییەوەن. یان بە هۆی عەقل، مافە سروشتییەکان و بازاڕەکان یان موعیزەی مەسیح لەسەر کێو.

لە لایەکی دیکەوە ئەو ئانارشیستانەی لایەنگری کۆمەڵگەی هاوبەشی کە لە دووی وردە ریشەی تاک‌باوەڕی دەگەڕێن لە بەرامبەر گرفتێکی دیکە بێسەبری لەخۆ نیشان دەدەن. هێزی شاراوەی بایەخەکان و ئامانجە هاوبەشەکان سەدێک لە رووبەڕووی ئازادییە تاکەکان دروست دەکەن. هەرکە جەماوەرێک فۆرم دەگرێ دێتە بەرچاو کە ئاستەنگیگەلێک لە بەرامبەر تاکەکان سەرهەڵدێنن. لە وەها بارودۆخێکدا ئازادی بەناچار کەم و ئاستەنگ دەبێ. هەڵبەت رێگایەک بۆ دەور لێدانی ئەم گرفتە هەیە. کروپۆتکین باوەڕی بوو کە سورشتی مرۆڤ لەراستیدا بۆ ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییە شوێنگەلێک دەدۆزێتەوە، بە وتەیەکی دی، ئیرادەی ئازاد ناچێتە ناو رێنوێنی و بەڵگەوە. کردەوەی تاک لە باری بیولۆژیکییەوە بەرتەسک و دیارییە.

کەسانێک باوەڕییان هەیە کە ئازادی راستەقینە لە ناخی کۆمەڵگە و بایەخەکانی ئەودا بە حەقیقەت دەگا. ئێستا بیولۆژی کروپۆتکین بە توندی لەرزۆک دێتەبەرچاو و رێنوێنییەکانی ئازادی پۆزەتیڤ ئانارشیستەکانی لایەنگری کۆمەڵگەی هاوبەش لە لایەنگرانی دەوڵەت کە دەوڵەتیان بە هەڵگری ئەم ئازادییە دەزانی، نزیک دەکاتەوە. لە روانگەی ئانارشیستەکانەوە، گرفتی تایبەتی ئازادی تاک لە کۆمەڵگە لە کۆششی ئەوان بۆ لێدوان دەربارەی (تاوان)، (سزا) تەوەزەلی و هەڵەی کۆمەڵایەتی دەبینرێ. هێندێ وەڵام بۆ ئەم مەسەلانە تا رادەیەک گەوجانەن. هێندێ لە ئانارشیستەکان باوەڕیان هەیە کە دەربارەی جۆرم و هەڵەی کۆمەڵایەتی درۆکراوە و لەرادەبەدەر نرخ بەوانە دراوە. ئەم دیاردانە منداڵانی دەوڵەتخوازی، سەرمایەداری و سلسلەمەراتبەکانی کۆمەڵگەن. دەکرێ تاکەکان رازی بکرێن و فێر بکرێن، یان لە شێوەی تێکشکان ئەوان لەباری کۆمەڵایەتییەوە چاوپۆشیان لێبکرێ یان لە کۆمەڵگە دەرکرێن. ئەگەرچی هێندێ لە رێچارە نشاندراوەکان عەقڵانی دێنەبەرچاو، بەڵام دژوارە کە باوەڕ بکرێ کە ئەوانە چارەسەری مەسەلە گرێدراوەکان بە جۆرم و هەڵەی کۆمەڵایەتی بکا. هەروەها ئاشتکردنەوەی ئەم کردەوە ئانارشیستییە لەگەڵ بایەخی ئازادی دژوارە. وا نایەتە بەرچاو کە بارودۆخێکی جیاواز لە ئارادا هەبێ کە بتوانرێ لەژێر میتۆدی یاسای رەسمیدا ژیان بکرێ؛ لەڕاستیدا ئەوانە دەبوو خراپتر بووبان.

کاتێک ئانارشیستەکان لە کۆمەڵگە ئارمانجییەکانی خۆیان دەدوێن، مەگەر لەو کاتانەی کە باس لە جەماوەری گوندی سەرەتایی و لەناوچوو و نەگونجاو لەگەڵ سەردەم و لەباری زانستی مرۆڤناسییەوە بێهێز و لاواز لە ئارادا بێ، گشت راوێستەکانی ئەنوان جوان و لە بار، بەڵام دوور لە زاستی و لەناخەوە وەک حەسرەت دێتە بەرچاو. جگە لە بێهوودە بینینگەلێکی وشکتر و سەیرتری ئانارشیستە تاکخوازەکان، ئانارشیستە کۆمۆنیستەکان، کۆخواز و بەرامبەرخواز دوورنوێنی هەزارەیەک دەکێشنەوە کە هەموو ئێمە لە باشترین کاتی ژیاندا بەڕاستی ئارەزووی ئەوەمان هەیە، بەڵام دەزانین کە هیوایەک بۆ گەیشتن بەوە بوونی نییە.

بەشی شەشەم

فاشیزم

وشەی فاشیزم یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم سەدەیە. تۆێژەرێکی پایەبەرزی فاشیزم گوتوویە، تەنانەت لە ١٩٢٠ «وشەی فاشیزم بۆ هێندێ لە خەڵکی ئەوروپا نامۆ بوو و تەنانەت موسولینی ئەوەی لە گێڕانەوەی واژەناسیدا بەکاربردبوو».[١] هێندێ کۆمەڵناسی سیاسی سەرهەڵدانی دوایی ئەوەیان لە پانتای سیاسی، بە هۆی خوو و رەوشتی ناهەمەلایەنەی بزووتنەوە، زۆر بە نادیار و شاراوەیان زانیوە.[٢]

وشەی فاشیزم لەباری ریشەناسییەوە لە واژەی لاتینی faces بە واتای دەستە تەرک یان چێوی تەڕ [تەرکە درەخت و داردەستی تەڕی بە یەکەوە بەسراو] بە نیشانەی دەسەلاتی یەکگرتوو سەرچاوە دەگرێ کە لە بارەگای کۆنسۆنخانەکانی کۆماری رۆم بە شێوەی سوننەتی دەیانپاراست و دەسەلاتداران ئەوانەیان نیشان دەدا. روون نییە کە ئەم وشە بە هۆی چ پێوەندییکەوە لەگەڵ رۆمی دێرین هەڵبژاردبێ، هەرچەند دواتر فاشیستەکان لەسەر ئەم بابەتە تەئکیدیان کردووە.[٣] سەرەتا ئەم واژە وتای هەستبزوێنی بوو کە گروپە شۆڕشگێڕەکانی سیسیلی لە ١٨٢٠ ناوی facei لەخۆیان نابوو. ئەم واژە واتای دەروونی سۆسیالیستی خۆی هەتا ساڵی ١٩١٤ پاراست کە لەو سەردەمەدا گروپەکانی faceio سەرجەم بۆ بەشداری کردن لە جەنگی جیهانی یەکەم بانگهێشت کرد و خۆی بەناوی دژی بێلایەن پەسند کرد. گروپە پاڵپشتە میللییە کارامەکان بەر لە تێشکانی ئیتالیا لە کاپۆرتۆ، لە ساڵی ١٩١٧ش ناوی facei لەخۆ نابوو. بەم جۆرە ئەم وشە پێگەی سۆسیالیستی بەهێزی بوو و دواتر چالاکی ناسیۆنالیستی ناوبراوی پارلەمانی و ناحزبیشی گرتەبەر. موسۆلینی سۆسیالیستی تازەپێگەییو کەوت بە کۆچیلی ئەم چالاکییەوە و پاشان لە ساڵی ١٩١٥ بوو بە ئەندامی faceio میلان. پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لە ساڵی ١٩١٩ موسۆلینی faceio میلان لەژێر ناونیشانی faceio di com bottimento سەرلەنوێ رێکیخستەوە. تەنانەت موسۆلینی نەبوو کە لە سەرەتادا واژەی فاشیزمی داهێنا و پڕۆپاگەندەی بۆ کرد. پاش مارش دیرۆکی رۆم بوو کە فاشیزم خۆی زانیاری بەدەسهێنا و بە تالۆکە خۆی کێشایە ناو

لێدوانە سیاسییەکانی ئەوروپا. لەم کەش و هەوا تایبەتییەی پاش ریشە داکوتانی سیستەمی فاشیستی لە ئیتاڵیا لە ١٩٢٢-١٩٢٣ روویدا.

لە توێژینەوەی فاشیزم کۆمەڵێک گرفت لە ئارادا هەیە. لەنێو گشت ئەو ئیدئۆلۆژیانەی کە دەربارەی لێدوانمان کردووە، فاشیزم تاقانە ئیدئۆلۆژییەکە کە بیچمی ناحەزی هەیە. پێچەوانەی ئەوە سەرجەم ئەوروپای ١٩٢٠، جگە لە کۆمۆنیستەکان، ئەوەیان بێزیان دەزانی، ئەم رێبازە زیندووکەرەوەی بیرەوەری قەومقڕان و تەقینەوەی بێسابقەی ئەوروپایە. لە دەیەی ١٩٥٠ بەدوا ئەم بیچمە نیگەتیڤییە بووە بە جنێوێکی ناحەزی سیاسی.

مەسەلەیەکی دیکەی بەسراوە بە پێوەندی نێوان «فاشیزم» و «ناسیۆنال سۆسیالیزم» بە شێوەی یەک ئیدئۆلۆژییە. هەرچەند جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو بزاڤەدا هەیە، نزیکایەتی بەگوڕی ئەوان ئەوندەیەکە هەست دەکرێ هەڵقولاوەی سەرچاوەیەکن. مەسەلەیەکی سەرەکی دیکە بێپسانەوە لە لێکدانەوەکانی فاشیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیزمدا دووپات دەبێتەوە، ئەمە راستە کە ئەم ئیدئۆلۆژییە لەگەڵ ناسیۆنالیزمە تایبەتەکان هەم پێوەندی هەیە و هەم دژایەتی. ئەم تایبەتمەندییە میللییە بووەتە هۆی ئاستەنگی قەبووڵ کردنی سازشی جیهانی ئەو، ئەم گرفتە بۆ ئەوانەی کە دەیانویست لە ساڵی ١٩٣٥ «نێونەتەوایەتی فاشستی» پێکبێنن زۆر توندوتیژ بوو. ئەم گرفتە لە سەردەمی پاش ساڵی ١٩٤٥یش بۆ ئەو کەسانەی کە فاشیزمیان بە واژەیەکی تەوسیفی رەوا بۆ سووبردن لە زانستە سیاسییە هاوچەرخەکان یان کاری مێژوونووسی دەزانی. هێشتا لە ئارادا هەیە، دژوار دەتوانێ جیهانی بێ، چونکە ناسیۆنالیزمە تایبەتەکان لە دژایەتی لەگەڵ رووبەڕوو دەبنەوە.

مەسەلەی دیکە دەربارەی پێوەندی نێوان فاشیزم بە شێوەی ئیدئۆلۆژییەک، بزووتنەوە سیاسییەکانی بەسراو بەوەوە و چالاکی فاشیستگەلێک کە ئێستا دەسەلاتداری بوونی هەیە. ئەم مەسەلەیە لە ئیدئۆلۆژییەکانی دیکەشدا، روودەدا، بەلام لە فاشیزمدا پێچراوەیی و ئاڵۆزییەکی تایبەتی هەیە.ئەم ئیدئۆلۆژییە لەبارودۆخی خۆهۆشیارانەی خۆیدا دژی ئیدئۆلۆژییە و هەموو کۆششەکانی بۆ

وتاره عەقلانییەکانی بێبایەخ دەداتە قەڵەم. لەبەر ئەمە، ئەو بزاڤانەی بەسراوە بەو و ئەو حکوومەتانەی کە کێشەی فاشیستیان بوو، هەیانە لەباری عەقلانییەوە بە ئاسانی بۆ بەیان و شیکردنەوە نابێ و نایەتە بەرچاو.

ئەو جۆرە کە تۆژەرێک گوتوویە: «هێندێ بینەران ئاوێنەی جادوویی وەبیردێننەوە کە هەرکەس، چ لایەنگری حکوومەتێکی چەکداری، چ دیکتاتۆری و چ ئاشتیخوازی توندوتیژی باڵی چەپ، دەتوانێ نزیکایەتی پێشووی خۆی لەودا ببینێ».[4] فاشیزم بواری مابەینی نێوان ئیدئۆلۆژی سیاسی عەقلانی لە لایەک و چەواشەکاری دەرفەتخوازانە لە لایەکی دیکەیە. ئامانجە سیاسییەکانی هەمیشە بەرادەی پێویست بەیانگەرنین. هەرچەند دەتوانین تیشک بخەینەسەر زانیارییەکی زۆر و ئاشکراکەر بن. ئەمە هەتا رادەیەک راستە کە فاشیزم لە سەرەتاوە زۆرتر میتۆد یان تکنیکی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بووە کە پاشان باوەڕی ئیدئۆلۆژیکی بۆ ئەو ئامادە کردووە. بەلام لەگەل ئەمەدا، حالەتی لایەنبوونی ئیدئۆلۆژی، نابێ ببێتە هۆ کە ئێمە ئەو بە هەند نەگرین یان چاوی لێخافڵ کەین.

لە هەوڵ بۆ دیاریکردنی خوو و رەوشتی ئیدئۆلۆژی دەبێ لەگەڵ گیر و گرفت دەس و پەنجە نەرم کەین. فاشیزم رێبازێکی بەتەواوی وردبین و زۆرجار سەرنجڕاکێشە. زۆر لە بەیانەکانی ئەو ساویلکانە، سەرزارەکی شاراوە و پڕۆپاگەندە دێنەبەرچاو. بەم حالە، ئایا ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی لە ئیدئۆلۆژی دەکەین کە رێکوپێک و هاوتەریب و رەواکراو بێ؟ بە جۆرێکی دیکە، ئایا دەکرێ هەمیشە جیاوازی ئاشکرا و هاوکێش لە نێوان ئیدئۆلۆژی و پڕۆپاگەندە دابنرێ؟[5] ئیدئۆلۆژی رەنگە بەشێوەیەکی جۆراوجۆر، لە ساکارترین هەتا پێچراوەترین شێوە خۆبنوێنێ. ئێمە نابێ شتێک بە بۆنەی سەیر و سەمەرە بوون، سادەنوێنی بوون، وردبینبوون یان پڕۆپاگەندە بوون بە هەندێ نەگرین.

گرفتی دیکە گرێخواردوو بە پێوەندی فاشیزم لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکانی دیکەیە. ئەمە پانتایەکی پێچراوەیە کە هەر تەنیا دەتوانی تا رادەیەک هەست بەوە بکەی، لە لایەکەوە، پێوەندییەکی سەیر ئاشکرا لە نێوان سۆسیالیزم، سەندیکالیزم و فاشیزمدا بوونی بووە. نێونانی «ناسیۆنال سۆسیالیزم» لەخۆڕا نەبوو. فاشیستە

سەرەتایەکان لە ئیتاڵیاش ناوی «سەندیکالیزمی میللی»یان لەخۆیان نابوو. نابێ لە بیری بکەین کە زۆر لە فاشیستەکان، هی وەک موسۆلینی لە ئیتالیا و موزلی لە بریتانیا لە سەرەتادا مەیل و دڵبەستییەیی‌گەلێکی سۆسیالیستیان بوو. دڵپێوەبوونێکی بەهێزیش لەگەڵ شێوەی پارێزگاری لە فاشیزمدا هەیە. سەرجەم ئەمانە، ئەو جۆرە کە ژیاننامەنووس ئۆزۆلد موزلی نووسیویە: «بۆ مێژوونووس، فاشیزمی وەکو ژانووس دوو رووی هەیە: یەکیان دەڕوانێتە پێش و دڵ و دەروونی سەردەمی رۆشنبیری هەیە و هۆگری کۆنترۆڵی عەقلانی و رێنوێنی ژیانی مرۆڤە؛ رووی دیکەی لە دواوە، دەڕوانێتە خولە ساکارترەکان و سەرەتاییترەکان، ژیانی سەردەمێک کە مرۆڤەکان بۆ زیندوومان لەگەڵ یەکتر شەڕیان دەکرد».[٦] لەباری ئیدئۆلۆژیکەوە فاشیزم نە بەتەواوی خۆی سۆسیالیستی بو و نە سروشتی پارێزگارانە. ئەم ئیلهامە، بەتایبەت لە ساڵەکانی یەکەم سەرهەڵدانی ئەو بووە هۆ کە زۆربەی رۆشنبیران ئەوە بسەلمێنن.

پێگەکانی ئەندێشەی فاشیستی و ناسیۆناڵ سۆسیالیستی

لەمەڕ دوو بابەتی پڕەنسیپی لەم بەشەدا لێدوان دەکەین. بابەتی یەکەم دەربارەی ریشە و مێژووی فاشیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیزمە. بابەتی دووەم لەسەر جۆراوجۆری پێڕەوە زانستییەکان لەمەڕ ئیدئۆلۆژی و بزاڤەوە دەدوێ. ئەم دوو بابەتە بێ پێوەندی لەگەڵ یەک نین، تا رادەیەک لەو رووە کە زۆربەی هەوڵەکان بۆ تیشک خستنەسەر سروشتی فاشیزم، دوورنوێنەکان و بینینە جۆراوجۆرەکانی لەمەڕ سەرچاوە و مێژوو ئەوەش لەخۆدەگرێ. بۆ ئەوەی کە لێدوان لە چوارچێوەی بەشە هاوپێوارەکان و عەقڵ بیسەلمێنێ، سەرچاوە و مێژوو هەر تەنیا بە شێوەی سەرەتای بابەتەکان تاوتوێ دەکرێ. سەرنجی سەرەکی ئێمە رووی لە دووەمین بابەتی پڕەنسیپی واتە راستییە جۆراوجۆرەکانە.

چوار خاڵ یان بۆچوون لەمەڕ سەرچاوەی فاشیزم بوونی هەیە. یەکەمیان فاشیزم بە حاڵەتێکی غەریزی و زەینی دەزانێ کە لە هەموو شێوەکانی

ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای شارستانییەتە بەرچاو دەکەوێ. ئەم خاڵە بەسەرنجێکی موسبەتترەوە لە لایەن بیرمەندانی فاشیزم خۆیەوە واتە لە لایەن تۆێژەرانی ئاڵمانییەوە کە ناسیۆناڵ سۆسیالیزمیان لەگەڵ «زانیاری جەماوەری» و مێژووی پرەنسیپی باکووری پێکەوەگرێ داوە یان فاشیستە ئیتالیایەکان کە روانگەی خۆیان بەستۆتەوە بە ئیمپراتۆری رۆمەوە هاتووەتە ئاراوە. بێجگەلەمە، هێندێ شیکاری دەروونناسی ئەم سەدە فاشیزمی لەگەڵ جۆرێک لە پێکهاتەی کەسایەتی تێکەڵیان کردووە، پێکهاتەیەک کە شاراوە و نادیار لە هەموو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە. خاڵی دووەم لە بارەی پێگەوە کە بەتایبەت لە فاشیزمی ئیتالیادا بەرچاو دەکەوێ، سەرهەڵدانی ئەوە دەبەستنەوە بە بزووتنەوە کەلتوورییەکانی ئەورووپاوە وەکو ڕێنیسانس یان سەردەمی رۆشنبیرییەوە. بۆ وێنە ئالفرێد دووروکۆ فاشیستی ئیتالیایی، ماکیاڤێلی بە باوکی دامەزرێنەری فاشیزم دەزانی. روکۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە «فاشیزم نەک هەر باوەڕکانی خۆی بەڵکو کردارەکانیشی لە ماکیاڤێلی وەرگرتبوو».[7] روکۆ ناوی وێکۆ و ماتزینیش وەکو کەسایەتییە پلەبەرزەکان دێنێ.

بیر و بۆچوونی سێیەم کە خاڵێکی موئەسیرتر، دەربارەی پێگەیە، فاشیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیزمی بە لایەنگەلێکی بێتەوژمی خۆنواندنی پێچراوەی نیگەتیڤی سەبارەت بە شۆڕشی فەڕانسا لە ئەندێشەی ئەورووپایی دەزانێ. وەڵامی توند و دیاری و رەخنەیەکی زۆری لە بیرمەندان و رژێمە ئەورووپاییەکان سەبارەت بە گەشەی لیبڕالیزم، یەکسانخوازی، دێموکڕاسی، عەقڵخوازی، بەپیشەسازی بوون و دواتر سۆسیالیزم لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم، بواری سەرهەڵدان و جۆرجۆرەکانی فاشیزمی پێکهێنا. ئەو جۆرە کە تۆێژەرێک وەبیری هێناوەتەوە: «گەشەکردنی فاشیزم... بەتەواوی هەلگری شیکردنەوە نییە مەگەر ئەوەکە ئەو لە بوار و بەستێنی فیکری، ئەخلاقی و کەلتووری رەواج لە ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا چاوی لێ بکەین».[8] لەم بوارەدا بزاوتە فیکرییە رۆمانتیسیزمەکانی ئاڵمانی، ئەندێشەی Völkisch (نەتەوەخوازی)، داروینیزمی کۆمەڵایەتی، روانگەی هەڵبژێراوان، سەندیکالیزم، جووڵانەوەی هەرەوەزی،

حەیاتخوازی و وەکو ئەوانە زۆریان بە شێوەی پڕەنسیپی کۆکراوەی ئەم وەڵامە کەوتووەتە بەر لێداون. ئاسەوارێکی وەکو مەسەلەکی فاشیزم نووسراوەی موسۆلینی یان نەبەردی من نووسراوەی هیتلێر دەتوانن لەم لایەنەوە بە ئاسەوارێکی ساویلکانە و دەرەکی لە سوننەتی فیکری و دێرینەتر بزانرێن. بڕێکی زۆر لە لێکدانەوەی زانستی دەوروبەری ئەم بوارەیە.[9]

دواخال لەمەڕ پێگە، دەیەی ١٩٢٠ە. ئەو چەشنە کە ف. ل. کارستن دەڵێ: «هەتا بەر لەوەی جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی پێبێ لە هیچ شوێنێکی ئەوروپا باسێک لە فاشیزم نەبوو».[10] ئەرنێست نوڵتە لە کتێبی سێ شێوە فاشیزم کەم تا کورت ئەم روانگەی سەلماندووە. یەکێک لە بەناوبانگترین تۆێژەرانی فاشیزم، هیوترۆور راپر دەڵێ:

یەکێک لە روانگە گشتییەکانی فاشیزم بەناوی بەهێزی زاڵ بەسەر ئەوروپادا، دیاردەی تەمەن کورتی ئەوە. مێژوو دەتوانێ بەتەواوەتی ئەوە دیاری بکا. ئەم مێژووە لە ١٩٢٣ــ١٩٢٢ لەگەڵ سەرهەڵدانی حزبی فاشیستی ئیتاڵیا دەستی پێکرد... لە دەیەی ١٩٣٠ بە پلەی بالای خۆی گەیشت... و لە ١٩٤٥دا، لەگەڵ تێشکانی دوو دیکتاتۆڕ تەمەنی ئەو دوایی پێهات.

تروور راپر حاشا لەوە ناکا کە پێشڕەوانێک بۆ فاشیزم بوونیان بووە. بەڵام لە بابەتی مێژووی گشتی فاشیزمەوە کەسایەتیگەلێکی بەرچاو نەبوون. فاشیزم «لە ئەزموونی تایبەتی بەرەیەک جیاوازی هەڵنەگر» بوو.[12] لەم روانگەوە، فاشیزم ئیدئۆلۆژییەکی نوێ و کەم تەمەن بوو کە جگە لە ساڵەکانی نێوان دوو جەنگ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو یان کەم بایەخ بووە. ئەزموونەکان و میراتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، ئاسەواری بڕیارنامەی ڤێرسای، رووخانی ئابووری گەورەی جیهانی، رووخان و تێکقرمانی کۆماری وایمار تاقانە زنجیرەی کارەساتەکان دەدرێنە قەڵەم.

ئێستا بە دووەمین بابەتی ئەم بەشە واتە جۆراوجۆری شیکردنەوە و ئاشکرا کردنی زانستییەکانی فاشیزم دەگەین کە زۆربەی ئەم روونکردنەوانە سوودێکی کە ئەوتۆیان بۆ دۆزە سیاسیەکان نەبووە. لەراستیدا باشترە لێرەدا بوترێ کە

زۆرینەی هەواڵە بەرەواجەکان لەمەڕ فاشیزم جیا لە ئیدئۆلۆژیکی بوون. هەر ئەم روانگە جیا لە ئیدئۆلۆژیکیانە ئێستا تاو توێ دەکەین. لە هێندێ شوێندا روون کردنەوەی غەیرەئیدئۆلۆژیکی شارەزایانە پێڕو دەکرێ، چونکە ئیدئۆلۆژی یارمەتییەکی ئەوتۆ بە دەرکی جەوهەری فاشیزم ناکا. ئیدئۆلۆژی بە شێوەی شتێکی پارچەپارچەکراو، چنینەوە و سەیر چاوی لێ دەکرێ یان وێچووی شتێک کە کەلکی نەماوە. لەم بارەوە زۆرتری لەسەر ناڕۆین. هەرچەند پێویستە ئەم بۆچوونە غەیرەئیدئۆلۆژیکییە جیاوازانە رابگەیێنرێن هەتا راپۆرتێکی تەواو لە فاشیزم بخرێتە بەردەست، بەشی هەرە زۆری لێدوان لەم بەشەدا کەمتر لە خودی ئیدئۆلۆژی نییە. لەگەڵ ئەوەی کە رازی بووین فاشیزم لایەنی ئابووری، سیاسی و تەنانەت خەسارناسی هەیە. هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەم دۆزانە و ئەم بایەخانە دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. نابێ ئەوانەی وەکو شتگەلێکی پووچەڵ و بێبایەخ وەلابنرێن، چونکە زۆربەیان بە یەکەوە دەستێوەردان دەکەن و تێکەڵاوییەکی نزیکیان لەگەڵ گشت ئیدئۆلۆژیکاندا هەیە. راڤەکردنە غەیرەئیدئۆلۆژییەکان دەکرێ لە نێو پێنج وتاری سەرەکیدا بخرێتە بەرباس و لێدوان: مارکسیستی، دەروونناسی، ئایینی و ئەخلاقی، مێژوویی و کۆمەڵناسی لە کۆتاییدا سیاسی.

بەبرەوترین و گشتی پەسندترین بەیان لەمەڕ سەردەمی دەیەی ۱۹۳۰، بەیانی مارکسیست بوو، لەگەڵ ئەمەدا لەم بەیانەدا هیچ شتێکی تاقانە و یەکپارچە بوونی نەبوو. بە بۆچوونی مارکسیسم بوونی فاشیزم لە لایەنی یاساکانی ئابووری یان مەنتقی سەرمایەدارییەوە هەڵگری ئاشکرا کردن بوو. بە شێوەی گشتی، فاشیزم بەشێک لە ئاڵۆزی سەرمایەداری تایبەتمەندخواز دەدرایە قەڵەم.[13] هەر ئەو جۆرەکە هێربێرت مارکووزە رێنوێنی دەکا: «ریشەکانی فاشیزم دەبێ لە نێو ناڕەزامەندییەکانی نێوان تایبەتمەندی پیشەسازی رووبەگەشە و سیستەمی دێموکراتیک لە دووی بگەڕێی».[14] بەگشتی رێنوێنی ئەمە بوو: سەرمایەداری تایبەتمەند بۆ ئەوەی کە دەرفەتی مانەوە بە دەستبێنێ ناچارە دژایەتی چینی دێموکراتیک و کرێکار پووچەڵ کاتەوە. هەروەها نەهادە دێموکراتیکەکانی حاڵی

حازر ئیتر ناتوانن وەکو دەستە ئاونگێک لە خزمەتی سەرمایەداریدا بن؛ راستی ئەوەیە کە بە دیموکراتیک کردنی هەمەلایەنە هەرەشەیەک بوو بۆ سەرمایەداری. سەیر لێرە دایە کە لیبرال کلاسیکەکانی وەکو فۆن هایکیش هێستا هەر ئەو باوەڕەیان هەیە. بەم شێوە، بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێ و بەرژەوەندی بپارێزێ، ترساندن و تیرۆری سەرەڕۆیانە دەبێ بنەمایی بکرێ. فاشیزم لە قۆناخی تایبەتی لە تەکامولی سەرمایەداری، ئامێری سەرمایەداری تایبەتخواز دەدرایە قەڵەم. لەم نەزمە بە سوودی پیشە و کارە مەزنەکان، بانکداران و سەرمایەدارانی ماڵی بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکار کەڵک وەردەگیرا. لەبەر ئەمە، فاشیزم لە بارەی پێوەندی عیللەت و مەعلوولییەوە گرێبەستی ئابوورییەکانی سەرمایەداری بوو.

هێندێ رێنوێنیان دەکرد کە فاشیزم هەر تەنیا هۆکاری تایبەتی سەرمایەداری مالیە نەک پێویستانە سەرمایەداری پیشەسازی و وەرزێری. ئەم روانگە ئەوەڵییە لەمەڕ فاشیزم لە پێناسەی ساڵی ۱۹۳۳ کومینتێرن لە فاشیزمدا جێی کراوەتەوە و ئەوە «دیکتاتۆری و تیرۆریستی کۆنەپەرستانەترین، شۆڤینیستیترین و ئیمپریالیستیترین پڕەنسیپی سەرمایەی ماڵی» دەداتە قەڵەم.[15] ئەم و ئەو فاشیستەکانیان بە گروپێکی زەربەتی سەرمایەداری پیشەسازی خاوەن کارخانەی دژی کومۆنیستەکان و یەکێتییە سنفییەکان دەزانی. هێندێ لە مارکسیستەکانیش رێنوێنییەکانی مارکسیسیان لە کتێبی هەژدەیەمین برومێردا لەم بارەوە بە راستیان زانیوە، فاشیزمیان بە شێوەی جۆرێک لە بناپارتیزم یان قەیسەریزم سەیر دەکرد کە بە بۆنەی ئەو گروپە ناوبراوە کێشەی پەرلەمانییە بەرژەوەندی نێوان سەرمایەی ماڵی و سەرمایەی پیشەسازی بەهرەمەند دەبوو و خۆی هەوساری دەوڵەتی بە دەستەوە دەگرت. فاشیزم لەم واتادا ئامێری دەستی چینێکی تایبەت نەبوو.

ئانتۆنیۆ گرامشی لەگەڵ ئەوەی کە هاودەنگیشە لەگەڵ روانگەی قەیسەریزم، یەکەم نووسەری مارکسیستی بوو کە وەبیری هێناوە ئیدئۆلۆژی فاشیزم هێزێکی ماددی بووە. بە بۆچوونی ئەو فاشیزم لەگەڵ زۆربەی ئیدەئاڵەکان و

ئارەزووەکانی جەماوەر سازگاری بوو. لەبەر ئەمە ناکرێ بە ئاسانی چاوپۆشی لە ڕێبەرایەتی ئیدئۆلۆژیکی فاشیزم بکرێ و ئەوە بخرێتە پشتگوێ. بە بۆچوونی گرامشی دەبوایە لەگەڵ فاشیزم بە شێوەی کوێیەک لە دۆزەکان بێجگەلەوە بە شێوەی دەستپێکی ئابووری و سیاسی خەبات بکرابایە. قبووڵ نەکردن و بەرچاو نەگرتنی فاشیزم بە ناوی دیاردەیەکی پووچەڵ زۆر ساکار بوو، بەڵام دروست نەبوو. ئەمە لەخۆڕانەبوو کە گرامشی لە کتێبی یادداشتەکانی زیندان بە وردی و بەشبەشکردنێکی زۆر تاوتوێکراو سەرقاڵی کاری تەولید و پاراستنی ڕێبەرایەتی دەبێ. پاڵمێر و تۆلیاتی دوو دۆستی گرامشی و لە بناخە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیاش بوون، دەسەڵاتی فاشیزمیان لە یەکگرتوویی، یەکپارچەیی و بەسیجی سەرکەوتوی جەماوەریان وەبیردێناوە. لە ڕاستیدا ئەم کارە سەلماندرا بوو کە فاشیزم لە کاتی ئاڵۆزیدا باشتر لە لیبڕالیزم یان سۆسیالیزم دەتوانن جەماوەر کۆکەنەوە. تۆلماتی ڕەنگە یەکەم کەسێک بووبێ کە لە بایەخی بۆچوونی گرامشی لەواتای ڕێبەرایەتی گەیشتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، بزاوتی پڕەنسیپی ڕێبازی مارکسیزم لە دەیەی ١٩٣٠دا نەیدەتوانی ئەم فیکرە قبووڵ بکا کە بزاڤی سیاسی باڵی ڕاستی توندوتیژ لە دزەیەکی زۆرتر لەسەر زانیاری جەماوەر بەهرە وەردەگرێ.

لە راوێستەی مارکسیزمدا گرفتگەلێکی زۆر لە ئارادا هەیە. جگە لە نەبوونی یەکگرتوویگەلێک کە لە دەروونی مارکسیزم خۆیدا لە شیکردنەوە ئەم یەکە هەیە، ئەم پرسیارە بێ وەڵام ماوەتەوە کە هەڵوێستی دژی سەرمایەداری فاشیزم لەکوێ سەرچاوەی دەگرت و هۆی ئەوە چ بوو؟ بێجگەلەمە، زۆر لە کارەکان کە لە سەردەمی فاشیستەکان و لە ئیتالیا و لە خولی دەسەڵاتداری ناسیۆنال سۆسیالیزم لە ئەڵمان بەڕێوەچوو هەر تەنیا پێوارەکانی سەرمایەداری هاوکێش نییە. بێجگەلەمەش، چۆنە کە فاشیزم هەم توانیویە لە وڵاتە دژەسەرمایەدارییەکان «یان لانیکەم لەگەڵ سەرمایەداری ئاستی زۆر خوارەوە» وەکو ئیتالیا یان مەجارستانی بە دەسەڵات بگا و هەم لە کۆمەڵگە هەرە پیشەسازییەکانی وەک ئاڵمان، بەڵام لە وڵاتێکی وەک بریتانیا سەری هەڵنەداوە؟ ئەگەر پێوەندییەکی

چارەنووسساز و زۆرییەکی روون شەفاف لە نێوان سەرمایەداری و فاشیزمدا بوونی هەیە، چۆن دەکرێ ئەوە لەگەڵ شانۆی ناوبراو بەراورد بکرێ؟ هەروەها مەعلووم نییە کە سەرمایەدارانی خاوەن کارخانە و پیشەسازی و ماڵی بێپسانەوە ماڵییەوە فاشیزمیان پشتگری کردبێ.[16] جگە لەمە ئەو جۆرکە هێندێ لە نووسەرانی مارکسیست گوتویانە پێوەندییەکی نەگۆڕ لە نێوان فاشیزم و چینە تایبەتییەکان لە ئارادا نییە.[17] زۆرجار لەمەڕ پێوەندی ئامێری چینەکان و دەسەڵاتی سیاسی، لکەیەکی کوێری بەلای هێندێ لە مارکسیستەکانەوە هەیە.

باسکردنی دژە ئیدئۆلۆژیکی دووەم لەمەڕ فاشیزم لەسەر دەروونناسی فاشیستەکان تەئکید دەکا. تێزی سەرەکی بەیانی دەروونناسی، بە کەم و زیاد کردنێکی زۆر وردبینانەوە، ئەمەیە کە فاشیزم بەپێی شێوەی تایبەت و بنەڕەتی کەسایەتی وە یان بۆشایی کەسایەتی پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. هۆکارە چارەنووسسازەکانی ئیدئۆلۆژیکی یان مێژوویی فاشیزم سەبارەت بەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتی لە پلەی دووەمی بایەخدا وەستاون. وەکو رێنوێنی مارکسیستی لێرەشدا جۆراوجۆرەکانی مومکین زۆر دێنەبەرچاو. هێندێ فاشیزم تەنیا سەرنج دەدەنە روانگە دەروونناسییەکانی فرۆید، یۆنگی و رێبازە دەروونناسەکانیتر، کەلک وەرگرتنی تایبەت لەم پێڕەوە لە ئەسەری مێژووە بوەتە هۆی سەرهەڵدانی سیفەتی «دەروون ناسی مێژوویی». هێندێ کەس لەسەر تایبەتمەندی دەروونناسی هێندێ لە چینەکان، بەتایبەت بێ بەشبوانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم تەئکید دەکەن. دەرەنجام، کۆمەڵێک لە مارکسیستەکانی رێبازی فرانکفۆرت وەکو ئێریش فرۆم، تێئۆدۆر، ئادۆرنۆ و ویلهێلم رایش تێدەکۆشن هەتا وێڕای پێکەوە گرێدانی مارکس و فرۆید لە نێوانی بەیانی ئابووری و دەروونناسی پردێک هەڵبەستن.

لە روانگەی دەروونناسی مێژووییەوە، منداڵی فاشیستەکانە کە پێکهاتەی ناخی باوەڕەکانی دوایی ئەوان پێکدێنێ. هێندێ لە شێوە گۆشەنشینی، ئاوارەیی و دوورکەوتەیی کە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ خولی منداڵی، لە تایبەتمەندی تایبەتی کەسایەتییەکانی فاشیست زانراون. سەرکوت و گەڕانەوەی بەرەودوای هەستی

ڕەگەزی سەرەتایی لە بنەماڵە سەرەڕۆکان و خودڕەئی «سەرکوتی ڕەگەزی»، بێبەش لە داهێنان، باوەڕی دواکەوتوانە، ترس لە یەختەیی لە تاکێ نێرینە، دەتوانێ سەر لە هەستێکی بێدەسەلاتی، تاوان و خۆبە کەمزانی دەربێنێ. ئەمە بەش بە حاڵی خۆی هی سەرهەڵدانی دەمارگرژی و دەم شڕی و سادومازوخیسم [یان ئازاردانی ئەم و ئەو ـ خۆئازاری] دەبێ کە دەتوانێ بە شێوەی سیاسی لە دنیای خەیاڵە سەیر و سەمەرەکانی فاشیستی سەرهەڵدا. ئەریک ئەریکسۆن دەروونناس دەربارەی منداڵی هیتلێر دەڵێ: «ئێستا و دیسان مێژوو ئیزنی بە پیاوێک داوە هەتا زیندەخەوەکانی نەتەوەیی لەگەڵ ڕۆئیای خۆماڵی و تایبەتییەکانی خۆی لە یەکدا بهۆنێتەوە».[18] ریچارد کۆنیگسبێرگ لە کتێبی ئیدئۆلۆژی هیتلێر موتالایەک لە کۆمەڵناسی دەروونناسانەش باس دەکا کە ئیدئۆلۆژی هیتلێر «ئامێرێکی خستەبەردەم هەتا زیندەخەوەکانیشی لەئاستێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتیدا بەیان و خاڵی بکا».[19]

ویلهێلم ڕایش لە کتێبی دەروونناسی جەماوەری فاشیزم (١٩٧٥) هەروەها فاشیزم بە بەرهەمی سەرکوتی هەستە جینسییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی دەزانی. لەم واتادا هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی شاراوە فاشیزمن. فاشیزم ڕەنگدانەوەی سیاسی سروشتی مرۆڤی مامناوەندی بوو کە لە کەش و هەوایەکی دیاریکراوەدا خۆی نواند. لەگەڵ تورەمە، نەتەوە یان حزبەکانی نەیتوانی کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدا. لە حاڵێکدا مارکس بۆ ئازادی، خەڵک بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابووری بانگهێشت دەکا، ڕایش بۆ شۆڕشی ڕەگەزی بانگەوازی دەکرد. لەم ڕووەوە ئەندێشەکانی ئەوبەرەو پلەگەلێکی ئازادی ڕەگەزی بۆ دووری کردن لە زینییەتی دەسەلاتخواز هێنائاراوە.[20] چینی مامناوەندی مایل بە خوارەوە کە لەگەڵ خۆبێگانە، لەخۆبێزار. لە دەسدانی هێمنایەتی لە خولی پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئازاری دەدا، تایبەتمەندییەکانی سروشتی کەس ئازاری و خۆئازاری لە خۆیدا پەروەردە کرد کە بەرهەمی ئەوە سەرهەڵدانی کەسایەتی سەرەڕۆی لێکەوتەوە. ئۆئێل ئوسولیان ئەم کەسایەتییە دەسەلاتخوازەی بەم جۆرە خولاسە کردووەتەوە:

بوونەوەرێکی غەزەبلێگیراو لە دەروونەوە سەر لە بەرددراوی بێبەشکراوی ڕەگەزی و لەدەرەوە گرفتار و گیرۆدەی سیستەمی بێبەزەیی ئابووری سەرمایەداری، هەمیشە لەبەر هەڕەشەی باری قورسی ئازادییەکدایە کە هیچ سوودێکی بەڕاستی ناتوانێ لەو بەرێ... لە هەوڵێکی نائومێدانە دایە بۆ دەرباز بوون لە نەهامەتی خۆی، لە توندوتیژیگەری سیاسی پێشوازی دەکا.

لاوازی ڕێڕەوی دەروونناسی لە کەمبوونی بەڵگە لەمەڕ مندالی فاشیستە سەرەکییەکانی وەک هیتلێر سەرچاوە دەگرێ. بە وتەگەلێکی کەسێکی ناتەواو و دەست و پێشکاو و لە ڕادەبەدەر باوەڕی پێکراوە. هەروەها دەربارەی «زانستی»بوونی ڕێڕەوی لێکدانەوەی دەروونی گومان لە ئارادا هەیە. بێجگە لەمە دژوارە کە بزانین ئەم جۆرە موتالانە چەند دەتوانن بۆ ڕوونکردنەوەی پشتگری جەماوەر لە فاشیزم یان بە ئەندام بوونی کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک لە گروپە فاشیستەکاندا کەلکیان لێ وەربگیرێ. و دەرەنجام، ئەگەر بینینی دەروونناسی ڕاستە، کەواتە هەموو ئێمەدەبێ ببین بە دەروونناس، چونکە گشت مێژوو و سیاسەت کە گریمانەیەکی بە قەناعەتگەیێنی تایبەت دەربارەی ئەوانە لە ئارادا نییە دەبێ بەیان بکرێ.

سێیەمین ڕوونکردنەوەی غەیرەئیدئۆلۆژیکیش پێوەند بە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠وە بوو، هەرچەند هێندێ لە بەشەکانی ئەو ئێستاش بوونی هەیە. دۆزە سەرەکییەکان ئەمە بوو کە فاشیزم لایەنێک یان نیشانەگەلێکی نەخۆشی یان ئاڵۆزی ئەخلاقی و مەزەبی لە شارستانییەتی ڕۆژئاوایە.[٢٢] ئەم بینینە بۆ تاوتوێ کردنی ناوەڕۆکی ئیدئۆلۆژیکی زۆرتر ئامادە بوو، ئەگەرچی ئەم زەوقە لە ئارادا بوو کە کردەوەی فاشیزم هەڵقوڵاوە لە هۆکاری مەزەبی یان ئەخلاقی قووڵتر بزانێ. لە کۆتایی دەیەی ١٩٣٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٤٠ فیلسووفانێکی وەکو بندتوو کرۆچە و ر. گ. کالینگ وود فاشیزمیان بە خوێنەوێنی نیگەتیڤی و حاشاکەری ئازادی مرۆڤ دەزانی. بە بۆچوونی کرۆچە، فاشیزم هۆی گەندەڵی سوننەتی ئازادی لە ئیتالیا بوو. ئەو باوەڕی وابوو کە «دەسەڵاتە سەرەڕۆکان هەر تەنیا لە نێو خەڵکانێکی دواکەوتوودا دەوام دێنن».[٢٣] لە بریتانیا، کالینگ

وودیش فاشیزمی به شێوەیەکی نوێ لە وەحشی و هێمایەک لە بێباوەڕی بە ئازادی و ئازادیخوازی دەزانی. بە بیر و بۆچوونی ئەو ئازادی «دەرمانی ئیمانی مەسیحییەت»بووە. وەحشیگەری و کوفر و نکولی لە دین کردنی فاشیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیزم گشت سوننەتی مەسیحی بۆ گۆڕەپانی خەبات دەخوازی.[٢٤] نووسەرەکانی دیکەش باوەڕێکی ئەوتۆیان راگەیاندووە. یەکێک لە یەکەمین شیکارانی رەخنەگری ئەڵمانی ناسیۆناڵ سۆسیالیزمی بە شێوەیەک لە نیهیلیزمی ناخی کەلتووری و ئەخلاقی دەدایە قەڵەم.[٢٥]

فاشیزم هەروەها لایەنێک لە بزاڤی «مەرگی خودا» لە ئەندێشەی ئەورووپایی دەناسرا کە مێژووی ئەوە دەگەڕایەوە بۆ ئاسەوارەکانی فریدریش نیچە بێهێزییەکی گشتی باوەڕە مەزهەبییەکان و بایەخە پلە بەرزەکان. نووسەرانی کاتۆلیک وەکو ژاک مارتین لەم رێڕەوە پێڕەوی دەکرد و فاشیزمی بە بیچمێک لە «یەکگرتوویی وجوودی شەیتانی» کافرانە ئەدایە قەڵەم.[٢٦] تۆێژەرانی دوایی وەکو رابێرت پۆیس هەر بەم جۆرە رێنوێنیان کردووە. پۆیس لێکی دەداتەوە کە «نازیسم بە بڕشتترین راپەڕین دژی سوننەتی جوولەکە و مەسیحی بوو». و «لە کۆششەکانیدا بۆ جێگرکردنی چاوکراوانە بەجێی شێوەکانی جوولەکە و مەسیحی تاقانە بوو».[٢٧] هەموو نووسەران، وەکو گ. ل. مووس، فریتس ئەشترن و پ. ج. پولزر فاشیزم و بەتایبەت ناسیۆناڵ سۆسیالیزمیان بە خاوەنی ریشەگەلێکی قووڵ لە نەخۆشی کەلتووری زانیوە.[٢٨]

هێندێ لە تۆێژەران ئەم را و بۆچوونە ناسەلمێنن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەڵگەیەکی کەم لە تەئید و سەلماندنی ئەو لەبەر دەسا هەیە و هەر تاقە هەودایەکی تاوتوێ گەلی گشت لایەنەکراو و لەمەڕ نزمبوونەوەی ئەخلاقی یان ناهومێدی کەلتووری بوونی هەیە.[٢٩] ئەم جۆرە حوکمانە هێندە لێبڕاوانە نییە. ئێستا لێکۆڵەرانێکی فرە لەم شیکردنەوە زانستیانە پشتگری دەکەن کە لە زۆرتری ئەوانە راپۆرتگەلی مارکسیستی یان دەروونناسی هەستی پێکراوە.

چوارەمین روونکردنەوە و ئاشکرا کردن لەسەر بواری مێژوویی و کۆمەڵناسی تەئکید دەکا. کێشەی سەرەکی ئەمە بوو کە فاشیزم بەرهەمی پەرەگرتنی

کوتوپڕی نوێسازی یان زۆرجار شێوەی تایبەتی بە پیشەسازی بوون لە هێندێ کۆمەڵگە بووە. ئامانج لەم موتالانە بە دەسهێنانی خاڵە بەرزەکانی ئاماری و ئابووری ئەزموونیتر لەمەڕ فاشیزم بوو. ئا. ف. ئۆرگانسکی و دواتر بارینگتۆن مور، لە سەرەتادا باوەڕیان بەم خەتتە فیکرییە بوو.[٣٠] گشت کۆمەڵگە سوننەتییەکان لەسەرانسەری سەدەی نۆزدە و بیست لەبەر هەڕەشەی ئاڵوگۆڕی وەکو بە پیشەسازی بوونی بە تاڵووکە، ژیواری ژیاری، شەرعی بوون و عەقلانی بووندا بوون. ڕێوشوێنێکی جۆراوجۆر بۆ مودێرنیتە کردن گیراوەتەوە بەر و فاشیزم یەکێک لەو ڕێگا مومکینە بووە. لەگەڵ ئەمە، لە بەراورد کردن لەگەڵ ئەڵمانیا، بە پیشەسازی بوون و مودێڕن بوون دێرتر هاتە سەر و کاری ئیتاڵیا. ئەم کارە گرفتێکی کوت و پڕی لێکەوتەوە. ئەگەر ئەڵمان لە دەیەی ١٩٢٠ لە ئاستێکی باڵای پیشەسازیدا بایە و ئیتاڵیا نەدەبوو، کەواتە لەسەر بنەمای پێوارەکانی مودێڕنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری، ئەو جۆرەکە نووسەرێک دەنووسێ: «فاشیزمی ئیتالیا و نازیسم هەردوو لە وتارێک کەوتوونەتەوە».[٣١] ئەگەر فاشیزم پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تازەبوونەوەی بە پەلە و بە پیشەسازی بوون هەیە، کەواتە ڕواڵەتەن ناکرێ روون بێتەوە کە لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا چی ڕووی داوە. کەوایە ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە لە ناخەوە دڵتەنگی بەدی دێنێ.[٣٢]

سەرهەودایەک ئاشکرا کردنی کۆتایی، لەبنەڕەتدا «سیاسی»ن. لێرەدا وشەی «سیاسی» لەگەڵ ئاسانکاری و بێدیققەتی بەکاربراوە.[٣٣] ئەم ئاشکرا کردنە تا ڕادەیەک بەرامبەر بواری بوونی ئاڵۆزی لە دێموکڕاسی پەرلەمانیدا هاتووەتە ئاراوە. یەکێک لە ڕێنوێنییە سەرەکییەکانی فاشیستەکان ئەمە بوو کە دێموکڕاسی پەرلەمانی تووشی تێکشکان بووە. سوننەتیترین بەیانی سیاسی لە فاشیزم ئەوەی بە سەرەڕۆیی دێرین دەزانی و بە مەزننمایی تایبەتی کەسایەتیگەلێکی وەکو هیتلێروە سەرقاڵ دەبوو. لەبەرئەمە، بەئەرکی خۆی دەزانی کە ژیاننامەی ئەم کەسایەتیانە بنووسێتەوە و کارکردەکان و ئەندێشەکانی سەرەڕۆکان ئاشکرا و تیشک بخاتەسەریان. کتێبی بێ وێنەی ئالێن بولووک بە ناوی موسۆلینی تا ڕادەیەکی کراوە بە دووی ئەم خەتتە فیکرییەدا دەڕوا. ئەم ڕێڕەوە تا ڕادەیەک لە

نووسراوەکانی هیوتروور راپر و ئێرنێست نوولتەشدا بەرچاوە. بولووک هاوکات لەگەڵ لێدوان لەمەڕ روونکردنەوەی دژایەتی نێوان ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان وەبیردێنێتەوە کە: «بۆ ئیشتراسەر، ناسیۆناڵ سۆسیالیزم بزاڤێکی سیاسی راستەقینە بوو نەک وەک ئامێری پلە و پایەخوازی لە روانگەی هیتلێرەوە. ئەو دۆزی خۆی زۆر توندتر لە هیتلێر دەگرت».[٣٤] هێندێ کەس لەسەرر ئەو باوەڕەن کە تەئکیدی لە رادەبەدەر لەسەر کەسایەتییە دەسەڵاتخوازەکان هەستێکی هەڵە لە بزووتنەوەی فاشیستی بەدی دێنێ. ئەم کارە نەک هەر تەنیا باری بەرپرسایەتییەکان لەسەر شانی کەسانێکی دیکە لادەبا، بەڵکو حزبە فاشیستەکان بەتەواوی یەک پارچە دەخاتە بەرچاو و سەرنج لەسەر رێبەرانی ئەوان کۆ دەکاتەوە؛ ئەم کارە هەروەها لە دژایەتی کردنی ناخی دەروونی بەربەرەکانی توند و دەمارگرژی و خەبات بۆ دەسەڵات کە لە نێوان گروپە فاشیستەکاندا هەیە، لەبیریان دەچێتەوە و غافڵ دەبن.[٣٥]

بەیانی بەبرەوی سیاسی دیکە چاولێکەری فاشیزم و کۆمۆنیزم و ئیستالینیزم لەژێر ناونیشانی گشتی «سەرەڕۆیی»یان بە شێوەیەکی دیکە لەژێر ناونیشانی سیاسەتە خەماوەرییەکانە. ئەم روانگانە بەتایبەت بۆچوونی دوایی، لە چەرخی جەنگی سارد و دەیەی ١٩٥٠ پەروەردە کراون. لە سەرەتای سەرەڕۆیی بە شێوەیەکی فەلسەفیتر لە ئاسەواری وەک پێگەکانی سەرەڕۆیی نووسراوەی هانا ئارێنت و کۆمەڵگەی کراوە [و دژمنانی] نووسراوەی کارل پووپێر تاوتوێ کرا. لەگەڵ ئەمەدا، بە زوویی زمانی ئاکادمیکی دۆزییەوە بەتایبەت لە رشتەی عولوومی سیاسی لە نووسراوەکانی ج. ل. تالموون، ک. ج. فریدریش و ز. ک. برزنیسکی و زۆرتر بەیان کرا.[٣٦] خوو و سروشتی فاشیزم بە ناوی نەزمێکی سەرەڕۆ بوونی حزبێکی یەک پارچە، نەبوونی جیایی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، کۆنترۆڵی تەواوی پێکهاتەی دەوڵەت و ئابووری بەسیجی تەواوی جەماوەر و زاڵ بوونی پێوەندییە گشتییەکان بوو. جەماوەر لەم جێیەدا بوو بە تاکە بێ‌ریشەکان، گۆشەگیر و لەت و کوتی لێر و لەوێ و جیا لە یەک.[٣٧]

لاوازی ڕێڕەوی سەرەڕۆیی بینین ئەوەیە کە بە چەواشەکاری قووڵ. نەبوونی چاکسازی گشتی و ڕکەبەرایەتی دەروونی کە خوو و خسڵەتی فاشیزم پێکدێنێ، سەرنج نادا. بە وتەیەکی تر بە لێهاتوویە سەرەڕۆخوازییەکان بەتایبەت لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە ڕادەبەدەر بایەخی پێدەدرێ. ئێستا کە ئەم گومانە لە ئارادا هەیە کە لایەنەکانی دیکەی سەرەڕۆیی بە کردەوە و بە شێوەی تەواو لە وڵاتەکانی دیکەش بوونیان هەبێ. ئەم ڕێڕەوە هەروەها بە دەوری پارێزگاری سەرەڕۆخواز لە دەروونی فاشیزمیشدا پاکانەی بۆ ناکرێ. بیجگەلەوە جیاوازی نێوان کۆمۆنیزم و فاشیزم دواکەوتووە و ئەوانە بە وتارێکی هاوکێش دەداتە قەڵەم. بێجگەلەمە، لە دەروونناسیۆناڵ سۆسیالیزمیشدا تەواو ئاشکرا نییە کە چ هیتلێر و چ زۆر لە ڕێبەرانی بزووتنەوە بەڕاستی دەوڵەتی سەرەڕۆ بووبێتن.[٣٨]

دەرەنجام بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە کە زۆر لە توێژەران فاشیزمیان بەستۆتەوە بە چینی مامناوەندی رووبەخوارەوە، زۆری تر باوەڕیان وایە کە فاشیزم درەنگ پێیان نایە پانتای سیاسەتەوە و لە نێوان لایەنگرانی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناوبریان لێداوە.[٣٩] لەبەر ئەمە، فاشیزم «دیاردەیەکی تێکەڵاو» بوو چینە ناگشتییەکانی کۆمەڵگەی لەگەڵ یەک تێکەڵ کردووە. ئەم جۆرەکە خوان ب. لینز باوەڕی هەیە ئەم بابەتە حیکایەتی لە «تێکەڵاوی کۆمەڵگەی تەواو جیاوازی لەسەر کاکڵی دیکەی سەرەتایە».[٤٠] بە بۆچوونی لینز، گۆڕانکاری و زیاد کردن و کەمکردنەکانی شەڕ و یارمەتی دەرەوە بە فاشیزم یارمەتیدا کە لە خۆڕا دەورێکی سیاسی گرنگ بگێڕێ کە ئەم حاڵە تێکەڵییەکی مەسڵەحەتخوازانە و ئیدئۆلۆژیکی بوو. لە ڕاستیدا حزبە فاشیستەکانی دوای ١٩٤٥ لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە لە بەشە سیاسییە تێکەڵەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا فۆرمیان گرتووە. لینز دەڵێ: «پێکهاتەی کۆمەڵگەی زۆر بە تەوژمتر، وشک لە مامەڵەی ئیدئۆلۆژیکی، نیازگەلی دروستکردنەوەی نەتەوەیی لە ئەورووپای پاش فاشیزم بوونی حزبە ناگشتییە هەڵپێچراوەکانی لە بابەت پڕۆژەوە پێکهێنا».[٤١] بەم حاڵەوە لینز تەئکید دەکا کە موتالای گشتی فاشیزم دەبێ بواری یەکلایەنەی کۆمەڵناسی، سیاسی و مێژوویی هەر کۆمەڵگەیەک بگرێتە بەرچاو. لەم ڕووەوە

دەڵێ کە تاقانە جۆری گشتی ئەزموونی باوەڕپێکراو ئەمەیە کە «فاشیزم وەڵامی نوێ بە ئاڵۆزی... پێکهاتەی کۆمەڵگەی بەر لە جەنگ و سیستەمی حزبی بووە».[٤٢] لە راستیدا روانگەی لینز تایبەتمەندی کۆمەڵناسی دەهەکانی دوایی پێکدەهێنا.

جەوهەری فاشیزم

لە تاوتوێکردنی جەوهەری فاشیزمدا گرفت و مەسەلەیەکی گرێدراو بوونی هەیە کە برێک لە نووسەران پێوەی سەرقاڵ بوون و بڕێکیش پێوەی سەرقاڵ نەبوون. هێندێ لەو تۆێژەرانە نووسەرانی فەڕانساوی، مۆریس بارس و شارل مۆران کە بە رێکخراوە فەڕانسەوییەکان «تێکۆشانی فەڕەنسا» دەسپێردرێن.[٤٣] هێندێکی دیکە، ئەو گروپە «راستانە» پێش فاشیستی، کۆنەپەرستی یان سەرەڕۆخواز، جیا فاشیزم دەزانن.[٤٤] فالانژەکان لە ئیسپانیای بەر لە ١٩٣٣، بە پێچەوانەی ئەمەکە بزاڤی میللی دژی پەرلەمانی راست بوون، هێشتا بە گروپە فاشیستەکان نادرێنە قەڵەم.[٤٥] لە ئەڵمان لە حاڵێکداکە راستی سوننەتیتر پرۆژەی کاری کەمیان هەیە، گروپی ناسیۆنال سۆسیالیست پرۆژەی تەواو روونیان هەیە.[٤٦]

ئەم مەسەلە کە پایەی فاشیزم تا چ رادە دەتوانێ بەرین کاتەوە، پێوەند دەدرێ بەم لێدوانە گشتیەوە. ئایا دەتوانین ژان دگرل رکیست لە بلژیک، لژیۆن ئارخانگل میکائیل لە رۆمانی، پورتۆگال لە تافی حکوومەتی سالازار، ئارژانیتن لە چاخی فەرمانڕەوایی پرۆن یان دواتر خونتا، مەجارستانی ژێردەسەڵاتی ژنەڕال گومبوس، ژاپۆن لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، یان فەڕەنسا لە خولی دەسەڵاتداری دوگولدا بە فاشیست بزانین؟[٤٧] بە پێچەوانەی ئەمە کە ئەم بەشە زۆرتر باسەکەمان رووی لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، نابێ وابیر بکەینەوە کە هەموو بزاڤە ناوبراوەکان خۆی لە خۆوە نافاشیستی یان پێش فاشیستی بوون. ئەم لێداونە بەرین و حەلنەشودەنییە کە هەر تەنیا دەکرێ بەکورتی ئاماژەیەکی پێ بکرێ. ئەڵمان و ئیتاڵیا بواری بەهێزتر و بابەتی ئاشکراتریان بووە.

زۆرتر تۆێژەرانی فاشیزم حازرن کە ئەم رێبازە گروپەکان و بۆ چوونە جیاوازەکان بگرنەبەر. لە ئاستێکی گشتیتر، جیاوازی ئیدئۆلۆژیکی نێوان ناسیۆنال

سۆسیالیزمی ئەڵمان و فاشیزمەکانی ئەوروپایی لە ئیتاڵیا و فەڕەنسا، ئیسپانیا و بریتانیا بوونی هەیە. بۆ هێندێ کەس ئەم جیاوازیانە ئەوندە زۆرە کە ئەوانە زۆریان لەسەرە لەمە کە ناسیۆناڵ سۆسیالیزم لەگەڵ فاشیزمەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا یەکسان بزانن.[48] قووڵترین جیاوازی تەئکیدی لەسەر نەژاد هەیە. هەروەها لە حاڵێکدا کە لە ئەڵمان لەسەر سوننەتی Volk [جەماوەر یان خەڵک] زۆر تەئکید کراوە لە شوێنەکانی دیکە وەها سوننەتێکی بەهێز لە ئارادا نییە. ئەم هۆکارە Volk ئەڵمانیە بە تەنیای فاشیستە فەڕەنسەوییەکانی وەکو برازیلاک و دریودور و شل، فاشیستە ئیسپانیاییەکانی وەکو پریمودریوە و تەنانەت موسۆلینی ئیتاڵیایی یان لە سوننەتی ئەڵمانی جیا دەکاتەوە. موسۆلینی ئەڵمانی دەیەی ۱۹۳۰ بە «شێتخانەی نەژادپەرستی» ناو دەبا.[49] بێگومان لە زۆر دەڤەرکانی ئیدئۆلۆژیکی لە ئیتاڵیا برگرە هەتا ئیسپانیا، فەڕەنسا و بریتانیا لە دەهەکانی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۰ نە ئاماژەیەک بە مەسەلەی نژاد لە ئارادا بووە، نەک بە مەسەلەی دژی سامی «نەژادی سامی یەکێک لە باڵە مەزنەکانی سپییە، مەبەست لە تۆرەمەی دێرینە» کە ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکانی ئەڵمان ئەوندە ددانە چیڕەیان لەسەر دەکرد؛ بایەخێکی ئەوتۆیان دەدایە. هەر تەنیا دواتر بوو کە هێورهێور گروپە ئیتاڵیایەکان و هەموو گروپە فاشیستەکان لە کۆتایی دەیەی ۱۹۳۰ زۆرتر هەڵوێستی دژی سامیان بەخۆوە گرت. بەم حاڵەوە هەڵوێستی ئەم گروپانە هیچ کات بە توندوتیژی و ژاراوی و دەمارگرژی ئەڵمان نەگەیشت. تەوژمی دەمارگرژی بەربەستکراو و ترس و تیرۆر مەسەلەیەکی مەزنیترە کە بێگومان ئەڵمان لە ئیتاڵیا هاوێر دەکا.[50] بێجگەلەمە، فاشیستە نائەڵمانییەکان سەرنجێکی ئەوتۆیان بە مەسەلەی Lebensraum [هەوای حەیاتی] نەبوو. ئەم مەسەلەسەرقاڵی فیکری تایبەتی هیتلێر بوو و بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئەو «کە لە فەسڵەکانی کتێبی نەبەردی من زۆر تەئکیدی لەسەر کردووە»، پەرەپێدان بەرەو رۆژهەڵاتی ئەڵمان بەرەو رووسیا و پاکتاو و کاتۆر کردنی خەڵکانی ئەسلام پێکیدەهێنا. لە ئیتاڵیا پەرەپێدان بە واتای سوننەتی ئەوروپایی دەرک دەکرا. لە ئەڵمان ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای مەسەلەی نژادی بوو.

دەرەنجام، لە حاڵێکدا کە فاشیزم لە ئیتالیا زۆرتر لەسەر سوننەتی عەقڵخوازی ڕۆژاوا پێداگری دەکرد، ئەڵمانی ناسیۆنال سۆسیالیست بە شێوەی چاوکراوانە ڕاوەستەی غەیرە عەقلانی بوو و هەموو شتێکی مرۆڤ لە پیشەسازییەکان و هونەرەکانەوە بگرە هەتا زانستییەکان، کۆمەڵگە و مێژوو لە بەرینبینی پلەبەرزی نژادەوە دەبینرا و چاوی لێدەکرا. هەروەها لە ئیتالیا زۆربەی هۆکاری تایبەتی، لە هێندێ نەک لە هەموو بەشەکانی بزووتنەوەی فاشیزم، سەبارەت بە نوێبوونە عەقلانی دەبینرا کە دەوڵەت دەبوایە لەودا دەوری دەسەلاتی داهێنەری بووبایە. لە ئەڵمان، لانیکەم لە بەستێنی ئیدئۆلۆژیکی، مەسەلەی نەژاد ئەم کۆششەی لەخۆوە پێچابوو. لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئەڵمان فەرمانبەری هەمیشەیی Volk و بابەتە نەژادییەکان بوو.

لە دەروونی گرووپبەندیە میللییەکانی فاشیستدا، بە تایبەت ئەڵمان، دابەشکاری دەرەکی گرنگی دیکەش بوونی بوو. ڕێگایەکی زۆر بۆ بیرکردنەوەی ئەم دابەشکردنە دەرەکییە لە ئارادا هەیە. نولتە لە فاشیزمە سەرەتایەکان، فاشیزمی بە میتۆد و فاشیزمی رادیکاڵ « و هەروەها وتاریشی لەمەڕ پێش فاشیزم» وتار دەبیژێ. ئەلکساندێر دووگران لە موتالایەک کە لەمەڕ فاشیزمی ئیتالیا بەڕێوەی بردوە لە بارەی فاشیزمی پارێزگار، میللی، دیوانسالاری (بوروکراسی) گوندی و ناسیۆنال سەندیکالیست دیالۆگ دینێتە ئاراوە.[٥١] دابەشکارییەکی دەرەکی ئیدئۆلۆژیکی لە نێوان باڵە سۆسیالیستترەکان و سەرمایەدار دروست بوو. هێندێ لە دەروونی سیستەمی کۆمەڵگەی ڕێکوپێکتردا پەروەردە بووە بایەخیان بە سەرمایەداری دەدا. هێندێکی دیکە خوازیاری بەرتەسککردنەوەی بەڕاستی تەمەنی لە کۆماری سالۆ لەگەڵ لایەنگری سۆسیالیستەکان هەستی بە نزیکایەتی بە یەکەوە دەکرد. ئەو لە کۆتایی دەیەی ١٩٢٠ هەوڵی دا هەر دوو گەرایشەکە بە یەکەوە ئاشت بکاتەوە.[٥٢] یەکێک لە نووسەرەکانی ئیتالیا بە ناوی نانجلوو ئولیوتی، فاشیزمی چەپی لیبڕاوانە خستە لیستی سوننەتی سۆسیالیزمی پرۆدۆنەوە.[٥٣]

دابەشـــكارییەكی ئـــەوتۆ لـــە بـــاری بـــیر و بـــاوەڕەوە لـــە نێـــوان ناســـیۆناڵ سۆسیالیستەكانی ئەڵمان سەریهەڵدا. چالاكـانی حـزبی وەک گوتفریـت فـدر و گێۆرک ئەشتراسەر زۆرتر لە میتۆدە سۆسیالیستەكان نزیكیان بوو. بۆ وێنـە فـدر بە خۆماڵی كردنی بەربلاوی پیشەسازییەكان و بازرگانی بە سیستەمـی بانكداری كـۆكراوە و ژێـر چـاوەدێری دەوڵـەت، مودیریـەتی دەوڵـەتی دام و دەزگاكـانی ســـوودی گـــشتی، هێنـــان و بـــردن، بایـــەخـــدارەكـــان، راگـــرتنی نرخـــەكان و دەس‌ڕەنجـەكان هـەمیشە و دەرهـەم لەگـەڵ دەس‌بەســـەرداگیراوانی دەوڵـەتی سوودە كەلانەكان بانگهێشتنی دەكرد. بیست و پێـنج پـڕۆژەی NSDAP لـە ١٩٢٣، ١٩٢٠ پـــڕۆژەی وەرزێـــڕی ١٩٣٠ و پـــڕۆژەی دەس‌بـــەكاربوون و ســـەرگەرمی تەواوی ١٩٣٢ هەموو هەڵگری نـاوەڕۆكـی دژی سـەرمایەدارییەكی زۆربـوون.[٥٤] رواڵـــەتەن ئاڵـــفرێد روزێنبێـــرگ، هیتلێـــر و گـــوبلێز شـــەوق و زەوقێكـــی زۆریـــان سەبارەت بەم رێڕەوە نەبوو. ئەمە بەو مانایە نییە كە ئەوانە خوازیاری درێـژەدان بـە سیاســـەتی ئاشـكرای سـەرمایەداری بـوون. روزێمبێـرگ خـۆی بایـەخی زۆر زیاتری بە بابەتی نژادی دەدا.

دەربارەی بە هێندنەگرتنی گشتی فاشیستەكان سەبارەت بـە رۆشـنبیران زۆر جار گرنگە كە ناوەڕۆک، پڕۆژەكان و ئیدئۆلۆگە گرنگەكان بەدەستبێنێ. فاشـیزمی ئیتالیای لایـەنگران و خوازیـارانی پلەبـەرزی وەک جـوانی جنتیلـە یـان بـوو كـە زۆربەی مەقالەی موسۆلینی بە نـاوی «باوەڕەكـانی فاشـیزم» ئـەو نووسـی ئـەو جۆرەكـە رەســـالەی سیاســـی زۆر گرنگیـشی بـە نـاوی ســـەرچاوە و پێكهاتـــەی كۆمەڵگەی نووسییەوە. رەخنەگران لەمەڕ ئەمەكە چۆن جنتیلە بە نوێنەری فاشیزم دەدرێتـە قەڵـەم، هاودەنـگ نـین.[٥٥] بـەلام ناســیۆناڵ سۆسیالیـستەكانی ئەڵمان كەسایەتییەكی بەرچاوی وەک جنتیلە یان لەبەر دەسا نەبوو. كتێبی نەبەردی مـن، هیتلێـر كـە موســـۆلینی ئـەوەی «كتـێبی هەراســـهێنەر كــە هــەرگیز نــەمتوانی بیخوێنمەوە»ی باس دەكـا. بەڕاسـتی نـەیتوانی بـە نـاوی نـاوەڕۆكـی سـەرەكی خزمەت بكا ئەگەرچی بێگومان دۆزگەلێكی دزەكەر و تێپـەڕ لـەودا بـوونی بـوو.[٥٦] روزێنبێرگ زۆرتر بە نووسینەوەی وڕێنـەی بێـسەر و بـن لەمـەڕ نـژادی بـاكوور

سەرقاڵ بوو. نووسراوەگەلێکیش لەگەڵ ناوەڕۆکە ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان، نووسراوەی ئەشتراسەر و فدر و گوبلێز لە ئارادا بوون. کەسایەتییە زانکۆییە زۆر بەگومانەکانی وەک کارۆل ئەشمیت یان مارتین هایدگر لە پەراوێزدا بوون.[٥٧]

لەگەڵ سەرنج دان بەو خاڵە ناوبراوانە، دۆزینەوەی بەستێنێکی هاوبەش بۆ لێدوان لەمەڕ فاشیزم یان فاشیزمەکان، دژوارە خاڵی دەسپێک دەکرێ لایەنی نێگەتی

ڤی ئیدئۆلۆژی فاشیزم واتە «دژایەتییەکانی» ئەو بێ. ئەو چەشنە کە لینز دەڵێ: «شتگەلێک کە فاشیزم لەگەڵ ئەوانە دژایەتی بوو دەیتوانی لە دیاریکردنی پێناسەی ئەو بەکەڵک بێ».[٥٨] زۆرینەی فاشیستەکان دژی لیبراڵ دژی مارکسیست، دژی پەرلەمان، دژی تاکخوازی و دژی بورژا بوون. بە بۆچوونی ئەوان سەردەمی بورژوایی لە باری مەعنەوی بۆش، ریاکارانە و ماددەخوازانە، جیاکراوە لە جیهانی راستەقینە و دابڕاوی هەر چەشنە واتا بۆ کۆمەڵگە بوو. ئەمانە بێگومان ناوەڕۆکگەلی هاوبەش بوون، بەڵام ناتوانن شتێکی زۆر بە ئێمە بڵێن. ئێستا لێدوان بەرەو تێبینیگەلێک لەمەڕ بیر و بۆچوونی فاشیستی دەربارەی سروشتی مرۆڤ، دۆزەکانی ناسیۆنالیزم، نژاد، دەوڵەت، رێبەری و ئابووری دەبەین.

سروشتی مرۆڤ

دوا بواری فیکری دەرکی فاشیستی لە سروشتی مرۆڤ تێکەڵاوێکی سەرسوورهێنەرە. دۆزە بەبرەوەکانی ئەو مەڵهەمێکی تایبەتی بوون لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی، روانگەی نژادی سەدەی نۆزدەیەم، فەلسەفە شهوودی و شاراوەکان و حەیاتخوازی، سەندیکالیزم، روانگەی پالێوراوان، هەستخوازی یان رۆمانتیسیزم، دەروونناسی جەماوەر و دەروونناسی چاونەکراوە. جگەلەمە، مەڵهەمی ناقودووسییە، هێندێ دووپاتکراوە و شێوەییتر لەمەڕ خووی بوونەوەری مرۆڤ دەکرێ لە یەک هاوێر بکرێن.

یەکەم ئەمەیە کە تایبەتمەندی خۆی مرۆڤ بەرز نرخاندنی ئیرادە و کردەوە بوو. مرۆڤەکان لە پلەی یەکەمدا خوڵقێنراوی ئیرادە و کردەوەی خۆیانن. تا

رادەیەک ئەندێشە دەکەوێتە دوای کردارەوە. ئەندێشەی سەڵت ئێمە لە کردەوەی بە لاڕێ و کردار ئێمە گەندەڵ دەکا. ئێمە لەگەڵ بەکاربردنی ئیرادە و کرداری خۆمان لە جیهان خۆی راستەقینەی خۆمان دەخەینەڕوو. گوتراوە کە دەبێ بەپێی غەریزە و بوونی خۆمان عەمەل بکەین، نەک بەپێی رێنوێنی مەنتقی. ریشەگەلی فەلسەفی ئەم خەتتە فیکرییە سەرچاوەی زۆری هەیە کە بەتایبەت بە حەیاتخوازی هانری بێرگسۆن و فریدریش نیچە، کردەوەخوازی ویلیام جیمز و فەلسەفەی حەیاتی ئەڵمان دەکرێ ئاماژە بکەین.

گرنگ ئەوەیە کە بواری ئەم کردەوەخوازییە و حەیاتخوازییە و شێوەیەک لە فاشیستەکان بە لاڕێ و هەڵە دەستیان تێبردووە، لێیتێبگەین. رێژەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لەسەرەتاوە ببوونە ئەندامی گروپە فاشیستەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا شەڕیان کردبوو «لەوانە هیتلێر و موسۆلینی و موزلی». دەربارەی ئیتالیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا زۆر لە کەسانی گاردەکانی فاشیستی «گاردی ئیسکاردریستی، گاردی کاملۆدووروا، گاردی فرای کورپس، کراس قاوەییەکان و ئێس ئێسەکان». لە ئەرتەشیانی سابق بوون. بەرەی دوای ساڵی ١٩١٨ بەرەی دەمارگرژ و نیزامی بوو کە بە مەرگ و ئاستە توندوتیژییەکانی دەمارگرژی خووی گرتبوو. لە سەردەمی ئاشتیدا زۆریان لە کەش و هەوای ترسهێنەردا پەروەردە کرابوون و ئەمانە هەر ئەو کەسانە بوون کە ئاڵۆزی و چەواشەکاریان وەرێدەخست. لەم بارەوە دەمارگرژی و کردەوەخوازی فاشیستی پاساوی خۆی دەدۆزییەوە بەتایبەت لەو رووەوە کە رەقیبانی کۆمۆنیست، ئەوانیش هەر لەم شێوانە پێرەویان دەکرد. ئاسانکاری لیبراڵی بەر لە جەنگ و تەنگ و چەڵەمەکانی کۆمەڵگای پاش جەنگ دەدرایە قەڵەم. ئەم بارودۆخە بۆ جیهانی نوێ بە نامۆناسیبیان دەزانی. لێدان و دارکاری کردنی کۆمۆنیستەکان، جوولەکەکان، ئەندامی یەکێتییە سنفییەکان یان حەریفان و موخالیفانی (بەرهەڵستکارانی) فاشیستەکان دەدرانە قەڵەم. پاک کردنەوەی خوێنی ئەرنێست و کراسقاوەییەکان بە فەرمانی هیتلێر و قەتلی ماتئوتی حەریف (نەیار)ی سیاسی موسۆلینی بە دەستی ئەو، لێدان کاری ماسیانۆ نوێنەری مەجلیس لە پەرلەمان و لێدان و

بەرەنگاربوونەوەی شەقامەکان بڕەوی بەدەمارگرژیدا بوو بە حاڵەتی ئاسایی، غەریزەخوازی و کردەوەخوازی فاشیستی لەگەڵ عەقڵخوازی لیبراڵی بێهوودە و لاواز و بێرەمەق دژایەتی بوو. دیرۆک و هێماخوازی بزاڤە فاشیستییەکان لە چالاکییەکان و بەرەنگاربوونەوەکانی بەرخۆدان، لە ڕێپێوانە خیابانییەکان و ڕاپەڕین و هەستانی سیاسی دەنگیان دەداوە.

ئەم توندوتیژییە ڕێخراوە سیاسییە لێکدانەوەی ڕۆشنبیرانەی لە شیعری کۆمەڵایەتی بەدیهێنابوو. توندوتیژی تەقریبەن کێشەی جوانناسانە بەخۆوە گرتبوو.[٥٩] نووسەرانی وەک ژۆرژ سورل لە کتێبی تێڕاماتێک لەمەڕ توندوتیژی پێوەند دانی حەیاتخوازی فەلسەفی لەگەڵ توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەورێکی کاریگەریان گرتە ئەستۆ لە ڕاستیدا حەیاتخوازی بە بۆنەی بنەمای غەریزی و دڵۆڤانی خۆیەوە و دەیتوانی تەقریبەن بە جێگۆڕینێکی هەستپێنەکراوی مەنتقی، لەگەڵ هەموو ئەزموونە هونەرییە خۆشڕوویەکان بە هۆی واتاگەلێکی وەک بوون و غەریزە یەک لایەنە بێتەوە. هەر بەم شێوەیە کە ئاشکرا کردنی ڕازی ئەزموونی دڵۆڤانی داهێنانی هونەری لە دەروونی ڕوانگەی توندوتیژی پاڵەوانانەی سیاسی دژوارە. توندوتیژی بە جۆرێک وەکو موعجیزەیەک دەبێ بە ڕازی جوانناسی.

لە لایەکەوە ئەم پێوەندی نێوان هونەر و توندوتیژی لە بڕێک نووسراوەکانی فوتوریستە ئیتالیاییەکاندا وەک جۆرێک جوانناسی کۆتایی سەدە بە شێوەی چاوکراوانە درێژەی پێدەدرا. زۆر لە هونەرمەندە بەتواناکان، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی و بەر لە کوشتنی ماتئوتی بەرەو لای فاشیزمی کێشران. مارگریتا سارفانی، عەشقەکەی موسۆلینی، بەتایبەت بۆ پشتگری کردن لە هونەرمەندان زۆر هۆگری بوو، هەرچەند کە ئەو خۆی زۆرتر لایەنگری پێوەندی نێوان فاشیزم و جۆرێک لە نئۆکلاسیزم بوو هەتا فۆتۆریزم. فۆتۆریزم خۆی هەر لەو قاڵبە فەرهەنگەیەی فاشیزمەوە هەڵدەقولا و لەسەر کاری ڕاستەوخۆ، ژیان، غەریزە و داهێنان تەئکیدی دەکرد هەتا لەسەر عەقڵ و سیستم.

فیلیپۆ مارینتی کۆکەری بەیانیەی فۆتۆریست فۆتۆریزمی بە هونەری فاشیزم دەزانی. بەڵام مەعلووم نییە کە موسۆلینیش لەگەڵ باوەڕی ئەو هاودەنگ بووبێ.

مـارینتی لـه بەشـەکانی دەسـپێکی بەیانییەکـەی خۆیـدا کۆمەڵـێک لـە پرەنـسیپە سەرەکییەکانی مەرامی رادەگەیێنێ:

١- دەمانەوێ سروودی ئەوینی بە مەترسـی، عـادەت و خـووی جووڵانـەوە و پەلە بهۆنینەوە.

٢- پرەنسیپی بنەمای شیعری ئێمە نەترسی و دلێری و نافەرمانی دەبێ.

٣- ئەدەبیات لە پرسینەوەی نەبوونی جووڵانەوەی پیاوی خـاوەن ئەندێـشەی فرەوێـژ دەدوێ... ئێمـە دەمانـەوێ بەشـان و بـاهۆی بزاڤـە شـەڕ و شـۆڕەکان، بێخەوی و لەرز و نۆبەتێ، ڕێی دوولایەنە، قەڵەمبـازی پـڕ مەترسـی، شـەقەزللە و مشت و سیخۆرمەدا هەڵبلێین.

٤- ئێمە مەزنی جیهانی دەولەمەندکراو و بە جوانی نـوێ، جـوانی تونـدرۆیین رادەگەیێنین. ئامێرێکی پێشبڕکێ و کێبـەرکێ بـە کـاموتی رازاوە بـە لوولەگـەلی گەورە هەر وەک مارێک لەگەڵ پشووگەلی تەقینـەوەی... موتورێـک پـڕخرۆش و گەزارە هەروەکو موسەلسەلی ئاورین.[٦٠]

بەم شێوە، فاشیستە تازەپێشگەیشتوەکان هان و دنە دەدران کە بە تـەعبیراتی هەستبزوێن، خەباتخوازانە . دلێرانە بیر لە توندوتیژی بکەنـەوە. کاتێـک سـورل توندوتیژی لەگەڵ قەڵەمبازی حەیاتی بێرگستۆن گرێ دەدا «هێزی حـەیاتی خـۆی لە خۆوە کە جۆری مرۆڤی بەرەو ئاستێکی بالاتر لە کامـڵبوون دەکێـشا» و ئـەم و ئەو ئـەوەیان لەگـەڵ رەسـالەتی بـاشنـژادی مێژوویـی پێوەنـد دەدا، تونـدوتیژی بایەخی جیهانی بەخۆوە دەگرت. ئەم توندوتیژییە هەر ئەو زۆر و گوشارە نـەبوو کە دەولەتە لیبڕاڵەکان بەکاریان دەبرد. توندوتیژی غەریزی بوو کـە تـاکی لەگـەڵ ناخی چاونەکراوەیی مەعنەوی ئەو پێکەوە گـرێ دەدان. ئـەم تونـدوتیژی رۆحیـە حەماسی پاڵەوان یان یەکەپیاوی دنە دەدا. ئەمە خاڵی کـردنی جـۆش و خـرۆش و ئاڵەبێژی رۆحی بوو. ئەو جۆرە کە جوانی پاپینی، فاشیستی ئیتاڵـیایی، گوتوویـە: «لە حاڵێکدا کە بێسەر و پێی دیموکـڕات دژی جـەنگ هـاواری نارەزامەنـدی بـەرز دەکەنـەوە... ئێمـە جـەنگ بـە گـەورەترین هۆکـاری وزەبەخـشی مـومکین بـۆ

بەدەستهێنانی هێز دەزانین، بە ئامێرێکی بە دەستوبرد و پاڵەوانانە بۆ بەدەسهێنانی دەسەڵات دەیدەینە قەڵەم».[61]

ئێمە دەبێ لێرەدا دروشمی کۆن، بەڵام لەم بارەوە پرزەوق و ترووسکەدار تازە کەینەوە کە لەودا سروشتی مرۆڤ دەتوانێ ببێت بە حاڵەتێک کە تەنگوچەڵەمەی ترسناک و ترسهێنەر بە پیرییەوە بێ. ئەمە زۆرجار بە هۆی کەسانێکەوە ئەوترێ کە هەرگیز تەنگ و چەڵەمەی خوفناک و ترسهێنەریان نەدیوە و تامیان نەچێژتووە.

لە وەها شانۆیەکدا، نووسەرانی فاشیستی هەمیشە وەکو پڕۆژەیەکی ڕۆحی یان شێوازێکی هەستی ئاماژەیان بە ئیدئۆلۆژی کردووە، پریمۆدریوەرا، ڕێبەری فالانژەکانی ئیسپانیا گوتوویەتی: «بزووتنەوەی ئێمە ئەگەر تایبەتن بە ناوی شێوەی ئەندێشە بناسرێ لە ڕاستیدا باش هەستی پێنەکراوە، ئەمە شێوەی ئەندێشە نییە بەڵکو شێوەی هەستییە». پاپینیش گوتوویە: «ئەوەی ئێمە پێشنیاری دەکەین نەک پڕۆژەکان بەڵکو بینینی مامەڵەی زێهنیە هەتاکو کۆتایی بە وشەکان بێنێ و پڕۆژەکان بگۆڕێ بە کردەوە».[62] هەر بەم ڕۆحییە و ورەوە بووە کە نازییەکان زۆرجار ڕایانگەیاندووە کە مرۆڤ دەبێ بیر لە «خوێن» بکاتەوە.

لەبەر ئەمە، سەیر نییە ئەگەر فاشیزم دژی ڕۆشنبیرانە بزانین، باوەڕی فەلسەفی ئەو لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە کە ناخی بێخەبەری. ئیرادە، هەستی رووخۆشی، غەریزە، بوون، هەوا و مەیل. خوێن و لەو بابەتانە لە ڕاستیدا خووی مرۆڤ پێکدێنێ. ئەمە لەگەڵ ئاستی فیکری دەسکری مرۆڤ دژایەتی هەیە. ئەم بینینە بەشێک لە کێششی بە تەوژمی فاشیزمی بۆ زۆر لە هونەرمەندان، نووسەران و ڕۆشنبیران بەتایبەت دوو گرووپی سەرەتا پێکدەهێنا. وەڵامی جنتیلە «بە نیشانەی وەڵامێکی هێگلی و لەبەر ئەمە دژی وجوودی» بەم پرسیارە کە ئایا هۆکاری بوونەوەری مرۆڤ عەقلانییە یان ناعەقلانی و ئیرادی، ئەمە بوو کە نابێ بگەینە ئەنجام کە فاشیزم «کردەوەیەکی چاوبەسراوانە یان هەر تەنیا میتۆدی غەریزە بووە». بە بۆچوونی جنتیلە، فاشیزم دڵی ڕاستی و «ئەندێشەی زیندوو» بوو، بە جۆرێکی دیکە، ئەندێشەی دیاریکراو بوو لە رووبەڕوو لەگەڵ ئەندێشەی لەبێخ هاتوو.[63] بە وتەی جنتیلە فاشیزم لە شێوەیەکدا دژی فیکرە کە «شعوور لە ژیان...

مێشک له دڵ... روانگه له کردەوه» جیا بکەینەوه.[٦٤] بـەم جـۆره فاشـیزم، خـۆی لـه خۆیدا به راستەقینه دەناسرا.

لایـەنێکی دیکـه لـەم حەیاتخوازیـه، جـەماوەری خەڵـک بـوون کـه زۆر جـار بـه نیشانەی گەله گـاڕان کـه بـه دوای رازیبـوونی غـەریزەمانی خۆیانـەوەن، چاویـان لێـدەکرا. کەسـانێکی بـڕێک لـه پێـشتر دەیـانتوانی دەس لـه غـەریزەکانی ئـەوان وەردەن. شـێوازی کالـی داروینیزمـی کۆمەڵایـەتی لـه تێکـەڵاوی لەگـەڵ مـەرامی نەتەوەی پلەبەرزتر بەم دەرەنجامه دەگەیشت که وێنەگەلێکی ناشیاوتر یان پلەی لـه دەستداوی مرۆڤ دەکرێ هەر بەو شێوازه که پاتاڵـی ماڵـی هەڵـدەبژێرێن و باریـان دێنین، لـه بـەین بـەرین یـان پـەروەردەیان بکـەین. لەبـەر ئەمـە، مرۆڤـەکان لەگـەڵ بەکـەمزانینی خێرخوازانـه بـه شـێوەی گـاڕانی و جـەماوەری بـەرچاو دەگـیران. موسۆلینی بەڕاستی روانگەیەکی شـەرمهێنـەری لەمـەڕ بوونـەوەری مرۆڤـی بـوو. گریمانەی گشتی ئەو ئەمه بوو که هەر مرۆڤێکی تەواو خوخواز جێی باوەڕ و متمانه نییه. ئەمه وێچووی وێنەیەکی تەواوه که بولووک له هیتلێری کێشاوەتەوه کـه لـەودا «رەشبینی لەگەڵ خێرخوازی تێکەڵ بوو. [به بۆچوونی هیتلێر] هۆکـاری مرۆڤـەکان ترس، تەماح، ئارەزووی دەسەڵات و بەرچاوتەنگی بوو کـه لەگـەڵ جووڵانەوەیـەکی به عاستەم دەکەوتەکار. سیاسەت... هونەر ئەوەیه که بزانین چۆن لەم بێهێزیانه بـۆ بەرژەوەندییەکانی خۆمان کەڵـک وەرگـرین».[٦٥] رەخنـەی گـەورەی موسـۆلینی بـه سەلاحییەتی ماکیاڤێل بۆ ئەمه که بناخه دامەزرێنەری فاشیزم بێ، ئەمه بوو کـه ئـەو به رادەی پێویست خێرخواز نەبوو. به کورتی، موسۆلینی لەسەر ئـەو بـاوەڕه بـوو که دەکرێ جەماوەر به ئاسانی به هەڵـه بـبرێن و زاڵـبی بەسـەریاندا. جـەماوەر لـه بنەڕەتەوه وەکو منداڵێک بوون که دەبوایـه بەینابـەین سـەرکۆنه و نەسـیحەت یـان وەلامی باش بەوان بدرێتەوه. ئەو جۆره که مـاک سمیـت دەڵـێ: «موسـۆلینی لەمـه خۆشحاڵ بوو که دەیدی گارانی - پیتێک که حەزی دەکرد بـه کـاری بـەرێ - لەگـەڵ دڵخۆشی نایەکسانی و نەزم دەسەلمێنێ».[٦٦]

زۆربەی فاشیستەکان لەسەر ئەو باوەڕه بوون که مرۆڤـەکان لەبـەر جەوهـەری خۆیان کۆمەڵایەتین. هیچ فاشیستێک نکۆڵی لەم باوەڕه نەبوو، هەرچەند هـەر کـەس

بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆی بوو. یەکێک لە ئامانجە رەخنەیە هاوبەشەکانی ئەوان کە لە ئاسەواری هەر نووسەرێکی فاشیستیدا دەبینرێ، تاکخوازی لیبرالیزمی کلاسیک بوو. بۆ وێنە ئالفردۆروکگۆ باوەڕی بوو کە بە پێچەوانەی تاکخوازی لیبرالی، «بوونی مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەلگە هیچ شتێک نییە و تەسەور بڕێ پێ ناکا ـ لە مرۆڤ بە دوورە. نەوعی مرۆڤ لە بوونی خۆیەوە لە گروپە کۆمەلایەتییەکاندا ژیان دەکەن». بە بۆچوونی روکگۆ فاشیزم «لەبەر ئەمە، جێگری روانگەی دێرینی ئەتۆمیزم و روانگەی میکانیکی دەبێ کە بناخەی مەسلەکی لیبرالی و دیموکراتیکی پێکدەهێنا».[67] جیاوازییەکی مەزن لە تێگەیشتنی ئەم سروشتە کۆمەلایەتییە بەتایبەت لە نێوان نووسەرانی ئیتالیایی و ئەلمانیدا لە ئارادا بوو. لە نووسراوەکانی جنتیلە، روکگۆ و موسۆلینی، لایەنی «کۆمەلایەتی» زۆرتر بە شێوەی قەراردادی و لە لایەن واتای نەتەوە، دەولەتەوە دەرک دەکرا. جنتیلە لە وتارەکەیدا بە ناو «بنەرەتی فەلسەفی فاشیزم» دەنووسێ: «چونکە دەولەت پرەنسیپە، تاک جۆر و بەرهەمی ئەو دەدرێتە قەلەم».[68] ئەو لە دوا رەسالەی سیستماتیکی خۆیدا دەلێ: «ریشەی من لە ئێمە دایە. کۆمەلگەیەک تاکی هی ئەوە، بناخەی هەستی مەعنەوی ئەو دەدرێتە قەلەم.[69] رۆحی کەلامی جنتیلە ئەوەیە کە بۆ خەلکی ئەوروپا ـ لە رازیبوونی سەرەکیترین نیازکانەوە هەتا بە حەقیقەت گەینی ئازادی و ئەخلاق ـ پەرەپێدان و تەکامولی تاک بەشێکی جیانەبوونەوەی لەشی دەولەتە. لە راستیدا دەولەت و تاک هەر جەوهەرێکیان هەیە. بە وتەی جنتیلە: «دەولەت بیچمی گشتی تاکە... دەولەت پێشمەرجی بوونی تاک نییە... بەلکو واقعییەتی بوونی ئیرادەی ئەوە».[70]

لێکدانەوەی ناسیۆنال سۆسیالیستی واژەی (کۆمەلگە) لەگەل لێکدانەوەی فاشیستە ئەوروپایەکان جیاوازی بوو. ناسیۆنال سۆسیالیستەکان زۆرتر سەرنجیان لەسەر لایەنی نژادی و Völkisch [نەتەوە] کۆ دەکردەوە هەتا لەسەر دەولەت، تاک لە لایەن کۆمەلگەوە فۆرم دەگرێ، کۆمەلگەش لەسەر بنەمای نژاد یان رۆحی نەتەوە [volkseele] پێکدێ. واتایەکی هەست یاری و رۆمانتیک لە سروشت لە پشت ئەم کێشەوە شاراوەیە. سروشت وەکو مەلینەیەکی بێگیان و بەنەزم نییە کە

بتوانێ بە ساردی و بێهەست دەرک بکرێ؛ بە پێچەوانەی سروشت «وزەی حەیاتی»یە کە هەم بە مرۆڤەکان و هەم بە volk (قەوم یان نەتەوە)ی ئەوان حەیات و ئامانج دەبەخشێ.[71] ژیانی غەریزەیی و هەستی بوونەوەری مرۆڤ نەک هەر تەنیا ئەوان لەگەڵ قەومی خۆیان بەڵکو لەگەڵ «هێزی حەیاتی» زاتی سروشت گرێ دەدران، لەبەر ئەمە، بوونەوەری مرۆڤ دەیانتوانی لەبەر تاقانە بوونی خۆیان لەگەڵ سروشت جێی ڕێز و سوپاس بن نەک لەبەر زاڵبوون بەسەر ئەودا. ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان بە پێچەوانەی فاشیستەکان، بە واتایەکی دروستکراو و ڕازدارانە، سروشت چ دیمەنی سەوزی ئەو و چ ژیانی گوندی و وەرزێڕی ڕێزیان بۆ دادەنا. واتە ئەگەر دەکرا کە ڕۆحی خەڵک لەسەر زەوی ئەوان ڕەنگیداوەتەوە. نابێ لەبیر بچێتەوە کە ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان یەکەم کەسانێک بوون کە لە ئەوروپا مەسەلەی کۆکردنەوە و عەمارکردنی سروشتیان هێنا ئاراوە و پلانیان بۆ زیندووکرانەوەی دارستانە خورپسکەکان لەبەر هۆکارەکانی پێگەی ژین و بە خۆماڵیان پێناسە کرد.

خاڵێکی دیکە لێرەدا ئەمە بوو کە نایەکسانی نەگۆڕ و بێ لێپرسینەوە لە بابەتی ژینگەناسییەوە ڕاستەقینە و حاشاهەڵنەگر بوو. هەموو نازییەکان نایەکسانی نژادەکان و ڕۆحە نەتەویەتییەکانیان قبووڵ بوو. ئاریایی بە نێوی نژادی تاقانە لەگەڵ سەرزەوی و خەڵکی خۆی، لە هەر نەزەرەوە پلەبەرزتر لە یەهودییەکان، ئەسلاوییەکان یان ڕەشپێستەکان بوون. هیتلێر ئاریایەکانی بە «نژادی ڕەسەن» دەزانی. نایەکسانی نەگۆڕی خەڵک بەواتای نەبوونی نایەکسانی لە نێوان ئاریایەکاندا نەبوو بۆ وێنە لە نێوان ئاریایە بلیمەتەکان یان پاڵەوانێکدا بوونی بوو کە پلەبەرزتر لە دایکببوون، کارە گەورەکان هەر تەنیا بە کۆششی پیاوانی مەزن بە ئەنجام دەگەیشت. ئەو جۆرە کە هیتلێر دەڵێ: «بەرەوپێش چوون و کەلتووری مرۆڤایەتی بەرهەمی زۆرینە نییە بەڵکو هەر تەنیا پێوەندیی بە بلیمەتەکان و وزەی کەسایەتییەوە هەیە».[73]

دەربارەی کەسایەتییە بلیمەتەکان یان ڕێبەر، فاشیزمی ئیتاڵیاش ڕای دەربڕیوە. دەربارەی ئاخری بە نزیکایەتیگەلێکی شاراوە لەمەڕ بلیمەتی نژادی یان بیۆلۆژیکی

قەناعـەت نـەدەكرا، بەڵـكو بـە لێكدانـەوەی نووسـراوە كۆمەڵناسـانەكانی ویلفێـر دووپارتۆ، گانتـانۆ موسـكا و روبێـرت مـیكلس دەربـارەی پسپۆڕخوازی بەڵـگەیان دەهێناوە. نووسەرانی پسپۆڕخواز نەک هەر لە روانگەی رێبەرایەتیدا بەشیان بوو بەڵكو لە پێكهێنانی رەشـبینی سـەبارەت بـە دیموكراسـی پەرلـەمانی كـە لـە نێوان فاشیستەكاندا زۆر بەبرەو بوو، یارمەتیان كرد. دەبێ وەبیربێنینـەوە كـە هـەر تـەنیا مـیكلس لایـەنگری ئاشـكرای فاشـیزم بـوو. هەڵـبەت دەبـێ بـوترێ كـە ئـەم لایەنـە رۆشنبیرانەترە لە فاشیزمی ئیتاڵیا هەمیشە ئاشكرا نـەبوو. پرەنـسیپە خۆفریـودەرە خۆخوازەكانی دەروون ئازاریش لەو «لایەنە بەهێزانـەی روانگـەكانی موسـۆلینی و هیتلێر دەربارەی دەوری خۆیان دەدرایە قەڵەم.[٧٤]

گشت فاشیستەكان لەسەر ئەو براویـە بـوون كـە بـە هـۆی گەندەڵـی سروشـتی مرۆڤەوە لە كۆمەڵـگە دیموكراتیكـە لیبراڵـەكان، دەبـێ گۆڕانكارییـەک بێتـە ئـاراوە. دەربارەی ناسیۆناڵ سۆسـیالیزم ئـەم چالاكییـە، ئـەو جـۆرە كـە ئەرنێـست كریـک گوتوویە لە پێناوی پێكهێنان «مرۆڤی ئەڵمان پێبەند بە قـەوم» بـوو.[٧٥] بـە بۆچـوونی موسۆلینی ئیتاڵیای فاشیست دەبـوو شـتێكی وەک رێنیـسانس (زیندووكردنـەوە)ی ئیتاڵیا پێکبێنێ. كۆشش بۆ خوڵقاندنی مرۆڤی فاشیـست لایەنگـەلێكی گاڵتەجارِیـشی بـوو وەک چـالاكی و ئۆردووكێـشی دژی خواردەمـەنی پاسـتا بـە نـاوی خواردەمەنییـەكی دژی فاشیـستی و ئەمـە كـە ئیـسپاگیتی و ماكـارۆنی «خـۆراكی راستەقینەی شۆڕشگێڕان» نین.[٧٦] موسۆلینی چاوەڕوانی دەكرد كە مرۆڤی ئیتاڵیایی دەبێ پاڵەوانتر و گەشبینتر بن، كەمتر بخەون و لەشی خۆیان ساخ رابگرن.[٧٧]

جیاوازی گەورەی نێوان روانگەكانی ئەڵـمانی و ئیتاڵـیایی دەربـارەی ریفـۆرمی خووی مرۆڤ لەمەدا بوو كە بە بۆچوونی موسۆلینی مرۆڤی نوێ هەر ئێستا بوونی بوو، بەڵام دەبوایە ئەوان لە گرفـت و گیرەكـان ئـازاد بكـرێن. بـە بیر و بۆچـوونی كۆمەڵێک لە نازییەكان وەكو روزەنبێرگیش ئاریـایی مـوو بـۆر بـوونی بـوو، بـەڵام دەبوو لە ئاست تێكەڵاوی نژادی پشتگری لەو بكرایە. بـە بۆچـوونی هیتلێـر و ئـێس ئێسی چەكدار دەبێ نژادی مرۆڤی نوێ وەک خۆی لێبێتەوە و باشترینی ئـەوان بـۆ داهاتوو پەروەردە بكرێن و هەموو «بەشە نژادییەكان» لەناو ببرێ.

نەتەوە، نەژاد و قەوم

ئەگەر بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکانی ناسیۆنالیزم، نژاد و volk [قەوم] زۆرتر لە ناخی راچین، ئەندێشەی فاشیستی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ روونتر دەبێتەوە. بە جۆرێکیتر، بوونەوەری مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا خولقێنراوی نەتەوەیەک، نژاد یان قەومێکن. لەبەر ئەمە مرۆڤی گشتی وەلانراو بوونی نییە بەڵکو مرۆڤی ئەڵمانی، فەڕنسەوی، ئیتاڵیایی و... بوونی هەیە. ئەم دۆزە راستەوخۆ دژی ئەندێشەی سەردەمی رۆشنبیری و دواتر لیبڕالی و ئینتێرناسیۆنالیزم سۆسیالیستی و جیهان وەتەنییە.

ناسیۆنالیزمی فاشیستی جیاوازی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی لیبڕالی سەدەیی نۆزدەیەمدا بوو. کاتێک گوتفریت هەردێر بە تاوتوێکردنی خووی زمانناسی نەتەوایەتی سەرقاڵ دەبوو بە هیچ جۆر واتای پلەبەرزتر، دەسەلاتخوازانە یان بێزاری بەرامبەر بەتەواویەتی باوەڕی نەبوو. لە سەدەی نۆزدەیەمدا شێوازی جۆراوجۆر، کارکردی بەرتەسکانەتر، بێگانە هەراسانە یان شەڕخوازانە لە ناسیۆنالیزم لە فیکری گروپە پارێزگارە سەرەڕۆکاندا بوونی بوو و فاشیزم هەر تەنیا ئەوەی سەلماند.

لایەنە هاوبەشەکانی ناسیۆنالیزمی فاشیستی بریتی بوون لە ئەوڵەن دژایەتی دێرینەی پارێزگاری لەگەڵ ناسیۆنالیزمی لیبڕالی یان سۆسیالیستی. ئەو جۆرە کە پاپینی گوتوویە؛ سۆسیالیزم «ئینتێرناسیۆناڵ واتە دژی حزبی نەتەوەییە» و «بۆ ئەمە کە لە ناخەوە هیچ شتێکی خۆش نەوێ دەبێ لە شتێکی دیکە بێزار بێ»، کەوایە ناسیۆنالیزمی راستەقینە ناتوانێ ئینتێرناسیۆنالیست بێ.[٧٨] دووەم، ناسیۆنالیزمی فاشیستی مایل بوو کۆمەڵگە بە کەماڵی ئارەزوو بگا. پێناسەی راستەقینە لە کۆی نەتەوەدا بوونی بوو و نەتەوە لە ژوور تاکەوە بوو. ئەو جۆرە کە «مەنشووری کار»ی فاشیستی ئیتالیا دەڵێ: «نەتەوەی ئیتالیا کۆیەکی زیندوو یان ئۆرگانیکێکە کە ژیان، ئامانجەکان و ئامێری کردەوەی گەین بەوانە لەسەرووی دەسەلات و ماوەی تەمەنی تاکێکە... کە ئەوەیان پێکهێناوە».[٧٩] سێیەمین، لە ناسیۆنالیزم بە ناوی پارسەنگ یان هۆکاری هاوکێش بۆ خەباتی

چینایەتی کەلکی لێوەردەگیرا. نەتەوە بالاتر لەم دابەشکارییە بوو. ئەو جۆرە کە پریمو دریوەدا گوتوویە: «خەباتی چینایەتی یەکگرتوویی سەرزەوی باو و باپیر دەخاتە پشتگوێ چونکە تاقانەیی واتای بەکارهێنانی نەتەوەیی و خومالی لە بەین و پاکتاو دەکا». [80] بێجگە لەمە، ناسیۆنالیزم لەگەڵ واتای بوورژوا لیبرالی دەربارەی ژیان و دژایەتی بوو. ناسیۆنالیزم نەتەوەیی بۆ کردەوەی پالەوانانە، لەخۆبوردن و فیداکاری، بەرخۆدان و لەکۆتاییدا بۆ جەنگ ئامادە دەکرد. بورژوازی ئەم بەرەو لووتکە فڕینانەی بێهێز دەکرد کاتی بۆ ئارەزووە ماددی و سیاسەتە پەرلەمانییەکان بەفیڕۆ دەدا. ئەنریکۆ کورادیتی پاش جەنگی جیهانی یەکەم بێزاری خۆی بەم جۆرە بەکورتی رادەگەیێنی و دەریدەبڕێ:

هەر نیشانەیەک لە کۆنەیی، پیری، یاری بە هەست، مەسلەکخوازی، رێزی لەناوچوو بە ژیانی تێپەڕی مرۆڤ، بەزەیی لەناوچوو و کۆن سەبارەت بە بێهێزی و پەستبوون، چکۆلە بوونەوە و کەمهۆشی بە چاوی زانا بوون سەیر کردن، خافلبوون لە هێزە شاراوە پلەبەرزەکانی جۆری مرۆڤ، گالتەجاڕی پالەوانی، هەر هێمایەکی ناحەزی بەسالاچوویی بێزارکەری نەتەوەی کەوتوو دەتوانێ لە ژیانی پیرانەی چینی حاکمی ئێمە، واتە بورژوازی ئیتالیا بدۆزێتەوە. [81]

سەرەنجام لە ناسیۆنالیزم بە ناوی ئامێرێک بۆ رەوا بەخشین بە کۆمەڵێک واتای دیموکڕاسی و سۆسیالیزم کەلک وەردەگیرا. زۆرجار بە نووسراوەکانی فاشیستی بە نیشانەی «دیموکڕاسی رەسەنتر» و «سۆسیالیزمی رەسەنتر» ئاماژە دەکرا. [82] سۆسیالیزم و دیموکڕاسی ئەگەر لە رێگایەکی باشتری نەتەوە خەرج کرابان لە لایەکەوە، لە بەرامبەر دێموکڕاسی پەرلەمانی بورژوازیدا پێشکەوتووتر دەبون و لە لایەکی دیکەوە بەسەر سۆسیالیزمی ئینتێرناسیۆنالیستدا زالدەبوون. خراپترین جیهانەکان بوو کە بە میکرۆبی رووبەڕووی سۆسیالیزم و دێموکڕاسی پیس کرابێ. لەم بارەوە باشترین لایەنەکانی سۆسیالیزم و دێموکڕاسی لە خۆبوردنی بە جەماوەری ئەوان لە رێی نەتەوە لە تەمی ئینتێرناسیۆنالیزم و یەکسانی بە درۆ لە نێو نەتەوەکاندا بزر دەبوو.

جیاوازی گەورەی نێوان جۆرەکانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی و ئیتاڵیایی لێرەشدا بابەتی نژادی بوو. لەسەرنجی فاشیزمی ئیتاڵیایی، ناسیۆنالیزم فۆرمی سوننەتیتری ئیمپراتۆرییەتی بێگانە دوژمن وڵات پەرستی بەخۆوە گرت. بەلام لە روانگەی ناسیۆنالیزم سۆسیالیزمەوە، نەتەوەی ئەڵمانی جیلوەگەری رۆحی قەومی بوو کە بناخەی بۆچوونی ئەوە باوەری بیۆلۆژیکی بێخەوشی نژادی پێکیدەهێنا. ئەڵمانی بوون واتە لە نژادی تایبەتی پلەبەرزتر بوون. سەیر ئەمەیە کە بە بۆچوونی فاشیزمی ئیتاڵیایی، بەو جۆرە کە موسۆلینی گوتوویە: «ئەمە نەتەوە نییە کە دەوڵەت بەدیدێنێ... بەڵکو ئەمە دەوڵەتە کە نەتەوەی خوڵقاندووە».[٨٣] بەلام بە پێچەوانە لە نازیسمی ئەڵمانیدا، ئەو چەشنە کە هیتلێر گوتوویە: «دەوڵەتە خۆی لە خۆیدا ئاستێکی کەلتووری تایبەت ناخوڵقێنێ، بەڵکو هەر دەتوانێ نژاد، کە ئەم ئاستە دەبەستێ بە شەرتەوە، بپارێزێ». و دەشڵێ: «ئێمە ئاریایەکان هەر تەنیا دەتوانین دەوڵەت بە ئۆرگانیزمێکی زیندوو لەم نەتەوە بزانین».[٨٤] ئاشکرایە کە لە پێشبوونگەلێکی ئیدئۆلۆژیکی دژبەیەک لە نێوان نازیسم و فاشیزمی ئیتاڵیادا بوونی بوو. سەرەنجام، ئەمە کە جیاوازی ئاشکرا لە تەئکید لەسەر بایەخدان بە نەتەوە دەکەوێتە بەرچاو. لە حاڵێکدا کە لە ناسیۆنالیزم سۆسیالیزمی ئەڵمانیدا میلەت لە تویێ تەمێکی نیوەمەزەبیدا دادەپۆشرا، وەها بارودۆخێک لە فاشیزمی ئیتاڵیاییدا لە ئارادا نەبوو.

بەیانێک بۆ بوونی ئەم جیاوازیانە، میراتی فکری نائاسایی نازیسمە. گرنگترین پایەی ئەم میراتە بریتی بوون لە روانگە نژادییەکانی ئارتۆر دووگوبینوی فەرەنسەوی و هۆستۆن ستوارت چمبرلین، بەچکە سەرمایەداری ئەڵمانی دۆستی ئینگلیسی و هەروەها سوننەتی هەستیاری «قەوم» لە ئەڵمان کە لە نووسراوەگەلی کەسانی وەک پۆل دولاگارد، جۆلیوس لانگبن و مولێر وان دن برۆک لەسەر ئەوە تەئکید کراوە.[٨٥] هەر ئەو جۆرە کە مارکس و ئینگلس بزوێنەری مێژوویان بە خەباتی چینایەتی دەزانی، کۆنت دووگوبینو و چمبرلین ئەم بزوێنەرەیان لە خەباتی نژادی و نەتەوەخوازیدا دەبینی. کتێبی بەناوبانگی گوبینو بە ناوی رەسالەیەک لەمەڕ نایەکسانی نژادەکانی مرۆڤ (١٨٥٥ـ١٨٥٣) شالاوێک بوو بۆ

سەر لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەم و سۆسیالیزم کە هەر دوو بە یەکەوە میراتبەری پڕەنسیپی شۆڕشی کە بیری فەڕەنسە دەدرانە قەڵەم. بە بۆچوونی ئەو واتاگەلی درۆی ئەخلاقی یەکسانی مرۆڤ دژایەتی لەگەڵ واقعەی زانستی راوەستاوی نایەکسانی نژادەکانە. بە بیروبۆچوونی گوبینو سێ جۆر نژادی سەرەکی لە سلسلەی مراتبی نژادەکاندا بوونی بوو کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی تایبەتی خۆی بوو: سپی، زەرد و رەش. ئایەخترین نژادی رەش و شازترین نژادی سپی بوو. لە نێو نژادی سپی گروپێک بوو ـ ئارياییەکان ـ یەکەم هەڵبژاردە دەدرایە قەڵەم و دەبوو لە تێکەڵاو بوون لەگەڵ ئەوانی دی خۆ بپارێزێ. تراژیدییەکی مەزن کە لە نژادی مرۆڤدا روویدا بوو، تێکەڵاوییەکی حاشاهەڵنەگر یان ژن و مێردایەتییەکی ناهاوتۆرەمەیی بوو. ئەم کارە بە فەساد و گەندەڵی و بێسامانی و... لە شارستانییەتدا بەڕێوەبرابوو.

لە ١٨٧٦دا، گوبینو لە کۆتایی تەمەنیدا کورتیلە یادداشتێکی بۆ دۆست و هەڤاڵی، ریشارد واگنێری مۆسیقازان نووسیبوو. پاش مەرگی ئەو دوانە لە ساڵی ١٨٨٢، کۆزیمالی خێزانی لە پاش بەجێماوی واگنێر بە هاوکاری لوودویگ شمان «ئەنجوومەنی گوبینو»یان لە ١٨٩٤ دروستکرد کە ئارشیڤی تایبەتی نژادی ئەو لەوێدا پارێزگای لێدەکرا. یەکێک لە ئەندامە بەناوبانگەکانی ئەم ئەنجوومەنە هۆستۆن ستوارت چمبرلین بوو کە بنەمای سەدەی نۆزدەیەم ئەو (١٨٩٩) درێژەی بە ناوەرۆکی تەسەوراتی نژادی دا و خستییەگەڕ. ئەو بە پێڕەوی لە گوبینو، بایەخێکی لە رادەبەدەری بۆ نژاد دانابوو. لەگەڵ ئەمە، بە پێچەوانەی گوبینو، نەزەریاتی دژی سامی «پلەبەرزی» هاوڕێ بە باوەڕ و بە پلەبەرزی ئاریایی تووتنی لە بنەمایە بوو بە هۆکاری زاڵی. هەروەها دیسان بەپێچەوانەی گوبینو، چمبرلین بە گەشبینییەکی زۆرتر بە رۆڵی ئەڵمانییەکان لە پاراستنی بێخەوشی نژادی و بەرگری کردن لە ژن و مێردایەتی ناهاوتۆرەمە، یان «چەواشە کردنی قەومی» چاوی بە ئەورووپادا دەگێڕا. چمبرلین کەمێک بەر مەرگی، لە ١٩٢٧، پێچرا بە حزبی نازییەوە. هیتلێر و ئالفرێد روزێنبێرگ کە بیرمەند حزبی نازی دەدرانە قەڵەم، رێزێکی قووڵیان سەبارەت بەو بوو.

دژەنژادییەکانی ویچووی زانستی نـاوبراو نووسـەرانی نـازی لەگـەڵ سـوننەتە قەومی و رۆمانتیکە دێرینەترەکانی سەرەتا دەیەی ١٨٠٠یان پێکەوە گرێبـەس کـرد. رۆمانتیسیزم شانازی بـە بایـەخی بـوون، خۆشەویـستی و هەسـتەوە دەکـرد. ئـەم هەسـتە بـە جـۆرێکی وردبینانـە و زیرەکانـە لەگـەڵ روانگـەی ناسیۆنالیـستییەکیان گرتووە. ئەم جۆرە کە پۆیس دەڵێ: «وا دێتەبەرچاو ئەوەی کە فیختە لـە فەلـسەفەدا کردبوویە پایە... شاعیرانی وەک ئارنێت و کورنێر و وڵات پەرسـتی وەک بابـەگیان لە ئاستی فیکریدا دروستیان کرد، واتە: پاڵەوانی، لەخۆبوردوویی و فیـداکاری تـاکی قـەوم».[٨٦] لـە سـەرەتای دەیـەی ١٩٠٠ ئـەم مەڵـهەمە مەسـتیبەخـشە لەگـەڵ سوننەتەکانی دێرینی دژی سامی ئەوروپایی، حەیاتخوازی فەلسەفی و داروینیزمـی کۆمەڵایەتی و کاڵ و نەکولـیو لەمـەڕ نـژادە شـیاوترەکـان تێکـەڵاوبوون و ئـەوکات دوابواری نەزەریاتی ناسیۆنال سۆسیالیستی دەیەی ١٩٢٠ فۆرمی گرت.

لەگەڵ سەرنجدان بەو خاڵانەی سەرەوە، سەرسووڕهێنەر نـەبوو کـە ناسـیۆناڵ سۆسیالیزم روانگەی نائاسایی ناسیۆنالیزم پەروەردە بکا. پڕەنسیپە پێکهێنەرەکانی ئەم روانگە دەکرێ بە شێوەی خوارەوە کورت ببڕینەوە: یەکەم ئەمەکە ناسیۆنالیزم «قـەوم»خـواز بـوو. تەسـەوری گـشتی volk یـان قـەوم، ئـەو جـۆرە کـە مووسـە گوتوویەتی: «بەواتای یەکگرتوو تاقمێک لە خەلک لەگەڵ «جەوهـەر» پایەبـەرز بـوو. ئـەم «جەوهـەر»ە دەبـوو نـاوی «سروشـت» یـان «کـەیهان (گـەردوون)» یـان «دیرۆک»ەی لێنرابایە، بەڵام لە هەر بابەتێک لەگەڵ دەروونیترین سروشـتی مـرۆڤ دەچەسپێ».[٨٧] مووسە و نووسەرانی تر هۆکاری دزەکردنی مەزنی دۆزە volkکـان لە کەلتووری ئەڵـمانیدا بـون. کـەلتـووری «قـەومی» لەگـەڵ کـەلتـووری بـورژوایی دژایەتی بوو. بەتایبەت ئاڵفرێد روزێنبێرگ ئەو جۆرە کە لە کتێبی دیرۆکەی سەدەی بیستەمدا لەسەر ناوەنـدی بـوونی volk تەئکیـدی دەکـرد، بـە بـاوەڕی روزێنبێـرگ ئەرک ئاشکرا و رۆشن بوو:

پـشتگری کـردن لـە بەرامبـەر بـە دزەکـردنی مێگەلـە ئافریقاییـەکان؛ داخـستنی سنوورەکان لەسەر بنەمای لێکدانەوەی مرۆڤناسی؛ پێکهێنان و دروسـتکردنی خـوو

و ئولفەتی نژادی باکووری بۆ پاککردنەوەی سەرزەوی دایکی ئەورووپا لەبەرفراوان بوونە و پەرەسەندنی ناوەندی نەخۆشی ئەفریقا و سوورییە.[88]

مێژووی گومانلێکراو، موتالای کلاسیک، مرۆڤناسی، کاسەسەرناسی، زمانناسی، عیرفانی مەزهەبی مایسترکهارت و تەنانەت دیرۆکی نیبلونگن و دەدا هەموویان بۆ پشتگری لە نژادی سەروەری Herrenvolk باکووری بە شێوەیەکی ئاڵۆز وەکو ئەوەی بە بەنێک بە یەکەوە گرێ درابوون. هیتلێر هەر لەم مێژووە دەسکردەی نژادە بۆ پاساوی باوەڕی هەوای حەیاتی کەلکی وەرگرت. پاراستنی نژادی ئاریایی هەڵگری پشوودرێژی و بەرینکردنەوەی وڵات بوو. لەم رووەوە، هیتلێر گوتوویەتی: «هەر تەنیا بوونی هەوای بەتەواوی بەرفراوان لەسەر گۆی زەوی ئازادی وجوودی نەتەوە دەستەبەر دەکا».[89] ئەو جۆرە کە دەبێ چاوەڕوانی لێبکرێ، ئەم روانگە «باکوور»یە پڕ لە باوەڕی مەزەبی بتپەرستانەی سێحراوی بوو کە زۆربەیان لە دژایەتی لەگەڵ مەسیحییەت بەکاردەبرا. هیتلێر و نزیکانی وەکو روزێنبێرگ و هیملێر لەناخەوە هۆگری ئەم باوەڕە بوون.

پێویستی پاککردنەوەی نژادی هاندەری پشتگری پۆزەتیڤ لە پرۆژە باش دروستکردنەوەکانی نژادی بوو. ناسیۆناڵ ناسیۆنالیزم هەر لەسەرەتاوە بە دژایەتی کردنی ئیزدیواج لەگەڵ نژادە جۆراوجۆرەکان هەستا و دواتریش ژن و مێردایەتی کردنی لەگەڵ جوولەکانی لەرێی یاساوە قەدەغە کرد. بە بۆچوونی هیتلێر، زانستی پزشکی ئەرکی خۆی بوو کە خۆی لە پێناو ئەم ئامانجە نژدیانە دابنێ.[90] یەکێک لە نووسەرانی سیتماتیکی نازی لەم بوارەدا، زانستی وەرزێڕی خوێندبوو. ریشارد والتێردارە لە ئاسەواری وەک وەرزێڕان وەها سەرچاوەیەکی حەیاتی نژادی باکووری لە ئەڵمان پێشنیار دەکرد کە هەر وەک ئاژەڵداری یەکێک لە پسپۆڕەکانی ئەو بوو.[91]

بینینی قەومی باکووری بە هۆی سروشتخوازی گوندی و پەرستنی دیمەنخوازانی ئەو بوو کە لە جەماوەری گوندی و مەزرادار بوت دروست بکا. لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ژیار ژێر دەسەڵاتی بورژوازی و جوولەکان کەوتووە.[92] قەومی راستەقینە لە گوندەکان و لە دەرەوەی شارەکان بوون. دارە،

ژیانی گوندی بە پێگەیەکی زۆرباش بۆ باش عاملاندنی نژادی بە لایەنی پایـەداری و دەوامی «قەومی باکووری» دەزانی. ئـەم کـارە بووەتـە هـۆی ئـەوە کـە ناسـیۆناڵ سۆسیالیـستەکان سیاسـەت گـۆڕی موسـبەت سـەبارەت بـە جـەماوەری گونـدی بگرنەبەر و بەم مەبەستە لـە هۆکـارە ماڵـیاتییەکان و دانی یارانـە کەڵـک وەربگـرن. هەروەها بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لەم سیاسەتانە کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ مانەوە لـە گوندەکان و بالا بردنی رادەی تەولید.

لایەنی گرنگی دیکە لـەم ناسیۆناڵە ئەڵـمانیە، دژی سـامی بـوونی ئـەو بـوو. لـە راستیدا هێندێ ئەوەیان بەتایبەتمەندییەکی چارەنووسساز و بەبڕشـت دەزانی. ئـەو جۆرە گوتراوە، دژی سامی‌خوازی نەک هەر بەشێک لە سوننەتی ئەوروپایی، بەڵـکو چالاکی جیاوازی هەڵنەگری بەشی زۆرینـەی نووسـەرانی ئەڵـمانی لەمـەڕ «قـەوم» لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەیەمدا بوو. ئەم باوەڕە رەنگدانەوەی جۆراوجۆری لـە حـزبی نازیـدا بـوو. هێنـدێکیان جوولەکـەبوونیان بـە مەسـەلەیەکی مەعنـەوی یـان کەلتووری دەزانی، هێندێکی دیکە بـە چـاوی مەسـەلەیەکی نـژادی بـۆی دەڕوانـین. جوولەکە بوون هەروەها لەگـەڵ بۆلـشێویزم و ژیـاری و بـورژوایی گرێـی خـوارد. بێگومان، بە رێبەرایەتی لاسـارانە و شـێتانەی نـژادی هیتلێـر، جوولـەکان بـوون بـە ناوەندی سەرەکی بێزاری نەتەوە و پێناسەی لە دایکبـووی ریـشەیی، چارەنووسـی ئەوان لە ئۆردووگاکانی مەرگ لە جەنگی جیهانی دووەمـدا بـەناوبانگتر لەوەیـە کـە پێویستی بەشیکردنەوە و بەرینکردنەوە بێ و دەسەلاتی ترسـناک و بەرپرسـایەتی مەزنی ئەم جۆرە دۆزانە نیشان دەدا.

بەم حاڵەوە هێشتا دەبێ بوترێ کە ئەم جۆرە کارەساتە خراپ و دەردناکانـە بـە کردەوە زیاتر لە وزەی شعووری ئێمەیە. ئۆردووگاکـانی مـەرگی نـازی هـەروەکو زەردومای ترسهێنەر بەسـەر شـعووری ئـەخلاقی و مەعنـەوی ئێمـەدا لـە سـەدەی بیستەمدا دەڕووخانە خوارێ. لەبەر هێندێ کۆششی دوایـی بـۆ لەبـەرچاو نـەگرتنی سووتانی مرۆڤەکان دەبێ هەمیشە ترسێک کە ئەم هـەموو مرۆڤـە بـێ‌تاوانـە لـەودا رەنجیان دەبینی، لەبەرچاومان بێ.

دەوڵەت و ڕێبەران

مەسەلەی ناسیۆنالیزم بە تێڕامانی مەسەلەی دەوڵەت لە فاشیزمدا ئەنجام دەگرێ. پێشەکی بوارێکی نێگەتیڤی هاوبەش لە روانگەی فاشیستیدا سەبارەت بە دەوڵەتە مەوجوودەکان بوونی بوو. ڕەنگدانەوەی ئەم روانگە، بێزاری لە دەوڵەتی دێموکڕاتیکی لیبڕاڵ و بەتایبەت نیزامی چەند حزبی بوو. بوونی حزبەکان بەواتای پێویستی ئاشتی کردن و خوو بە یەکگرتن بوو کە بووە هۆی گەندەڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئەو چەشنە کە پریمۆد گوتوویە: «دەبێ چالاکی حزبە سیاسیەکان بوەستێنرێ. حزبە سیاسییەکان دەستکەوتی سیستەمی سیاسی هەڵە، واتە سیستەمی پەرلەمانی، بوون... خەڵک چ پێویستییەکی بەم دەلالە سیاسیانە هەیە؟»[٩٤]

کارل ئەشمیت، بیرمەندی ئاکادمیکی ئەڵمانی کە دواتر چووە ناو ناسیۆنال سۆسیالیستەکان، بیر و بۆچوونی دژی پەرلەمانی ئەوەڵییەی لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناو ئاڵۆزی دێموکڕاسی پەرلەمانی، گونجاندبوو، هەرچەند پێشتر بیرمەندی ئیتالیایی، پارتو، لە دەیەی ١٨٩٠ بە تاوتوێکردنی ئەم جۆرە دۆزانەوە خەریک ببوو. مەسەلە بۆ ئەشمیت بەم شێوە بوو کە گریمانە لەسەر ئەوەیە کە حکوومەتی پەرلەمانی لەمەدا بوو کە هەر تەنیا شێوەیەکی ڕواڵەت دەدرایە قەڵەم. بە بۆچوونی ئەشمیت «کۆمیتەگەلی بچووک و تایبەتی حزبەکان یان پێکهاتەی حزبی دەبووە هۆ کە هەڵوێستەکان لە شێوەی شاراوەدا و بە نهێنی بگیرێن» کە هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندی بازرگانی و پیشەسازی سەریان لە ئاخورێکدا بوو.[٩٥] حزبە سیاسییەکان هەر تەنیا دەلالانی دەسەڵات بوون کە لەگەڵ بە دەسهێنانی زۆرینە دەستیان بە ئاسانکاری و بەم ئامێرە هەڵوێستی خۆیان قایم دادەڕشت.

دێموکڕاسی جەماوەری خەلکیش لەبەر هەڕەشەی ئاڵۆزی جۆراوجۆر، بەلام ڕووبەڕووی زۆربوونەوە وەستابوو. ڕێنوێنی گشتی کە ئەشمیت ئەوەی [گۆڕینەوەی باوەڕەکان لەگەڵ ئامانجی رازیکردنی ڕەقیب بە هۆی ڕێنوێنییەکان] تەوسیف دەکرد» بەیان و بورهانی پووچەڵ بوو. سەرنج و باوەڕگەلی جەماوەرەکان بە پڕۆپاگەندە رادەکێشرا نەک بە لێداون و ڕێنوێنی و بەڵگە.[٩٦] خەڵک

شتێک بۆ وتن، یان مافی دەربڕینیان نەبوو، بەم حاڵەوە سەیر ئەوەیە کە ئیدئۆلۆژی پەرلەمانی گریمانەی لەسەر ئەمە دادەنا کە جۆرێک یەکبوونی بەرژەوەندی نێوان حاکمان و مەحکوومان بوونی هەیە. حزبە لیبڕاڵەکان هەرکات کە بە دەسەلات دەگەیشتن، دیموکراسییان وەلادەنا و دەکەوتنە دووی بەرژەوەندی خۆیان. بە وتەی ئەشمیت: «لە ڕێڕەوی لیدوانـدا لەگەڵ ڕوێنـەرە سـەربەخۆکان نـاکرێ دژی ئیرادەی خەلک و بە پێناسە کردنی کۆکراوە و لەمپەرێک بگەین. چونکە بـاوەڕ لـە لیدوانی دیموکراتیکدا نییە بەلکو قاعیدەتەن لیبرالییە».[97] حزبە لیبراڵە پەرلەمانییەکان تەئکیدیان بوو کە سەربەخۆیی هەر ئەمەیە. لەبەر ئەمە دیموکراسی جەماوەری خەلک لە نمایەک زیاتر نەبوو.

بیر و بۆچوونێکی دیکەش کە جێی قەبوولی گشت فاشیستەکان بوو، ئەمە بوو کە دەوڵەتە پەرلەمانییە لیبرالییەکان نەک هەر تەنیا بەرپرسی ئاڵۆزییە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی دەیەی ١٩٢٠ بە هۆی بەرچاوتەنگی و تەماح و پاراستنی بەرژەوەندی خۆخوازانەی خۆیانەوە بوون، بەلکو لە بناخەوە نەیانویستووە گرێی گرفتەکان بکەنەوە. هێندێ کەسی وەکو ئوزوالد موزلی، پاش جەنگی ١٩١٨ــ١٩١٤، دەیانزانی کە دەوڵەتەکان لە خولە ئاڵۆزەکاندا دەتوانن چ کارێک ئەنجام بدەن. دەوڵەتەکان لە سەردەمی شەڕدا لێبڕاوانە و کۆمەڵخوازانە کردەوەیان لە خۆنیشان دەدا، ئێستا ئەوە کە لە سەردەمی ئاشتیدا، دیموکراسی بێئیرادە و هەروەها کەرەسەی پێویست بۆ ئەنجامی کارێکی موسبەت بوو.[98]

واتای فاشیستی لە دەوڵەت تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە کە زۆریش بە یەکەوە ناسازگارن. زۆر لە فاشیستەکان وەک موسۆلینی، جنتیلە و پریمۆد ریوەرا بەتەواوی قبووڵیان دەکرد کە ڕوانگەی ئەوان لەمەڕ دەوڵەت (توتالیتێر ـ سەرەڕۆیی کۆ)یە. هەرچەند کە واتای ئەم واژە تەنانەت لە دەهەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ زۆر روون نەبوو.[99] بەیان کردنی جنتیلە لە توتالیتێر لە بنەڕەتەوە ئەمە بوو کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان تاک و دەوڵەتدا بوونی نییە.

ئەوانەی کە تاک لە دەوڵەت جیا دەکەنەوە ناتوانن لە فیکرە وەلانراوەکان بەولاوەتر بڕۆن. ئەندێشەی ناسیاو ئەمەیە کە «هیچ شتێکی بەڕاستی تایبەتی

بوونی نییه... و سنوورێک بۆ کردەوەی دەوڵەت تەسەور ناکرێ» دەوڵەت (لەگەڵ ئاهەنگێکی پلەبەرز لە خۆزانیاریدا لە دایک دەبێ». [١٠٠] لەو جێیەدا کە دەوڵەت تاقانە بنەمای مافەکان و ئازادییەکانی تاکە، لەبەر ئەمە، خۆی «سنوور و شێوەی بوونی خۆی دیاری دەکا». [١٠١]

دەوڵەتی فاشیستی هەمیشە لەگەڵ واتای «دەسەڵات» پێوەندی بوو. دەسەڵات خاڵی ڕووبەڕوو لەگەڵ «ماف» و «ئۆرگانیزم» خاڵی ڕووبەڕووی «میکانیزم» بوو. دۆزەکانی داروینیزمی کۆمەڵایەتی کاڵ لە پشت ئەم واتایانەوە شاراوەتەوە. بەم جۆرە، دەوڵەت حاسڵی «کێشەی مانەوە» بوو. ئەو جۆرە کە ئالفرێد روکگۆ نووسیویە: «دەوڵەتی بەهێزتر واتە ژیانی باشتر و دەوڵەمەندی زۆرتر بۆ دانیشتوانی ئەو». ئەمە لە ڕاستیدا ئەرکی دەوڵەتە کە بەهێز بێ. روکگۆ بە ئاهەنگێکی ڕەنجاوەوە دەڵێ: «ئەم دۆزەی دەوڵەت بە نیشانەی دەسەڵات [کە دەرەنجامی نەزانی گشتی بەردەوام لە دۆزی ئەڵماندا بە پرۆسە زانراوە] دۆزێکی بەتەواو مانا لاتینی و ئیتالیایی بوو و ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوننەتی عەقڵانی ڕۆم پێوەندی هەیە کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی ماکیاڤێل ڕەنگ و ڕووی گرت و پەسندکراو خرایەڕوو». [١٠٢]

لێرەدا بە شعووری فاشیستی دەبێ سەرنجی ئازادیش بدەین. بۆ زۆرینەی فاشیستەکان ئازادی لەگەڵ ئامانجە تاقانە سەربەخۆترەکانی وەک نەتەوە، دەوڵەت یان قەوم سازگار بوو. ئازادی هەرگیز تەسەوری گشتی تاکخوازانەی نەگۆڕ نەبوو، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی لەمسکراوی بوو. ئازادی هەرگیز نەیدەتوانی لەگەڵ دەوڵەت یان نەتەوە لە دژایەتیدا بێ. هەرچەند دەوڵەت یان نەتەوە بەهێزتر بێ مەدەنی زۆرتر لە ئازادی و دەوڵەمەندی بەهرەمەند دەبێ. ئەم واتا زاتییە لەگەڵ ئازادی لیبرالی «کە مافی سروشتی بەرفراوانی تاک» دەدرایە قەڵەم، دژایەتی بوو. [١٠٣] ئەو چەشنە کە روزێنبێرگ گوتوویەتی، ئەم جەزمە تاکخوازانەی لیبرالی خۆخوازانە لە ئازادی، دەبێ «لە تێبینی بەردەوام هەڵاوێردرێ». [١٠٤] ئازادی بە دۆزێکی مەعنەوی چاوی لێدەکرا کە لەگەڵ «ماتریالیزمی ناپاک» ئازادی لیبرالی دژایەتی بوو. دەبێ سەرنج بە بارودۆخی ئەم ڕێنوێنییە کە دەربارەی ئازادی

ئابوورییـه، بـدرێ. ئـازادی ئـابووری هــەتا ئـەو جێیـە قبـوول دەکـرا کـە لەگـەڵ بەرژەوەندی میللی سازگار بێ. لەبەر ئەمـە، ئـازادی راسـتەقینە شـەرتی زاتی تـاک بوو لە شێوەیەکدا لەگەڵ ئامانجی پلەبەرزی میللی سازگاری ببێ.

لێرەشـدا زانیاریگـەلی جۆراوجـۆر سـەبارەت بـە واتـای «زاتی» و «دەروونی» بوونی بوو. لە فاشیزمی ئیتاڵیایدا، ئەو جـۆرە کـە موسـۆلینی گوتوویـەتی: «تاقانـە ئازادییەک کە دەتوانـێ راسـتەقینە بـێ، ئـازادی دەوڵـەت و ئـازادی تـاکی دەروونی دەوڵەتە. لەبەر ئەمە، بۆ فاشیستەکان هــەموو شـتێک لـە دەروونی دەوڵـەتدا مانـای هەیە و هـیچ شـتێکی مرۆڤـایەتی یـان مەعنـەوی... لـە دەرەوەی دەوڵـەت بـوونی نییە».[105] ئازادی بۆ تاک لە پێناوی ئامانجەکانی دەوڵەتە، ئەندێشەیەک کە زۆرتـر لـە واتای «دەوڵەتی ئـەخلاقی» سـەرچاوەی گرتـووە. بـەڵام بـە بۆچـوونی ناسـیۆناڵ سۆسیالیـستەکان لەوانـە روزێنبێرگـە، بـارودۆخ فـەرقی دەکـرد. جەوهــەری تـاک volkstaum [قەوم یان مەوجوودییـەتی نـەتـەوە] بـوو. بـەم جـۆرە ئـەو شـێوە کـە روزێنبێرگ گوتوویـە: «ئـازادی بـە واتـای ئەڵـمانی لەگـەڵ سـەربەخۆیی دەروونی تێکەڵە... ئەمرۆ هەموو باس لە «ئـازادی» بێـروونی دەکـەن، شـتێک کـە هــەر تـەنیا دەتوانێ ئێمە لە ئاڵۆزی نژادی رزگار بکا. ئازادی بـە واتـای پێـرەوی لـە نـژادە».[106] لەبەرئەمە، ئازادی لەگەڵ ئامانجە تاقانەکانی نژادی هاوپێناسە بوو.

بەپێچەوانەی دۆزە هاوبەشەکان کە لە نێوان فاشیـستەکانی ئیتاڵـیایی هێگڵخـواز لەگەڵ ناسیۆناڵ سۆسیالیـستەکان لەمـەڕ مافـەکان، دەسـەڵات و ئۆرگـانیزمخوازی بـوونی بـوو، ناسـیۆناڵ سۆسیالیـستەکان ئەندێـشەی دەوڵـەتی توتـالیتێری رەت دەکردەوە. یەکەم جار نکولی دەکرا کـە هێگـل لەگـەڵ سـوننەتی دەوڵـەتی لیبرالی راست هاوبیر و بڕوا بووە. دووەم، هەر ئەو جۆرە کـە لەوەبـەر تەئکیـد دەکـرا، بـە بۆچوونی ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان دەوڵەت لە پلەی یەکەمدا نەبوو، بەڵکو نەتـەوە و قەوم لە بەرەورووی بوون، روزێنبێرگ رێنوێنی دەکرد:

بزاڤی ناسیۆناڵ سۆسیالیـستی... بـۆ دابینکـردنی هێمنایـەتی گـشتی نـەتـەوە و قەومی ئەڵمان و خوێن و خووی ئەو فۆرمی گرتووە. دەوڵەت بە شێوەی بەهێزترین

ئامێر، لە ئیختیاری بزاڤ دایە... هەر تەنیا لەم پێوەندییە دایە کە واتای دەوڵەتی ناسیۆنال سۆسیالیستی راستی زیندوو دەمێنێ.[١٠٧]

بە بۆچوونی روزێنبێرگ «بە سوودی ناسیۆنال سۆسیالیستەکان بوو کە زۆر لەسەر دەوڵەتی سەرەرۆ نەرۆن بەڵکو لە جیهانبینی حزبی نازی بە شێوەی سەرچاوە و بیرکردنەوەی جیهانبینی ئاخاوتن بکەن».[١٠٨] سەرەنجام، بەدووی دامەزراندنی لەپێشبوونی پرەنسیپی پێشەوایی، دەوڵەت نەیدەتوانی بۆ نازییەکان لە پێش یان کامیل بێ. پێشەوا سەرچاوەی دەسەڵاتداری حاکمییەتی رایش بوو. دەسەڵاتداری دەوڵەت بەراستی هەر ئەو دەسەڵاتداریەی پێشەوا بووبوو. هەتا رادەیەک دەکرێ ئەمە جۆرێک واتای قەیسەریزم یان بێناپارتیزم ناودێر بکرێ. دەسەڵاتداری دەوڵەتی تاقانە لەم بوارەدا بێمانا بوو. هەر ئەو جۆرە کە واتای دووچە [پێشەوا] لە ئیتالیا لە دەیەی ١٩٣٠ سەریهەڵدا و ناوی دەرکرد، دژایەتی ئاشکرا، بەڵام زیرەکانە لە فاشیزمی ئیتالیاییدا دەستی بە بەرەو پێشچوون کرد کاربری بایەخی ئەو لە دەوڵەت فراوانتر بوو. چۆن دەیانتوانی هەم دووچە و هەم دەوڵەتی میللی هەر دوو پلەبەرز و پێشکەوتوو بن؟

واباشە لێرەدا سەرنج بدەینە کارکردی رێکخراوەی ئەگەرلێکراو و یەکگرتوویی دەوڵەتی نازی. ئەو جۆرە کە پێشەکی وترا، ئێستا بەتەواوی قبووڵ کراوە کە جۆرێک بێسیستەمی دەروونی لە دەوڵەتی نازیدا بوو لە راستیدا هیچ حکوومەتێک لەسەرتاپایدا بە شێوەی ئاشکرا بوونی نەبوو.

نازییەکان لەگەڵ دەزگای بورۆکراسی مەوجوودی دەوڵەتی کاریان دەکرد کە زۆرینەی کەسانی ئەو، بەپێچەوانەی گوشار، تەنانەت هەتا ساڵی ١٩٣٩ تێکەڵاوی حزبی ناز نەببوون. رێکخراوەی ئێس‌ئێسی نازی و باقی پرەنسیپە نیزامییەکانی ئەو، لە پاڵ ئوردووگاکانی کاری ئیجباری لە پەراوێزی سنووری چوارچێوەی دەوڵەتی رەسمیدا کاریان دەکرد. دەسەڵاتی پێشەوا لەگەڵ یەکێتییە لەرزۆکەکانی دەروونی پێکهاتەی شێواوی حزبی نازی، کارمەندانی دەوڵەتی، نیزامیانی بەهێز و ساحەبانی گەورە پێشەسازییەکان رکەبەرایەتی دەکرد. مارتین بروزا نیزامی نازی بە «جەنگەلێکی سازماندراوی» شوبهاندووە.[١٠٩]

ئەو خاڵانـەی سـەرەوە تـا رادەیـەک واتـای پێـشەوا ـ فووهێرپـان دووچـە ـ لـە دەروونی فاشیـستیدا ئاشـکرا دەکـا. بوارگـەلی بۆچـوونی و مێژوویـی پێـشوو دەربارەی دۆزی پێشەوایی بوونیان بوو. سـوولۆن، پـریکلێس، ئەسـکەندەر، سـزار، بناپارت دەورگەلێکی وێنەیی بۆ هێندێ لە فاشیستەکان بوون. بەو جۆرە کـە جنتیلـە دەڵێ: «هەمیشە کەم پیاوانێک هەڵدەکەوێ کـە پێناسـەی زانیـاری خـۆی و ئـیرادەی خولی خۆی دەدرێنە قەڵەم».[110] موزلی تاقە جارێک فاشیزمی بـە «کـۆی سـزاریزم» پێناسە کردووە.[111] ئەم واتایە بەتایبەت لـە ئاسـەواری فەلـسەفەی سیاسـی هێگـل و رۆسۆشدا پاساوی بۆچوونی خۆی بـوو. لـە ئیتاڵـیا و ئەڵـمان لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بستەم سەلماندنی کۆمەڵناسی روانگەی شـارەزایان لە لایەن مووسکا، پارتۆ، میکلێس، دەروونناسی توودە گوسـتاو لۆبـۆن و روانگـەی دەسەڵاتداری پڕشکۆی ماکس وێبێر ئەنجامی گرتبـوو. تەنینـەوە راسـتبینی، بـیر و تێڕامان هەڵوێست گرتنی موئەسر لە لایەن رێبەرایەتییەوە لەگـەڵ هـەدەردانی کاتـە سیاسـیەکانی پێکهاتـە پارلەمانەنیـەکان دژایـەتی بـوو. پێـشەوا ببـوو بـە ناوەنـدی بەرژەوەندی میللی، ئیتر نازی بە دێموکڕاسی هەست نەدەکرا.

مەسەلەیەکی زۆر دەربارەی واتای رێبەری لە ئارادا بوو. لـە سـەرەتای دەیـەی ١٩٢٠ ئـەم مەسـەلە لـە رواڵـەتدا بـۆ سـەرجەم بیرمەنـدانی ناسـیۆناڵ سۆسـیالیزم سەرەکی مامەڵەی لەگـەڵ نـەکراوە. لـە ئیتاڵـیا ئـەم رووداوە دێرتـر هاتـە ئـاراوە و بەرفراوان بـووەوە. روانگـەی بیرمەنـدان هەرچەنـد کـە لـە لایـەن فاشیـستەکانەوە پەسند کـرا، بـەڵام زۆرجـار بـە شـێوەی کەرەسـەی رێبـەری کـۆ راڤـە دەکـرا. لـە سەرەتای دەیـەی ١٩٢٠ هیتلێـر و موسـۆلینی هێـشتا خۆشەویـستییەکی ئـەوتۆیان نەبوو. ئەوان هـەر تـەنیا لـە ئاسـتی کەسـایەتییەکی گرنـگ لـە رێبەرایـەتی گـشتیدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، بەڵام واقعیەتە رابەرایەتییەکان لەگەڵ روانگەکان جیاوازی بوو. ئەو جۆرە کە هانس مومسن وەبیری هێناوەتـەوە، هـەم لـە ئەڵـمان و هـەم لـە ئیتاڵـیا ریـشەی داکـوتراوی سـوننەتی و یەکێتییـە لەرزۆکـەکانی دەرونی حزبـە فاشیـستەکان، حکوومەتـەکانی هیتلێـرو موسـۆلینی ناچـار بـە سـازش ئاسـتەنگ کردنەوە دەکرد.[112] پاشان تێڕامانێکی بەتەوژم لەسـەر کـاری رێبـەری و شەخـسی

ڕێبەران هەستێکی درۆی لە نەزم و یەکگرتوویی نیزامەکان دروستکرد و بوە هۆ کە بەرپرسایەتی لە پلەی یەکەمدا بکەوێتە ئەستۆی ڕێبەران. هەروەها چۆنیەتی شانۆ، پووچەڵ و بێ ناوەڕۆک و پەنداره گەورەکان و لاساییکردنەوە و گاڵتەجاڕەکانی ڕێبەرایەتی موسۆلینی کەوتە بەرچاونەکراوەیی و خافڵ بوون.[١١٣]

سەرەنجام ئەمەکە، ڕوانگەی دەوڵەتی فاشیستی پێوەندییەکی سەیر و پێچراوەیی لەگەڵ ڕوانگەکانی «سەندیکالیزم» و «سنفخوازی»دا بوو. ئەم دوو باوەڕە لە فاشیزمی ئیتالیایدا لە خوو و خدەیەکی تایەتیتر لەچاو ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمان بەهرەمەند بوو. بە شێوەی گشتی بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٣٣، ناسیۆنال سۆسیالیستەکان، چ لە ڕوانگە و چ لە کردار، سەرنج و پێوەندییەکی کەمیان بە سنفخوازی لە خۆ نیشان داوە. هیتلێر خۆی لە سەرەتادا ماوەیەکی کورت لە پێوەندی بەم دۆزە نیشاندا، پاشان بە شێوەی جۆرێک دروشمی پڕۆپاگەندە کەلکی وەرگرت. ئەمە بەو مانا نییە کە ڕوانگەی سنفخوازی لە ئەڵمان سەری هەڵنەدا. ناسیۆنال سۆسیالیستەکانی وەک گوتفریت فدر، گوگور ئەشتراسەر، والتێر دارە و تا ڕادەیەکیش ڕوزێنبێرگ بەتوندی لایەنگری ڕێکخراوەی سنفی بوون. تەئکیدی نووسەرانی نازی زۆرتر مایل بە خوێندنەوەی نوێ سەدەکان ناوەڕاست لەسەر ئەسناف بوو.[١١٤] ئەسناف وەکو بەشێک لە نەتەوەی دێرین هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا. ئەم سوننەتە دەگەڕاوە بۆ بیرمەندانی پارێزگاری ڕۆمانتکتری وەک مولێر وان دن بروک و دواتر ئوتوگیرکە. لە لایەکی دیکەوە، فاشیستە ئیتالیایەکان مامەڵەی نوی قوڕوون وەستاییان لە ئەسنافدا قبووڵ نەبوو. ئەوان ڕێڕەوی عەقڵانیتر و نوێتریان سەبارەت بە ئەسناف بوو و ئەوانەیان بە «شێوەیەکی نوێ» بە بریکاری واتاگەلی لیبرالی و سۆسیالیستی لە ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی دەزانی.[١١٥]

لە فاشیزمی ئیتالیایدا، دۆزی سنفی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سوننەتی سەندیکالیستیدا بوو کە دەربارەی ناسیۆنال سۆسیالیزم بەو چەشنە نەبوو. جگە لەمە شایانی باسە کە سوننەتی کاتۆلیکی لە ئیتالیا هەمیشە خاوەنی بینینی بەتەوژمی ئۆرگانیزمخوازی و سنفخوازی بوو. سەندیکالیزم لە ئیتالیا، هاوکات

لەگەڵ فەرەنسا، ئیسپانیا و بریتانیا لە سەرەتای دەیەی ١٩٠٠ بە سەرهەڵدان گەیشت. ئەمە زۆرتر خۆنیشاندانێک بوو لە بەرامبەر مارکسیزم و سۆسیالیزمی ریفۆرمخواز هەتا لیبرالیزم و سەرمایەداری. جنتیلە بەتایبەت ئاماژە بە دزەکردنی سورل لە سەندیکالیزمی ئیتالیا دەکا.[١١٦] زۆرینەی فاشیستە ئیتالیایەکان بە هۆی تایبەتمەندی دژی پارلەمانی و دژی دیموکراتیکی سەندیکالیزم و ئاهەنگی بەڕاستی ئەخلاقی ئەو لەمەڕ توندوتیژی و بێزاری ئەو لە سازش یان هاوکاری لەگەڵ بورژوازی، سەناگۆی سەندیکالیزم بوو.[١١٧] بۆ فاشیستە ئیتالیایەکان، سەندیکالیزم پێناسەی دیاردەیەکی سروشتی و گرنگ بوو لە بە کەماڵ گەیشتنی کۆمەڵگەدا و رۆڵێکی بەرچاوی لە خۆڕاگری لە بەرامبەر لیبرالیزم و سەرمایەداری و تاکخوازی دەگێڕا. بەم حاڵەوە، بە بۆچوونی ئالفرێد روکگۆ کاتی ئەوە هاتبوو کە دەوڵەت سەندیکاکان خۆماڵی بکا. ئەو رێنوێنی دەکرد کە ئەوانە دەبێ لێبراوانە لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتدا بن هەتا ئەو ئەرکانەی کە دەیهەوێ بەڕێوەیان بەرێ».[١١٨]
سەندیکالیزمی خومالیکراوی ژێردەسەلاتی دەوڵەت لە ئەنجوومەنگەلی دەروونی هەیئەتی سیاسیدا رێکدەخرا. دەوڵەت ئەنجوومەنەکان لەرێی ئامانجەکانی نەتەوەوە رێنوێنی دەکرد. سەندیکاکان دەبوایە لێزانی پێویست بۆ دەوڵەت، فێرکردنی پیشەیی، یارمەتی گشتی و هەمەلایەنە پێکبێنێ، لە مشت و مڕدا بکەوێتە ناوجێی و لەمپەر بێ بۆ مانگرتن و وەستانی کارخانەکان. ئەو جۆرە کە روکگۆ نەزەری داوە: «دەوڵەت لە لایەنی ئەم سەندیکا دروستکراونەوە دەتوانێ خاوەنی هەیئەت (شاند، نێردە)گەلی فەنی بێ کە توانایی بەو ببخشێ کە بەڕێوەبردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکان لە ئابووریدا لەگەڵ دەسەلاتی پێویست بگرێتەئەستۆ».[١١٩]
لێرەدایە کە دەتوانین پێوەندی راستەوخۆی نێوان سەندیکالیزم و سنفخوازی ببینین. دەوڵەت ئەنجوومەنی ئەنجوومەنەکان یان سنفی سنفەکان بوو. هەر ئەو چەشنە کە جنتیلە گوتوویە: «فاشیزم... لە سێنفەکان دۆزی بوونی سەندیکاکانی بە شێوەی وزەیەکی ئەخلاقی فێرکاری بەدەسهێناوە، بەڵام چونکە دژایەتی رەسالەی نێوان دەوڵەت و سەندیکا دەبێ لەناو بچێ، هەوڵ دەدرێ کە سیستمێک بێتە ئاراوە کە لە لایەن ئەوەوە ئەم ئەرکە بخرێتە ئەستۆی گروپە سەندیکاکان لەپەنای ئەسنافدا

بێ کە خۆیان لەژێر چاودێری دەوڵەتدان و بەڕاستی لە دەروونی خۆیاندا هەر ئەو ڕێکخراوە دەوڵەتیان هەیە».

لە فاشیزمدا دەبینین کە کۆما کۆمەڵی سەندیکاکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی میللی دەسەلاتیان هەیە. ئەگەر بڕیارە شێوەیەک لە پێکهاتەی پەرلەمانی بمێنێتەوە، پەرلەمانی ئابووری و کۆمەلایەتییە کە لە تەولیدکارە ئابوورییەکان پێکهاتووە و حزبە لەمپەرە کات بە فێڕۆدەرەکان لەودا جیا نابێتەوە. سەندیکاکان یان ئەنجوومەنگەلی «کارمەندان و کرێکاران» دەبێ لە ئەنجوومەنێکی تاقانەی ئەوتۆ لە یەک کۆببنەوە. ئەوکات دەتوانن بەجێی ئەوە کە هەیئەتگەلێکی شەڕخوازیان بەرگری بن، لە گروپە یارمەتیدەرەکاندا یەکگرتوو بن. بەتایبەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٩ هەتا ١٩٣٢ و لە سەردەمی دەسەلاتداری جۆزپە بوتایی هەوڵ دەدرا هەتا لە ئیتالیادا وەها پێکهاتەگەلێک فۆرم بگرێ. بەلام دەرەنجامی کار زۆر عەیبدار لە ئاو دەرهات. لە مارسی ١٩٣٠ «شۆڕای میللی ئەسناف» (ئەنجوومەنی نیشتمانی یان نەتەوەیی ئەسناف)، مەجلیسی نوێنەرانی ئەنجوومەنگەلی ئابووری و کۆمەلایەتی و بوروکراسی دەوڵەتی، لە ئاخریدا «کۆمیتەی ناوەندی ئەسناف» بە وەزیرانەوە، بەرپرسانی کۆنفدراسیۆنەکانی کارمەندان و کرێکاران و کاربەدەستانی پایەبەرز. کۆماکۆی ئەمانە لەژێر چاوەدێری ڕێبەرایەتی موسۆلینیدا بوون.[١٢١]

هیچ کام لەم جۆرە ڕێکخراوانە لە ئەلمان بەدی نەهات. بێجگە لەمە هەموو فاشیستەکان ئەم هۆریەیان بە سنفخوازییەوە نەبوو. پریمو دریوەرا لە بلاوکردنەوەی وتارێکدا ڕووی وتە دەکاتە فاشیستەکانی ئیسپانیا، لە ئاوریلی ١٩٣٥، دەڵێ: «ئەم قۆرپیاتانە لەمەڕ دەوڵەتی سنفی فرەبێژییەکی دیکەیە». ئەو لە نووسراوەکانی خۆیدا هەمیشەش بەم ڕادە سەبارەت بە سنفخوازی بێزار نەبوو.[١٢٢] بابەتێکی گرنگی دیکە لەمەڕ سنفخوازی، لایەنی گومانی و تێڕامان ئەوە بوو. زۆربەی بیرمەندان، بەتایبەت لە ئیتالیا، دەیسەلمێنن کە سنفخوازی شێوەی ڕواڵەتی بوو و لە کردەوەدا هیچ کات بە ئارەزوو نەگەیشت. بە قەولی نووسەرێک، سنف «سەرپۆشێک بوو بۆ چەوسانەوەی بێبەزەییانە لە کار و عەمبارێک لە

پیشەکان بۆ قەڵەم بەدەستانی حزبی».[١٢٣] سنف ئەرکی باشی پڕۆپاگەندەیەی بە ئەستۆ بوو و هەروەها بە کێشان و خەساندنی ڕۆشنبیران یارمەتی دەکرد.

ئابووری

ئێمە لەمەڕ دەستکەوتی فاشیزم لە ئابووری لەگەڵ ناوەڕۆکگەلی زۆر ڕووبەڕوو دەبینەوە کە پێشەکی دەربارەی ئەوانە لێدوانمان کردووە. چوار خاڵ بۆ تەئکید بوونی هەیە: یەکەم ئەمەکە سیاسەت لە پێشترو بالاتر لە ئابووری بوو؛ دووەم ئەمەکە کاکڵی سیاسەت میللەت و قەوم volk [قەوم] بوو و لەبەر ئەمە، لە بناخەوە ئامانجەکانی میللی بوون کە بۆ ئابووری هۆکاری چارەنووساز دەدرانە قەڵەم؛ سێیەم ئەمە کە کاردانەوەی ئابووری جێی پەسندی تێکەڵاوی لە ڕێ و ڕەوشی سۆسیالیستی و لیبرالی بوون؛ وە سەرنجام، وەکو گشت پانتاگەلی ئیدئۆلۆژی فاشیستی تەنینەوەی نێوان ئابووری ڕەوای فاشیستی لەگەڵ ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکانی ئابووری دەبینرا.

جنتیلە بە ئاهەنگ و شێوەی هێگلی دەینووسی: «دەوڵەت ئیرادەی جیهاتی بەرچاوە، ئێستا ئەوەکە ئابووری بە ژیانی بندەستبوونی مرۆڤایەتی دەبەسرێتەوە، واتە بە ژیانی لەمسکراوی ئەو... دەرەنجام ئەمەکە پرەنسیپی ئابووری لە ئیرادە، و لەم ڕووەوە لە دەوڵەت بوونی هەیە؛ بەلام لە تریفەی ئازادی بەرز بووەتەوە و خونچەی کردووە».[١٢٤] بە بۆچوونی جنتیلە لە بناخەوە سیاسەت هەرێمی ئیرادە و ئازادی بوو و شێوەی بالاتر لە سازوکاری ئابووری لە ژیاندا ئەدرایە قەڵەم. لەبەر دەمە، دەرەنجامەکەی ئەمە دەبوو کە سیاسەت لەگەڵ چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی خۆی لە نەتەوە ـ دەوڵەت لە باری مەعنەوی و ئەخلاقییەوە بەرزتر لە ئابوورییە. دەربارەی ناسیۆناڵ سۆسیالیزم، نژاد و قەوم ئەم هەڵوێستەیان بوو.

سنفخوازی و خۆخوازی وێنەی جۆری ئەم لە بەرەوەبوونی سیاسەت بەسەر ئابووریدا بوون. دەربارەی یەکەمیان لەوەبەر لەسەری دواوین. دەوڵەتی سنفخواز کارمەندان خاوەنکاران لە خۆیدا کۆ دەکردەوە، هەر ئەنجوومەنێک

ئەندامی خۆی و جەوهەری بەرهەمێنانی ڕێک دەکرد. خەبات و کێشە و هەرای پیشەسازی لە بەرژەوەندی نەتەوەدا کەم دەبۆوە. ئەمە «ڕێی سێیەمی» نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم بوو. نوێنەرانی ئۆرگانیک و ئابووری لە پەرلەمانی تەولیدکارەکاندا کە لە لایەن ئامانجە میللییەکانەوە ڕێنوێنی دەکرا، دەیتوانی جێگری پەرلەمانی سیاسی دیموکراتیک بێ کە لە باری جوغرافییەوە دەستەبەندی کرابوو. هەر بەو شێوە کە ئالفرێد روکگۆ دەڵێ:

ئابووری فاشیستی نە ئەنجوومەنی ئابوورییە نە تایبەتمەندانە ئابووری ئیدارە و کۆنترۆل دەکا، بەڵکو باڵاتر لە هەموو ئەنجوومەنێک ڕێکوپێکترە. ئەم کۆششانە تەولیدکارەکان هی خۆیانە کە ڕێکی دەخەن و دەوڵەتیش لەسەرەوە ئەو ئیدارە و کۆنترۆل دەکا.[125]

هێندێ لە گرنگترین دۆزە کارکردییەکانی فاشیزم لەم پانتادا دەردەکەوێ. موزلی، لەگەڵ لەسەر ڕۆینی ئەم واتایانە و تەسەوری گشتی سنفی لە بریتانیا، یەکەم سیاسەتزان بوو کە بە شێوەی جیدی هەولیدا دۆزە ئابوورییەکانی کینزی تێبگا و لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی بریتانیای کەبیرتر، لەوانە سوود بەرێ.[126]

دەربارەی خۆخوازی کە لە ٢٣ی مارسی ١٩٣٦ موسۆلینی خۆی ئەوەی دەسپێک و کردەوە، و هەر لەو خولەدا لە ئەڵمانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان پێڕەو کرا، مەبەستی خۆکیفایەتی ئابووری بۆ سامان بەخشین بە بەرژەوەندی ئابووری لە ڕێگای ئامانجە میللییەکانەوە بوو. ئەم دۆزە لە سەدەی پێشوو لە نووسراوەکانی ی. گ. فیختە و فریدریش لیست بەیان کرابوو. دەربارەی ئیتالیا و ئەڵمان، ئەم بابەتە لەگەڵ بارودۆخی جەنگی ئەم وڵاتانە لە کۆتایی دەیەی ١٩٣٠ پێوەندی بوو. لە ئەڵمان لە ساڵی ١٩٣٦ بە دوائامانج بریتی بوو لە خوکیفایەتی ئابووری بۆ ئامادە بوون لە بەربەرەکانی نێونەتەوەیی.[127]

پرسیارێکی وەک مەتەڵ دەربارەی ئابووری فاشیستی، هەڵوێستی دەقیق ئەوەیە. بە بۆنەی ڕەخنەی سەرەتای مارکسیستەکان لە فاشیزم کە ئەوەیان بە ئامێری تایبەتی سەرمایەداری دەزانی، سەیرەکە لانی کەم هەموو نووسراوەکانی فاشیستی لە شێوەی وتاری دژی سەرمایەداری کەلک وەرگیراوە. ئەگەر چاو لە

بەرهەمی نازییەکان بکەین، وەک ئاسەواری گوتفریت فدر، دیتریش ئەکهارت و گرگور ئەشتراسەر و هەروەها بە ٢٥ خاڵی NSDAP کتێبی ڕێنوێنییەکان فالانژ پریمود ریوەرا کتێبی بریتانیای کەبیرتری موزلی، نووسراوەکانی دریوەدوو رووشل یان پێشنیارە جۆراوجۆرەکانی سەندیکالیستی میللی هێندێ فاشیستە ئیتالیایەکان، هەستی گشتی کە لە مرۆڤدا بەدی دێنێ، بوونی ڕێنوێنییە دژەسەرمایەدارییەکانە.[١٢٨]

پریمود ریوەرا لە ڕێنوێنییەکانی ساڵی ١٩٣٥ی خۆیدا نووسیویە: «ئێمە سیستەمی سەرمایەداری کە سەرنج ناداتە پێداویستییەکانی خەڵک، خاوەنداریێتی (خاوەنداریێتی)تاکی نامرۆڤانە و چەرخێنەری کاری بە جەماوەرێکی بێ ناوەڕۆک و فەقیری گۆڕیوە و تەعبیری کردووە، رەت و وەلادەنێین». هەروەها گرگور ئەشتراوسەر، نووسەری نازی، لە «ئەندێشەگەلێکدا لەمەڕ ئەرکەکانی داهاتوو» دەڵێ: «ئێمە سۆسیالیستەکان، دوژمنی خوێنی سیستمی ئابووری سەرمایەداری ئێستەین کە بێ هێز و هەژاران دەچەوسێنێتەوە، هەقدەستەکانیان ناعادلانەیە، تاکەکان بە شێوەی نائەخلاقی، بەپێی سەروەت و پارەیان تاوتوێ دەکەن... سوورین لەسەر ئەوەکە بە هەر شێوەیەک کە بلوێ ئەم سیستمە پاکتاو و کاتۆر بکەین!»[١٢٩] ئەشتراسەر لە ئابووری دارڕژاو و لەسەر بنەمای «نیاز»ی مرۆڤ بەجێی «سوود» لایەنگری دەکا. لەگەڵ ئەمە، پێناسە کردنی «مرۆڤایەتی» بایەخی حەیاتی بوو. ئەشتراسەر بوونەوەری مرۆڤی بە ئەندامی نەتەوەیەک یان قەومێک دەزانێ نەک ئەندامی چینێک. لەبەر ئەمە، نیازەکانی نەتەوە و ئەندامی ئەم بووکە پلەی یەکەمی بوو نەک چینێک. بەم جۆرە ئەشتراسەر ئابووری فاشیستی ناوی «ئابووری میللی» لێدەنێ. ئەو دەڵێ «ئێمە دەبێ فێر بین کە دۆزەکانی «توجارەتی جیهانی»، «هاوکێشی بازرگانی»، «بایەخی زۆربوونی ناردن» دۆزگەلێکن پێوەندیان بە خولی ئاوابوونەوە هەیە... و لە دایکبووی خەون و خەیاڵن. نەک لە زەروورەت و نەک لە خاک!»[١٣٠] پرۆژەگەلی ئەم تاقمانە و تاکەکانی فاشیست بەش بە حاڵی پێشنیارە بەربلاوەکانی ئاسانکاری ژیان بۆ گۆڕینی خەسڵەتی نیزامی ئابووری لە پێناوی ئامانجگەلی میللی لەوانە پرۆژە

پیشەیەکان، خۆماڵی کردن، بەشە سوود، دەستبەسەر ڕاگرتنی سوودە ناڕەواکان و زیادەڕەوی، لەناوبردنی دەستکەوتە ڕەنج پێوەنەکێشراوەکان و کاری ئارەق پێوەنەڕێژراو و موداخلە لەسەرمایە و بەرژەوەندی قەرزی بوو.

واتای سۆسیالیستی ئابووری کە لەگەڵ میللییەکان پێوەندی نەبوو لە چوارچێوەی فاشیستیدا نەدەگونجا. سۆسیالیزمی مارکسیستی و بورژواییان لە باری مەعنەوییەوە بە تێشکاوی دەزانی کە ریشەیان لە ناخی ئەندێشەی سەرمایەداریدا بوو، واتە لە وتاردا ماددی پارە و سوود بە شێوەی ئامانجەکان خۆی لە خۆیدا بەولاتر ناڕوا، لەبەر ئەمە، توانایی دابینکردنی ئامانجە بەرزە مەعنەوییەکانی میللی نەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە، کۆماکۆی فاشیستەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نەبوون. زۆر لەوان ڕایان دەگەیاند کە هەتا کاتێک خۆخوازی و بەرژەوەندی تاکی، خاوەندارێتی تایبەتی و کۆی سەرمایە هۆکاری لاواز بوونی ئامانجە میللییەکان نەبووبێ، دەبێ ئابووری سەرمایەی لیبرالی قبوول بکرێ. لە ڕاستیدا دەبێ هەوڵ بۆ بەیەکدادانی ئەو بدەین.[131] ئەو جۆرە کە هیتلێر ڕایگەیاند:

ئێمە نابێ... پیاوی کەسپ و کار خۆشەویست و توججارەت لە شێوەیەکدا کە کاسپکارێکی باش بێ وەلای بنێن و بیخەینە پشتگوێ هەرچەند کە هێشتا بە ناسیۆنال سۆسیالیستیش نەبووبێ، بەتایبەت ناسیۆنال سۆسیالیستی بەجێی ئەو دابنێین کە هیچ شتێک لەمەڕ کەسپ و کارەوە نازانێ. کەسپ و کار، لێهاتووی و توانایی دەبێ تاکە پێواری حاکم بێ... لە درێژخایەندا دەسەلاتی سیاسی ئێمە سەرکەوتوو دەبێ و دابین دەکرێ ئەگەر ئەوە لە باری ئابوورییەوە بەهێز بکەین.[132]

بە گشتی پاساو شاراوەی سەرەکی هەر دوو سیستمی فاشیستی ئەڵمان و ئیتالیا لەمەدا بوو کە ئەوانە لە «کۆماکۆی کۆنترۆڵی ئابووری دەوڵەتە باڵە چەپەکان، بێجگەلە یەکێتی سۆڤیەت» بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەلکیان وەردەگرت. بەم حاڵەوە، سوود وەرگران لەم پێشنیارانە ئەو گروپانە بوون کە «حزبە باڵە ڕاستەکانیان زۆرتر پشتگری دەکرد».[133]

بابەتی کۆتایی بۆ لێدوان پێوەندی بە گومـان و راسـتی ئـابووری فاشیـستەوە دەبێ. ئێمە لە پێشدا لەمەڕ بۆچوونی جێکەوتووی گومانی دەوڵەتی سنفخوازاەوە دوایـن. هـەروەها واتـای خۆخـوازی بەتایبـەت لـە ئیتاڵیا، خەیاڵـێکی خاڵـی بـوو. ئەنجامی بەراوردگـەلێکی ئاشـکرای نێـوان ئەڵـمان و ئیتاڵـیا لـە بـواری ئابووریـدا دژوارە، چونکە ئەم دوو وڵاتە لە سەرەتای سەدەدا لە قۆناخگەلێکی زۆر جیاواز لە پەرەسەندنی ئابووریـدا بـوون. لـە سـەرەتای دەیـەی ١٩٢٠ رێـژەی جـەماوەری چالاکی ئابووری ئیتاڵیا لە بەشی پیشەسازی ٢١% بوو، ئێستا ئەوە لە ئەڵـمان ئـەم رێژە بە ٤٢/٢% دەگا. بێجگەلەمە، ئاستی نیسبی بـەرهـەمێنـانی ناخالیـسی میللـی [GNP] لە ساڵی ١٩٢٠ لە بەشی پیشەسازی لە ئیتاڵیا بە رادەیەک بوو کە ئەڵمان لە ساڵی ١٨٧٠ بەوە گەیی بوو.[١٣٤] جگە لەوە، بەپێچەوانەی پڕۆپاگەندە، مەعلووم نییە کـە ناسـیۆناڵ سۆسیالیـستەکانی ئەڵـمان و فاشیـستەکانی ئیتاڵـیا چاوکراوانـە توانیبێتیـان گەشـە لـە بـارودۆخی ئابوورییـەکانی خۆیـان بـەدیبێنن. گەشـە و زۆرکردنی مەزنی چەک و تەقەمەنی، کەش و هەوای ئابووری لە پێناوی گەشـەی پاش وەسـتانەوەی دەیـەی ١٩٢٠، پڕۆژەگـەلی سـزادان و سیـستەمـی دەوڵـەتی، دەستتێوەردانی توند لە ئامارەکان و پڕۆپاگەندەی بەرفراوان، کۆی ئەم هەسـتەی پێکدەهێنا کە موعجزەی ئابووری رووی داوە. لە ڕاستیدا زۆر کەس بڕوایان بـوو کە لە هیچ ئابوورییەکدا بە ئەنـدازەی فاشـیزم تـا ئـەو رادە سـەرکەوتن بـە دەس نەهاتووە. بێگومان هیتلێر و موسۆلینی هەتا کاتێک پلەخوازی میللی و نەتەوەیی و ئیمپێریالیستیان دەیتوانی لە باری مالییەوە دابینبکرێ، هۆگری یان عۆدەدارییـەکی ئەوتۆیان بە روانگە ئابوورییەکان نەبوو. بەم جۆرە کە مووسـە لەمـەڕ ناسـیۆناڵ سۆسیالیزم گوتوویە: «کاتێک دەیویست خۆماڵـی بکـا، خۆماڵـی دەکـرد... کاتێـک دەیویست لەگەڵ کەسپ و کارە مەزنەکانی یەک بگرێ، یـەکی دەگـرت». بەگـشتی هیچ عۆدەداری یان بەرپرسایەتی ئابوورییەکی تایبەت لە ئارادا نەبوو.[١٣٥]

دەرەنجام

هەر ئەو چەشنە کە هەتا ئێستا بۆ خوێنەران ئاشکرا بووە، گرفتە سەرەکییەکان لە لێدوان لەمەڕ فاشیزم بوونیان هەیە. بە هۆی ئەزموونی جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرکۆنە و بەسەرداهاتنی زۆر و زەرووری لەباری ئەخلاقییەوە بەسەر ئەم ئیدئۆلۆژیەدا هاتووە. فاشیزم هەروەها پێوەندییەکی شاراوەی لەگەڵ واتای ئیدئۆلۆژی بووە. فاشیستەکان نەک هەر تەنیا هەڵوێستی نائەخلاقی و دژی ئیدئۆلۆژیکی یان پەروەردە کردووە کە لێدوان لەمەڕ ئەوانە بە شێوەی باوەڕی هاوئاست لەگەڵ کۆی ئیدئۆلۆژییەکان ئاستەنگ دەکا، بەڵکو هێشتا ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە چۆن چۆنی ئیدئۆلۆژی توانی فاشیستەکان بەرەو دەسەڵات ڕێنوێنی بکات؟! سەرەڕای ئەمە، ئەم ئیدئۆلۆژی هەڵگر و هاوڕێی پرەنسیپی سازدەری بەتەواوی سەرسووڕهێنەر، کاڵ و نەکوڵیو و سەیر و سەمەرەیە. باشترین و لێبوردووترین ڕوانگە سەبارەت بەو ئەمەیە کە پرەنسیپی سازدەری ئەو بەشە دیتراوەکان و توندڕۆیین لە سوننەتە ئەندێشەیەکانی جێی قبووڵ کردنی ئەوروپایی لەمەڕ نژاد دەوڵەت یان سروشتی مرۆڤ بزانین. بێچاوپۆشیترین ڕوانگەی فاشیزم بە شێوەی وڕێنە و قۆڕیات وەک نەخۆشی دەم یاو و تاوتێ وەلای دەنێ. گرفتێک کە بیرمەندان لەگەڵ ئەم ئیدئۆلۆژیە بوویانە، زۆر لەوانی بەرەو دۆزینەوەی ڕاپۆرتگەلێکی نائیدئۆلۆژیکی بریکارێک بۆ بەیانی خووی ئەم بزاڤە لەباری دەروونناسی ئابووری و کۆمەڵناسی پاڵ پێوەناوە کە لە سەرەتای ئەم بەشە ئاماژەیان پێکرا.

گەرایشی دوایی تاقە ڕێگایە کە بۆ بەرچاو نەگرتنی ئەم ڕاستییە ئاستەنگە کە بینینێکی نزیکتر سەبارەت بە دۆزەکانی فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزم دەخاتەڕوو کە پێوەندییەکان و تێکەڵاوییەکانی نێوان ئەوان لەگەڵ ئیدئۆلۆژییە مەعقوولەکانی وەک لیبرالیزم، پارێزگاری، سەندیکالیزم و سۆسیالیزم بوونیان بوو. واتاگەلێکی وەک دەوڵەتی ئاسانکاریخوازی دەستتێوەردەر سنفخواز و ئابووری بازاڕی و کۆمەڵایەتیتر؛ پەرلەمانی ئابووری لە تەولیدکاران ئابووری؛

نگەرانی پێگەی ژین و ئەکۆلۆژیکی لەمەڕ لەناوچوون و رووخاندنی سروشت، مەسەلەی لایەنی چاونەکراوەیی، دلۆڤانی و ناهەمواری سروشتی مرۆڤ؛ نیگەرانی لەمەڕ واتای لەخۆبێگانەبوون و پووچەڵی و بێ ناوەرۆک بوونی مەعنەوی شارستانییەتی بورژوازی نوێ، هەموو ئەمانە ئەندێشەگەلێکن کە لەگەڵ کۆماکۆی سوننەتەکانی ئیدئۆلۆژیکی بێگانە نین. ئەم نزیکەی وەبیرهێنەرەوەیەکە بۆ ئێمە کە تووشی خراپ تێگەیشتن نەبیین. ئەو ئەندێشە باسکراوانە لەگەڵ ئەندێشەکانی ناسیۆنالیستی زۆر ئێحساسی و بێگانەخوو و عەیبدار؛ لەگەڵ نژادپەرستی وێچووی زانستی شاراوە، بەکەلکی بێ سامان و شێواو لە روانگە ئاکادیمیکەکانی وەک نوخبەخوازی، حەیاتخوازی، کردەوەخوازی و داروینیزمی کۆمەلایەتی، لەگەڵ ئیدعاگەلی سەیر و سەمەرە و زۆر گەشبینانەی ڕێبەران تێکەلاو بوون مەعجوونێکی سەرسوورهێنەری پێکهێناوە.

بەڕاستی ئێمە لە فاشیزمدا لەگەڵ رووداوگەلێکی زۆر دژبەیەک رووبەڕوو دەبینەوە. دوو لایەنی بنەڕەتی نێوان تایبەتمەدی تایبەت و نزمبینانەی ناسیۆنالیزمەکان لەراستیدا و کێشەگەلی جیهانی ئەوان بوونی هەیە. تەنینەوە گرێ نەکراوە قوولەکانی نێوان واتاکانی نژاد، نەتەوە و دەولەت چ لە فاشیزم و چ لە ناسیۆنال سۆسیالیزمدا دەکەونتە بەرچاو. هەروەها دژایەتی نێوان خەلکی بە باوەڕی کێشە هەلایسێنی چاوکراوە و بینەری ئەو لە لایەک و تاکخوازی نوێی فاشیستی و نوخبەخوازی توندوتیژ و بچووکردن و بە کەمزانینی دوژمنانە سەبارەت بە جەماوەر لە لایەکی دیکەوە بوونی هەیە. فاشیزم ئیدئۆلۆژیەکی بە قەناعەتگەیێنی بە واتای رۆشنبیری نییە، بەلام بەو مانایش نییە کە ناوەرۆکی ئیدئۆلۆژیکی ئەو نەگرینەبەرچاو. لەگەڵ ئەمە، ئالۆزی فیکری و نەبوونی پێوەندی مەنتقی و کردەوە ترسهێنەرەکانی ئەو لە کاتی دەسەلات لە دەستدا بوون خالگەلێکن کە پێویستیان بە سەرنجی دایمی و تایبەت نییە.

بەشی حەوتەم

فـــیمیـــنیزم

لە سێ دەیەی دواییدا پانتایی ناوەڕۆکی فەمینیزم هەتا رادەی دیاردەیەک بەرین بووەتەوە. ئەم ڕێبازە هەمیشە لەگەڵ ئەکۆلۆژی، پێدەچێ خێراترین گەشەی لە نێوان کۆماکۆی ئیدئۆلۆژییەکاندا بووە. واژەی فەمینیزم خۆی، بەپێچەوانەی هێندێ ئیدئۆلۆژییەکانی دی. وەکو پارێزگاری یان لیبرالیزم، بڕێک مەسەلەی ریشەناسی هێناوەتە ئاراوە، چونکە مانای روالەتی ئەو بەتەواوی ئاشکرایە. پیت لە ساکارترین فۆرمی ئەو دەلالەت لەسەر تۆژینەوە لەمەڕ ستەم لێکراوی ژنان و شعوور و بالاچوونی ژنان لە هەموو بوارەکانی هەیە، تەنانەت هەر ئەم دۆزە هۆکاری لێدوان و رەخنەگەلێکی زۆر بووە. بەم حالەوە کۆمەلێک لە مەسەلەکان بە فەمینیزم خۆی، بە جەوهەری خۆزانیاری بزاڤ خۆی، پێوەندی دەبێ. ئەم مەسەلانە، کە لە لاپەڕەکانی داهانتوودا لەمەڕ ئەوانەوە دەبێژین، هەتا رادەیەک هەلقولاوە لەم راستییەن کە فەمینیزم لە بەراورد لەگەڵ ئیدئۆلۆژیگەلێکی وەک لیبرالیزم، هێشتا قۆناخی سەرەتایی فۆرمگیری فیکری و سیاسی خۆی دەپێوێ.

بۆ بەیانێکی تیشکدار و تاوتوێکردنی ئیدئۆلۆژی فەمینیزم لەگەڵ مەسەلەیەکی دیکەش رووبەڕووین و ئەوە ئەمەیە کە ئەم ڕێبازە هەر ئێستا لەبەر هەرەشەی لێدوانە توند و بەتەوژمەکاندا وەستاوە. لەگەڵ ئەوەدا، لە حالی ئێستادا ئەم ئیدئۆلۆژییە زۆر چالاک و بەکردەوەیە. ئەم چالاکی و کردەوەخوازییە یان رەخنەیەک کە فەمینیزم ئەنجامی دەدا لانی کەم تاقانەیە چونکە خەباتخوازی و کرداری ئەو هەر تەنیا لە ئاستی ئاکادمیکی یان سیاسیدا نییە بەلکو هێندێ باوەڕەکانی ناخی ئێمە لەمەڕ خووی کۆمەلگە، وێنەگەلی ئەندێشەیی ئێمە یان پێوەندی تایبەتی و زۆر و بێخەوشانە ئێمەی کردووەتە ئامانج. هەموو ئەو کەسانەی کە لەوەبەر ئیدئۆلۆژییەکانیان موتالا کردووە یان لەمەڕ ئەوانە بابەتیان نووسیوە، لەگەڵ ئیدئۆلۆژی فەمینیزم هەست بە ئاسوودەیی ناکەن. رەخنەی دەروونی فەمینیزم کۆماکۆی بەستێنەکان دەگرێتەخۆ: بەگشتی لایەنگەلی داهێنانی هونەری، زانیاری کۆمەلایەتی، زانیاری مرۆڤایەتی، لەم دواییانەشدا

زانیاری سروشتیش لەخۆدەگرێ. لە راستیدا هێندێ کەس دەڵێن کە ئەم رێبازە بنەماکانی کەلتووری رۆژاوای لەرزۆک کردووە. پەرەی گەشەی راڤەی فەمینیستی بە رادەیەک زۆر بوو کە موتالا و تۆژینەوە لەمەڕ ئەو لە تاقەتی تۆێژەرانی بەکارو دەستهەڵنەگریش بەدەرە.

مەسەلەیەک کە کێشەکان ئاستەنگتر دەکاتەوە و تایەتمەندی کەمبینانەی زۆر لە بیرمەندەکانە. زۆرینەی نووسەرانی فەمینیست، رۆژنامەکان، چاپەمەنی و وانەکانی ئاکادمیک، لە رواڵەتدا خیتابیان رووی لە فەمینیستەکانی دیکە، ئەو ژنانەی کە نووسراوەکانی فەمینیستی دەخوێننەوە یان هەر تەنیا ژنان بە شێوەی گشتییە. هەرچەند کە بەڵگەیەکی تەواو لە دەروونی ئەم کەمبینییە رواڵەتییەدا بوونی هەیە. بەکورتی ئەمە کە ئەگەر پیاوانی مەسەلە هەن و ئەمە ئەوانەن کە لەسەرکوت کردنی ژنان سوود دەبەن، بۆچی سەبارەت بەوان هیچ شتێک نانووسرێ یان هەر تەنیا بە چاوی دوژمنانەوە سەیری نووسراوەکانی ئەوان دەکرێ؟ ئەوانە چ چاوکراوانە و چ چاونەکراوانە، یان نایان هەوێ لە بابەتەکە بگەن یان تێدەکۆشن کە ژنان بێهێز و لەرزۆک بکەن. ئەگەر زمانی ئێستای ئێمە (لەوانە زمانگەلی فەنی رشتە جۆراوجۆرەکانی زانکۆیی) خاوەنی فۆرمە وردبینییەکانی دەسەڵات و زاڵبوونی رەگەزیە، چۆن دەکرێ رووی زار لە پیاوان بێ؟ ئەگەر ژنی فەمینیست تێدەکۆشێ روانگەی خۆی بە زمانێکی ئەوتۆ بەیان بکا، کەواتە لەسەر پێڕەوی خۆی سحەی داناوە و لە یەکەم برگە پیت، بەڵگە و رێنوێنی خۆی لە دەستداوە.[1] ئەمە وێچووی وەزعی زۆربەی ئانارکۆسەندیکالیستەکان، ئانارشیستەکان و رۆشنبیرانی لایەنگری گرامشییە. رێنوێنی و بەڵگەی گشتیتری ئەم گرووپانەی دوایی ئەمە بوو کە کرێکاران و وەرزێران پێویستیان نییە کە پرۆژە فێرکارییە تایبەتییەکانی خۆیان و شێوەی ئەندێشەی خۆیان بەرفراوان بکەنەوە. هەرکە وێنەگەلی رێکوپێکی فیکری بورژوایی دەسەڵما، بەڵگە و شۆڕش لەگەڵ نابوودی رووبەڕوودەبوونەوە. بە بڕوای گرامشی، پرۆلیتاریا دەبوو تەنانەت لە دەروونی پرەنسیپ و میتۆدی زمانی و عەقلی سەلیمەوە بە دووی پلەبەرزی دەسەڵاتی خۆیەوە بێ؛ هەر بەم جۆرە ژنانیش دەبێ لە دەروونی زمان و عەقلی

سەلیمی مەوجوود لە بەرامبەری ناوەڕۆکگەلی لەپێش بوونی باوکسالارانەدا ڕاوەستان لە خۆ نیشان بدەن. لە بوارگەلێکیشدا بۆ بەرینکردنەوەی شێوەی نوێ لە وتاری فەمینیستیدا بوونی هەیە کە ئاوڕ دەدەینەوە سەر ئەو. بابەتێک لێرەدا کە بۆ بڕێک لە فەمینیستەکان گرنگە ئەم ڕاستییەیەکە زۆر لە کێشەکان و گرفتگەلێک کە ژنان هەیانە، وەکو عادەتی مانگانە، بابەتی تایبەتی ژنانن. پیاوان بەتەواوی توانای تێگەیشتنی ئەوانەیان نییە و لەڕاستیدا ئەم جۆرە مەسەلانە بۆ ئەوان بەشێک مەرەمات دەدرێتە قەڵەم. لەگەڵ بەشێک لە ئەزموونی تایبەتی ژنانەن و هەر ژنانی دیکە دەتوانن ئەزموونی بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا لە پشتی ئەم بەڵگە و ڕێنوێنیانەوە ئەم باوەڕە لە ئارا دایە کە ژنان بێوێنەن و سروشتێکی سەرەکی و گشتیان هەیە. نووسەرانی تازەی فەمینیست لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەم خاڵەدا نین و لەسەر بوونی جیاوازییەکانی نێوان ژنان تەئکید دەکەن.

گرفتێکی دیکە دەربارەی کێشەی بنەماخواز لەمەڕ ژنان (بەتایبەت فەمینیزمی پڕەنسیپی) ئەمەیە کە زۆرجار وا دەنوێنێ کە لەمەڕ فەمینیزم بێبواری بەربلاوی مێژوویی، سیاسی یان فەلسەفی لێدوان کراوە. دەڵێن کە جیهان لە چاوەڕوانی فەمینیزمدا بووە کە ئێستا بە باشی دەردەکەوێ و ڕاستی داهاتووی مێژوو هی ئەم ڕێبازەیە. فەمینیزمی ڕادیکاڵ لەم خاڵەدا تەنیا نییە: ڕادیکاڵترین ئیدئۆلۆژییەکانیش هەر ئەم باوەڕ بە ئامانجی کوتاییان بووە. هەروەها لەگەڵ ئەمەی کە ئەمە پیاوان بوون کە لە پلەی بەراورد بەشی زۆری هەرەوەزی مێژوو و فەلسەفەیان نووسیوە، فەمینیزمە ڕادیکاڵەکان لەگەڵ بۆچوونێکی پڕ لە گومان دەڕواننە ئەم کردارە. هەرچەند بەڵگەی پشت ئەم بابەتە دەکرێ بە ئاسانی لێیتێبگەین، ئەم ئەمرە وێچوو و لفە و دوانەی کێشەی کۆنی کۆمۆنیستەکان لە خولی «نێونەتەوایەتی دووەم»ە و لەسەر ئەم بنەمایە کە گشت ئەندێشەی جیا لە مارکسیستی ئیدئۆلۆژی بورژوایی و زانیاری درۆیە و بە ئاسانی دەکرێ چاوپۆشیان لێبکرێ. بەپێچەوانەی دژەی ئەم جۆرە داوەریانە دەکرێ وای لێتێبگەین کە ئەمەش هەر ڕێی ڕوانگەی مارکسیست دەپێوێ.

لەگەڵ ئەوەی کە شرۆڤەیەکی تا رادەیەک گشتی کـە لەسـەرەوە لـە فـەمینیزم خرایە بەرچاو، تاوتوێکردنی سەرکوت و دەرک و پلەبەرز بوونەوەی ژنـان ـ زۆر ئاستەمە کە پێناسەیەکی سەرەکیتر لە واژە بدرێ بە دەستەوە.دەبێ لێرەدا وەبـیر بێنینەوە کە رەنگە هێنـدێ لـە فەمینیـستەکان، بەتایبـەت کەسـانێک کـە دەربـارەی خووی عەقلانی ژنان بکەونە پرسیار، بێ وەسـتان خوازیـاری پێناسـەیەک بـن و لەمەڕ روانگەی تێکدەرانە یان دواساختارخوازی، یان لە رێیەکی دیکەوە، بـە هـۆی هـەموو لایەنـە مەعریفەتییەکانـەوە کـە زۆرتـر پێناسـەی وێچـووی وەک وێنـەی ئەندێشەی ژنانەن هەتا وێچووی واتای عـەقلانی، بکەونـە پرسـیار کـردن. رەنگـە زۆر لە فەمینیستەکان بە ئیلهام لە پۆسـت مودێـرنیزم بەڵگە بێننـەوە کـە تەنانـەت رووبەڕووی دوو بەرامبەر دوولایەنی واژەگـەلێکی وەک «مـێ» و «نێـر»، چونکـە واتاگەلی گشتی دەخەنـەڕوو کـە لـە راسـتیدا پێکهاتـەکانی کـەلتووری و زمـانی تایبـەتیان هەیـە، جێـی گومانـە بـەدوای شـالاوی فۆکـۆ بـە (بۆسـەر) وتارگـەلی ئەندێـشەی سـەردەمی رۆشـنبیری، ئـەو جۆرێکـە نووسـەرێک نووسـیویە: «شیکردنەوەی فەمینیستی دەیهەوێ بە دژبەیەک بوونی رۆژئاوایی نێـوان چـاو و فام، لەش و گیان، عەقل و هەست... هەموویان بە مانای رەگەزایەتـی و بـەراوردی گومان لێکراو بە دابەشکردنی پلەبەندی مێ و نێر چـاوی لـێ بکـا... واسـیتەگەڵ و ئامێرگەلی دەسەلاتن.[۲]

ئەگەر ئێستا ئەم بابەتە وەلابنێین، دیسان ئاشکرایە کە ئەگەر مێژووی فەمینیزم بە شێوەی بزاڤ تاوتوێ بکرێ، ئـەم رێبـازە دۆزگـەلێکی زۆر جیـاواز و تەنانـەت بەتەواوی دژ بەیەکتری هێناوەتـە ئـاراوە. شـێوەی فـەمینیزمیش لەگـەڵ وەسـەر پێکەوتن و بالا کردنی حەیا و داوێنپاکی گرێی خواردووە و هـەم لەگـەڵ دروسـت بوونی پێوەندی رەگەزی ئازاد کە کەرەسەی بەرگری لە ئاوس بـوونی ئازادانـە و سەربەخۆ لە ئیختیـاری هـەموو کەسـدا بـێ. بـڕێک لـە فەمینیـستەکان خوازیـاری پێوەندی رەگەزی ئازادانەتر بوون و هێنـدێکیتر هاوجنـسخوازی سیاسـی ژنانیـان باس کردووە. تاقمێکی دیکە بە شان و باهۆی جیاوازی ژنان و بێهاوتای ئەوانیاندا هەلگوتووە. کۆمەلێکی دیکـە هـەتا ئـەو رادە چوونەتەپێـشێ کـە بـە لایـەنگری لـە

دوورەگەزایەتی (لانی کەم دوورەگەز خوازی تەکاملی) هەستاون. وێڕای راپۆرتگەلێک کە لەمەڕ کۆماکۆی ئیدئۆلۆژییەکان داومانە، بوونی ئەم باوەڕە جۆربەجۆرانە نابێ ببێتە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەران. فەمینیزمیش وەک زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکان تێکەڵ بوون و ناهاوئاهەنگیگەلێک لە بایەخە بنەماکانی خۆیدا هەیە.

ئەم نەبوونی دیاریکردنە لە پێناسەگەلێک کە هێندێ نووسەران لەم ئیدئۆلۆژییە بە دەسیانەوە داوە، رەنگدەداتەوە. رەنگە بەرفراوانترین پێناسە لە فەمینیزم ئەمە بێ: «هەر گرووپێک تێدەکۆشێ هەتا کەش و هەوای ژنان یان دۆزگەلێک لەمەڕ ژنان بگۆڕێ»[3] ئەم پێناسە لە رادەبەدەر بەربلاوە، چونکە دەتوانێ دژی فەمینیستەکانیش لە خۆبگرێ. پێناسەکانی دیکە میزانترە و جەوهەری فەمینیزم «بە دەسهێنانی بایەخی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە بابەتی دارا بوونی سروشتی هاوبەش بە شێوەی تایبەتی ئازاد» بۆ ژنان ناوزەد دەکا.[4] ئەم پێناسە بەسراوە بەم دۆزەوەیە کە ئامانجی فەمینیزم لە نەهایەتا دامەزراندنی عەدالەتی رەگەزییە. لەم خوێندنەوەدا فەمینیزم بوونی هەیە هەتا نایەکسانگەلێکی بەنەزم کە ژنان بە هۆی ژن بوونەوە ئەزموونی دەکەن؛ ریفۆرمی دەکا.[5] زۆر کەس ئەم پێناسە زۆر بە ئاستەنگی دەزانن کە بە واتای یاسایی رەسمی سەرنجی زۆرتری پێبەخشیوە. بە بۆچوونی کۆمەڵێکی دیکە، فەمینیزم «رەخنەی گشتی لە پێوەندی کۆمەڵایەتی گرێدراو بە دەسەلاتخوازی و دەسەلات قبوول کردنی رەگەزی» یان «دژایەتی کردن لەگەڵ هەرچەشنە جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی، تایبەتی یان ئابوورییەکە ژنان بە هۆی رەگەزایەتی خۆیانەوە لەوە ئازار و رەنج دەبینن».[6] ئەم پێناسە کردنانە رەنگە پایەی تاوتوێکردنەکە بەرینتر بکاتەوە. بە بۆچوونی زۆر لە فەمینیستەکان بەئازارترین چەوسانەوە و زاڵی بەسەر ژناندا لە بەستێنگەلێک دایە کە لەژێر ئاستی پێوەندی سیاسی و ئابووری رەسمی لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە. بەم حاڵەوە، فەمینیستە پۆستمودێرنیستەکان لە بەرامبەر ئەم پێناسە گشتیانەدا رادەوەستن و ئەوە بە کۆششێک بۆ داکوتانی ریشەی سیستەمی فیکری دەزانن. لایەنی تایبەت و دیاریکراوی پاش پێکهاتەخوازی و پۆستمودێرنیزم لەم وتەیە

توریل موادا هاتووه کە «کۆماکۆی ڕێبازەکانی ئەوپەڕی ڕەوایەتی، لەوانە فیمینیزم، هەڵقوڵاوە لە کردەوە سەرکوتکەرانەکانی دەسەڵاتداری متافیزیکی» ناودێر دەکەن.[7] بەم جۆرە گشت باوەڕکان بە گومان دێتەبەرچاو. لەبەر ئەمە هیچ بوارێکی نەگۆڕ یان ڕاست و دەقیقێک بۆ پێناسە کردن بوونیان نییە.

لە ڕاستیدا زۆر لە پێناسەکانی سەرەوە پێناسەی ڕووداوگەلێکی جیاواز لە گشت بزاڤەکانن. بەپێچەوانەی ئەو ڕاستەقینە کە هۆکارگەلێکی گشتیتر لە پشت فیمینیزمەوە شاراوەتەوە کە دڵنگەرانی باش بوونی بارودۆخی ژنانە و لە ڕووبەڕووی زوڵم و سەرکوتدا ڕاوەستتان لە خۆ نیشان دەدا، ڕێبازە جۆراوجۆرەکان لە ئەندێشەی فەمینیستیدا بوونیان هەیە کە شیکارییەکی زۆر جیاواز لەم پرۆژە دەخەنەدەرێ.

پێگەکانی ئەندێشەی فەمینیستی

لێدوانەکان لەمەڕ پێگەکانی فەمینیزم پێوەندی لەگەڵ لێدوانە سەرەکییەکانی ئیدئۆلۆژی خۆی هەیە. هەڵچوونێکی زۆر لەمەڕ پێگە مێژوویەکانی بزاڤبوونی هەیە. یەکەم لەو ڕووەوە کە پیاوان هەتا ئەم دوایانە هەمیشە بەسەر نووسراوە مێژوویەکاندا زاڵبوون، بەوەلانانی ژنان یان لە پەراوێز دانانی ئەوان لە مێژوو ڕەخنە گیراوە. لەم بوارەدا گوتراوە کە هەمیشە پیاوان لەمەڕ ژنان شتێکیان نووسیوە و پیاوان، چاوکراوانە یان چاونەکراوانە، لەبابەت ڕەگەزیەوە لایەنگرن. لەم ڕووەوە، ژنان خۆیان دەبێ مێژووی لەگەڵ ئەم ڕاستییە کە ڕیشەی مێژوو خۆی بەشێک لە سیستەمی باوکسالارانەی نێرینەیە، دوو بەرامبەر دەبێ و ژنان لەمەڕ ڕاپۆرتی بزاڤی فەمینیستی ئاستەنگتردەکا. ویل ئەسپدر وێڕای ڕاڤە کردنی وەلانانی هێندێ ژنان زەق لە نووسراوە گشتیەکانی مێژوویی، باوەڕی وایە کە «ئەمە وێنەیەکە لانی کەم لە هەمەجۆرەی میتۆدێک کە پیاوان لەوە بۆ بەرژەوەندی، وەلانان و سڕینەوەی ژنان، سوودیان بردووە.[8] ئەم کارە هەر لە سەرەتاوە نووسراوەکان پیاوان لەمەڕ مێژووی ژنان گومان لێکراو دەکا. هەتا

رادەیەک دەکرێ بوترێ لە کاتێکدا کە ژنێک نووسراوەیەک دەخوێنێتەوە، ئەگەر نووسەرەکەی پیاو بێ، خوێنەر بە چاوی گومان و دوودڵییەوە بۆی دەڕوانێ.

گرفتێکی دیکە لەم پانتادا پەرەدەستێنێ ئەم مەسەلەیە کە ئایا نیگەرانی لە بابەت ژنانەوە هەر هەمان نیگەرانی ئیدئۆلۆژی فەمینیستییە؟ ئەمە خاڵێکی بچووکە بەڵام ئەمڕۆ گەورە بووەتەوە. زۆر لە ژنان و پیاوان هەن و بوون کە لەمەڕ رەفتاری ژنان لە بنەماڵە، فێرکردن و پەروەردە و شوێنی کار نیگەران بوون و لایەنگری وەک یەکبوون و بەرامبەر لەم پانتادا هەن، بەڵام ئەگەر ناوی فەمینیست لەوانە بنێین، سەرسووڕ دەمێنن. بابەتەکە هێندە روون نییە، بەڵام لە باری داد لەمەڕ مێژووی ژنانەوە بایەخی هەیە. ژنانێک بوون کە لە هێندێ گۆڕانکارییەکی بە کردەوە بوون کە مەسلەلەن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە ژنانێکی وەکو هەمفری وارد، ئۆکتاویا هیل یان بئاتریس دەکرێ ئاماژە بکەین. ئەگەر کەسێک بێهەوێ بەم دەرەنجامە بگا کە ئەم کەسانە پێویستانە فەمینیست بوون لە باری مێژووییەوە ناسازگارن لەگەڵ زەمەن کردەوەیان لە خۆنیشان داوە، باڵێکی پڕمەترسی کێشاوە. دوو کەسی ئاماژەپێکراوی دوایی، تەنانەت مەیلێکی ئەوتۆیان بە بەشداری ژنان لە راپرسی و هەڵبژاردن لەخۆنیشان نەداوە.

بە شێوەی گشتی، لێدوانەکان گرێدراوە بە پێگەکانی ئەندێشە و کرداری فەمینیستییەوە، هەڵگری چوار وتاری دابەشکراوە. لە سێ وتاری یەکەم گریمانە لەسەر ئەمەیە کە واتای پێشکەوتوو لەسەر وشەیەک بووە. لە وتاری یەکەمدا رێنوێنی کراوە کە مێژووی فەمینیزم لە سپێدەی زانیاری مرۆڤەوە دەستپێدەکا. «بۆ وێنە ژن» هەمیشە لەگەڵ ئێمە بووە. لەراستیدا هێندێ دەڵێن رەگەزی نێرینە بوونی لە بابەتی توانایی ئەکۆلۆژیکی زاتییەوە لەگەڵ ئێمە بووە و مێژوو جۆرەکانی مرۆڤی بە بۆنەی زاڵبوونی پیاوانەوە هەتا رادەی کۆسپێکی گەورە بە لاڕێدا کێشاوە. خانمی سوزان گریفین لە روانگەی ئێکۆفەمینیستییەوە باوەڕی وایە کە ژنان زیاتر لە پیاوان پێوەندیان بە سروشتەوە هەیە. ئەو بانگەشەی سەرەکی کتێبەکەی بەناوی ژنان و سروشت، هاوار و بانگی بەکۆمەڵی مەزنی

ژنان و سروشت که لەگەڵ زەمان و سەردەم رادەپەڕێ» دەزانێ.[9] ئـەم بەرهەمـە غەیرەمێژوویی‌ترە کە لە تەنینەوەی گومانی بیولـۆژیکی، دەروونناسـی تێـڕامانی دینی و وێنەکان و وێچووی وێنەگەلی سەرەتایی یۆنگی سەرچاوە دەگـرێ، نابـێ ئێمە بە لای خۆیەوە راگرێ.[10] هـۆگری ئێستا زۆرتـر سـەرنجی لەسـەر زانیـاری سیاسی راستەوخۆیە. دواتر دەچینە سەروکاری ناوەڕۆکی دەروونناسی.

بەپێچەوانەی ئەمە کـە هێنـدێ کـەس چـاو لـە دووی فـەمینیزمی ئـەفلاتوونین، دووەمین خاڵی بەبـڕەوتر دەربـارەی پێگـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەم. لێرەدا بیچمی کریستینا دووپیزان هـەمیـشە خـۆ دەنوێنـێ. ئەگـەرچی دەبـێ سـەرنج بدەینـە تێبینییەکـەی دیـل ئەسـپندر کـە «بـەکردەوە هـەر ژنێکـی هەڵبژێراو بە شێوەی «دەستپێکەر» دەتوانێ پێش هـەنگاوانێکی ببـێ».[11] کریـستینا دووپیزان کتێبێکـی نووسـی بـە نـاوی، کتـێبی سـاری بـانوان، کـە لەمـەڕ ئـەوە لێکۆڵەرانی فەمینیستی بابەتێکی زۆریان نووسی. لێرەدا لێدوانێکی زۆر بە ئاڵـۆزی و پـڕ لـە گرێکـوێرە ماوەتـەوە کـە ئایـا پیـزان دڵـگەرمی شـتێک بـوو کـە بـەپێی رەسەنایەتی بکرێ ئەوە ناوی فەمینیستی لـێبنـرێ؛ بـە بـارێکی دیکـە، ئایـا ئەمـە کردەوەیـــەکی نـــامێژوویی و ناســـازگار لەگـــەڵ ســـەردەم نییـــە کـــە تێبکۆشـین فۆرمبەندی فیکری ئەمڕۆیی بەسەر رابردوودا بسەپێنین؟[12] پرسـیارێکی ئـەوتۆش دەتوانرێ لەمەڕ کەسایەتی بەناوبانگ کە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەڤـدەهەم و بەناوی سێیەمین خاڵی پێگە باسێکی زۆر لەو کراوە واتە دەربارە خـانمی ئـافرابن (١٦٨٠ـ١٦٤٠) بێتە ئاراوە. ئەم خانمە لە هەر بابەتـەوە کەسـایەتییەکی پـڕجۆش و خرۆش بوو کە ژیـانی تـا رادەیـەک کـورتی خـۆی لەگـەڵ ئـەزموونی بەبایـەخی بردەسەر. ئەو لە راپەرینێکدا لە جەزایری هێندی رۆژئاوا تێوەچوو، بۆ دەربـارەی چارلیزی دووەم دژی هولەند جاسووسی دەکرد و نووسەرێکی بەکار و توانا بـوو کە حەڤدە شانۆنامە و سێزدە کورتە چیرۆکی نووسی. ئەو هەروەها چالاکانـە بـۆ بەرەوپێش بردنی دۆزی یەکسانی بۆ ژنان چالاکی کرد.[13]

لە کوتاییـدا هەمەلایەنـە پەسـندترن ـ رەنگـە دروسـتترین خاڵـی دەسـپێک بـۆ تێـڕامان و سـەرنجی فـەمینیزمی کۆتایـەکانی سـەدەی هەژدەهـەم بەتایبـەت

بێپسانەوە خولی پاش شۆڕشی کە بیری فەڕەنسەیە. فەمینیزمی ڕۆژئاوا وەکو زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە، پێگەکانی خۆی لێرەدا بەدەستدێنێ، ئەگەرچی بڕێک لە بزووتنەوە فیکرییەکان پێوەندیان بە بەرلە شۆڕشەوە هەیە. گرنگترین ڕووداو بۆ مێژووی ئەندێشەی فەمینیستی لە قۆناخی شۆڕشدا بلاوکردنەوەی کتێبی ماری ولسۆن کرافت لە سالی ١٧٩٢ بەناوی ئیسپاتی مافەکانی ژنان بوو. میریام کرام نیک دەلێ: «ماری رولسۆن کرافت بە یەکەمین فەمینیستی مەزن بوو و کتێبی ئیسپاتی مافەکانی ژن... وەکو ڕاگەیێنراوێکی سەربەخۆیی فەمینیستیە».[١٤] ئەم لە پێش بوونەوەی ماری - یەکەمین بەیانی سیستماتیکی ڕوانگە فەمینیستی دەدرێتە قەلەم - لە ئەندێشەی فەمینیزمی سەدەی بیستەمەدا جێی گرتووە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خولەی دوایی کە لە باری نووسراوەی زۆری فەمینیستی پرکارترین دەورە و خولی ڕاپەڕینی سیاسی و خۆزانیارییە، دەبێ سەرنج بدەینە دابەشکارییەکانیش. دابەشکاری قەراردادیتر لە نێوان دوو شەپۆل دایە: یەکەم شەپۆلی خولی ١٩٢٠ـــ١٨٣٠ و دووەم شەپۆل لە ١٩٦٠ هەتا ئێستا دەگەڕێتەبەر. ئەم دەورەیی کردنە هەمیشە هەلگری ماوەی زەمەنی ١٩٢٠ هەتا ١٩٦٠ە کە خولی وەستان دەدرێتە قەلەم. هەلبەت هەموو فەمینیستەکان ڕاست ئەم دابەشکارییە دەورەیەیان قبوول نییە. شەپۆلی دووەم خۆی بە دوو هەتا پێنج قۆناخ دابەش دەکرێ. هێندێ نووسەرانی دواکەوتوو دەلێن فەمینیزمی پۆستمودێرنیست شەپۆلی سێیەمە.[١٥]

ئەگەر وەدووی شەپۆلی گرێبەستی بکەوین، بواری شەپۆلی یەکەم لە ڕوانگەی مافەکانەوە لیبرالی کلاسیک بوونی هەیە کە زمانی جان لاک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوەی بەربلاو لەودا بمێنێ و بەدەست و بردترین کاردانەویە ئەم ڕوانگە لە ئەمریکا بوو.

پلانی گشتی ئەو بریتی بوو لە بەخشینی مافی دەنگدانی بە ژنان و تەنینەوەی مافە مەدەنییەکان و سیاسی سروشتی ئەوان. لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بواری وەها پڕۆژەگەلێک لە بزووتنەوە بەهێزە مەزهەبییەکانی جیا لە پارێزگار

شاراوەیە کە زۆربەیان لە چینی مامناوەندی بوون و ژنانیان دنە دەدا کە لە چالاکییەکانی وەک میانەڕەوی لە خواردنەوەی مەشرووبەئەلکۆلییەکان و کۆنترۆلی کاری نەگونجاو و ناشایست لەبەرچاوی کۆمەڵگە چالاک بن. ئەم جۆرە ژنانە ناچار بە هاوکارییە فیکرییە موسسەبەتەکانی خۆیان لە لێدوانە کۆمەلایەتییەکاندا بەرفراوان کردەوە. لەگەڵ ئەوەدا، گەشەی پیشەسازی و داهێنان بوو بە هۆ کە ژنانێکی زۆرتر ببنە بەشی وزەی کاری کۆمەڵگە. ئەم کارە بە تەنیایی سەربەخۆییەکی زۆری بە ژنان بەخشی.

گرنگترین دیاردە لە ئەمریکا تێهەڵچوونی ژنان لە بزاڤەکانی دژی کۆیلایەتی و مافی دەنگدانی لە سەدەی نۆزدەهەم بوو. وتارەکانی ئەم بزاڤانە دژی مافە دەستنیشان کراوەکان لە یاسای بنەڕەتی ئەمریکا کە لە راگەیەنراوی سەربەخۆیی وەرگیرابوو، پێکدەهات. زمانی ئەم شکایەتانە لە بەڵگەناوکانی یاسای بنەڕەتی ئەمریکا بوونی بوون. ئەم لێدوانانە یەکەم جار لە «بڕیارنامەی سەنکافالس» ١٨٤٨ کە ئەلیزابێت کوی، ئەستنتۆ و لوکر سیاموت رێکیان خستبوو، باسیکرا. ئەوان جێگریان بۆ خەبەرنامەی سەربەخۆیی بلاو کردەوە کە خەبەرنامەی یەکەمی دێڕ بە دێڕ لێکدەداوە، بەلام ژنانی لە بەڵگەنامەدا گونجاندبوو. بەرهەمی کار رشتەیەک داخوازی بۆ بەرامبەری خاوەنداریتی و سامان، دەرفەتگەلی فێرکردن و والا بوونی رێگای پیشە بۆ ژنان بوو کە هەموویان بە زمانی مافە سروشتییەکان بەیان کرابوون.[١٦] دوای کارەساتە مەزنەکەی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا، پیاوانی رەشپێست لە سالی ١٨٦٦ بوونە خاوەن مافی دەنگدان. ئەم رووداوە لەسەر زۆربەی چالاکانی ژن کە بەر لەو لە ماوەی شەری ناوخۆ و پاش ئەو لە رێی مافی دەنگدانی رەشەکان و دژی کۆیلەتی کاریان کردبوو کاردانەوەی بوو و تێگەیشتن کە خەباتی سەرکەوتوانەی ئەوان بۆ مافە سیاسییە سەرەکییەکانی پیاوانی رەش کە لە ژنان بێبەش کرابوو بە راستی کارێکی ناسازگار بووە. بۆ زۆر لەوان دژایەتی کارێکی بەتەواوی ئاشکرا بوو. لە سالی ١٨٧٨ بە دوا هەموو سال «سامان بەخشین یان تەواوکەری نۆزدەهەمین ئانتونی» بە کۆنگرەی ئەمریکا پێشکەش دەکرا هەتا ئەوە کە لە سالی ١٩٢٠ قبوول و چەسپێنرا.[١٧]

پـــڕۆژەی بەدەســـتهێنانی مـــافی دەنگـــدان لـــە لایـــەن ڕێکخراوەکـــانی وەک «ئەنجوومەنی میللی مافی دەنگدانی ژنانی ئەمریکا» کە لە سالی ١٨٩٠ بۆ چـالاکی لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە ئاستی فدرالدا پێکـهـاتبوو، پـشتگری و یارمەتی دەدرا.

لــە دەیــەی ١٨٣٠ لــە بریتانیــا و فەڕەنــسا، سۆسیالیــستە خەیالــییەکان لــە ڕێبازەکانی سێن سیمۆن و ئەوون مەسەلەی بەرامبەری تەواو و کەمالـی ژنانیـان هێنایــە ئــاراوە. هەلــبەت ئــەم دۆزە پێــشەکی مــاری ولــستۆن کرافــت باســی لێوەکردبوو. هەریت تیلور و جان ئەستورات میل هەمیشە لە لێدوانـە گـشتییەکاندا ئەم بابەتەیان دەهێنایە ئاراوە.[١٨] ژنــان لــە بزاڤـگەلێکی وەک «جـەماوەری یاســای دژی تایبەتی دانەوێلە»، خەبات بـۆ ریفـۆرمی یاسـای خـاوەنـداریێتی، چـالاکی بـۆ دەستدانی هەلە پیشەییەکان، فێرکردن و پیشە بۆ ژنان سەرقالـی چـالاکی ببـوون. هــەروەها وەکـو ئـەمریکا، چالاکیگـەلی بـەرفراوان لـەکار خێرخوازانـە، کارگـەلی کۆمەلایەتی و چاکسازی ئەخلاقیان لەسەرانسەری سـەدەی نۆزدەهەمـدا ئـەنجام داوە. جگە لە کۆششەکانی هەریت تیلـور و جـان ئیـستورات میـل لـە ناوەڕاسـتی سەدەی نۆزدە، یەکەمین چالاکی مۆئەسیر بۆ ریفۆرمی مـافی دەنگـدانی لـە لایـەن «یەکێتی کۆمەلایەتی و سیاسی ژنان» کە دامەزرێنەری ئەو خانمی پانکورست بوو لە سالی ١٩٠٣ ئەنجامی گرت.

بەم حالەوە، لەگەل گەیشتنی ژنان بە مافی دەنگدانی لـە دەیـەی ١٩٢٠، زۆر لـە نووسەرە فەمینیستییەکان، بێجگەلە چـالاکی بـۆ ئاشـتیخوازی، خـولێکی بێـدەنگی وەستانیان بردەسەر. «وەستانی مەزن» و خولـەکانی دوو جـەنگی جیهـانی زۆر لەسەرنج و وزەی ژنانی بەرەوخۆی راکێشا. مەســەلەگەلێک کـە لـەم خولـەدا لـە ئارادا بوون مەسەلەگەلی ئاسـانکاری ژیـان بـەکردەوە و زوو بـە زوو بـوون کـە بەتایبــەت پــشتگری لـــە تـــاکی بنەمالـــەی دەگرتـــەخۆ. دۆزگـــەلێک لەمـــەڕ بەهرەمەندییـەکانی بنەمالـە، چـاوەدێری تـەواوی پـاک و خـاوێنی و دەرمـانی، خواردەمەنی قوتابخانـەکان و بەرژەوەنـدی بـوونی باخچـەی منـالان لـە دەیـەی ١٩٣٠ بە تام و چێـژەوە پێـڕەو دەکـران و ڕەنگـە بەشـێک لـە سیاسـەتی گـشتی

ڕێکوپێـک لـە بریتانیـای پـاش ١٩٤٥ و لانیکـەم تـا دەیـەی ١٩٨٠ پێکیـانهێنـا. سەردەمی پاش جەنگ و بەتایبـەت دەیـەی ١٩٥٠ هـەروەها شـایەدی گەشـەی تـا رادەیەک خێرای ئابوورییەکانی بریتانیا و ئەمریکا بوو. دەرسەدێکی بەرفراوان لـە جەماوەری هەر دوو ولات زیـادبوونی ئاسـانکاری ژیانیـان دی. خۆشەویـستی و یەکترخوازی و یەکێتی سیاسی، هەروەزی بەکۆمەڵ لەمەڕ بایەخگەلی لیبرالیزمی بەکردەوە، لێدوانی «کۆتایی ئیدئۆلۆژی» و بەهێند نەگرتنی سیاسی کارگەلێک بوو کە لە تایبەتمەندی ئەم دەهە دەدرێنە قەڵەم. مەسەلەکانی پێوەند بە ژنانـەوە هـەتا ماوەیـەک لـەژێر ڕەنگدانـەوەی مەسـەلەگەلی ئاسـانکاری ژیـان و ئازادییـەکان وسامانی ماددیدا بوو.

لەسەر بنـەمای زۆربـەی بـەراوردەکان، شـەپۆلی دووەم لـە دەیـەی ١٩٦٠وە دەستیپێکرد. بەڵگەیەکی زۆر بە تەنینەوەی ئەم شەپۆلە فەمینیستییە بوونی هەیە. فێرکردن و پـەروەردەی ژنـان لەسەرانـسەری ئـەورووپا و ئـەمریکا، بەتایبـەت لـە دەیەی ١٩٤٠ بە شێوەیەکی بەربلاو گەشەی کـرد. ژنـان بـە جـۆرێکی بـەرفراوان لێهاتوویی چوونە ناو پیشەکان کە لەوەبەر تایبـەت بـە پیـاوان بـوو، بـە دەسـتیان هێنا. بێجگەلەمە، هێندێ دەست بە کـار بـوون لـە دەیـەی ١٩٦٠ ـ یاسـایی بـوونی لەبار بردنی منداڵ، دانی هەقدەستی یەکسان بە ژنان و مافی مـەدەنی بەرامبـەر، بەرینکردنەوە دەرفەتی کۆنتڕۆڵی لودای کبوونی منـاڵ بەتایبـەت دەرمـان حـەبی بەرگری لە زگ کردن ـ بە ئازادی هەڵبژاردنی ژنـان لـە پانتـای گـشتی و تایبـەتی ژیانیان زیاد و بەرین کرد.

نووسراوەکان و ئەدەبیاتێک کە لە بابەتی ژنـان دەدوان، هێـدی هێـدی مـاوەی ئەم خولە بەرەو بەرفراوانی چوون. کتێبی ڕەگەزی دووەمی سیمۆن دووبوار (کە لە ١٩٥٢دا بلاوکرایەوە و پاشان لە ١٩٦١دا بوو بە کتێبێکی بەبرەو) و کتێبی ڕاز و ڕەمزی ژنانە نووسراوەی بێتی فریدن (١٩٦٥) هەر تەنیا ڕچەشکێنی ئەم ڕووداوە بـوون. لـە بریتانیـا ئاسـەواری ژرمـن گریـر و جولیـت میچـل (بەتایبـەت یەکـەم) فـەمینیزمی گـۆڕی بـە واژەیـەکی بەبـرەو.[19] بێجگەلـە بینینـەکان لەمـەڕ ژن و مێردایەتی، تەلاق و کاری ژنان لە حاڵی گۆڕانکاریـدا بـوو. هەنووکـە ژنـان پلەپلـە

لەباری مالی، کۆمەلایەتی و ئەخلاقی لە پێکهاتەکانی وەک بنەمالە سەربەخۆتر بوون. لە کۆتاییدا کۆمەلێک لە ژنان دەستیان بە دابینکردنی سەرمایە بۆ ئەم گۆڕانکاریانە کرد. بەتایبەت لە ئەمریکا، بێجگەلە ئەنجوومەنە بەناوبانگەکان و پێکهاتەتری وەکو «رێکخراوەی میللی ژنان» تەقینەوەی راستەقینە لە گروپەکانی ژنان لە کۆتایی دەیەی ۱۹٦۰ و سەرەتای ۱۹۷۰ روویدا.

سەرەتای دەیەی ۱۹۷۰ بێجگەلە کێشەگەلی مافە رەواکانی لیبرالی، شاهیدی رووداوگەلێکی گرنگتریش بوو. بە رووبەڕووبوونەوەی ئەزموونی خەباتی دژی کۆیلەتی ژنان لە سەدەی نۆزدەم، کۆمەلێک لە ژنان کە لە چالاکییە مافە مەدەنییەکان، بزاڤە دژەجەنگییەکانی ڤیەتنام و ئاشتی دەیەی ۱۹٦۰ بەشداریان بوو، بەرەبەرە هۆگریان بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر سەرنجیان دایە بابەتە فەمینیستەکان. بەلگەی لەبەرتر بۆ ئەم گۆڕینی سەرنجە، سەرکوتکراوی لە «رەگەزخوازی» گروپە مارکسیستییە ـ سۆسیالیستەکان بوو. ژنان لەم گروپانەدا زۆرجار هەستیان دەکرد کە پیاوان بێبایەخیان کردوون و دەوری ئەوان بەکارگەلی پشتگری و پالپشتی کەم و بێرەونەق بووەتەوە. لە ئەمریکا پرەنسیپی ئازادیخوازانەی رادیکال شێوەی زیندووتر و بەشەوقتری بە خۆیەوە بینی. لە ئەوروپا پێکهێنەری سۆسیالیستی نمایەکی بەرچاوتری بەخۆوە بینی.

لە دوو دەیەی دوایدا نەک هەر تەنیا بزاڤی فەمینیستی بە شێوەی بەربلاو گەشەی کردووە، بەلکو ئەدەبیاتی بەسراو بەویشەوە گەشە و بەرفراوانی بالاکردنی هەیە. هێندێ لە رۆژنامەکان و بلاوکراوەی ژنانی هاتوونەتە بازاڕەوە. بەم حالەوە، بەپێچەوانە پایەداری فیکری و بەکردەوە ئەم بزاڤە دەیەی ۱۹۸۰ بۆ بزووتنەوەی فەمینیزم دەیەیەکی دژوار دەدرێتە قەلەم. هەلبەت ئەو جۆرە کە وترا، ئەدەبیاتی گرێدراو بەوانەوە، گەشەی کردووە، رشتەگەلی موتالاتی بەشی ژنان لە فێرکردنی بالا پشکوتووە و زانیاری بە بابەتی ژنان بێپسانەوە رووبەڕووی زیادبوونە. بەم حالەوە، دەیەی ۱۹۸۰ شاهیدی هەستانی «راستی نوێ» لە ئەوروپا و ئەمریکا و تەئکیدی دووبارە لەسەر بایەخی بنەمالەی باوکسالاری سوننەتی، هێرش بە یاسای لە باربردنی مندال و مافە

مەدەنییەکانیش کراوە. بێجگەلەمە، لەم دەیەدا بێکاری روو لە زیادبوونە. ئەم کارە زۆرتر لەسەر ژنان رەنگدانەوەی بووە. راستی نوێ هۆگرییەکی ئەوتۆی بە بزاڤی فەمینیستی نییە. ئیمکانی هۆگرییەکی ئەوتۆ لە باڵی بازارخوازی راستی نوێدا بوونی هەیە، بەڵام گەرایشە سۆسیالیستی و لیبراڵە چەپەکانی بزاڤی فەمینیستی ئەم کردەوە رەتدەکەنەوە. سەرەنجام ئەمە کە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ و سەرەتای ١٩٩٠ شاهیدی گۆڕینی لێبڕاوانی هۆگری فیکری لە بزاڤی فەمینیستی لە بابەتە سیاسی و ئابوورییەکانەوە بەرەو کەلتووری، دەروونناسی و زمانناسی بووە. بیرمەندێک لەمەڕ ئەم بابەتە لەم ساڵانەی دوایدا بەتایبەت لەگەڵ نشاندانی هۆگری لە نووسراوەکانی فەمینیستی فەرەنسەوی پۆست پێکهاتەخوازی و روانگەی رووخاندن، زۆر گەشەی کردوە. بەڵام ئەم برە زۆرەی روانگەی ئاکادیمیکە بە شێوەیەکی دژبەیەک لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ لەگەڵ زیاد بوونی مەسەلەگەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هەژاران، کەمینە قەومییەکان و بۆ ژنان جیهانی سێیەم یەکی گرتووە.

جەوهەری فەمینیزم

فەمینیزم، وەکو هەموو ئەو ئیدئۆلۆژیانەی کە هەتا ئێستە تاوتوێمان کردووە، لەژێر کاریگەری هێندێ سوننەتگەلی مێژوویدا بووە و لەگەڵ برێک لە ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە تێکەڵی و هاوکات لێکدراوە. تەئکیدی سەردەمی رۆشنبیری لەسەر زمانی عەقڵ، هێرش بە پڕوپووچ، شتگەلی حەرامکراو و پێشداوەری و باوەڕخوازی، لەژێر کاریگەری ناوەڕۆکی دزەکردندا بوون. ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسا و وتاری بەتوانا لەمەڕ مافە دێموکڕاتیکەکانیش بۆ قۆناخە سەرەتایەکانی باوەڕی فەمینیستی حەیاتی بووە. کاریگەرییەتی پرۆتێستانیزم بۆ هاندانی زۆر لە ژنان بەرەو چالاکی کۆمەڵایەتی و تێهەڵچوون لە بابەتە کۆمەڵایەتی سیاسەکان زۆر گرنگ بووە. خوداپەرستان بەتایبەت رۆڵی ژنانیان لە باوەڕەکانی خۆیاندا ئاماژەیان پێداوە. کاریگەریەتی سۆسیالیستە خەیاڵییەکانی سەرەتایش گرنگ بوو، بەتایبەت پێڕەوانی سێن سیمۆن، شارل

فوریه و رابێرت ئەوون، کە هەموو ئەوانە هەرکام بە میتۆدی خۆیان هێرشیان بە پێکهێنانی بنەماڵەی کاکڵەیی بورژوای دەکرد، خوازیاری پێشکەوتی بەرامبەری ژنان بوون و لایەنگریان لە پێوەندی رەگەزی ئازادتر و پارێزگاری کۆمەڵگە لە منداڵان دەکرد.

جیا کردنەوە و هاوێرکردنی کۆمەڵێک لە پرەنسیپی پایەدا، بێجگە لەوەی بە مانای زۆر ئاسایی، لە بزاڤی فەمینیستیدا دژوارە. زۆر لە پرەنسیپە دوولایەنەکان، و زۆرجار دژی یەکتر کە دەتوانین لە ئیدئۆلۆژییەکانی وەک سۆسیالیزمدا ببینین، لە فەمینیزمیشدا هەڵگری بینینە. فەمینیزم بە رێبازە فیکرییە جیاوازەکان بەشکراوە کە زۆرجار رەنگدانەوەی تەئکیدەکان و باوەڕگەلی زۆر جیاوازن. هێندێ لە فەمینیستەکان ناخۆشحاڵی خۆیان لەم بەربلاویە دەربڕیوە. هەرچەند ئەم نارەزامەندییە بێسوود دێتەبەرچاو. بۆ وێنە رۆزالیند دلمار دەڵێ ئەمە وەک « هێماگەلێکی نەخۆشی سەختی [ئەسکلروز] لە بزاڤ دایە».[21] ئەم ئەسکلروزە ئەگەر بەڕاستی ئەسکلروز بێ، بەشێک لە سەختی ئیدئۆلۆژی سەدەکانی نۆزدە و بیست دەدرێتە قەڵەم.

رێبازە سەرەکییەکانی فەمینیزم تا رادەیەک پێگەی سوننەتیان بە دەستهێناوە. فەمینیزمی لیبرال، فەمینیزم مارکسیست ـ سۆسیالیست و فەمینیزم رادیکاڵ سێ رێبازی بنەڕەتین کە هەمیشە زۆرتر لە هەموو باس لەوانە دەکرێ. هەنووکە عاقڵانە ئەوەیە کە روانگەگەلێکی نوێتری فەمینیستە پۆستمودێرنەکان بە شێوەی مەقوولەیەکی جیاوازانە بگرینە بەرچاو، هۆی ئەم کارە تا رادەیەک ئەمەیە کە ئەوانە لە دەیەی رابردوودا هۆگرییەکی زۆریان بەرەو خۆیان راکێشاوە.

بەپێچەوانەی لەبەر بوونی ئاستی ئەم رێبازانە، لە پەراوێزی بزاڤدا بەتەواوی رێنوێنی کراوە کە دەبێ پرەنسیپێکی دیکەش بەرچاو بگیرێ. فەمینیستە رەشپێستەکان سەبارەت بە رێبازەکانی دیکە کێشەی سەربەخۆییان هەیە و بەڵگەی ئەوان ئەمەیە کە کۆماکۆی ئەوان «نژادکوێر» بوونیانە. فەمینیستە ئانارشیستەکانیش جیاوازی تاقە بوونی خۆیان پاراستووە و بەڵگەیەکی قابیلی قبووڵی ئانارشیزمی دژی دەسەڵاتداریان کردووەتە پاڵپشتی خۆیان. پرەنسیپی

زۆر نزیک بە ئانارشیزم، مەکتەبی ئێکۆفەمینیزمە بەتایبەت لە ئەمریکا کە لە ئاسەواری نووسەرانێکی وەک کارۆلین مەرچانت و دوولورس لاشاپل رەنگی داوەتەوە.[22] بە بۆچوونی ئەوان سیستەمی پیاوسالاری هاوکات لەگەڵ تەقینەوە و پیسبوونی زەوی بووە، ئێستە ئەوە کە ژنان سەبارەت بە سروشت و زەوی هەستیان بە نگەرانی و بەرپرسایەتی دەکرد. سەرەنجام لێدوانە نوێکان لەمەڕ «ئەندێشەی دایکایەتی» و «ئەخلاقی ئاگا لێبوون لە منداڵ» هاتووەتە ئاراوە کە دابەشکاری و وتار هەڵبەستن لەوانە دژوارە. کەسانێکیش هەن کە «فەمینیزمی مەدەنی» لە رووبەڕووی «فەمینیزمی دایکانە» دادەنێن. هێندێ لایەنی فەمینیزمی دایکانە شێوەی «فەمینیزمی پارێزگاری لایەنگری بنەماڵە»ی بە دەس هێناوە. لەم بارەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەکۆمەڵ ئاخاوتنیان لەسەر دەکەین.

هەنووکە لەگەڵ بڕێک جیا کردنەوە دەست بە تاوتوێ کردنی رێبازە جۆراوجۆرەکان دەکەین. فەمینیزمی لیبرال بەکردەوە کاریگەرترین و «لە ئاستی» خاوەن بەڵگەترین شێوەی فەمینیزم، ئەگەرچی رەخنەیەک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە لەم رێبازە بە جۆراوجۆری ئەندێشەی لیبرالی سەرنجی تەواو نەدراوە. زۆرجار یەکگرتوویەکی گریمانە لەباری باوەڕی لەمەڕ لیبرالیزم بوونی هەیە.

زمانی لیبرالیزم چەور و شیرینییەکی هەمیشەیی بۆ فەمینیستەکان هەیە، بەتایبەت زمانی گرێبەستی و مافەکان کە چەکێکی بەهێزە بۆ کەڵک وەرگرتن دژ بە سوننەتەکانی پیاوسالاری دەدرێتە قەڵەم. لیبرالەکان بەهەر حاڵ لایەنگری بایەخە عەقڵخوازییەکان، یەکسانی، ئازادی، تاکخوازی، لەگەڵ ئەوانە برێک باوەڕی بەبڕشت لەمەڕ بایەخی خاوەنداریێتی تاک، دەسەڵاتی فێر کردن و پەروەردە، دیموکراسی پەرلەمانی و ئیمکانی ریفۆرماتی یاسایی عەقڵانی هەن. هەروەها ئەگەر کەسێک سەرنج بداتە باوەڕە سەرەکییەکانی دیکەی ئەندێشەی لیبرالی کلاسیک کە ئابووری ئازادە، ئاشکرایە کە هەموو (چاوپۆشی لە رەگەزیەتی) دەبێ لە دەرفەتی پێشبڕکێی بەرامبەر لە بازاڕ بەهرەمەند بن. ئینحسادەکان، چ ئەهلی و چ گشتی و چ رەگەزی، لەبنەڕەتدا گومانلێکراون. ئینحسادی ناپەسندی پیاوان وەکو هەر چەشنە کارتێلێکی ئابووری لەگەڵ نەبوونی سەلماندنی مەنتقی

روانگـەی بـازاڕ رووبـەڕوو دەبێتـەوە. بـازاڕە ئازادەکـان هەڵگری بـوونی تاکـە ئازادەکـان لەگـەڵ ئەوانـە ژنـانن کـە دەتـوانن بـۆ بەرامبـەری پێـشبڕکێ بکـەن. نـاوەڕۆکی سـەرمایەداری ئاشـکرای فەمینیـستی بەڕاسـتی لـەم ئیدئۆلۆژییـەدا پەروەردە نەکراوە، بەتایبەت و بێگومان نە بە رادەی ئەوەی کـە لەسـەرمایەدار و پارێزگار، سۆسیالیزمی بازاڕ، سەرمایەداری سەوز لـە دەیـەی دوایـدا پـەروەردە کراوە. مەسەلەی سـەرەوە هـەتا رادەیـەک هەڵقولاوە لـەم راستییە کـە زۆر لـە فەمینیـستەکان لـە چۆنیەتییـەکانی بـازاڕی پێـشبڕکێ، تـاکخوازی و پاراسـتنی بەرژەوەندی لەگەڵ پیاوان هاوبەشیان کردووە.

نووسـەرانی فەمینیـست سۆسیالیـست، فەمینیـست رادیکـاڵ لەمـەڕ داهـاتووی فـەمینیزم لیـبرال کـەمتر گەشـبینن و نارەزامەنـدیان لـەوە هەیـە کـە ئـەو جـۆرە لیبرالیزم لە ناخی ئێمەدا ریشەی داکوتاوە کە بەکردەوە نایێتە بەرچاو. هێنـدێ لـە نووسـەران، لیبرالیزمیان بە «ئیدئۆلۆژی تایبەتی پێڕەوی پشتگری و بـەهێزکردنی پێوەندی پیاوسالاری و کۆمەڵگەی سەرمایەداریان» زانیوە.[٢٣]

سوننەتی لیبرالی، لە شێوەیەکەدا سەرنج بدرێتە سەرەتای ئەو، رێ بو هێنـدێ رەخنەگەلی فەمینیستی، بەتایبەت لە قالبی قەراردادی کۆمەلایەتی، خـۆش دەکـا.[٢٤] سوننەتی قەراردادی کۆمەلایەتی بۆ وێنە لە تامس هابز، بوونـەوەری مرۆڤـایەتی هۆکارە سەرکییەکانی ئەوان بێبەش دەکا هەتا تەسـویرێک لـە نـەتـەوە یـان وڵات پێکبێنێ. تەسویری مرۆڤی نەخولقاو لەئەسلدا «بـێرەگـەزییـەت» یـان بـێجنسە. ئاماژەی دوایی هابز بە بنەماڵە، دەسەلاتداری بـاوک و فەرمانـڕەوایی پیـاوان، بـۆ زۆر لە تۆژەرانی فەمینیست وتراوەیەکی ناپەسند بە بەڵگە دەدرێتە قەڵەم. بەڵگەی قەراردادی کۆمەلایەتی مەگەر ئەوە کە داب و نەریت لـەودا دزە بکـا، ئامێرێـک بـۆ وتووێژ لەمەڕ یەکسانی مرۆڤایەتی پێکبێنێ. نووسەرانی گرێبەستی کۆمەلایـەتی، وەک لاک، هێرش دەکاتەسەر هەقی ئیلاهی و روانگەی پیاوسالاری. بە شێوەیەکی شاراوە تەنینەوەیەکی مەنتقی رەخنە لە پیاوسـالاری لـە دەسـەلاتـداری سیاسـی، رەخنـە گـرتن لـە دەروونی بنەماڵـەدا بـوونی هەیـە.[٢٥] جـان لاک هـەرگیز ئـەم هەنگاوەی هەڵنەهێناوە، ئەگەرچی ئەم چەمکە بـە شـێوەی دەروونی لـە رێنـوێنی

ئەودا بوونی بوو. باوەڕە گرێبەستکراوەکانی بە قەراردادی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگا بۆ دۆزی ئازادی جیاوازانە و تاکە بەرامبەرەکان، بێ ئاوڕ دانەوە لە ژن یان پیاو بوونی ئەوان، خۆش دەکا. سەرەنجام ئەمە کە ئەندێشەی سیاسی ڕوانگەی قەرارداد لەسەر بنەماکانی عەقڵ دروستکراوە نەک لەسەر داب و نەریت یان سوننەت. دیسان ئەم پێناسە لار و لەنجەیەکی شاراوەیە بۆ «سیستەمی سروشت» گریمانە یان پیاوسالارییە. جگە لە برێک لە تایبەتمەندیەکان، زۆربەی بیرمەندانی لیبرال ئەم کارە شاراوەیان لە سەرەتاوە بە هێند نەگرتووە.[٢٦]

دیل ئەسپندر لە کتێبی ژنانی دۆزەکان ناو لە ژنانی نووسەر دەبا کە لە سەدەی نۆزدەهەم ڕێیان بۆ لیبرالیزم کردووەتەوە و لە بواری لیبرالیدا گەڕوان. ئەگەرچی کاری ئەوان بە ڕادەی ماری وولسۆن کرافت ڕێکوپێک نەبووە.[٢٧] دەکرێ لەگەڵ فەمینیستە لیبرالەکان بە هەریت تایلۆڕ، جان ستوارت میل، مارگارێت فولێر، هەریت مارتینۆ ـ لەگەڵ چالاکانی ئەمریکا، وەکو لوکر سیاموت و ئەلیزابێت کدی ئەستنتۆن ـ ئاماژە بەوانیش بکرێ. لە دەیەکانی پاش ١٩٤٥ یەکێک لەو کتێبانەی کە زۆرترین هۆگری بە لای لیبرالەکانەوە لە ماوەی قۆناخی دەستپێکی شەپۆلی دووەم پێکهێنا، کتێبی ڕەمز و ڕازی ژنانە، نووسراوەی بتی فریدن بوو.

بەر لەوە کە لە بارەی کۆماکۆی ڕێبازەکانی فەمینیزمەوە بدوێین، گرنگە سەرنج بۆ ئەم ڕاستییە ڕابکێشین کە جیاوازی و جۆراوجۆرێکی زۆر لە دەروونی باوەڕی لیبرالدا بوونی بووە. گرنگترینی ئەوانە لە فەمینیزمی لیبرالی سەرەتاییدا، جیاوازی نێوان مافە سروشتییەکان و باوەڕی فایدە (بەرژەوەند)باوەڕانە بوو کە لە هێندێ لایەنەوە هەڵگری ئاشتی نەبوون. ئەم خاڵە باوەڕە لیبرالییەکانی جان ستوارت میل و ماری ولستۆن کرافت لە یەک هاوێر دەکا. ئەو جۆرە کە لە بەشی دووەمدا گوتمان، نووسەرانی فەمینیست لە پێوەندی لەگەڵ جۆراوجۆرەکانی دوای لیبرالیزم لە سەدەی بیستەمدا بە شێوەی لێبڕاوانە توێژینەوەیان لەسەر نەکردووە. لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی ئیلهام گرتوو لە ڕوالێز کە بە لای فەمینیستە لیبرالە نوێکانەوە وەکو جانت ڕادکلیف ڕیچاردز و سوزان مولێر ئوکین دەبینین بە

هەمان رادە لەگەڵ مافە سروشتییەکان و لیبرالیزمی سوودخوازی ولستۆن کرافت و جان ستوارت میل جیاوازی هەیە کە لەگەڵ لیبرالیزمی فۆن هایک هەیەتی.[٢٨]

گەورە ڕێبازی دووەم، فەمینیزم سۆسیالیستە. لەگەڵ بوونی جیاوازیگەلێک کە جاروبار لە کاکڵەی نێوان فەمینیزم سۆسیالیستی و فەمینیزم مارکسیستی دانراوە، مارکسیزم وەکو جۆرێک لە سۆسیالیزم مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ئەو جۆرە کە لە بەشی چوارەمدا بەیان کرا، مارکسیزم لەسەر داهاتوو یان بەرهەمی سۆسیالیزم نییە. ناوەڕۆکێکی فەمینیستی بەهێز لە زۆر لە نووسراوەکانی سۆسیالیستە سەرەتایەکاندا بۆ وێنە فەوریە، سێن سیمۆنەکان «نەک سێن سیمۆن خۆی ڕاستەوخۆ». رابێرت ئوون، ویلیام تامسۆن و. ئان هیلر بوونی هەیە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، فریدریش ئینگلس، ئاوگوست ببل، ئەلکساندرا کولونتاری و کلارا زتکینیش لەم بوارەدا بەشداری را و بۆچوونی گرنگیان بووە.

هەم فەوریە و هەم سێن سیمۆنەکان گەیشتن بە سۆسیالیزم هاوکات لەگەڵ بەرامبەری وئازادی ژنان بە ئاسانیان دەزانی. دەربارەی سێن سیمۆنەکان ئەم خاڵە لەگەڵ پەرستنی «دایەگەورە» پێوەندی بوو کە بە چاوی نەجاتدەری بەڵێنپێداوی مرۆڤایەتی سەیر دەکرا.[٢٩]

بەلای فەوریەوە، دەبێ ژنان لە شاری خەیاڵی ئەو یان فالانستری لە مافە تەواو و کەماڵەکانی بەرامبەری پیاوان بەهرەمەند بن. هەم فەوریە و هەم سێن سیمۆنەکان ئێزدیواجیان بە کۆنە و لە باوکەوتوو دەزانی. بەتایبەت لە روانگەی فەورییەوە، عەشقی ئازاد، دوورەگەزخوازی، هاورەرەگەز خوازی ژنان و چەند هاوسەری لە ناکوێ ئاوای ئەو دنە دەدرا. ئەو هەروەها لایەنگری چێشتخانە گشتیەکان،ماڵداری شەریکی و پەروەردەی شەریکایەتی منداڵان بوو.

ئوون، ئەگەرچی هۆگری تاقیکردنەوەی ئاشقانەی فەوریە نەبوو، لە رووداوی رەخنەیەک کە لە پێوەندی هەڵوەشانەوەی ژن و مێردایەتی بوو. بە بۆچوونی ئوون، ئێزدیواج دیاری دەستکردی لەسەر هەستی سروشتی بوو کە هۆی بەهاتنی گوناهکاری و تاوان و حەرام بوو و نایەکسانی کۆمەلایەتی و هەژاری

لێدەکەوتەوە. لەڕاستیدا هەر سێ نەهامەتی لە زێهنی ئەودا بە یەکەوە گرێبەست کرابوون. مەزەب هۆکار بوو بۆ پایەداری ئیزدیواج و ئەم کارەش بەش بە حاڵی خۆی پێشبڕکێی ئابووری هان دەدا کە سەری لە هەژاری دەردەهێنا. لەڕاستیدا ئوون بۆ ئەوەی ژنان بەسەر پیاواندا لە بەباری تواناییەوە، زاڵبن، بە باوەڕەوە دڵسۆزی بۆ دەکرد. ئەو هەروەها وەک فەوریە بە فێرکردن و پەروەردەی هاوبەش، خواردن و پارێزگاری لە منداڵان لە دەروونی پێکهاتە هاوبەش، بەرهەمهێنانی هاوبەش لە باوەڕی خۆیدا ڕەنگدانەوەی بوو.

یەکێک لە ستایشگەرانی ئوون بە ناوی ویلیام تامسۆن (١٨٣٥ـ١٧٨٥) پاش خوێندنەوەی چەند دێڕ لە کتێبی ڕەسالەیەک لەمەڕ حکوومەت نووسراوەی جیمز میل، دنە درا کە ڕاستەوخۆ لەمەڕ ژنان چەمکێک بنووسێ. میل لەمەڕ مافی ڕەئی، بەرژەوەندی ژنانی لە بەرژەوەندی پیاواندا گونجاندبوو. تامسۆن تێکۆشا تاکو لە کارگەلێکی وەکو بانگهێشت لە نیوە لە نژادی مرۆڤایەتی واتە ژنان، دژی کێشەکانی نیوەکەی تری، واتە پیاوان دەستنیشان بکا کە ژنان دەبێ مافەکانیان لەگەڵ پیاوان یەکسان بێ. کۆماکۆی مرۆڤەکان بە جۆرێکی بەرامبەر شیاوی بەختەوەری بوون لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی هەرەوەزی داهاتوویان بوو. ئەو هەروەها بنەماڵەی تاکهاوسەری و کاری دابەشکراوی مەوجوودی بۆ بەرەنگار بوونەوە خواست. ناوەڕۆککگەلێکی ئەوتۆ لە نووسراوەکانی ئان هیلێردا باسران، ئەگەرچی ئەم خانمە ڕاستەوخۆ لەژێر کارتێکەری لایەنگرانی سێن سیمۆندا بوو.[٣٠]

مارکس ئینگلس لە ئاسەوارە سەرەتایەکانی خۆیاندا کەمتر لەمەڕ ژنان ئاخاوتنیان بووە. بەڕواڵەت مارکس وای دادەنا کە ژنان لە سیستەمی سۆسیالیستیدا ئازاد دەبن. ئەو لە بابەتێکی خۆیدا بە ناوی «لەمەڕ مەسەلەی جوولەکە» ئازادی ژنانی بە بەشێک لە ڕزگاری مرۆڤایەتی دەزانی.

لە ڕاستیدا زۆر لە دۆزەکانی مارکس و ئینگلس لەمەڕ ژنان لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان جیا کرابوونەوە. بە ئاسەواری ئینگلس، بەتایبەت واتای ماتریالیستی مێژوویی زیاد کراوە، ئەو جەوهەری مرۆڤ بە کار دەزانێ. ئینگلس هەروەها باوەڕی هەیە کە بنەماڵە تاقانەی کۆمەڵگەیە و کاری ناوماڵ و بارودۆخی ژنان لە

دەروونی بنەماڵەدا لە بناخەوە بەشێک لە سروشت نییە بەڵکو زۆرتر هەڵقوڵاوە لە کەش و هەوای گۆڕانکار، مێژوویی و ماددی، کار و جەوهەری ماڵکییتە. باوەڕ و بیری سەرەکی ئەمە بوو کە زوڵم لەسەر ژنان ریشەی لە مەنتقی دژی سەرمایەداری و خاوەندارێتی تایبەتیدا بوو، هەرچەند کە ئینگلس ئەگەر و گریمانی چارەنووسی دابەشکردنی کاری سروشتی هێنا ئاراوە کە زۆربەی فەمینیستەکانی دوایی سەرنجیان لەسەر ئەوە بوو. ئینگلس بە پێچەوانەی مارکس ئەم دۆزانەی لە ئاسەوارە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەتی بەرفراوان کردەوە.

ئاگوست ببل (١٩١٣-١٨٤٠)، کەسایەتی بەرچاو و لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان، تەقریبەن هەر ئەو شوێنەی ئینگلسی رەچاو کرد، بەڵام کتێبی ئەو بەناوی ژنان لە سیستەمی سۆسیالیزم، لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا لەگەڵ پێشوازی بەگوڕیگشتی رووبەڕوو بۆوە.[31] ببل، بەپێچەوانەی هۆگرییەک کە بە جان ستوارت و ماری ولستۆن کرافتی بوو، رێنوێنی دەکرد کە چاکسازی لیبرالی بورژوایی لە کۆتایدا بێکاردانەوە دەبێ.[32] ببل هەوڵی دا بیخاتەڕوو کە هۆکارە ئابوورییەکانی بەردی بناخەی نابەرامبەری کۆمەڵگە و یاسایی.. لە ژن و مێردایەتی بورژوایی، خاوەندارێتی تایبەتی کارێکی سەرەکییە. بە بۆچوونی ببل، ژنان خەیاڵیان بو کە هەم لە خاوەندارێتی بورژوایی و هەم لە لفە و دوانەکەی واتە کۆیلەتی ماڵەوە رزگاریان بێ. بێجگەلەمە، ئەوان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی راستەقینە دەبوایە خۆ بە خەبات و بەرخۆدانی مێژوویی پرۆلیتاریا بسپێرن. هەر ئەو جۆرە کە کۆمەڵێک توێژەران گوتوویانە، دەستکەوتی تێڕامانی کۆتایی ببل خەیاڵیتر لە ئینگلسە. لەڕاستیدا ببل هەر ئەو فەورییەیە، بێ لایەنە هەوەس بازیەکانی ئەو. ببل لە ناخەوە لەژێر کاریگەری پێشانگای ساڵی ١٨٩٢ی شیکاگۆ، بەتایبەت دەزگاکەلی کارەبایی چێشتخانە و ئامێرە ناوماڵییەکاندا بوو کە لە کاتیان دەگێڕاوە و پاشەکەوتەیان کرد. باشترین ئارەزووی ئەو پێکهێنانی کۆمەڵگە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بوو کە لە کاتی بێکاری زۆردا، هونەر و زانست، خواردەمەنی هەرزان، سەفەری هەوایی و ئامێرە فراوانە کارەبایەکان بەهرەمەند

بێ. پەروەردەی منداڵان دەبێ بە ئەستۆی کۆمەڵگە بێ. لەگەڵ ئەمەدا، پێوەندی تاکهاوسەری ئەگەر لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد و عەشق ئەنجامی دەگرت دەیتوانی هەر بمێنێ.

ئەلکساندرا کولونتای، کلارا زتکین و شارلوت پرکینز گیلمەن لە سەدەی بیستەمدا هەر ئەو چوارچێوە فیکرییە مارکسیستییەیان بەرین کردەوە، بەتایبەت کولونتای کە لەناو جەرگەی شۆڕشی رووسیەدا کاری دەکرد. پلەپلە لێکدانەوەی سوننەتی سۆسیالیستی لەمەڕ رۆڵی ژنان، لە ١٩٢٠ هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٥٠ لە دەروونی پلانی سۆسیالیزمی خەیاڵی یان مارکسیستدا جێیان کردەوە. کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ هەتا رادەیەک شاهیدی نکۆلی ئەم قاڵبە کەونە، بەتایبەت نکۆلی روانگەکانی ئینگلس بوو و زۆرتر دەیهەویست فەمینیزمی سۆسیالیستی نوێ دامەزرێنێ. هەڵوێستی دێرینی مارکس و ئینگلس وا دەهاتە بەرچاو کە دووچاری «کوێررەگەزی» بووە. بەم حاڵەوە ئەم بزاڤە زۆر لە قۆناخی بۆچوونی رەتکردنەوەی سوننەتی مارکسیستی دوورنەکەوتەوە. ئالیسۆن جاگار لەم بارەوە دەڵێ: «فەمینیزمی سۆسیالیستی گەرایشێکی زۆر تازەیە هێشتا بەتەواوی چ لەباری کردەوە و چ بۆچوونییەوە پەرەی نەگرتووە. بەم هۆیە کەس ناتوانێ بۆ کوێی روانگەی سیستماتیکی مەوجوود بگەڕێتەوە.... بەجێی ئەو دەبێ هەوڵ بدرێ هەتا لەم لەت و کوتی و کوتوپچڕی لێرە و لەوێ روانگەیەکی سستماتیک جیا بکرێتەوە.[٣٣]

مەکتەبی فەمینیزمی رادیکاڵ بێگومان زۆرتر لە ئەمریکا پەرەی گرتووە. ئەم رێبازە هێرشگەلێکی کردووەتە سەر فەمینیزمی ئەورووپایی. ئەگەرچی هێندێ کەس هێشتا تێدەکۆشن ئەوە بە دروستکراوەیەکی گەورەی «شەپۆلی دووەم» بزانن، فەمینیزمی رادیکاڵ لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ فۆرمی گرت. وشەکە خۆی مانای ناپەیەداری بوو. هێندێ ئەوەیان بەهیوای گەورە فەمینیزم و برێکی دیکەی وەک بتی فریدن، ئەوەیان بە پاژنەی ئاشێل دەزانی. توندڕۆکانی بەڕواڵەت رادیکالیزم بە شێوەی خۆنیشاندان لە بەرامبەری ئەندێشەی سیاسی باڵی راست لە دەیەی ١٩٨٠ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، هەرچەند

ریشەگەلی رادیکالیزم لە راستیدا بۆ سەرهەلدانی دیاردەی «چەپی نوێ» دەگەڕاوە.

فەمینیزمی رادیکال تەقریبەن بزاڤێکی نوخبەخوازە کە بە وتە ئالیسۆن جاگار «لە ئەزموونە تایبەتییەکانی گروپێکی تا رادەیەک بچووکی ژنانی سپیپێستی ئەمریکایی، چینی مام ناوەندی زانکۆدیدە» تروسکەی داوەتەوە.[٣٤] ئەم نوخبەخوازییە سەرسووڕهێنەرە فیکرییە جارجارێک، زۆر لە ژنانی لەگەل دۆزەکانی فەمینیزمی رادیکال بێگانە کردووە. لە سەرەتادا رادیکالیزم لە رەخنەی چزوەداری پێوەندی لەگەل مارکسیزم لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ سەرچاوەی گرت. بە مانایەک، ئەم رێبازە بە پێناسی نەفی چەپی نوێی مارکسیستی رادیکالەکان بەتوندوتیژییەکی زۆرترەوە لە فەمینیستە سۆسیالیستەکانی دەیەی ١٩٧٠، بەلگەیان دەهێناوە کە مارکسیزم «کوێررەگەز» بووە. بەم حالەوە بەلگەکانی ئەوانەش هەم لەسەر بنەمای دەروون توێژی رادیکالیزەی فرۆیدی بوو و هەم لە شێوەی روانگەی کۆمەلایەتی کە لە نووسەرانی «چەپی نوێ» وەکو ویلهێلم رایش و هێربێرت مارکووزە، بوونی بوو، کەکلی وەردەگرت.[٣٥]

بەیان کردنی ئەمە کە ئایا روانگەی راشکاو و روون لە رێبازی رادیکالدا بوونی هەیە یان نا، دژوارە. جاگار دەلێ: فەمینیزمە رادیکالەکان «بە هۆی روانگەی سیاسی، سیستماتیک و ئاشکرا ناس ناکرێن».[٣٦] خوێنەرانی ئەدەبیاتی رادیکالی لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا لەگەل هەموو شتێک لە گومانی بووداکیشەوە بگرە هەتا ئەستێرەبێژان رووبەڕوو دەبنەوە. لە وەها کەش و هەوایەکدا دۆزینەوەی جەمسەری مەنتقی دۆزەکان ئەستەمە. دوو بەلگەی سەرەکی بۆ ئەم کارە بوونی هەیە. لە ناخی ئەندێشەی فەمینیزمی رادیکالدا یەکگرتوویی عەقلانی خۆی لەبەر هەڕەشەی لێداونە رەخنەیەکان دایە. گوتراوە کە عەقلانییەتی دکارتی رەنگە لایەنی دیکەی لە زالی پیاوانەیە.[٣٧] گومانە کە بتوانین بایەخەکانی ناوەندی فەمینیزمی رادیکال پێناسە بکەین؛ روانگەگەلی بەتەواو مانا جیاواز و قوولە ناوهاوکێشەکانی دەروونی ئەم رێبازە بەیان کراوە.

بەپێچەوانەی ئەم شاراوەیە هێندێ تایبەتمەندی هەن کە کەوتنە بەر سەرنجی چاودێران، دژەکان و ڕەخنەگران لە فەمینیزمی رادیکاڵ. زۆر لە رادیکاڵەکان، بەپێچەوانەی فەمینیستە سۆسیالیستەکان، دۆزەکانی خۆی بە شێوەی نامێژوویی یان بەرەو مێژوویی و جیهانبینی بەیانیان کردووە کە زۆربە لە ئەندێشەکانی ئەوان ریشەی لە ئیدئۆلۆژی و دەروونناسیدا هەیە. ئەوان زۆرجار دەڵێن کە تایبەتمەندییەکانی «بنەمایی» بۆ هەموو ژنان بوونیان هەیە. جگەلەمە، دەربارەی رەگەزییەکان و چینایەتییە نگەران و دڵ لە دوای فەمینیستە سۆسیالیستەکان نین. ئەم خاڵە بە کردەوە لە نووسراوەکانی ئەواندا شاراوەیە. ئەم گروپە لە چاو قەوارەی گچکەی خۆی، بە هۆی بێپێچانەوە و راستبێژییەکانی خۆی لەوانەیە ناوبانگی زۆرتری لە رێبازەکانی دیکەی فەمینیستی بەدەستهێنابێ. هێندێ دۆزە هەمەلایەنگیرەکان هەمیشە دژ بەتایبەتمەندییەکانی بزاڤ دەدرێنە قەڵەم: بۆ وێنە بە کۆی شێوەی پیاوسالاری و رەگەزییەتخوازی، هاوجنسخوازی ژنانەی سیاسی، ماددی، موتالا لەمەڕ خووی دەستدرێژی رەگەزی و روانگەی رادیکاڵ لەمەڕ داهاتووی بنەماڵە.

پێشکەوتێکی نوێتری دیکە کە لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ جێی لێدوان بووە، پێوەندی نێوان فەمینیزمی سۆسیالیست و رادیکاڵە. کێشەگەلێک لە ئارا دایە کە رەخنە لە نوێ فەمینیزم سۆسیالیست خۆی (جیا لە شێوەی کەونی مارکسیستی) هەلی پێکهێنانی روانگەی سیستماتیک و یەکپارچەی لەگەڵ رادیکالیزم رەخساندووە. کەسانێکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە «سیستمێکی دوولایەنە» لە نێوان ئەم دوانەدا لە حالی پەرەسەندن دایە. بەم حاڵەوە، حاشا لەوە دەکەن کە دەبێ پێوەندیەک لەنێوان رادیکالیزم و سۆسیالیزمدا بوونی ببێ.

کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ هەروەها شاهیدی گەشەی بێوچانی هۆگری فەمینیستی بە پاش پێکهاتەخوازی، روانگەی پێکهاتە شکێنی و پۆستمودێرنیزم. لە سەرەتادا رەخنەی ئەدەبی کەلتووری بووە. دریدا، لیوتار و فۆکۆ و رورتی کەسایەتیگەلێکی کارتێکەر و گرنگی ئەم بزاوتانەن. یەکێک لە یەکەمین گۆڕانکاری ئەم شێوە بیرمەندییە، بزاوتی پەساپێکهاتەخوازی دەروونتوێژانەی فەمینیزمی

فەڕەنسەوی، بەتایبەت نووسراوەکانی ژۆلیا کریستوڤا، هێلن سیکسۆ و لوس ئیریگاری بوو.[٢٨] لە ئەمریکاش سەبارەت بەم نووسراوانە گەشە و نەشەیان دەربڕیْ.

بابەتی سەرەکی ئەمەیە کە زمان بوونی راستەقینەی ئێمە پێکدێنیْ. سەرچاوەی ئەندێشە فێردینان سۆسۆرە. وتار لە حوکمی کۆمەڵێک لە هێماکانی بناخەی زمان دەدرێتە قەڵەم، کە بە شێوەی سیستەمی جۆری قەراردادەکان دەرک دەکریْ. یاساکانی زمان پێکهاتەی قوولی وتار دروست دەکا و ئەم پێکهاتە بنەماییانە دەکریْ بە شێوازی زانستی موتالا بکریْ. ئەم دۆزە پێکهاتەخوازانە لەسەر هێندیْ لە بیرمەندان، وەکو کلۆد لێڤی شتراوس و رولان بارت، کاریگەرییەتی بوو. کاکڵی سەرەکی ئەمە بوو کە دەبیْ واتا راستەقینەکانی پێکهاتە لە یادکراوەکان ئاشکرا و روون بێتەوە. ئەم واتا قوولانە لە رووبەڕوو دوولایەنەکان و ئاوەڵ دوانەیی وەکو کاڵ ـ کوڵاو یان پیاو ـ ژن پێکهاتبوون. هێماکان خۆیان لە خۆیاندا کارێک ناگەیێننە ئەنجام بەڵکو زۆرتر لە ناوەڕۆکی رەهەندێک لە دژایەتییەکان و رووبەڕووەکان و جیاوازییەکان کە پێکهێنەری زمانن، مانا بە خۆوە دەگرن. دۆزی پێکهاتەی بنەماڵەی زمان، بیرمەندی دەروونتوێژی فەڕەنسەوی، ژاک لاکان پەرەیپێدا [لە ئەندێشەی لاکان]دا هاوکێشی نێوان، لە لایەک ئاستی وتار و پێکهاتەی قوولی بنیادی قەراردادەکان و لە لایەکی دیکەوە، واتای دەروونتوێژینەوەی خۆزانیاری و ناخۆزانیاری بایەخی سەرەکی هەیە. بە بۆچوونی لاکان، پێکهاتەگەلی ناخۆزانیاری هۆویەت و کەسایەتی ئێمە پێکدێنن. ئاشکرا کردنی زمان بە هۆی زمانەوە، مەڵهەم و کاکڵی سەرەکی دەروون‌دەرمانییە. ئەمە بە یەکێک لە دایکانی تێگەیینی خووی روانگەگەلی فەمینیستی فەڕانسەوی دەدرێتە قەڵەم.

وێڕای ئەمە، پەساپێکهاتەخوازی فۆکۆ و پێکهاتەشکێنی دریدا، رووبەڕووبوونەوەی دوولایەنەی سەرەکی کە پێکهاتەخوازان پەیان بەوە بردبوو، خوازیاری بەربەرەکانی بوون. فۆکۆ پێکهاتەی دەشکاند هەتا «دەسەلاتی» بنەڕەتی زانیاری و زمانی ئێمە نیشان بدا. کۆماکۆی گریمانە فیکرییەکانی

رواڵەتی ئەندێشەی رۆژئاوایی پلەی زانیاری خۆیان بێبەشکراون، ئەمە واتاگەلی عەقلانی و دزە و یارمەتی مرۆڤایەتی دەگرێتەخۆ. فۆکۆ لێرەدا لە واتای تۆرەمە(رەچەڵەک)ناسی نیچە کەلک وەردەگرێ هەتا ئەم رووبەڕووانە لە نێوان لابا.

تۆرەمەناسی هۆکارەکان، گوشارەکان و دەسەڵاتی بنەمایی عەقلانی گریمانەکانی ئێمە نیشان دەدا. هەموو زانستییەکان و ریشەکان (ئەوەی فۆکۆ «شێوەی رێنوێنی» ئێمە ناودەنێ) بۆ بەستنی کۆمەڵێک پڕەنسیپی گومانلێکراوی پێشوو و ناعەقلانی ئێمە کە سیستەمێکی راستەقینە پێکدەهێنن، نیشان دراون.

ئەندێشەی پێکهاتەشکێنی دریدا، ئەو جۆرە کە لەناوی کتێبەکەی، پەراوێزەکانی فەلسەفە، دەردەکەوێ، بە شێوازێکی کەمتر سیاسی کار دەکا. ئەو نیگەرانی «نیشاندان»ی دەسەڵاتی بنەمای زانیاری یان شێوەی رێنوێنی نییە. ئەو زۆرتر تێدەکۆشا هەتا لەگەڵ خوێندنەوەی نزیکتر و ئاستەنگتر بەناخی تاوتوێکردنی قەرارادە سەرەکییەکان و زۆرتر ناخۆزانیاری باوەڕەکان و دژایەتی دەروونی ناوەرۆکدا بچێتەخوارێ هەتا دڵخواز بوون یان شاراوەکانی ئەوان بخاتەڕوو. بە بۆچوونی دریدا، ئیستعارە تەسادفییەکان و نادەستکرد، پاوەرەقەکان یان پەراوێزگەلی ناوەرِۆکن کە بۆ ئەم پێشمەرج و گریمانانە بنەمایەکی ئاشکراکەرن. ئەو جۆرە کە نووسەر گوتوویە:

«پێکهاتەشکێنی لە ساکارترین حالەتی خۆیدا داڕژاوە لەسەر وەها خوێندنەوەیەکی نزیک لە ناوەرِۆک کە جیاوازی واتایی، کە ناوەرِۆک ئەوانەی کردەوە بە پاڵپشت بۆ ناکامی لە کارکردی ناسازگار و دژایەتی ئەم واتایانە لە دەروونی ناوەرِۆک بە شێوەی کۆیەک نیشان بدرێن. بەم جۆرە دەبینرێ کە ناوەرِۆک لەگەڵ پێوارەکانی خۆی تێکدەقرمێنرێ».[٣٩]

بە بۆچوونی دریدا، بەردەوامی و دەستنیشانکردنی مانا لە رادەبەدەر دژوار و ئاستەنگ دەبێ. هەرگیز لە هیچ نووسراوەیەکدا پێناسەکردنی مانا ئاسان نییە. مانا هەڵواسراوە دەمێنێ و وەرگرتنی ئەو دژوارە و بە جۆرێکی دوایی پێنەهاتوو لە رایەڵەی تێکەوەپێچراوی زمان و ئەزموونداا یاری دەکا. هیچ مانایەکی بێخەوش

که شتێکی بەرچاو و لە جیهاندا ئاشکرا بکا، بوونی نییە. لە دەرەوەی «هێما»شدا شتێک بوونی نییە و مانایەکی دیاریکراو بۆ هێما لە دەستا نییە. ئەمە هەمان جەوهەری جیاوازی وشەسازی دریدایە. مانای هێمایەک لەسەرانسەری کۆماکۆی هێماکاندا بلاوبووەتەوە. بەم جۆرە، مانای سەری ئەوسەر هەمیشە دەبێتە مخابن و ساختشکێنی پێناسەی ئۆپێراتۆری دروستکردنی بۆ دارشتنی مانای دیاریکراو که دریدا ئەوەی «وتەبێژی» ناوناوە، مەحکوومە بە شکان.

حالیبوون و تێگەینی پۆستمودێرنیزمیش لە رادەبەدەر دژوارە. ئەم رێبازە بە پێناسەی شتگەلێکی زۆر جیاوازە. دژەی سەرەتایی ئەو لە بوارەکانی وەک مێعماری و هونەرە جوانەکاندا بوو. لە جیهانی هونەردا هەمیشە لەسەر تێکەلاوی شێوازە سوننەتییەکان و پێدا هەلگوتن و رێزلێنان و یاری لەگەل جیاوازییەکان ئەوان رێنوێنی هەیە. لەم بارەوە هێندێ ئەوە بە خۆنیشاندان لە بەرامبەر شێوازی ئاستەنگی مودێرنیتە دەزانن (ئەگەرچی کۆمەلێکی دیکە ئەوەیان بە تەنینەوەی مودێرنیزم زانیوە) لە کۆمای وشەناسی پۆستمودێرن، بەیان و راڤەی ئەدەبیات و روانگەی کۆمەلایەتی و سیاسی دژوارترە. بۆ وێنە ئایا ئولیس ئاسەواری جیمز جۆیس، سەرزەوی بێکارە [ناکوێئاوا] ت. س. ئەلیوت یاکانتوس ئەزرا پاوند مودێرنیست یان پۆستمودێرنیستە؟ ئەوانە رادەی بالای دەسکەوتی مودێرنیزم زانراون. هەرچەند کە هەلگری شێوازگەلێکی زۆری سوننەتی و «ماناگەلی بەیان» لە تایبەتمەندییەکانی پۆستمودێرنیزمیش هەن.

لە روانگەی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە، پۆستمودێرنیزم پێناسەی کاریکاتۆرێک لە پەساپێکهاتەخوازی و پێکهاتە شکێنییە. بودریار و لیوتار زۆرتر پەساپێکهاتەخواز تەوسیفکراون هەتا دریدا و فۆکۆ. پۆستمودێرنیستەکان بە شێوەی گشتی دەلێن سەرچاوەی پایەبەرزی بوونی نییە و پۆستمودێرنیزمیش شێوازی نوێ نییە. بۆ وێنە لیوتار وەزعی پۆستمودێرن بەم جۆرە شرۆڤە دەکا: «ناباوەری بە فەرارەوایەت»[٤٠] هەموو ئەو شتانەی کە لە لەبەردەستی ئێمە دایە وتارگەلێکی زۆری خەیالیە کە لەباری کۆمەلایەتیەوە دروستکراون. بیرمەندانی پۆستمودێرن لەنێو ئەم پرەنسیپە خەیالیانەدا بە یاری و گالتەجارەوە سەرقالن و

له پێکهاتن یان فۆرم دان بەوانە حاشا دەکەن. لەبەر ئەمە، ئەوان لەگەڵ هەرچەشنە گرێدان و دوایی پێهێنان بە وتار و لە بەین بردنی جیاوازییەکان دژایەتی دەکەن. ئەوان بەڕاستی، عەقلانی، زانیاری یان هەر چەشنە لە دووگەڕانێک بۆ شوناسناسییەکی ڕێکوپێک باوەڕیان نییە. مرۆڤ خۆی دەبێ بە ڕشتەیەک هێماگەلی دەرەکی تەنک. دژایەتی، جیاوازی و ناڕێکوپێکی پێشوازیان لێدەکرێ. لەبەر ئەمە، ئەرک و وەزیفەی پۆستمودێڕن دروستکردنی نابەسامانی و بێبایەخ کردنی کۆماکۆی کۆششەکان لایەنی پێکهێنا. یەقین، بەستن و تێکەڵ کردنی یان دریدا گوتەنی «وتەبێژی»یە. هیچ ڕاپۆرتێکی بەرچاو لە ڕاستی و هیچ یەقینێک لە ئارادا نییە بەڵکو هەموو بێیەقینییە.

فەمینیستە فەڕەنسەوییەکان هێندێ لەم پرەنسیپانەیان قبووڵ کردووە و پێکهاتەخوازی دەروونتوێژانەی لاکان بە چاوی پەساپێکهاتەخوازی دەبینن. ئەوان دەڵێن هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە. ئەو جۆرە سیشو دەڵێ: «هەموو شتێک وشەیە، هەموو شتێک هەر تەنیا وشەیەکە... ئێمە دەبێ فەرهەنگ بە وشە، ئەو جۆرە کە ئەو فەرهەنگە ئێمەی لە وشەکان و لە زمانی خۆیدا دەبەستێتەوە، بە دەستی بێنین و وەری بگرین».[41] جیهان ناوەڕۆکێک یان ڕشتەگەلێک لە ناوەڕۆکەکانە کە هەڵگری نەزمگەلی نمادین داڕژاوە لەسەر ڕووبەڕووە لفە و دوانەکانی چاو و شعوور، عەقڵ و هەست و ڕاستی و درۆ. فەمینیستە فەڕەنسەوییەکان بە کەڵک وەرگرتن و گۆڕینی پەساپێکهاتەخوازی فۆکۆ تێدەکۆشن بیخەنەڕوو کە دەسەڵاتی پیاوانە بناخەی ئەم ڕووبەڕووانە لە زمان پێکدێنێ. ئەو جۆرە کە ماری هاوکس وورس وەبیرماندێنێتەوە:

«تایبەتمەندی کاکڵەی دەرکی زمانی تاک و سەرچاوەی هەموو فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی، یەک لایەن بوونی ئەو لە بەراورد لەگەڵ «هاوجنسخوازی»یە... لەوێدا ئەمە زمانە کە بە ڕەگەزییەت لە بەستێنی واژەکانی پیاوانە و دەروونی نەزمگەلی زانیاری پێکهاتە دەبەخشێ، مەسەلە بەدیهێنەرەکانی گرفتی زمان و بەدیهێنەری گرفتی ڕەگەزییەت دەبێ بە مەسەلەگەلێکی هاوسنوور بۆ ژنان».[42]

به دوای شرۆڤەی دریدا لە بێهێزی بە شێوەی «وتەبێژی»، لوس ئیریگاری لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم بێهێزییەی بناخەی پیاوانە لە زمان هەڵخولانی پەلەدارێکە کە پێناسەی بیچمێک لە پیاوسالاری ناخی زمانناسییە. ئەمە شێوەیەک لە زوڵمە کە جاران بەوەیان نەزانیبوو. ئەوەی کە ئێمە فیکر دەکەین کە بە شێوەی راستی دەرکی دەکەین، لە راستیدا سامان وێنەیەکە کە لە لایەن پیاوانەوە دروست کراوە.

شتگەلێکی زۆر لە ئارادایە کە دەکرێ لێرەدا بە کردەوە نیشان بدرێن. یەکەم، ئیریگاری لایەنگری رووخان یان پێکهاتەشکێنی ئەم وتارە پیاوانەیە بۆ وەستان لە بەرامبەر هەموو کۆششەکانی پیاوانە لە نەزمبەخشین و دەرەنجام لەگەڵ شێوازی ساختشکێن، لێککۆوە بوون لەسەر ئیستیعارەکان، پەراوێزەکان و رەمزەکانی وتاری پیاوانە.[٤٢] فەمینیستە فەڕانسەوییەکان، وەکو دەروونەدەرمانی زمانناسانەی لاکان، زمان بە پانتایەک بۆ نوێسازی دەرمانی دەزانن. لە وەها بوارێکدا پێڕەوی دووەم پێشنیارکراوە کە بریتییە لە دروستکردنی زمانێک و نووسراوەی ژنانە. ژنان خۆیان دەبێ بنووسن و قسە بکەن. لەم رووەوە ئیریگاری لە واژەی Le parler femme (وتەی ژنان) و سیشو لە واژەی ectriture femenine (نووسراوەی ژنانە) کەڵک وەردەگرن. ئەم کارە دەرفەت بەوان دەدا کە تایبەتمەندی تاقانە یان «قالبی رەگەزی» خۆیان بخەنەڕوو و دەریبڕن. هەر ئەوە دەبێتە هۆ کە ئەوان لە زمانناسی چێو هەڵخولێنانەی پیاوسالارانە رزگار بن.

دۆزە باسکراوەکان راست لەگەڵ زەمەنی پۆستمودێرنیزم بەرامبەر نییە، ئەگەرچی زۆر تێکەڵی و وێچوونییان هەیە. زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان بە فەمینیستە پۆستمودێرنەکان دەزانن لە راستیدا پێڕەوی بیرمەندانی فەرەنسەوین. پۆستمودێرنیزمی تەواو عەیار لە رووبەڕووی هەر لاوازییەکدا رادەوەستن. بە درەفەتدانی دەرچوونی ئەجنەی پێکهاتەشکێنی لە بتری، هەر وتارێک نەک هەر تەنیا وتاری پیاوانە، دووچاری پەرێشانی و چەواشەکاری دەبێ. واتە سامانی عەقڵ بەتەواوی تێک دەئاڵۆزێ و هەرچەشنە یەقین یان پلە، بەتایبەت نووسراوەی ژنانە، لە یاری و گەمەی خەیاڵی زماندا بزر دەبێ. کەسانێک

کـه، وەکـو جـین فلاکـس یـان کریـستین سیلوسـتێر، خۆیـان بـه فەمینیـستی پۆستمودێڕنیزم دادەنا، زۆرتر بە دیهێنەری گرفتن هەتا کردنەوەی گرێکوێرەی ئەو. هەڵبەت فەمینیزم خۆی لەم بوارەدا دەبێ بە یەقینێکی گومانلێکراوی دیکە کـە پێویستی بە هەڵوەشانەوە هەیە. لەم رووەوەیە کە توریل موا پرسیار دەکا: «ئایـا فـەمینیزمی پۆسـتمودێـڕن هـەر تـەنیا گێژاوەیـەکی نـوێ لـە دژایـەتی نییـە کـە فەمینیستەکان لە ناخی ئەودا نوقم دەبن؟».[٤٤]

سەرسووڕهێنەر نییە کە فەمینیـستە فەڕەنـسەوییەکان «کـە چاوێکیـان لەسـەر پێکهاتە شکێنی هەیە» لە بابەتی عینوانەوە «فەمینیست» گومانلێکراو دێتەبـەرچاو. مەسەلەگەلێکی زۆر مەزن لەگەڵ فەمینیزمی فەڕەنسەوی لە ئارادا هەیە (کە دواتـر لە روانگەگەلی زۆربەی فەمینیستەکانی دیکەوە باسیان لێوە دەکەین). بۆ ئەوە کە جارێکی دیکە سـەرنجیان بـۆ جیـاوازی ژنانـە و بـە سـەرەکی کـردنی دیـاردەی ژنانەیی راکێشاوە. لەمەڕ ژنان بـە بایـەخی نگرانیگـەلی کۆمەڵایـەتی، ئـابووری و سیاسـی، نوخبـەخوازی فیکـری قوولـیش بـوونی هەیـە و لەمـەڕ ئـەم مەسـەلانە کەوتوونەتە توێژینەوە و تێـڕامان. واتـای پۆسـتمودێڕنیـستی فـەمینیزمی تـەواو هەروەها لە توێی گومان دایە. دژوارە کە لەوە بە شێوەی شـاخس یـان نیـشانگەر کەلکی لێ وەربگیرێ. تەنانەت هێندێ رەخنەگران ئەوەیان بە نیهیلیزمی دەرەکی و ئـــەفیونی «شــــیلەی تریــــاک» رۆشـــنبیران دانــــاوە. بێجگەلەمــــە، پێوەنــــدی پەساپێکهاتەخوازی و پێکهاتە شکێنی لەگەڵ پۆستمودێڕنیزم بابەتی لێدوانەکان و موناقشەگەلی تونـد بـووە. کۆمەڵـێک لـە بیرمەنـدان سـەرجەم ئەوانـە بـە چـاوی پۆســـتمودێــڕن ســـەیر دەکــەن، بــڕێکی دیکــە بــە پاســاودانەوەی پەســند، پەساپێکهاتەخوازی، پێکهاتە شکێنی و پۆستمودێڕنیزم لە یەک هاوێر دەکەن و بە کۆششگەلێکی جیا لە یەکی دەدەنە قەڵەم. ئەم خاڵە و خاڵەکانی دیکـە، وەرگـرتنی واتای فەمینیزمی پۆستمودێڕنی ئاستەنگ کردووە.

سەرەنجام ئەمەکە، لێدوانە تازەکان لەمەڕ فەمینیزم لە دەوری ناوەندی فیکری دایکایـەتی و پارێزگـاری لـە منـداڵان کۆبووەتـەوە. ئاسـەواری دەروونتۆژانـەی نانسی کوردوو و دواتر کارول گیلیکان لە سەرەتای دەیـەی ١٩٨٠ لەمـەڕ بـوونی

سیفاتی جیاوازی تاکی هۆگر ئەم گریمانەی هێنا ئاراوە کە چونکە ژنان لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای رەگەزییەت پەروەردەکراون (کە ژنان ئەرکی پارێزگاری لە منداڵیان بە ئەستۆیە) دەرەنجام خاوەنی روانگە ئەخلاقی جیاواز لەمەڕ جیهانن. بەتایبەت بە بۆچوونی گیلیگان، ژنان رێڕەوی «پارێزگارانە و ئاگالێبوانەیان» هەیە: ئەوانە کەسانخوازتر، مرۆڤدۆستتر، پەروەردەخوازتر و فیداکارترن. گیلیگان ئەم هەڵوێستەی لەگەڵ «ئەخلاقی پارێزگارانە» گرێبەست دەکا کە لەگەڵ «ئەخلاقی عەدالەتخوازانە»ی پیاوانە پێکەوە دەبەستێ.[٤٥] لەبەر ئەمە، ئەخلاق بۆ ژنان زۆرتر دەبەسرێتەوە بە ئاگالێبوون لە منداڵان و بەشداربوون لە بەرپرسایەتییەکان و پێوەندییەکانەوە تا ئەوەی کە وەدووی مافی و باشترین پرەنسیپ کەوتن، پێڕەوی لە میتۆد و سەرنجدان بە مافەکان عەدالەت کە لە تایبەتمەندییەکانی زانستی ئەخلاقی عەدالەتخوازانەن. نووسەرانی دیکە، وەکو سارا روودیک و. ی. ب. ئەشتاین لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژنان لە پلەی یەکەمدا بەرەنگار و. دەستەویەخەی پەروەردە و پاراستنی ژیانی منداڵنن؛ لەگەڵ ئەمەش، بەپێچەوانەی گیلیگان، وابیردەکەنەوە کە دۆزێکی ئەوتۆ دەتوانێ کاردانەوەیەکی مەزنی لەسەر تێهەڵچوونەوەی پێکهاتەی ژیانی گشتی هەبێت. روودیک و بەتایبەت ئەشتاین تەسەور دەکەن کە «دایکانێکی خاوەن ئەندێشە کە بەرپرسایەتی منداڵان و بنەماڵەکان رەزامەندی سەرەکی ئەوان پێکدێنێ دەتوانن بایەخە گشتییەکان لە بنەڕەتەوە بگۆڕن، تەنانەت دەتوانن «دەسەلاتی ئەخلاقی» بە دیبێنن کە لە پێناوی سیاسەتی سیلەی رۆحم و دلسۆزیدا بێ».[٤٦] ئەوانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم کارە بە شێوەی گشتی کاریگەرییەتی فراوانی لەسەر ئەندێشەی سیاسی هەیە.

ئەم لێدوانە تایبەتییە بووە هۆی دوو گۆڕانکاری. یەکەم رێنوێنی «فیکری دایکانە» بەتوندی بووە جێی نارەزامەندی روانگەی «فەمینیزمی مەدەنی». کتێبی ماری دیتیس لەوانەیە سیستماتیکترین ئاسەوار لەم بوارەدا بێ. ئەو هەڵوێستی سوننەتیتر و بە کردەوە هەڵوێستی فەمینیستی لیبرال پەسند دەکا و رێنوێنی دەکا کە ژنان و پیاوان بە شێوەی مەدەنی «دەتوانن دەست بکەن بە هاوکاری لەگەڵ

یەکتر... و بەناوی تاکە یەکسانەکان بە دادوەری لەمەڕ کار و گرفتەکان دەست بە کار بن کە بایەخی هاوبەشیان هەیە. لەو بابەتانەوە کە نیگەرانی هاوبەشی ئەوان دنە دەدا، بیر و را بگۆڕنەوە و بە شێوەی هاوئاهەنگ و هاوکاری لەگەڵ یەکتر هەنگاو هەڵگرن.[٤٧] دییتس ئەندێشەی فەمینیستی لیبرالی کۆمەڵایەتی سەرلەنوێ بەهێز دەکا و بە مەبەستی بەرامبەری دەیهێنێتە ئاراوە و دەرنجام نکولی لە جیاوازی ژن و پیاو دەکا. دووەمین بەرەو پێشچوونی هەڵوێستی فیکری دایکانەیە کە لە لایەن ئەشتاین و روودیکەوە هەڵبژێرا، «هەرچەند کە نە پێویستانە لە لایەن گیلیگان» کە جارجار ئەمڕۆکە ئەو «بە فەمینیزمی پارێزگاری لایەنگری بنەماڵە» ناودێر دەکەن.[٤٨] گروپەکانی تری بزاڤی فەمینیستی لەو گروپەی دوایی بە جۆرێکی پێویست داوای لێبووردنیان نەکرد، ئەوەیان بە رەوتێکی بەرەو دوا و بەرەو کلیشە دێرینەکان لەمەڕ جیاوازی ژنان لە بابەت دەورە رەگەزییەتەکانەوە دەزانن.[٤٩]

لەگەڵ جۆراوجۆری و زۆر بوونی ئەندێشەی فەمینیستی ناسینی تەواو و کەمالی هۆکارەکانی بزووتنەوەی فەمینیستی دژوارە. لەگەڵ ئەمەدا، تێگەیشتن و هەڵاواردنی بڕێک ناوەرِۆکی رەسمی بەربلاو کە کاکڵی هاوبەشی زۆرتری ئەندێشەکانی فەمینیستی پێکدێنێ، ئیمکانی هەیە. بەڵام وەڵام بەم ناوەرِۆکانەش خۆی بەتەواوی جۆراوجۆرە. ناوەرِۆکگەلێک کە لە پاشماوەی ئەم بەشەدا لەمەڕ ئەوانە لێدوان دەکەین بریتین لە: جنس و رەگەزییەت، جەوهەری زوڵم و پێڕەوی، بابەتی بەرامبەری جیاوازی، تایبەتی بە شێوەی سیاسی.

رەگەز و رەگەزایەتی

ئەم بەشە باس لە سوننەتیترین بابەتی سروشتی مرۆڤ دەکا. دەربارەی فەمینیزم. سروشتی مرۆڤ پێوەندی لەگەڵ یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی باسی ئیدئۆلۆژی هەیە و لەبەر ئەمە، دەبێ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەو نزیک بینەوە. زۆرجار گوتراوە کە فەمینیزم «هەلگری هیچ روانگەیەکی تایبەتی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ نییە».[٥٠] بەپێچەوانەی ئەم خاڵە، هێندێ لە نووسەرانی فەمینیست

راپۆرتگەلێکیان لەمەڕ سروشتی مرۆڤ خستووەتەڕوو کە لەگەڵ ئیدئۆلۆیییەکانی دیکەی وەک لیبرالیزم هاوبەشی هەیە. کەسانی دیکە زۆرتر نیگەرانی مەسەلەی پێوەندی نزیکایەتی رەگەزی و رەگەزییەت لەگەڵ سروشتی مرۆڤن. لەم بوارەدا بابەتی سروشت و خووی مرۆڤ شاراوە نییە، بەڵام برێک پێچراوەترە و تەئکید لەسەر ئەوە دژوارتر دەبێ.

مەسەلەی کارە رەگەزەکان و رەگەزایەتی وەکو لێدوانەکان لەمەڕ سروشت و بارهێنانە. بابەتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا سروشتی ژنان لە باری بیولۆژیکییەوە دیاریکراوە یان بە شێوەی کۆمەڵایەتی فۆرمی گرتووە. وەڵامی ئاسایی بەم پرسیارە ئەوەیە کە رەگەزایەتی بە شێوەی کۆمەڵایەتی و دەستکردی دروستکراوە ئێستا ئەوە کە کاری رەگەزی کارێکی بیولۆژیکییە. رۆڵگەلێکی دیاریکراو بۆ ژنان دەستنیشانکراوە، ئەو جۆرە کە دەڵێی ئەو رۆڵانە بە جۆری سروشتی و بیولۆژیکی پڕبەپێستی ئەوان بووە و بە بالایان بڕاوە. بەڵام لە راستیدا هیچ کام لەم رۆڵانە سروشتی نەبوون. دەروونناسی ژنان و پیاوان دەستنیشانیان کردووە. لەبەر ئەمە، ئەرکی فەمینیزم بە ئاگاکردنەوەی ژنان لەم راستەقینەیە.

ئەم رێنوێنییە تایبەتیانە دەکرێ بە شێوەی جیاواز لەلای فەمینیستە لیبرالەکانی وەکو ماری ولستۆن کرافت بە دەسبێ. یەکێک لە کێشە سەرەتاکانی ئەو ئەمە بوو کە نابێ بە شێوەی بوونەوەری رەگەزی بۆ ژنان بڕوانین بەڵکو زۆرتر دەبێ وەک بوونەوەری مرۆڤ بۆ ئەوان بڕوانن. واژەناسی لێرەدا برێک واژەگەلی رەگەزی و رەگەزایەتی جیاوازە، بەڵام بۆ هێندێ لە بەراوردەکان پێوەندی تەواو هەیە. ولستۆن کرافت واتای «جنس» بەکردەوە هاوکێش لەگەڵ رەگەزییەت بەکار دەبا، ئەگەرچی ئەمەشی گوتبوو کە تەنانەت لایەنی بیولۆژیکی ژنان بەڕاستی خاڵێکی گرنگ نییە بۆ جیاوازی. ئەو گوتوویە: «یەکەمین ئامانجی وەسفکردنی پیشەی نووسەری بە شێوەی بوونەوەری مرۆڤایەتی، چاوپۆشی لە جیاوازی رەگەزی»یە.[51] خاڵی گرنگ ئەوە بوو کە وێنەی بەرچاو و نیشانەی جیاوازی مرۆڤەکان لە یەکتر، بەپێچەوانەی «خولقێنەری گیانەوەری» شعووری مرۆڤایەتی

ئەوانە. لێرەدا رەگەزییەت بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. عەقڵ بە رادەی «وزەی باش بوون و باش مانەوە؛ یان بە جۆرێکی سەرراستتر، وزەی تێگەیشتنی راستەقینە بوو»[52] ئەو جۆرە کە ولستۆن کرافت دەیگوت: «کامڵبوون و تەکامولی سروشتی و توانایی ئێمە بۆ بەختەوەری دەبێ بە پێوارەی عەقڵی ئێمە بپێورێ».[53] لەبەر ئەمە، یەکەمین ئەرکی ژن بەدەستهێنانی شعور بوو. لە راستیدا کامڵبوونی عەقڵ لە سەرووی هەموو ئەرکەکانەوە بوو؛ چونکە «چۆن ژن دەیتوانی چاوەڕوان بێ کە لە کارەکاندا هاوبەشی پێبدرێ مەگەر ئەوەی کە بزانێ بۆ دەبێ داوێن‌پاک بێ؟»[54] لە راستیدا زۆرتر ئامانجی رێنوێنییەکانی ولستۆن کرافت، ژان ژاک رۆسۆ بوو. ئەو زۆرجار لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژە بە رۆسۆ دەکا. رۆسۆ لە ئاسەواری خۆیدا، کتێبی ئیمیل، لەسەر سروشتی رەگەزی ژنان تەئکیدی کردووە. ئەو لەمەڕ پێڕەوی پێوەند و هۆکاری هەوەسی ژنان بۆ پیاوان شی و پەرەی پێداوە. بێجگەلەمە، رۆسۆ لەگەڵ بەرامبەری ژنان لە باری سیستەمی سروشتی بنەماڵەوە دژایەتی کردووە و لەسەر جیاوازی رەگەزی پێی داگرتبوو. ژنان لەبەر سروشتی خۆیان لەبەرچاو و دەمی گشتیدا بە جۆرێکی نەگونجاو دەکەونەڕوو. بە بۆچوونی ولستۆن کرافت ئەم دۆزەی رۆسۆ لەمەڕ جیاوازی رەگەزی داهێنانێکی رووخێنەر و پڕمەترسی بوو.

ولستۆن کرافت هەروەها لەسەر بنەمای بوونی خودایەکی بەهۆش بۆ پشتگری لە باوەڕی خۆی دەربارەی سروشتی مرۆڤ دەست بە رێنوێنی دەکا. بەکورتی ئەوە کە ئەو دەڵێ خودایەکی بەهۆش بەپێی کردەوەی خۆی نابێ بەشێک لە تۆرەمەی مرۆڤی بێ‌عەقڵ خوڵقاندبێ. ریچارد پرایس، رێنوێنی دینی ئەو، گوتبووی هەموو مرۆڤەکان لە بەرامبەری خودادا یەکسان و بەرپرسن. لەبەر ئەمە، چۆن دەکرێ ژنان وەلابنرێ؟ بەپێی وتەی ولستۆن کرافت:

«بۆچی دەبێ سەرچاوەی پڕ بەرەکەتی حەیات هەر تەنیا بۆ تاڵکردنی ژیان هەوەسگەل و گەندەڵکاری و توانای فیکرکردنەوە بە ئێمە ببەخشێ و واتاگەلێکی لەڕێ لابەر ئیلهام لە پلە و پایە بە ئێمە بدا؟»[55]

ئەم ڕێنوێنییە، جگە لە ناوەڕۆکی خوداناسانەی ئەو، لە ناوەڕۆکی جۆراوجۆری جان ستوارت میلدا ڕەنگدانەوەی بووە. سروشتی ڕەگەزی ژنان مەکر و فێڵی کۆمەڵایەتییە. میل دەڵێ: «من ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە هەرکەس سروشتی دووجنس بزانێ یان بتوانێ بزانێ... ئەوەی کە ئێستا سروشتی ژن ناودێر دەکرێ تەواو و کەماڵ ڕواڵەتی و بەرهەمی زوڵمی زۆرداریییە».[٥٦] بە بۆچوونی میل، ئێمە بەتەواوی سەبارەت بە بارودۆخێک کە سروشتی مرۆڤایەتی لەودا فۆرم دەگرێ، نەزانین، لەڕاستیدا زۆرینەی پیاوان سەبارەت بە ژنان بەتەواوی ناشارەزان.[٥٧] میل دەڵێ؛ ناکرێ بڵێین کە ژنان کۆیلەتی خۆیان بە شێوەی کارێکی سروشتی قبووڵ دەکەن. ئەوان بۆ بەدەست هێنانی مافی دەنگدان، بەهرەمەندی لە فێرکردن و پەروەردە و شتگەلی دیکە خەبات و چالاکی دەکەن. هەمیشە ئەمە خووی ناپەسندی پیاوانە کە ژنانی لە وەها ئەسارەتێکدا ڕاگرتووە. ئەگەر ژنان بتوانن گەشە و پێشکەوتنیان ببێ، ئیتر هیچ بوارێک بۆ بە کەمزانینتری ئەوان لە ئارادا نامێنێ. بە بۆچوونی میل، بەم جۆرە ئازادی ژنان هەر تەنیا پێوەندی بە ماوەی زەمانەوە هەیە. هەر ئەو جۆرە کە کۆیلەکان، نۆکەرەکان و ڕەشپێستەکان ئازاد بوون ژنانیش ئازاد دەبن. بە وتەی ئەو «بەم جۆرە پێڕەوی و ئاڵقەلەگوێی کۆمەڵایەتی ژنان ڕاستییەکە جیا لە ڕێخراوگەلی کۆمەڵایەتی نوێیە».[٥٨]

بەپێی نووسراوە سەرەتاکانی مارکسیستی سروشتەکانی ژنان و پیاوان لەژێر کاریگەری کەش و هەوای مێژوویی و ئابووریدا فۆرم دەگرێ، ئەگەرچی کەش‌وهەوای تایبەتی دەتوانێ ڕۆڵگەلێکی جیاواز بەسەر دوورەگەزدا بسەپێنێ. ئەو جۆرە کە مارکس و ئینگلس لە کتێبی ئیدئۆلۆژی ئەڵمانیدا گوتوویانە: «یەکەمین بەشکردنی کاری نێوان ژنان و پیاوان بۆ پەروەردەی منداڵ ئەنجامی گرتووە».[٥٩] ئینگلس لە نووسراوەکانی دوایی خۆیدا ئەم باوەڕەی بەرفراوان کردەوە. بە بۆچوونی ئەو ریشەی ژنان و بنەماڵە لە بارودۆخی ئابووری ژیان دایە. هاوسەرێتی و مێرد کردن زۆرینەی ژنانی لە ڕاوەستەی کۆیلایەتی ناوماڵدا ڕاگیر کردووە. پیاو لە دەرەوەی ناوماڵ کار دەکا و هەقدەست وەردەگرێ و

خێزانەکەی لـە ماڵـەوە بـە کـارەوە سەرقاڵـە. بـەپێی نووسـراوەی ئینگلس: «لـە بنەماڵەدا، پیاو بورژوایە و ژن و پێناسەی پرۆلیتاریایە».[٦٠]

دژواری قسە کردن لەمەڕ سروشتی مرۆڤ لە روانگەی مارکسیزمەوە، گـۆڕان خوازی ئەوە. بەیانی سیفاتی گشتی و گۆڕان ناپەزێری خووی مرۆڤ لە رێنـوێنی مارکسیستدا دژوارە. لە روانگەی مارکسیزمدا خووی مرۆڤەکان پایەدار بـوو نییـە بەڵـکو لەگـەڵ کـەش و هـەوای مێـژوویـی دەگـۆڕدرێ. لـەم رووەوە فەمینیـستی مارکسیستی بنەڕەتێکی بۆچوونی قـایم بـۆ ئـەم ئیدعایـە پەیـدا دەکـا کـە زۆرتـر سروشتی رەگەزی/ رەگەزایەتی ژنان دەسـتکەوتی کـەش و هـەوای مێـژوویـی و ئابووری تایبەتی ژیانە. ئەم کارە پلـە و پایـە بـەم ئیدعایـە دەبەخـشێ کـە فـێڵ و فەرەجێک لە ئارادا بووە. لە لێکدانەوەی کۆتایدا دەبێ بەم دەرەنجامـە بگـەین کـە جیاوازیگەلێکی گرنگ لە نێوانی ژنان و پیاواندا بـوونی نییـە. لانی کـەم هـەر دوو رەگەز دەتوانن هەر دەورێک کە مەیلیان بێنێ، بیگێڕن.

بەپێچەوانەی دەرەنجامی بۆچوونی ناوبراو، زۆر لـە نووسـەرانی سـەرەتایی نێرینەی مارکسیست بەڕواڵەت دەوری زۆربـەی ژنانیـان لـە کـارە ناوماڵـییەکاندا قبووڵ کردووە. فەمینیستە سۆسیالیستەکان لـە کۆتـایی دەیـەی ١٩٦٠ رەخنـەیان لەم روانگەیە دەگرت. دەرەنجام، ئەوان لێکدانەوەی خۆیان دەربارەی بەشـکردنی کار، کێشایانە پانتای بنەماڵەوە. ئەوان هێندێ لە لایەنگەلی لێکدانـەوەی رادیکاڵـیان قبـووڵ کـردووە، واتـە ئەمـە کـە بێجگەلـە بـارودۆخی مێـژوویـی و ئـابووری، لایەنگەلێکی بیولۆژیکی و دەروونیش لە سوود وەرگرتن لە ژنان بوونی هەیە. ئەو جۆرە کە نووسەرێک بەڵگەی هێناوەتەوە، مارکسیزمی سوننەتی بـە بۆچـوونێکی مامناوەندی گەیوە کە لەودا «جیاوازییە ناتایبەتییەکانی بیولـۆژیکی نێـوان ژنـان و پیاوان بەو مانایە کە هەرگیز ناتوانرێ دابەشکردنی رەگەزی کار بە شێوەی تەواو پاکتاو بکرێ».[٦١]

داهاتووی سروشتی مرۆڤ لە فەمینیزمی سۆسیالیستی نوێتردا کەم و زۆر بێ جیاوازی رەگـەز و رەگـەزایـەتی. ئەمـە لـە راسـتیدا نـاوەڕۆکی مـەنتقی بەڵـگەی سەرەکی مارکسیستییە. لەبەر ئەمە، هەڵبژاردەی زۆربەی فەمینیستە سۆسیالیستە

نوێکان ئەمەیە کە «ژن و (پیاو) ئیتر بە ناوی بوونەوەرێک مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە فۆرمی گرتووە و دروستکراوە»[٦٢] ئەگەر تەکنۆلۆژی هەتا ئەو جێیە بچێتەپێش کە ژنان بتوانن لە زگ کردن و منداڵبوون بێخەیاڵ بن، ئەم پرۆژە دەچێتەسەر.

زۆر لە پرەنسیپە جۆراوجۆرەکانی رادیکاڵیزم کە لە رێنێونی رەگەز/ رەگەزایەتی لێبڕاوانە و بەتەواوی کەلک وەردەگرن، هەم بەتوندی دەکەونە بەر پەلاماری رەخنەی مارکسیستە سۆسیالیستەکان و هەم لیبراڵەکان. ئەو جۆرە کە نووسەرێک بەناوی کاترین مەکینوون گوتوویە:

رادیکاڵیزم بەسەر مارکسیزمدا سوارە نەو ئەو جۆرە کە مارکسیزم بەسەر ئابووری سیاسی کلاسیکدا سوارە: چ دەرەنجامی کۆتایی ئەو و چ رەخنە لەو. لە بەراورد لەگەڵ مارکسیزمدا، پێگەی ئەندێشە و شتەکان لە میتۆد و لە راستی سەر و بن کەوتوون و ئەمە لەسەر مەسەلەی چاو و شعوور و روانگە کردار ریشەی داکوتاوە. فەمینیزم، لە جووڵانەوەیەکی دوو لایەن، مارکسیزم سەراوبن دەکا و ئەو لەسەر سەری رادەگرێ.[٦٣]

سۆسیالیزمی مارکسیستی لە تۆژینەوەی خۆیدا هەمیشە لەسەر جۆرێک میتۆد راوەستەی کردووە کە مەکینوون ئەوەی بە ماتریالیزمی دیالکتیک زانیوە. فەمینیزمی رەسەن «کە مەبەستی مەکینوون لێرەدا فەمینیزمی رادیکاڵە» بە نۆرەی خۆی، ئاکارگەلێکی زۆر جیاواز لە باری پێکهێنانەوە زانیاری بووە کە ئەم خانمە ئەوە بە «تاوتوێکردنی کۆی دروستکراوەی مانای ئەزموونی کۆمەڵایەتی ژن» وەسف دەکا.[٦٤] لەبەر ئەمە دەڵێ ئەم دوو ئاکارە لە بنەڕەتەوە ئاشتی هەڵنەگر و ناسازگارن.

برێک پایەداری دەربارەی مەسەلەی سروشتی مرۆڤ و بابەتی رەگەز و رەگەزایەتی لە ئارادا هەیە هەتا ببێتە هۆکارێکی زۆرتر بۆ متمانە کردن بە لێکدانەوەی رادیکاڵ. یەکەم بەیان لەم بوارەدا لە نووسراوەکانی سیمۆن دوبووواردا باسکراوە.[٦٥] ئەو زۆر لە راپۆرتەکانی بیولۆژیکی و ماتریالیستی مێژوویی قبووڵ نییە. بە بۆچوونی بووار، ژنان لە بنەڕەتەوە سروشتێکی

یەکسانیان لەگەڵ پیاوان هەیە. بەڵام ڕاستییەکی گرنگ، واتە لەشی ئەوان، بووەتە لەمپەر و ئەوانی کێشاوەتەوە ژێر باری کۆیلایەتییەوە. لەش چارەنووسسازی جەوهەری ڕاستەقینەی ژنان نییە، بەڵکو زۆرتر دەربڕی ئاشکراکردنی مێژووی ئەوانە. بووار سەرەڕای ئەمە کە هۆگرییەکی ئەوتۆی بە بزاڤی فەمینیستی نییە، زۆر گەشبینانە لە داهاتووی ژنان دەڕوانێ. لەگەڵ زۆر بوونی کەرەسەی لەبار بردن، کۆنترۆڵی کارتێکەر زاین و زۆر بوون و پەرە گرتنی تاکهاوسەری، ژنان پلەپلە کۆنترۆڵی لەشی خۆیان بە دەستەوە دەگرن و تێکەڵ بە پلانە کەلتوورییەکانی پیاوان دەبن. دایکایەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر چارەنووسی ژناندا لە کیس دەدا. ئەو جۆرە کە بووار دەنووسێ: «ئەمە ڕاستییەکە کە هەموو ئێمە بوونەوەری مرۆڤایەتین، لە ڕادەبەدەر گرنگتر لە گشت تایبەتمەندییەکانە کە بوونەوەری مرۆڤایەتی لە یەکتر جیا دەکاتەوە».[٦٦] بڕێک لە ڕادیکاڵە دواکەوتووەکان لێکدانەوەی بووار یان بێ ناوەڕۆک لە زانیاری سەبارەت بە ناخی پیاوسالاری و جەوهەری زوڵمێک دەزانن کە بەسەر ژنان دێ.

هەڵوێستی بووار، لێکچوونی لەگەڵ هەندێ لە ڕێنوێنیگەلی لیبرالی سەرەتایی هەیە (ئەگەرچی لە باری قالبی فەلسەفییەوە بەتەواوی جیاوازە، کە هەڵقوڵاوە لە پێویستی ئەو بە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیستی سارترە) باشترە لەگەڵ یەکێک لە ڕادیکاڵەکانی سەرەتایی واتە خانمی شولامیت فایرستۆن بەراورد بکرێ. فایرستون لە کتێبی دیالکتیکی ڕەگەزایەتی وەکو بووار بەڵگە دێنێتەوە کە پیاوان و ژنان بەڕاستی جیاوازیان زۆرە بەپێی بۆچوونی فایرستون، وەکو بووار بە بەیانی هاوڕێ لەگەڵ واژەگەلی بەهێزتر، ئەمە بیولۆژی ژنان کە «چینی ڕەگەزایەتی» ئەوان دەستنیشان دەکا (فایرستون واژەی نوێی «چینی ڕەگەزی» بە ئیلهام لە لێکدانەوەی مارکسیستی بەکاربردووە)[٦٧] چینی ڕەگەزی ریشەی لە بنەماڵەدا هەیە کە ژنان و منداڵان لە یەدی دەسەڵاتی پیاوان دان. جیاوازیگەلێکی پەیوەندی بە زاینەوە لە باری بیولۆژیکییەوە سەر لە دابەشکردنی کاری ڕەگەزی دەردێنێ. فایرستون تکنۆلۆژیگەلی نوێ بە هۆکاری ئازادی ژنان دەزانێ. ئەم داهێنانانە زۆر بەرفراوانتر لەوەن کە بووار پێشبینی کردبوو. پێوەندی دەستکرد،

منداڵە ئەزموونخانەکان، سیرنتیکی ناوماڵ، ژنان و منداڵان لە بەندی بیولۆژیکی ڕزگار دەبن. فایرستۆن دەڵێ بە بەرەو پێشچوونی زانستی پزیشکی لەوانەیە ئەمە کە جنین لە منداڵدانە دەستکردەکانی پیاواندا هەڵبگیرێ و ئیمکانی شیرایی ئەوان پێکدێ؛ لەبەر ئەمە، لە داهاتوویەکی نزیکدا کە دوو ڕەگەزایەتی هەم بۆ پیاوان و ژنان یەکسان دەبێ ڕەگەز و ڕەگەزایەتی واتای ئەمڕۆی خۆی لە دەس دەدا.[٦٨]

بینینەکان و ڕوانگەگەلی دەروونی ڕادیکالیزم جێی ئەم قۆناخە سەرەتاییەیان گرتووەتەوە. ئامانجێکی دووڕەگەزایەتی مومکین بوو دۆزێکی بەبایەخ بۆ چالاکی و خەبات بێ. بەڵام ڕەگەزییەت سەرچاوەی مەسەلەگەلێکی زۆرە کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ بەتایبەت مەسەلەی چەوساندنەوەی باوکسالارانە و پیاوسالارانە. بێجگەلە، لایەنگەلێک لە سروشتی نێرینە بوونی هەیە کە بۆ ڕادیکاڵەکانی قێزەونە. بۆ وێنە مایل بوونی زیادەڕەوی بە تێکەڵی ڕەگەزی، توندوتیژی و ئامادە بوون بۆ دەستدرێژی ڕەگەزی. لەڕاستیدا هێندێ لە ڕادیکاڵەکان دەستدرێژی ڕەگەزی بە لایەنی پێناسەکەر و دیاریکەری نێرینە بوون و پیاوسالاری دەزانن.[٦٩] ئەو جۆرە کە رووبین مورگان دەڵێ: «دەستدرێژی بە تاکی ژن دزە کردنێکە بۆ ئەمە کە پیاوان بە زۆر خۆیان بە جێی هەموو نەتەوە دابنێن.[٧٠] ڕێنوێنی کراوە کە ژنان نابێ لە ئارەزووی تێکەڵبوون لەگەڵ ئەم لایەنە پیاوانانە لە داهاتووی دووڕەگەزایەتیدا بن.

بەم جۆرە فەمینیستە ڕادیکاڵەکان هێورهێور لە دووڕەگەزایەتییەوە بەرەو ڕەخنەگرتن لە «سروشتی پیاوانە» و شێوەیەک کە پیاوان تێدەکۆشن ڕەگەزی مێوینە پێناسە بکەن، کێشراون. ئەم ڕەخنە هەم لایەنی نیگەتیڤی بوو و هەم لایەنی موسبەت. لایەنی نیگەتیڤی هەڵگری ڕەخنە لە سروشتی نێرینە و پیاوانە بە شێوەی سەرچاوەی زۆربەی گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و نێونەتەوایەتییەکانە. بە بۆچوونی ئاندرا دووکین، نێرینە بوون خۆی لە خۆیدا پێناسەی مەرگ، توندوتیژی و وێرانگەرییە.[٧١] لەم خوێندنەوەدا، ژنان هەمیشە قوربانین. خەبەرنامەی پڕۆپاگەندەیی بەرفراوان لەمەڕ دەستدرێژی ڕەگەزی، جەوهەر و

بینینی ئاسەواری بێبایەخ، خراپ کەلک وەرگرتن لە ژنان لە ژن و مێردایەتیدا، بە نما و بیچمی ئەم خاڵە زۆر بووە، ئەگەرچی دیسان لەم دواییانەدا لەم جۆرە بینینە لەبەر «بنەمایی کردن»ی سروشتی ژنان رەخنە گیراوە.[٧٢] لە لایەنی موسبەتەوە سروشت و سیفاتی ژنانە لە باری ئاکار و مەعنەوییەوە پلەبەرزتر تەسەور کراوە و دەرەنجام بە «لێکدانەوەی ژنمەداری» تەواو دەبێ.

لێکدانەوەی ژنداری مومکینە شێوەی جیاوازی ببێ. بڕێک نووسەر بە لایەنگەلێک لە تایبەتمەندی رەگەزی مێوینە ئاماژە دەکەن کە پێشەکی بەشی رازەکان یان لەمپەرەکانی ژیانی ژنان بەدرایە قەڵەم، وەکو نەریتی مانگانەی ژنان «حەیز» هەستی دایکایەتی و بیری دایکانە.

دواتر «بیری دایکانە» لە نووسراوەکانی ئەلشتاین، سارا روودیک و کارول گیلیگان لایەنی پلەبەرزی بەدەستهێناوە، ئەگەرچی بیرمەندی ئاخر لەسەر کاریگەرییەتی بیری دایکانە لەسەر هەرێمی گشتی تەئکیدی نەکردووە. روانگەکانی روودیک و ئەلشتاین تاوانبارکراون کە بینینی لایەنگری بنەماڵەی پارێزگاریان بەرز نرخاندووە کە ژنان بە قار و دەروونی ناوماڵدا دەباتە خوارێ. لە لێدوانەکانی دواییدا، رێنوێنی لەمەڕ بیری دایکانە، لە حوکمی شێوازی رەخنەیی بە جۆری بیری پیاوانە، هەتا رادەیەک چزووی ژاری خۆی لە دەستداوە. بە دۆزی ژنان بایەخی حەیاتی پێ دراوە، بەڵام ئەوەیان راستەوخۆ بە جێنشینی پیاوانە نەزانیوە. ئەگەرچی ئەلشتاین دەڵێ ئەم سیفاتی پەروەردەی ژنانە هەر ئەو جۆرە کە لە بنەماڵەدا رەنگدەداتەوە دەبێ لە پانتای گشتیشدا رەنگ بداتەوە.

نووسەرانی دیکە لەم بینینە بە شێوەی ئامێر و دروشمی کەلتووری رادیکاڵی سوودیان بردووە؛ ئەو جۆرە کە جین ئالپرێت دەنووسێ:

کەلتووری ژنانە دارژاو لەسەر باشترین و بەهێزترین سیفاتێکە کە لە ژناندا بوونی هەیە، هەر کە بمانەوێ دەستپێبکەین و خۆمان لە پلەی ژن پێناسە بکەین، سیفاتی ناوبراو سیفاتێکن کە دایکێک لە باشترین جۆری پێوەندی پەروەردەیی لەگەڵ منداڵێک لە خۆی نیشان دەدا: هاودڵی، هەستی دەروونی و بەرچاوی، هەستی پشتگری کردن لەم و لەو، توانایی وەڵامی دلۆڤانانە و عەقلانی.[٧٣]

مری دیلی، بەم فەمینیزمە رادیکالە کەلتوورییە تەئکید دەکا کە ژنان و کەلتووری ئەوان هەم جیاوازن لەگەڵ پیاوان لە باری کەلتوورییەوە لەسەرووی ئەوانەوەن. ئەم جیاوازییە لەگشت سەبکی ژیان و ئەندێشەی ژناندا رەنگ دەداتەوە. فەمینیستە پۆستمودێرنیستەکان و پەساپێکهاتەخواز دەیانەوێ لەگەڵ رووبەڕووە خەیاڵییەکان واژەگەلی زماناسی وەک نێرینە و مێوینە دژایەتی بکەن. سیفاتێک کە ئێمە بەوانی پەیوەند دەدەین، رەنگە لە راستیدا لە لایەن هەر دوو رەگەزەوە قبوول بکرێن. بەم شێوە، گشت لێداونەکان رەنگە خەیاڵێکی پەیوەندیدار بە مانای بەیان بێ.

رادیکالە نوێیەکانی دیکە، جگە لە پۆستمودێرنیستەکان، بەدڵنیاییەوە دەڵێن «بیری فەمینیستی» دەبێ بە شێوەی نوێ لە شوناسناسیدا لەبەر و زانستییە سروشتییەکان بەرین و بەرفراوان بکرێتەوە. ئەم لایەنە لە رادیکالیزم زەمانێک بە شێوەی مەکتەبێکی جیاواز بە ناوی «فەمینیزمی رادیکالی روانگەیی» هەڵبژێراوە و خوێنراوەتەوە.[74] بۆچوونی روانگەیی وەکو پۆستمودێرنیزم یان پەساپێکهاتەخوازی، بە واتاگەلی بەرچاو لە زانستەکان، عەقڵانی و مەنتق لە ئەندێشەی رۆژاوا هێرش دەبا. ئەم شێوە ئەم پرسیارەی لێ دەکەوێتەوە کە ئایا «گشت پرۆژەی وتارێکی مەنتقی و عەقڵی و زانستی لەبنەڕەتدا نابێ بەشێکی پیاوانە بزانرێ»[75] گوتوویانە کە ئەندێشەی پیاوانە و بە میتۆدگەلێکی دیاریکراو کار دەکا: بۆ وێنە جیاکردنەوەی واتایەکی زێهنی و مادە، خۆ و کەسێکی دیکە، عەقڵ و هەست. دەرەنجام نووسەرانێکی وەکو ئاردین رایک، کاترین مەکینون جودایی و دوورکەوتنەوەیە کە لەگەڵ مەیلی پیاوانە بە سەربەخۆیی بەرامبەری هەیە.[76] بەم حاڵەوە بەپێچەوانەی پۆستمودێرنیزم و پەساپێکهاتەخوازی جارێک، بۆچوونی روانگەیی نیسبەتخوازی رەت دەکاتەوە و شوناسناسی بەناوی شوناسناسی ژنانەیی بەرچاوی لە پێشتر پێناسە دەکا. لە راستیدا هێندێ رێنوێنی دەکەن کە کەلتووری رۆژئاوا داماوە و بە وەها شێوازێکی بیری نوێ نیازی هەیە.[77]

جەوهەری زوڵم و پیڕەوی

لێکدانەوەی زوڵم پیڕەوی هەمان پلانی ڕێنوێنییەیە کە لە بەشی پێشووی ئەم فەسڵە باسیکرا. ڕوانگەی فەمینیستی لیبراڵ سەرنجی خۆی خستووەتە سەر عەدالەت، بەرامبەر و مافەکان. بە بۆچوونی ماری ولستۆن کرافت سەرچاوەی زوڵم ئاشکرا بوو. ئەو گوتوویە:

ژنان لە هەموو جێیەک... لە بارودۆخێکی ئاستەنگدا ژیان بەسەر دەبەن، چونکە حەقیقەت بۆ پاراستنی بێتاوانی و بێدەسەلاتی خۆی، لە دوای ئەوانەوە خۆی حەشار داوە و ئەوان وا دروستکراون کە خووی خۆنواندن لە بەرامبەر تواناییەکانی خۆیاندا و هەر چەشنە دەسەلاتێک کە بە دەستیان هێناوە، بیانبێ. هەر لە منداڵییەوە ئەوان بەوە فێرکراون کە جوانی تاقانە چەک و گورزی ئاسنینی پاشایی ژنە، فام و شعووری ئەو لە وزەی بازنەیی جسمی ئەودا فۆرم دەگرێ و لە نێو ڕکەی زێڕینی خۆیدا بێوچان دەخولێتەوە و ئەو بەندە ڕووگەیە بۆ ئەو دەیپەرستێ.[78]

ژنان لە کەرەسەی پەرەگرتن و بەرەو پێشچوونی عەقڵی خۆیان بێبەش و تەریککراون. ڕەگەزایەتی و خووی ژنان بەرهەمی فێرکردن و پەروەردەی ئەوان بوو. پیاوان چاوەڕوانیان لە ژنان کە منداڵیان ببێ، کابانی ماڵ بن و داوێنپاکانە ڕەفتار بکەن، بەڵام ئەم کارانە تەنیا کاتێک دەتوانرێ ئەنجام بدرێ کە عەقڵ پەروەردە کرابێ. ولستۆن کرافت سکالای لەوە هەیە کە پیاوان لەم بوارەدا بەتەواوی گەوجانە کردەوەیان نیشان داوە. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە ژنان بوونەوەرێکی خاوەن شەرەف و نەجیب بن، بەڵام تێکۆشاون تاکو ئەوان لە مافی بەرەو پێشچوون و پەروەردەی مەنتقی و عاقڵانە دوورەپەرێز ڕابگرن. پیاوان بەڵگە دێننەوە کە ژنان بەپێی سروشتی خۆیان توانایی بەهرەمەندبوونیان لە فێرکردن و پەروەردەدا نییە و هەوڵ دەدەن تاکو ئەوان لەم بەخششە بێبەش بکەن. ژنانی نەخوێندەوار وەکو سەربازانێک وان کە لە ئارتەشێکی قەتیس لە نەزانی کوێردا ڕاگیر بکرێن و هەر تەنیا داوای فەرمانبەریان لێ بکرێ. وەها زێهنییەتێک هەر تەنیا بۆ سەرەڕۆیەک کێشش و گیرایی هەیە.[79] بەم شێوە

سەرچاوەی زوڵم لەسەر ژنان، بێبەشکردنی ئەوان لە مافەکان و بەتایبەت مافی خوێندەواری و پەروەردەی عەقڵ بوو.

لە کۆتاییدا وەها پەروەردەیەک دەیتوانی کۆمەڵێک لە ژنان بە بەشداربوونیان لە کاری پیشەیی و بازرگانی لە خۆ بگرێ. لەبەر ئەمە، ئامانجی کتێبی ولستۆن کرافت بۆ قەناعەت گەیاندنی مەنتقی پیاوان بوو کە تێبگەن و مافەکانی ژنان پێشکەش بەوان بکەن.

بە بۆچوونی جان ستوارت میل ریشەگەلی زوڵم لەسەر ژنان، کۆمەڵێک هۆکاری گەندەڵ و قێزەون لە پیاوان دایە. میل، وەکو بێنتام، روانگەی مافە سروشتییەکانی رەتدەکردەوە، ئەگەرچی لەگەڵ مافە یاساییەکانی ژنان دژایەتی نەبوو. پیاوان لە نەزانییەکی تەواودا کێشەیان لەسەر ئەوە بوو کە ژنان بەپێی سروشت لە پیاوان نەویترن. بەم حاڵەوە، میل وەکو ولستۆن کرافت دەیگوت: «ئەوەی کە ژنان بەپێی سروشت ناتوانن بەرێوەی بەرن، بێسوودە کە بۆ ئەوان قەدەغە بێ».[80] پیاوان بۆ پاساو دانەوەی زوڵمی خۆیان هانا دەبەنە بەر داب و نەریت، بەڵام سەڵتەنەتی نەگۆڕی و کۆیلایەتی رەشپێستەکانیش چنگیان هەر لەم دۆزە گیر کردبوو. لەبەر ئەمە، ئێمە دەبێ لە بەرامبەر وەها واتاگەلێک و تەسەوراتێکی گشتیدا، بە گومان و رەشبین بین. ژنان توانایی خوێندەواری و بەرەو پێشبردنی پرۆژەگەلی ژیانی خۆیان هەیە، دیسان ستوارت میل بە رەتکردنەوە برێک لە ئاستەنگییە یاساییەکان و فێرکردنی بۆ ژنان تێهەڵدەچنەوە تاکو رێگا بۆ بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی هەموار بێ. ئەو جۆرە کە گوتوویەتی:

پرەنسیپێک کە میزانکردنی پێوەندی کۆمەڵگەی ئێستەی نێوان رەگەزی بە ئەستۆیە ـ پێرەوی یاسای رەگەزێک لە رەگەزێکی دیکە ـ خۆی لە خۆیدا نادروستەو هەنووکە یەکێک لە لەمپەرە سەرەکییە پێشکەوتووەکانی مرۆڤایەتی دەدرێتە قەڵەم، ئەم پرەنسیپە دەبێ جێی خۆی بدا بە پرەنسیپی تەواو یەکسانی ئەو جۆرە کە نە رەگەزێک تەواو خاوەن دەسەلات بێ و نە رەگەزێکی دیکە بێدەسەلات.[81]

مارکس له یەکێک له مقاله سەرەتاییەکانی خۆیدا به ناو «دەربارەی مەسەلەی جوولەکە»، وەکو ستوارت میل، روانگەی مافە سروشتییەکانی بە رەتکراوە دەزانی. لەگەڵ ئەمەدا، ئەم کاری بۆ داپۆشینی بەرژەوەندی خاوەندارێتی بورژوایی دەدایە قەڵەم. زوڵم دەستکەوتی بوونی چین و پێوەندی ئابووری ناخی سیستەمی سەرمایەدارییە. ریشەی لەسەر ژنان، مەنتقی نامرۆڤانەی دژی سەرمایەدارییە. بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەتی، دابەشکردنی کار، کار لە ناوماڵ و دۆخی ژنان بەرهەمی کەش و هەوای مێژوویی و ئابوورین کە بەردی بناخەی بێعەداڵەتی یاسایی و سیاسی پێکدێنێ. ئێنگلیز لەمەڕ سەرچاوەی هاوسەرگیری تاکهاوسەری دەنووسێ:

«ئەمە یەکەم بیچمی بنەماڵە بوو کە نەک بەپێی بارودۆخی سروشتی بەڵکو لەسەر بنەمای بارودۆخی ئابووری، واتە زاڵبوونی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر خاوەندارێتی رەسەن و سروشتی هاوبەشیدا بۆو».[٨٢] بە بۆچوونی ئێنگلیس یەکەم شێوەی چەوسانەوە دەکرێ لە بنەماڵەدا ببینرێ، واتە خۆشگوزەرانی پیاوان بە زوڵم لەسەر ژنان دابین دەکرێ. زۆرینەی ژنان نەک لەبەر عەشق، بەڵکو بە دەلیلی پاڵپشتی ئابووری لەگەڵ پیاوان ژنان دەکەن. شەوقەی بەناوبانگی ئێنگلیس لە هاوسەرگیری بورژوایی کە ئەوە ناو دەنێ گەندەڵکاری یاسایی، هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.[٨٣]

لە روانگەی گەلێک لە فەمینیستە رادیکاڵەکان و سۆسیالیستەوە، بنەڕەتی شعووری زوڵم لە واژەی باوکسالاریدا شاراوەتەوە. ئەم واژە «پێکهاتەی سیاسی جێی پشتگری پیاوانە».[٨٤] بناخەی ئەم زوڵمە لەسەر ژنان لە مافە یاساییەکان و کۆمەڵگەیان جەبری ئابووریدا نابینێ، بەڵکو زۆرتر ئەوە بە خاوەنی ریشەگەلی دەروونییەکی قووڵ لە دەروونناسی، بیرکردنەوە و زمانی پیاوانەدا گومان دەکرێ. باوکسالاری لەسەر جۆری کرداری نێرینە پێدادەگرێ.

لەم رووەوە، ئەم مەیلە دەکرێ بە دەروونناسی، زمانناسی و بیولۆژیکی بزانرێ. دەکرێ ئەم شێوە رەفتارە نێرینانە تەواو و کەماڵ لەگەڵ رەگەزی پیاوانە

لـه تـەرازوو بخـرێ؛ هـەروەها مومكینـە لـەو سـیفاتەوە هاتبـێ كـە لـە بـاری بۆچوونییەوە لە هەر دوو رەگەز رەنگ بداتەوە.

لێرەدا فەمینیستە سۆسیالیستە نوێكان خۆیـان لـە دۆخێكـی نالـەباردا دەبیـنن. ئەوان لەگەڵ راڤەكردنی باوكسالاری تێكۆشـاون و لـە لایەكـەوە لەسـەر لایـەنی ئابووری كە لەباری مێژووییـەوە هەڵگری گۆڕانكارییـە، سـەرپۆش دابنـێین و لـە لایـەكی دیكـەوە، لەسـەر كۆمـاكۆی كێـشە گـشتییەكانی رادیكالـی بیولـۆژیكی، زماننناسی و دەروونناسی تەئكید دەكەن. بە بۆچـوونی سۆسیالیـستەكان «ئەمـرۆ لە پێشبوونـی پیاوانە و سەرمایەداری، پێوەندی سەرەكی چارەنووسـسازی زوڵـم لەسەر ژنـان پێكـدێنن».[85] ماركـسیزمی سـوننەتی «كـوێرجنس» ناسـراوە، بـەڵام رادیكاڵـەكانیش تووشـی تـاوانێكی ئـەوتۆ بـوون و تاوانبـاركراون بـە «كـوێری مێژوویی». واتە ئەمە كە لە بناخەی مێژووی و ماددی باوكسالاری خافڵ ماون.[86] ماركسیزمی سوننەتی لە شوناسـی شـێوازەكانی زوڵـمێك كـە ژنـان لـەوە ئـازار دەبینن، تێكشكا. لە راستیدا ئەم زوڵمە بـەر لەسـەرمایەداری بـوونی بـوو و پـاش ئـەویش هـەر بەردەوامـە و دەسـتكەوتی زاینـەوە ژنـان بنەماڵـەیە. ماركسیـستە سوننەتییەكان لەگەڵ سەرنج و تێڕامانی لەرادەبـەدەر لەسـەر پیـشەسازی مـەزن پێوارە لە لێكدانەوەی ئەم مەسەلە كە ژنان كرێكاری ناوماڵن. ناكام مانەوە (چونكە پرۆلیتارییایان هەر لە دەروونی پیشەسازیدا دەدی). ئەوان هەروەها لەسـەرنجدان بە بەرژەوەندییەک كە لەم كارە ناوماڵیە بە دەستدێ، ناكام بوون.

لەبەر ئەمە، فەمینیستە سۆسیالیستەكان تێكۆشاون زانیاری ئێمە سـەبارەت بـە بەشكردنی كار و زوڵم لەسەر ژنان بەرفراوانتر بكەنەوە و سـەرنجی ئێمـە بـەرەو پێوەندگەلی حەیاتی نێوان زاینەوە دروستكردن، و لەبەر ئەمە بە رۆڵی بنەماڵـە لـە سیستەمی سەرمایەداریدا، رابكێشن. لەم بارەوە فام لە خۆبێگانـە بـوونی ژنـان و زوڵمێك كە قبووڵی دەكەن، قووڵتر بۆوە. بـاوكسـالاری تێكـەڵاوێك لـە هۆكـاری ئابووری رەگەزیە. سەرمایەداری لـە نـاخی بـاوكسـالاری و لەپـەنای ئـەودا كـار دەكا. بەم جۆرە زوڵـم لەسـەر ژنـان قووڵـتر لەوەیـە كـە ماركـسیزمی سـوننەتی هێناویەتە ئاراوە. باوكسالاری بناخەی ماددی هەیە.

واکونـشێکی زۆر لـە رادیکاڵـەکان لـە بەرامبـەری ئـەم لێکدانـەوەدا هەڵـگری پێشبینییە. زوڵم لەسەر ژنان لە بیولۆژی و دەروونناسی پیاوانـەدا ریـشەی هەیـە. هێندێ ئەم زوڵمە بە دیاری واتای نێرینە بوون دەزانن کە ریشەی لە توندوتیژی و دەمشـڕیدا هەیـە کۆمەڵـێکی دیکـە، ریـشەی توندوتیژی و زاڵـبوو لـە زمـان، بـیر کردنەوە و کرداری پیاوانە دەبینن. فەمینیزمی فەڕانـسەوی سـەرنجی خـۆی بـەم پانتایەی دوایی کە دەبێتە «داربەدەست و کوتـەکهەڵـسووڕێن» دابـوو. رێـڕەوی دەروون تۆژانەتر، لـە ئاسـەواری نووسـەرانێکی وەکـو کیـت میلـت، لەسـەر ئـەم باوەڕەیە کە دەوری رەگەزایەتی لە لایەن بنەماڵەوە لە منداڵاندا پەروەردە دەدرێن و زۆر جار مەزەب دیرۆک و فێرکردن و پەروەردە گوڕ و تین بەوان دەبەخشێ. ئەم کارە لانیکەم ئەم هیوایەی بەدیهێناوە کە پیاوانیش زۆر جار لەم بابەتەوە بار بـێن و لـە داهـاتوودا بینینگـەلێکی شـیاوی پەسـندتر بـەدەس بێـنن. لـە روانگـەی ئاریگاری، سیشوو و کریستۆڤا ژنانیش لەگەڵ پەروەردەی شێوازەکانی زمـانی و نووسراوەیی خۆ دەرمان دەبن.

بەرامبەری و جیاوازی

دۆزی بەرامبـەریـش لەسـەرجەم بزاڤـەکانی فەمینیـستی تەنینەوەگـەلێکی سەرەکی بەدیهێناوە. بەپێچەوانەی ئەمە کە وەک یەکبوون لـە روانگـە فەمینیـستی لیبراڵـەوە بایـەخێکی زۆر بـاڵای هەیـە، فەمینیـستی مارکسیـستەکان بـە چـاوێکی گوماناوییەوە سەیری دەکەن. برێک لە رادیکاڵەکانیش لەمـەڕ یەکسانی بـەش بـە حاڵیخۆیان گومانگەلێکیان هەیە و ئەوە بە میتۆدێک بو گۆڕینی حاڵـەتە ژنانـەکانی لە حاڵەتە پیاوانەکاندا دەزانن. هەڵبەتە مومکینـە ئەمـە جیـاواز یـان بەرامبـەر بـێ، بەڵام لە هێندێ شوێندا فەمینیستەکان بەڵگەیان هێناوەتەوە کـە مایـل بـە بەرامبـەر بوون لەگەڵ پیاو نین چونکە ژنان بەپێی سروشتی خۆیان پلەبەرزتر لە پیاوانن کە دەرەنجام هێندێ لە فەمینیستە ئەمریکاییەکانی وەکو بـتی فریـدن ئـەم رووداوەی بە «تەعەسوبی رەگـەزیـەت پەرسـتی ژنانـە» نـاو نـاوە. لەبـەر ئەمـە، مەسـەلەی سەرەکی باوەڕی بەرامبەری و جیاوازی سـەر لـەم پرسـیارە دەردێنـێ کـە: ئایـا

ئامانجی فەمینیزم دەبێ یەکسانی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ، یان ئەمە کە ژنان یەکسان بوون لەگەڵ پیاوان رەت دەکەنەوە و لەسەر جیاوازییەکانی خۆیان پێداگرن؟ لە ساڵەکانی دواییدا مەسەلەگەلێکی زۆر لەمەڕ شاراوەی واتای «جیاواز» و ئایا ئەمە کە بەڕاستی شتێک «لەبنەڕەتدا» پیاوانە یان ژنانە بوونی هەیە، پێش هاتووە؟ بابەتی دوایی لەگەڵ لەبەر دەرچوونی پۆستمودێرنیستەکان لە گۆڕین و ریفۆرمی وتەگەلێکی «وەکو رەگەزایەتی» پێوەندی هەیە.

هۆکار و بەڵگەی یەکسانی لە لایەنگری و پاڵپشتی زۆر توندی باڵی لیبرالی فەمینیزم بەهرەمەند بوو. ولستۆن کرافت یەکسانی لەگەڵ بینینی مافە بەرامبەرییەکان لە ئازادییە مەدەنییەکان سەرەکی لێکی ئەداوە و بەراوردی دەکرد. ئامانجی ولستۆن کرافت بە هەمان رادەی ئیمتیازی پیاوانەی سەرمایەداری بوو، واتە میراتی بوورکین کە مافە یەکسانییەکانی رەتدەکردەوە و لەسەر بوونی پلەبەندی یاسایەکان و سیاسی پێی دادەگرت. ئەم خانمە لە بناخەوە بیری لە مافەکانی ژیان، ئازادی، سەربەخۆیی ئابووری، فێرکردن و پەروەردە و گەیشتن بە پیشەکان دەکردەوە.[88] بە بۆچوونی ئەو، خودا ئەم مافانەی بە شێوەی یەکسان لە رۆحی کۆماکۆی مرۆڤەکان بە ئەمانەت دایناوە. بە باوەڕی ئەو، جگە لە دەسەڵاتی جسمی ئاشکرا، جیاوازیگەلێکی زۆر کەم لە نێوانی ژنان و پیاواندا بوونی هەیە. لە راستیدا دەبێ ژنان لە داهاتوودا بتوانن کە هەم لەش و هەم رۆحی خۆیان بەهێز بکەن.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا باوەڕگەلی گرێبەستکراو بە یەکسانی لیبرالی سەرنجی خۆی بەسەرداخوازی مافە سیاسییەکاندا بۆ بە دەستهێنانی مافی دەنگدان شۆڕەوە کردبوو، جان ستوارت میل لە نووسراوەکانی خۆیدا دەیگوت ئازادی مەزنترین ویستی مرۆڤە. هەر تاڵێک ئەگەر بەخت و ئیقباڵی دروستکردنی پرۆژەی ژیانی خۆی نەبێ لە گەشەکردن دوادەکەوێ.[89] لانیزۆرینەی ئازادی هەڵگری لای زۆرینەی سوودمەندی بوو. بە بۆچوونی میل، ئازادی پێویستانە سەری لە یەکسانی دەردەهێنا. بە بڕوای ئەو قەراردادەکان، یاسای

هاوسەرگیری، یاسای خاوەنداریتی، فێر کردن و پەروەردە و مافی رەئی دەبێ بۆ هەمووان یەکسان بێ.[٩٠]

لـە سـەدەی بیستەمدا فەمینیستە لیبرالـەکان بـۆ بـە دەستهێنانی بەرامبـەری سەرنجیان دابووە مافـە خوشـگوزەرانییەکانی کۆمەڵگە.لـە هێنـدێ شـوێندا ئـەم داخوازییە هەڵگر و هێنەری زۆربوونی پشتگریکردن لە بنەماڵـە و منـداڵان دەبـوو؛ لە هێندێ ناحیەی دیکـەوە دەرفـەتگـەلی بەرامبـەری تـەواو لـە بـاری فێرکـردن و پەروەردە، پیشە، هەقدەس، هاوسەرگـەری، خـاوەنـداریتی، هاوبەشـی سیاسـی و مەدەنێتی دەگرتەخۆ.[٩١] ئەم جۆرە داخوازیانە لە بریتانیا و ئـەمریکا لـە دەیـەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بە سەرکەوتنگەلێک گەیشت.

مارکسیزم، بەپێچەوانە راستی کـە لەسـەر ناوەرۆکـەکانی یەکسانخوازانە لـە مێژوویی سۆسیالیزمدا تەئکیدی دەکرد، کاتێک بەسەر بزاڤدا زاڵبوو، یەکسانی هەر تەنیا بـە گومـانێکی دیکـەی بـورژوایی زانی. مارکسیـستەکان یەکسانیش، وەکـو عەداڵەت و مافەکان، بە شێوەی بەشێک لە خووی سەرمایەداری لیبرال چاویان لـێ کرد. بە بۆچوونی ئەوان نایەکسانییەکان بێگومان بوونیـان بـوو و دەبـوو لەگـەڵ سیستەمی کۆمۆنیستی لەناو پاک ببنەوە و ریفۆرم دەکران؛ نایەکسانی خـۆی لـە خۆیـدا شـەڕ نییـە بەڵکو هێمایـەکی نەخۆشـی قووڵـترە. نایەکسانی لایـەنێک لـە کۆمەڵگەیە کە بە هۆی خەباتی چینایەتیەوە لەبەریەک بلاوبووەتەوە. پێگەی ژنـان لە سیستەمی سەرمایەداریدا مـەعلوولی کرداری نایەکسانی لەگـەڵ ئـەوان نییـە. کرداری نایەکسانی خۆی مەعلوولی سیستەمی سەرمایەدارییە.

واژەگەلی یاسایی، سیاسی یان کۆمەڵایەتی هەر تـەنیا دەتـوانن دڵخۆشـکەری گەلێک بن. ئەم جـۆرە واژەگەلـە هـیچ گـرێکوێرەیـەک ناکەنـەوە. بـەم شـێوەیە، نـاوەرۆک و کاکـڵەی یەکـسانی لەگـەڵ مارکـسیزمی سـوننەتی و فـەمینیزمی سۆسیالیستی نوێدا پێشچوونێکی ئەوتۆیان نەکردوە.

بەڵام لە روانگـەی رادیکاڵـەکانەوە، نـاوەرۆکی یەکسانی و جیـاوازی کـارێکی ناوجەرگـە و سـەرەکییە. لەسـەرەتادا ناوەرۆکـە یەکسانیخوازەکان لـە نـاخی فەمینیزمی رادیکاڵدا بـوونی بـوو. بـۆ وێنـە رێنوێنییـە سەرەتایەکان دەربـارەی

دووره‌گه‌زایه‌تی دارژاو له‌سه‌ر شێوه‌یه‌ک له یه‌کسانیخوازییه‌کی سه‌یر بوو که له هێندێ شوێندا له‌سه‌ر به‌ره‌و پێشچوونگه‌لی ته‌کنۆلۆژیکی له بیۆلۆژیدا پێی داده‌گرت. ره‌تکردنه‌وه‌ی دووره‌گه‌زایه‌تی دوایی، ئه‌و جۆره که پێشتر گوترا، سه‌ری بینینی ره‌خنه‌یی سه‌باره‌ت به یه‌کسانی و هه‌م به شێوه‌ی بایه‌خ و هه‌م به شێوه‌ی ئامانجی سیاسی، ده‌رهێنا. ئه‌مه قۆناخێکه که جیاوازی ژنان له‌گه‌ڵ پیاوانیان ده‌په‌رست و رێزیان بۆ داده‌نا. به‌شکردنی نێوان نێرینه‌کان و مێوینه‌کان له نووسراوه‌کانی رادیکالدا به «درزی ره‌گه‌زی» ناوبانگی ده‌رکرد.[٩٢]

به‌ڵگه و ده‌لیلگه‌ل و باوه‌ره‌کانی وزه‌ی بازنه‌ی روانگه‌ی جیاوازی زۆر جۆراوجۆرن و مێژووی په‌ره‌گرتنی ئه‌وانه له ده‌یه‌ی ١٩٦٠ زۆر پێچراوه و چه‌واشه بووه. یه‌که‌مین دۆزه‌کان له‌مه‌ر جیاوازی پێوه‌ندی به بیرمه‌ندانێکی وه‌کو کیت میلته‌وه بووه که جیاوازی نێر ـ مێی به به‌شێک له چه‌وسانه‌وه‌ی پیاوسالارانه‌ی ده‌زانی. هه‌تا راده‌یه‌کی به‌ربلاو ئه‌م جیاوازیانه‌ی به درۆ و فێڵ و ده‌ستکرده رواڵه‌تییه‌کانی کۆمه‌لایه‌تی بۆیان ده‌روانین که ده‌یویست ژنان له ده‌روونی هێندێ له ده‌ور و رۆڵه‌کاندا به‌ستراوه رابگرێ. به‌و بۆنه‌وه نووسه‌رانێکی وه‌کو شولامیت فایرستۆن مه‌سه‌له‌ی جیاوازیان شل‌شل کوتا. ئه‌و ده‌یویست له‌گه‌ڵ هێنانه‌ونه‌ی به‌ڵگه بۆ به‌رژه‌وه‌ندی به‌رامبه‌ری دووره‌گه‌زایه‌تی، کارکرده سیاسییه‌کانی جیاوازی پاکتاو بکا. به‌م حاڵه‌وه، له ده‌یه‌ی ١٩٧٠ جیاوازی هه‌میسان به حوسن و جه‌ماڵه‌وه سه‌ریهه‌ڵداوه. له سه‌ره‌تادا، به‌لای فه‌مینیسته که‌لتوورییه رادیکاڵه‌کانه‌وه، جیاوازی هاوته‌ریب بوو له‌گه‌ڵ پله‌به‌رزی ره‌گه‌زی مێوینه، له پێشبوونی ئه‌خلاقی ژنان، بایه‌خی خوشکایه‌تی، هاوره‌گه‌زخوازی سیاسی و جیا بوونه‌وه له پیاوان. هه‌روه‌ها ده‌یانگوت ژنان بینینێکی زۆر جیاوازیان سه‌باره‌ت به پیاوان له‌مه‌ر جسمی خۆیان هه‌یه. توانایی جسمانی بۆ په‌روه‌رده کردنی منداڵان، بینینی زۆر پۆزه‌تیف و بالا به ژنان ده‌به‌خشی، ئێستا ئه‌وه که گومان ده‌کرا که پیاوان خاوه‌نی سیفاتی نیگه‌تیفی ده‌مشرِی، پله‌به‌رزی و وێرانگه‌رین. ناوه‌رۆکی تایبه‌تی دوایی سه‌رله‌نوێ له لایه‌ن ئێکۆفه‌مینیسته‌کانه‌وه

دەستی پێکردووە کە ئاڵۆزیگەلی بەستراوە بە پێگەی ژینی بەبایەخە نیگەتیڤەکانی پیاوانە و بینینی پیاوان لەمەڕ سروشت پێکەوە گرێبەست دەکەن.

لە دەیەی ۱۹۸۰ مایلبوون بە جیابوونەوەی کەلتووری سەری لە بەرەو پێشچوونێکی نوێ وەدەرنا. یەکەم بە هۆی بایەخی کەلتووری ئەزموونی جیاوازی ژنان، موتالای ئاکادمیک دەربارەی زانین لە باری جیاوازی ژنانە پەرەی گرت و ناوی «لێکدانەوەی ژنداری» بە دەستهێنا. جیاوازییەکانی ژنان بە مانای شێوازی ژیان و ئەندێشەی جیاواز بوو. ئەم کارە بە گەشەکردنی ریشەگەلی موتالایی و ئەدەبیات لەمەڕ ژنان، بە کۆتایی گەیشت. دووەم، بە ئەزموونی زیاتر لە نەهادی پیاوسالارانە، دایکایەتی بەتایبەت لە نووسراوەکانی ئادرین رایکدا، سەرلەنوێ رێزی لێگیراوە. سێیەم، بایەخەکانی جیاوازی، بەلام بە تەنیا بیری دایکانە گەیشتە لووتکەی بایەخەکان. لەمەڕ کەسایەتییەکان و ورەی جیاوازی ژنان لە نووسراوەکانی نانسی کودوورو تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیان کرد. ئەوانی دیکە لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە ژنان ورەی پەروەردەکردن و ئاشتیخوازانەیان هەیە. کارول گیلیگان لەمەڕ (ئەخلاقی ئاگالێبوون و چاوەدێری) لە ژناندا لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ «ئەخلاقی عەدالەت» لە پیاواندا پەرەی بە دۆزەکانی خۆیدا. ئەو جۆرە کە لە پێشدا گوتمان روودیک و ئەشتیان باوەڕیان وابوو کە ئەم بایەخ و بیری دایکانە دەتوانێ لە پانتای گشتی سیاسەتیشدا زۆر سوودمەند بێ. ئەمە بە دۆزی وەجووڵە خستنی لێدوانی «فەمینیزمی لایەنگری بنەماڵە» بە کۆتایی گەیشت.

کۆتایی دەیەی ۱۹۸۰ شاهیدی گەشە کردنی فراوانی دژەی فەمینیزمی فەڕانسەوی بوو کە بوونی جیاوازی لە ژناندا نسبەت بە پیاوانی ستایش دەکرد. واتاگەل بەرامبەری و تەنانەت واژەی فەمینیزم بە شێوەی هاوکێشی گومان لەگەڵ ریفۆرمخوازی بورژوایی کەوتنە بەر شەپۆلی گومان. فەمینیستە فەڕانسەوییەکان ئەگەرچی لەژێر کاریگەری ناوەڕۆکەکانی پێکهاتەشکێنی و گومان دەربارەی واتاگەلی بیولۆژیکی دۆزگەلێکی جیاوازیان بوو، زاڵبوونی زمانی «کوتەکداری» پیاوانەی رەتدەکردەوە و سەرنجیان دابووە نووسراوەی جیاوازی تاقانەی ژنان و بڕوایان بوو کە دەبێ لە زمانی ئەو رەمزگوشایی بکرێ. لەم باوەڕەدا جیاوازی

بەپێی زمان باسی دەکرا. بابەتی دوایی لەگەڵ «رەئی روانگەی رادیکاڵ» تێکەڵی هەیە کە ئەویش بە زەروورەتی بوونی شوناسناسی ژنان و زانستباوەڕی هەیە.

لەم دواییانەدا فەمینیستە فەڕانسەوییەکان لە سێ دیمەنەوە جیاوازیان ئاڵەبێژ کردووە. یەکەم: فەمینیستە بەزەوقترەکانی پۆستمودێڕنیست و پەساپێکهاتەخواز لە رەخنەگەلی لفە و دوانەی رەگەزایەتی «نێر و مێ» خۆیان بە لایەنی رووبەڕوو بوونەوەی نەزەر داناوە.[٩٣] بە جۆرێکی دیکە، رێنوێنی گرێدراو بە جیاوازی دارژاوە لەسەر هێندێ بەرامبەریە سەرەکییەکان کە خۆیان پێویان بە ساختشکێنی هەیە. مانای «نێر» و «مێ» دەبێ دواکەوتوانە دابنرێ.

بنەماخوازی ساکار دەربارەی مێی زۆر راڤەگەلێکی مومکینی لە مژێکی شاراوەدا نوقم دەکا. دووەم، رەخنەی پێوەندیدار، بەلام بەکردەوەتر دەربارەی ئەندێشەی جیاوازی مەترسی بنەمایی کردنی زمان ئەمەیە کە ئەوانە جارێکیتر ناچار دەبن لە بنەماڵەوە بەرەو پێگەی «سروشتی»یان دایکانە راوبنرێن. لەم بارەوە جیاوازی «بۆشایی رەگەزایەتی» بنەماخوازی دەکرێ ئامێرەکان لە جانتای ئامێری پیاوسالارانە بخرێن.[٩٤] سێیەم، جیاوازییە واجبەکانی نێوان ژنان و پیاوان لە جیاوازییەکانی نێوان ژنان خۆیان لە باری تەمەن، نژاد، چین، فەرهەنگ، قەومییەت، نەتەوە، پلەبەخشینی رەگەزی و ژن و مێردایەتی غافڵ دەمێنێ. لەراستیدا ئەم جیاوازیانە مومکینە بەرینتر و بەربلاوتر لە هەر چەشنە جیاوازی ئەگەر و گریمانەکانی رەگەزی بێ. کۆشش بۆ راونانی ژنان بۆ ناو دەستەیەک و پیاوان بۆ دەستەیەکی دیکە، جۆرێک تەواوخوازی و وتاری سەرکوتگەرانەیە. لەم بوارەدا هەروەها گوتراوە کە هیچ سیفەتێکی گشتی و سەرەکی بۆ ژنان بوونی نییە. جەوهەری رەگەزایەتی راستەقینەی ماددی بە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەبەخشێ. لە راستیدا سیفاتێک کە بە بوونەوەری نێر و مێوی دەلکێنن، لە لایەکەوە هەر دوو جنس بەرداری کارن. بۆ وێنە پیاوانیش دەکرێ رۆحی هاوکاری و هەرەوەز و پەروەردەیان تێدا بخولقێ.

ئەهلی بە شێوەی سیاسی

ناوی ئەم بەشە لە لایەنێکەوە گۆڕاوە بە دروشمی سەرەکی فەمینیستی. دۆزە زۆر ساکارە، هەرچەند کە بڕگە و شەقکراوی زۆر و فراوانی هەیە. لەسەر ئەوەیە کە ئەوەی کە پێشەکی بە بەشێک لە پێکهاتە تایبەتییەکان و گشتی دەزانرا لە راستیدا ئامێرگەلێکی ناخی ئیدئۆلۆژیکی و دەستێوەردان کە بەرژەوەندی پیاوسالارانە لەودا رەنگدەداتەوە. بەم جۆرە جیاوازی دێرینەی «گشتی» و «تایبەتی» کارێکی نوقسانە و هێندێ مەسەلەگەلی بەتەواو مانا سیاسی دەشارێتەوە.

پێگەکانی رەخنە «تایبەتی بە شێوەی سیاسی» لە هەلوێستی فەمینیستی لیبرالدا جێی گرتووە. لیبرالەکان بە شێوەی سوننەتی ژیانی تایبەتی تاک، بنەماڵە و ئابووری مامەڵەی خوسووسیان دەکرد. فەمینیستە لیبرالەکان بەتایبەت رووی رەخنەی خۆیان دەکردە دوو هەرێمی یەکەم. بۆ بۆچوونی فەمینیستە لیبرالە سەرەتایەکانی وەکو ولستۆن کرافت، فیکری ئەمە کە ژنان لە ماڵەوە پێگەی سروشتی خۆیان هەیە و ئەرکی یەکەمی ئەوان لە ماڵەوەیە، لە گومان بەولاوەتر نییە. یەکەم ئەرکی ژن هۆش و بیرکردنەوەیە. لە راستیدا ئەم هۆش بیرە پێشەکییەکی مەنتقی پێویستە بۆ هەر ئەرکێک، تەنانەت دەروونی بنەماڵە دەدرێتە قەڵەم. بە وتەی ولستۆن کرافت: «هۆش بە شێوەی سروشتی لە کاتێکدا بەسراوە بێ بە دەسەلاتێکەوە، بێهێز دەبێ و ناتوانێ دەسەلاتەکانی خۆی بخاتەگەڕ. لەو رووەوە هاوسەری فرمانبەر دەبێ بە دایکێکی تەمبەڵ و تەوەزەل».[٩٥] مەبەستی ئەمە کە سروشتی رەگەزی ژن ناوەندی سروشتی و تایبەتییە یان ئەمە کە بنەماڵە هەوای تایبەتییە لە روانگەی ولستۆنەوە بێبایەخ و نادروست بوو. تەواوی ویستی ئەو پێکهێنانی وەک وێنە کۆماری مەدەنی بۆ بنەماڵە بوو ئەو جۆرە کە بواری فێرکردن و کار فێربوون بۆ سەرهەڵدانی رۆحی گشتی لە هاوولاتیدا دروست بێ نەک ئەمە کە پانتای هەلسوکەوتەکان و دلۆڤانییەکان وەک هەوا و هەوەس مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. پێوەندی نێوان ژن و مێرد دەبێ زۆرتر بەپێی شعووری هاوبەش و رفێقایەتی و دۆستی بێ هەتا جێوبانێکی راخراو بۆ

هەڵسوکەوتەکان و هەوا و هەوەس.[96] هەوا و هەوەس بۆشایی دەخاتە شعووری تاکەکانەوەنە و پێکهاتەی کۆمەڵگە لاواز دەکا.

جان ئەستوات میل و لانی زۆرتری سونەتی فەمینیستی لیبرال لە زۆربەی ئەو باوەڕانەی باسیان لێوە کرا، بەشداربوون. لە دەیەی ۱۹٦۰ ئەم بابەتە بە شێوەی خاڵێکی گرنگ لە کتێبی بتی فریدن، بەناوی راز و رەمزی ژنانەن، هاتە ئاراوە. ئەو ئەم شێوە بەیانەی داهێنا کە «مەسئەلەیەک کە هیچ ناوێکی نییە» هەتا ئەم راستییە باسبکا کە زۆر لە ژنان خۆیان لە ناوەرۆکی بنەماڵەیەکدا دەبیننەوە کە تایبەتی و شەخسییە و لەسەر ئەو گریمانەیە کە بۆ رازیبوونی ئەوان پێکهاتووە. بەڵام لەودا دووچاری وەها ئەزموونێکی قووڵ سەر لە بەرد دان و ناهومێدی نارەزامەندی دەبن کە زۆر جار ناتاوون ناوێکی شیاوی بۆ بدۆزنەوە. باوەڕی فریدن لە بنەڕەتەوە ئەمەیە کە بەگشتی ژنان لە بناخەوە لەگەڵ پیاوان لە بابەتی پێگە، مافەکان و دەرفەتەکان هەست بە نابەرامبەری دەکەن. پێکهاتەی بنەماڵەی تایبەتی بەرژەوەندی باوکسالارانەی پیاوان لە پاراستنی ئەم نابەرامبەرییەی دەشارێتەوە. بەگشتی، رەخنەی لیبرالی لە بابەتی شەخسی ـ سیاسی بۆ ناسینی هێندێ لە مافەکانە کە لە ژنان درێغ کراوە. ئەم مافانە رەنگە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ریفۆرماتی یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فێرکردن راست بکرێنەوە. ئەم راستکردنەوە بنەماڵە کاول ناکا. لە راستیدا لیبراڵەکان هێشتا چاوەڕوانن کە ژنان دەورێکی چالاکیان لە ژیانی بنەماڵەدا ببێ، ئەگەرچی چاوەڕوانیش لە پیاوان دەکرێ کە سەهمی بەرامبەر لە کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵدا بگرنە ئەستۆ. لەبەر ئەمە، هەر ئەو جۆرە کە ولستۆن کرافتیش باوەڕی بوو، بنەماڵە هێشتا دەوری گرنگی سوننەتی بە ئەستۆوە هەیە. ئەم واتا یەکسانخوازانەترەی بنەماڵە تا رادەیەک لە لایەن لایەنگرانی «بیری دایکانە» و «ئەخلاقی چاوەدێری» بەتایبەت فەمینیستەکانی «لایەنگری بنەماڵە» تەئکید کراوە. دۆزی نوێی فەمینیستەکانی لایەنگری بنەماڵە ئەمەیە کە ئەم بیرە دایکایەتیانە «لە لایەنی هەر دوو جنسەوە» کە پێشەکی بۆ بنەماڵە چارەنووسساز بوو، دەبێ لە داهاتوودا بکێشرێتە پانتای

گشتییەوە. ئەم کارە شێوەگەلی دێرینی داشی گشتی ـ تایبەتی بە شێوازێکی جیاواز و رەسەن لەناو دەبا.

فەمینیستە مارکسیست و سۆسیالیستەکان مەسەلەی «تایبەتی و سیاسی» بە بەشی قەڵەمڕەوی ئابووری دەزانن، ئەگەرچی مارکسیزم لە سەرەتاوە لەگەڵ جودایی هەر چەشنە کارێکی گشتی لە تایبەتی دژایەتی بوو. ئەم جیاوازییە بە چاوی ئامێری رەشبینانەی ئیدئۆلۆژی لیبرالی سەرمایەداری سەیری دەکرا کە واتای «تایبەتی» لە راستیدا بە مانای «خاوەنداریێتی تایبەتی»یە. بە بۆچوونی ئینگلیس بنەماڵە لە باری مێژووییەوە نەهادێکە لە حاڵی گۆڕینە. کۆمەڵگە پێشوەکان بەپێی شێوازە جیاوازە بەرهەمهێنانی و خاوەندارییەکان، دارای سیستەمێکی جۆراوجۆری ژن و مێردایەتی وەکو چەندهاوسەری بوون. بنەماڵەی نوێی تاکهاوسەری پیاوسالار لە پێوەندی عاشقانە بێبەشە و «ئەمە یەکەم بیچمی بنەماڵە لەسەر بنەمای پیشەسازی ئابووری دارڕژابوو نەک پێوەندی سروشتی، واتە لەسەر بنەمای سەرکەوتنی خاوەنداریێتی تایبەتی بەسەر خاوەنداریێتی سروشتی و رەسەن کە خاوەنداریێتی هاوبەش بێ، دارڕژاو بووە».[97] یەکەم دژایەتی چینایەتی لە بنەماڵەوە سەریهەڵدا چونکە بنەماڵە شوێنێک بووە کە لەودا «خۆشگوزەرانی کۆمایەک بە نرخی نەهامەتی و سەرکوتکردنی کۆمایەکی دیکە دابین و دەستەبەر دەکرا».[98] بە بۆچوونی ئینگلیس دوارۆژی دایمی ژن و مێردایەتی بورژوایی گەندەڵکاری و قورمساخییە.

ئەگەرچی ئینگلیس بۆ پاکتاو کردنی زاڵبوونی پیاو و پیشەی بەرامبەری ژن، رزگاری ژنانی لە لایەن تەڵاقەوە دەیهێنێتە ئاراوە، کەم و زۆر بە پەرەسەندنی ئیزدواجی تاکهاوسەری و ئیمکانی ئەمە کە سروشتی تر ئەوەیە کە ژنان بە پەروەردە کردنی منداڵەوە سەرقاڵ بن، باوەڕی هەیە. بەم شێوە دیاری دەستی مارکسیستی، دابەشکردنی رەگەزی کار لە کارخانە بوو. خانمی ئەلکساندرا کولۆنتای لەگەڵ ئەم دۆزە تایبەتییەدا نییە. فەمینیستە سۆسیالیستەکانی دوایش رەخنەیان لە مارکسیزم گرت. ئەم رەخنەگرانە گوتوویانە مارکسیزمی سوننەتی ئاشکرای نەکردووە کە بۆچی بۆ ژنان سروشتی تر ئەوە بووە کە ئەم رۆڵە قبوول

بکەن.[99] بێجگەلەمە، مارکسیزم لە ریشەگەلی قوولتری زالبوونی پیاوسالارانە غافڵ ماوە. شێوەی زوڵمێکی دیکەش بێجگەلـە خاوەنداریێتی تایبەتی و چین، بوونی هەیە. ئەم زوڵمە هەم بەر لەسەرمایەداری بوونی بووە و هەم دوای ئەویش. لەبەر ئەمە، مارکسیزم خەیاڵی هەیە خەریکی شیکردنەوە و کار و ناوماڵی ژنان بێ. خەیاڵی هەیە ئەم پرسیارە بێنێتە ئاراوە کە کار لە ماڵەوە چ سوودێکی هەیە. بەم جۆرە، زاڵبوونی پیاوسالارانە جگە لە ریشەگەلی ماددی و مێژوویی، ریشەگەلی قوولتری لەوەیکە لەوە پێش پێشبینی دەکرا، هەیەتی. ژنان لە لایەن ئەم بەشکردنە کار رەگەزییەوە هەم خزمەت بە پیاو دەکەن و هەم بە سەرمایەداری. فەرمانبەری و پێڕەوی ژنان لە بنەماڵەدا بەشێک لە بناخەی ئابووری کۆمەڵگەیە. لەم خوێندنەوەدا تایبەتی و گشتی لە یەکتردان و دژەی بەرامبەریان هەیە. «تایبەتی بە شێوەی سیاسی» ریشەگەلێکی قووڵی لە باری بیولۆژیکی، دەروونناسی، مێژوویی و راستەقینەی ئابووری هەیە.[100] ئەم تێڕامانە سەرنجە لەسەر بنەماڵە سەری لە لێدوانگەلێکی زۆر دەرهێنا کە لەمەر مەسەلەی شیکردنەوەی مارکسیستی کارگەلی وەکو کار لە کارخانە دژەی کردە نێو رێکخراوەی «چەپی نوێ»شەوە.[101]

دەرباری رادیکاڵەکان، مەیل ئەمە بوو کە رەخنە لە پیاوسالاری لە ژیانی تایبەتي روانگەگەلی ئیدئۆلۆژیکی، دەروونناسی و زمانناسیش دەگرێتەبەر. لە راستیدا فەمینیستە رادیکاڵەکان لەم رەخنە تایبەتی بە شێوەی سیاسی زۆرترین سوودیان برد. ئەوان تێکۆشان هەتا مەسەلەی پیاوسالاری لەسەرووی مەسەلەکانی دیکەوە دابنێن. ئەوان دەیانەوێ سەرجەم بابەتی دەسەڵات بگوازانەوە بۆ ناوەندی تایبەتی و بەشێوەی گشتی باوەڕیان بە دابەشکاری خوسووسی ـ گشتی نییە. بە بۆچوونی برێک لە رادیکاڵەکان دەسەڵاتی پیاوانە لە ناحیەی تایبەتی لەسەرانسەری جیهان و سەرانسەر مێژوو لە کەلتووری جۆراوجۆر، لە ئایینگەلێکی وەکو سووتاندنی ژنان لەگەڵ جەسەدی شوو [لە هێند]، بەستنی پاگەلی کچام بە نەوار [لە چین]، دەسدرێژی رەگەزی، بە چاوی سووک تەماشا کردن، بڕینی ئەندامی شەرم، سووتاندنی ژنان بە حیسابی

جادووگەر و تەنانەت زاڵبوونی پیاوان لە پزیشکی ژناندا رەنگیداوەتەوە. بۆ وێنە مری دیلی ئەم ئاینانە بە رەنگدانەوەی دیکەی زادی - خۆئازادی پیاوانە دەبینێ کە بۆ زاڵبوو بەسەر ژناندا و گرتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بەدی هاتووە.[١٠٢] بە بۆچوونی هێندێ لە رادیکاڵەکان کەلتووری ئێستای رۆژاوا و کۆمەڵگەکانی دیکە خاوەنی شتێکن کە ئەوان بە «فاشیزمی رەگەزی» ناودێر کردووە. لەم بارەوە تایبەتی و سیاسی یەکتر لە ریشەوە وشک دەکەن. بیرمەندانی روانگەی رادیکاڵی هەروەها لەسەر ئەم باوەڕەن کە تەنانەت زمان، بیرکردنەوەی فیکری، زانست و فەلسەفەی پیاوانە هەڵگر شێوەیەکی ریشەداری قووڵ و وردبینی لە زاڵبوونی پیاوسالارانەیە. بەم چەشنە ئەگەر ژنێک تەسەور بکا کە کاتێک لە تەنیایی خۆیدا و بەشێوەیەکی تایبەتی بیر دەکاتەوە لە دەستێوەردان و دەخالەتی سیاسی ئازادە، لە بنەڕەتەوە بە هەڵە چووە. شوناسناسی پیاوسالارانە دەتوانێ تەنانەت بەسەر زۆربەی ئەندێشە تایبەتییەکانی ئەودا زاڵبێ. لێرەشدا جارێکی دیکە رێنوێنی روانگەیی لەگەڵ فەمینیستە فەڕانسەوییەکان تێکەڵی پەیدا دەکا کە دەڵێ ناوەڕۆکە ناوبراوەکان «بەتایبەت رووبەڕووە لفە و دوانەکانی وەک گشتی و تایبەتی» بەسەر زمان و پێکهاتەی نەوسدا زاڵە. بەتەواوی ئاشکرا نییە کە مەبەستی فەمینیستە پۆستمودێرنەکان لەم رێنوێنییە چییە جگە لەمە کە دیسان بە رەتکردنەوەی رووبەڕووی نێوان گشتی و تایبەتی دەست پێدەکاتەوە. بێجگەلەمە، تاوتوێیەکانی پۆستمودێرنی بە جیهانی کردن و گشتی کردن و بنەماسازی ژنان لە لایەن فەرهەنگەکانەوە بەتەواوی بە ناپەسندی دەزانن.

ئەم جۆرە باوەڕانە لەمەڕ تایبەتی بە شێوەی سیاسی زۆربەی فەمینیستە رادیکاڵەکانی بەرەو پێشنیاری خەتتی فیکری توندڕەوی وەک جیابوونەوە «ژیانی جیاواز لە پیاوان» و کۆکردنەوەی شێوەگەلی مێی بەرەو جیاوازی ئەندێشەی کێشاوە. ئەمە بەش بە حاڵی خۆی بووە بە هاوردەی تۆمەتگەلێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوا بەسەر بنەماڵەدا و لە زۆر شوێندا وەسیەت بۆ وەلانانی بنەماڵە و پێکهێنانی شێوازێکی نوێی ژیانی کۆ و هاوبەش کراوە و کۆتایی پێهاتووە.

دەرەنجام

مەبەستی سەرەتا و سەرەکی فەمینیستە لیبرالەکان بەخشینی مافە تەواو مەدەنییە دێموکراتیکەکان بە ژنانە. ئەوان داهاتوویەک پێشبینی دەکەن کە مافە یاساییەکان، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان بەشێوەی تەواو و کەماڵ دابین و دەستەبەر بکرێ. لەم داهاتووەدا ژنان لە هەموو بوارەکاندا لە پلەی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەرامبەر دەبن. ئەم ئامانجە لەگەڵ وزەی عەقل و هۆش، بە قەناعەت گەیاندن و چاکسازی یاسای بنەڕەتی بە حەقیقەت دەگا. بنەماڵە پاڵێوراو دەمێنێتەوە، بەڵام پیاوان لەودا دەوری یەکسانی لە وەفاداری ئەرکەکانی ناوماڵیان بە ئەستۆوە دەبێ و ژیانی ژنان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بەرەنگارە دەستکردەکانی پەروەردەی منداڵ بۆشایی تێناکەوێ. بەم جۆرە، بنەڕەتی بنەماڵە پەرە و دەوری گرنگی دەبێ، بەڵام لە پشتگری ماڵی و کۆمەڵایەتی بۆ بەرگری کردن لە پەرەساندنی نایەکسانی بەهرەمەند دەبێ. مایلبوون بە رەگەزی دژ لە پێوەندی دامەزراو هێشتا بە شێوەی ڕێی راستی کۆمەڵگە مامەڵەی لە تەکا دەکرێ. بەم ڕێژە فەمینیزمی لیبرال داهاتوو لەگەڵ عەدالەتی رەگەزی تەواو پێشبینی دەکا. ئەمە دەکرێ بە ئامانجی «فەمینیزمی مەدەنی» بزانرێ.[١٠٣] بیرمەندانی دایکایەتی وەکو ئەشتاین بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم وێنە لیبرالە بسەلمێنێ، بەڵام بڕوایان هەیە کە بایەخەکان و دەربڕینی حەز و مەیلی ژنان دەبێ بەشێوەی یەکسان لە پانتای گشتیشدا بە راستەقینە بگا.

مارکسیزمی سوننەتی خەیاڵی دەکرد ژنان لە پیشەسازییە مەزنەکان دەچنەپاڵ وزەی کارەوە. بە نووسراوەی ئینگلیس «رزگاری ژنان کاتێ مسۆگەر دەبێ کە ژنان بتوانن لە پێوارێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەدا لە کاری تەولیددا بەشداری بکەن و ئەرکەکانی ناوماڵ پێویستی لانیکەمی سەرنج لە لایەن ئەوانەوە بێ».[١٠٤] ئینگلس هەروەها لەگەڵ رزگاربوونی ئاسان و سەربەخۆی ئابووری ژنانە. خانمی کولۆنتای لە قۆناخە سەرەتایەکانی شۆڕشی رووسییە بەرپرسی دەرخستنی پێشنیارەکان و یاساگەلێک دەربارەی ژنان بوو، بەڵام دواتر بە فەرمانی ستالین هاتە کوشتن. بۆ وێنە بەرپرسایەتی خزمەتگوزاری لە پێوەندی لەگەڵ پاک و

خاوێنی کۆکردنەوەی ماڵەکان، پەرستاری و ئاگاداری لە منداڵان، چێشتخانە گشتییەکان و کار لە بواری ئیمکانی پێکهێنانی کارگەلی ناوماڵی و هاوبەشی لە داهاتوودا، فێرکردن و پەروەردەی جەماوەری بە بەلاش و لە باربردنی منداڵ لەشێوەی داخوازدا، بە ئەستۆی ئەو بوو. ئەو هەروەها (وەکو ولستۆن کرافت) بڕوای بوو کە پێوەندی تاکهاوسەری باشترە هان نەدرێ و تەنانەت هەل بۆ مولغا کردنی بڕەخسێ چونکە ئەم کارە لە بەرامبەر پیاواندا زیانی بە ژنان دەگەیاند و (بەپێچەوانەی ولستۆن کرافت) لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە گۆڕینی هاوسەر بۆ سلامەتی و تەندروستی باشترە. ئەم باوەڕە، ئەگەرچی لە دەرەوەی نووسراوە، باسکراوە، بەم باوەڕە گەییوە کە پێوەندی رەگەزی وەکو تونیەتی وایە و هەر تەنیا دەبێ رازی بێ. بە بۆچوونی کولۆنتای پێوەندی رەگەزی نابێ زۆر بایەخی پێبدرێ؛ لە راستیدا باوەڕی ئەو وابوو کە هەستی خاوەنداریێتی رەگەزی لە حوکمی دوا نیشانەگەلی بەردەوامی زێهنییەتی خاوەنداریێتی تایبەتی، دەبێ لە لایەن دەوڵەتەوە قەدەغە بکرێ.[١٠٥]

فەمینیستە سۆسیالیستە دواکەوتووەکان، لەگەڵ بەرفراوانترکردنەوەی روانگەی خۆیان دەربارەی چەوسانەوە، وەکو کولۆنتای خوازیاری بەرینکردنەوەی کۆنترۆڵی زاینەوە و لە دایکبوونی بەلاش، لەباربردن، چاوەدێری دەرمانی و بێهداشت بۆ ژنان، ناوەندی چاوەدێری لە منداڵان و بە رەسمییەت ناسینی کار لە ناوماڵ لە لایەن دەوڵەتەوە ببوون. لەگەڵ بوونی ئەمە، لەمەڕ دەوری بنەماڵە لەم کۆمایەدا ناهاوئاهەنگی و ناسازگاری بوونی هەیە. ئاشکرا پیاوان دەبێ بەشی گرنگیان لە پەروەردەی منداڵاندا هەبێت، هەرچەند باوەڕگەلێک بوونی هەیە (کە نیشانەی دژەکردنی رادیکالەکانە) کە مایلبوون بە رەگەزی دژ پێویستانە هەموار نادرێتە قەڵەم. بە بۆچوونی فەمینیستە سۆسیالیستە نوێیەکان «ناهاورەگەزخوازی هەمواری ئاسایی دەبێ جێی خۆی بە بارودۆخێک بدا کە رەگەزایەتی یەکێک لە لایەنەکان لە باری کۆمەلایەتیەوە بێبایەخ بێ».[١٠٦]

فەمینیزمی رادیکالی هەلگری پێشنیارگەلی جۆراوجۆرە. بووار بە دەسهێنانی بەلاش بۆ کۆنترۆڵی زاینەوە لەباربردن و کەمتر بایەخدانان بۆ تاکهاوسەری پێی

دادەگرت هەتا چوونی ژنان بۆ جیهانی فەرهەنگێکی بە یەکسانگەیو لەگەڵ پیاوان ساکار و ئاسان بێ. لەگەڵ فایرستۆن دەچینە جیهانێکی سیبرنتیکی کۆمۆنیستەوە کە تاکەکانی ئەو لە بابەتی کۆمەڵایەتییەوە دوورەگەزایەتی مامەڵەیان لە تەکا بکرێ و هەموو مرۆڤەکان لە بارهێنان و پەروەردە و چاوەدێری منداڵدا بەشدار بن. رادیکاڵەکانیتر ئەم دوورەگەزییەی داهاتوو رەت دەکەنەوە و مەسەلەی گەورە بە کەلتووری پیاوسالارانە دەزانن. ئەگەرپیاوان مەسەلەی سەرەکی بن، چ رێڕەوێک دەکرێ قبووڵ بکرێ و بگیرێتە بەر؟ توندڕۆترین و کەم ژمارترین خەیاڵ باوەڕیان بە کوشتای بەکۆمەڵی پیاوان هەیە. لەو ئاستانەدا کە کەمتر لە هەمووان توندڕۆترن، لایەنگری لە هاوجنسخوازی ژنانە یان جودایی دوورەگەزی دەکەن. مری دیل کەلتووری بێکەموکورتی جیاوانی و خەیاڵی ژنانەی پێشنیار کردووە. کارکردی واژەی هاوجنسخوازی ژنانە لێرەدا وێکچوونێکی هەیە. ژنی هاورەگەز خواز هەمیشە بە کەسێک دەڵێن کە «حاشاکەری پێناسە قەراردادییەکان دەربارەی مێ بوون» بێ.[١٠٧] ئەگەرچی هێندێ کەس لایەنگریان لە هاورەگەزبازی ژنانە لەباری رەگەزییەوە کردووە، بەڵام زۆرینەی رادیکاڵە پێشنیاردەرەکانی ئەم رێڕەوە بیر لە لایەنی سیاسیتر و فەلسەفیتری مەسەلەکە دەکەنەوە. ئەگەر ژنان چاوکراوانە سەرنج بدەن بە فەرهەنگ و ئەزموونی خۆیان، ئەو کات سەربەخۆیەکی دیاریکراو لە پیاوسالاری بەدەستدێنن. ئەندێشەی روانگەیی رادیکاڵی ئەم خاڵەی بە واتای شوناسناسییەکی فەمینیستی بەربڵاوی پێداوە. هەروەها هێندێ لە رادیکاڵەکان گوتوویانە هەر تەنیا ژنان هەستێکی لە خۆبوون بەم و بەو دەدەن. ژنان لە بەرامبەر دڵۆڤانی و رێزگرتن لەم و لەو هەستیارن.

ئەوان نایانهەوێ و هەوڵ نادەن ئەم و ئەو پێناسە و تاوتوێ کەن. بیر وباوەڕی هاورەگەز خوازی و جودابیخوازی بە دروستکردنی کۆمۆنگەلێک کۆتایی پێهاتووە کە هەر تەنیا ژنان ئیزنی ژیان کردنیان لەواندا هەیە. رادیکاڵەکان لە بەرامبەر واتای پێوەندی تاکە ناهاورەگەزییەکان، یان تەنانەت بنەماڵەدا راوەستانیان لە خۆ نیشان نەداوە. بەڵام ناهاوجنسخوازی نابێ ببێ بە هەموارێک

و وەکو رابردوو نەریتێک بێ و بنەماڵە واباشە گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێ کە چیدی باری قورسی پەروەردەی منداڵان، یان کاری ناوماڵیان بە شانەوە نەبێ.

فەمینیزمی پۆستمودێرن و پەساپێکهاتەخواز سەرنجیان زۆر لەسەر لووتکەی زمانە. دڵنیگەرانی ئەو لە پلەی یەکەمدا ساختشکێنی زمانی ئێستایە. زمان چەکێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوە لە کاردانەوەی دەسەڵاتی ژنان مامەڵەی لە تەکا ئەکرێ و پیاوسالاری بەسەر هەموو هەرێمەکانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتا زاڵ کردووە. بێجگەلەمە، فەمینیزمی فەڕانسەوی لەسەر شێوازی تاقانە تەئکید دەکا کە ژنان لەودا بەشداریان هەیە و دەتوانن لە داهاتوودا لە ئەدەبیات و کەلتووری خەیاڵیدا بەشداری بکەن. گەشبینترینی ئەم تۆژەرانە دەڵێن ئەگەر ژنان بتوانن رەمزگوشایەکی ئەوتۆ بن کە رووبەڕووەکان و بەرهەڵسکارە سەرەکییەکان و گومانە بەڕواڵەت لێبڕاوەکان نیشان بدا، ئەو کات لەوانەیە وێنەکانی کەلتووری ئێمە دەتوانن سەرلەنێو ببنە رەمزساز و لەگەڵ گۆڕانکار لە لایەن زمانەوە، جیهانی واتایی و زانیاری ئێمە هەڵگێڕنەوە. ئەوانەی کەمتر گەشبینیان هەیە حەشایان خووی سەرەکی نێر و مێ بوون کردووە و ئەوانە بە پێکهاتەگەلی کۆمەڵایەتی دەزانن کە پێویستیان بە پێکهاتەشکێنی هەیە. زانینی ئەمە کە ئایا فەمینیزم بە مانای شتێک زۆرتر لە بواری دوایی بێ، دژوارە.

لە ئێستادا بەشی هەرە زۆری رەخنەی چاوکراوانە لە فەمینیزم لە نێو بزاڤی فەمینیستی لە ئارادایە. بۆ وێنە هەم سۆسیالیستەکان و هەم رێبازە رادیکاڵەکان رەخنەیان لە فەمینیستە لیبراڵەکان گرتووە. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە لەوە دەچێ لیبراڵەکان لە پێکهاتەی بنەماڵە رازیبن و میتۆدی لاواز و نامۆئەسیر لەمەڕ بەرامبەری فۆرمی قبووڵ کردووە و لەسەری دەڕۆن. هەروەها ئەوان لە نایەکسانییە ماددییەکان و ریشەداری ناخی سەرمایەداری و پیاوسالاری و زۆربەی پێویستیە زەروورێترەکانی ژنان غافڵ ماون. لە لایەکی ترەوە، فەمینیستە مارکسیستەکان تەنانەت لە لایەن فەمینیستە سۆسیالیستەکانەوە تۆمەتی کوێررەگەزییان لێدراوە و بەهۆی لایەنگری لە بۆچوونی نارەخنەیی سەبارەت بە پێگەی سروشتی ژنان و بنەماڵە مەحکووم بوون. تەنانەت تۆژەرانی

رادیکـــاڵ ڕەخنـــەیان لـــە فەمینیـــستە سۆسیالیـــستەکان گرتـــووە کـــە تووشـــی کوێررەگەزی بوون و چوارچێـوەی ناپێویـستی مێـژوویـی و ماتریالیـستی بـەر نادەن. لیبرالەکان ئاساییترین هێرش دەبەنە مارکسیستەکان و لەسەر ماتریـالیزمی جەزمی ئەوان و دەسبەردان لە بایەخە گرنگەکانی وەکـو ئـازادی تـاک ڕەخنـەیان هەیە.

دەربـارەی رادیکالـەکان دەبـێ بـوترێ کـە بـەرچاوتـرین ڕەخنـە لـەوان پێشنیارگەلی سەیر و نالایەقی ئەوانە. لیبرالەکان دەڵێن لە حاڵێکدا کـە رادیکالـەکان لایـەنگری هاوجنـسخوازی سیاسـی ژنـان، دوورەگـەزایـەتی و جیـا کردنـەوەن، فـەمینیزم هـیچ کـات بەڕاسـتی چـاوی لـێنـاکرێ. تـوێژەرانی مارکسیـست و سۆسیالیست رادیکالەکان تاوانبـار دەکـەن کـە لـە بناخـە و بنـەڕەتی مێـژوویـی، ئـابووری و مـاددی پیاوسـالاری غـافڵ مـاوە و کەوتوونەتـە داوی بیۆلـۆژیکی گومانـاوی و نـامێژوویـی، یـان دەروونناسـیخوازییـەوە، لیبرالـەکانیش ڕەنگـە رادیکالەکان هەر بـە هـەمان ناکـامی و عـەیب مارکسیزم و سۆسـیالیزم تاوانبـار بکەن. توندڕۆترین کارگـەلێک کـە رادیکالـەکان پێشنیاری دەکـەن زۆر پێویـستی هێرشی توندە بە ئازادییە تاکەکان بێ، بۆ زۆر کەس قبووڵ ناکرێ.

توێژەرانی پۆستمودێرن ویستوویانە ساختی خووی کوتەکهەڵسووڕێنەری ژنـان لـە هـەموو بزاڤـەکانی ئیـدئۆلۆژی تێکبـشکێنن. فەمینیـستە لیبرالـەکان، سۆسیالیست و رادیکاڵیش بە فرەبێژیگـەلێکی درزدار و چـڕژاو تـاوان بـارکراون. پۆسـتمودێرنـەکان واتـای هـەر چەشـنە هەڵوێـستێکی بـالاتر و لەبـەرتر ڕەت دەکەنەوە. وشەگەل و شتەکانی ئەم تۆژینەوە بەتەواوی تێکشکاون. لـە ڕاسـتیدا فەمینیـستە فەڕانـسەوییەکان نایەتەبـەرچاو لـە مـەنتقی زاتی راوێـستەی تایبـەتی خۆیان گەیشتبێتن، هیچ بەڵگەیەک بۆ بەربەستکردن و ڕاگرتنی کوتەک سووڕان لە ئارادا نییە، «مێوینەداری»یش پێویستی بـە پێکهاتـەشـکێنی هەیـە. ئـەو جـۆرە کـە تۆژەرێکی وردبین گوتوویـەتی: «ئەگـەرچی [فەمینیستەکان] لـە گومـانی گـشتی پۆستمودێرنیستی پشتگری دەکەن، نایەتـە بـەرچاو بـەهۆی ئەوانـەوە گومانیـان لێکرا بێ. ئەوان بەڵگەکانی خۆیان ساخ و سەلیم شک دەبەن».[109] ئەوەی کـە ئێمـە

وەلای دەنێین ریشەگەلێکی دیکە لە گومان و دوودڵییەکانە. ئەو جۆرە کە تۆژەری وردبینی دواکەوتوویی گوتوویەتی ئەوەی کە دەکرێ بە لانیزۆرەوە چاوەڕوانی لە فەمینیزم بکرێ، سەرکەوتنێکی بەرامبەر و هاوکێشی دیکە لە بواری «بالای گومان، یان لانیکەم گومانە کە زەمانباوەڕی بە ئێمە ببێت». کۆمەڵێک لە نووسەرانی دواکەوتووی فەمینیست هەستیان کردووە کە ڕێگاکانی پۆستمودێرنیزمیش و پەساپێکهاتەخوازی لە کۆتایدا فەمینیزم قەڵاچۆ و لەناو پاک دەکەنەوە. ئەو جۆرە کە یەکێک لە نووسەرانی دژبەیەک باسبکرێ ـ دوو واژەی بەتەواوی ناسازگار».[110] لەم مانادا سەخت و دژوارە کە ڕێی پۆستمودێرنیزم رووبە مەرگ بزانرێ.

لە تاوتوێکردنی بزووتنەوەی فەمینیستی، مەسەلەیەکی ناوەندی سەرنجی بینەر بەرەوخۆی رادەکێشێ. زۆر لە باوەڕەکانی فەمینیزم لە دەوری بازنەی پرسیاری وێچوو و بەرامبەری یان جیاوازی دەخولێتەوە. کەسانێک کە باوەڕی جیاوازی نێوان نێر و مێ رەت دەکەنەوە، زۆرتر وەک ئەوانە دەچن کە دانی هەقدەس بۆ کار و کارخانە رەت دەکەنەوە، لە راستیدا باوەڕیان وایە کە ئەم کردەوە دەتوانێ ژنان بەشێوەی نووسراوەیەکی هەڵکەنراو و نەویتر دەربێنێ یان بڕێک لە دەورگەلی ئەوان بچەسپێنێ. بەڵام کێشەی ئێمە کە هەر جیاوازییەک بەشێوەی کۆمەڵایەتی یان زمانناسی پێکهاتووە دەتوانێ سەر لەم باوەڕەش دەربێنێ کە هیچ جیاوازییەکی راستی لە نێوانی ژنان و پیاواندا بوونی نییە. باوەڕی ناوبراو بۆ پیاوان و ژنانی ئاسای زۆر سەرسووڕهێنەرە. تەنانەت ئەم باوەڕەی فەمینیستە نوێیەکان کە جیاوازیگەلێکی زۆر لە نێوان ژنان (وە هەروەها نێوان پیاوان)دا بوونی هەیە، سەرسووڕهێنەرترە. لەراستیدا زۆر گوتوویانە ژنان یان پیاوان هیچ گەوهەرێکی زاتیان نییە. سووربوونی هێندێ لە فەمینیستەکان (هەم رادیکاڵ و هەم پارێزکار) لەسەر منداڵبوون و زێوەزوو، دایکایەتی و پەروەردەی منداڵان رەنگدانەوەیەکە لەم خاڵە. گرنگە کە بزانین ئەم روانگە جۆراوجۆرانە لە تایبەتمەندی سەرەکی گشت بزاڤی فەمینیستی و ئیدئۆلۆژی دەدرێتە قەڵەم، دەتوانین ئاشتی لە خۆ بگرن.

بەشی هەشتەم

ئەكــــۆلــــۆژیزم

ئەکولۆژی لە هاتک و بـرتکێنی لێدوانـە گشتییەکانی بیـست ساڵـی رابـردوودا گەیشتە ترۆپکی خۆی. ئەگەرچی، وەکو هەموو ئەو ئیدئۆلۆژیانەی کـە تاوتوێمـان کردن، خوازیارێکی لە بنچـەی دێـرین هەیـە. بـەم حاڵـەوە، لێـدوانێکی بـە راسـتی دەربارەی پێگەکانی بزووتنەوە لە ئارادایە کە زایەڵەکانی ئەو هەنووکە دەیبیـنین. ئەم لێدوانگەلە لە بەشی داهاتوودا تاوتوێی دەکەین.

مەسەلەگەلێکی بە تاڵووکە دەربارەی وشەی ئەکۆلۆژیزم خۆ بوونیان هەیە کـە لە زانیاری و زاتی بزووتنەوەی ئەکۆلۆژیـدا خـاوەن بایـەخ و مانـای دەروونییـە. یەکەم ئەو جۆرە کە جاناتان پاریت دەڵێ وشـەی ئـەکۆلۆژیزم شـتێکی دڵـتەزێن و تاقەتپڕووکێن لە خۆیدا شک دەبا کە هێشتا خووی زانستی و پسپۆری کـارکردی سەرەتایی و پێناسەی دوارۆژی ئەو لەگەڵ خۆی بە کێش دەکا.[1] جگە لەو، لایـەنی زانـستی ئـەزموونیتری واژە، شایـستەیـی ئـەو بـۆ گەیانـدن و گەیانـدنی مانـای دەروونی و زۆرجار لە ناخەوە تایبەتی و سیاسیشی بۆ کەسانێک ئاستەنگ دەکـا کە لەم بزاڤەدا سەرقاڵن. دەرەنجام، زۆر لەو کەسانە کـە لەمـەڕ ئـەم ئیدئۆلۆژییـە بابەت دەنووسن، تـا رادەیـەک بـە شـێوەی پێویـست ئـەوە «ئەندیـشەی سـەوز» ناودەنێن. تەنانەت واژەی «سـەوز» یش چەرمە سەری خـۆی هەیـە.[2] لـەم لێدوانـە تایبەتـە، لەگـەڵ گشت بەڵـگەو دەلیلـە پێچـەڵاو پـووچ و گـرێ و گۆڵـەکانی ئـەو، رەنگدانەوەیەکە لـە گـۆڕینی نـاو بـزاڤ لـە بریتانیـا بـە «حـزبی سـەوز» (پێـشتر ئەکۆلۆژی). بە پێچەوانەی ئەمە کە خۆم هۆگرییەکی زۆرم بە ناوی «سەوز» هەیە، ئەوەم بەو دەلیلە قبـووڵ نـەکردووە کـە هـەموو بابەتـەکان کـە دەمـەوی لێـرەدا باسیان بکـەم، بـوار نـادا. نـاوی «سـەوز» بەتـەواوی لەگـەڵ هەنـدێک لـە لێدوانـە سیاسییەکان (و هەندێک بایەخە پێوەندیدارەکان بەوەوە) گرێدراوە کە بـە راسـتی لە ئامانجی منەوە دوور. لەم بابەتەوە دەبێ بڵێم لەم بەشە ئێستا نسبەت بە بزاڤـی ناوبراو روانگەیەکی جیا لە سوننەتیم هەیە.

بزووتنـەوەی ئـەکۆلۆژ لـە پانتـای گـشتی لـە دەیـەی ١٩٧٠ هاتووەتـە ئـارا و بەرفراوان بووەتەوە. لە بەر ئەمـە، لـە روالـەتا ئـەم بزاڤـە لـە بـاری مێژوویيـەوە پێوەندی بە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە دەبێ. هەڵبەت نژادی مرۆڤ لـە دێرینەوە لە سروشتا تەداخولی کردووە. لەگەڵ ئەمـەدا، گەشـەی پیـشەسازی لـە دووسەت ساڵی رابردوودا ئەم پرۆژەی دەستێوەردانی تا ئاسـتێکی دڵ نیگـەرانی پەرەی پێداوە. خولی دوای ١٩٤٥ واتـە دوای جـەنگی جیهـانی دووەم لـە بابـەتی گەشەی پیشەسازی بەتایبەت سـەر سوورهێنەر بووە. ئەم جۆرە کـە لەیـەکێک لـە راپۆرتـەکانی پێگـەی ژیـنی دەیـەی ١٩٧٠ هـاتووە «لـە ٢٥ سـاڵـی رابـردوودا، دەسەڵات، بەرین و قوولی تەداخولاتی مرۆڤ لە سیستەمی سروشـت شـاهیدێکی شووم لەسەر شۆڕشگێڕترین گۆڕانکاری بـووە کـە شـعوور دەتوانـێ تەسـەوری بکا».[٣] بەراورد و خێرایی گەشەکردن لە ٤٠ ساڵی رابردوو رادەیەک بووە کـە زۆر کەس وەک بە ئاگا کردنەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

ئەکۆلۆژی لە حوکمی بینینێکی زانستی سەرنج بۆیەکێک لـە سـاکارترین، بـەڵام گرنگترین خـاڵ کـە کاردانەوەگـەلێکی مـەزنی بـووە، رادەکێـشێ واتـە ئەمـە کـە ئەکۆسفێر یان ژین مەئوا سیستمێکی بە یەکەوە گرێدراوە. ئەوەی کـە ئێمـە نـاوی دەنێین پێگەی ژین لە راستیدا «سیستمێکە کە هەموو بوونەوەری زیندوو و ئـاو و هەوا و خاک و ژینگەی ئەوانە دەگرێتەخۆ».[٤] بە شێوەیەکی‌تر، جۆرەکـانی مـرۆڤ بەشێکن لە پێکهاتەی زۆر پێچراوە، جۆرا و جۆر و بەیەکـەوە گرێـدراون. ئـەوەی کە لە باری پیسکردنی پیشەسازییەوە دەیچێنین، بە نـاوی ناپایـەداری ئەکۆسـفێر دەیدوینەو. ئێمە ناتوانین خۆمان لە ئەکۆسیستم جیا بکەینەوە. ئـەم خاڵـە توانـایی تاقانەی ئەکۆلۆژیزمە. بەر لەوەی لەم خاڵە تێپەڕێین باشترە بێ‌پسانەوە بڵێن کـە هۆکاری سەرەکی و بایەخ و زانیاری گشتی کە لە پشت ئەکۆلۆژی شاراوەتەوە لە پاڵپشتی زانستی و بەڵگەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ نەک هەڵوێستی ئـەخلاقی یان سیاسی ئەو.[٥] لە لایەکی دیکەوە، ئەکۆلۆژی تایبەتـەن لایـەنی شەخـسی هەیـە ئەو جۆرە کە ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە «بێجگە لـە فـەمینیزم» لـەوە بێبرین. زۆر لـە ئەکۆلۆژیستەکان ئەوەی کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا ئەنجامی ئەدەن ـ لە کڕینی

کاغـەرە هـەتا بـەنزینی بـێ سـرب ـ گرێیـان داوە بـە ئـاڵۆزی جیهانـەوە کـە کاردانەوەکانی ئەسەر لەسەر بەرەکانی داهـاتوو دادەنـێ.[٦] ئـەم بینینـە جیهانییـە، تاک، لە بابەتێکەوە بێ کەم و زیاد لە نێوان ئیدتۆلۆژییەکاندا کارێکی تاقانەیە.

وشەی ئەکۆلۆژی یان مەئوا ناسی لە وشەگەلی یۆنـانی oikos (بـە مانـای مـاڵ یان ژینگە) و logos (بە مانای زانیاری یان زانست بـە شـتێک) تێکـەڵاو بـووە. لـەم بابەتەوە پێوەندی نزیک لەگەڵ واژەی «ئەکۆنۆمی economy» (ئابووری) هەیـە کـە کەلکی سەرەکی و سەرەتایی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەرەستوو کە بە مانـای «راوێـژ و ماڵ» ئەوەی بەکاردەهێنا. ئەکۆلۆژی لە سەرەتاوە زانستی بوو لەمەڕ پێوەنـدی سیستماتێک لە نێوان گیاکان و گیانەوەران و پێگەی ژینی ئەوان لێدوانی دەکـرد.[٧] ئەم زانستە هەتا ئەمڕۆ ئەم سروشتەی خۆی بە ناوی زانستی جیـاواز پاراسـتووە کە نەک بە تەنیا باڵی بۆ ژینگەناسان بەڵکو بۆ فیزیۆلۆیستەکان، گیانـەوەر ناسـان، بیرکاری زانان، بیۆلۆژیستەکان، فیزیکزانـان، جوگرافیـا زانـان، ئـابووری زانـان و پرۆژە دارێژەرانی شاری بە کەڵکە. ئەم رشـتە لـە سـەرەتای حـەیاتی خۆیـدا بـە ناوی زانست، مانایەکی دەروونی بەهێزی سەمەر بەخـشی بـوو. ئـەکۆلۆژیزم لـە سەرتاوە بە هۆی ئەزموون خوازی بەهێز و سـوننەتی زانـستی خۆیـەوە خـووی تایبـەتی پەیـدا کـرد. کـارکردی ئاسـاییتری واژە لـە بـاری ئـەخلاق، سیاسـەت و ئابووری دواتر هێور هێـور لەگـەڵ میزانکـردن و بەرامبـەرکردنی زیرەکانـە هاتـە ئاراوە. تەنانەت لە دەیەی ١٩٩٠ پێوەندییەکی ئاڵۆز و دژوار لە نێوان کەسانێک کە وەک زانـستێکی پایـەدار لەگـەڵ ئـەکۆلۆژی مامەڵـەیاندەکرد و کەسـانێک کـە دەستکەوتەکانی ئەویان بە رادەیەکی یەکجار زۆر لەگەڵ ئەندێشەی ئـەزموونی و دەستووری گرێبەست دەکرد، بوونی بوو.

پێگەی سەرهەڵدانی ئەندێشەی ئەکۆلۆژیکی

ئەو جۆرە کە لە بەشی پێشوودا باسـکرا، لێـدوان لەمـەڕ پێگـەی سـەرهەڵـدانی ئەکۆلۆژی پێوەندی بە خووی بزاڤی حاڵی حازرەوە دەبێ. ئەم خاڵـە هەمیـشە بـە تاڵووکە لە نوسراوەیەکدا کە لەمەڕ ئەکۆلۆژی دەنووسرێ، ئاشکرا نابێ. بڕێک لـە

قوڵف و بەندەکان لە گەنجینەی ئەکۆلۆژیدا بوونیان هەیە کە زۆرکەس حەز دەکەن بە دڵتەنگییەوە بە لایدا تێپەڕن. زۆربەی ئەم قوڵف و بەندانە کە هەندێکیان تا رادەیەک بێ زیانن، پێوەندی دێرینەتری بە پێگەی سەرهەڵدانی ئەندێشەی ئەکۆلۆژییەوە دەبێ. لەم بەشەدا گوتراوە کە ئێمە نابێ بە پەنای ئەم ریشە دێرینانەدا بێدەنگ تێپەڕین، چونکە رۆشنگەری پێچراوەیی ئەکۆلۆژیکی و بوونی جۆراوجۆریەک لە بینینی ئەکۆلۆژیکیدا هەن، پێچراوەیەک کە تەنیا بە ناودانانێکی سەرلەنوێی «سەوز» حاشاهەڵگر نییە.

ئاماژەیەکی کورت بە یەکەم کارکردی وشەی «ئەکۆلۆژی» دەکەم. ئەم وشە گیانەوەر ناسە و فیلیووفی ئەڵمانی، ئەرنست هاینریش هەکێل لە کۆتایی دەیەی ۱۸٦۰ دا کردوویەتە کار،[8] هەکێل لە ئاسەوارێکی وەکو بیچم ناسی گشتیدا ئەم واژەی بەم چەشنە پێناسە دەکا: «زانستی پێوەندی نێوان ئۆرگانیزمەکان و پێگەی ژینی ئەوان».[9] لەگەڵ ئەمەدا، بەڵگەگەلێک لەمەڕ گرنکی دۆزی هەکێل بوونی هەیە کە بە تێر و تەسەلی لەمەڕ ئەو لێدوان دەکەین. بە کورتی، سێ بابەتی بناخەیی (لە دەروونی بزاڤی ئەکۆلۆژی) لەمەڕ مەسەلەی پێگەکانی سەرهەڵدان بوونی هەیە. گەشەکردنێکی نوێش لە بەیانە زانستییەکانی بزاوتە ئەکۆلۆژییەکاندا دەبینرێ کە دواتر لەم بەشەدا باسی لێوە دەکەین.

لەسەر یەکەمین توێژینەوەی پێگەکان هەندە راڕوێن چونکە هی وەکو ئەوە لە هەموو ئیدئۆلۆژییەکاندا هەیە، و ئەوە بریتییە لە کۆشش بۆ دۆزینەوەی شوێنی پێی بۆچوونەکانی ئەکۆلۆژی لە سەرەتای خوڵقانی مرۆڤ، و لانیکەم خولەکانی پارینە سەنگ (چاخی بەردین) نوێ سەنگی، کۆمەڵگەلێکی جۆراوجۆر، وەکو تایەفە سەڵتەکان، بوو بە فیکر و زیکری دایمی نووسەرانی ئەکۆلۆژیک. خاڵی سەرەکی کە زۆرجار، و تەنانەت لە زۆربەی لێدوانەکانی ئەم سەردەمە لەمەڕ تایەفەکانی «سەرەتایی» یان چۆلگە گەڕ و عەشیرەتی دەهاتە ئاراوە، ئەمەیە کە ئەوان «بە شێوەی سروشتی» لە باری ئەکۆلۆژیکییەوە لە ئێمە چاوکراوەتر بوون یان هەن. مرۆڤە سەرەتایەکان (کە هەندێک دەڵێن مرۆڤەکانی بەر لە عەسری پیشەسازی) هەستیاری و هەستی بەرپرسایەتی و چاوەدێری زۆریان سەبارەت بە جیهانی

دەوروبەری خۆیان بووە. وەها هەست پێدەکرێ کە مرۆڤەکانی بەر لە پیشەسازی یان تایەفە سەرەتاییەکان ڕێزیان بۆ سروشت داناوە و هەر تەنیا ئەوەی پێویستیان پێی بووە، لەویان هەلگرتووە. چ تایەفەی ڕاوچی و چ ئەوانەی کە خواردەمەنیان کۆدەکردەوە و باخەوانەکان، بینینی جیهان پەرستانەی ئەوان، ئەوانی پتر بۆ چاوەدێری کردن لە سروشت هانداوە. هەندێک کەس لێرەدا لەسەر تایفەکانی بەر لە مەسیحییەت زۆرتر لە تایەفەکانی بەر لە پیشەسازی تەئکید دەکەن.[10] بەم شێوە، خەلکانی سەرەتایی خاوەنی جۆرێک شعووری دێرینی سروشتی بوون کە ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دایان بێنینەوە. لەم ڕووەوە. نووسراوەی ئەکۆلۆژیکی زۆرجار پڕن لە نەقل و پەندگەلێک لە شەمەنەکان، عارفەکان. ڕێبەرانی هێندی و شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەرانی مەزهەبی هێندووەکان.

لەمەڕ ئەم جۆرە ئەندێشە شتێکی گومانلێکراو و شاراوەبوونی هەیە. هەر ئیدئۆلۆژییەک لەم بوارەدا کێشەیەکی هەیە، بەلام براقی ئەکۆلۆژیکی لەم دۆزینەوەی ریشەگەلی گشتی خۆی، لەسەر ئەم خالە زۆرتر لەم و لەو تەکییە و ئاماژە دەکا. لە حالی حازردا ئەگەر بمانەوەی بە شوور و شەوقی ناپەسند (وەکو بڕێک لە ئانارشیستەکان) لە قەومە سەرەتاییەکان و وەرگێرانی دیرۆکەکانی ئەوان نیگەرانیگەلێکی پێگەی ژین و کۆمەلگە خۆمان بدۆزینەوە لەگەل مەترسی ڕووبەڕوو دەبینەوە. هەروەها لەم ڕاستییە غافلین کە زێهنییەتی «بکوژ و ببڕ» و بێ سەرنجدان بە پیسکردن تەقینەوەی پێگەی ژین بە هەمان ڕادە بەشێکە لە خووەکانی مرۆڤایەتی سەردەمی نوێ سەنگ بوو کە هەنووکە بەشێک لە خووەکانی مرۆڤایەتییەکە جەنگەلە ئستواییەکانی برزیل پاکتاو دەکەن. دیمەنی ئەورووپا تەنیا بە پیشەسازی فۆرمی نەگرتووە. لە خولەکانی سەرەتایدا، جەماوەری مرۆڤەکان، تەکنۆلۆژی و پێگەی ژینی کۆمەلایەتی و ئابووری ئەوان ئاستەنگ بوو. بەم حالەوە، ئەگەر مرۆڤگەلی نوێ سەنگی ڕێگای زنجیری یان مەکینەیان داهێنابا بێگومان ئازادانە سوودیان لەوە دەبرد.[11]

دووەم ڕاپۆرت لەمەڕ پێگەی سەرهەلدانەکان کە بەبرەوتر بووە و بە بەرفراوانی کەلکیان لێوەرگیراوە بزووتنەوەی ئەکۆلۆژیکیان بە هی دەیەکانی

۱۹٦۰ و ۱۹۷۰ دەزانی و داناوە. زۆر کەس سەرەتای ئەم رەوەندی زانیاری ئەکۆلۆژیکییە بە دەیەی ۱۹٦۰ دەزانن. ئەو جۆرە کە براین توکار دەڵێ: «پێگەی راستەقینەی بزووتنەوەی سەوز هەستان و راپەرینە مەزنەکانی کۆمەلایەتی و سیاسییەکە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرانسەر جیهانی رۆژئاوای لە ماوەی دەیەی ۱۹٦۰ تەنییەوە و گرتیەبەر».[12] هەندێک کەس بە برێک نووسراوەگەلی دەورانسازی ئەم دەیەییە سەرنجیان هەیە. یەکەمی ئەوانە کتێبی بەهاری خامۆش، نووسراوەی راشێل کارسۆن بوو. نزیک بە کۆتایی دەیە، کتێبی پل ئەرلیش بە ناوی بۆمی جەماوەر و تراژیدیای چەمنزارەکان، نووسراوەی گارت هاردین، نەک تەنیا مۆتەکەی رووخاندنی پێگەی ژین بەلکو پێوەندی لەگەڵ زۆربوونی ترسناکی جەماوەریان هێنا ئاراوە.[13] هێندێکی دیکە سەرەتای دەیەی ۱۹۷۰ بە قەناعەتگەیێنتر دەزانن بەتایبەت لە باری خۆنیشاندانی بەرفراوانی گشتی بە کارەساتەکانی وەک ئالۆزی نەوت و راپۆرتگەلێکی زۆر پڕ دەنگدانەوەی وەکو راپۆرتی جیهانی ۲۰۰۰ لە لایەن دەوڵەتی جیمی کارتر، راپۆرتی نارەسمی رێکخراوەی نەتەوە یەکگەرتووەکان بە ناوی هەر تەنیا زەمینێک، راپورتی کلوپی رۆم بە ناوی بەرتەسکی گەشە، راپۆرتی تایبەتی رۆژنامەی ئەکۆلۆژیست بە ناو پلانی مان و مانەوە؛ و راپۆرتی زۆر نوێتری برونت لەند بە ناوی داهاتووی هاوبەشی ئێمە ئاماژە دەکەن.[14] ئاستەنگییەک کە لەم راپۆرتانەدا ئاماژەی پێکراوە و جێی نیگەرانییە سەرنجدان بە کەمبوونەوەی بەر فراوانی پێگەی ژینە. کۆتایی دەیەی ۱۹۷۰ هەروەها شاهیدی گەشەکردن و بەرینبوونەوەی نوێی «حزبە سەوزەکان» بوو کە بە شێوەی سەرکەوتوانە لە خەباتی سیاسیدا بەشداریان دەکرد کە بە ناوبانگترینی ئەوانە «سەوزەکانی ئەلمانی روژئاوا» لە ساڵی ۱۹۷۹یە. گومانێک لەم راستییەدا نییە کە لە دەیەی ۱۹۷۰ دا هەم گەشەی بەرفراوانی نووسراوە و ئاسەواری هەستیار بە مەسەلەگەلی ئەکۆلۆژیکی بوونی بووە و هەم زاینەوە و لێکەوتنەوەی رێکخراوەگەلی بە سیاسی بووی سەوز.

لەمەڕ بینینی دووهەم لەم بابەتەوە کە بزاڤی ئەکۆلۆژیکی لێبڕوانە لە دوو دەیەی رابردوودا خۆی لە سەفی یەکەمی سیاسەتدا بینیوەتەوە، دەکرێ زۆر

ئاخاوتنی لەسەر بکرێ. ئەگەرچی دەبێ تەک بدەین بە تەک بینینی هەمووەوە. لەم روانینە سێیەمەدا لایەنگەلێکی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ بوونی هەیە کە ریشەگەلی ئەندێشەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاوێر دەکا؛ هەرچەند لەمەڕ زەمەنی دەقیقی ئەو هێشتا لێدانگەلێک بوونی هەیە. خاڵێک کە زۆر لە نووسەران، تەنانەت ئەوانەی کەدەنگی خۆیان خستووەتە پاڵ راپۆرتەکانی دەیەی ۱۹۷۰ وە و ئەویان قبووڵ کردووە ئەمەیە کە ئەکۆلۆژیزم تا رادەیەک بەرهەمی خۆنیشاندانی رەخنە لە سوننەتی رۆشنبیری ئەوروپایە.[15] ئەکۆلۆژیزم بایەخی بالای عەقل بە چاوی گو مانەوە سەیر دەکا. هەروەها پلەی ناوەندی مرۆڤایەتی لە جیهان و ئەمە کە سروشت بێ بایەخە و مرۆڤەکان دەتوانن دەستیتێوەردەن، رەتی دەکاتەوە. لەم خوێندنەوەدا، رێبازی ئەکۆلۆژیزم لە پەنای بەشێک لە خۆنیشاندانی بزاڤی رۆمانتیک لە بەرامبەر سەردەمی رۆشنبیری لە سەرەتای سەدی نۆزدەهەمدا رایگرتووە. لاوازی ئەم راپۆرتە رۆڵێکی گرنگە کە عەقلانییەت و زانستی ئەزموونی لە پێناسەی بزاڤی ئەکۆلۆژیکی وەفاداری و ئەمەگ ناسی لە خۆنیشان دەدا. بێجگە لەمە، بیر و باوەڕی گرێدراو و بە بەرامبەری جیهانی مرۆڤەکان و جۆرەکان کە لە پانتاگەلی بەرفراوان لە ئەکۆلۆژیدا بوونی هەیە، لەگەڵ خووی سوننەتخواز، شوێن هەڵگر و زۆرجار زنجیرەییتری بزووتنەوەی رۆمانتیک بەراورد ناکا.

ئەگەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەرەو دواتر بگەڕێینەوە و کاریگەرییەتی مالتۆسیانیزم و داروینیزم ببینین، لەگەڵ خاڵێکی بە تەواو مانا جیاواز رووبەڕوو دەبینەوە. فەلسەفە گەلێک بەرفراوان بوونەتەوە کە کۆششیان دەکرد بینینی ماتریالیستی و زانستی لەگەڵ ئەدراکی زاتی و سروشتخوازی دینی و ئەخلاقی بە یەکەوەی بچسپێنن. بە جۆرێکیتر، سروشت و تەکامول پڕ لە گرنگی مەعنەوی بوون. لە لایەک، ئەم جۆرە فەلسەفانە پێشکەوتگەلێکی زانستی تەکامولی و ئاوا بوونی مەزهەبی ئۆرتۆدۆکس تریان قبووڵ دەکرد. لە لایەکی دیکەوە، فەلسەفە زانیارییەکانی وەکو ئیدەئالیزمیان بە چاوێکی لە رادەبەدەر گومانەوییەوە بۆی دەڕوانین. مرۆڤەکان پێڕەوی یاساگەلی تەکامولی سروشتی بوون. لەم شانۆیەدا،

گرنگی بنەمایی یان وەک وێنەیەک بۆ تەکامول و سروشت دەچوو. ئەم حەز و مەیلە ئاشکرا لە زۆربەی نووسەراندا دەبینین کە بەر لەمە لەمەڕ ئەوانەوە دواوین. پتر کرۆپوتکین، ل. ت. هابهاوس، ج. ئا. هابسۆن و هێربێرت سپێنسێر. لە نەبوونی خودا، یان خودایان «سروشت» و ڕێنوێنییە بنەڕەتەکانی هەستی ناسانەی ئەو گرنگییەکی باڵای هەیە. زانستییەکان مومکینە چ چاوکراوانە و چ چاونەکراوانە ئەم وێنەگەل و پێکهاتە بنەڕەتیانە دابێنن و وەکو خەرمانەی مانگ لە دەوری سەری خۆیانی هاڵێنن. تەکامول لایەنی مەعنەوی بەدەسهێنا. یەکێک لە ئاشکراترین نموونگەلی ئەم کارە لە سەدەی بیستەمدا ئاسەواری تیلهارت دوو شاردنە ک لەسەر هەندێک لە بەشەکانی براقی ئەکۆلۆژیکی هاوچەرخ کاردانەوەی بووە.[16]

شتێک کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە یەکەم نووسەر کە واژەی نوێی «ئەکۆلۆژی» کردووەتە کار بەتەواوی بینینی سەرەوەی بوو. ئەرنست هەکێل کەسایەتییەکی بەناوبانگ و لە دڵی خەڵکدا بوو کە ئەندێشەکانی ئەو نەک هەر تەنیا لەسەر نەهادە زانستییەکان بەڵکو لەسەر نەهادە ئەدەبی و دینییەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەرییەتیان بوو. ئەو بەرهەمی شەپۆلی ماتریالیزمی تەکامول خوازی ئەڵمان بوو کە لە دەهەکانی ئاخری سەدەی نۆزدەهەمدا لەژێر کاریگەرییەتی داروینیزمدا بوو. هەکێل لە ئاسەواری ئاکادمیکی کۆشاری خۆی و نووسراوە گشتی فامتری وەک مەتەڵی جیهانی هەستی کۆششی کرد هەتا تەوحید (مونیزم) فەلسەفەی (داڕێژراو لەسەر حەیاتخوازی لە ڕووبەڕوو لەگەڵ بیولۆژی، مکانیک) پەرەی پێبدا و دەیخوازی ئەم فەلسەفە لە ئاخردا بزیکارێکی بەمتمانە بێ بۆ دین. هەکێل وەکو هێربێرت سپێنسێر (کە لە ناخەوە جێی ڕێزی ئەو بوو) و دواتر هانری بەرستۆن، وزەی تەکامول دۆزینەوە یان جەوهەری لە دەروونی جیهانی سروشتی ماددی قبووڵ بوو کە یاسای بنەڕەتی ـ کە ئەوەی بە «یاسای جەوهەر» ناو دەبرد ـ بەسەر ئەودا زاڵە.[18] هەروەها سپێنسێر سروشتی بە تەکامول گەیشتووی بە بێ حەیات نەدەزانی. ئەو خودانەناسی ڕەتدەکردەوە و باوەڕی بە «یەکگروویی وجوود» بوو. بە بۆچوونی هەکێل خودا بێکەم و کورتی زاتی سروشت بوو، یان ئەو جۆرە کە خۆی ئەیوت «خودا، بە شێوەی

هەستییەک ئەو بەڕی هێزێک لە هەر جێیەک هاوجەوهەر لەگەڵ سروشتە».[19]
لەگەڵ مەرگی خودایانی دێرین، هەکێل گەش بینانە دەیگوت «هەتاوی تەوحید و تاقانەبینی ڕاستەقینەی ئێمە... ڕووگەی سەر سووڕهێنەری سروشت لەگەڵ کۆما جوانییەکانی بۆ ئێمەی ئاشکرا دەکا». بەم چەشنە دینی سروشت جێگری «ئیدەئالەکانی مرۆڤویستانە لە خودا، ئازادی و هەتاهەتایی» بوو.[20] هەکێل سروشتی بە ئۆرگانیزمێکی تاقانە و یەکگرتوو و هاوکێش دەبینی کە مرۆڤەکان بەشێک لەوە بوون، ئۆرگانیزمێک کە مانا و گرنگی دینی بوو. ئەم ئۆرگانیزمە تاقانەخوازی، سروشتی و هاوئاهەنگ، دەربارەی یەکخستنی کۆمەڵگە و هەروەها پێوەندی ئێمە لەگەڵ سروشت، دەرسگەلێکی بۆ فێربوونی ئێمە پێ بوو.

ئەکۆلۆژیزم لە سەرەتای خۆی لە دەیەی ١٨٧٠دا دۆزگەلێکی زانستی و تەکامولی پێ بوو. ئەم ئەندێشانە زۆر لە مەعنەوییەتی وردبینی یەکگرتوویی وجوودی و گشت بینانە سازگار ببوون. سروشت خۆی پلە و پایەیەکی بە بایەخ و ئەخلاقی بوو و لەگەڵ چارەنووسی ئێمە بە شێوەی یەکێک لە گیانەوەران گرێی خوارد. سروشت هەڵگری دەرئەنجام ناسییەکی بەرفراوان بوو کە ئێمە بە زیانی خۆمان لێی غافڵ ما بووین. کەسانێک کە بە موتالای ئەکۆلۆژییەوە خەریک دەبوون و تێدەکۆشان هەتا بێ خەوشییەکانی هۆکاری زانستی ڕابگرن، پێویستیان بوو هەتا خولێک وەحەسێن بە موتالای مێژووی ڕشتەی خۆیانەوە سەر قاڵ بن. لە سەردەمی هەکێل بەدوا، ئەکۆلۆژی گرنگی ئەخلاقی و مەزهەبی بۆ مرۆڤایەتی بە دەست هێنا. شێوازێک کە لەگەڵ ئەو بۆ ڕێکوپێککردنی کۆمەڵگەی خۆ، ئابووری خۆ و ژیانی تایبەتی خۆمان دەستبەکاربووین، خاوەنی هەمان مەنتقی سروشتی و فەرجام ناسانەی سروشت بوو. ئەم ڕوانگە ئیتر بە سەرنجی بە تاقانە مرۆڤ ڕازی نەدەبوو بەڵکو زۆرتر غەیرەمرۆڤخوازانە بوو. بێجگە لەمە، سروشت و «سروشتی» بوون بە ستایشی باڵا. ژیان کردن بە شێوازی سروشتی باشترین ژیان بوو. ئەم باوەڕانە کاریگەرییەکی مەزنیان لەسەر سەدەی بیستەم بینینەکانی ئێمە سەبارەت بە ناحییە گوندەیەکان، پەتیخوازی، سوننەتی خەڵکی، مۆسیقای خەڵکی، خواردەمەنی سروشتی، گەشە و

بالاکردنی گیایی، ئەدەبیاتی رۆژهەلاتی، پاشەکەوتی سروشتی، تەندروستی و تبی هۆمیوپاتی و وەکو ئەمانەی بوو ـ کۆمەڵێکی بەرفراوان لە باوەڕەکان کە لێرەدا بۆ تاوتوێ کردن نابن بەلام گشت ئەوانە بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم لە ئارادا بوون.[21]

لایەنی مەترسیداری کێشەگەلی سەرەوە بۆ زۆربەی تاکەکان لە بزاڤی ئەکۆلۆژیکی، دوو بەرامبەر و دوو لایەنە. یەکەم ئاشکرایە کە بینینی ئەکۆلۆژیکی لە سەرەتای خۆیدا جار جار لایەنگرانی نێوان پارێزگاران (بەتایبەت خودا نەناسان) و ناسیۆنالیستەکان بەتایبەت بزاڤە نەتەوەیەکان لەسەرانسەر ئەوروپا لە دەهەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ بوویەتی ئەمە کارێکی پیرۆزە کە سۆسیالیستە نارازییەکان و ئانارشیستەکانیش لە دەیەی ١٩٧٠ ئەندامی سەرەکی بزاڤی ئەکۆلۆژیکیان پێکهێناوە. باوەڕ و پێوەندی ئەوان لەگەڵ دید و بینینی ئاشتیخوازانە و دژی دەوڵەت، ئەم رەسەن نامە جۆربەجۆرەی شاراوەتر کردووە. مەسەلە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرینەی کەسانێک کە لەمەڕ مێژووی ئەکۆلۆژی لە بیست سالی رابردوودا بابەتیان نووسیوە لەسەر باوەڕی رادیکالیزمی ئانارشیستی یان سۆسیالیستی سەوز بوون.

مەترسی دووەم شێوازێکە کە ئەم دۆزانەی مەئوا ناسی بەبرە و بەرفراوان بوونەتەوە، بەتایبەت بینینی ئەکۆلۆژیکی توندی زۆر لە بزاڤەکانی فاشیستی و نازی، رایشی سێیەم بە توندی دەربارەی تەکنۆلۆژیا، گازی مێتان و باقی سەرچاوە جێگرەکانی وزە جستوجۆی دەکرد. ئەڵمانییەکان یەکەم کەسانێک بوون کە مەسەلەی پاشەکەوتەی سروشتیان لە ئەوروپادا هێنا ئاراوە و بە کردەوە دەربارەی ئەوە دەست بەکاربوون و پرۆژەگەلێکی بەربلاویان بۆ جەنگەلکاری و زیندووکردنەوەی جەنگەلەکان بەرێوەبرد. جگە لەمە، ئەوان بە ئەزموونگەلێکی بەرفراوان لە بواری وەرزێری بیۆدینامیک و ئۆرگانیکەوە سەرقالبوون. زۆر لەوان، وەکو هیتلێر خۆی، گیاخۆرێکی بە راستیبوون و هیملر فەرماندەری ئێس ئێس خۆی یەکێک بوو لە دژە هەرە کەللەڕەقەکانی زیندوو درِی

یان بڵێن (کالبد شکافی) گیانلەبەرانی زیندوو.[٢٢] ئەم وردبینییە هۆکاری لێدوانە پرجەنجاڵییەکان لە دەروونی بزاڤی ئەکۆلۆژی لەمەڕ بوونی «ئەکۆفاشیزم» بووە.

بێجگە لە نەزەریاتی ناوبراو کۆشش گلێکیش لە نووسرای کۆمەڵناسی و ئابووری بۆ لێدوان لەمەڕ مێژووی بزاڤی ئەکۆلۆژی بەرێوە براوە کە هەندێک لەوانە دید و بۆچوونگەلی دێرینەی سەدەی نۆزدەهەم وەبیر دێننەوە. بۆ وێنە لووە و گویدر لە موتالای خۆیاندا لەمەڕ گروپە ژین پێگەیکان لە سیاسەت، «شەپۆل گەلێک» لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ئەکۆلۆژی هاوێرییان کردووە: لە دەیەی ١٨٨٠ هەتا ١٩٠٠، ١٩١٨ هەتا ١٩٣٩ و دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٧٠.[٢٣] نووسەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە «ڕەنگە لە خۆرانەبێ کە هەر کام لە خولەکانی گەشەکردنی کوتوپڕی گروپە نوێیەکانی لایەنگری پێگەی ژین لە دەیەی ١٨٩٠کۆتایی دەیەی ١٩٢٠، کۆتایی دەیەی ١٩٥٠ و سەرەتای ١٩٧٠ لە قۆناخگەلی وێچوو لەگەڵ خولی جیهانی کەسپ و کار سەریان هەڵداوە. واتە لە کۆتایی خولەکانی پەرەگرتن».[٢٤] هەرکات پێویستییە ماددییەکان بۆ بەشی تایبەتی لە لایەن گوزەرانی ئابوورییەوە بەقەناعەت دەگەیشت، خەلک دەستیان دەکرد بە دەربڕینی نیگەرانی لەمەڕ «خەرجەکان» ی گوزەران و هەروەها لەمەڕ پێگەی «سروشتی» کە کاتی بێکاری و رابواردنی خۆیان بەوە دەبردە سەر. ئەوان دەرفەت و کات و هێمنایەتی فێرکردنی و ماڵیان بووە کە بتوانن سەرنج بدەن بە ئاگا کردنەوەگەلێک دەربارەی پێگەی ژین.[٢٥]

لێکۆڵەرانی بەناوبانگی کۆمەڵایەتی گوتوویانە کەسانێک کە نیگەرانیگەلی ئەکۆلۆژیکیان هەیە زۆریان ئەندامی چینێکی کۆمەڵگەن کە لە پەراوێزی پیشەسازیدا وەستاون و هەمیشە لە بەشی خزمەتگوزاری پیشەیی کۆمەڵگە «خوێندکاران، مامۆستایان، هونەرمەندان، هونەرپیشە، رۆحانی، یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی و...» کار دەکەن.[٢٦] ئابوورییەکانی پیشەسازی پێشکەوتوو گەشەی بەرچاوی ئەم پیشانەی بەشی خزمەتگوزاری دەخەنەڕوو. بەم چەشنە، راگواستنی بایەخەکان بەرەو ئەکۆلۆژی لەگەڵ وێنەگەلی ئاڵوگۆڕ کردنی پیشەی ئابوورییەکانی پیشەساز پێشکەوتوو پێوەندیان هەیە. هەڵبەتە دژایەتی تێکەڵ بە تەنزی سەرەکی ئەوەیە کە گەشەی ئابووری هاوکات لەگەڵ کاردانەوەکانی ژین پێگەیی ئەم (ئەکۆلۆژیستەکان

ڕەخنە لەو دەگرن) پەرەگرتنی بەشی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی و فێرکردنیان ئاسان کردووە و ئەم کارە بەش بە حاڵی خۆی هۆکاری بەرفراوانی توانایی چێژبردن و کەڵک وەرگرتن لە پێگەی ژین دەبێ کە ئەم گەشەکردنە زیانی بەوە گەیاندووە. خاڵی سەرنجڕاکێش لەم نەزەریاتە کۆمەڵناسی و ئابوورییە ئەوەیە کە ئەوان نیگەرانییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ ئەکۆلۆژی خۆی دەری نابڕێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەکۆلۆژی ئابووری، ڕاگواستنی بایەخەکان و ئەکۆلۆژی خۆی لە خۆیدا شتێکی ئەوتۆ بە ئێمە ناڵێن، ئابووری، چین و گۆڕینی پیشە لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەکۆلۆژیکی ئاشکرا دەکا. ئێمە ناڵێن، ئابووری، چین و گۆڕینی پیشە لە کومەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندایە کە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەکۆلۆژیکی ئاشکرا دەکا.

دەرەنجام، گوتراوە کە دید و بینینی ئێمە لە بابەتی ئەکۆلۆژیکەوە تازەنین. ئەوانە کوتوپڕ لە دەیەی ١٩٧٠ لەگەڵ موتمانە و باوەڕی رادیکاڵی بێخەوش سەریان هەڵنداوە، بەڵکو پێوەندییەکی زیرکانە و بەهێزیان لەگەڵ بینینگەلێک لەمەڕ سروشت هەیانە کە لە ئەندێشەی ئەوروپایدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتوونە ئاراوە. ئەم ئەنێشانە بە پێچەوانەی سەرکەوتنی بەربڵاوی خۆی بە هۆی کۆما کۆمەڵانی سیاسی جۆراوجۆر لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا، یەک کەوتنی ڕاستەوخۆی بارودۆخ، تاکەکان و ڕووداوگەلی دەیەی ١٩٧٠ بووەتە هۆ کە سەرنجی بەربڵاو بە مەسەلەگەلی ئەکۆلۆژیکی سەرلەنوێ ببەخشرێ. ئەم کردەوە سەرنجێکی نوێیە بۆ وەلانانی کۆششگەلی لایەنگرانی سەرەتا بەرێوە براوە. بە پێچەوانەی ئەم ڕاستەقینە کە ئەم بەشە زۆرتر بە دیاردەی دەیەی ١٩٧٠وە خۆ خەریک دەکا، تۆڕی ئەکۆلۆژیکی بە کردەوە بە چەشنێک بەرین بوەتەوە تاکو ڕیزی بەرفراوانتری دید و بینینە سیاسییەکانیش بگرێتە بەر. ئەکۆلۆژی ڕەنگە شێوەیەکی نوێ لە زانیاری ئیدئۆلۆژیکی بێ، بەڵام لە عەینی حاڵدا، شێوەیەکی پێچراوەیە کە وەکو گشت ئیدئۆلۆژییەکان هەموو جۆرە مەیلگەلێکی دژ بە یەک دەگرێتەبەر.

جەوهەری ئەکۆلۆژی

له لێدواندا ئەکۆلۆژی به شێوەی ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی، مەسەلەگەلێکی زۆر له ئارادا هەیە کە لەگەڵ نوێ بوونی نسبی ئەم بزاڤە پێوەندیان هەیە. ئەم بزاڤە هێشتا لە حاڵی فۆرم گیریدایە. یەکەم ئەم مەسەلە بوونی هەیە کە زۆر لەو کەسانەی کە لە ناخی ئەم بزاڤەدان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەکۆلۆژی ئیدئۆلۆژی نییە. ئەکۆلۆژی شتێک بالاتر لە ئیدئۆلۆژی زانراوە. دووەم پێوەندی دژوار و ئاستەنگی نێوان ئەکۆفیلۆزوفی یان فەلسەفەی ئەکۆلۆژیکی هاوچەرخ و ئیدئۆلۆژی سیاسی و بزووتنەوەی بە کردەوەی ئەکۆلۆژیکی بوونی هەیە. و سەرەنجام بابەتێکی زۆر و جۆراوجۆر لە دەروونی بزووتنەوەدا لە ئارادایە کە دابەشکردنی ڕێبازە فیکرییەکانی ئەکۆلۆژیکی ئاستەنگ دەکا. لەم بەشەدا چاو بە سەر ئەم سێ مەسەلەدا دەخشێنین و پاشان دەچینە سەر تەبەقەبەندی بە کردەوەی ئەکۆلۆژیزم.

یەکێک لە دروشمە سەوزەکانی بریتانیا و ئەڵمان کە پەیتا پەیتا دووپات دەکراوە، ئەمە بوو: «نە چەپ، نە ڕاست، بەڵکو بۆ پێشەوە». ئەوەی کە بەڕاستی لەم دروشمەدا شاراوەتەوە ئیدئۆلۆژی نوێ نییە، بەڵکو شتێکە کە لە هەموو ئیدئۆلۆژییەکان بالاتر دەڕوا. بە بۆچوونی زۆر کەس، ئیدئۆلۆژییەکان بەشێک لە بەستەبەندی ئەندێشە و بایەخگەلێکن کە تایبەتمەندی سەردەمێک یان خولێک پێکدەهێنن، دەربارەی ئەکۆلۆژی هۆی ڕیشەیی ئەم ئاڵۆزییەی پێگەی ژین بووە. هەر ئەو جۆرە کە نووسەرێک دەنووسێ: «سیاسەتێک کە ئێمە دەیناسین ناتوانێ ماوەیەکی زۆر بە لێدوان لەمەڕ بابەتەکانی (پێگەی ژین) بەردەوام بێ، بۆ ئەوەی کە لە زێهنیەتێک کە ئەم بابەتانە لەوەوە هەڵقوڵاون، بەشدارە» بیروبۆچوونێک کە زۆر کەس لە بزاڤی هاوچەرخدا لەودا بەشیان هەیە.[27] ئیدئۆلۆژی هەموو ڕێبازەکان هەر تەنیا (سیستمگەلێکی ئینتزاعی (سەڵت)، کۆمەلێک لە ئارمانجگەلی هەمیشەیی مەنتقی... کە بەسەر کرداری ئێمەدا حکومەت دەکەن، و لەمەڕ کۆمەڵگە ڕاستەقینەیەک بەیان دەکەن». ئەودەم نووسەر دەڵێ: «ئەوانە لە مەترسییەکی

فیزیکی بۆ جیهان کوشەندەترینن چونکە مەنتقی ئەوانە دەتوانێ ئێمە بکا بە کۆیلەی خۆیان».[28] بەم جۆرە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بالاتر لە ئیدئۆلۆژی هەنگاو بنێین.

بۆچوونی سەرەوە ئاشکرا ئیلهام بەخشی زۆربەی تاکەکانی بزووتنەوەیە. ئەم دیارەیە دەکرێ لە زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکاندا ببینرێ، هەرچەند بۆ قبوولکردن نابێ. ئەمە ئەهرۆمێکی پر بە پێست و ئاشکرایە بۆ دامەزرانی راستەقینەیە، واتە «من باس لە هەرێمی راستەقینەی بەرچاو دەکەم، تۆئیدئۆلۆژیزانێکی». بێ راڤەکردنی سەرلەنوێی باوەڕ و رێنوێنییەکان، زۆرتر ئەوەی کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین لە ئیدئۆلۆژییەکدا بیدۆزینەوە بە رۆشنی لە ئەکۆلۆژیدا هەیە. راپۆرتگەلێکی متافیزیکێک لەمەڕ جەوهەری راستەقینە، خووی مرۆڤ و رۆلی مرۆڤەکان لە جیهان، تاوتوێکردنێک لەمەڕ هۆکاری سازندەی باشترین ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی، و راسپێری و وەسیەتەکان و رێنوێنیگەلی دل رازیکەر لەمەڕ ئەوەی کە دەبێ لەم پانتایانەدا بێتە ئەنجام، بوونیان هەیە. لە راستیدا زۆرتر لە سەدەیەک لەمەو بەرتر لایەنگرانی ئەکۆلۆژی بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ ئێمە بوون. بەم جۆرە، لەم کتێبەدا دەردەکەوێ، ئەکۆلۆژی ئیدئۆلۆژیەکە.

گرفتێکی دل نیگەرانکەری دیکە بە پێوەندی فەلسەفەی پێگەی ژین (ئەکۆفیلوزوفی) لەگەڵ ئیدئۆلۆژی و کردەوەی سیاسی ئەکۆلۆژیەوەگرێبەست دەکرێ. ئەندرو دابسۆن سەرنجی داوەتە ئەم خاڵە و دلێ: «سیاسەتی ئەکۆلۆژیکی هەر لەو پرەنسیپانەی بوارێکی فەلسەفەی ئەو پێڕوی ناکا».[29] ئەگەر بە تاوتوێکردنی نووسراوەی ئەکۆلۆژیکی لە دوو دەیەی رابردوو خەریکبین لەگەڵ تایەفەگەلێکی زۆر و جیاواز رووبەڕوو دەبینەوە کە هەر کام چالاکی دەکەن و زۆرجار بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی لە بوونی یەکتر خەبەریان هەیە. ئەمە دەربارەی هەموو ئەو ئیدئۆلۆژیانەی کە لەمەو بەر موتالامان کردن، نائاساییە و لەوانەدا هاوکێشییەکی زۆرتری نێوان ئەندێشەی پێچراوەی فەلسەفی و نەزەریاتی ئیدئۆلۆژیکی و کردەوەیی بوونی هەیە.

بــرێکی زۆر لــە فەلــسەفەگەلی پێگــەی ژیــنی و بلاوکــراوەی پێچــراوە و پێشکەوتووی وەک زانـستی داهێنـانی ژینگـە، و هـەروەها کتێبگـەلی فێرکـاری و دەلیلخـوازی لەمـەڕ ئـەخلاقی پێگـەی ژیـن، و لـە لایـەکیتر کۆمەڵـێکی مـەزن لـە دیباچەکان، کتێبەکان، ئەنجوومەنەکان و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ئیدئۆلۆژیکی، ئابووری، سەڕدەمی و بە کردەوە بوونیان هەیە. هیچ کام لەم مەیلانـە هۆگرییـەک بە یەکتر نیشان نادەن. دەربارەی فەیلسووفان ئەم کارە سەبەبی تێکەلاویـەک لـە هۆکارگەلێکـە کـە هەڵـقولاو لـەم راسـتەقینەن کـە فەیلـسووفان زۆر دڵ لـەدوا و نیگەرانی کردەوە نین. لە دەسدانی ئەم لێکخـشانە بـەئازارە.[30] مەســەلەی زیـادی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەکۆلۆژی کـردەوە خـوازتر، دژایـەتی دەروونی ئـەو لـە لایەک، لە زۆربەی نووسراوەی «کـارکردی» دوایـی مـایلبوون بـۆ وەک یـەکبینی ئاشکرا (بە شێوەی دەرەکـی) لەگـەڵ یـەکێک لـە لایەنـە لێـدوان هورووژێنـەکانی فەلسەفەی لاینگری پێگەی ژین ـ ئەکۆلۆژیکی قـووڵ ـ بـوونی هەیـە.[31] لـە لایـەکی دیکەوە، لە نووسراوەیەکی وەک ئەو، و لەکاری ئێستا، باوەڕە سەرەکییەکان جێی کەڵــک وەرگــرتنی زۆربــەی ئەکۆلۆژیــستەکان، زۆرجــار دۆز و رێنوێنیگــەلی «مەعقوولانەی مرۆڤایەتی»ن کە سەرنجێکی کەمی و لە راستیدا دژایەتی ئاشکرای تەنانەت لەگەڵ شێوەی راستەوخۆتری فەلسەفەی پێگەی ژین هەیـە. بـە جـۆرێکی دی، ئەکۆلۆژی هەر تەنیا لە بواری ژینی مرۆڤدا جارجار دەکەوێتە پاکانە کردن بۆ خۆی. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵەو مەسەلەی سێیەم، ژمـارە و زۆرییـە. لـە حاڵی حازردا زۆربەی ئەکۆلۆژیستەکان بایەخی زۆری و جۆراوجۆر لە ئەکۆسفێر یان قبووڵ نییە، لە بوونی رواڵـەتی ئـەوە لـە خـودی ئەکۆلۆژیـدا زۆر هەسـت بـە شادی ناکەن. مایلبوونێکی بـەهێز لـە بزاڤـدا لـە بـاری بێخەوشـی و نـوێ بـوونی ئەکۆلۆژی و گەندەڵ نەبوونی ئەو بـە هـۆی لێکخـشان لەگـەڵ پلانـە کۆنـەکان لـە ئارادایە. بەڵام ئاشکرایە کە «هەر ئەو جۆرە کـە سۆسـیالیزمەکان و لیبرالیزمێکـی زۆر بوونیان هەیە، ئـەکۆلۆژیزمێکی زۆریـش بوونیـان هەیـە».[32] جگـە لەمـە، ئـەم رێبازە جۆراوجۆرانە ئەکۆلۆژیکی یان لە پلانە فیکرییەکانی دیکەوە سـەرچاوەیان گرتووە یان لەگـەڵ ئـەوان تێکەڵـیان هەیـە. تەشـەنەترین و گومانـاویترین رێـڕەو

ئەمەیە کە ئەوەی کە بە ناوی ئەکۆلۆژی بوونی هەیە. ساکاری یەکەنەوە و هەندێک لە وتارەکانی دیکە قبوول نەکەین. دابەشکردنی و وتارسازی من زۆرتر خاڵگەلێک دەگرێتەخۆ کە تۆژەرانی دیکە ئەوەیان نەسەلماندووە.[٣٣]

بزووتنەوەی ئەکۆلۆژیکی چ لە باری سیاسی و چ لە فەلسەفی خاوەنی دوو مەیلی بەربلاو لەگەڵ کۆکراوەگەلی ناوە ناوەی بەرفراوانە. یەکەم دەچینە سەر و کاری تیپۆلۆژی فەلسەفی: دتوانین لەرازێکی خەیاڵی و زیندەخەودا ئەوەی کە لایەنی «مرۆڤداری» ناودەنرێ، هاوێری بکەین کە ڕێنوێنی گەلی هەرە مەزنی ئەوانە لەسەر ئەمە تەئکیدی هەیە کە بوونەوەری مرۆڤایەتی تاقانە پێوارێکە بۆ ئەوەی کە بە بایەخە و ئەوەی کە دەتوانێ بە بایەخ بێ، دەدرێتە قەڵەم.[٣٤] لە ڕوانگەی ئەم لایەنەوە، بایەخی سروشت هەمیشە خووی ئامێری هەیە، واتە جیهانی سروشتی «لە وانە گیانەوەران» تەنیا بۆ مرۆڤەکان و لە بەر ئەوانە کە کار دەکەن و بایەخی هەیە یان هەتا جێیەک کە مرۆڤ بایەخ بۆ ئەوان دادەنێ، گرنگی هەیە. هەڵبەت لێرەدا سروشت هێشتا دەتوانێ بایەخێکی زۆری ببێت: دەتوانێ سیستمی بە ئاگا کردنەوەی سەرەتای بۆ ئێمە لە باری نزیکبوونە کارەساتی ئەکۆلۆژیکی و پێگەی ژین بێ؛ ئێمە پشتگری و بەخێوکا؛ دەتوانین لەودا ئەزموونگەلێکی بە بایەخ بە ئەنجام بگەێنین؛ دەتوانین لەودا کردەوە و خۆبارهێنان و خۆ تاقیکردنەوە بکەین، دەتوانین ستایشی ئەو بکەین و لەودا بحەسێینەوە، دەتوانین لەباری دەروونییەوە لەودا سەرلەنوێ گوڕ بگرینەوە و بگەشێینەوە و جوانی ئەو هەستی جوانیناسی ئێمە دنەبدا.[٣٥] لەگەڵ ئەمە، هەموو ئەم بەخششانە و ئیمتیازاتانە لەسەر مەداری مرۆڤ دەخولێتەوە و حاڵەتی ئامێریان بۆ مرۆڤ هەیە. سروشت بێ بوونی مرۆڤ بێبایەخە.

لە کۆتایی دیکەی ئەم زیندەخەوە فەلسەفییە، لایەنێکی ئەکۆلۆژی قوول هەیە. ئەم لایەنە نزیک بە شتێکە کە جاری وایە ئەوە ڕوانگەی «گشت بین» ناو دەنێن. ناوەندی سەرەکی بایەخ، تاکی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەکۆسفێر بە شێوەی گشتییە. لەم ڕووەوە، ئەم ڕێبازە لە ڕووبەڕوو لەگەڵ مەکتەبی مرۆڤمەدار مەکتەبی «مەئوا مەدار» مامەڵە دەکرێ. لێرەدا بایەخ هەمیشە زاتی گشت ئەکۆسفێرە؛ مرۆڤەکان

ئەم بایەخەیان بەو نەداوە و لە بەر ئەمە. ناتوانن وەکو ئامێرێـک بـۆ ئامانجـەکانی مرۆڤ کەڵک لە ئەکۆسفێر وەربگرن. ئەمە لێدوان هـورۆژترین لایـەنی فەلـسەفەی ئەکۆلۆژیکی یان پێگەی ژینـە کـە ئێلـهام بەخـشی سـەرەتایی ئـەو ئالـدۆ لئۆپۆلـد نووسەری ئەمریکای باکووری لەگەڵ ساڵنامەی ناوچـەی زیخـی خـۆی و پاشـان ئارن نسی فەیلسووف بوون.[٣٦] ئەم ڕێبازە، لەگەڵ بوونی ئەم ڕاستیە کە هێشتا لـە حاڵی فۆرمگیریدایە. حەز و مەیلێکی زۆر لـە خـۆ دەگـرێ: تەئکیـدی ژ.ر. ڕودمـن لەسەر حەساسییەتی ئەکۆلۆژیکی. دەوروبەری نووسـراوە سـەرەتاییەکانی نـس کـە لەسـەر بایـەخی زاتی جـستوجۆی قـووڵ تەئکیـد دەکـەن، کەسـانێک کـە لـە ئـەکۆلۆژی قـووڵ مانـا قووڵـەدینییەکان «هەمیـشە بـوودایی» پەیـدا دەکـەن. و سـەرەنجام کەسـانێک ـ بەتایبـەت وارویـک فـاکس ـ کـە تێدەکۆشـن سـەرنجی فەلسەفی متافیزیکی نوێ و قووڵیان بە گوێرەی پێویست بـە گـۆڕینی بناخـەیی لـە زانیاری ئەکۆلۆژیکی مرۆڤدا ببێت.[٣٧] بەم حاڵەوە، لە هەموو مەیلەکانـدا مرۆڤـەکان بە شێوەی لاینێک و بەشێک لە ئەکۆسفێر سەیر دەکرێن.

لە نێوان ئەم کۆمـادا، دەسـتەیەکی بـەرفراوانی مامناوەنـدی بـوونی هەیـە کـە بەشکردنی دەرەکی ئەوان دەتوانێ بە سـوودی هـەر دوو مـەیل بـێ. هەڵوێـستی سـەرەکی دید و بینینی مامناوەنـدی، نـە جێـی پەسـندی ئـایینی مرۆڤـدارییەی بـێ خەوشە و نە ئەکۆمەداری خالیسە. بەشـی هـەرە زۆری فەلـسەفەی پێگـەی ژیـنی ئەخلاقی لەم دەستەیەدا جێدەگرێ. دوو مـەیل و ئـارەزووی دەرەکـی هەڵوێـستی مامناوەندی دەکرێ «بەرینخوازی ئەخلاقی» و «گشتیخوازی ناڕازی» ناو بنـرێ.[٣٨] جیاوازی سەرەهەمبەندی نێوان ئەم دوو ئارەزووە دەرەکییە ئەمەیە کـە یەکـەمیان زۆرتر بە ئایینی مرۆڤمەداری نزیکی هەیە و دووەمیان لەم بـارەوە کـەمتر نزیکـی هەیە.

لە نێوان دەستەی «بەرینخوازانی ئەخلاقی» دا باشترین وێنـە کەسـایەتیگەلێکی وەک پیتێر سینگر یان تام ریگان هەن کە باوەڕیان بە ئـازادی و لـە بـەرچـاوگرتن مافەکانی گیانەوەران هەیە کە هەمیشە بـە وانـە دەڵـێن«هەسـتخوازی ئـەخلاقی». سینگر باوەڕی هەیە کە «هەست» ناوەندی بایەخە.[٣٩] گیانەوەران هەستیان هەیە و

له بەر ئەمە، خاوەنی بایەخن. ئەمە بەو مانایە کە حەیاتی بێ هەست بێ بایەخە. ئێمە مەسەلەی بایەخ لە نێو گیانلەبەران وا بەربلاو دەکەینەوە چونکە دەتوانین بە مەنتق ببینین کە ئەوانە وزەی هەستیان هەیە. بەم جۆرە، گیاکان، بەردەکان یان چەم و رووبارەکان لە وتاری لێدوانی ئێمە بەدەرن. سینگر دەڵێ: «مەرگی ئەم خاڵە زۆر ئەستەمە کە چۆن برینی درەختێک دەتوانێ بۆ درەخت گرنگی ببێت ئەگەر بێ هەست بێ؟»[40]

لایەنی «گشتیخوازی ناڕازی» بەڵگەگەلی لە پێوەندی لەگەڵ بایەخدا، لە هەستی تێدەدەپەڕێنن و دیگەێننە رادەی واتاگەلی جۆراوجۆر. بە جۆرێکی دیکە، زۆربەی گشتیخوازە ناڕازییەکان لە بەرینخوازانی ئەخلاقی توندتر دەڕۆن و بایەخ لەسەرووی مرۆڤ و گیانەوەرانەوە دادەنێن. ئەم لایەنە پێناسەکەر و ناسنامەی گشتیخوازی ناڕازییە. رەنگە هەندێکیش بڵێن «تاقانە گشتییەکان» وەکو کۆمەڵگەی بیۆتیک بایەخی نییە.[41] بەم حاڵەوە، ئەم تاقانە گشتیانە هەمیشە کێوەکان و رووبارەکان لە خۆ ناگرن. زۆربەی رێنوێنییەکان و باوەڕە دەروونییەکانی گشتیخوازی ناڕازی فۆرمێک لە کێشەی بایەخی زاتین، بەڵام بارەو، زۆربەی نووسەران، لەوانە ج. بردکالیکات، هلمز روستۆن سوم و پول تایلۆر، هێشتا دەیانەوێ مابەینی رەخنەی خۆیان لەگەڵ گشتیخوازی موتڵەقی بیرمەندانی ئەکۆلۆژیکی قووڵ، وەکو ئارن نس و وارویک فاکس بپارێزن.[42]

بەر لەوەی کە تیپۆلۆژی سیاسی بگەێنینە ئەنجام، بەیانی خاڵی کۆتایی لەمەڕ واتای بایەخی زاتی زەروورەتی هەیە. جیاوازی نێوان ئەکۆلۆژی قووڵ و باقی جۆرەکانی فەلسەفەی پێگەی ژین ئەمەیە کە دەستەی یەکەم باوەڕی زۆر بە بایەخی زاتی هەیە. بایەخی زاتی دەکرێ بە شێوەی رواڵەتی بە شێوەی هەڵواسراو بە شتێک کە خۆی لە خۆوە بایەخی هەیە و هەڵواسراوەی ئەو وەک ئامێر نییە پێناسە بکرێ.[43] لێرەدا بە شێوەی زووتێپەڕ ئاماژە بە دووخاڵ دەکەین. یەکەم باوەڕ یان کێشەی بایەخی تاقانە بوونی نییە. لە راستیدا کێشەگەلی بایەخی بوونیان نییە کە رووبەڕوو لەگەڵ یەکدا دوژمنایەتی دەکەن. فەیلسووفانێک هەن کە بایەخی زاتی لە شتە مەوجوودەکانی جیهاندا دەبینن. کەسانێکی دیکە بایەخی

لـه بـارودۆخ و چالاكییـەكانی شـتەكان، بەتایبـەت «بارودوخەكاریـەكان» هەسـت پێدەكەن كـە لـە گەشـەكردنی شـتیكدا بەشـیان هەیـە.[44] سـێیەم لـە باوەڕەكـانی گرێدراو بە ڕێنوێنییە بە بایەخیەكاندا زیندەخـەوی فەلسـەفەی پێگـەی ژیـن كەڵـك وەردەگیرێ. ئەوانە تەنیا لە پـەنای ئـەكۆلۆژیكی قووڵـدا دەمێنێنـەوە. لـە راسـتیدا فەیلسووفانی ئەكۆلۆژیكی قووڵ، وەكـو وارویـک فـاكس، لـە ئاسـەواری نـوێتری خۆیدا رواڵەتەن پێوەندی كەمی بۆ ئەوانە لە بەرچاو گرتووە.[46] لە لایـەكی دیكـەوە ئەندێشەی بایەخی زاتی دتوانێ لـە دەروونی ئـەخلاقی مـرۆڤ مەدارانـە بكەوێتـە گەڕ و لە بایەخی زاتی تاكی مرۆڤ بە شێوەی بوونەوەرانی جیاواز لـە سروشـت بدوێ.لەم كارەدا لە پرەنسیپە جۆربەجۆرەكان هەڵویستی فەلسەفی پێگـەی ژیـنی مامناوەندی بە شێوەی زۆر جۆربەجۆر لە ئاسەواری فەیلسووفانێكی وەك هەلمز رۆستۆن و رابین ئالفید كەڵك وەرگیراوە.

هەنووكە مەسەلەی پێوەندی تەبەقەبەندی نێوان نەزەریاتی فەلسەفی ناوبراو و زیندەخەوی باوەڕە سیاسییەكان دەبێ بە كورتی تـاوتوێ بكـرێ. دەسـتەبەندییە بەرفراوانەكان دەكرێ بە ناوی بنەماناسی فەلسەفی هاوێر بكرێن. خاڵێک كە دەبێ باس بكرێ ئەوەیە كە پلانێكی سیاسی كە ئەو كۆمایانە بەم شێوە سەر هەڵـدەدەن لە كۆماگەلێكی گوشارەوە هـەتا حزبـە سیاسـییەكان دەگرێتەبـەر و دەگـۆڕدرێ. یەككگرتوویی یەک بە یـەكی دەقیـق لـە نێـوان هـیچ كـام لـەم دەسـتانە و شـێوەی سیاسی ونی نییە. لە بەر ئەمـە، ئەكۆلۆژیـستە قووڵـەكان یـان بـوون بـە ئەنـدامی حزبەكان یان تێكەڵـی كۆمـا گوشـارەكان بـوون. بـەم شـێوە،ـلە لایـەک لایـەنێک «شێواز» و ریفۆرم خوازتر لە ئەكۆلۆژیدا بوونی هەیە، ئەم لایەنە لە گـشت دیـد و بۆچوونی ئـەكۆلۆژی دوور دەكەوێتـەوە و خـۆ جیـا دەكاتـەوە.[47] لـە نـاخی ئـەم تاقمەدا جاری وایە لەگەڵ سوننەتیترین كۆماگەلی پێگەی ژین، بۆ وێنـە كۆماگـەلی پارێزگاری لە پێگـەی ژیـن و كۆماگـەلی سـەرلەنوێ دروسـتكردنەوە رووبـەڕوو دەبینـەوە. لـە راسـتیدا بەشـی هـەرەزۆری گروپـە سـەركەوتووە سیاسـییەكانی لایـەنگی پێگـە ژیـن مـایلن لـەم دەسـتەدابن. سەرنجراكێـشیان هەمیشە لـە بـەر گرنگیدان بە بایەخ و پاراستنی پێگەی ژین بۆ بەرژەوەندی یان ژیـنی بوونـەوەری

مرۆڤە. بە شێوەیەکی دیکە. بنەڕەتی سەرنجراکێشیان دەوڵەمەندبوونی باوەڕی مرۆڤ مەدارانەیە. لایەنی ریفۆرمخواز لە بنەڕەتەوە لە ناخی چوارچێوەگەلی پایەدارڕاوی مەوجوود و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا کار دەکا، ئەگەرچی بۆ سابت کردنی حەقانییەتی خۆی، خۆ بە برێک ڕێپێوانی گشتییەوە هەڵدەواسێ.

لەو سەری ئاخری زیندەخەو، لایەنی ئەکۆلۆژی قوول وەستاوە. سەرنجراکێشی و دڵڕفێنی ئەوان، دانلد وورستر گوتەنی،[٤٨] لە گەرێوی زێهنییەتی ئارکادی (گوندخوازی) ئەواندایە. ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان هەمیشە خوازیاری گۆڕینی گشتی بایەخەکان لە کۆمەڵگەدان. ئەمە کە سەردەمێکی نوێ سەرهەڵدا کە لەودا گۆڕانێکی گشتی لە جیهان و سروشتدا بەدی بێنێ. لەم مانادا برێک لەوەی کە «ئەکو توپیا» ناونراوە، لە باوەڕی ئەم لایەنەدا بوونی هەیە.[٤٩]

ئەم جۆرە کە دەربارەی تیپۆلۆژی فەلسەفی لەسەرەوە بەیانکرا، هەموو جۆرە مەیلەکان لەم بوارەدا بوونیان هەیە. کەسانێک هەن کە بە دروستکردنی کۆمەڵگە بریکارەکان لەسەر بنەمای پڕەنسیپی مەزهەبی و نامەزهەبی و کەلک وەرگرتن لە ئەکۆلۆژیکە جێنشینەکان باوەڕیان هەیە. ئەوانە خاوەنی فەلسەفەی کۆمەلایەتی زۆر جیاوازن کە لەسەر بنەمای فاوەڕۆک گەلی وەک «ناوچە گەرایی ژیانی»یە کە دواتر لەمەڕ ئەوە لێدوان دەکەین. ئەم پانتایە پشتیوانی گروپی بچووک، بەلام پڕ دەنگوباسی ئەکۆفەمینیستەکانیشی کێش کردووە کە کۆمەڵگەی قوول بە کۆمەڵگەیەک دەزانێ کە پیاوسالاری لەودا لە ناوچووبێ. لێدوان هەلایسێنتر ئەوەیە کە ناسیۆنالیستەکان و نەتەوەخوازەکان لە بیر چوونەتەوە کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم گەشە و نەشەی زۆریان بەرەو خۆیان کێشا بوو. فەلسەفەی تەوەحود (مونیزم) هەکێل (و کەسانێک کە لە جۆرە جیاوازەکانی ئەو کەلک وەردەگرن) زۆر لەگەڵ مۆدێلە قووڵەکانی ئەو نزیکە. باوەڕەکانی فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزم دەربارەی پێوەندی قایمی مرۆڤەکان بە زەمین مەکانەوە تەنینەوە یەک لەم بینینەیە کە لە فەسلی شەشەمدا تاوتوێمان کرد.[٥٠]

سەرەنجام و لێدوان هورووژێنتر لە هەموو، لایەنی توندڕۆ و توندوتیژتری دیکە بوونی هەیە کە دەتوانین ئەوە لە ئەکۆلۆژیستە قووڵەکاندا بدۆزینەوە. ئەم

لایەنە بزاڤە «یەکەم زەمینە» کە پێگەی سەرهەڵدانی ئەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵام لق و پەلەکانی لە زۆربەی وڵاتەکانی دیکەش هەیە کە باوەڕگەلێکی قووڵیان هەیە کە لەوانە ئەنجامگەلێکی بەرواڵەت مەنتقی دەگەیێنە دەرەنجام. سروشت گرنگتر لە بوونەوەری مرۆڤە. سروشتی وەحشی جێی بایەخی موتڵەق دەگرێتەوە. بە پیشەسازی بوون بووەتە هۆی لە ناوچوونی گۆی زەوی. زۆربەی پیڕەوانی «سەرەتای زەمین» لەگەڵ گەشبینی و ئاسان گرتنی بابەتی بەدڵ بە سەرهەڵدانی بەهێزی نەخۆشی ئێدز، گرانی و برسییەتی و ئیمکانی هەمەلایەنەگیری سەرلەنوێی نەخۆشی هاوڵە سەیر دەکەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم دیاردانە دەبنە هۆی ئەوە کە ئەکۆسفێر پشوویەکی تازە هەڵکێشێ و سروشت هاوکێشی خۆی لەسەر گۆی زەوی بە دەس بێنێتەوە. هەندێک لەوانە لایەنگری نەزۆک کردنی زۆرداری جەماوەری مرۆڤن. هەندێک پێڕەوانی «سەرەتای زەمین» تووشی کاری راستەوخۆش بوونەتەوە (کە لەم رووەوە لە زمانی عامدا ئەوانە بە «ئەکۆتاژ» باو دەبەن) بۆ وێنە درەختانێک هەڵدەبڕێرن و بزمارگەلێکی درێژ بەواندا دادەکوتن هەتا بەم هۆیەوە بەرگری لە بڕینیدارە جەنگەڵییەکان بە هۆی مشاری کارەباییەوە گرێ (کە پیشەکی کاری ئەوان سەرکەوتوانە بووە). مەنتقزانی ئەم مەیلە، تەنانەت لە دەروونی خودی بزاڤی ئەکۆلۆژی، بەرچەسپی ئەکۆفاشیزم و ئەکۆ توندوتیژخوازیان بەم جۆرە کەسانەدا چەسپاندووە.

هەڵوێستی مامناوەندی هێشتا بیروبۆچوونی سیاسی جۆراوجۆرە و خۆی دەکێشێ. هەروەها بۆشایی نێوان لایەنی ریفۆرمخوازی مرۆڤمەدار ئارام و لایەنی مامناوەندی زۆر کەمە (تەنانەت ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان جارجار پاڵ دەدەن بە باوەڕی مرۆڤمەدارانی خۆ پارێزەوە) خاڵێکی دیکە کە دەبێ لێرەدا بۆترێ ئەمەیە کە هەڵوێستی مامناوەندی نەهێدە لە باری رێڕەوی بەڵکو لە باری مولزەم بوونی بەهێزی ئیدئۆلۆژیکی و فەلسەفی بۆ هاوکێش و بەرامبەرکردنی غەیرەمرۆڤمەداران لەگەڵ لایەنی ریفۆرمخواز جیاوازی هەیە. جگە لەم، «هاوکێشی» راستی نێوان نەزەریاتی ئیدئۆلۆژیکی، سیاسی مامناوەندی و بیربۆ

چوونی فەلسەفی مامناوەندی بوونیان هەیە، لە حالێکدا کە یەکگرتوویی نزیکی نێوان فەیلسووفانی قووڵ و کردەوەخوازانی قووڵ بوونی هەیە.

بۆشایی نێوان بیروبۆچوونەکان لە بوعدی سیاسییەوە بە سەرهەڵدانی باوەڕگەلی ئیدئۆلۆژیکی پایەدار گەیوە. بۆ وێنە هۆگرییەکی زۆر بەوەی کە بە «ئەکۆکاپیتالیزم» ناو بانگی دەرکردووە (وەژەی دیکەی ئەو دەبێ «لیبرال کاپیتالیزم» بێ) دێتە بەرچاو. ئەم ڕووداوە، بازار بە باشترین ئامێری کۆنترۆڵی مەسەلەی پێگەی ژین دەزانی. بێجگە لەمە، بەدوا بلاوبوونەوەی کتێبی ڕودولف بارودا، لێدوانێکی توند لەمەڕ ئەکۆ سۆسیالیزم هاتە ئاراوە. ئەکۆ سۆسیالیستەکان دوو بۆچوونی عومدەیان لەمەڕ ئەکۆلۆژی هەیە کە دید و بینینی سۆسیالیستی لە لیبرالیزم نزیک دەکاتەوە. لە لایەک، ئەکۆسۆسیالیزم دەیەوێ ئەکۆلۆژی بورژوایی وێران بکا (و ئەوە بە دیاردەی ریفۆرم خوازی چینی مامناوەندی خەیاڵی دەزانێ).[51] بۆچوونی دیکە ئەوەیە کە ئەکۆ سۆسیالیزم دەیەوێ چارەنووسی ئەکۆلۆژی ماتریالیستی رادیکاڵ تەواو راست بکاتەوە یان بەرهەمی بێنێ. ئەکۆ سۆسیالیزم دەربارەی داهاتووی کۆمەلگە، واتە ئەمەکە ئایا کۆمەڵگە بەرەو دەوڵەتێکی ئەکۆ سۆسیالیستی ڕۆشنبین دەڕوا یان بەرەو کومۆنێکی پلۆرالیستی سۆسیالیستی، دووپەل بووە.

ئەکۆلۆژی کۆمەڵایەتی «هەڵوێستی سیاسی مامناوەندی» دیکەیە کە لە کتێبی مورای بوکچین، ئانارشیست کومۆنیست ئیلهامی وەرگرتووە. ئەو جۆرە کە لە فەسڵی پێنجەمدا گوترا، ئەم هەڵوێستە تێدەکۆشێ هەتا نگەرانیگەلی ئەکۆلۆژیکی لەگەڵ ئانارشیزمی کومۆنیستی سوننەتی پێکەوە گرێ بدا. سوننەتێک کە بە پتر کرۆپوتکین بە شێوەی باوەگەورەی سەر بەرز و بەناوبانگی شانازی دەکا. بە بۆچوونی بوکچین، پێکهاتەی ئارەزووی بالا ئەو جۆرە کە چاوەڕوان دەکرێ لەسەر بنەمای دۆزی کومۆنی دێموکراتیکی سوننەتیە.

هەڵوێستی ئەکۆلۆژیکی کۆمەڵایەتی بە ڕواڵەت دەیەوێ بە شێوەیەکی وردبینانە زۆربەی گرفتەکانی حەیات «ئێستا» و ڕێکخراوەی ئێستای دەروونی ئەندێشەی ئەکۆلۆژیکی لەگەڵ سوننەتی جێکەوتووی فیکری خۆی ڕێکبخا. بەم

جـۆره، زۆرجـار سـەرنجی سـەرەکی لەسـەر ئـەم لێدوانانەیـە کـە ئـەکۆلۆژی بەکردەوە هەڵگری چ واژەگـەلێکی سیاسـییە. سـەیر و گاڵتەجارِ ئەوەیـە کـە بـە پێچەوانەی بەیانی راشکاو و بە کەم زانینی بێ بەزەییانەی بوکچین سـەبارەت بـە ئەکۆلۆژی قووڵ (کە ئەو زۆر جار ئەوەی بە ئەکۆشیزم یان بە جۆرێکی رەمزاوی «ئەکۆلالا» ناو دەنێ)، کومۆنی دێموکراتیک ئانارشیستی ئـارامگرتوو لـە باوەشـی ناوچەیەکی ژیانیش مۆدێلی رێکخراوەیی لـە دەروونی و تـارێکی قـووڵ دەدرێتـە قەڵەم. لەگەڵ پلانی دەسەڵاتخوازی هەرەکەم (کە بۆ ئانارشیزم نامۆ بوو) کومـۆن بە شێوەیەکی گاڵتەجارِ ببووە وێنە بۆ ئەکۆلۆژیستە ناسیۆنالترەکان.[52]

هەندێک ناوەڕۆک لە ئارادا هەیە کە هەموو جۆرەکانی ئەکۆلۆژیستی فەلسەفی و سیاسی ئەوە دەسەلمێنن. زۆربەی ئەوانە بە شێوەیەک لەسەر سەربەخۆبوونی سیستماتیکی جۆرەکان و پێگەی ژین سوورن. ئەگـەرچی زۆر لـەوان سـەرنجێکی تایبەتیان هەیـە، بـەلام زۆر ئاسـایی هـەموویان ئەکۆسیـستم بـە شـێوەی گـشتی دەرگرنە بەرچاو. هەروەها لە بەراورد لەگەڵ بـاقی ئیدئۆلۆژییـەکان، بینـینی کـەم زیادتر و پوزەتیڤتـر سـەبارەت بـە سروشـت بـوونی هەیـە. بێجگـە لەمـە، مـەیلی گوماناوی لەمەڕ پێگـەی بـالاتری مـرۆڤ لـە گـۆی زەوی لـە ئارادایـە. بێجگـە لـە نیگـەرانی گـشتی هابـەش لەمـەڕ ئـەوەی کـە بوونـەوەری مـرۆڤ بـە هـۆی شارسـانییەتی پیـشەساز خۆیانـەوە بـە کـردەوە لەسـەر گـۆی زەوی ئـەنجامی دەدەن، بوونی هەیە. مـن وەکـو فەسـڵەکانی پێشوو بـە لێـدوان لەمـەڕ زۆر لـەم ناوەڕۆکانە لەگەڵ عینوانەکانی سروشت یان خووی مرۆڤ، سیاسەت و ئـابووری بـە ئـەنجام دەگـەینم لەگـەڵ ئـەوە، تێدەکۆشـم هـەتا وەلامـە جۆراوجۆرەکـانی ئەکۆلۆژیکی بێنمە ئاراوە.

خووی مرۆڤ و سروشت

لەمەڕ واتای خووی مرۆڤ لە ئەکۆلۆژیزمدا ناکرێ بە شـێوەی گـشتی جیـا لـە واتای سروشت لێدوانی لە بارەوە بکرێ، چونکە کۆکراوەی فەلسەفی لێدوانـەکان بەشـی هـەرە زۆری پێچـراوە بـە مرۆڤـمەداری و نامرۆڤـمەدارییەوەیە. گومـانی

گشتی سروشت لە ئەندێشەی رۆژاوا لە نێوان پاڵەوان و دژی پاڵەوان یان شەروور و بەینابەینی بووە. دۆزی شەروور و شەڕ یان دژی پاڵەوان یەکێک لەو ئەندێشانەیە کە ئەکۆلۆژیستەکان بەوە بەتایبەتی ئەندێشەی مرۆڤمداری بێخەوش دەزانن. لەم خوێندنەوەدا، سروشت بێبایەخ، بەڵام هێشتا شاراوە سەرکێش و نافەرمان دەبینرێ کە دەبێ ئەوە دەفع بکرێ، بێتە ژێر کۆنترۆل، دەستی تێوەر بدرێ و بە هۆی ئامانجەکانی مرۆڤەوە کەڵکیان لێوەربگیرێ. زۆربەی ئەکۆلۆژیستەکان ئەم بینینە پڕ لە کینەیە سەبارەت بە سروشت و بیرمەندانی سەردەمی رۆشنبیری لە نووسراوەکانی ئەکۆلۆژیکیدا وەکو تاوانباران مامەڵەیان لە تەکا دەکرێ.

ئەندێشەی سروشتی پاڵەوان یان لانیکەم دلۆڤان، کە سەرچاوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم گرتووە دوولایەنی هەیە. دەرەوەیان زەمینی و دەروونی یان زاتی. «ئەندێشەی ئەرزی» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە موتمانە و ئیعیتباری بایەخێک کە بۆ ئێمە هەیە بە بایەخە و ئەمە ئێمەین کە دەیخەینە بوار و ناوچەی ئەخلاقی خۆمانەوە. رەنگە سروشت تەنانەت دەتوانێ زاتەن بە بایەخ بێ، بەڵام ئەم بایەخە هەر تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ بوونەوەری مرۆڤدا مانا بە خۆیەوە دەگرێ. بەم جۆرە سروشت لەم رووەوە دەبێ بە پاڵەوان کە ئێمە بۆ ژیان و گەشە کردنی خۆمان بایەخ دادەنێین. لەم خوێندنەوەدا، سروشت بە هۆی بایەخی زاتی مرۆڤەوە شیاوی بایەخ دەبێ. زۆربەی گرووپە ریفۆرمخوازەکان و لایەنگری پێگەی ژین ئەم بۆچوونەیان هەیە.

ئەندێشەی دووەم یان «ئەندێشەی زاتی» (کە لایەنگەلی مامناوەندی سیاسی و ئەکۆلۆژیکی قووڵی لایەنگری ئەوەن) ئەوەیە کە سروشت گرنگی دەروونی و زاتی هەیە. بە بۆچوونی زۆربەی ئەکۆلۆژیستە سیاسییەکان ئەم رێنوێنییە زاتییە، پێوەندی نەپچراوەی لەگەڵ ئەم کێشە هەیە کە مرۆڤایەتی بەشێک لە هەموو سروشتە. بەم شێوە، خوویان سروشتی مرۆڤ بە جێوبانی شەش دانگی سروشتدا شیاوی دەرکە. لە بەر ئەمە، مرۆڤەکان دەبێ «ژیان کردن لەگەڵ سروشت فێربن» نەک دژی ئەو.[٥٣] گشتی پەسندترین دۆزێک کە بۆ بڕێک لە

ئەکۆلۆژیستە سیاسییەکان لەم بوارەدا بوونی هەیە گریمانەی گایا پێوەندی بە جیمز لاولۆکەوەیە.[٥٤] لاولۆک بە شێوەی بیرمەندێکی کارامە ئەم گریمانەی هێنا ئاراوە کە گۆی زەوی دەبێ بە شێوەی سوپێر ئۆرگانیزمێک تایبەتەن بەرێککراوەی خۆی چاوی لێ بکرێ. بە بۆچوونی لاولۆک بوونی ئەتۆسفر بوونەوەری زیندووی نەخولقاندووە. بەلکو ئەم بوونەوەرە زیندوانە لە باکتری «زەرە» وە بگرە هەتا بالاترین کە ئەتمۆسفێری زەوی تایبەتەن لەگەڵ حەیاتی خۆی بەدی هێناون. ئاوس بوونی خاک، گەرمای ئەتمۆسفێر، برە ئۆکسیژنێک کە هەڵی دەمژین، هەموویان پێوەندیان بە تێکەڵی پێچراوەی ئۆرگانیزمەوە هەیە. ئەم گریمانەیە بە پێچەوانەی گومانگەلێکی زۆری زانستییەوە لەمەڕ ئەو ـ لە راستیدا هەر تەنیا دەبوایە لە حوکمی باوەڕێکی بەسراو بە گرنگییەوە شایانی سەرنجی ئۆرگانیزمەکان یان ئەکۆسیستمگەلی هاوکێشی گۆی زەوی راڤە کرابا ـ بووە بە تەلەسمێکی راستەقینە بۆ بزاڤی ئەکۆلۆژیکی سیاسی.

هەنووکە گایا، تەنانەت لە بەرامبەر سەر سوود ماوی لاولۆک، لایەنێکی بێ کەم و کورتی مەعنەوی گرتووەتە بەر. ئەم گریمانە نەک هەر تەنیا لەسەر سەلماندنی پێوەندی رووبەڕووی ئێمە بە بنەمای ئەکۆسفێرەوە دارژاوە بەلکو کاکڵی مرۆڤایەتی شەفاف دەکا و بەرامبەری ئەکۆلۆژیکی ئێمە لەگەڵ گشت ئۆرگانیزمەکان تەئکید دەکا و دەتوانێ دید و بینینی ئێمە سەبارەت بە سروشت بگۆڕێ. بە جۆرێکی ساکارتر، ئەو جۆرە کە لەم دواییانەدا نووسەرێک گوتوویە: «دەسەڵاتی زانستی گریمانەی گایا ئەمەیە کە زانستی پێگەی ژینی لەگەڵ ئەخلاق پێکەوە تێکەڵاو دەکا. بەم چەشنە بە رواڵەت جۆرێک دەسەڵاتداری بەدی دێنێ... کە پێوەندی ئاسایتر بە زانست لەودا سست و ناتوانایە».[٥٥]

خوێندنەوەیەک کە لە ئەندێشەی زاتی ناوبراو، هەندێک لە بایەخەکان دەروونی خودی سروشت دەبینێ. ئەگەر مرۆڤەکان هەر تەنیا بەشێک لە سروشتن، کەواتە لەگەڵ جۆرەکانی دیکە بەرامبەرن. ئەم باوەڕە بە پرەنسیپێکی بازنەیی لە ئەکۆلۆژیکی قووڵ، واتە «یەکسانی جەویی ژیان کردنی گۆیی» دەگوردرێ.[٥٦] سەلماندنی زیادی ئەم خاڵە بۆ بڕێک لە نووسەران ئەمەیە کە. جگە لە مرۆڤەکان،

سروشت پلەبەندی لە دەستداوە یان توێژبەندیگەلی دەسەڵاتدارانەیە. ئەکۆسفێری پایەدار هەڵگر و لە ڕاستیدا پەروەردە دەری بەرامبەری بیولۆژیکی جۆراوجۆری جۆرەکانە. هەندێک لە نووسەرانی ئەکۆلۆژیست ئەم هاوئاهەنگەیە پایەدارە، بەرامبەری و ئاسانکردنەوە جۆراوجۆری جۆرەکان زۆرجار بە شێوەی ئەخلاقی سروشتی بۆی ڕوانیون. بە باریکیتردا، سیفاتی هاوئاهەنگی و ئاسان کردن لە حوکمی بایەخەکانی سروشت بۆ جۆرەکانی مرۆڤ ناسراون کە دەبێ پەروەردە بکرێن. هێندێ کەسان کۆمەڵگەی سەرەتاییان بە پەروەردە دەری ئەم ئەخلاقە سروشتییە داوەتە قەڵەم. ئەو جۆرە کە برایان توکار دەڵێ: «شارستانییەتی نوێ سیفاتی ژیان بەشێکی فەرهەنگە سەرەتایەکانی وەلاناوە و شێوازە ژیانێکی بەدی هێناوە کە بێپسانەوە سامانی مەرگە.[٥٧]

مەسەلەگەلێکی پێچراوەی زۆر لە ئەندێشەی زاتی و پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەندێشەی گایا بوونی هەیە. زۆر لە ئەکۆلۆژیستەکان زمانیان بە سکاڵا کردووەتەوە کە واتاکانی سروشت، پێگەی ژین و سروشتی مرۆڤ لەرادە بەدەر بەرچاو تەنگایە. مایکێل ردکلیف دەڵێ: «کاتێک ئێمە ئاماژە بە پێگەی ژین دەکەین... ئاماژەمان بە شتێک کردووە کە لەگەڵ مێژوو و بە هۆی خەبات و چەوسانەوە بەدی هاتووە».[٥٨] زۆرتر پێگەی ژینی ئێمە و سروشتی ئێمە «لەوانە سروشتی مرۆڤ» پێوەندی کەم لەگەڵ هەژاری، نەخۆشی، کار لە خۆ بێگانە کردن و هەر تەنیا پێویست بە ژیان لە سیستەمی زاڵمانەدا هەیە. لەبەر ئەمە، بڕێک لە ئەکۆلۆژیستەکان، گەوە نیشاندانی سروشت و گرێدانی هەموو مەسەلەکان بە بایەخە تایبەتییەکانەوە بە پرمەترسیان زانیوە. ئێمە بەشێکین لە سروشت، بەڵام سروشت زایەڵەی مێژووەکان و وێرانیگەلی نەزمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێمەیە. لە بەر ئەمە، مەسەلەکانی پێگەی ژین زۆرتر لە هەرشت مەعلوولی مەسەلەگەل و کێشەگەلی سیاسی و ئابووری بە هۆی سەرمایەدارییەوە سەریان هەڵداوە.

مەسەلەی دیکە گرێ ئەدرێ بە تەوسیفی لاولوک لە گایا بە شێوەی ئۆرگانیزمێکی خۆهاوکێشکەر. ئەگەر مرۆڤەکان ئەتمۆسفێر پیس بکەن و حاڵی خۆیان تێک بدەن، لە دوای ئەوە گایا لە ماوەی هەزاران ساڵ خۆی سازگار دەکا.

مەسەلە ئەمە نییە کە ئایا مرۆڤەکان بە شێوەی بارسایەکی زۆر گۆی زەوی پیس دەکەن، خۆیان بە شێوەی جۆرێک لە بەین ناچن، یان سەرچاوەی ژیان رێنوێنی ناکەن، سوپێرئۆرگانیزم سەرنج بەوانە نادا. لەم بابەتە رێنوێنیانە نە بە ئەکۆلۆژی بۆ کەلک وەرگرتن دژی پیسکەرەکان خزمەت دەکا نە بۆ ژیان کردنی جۆرەکانی مرۆڤ گرنگی هەیە. لە بەر ئەمە، هیچ گرنگییەکی ئەخلاق لێرەدا بوونی نییە؛ ئەندێشەی گایا هەر تەنیا دیتنی پرۆژەی سروشتە.

راستتر لە هەموو بینینی ئەم خالە دژوارە کە کام واتا لە سروشتی مرۆڤ لە ئەندێشەی زاتی و پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەندێشەی گایا سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر مرۆڤەکان هەر تەنیا بەشێک لە سروشتن، لە هەڵوێستەی «بێ سەرنج» تری گایا، ئێمەش وەکو هەموو گیانەوەران ئازادین کە لە جیهانی دەوروبەری خۆمان سوود بەرین. ئەگەر لە خووی ئێمەدایە کە دەست بکەین بە بەهرە بردن و چەوساندنەوە، لەبەرئەوە، ئەگەر خۆمان گەندەڵ و بێ نموود بکەین، جیهان تەنانەت چاوێکیش داناگرێ. بەم حاڵەوە، زۆر لە ئەکۆلۆژیستە سیاسییەکان ئەم بۆچوونە پەسند ناکەن. وەک هەمیشە وتارێکی ئەخلاقی دێتە ئاراوە و مەسەلەی ژیانی ئێمە وەک جۆرێک دێتە پێشێ، بەڵام زۆرجار پەیام ئەوەیە کە ئێمە، وەک جۆرێک، دەتوانین بە هۆی خۆ زانیاری خۆمانەوە وەستان لە خۆ نیشان بدەین و چالاکییەکانی خۆمان هاوکێش بکەین. ئێمە وەکو جۆرێک لەبەر هەڕەشەی کارکردی ئاسایی تەکامولی بیۆلۆژیکی داین.[٥٩] ئێمە دەبێ لەم بارەوە زۆرتر لەگەڵ بۆچوونی ئەکۆلۆژیستی بکەوینە پرسیار لە خۆمان نەک ئەوە کە پێگەی ژینی خۆمان تالان و لە بەرین بەرین. ئەگەر و گریمانەیەک کە لە پشتی ئەم هەڵوێستەی دواییەوە شاراوەتەوە، ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەی چۆنیەتی تەواو و کەماڵ بەشێک لە سوشت نین. ئێمە وەک جۆرێک تاقانە و جیاوازین، هەرچەند گایا بخوازی ئەمە رەتکاتەوە. مەگەر ئەوە کە گایا بە ئامانج و هەستیناسی مەعنەوی بئاخنین کە لەو شێوەدا لە چنگی بێ سەرنجی ئەو گیرۆدە دەبین. ئەگەر چاوپۆشی لەو بکەین، یان راستەوخۆ بایەخی ژیانی جۆری خۆمان سەلماندووە یان تەماشای شێوازێک دەکەین کە لە لایەن ئەوەوە بتوانین وەلامێکی ئەخلاقی بە

سروشت بدەینەوە. هەر دوو راوێستە لەسەر ئەم ئەگەرە راوەستاون کە جۆری مرۆڤ بە شێوەی چۆنیەتی لەگەڵ سروشت جیاوازی هەیە. یەکێک لە مانا دەروونییەکانی ئەم لێدوانە ئەوەیە کە بە شێوەی شاراوە راپۆرتگەلی جیاوازی هەم دەربارەی سروشت و هەم لەمەڕ خووی مرۆڤ لە ئەکۆلۆژیدا بوونیان هەیە، لێدوانگەلێک بە ئالۆزی و بێ ئەوەی گرێی کرابێتەوە، ماونەتەوە.

لایەنی سیاسی ئەکۆلۆژیزم

یەکێک لە کێشەگەلی سەرەکی ئەکۆلۆژیزم بوونی جۆرەکانی روانگە سیاسییەکان لە بزاڤییە. دیسان مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە کە موتالا ئاستەنگ کاتەوە و بە تاوتوێکردنی مەیلی سەرەکی تایبەت، بۆ وێنە کومۆنی ئەکۆلۆژیستە کۆمەلایەتییەکان بگەیێنێتە ئەنجام. هەروەها مەسەلەیەک لەمەڕ لایەنگەلی تایبەتی و گشتی ئەکۆلۆژی لە ئارادایە، واتە سەلماندنی باوەڕەکان و کۆششە گشتییەکان کە رواڵەتەن لەگەڵ ئەوانە جیاوازی هەیە. ئەڵبەتە لەم بارەوە ئەکۆلۆژی تەنیا نییە. گرفت هەتا رادەیەک گرێبەست بە کارکردی شتێکە کە مارتین سلیگر ناوی تەنینەوەی نێوان لایەنە بنەمایەکان و کردەوەی ئیدئۆلۆژی بۆ داناوە.[٦٠] هەرچەند لە ئیدئۆلۆژیدا ئەم خاڵە توند و بە ئازارە.

یەکێک لە مەسەلەکان کە لەسەر دادپرسی لایەنی سیاسی ئەکۆلۆژیزم لە دەیەی ١٩٧٠ کاریگەرییەتی بووە پێوەندی نزیکی ئەو بەشی زۆری لەگەڵ سۆسیالیزم و تا رادەیەک لەگەڵ ئانارشیزمە. ئەم پێوەندییە لەگەڵ هەر دوو گەرایش ئاوی جۆگەلەی باوەڕە سیاسییەکانی لێڵ کردووە. مەسەلە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزم، لەگەڵ ئەم راستییە تازە دەبێتەوە کە ئێمە لەگەڵ برێک مەکتەب جیاواز و زۆرجار لەگەڵ باوەڕگەلێکی دژ بە یەک رووبەڕوو دەبینەوە، لە یەکێک لە توێژینەوەکانی سۆسیالیستی باوەڕدا دەڵێ رۆژئاوای بە پیشەسازی کراو و کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای دەوڵەت، بەشێکن لە مەسەلەی پێگەی ژین. ئەو تەئکیدە دەکا کە مرۆڤایەتی بە خاڵێک گەیوە کە ناچارە شێوەیەک ژیانی یەکدەست و نوێ «بدۆزێتەوە»؛ ئەم تەوسیفە بە شێوەی «نوێسازی خودا»

درێژە پێدەدا، بە جۆرێکیتر، جۆرێک سامان بەندی کە تەنیا لە ئافەرینشدا دووبارە بەرامبەری مەعنەوی هەڵدەقوڵینەوە کە مارکس لەم ئاستە لە سروشت لەو غافل ماوە. پاشان دەڵێ: «رێی چارەی مەسەلە باشترە لە گروپە بچووکەکاندا بدۆزرێتەوە» تایەفەی بندیکتین باس لە قەشەکان دەکا.[٦١] هەموو ئەکۆسۆسیالیستەکان ئەو جۆرە کە چاوەڕوان دەکرا ئەم واتایەیان بە زار تاڵ و بە خەیالیان دایە قەڵەم. بەم جۆرە، مارتین رایل جیاوازییەکی توندی لە نێوان دەوڵەت دوژمنی کۆکراوە رەوێنی «سەوزەکان» و دەوڵەتخوازی ئەکۆسۆسیالیستەکان داناوە. ئەکۆلۆژی بۆ بە پیشەکردنی رەفتاری شایستە و پێویست لەگەڵ شەریکە چەند نەتەوەیەکان و تەمێ کردنی ئەوانەی پێگەی ژین پیس دەگەن و هی وەکو ئەوانە پێویستی بە «دەوڵەتێکی بەهێزی پێشڕەو لە بابەتی ئەکۆلۆژیکەوە هەیە... هەتا لەگەڵ ناوەندی دەسەلاتێک کە چارەنووسی ئابووری کۆمەڵگەی بە دەستەوە گرتووە، خەبات بکا.[٦٢]

ئەو جۆرە کە بەر لەمە گوترا، نووسراوەکانی بوکچین زۆرتر لەسەر سوننەتەکانی ئانارشیزمی کومۆنیستی پێی داگرتووە. بوکچین لە کتێبی ئەکۆلۆژی ئازادی، وەکو پێش هەنگاوی فیکری خودی کرۆپوتکین، تەئکیدەکانی ئەکۆفاشیستی خۆی لە واتای سروشتی دلۆڤانی دەگرێتە پێش و دیدۆزێتەوە. سروشت بەرامبەرخواز بە ناسلسلەمەراتب دەزانرێ. بوکچین ئەم دۆزانە راستەوخۆ لەگەڵ بینینی ئانارشیستی کومۆنیستی پێکەوە گرێ دەدا کە خۆی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سۆسیالیزمی کومۆن پلۆرالیستی کەسایەتیگەلێکی وەکو بارو دا هەیە.[٦٣]

دەرەنجامی ئەم ئەندێشە ئەکۆسۆسیالیستی و ئەکۆئانارشیستییە هەر تەنیا ئاڵۆزی و چەواشەبوونی نادیاری ئەو شتەیە کە ئەکۆلۆژیزمی بە شێوەی بینینێکی سیاسی پێناسەی دەکا. ئەم بیچمە لەگەڵ تۆمەتە رووبەڕووەکان تاریکتر و تەمگرتووتر دەبێ. ئەکۆلۆژیستە کۆمەڵایەتییەکان هێرش دەکەنە سەر ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان کە لە نەترسی سوفیانەدا نوقمبوون. ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان هێرش دەکەنە سەر ئەکۆسۆسیالیستەکان کە خۆی ریشەی گەشە

کردنی پیشەسازییە و لە بەر ئەم، بەشێک لە بۆ وێنە. پێگەی ژین خوازانی ریفۆرم خواز هێرش دەکاتە سەر ئەکۆلۆژیستە کۆمەلایەتییەکان کە داخ و حەسرەتی بێ هومێدی ناکوێ ئاواکانی ئانارشی سەدەی نۆزدەهەم لە خەو و خەیالی خۆیدا پەروەردە دەکا.

بەر لەوەی کە دەس بکەین بە پێناسە کردنی سیستماتیکتری روانگە سیاسییەکانی دەروونی ئەکۆلۆژیکی، باشترە ئاماژە بکەین کە هێشتا بڕێک نیگەرانی سیاسی بە روالەت هاوبەشی لە دەروونی بزووتنەوەی ئەکۆلۆژیکیدا بوونی هەیە، ئەگەرچی وەلامدانەوە بەوانە بە قوولی لەگەل یەک جیاوازە.

روانگەیەکی بەهێزبوونی هەیە کە لەودا زۆربەی ئەکۆلۆژیستەکان رەنگە هەر بە هەمان رادە لەمەڕ بایەخەکان و چالاکییە تاکەکان نیگەرانن کە دەربارەی سیاسەت بە شێوەی گشتی نیگەرانیان هەیە. تاکە خاوەن ئاستە جۆراوجۆرەکان بەرپرسایەتی خەیالیان پێدەسپێردرێ، بەلام بایەخگەلی تاک هێشتا لە زۆر بابەتەوە گرنگ دەدرێتە قەلەم. تەئکید و سوور بوون لەسەر بایەخەکان و سەر بە خۆ بوونی تاک لە لایەنێکەوەیە کە ببێتە هۆی ئەکۆلۆژی سیاسی راپۆرتە ماتریالیستییەکان کەمتر قبوول بکا، ئەگەرچی بیۆلۆژی و ماتریالیزمی تەکامولی جێ پێی قورسو قایمیان لە ئەکۆلۆژیدا هەیە. دید و بینینی ئەکۆلۆژیکی هەروەها مایلن کە حورمەت بە سەربەخۆیی خۆمالی لە جەماوەردا و پەیامی جیهانی لەگەل یەک تێکەل بکەن. بێجگە لەمە، گشت رێبازە ئەکۆلۆژیکەکان دل نیگەرانی تەنینەوەی مەسەلەگەلێک لەمەڕ رادەی گەشە کردنی ئابووری لە کۆمەلگەی پیشەسازین. ئەم کارە بەش بە حالی خۆی بە ئەندێشەی رەخنەیی لەمەڕ وێنەگەلی بەکارهێنان، بەرهەمهێنانی پیشەسازی و وەرزێری، وزەی بە کەلک هاتوو و جەوهەری ئەکۆلۆژی واتای کار، و سەرەنجام وێنەگەلی جەماوەر ناسی و گەشە کردنی جەماوەر دەگا. هەموو ئەکۆلۆژیستەکان لەم نیگەرانیانە بیروبۆچوونی هاوبەشیان هەیە. هەموو ئەوانە سەرەنجیان داوەتە ناوەڕۆکی بنەڕەتی کۆمەلگەی پایەدار، کۆمەلگەیەک لە وێرانی و خەسار لەودا نەبێ بەلکو

هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەکۆسیستم ژیان بکا. وەڵامدانەوە بەم ناوەڕۆکە بەرفراوان و بەرینە.

لەم قۆناخەی مێژوو لە بزاڤی ئەکۆلۆژیکی، پێکهێنانی تیپۆلۆژییەکی بە بڕشت دژوارە، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە لە حاڵی ئێستادا سێ ڕوانگەی جیاوازی دەروونی ئیدئۆلۆژی بوونی هەیە. ئەگەر واژە داهێنراوەکانی ویلیام ئوفولس قبووڵ بکەین، ئەم سێ ڕوانگە دەکرێ کۆمەڵگەی پایەداری لانیزۆر، کۆمەڵگەی پایەداری پاشەکەوتە و کومۆنی ئەکۆئانارشیستی ناو بنرێ.[٦٤] ڕوانگەی دوایی لە پلەی یەکەمدا پێوەندی لەگەڵ کتێبی بوکچین و ئانارشیزمی کۆمۆنیستی هەیە. ئێمە لەم بارەوە نادوێین چونکە دووپاتکردنەوەی ئەوە دەبێ بەوشتەی کە لە بەشی پێنجەمدا تاوتوێمان کرد؛ زۆر لە دۆزەکانی لە بازنە دەرچووی ئەکۆلۆژی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی دووەمەوە سەر هەڵدەدەن لە بەر ئەمە، لێدوان لەمەڕ جۆری یەکەم دەبێ.

کۆمەڵگەی پایەداری لانیزۆر بە بۆچوونی ئوفولس «کۆمەڵگەیەکە کە ئامانجی لە هاوکێش لەگەڵ پێگەی خۆیدا بێ، بەڵام هێشتا داڕژاوەیە لەسەر بایەخەکانی «مۆدێرن»ی ڕیشەیی وەکو زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، باڵا بوونی ویستە ماددییەکان و باقی ویستی چێژخوازانە و...»[٦٥] کارکردی من خۆم لەم واژە لەگەڵ ئوفولس جیاوازی هەیە و ئەندێشەگەلێکی وەکو زاڵبوون بەسەر سروشتدا و ویستە چێژخوازانەکان لە پڕەنسیپە سەرەکی و زەروورییەکانی ئەم ڕوانگەوە نازانم. ئەوەی من لەم دۆزە وەرمگرتوە، کۆمەڵێک باوەڕی گروپە ئەکۆلۆژیکی و پێگە ژینەکانە کە لەسەر ئەم باوەڕە پێدا دەگرن کە دەوڵەت میللی ئێستا و پێکهاتەی یاسایی ئەوە کە بە هۆی زانیاری ئەکۆلۆژیکییەوە کەم تا کورت بووەتە گاڵتەجاڕی گۆڕان، بیچمی تەواو و لە ڕاستیدا زەرووری بۆ ئەمەگداری ئەرکێکە کە ویستەکانی ئیدئۆلۆژی ئەکۆلۆژیکی چاوەڕوانی لەو هەیە. یەکێک لە هێماکانی هیوادارترکردن لێرەدا وەرگرتنی ئەم خاڵەیە کە نیگەرانییەکانی ئەکۆلۆژیکی لەگەڵ مەسەلەگەلی سیاسی و یاسای بنەڕەتی پێوەندیان هەیە.[٦٦] لە ڕاستیدا ڕێکوپێک کردنی ئەکۆلۆژیکی زۆرتر لەوەی کە زۆر کەس زانیویانە دەبێ پێوەندی

لەگەڵ گۆڕانی یاسای بنەڕەتی لە دەروونی دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا بێ، گۆڕینێک کە نەک هەر تەنیا تەواوکەری بەرفراوانی بەرپرسایەتی لەمەڕ ئاستەنگییەکان و بەکاربردنی دەسەلاتی بەڕێوەبەرییە، بەڵکو تاوتوێکردنی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتەکان و پیشەسازی هاوکێش و میزان دەکا.

ئەم روانگە هەم گرووپە گوشارەکان و هەم حزبە سیاسییەکان دەگرێتەبەر. سەیر لێرەدایە کە هەروەها لایەنی جۆراوجۆری سیاسی و فەلسەفی ئیدئۆلۆژیش لە خۆ دەگرێ. دەتوانێ بە واتایەکی دیکە لە مرۆڤمەداری لاواز و نامرۆڤمەداری بەهێزدا بوون ببێت. ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەبی کە ئەکۆلۆژیستە کۆمەلایەتییەکان (ئەکۆئانارشیستەکان) سەر هەڵبدا، ئەگەرچی ئاشکرا بە هۆکارێکی گرنگ لە دەروونی باوەڕە ریفۆرمخوازەکان و بۆ برێک لە ئەکۆسۆسیالیستەکان دەدرێتە قەڵەم. هەروەها ئەم روانگە بوارێک بۆ ئەکۆکاپیتالیزم پێکدێنێ. بە وتەیەکی دیکە، چێژ و کێشێکی بە تەواو مانا بەرفراوانی بووە. جوناتان پوریت لەگەڵ ئەوە کە لە هەندێک لە نووسراوەکانیدا لایەنگری هەڵوێستەی بایەخی ئەکۆلۆژیکی قووڵە بە هۆی هەلاتنی ئەکۆئانارشیستەکان لە «ژێر راستی دێرین» رەخنەی لەوان گرتووە. بە بۆچوونی ئەو، بەشی زۆری روانگەی ئەم خەلکە «نوخبە خوازی بووە و ئەکراهی ئەوان لەمەکە نەکا دەستی خۆیان لە سیاسەتی پیس و ترسناکی هاوچەرخ پیس بکەن، جێی داخە».[67] ئەو بە پێچەوانەی ئەمە کە هێشتا لایەنگری واتای ئەکۆلۆژیکی قووڵ لەمەڕ ئەم سیستەم سیاسییەی ئێستادا کار بکرێ. پوریت ئاشکرا پێکهێنانی سیاسەتی هەڵبژاردن دەگرێتە ئەستۆ. ئەوجۆرە کە دەڵێ:

من سەبارەت بە جەوهەری دەوڵەت بە شێوەی پارێزگاری بەرژەوەندی گشتی خەلک لە ولاتێکدا نارەزامەندی فەلسەفیم نییە. سەوزی ئانارشیستیش نیم کە رێ کاری من سەبارەت بە ژیان بە شێوەی بزەهێنەرێکی حەسرەت بار بێ. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زێرینەکان یان ئەندێشەیەک لەمەڕ جەماوەری مرۆڤ کە پێوەندەیەکی کەمیان پێکەوە هەیە و تەنیایی یارمەتییەک بە خەلک ناگەیێنێ کە لە جێگاگەلی ناواقع بینانەیەک کە ئێمە هێناومانەتە ئاراوە، رزگاریان بێ. من ئەوەی کە ناوی بچووک خوازی وەک لە دەبستدان عەقلم لێ ناوە، رەخنەم

هەیە... دەخوازم دەوڵەت ئەرکەکانی ئێستەی خۆی بە باشترین شێوە دەربارەی خزمەتی سەرەکی وەک فێر کردن و پەروەردە، پاک و خاوێنی و دەرمان و بڵاوکردنەوەی دەرامەد ئەنجام بدا... هەمیشە دەخوازم کە پێویست بە کەرەسە و کاری بڵاوکردنەوە بۆ هێمنایەتی عادڵانەی هەموو ناوچەکان بسەلمێنم.[٦٨]

لە بەر ئەمە، خەونی بە حەقیقەت گەیشتووی کوتوپڕی کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتی بچووک، ژیان کردن لە جیهانی خەونەکان، ئاسوودە و تایبەتییە. نووسەرانی دیکە، بەتایبەت ئەکوسۆسیالیستگەلێکی وەکو مارتین رایل، زۆرتر لە پوریت باوەڕیان بە دەوڵەتی بەهێز و پێشرەوی پێگەی ژین هەیە. هەموو دەوڵەتێک نەک هەر تەنیا پێویستی بە چارەسەرکردنی مەسەلەی گەورەی هەژاری هەیە «کە لە روانگەی سۆسیالیستەکانەوە لە کۆتاییدا گرێ دەدرێ بە مەسەلەی ئەکۆلۆژییەوە». بەڵکو دەبێ پێکهاتەیەکی زۆر بەهێزی بۆ شەریکە چەند میللیەتییەکانی ببێت.

گرووپی ئاخر، و بە شێوەی بەشێک لە روانگەی ناوبراو، گرووپی ئەکۆکاپیتالیستەکانە.[٦٩] ئەم روانگەش دەوڵەت بە پێکهێنەری حکوومەتی یاسای لانیکەمخوازی دەزانێ کە جێگای پێویستی بۆ کارە سەرەکییەکان لەمەڕ بازاڕ و پەسند کردنی کڕیار بۆ پشتگری کردن لە پێگەی ژین ئامادە بکا. بەپێی پێناسەی ئەم روانگە، دەوڵەت دەوری گرنگ، بەڵام زۆر ئامتەنگی هەیە. ئەکۆکاپیتالیزم، ئەو جۆرە کە لە فەسڵی دووەم باسکرا، لە روانگەی لیبرالی کلاسیکترەوە لەمەڕ دەوڵەت بەهرە وەردەگرێ.

روانگەی سیاسی دووەم -لەمەڕ کۆمەڵگەی پایەداری بە پاشەکەوتە- زۆرتر تایبەتمەندی بە ئەکۆلۆژیستە قووڵەکانەوە هەیە. کۆمەڵگەیەکە کە خۆی لە پێناوی ئەوەی کە ئەریش فرۆم - لە کتێبێکی بچووکی رەواندا لەمەڕ بزاڤی ئەکۆلۆژیکی - کۆمەڵگەی «بوون» لە رووبەڕوو لەگەڵ کۆمەڵگەی «دارابوون» ناو دەنێ، کردوویە.[٧٠] ئەوانەی کە ئەم روانگەی «بوون»ە دێننە ئاراوە کێشەیان هەیە کە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی تەواو و کەماڵی بایەخ، تازەزایی نوێ یان گۆڕینی وێنەیی لە گشت مرۆڤایەتیدایە.[٧١]

ئوفولس ئەمــە بــە کۆمەڵــگەیەکی شـیاوی قبووڵــی تارادەیــەکی خـوارەوەی وزە تەوسـیف دەکـا. رەنگـە ئەمـە لەگـەڵ کۆمەڵـگەیەکی ئـابووری کاراتربـێ لەگـەڵ تەئکیـدێکی کـەمتر لەسـەر بـەکارهێنـانی مـاددی و هانـدانی خۆبژیـوی تایبـەتی و پاشەکەوتەی تایبەتی داوتەڵەبانە. ئـەم روانگـە لـە بنەڕەتـەوە تەئکیـدێکی زۆرتـری لەسەر پلە بەرزی یان بەرپرسـایەتی ئـەخلاقی تایبـەتی تـام دەکاتـەوە.[٧٢] ئوفـولس لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە کـە ئـەم ناسـنامەیە گەڕانەوەیەکـە بـۆ جۆرێـک کلاسـیکی سیاسـەتە. بـە نووسـراوەی ئـەو «بیچمـی کۆمەڵـگەی سـوودخواز تـا رادەیـەک دەچێتەوە سەر شـێوەی دەوڵـەت، شـار، لـە دروسـتکردنی تـەکنۆلۆژیکی بـالاتر و پێچراوەتـردا شـەباهەتی هەیـە».[٧٣] جیـاوازی ئـەو لەگـەڵ «شـار» (polis) کلاسـیک ئەوەیە کە ئوفولس قبووڵی دەکـا کـە لێـرەدا دەسـەلاتدارییەکی کـەلان بـۆ بـەرگری کردن لە ئالۆزی و دژایەتی کردن لەگەڵ یەک پێویستە. بەم جۆرە «دەبـێ سیاسـەتە ناوخۆیەکان لە دەروونی جۆرێک ئیمپراتۆری ناوچەیی یان جیهانیدا بـن».[٧٤] ئاشـکرا نییە کە ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان لەگەڵ واتای ئیمپراتۆرییەکی پێگەی ژینـدا هاودەنـگ بن. لە راستیدا ئەم خاڵە ئاشکرا ئوفولس لە ئەکۆلۆژی قووڵ جیا دەکاتەوە. وادیـارە برێک لە ئەکۆلۆژیستە قووڵەکان دڵـیان بـە دۆزی پێکهێنـانی سـەرلەنوێی فەرهەنگـە عەشـیرەیەکان زیـاتر خـۆش کردبـێ. لـەم رووەوە، برایـان توکـار لـە واتـای مەنتقەگەرایی سوود وەرد دەگرێ و باوەڕی هەیە کە باشترە «ملەل تێک بـڕووخێ» بە کۆمەڵگەی خۆتەواو، خۆ لەسەر پێ، خاوەنی پێوەندی هەرەوەزی و میزان کـراو لە باری ئەکۆلۆژیکییەوە بەش بکرێن.[٧٥] تەسـەوری گـشتی سـوودخوازی و دەسـت پێوەگرتن و قەناعـەت، خودگـەردانی و سـاکار ژیـان کـردنی داوتەڵـەبانە هەڵـگری واتایەکی زۆری دەروونییە. لە زانستی ئابووریـدا بانگهێـشت لـە لایـەن نامـەبارەک کرەوە بەڕێوە دەچێ کە باوەڕی بە سیستەمـی بـوودایی هەیـە کـە لەسـەر بنـەمای دابینکردنی نیازی مرۆڤ و پارێزگاری لە پێگەی ژینە.[٧٦] لـەم کۆمەڵـگە گریمانـە وزە لە سەرچاوەیەکی قابلی گۆڕان و تازەکردنـەوەی وەک هـەتاو و بـا دابـین دەبـێ و دەکـرێ سـەرچاوەی نـەگۆڕی وبپـارێزرێ و بخرێتـە سـەر ئـەو دەسـتکەوتانە. تەکنۆلۆژییەکان رەنگە مناسب و بێ زیان بن. بـە بوچـوونی تاقمێـک، ئـەم کومەڵـگە

سوودخواز و دەس پێوەگرە خاوەنی لایەنێکی مەعنەوی بەهێز، چ بە شێوەی بودا باوەڕی چ یەکگرتووی وجوودی دەبێ کە تەواوکەری سەرنج بە ئەکۆسفێرە. لێرەشدا پرەنسیپی نەبوونی توندوتیژی زۆرجار بە شێوەی پەیوەستێک بۆ بینینی بوودا باوەڕی دێتە بەرچاو.[٧٧] هەروەها تاوتوێکردنی سەرلەنوێی چالاکی تایبەتی رۆژانەی ئێمە لە خۆ دەگرێ. و. شوارتس و د. شوارتس لەسەر ئەو باوەڕەن کە «ساکار ژیان کردن هەر تەنیا ئاگاداری کیسە کاغەزییەکان و کود دروستکردن لەوان مەسەلە نییە، بەڵکو تەواوکەری زانیاری لەم کارەیە کە چ بەرهەمێک بەکار بێنین. چ خواردەمەنییەک دەخۆین ، ئەوانە چۆن دروست دەکرێن و ئەم شێوە کەڵک وەرگرتنەی ئێمە یارمەتی بە چ کەسانێک دەکا و چ کەسانێک دەچەوسێنێتەوە».[٧٨] ئەمە واتای گۆڕانێک لە کارە کە بەرەو ئەوە دەڕوا کە جیمز رابێرتسۆن «کۆمەڵگەی خۆراگر» ی ناولێناوە، هەنگاو هەڵدەگرێ.[٧٩]

لەم روانگەوە نووسەرانێکی وەکو ئەدوارد گلداسمیت و کرک پاتریک سیل لەمەڕ رادە و بارودوخی جفرای شنەرت و شروتێکی زۆریان هێناوتە ئاراوە. بە کەڵک وەرگرتن لە واژەگەلێکی ئاسایی دەگوترێ: هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی هەیە کە «توانایی ئەکۆلۆژیکی» خۆی لەبەر چاوبگرێ و رێز بۆ ئەوە دابنێ، خەڵک پێویستیان هەیە کە «لە شوێنێک سوکنا بێ» و ئەم شوێنە دەبێ «بەراوردی مرۆڤی» ببێت. گلد سمیت کوتەنی: «پیاو یان ژن رەنگە هەر تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بچووکدا دەتوانێ تاکێک بێ. لە جەماوەرێکی زۆری ئەمرۆدا ئەوانە هەر تەنیا بوونەوەرێکی تەنیا و تەریک مانەوتەوە». گلد سمیت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دراوسێکان نابێ لە ٥٠٠ کەس زیاتر بن لە دەروونی جەماوەرێکی ٥٠ هەزار کەسی و ناوچەیەکی ٥٠٠ هەزار کەسیدا ماونەتەوە.[٨٠]

لەمەڕ بارودۆخێکی جغرای، گرنگترین واتایەک کە هاتووەتە ئاراوە واتای ناوچەی ژیانییە. مەڵبەندەکانی ژیانی تاکە نەتەوەیەکان، قەومی، ئیداری یان سیاسی نین بەڵکو زۆرتر واحیدگەلێکی ئەکۆلۆژیکی و بیۆلۆژکی پایەدارن. توکار ناوچەی بیولۆژیکی بەم جۆرە پێناسە دەکا: «ناحیەیەک لەسەر زەمینێک کە نەک لەگەڵ رەمزە سیاسییەکان... بەڵکو لەگەڵ بارودۆخی سروشتی، بیۆلۆژیکی

زەمینناسی کە ناسنامەی راستەقینەی شوێن دەستنیشان دەکا، دیاریکراوبێ».
رشتە کێوەکان، رووبارەکان، روینی گیایی، وێنەگەلی ئاو و هەوار، خاک، گیاکان و کۆمەڵی گیایی (گیا) تایبەتمەندی ناوچەیەکی ژیانی دەسنیشان دەکەن و دەبنە جێگری رەمزە سیاسییە دەوڵەتییەکان.[٨١] لە دەروونی ئەم مەڵبەندە بیۆلۆژیکیەدا ئەکۆسیستمی پایەدارییبوونی هەیە کە مرۆڤەکان دەتوانن بێ خەسار گەیاندن و پێگەی ژین هەتا کاتێک کە «تێدەکۆشن شێوەگەلی خۆبژیوی ژیانێکیان ببێت کە هاتوچوون و گەڕی سروشتی کە لەوەو بەر لەوێدا بوونی بووە، بیپارێزن». لەوێدا وچان بگرن و ژیان بکەن.[٨٢] نەک هەر تەنیا ئەندێشەی ناوچەیی بیۆلۆژیکی بە دروستکردنی پێوەندی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی ئێمە لەگەڵ سروشتی خۆڕاگری دەوروبەر بە سوودە بەڵکو لە نێوان مرۆڤ و سروشتیش پێوەندی دروست دەکا. هەندێک نووسەرانی وەک توکار دابەشکاری دەرەکی زۆرتر لە نێوان دەستە ناوخۆیەکان و رشتە کێوەکاندا دروست دەکەن. کرک پاتریک سیل دەستە دابەشکاریەکی پێچراوەتر دێنێتە ئاراوە کە کۆکەرەوەی ناوچە ئەکۆلۆژیکەکان، ناوچە زەمین ناسییەکان و ناوچە بیچم ناسییەکانە.[٨٣] وەها جەماوەرێک بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەوان، هاندەری جۆربەجۆری و سەر بەخۆیی کەلتوورین.

مانایەکی زۆری دەروونی لە دۆزی ناوبراوەوە سەرچاوە دەگرن. باوەڕێکی بەهێز بوونی هەیە کە ئەم جەماوەرە بچووکە بەراوردی خووی سەرەکیان هاوبەشی گشتی و جەماوەری خەڵکە کە لە رووبەڕوو لەگەڵ دێموکراسی پەرلەمانی وەستاوە.[٨٤] دۆزی شوێنی کۆبوونەوەی هاوبەشی جەماوەری نایەکگرتوو لە دەروونی ناوچە بیۆلۆژیکییەکان بۆ بڕیار دەربڕینە سیاسییەکان، لایەنی کاکڵی ئەم دۆزە دەدرێتە قەڵەم. هەروەها ئەم مانا دەروونییە بەهێزە لە ئارادایە کە ئەم جەماورە لە راستیدا کۆمەڵگەی بێکەم و کورتی یەکسان خواز «پەساپیاوسالاری» بە دواوە دەبێ.[٨٥]

جگە لەم روانگە دێموکراتیکە، هەندێک جار لایەنگەلێکی شاراوەترو تاریکتر بوونی هەیە. یەکێک لە باوەڕەکان «کارناسی ژین ناوچەیی» خۆبژێوی ئابووری

خۆتەواوی ناوچەییە. ئەم کارە پێویست بە هەر چەشنە توجارەت، جگە لە بڕە جارێکی زۆر زەرووری، لە ناو دەبا. تەجارەت هاندەری رازی بوونی ویستە نازەرووریەکان یان زینەتی لە رووبەڕوو لەگەڵ ویستە راستەقینەکانە و هۆکاری بەستنەوەی هەر ناوچەیەکی ژیان لە خۆ بەدەر دەبێ و کات و سەرچاوەی سووتەمەنی بە فیڕۆ دەدا. دەربارەی مەسەلەی سەرچاوەی کەم وێنە هەندێک کەسانی وەک بارو و ئوفولس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێمە لە رادەبەدەر بۆ هەموو شوێنێک سەفەر دەکەین. بە بۆچوونی بڕێک لە لایەنگرانی کۆمەڵگەی ناوچە ژیانی، ئەم کۆمەلگە لە ناوچوونی سەرچاوە کەم وێنەکان بە هۆی ئەنجامی هاتوچۆی رابواردنەوە قبوولی ناکا. فڕۆکەکان بە هۆی هێنان و بردنی رێبوار کە زۆرجار جگە لە چێژبردنی تایبەتی ئامانجێکیان نییە، بڕێکی زۆر سووتەمەنی کە هەرگیز جێی پڕنابێتە، بە فیرۆی دەدەن. بەم شێوە، کۆمەلگەی دەس پێوەگر دەبێ کۆمەلگەیەک بێ کە هاتوچۆ بەرتەسک بکاتەوە و خەلک ژیانی خۆیان لە شوێنێک بە سەربەرن و هۆگری جەماوەری ناوچەی ژینی خۆیان پەروەردە بکەن.

مانای دەروونی رای ناوبراوی سەرەوە ئەوەیە کە میزانی جەماوەری مرۆڤیش دەبێ لەژێر چاوەدێری کۆنترۆلی توند دابێ و بێ هۆ نییە کە بە لایەنگرانی ئەم باوەڕە شێوەی «نومالتوسی» یەکانیان پێ دراوە. ئەم جۆرە کە گلد سمیت دەنووسێ: «ئاشکرایە کە دەبێ پرۆژەی تەنزیمی بنەماڵە (بە شێوەی مامناوەندی بەرتەسک دوو منداڵ بۆ هەر ژن و مێردێک) لەسەرانسەری جیهان هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم بە توندی بەڕێوەی بەرین».[86] ئەو لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دەربارەی میزانی جەماوەر دەبێ پروپاگەندە و چالاکیگەلێکی بەرفراوان لە باری خواردەمەنی و چۆنیەتی ژیانەوە بەرێوە ببرێ. لە پەنای ئەم چالاکیانەدا، دەرمانی دژی زگ پڕ بوون و شێوەگەلی بەرگری کردن لە ئاوس بوون، نەزۆک کردن و لە باربردنی دەبێ بەلاش بکرێ. سەرەنجام لە گشت بوارەکانی لە پێوەندی لەگەڵ جەماوەرناسی و کۆنترۆلی جەماوەر دەبێ نەهادە لێکۆلەرەکان دابمەزرێن.[87] کەسانی دیکە دەربارەی ئاستەنگ کردنەوەی یاسایی رادەی منداڵ لە بنامەڵە بە شێوەی «بەلگەنامەی بوونی ساوا» و دامەزرانی مالیات

بۆ ئەمە کە بنەماڵەکان منداڵی کەمتریان بێ، رایان دەر بڕیوە.[88] گرووپی «سەرەتای زەوی!» ئەو جۆرە کە لەوەبەر باسکرا، بۆ ئەم مەسەلانە رێی چارەی خۆیان هەیە. سەرەنجام دەربارەی کۆنترۆڵی کۆچەریش باوەڕگەلێک لە ئارادا هەیە کە دابسۆن لە موتالاتی دوایی خۆیدا لەمەڕ بەرینبوونەوەی ئەو نیگەرانی خۆی دەربڕیوە.[89]

روانگەکانی سەرەوە لەمەڕ کۆمەڵگەی سوودخواز و دەست پێوەگر رەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە. هەستێک کە لە پلەی یەکەمدا سەرهەڵدەدا ئەوەیە کە ئەم روانگە دێموکراتیک و یەکسانیخوازە. لێرەدا دەکرێ پێوەندی بەهێز بە ئانارشیزمی کومۆنیستییەوە ببینری. بەم حاڵەوە، ئاشکرایە کە سەرجەم لایەنگرانی ئەو لەگەڵ دێموکراسی و ئازادی هاودەنگن. دۆزەکانی گلد سمیت رەنگە بکرێ بە شێوە شیاو بە شێوەی دۆزگەلێکی پەروەردە دەری کۆمەڵگەیەکی دەسەلاتدار و نەک دێموکراتیک باس بکرێ. خولی راگواستنەوەی کردنەوەی زۆر لە ئازادییەکانە. گلد سمیت دەڵێ: «دامەزرانی یاسا و ئۆپەڕاسوێنی هێزەکانی پۆلیس و دادەکان بۆ بە حاکم کردنی ئەم ئاستەنگییە پێویست دەبێ».[90] بێجگە لەمە، باوەڕی لایەنی نومالتوسی لەمەڕ کۆنترۆڵی جەماوەر بێگومان ئاشتی لەگەڵ سەربەخۆیی و یەکسانی دژوار دەکا. رەنگە گلد سمیت خۆراکی فیکری خۆی لە ئەکۆلوژی ناسیۆنالیستی سوننەتی لەگەڵ ریشەگەلێک کە لە سەرەتای سەدە بوویەتی، بە دەستی هێناوە.

پەروەردەی رۆحی جۆرخوازی و پلۆرالیزم بێگومان ناوچەکانی ژینی لایەنگری کۆیلایەتی، منداڵ کوژی یان مرۆڤ خۆریان پێ قبوول ناکرێ. بە شێوەیەکی دیکە، بە پێچەوانەی بەڵێنی ئاشکرا بە جۆرخوازی قبوول کراو، داخوازیەکی شاراوە بۆ ویست و هاوبەڵێنی بوونی هەیە. لە بەر ئەمە، پێوەندی زەرووری ئاشکرا لەم روانگەی نێوان ژین خوازی ناوچەی کومۆنە کۆنەخوازەکان لەلایەک، دێموکراسی و یەکسانی لە لایەکی دیکە، بوونیان هەیە. لەباری ئەکۆلۆژیکەوە تەواو مەعقوڵ و ئیمکانی ئەوەی هەیە کە کومۆنە دەسەلاتخوازەکان و هاوکات لەگەڵ ئەوە بەرامبەرخوازانە بوونیان ببێت.

گرفتی چارەسەرنەکراوی گەورەی کۆمەڵگەی سوودخواز و دەس پێوەگر کە لە هەموو شێوە ئەو دێتە بەرچاو، مەسـەلەی بـوونی دەسـەلاتداری هەمەلایانـە و بەرفراوان، وەکو دەوڵەت، بۆ چارەسەری گفتوگۆکـان شـاراوەیە. ئۆفـولس، ئـەو جۆرە کە پێشتر باسکرا، بیر لە ئیمپراتورییەکی ژیـانی دەکاتـەوە. کەسـانی دیکـە لەمـەڕ هـەر چەشـنە پێکهاتەیـەکی بـەرفراوان و تەنینـەوە لـە ناخـەوە نیگـەرانی دەردەبڕن. نووسەرێک دەنووسێ «ڕێنوێنی سیاسەتی «سەوز» زیـانی خۆماڵـی لەگەڵ یەک و پێچەوانە ئامانجی دەوڵەتی میللی ئـەو جـۆرە کـە ئێمـە دەمـانزانی وایـە». درێژەی پێ دەدا: «دەوڵەتی میللی ڕەنگدانەوەی سیاسی ڕواڵەتێکی زێهنی دوو لایەنەیـە، و هـەموو بەربلاوییـەکانی ئـەو بـۆ ئـەکۆلۆژی پـڕزیانن».[91] بـە بۆچوونی گلد سمیت تاکخوازی خۆ زانیاریانـە خـۆی لـە خۆیـدا و دەوڵـەتخوازی کـۆکراوە دەس بـە دەس جووڵـە دەکـەن. هـەر دوو دەبنـە هـۆی بێهێزبـوونی جەماوەری بچووکی ئەکۆلۆژیکی. هەندێک لە ئەکۆسۆسیالیستەکانی وەکو بارو لە بەر ئەم خاڵە تەئکیدیان کردووە و یەکسانخوازانی رادیکالـتری وەک توکـار، ئەسپرتناک و کاپرا و رابرتستۆنیش لە نووسـراوەکانی خۆیـدا لەسـەر ئـەم خاڵـە پایـان داگرتـووە.[92] سـەرەڕای ئەمـە، لـە هـەموو باوەڕەکـانی لایـەنی ئەکۆسۆسیالیست و هەروەها لە لایەن نووسەرانێکی وەک پوریتەوە ئاشکرایە کـە بە پێچەوانەی زۆر کەس حەز دەکەن ڕوانگەی سوودخوازانەتر لەگەڵ دەوڵـەتێکی هەستیار لە بابەتی ئەکۆلۆژیکییەوە پێکەوە گرێ بدەن.

ئـەم مەسـەلە چارەسـەر نـەکراوەی دەوڵـەت لـە ئەندێـشەی ئەکۆلۆژیکیـدا، مەسـەلەگەلێکی دژواری لـە بـواری بایەخـە سیاسـی و ئەخلاقییـەکانی لـێ دەکەوێتەوە. چـۆن سیاسـەتی جـەماوەرێکی بەرپرسـی یەکسانخواز، عەداڵـەتی کۆمەلایـەتی و ئـازادی لـە شـێوەیەکدا کـە دەوڵـەتێک لـە ئـارادا نـەبێ، دەتوانـێ دەستەبەر بکرێ؟[93] کارناسانی ئەکۆلۆژیستی دژی دەوڵـەت، لـە ڕواڵـەتا تووشـی هەمان سەرەداوی گرفتی ئانارشیستەکان و لەم دواییانەی ئانارکۆکاپیتالیستەکان هـاتوون: واتـە ئەمـە کـە چـۆن بایەخـە گرنگـەکان بـێ ئـەوەی دەس بکـرێ بـە تونـدوتیژی یـان هەڕەشـەگەلێکی تایبـەتی بـۆ جێـی بـاوەڕ و دەسـتەبەرکردنە؟

هەندێک لە تەئکیدەکان لە رواڵەتا بەرەو گۆڕانکارییەک لـە سروشـتی مـرۆڤ یـان لەسەر رێنوێنییەکی بە قەناعەتگەیێن کاردانەوەی دەبێ. ئەگەرچی بێگومـان دەبـێ بە شێوەی رەوا رێنوێنی بکرێ کە دەوڵەتی یاسایی زۆر لە کارکردەکانی و ئەرکە سوودمەندەکانی ئەکۆلۆژیکی پێویست باشتر بەڕێوەی بەرێ هـەتا لەسەرۆیـشتن و چەناکە شلبوونی کۆبوونەوە بەربلاوەکانی ناوچەکانی ژین.

سەرهەودای ئابووری نوێ

یەکێک لە ناوەڕۆکـە سـەرەکییەکان کـە لـە بزاڤـی ئەکۆلۆژیکیـدا سـووربوون لەسەر ئەم خاڵەیە کە مەسەلەی گەورەی ئابووری کە ئێمـە لەگەڵـی رووبـەڕووین نە سەرمایەدارییە و نە ئابووری دەستوورییە، بەڵکو بـە پیـشەسازی بوونـە. ئـەو جۆرە کە پوریت دەڵێ:

مەبەستی من لـە وشـەی «پیـشەسازیخـوازی» لایـەنگری لـەم بارەوەیـە کـە پێویستەکانی مرۆڤ هەر تـەنیا لـە لایـەن پەرەپێـدانی دایمـی پـرۆژەی تەولیـد و مەسرەف ـ چاوپۆشی لە خەسـارێک کـە لـە گـۆی زەوی و لـە مافـەکانی بـەرەی داهاتوو دەکەوێ ـ دەکرێ بـەراورد بکـرێ... بایەخـە زۆرجـار باسـنەکراوەکانی پیشەسازیخوازی لەسەر بنـەمای ئـەم گریمانەیـەن کـە سـوودی مـاددی زۆرتـر گرنگتر لە خەڵک و هەر شتێکی دیکەیە.[٩٤]

لەبەر ئەمە، شەڕ دژی پیشەسازیخـوازی شـەڕێکە دژی «ئیدئۆلۆژییـەک» کـە مەسەلەی ئەو لە هەموو ئیدئۆلۆژییە گرنگەکانی دیکـە لـە ئارادایـە. بـە بۆچـوونی پوریت و کەسانی وەک ئەو، خەبات دژی ئـەم بـالا ئیدئۆلۆژییـە پیـشەسازیخوازە هەمان رادە لە هەرێمی بایەخەکاندا هەیە کە لە مەسەلە فەنییەکانی گرێبەستـکراو بە ئابووری. بەم حاڵە، ئەم شێوە لێکدانەوە بە جۆری راستەقینە سۆسیالیستەکان تاوتوێیـان کـردووە کـە، چ لەگـەڵ هەڵوێـستە کومـۆنی بـارو و چ هەڵوێـستەی دەوڵەتخوازی رایل، حاشا لەوە دەکەن کە سۆسـیالیزم بـە شـێوەی خودکـار بـە پیشەسازی بـوونی بـە ئەسـتۆیە. بێجگـە لەمـە، نووسـەرانی وەک وێـستۆن پیر

لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەسەلەی ڕاستەقینە سەرمایەدارییە نەک پیشەسازیخوازی، و ئەمە کە لێدوان لەمەڕ بایەخەکان زۆر و کەم نادروستە.[95]

زۆربەی نووسەرانی ئەکۆلۆژیکی هاو باوەڕیان هەیە کە پیشەسازیخوازی و سەرمایەداری هەر دوو عۆدەداری گەشەی دۆزی ئابوورین. گەشەی نۆش دارووی مەسەلەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. بەڵام بە بۆچوونی ئەکۆلۆژیستەکان گەشەی بنەمایی مەسەلەگەلی تەقینەوەی پێگەی ژین، حەسارگەیاندن بە کۆمەڵگە و لە خۆ بێگانە بوونی کۆمەڵگە دەدرێتە قەڵەم. لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ئابوورییە بە پیشەسازی کراوەکاندا، گەشە هەلی رەخساند و بۆ برێک کومەڵگە بوو بە سەرچاوەی پڕ لە بەرژەوەندی قەرەبووەکان. لەگەڵ ئەمەدا، ئەو جۆرە کە ئەسپرتناک و کاپرا گوتویانە، چونکە گەشە بۆ ماوەیەکی کورت سوودی لەگەڵ بووە، ئەمە بەو مانایە نییە کە گەشە هەمیشە پێویست بێ.[96] زۆربەی رەنگدانەوەی سیستماتیک «گەشە» و غافڵ بوون لە مەسەلەگەلی ئەکۆلۆژیکی دەکرێ لە زۆرینەی ئەندێشە کلاسیکە سوننەتییەکانی ئابووریدا ببینرێ.[97]

ئەندێشەگەلی پیشەسازیخوازی و ئابووری کلاسیک بۆ زۆرینەی ئەکۆلۆژیستەکان «نەک هەموو ئەوان» هەڵگری واتایەکی درۆ و بەرچاو تەنگانە لەمەڕ بوونەوەری مرۆڤ ـ مرۆڤی خاوەن فامی ئابووری ـ یە کە لەسەر بنەمای ئەو، پووڵ و پارە، لانیزۆری رازیبوونی بەرژەوەندی و بە دەس هێنانی سوود، تەرازوو و پێواری هەموو شتەکان دەدرایە قەڵەم. لە ئەندێشەی ئابووری کلاسیکدا مایە و سوود هەتا ئەم دواییە مەسەلەی سوودمەندی ئاوی پاکردە، ئەتموسفێری پایەدار و ئاووهەوا و هەرێمی هەڵگری پێشبینیان لە بەرچاو نەدەگرت. ئەم جۆرە کارانە بایەخی ئابووری نەدەدرانە قەڵەم. ئەو چەشنە لە کتێبی نوێدا گوتراوە: «نایەتە بەرچاو کە بە فیکری ئابووری زانان گەیبێ کە ئەگەر چالاکیەکانی ئێمە لە بنەڕەتەوە هاو بەشی لە شێوازی کاری سروشتە، کەواتە سروشت هەتا ماوەیەکی درێژ ناتوانێ بەرژەوەندییەک کە چاوەڕوانیمان لەوە و ژیانی ئێمە بەوەوە گرێدراوە، بەراوردە بکات و بیهێنێتە دی».[98] نووسەر ئەمە چەپڕوانین بە جیهان» تەوسیف دەکا.

پێچەوانە، «زانستی ئابووری نوێ»، ئەو جۆرە کە لە نووسراوەی ئەکۆلۆژیکیدا زۆرجار ئاماژە بەوە دەکرێ، «لەسەر بنەمای تێگەیني جیاوازی لە خودی راستەقینەیە و لە بینینی ئەو گۆڕینێکی وەکو شۆڕشی کۆپەرنیکی لە ئەستێرەناسیدا رووی داوە».[٩٩]

یەکێک لە بەڵگە پرەنسیپییەکان لە زانستی ئابووری نوێ ئەمەیە کە لەسەر بنەمای ئەندێشەی ئابوورییە کلاسیکەکان رەنگە گەشە هەتا بێ کۆتایی بەردەوام بێ. بەڵام لە جیهانێکدا کە بەرژەوەندی ئەو، وەکو سووتەمەنییە بێجێگان، ئاستەنگ و بە کۆتایی دەگەن، گەشە چۆن مومکینە نائاستەنگ و بێ کۆتایی بێ؟ سووتەمەنییە فسیلییەکان ئاستەنگن و لەوانەیە بەم زووانە تەواو بن. ئەو جۆرە کە پیژار دەڵێ: «بە رواڵەت هەموو هاوبڕوان کە نەوت و گازی سروشتی بەم زووانە و کەمێک دوای ساڵی ٢٠١٠ روو لە کەمی دەکا».[١٠٠] ئەو دەڵێ زۆرینەی جیهانی پیشەسازی لەگەڵ تەواوبوونی سووتەمەنییە بێ جێگرە هەرزانەکان رووبەڕووبوونەتەوە. بەم حاڵەوە، بە بۆچوونی پیژار، نوێسازی زۆرینەی کۆمەڵگەکان، بەتایبەت وڵاتەکانی جیهانی سێیەم، هێشتا لەگەڵ مەنتقی نادروست و درۆ گەشەی ئابووری پێوار دەکرێ. ئەم وڵاتانە بە جێی ئەوە کە زگی خەڵکی زۆری خۆیان تێر بکەن، لە تەک هاندانی سندووقی پارەی نێونەتەوایەتی خەریکی پەرەپێدانی ناردنی کاڵای خۆیان بۆ دەرەوەن. پێویستەکانی ناوخۆ، پێگەی ژینی خاوێن، مەدەنییەتی تەندروست، هەموو لە هاوکێش کردنی ئابووریدا کەوتوونە زبڵدانی فەرامۆشییەوە. ئەم جۆرەکارانە لە حوکمی پلە باڵاکانی سەرکەوتنی ئابووری بەرچاو ناگیرێن.

بە کورتی ئەمە کە ئابوورییە گەشەخوازەکان ناتوانن بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی کە دێتە کۆتایی درێژە بدن. داهێنەرە تەکنۆلۆژییەکان ناتوانن مەسەلەکان بە شێوەی ئاستەنگ چارەسەر بکەن، ئەگەرچی تکنۆلۆژییە هاوقەرارە و بچووکەکان یەکێک لە رێی چارەکان دەدرێتە قەڵەم. بەرەو پێشچوونە فەنییەکان هەر تەنیا دەتوانن مەسەلەگەل وەدواخەن.[١٠١] حکومەتەکان و دیوان ساڵارییەکانی ئەوان زۆرجار لەم بوارەدا هاوراز و هاوهەنگاو لەگەڵ پیشەسازیدان، و لە لایەن فێڵ و فەنە زۆرەکانی رازداری و پێچ و پەناوە، بالابردن و هێنانەوە زانستی و چالاکییەکانی

پێوەندی گشتی تێدەکۆشن هەتا بە شێوەی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵی هەواڵەکان لەمەڕ رووخانی پێگەی ژین دەس بەکاربن.[١٠٢] بە بۆچوونی زۆربەی ئەکۆلۆژیستەکان، گۆڕینی سەرەکی لەرای گشتی ئێمە لە جیهانی ئابووری پێویستە. هەر ئەم کارە ریشەی پێکهاتووی TOES (کۆبوونەوەکان لەمەڕ ئابووری دیکە) بووە کە خۆی لە پێناوی ئاشکرا کردن و برەودان بە رێگایەکی ئابووری داناوە. لە کۆی ئەماندا دەبێ سامانێکی ئابووریِ پایەدار بخرێتە جێی سامانی ئابووری گەشە خوازەوە.

روانگەکان دەربارەی ئەمە کە چ شتێک سامانی پایەدار پێکدێنێ، جیاوازیان هەیە. ئەمانە بە دوو شێوە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا دەوریان بە ئەستۆوەیە. روانگەیەکی باڵا سامانی ناکۆ، کومۆنی، وەرزێری و بێ بوونی دەوڵەتە. روانگەیەکی دیکە چاوی برپیوەتە سامانی دەوڵەتی ئەکۆلۆژیکی دەوڵەمەند و لە باری ئەکۆلۆژیکەوە پێچراوە.

وەڵامی ئەکۆ سۆسیالیستی بەپێی وابەستە بوونی سۆسیالیستی جیاوازی هەیە. بارو بە ژیانی کومۆنی سەرفەجووی ناکۆ کە لەودا، ویستەکان و خوازیارەکان بە لانیکەمی کەمی بگا، باوەڕی هەیە. لە لایەکیترەوە، مارتین رایل بە پێچەوانە جوستوجۆ لە کاری گەشەدا بە شێوەی تەواو قەراردادی، باوەڕی هەیە کە زانستی ئابووری نوێ گروپی TOES مومکین نییە بە رادەی پێویست لە بینینی خۆی سەبارەت بە شەریکە گەورەکان بچێتەپێشێ. ئەو جۆرەکە رایل دەڵێ، ئەگەر ئێمە دۆزە گرێدراوەکان بە کردەوەی ئابووری دێرین بە دەست بێنین «دەبێ خۆمان ئامادەی رووبەڕووبوونە لەگەڵ نەهادگەلێک بکەین کە ئەوانە دەگرێتەوەبەر و بەهێزیان دەکا».[١٠٣] بۆچوونی رایل ئەمەیە کە دەوڵەتی لایەنگری پێگەی ژین دەبێ ئەم ئەرکە بەرێوەبەرێ. ئەم بۆچوونە نووسەرانێکی دیکەی وەک ویستۆن و پیر بە جۆرێکیتر رەواجیان پێداوە. پیر و ویستۆن ئەگەرچی زۆرتر لە رایل لە رەخنەی خۆیان سەبارەت بە رووداوی گەورەی «سەوزەکان» زمانی توندوتیژیان هەیە، ئەوانە تاوان باردەکەن کە «پەردەیان» کێشاوە بەسەر سەرمایەداری بازاڕدا.[١٠٤]

لە راستیدا رووداوی گەورەی نوێگەرەکان دەربارەی سەرمایەداری لەغاوی وڵامەکانیان بە دەستەوە گرتووە. ئەکلینگتۆ و بورکە بەتایبەت دەڵێن ئەگەرچی سەرمایەداری بازاڕ مومکینە بەشێک لە مەسەلە بێ، بە یارمەتی سەرمایەدارانی

«سەوز» دەتوانێ بەشێک لە ڕێچارەش بێ.[١٠٥] نووسەران پێشبینی دەکەن کە دەیەی ١٩٩٠ دەیەی سەوز دەبێ کە مەسرەفکارەکان خوازیاری داهاتێک دەبن کە بە شێوەی دۆستانە لەگەڵ پێگەی ژین دورست کرابێتن. بەم جۆرە، پێگەی ژین دەبێ بە «پانتایەکی بەرفراوانی نوێ بۆ بەر بەرەکانێی کەسپ و کار».[١٠٦] ئەم نووسەرانە بەڵگە دێننەوە کە بەجێی ئیحساسات خوازی تەکنۆلۆژیکی سەبارەت بە پیشەسازی، دەبێ چاوکراوانە نەک نێوانی ئابوورییەکی پایەدار و ئابووری گەشەی پیشەساز، بەڵکو دەبێ نێوان گەشەی پایەدار و گەشەی ناپایەدار جیاوازی دابێین. گەشەی پایەدار گەشەیەکە کە لە لایەن بازاڕ لەگەڵ کاردانەوەی مادەکان، تەکنۆلۆژیکەلێکی پاکردەتر، دانانی سەرمایەداری ژێرخانی و وەزی دانراو لە جێی ـ کە هەموو ئەمانە لەگەڵ داخوازییەکانی مەسرەفکارەکان «سەوز» دروست دەبن ـ خۆی سازگار دەکا. نووسەران ئەمە «سەردەمی نوێی سەرمایەداری» ناودێر دەکەن.[١٠٧]

وەلام بەم بۆچوونە لە لایەن ئەکۆ سۆسیالیستەکانەوە، ئەو جۆرە کە چاوەڕوان دەکرێ، ڕەخنەیە. بەلام ڕای ئەکۆکاپیتالیستەکانیش کە لەلایەن پوریت و وینرەوە بەیانکراوە تێکەڵ بە ڕەگی چزودار و ژاراوەیە. ئەوانە رادەر دەبڕن کە «گشت ئەوشتانەی کە لەو ڕووداوانە کەوتووەتەوە کە... شەریکەکان بەهۆی پیسیانەوە پەرەیەکی کەلان لە جانتا دەنێن و ئەوکات بە پاککردنەوەی بڕێک لە گەندەڵ کارییەکانی خۆیان دیسان پارەیەکی زۆرتریان بە نەسیب دەبێ».[١٠٨]

بەم شێوە، ئەکۆکاپیتالیزم بە ناوی جۆرێک کلاسیکی لە پێوارە دوو لایەنەکانی دەبینرێ کە هیچ وەلامێکی بۆ تەقینەوەی پێگەی ژین لە لایەن پیشەکانەوە پێ نییە. ناچار دیسان دەبێ ئەم خاڵە وەبیر بێنینەوە کە پۆریت، کە لە لایەنگرە بێ مەیلەکانی ئەکۆلۆژی قووڵە، هێشتا نایەوێ لە دەوڵەت هەڵبوێرێ و ئەوە شاراوە بە هۆکاری گرنگ لە لێدوانە ئەکۆلۆژییەکانی دەزانێ.

لایەنی دیکەی ڕوانگەی پەساپیشەسازی و ئابووری ڕوانگە کومۆنی ناکۆیە ـ واتە کۆمەڵگەی سەرفەخوازتر. جیمز ڕابێرتسۆن ئەمە بە ئابووری مێ SHE (عاقلانە Sane مرۆڤایەتی Humane ئەکۆلۆژیکی Ecoloyical) تەوسیف دەکا و ئەوە لە ڕووبەڕوو لەگەڵ ئابووری نێر He (زۆر بەرین خواز Hyper-Expansionist) هەڵدەسەنگێنێ.[١٠٩] ئەم

روانگه مێیه SHE پرەنسیپیگەلێکی زۆری هەیە. تێدەکۆشی هەتا زۆرتر واتاگەلی گەورەی ئابووری وەکو ویست، داوا، بەرهەمهێنان، بەکارهێنان مەسرەف و ئابوورییە بەراوردەکان لەگەڵ واژەکانی ئەکۆلۆژیکی سەرلەنوێ پێناسە بکا. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کە لە ئەندێشەی ئابووری کلاسیکدا مرۆڤەکان بە شێوەی بەکارهێنەران تەولیدات بەرچاو دەگیرێن، زانستی ئابووری نوێی مرۆڤەکان و ئاسوودەیی تەواوی جسمانی، ئەخلاقی و مەعنەوی ئەوان لە پلەی یەکەمدا دادەنێ.[110] ئابووری زانانی نوێ بە سەرمەشق گرتن لە ئاسەواری شوماخر و ئەریش فروم، ئەخلاقی بە بەشێکی جودایی هەڵنگەری زانستی ئابووری دەزانن. ئامانجگەلی چۆنیەتی رازیبوون و مانادارکردنی ژیان، گرنگتر لە بایەخەکانی کەمییەت دەزانرێن. بە جێی گەشەی ئابووری، پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی و رازیکردنی پێویستیە رەگەزییەکان، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری ئەو گرنگتر تاوتوێ دەکرێن. پێویستەکان «گرنگییەکی سەربەستانەی ناوەندێک لە زانستی ئابووری نوێیان هەیە».[111] واتای پێویست ئەو پەڕی مانەوەی جسمانی بووە، گوزەران و باشتر ژیانی کەلتووریش دەگرێتەبەر.

پێوەندی گرێبەستی رواڵەتی و رەسمی جێی خۆیان بە مەسەلەگەلی ئەخلاقی رووبەڕووی نێوان خەلک دەسپێرن. مەسەلەی هاو دڵی و هاو دەردی بەرچاو جێی نێوانی فیکری و عەقلانی دەگرن. پیشەگەلێک کە پێویستیان بە پسپۆڕی باڵا هەیە جێی خۆیان بە سەلاحییەتی هەمە لایەنە و کۆ و خودگەردانی هاووڵاتیان دەدەن. تکنۆلۆژیگەلێک لەگەڵ بەراوردی مرۆڤایەتی بێ‌زیان و بەسوود جێی تەکنۆلۆژییە رووخێنەرەکان دەگرنەوە.

لەم روانگەدا واتای کار لە بناخەوە دەگۆڕدرێ. واتاگەلێکی نوێ لە پیشەکاندا پەروەردە دەکرێن. نووسەرانێکی وەک جیمز رابرتستۆن و گی‌دونسی بڕوایان هەیە کە «کاری نارەسمی بۆ خۆی» پەرە دەگرێ و جێگری واتای پیشەیی رەسمی ببێت کە لە جیهانی سێیەمدا زۆرتر لە کۆمەڵگەی پیشەسازی بەڕێوەدەچێ.[112] بە پێوارەی ئەم باوەڕە، ئێمە نابێ کار لەگەڵ پیشە تێکەڵاو بکەین. لە واتای کاردا دەبێ رابگۆڕدرێ و لەگەڵ زۆربەی پیشەکان لە وانە ماڵداری و کەیبانووگەری،

سـەوزەکاری لـە ماڵـدا، پیـشەی هاوبـەش یـان خـودیّ ئـەنجام دان پێوەنـد بـدریّ. رابرتستۆن گوتەنی: «کار لە خۆیدا بە مانای چالاکییەکی ئامانجدار و گرنگە کە خەڵک کار بۆ خۆیان دەکەن و خۆیان بۆ ڕێکوپێک کردن و کۆنترۆڵی دەس بـە کـار دەبـن. ئەم کارە ڕەنگە لە ڕووبەڕووی هەقـدەس یـان بێهـەق دەس بـەڕێوە بچـیّ».[١١٣] ئـەم ڕوانگە لێرەدا بـە مانـای گۆڕانکـاری تـەواو و ڕیـشەیی لـە شـێوازی بینـینی گـشت کۆمەڵگەدا بە واتای کارە. هەروەها ڕوانگەیەکە لەمەڕ خۆ پاڵپشتی یـان پاڵـدانەوە بـە نەفسەوە، خۆپایەداری، ئابووری کار، کاری جێبەجێیی و خۆماڵی و بچووک لە بابەتی بەراوردی تکنۆلۆژییەوە.[١١٤] بە بۆچوونی زۆرینەی نووسەرانی لەم بوارەوە، بەمە بە مانای پەرەسەندنی هەرەوەزەکانی کرێکارییە.

ڕێکارێکی دیکە کە سێبەری بەسەر زۆربەی گەلاڵـەکانی ڕوانگـەی سـەرفەخوازدا کشاوە جێگیرکردنی بەرژەوەندی و هۆگری ئاسوودەیی لەگـەڵ ئـەو شـتەیە کـە بـە شێوەی گشتی «پلانی دەسکەوتی پایە» یان هەر نەبیّ ڕواڵەتێک لە پلانی دەسکەوتی لانیکەم دادەنریّ. ئەم دۆزە دەگەڕێتـەوە بـۆ دەیـەی ١٩٢٠ و میجـر س. ە. داگـلاس، ئەگەرچی وادێتە بەرچاو کە ئەندێشەکانی هینری جۆرجیش بۆ بـڕێک لـە نووسـەران ئیلهامبەخش بووە.[١١٥] لەسەردەمی پاش جـەنگی جیهـانی ئـەم دۆزە جێـی سـەرنجی تۆژەرانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی بزاڤی ئەکۆلۆژیکی بوو. لەسەر بنەمای دۆزەکـانی دەسـکەوتی پایـەی هەقدەسـتی میللـی دەبـیّ جـێگیری بەرژەوەنـدی ئاسوودەیی بیّ ـ دابین و دەستەبەر کردنی ماڵی ئەو بەهۆی پاشەکەوتەکانی دارایـی و ماڵیاتی باڵا بەتایبەت «لە ڕوانگەی ئەکۆلۆژیستەکان» لـە کەسـانێک کـە پێگـە پـیس دەکەن کەڵک لەو سەرچاوانە وەردەگرن کە تازە نابنەوە، بەڕێوە ببریّ ـ و بە هەموو هاووڵاتیەکی باڵاتر لـە تەمـەنی تایبـەت، چاوپۆشـی لـە کارێـک کـە دەیکـەن، بـدریّ. دەستکەوتی پایە ڕەنگە هەستێک لەسەربەخۆی بۆ زۆرینەی هاووڵاتیان بـەدی بێنـیّ. دەکریّ کاری «بە کۆمەڵ» لە هاووڵاتیان چاوەڕوان بکریّ. بە گۆڕینێک کـە لـە واتـای کار پێکدی، ئەم خاڵە لەگەڵ پلانەکانی بانکداری خۆماڵی (و گەرانی پوول جارجارێک) و گۆڕانی زۆر بەرچاوی ماڵیاتبەندی کە هۆکاری بڵاوکردنەوەی تونـدی سـەرلەنوێی سامان دەبیّ، پێوەندی هەیە.[١١٦]

لەم ئەندێشەدا، سامان هەر تەنیا لەگەڵ بایەخە پارەیەکان یان بەرژەوەندی سەرمایەیی بەراورد ناکرێ بەڵکو لەگەڵ تەندروستی و ئاسوودەیی خەڵک بەراورد دەکرێ. ئەو جۆرە کە رابرتستۆن دەڵێ:

ئەم ئەندێشە کە پێشکەوت و بەربڵاوی خەڵک تەندروستتر، و پێکهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی فیزیکی کە دەسەڵات بە خەڵک بدا سلامەت بن، دەبێ بەراوردی دانانی سەرمایەی بەرهەمێنانی لە کۆمەڵگە و لە جوکمی بەرینکردنەوەی گرنگترین سەرچاوە (وخەڵک) مامەڵەی لەگەڵ بکرێ لەگەڵ زانستی ئابووری قەراردادی گرێ دەدرێ. بە عەکسەوە، «زانستی ئابووری نوێ» خولقێنەری سامان سەرلەنوێ پێناسە دەکا، ئەو جۆرە کە خولقێنەری سلامەت لە خۆ بگرێ.[١١٧]

بەم شێوە، تەندروستی و پێویست جێی سامانی پارەیی و گەشە دەگرن. بێجگەلەمە، پلە بەرزییەکانی ئابووری نوێش هاتوونە ئاراوە. پلە بالاکانی دێرین «ناتەواو و ناموناسب» زانراون.[١١٨] ئەکینس و زۆری وەک ئەو لە گروپی TOES باوەڕیان هەیە کە پلە بالاکانی سەردەم دەبێ بەرانبەری کۆمەڵایەتی، رازیکردنی سەرجەم پێویستەکانی مرۆڤایەتی؛ گەینی هاووڵاتیان بە ئارەزووەکانی خۆیان، بلاوکردنەوەی عادڵانەتری دەسکەوت و کار؛ باوەڕ بە خۆ و گەورەی دەروون زۆرتر؛ و کارایی زۆرتر لە سوود بردن لە سەرچاوەکانی لە خۆ گرتبێ. گشت ئەمانە ئەواوکەری ئەوەن کە «بەرهەمهێنانی میللی بەرامبەر کراوە» (ANP) جێی (بەرهەمێنانی ناخالیسی میللی) (GNP) بگرێ. ANP بە پێچەوانەی GNP خەرجگەلی تەواو و کەماڵی پێگەیی و کۆمەڵایەتیش دەگرێتە بەرچاو. ANP تەندروستی و پلەباڵاکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نارەسمی لەگەڵ وێنە نوێکان دەربارەی کار لە خۆ دەگرێ.[١١٩] سیستماتیکترین بەیانی ئەم روانگە سەرفەخوازە ئەندێشەی «ئابووری پایە»یە کە بەر لە هەموو لە کتێبی هێرمەن دیلیدا هاتووەتە ئاراوە.[١٢٠] جێی پێی ئەم دۆزە دەکرێ لە نووسراوە ئابوورییەکانی جان ستوارت میل لە سەدەی نۆزدەهەمدا بدۆزرێتەوە. بە بۆچوونی دیلی خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئابوورییە پیشەسازییەکان دەبێ لە دەهەکانی داهاتوودا بگۆڕدرێن. بەرای ئەو، کە رەگێک لە دۆزی نومالتوسی هەیە، بە کەرەسەی جیاوازەوە دەکرێ بەم ئامانجە بگەی. سامان دەبێ بە شێوەی

بەرامبەرتر بلاو بکرێتەوە. جگە لە برێک کەلوپەلی دروست کراوی زەخیرەکراو دەبێ بەلانیزۆری توانای قبوول سابت بکرێن. کەماڵی پێویست ئەوەیە کە هەموو مادەخاوەکان بۆ هێورکردنەوەی رەوەندی رووبە کەم بوونەوەی سەرچاوەگەلی کۆتایی هەلگر دەبێ سەرلەنوێ بە دەس بێنەوە. بە وتەی دیلی، بەپێی بەلگەیەک کە هەنووکە قبووڵ کراوە: «لە جیهانێکی بەرتەسک و کۆتایی هەلگر هیچ شتێکی فیزیکی ناتوانێ بۆ هەمیشە گەشە بکات».[121] گەشە هێشتا دەتوانێ لە وەها ئابوورییەکدا جێی بێتەوە، بەلام دەبێ هاورێ لەگەڵ شوناس و تکنۆلۆژی کەم زیانتر بێ. سەرەرای ئەمە، نابێ ئامانجی چالاکی ئابووری پێک بێنێ. ئابووریگەلێک کە هەر تەنیا توانایی وەرگرتن بەلانیزۆر دەگەیێنن و هەوڵ و کۆشش بۆ پاراستنی وزە نادەن، ئەو سەرچاوانەی کە کۆتاییان پێدێ وزەی گۆی زەوی کەم دەکەنەوە و دەبنە هۆی پیسکردنی. ئەم کارە بەش بە حاڵی خۆی تەواوکەری خەرجی وزەی زۆرتر بۆ زاڵ بوون بەسەر لە رادەبەدەرو ئیسرافە. ئەم ئابوورییە ئیسرافکارانە «بەرهەمی ناخالیسی میللی» لەگەڵ توانایی وەرگرتنی رووبە گەشە بەراورد دەکرێ کە بە مانای مەنتق خۆ کوژی بۆ «ئابوورییە پایە»کانە.

دیلی بە ئاووری لەسەر بنەمای توانایی وەرگرتنی هێور، جەماوەری یەکدەست، پاراستنی وزە، کەلک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی نوێ دەبنەوە، وەکو هەتاو، عایقی کاری (جیر، قایش)، سوود و کەلک وەرگرتنی بەرفراوان لە وەسیلەی هێنان و بردنی گشتی و دووچەرخە باوەری هەیە. بە بۆچوون دیلی ئەم کارە هەر تەنیا لەباری پایەی ئابووری و زانستییەوە پێویست نییە بەلکو دەلیلی ئەخلاقی بە هێزی بۆ ئەم گۆرانکارییە. ئەو کێشەی لەسەر ئەوەیە کە ئێمە پێویستمان بە بەرفراوانکردنەوەی دۆزی سەرپەرشتی و خۆ بە کەم زانینێکی زۆرتر سەبارەت گۆی زەوی و سەرچاوەکانی ئەو هەیە.[122]

گومانگەلێکی راستی دەربارەی پلانەکانی سەرەوە بوونی هەیە. جگە لە نیگەرانیگەلێک کە زۆر کەس دەربارەی کۆنترۆڵی جەماوەری نومالتوسییەوە گوتوویانە (کە لە بەشی پێشوودا لێدوانمان لەسەر کرد) دەوری پایەبەرزانی گشتی و دەولەتیش بەتایبەت زۆر ئاشکرا نییە.

سەرهەودای راشکاوی دژی بێ عەدالـەتی کۆمەلایـەتی و نایەکسانیگەلی توند رۆین لە سامان و نەبوونی هۆگری توند بـە پرۆپاگەنـدەی بازرگـانی بـوونی هەیـە. هەروەها دەربارەی گۆرانکـاری مالـیاتی، «پلانـەکانی دەسـکەوتی پایـە»، نـەبوونی وەرگـرتنی زەرووڕەتی تـەجارەت و بـالابردنی پـشتگری خـوازی و خوکـەفایی لـە ئابووری، باوەرگەلێک هاتووەتە ئاراوە. سەرەرای ئەمە، هەموو ئەمانە لەگەل هاندانی خودمختاری ناوچەیی و حاشا و رەتی پێوەندی لەگەل دەولەت پێکەوە گـرێ دراون. دیتنی ئەمە کە چۆن ئەم سەر و سامان بخـشینە دەتوانـێ بـێ بـوونی روالـەتێک لـە دەسەلاتداری بەر استی بگا، دژوارە.

بە هەرکام لەو پێشنیارە باسکراوانە، کۆمەلێک رەخنەیان لەسەرەو بۆ وێنە «پلانی دەستکەوتی پایە» بە رەخنەی دەقیقەوە تاوتوێ کراوە. ئایا ئەم پلانە پێواری شیاوی بـۆ ژیـان پێکـدێنێ؟ بێگومـان نابـێ لەگـەل مەسـەلەی بەربلاویگـەلی هەمەلایانـە لـە دەستکەوت هەلسوکەوت بکرێ، لە راستیدا مەترسی لکەدارکردنی چینێکی پاینی نوێ لە ئارادایە. بێجگە لەمە، ئەگەر خەلک کار نەکەن چی روو دەدا؟ دەربارەی کـردەوەی ئەوان چۆن دەکرێ لێدوان بکرێ؟ مەگەر ئەوە کە «بارودۆخی پایەدار» ی کۆمەلگەی سەرفەخواز بە خێرایی بە حەقیقەت بگـا و لـەو شـێوەدا «دەسـتکەوتی پایـە» رەنگـە لەگەل بالا چوونی نرخ رێبلەوێ، و ئەمـە تەواوکـەری گەشـەی ئـابووری زۆرتـرە و لەگەل رێنوێنی گشتی سەرفەخوازی جیاوازی هەیە.

دەرەنجام

دەرەنجامی خێرا ئەوەیە کە بزاڤی ئەکۆلۆژیکی و ئیدئۆلۆژی ئەو هێشتا لە رەوەندی خولقاندندان. لەم بارەوە، ئەم بەشە ناسنامەی پێچەوانەیەک لە دیاردەیەک لە حالی جوولەیە. سەرەڕای ئەمە، ئەکۆلۆژی سەرنجی ئێمە بەرەو بەرپرسایەتییەکانی جیهانی خۆی رادەکێشێ و دەستنیشانی دەکا کە پێکەوە بەسراوەیەکی رووبەڕوومان لەگەڵ ئەکۆسفێر هەیە. لەگەڵ ئەمەدا، جێی خۆیەتی ئەگەر بڕێک لە لێک هەڵوەشانەوەکانی دەروونیی زیانێ هێنەری ئەم ئیدئۆلۆژییە دەستنیشان بکەین و وەبیر بێنینەوە. لەمەڕ مێژووی بۆشایی و لەت بوونێک کە فەلسەفە لە کاری سیاسی ئەکۆلۆژیزم جیا دەکاتەوە زانیارییەکی بچووک بوونی هەیە. لە ناحیەیەکەوە فەیلسووفان لە رێگەلی دەرەکی و کەونی فەلسەفەی پێگەی ژین سەرگەردانن و سوودخوازی یان ئەکۆمەداری بەرەوا دەزانن و پێشنیاری دەکەن. ئێستا ئەوە کە لە ناحیەیەکی دیکەوە، بە کردەوەکان زۆرتر بە هەمەلایانە ساکارە دەرەنجامەکانەوە سەر قاڵن کە بە رواڵەت خۆشیان لەمەڕ ئەوانە زۆر دڵنیا نین. سەرەڕای ئەمە، لێدوانگەلێکی مەربووت بە مرۆڤمەداری و نامرۆڤمەداری کە ئێستا لە ناوەندی لێدوانی فەلسەفیدا هەیە. وادێتە بەرچاو کە هیچ معلووم نییە کە لە خەتتی کردار و رەفتارەکان و سیاسەتگەلی پێگەی ژین لە کردەوەدا بۆ پاکانە ببێت و ئەمە سەرسووڕهێنەرە.

لێک هەڵوەشان و لەبەریەک ترازانێکی سەیری دیکە لە بزووتنەوە، جۆری مامەڵەی ئەو سەبارەت بە زانستییە سروشتییەکان و سەرهەودای زانستی ئەکۆلۆژییە. ئەو جۆرە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا بەیانکرا، دەسەلاتی بزاڤی ئەکۆلۆژیکی سیاسی هەتا رادەیەکی زۆر لە هەڵوێستەی زانستی لێکدانەوەکانی ئەو سەرچاوە دەگرێ. بەم حاڵەوە، ئەم دەسەلاتە لەگەڵ رەخنەی بەردەوامی ئەخلاقی و فەلسەفی دەربارەی خوو و خسلەتی مکانیکی زانستە سروشتییەکان و یەکدەستی و راوەستاوی ئەو لەگەڵ بە پیشەسازی بوون تێکەڵاوە. هەرچەند کە نووسەرانێکی وەک کاپرا لەسەر جیاوازی نێوان «مکانیکی بوون» ی کەون و «سیستمەکانی» نوێی واتای زانستە سروشتییەکان پێیان داگرتووە، بەڵام نایەتە

بەرچاو کە خودی کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییەکان جیاوازییەکی ڕاستەقینەیان دانابێ و هەڵوێستێکی نەتەویستانەیان سەبارەت بە ئەکۆلۆژیستە سیاسییەکان هەیە.[١٢٣] ئەم تەنینەوەش هەمیشە سەرسووڕهێنەر دەمێنێتەوە.

سەرەڕای ئەمە، ئیدئۆلۆژی ئەکۆلۆژیکی، لە زەمەنی سەرهەڵدانی خۆیەوە بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، لە تەنینەوەی نێوان دوو حەرەکەی فیکری ڕەنجی بینیوە. دەیەی ١٩٧٠ هەم شاهیدی سەرهەڵدانی کوتوپڕی هۆگری پێگەی ژین بوو و هەم لە زۆر شوێنەوە سەرەتای تووشی زیان لە سۆسیالیزم. بزاڤی ئەکۆلۆژیکی /سەوز/ بوو بە سەرپەنا و دالدەیەکی ئارمانجی بۆ سۆسیالیستەکان و ئانارشیستە زیان دیتوەکان. بەم حاڵەوە، هەر لەم قۆناخەدا بوو کە کۆششگەلێک بۆ عام پەسند کردن و سیستمی کردنی دۆزەکانی بزاڤ دەستی پێ کرد. دەرەنجام، واژەگەلی سۆسیالیستی و ئانارشیستی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لەگەڵ هەموو زاین و تۆشەی خۆی لە مانای جۆراوجۆر و زۆرجار دژ بە یەک، بە شێوەی تەواو بەکار دەبرێ.

بەم حاڵەوە، هەر لەو سەردەمەدا سۆسیالیستەکان و ئانارشیستەکان و تێکەڵاوانی ئەوان تێگەیشتن کە جۆرێکی دیکە لە واژەگەل بوونەتە هاوراوێژ و دۆستی نزیکی ئەوان، واژەگەلێک کە بە بایەخە قووڵەکەونەکانەوە هەڵدەواسران، ڕێز و حورمەتی مەعنەوی لە سروشت، جیهانبینی متافیزیکی، قەناعەت، دەسپێوەگرتن و ساکار ژیان کردن، شعووری قەومە دێرینەکان و سەرەتایی، ژیان لە هاوئاهەنگی لەگەڵ زەوی و بەسەرهاتی قەومی ئەو. نووسەرانی سۆسیالیست بێکەموکورتی بە شێوەی مەنتقی بە توندی لە بەرامبەر ئەم جۆرە وتارانەدا وەستان و ئەوەیان بە پیشەی سۆفیگەری و وەک ڕازداری، نژاد پەرستی، مەزهەبی بوونی ترسناک و دڵسافانە، کڕنۆش کردن لە بەرامبەر سەرمایەداری، و خەیاڵ خوازی وردە سەرمایەداری خۆشگوزەران تۆمەت بارکردن کە هیچ زانیارییەکیان لە ڕاستییە سیاسییەکان و ئابووری نییە.

نیگەرانی و ڕەخنەی سۆسیالیستی دەرک دەکرێ چونکە ڕیشەی ئەکۆلۆژیکی لە ڕاستیدا لە ئەکۆلۆژیکی قووڵ و بزاڤی سەرفەخوازی و قەناعەت و مەعنەوییەتدا

شـاراوەتەوە. باوبـاپیری ئـەم ئەندێـشانە دەکـرێ لـە تێکچـوونی پـاوەڕە فەلسەفییەکان لەمەڕ سروشت و بوونی کۆمەڵایەتی بە نیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهەمدا ببینییەوە. ئەم باوەڕانە بە جۆرێک بەیان دەکران کـە هەنووکـەش لـە بزووتنەوەی ئەکۆلۆژیکیدا قابیلی قبووڵن. ئەو جۆرە کە ئێستا دەزانـین. زۆر لـەم ئەندێشانە لە لایەن بزاڤـە سیاسـییەکانی وەک ناسـیۆنالیزمی قـەومی و ناسـیۆنال سۆسیالیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەڵکیان لێوەرگیراوە. سـەرنجی ئێمـە بەم بزاڤانە لەگەڵ گومانی زۆر و دوودڵی هاورێیە. سەرەڕای ئەمە. باشترە بڵێین کە ئەم واژانە و جۆری بەیان لە خـاوەنـداریێتی تایبـەتی ئـەم بزاڤـانەدا نییـە. هـیچ بەڵگەیەک نییـە کـە بـۆ نابـێ ئـەوە بـە جـۆرێکی هەسـتیار و ئاشـکرا سـەرلەنوێ تۆژینەوەی لەسەر بکەین. بەم حاڵەوە، باوباپیرانی ئەم واژانە زۆرجـار کەوتنەتـە بەر رەخنەی کەسانێک کە کەڵک لەوانە وەردەگرن. دوو بەڵگە بۆ ئەم کارە بوونی هەیە. یەکەم ئەوانە حەز دەکەن کە بە شـێوەیەکی قـابیلی دەرک مابـەینی خۆیـان لەگەڵ هەر چەشنە ئەکۆفاشیزمێک رابگرن. دووەم تا رادەیـەک بـاوەڕێکی سـاکار بوونی هەیە کە ئێمە بە سەردەمی نوێ، پلە باڵا، یان حـەیاتی سـەرلەنوێ دەگـەین یان نزیک بە گەیشتنین کە هەموو ئیدئۆلۆژییەکان بە لە ناوبراو دێنە بـەرچاو. ئـەم هەزارەخوازییەی دوایی یان بـاوەڕ بـە سـەردەمی بەختـەوەری، رواڵـەتەن سـەر لێشێوێن و نادروستە.

بەشی نۆیەم

ناسیۆنالیزم

وشەی nation [نەتەوە] لە واژەگەلی لاتینیدا nasci (لەدایکبوون) و natio (وزەی شعووری ڕووبەڕوو لە باری زاین و زێد) شەقکراوە. هاوڕیشەی بێپسانەوەی ئەو لە زمانی ئینگلیسیدا وشەگەلێکی وەکو natal (زێدی) و nature (سروشت)ن کە بەشێوەی دەروونی لە وتاری ناسیۆنالیستیدا بەکاری دەبەن. بەپێی ئەمە، مانای هاوبەشی سەرەتایی natio بە خەلک لە باری زاین و زێدی ئەوان پێوەندی دەبێ. مانای دەروونی ئەمەیە کە زێد بناخەی بیچمی «سروشتی» کۆبوونەوەی مرۆڤ دیاری و پێکدێنێ. لە پلەی یەکەمدا ڕەنگە کەسێک بە پەلە بکەوێتە تۆژینەوەی گرفتە دەستەبەندییەکانی نەتەوەکان (nations) بە شێوەی دەسکەوتگەلێکی خۆڕادان بە مرۆڤەوە (چونکە لە بابەتی ریشەناسییەوە [زانستی دابڕین] پێوەندی بە سروشتی (nature) یان سروشتی (natural) دەبێ. ڕەخنەیەک کە پێوەندی بەخۆهەلکێشان خۆڕادان بوونی نەتەوەکانەوە هەیە، دەبێ نەک هەر تەنیا لە بابەتی ماناناسی و یاریکردن بە وشەکان، بەلکو لە بوار و بەرەگەلێکی زۆردا خەبات بکا. وشەی nation بە شێوەی ناو لە باری ڕێزمانەوە لە زمانی ئینگلیسی و فەڕانسەیدا لانی کەم لە سەدەی چواردەهەمدا سەریهەلدا.[1] بەم حالەوە، هەر ئەو چەشنە کە زۆربەی تۆژەران گوتویانە، ئەم واژە لە سەرەتای ماناکانی سیاسی بێپسانەوە نەبوو. وشەگەلی ناسیۆن و ناسیۆنالیزم کە ڕاستەوخۆ ڕێنوێنی سیاسییان هەیە، بەرەبەرە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ڕێیان بردە ناو واژەگەلی زمانە ئوروپاییەکانەوە.[2]

لە سەدەی ڕابراوودا کۆششێکی زۆر بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم بەڕێوەبرا.[3] بەم حالەوە، ئەم ڕێیە شوێنێکی زۆر هەموار و سوودمەند نایەتە بەرچاو. ئەو جۆرەکە زۆر لە تۆژەران گوتویانە، دۆزینەوەی مانایەکی بەرفراوان و هەمەلایەنە کە بە شەفافی هەموو کێشە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم لەخۆ

بگرێ، کارێکی دژوار و ئاستەمە.[٤] ڕێ و شوێنی من هەر ئەو نموودە گشتییەیە کە لە گشت بەشەکانی ئەم کتێبەدا پێڕەویم لەوە کردووە واتە یەکەم ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم تاوتوێ دەکەم و پاشان دەکەومە تاوتوێکردنی ئەو ناوەڕۆکە بەرفراوانانەی کە ڕێبازەکان هەموو ڕوویان لەوە.

لە زۆربەی نووسراوەی بیرمەندانـدا لەمـەڕ ناسیۆنالیزم سەرنجیان بە وشەگەلی هاوڕیشە لەگەڵ ئەم واژە داوە؛ واتە وشەگەلێک کە لە باری ڕیشەناسی ڕیشەی هاوبەشی لەگەڵ ناسیۆنالیزم هەیە. وشەگەلێکی وەک نەتەوە، خووی میللی، خودموختاری میللی و بەرژەوەندی میللی بە بەرفراوانی سەری هەڵداوە و جارجار ڕاستەوخۆ هاوبەشیان لە یەکدا بووە. وەها هاوبەشییەک تەواوکەری ئەوەیە کە لە هەمان سەرەتاوە جیایان کەینەوە، ئەگەرچی ڕێگایەکی هەمەلایەنەی پەسندکراو لە واژەگەلی بەکاربراو و دروستکراو بوونی نییە. سەرەڕای ئەمە، دێتە بەرچاو کە تا ڕادەیەک دەکرێ هەوڵی بۆ بدرێ ئەم جیاوازییە میانەڕەوانە و مامناوەندیانە بپارێزێ، بەم هۆیەکە ئەم وشانەی کارکردگەلێکی جۆراوجۆریان هەیە. بێجگەلە لێدوانی سەدەی بیستەم، ئەم واژانە گەشەیان کردووە و زۆریان لە نێو ڕێکخراوەکاندا ڕیشەیان داکوتاوە. ئێمە واژەگەلێکی وەک «ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان» شەریکەگەلی گەورە نەتەوە و فرەنەتەوە، هێزە بەرگرییەکانی گەورە نەتەوە و فرەنەتەوە و پیشە خۆماڵیکراوەکانمان هەیە. هەرکام لە نزیکایەتی و خزمایەتی ئەم واژانە بەیان دەکەین.

واژەی نەتەوە هەمیشە ڕێنوێنی لەسەر کۆمەڵێک لە خەڵکی خاوەن باو و باپیر، مێژوو، فەرهەنگ و زمانی هاوبەشدا هەیە کە بە ئەمەگی و دڵۆڤانییەکی دەهەژێنێ. ئەم واژە دەکرێ بۆ پێناسەی قەومییەتیش بەکاربرێ؛ بەم حاڵەوە لە حاڵێکدا کە نەتەوە دەتوانێ قەومییەتیش لەخۆ بگرێ، پێویستانە هەمیشە وانییە. بۆ وێنە لە شوێنێک کە نەتەوە بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ دەوڵەتێک هاوکێشی هەیە، ڕەنگە کۆمەڵە قەومییە جۆراوجۆرەکان لە دەروونی ئەودا بوونیان ببێت کە ئەمەگداری

خۆیان لە ئاست ئەو دەوڵەتە میللی و ڕەسمییە دەرببڕن، هاوکات لەگەڵ ئـەوە کـە ئەمەگناسی قەومی خۆشیان جیاوازانـە ببێـت. خودموختـاری میللـی پێوەندییـەکی نزیکی لەگەڵ ئەندێشەی دەسەلاتدارێتی و دەوڵەت هەیـە، کـە سـەربەخۆیی (دوای جودایی یان پێکەوە بوون) لە کۆنترۆڵی هەموو دەوڵـەتەکاندا دەبـێ و دەرەنجـام، لێهاتوویی خەلک بۆ دامەزراندنی یاساکان و بەکاربردنی دەسەلاتیدادی دەروونی کیانێـک دیـاری دەکـرێ. نـەتـەوە لـە واژەی یاسـایدا، ڕێنیـشاندەری حـەقووقی هاوولاتی دەوڵەتی تایبەتە، ئەگەرچی هێشتا بە شێوەی هۆکارێکی کاریگەر لەسەر نەتەوە، وەکو پێگە، زێد یان بنەماڵە دێتە ئەژمار.[٥] کارکردێکی بەرفراوان لە نەتـەوە نیشانەی هەیـە لەسـەر گروپێکـی کۆمەلایـەتی کـە حـەز دەکـەن بـە شـێوەی جەماوەرێکی موختار جێی ڕێـز و حورمـەت بـن، بـەلام خوازیـاری سـەربەخۆیی میللی نین.[٦] خووی میللی واژەیەکە دێرین کە بەر لەسەردەمی ڕۆشنبیری (و دواتر ڕۆمانتیک) دلنگەرانی کۆمەلناسی دەربـارەی هـەلاواردن و هـاوێرکردنی ئاکـاری تایبەت «جۆرەکانی میللی» هاندا. ئەم واژە ئەگەرچی پلەپلە لە لێدوانی ڕاستەقینەدا وەلانرا و پالێورا، هێشتا لە وتاری خەلکی هاوچەرخدا تا ڕادەیـەک گرنگـی هەیـە.[٧] سـەرچاوە میللییـەکان واژەیەکـە کـە زۆرتـر لـە سیاسـەتی دەرەوە و پێوەنـدی دیپلۆماتیکدا کارکردی هەیە و بەکردەوە یان پێوار «ئیرادەی ئەمیر» یـان بچـووک دەوڵەت» لە پێوەندی لەگـەڵ چالاکییـەکانی دەرەوەی دەوڵـەتەکانە. بـە جـۆرێکی دیکـە، پێوەندییـەکی نزیکـی لەگـەڵ مێـژوو و تـەکامولی دەوڵـەت و بوارگـەلی بەرژەوەندی ئەو هەیە.[٨]

ناسیۆنالیزم زۆرجار وەکو ئیدئۆلۆژی (یان بیچمێک لە ئاکار) چاوی لێکـراوە کـە لەخۆزانیاری میللی، ناسنامەی قەومی یان زمانێک لە بازنەگەلی سـەرەکی چـالاکی و دەربڕینی سیاسی کەلک وەردەگرێ. لەم بەشەدا سـەرنجی بنـەڕەتی مـن لـە پلـەی یەکەمدا لەسەر ئـەم واتـا دوایـەی ناسیۆنالیـستە. بـەم حالـەوە ئـەم کـارە بـە هـیچ

کولۆنجێک راپۆرتی ئێمە بەرتەسک ناکاتەوە، چونکە زۆر لە واژە خزم و هاوڕیشەکانی سەرەتایی کە لەسەرەوە باسمکرد، پێوەندی بە لێدانی منەوە دەبێ.

خاڵێکی بچووکی شیاوی باس، بەڵام گرنگ لەمەڕ ئەم واژە هاوڕیشانەی سەرەتایی ئەوە کە زۆرجار ئاکادمیکە جیاوازەکان دەهەژێنێ. بڕێک لە بیرمەندان سەبارەت بە گەشە کردنی نەتەوەکان و کۆمەڵە قەومییەکان هۆگری خۆیان نیشان داوە، بەڵام هۆگرییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە «ئیدئۆلۆژی» ناسیۆنالیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەم نییە. هەروەها رەنگە موتالایەک لەمەڕ بەرژەوەندی میللی یان یاسا میللییەکان بەرێوە برابێ کە پێوەندییەکی زۆری بە نەتەوەکان یان ناسیۆنالیزمەوە نییە یان پێوەندییەکی کەمیان هەیە. لێکۆڵەران بڕێک لە ئەنقەست، بەڵام بە بەڵگەوە هۆی مەنتقی رەنگە بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە باری مێژوویی، ئابووری یان کۆمەڵناسی هۆگریان ببێ، بەڵام سەبارەت بە ئیدئۆلۆژی سیاسی ئەو هۆگرییەکی ئەوتۆیان نەبێ. ئێمە لەم بەشەدا بڕێک لەم دۆزانە تاوتوێ دەکەین.

هەروەها بڕێک هاوڕیشەیی دووەم بوونی هەیە کە لە باری ریشەناسیەوە لە واژەگەلی نەتەوە یان نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵام زۆریان بە پلەی جیاوازەوە نزیکیان لەتەک ناسیۆنالیزمدا هەیە. واتا سەرەکییەکانی بە روانینی ئێمە لێرەدا واژەگەلی وەتەنپەرستی، قەومییەت و نژادپەرستین. پێوەندی لە نێوان ئەم واژانەدا لەتەک ناسیۆنالیزم جێی لێدوان و مشتومڕە و ئەو گرێیە هێشتا نەکراوەتەوە. بۆ وێنە لە هێندێ نووسراوەدا، ولاتپەرستی بەرامبەرە بە ئەمەگناسی، شانازی و عەشق بە ولاتێک دەزانن. کارکردی ئەم وشەی ولات پەرستییە هەمیشە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری رۆم.[9] لەڕاستیدا لەم بارەوە دەکرێ وەتەنپەرستی بەشێوەیەکی شیاو و قابیلی قبوولتری ئەمەگناسی بدرێتە قەڵەم، هەتا ناسیۆنالیزم.

گشت راڤەکاران گەشبینییەکی کەمتریان هەیە و هەر دوو واژەی وەتەنپەرستی و ناسیۆنالیزم بە هاوکێشی یەک دەزانن.[١٠]

وشەی «قەومی» دیاردەیەکە کە زۆرتر لە ولاتپەرستی تیشک خراوەتەسەر ئەو. قەومییەت هەمیشە بۆ هۆکاری زاتی وەک خزمایەتی ئاماژەی هەیە کە لەباری بیۆلۆژیکی یان ژنیتیکی شیاوی فامن. کۆمەلانی قەومی هەندێ جار کۆمەلگەلێک یان کۆمایەکی بچووکتر، هەمەلایەنەتر و بەبرەوتر، تایبەتیتر لە باری ئەندامییەت و دێرینتر لە نەتەوەکان ناسراون و هاوێرکراون. پێوەندییەکان لەگەل ناسیۆنالیزم زۆر پێچراوەن. هێندێ ناسیۆنالیزمی قەومی بە جەوهەری ناسیۆنالیزم دەزانن یان بەعەکسەوە وتارێکی گرنگ لە دەروونی ناسیۆنالیزم تەسەور دەکەن. ئانتۆنی سمیت لە نووسراوە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا ئاماژەی تایبەتی بە پێگەگەلی قەومی نەتەوەکان کردووە.[١١]

پاش سەرهەلدانی کاریگەر و بەهێزی ناسیۆنال سۆسیالیزم، بەتایبەت لەم سەدەدا «نژاد» پێوەندییەکی لەرادەبەدەر بەئازار و ژانی لەگەل ناسیۆنالیزم پێکهێناوە. واتای نژاد لەباری مێژوویی‌یەکەوە لە واژەگەلی ئوروپایدا لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم، زۆرجار بە شێوەی وتەیەکی بیۆلۆژیکی یان ژنیتیک دەرک کراوە.[١٢] مومکینە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بە پەلەپەل و هەلەهەلی جارنەجارەی سروشتی خۆی، بە چاویلکەی نژادەوە بروانێ. بێگومان ناسیۆنال سۆسیالیستەکان لەو کەسانە بوون کە بە یاساکان و باوەرە ئالۆزاوەکانی خۆیان ئەم روانینەیان بەهێزکردووە. سەرەرای ئەمانە، زۆر لە بیرمەندانی دۆزی ناسیۆنالیستی باوەریان وایە کە ناسیۆنال سۆسیالیزم حەرەکەیەکی لادەر دێنەئەژمار و نابێ لە ئەندێشەی ناسیۆنالیستیدا وەک هەموارێک مامەلەی لە تەکا بکرێ. بەم حالەوە، بەپێی رووداوەکانی ئەم سەدە وتاری ناسیۆنالیستی بە ئاسانی دەخزێنە دەروونی نژادپەرستی،[١٣] ئەمە واتایەکی کەم نییە کە نەیگرینە بەرچاو.

ناسیۆنالیزم خوێندکاری داهاتوو لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت رووبەڕوو دەکاتەوە. یەکەم ئەمەکە پارادۆکسگەلێکی زۆر لە بەشی هەرە مەزنی لێدوانە ناسیۆنالیستەکاندا بوونی هەیە لە باری مێژووەوە، ناسیۆنالیزم لە حوکمی ئیدئۆلۆژی و بزاڤی سیاسی، دیاردەیەکی تەقریبەن نوێ لە ئورووپایە کە تەنیا لەگەڵ پەیدابوونی دیموکراسی، بە پیشەسازیبوون و ئەندێشەی دەسەڵاتداریی خەڵک سەریهەڵداوە. لەگەڵ ئەمە، یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەو دێرینە بوونییەتی. راست ئەوەیە کە ناسیۆنالیستەکان زۆربەی ریشەکانی ناسیۆنالیزم لە سروشت دەبینن. ئەو جۆرە کە لەوەبەر گوترا ئەم کارە لە هاوڕیشەیی nationalism و nature سەرچاوە دەگرێ. بەم حاڵەوە تەنانەت بەپێی کورتترین موتالای بابەت، بڕێکی زۆر لە ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیزم، دەسکردی مرۆڤی ئەمڕۆیە. سەرەڕای ئەمە، هەر ئەو چەشنە کە لە سەرەتای بەشی شەشەمدا لە لێدوانەکانی «فاشیزم»دا گوترا، ناسیۆنالیزم لە کێشەی جیهانی بوونی رەسمی دۆزەکانی خۆیدا هەڵوێستەی تایبەتی هەیە، بەڵام ئیدئۆلۆژی هەر تەنیا بەپێی تایبەتمەندی و ناوچەیی بوونی خۆی مانا بە خۆوە دەگرێ. گرفتی بەکردەوەی ئەم خاڵەی دوایی لە مەسەلە تەجرەبەکراوەکانی، لە دەیەی ۱۹۳۰، لە پێکهاتنی فاشیزمی نێونەتەوایەتی پەرەی گرت. بەم حاڵەوە، ئەمەش ئاشکرایە کە بڕێک لە رووداوەکانی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی، بەتایبەت ناسیۆنالیزمی لیبرال، خۆی لە شوێنی تایبەتمەند یان لۆکالیزم [ناوچەگەری] بەرتەسک ناکاتەوە بەڵکو بۆچوونەکانی خۆی جیهان وەتەنانە و جیهانخوازانە دەخاتەڕوو. بەم شێوە سازگاری ئەم ئەندێشە لەگەڵ هەموو نەتەوەکان ئاسان دەبینێ. سەرەنجام و گرنگتر ئەمە کە، مەسەلەی ئیفلیجکەر بریتییە لە لایەک دەسەڵاتی مەزنی ناسیۆنالیزم لەم سەدە و سەدەی رابردوو، لە لایەکی ترەوە دڵسافی وەک ناسیۆنالیزم و نەبوونی یەکگرتوویی فەلسەفی ئەو. خاڵی سەیر و دژبەیەک

ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم وانەیە بە دەلیلی هەر ئەم نەبوونی یەکگرتوویییە زاتیییەی باوەڕەکانی خۆی سەرکەوتوو بووە.

مەسەلەی ئاخر هاوبەشی راستەوخۆی نێوان ناسیۆنالیزم و هەموو ئیدئۆلۆژییەکانە. ناسیۆنالیزم ئاشکرا لە مێژووی پێچەلاوپێچ پڕگەوەی خۆیدا بەرادەی پێویست لەسەر کەوڵ و خوانی زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکان خۆی تەسەل کردووە. ئێمە ناسیۆنالیستە لیبرالەکان، سۆسیالیستی، پارێزگار، فاشیستی و تەنانەت ئانارشیستیشمان بووە و ئێستاش هەمانە.[14] ناکرێ هێڵێکی جیاوازکەرەوە و بڕینەوەی لە نێوان ئەم ئیدئۆلۆژیانەدا بکێشین و سەیر نییە کە لەگەڵ دووڕەگە بوونی ئیدئۆلۆژیکی رووبەڕوو بینەوە. دەستێوەردانێکی زۆر راستەوخۆ و ئاشکرا لە نێوان ئیدئۆلۆژییەکان، تەنانەت دەربارەی ناسیۆنالیزم، بوونی هەیە کە بووە بە بۆشایەکی فیکری ئاستەنگ و توند کە دەبێ بە جەوهەری شتێک پڕ بکرێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی ناوبراو، هەروەها ئاشکرایە کە جیاوازیگەلێکی بەرچاو و چاوەڕێ‌لێ‌کراو لە دەروونی ناسیۆنالیزم خۆیدا بوونی هەیە کە لەگەڵ پێکەوە بەسراوەکانی ئیدئۆلۆژیکی جیاواز بەرامبەری دەکا. مەسەلەگەلێکی ناسیۆنالیستی بوونی نییە بەڵکو زۆرتر لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان رووبەڕووین.

پێگەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم

رێک لە وێچووەکانی نزیک بە نێوانی فاشیزم و ناسیۆنالیزم بەتایبەت لە شێوازێک کە ئەدەبیات بە لێدوان لەمەڕ ئەم ئیدئۆلۆژیانە دەدوێ، بوونی هەیە. لە چەشنی فاشیزم، زۆر لە لێدوانەکانی ناسیۆنالیزم گرێدراوە بە پێشمەرجگەلی بەیان و ئاشکرا کردنی ناسیۆنالیزمەوەیە - بۆ سەری هەڵداوە و بۆ وەها کاریگەریەتییەکی بووە؟ ئەم خاڵە لەبەر باریکی فیکری دۆزەکان لە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی مەزن و خۆنیشاندانی بزووتنەوە لە کردەوەی مێژوویی و کۆمەڵناسی

ئەو، شایانی باسە. لەم رووەوە، برێکی زۆر لەو چەمکانەی کە لەمەڕ ناسیۆنالیزم نووسراوە لە لایەن مێژووزانان، بیرمەندانی سیاسی و کۆمەڵناسانی سیاسییەوە بووە و لە پلەی بەراورد، ئەندێشمەندانی سیاسی بەتایەت لە چوار دەیەی رابردوو کەمتر لەمەڕ ئەو چەمکە نووسیویانە.[١٥] ئەم راستییە کە ناسیۆنالیزم لە لێدوانی فاشیستی و ناسیۆنال سۆسیالیستیدا بازنەی سەرەکی پێکهێناوە، ئەو هەر تەنیا قورسایەکی زۆرتر دەخاتە سەر ئەم روانین و گریمانە. بە بۆچوونی زۆر لە تۆژەران هەر دوو مەسەلەکە لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە بزاڤگەلێکی کاڵ و سەرەتایین کە هەلگری شیکردنەوەی بالای شرۆڤەکردنبن. لەبەر ئەمە، وەکو بەشی شەشەم واتە «فاشیزم» ئەم بەشە بە دوو فەسڵ دابەش دەکرێ.[١٦] لە بەشی یەکەمدا پێداچوونەوەیەکمان لەسەر پێگەی سەرهەڵدان و مێژووی ناسیۆنالیزم دەبێ و لە بەشی دووەمدا برێک رێچارە جۆراوجۆرەکانی تۆژەران لەمەڕ ناسیۆنالیزم تاوتوێ دەکەین.

هەروەکو ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە کە لەمەڕ ئەوان لێدوانمان کردووە، لە بارەی پێگەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم باوەڕەکان بەتەواوی جیاواز و تەنانەت پێچەوانەی یەک بوونیان هەیە. یەکەم راپۆرت لەمەڕ ناسیۆنالیزم ئەو بە گرووپەکان یان عەشیرەی قەومی یان بە دێرینەوە دەبەستێتەوە. لەبەر ئەمە، نەتەوە وەکو واتایەکی دێرینە چاوی لێدەکرێ کە بەکردەونە بەشێوەی میراتگر لەسەر بنەمای غەریزەی کۆمەڵایەتی بوونەوەری مرۆڤ فۆرمی گرتوە. نووسەرانێک کە لەژێر کاریگەری بیۆلۆژی کۆمەڵایەتیدان لەگەڵ ئەم جۆرە راڤەدا هاودەنگن و ناسیۆنالیزم زۆرتر بە وتراوەیەکی بیۆلۆژیکی تەسەور دەکەن هەتا میتۆدێک.[١٧] دەرەنجام، ناسیۆنالیزم وەکو دۆزێکی پێش‌مودێرن هەست پێدەکرێ کە یان بەیانگەری رواڵەتێک لە قەومییەتە یان لازمەی کوتوپڕی میتۆدێک بە مافی سروشتی زێدێکی هاوبەش.[١٨] لەم جۆرە لێدوانە زۆربەی چەمک بەم خاڵەوە بەسراوەتەوە کە ئایا باسکردنێک لەمەڕ پێکهاتی میللی پێش‌مودێرن یان بیچمی پێش‌میللی ئەمەکناسی خرابێتە ڕوو یان نا؟ یەکەمیان ناسیۆنالیزم بە دۆزێکی

پێش‌مودێرن دەزانێ، دووەمیان ناسیۆنالیزم لەگەڵ مودێرنیتە پێکەوە گرێ دەدا. بەڵام دەڵێ کە شێوەی پێش‌میللی ئەمەگناسی وەکو ئەمەگناسی عەشیرەتی و تایەفەیی کە بوونیان بووە نابێ لەگەڵ واتای نوێی ناسیۆنالیزم تێکەڵ بکرێن. کتێبی ئانتۆنی سمیت لە مابەینی کێشەگەلی پێش‌مودێرنو مودێرن هەڵوێستەی مامناوەندی دەگرێتەبەر، بەکورتی باوەڕی وایە کە قەومییەت بە جۆرێکی وردبینانە و زیرەکانە لە ناسیۆنالیزمی نوێدا تواوەتەوە. سمیت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە قەومییەت بەرایی سەرەکی پشکوتنی ناسیۆنالیزمی نوێ دێتە ئەژمار. بەپێی نووسراوەی ئەو «نەتەوەە نوێکان هەر تەنیا بەو شێوازانەی کە ئەندامی قەوم لەگەڵ یەکدا دەستیان بە هاوکاری و پێوەندی بەرامبەر کرد، پەرەیان پێداوە، بەهێزیان کردووە و کارامەیان بار هێناوە».[19] سمیت بەپێچەوانەی تەئکیدی ئەرنێست گلینێر و بەندیکت ئاندێرسۆن لەسەر نوێ بوونی ناسیۆنالیزم، لەسەر دایمی و بەردەوامی ئەو لەگەڵ رابردوو پێدا دەگرێ، ئەگەرچی دەیسەلمێنێ کە برێک گۆڕانکاری قەومییەتی کردووە بە ناسیۆنالیزم. بەم حاڵەوە، هێشتا دەڵێ دەوڵەتە میللییەکان ئەوەیکە «قەومخوازەکانی پێش‌مودێرن تێدەکۆشان بەڕێوەی بەرن، واتە پەسند کردنی دووری لە بێگانە و زایەڵەی سوننەتەکان و دیرۆکەکانی باو و باپیرانی خۆیان لەلایەن خزمانی پیاوەوە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە سیستەمی فێرکردنی نوێ» بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەڕێوەی دەبەن.[20]

لە بۆچوونی تایبەتیتردا دەربارەی پێگەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم تیشک خراوەتەسەر ئوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، ئەگەرچی ئەم تیشک و سەرنجە هەمیشە پێوەندی بە ریشەناسی وشەی نەتەوەوە دەبێ.[21] نیل مەک کورمیک فەیلسووفی هاوچەرخ، دەس بە تاوتوێکردنی واتای ناسنامەی میللی لە سەدەی شازدەهەم لە بریتانیا و بەتایبەت لە ئەسکاتلەند دەکات. مەک کورمیک باوەڕی وایە کە «جیاوازی نەتەوەکان زۆر بەر لە ساڵی ١٧٨٩ روویدا و بە شێوەی بەڵگەی ئەمە کە بۆ ئەوان دەبێ لەژێر فەرمانی شاکانی خۆیاندا ژیان بکەن و پێڕەوی

یاساکانی خۆیان بن، پەرەی گرت». لەبەر ئەمە «ئەمەکە واژەی ناسیۆنالیزم لە حوکمی واژەیەکی تایبەت بە ئەندیشەی سیاسی هەر تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا کارکردی گشتی پەیدا کردووە، بەتەواوی بێرەبتە».[٢٢] هانس کوهەن، گەورە تۆژەری ناسیۆنالیزم لە پاش ١٩٤٥، کۆتاییەکانی دەیەی ١٦٠٠ بە شوێن و شوێنەواری گەشە و بالا کردنی دۆزەکانی ناسیۆنالیستی دەزانێ ئەگەرچی ئەو شێوەیەکی چاونەکراوانەتری چاوکراوەیی میلللی دەداتە قەڵەم.[٢٣] لۆرد ئالتۆن بەشکردنی لە هێستان لە ١٧٧٢ بە پێشەکی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی لەهێستانی و ئەوروپایی دەشوبهاند.[٢٤] سەردەمی رۆشنبیری سەدەی هەژدەهەمیش خاڵێکی دیکە بۆ سەرچاوە گرتنی ناسیۆنالیزم دەهاتە ئەژمار.[٢٥] هاوکات لەگەڵ ئەمە، کۆمەڵێک بیرمەندی وەک دەلێ کروری لیبراوانە شوێنی پێی ناسیۆنالیزمیان لە شۆرشە فەلسەفییەکانی ئەڵمانی سەدەی هەژدەهەم، بەتایبەت لە ئاسەواری بیرمەندانی وەک کانت، فیختە، ئەشلگل، ئەشلایر ماخر و ئارنێت دەبینییەوە. سەرەڕای ئەمە، پڕلایەنگرترین زەمانی سەرهەڵدان و هەڵقوڵانی ناسیۆنالیزم خولێکە کە بێپسانەوە و پاشان شۆرشی کەبیری فەرانسا دەگرێتەبەر.[٢٦] سەرەنجام برێک لە بیرمەندان گوتویانە ناسیۆنالیزم بەرهەم و دەستکەوتی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە بۆ وێنە هابس باون کێشەی لەسەر ئەوەیە کە کارکردی مودێرنی واژەی ناسیۆنالیزم لە حوکمی واتایەکی جیاوازانە و جیا لە قەومییەت، تا رادەیەک نوێیە. دۆزی مودێرن لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٨٣٠، ئەگەرچی برێک لە لایەنە عامفامترەکانی ئەو لە شۆرشەکانی ئەمریکا و فەرانسا شیاوی شوێنهەڵگرتنە. خاڵی دوایی کەم تا کورتێک لەگەڵ بۆچوونی گلنێر هاوکێشی هەیە کە ئەویش ناسیۆنالیزم بە واژەیەکی نوێ دەزانێ کە لەگەڵ گەشە و نوێبوونەوەی دەوڵەتەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاوقەتار بووە.[٢٧] باوەڕی من زۆرتر لەگەڵ ئەو تۆژەرانە دایە کە ناسیۆنالیزم بە بزاڤێکی جیاواز دەزانن کە سەرچاوەکەی شۆرشی مەزنی فەرانسەیە. ئەمە بە مانای رەتکردنەوەی ئەوە نییە کە رواڵەتی سەرەتاییتری ئەمەگناسی و نۆکەری تاقمێک بوونی بووە. سەرەڕای

ئەمە، ئەوانە بە مانایەک کە ئێمە لە واژەی ناسیۆنالیزم لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم تێدەگەین، ناسیۆنالیزم نەبوون.

زۆر لە گەرایشەکانی سەرەوە قۆناخگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ ئالوگۆڕی ناسیۆنالیزم لەبەرچاوە. یەکێک لە ئەندێشە هەمەلایەنە پەسندتر کە لە نووسراوەی نوێدا نەقلی قەول لەوە دەکرێ، ئەندێشەی میروسلاو هەروکە. ئەو باوەڕی بە سێ قۆناخی جیاواز هەیە. یەکەم ناسیۆنالیزم لە سەدە نۆزدەهەم بەشێوەی کەلتووری عامیانە، داب و نەریت و سیستەمی ئەو هاتووەتە ئاراوە. ئەمە لە بنەڕەتەوە دۆزێکی کەلتوورییە کە چینە مامناوەندییەکان و بالایان لەخۆگرتووە کە یان باری سیاسی ئەندێشە یان کەمێکی بووە. دووهەم سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بە کێش و پێواری چالاکی سیاسییە. ئەمە هەمیشە پێوەندی بە حزبە سیاسییەکانەوە دەبێ و لە لایەن ئەوانەوە هاتووەتە ئاراوە. سێیەم، قۆناخێکە کە ناسیۆنالیزم لە پشتگری و پاڵپشتی جەماوەر بەهرەمەند دەبێ و بەشێوەی بزاڤێکی خەڵکی دێتە گۆڕەپانەوە. هەروەک هەریک ئەم قۆناخانە لەگەڵ گۆڕانکاری ئابووری و کەلتووری پێکەوە گرێبەست دەکا.[28] هابس باوێیش سێ قۆناخ یان خول هاوێر دەکا: یەکەم، خولی ١٨٨٠ـ١٨٣٠ کە ناسیۆنالیزمی لیبرال دەسەلاتدار بووە، پاشان ١٩١٤ـ١٨٨٠ کە بزووتنەوە توند و ئاشکرا لە باری مافی پارێزگارەکانەوە لە ئەندێشەی ناسیۆنالیستییەوە دەردەکەوێ و سەرەنجام لووتکەی ناسیۆنالیزم لە خولی ١٩٥٠ـ ١٩١٨یە.[29] ئەگەرچی هێندێ لە بیرمەندان لایان وایە ناسیۆنالیزم لە خولی ١٩٨٠ـ١٩٥٠وە روو لە ئاوا بوونە، ئاشکرایە کە ئەو ئیدئۆلۆژییە لە دەیەی ١٩٩٠وە لە ئورووپای رۆژهەلات و شوێنەکانیتر سەرلەنوێ سەریان هەڵێناوەتەوە.

هەنووکە بە دووەم بەشی ئەم فەسڵە واتە لێدوان لەمەڕ رواڵەت شێوەی بەیانی ناسیۆنالیزم دەکەین: لە سەدەی نۆزدەهەمدا نووسەرانێکی وەک جان ستوارت میل، لۆرد ئاکتۆر و ئەرنێست رۆنان بە نووسراوە سەرەتایەکان لەمەڕ ناسیۆنالیزم خووی ئەخلاقی یان فەلسەفیان پێ بەخشی. تاقانە تایبەتمەند لەم بارەوە نووسراوەکانی مارکس و ئینگلیس و سوننەتی هەڵقولاوە لەوانەوەیە.

هۆگری مارکسیستی بە ناسیۆنالیزم لە پلەی یەکەمدا لەسەرنجدان بە ئابووری سیاسییەوە سەرچاوەی دەگرت. ناسیۆنالیزم بە دیاردەیەک لە قۆناخی پەرە گرتنی ئابووری دەناسرا. بەم حاڵەوە پێچراوەگەلێک لە بەیانی مارکسیستیدا بوونی هەیە کە دەبێتە لەمپەرێک بۆ تێگەیشتنی ناسیۆنالیزم لەو پاشان دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە. لە خولی ۱۹۲۰ هەتا ۱۹۵۰ ئاسەوار لەمەڕ ناسیۆنالیزم کەمتر هەڵوێستی ئەخلاقی و زۆرتر تایبەتمەندی مێژوویی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هۆگری تایبەتی بە ناوەرۆکی مەسەلەکی ناسیۆنالیزم نیشان دەدا. نووسەرانێکی وەکو هانس کوهەن، هیۆستۆن، کارلتۆن هایس، ئالفرێد کوبان و لۆئیس ئەستایدر لەم خولەدا حاکمیەتیان هەیە. لە کۆتایەکانی دەیەی ۱۹۵۰ زانستە سیاسییەکانی ئەمریکا ئاسەواری پێشوویان لەخۆوە پێچا و ناوەڕۆکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ئەو بەسەر واجبی قەومی بە لێکۆڵینەونەی تەجربی مەحکەم بوو و دەیویست تەسەورە بالاکانی بناخەی ناسیۆنالیزم تێبگا. میتۆدە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە بریتی بوون لە ئەندێشە نوێسازی، کارکردخوازی و ئەندێشەی پەرەپێدان. بێجگەلە تایبەتمەندیگەلێکی نایاب، هەمەجۆر ئەندێشەی نوێسازی هەتا ئەم دواییانە بەشی هەرە مەزنی لێکۆڵینەوەی پێکدەهێنا. نووسەرانی بەناوبانگی دەیەی ۱۹٦۰ و سەرەتای دەیەی ۱۹۷۰ زانکۆییانی وەک دەیڤید ئاپتر، کارل دۆچ، بوسین پای و کلیفۆرد گیرتس بوون. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە تەجرەبەخوازییە لەمەڕ نوێسازی لەسەر ئاسەواری نووسەرانی نوێتری وەک ئەرنێست گێلنێر، ئانتۆنی سمیت و پیتر ئالتێریش کاردانەوە و ئەسەری گرنگی دانا.

ئەندێشەی نوێسازی لە نووسراوەیەک کە لەمەڕ ناسیۆنالیزم نووسراون ڕەنگدانەونە و دەسەڵاتی هەمەلایەنەی هەیە. ئەم ئەندێشە لەمەڕ پێشمەرجگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونی دەوڵەتە میللییەکان لێدوان دەکا. کۆکراوە سەرەتایەکانی ئەو ئەندێشانە کارکردخوازی و پەرەپێدانن. کارکردخوازی لەمەڕ دەورە کارکردییەکانی دەوڵەتە میللییەکان لە لێدوان لە پرۆژەی نوێسازی دەکا.

دەوڵـەتە میللییـەکان وەک نەهادگـەلێکی پـسپۆڕ چاویـان لێـدەکرێ کـە لەگـەڵ دابـەشـکردنی کـار لـە کۆمەڵـگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان پێوەنـدیان هەیـە. کارکرد یان ئـەرکی دەوڵـەتە میللییـەکان نێـوجێیی و کەمکردنـەوەی موناقەشـە و تەنینەوەی نێوان بەشـەکانی کۆمەڵگەیە. دەوڵـەتەکان هـەر تـەنیا کاتێک بـوونی خۆیان بە دەس دێنن کە سەرچاوەگەلی تـەواویان بـۆ توانـایی دەسـەڵات بەسـەر ئۆرگانیزمی دەوروبەری کۆمەڵگە ببێت. ئەندیشەی پەرەپێدان بـە قۆناخگـەلێکی دیـاریکراو لـە گەشـەی دەوڵـەتە میللییەکانـدا رازییـە. وابـیر دەکـرێ کـە گەشـە بەشـێوەی پلەپلـە، عاقڵانـە، بـەردەوام یەکپارچـە و زاینـەوەی دەروونی پێکـدێ. دەوڵـەتی میللـی لـە قۆنـاخێکی تایبەتیـدا لـە پـەرەگرتنی ئـابووری کۆمەڵـگەدا سەرهەڵـدەدا. بنـەمای نوێـسازی لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ناسـیۆنالیزم ئەمەیـە کـە کۆمەڵگەکان بۆ زیندوومان و گیانبەدەر بـردن لـە ئاڵـۆزیە بـە ئـۆف و ئازارەکـان ناچارن بە بنەما کردنی شێوەگەلی نوێی بەڕێوەبردنی پرەنسیپ و بـەڕێوەبردنی کارکردگەلێک مل بدەن کە پێکهاتە پێشوەکان توانای وەئەستۆ گرتنی ئەنجامـدانی ئەوانەیان بـۆ ماوەیـەکی درێژخایـەن نـەبوو... پیـشە و کارگـەلی یەکپارچـەیی و سازگاری سـەرلەنوێ و بـەردەوامی دەتوانـێ قۆنـاخی راگواسـتن و گۆڕانکـاری ئاسان بکا». گرنگترینی ئەم پیشە و کارانە ناسـیۆنالیزمە.[٣٠] نوێـسازی بریتییـە لـە لێهاتوویی کۆمەڵگە بۆ گەشەی «خۆڕاگری» و قۆزینەوە و کێششی گۆڕانکارییـەک کە بە هۆی پیشە و کاری یەکپارچـەیی و سـازگاری سـەرلەنوێ دروسـت دەبـن. شکست لە نوێسازیدا هۆکاری سەرهەڵدانی نەبوونی هاوکێش و ناسـازگاریگەلێک لە کۆماکان و بەشـە دەروونییـەکانی کۆمەڵـگەدا دەبـێ. بـە پیشەسازی بـوون و نوێسازی خێرا تەواوکەری بوونی سیـستەمـی سیاسـی بادانـەوە و ئیـدئۆلۆژیکی وەکو ناسیۆنالیزمە کە تاک لەگەڵ دەوڵەت بە مەبەستی پاراستنی یەکێتی گرێدەدا. بـەو رادەیـە ناسـیۆنالیزم یارمـەتی دەدا لەسـەر بۆشـایی نێـوان جـەماوەری سـوننەتیتـر (Gemeinschaft) و ئەنجوومەنـە نوێکـانی (Geselschaft) پردێـک هەڵبەسرێ.

به نووسراوەی ئانتۆنی سمیت: بۆ پاراستنی یەکێتی هاوبەش و ڕەوابوونی نەزم، دیرۆکێکی نوێ لە دەوری لە دایکبوونێکی سەرلەنوێ نەتەوەیەکی بێخەوش بۆ دامەزراندنی سەردەمێکی زێڕین سەرهەڵدێنێ».[٣١] لەبەر ئەمە ناسیۆنالیزم لە حوکمی شەرتێکی پێویستی پەرەپێدانی ئابووری، بە پیشەسازی بوون و نوێسازی دەزانرێ. لەم ڕووەوە، بە وتەیەکی گشتی، ئەندێشەی نوێسازی زۆرتر بەهێزی مێژوویی، کۆمەڵناسی و ئابوورییەک کە لە ناسیۆنالیزم گیانیان وەبەر دێتەوە، هۆگری هەیە هەتا بە ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیزم خۆی. ئەم ئەندێشە سەرنجی داوەتە پرۆژەگەلێکی وەک بە پیشەسازی بوون و شارستانییەت هەتا ڕۆڵ و کارکردی خۆی ئاشکرا بکا.

لە پێوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزم ئەندێشەیەک زۆر بوونی هەیە. بە بۆچوونی کارل دویچ، ناسیۆنالیزم کەلتووری هاوبەشی و «هاوبەشی پێوەندییەکان» ئاسان دەکا. ئەندێشەی پێوەندییەکان ڕوویەکی دیکە لە نوێسازیە کە جارێکی دیکە لەسەر لایەنی کارکردی ناسیۆنالیزم تەئکید دەکا. دویچ نەتەوە بە بۆچوونێک لە بەڕێوەبەری پێوەندییەکانی کارکرد دەزانی، نوێسازی لەگەڵ کاردانەوەی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنانە بەراورد دەکرێ. لەبەر ئەمە ئەوەی کە بۆ نوێسازی تەواو پێویستە بوونی شێوەگەلی کافی و کاریگەری پێوەندییەکانە. بەم جۆرە نەتەوە دەبێ بە مەڵهەمێکی گیراوە لە تاکەکان کە بە هۆری بەڕێوەبەرانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەوە لەگەڵ ناوچەکان و کۆماکان پێوەندی دەگرێ. دویچ دەیەوێ پرەنسیپەکانی میللییەت بەهۆی ئەو پرۆژە پێوەندیانەوە کەمییەت هەڵسەنگێنێ.[٣٢] هاوکات لەگەڵ ئەمە، بە بۆچوونی ئەرنێست گێلنێر، ناسیۆنالیزم «لە خاڵی برینەوەی سیاسەت، تێکنۆلۆژی و گۆڕانی کۆمەڵگە» مەوجوودییەت بە دەستدێنێ.[٣٣] ئەندێشەی «نوێسازی لەسەرەوە» بەلای ئەوەوە باشترە و باوەڕی وایە کە ناسیۆنالیزم «لەبنەڕەتەوە تەحمیلێکی گشتی فەرهەنگێکی بالا لەسەر کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەک کە لەوەبەر فەرهەنگە لاوازەکانی ژیانی زۆرینەی لەخۆگرتبوو».[٣٤] ئەو هەروەها لەسەر کاریگەری بارودۆخی ماددی لە بەدیهێنانی

ئەندێشەی میللی تەئکید دەکا، و بوارەکان و شوێنە ئابوورییەکان بۆ ناسیۆنالیزم و دووری و پارێزی چاوکراوانە لە مەسەلەی ئیدئۆلۆژی پێشنیار دەکا. بە بۆچوونی گێلنێر، شێوەی تایبەتی حکوومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی تەواوکەری راستەقینەی گەشەی پیشەسازین. بەپیشەسازی بوونیش تەواوکەری گۆڕانکاری سەرلەنوێیە. بەم جۆرە پێویست بە هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی زۆرتر بوونی هەیە کە بەهۆی یەکپارچە بوونی زمان و سیستەمی فێرکردن و پەروەردەی میللییەوە بە راستەقینە دەگا. بەبڕوای گێلنێر، پێش هەنگاوی نوێسازی رۆشنبیرانن کە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ فێرکردن و پەروەردە و پرۆژەکانی پێوەندییەکان هەیە. بە باوەڕی ئەو، پێشمەرجی هاوولاتی تەواو و کاریگەر، خوێندەوارییە. پرەنسیپی میللی دەبێ گشت رواڵەتە بەناوبانگەکانی ئەمەگناسی و فەرمانبەری لەخۆبگرن بەپێی وتەی گێلنێر کۆمەڵگەی ناسیۆنالیست لەسەر بنەمای «کورێکی زانیاری زماننناسی کە بەسەر زماندا سەرپەرشتی ببێ و زەروورەتی پێوەندییەکانی مەنتقی دیوانسالارانە و تێکنۆلۆژیکی کۆ بکاتەوە».[٣٥]

باوەڕی نوێسازی بەشێوەی گشتی تێگەیشتنی زیرەکانە و وردبینی لە ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیزم دەخاتەڕوو و بە بەرفراوانی دەیەوێ کە ئەم ئیدئۆلۆژییە یان نەگرێتە بەرچاو یان وەلابنرێ، ئەم باوەڕە لەوێدا کە تەئکیدی لە رادەبەدەر لەسەر هۆکاری ئابووری و کۆمەڵناسی لەسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەکاتەوە، لە بەیانی بە تەوژمی کێششی و جۆش و خرۆشی دۆزە ناسیۆنالیستییەکانیش ناکام دەمێنێتەوە. بۆ وێنە وا دێتە بەرچاو کە گێلنێر لەگەڵ گریمانەی بوونی شتێک کە نەتەوەی ناودەنێ، دیاردەگەلێک بەشێوەی مەکینەیی لەپاڵ یەکەوە دادەنێ و دەرەنجام لە تێگەیاندنی تەواو و کەماڵی ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیزمدا دەمێنێتەوە. بێجگەلەمە، ئەندێشەی گێلنێر بەتایبەت روانگەکانی تاکزمانی لە کەلتووری سیاسی و مەدەنیدا دەخاتەڕوو. ئەو بۆ دیاردەگەلێکی وەک زۆر بوونی فەرهەنگەکان و زۆر بوونی ناسیۆنالیستەکان لە دەروونی دەوڵەتەکاندا جێی برێک دێڵێتەوە. دێتە بەرچاو کە پلەیەک لە هەمەلایەنەی کەلتووری بۆ واتای ئەو

له دەوڵەتی میللیدا گرنگی هەیە کە لە باری گۆڕانکاری مێژوویی سەردەم زۆربەی دەوڵەتەکان مەسەلەسازن.[٣٦]

مارکسیزم لە باری مێژووییەوە لەگەڵ دیاردەی ناسیۆنالیزم پێوەندییەکی زۆر تەنراوەی بووە. تام نارین ئەم کارە بە «ناکامی مێژوویی» مارکسیزم وەسف دەکا.[٣٧] مارکسیستەکان بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییە کە زۆربەی بزاڤە شۆڕشگێڕە گرنگەکان لە مارکسیزمدا لە سەدەی بیستەمدا خووی ناسیۆنالیزمیشان بووە، بەتایبەت بزووتنەوە دژە داگیرکەرەکانی بۆ وێنە لە ڤێتنام و ئەلجەزایر، بەشێوەی گشتی ناسیۆنالیزمیان بە جۆربەجۆرەکانی بورژوایی دەزانی.[٣٨] بە بۆچوونی مارکس و ئینگلیس، ناسیۆنالیزم هەر تەنیا دەوری ئامێری و تێپەڕ لە خزمەت بە بەرژەوەندی مێژوویی پرۆلیتاریای هەیە؛ دڵگەرمییەکانی ناسیۆنالیستی گرنگی پایەدار و قووڵیان نەبوو و دیاردەگەلی رووبە ئاوا بوون و سیس هەڵاتن بوون. هەڵبەت تەنانەت لنین ناسیۆنالیزمی جوداییخوازانە و دۆزە خودموختاریخوازەکانی قبووڵ دەکرد، بەڵام هەر تەنیا لە شێوەیەکدا کە لە پەرە پێدانی باشتر کردنی سەرمایەداری لە دەروونی دەوڵەتە بورژواییەکاندا بەشداریان ببێت و دەرەنجام لە کۆتایدا یارمەتی بە رووخانی سەرمایەداری دەکرد. بەکورتی، خەباتی چینایەتی لە پلەی یەکەمی گرنگی و خەباتی نەتەوایەتی لە پلەی دووەمدا بوو.

زۆربەی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانی مارکسیستی لەگەڵ وێنە بەرزەکانی ناخی ڕێنوێنیە تایبەتەکانی خۆیان ئاستەنگ بوونەتەوە یەکەم گریمانەیەکی بڕڕا لە مارکسیزمدا بوونی بوو لەسەر بنەمای باوەڕ بە یاسای گشتی تەکامول بەرەو کۆمەڵگەیەکی بێتەبەقە و یەکسان لەو پێناوەدا تایبەتمەندی یان مەکانخوازی ناسیۆنالیزم لە دژایەتی لەگەڵ ئەم ئامانجە مێژوویی جیهانیدا هەڵدەسەنگێندرا. دووەم لە دەروونی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، حەز و مەیلێکی بەهێز لە پێناوی ئاشکرا کردنی هەموو کارەکان لەگەڵ دیاردە ئابوورییەکاندا بوونی بوو. ناسیۆنالیزم لەگەڵ مەنتقی ئابووری سەرمایەداری هەڵگری وەسف بوو. سێیەم

مارکسیزم کێشەی بوو کە ئەندێشەی جیهانوەتەنی هەیە و دیاردە میللییەکان لە هەر لایەک روویدا لەگەڵ ئەم یاسایە بەیانی دەرکرد. سەرەڕای ئەمە، راستییە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمەکان لە بەرامبەر ئەم بەیانە تاکە هۆیە رادەوەستن. بێجگەلەمە، هەم مارکس و هەم ئینگلیس لە ناخەوە ئوروپاگەرا و ئوروپامەدار بوون و لە «رەسالەتی شارستانییەتسازی» دەولەتە داگیرکەرەکانی ئوروپا پشتیوانیان دەکرد.[٣٩] ئەوان دەیانگوت ئەو کۆما میللیانەی کە توانای دروست کردنی دەولەتێکی باوەڕپێکراویان نییە ئیزن بدەن لە دەستەگەلێکی مەزندا بتوێنەوە. بۆ وێنە مارکس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کرۆواسی و بۆ هەم دەبێ لە دەستە سیاسییە گەورەترەکاندا بتوێنەوە.

بە بۆچوونی مارکس و ئینگلیس دەولەتی میللی مودێرن بەرهەمی پرۆژەیەک بوو کە لەودا بەدیهاتنی سەرمایەداری بوو بە جێنشینی فیئۆدالیزم. جێگۆڕکێ بە ئابووری بازاڕ دەولەتەکانی ناچار دەکرد کە بکەونە سەروکاری بەرفراوان کردنەوەی زمانە تاقانەکان و پەرەپێدانی نەهادگەلی کۆکراوە و قرتاندنی جیاوازییە ناوخۆیەکان. زمانە میللییەکان گوتنگەلێک بۆ بازرگانان و سەوداگەران و مەرجی سەرکەوتنی ئابوورییەکانی بازاڕ دەهاتنە ئەژمار. لە ئاسەواری مارکس و ئینگلسدا ئەم ئیستاندارد کردنەی زمانەکان و کۆکراوەی سیاسی هاوکات یان هاوڕێ لەگەڵ ئەو، لە رووداوەکانی شۆڕشی کە بیری فەڕانسا و بەتایبەت دۆزەکانی ژاکوبنەکاندا وێنەبەرداری کرابوو. سەرەڕای ئەمە، نەتەوە هەر تەنیا قۆناخێک لە تەکامولی کۆمەڵگە بوو. ناسیۆنالیزم بە میتۆدی پەرەپێدانی ئابوورییەوە دەبەسراوە. ناسیۆنالیزم ساتەخولی زەرووری تەکامولی ئابووری دەدرایە قەڵەم. بەم حاڵەوە رزگاری و شۆڕش هەر تەنیا بۆچوونێکی هاوبەش بوو کە لە یەکەمین و دووەمین «نێونەتەوایەتی» [کۆمۆنیستەکان] گیرا.

تاقانە کەمکردنەوەکان لە بۆچوونە سەرەوە دۆزەکانی ئانتۆنیۆ گرامشی و بەتایبەت مارکسیستی ئەوتریشی ئەوتو بوئر کە تاقە کەسێک بوو کە لە سوننەتی مارکسیستدا بەروڵەت لەسەر ناهاوئاهەنگی پێچراوە و گرنگی براقە

ناسیۆنالیستییەکان بایەخی دانا.[٤٠] بوئر لە ئاسەوارەکەیدا رەخنەی لە ئابووریخوازی و ساکارسازی مارکسیزمی سوننەتیتر گرت. لە راستیدا ئەو باوەڕی وابوو کە نەتەوەکان لەگەڵ نابوودی چین لە ناو ناچن. بە بڕوای ئەو پەرەسەندنی سۆسیالیزم تەواوکەری حورمەتی جیاوازی جەماوەری میللی بوو و باوەڕی بوو کە «تاقانەیی هەموو خەڵک لە جەماوەری کەلتووری میللی خۆی، گەیشتنی تەواو بە خودموختاری نێونەتەوە، گەشەی جیاوازییە مەعنەوییەکانی نێونەتەوە، ئەمانە سەرجەم بەمانای سۆسیالیزمە».[٤١] لە راستیدا بوئر فیکری دەکرد کە سۆسیالیستەکان نابێ خووی میللی و نەتەوایەتی وەک شتێکی ناپەسند مامەڵەی لە تەکا بکەن. بەم حاڵەوە ئەو لە کۆتایدا تەواو وکۆمەڵ لە ئابووریخوازی مارکسیستی جیا نەبۆوە، ئەو جۆرە کە تۆژەرێک دەڵێ: «وا دێتە بەرچاو کە لە ئاسەواری بوئردا تەقریبەن تەنینەوەیەکی ناپەیەداری نێوان لێکۆڵینەوەی خەیاڵی نەتەوە لە حوکمی جەماوەری تەقدیر، روانگەی کورتبینانەی یەکلایەنانە دەربارەی ساویلکەسازی چینایەتی بوونی نییە.[٤٢]

جەوهەری ناسیۆنالیزم

تیپۆلۆژیگەلێکی زۆر لە نووسراوەدا بوونیان هەیە کە لەمەڕ ناسیۆنالیزم نووسراون. لەم تیپۆلۆژیانەدا بەشتێکی هەرە مەزنی بە ڕێڕەوی قبووڵکراوی تایبەتییەوە گرێدەدرێ. بۆ وێنە ئانتۆنی سمیت لە یەکێک لە کتێبە سەرەتایەکانی خۆیدا باوەڕی هەیە کە ناسیۆنالیزم «سوودمەندترین واتای مەقوولە هەڵگر و هێنەری دابەشکاری دەرەکی، جنسەکان و جۆرەکانە».[٤٣] ئەوەی کە ئەم بابەتە بە زانیاری ئێمە لەمەڕ ناسیۆنالیزم زیاد دەکا، جێی باس و گفتوگۆیە(مشتومڕە). رێیەکی دیکە ئەوەیە کە تیپۆلۆژی بەپێی رێباز و ئامانجەکانی ناسیۆنالیستی دابمەزرێ. لەم بارەوە دەبێ یەکێتیخوازی لە ناسیۆنالیزمە جوداییخوازەکان جیا بکرێتەوە، ئەگەرچی رواڵەتی ئیدئۆلۆژیکی دوو ناسیۆنالیزمی جیاوازیخواز دەبێ

بەتـەواوی جیـاواز لەگـەڵ یـەک بزانـرێ. یـان دەکـرێ سـەرنج بدرێتـە قۆناخـە مێـژووییـەکان لـە گەشـەی ناسـیۆنالیزم، یـان لـە دۆزە تایبەتییـەکانی دەروونی لایەنگرە جۆراوجۆرەکان، بەڵام کاڵ، بڕوانی. مەکۆی سەرنجی ئەم فەسڵە زۆرتـر لەسەر تایبەتمەندی دۆزەکانە. ئەگەرچی لێرەشدا رواڵەتی بەرفراوانبوونی هەیـە. بەرفراوانی تیپۆلۆژییەکان لە دەستەبەندییە دوولایەنەکانـەوە هـەتا پێنج لایەنـەی ناسیۆنالیزم دەگرێتەبەر.[٤٤]

تیپۆلۆژییەکانی ناسیۆنالیزم کەمتر لە ئیدئۆلۆژییـەکانی دیکـە کـە لـەم کتێبـەدا لەمـەڕ ئـەوان لێـدوان کـراوە، بـەلای گـشتییەوە پەسـند کـراون. لـەم رووەوە، دەسنیشانکردنی تیپۆلۆژییەکی تایبەت کارێکی پڕمەترسییە. تیپۆلۆژی پەسندکراو لەم بەشەدا رەنگدانەوەی چۆنیەتی نزیکایەتی ناسـیۆنالیزم لـە سـنووری هـەموو ئیدئۆلۆژییەکانە. جۆر، یان رێبازی یەکەم «ناسیۆنالیزمی لیبراڵ»ە.[٤٥] شێوازێک کە بـڕێک لـە سۆسیالیـستە نوێیـە رێفـراۆم خوازەکـان یـان لایـەنگری بـازاڕ زمـانی ناسیۆنالیستیان قبووڵ کردووە. رەنگدانـەوەی جـۆرێکی دیکـە لـە ناسـیۆنالیزمی لیبراڵ دێنـە ئـەژمار.[٤٦] دووەم، ناسـیۆنالیزمی پارێزگـاری سـوننەتیتریش بـوونی هەیە. سێیەم، ناسیۆنالیزمی تەواوعەیار و کامڵەکە شێوەی نزیکتر لەگـەڵ فاشـیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیست دەدرێتە قەڵەم (کە لە فەسڵی شەشـەم «فاشـیزم» لەمـەڕ ئـەو بـەوردی باسـکرا)[٤٧] جـۆرە مومکینـەکانی دیکـەی وەکـو ناسـیۆنالیزمی سۆسیالیـستی و ناسـیۆنالیزمی دژی داگیرکـەریش بـوونی هەیـە. ناسـیۆنالیزمی ئحساساتی لە نێو هەموو ئەم جۆرانەدا سەری لێشێواوە. بەم حاڵەوە، هەموو ئـەم جۆرانـە یـان هاوپۆشـشیان نییـە یـان لایەنگـەلێکی دەرەکـی لـە مـەقوولات و دەستەگەلێکی گشتی کە لەسەرەوە هاوێرمان کردن، دێنەئەژمار.

ناسـیۆنالیزم لیـبراڵ لـە زۆربـەی بایەخـەکان و پلەسـەرەکییەکانی لیـبراڵی پـشتگری دەکـا. ریـشەکانی ئـەم ناسـیۆنالیزمە بـەلانیزۆرەوە لـە سـەردەمی رۆشنبیریدا شاراوەتەوە. نووسەرانێک کـە لایـەنگری بیچمێـک لـە ناسـیۆنالیزمی

لیبرالین بە هیچ جۆرە ئەو ناسازگار لەگەڵ جیهانوەتەنی یان ئاشتیخوازی نازانن. لە زۆر بارەوە، «چواردە بنەڕەت»ی پریزدێنت ویلسۆن کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم بلاوکرایەوە، ئەگەرچی بەشێوەی ڕواڵەتی، پێناسەی خاڵی باڵای ناسیۆنالیزمی لیبرالی دەدرێتە قەڵەم ئەو جۆرە کە لەسەر «دەسەڵاتداریتی سەربەخۆی دەوڵەتی میللی پێدادەگرێ، بەڵام دەخوازێ مانای دەروونی ئەم پرەنسیپە لەگەڵ تەئکید لەسەر ئازادییەکانی تاک ـ سیاسی، ئابووری و مەزەبی ـ لە دەروونی هەر دەوڵەتێکی میللی» بەرتەسک بکاتەوە.[48] بەشێوەی ڕەسمی، لەم چواردە مادەدا هەر نەتەوە و نەتەوەیێک دەبێ دەوڵەتی تایبەتی هەبێت، بەڵام حکوومەتی ئەو دەبێ لەسەر یاسای بنەڕەتی، دیموکڕاسی و مافەکان و ئازادی تاکەکان دامەزرا بێ. بەناوبانگترین پڕۆپاگەندەبێژی سەرەتای ئەم دۆزە گشتیانە جۆزپە ماتزینی (١٨٧٢ــ١٨٠٥) بوو. ئەگەرچی ڕەنگە بڕێک کەس لە دەستەبەندییەکانی ئەو لە پلەی ئەندیشمەندێکدا سیستماتیک گومان بکەن. بەڵام ئەو بە بەرفراوانی دزەی کردووە ناوی دۆزی ناسیۆنالیستی لیبراڵەوە. ماتزینی لە ئاسەواری تیشکدار و پڕشەوق و خاوەن نەسر ڕەوانی خۆیدا وەک ڕەسالەیەک لەمەڕ ئەرکەکانی مرۆڤ، باوەڕی سازگاری کامڵی نەتەوەپەرستی لەگەڵ مرۆڤایەتی هێنائاراوە.[49] ماتزینی بەئاشکرا مرۆڤدۆستی ئەنترناسیۆنالیست بوو. بزاڤی «ئیتاڵیای لاو»ی ئەو بوو بە شەپۆلێکی خرۆشانی لاساییکردنەوە لەسەرانسەری ئوروپا سەریهەڵدا کە بە بزاڤی «ئوروپای لاو» (La Giovane Europa) لەگەڵ پەلەکان لە ئیتالیا، لەهێستان و ئەڵمان هاتە ئەنجام. ئەم کارە بەش بەحای خۆی بوو بە سەرهەڵدانی ئەنجوومەنگەلێکی وەکو ڕفێقانی دیموکڕاتیکی هەموو نێونەتەوە برا دیموکڕاتەکان و ئەنجوومەنی نێونەتەوایەتی خەڵک.

پلەی باڵای ویستەکانی ماتزینی لە دەیەی ١٨٥٠ پێکهاتنی ئوروپایەکی لە لانیزۆری یازدە نەتەوە بوو. ئەو هەستی دەکرد کە ڕادەی وڵات بەرتەسکییە و بۆ وێنە قبووڵی بوو کە ئیرلەند بەرادەی پێویست بەرین بێ کە بتوانێ دەوڵەتی

میللی پێکبێنێ. بە بۆچوونی ماتزینی لەمپەری ناسیۆنالیزم بریتی بوون لە کۆماگەلی چەند نەتەوەیی و دەوڵەتە ئیمپراتۆرییە چەند نەتەوەکانی وەک ئیمپراتۆرییەتی هابسبۆرگ. بنەمای گریمانەی ناسیۆناڵ لیبرال ئەوە بوو کە هەر نەتەوەیەک (کە بە رادەی پێویست گەورە بێ) دەبێ سەربەخۆ بێ، بەڵام حکوومەتی دیموکراتیک لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی بێ. جۆش و خرۆشی گشتی لە ئوروپا لەمەڕ خەبات و بەرخۆدانی یۆنان لەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی و خەباتی لەهێستان دژی ئیمپراتۆری تیزاری رووس لە دەیەی ۱۸۳۰ گەشە و نەشەی ناسیۆنالیستە لیبراڵەکانی بەرەو خۆی رادەکێشا. بەم شێوە، خولی گەشە کردن و لووتکەی ئەم فۆرمە رەسەنەی ناسیۆنالیزم لیبرال لە کۆنگرەی ڤیەن (۱۸۱٤ـ۱۸۱٥) هەتا سەردەمی پەیماننامەی ڤێرسای و چوارده مادەی ویلسۆن بوو. ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە، مافی خودموختاری نێونەتەوە بوو. مەسەلەی گەورەی ئەم شێوە ناسیۆنالیزمە ئەمە بوو کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دۆزی خودموختاری نەتەوە مەعلووم نەبوو لە کوێ دەکرێ ئەوە رابگیرێ. ئەو جۆرە کە پریزیدێنت ویلسۆن زۆر زوو بەم مەسەلەی زانی کە چۆن دەکرێ بەرگری لەوە بکرێ کە هەر کۆمەلگەیەکی بچووک خۆی بە نەتەوەیەکی گەورە و لەبەر ئەمە وەک دەوڵەتێک مامەڵەی لە تەکا نەکرێ؟ بێجگەلەمە، مناقشاتی نێوان دەوڵەتە میللییە لیبراڵەکان و بزووتنەوە جیاوازیخوازەکان لە دەروونی دەوڵەتە میللییە لیبراڵەکان چۆن چارەسەرهەلگر بوو.[50]

باشترە بڵێین کە لەم دواییانەدا هۆگری بە ناسیۆنالیزمی لیبرال سەرلەنوێ زیندوو بووەتەوە. بۆ وێنە کتێبی جان پلامناتێز بە کەلک وەرگرتن لە دۆزەکانی سەرەتایی کەون، لە نێوان ناسیۆنالیزمی مامناوەندی رۆژئاوا قابلی قەبووڵ لە ریشەوە ناسیۆنالیزم لیبرال و ناسیۆنالیزمی کەلتووری شەڕخوازی ئوروپای رۆژهەلات جیاوازی داناوە. لەم جیاوازییەدا، هێندێ بیرمەندی نوێ (کە زایەڵەی هەمان روانگەی ماتزینی بوون، بەڵام بێوەرەی پڕزەوقی ئەو) سەرلەنوێ کەڵک

وەردەگرن و تێدەکۆشن هەستی ڕاست و ناسک لەگەڵ ڕواڵەتێک لە ناسیۆنالیزمی جیهانوەتەنی مامناوەندی ئاشت بکەنەوە. واتای ناسیۆنالیزم لیبرالی ڕاست یان مامناوەندی لە سەردەمی پاش ١٩٤٥ لەگەڵ باوەڕێکی دیکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە سوورە لەسەر ئەوە لیبرالیزم بەگشتی لەتەک ناسیۆنالیزم ناکۆکە. لەم مانادا لیبرالیزم هاوکێشە لەگەڵ جیهانوەتەنی تەواوعەییار و حاشای لە پێوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمە. سەرەڕای ئەمە، لەم ساڵانەی دوایدا کێشە بۆچوونییەکان و مشتومڕگەلێک دەربارەی ئەم مەسەلەسەری هەڵداوە. ئەو جۆرە کە یەکێک لە ناسیۆنالیستە لیبراڵە نوێکان دەنووسێ: «بناخەی ناسیۆنالیزم ڕیشەی تێگەیشتنەکانی دەربارەی کەشوهەوای مرۆڤ، ئەم خاڵەیە کە چ شتێک ژیانی مرۆڤ مانادار و داهێنەر دەکا... لیبراڵەکان تێکۆشاون هەتاکو ئەم پرەنسیپە لێهاتوانە پێکەوە سازگار بکەن».[٥١]

جۆر یان ڕێبازی دووەم «ناسیۆنالیزمی پارێزگاری سوننەتخواز»ە کە ئەمەش لە پرەنسیپەکانی ناسیۆنالیزمی کەلتووری هەستناسکدا کاریگەرییەتی زۆر بەهێزی بووە. ئەو جۆرە کە بەر لەمە باسکرا، ناسیۆنالیزمی کەلتووری هەستناسک یان ڕۆمانتیک هەم لەسەر هەموو جۆرەکانی ناسیۆنالیزم لیبراڵ و هەم ناسیۆنالیزمی تەواوعەییار تەئسیری دانا؛ لەبەر ئەمە، بە هیچ جۆرێک تایبەتمەندانە سوننەتخواز نییە. لەسەر بنەمای پلانە کەونەکان، پلامناتێز و فریدریش ماینکە کە ناسیۆنالیزمی سوننەتخواز بوو، پێوەندی نزیکیشی لەگەڵ واتای کەلتووری و ڕۆژهەلاتی ناسیۆنالیزمدا هەیە. ناسیۆنالیزمی سوننەتی هۆکارە سەرەتایەکانی خۆی لە کردەوەیەکدا کە سەبارەت بە شۆڕشی فەڕانسا لە خۆی نیشاندا، بەدەستی هێناوە. ئیستمراری مێژوویی و سوننەت لە ڕووبەڕووی عەقڵ و شۆڕشدا وەستاون. نەتەوە لایەنگری ئیستمرار و بەردەوامی بوون و چارەنووس تاقانە ئیستمراری ئۆرگانیکی سوننەتی لە ژیانی یاسایی، سیاسی و کۆمەلایەتیدا خۆی دەنواند. لە ئاسەواری نووسەرانێکی وەک ئێدمۆند

بەرەک و ژووزێف دوومستر، نەتەوە و نەتەوە سلسلەمەراتبێکی ڕێک و میزان لە جەماوەرێکی ئۆرگانیکدا هەست پێدەکرا نەک بیچمێک لە هاوولاتیانی بەرامبەر. بە جۆرێکی دیکە، ناسیۆنالیزم بووە بە پارێزگاری سوننەتخواز.

لە بۆچوونەکانی ئالمانیدا باوەڕی بالا، بەتایبەت لە ئاسەواری نووسەرانێکی وەکو فریدریش ئەشلگل، ئادام مولێر و فریدریش نووالیس هاتە ئاراوە کە زۆربەی ئەندێشەکانی ئەو لە تۆژینەوەی تایبەتی هەردوو و فیختە سەرچاوەی گرتبوو. ئەشلگل و نووالیس بەتایبەت واتای نەتەوەیان بەرامبەر لەگەل بێخەوشی و پاکی زمان، دیرۆکی قەومی و فەرهەنگ هەلدەسەنگاند. ئەوان ویستیان ئەوەی کە بە سوننەتی کۆمەلگەی دەزانن سەرلەنوێ بێژێننەوە. نەتەوەکان لە پلەی یەکەمدا لە کەلتووری هاوبەش، لەگەل ڕۆح و ئیرادەی تاقانە لە دایک دەبوون کە لە زمان، دیرۆکە، یاساکان، ئایینەکان و داب و نەریت و مێژوودا ڕەنگیان دابۆوە. بەم شێوە، وەرگرتنێکی ئاشکرا لە زەروورەتی مەعنەوی جۆربەجۆری کەلتووری بوونی بوو. زمانەکان گرنگییەکی فراوانی تایبەتی لەم خوێندنەوەدا بە دەست دێنا (کە دوایی بە بنەوەش لەمەڕ ئەوانە لێداون دەکەین) بێجگەلە هونەر، شیعر و مۆسیقای عامیانە لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ریشەی لەم ناوەڕۆکانەدا بوو. ئەم ناوەڕۆکانە هەروەها لە ناخەوە چوە ناو پڕۆژەگەلی وانەی مەکتەب و زانکۆکان، بۆنەکان و بەتایبەت مێعماری و بەناکانی بڕێک دەولەتگەلی سەدەی نۆزدە.[52] هۆکاری سەرەکی ئەم کارە لە هاوبەشی لەگەل ئەندێشەی پارێزگاری سوننەتخواز، تەئکید لەسەر دژایەتی لەتەک سەردەمی ڕۆشنبیری بوو. ئەندێشەی ڕۆشنبینی هەم وەک ماددە و هەم مکانیکی مامەلەیان لە تەکا دەکرد. بەم حالەوە، نەتەوە بەشێوەی ئۆرگانیسمێکی مەعنەوی هەلدەسەنگێندرا و دەناسرا کە مێژوو فۆرمی بەو دابوو نەک تاکەکان، و تاقانەیی تایبەتی خۆی بوو. زۆر لە لێکۆلەرانی دەوان لەگەل رازی بوون بەم دۆزانەی دوایی خۆیان لە پێناوی ئەرکی ئاشکرا کردنی دێرینە بوونی ئەم ئۆرگانیزمە مەعنەوییە لە زمانی و کەلتووری گشتی دانا. فەلسەفەگەلی زمان کە هێردەر

گریم، فیختە، ئەشلگل و هومبولت بەرفراوانی کردبۆوە، بواری فیکری سەرەتایی دڵپێوەبوونە بوو.

لەو سەردەمەدا زۆر لە ئەندێشمەندانی ناوبراو لە رووبەڕووی کێشەی سەرکردایەتی و رێبەرایەتی سیاسی و کەلتووری فەڕانسا لە دەروونی دەوڵەتەکانی ئەڵمانیشدا کردەوەیان لەخۆ نیشاندا. کتێبی فیختە بەناوی خیتاب بە نەتەوەی ئەڵمان لە بە ناوبانگترین ئەم رەنگدانەوە بوو. بیچمی سیاسی ئەم بزاقە بەباشی لە دۆزی «کەلتووری میللی» فریدریش ماینکەدا بەیان کرابوو. فەرهەنگ، بەشێوەی تاقانە رەنگدانەوەی ناسنامەی خەڵک، لە پێش بوو و لە «حاڵەتی جوانی ناسنامەیەک» بەیان دەکرا. دەوڵەت بۆ ئەو رۆمانتیکانە دەوری پیرۆزی بوو و ئەوان لە راستیدا دۆزەکانی رۆسۆ و هێگلیان بەفراوان و فۆرمیان گۆڕیبوون. بە واژەگەلی ئەو رۆژێک نەتەوەی خاوەن فەرهەنگ و هاوێرکراو، هەم خوازیاری مافی خودموختاری بوو و هەم فێرکردن و تەعلیم ـ راستەقینەی جوانی لە خۆیدا. بەلایی فیختەوە، ناوەرۆکەکانی دیکە، بەتایبەت دۆزی پلەبەرزی و پاییتری جۆرەکانی نەتەوەکان، هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەم حاڵەدا، روانگەی رۆمانتیک لەم دۆزە سلسلە مراتبە پێویستانە پێڕەوی نەکرد. سەرەڕای ئەمە، پلە بەندی تێگەیشتنی مومکینی لە جۆری هەڵسوکەوتی تایبەتی لەگەڵ زمان بوو. بەلام لە بیروبۆچوونی زۆربەی رۆمانیتکە سەرەتاییەکاندا باوەڕێکی بەهێزیان بە هاوئاهەنگی نهایی نەتەوەکان بوونی بوو. بۆ وێنە نوالیس بە ئەندێشەی دامەزراندنی سەرلەنوێی کۆمارێکی مەسیحی لە لایەن کاتۆلیکخوازی و زیندوو کردنەوەی ئوروپای سەدەکانی ناوەڕاست باوەڕی بوو. رۆمانتیکەکان پێوەندی تایبەت و تا رادەیەک پڕبانگەشەیان لەگەڵ دیموکڕاسیدا بوو. دۆزی خودموختاری، دەتوانێ بەشێوەی یەکدەست لە ناسیۆنالە سوننەتییەکان، تەواوعەییار یان لە لیبرالەکاندا بوونی ببێت، ئەگەرچی لە یەکەمدا وەها نایەتە بەرچاو کە لەتەک ناسیۆنالیزم لیبرال پێوەندی نزیکتری هەیە. لەگەڵ بوونی

رواڵەتی ئەمر، تەنانەت برێک لە باوەڕەکانی فیختە دەکرێ وێنەگەلێک لە بایەخ و گرنگی خودموختاری دێموکراتیک تەسەور بکرێ. زۆرجار لە بیر دەچێتەوە کە فیختە یەکێک لە ستایشکارانی توندوتیژی دێموکراسی بە جەماوەری ژاکۆبنەکان بوو، و بە بۆچوونی برێک کەس هەتا ئاخریش ئەم هەڵوێستەی پاراست. لەبەر ئەمە، ڕۆمانتیسیزم دوو بیچمی پارێزگاری سوننەتخواز و لیبرالی بوو. ئەو هەم دەیتوانی پشتیوانی قایمی گەرایشە دێموکراتیکەکان و پێداچوونەوەخواز بێ و هەم قەڵای سوننەت لە بەرامبەر گۆڕانکاری بپارێزێ.

وا باشە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بکەین کە نووسەرانی وەک لۆرد ئاکتۆن و لەم سەدەیەدا دەلێ کدوری ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیکەکان بە کاکڵی ناوەندی ناسیۆنالیزم زانیوە، بەبۆچوونی ئەم نووسەرانە، ناسیۆنالیزم بەشێوەی گشتی ئامانجی وێران کردنێک بوو کە لە سەدەی بیستەمدا ببووە بەڵای گیانی مرۆڤایەتی. بە بۆچوونی کدوری، ئەم ڕێبازە وزە و هۆکاری سەرەکی لە فەلسەفەی ئەڵمان، بەتایبەت فیختە و باڵە دەرەکییەکانی دۆزگەلی کانت لەمەڕ ئازادی بەدەس هێنابوو.[٥٣] بەم حاڵەوە زۆربەی بیرمەندانی دیکە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتریان بۆ ناسیۆنالیزم داڕشتووە.

سێیەمین ڕێباز یان جۆری ناسیۆنالیزم «ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار»ە کە ئێمە لە فەسڵی شەشەم واتە «فاشیزم» لەگەڵ ئەو ڕووبەڕوو بووین. دەربارەی ناسیۆنالیزم سۆسیالیزم لە ئەڵمان بابەتی پلەبەرزی نژاد بەشێوەی زەق و بەرچاو لە پلەی یەکەمی گرنگی دابوو، هەرچەند کە کاکڵەی ئەم لێدوانە ناسیۆنالیستییە لە سوننەتی قەومی [volk]، داروینیزمی کۆمەڵایەتی، ڕەسەنایەتی حەیاتی فەلسەفی و تێکەڵاوێک لە سەرچاوەکانی دیکەش هاتبووە ئاراوە. دەربارەی فاشیزمی ئیتالیا تێڕامانی بنەڕەتی دەوڵەتخوازانە و بەشێوەی تاقانە سواری گۆڕەپان و گشتیخواز ئەو بوو. سەرەڕای ئەمە، هەم فاشیزمی ئیتاڵیا و هەم ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمان واتای شەڕفرۆشانە، شەڕخوازرانە، تاقانە شەڕانی و

ناعەقلانیان دەکردە زایەڵە و دەنگیان پێدەداوە کە دوژمنایەتی قووڵیان هەم لەگەڵ ئەنترناسیۆنال و هەم لەتەک ناسیۆناڵ لیبرالیان پێدەردەبڕی. بڕێک لە تۆژەرانی ژاکوبینیزمیان بە پێشەکی و پێش ئاهەنگی ناسیۆنالیزمی تەواوعەییار دەزانی. سەیر لێرە دایە کە پێوەندییەکانی نێوان ناسیۆنالیزمی تەواوعەییار و جۆرەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم بوونی هەیە. ناسیۆنالیزم لیبرال، ناسیۆنالیزمە سوننەتخوازەکان و هەروەها تەواو عەییار هەموویان لەبەر هێندێ هۆ تا رادەیەکی جیاواز بە مەسەلەی خودموختاری دەوڵەتی میللی سەرنجی سەرەکیان پێبەخشیوە. بێ بوونی دەوڵەتە سەربەخۆکان، ناسیۆنالیزم نەیدەتوانی بوونی ببێت.[55] بە جۆرێکی دیکە، سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لیبرال لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەم رێی بۆ ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار خۆشکرد و گوڕ و تینی بە کێشەکانی ئەو بۆ خودموختاری بەخشی، و هەم جەوهەر و ماددەی رەسمی بۆ رێنوێنییە گشتییەکان لەمەڕ خودموختاری بەدیهێنا. سەرەڕای گشت ئەمانە، ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزم لیبرال چاوکراوانە ئەمپریالیستی نالیبرال، ناعەقلانە و لایەنگری نیزامیگەری بوو و زۆرجار لەسەر لە پێشبوونی قەومەکان و نێونەتەوەی تایبەتی تەئکیدی بوو. بەوتەیەکی تر، ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار زانیاری پلەبەندی لە نەتەوەکان بوو.

هەروەکو زۆربەی ئیدئۆلۆژییەکان، هێندێ دۆزگەلی رێکخستن رەسمی دەکرێ لە دەروونی ناسیۆنالیزم هەڵاوێردرێ. رێبازە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم ئەم دۆزانە بەشێوەیەکی جیاواز راڤە دەکەن. ناسیۆنالیزم ئاشکرا باوەڕی هەیە کە جیهان لە نێوانی نێونەتەوەی جیاوازدا دابەشکراوە کە هەر کام خاوەنی بەردەوامی مێژوویی خۆی، زمان و چارەنووسی تایبەتی خۆیانن. ریشەی قووڵی نەتەوە لە رابردووی دایە. نەتەوە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هەر تەنیا لەگەڵ بوونی دەوڵەتێک دەتوانێ بەشێوەی کامڵ و راستەقینە بە خۆی ببەخشێ. وەتەنیش بریتییە لە کیانێک لەگەڵ سنوورە

دیاریکراوەکانی. هەر نەتەوەیەک داب و نەریت، ئایینەکان، سوننەتگەل، کەلتووری گشتی و عامیانـە و نمادگـەلێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە کـە ژێرخـان و بناخـەی یەکگرتوویی ئەو پێکـدێنن. مەزهـەبیش دەتوانـێ لـە ناسـیۆنالیزمدا وزەیـەکی بـە حەرەکە دەرهێنان بێ. بەلام بە هیچ کولۆنجێک پرەنسیپی خولـقێنەری زەرووری نییە. بزووتنـەوەکانی لەهێـستان، ئیرلەنـد و ئێـران گـران دەکـرێ بـێمـەقوولاتی مـەزەبی ببرێتـە نـاو مامەڵـەی میللییـەوە، بـەم حاڵـەوە، ئەمانـە تایبەتمەنـدین، و هەمیشە وانییە.[56] نەتـەوە هـەروەها خـاوەنی حاکمییـەتی سیاسـی و ئـەخلاقی و لەبەر ئەمە، شوێنی نهایی رەوا بوون و ئەمەگناسـییە. ئەمەگناسـی سـەبارەت بـە نەتەوە هەموو ئەمەگناسەکان دەگرێتە ژێر تەنینەوەی خۆی، ئەگەرچی ئـەم کـارە راستەقینە بە بوونی خۆیان ببەخشێ دەبێ، لە دەروونی نەتەوەیەکدا بن و لەگـەڵ ئـەو خۆیـان بـە هـاوزات بـشوبهێنن. دۆزی ناسـیۆنالیزم لەوانەیـە هۆکـاری سەرهەڵدانی دۆزگەلی بەرامبەری و برایەتی لە نێوان نێونەتەوە بێ، ئەگەرچی ئەم دۆزانە زۆرتر لە ناسیۆنالیزم لیبرالدا بەبرەوەن. سەرەنجام ئەمەکە ئەگـەر سوڵـح و عەدالەت لە سیستەمی جیهانیدا حاکم بێ، نەتـەوەکان دەبـێ ئـازاد، سـەربەخۆ و بەدوور لە هەڕەشەی دەرەوە بن.

ناوەرۆکە سەرەکییەکانی کە ماوە لەم فەسڵە بریتی دەبن لە سروشتی مرۆڤ، زمان، دەوڵەتی میللی و ئابووری میللی. ئەم ناوەرۆکانـە هەڵـگری زۆربـەی دۆزە تەنزیمکراوەکانی سەرەوە دەبن.

سروشتی مرۆڤ

زۆرجار گوتراوە کە ناسیۆنالیزم ئەندێشەی لەمـەڕ سروشـتی مـرۆڤ نییـە.[57] رواڵەتەن بۆ ئەم کارە پێنج هۆی مەزن بـوونی هەیـە. یەکـەم ئەمەکـە لایـەنگرانی ناسیۆنالیزم لەمەڕ سروشتی مرۆڤ زۆر بابەتیان نەنووسیوە. لـەم رووەوە، ئـەم خاڵە بابەتی سـەرقاڵـی بۆچـوونی یـان بـە کـردەوە رووبـەڕوو نـەبووە. دووەم

ئەمەکە لە هێندێ شوێندا کە ناسیۆنالیستەکان بەم بابەتەوە سەرقاڵ دەبن، ئەم بابەتە لە دەروونی روانگەکانی ناسیۆنالیستە جۆراوجۆرەکان یان ڕێبازگەلێکدا دەیگونجێنن کە بەر لەمە ئاماژەمان بەوان کردووە. بۆ وێنە لای بروک، موار، باریس یان ترایتچک روانگەی پارێزکارانە و سوننەتخوازانەی جیاوازتر و شوناس پەزێرتر بوونی هەیە، ئێستە ئەوەکە ماتزینی و جان ستوارت میل ئاشکرا لەگەڵ ناوەڕۆکگەلی لیبرالی رووبەڕوو دەبینەوە. خوێندنەوەی جیاوازتر و تەنیاتر لەمەڕ سروشتی مرۆڤ دەکرێ لە ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار، بەتایبەت لە ناسیۆناڵ سۆسیالیزم، ببیندرێ کە بابەتی نژاد لە راڤەی سروشتی راستەقینەی بوونەوەری مرۆڤایەتیدا گرنگی حەیاتی بە خۆوە دێنێ. سێیەم ئەمەکە ، هۆکاری شاراوەی بە لەمپەرکراو لە رێنوێنی ناسیۆنالیستیدا بوونی هەیە. ئەگەر مرۆڤەکان بەدیهێنەری نەتەوەی خۆیانن، کەوایە دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە سروشتی هاوبەشی قابیلی هاوێربوونی نییە، چونکە ناسنامەی مرۆڤ لە دەروونی تاقمە نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا فۆرم دەگرێ، بەرتەسکی کامڵ بۆ ئەم باوەڕە بوونی نییە. بۆ وێنە هەردر ئەگەرچی بەڕاستی لایەنگری جۆربەجۆری نەتەوەی مرۆڤ بوو، دەیگوت مرۆڤایەتییەکی هاوبەشبوونی هەیە کە لە جیاوازی نەتەوایەتی کاریگەری وەرناگری. چوارەم ئەمەکە، بەهۆی تەئکیدی مێژوویی توندی بڕێک لە ناسیۆنالیستەکان، مانایەکمان هەیە کە لەبەر ئەوە سروشتی مرۆڤ هەمیشە لە جووڵانە. ئەگەر ئەم سروشتە جووڵانێکی دایمی بێ کەوابێ چۆن دەکرێ ئەوە بە شێوەی کامڵ وەسف بکرێ؟ کاکڵ و ناوەڕۆکی سابت یان ئیستمرار قابیلی شوناس بوونی نییە. پێنجەم ئەمەکە، تەئکیدی رۆمانتیکی بڕێک ئەندێشەگەلی ناسیۆنالیستی لەسەر خۆخولقاندن و فۆرم دان بەخۆ (Bildung) مانای گۆڕانپەزێری و جووڵان لە سروشتی مرۆڤایەتی بەهێز دەکا. ئەگەر ناسیۆنالیزم لەسەرخۆ دیاری کردن یان فۆرم دان بە خۆ رێنوێنی هەیە، کەوابێ ناسیۆنالیستەکان تا رادەیەکی زۆر سروشتی خۆی لە لایەن یان بە هۆی خەیاڵ و

تەسەور، فەرهەنگ و زمان دەخولقێنێ. ئەم خوو و رەوشتانە بەردەوام لە حالی دروست کردنەوە و قالبگیری سەرلەنوێ، بەم جۆرە، جەوهەرێکی سابت کە بکرێ لە سروشتی مرۆڤایەتیدا بناسرێ، بوونی نییە.

بەپێچەوانەی دەسەلاتی خالگەلی سەرەوە، هێندێ لایەن لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە کە ناسینی ئەوانە بەلای زۆربەی نووسەرانی ناسیۆنالیستەوە ئاسانە. بوونی واتایەک لە سروشتی مرۆڤدا بە مانای ئەوە نییە کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن. ئەوەی کە لە روالەتا ناسیۆنالیزم لەسەر ئەوە تەئکید دەکا ئەمەیە کە مرۆڤەکان لە باری پێکهاتەی بوونەوەرییەوە کۆمەلایەتین. ئەم بوونەوەرە کۆمەلایەتیانە، دەورگەلی تەنیایی، بایەخەکان و پلە و پایەکان و دۆزەکانی خۆیان لە دەروونی نەتەوەگەلێکدا بە دەسدێنن کە تاقمە کۆمەلایەتییەکان بنەمای‌تر دێنە ئەژمار. ئاکامەکانی ئەم نێونجییە دەبێ زۆر جیاواز بێ، چونکە تاقمە میللییە جیاوازەکان هێندێ سیستمی بایەخی جیاواز دروست دەکەن، بەلام بارودۆخێک کە لەودا مرۆڤەکان جیاوازی خۆیان نیشان دەدەن، کەمتاکورت بۆ هەموو جۆرەکان هاوبەشە. لەبەر ئەمە، بە بۆچوونی ناسیۆنالیستەکان هەموو مرۆڤەکان لێهاتوویی سەربەخۆیی تاکی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بێجگەلەمە، «خودی» مرۆڤ ریشەی لە کۆمەلگەدا هەیە؛ سەرەنجام ئەمەکە مرۆڤەکان لە لایەن جەماوەری نەتەوەی خۆیانەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن و دەوام بە خۆیان دەدەن. بۆچوون دوایی لەگەل بەلگەی ئەخلاقی و زمانی ئیستیعارەی بەم کێشە دەگا کە نەتەوە دەتوانێ لە دەروونی کۆمەلگەی نێونەتەوایەتیدا خۆی بە راستەقینە بگەیێنێ.

سەرجەم ناسیۆنالیستەکان لە دەستەبەندی خووی سروشتی مرۆڤ رازی نین. لەوە دەچێ بڕێکیان لەگەل ئەم بەلگانە کە تاقمە نەتەوایەتییە جیاوازەکان دەتوانن بایەخەکان و پلە و پایەی خۆیان و پڕۆژەکانی ژیانی خۆیان دیاری بکەن، هەست بە ئاستەنگی بکەن. بۆ وێنە ناسیۆنالیستە لیبرالەکان رەنگە بەلگە بێننەوە

کە نەبوونی مداخلە و ئاسانکاری نێوان نەتەوەکان هەڵقولاوە لە پێویست و زەرووری بوونی نەبوونی موداخلە و بێزیانییە. ئەگەر نەتەوەیەک زیان بە نەتەوەکانی دیکە بگەیێنێ، دوا بوارێک بۆ دەستتێوەردان و سەپاندنی واتای دروستیکردەوەی مرۆڤایەتی بوونی هەیە. هێندێ لە لیبرالەکان لەمە بالاتر دەڕۆن دەربارەی سەرجەم بوونەوەری مرۆڤایەتی تەئکید دەکەن و ئەم بەیانە گرنگە رادەگەیێنن کە تایبەتمەندییەکانی کەلتووری تەنیایی بێزیان هەم بۆ قبوولکردن دەبن و هەم مرۆڤایەتی دەوڵەمەند دەکا. بەم جۆرە، لە روانگەی ناسیۆنالیستە لیبرالەکانەوە بە چاوپۆشی لە وەتەنپەرستی تەنیایی ئەوان، هێشتا هۆکاری سەرەکی ئەخلاقی هاوبەش بۆ گشت مرۆڤەکان بوونی هەیە کە دەبێ سەرنجیان بدرێتێ.

پێچراوەترین و شاراوەترین رێنوێنی و بەڵگەیەک کە بە بابەتەکانی سەرەوە چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە ئەگەر لە برێک بایەخگەلی لیبرالی لە بواری سیاسی و ئەخلاقیدا ریشەیان هەیە کەوابێ ئەندامی نەتەوە دەتوانن بێ‌پلانی پرسیاری لەمەڕ ناسیۆنالیزم خۆیان دروست بکەن و فۆرمی پێ‌دەن. دەبێ ئەمە بە لیبرالیزمی ریشەدار ناودێر بکەین. لەم بۆچوونەی دوایدا، کە بەشێوەی دەروونی لەسەر جیهانی بوونی دۆزەکانی لیبرالی رێنوێنی دەکرێ، دێتە بەرچاو کە لیبرالەکان بەشێوەی دەروونی کاکڵ یان جەوهەری ئەوەی کە تاکەکان دەبێ بخوازن یان مەیلیان بێنێ، پێشنیار بکەن. ئەوان هەروەها وەک ئاماژە لە دوورەوە باوەڕیان هەیە کە ئێمە دەبێ ئەم ناوەڕۆکە لە لایەن پرۆژەگەلی بنیادی حکوومەتی لیبرال «ریشەدار» بە راستەقینە بگەیێنین. لەم باوەڕەدا راستەقینەیەک هەیە کە لیبرالەکان، تەنانەت کاتێک کە بێزاری خۆیان لە ئاست ناسیۆنالیزم دەردەبڕن، لەسەر بواری یەکە نەتەوە یان خاسییەکانی سەرەتایی وەکو بەرانبەری، ئازادی و مافەکانی تاک پێدادەگرن و تەئکید دەکەن. لەبەر ئەمە ئەوان هەر تەنیا مەسەلەی ناسیۆنالیزم ناکەنە لایەنی دەربڕینیان چونکە بایەخەکانی لیبرالی ریشەی لە دەروونی جەماوەردا نییە.

باوەڕێـک کـە هـەتا رادەیـەک بەسـەر کێشەی «ریـشەداری»دا هێـلی بـاتڵ و گەندەڵی دەکێشێ پشتگر و پاڵپشتی سەرەکی رێنـوێنی ناسیۆنالیـستیکی دیکەیـە. بـەم چەشـنە رەچەڵەکناسـی بوونـەوەری مـرۆڤ لـە نێـوان حـەز و مـەیلی دەروونناسی ئەوان و واتا ئەخلاقی و سیاسییەکانی ئەوانی بەشێوەیەکی زەق لـە نێوان کۆماکان و جەماوەردا لەگەڵ مێژووە جیاوازەکـانی ئـەوان حەرەکـە دەکـا. تەنانەت توندتر لەو، ئەگەر سروشتی مرۆڤەکان بە مێـژووە کـەلتوورییـەکان کـەم ببێتەوە و بەتایبەت زمانەکان جیا بکاتەوە، کـەوابێ سروشـتی مـرۆڤ هـەر تـەنیا لایەنێک لە زمانە جیاوازەکان دەبێ. بە جۆرێکی دیکە، سروشتی مرۆڤ لـە لایـەن چیرۆکەکان یان راپۆرتەکانی زماننناسی جیاوازانەوە بەیان دەکرێ کە ریـشەی لـە قەومە جۆراوجۆرەکاندا هەیە. سروشتی مرۆڤ لە ناخی زمانـە جۆراوجۆرەکانـدا «فۆرمی گرتووە». لەبەر ئەمە، ناتوانین بە هـیچ چەشـنە هۆکـارێکی بـەرچاو، یـان دەروونناسـی بوونـەوەری مـرۆڤ لـە دەرەوەی هـەرێمی رواڵـەتی وتـارە نەتەوایەتییەکان دەستمان پێی رابگات. بەم جۆرە، ناسیۆنالیزم لیبرال لەم ئاسـتەدا رەنگە هیچ پاڵپشتێکی بالاتر لە راپۆرتی لیبرالی ناوخۆی تایبەت نەبێ. بەم بۆنەوە مانای ریشەداری باوەڕەکانی لیبرالی بەتەواو مانا بە هەند دەگیرێ.

لەگەڵ ئەم حاڵـەدا، بـە پاڵپشتی لـە رادەبـەدەر لەسـەر نـاوەڕۆکی ریـشەداری، رواڵەتەن هەر چەشنە مانایەکی ژێر تیشکی سروشـتی مـرۆڤ لـە کیـسی دەدەیـن. سەر هەودایەکی لانی کەم پێچراوە لـە راپۆرتـەکان و چیرۆکـەکانی ناسیۆنالیستی بوونی هەیە کە هەرکام لەوانە واتایەک لە سروشتی مرۆڤ پێکدەهێنێ. خـودی واتـا بـەهۆی چیرۆکـەکان و راپۆرتگـەلی زۆرەوە خولـقێندراوە. بـۆ واتـای سروشـتی مـرۆڤ، بێجگەلـە وتارگـەلێکی نەتەوایـەتی جۆراوجـۆر هـیچ ئاماژەیـەک نـەکراوە. هەڵـبەتە ئـەو جـۆرە کـە لەمەوبـەر باسـکرا، هـەموو بیرمەنـدانی ناسیۆنالیـست بـە کردەوە لەگەڵ باوەڕی نـاوبراودا نـین. هـەر دەر و مـاتزینی گوتویانـە مرۆڤـایەتی هاوبەش بالاتر لە نەتەوە تایبەتەکان بوونی هەیە. سەرەڕای ئەمە، بێجگەلەمە کێشە،

عاقلانەیە کە پرسیار بکەین بۆچی دەبێ بەرەو شتێک بەناوی «سروشتی مرۆڤ» بگەڕێینەوە کە هیچ شتێک لە دەرەوەی هەرێمی ئەو بۆ گەڕانەوە بوونی نییە. پێوەندی دێری پێشوو چییە و ئایا ئەمە هەر تەنیا وردبینییەکی زانستییە؟ تەنیا ڕێی چارەی ئەم پارادۆکسە ئەمەیە کە باوەڕیان ببێت. هەرچی ناسیۆنالیستەکان لە ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ دەیخەنەڕوو وەسفی جیاوازی دەرەکییەکانە. لە بناخەی ئەم جیاوازیانەدا تایبەتمەندگەلێکی مرۆڤایەتی قووڵتر بوونی هەیە ژێرخان و ژێربینای هەموو خەڵک پێکدەهێنێ. لەبەر ئەمە، وەسفە میللییەکان ڕووبینای (سەرخان) کۆمایەک لە خەڵک دروست؛ لەژێرخانی ئەودا چالاکیە هاوبەشییەکانی مرۆڤ ـ زاین، بە دەسهێنان و فێربوون، ئەوینی بەردەوام مردن بوونی هەیە کە بابەتی زانستی هاوبەشن. ژیان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا زۆرتر دەورەیەکە کە زۆربەی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان لەگەڵ ئەو ڕادەبوێرین. بەم حاڵەوە لەگەڵ گوتنی ئەمە هێشتا دەتوانین کێشە بکەین کە لەژێر ئەم سنوورەدا شتێکی هاوبەش لە مرۆڤایەتی بوونی هەیە. ئەم شێوە کردەوە هاوبەشە کە لە ڕووبەڕووی ڕاستیە سەرەکییەکانی لە دایکبوون و مەرگ و وەکو ئەوانە کردەوە لەخۆ نیشان بدەین. بەم بۆنەوە، ئەمە ڕاستە کە دەبوایە جیهانمان نەتەوەخوازانە دیبایە بەو مانایە نییە کە ئەم زانیارییە بۆچونیانە لایەنگەلێکی پڕەنسیپی یان شێوەی کردارە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی هاوبەش دەشارێتەوە.

سەرەڕای ئەمە، دوورە لەوە کە چاوی تیژبین و وردبینی لایەنگرانی ناسیۆنالیزم بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێنوێنییەکانی سەرەوە. فەرهەنگەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان، عەمەل و کردەوەی نزیکایەتی، لە دایکبوون و مەرگ بەتەواوی بەشێوەی جیاواز ڕاڤە دەکەن. لەگەڵ ئەمەدا، دژایەتی نێوان «سروشتی مرۆڤی هاوبەشی بوون» یان «سروشتی مرۆڤ لە دەروونی نەتەوەی جۆربەجۆردا دروست دەکرێ لەوانەیە زۆر توند و بەهێز بێ. بە بیر و بۆچوونی من، ڕێیەکی مامناوەندی بوونی هەیە. ئەو جۆرە کە لەسەرەوە گوترا،

ناسیۆنالیزم برێک لە لێکۆلینەوە رەسمییەکان لەمـەڕ بوونـەوەری مـرۆڤ پەسـند دەکا: ئێمە مەخلووقاتی خودموختار و داهێنـەری کـەلتـوورین؛ «خـودی» مـرۆڤ بەشێوەی کۆمەلایەتی پەروەردە کراوە؛ و مرۆڤەکان خۆیان لە لایەن جـەماوەری نەتەوەیەوە خۆ دەدۆزنەوە و بە راستەقینە دەگەن. ئەم تێز و لێکۆلینەوەیە رەنگـە واتای رێکخستنی سروشتی مرۆڤ بخەنـە قالبەوە. بـەلام شـێوازی لێکدانـەوەی ناسیۆنالیستەکان زۆر جیاوازە. یەکەم تێز پێوەندی بـە خودموختارییـەوە دەبـێ. ناسیۆنالیزم هەمیشە لەم رێنوێنییەی لیـبرالی بـۆ خودگـەردانی (خۆبەڕێوەبـەری) بەهرە وەردەگرێ. لە راستیدا گـشت ناسیۆنالیـستەکان باوەڕیـان بـەوە نییـە کـە هـەموو تاکـەکانی مـرۆڤ ئـەم لێهـاتوویی و شایـستەگییەیان هەیـە، ئەگـەرچی ناسیۆنالیـستە لیبرالـەکان وەهـا باوەڕێکیـان هەیـە.[٥٩] لـە بینـینی ناسیۆنالیـستە لیبرالەکانـەوە خودموختـاری تـاک هێـشتا سـازگار لەگـەل خودموختـاری میللـی لیبرالە. هاوکات لەگەل ئەمە، دەبێ بەم خالەی دوایی زیاد بکرێ و ئەوە ئەمەیە کـە ناسیۆنالیـستە لیبرالـەکانی پـارادۆکس پێوەنـدی نێـوان خودموختـاری تـاک و خودموختاری میللـی چارەسـەر ناکـەن.[٦٠] ناسیۆنالیـستە لیبرالـەکان لەسـەر ئـەو باوەڕەن کە تاکەکان بتوانن لە دەرەوەی نەتەوەی خۆیـان بوونیـان ببێـت، بەلـکو تاکەکان ئازادی لەگەل ئامێرە کەلتوورییەکان بـەکار دەبـەن.[٦١] ناسیۆنالیـستەکانی دیکە، بەتایبەت ناسیۆنالیستە تەواو عەییارەکان و باقی سوننەتخوازەکان تاکـەکان زۆرتر بە بەرهەمی راستەوخۆی جەماوەری نەتەوە و میللی و یان نژادێک دەزانن کـە بـە کـردەوە دیـل و کۆیلـەی فەرهەنگـەکان، یـان نەتـەوەی خۆیـانن. هێنـدێ لێکدانەوەگەلی رۆمانتیکیش بەتایبەت بەو جۆرەن. لەگەل ئەمەشدا، هێشتا خالـێکی سەرەکی لە کێشەی دوایی دایـە کـە نەتـەوەکان خودموختـار و سـەربەخۆن یـان دەبێ ببن. ئەوەی کە لێرەدا هەمانە جێگۆڕکێیـەکی نادیـار و شـاراوە لـە رێنـوێنی خودموختاری لە تاکەوە بۆ ئاستی کۆیە. نەتەوە لە ئاسـتێکی بـالاتر لـە تـاک یـان

خــۆی خودموختــاری بــە دەســدێنێ. ســەرەڕای ئەمــە، لــە هــەموو ئــەم بــاوەڕە جۆراوجۆرانەدا، خودموختاری کەم و زۆر کردارێکی حەیاتییە.[62]

تێز و لێکۆلینەوەکانی دووەم و سێیەم لەمـەڕ سروشـتی مـرۆڤ دەتـوانن بـە بەراوردی راستەوخۆ لەگەڵ بزاڤی کۆخوازی هاوچەرخ، کە لایـەنگرانی سـەرەکی ئەو هاودەنگ لەگەڵ زێهنییەتی ناسیۆنالیستین، بەشێوەی بەردەوام دەخرێنە بـەر لێدوان.[63] لێکۆلینەوە سـەرەکی هـەم ناسـیۆنالیزم و هـەم کۆخـوازی لەسـەر ئـەم باوەڕەن کە باشییەکانی سیاسی و ئەخلاقی ناکرێ لەگەڵ رێنوێنییەکی گشتی لـە بێخهاتوو دەسنیشان بکرێ، بەلکو ئەوان لە دەرەوە لە جـەماوەری مێـژووی یـان خود نەتەوایەتی تایبەت سەرچاوە دەگـرن. هـیچ پێـشمەرج یـان دۆزی بـێلایـەن بوونی نییە کە بکرێ ئەندێشەیـەک بـەپێی ئـەو سـاز بـدرێ. دووەم، کۆمـەڵ یـان نەتەوە بنـەمای عـەقڵ، بایـەخ و دادوەری سیاسـی و بـەکردەوە پێکـدەهێنێ. بـەم چەشنە تایبەتمەنـدی کۆبوونـەوەی مێـژوویـی زۆرتـر لـە لایـەن کۆخوازەکـان و ناسیۆنالیستەکان دژ بە کێشەی جیهانی بوونی لیبرالی دەسنیشان دەکرێ. سێیەم ئەمەکە، خۆی یان تاک لەگەڵ کـۆ، یـان نـەتـەوە فـۆرم دەگـرێ. چـوارەم ئەمەکـە بنەڕەتـەکانی ئـەخلاقی یـان عـەقلانی جیهـانی دەرەوە بوونیـان نییـە کـە بکـرێ کۆبوونەوەی مێژوویی و نەتەوەکان لە دەرەوەی ئەوان دابنرێ. جگە لەمە ئێمە بە بنەماگـەلێکی بۆچـوونی بـۆ ژیـانی کۆمەلایـەتی یـان نەتەوایـەتی بـەکردەوە پێویستمان نییە؛ بەلکو ئەوە لە راڤەگەلێکی لـە پـێش دروسـتکراوی سـوننەت یـان شـێوەی ژیـان بـەدەس دێـنین. کـردەوە لـە کۆبوونـەوە جیـاواز لـە رێنوێنییـە فەلسەفیەکانە.[64] ئەم دۆزە کۆمەلایەتییە شێوەیەکی بەڕاستی بوونـەوەری مرۆڤـی پانتای پێـشبرکێی نێـوان رێبـازە جۆراوجۆرەکـانی ناسـیۆنالیزم نییـە. ئەگـەرچی شێوەی خوێندنەوەی ئەو بۆ لێدوان والای کردووە. ناسیۆنالیستە لیبرالەکان مایـل نین کە واتای بێبایەختر و کـوێر لـە کۆبوونـەوەدا هەلـبژێرن کـە لەگـەڵ ئـازادی تاکـەکان کـۆک نییـە. ناسیۆنالیـستە سـوننەتی و تـەواو عـەیارەکان بـاوەڕێکی

بەهێزتریان بە تێگەیشتن لە کۆبوونەوە هەیە کە تاکەکان لێبڕاوانە لە دەروونی میتۆدە نەتەوایەتییەکان یان نژادیدا جێدەکەنەوە. ناسیۆنالیستە تەواو عەییارەکان دەیانەوێ لایەنی نەتەوەکانی لە پێشتر یان لە پاشتریشی پێوە زیاد بکەن.

جیاوازییە عومدەکانی نێوان ناسیونالیستەکان و کۆخوازەکان ئەوەیە کە دەستەی دووەم لەمەڕ کۆبوونەوە لە ئاستێکی بۆچوونی ڕێنوێنی دەکەن، ئێستا کە ناسیونالیستەکان بە ئاشکرا بە دووی سازدانی ناوەڕۆکێکی بە کردەوە دەوڵەمەندەوە بوون. میلۆنەها مرۆڤ لەسەرانسەری جیهان بوونیان هەیە کە خۆیان لەگەڵ نەتەوەیەک هاوزات دەشوبهێنن و لەم هاوزات شوبهاندنەدا ڕاستەوخۆ هۆکار بە دەسدێنن. کۆخوازانێک کە لەسەر حەسارێک پێ‌دادەگرن ناتوانن لە بەرامبەر ئەم ڕاستییەدا بوێستن. بێجگەلەمە، ناسیونالیستەکان تێدەکۆشن تاکو نەتەوەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتەکان هاوزات بکەن. سەیر ئەوەیە کە کۆخوازەکان لەمەڕ ئەم بابەتە چاویان نووقاندووە و جگە لە بڕێک جار هەوڵیان نەداوە تاکو واتاگەلی کۆمەلایەتی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی مافەکان گرێ بدەن.[٦٥] ئەگەرچی کۆخوازەکان لەگەڵ مەسەلەی زیادی ڕووبەڕوو کە زۆر لە جەماوەر و ئەنجوومەنەکان «وەکو کلێساکان تایەفەیان ئەسناف» بالای دەوڵەتەکانن کە پێوەندی دەوڵەت/ کۆبوونەوە دووچاری گرفتێکی گەورەی دەکەن. هاوکات لەگەڵ ئەمە، ئەم گرفتە تایبەتە بۆ ناسیۆنالیزم و قەومخوازی نا ئاشنا نییە. سەرەنجام ئەمە کە، کۆخوازی لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆیدا، لە ناسیۆنالیزم بە شێوەی ڕزگاری و قوتار لە ڕەخنە مێژوویی‌یەکانی ڕەخنەی نەگرتووە. سەیر ئەوەیە کە ئەوەی لە کۆخوازیدا دەبینین، هەر ئەو «ناسیۆنالیزم لیبرالی»یەیە لە بیچمێکی دیکە دایە. واتای مایکل سەندل لە «مەسەلەی خۆی» لە دەروونی جەماوەرێکی لیبرالی فۆرمی گرتووە. چارلێز تایلۆر تێدەکۆشی تاکو تاکخوازی لیبرالی ئەخلاقی ڕاستەقینە یان ناسنامەیەکی نوێ لە لاری نەجات بدا.

داکۆکی مایکل والزێر لە پانتاگەلی خاس باوەڕی پێچڕاوەتر بۆ کۆمەڵگەی لیبرالی چەپی زۆرخوازە.[٦٦]

بەیانی کۆتایی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ و پێوەندی ناسیۆنالیزم: ناوەڕۆکەکانی ناوەندی کە لە دۆزی رۆمانتیکدا بوونی هەیە «خودئافەرینی»یە کە رەنگە بە شێوەی جوانترین لایەنی باوەڕی خودموختاری مامەڵە و چاوی لێبکرێ. ئەم فیکرە لە سوننەتی فەلسەفی ئەڵماندا وەبیرهێنەوەی دۆزی فێرکردن و پەروەردە بوو.[٦٧] لە دۆزی رۆمانتیک، خودئافەرینی، یان خۆخولقاندن، و داهێنان و نوێ خولقاندن رەنگ دانەوەی لەسەر ئاشکرا کردن یان تەسەور هەیە و لەپێشترە. دۆزی فێرکردن و پەروەردە پێگەیەکی وردبینی لە واژەگەلی ناسیونالیستیدا هەیە کە زۆرتر بە باشی تاوتوێ نەکراوە ـ هەرچەند کە تایبەتمەندانە لەگەڵ ناسیۆنالیزم پێوەندی نییە. لە ناسیۆنالیزم و زۆربەی ئەندێشەی فێرکردن و پەروەردە، ئامانج بریتییە لە بە دەسهێنانی هاوئەهەنگی و ئازادی دەروونی، ئازادی لە بناخەوە بریتییە لە خودموختاری و پرۆژەی فێربوون و پەروەردەی خودی شەخس. ئەگەر ئەو جۆرە کە زۆربەی نووسەرانی ناسیونالیست کێشەی لەسەر دەکەن، خۆی لە دەرەوەی پێکهاتەی نەتەوە فۆرم دەگرێ، کە واتە خۆپەروەری خۆی لە خۆیدا نەتەوەپەروەرییە. ئەم کێشە بەتایبەت لە باوەڕکانی گرێبەستکراو بە زمانەوە دەبینرێ. بە بۆچوونی هەردر، زمان «ئەندامی هێزی رۆحە لە حوکمی ئامێری دەروونی ترین فێرکردن و پەروەردە و فێرکردن و پەروەردەی ئێمەیە».[٦٨] هەردر زمان هەر تەنیا بە ئامێر یان کەرەسەی وەدوا نەکەوتن نازانێ بەڵکو ئەوە بە دەسەڵاتی مەعنەوی چالاکییەک دەشوبهێنێ کە راستەقینە پێکدەهێنێ. بە بۆچوونی هەردر، هەر زمانێکی رۆحی جیاوازی هەیە و سەرچاوەی فێرکردن و تەعلیمی هەر نەتەوە و تاکەکانی ناخی ئەو دێتە ئەژمار. ئەم خاڵە بە مەکۆی زمان بۆ ناسیۆنالیزم بە ئەنجام دەگا.

زمانەکان و نەتەوەکان

کەسێک کە ئەم باوەڕە بێنێتە ئارا کە دەوڵەتەکان لە پلەی یەکەمی هەستیگەلی زماننناسی تاقانەدان، دەبێ هێندێ گومانە سەرەتاییەکانیان بخەنە پشتگوێ و چاوی لێبقووچێنن، ئەگەر کەسێک دەس بکا بە توێژینەوە زۆرینەی دەوڵەتەکانی سەردەم بەتەواوی دەردەکەوێ کە کۆماگەلی زمانی جیاوازی هەر وڵاتێک بوونی هەیە، و ئەگەریش کە لە زۆربەی وڵاتەکان بە هێندێ زمانەکان کەسانێکی زۆرتر ئاخاوتن یان دیالۆگ بکەن. لەگەڵ ئەمەدا، لە هێندێ لە دەوڵەتە میللییەکاندا زمانگەلی حاکم و زاڵبوونی نییە. بۆ وێنە سویس چوار زمانی رەسمی هەیە. بێجگەلە مەش، ئەگەرچی زۆربەی خوێندکارانی ئاستی باڵای سویسی بە زمان و زاراوەی ئەڵمانی قسە دەکەن، دوورە کە دانیشتوانی رووهێر، یان باواریا [لە ئەڵمان] هەمیشە بە روونی لە زاراوەی ئەوان تێبگەن. نۆرویژ و دانیمارک بەتەواوی زمانی وێکچوو و هەڵقولاوەی قەومێکی یەک دەستیان هەیە، بەڵام خۆیان نەتەوەیەکی جیا لە یەک دەزانن. لە راستیدا زمانی نۆرویژی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەر هەمان زمانی دانمارکی بووە. هەر دانیمارکییەکی خوێندکار دەتوانێ بە ئاسانی ئاسەواری ئیسبن بخوێنێتەوە. زمانی نۆرویژی بە شێوەی هەستیەکی جیاوازانە داهێنانەکانی ناسیونالیستی ئەم سەدەیە «سەدەی بیستەم» سەرەنجام ئەمە کە زۆرتر زمانەکان لە دەروونی دەوڵەتێکی میللیدا بوونیان هەیە و لە دەوڵەتە میللییە جیاوازەکاندا بە زمانێکی یەککگرتوو قسە دەکرێ. هەروەها تاقمە میللییە جیاوازەکان لە دەروونی دەوڵەتدا بوونی هەیە. بۆ وێنە ئەسکاتلەند و وێلز لە بریتانیا (ئەگەرچی نەک تایبەتمەندانە) بە زمانی یەککگرتوو قسە دەکەن. سەرەنجام ئەمەکە زاراوە ناوچەییە جۆراوجۆرەکانی زمانی یەککگرتوو پێ دەچێ باش تێگەیێنی بۆ یەکتر دژوار بێ. خاڵی حەیاتی دەربارەی زمان ئەمەیە کە ئایا دەکرێ لەوە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەکان کەلک وەربگیرێ؟ لە رواڵەتا وەڵام نیگەتیڤییە. زمان رواڵەتەن ئامێرێکی راست و ئاشکرا بۆ دەسنیشان کردنی ناسنامەی سەربەخۆی میللی نییە.

بەپێچەوانەی ئەم خاڵە، زمان پێگەی باڵای لە لێدوانی ناسیونالیستیدا بە خۆی تایبەت داوە. هۆی ئەم کارە دەکرێ بە دوو پانتای بەرفراوان دابەش بکرێ: بوارە مێژووییەکان/ ئەزموونی و بوارە میتۆدەکان.

لە بوارەکانی مێژوویی/ ئەزموونی بەتەواوی وەلانانی ناوەندی زمان بۆ نەتەوەکان کارێکی دژوارە. ئەو جۆرە کە هابس بادن دەنووسێ: «بە گرانی دەکرێ قبووڵ بکرێ خەڵکێک کە پێکەوە ژیان دەکەن، بەڵام بە زمانگەلێکی نادیار بۆ یەکتر قسە بکەن خۆیان بە ناوی وتەبێژانی زمانێکی تاقانە بناسن».[٦٩] ئەو جۆرە کە زۆربەی لایەنگرانی ئەندێشەی نوێسازی گوتویانە زمان، بەتایبەت هەمەلایەنەی زمانی، هۆکاری حەیاتی لە پەرە گرتنی دەوڵەتەکان و وڵاتەکانن و وەک هەمیشە لە لایەن سیاسەتەکانی فێرکردنی دەوڵەتەوە هان و پشتگری دەکرێن. هەروەها بەرامبەری و سازگاری زمانی لە زۆربەی وڵاتەکان لە باری چوونەناو کۆی شارەزایانی ئەدەبی، ئیداری و سیاسی و هەروەها لە حوکمی ئامێری سەرەکی بۆ ئاسانکردنی پێوەندییەکان و بازارە ئابوورییەکانی ناوخۆ گرنگی حەیاتی هەیە. زۆر لە دەوڵەتەکان و وڵاتەکانی کۆخواز و روولەپەرە لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم، تەنانەت سیستەمە لیبراڵەکان، دەربارەی لەسەر چوونی ئەم سیاسەتە هەمەلایەنەی زمانی زۆر بڕڕا سەختگیربوون. یەکەم وێنە لەم چالاکییە دەوڵەتیە چاوکراوانە، سیاسەتی ژاکۆبنەکان پاش ١٧٨٩ [شۆڕشی کە بیری فەڕانسا] بوو.[٧٠] ژاکۆبنەکان زمانی فەڕانسەیان بەزۆر بەسەر وڵاتا سەپاند. هیچ چەشنە زۆرێکی قەومییەت نەدەسەپێنرا.

خاڵی شایانی باس دەربارەی چەمکە باڵاکان ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر زمان دەوری نوێخوازی گرنگ دەگێڕێ، زۆرتر بەرهەمی درۆ و کەڵەکە، چ ئامانجی دەوڵەتی کۆ بێ چ جیاوازی لەو. زۆرتر هۆکاری کێشەی ناسیونالیستی دەربارەی زمان لەسەر بنەمای سروشتی بوون و دێرینە بوونی ئەوە. بەم حاڵەوە، ئەو جۆرە کە لەوەبەر باسکرا، زمانی تایبەتی نۆروێژی داهێنانی سەدەی بیستەم بوو. بەر

لەو ئەم زمانە لە راستیدا هەر هەمان دانمارکی بوو. یان کولا، شاعیری سەرەتای ۱۸۰۰ ئەسلوواک، باوەڕی هەیە (لەژێر تەئسیری هەردر) کە زمانێکی خالیس و بێخەوشی چک ئەسلوواک بوونی هەیە. ئەگەرچی زمانی چک لەودا زمانێکی گوندی بوو، کولار خوازیاری ئەوە بوو کە بە ناوی یەکێک لە زمانەکانی ئەدەبی ئەسلاو بە رەسمییەت بناسرێ (لەپاڵ زمانە روسییەکان، لەهێستانی و سربی ـ کرواتی). زۆر لە ئەسلوواکییەکان لەژێر کاریگەری ئەم باوەڕەدا نەبوون. زۆر کەس بۆ جێخستنی زمانی سربی ـ کرواتی بەناوی زاراوەیەکی گرنگی ئەسلاوە باشوورییەکان چالاکیگەلێکی ئەدەبی ئەوتۆیان ئەنجامدا. سربی ـ کرواتیش لەسەرەتاوە بەناوی زمانێکی ئەدەبی و قەومی لە دەیەی ۱۸۳۰ برەوی پەیدا کرا. زمانە گالیسییەکان، کاتالان، باسک (ئەسکوارا) و گالیک هەموویان رەنگیان داوە و لە لایەن زماناسانی ناسیونالیستەوە دمەزەرد و چەق و ساو کرانەوە و بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمدا چوونە ناو ئەدەبیاتی ناسیونالیستی.[71]

یەکێک لە باوەڕە سەرەکییەکان لە نووسراوەی نوێدا کە لەسەر گرنگی مێژووی زمان بۆ ناسیۆنالیزم تەئکید و هەروەها لەسەر دەسکردبوونی ئەو سوورە، باوەڕگەلی مەوجوود لە کتێبی بێندیکت ئاندێرسۆنە. بە بۆچوونی ئاندێرسۆن نەتەوەکان بەشێوەی گشتی «جەماوەری ئەندێشەیی»، دروستکراوی کەلتوورن کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لەسەر بنەمای زمانە هەرێمی و ناوخۆییەکان خولقێندران. بەبڕوای ئەو، نەتەوەکان لە راستیدا بە ناوی پێواری سیستمە کەلتوورییەکانی دێرینەتری وەکو مەزهەبخاستر هەستیان پێدەکرێ هەتا ئیدئۆلۆژییە چاوکراوەکانی سەدەی نۆزدەهەم. ئاندێرسۆن دەڵێ پەرەسەندنی زمانە ناوچەییەکان لە ئوروپا بەپێی «سەرمایەداری چاپ» بەڕێوە براوە. بە نووسراوەی ئەو: «هیچ شتێک باشتر لەسەرمایەداری زمانە ناوچەییەکانی «سەرهەمبەندی» نەکرد، زمانە چاپییەکانی لە ناخی بەرتەسکییە گراماتیکی و نەحوییەکاندا خولقاند، و ئەم زمانانە لە لایەن بازاڕەوە رەنگیاندایەوە».[72]

بزووتنـەوەی ریفۆرمـاتی [مەزهـەبی] بەتایبـەت شـاهیدی پەرەسـەندنی مـەزنی بڵاوکردنـەوە بـە زمـانی ناوچەیـەکان بـوو. هـەروەها وەکـو بەشـێک لـە ئیدارەی شاهانی ناوچـە و نـەهادە دەوڵـەتییەکان بەشـێوەی بـەرفراوان کەڵـکیان لـە زمانـە ناوچەییەکان وەرگرت. لە راستیدا لە زمانی چاپی یان چـاپکراو لـە لایـەن داهێنـانی پلەباڵا بۆ جەماوەر ئەندێشەیـەک بـەناوی بنـەمای زانیـاریٔ میللـی کەڵـک وەرگیـرا. یەکێک لەو داهێنانە لێرەدا رۆژنامە بوو کە هەموو رووداوەکانی جیهـانی بـە زمانـە ناوچەییەکان بۆ جەماوەری میللی وەکو گومان دەیگێڕاوە.

لەگەڵ تەوژم و بەرفراوانی زمانە ناوچەییـەکان، هـۆگری فیکـری بـە زمانناسـی، فەرهەنگنووسی ریشەناسی، رێزمان، لۆغەتنامە دوو زمانییەکانیش پەرەی سـەند. وزەیەکی زۆری فیکری سـەرفی ئـەم چالاکیـە جۆراوجۆرانـە کـرا.[٧٣] ناسیونالیـستە یۆنانییەکان، رووسی و سربی ـ کرواتی سەدەی نۆزدەهەم هەموویان لـە موتـالاتی بەشی زمان، زمانناسی وەسف و بەیان و داهێنانە ئەدەبییەکان ئیلـهامیان وەرگـرت. ئاندێرسـۆن رێنـوێنی دەکـا: «لـە هـەر کـویٔ خوێنـدەواری زیـادی کـرد، سـەرنج راکێشانی خەڵک بۆ پشتگری ئاسـانتر بـوو و جـەماوەر شـکۆی نـوێی لـە گەشـە و باڵاچوونی زمانی چاپی پەیدا کرد». پاشان درێـژەی پێـدەدا: «لـە دەیـەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە، وێنـەیـەک لـە دەوڵـەتە میللییـە سـەربەخۆکان بـۆ چـاپی کتێـب و نەشریات لەبەر دەستا بـوو». شۆڕشـی فەرهەنگنووسـی سـەدەی نۆزدەهـەم ئـەم باوەڕەی چەسپاند کە زمانەکان خاوەندارێتی تایبەتی هێنـدیٔ لـە گروپـەکان کـە بـە نەتەوە دەشوبهێندران، هەن. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاندێرسۆن تەسـەوری دەکـرد کـە گرێبەسـتکردنی نیزامـە پادشـایەتییـەکانی وەکـو رووسـییە لەگـەڵ ناسیۆنالیزم لە راسـتیدا «ناسـیۆنالیزمی رەسمـی» بـەدیهێنا ـ ئەگـەرچی ئـەو دەڵـیٔ «زیرەکی و فریوکاری داهێنەرانەنی تایبەتی پێویست بوو تاکو ئیزن بـە ئیمپـڕاتۆری [رووسییە] بدا کە بە شێوەی رێگرێکی میللـی بـەتوانا سەرهەڵـبدا».[٧٤] ناسـیۆنالیزمی رەسمی لە بناخـەوە هـەمان هاوکێـشی ناسـیۆنالیزمی پارێزکـار یـان سـوننەتخواز

لەگەڵ ناسیۆنالیزمی لیبرالی عامەپەسندتر بوو. ئاخرین شەپۆلی ناسیۆنالیزم بە شێوەی ناسیۆنالیزمی دژی ئیستیعماری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا پەرەی سەند و هەتا رادەیەک وەڵامێک بوو بە ئەمپریالیزم. ئەم ناسیۆنالیزمە تا رادەیەکی بەربڵاویش لە پەرەگرتنی زمانە ناوچەییە چاپکراوەکان، بەتایبەت ئەدەبیاتی ئوروپایی لەمەڕ ناسیۆنالیزم کە لە بەردەستدا بوو، سەرچاوەی دەگرت. ناسیۆنالیزمی ئوروپایی بناخەی داهێنانی جەماوەری خەیاڵی نوێی پێکهێنا.[٧٤] بەم شێوە ناسیۆنالیزمە دژی ئیستیعمارییەکان تا رادەیەکی فرە لە ئەزموونی ئوروپا بەهرەیان وەرگرت ئەگەرچی ناسیۆنالیزمگەلێکیان بە زمانە ناوچەییەکانی خۆیان بەدیهێنا.

بەم جۆرە بەگشتی ڕێنوێنگەلێکی ئەزموونی و مێژوویی بوونی هەیە کە زمان، بەتایبەت لە بواری زمانی چاپکراودا، هۆکارێکی حەیاتی لە دەرکی ناسیۆنالیزم دەزانێ. لەگەڵ ئەمەدا، لە نووسراوەی ناسیونالیستیدا بڕێکی زۆریش ڕێنوێنی میتۆدی دەربارەی گرنگی زمان بەرچاو دەکەوێ. بیچمی بەرچاوی ئەم ڕێبازە ـ کە هەمیشە لە ریزی گرنگی ئەم لێدوانە دایە ـ هەردرە. هەردر زۆرتر لە ریزی ناسیۆنالیستی ڕۆمانتیک و لە ڕێزەی فەیلسووفانی دژی سەردەمی ڕۆشنبیری زانراوە. ئەم راپۆرتە بەگشتی بێپایەیە. هەردر سەردەمی ڕۆشنبیری بەڕێزەوە شیاشی لێدەکرد. ئەو هەر تەنیا نیگەرانی ڕۆماتیکەکان وەکو ئەشلگل و نووالیس نەبوو، بە هیچ جۆر وەکو ڕۆمانتیکەکان لە حەسرەت سەدەکانی ناوەڕاست، زیندووکردنەوەی کاتولیکباوەڕی، پەروەردەی هەستی گۆشەنشینی، راز هەڵگری سروشتی و هەستخوازی نەدەسووتا و لە عاشقی و شەیدایی ئەوان سەبارەت بە مەستی و سەرخۆشی جیا لە سروشتیش برابەش نەبوو.[٧٦] بەپێچەوانەی ئەوە کە بە گرنگی جۆراوجۆری میللی باوەڕی قووڵی بوو، واتای کاکڵی هەموو فەلسەفەی ئەو بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنبیری لەمەڕ مرۆڤایەتی بوو کە جەوهەری هاوبەشی مرۆڤایەتی دەگرتەخۆ. بە بۆچوونی ئەو، سەرەڕای جیاوازیە نەتەوایەتییەکان، کە

به بڕوای هەردر بوونی مرۆڤی دەوڵەمەند دەکرد، هەموو مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە لە جۆری تاقانە و یەکدەست بوو. سەرەنجام ئامانجی سەرجەم بوونەوەری مرۆڤ، بالاترین و هاوئاهەنگترین پەرە و تەنینەوە فێرکردن و پەروەردە بوو. مرۆڤایەتی بۆ هەردر تەم و مژێکی مەزهەبی بوو. ئەو دەنووسێ: «جەوهەری مرۆڤ ـ مرۆڤایەتی ـ بەرگ یان شتێکی درواو و حازر و ئامادە نییە بەلام شاراوەهەڵگری راستەقینەیە. ئەمە چ بۆ ئینسانخۆرەکانی نیوزیلەندی و چ... نیۆتۆن بە یەک رادە هەڵدەسەنگێنرێ، چونکە هەموو مەخلووقاتی مرۆڤ لە یەک جۆرن».[77] دۆزی سیاسی هەردر بە هیچ جۆر قەراردادی نەبوو. لە راستیدا ئەو واتای کۆمەڵگەی دەوڵەتخوازی رەتدەکردەوە بەجێی ئەو شتێکی هاوکێشی ئانارشی زۆرخوازی دەخواست. بۆ وێنە ئایزایا برلین ئەو لەگەڵ پرۆدۆن، تۆروو و کرۆپۆتکین بەراورد دەکا.[78] هەردر هەروەها ئەوەی کە ئەمڕۆ ناوی ناسیۆنالیزمی سیاسی لێدەنێن هۆگرییەکی نەبوو. سەرنج بیری سەرەکی ئەو لەسەر ناسیۆنالیزمی کەلتووری بوو. ئەو لەگەڵ ئەوە کە بە زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زمانی ئەڵمانی، کەلتووری عامیانە، رەنگدانەوەی میللی و گۆرانییەکانی عاشقانەی خۆش دەویست، ولات پەرستی دڵپاکانەی قبووڵ نەدەکرد و بە قەبێحی دەزانی و هیچ مانایەکی بۆ نەتەوەکان یان نژادە بالا یان پاینەکان دانەدەنا.

هەردر بەپێچەوانەی سیفاتی ناوبراو، راشکاوانە را و ئەندێشەی لەمەڕ زمان پێشنیار دەکرد کە بە جۆرێکی سەیر لەمەڕ پێوەندی نێوان زمان و ناسیۆنالیزم داهاتووبینانە بوو. را و ئەندێشەی هەردر تا رادەیەک سەبارەت بە لێدوانە شاراوەکانی مەربووت بە سەرچاوە و جەوهەری زمان سوودبەخش بوو. لە روانگە و ئەندێشەی تایبەتی هەردر دەربارەی زمان کە هاوکێش لەگەڵ روانگە و ئەندێشەی کۆندیاک، رۆسۆ و سوسمیلکە رەخنەیان لێگرتوە، هەرچەند جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەوان هەیە و میتۆدی نوێی بۆ لێدوان کردووەتەوە.[79] ئەندێشەیەک کە ئەو دەیهێنا ئارا، زمانی بە ئامێری زەخیرەی زانیاری و پێوەندییەکان دەزانی.

وشــەکانی بــۆ جیــا کردنــەوە و هــاوێری ئەشــیا لــە جیهــان و ئەندێــشە لــە زێهــن بەکاردەبرێن. هەردر ڕێڕەوێکی ڕوونتر یان کۆکتری لەمەڕ زمان بوو. بە بۆچوونی ئــەو وشــەکان «یــارانی پێــشقەراولی حــەیات» بــوون. ئــەو جــۆرە کــە یــەکێک لــە لێکۆڵەرەوەکانی هەردر دەنووسێ: «جەوهەری پێکهێنەری زمــانی داهێنــان دەنگــی دەرەوە نییە، بەڵکو بەدیهێنەری نمادگەلێکی وشەیەکی دەروونیە».[80] زمان بەشــێکی جودایی هەڵنەگری چالاکی چاوکراوانــە و بــەرەو پێــشچوونی بوونــەوەری مــرۆڤ بوو. لەبەر ئەمــە، لــە بناخــەوە شــێوەیەک لــە کــردەوە دەهاتــە ئــەژمار. هــەر تــەنیا ئەشــیای دەرەوەی نــاوزەد و دەسنیــشان نــەدەکرد، بەڵــکو بــە عەکــسەوە دەوری چارەنووسساز و چالاکی بوو. مرۆڤەکان لە لایەن زمانەوە هەم دروستیان دەکرد و هەم دروست دەکران. مرۆڤــەکان سروشــتیان بــە هــۆی وتــار و ئەندێــشەوە دەرک دەکرد. زمانە سروشتییەکان بە شــێوەی هــاوارە ســەرەتاییەکان، لەگــەڵ ئاخــاوتنی پێــشکەوتووی مــرۆڤ جیاوازیــان هەیــە.[81] زمــان، بەشــێوەی دیــالۆگ و وتــاری پێشکەوتووی مرۆڤ، ناوجێیکەری ئازادی و زانیارییە و سەرجەم وزەکــانی مــرۆڤ دەگرێتەوە. لێهاتوویی مرۆڤ بۆ چاوکراوەیش لە لایــەن زمانــەوە فــۆرم دەگــرێ و دروست دەبێ. بە بۆچوونی هەردر، تەواوی حاڵەتی چاوکراوانەکانی ئێمە لە زماندا فۆرمە دەگرێ. لەبەر ئەمە زمان «یەکەمین و گرنگتــرین پێویــستی حاشاهەڵــنەگرەی ئۆپەراسیۆنی مێشکی مرۆڤ و بەشێکی جودایی‌هەڵنەگری ئەندێشەیە». بوونەوەری مرۆڤ بە هۆی خۆداهێنەری بیرمەندانە کە زمان بەشێکی جــودایی‌هەڵــنەگری ئــەوە، شێوەی جۆربەجۆر دەگرێتەبەر.

بە بۆچوونی هەردر، زمان نەک هەر تەنیا بە تەوسیف بەڵکو هەروەها بــە بــەیان و ڕەنگدانــەوەی هەســتی دەروون، دڵۆڤــانی، ئەندێــشەکــان و ئــیرادەی مــرۆڤ بــە شێوەی کۆیەک دێتە ئەنجام. ئەو زۆرجار دژی ئەمە کە عەقڵ بە تەنیا لێهاتوویی زاڵ و سەرکەوتووی مرۆڤ بزانین، ئاگاداری داوە و ڕەخنەی سەرەکی ئــەو لــە دەرکــی کانت لــە سروشــتی مــرۆڤ پێکدەهێنێ. بــە بــاوەڕی هــەردر، زمــان لــە دەرەوەی

کارکردییە هەستییەکان دروست کراوە. چونکە کارکردی هەستی هەرکەس لە مەکانی سەرەکی زمان دروست دەکا، دەرەنجام بارودۆخی مەکانی (جوغرافیا، هەرێمی و سوننەتە کۆمەڵایەتییەکان) وەڵامگەلێکی جیاواز دەخاتەگەڕ. لەگەڵ گۆڕین و پەرە گرتنی زمان، کۆمەڵگە و فەرهەنگەکانیش جۆربەجۆر دەبنەوە. زمان بەردەوامی بنەڕەتی مێژوویی کۆمەڵگە و سوننەتەکانی ئەو پێکدەهێنێ - سوننەتەکان دیاردەگەلێکی هەردەم راوەستاو نین بەڵکو وەڵامگەلێکە بە حەرەکەیەکی دایمین. فەرهەنگ کەژاوەی مەعنەوی ئەم پڕۆژەیە. لەبەر ئەمە، گشت ئەو مرۆڤانەی کە زمان لەم ئاستەدا بەکار دەبەن، بەهۆی وتوویژ و ئاخاوتن، فەرهەنگە جیاوازەکان، دیرۆکەکان و جۆرەکانی بەیانی جیاوازانە دێننە بوونەوە. بە جۆرێکیتر، هەر volk (قەوم یان نەتەوە) کۆمەڵێک زمانی جیاواز بەدی دێنێ. هەر نەتەوە رۆحی میللی جیاوازی هەیە کە بیۆلۆژیکی یان نژادی نییە بەڵکو «بەردەوامییەکی مێژوویی و کەلتوورییە».[٨٢] بە بۆچوونی هەردر، ئەمە بەشێک لە دەوڵەمەندی مەزنی جیهانە کە ئێمە لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی جۆراوجۆر رووبەڕوو دەبینەوە کە هەرکام تاقانە و دووپات نابنەوە. لەم بارەوە بە دەرەنجام دەگەین کە ناسینی جۆری مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە زمان «بەسەرهاتی کارکردەکانی و ماناکانی لە حاڵی گۆڕیندا ئاشکرا دەکا».[٨٣] هەردر بە ئەندێشەی موتالای بەرفراوانی تەجربی دەربارەی ئەم سامانە جۆربەجۆرەی مرۆڤناسانە هۆگری زۆری بوو.

دەتوانین بە روونی گرنگی میتۆدی زمان بۆ ناسیۆنالیزم لە روانگەی هەردەرەوە ببینین. بیرمەندانی دواتر لە ئەندێشەکانی ئەو زۆریان سوود برد و تێبینیگەلێکی بەحس هەڵایسێنی زۆریان لەسەر ئەو زیاد کرد. لە پاش هەردر یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی ئاڵمانی کە ئاوڕی لە زمان دایەوە، فیختە بوو کە بەتایبەت لە کتێبی خیتاب بە نەتەوەی ئەڵماندا بۆچوونەکانی ئەو هاتۆتە ئاراوە. یەکێک لە پڕمەترسیترین لایەنەکانی فیختە ئەوەیە کە ئەو ناوەندی بوونی زمان بۆ

ناسیۆنالیزم دەسەلمێنێ، لەگەڵ ئەم شەرح و بەیانە گرنگە کە ئـەو بـە ناسـیۆنالیزمی سیاسی و ئەمەکە هێندێ لە زمانەکان (و لەبەر ئەمە نەتەوەکان) بالاتر لـەم و لـەون، سەرنجی دابوونێ. ئەم خالانە لە ئەندێشەی هەردردا بوونیان نییە.

فیختە باوەڕی بـوو کـە زمـان تێگەیـشتن بـە مرۆڤـەکان دەبەخـشێ و دەیگـوت «مرۆڤەکان زمانیـان دروسـت کـردووە نـەک زمـان مرۆڤـەکان» زمـان جەوهـەری راستەقینەی مرۆڤ پێکدەهێنێ. سەرەڕای ئەمە، فیختە لە نێوان زمانە سروشتییەکان لەگـەڵ زمانـە تێکەڵـیەکان جیـاوازی دادەنـێ. زمـانی ژێرمـەنی زمـانێکی urvolk سروشتییە. بە بۆچوونی ئەو زمانی ئەڵمانی «لەسەردەمێکەوە کە بۆ یەکەم جار لـە وزەی سروشت لە دایک بوو، زیندوو ماوەتەوە». زمانە ئینگلیسی و فەڕانسەیەکان زمانگەلێکی تێکەلاوی نوێی لاتینن کە کاردانەوەی تێکەڵ بوون نیشان دەدەن. بـەپێی وتەی ئەو «لە زمانە لاتینییەکاندا، شاراوە بـوون و پـەی نـەبردن، سروشـت و پێگـە ئەوانە پێکدەهێنێ». ئەم جۆرە زمانانە تەنیا «لـە ئاسـتی سـەرەوە» جوولـە دەکـەن بەلام «لە ریشەوە مردوو»ن. بە بۆچوونی ئەو، فۆرم و بیچمی فەرهەنگ و ئەندێـشە سیاسی ئەڵمانی چوونە ناوەوەی پرەنسیپەکانی دەرەوە بە زمانە. ئەو وێنەیەک لـە پیتـەکانی وەکـو مرۆڤـایەتی، خۆشەویـستی و دەسـتئاوالـەیی و بەخـشندەیی دەخاتەڕوو و دەڵێ: «کاتێک ئەم پیتانە لە ئاخاوتن دیالۆگی ئەڵـمانیەکدا کـە جگـە لـە زمانی خۆی زمانێکی دیکە فێر نەبوە، بەکار دەبرێ، جگە لـە دەنگێکـی نامـەعلووم و بێمانا هـیچ شـتێکی دیکـە نییـە». پاشـان دەبێـژێ: «ئێـستە ئەگـەر بـەجێی وشـەی Menschlichkeit بە ئەڵمانییەک بڵێین کە هاوکێش و هاوپێواری ئاڵـمانی هـەر هـەمان واژەیە، ئەو لەوە تێدەگا». بە بۆچوونی فیختە دەڵێ، پیتگەلێک کە لە ریشەوە نـژادی ژێرمەنین، بەلام وەکو زمانە فەڕانسییەکان و ئینگلیـسییەکان لەگـەڵ پرەنـسیپە نـوێ لاتینییەکان تێکلاو بوون، لە باری ئەخلاقی و میللییەوە لەناوچوون. لەبەر ئەمـە، ئـەو تەئکیدی هەیە کە «زمانی ئەڵمانی ئەگەر هەر تـەنیا لـە هـەموو ئیمتیازەکـانی خـۆی کەلک وەربگرێ دەتوانێ هەمیشە بالاتر لە بێگانەکان بێ و واتاکـانی خـۆی بەباشـی

تێبگەیێنێ و تەنانەت باشتر لەوەی کە لاوەکییەکان لە یەکتر دەگەن». بە بۆچوونی ئەو، لە حاڵێکدا کە ئەڵمانیەکان لەگەڵ زمانی زیندوو و کەلتووری زێهنی خۆی یەکگرتوویی بەدەسهێناوە، فەرهەنگە لەناوچووەکانی دیکە لە زمانی خۆیان جیا بوونەتەوە. کەلتووری زێهنی «گەمەی داهێنانە». هەر تەنیا ئەڵمانییەکان، لە پلەی خەڵکێکی یەکپارچە، دەتوانن بەتەواوی دەربارەی کەلتووری زێهنی خۆیان سەختکۆش و کۆڵنەدەر بن. لەبەر ئەمە، بە بۆچوونی فیختە، فەلسەفەی هەموو نەتەوەکان هەمیشە بۆش و دەرەکی دەمێنێتەوە. بیرکردنەوەکی فەیلسووفانە یان شاعیرانە بە زمانی ئەڵمانی بە مانای شکۆفایی و ئازاد بوونی و رووناک ئەندێشە چونکە هەرکەس لەگەڵ سروشتێکی دیکە پێوەندی بێ هۆ دەگرێ. لاوەکیانێک کە بە زمانە تێکەڵاوییەکان دەبێژن و ئاخاوتن دەکەن لە پێڕەوانی خۆیان دابڕاون «چونکە ژیانی ئەوان لە جەوهەری رەسەنایەتی خۆی لای داوە».[٨٤]

دوو دەرەنجامی گرنگ لە بابەتەکانی سەرەوە دەردەکەوێ. یەکەم ئەمەکە هەموو خەلکێک کە بە زمانی رەسەن قسە دەکەن دەبێ نەتەوە و لە ئاخردا دەوڵەتێک پێکبهێنن. بە نووسراوەی فیختە، «لە هەر کوێ زمانی جیاواز سەری هەڵداوە و ریشەی داکوتاوە، نەتەوەیەکی جیاواز بوونی هەیە مافی ئەوەی هەیە بەشێوەی سەربەخۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بە دەستەوە بگرێ و سەربەخۆیدا حکوومەت بکات».[٨٥] ئەگەر خەلکێک چاوپۆشی لە حکوومەت کردن بەسەر خۆیدا بکات، بە بۆچوونی فیختە ئەمە «بەرامبەرە لەگەڵ ئەمەکە دەیانەوێ زمانی خۆیان لە دەس بدەن». دووەم، هەموو نەتەوەکان دەبێ بە زمانی رەسەن قسە بکەن.[٨٦] سنوورەکانی هەر دەوڵەتێکی میللی سنوورگەلی وتەبێژان بە زمانی ناوخۆی ئەوە. سنوورەکانی یەکەم، رەسەن و... سروشتی بوونی دەوڵەتەکان بێگومان سنوورەکانی ناوخۆ و دەروونی ئەوانە. ئەوانەی کە یەکپارچە نادوێن لەگەڵ سنوورگەلێکی زۆر نادیار بەهۆی سروشتی خۆیانەنوە لەگەڵ یەکتر یەکگرتوویان هەیە».[٨٧] سنوورەکانی دەرەوەی دەوڵەتەکان دەرەنجامی سنوورە ناوخۆیەکانی

ئەوانن. بە بڕوای فیختە هۆکاری جوغرافی لە بەراورد لەگەڵ زمان گرنگیەتی ئەوتۆیان نییە. ئەگەر هۆکارە جوغرافیەکان لەگەڵ سنورەکانی زمانی هاوکێشیان بێ، وەکو ئینگلستان، بێگومان باشتر و سەمەربەخشتر دەبوو. فیختە لێرەدا خاڵی شووم هەڕەشاوی پێڕەو دەکا و دەڵێ ئەگەر سنوورەکانی خەڵکی ناوخۆیی لە رادەبەدەر تەنگ بێتەوە یان ئەو خەڵکە مەیلیان ببێ کە ناوچەیەکی وشک لەگەڵ ناوچەیەکی پڕپیت ئاڵوگۆڕ بکەن، دەتوانن «ئەوە بە هۆی بە دەسهێنانی خاکی دراوسێوە بۆ بە دەسهێنانی فەزایەکی زۆرتر دانیشتوانی لەوەبەری لەوێ دەربکەن».[٨٨]

کردەوەیەکی دواکەوتوانە دەبێ کە هەوڵ بدەین ئەزموونی سەدەی بیستەمی ناسیۆنالیزم بەم بیرمەندانەی سەرەتاوە نیسبەت بدەین، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان گرنگی زۆر زۆری زماننیان وەبیری ناسیۆنالیزم هێناوەتەوە. زمان بۆ زۆربەی بزووتنەوە ناسیونالیستیەکان هەتا ئەم سەردەمە یەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکان بوە، ئەم هۆکارانە بۆ بزووتنەوە جیاوازیخوازەکانی وەکو ویلزییەکان، کەوییەکان، فلاماندیەکان و باسکییەکان جێی سەرنجی تایبەتی بووە. ئەم ناوەڕۆکە تایبەتە تەنانەت بۆ ناسیۆنالیزمی Risorgimento لیبرال لە سەدەی نۆزدەهەمدا هۆکارێکی گرنگ بوو. Risorgimento بە مانای «بەهۆشهێنەرەکان»ە و زۆر لە بزووتنەوە لیبرالە بەهۆشهێنەرەکانی سەدەی نۆزدەهەم پێوەندی نزیکیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زمانناسی بووە و لەسەرووی ئەوانەوە بوون و بە ئاشکرا کردن لەمەڕ دیرۆکە دێرینەکان، گۆرانییەکان بەیت و باوی گشتی و دابونەریت و کولتوور و کەلەپووری دێرینەوە سەرقاڵ بوون. موتالای بەرفراوان کە لە ئەڵمان لەژێر چاوەدێری بارون فون ئەشتاین بەڕێوە چوو - بیرەوەری مێژوویی ئەڵمان - بە کۆکردنەوە و رێکوپێکی بڕێکی فرە لە زانیاری مێژوویی و زمانناسی سەبارەت بە مێژووی ئەڵمان بەردەوام بوو. دەرەنجام کۆکردنەوەی ئەم ئاسەوارە، ئەو جۆرە کە پیتێر ئالتێر دەنووسێ: «لە سیستمە سیاسییەکانی رابردوودا بە شێوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتە میللییەکان

داهاتوو راڤەیەکی سەرلەنوێ دەکرا».[89] ئەم دیاردە لەسەرانسەری ئوروپادا دووپات کرایەوە. بەم جۆرە ناسیۆنالیزم لیبرال لەم گەشە و نەشە زماناسییە لانشین نەبوو. ناسیۆنالیزمی سوننەتخواز زۆرتر بەرەو تایبەتخوازی دەچوو و لە جیهان خوازی ناسیۆناڵ لیبرال دوور دەکەوتەوە، لە بڕێک ئاستدا بۆچوونی فیختەیی لەمەڕ لە پێشبوونی ناسیۆنالیزمە تایبەتییەکانی قبووڵ دەکرد. زمان لە ناسیۆنالیزمی تەواو عەییاری سەدەی بیستەمدا لە پێشبوونی نەبوو بەڵکو جێی خۆی بەتایبەت دەربارە ناسیۆنالیزم لیبرال، بە هۆکاری نژادی و بیۆلۆژیکیدا.

دەوڵەتە نەتەوایەتییەکان

دەوڵەتی نەتەوایەتی هەمەلایەنە پەسندترین و لەبەردڵانترین بیچمی رێکخراوەی سیاسی و لە سەدەکانی نۆزدە و بیست بوو و لەم خولانەدا زۆر بە تاڵووکە پەرەی گرت.[90] دەوڵەتە فرە نەتەوە دێرینەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەرچەند زۆرتر بە شێوەی لەباوکەوتوو ـ و «زیندانی نەتەوەکان» ـ مامەڵە دەکران. ئەمە هەمان چارەنووسی ئەمپراتورییەکانی هابسبۆرگ، تێزاری رووسییە و عوسمانی بوو. لە سەدەی نۆزدەهەمدا نەک هەر تەنیا دەوڵەتی میللیان بە پێشمەرجی ئازادی دەزانی، بەڵکو ئەوەیان بە بوارێ بۆ نوێسازی و ئابووری دەشوبهاند. بڕێک لە تۆژەران وەک وێنە بۆ ئەم گۆڕانکارییە تەسەوریان کردووە: یەکەمین دەوڵەتی میللی کە لە ناخی دەوڵەتە سەرەڕۆ و نیوەسەرەڕۆکانی ئوروپای رۆژئاوادا گەشەیان کرد، وەکو فەڕانسا و ئینگلستان، دوابەدوای ئەوانە دەوڵەتە میللییە کەلتوورییەکان لە ناوەند و باشووری ئەورووپا و بەتایبەت دەوڵەتە میللییە یەکگرتووخوازەکانی وەک ئاڵمان و ئیتالیا سەریان هەڵێنا. سەرەنجامیش دەوڵەتە میللییە جیاوازیخوازەکان لە باری کەمییەتەوە بەرفراوان بوونەوە و لە رووخانی دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا سەرکەوتنیان بە دەسهێنا.[91]

لە تاوتوێکردنی دەوڵەتی میللی دەبینین کە هێندێ مەسەلە و گرفتی عەقلانی و تەجروبی بوونی هەیە کە پێویست بە لێکۆڵینەوەیە. یەکەمین گرفت، واژەی

«دەوڵەت»ە. ئەمە یەکێک لە پێچڕاوەترین دۆزەکانی واژەگەلی سیاسی ئوروپایە. ئەم واژە لە ناخەوە جێی دژایەتی بووە و لەسەرانسەری سێ سەت هەتا چوار سەت ساڵی رابردوو و جێی سەرنج و رامان بووە. دەوڵەت دەتوانێ رێنوێنی بەسەر خەڵکێکدا بکات کە بەشێوەی (پێوەندیدار کە مەبەستمان لە واژەی خەڵک چ بێ) لەباری سیاسییەوە رێک خراون، یان رێخراوەگەلی حکومەتی (یان رێخراوگەلی تایبەتی دەروونی حکومەت ـ وەکو باڵی بەڕێوەبەرایەتی یان دامەزرێنەری یاسا)؛ و سەرەنجام رەنگە بە مانای پێکهاتەی یاسایی یان مەشرووتەی حکوومەتەکان یان تەنانەت دەسەڵات یان دەسەڵاتداران، ئیدارات یان رێکخراوەکان بێ.[٩٢] ئاشکرا نییە کام یەک لەمانە پێوەندی بە نەتەوەوە دەبێ، مەگەر وەک ئەگەرێک لەلایەن شەرح و بەیانی «هەبوونی» خەڵکەوە بەناوی دەوڵەت، ئەگەرچی ئەم وتارانە «دەسەڵاتدارێتی خەڵکی» دەگێڕێتەوە بۆ رابردوو و راستەوخۆ لەگەڵ ناسیۆنالیزم یەک ناگرنەوە. بێجگەلەمە، لەگەڵ ئەمەکە واتاگەلی دەوڵەتە سەرەڕۆکان و سەرەڕۆخواز، مەشرووتەخواز، ئەخلاقی، کۆمۆنیستی، زۆرخواز، فیدرالیستی، یاساخواز لە دەوڵەتا بوونی هەیە، ئاشکرا نییە کە ئایا هیچ کام لەوانە لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا پێوەندیان هەیە یان نا. بە جۆرێکی دی، دەوڵەتی میللی پێویستانە هیچ جۆر، یان شێوەیەکی تایبەتی لە دەوڵەت ناگرێتە خۆ. لەم بابەتەوە بۆچوونی کۆمەڵێکی خالیسە. حکوومەتی سەرەڕۆ و تاکحزبی توندڕۆ رەنگە هەر بەقەدەر مەشرووتەخوازی لیبرال لەگەڵ ناسیۆنالیزم یەکسانی هەیە. لەبەر ئەمە، لەگەڵ ئەوەی کە پێگەی بێبایەخی «دەوڵەتی میللی» لە باری زمانناسی و ناو و ناوبانگی ئەو، هەمیشە ئەم سەرلێشێواوایەی باقیە کە ئەم لە دەسدانە بەتەواوی ئاشکرا و روونە هەم لەمەڕ جەوهەری دەوڵەت بوونی هەیە و هەم لەمەڕ پێوەندی دەقیقی ئەو لەگەڵ نەتەوە.

دووەم، ئەو جۆرە کە لە دێڕەکانی سەرەوە گوترا، شاراوەیەکی قووڵ لەمەڕ خودی تایبەتمەندی نەتەوە بوونی هەیە. واتاگەلێکی ئاشکرا لە «دەوڵەتی میللی» لە رێبازە جۆربەجۆرەکانی ئەندێشەی ناسیونالیستی مەوجوود هەن. بەم شێوە، جەوهەری دەوڵەتی میللی دەبێ، لەگەڵ تیپۆلۆژی تایبەت یەکسانی ببێ. لە باری

تیپۆلۆژی گشتی پەسندکراو و لەم بەشە، دەتوانین ئاماژە بە واتاکانی لیبرالی، سوننەتخواز، و تەواوعەییار لە دەوڵەتی میللیدا بکەین. یەکەم واتە واتای لیبرالی، سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی گرت و هەتا رادەیەکی بەرفراوان لەگەڵ بۆچوونی کلاسیک لە دەوڵەت و «دواتر لیبرالی نوێ یان کۆمەڵایەتی» بەرامبەری دەکا کە لەگەڵ کێشەکانی ناسیونالیستی مامناوەندی یەکسان بوو. ناسیونالیستە لیبرالەکان هەمیشە لە شێوەی حکوومەتی پارلەمانی، دیموکراسی نوێنەرایەتی، مافەکان و ئازادی تاک، کۆمەلگەی مەدەنی گەشەکردوو، ئابووری بازاڕ و حکوومەتی یاسا پشتگریان دەکرد. لە راستیدا بەپێچەوانەی ناوبانگی ناسیۆنالیزم بە تەئکید لەسەر تایبەتمەندی و مەکانخوازی، ناسیۆنالیستە لیبرالەکان هەمیشە لایەنگری نەتەوەی لیبرال بە شێوەی جۆرێک جیهانی بوون. ئەمە بێگومان ئامانجی گروپی «ئیتالیای لاو» کە ئیلهامی لە ماتزینی وەرگرتبوو، پێکیدەهێنا و ئێستاش هەر لە لایەن ناسیۆنالیستە لیبرالە هاوچەرخەکانەوە پشتیوانیان لێدەکرێ.[٩٣] هەروەها تەئکیدی هەموو رێبازە ناسیونالیستەکان لەسەر خودموختاری گرنگی هەیە. خودموختاری بەپێچەوانە مێژووی پڕڕاز و رەمزی خۆی لە سەدەی بیستەمدا، هەمیشە بە شێوەی هۆکارێکی بەهێزی لیبرالی ناسراوە. هێندێ لە زێهنگەلی لیبرالی تاکی خودموختار و نەتەوەی خودموختار هاوکێش لەگەڵ یەک دەزانن.[٩٤] دەربارەی ناوەرۆکی لیبرالیزم شیکردنەوەیەکی زیادی بچووک لێرەدا زەرووڕەتی هەیە. زۆر بوونی کوتوپڕی نوێتری هۆگری ناسیۆنالیزمی مامناوەندی بە نووسەرانێکی وەک دەیڤید میلێر لە ناسیۆنالیزم بۆ پایەدارکردنی بەرانبەری بڵاوکردنەوەی «سۆسیالیزمی بازاڕ» سوود وەردەگرێ.[٩٥] ئەمە رەنگە ئەم فیکرە بێنێتە ئارا کە ناسیۆنالیزمێکی سۆسیالیستی بوونی هەیە. رای من ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی هەمیشە «بەتایبەت لە لێدوانگەلێکی تازەتر» بەشێوەی لیبرالی دەستەوداوێنی رێنوێنی دەبێ و لەبەر ئەمە، لە دەروونی وتراوەی ناسیۆنالیزمی لیبرالیدا ئاسانتر دەگونجێ.[٩٦] ناسیۆنالیزمی پارێزگاری سوننەتخواز و ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار واتا جیاوازەکانی خۆیان لەمەڕ دەوڵەت بەرفراوان کردۆتەوە. دەربارەی نووسەرانی سوننەتخوازی پارێزگار ئەم دۆخەیان بەجۆری شایان پاساوی ناوبراو دەکا، هێندێ

پڕەنسیپ لە بریتانیا بەتەواوی لایەنگری سوننەتی Rechtsstaatن، هێندێکی دیکە لە فەڕانسا و ئەڵمان رووی زۆرتریان لە وێنەکانی وەک سنفخوازی، ئۆرگانیسیزم و پلەبەندی هەیە.[97] دەربارەی ناسیۆنالیزمە تەواو عەییارەکان (وەکو فاشیزمی ئیتالیا) دەبێ رێنوێنی بکرێ کە ئەوانە هۆگریان بە دەولەتی بێوێنە و تایبەتخوازی ئەخلاقی بووە.

جگە لە شاراوەکانی سەرەوە لەمەڕ دەوڵەت و نەتەوە و پێوەندی ئەوان لەگەڵ یەکتر، گرفتێکی دیکەش بوونی هەیە کە دەکەوێتە پلەی یەکەمی ـ دەوڵەت یان نەتەوە. هۆی جوستوجۆی وەلامێک بۆ ئەم پرسیارە ئاسانە: زۆر لە نووسەرانی ناسیۆنالیست ئارەزوویان بووە کە بۆ نەتەوە بە شێوەی هەستییەکی سروشتی، یان لانیکەم شتێکی زۆر دێرین، لە پێش بوونێک قایل بن و لەم رووەوە گوتویانە نەتەوەکان، دەوڵەتەکانیان لە خەیاڵی خۆیاندا خولقاندووە. سەرەڕای ئەمە، بەپێچەوانەی رێنوێنیگەلێکی شاراوەی ئانتۆنی سمیت لەمەڕ پێگەی سەرهەڵدانی قەومی نەتەوەکان، بەڵگەکان رێگایەکی دیکە نیشان ئەدەن، بەتایبەت ئەگەر بەجێی «قەوم و تایەفە» سەرنج بدەینە «نەتەوەکان».[98] دەوڵەتە قەبیلەیەکان و تاقانە سواری گۆڕەپان لە ماوەی چەندین سەدە لە پێشبوونی نەتەوەکانەوە بوون. بێگومان بە ئەندام بوونی هاوبەش، پێکهاتەکانی یاسایی و سوننەتگەلی دەوڵەتەکان لەگەڵ چەسپاندنی سەرەڕۆ پێگەیەکی تەواو و دڵخواز بۆ «ناسیۆنالیزمە سەرەتایەکان»ە. بەلام واژەگەلی ناسیۆنالیزم هێشتا بوونیان نییە و دواتر دێتە ئاراوە. ئەگەر تەنانەت ناسیۆنالیزم هەنووکە بیچمێکی بەرچاوتری هەیە، ئەمەش گرنگە کە تێبگەین هەموو شێوەی ئەمەگناسی و رەوا لە ناخی دەوڵەتەکاندا توانیویەتی بوونی ببێت و لە ناو ئەوانەدا تەنیا ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە کە لە دوو سەدەی رابردوودا سەری هەڵداوە. لەبەر ئەمە، دەوڵەتەکان سەدان ساڵ بەر لە نەتەوەکان لە ئورووپا بوونیان بووە، و بەپێچەوانەی دیرۆکەی ناسیۆنالیستی سەدەکانی نۆزدە و بیست، وا نایەتە بەرچاو کە ناسیۆنالیزم پێویستانە بە مانەوەی خۆی یان پاراستنی حکوومەت درێژە بدا.

گرفتێکی زاتی دیکە دەربارەی پێوەندی ناسکی نێوان نەتەوەکان و دەوڵـەتەکان بابەتەکانی سەرەوە پێش دێ. پرسیاری سـەرەکی لێـرەدا بـە جـۆرێکی دڵـەڕاوکێی ساکارە: ئایا دەوڵەتەکان و نەتەوەکان لـە سـەدەکانی نۆزدەهـەم و بیـستەم ـ واتـە ترۆپکی باوەڕی ناسیۆنالیستی ـ بە جۆرێک لەگەڵ واژەی تێکەڵی «دەوڵەتی میللـی» بەرامبەریان هەیە؟ شێوەگەلێکی زۆر بۆ ئەم پرسیارە بوونی هەیە. یەکەم ئەمـە کـە ئەم خاڵە جێی لێدوان و داکۆکییە کـە ئەگـەر لـە روانگـەی کردەوەیـەوە بـدوێین لـە حاڵێکدا کە نەتەوەیەک لەگەڵ دەوڵەتێک سازگاری ببێت، ئەو دەوڵەتە باشـتر بەسـەر حکوومەت کردندا زاڵ دەبێ. بـەم حاڵـەوە ئەمـە رەنگـە بـە دوو مانـا بـێ: دەتوانـێ تێبینییـەکی سـاکار بـێ کـە لـە بـاری ئـەزموونییـەوە جێـی باسـە، یـان ئەمـە کـە ناسیۆنالیستەکان ئەندێشەی ئاسانتر حکومەت کردن دێننە ئارا. تێبینی یەکەم لەگـەڵ مامەڵەی کلاسیکی نووسەرانی سـوننەتیتری وەک هـەردر و فیختـە پێوەنـدی هەیـە لەبەر ئەمە کە دەوڵەت و نەتەوە لە ئاستی تـەجروبی یـان سروشـتیدا کـەمتـاکورت سنووری هاوبەشیان هەیە. ئەو جۆرە کە هەردر دەڵـێ: «سروشـتیتـرین دەوڵـەت بوونی نـەتـەوەیـێک لەگـەڵ تایبەتمەندییـەکی میللیـە».[99] تێبینی دووەم لەسـەر ئـەو بنەمایەیـە کـە نـەتـەوەکـان پێکهاتەگـەلێکی رواڵـەتین کـە دەوڵـەتەکان بـۆ ئاسـانتر حکوومەت کردن پلان بـۆ ئـەوان دادەنـێ. ئـەم بۆچوونـە بەرامبـەری هەیـە لەگـەڵ بۆچوونی کەسانێکی وەک بێندیکت ئاندێرسۆن یان گێلنێر کە نەتەوە بە دیاردەیـەکی رواڵەتی لەسەر بنەمای تەسەور دەزانن. رێگای دیکە بۆ بـەیانی پێوەنـدی نـەتـەوە/ دەوڵەت ئەمەیە کە نەتەوە ئەگـەر لەگـەڵ دەوڵـەتی خۆماڵـی بـە حکوومـەت بکـرێ، پایەدارتر دەبێ. دەوڵەت گرێبەستکراوی پاڵپشت کردنی نەتەوە دێتە ئەژمار. ئەمـە دەتوانێ لەگەڵ خاڵـی یەکـەمیش پێوەنـدی ببێـت، چونکـە دەکـرێ وابـیر بکـرێ کـە دەوڵەت کاتێک دەتوانێ باشتر حکوومـەت بکـات، کـە نـەتـەوە هـەر تـەنیا لـە نـاخی پێکهاتەیەکی دەوڵەتیدا گەشە دەکات.

بەپێچەوانەی بابەتەکانی سەرەوە، گرفتگەلێکی زۆر بوونیان هەیـە. دەوڵـەتەکان پێکهاتـەی مافـە گـشتیترەکانن کـە بـە ئەنـدام بـوون لەوانـدا لەگـەڵ یاسـا پێناسـە دەکرێ.[100] بە پێچـەوانـەوە نـەتـەوەکـان جـۆرێکی دیکـە لـە هەسـتی کۆمەڵایـەتی،

تایبەتیتر، فەرهەنگمەدارتر و دلۆڤانترن کە بەشێوەی گشتی، لەگەڵ پێواری جۆرێکی دیکە پێناسە دەکرێن. ئەو جۆرە کە باسکرا، دەوڵەت لەباری مێژوویـیەوە چەندین سەدە لە پێش نەتەوەوە بوە و بێ‌ئەو ئاشکرا دەوامی هێناوە. ئەم بابەتانە تا رادەیەک بێزەرەرن. لەگەڵ ئەمەدا، کاتێک لە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکانی دیکە رووبەڕوو دەبینەوە، واتە ئەمە کە نەتەوەکان و گروپگەلێکی قەومی زۆر لە دەرەوونی زۆرینەی دەوڵەتەکاندا بوونیان هەیە، ئەوکات لێدوان هورووژێنتر دەبێ.[101] ئەم زۆر بوونی قەومیانە و زۆر بوونی ناسیۆنالیزمانە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا هاوکات لەگەڵ ئاوا بوونی ئیمپڕاتۆرەکانی «ئیستیعماری» رۆژئاوایی، زۆربوونی پێوەندییە هاموشۆیەکانی نێونەتەوایەتی و کۆچەرییە بەرفراوانەکانی خەلک، پەرەیان سەندووە. مەسەلە هەروەها لەگەڵ زۆر بوونی هۆگری بە نەبوونی کۆ، ناوچەگەرایی و فیدرالیزم لە دەروونی دەوڵەتەکان و وڵاتەکاندا، تا رادەیەکی زۆرتر پەرەی سەندووە. دیاردەی حەز و مەیل بە زۆر بوونی فەرهەنگەکان و زۆرتر بوونی ناسیۆنالیزمەکان لە وڵاتانی رۆژئاواخوازی وەک کانادا، زلاندی نەو، ئوسترالیا لایەنی بەبرەوتر و ئاساییتری گرتوە بەخۆوە و لە وڵاتەکانی دیکەی وەکو بریتانیا، ئەلمان، فەڕانسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیاردەیەکی هەمیشە روو (لە) زۆر بوونە؛ ئەگەرچی دەبێ بوترێ کە وڵاتگەلێکی وەک ژاپۆن ئێستاشی لەگەڵ بێ، رووی خۆشی بە زۆر بوونی فەرهەنگ نیشان نەداوە.

بەم جۆرە، لە حالێکدا کە ناسیۆنالیستەکان دەوڵەتەکان و وڵاتگەلی دێرینی فرەنەتەوەی سەدەی نۆزدەهەمیان کردبووە گاڵتەجاڕ، هەنووکە باروودۆخ هەڵگەڕاوەتەوە. هەنووکە تەسەورێکی بەڕاستی هەڵەیە کە بیر بکەینەوە هەموو وڵاتەکان لەگەڵ نەتەوەکان سازگارییان ببێت.[102] ناسازگاری ناکۆکی راستەقینە لەگەڵ رەوەندی مێژوو و دواکەوتووخوازی و زیندانی مرۆڤایەتی ئەگەری واتای لە تەنگانە کەوتنی دەوڵەتی میللی لێدەکرێ. سەرەڕای ئەمە، نەتەوەکان کۆما قەومەکان و زمانەکان کەوتوونەتە باڵای سنوورەکانی دەوڵەتەوە. جگەلەمە، بڕێکی زۆری گروپەکانی بالانەتەوەیی بە شەریکە فرەنەتەوەییەکان؛ شەریکەگەلی جیهانی

لەگـەڵ سـەرچاوەی بـەرفراوانتر لـە سـەرچاوەی دەوڵـەتەکان، بـە شـەریکەکان و ئەنجوومەنگـەلی نێونەتەوایـەتی؛ بازرگـانی و پێوەندییـەکانی جیهـانی؛ نەهادگـەلی بالانەتەوەیی بوونیان هەیە. رواڵەتەن هیچ کام لەمانە لە دەوڵەتی میللیدا بەرتەسـک نابنەوە. زۆر لە لایەنە لێدوان هورووژێنەکانی ژیان ـ پیسی، کۆنترۆڵی پێگـەی ژیـن، تێکنۆلۆژیگـەلی هەسـتەیی و ئـامێرە جەنگییـە نوێکـان ـ نـە مەسـەلەی مـیللین نـە دەوڵەتی. دەوڵەت هێشتا بە ئاشکرا ئەرک و کارکردگەلێکی بەرفراوانی هەیـە، بـەڵام دەوری ئەو تا رادەیەک کەم بوەتەوە و ئەم کارکردانە دەتـوانن بـێناسـیۆنالیزم بـە باشی بەڕێوە ببرێن. بەم حاڵەوە، لە ئێستادا تەنانـەت خـەیاڵ و تەسـەوری جیهـانی بێدەوڵەت دژوارە.

یەکێک لە مەسەلە گشتییەکان لە لێدوانی پێوەندی نـەتـەوە/ دەوڵـەت ئەمەیـە کـە ئەم پێوەندییە بەتەواوی لە داوی واژەناسی دیکە ئەسیر بـووە. بـۆ وێنـە پێوەنـدی بـەهێزی نێـوان ناسـیۆنالیزم و ئەندیـشەی دەسـەلاتـداریتی بـوونی هەیـە. واژەی دەسەلاتداریتی لە واژەگەلی سیاسی ئەوروپاییـدا تـا رادەیـەک دێرینەیـە و چەنـدین سەدەیە کە مانایەکی زۆر لـە ئـارادان کـە لـەم واژە بـەر لـە ناسـیۆنالیزم سـوودی لێوەرگیراوە. یەکێک لە مانای حەیاتی دەسەلاتـداریتی کـە لـە سـەدەی حەڤدەهەم هاتەئارا، حاکمییەتی خەلکە. ئەم واژەیە بەتایبەت لە واژەگەلی سـەردەمی شۆڕشـی کە بیری فەڕانسا گرنگی بە خۆوەگرت.[١٠٣] دەسەلاتداریتی ماوەیەکی زۆرە کە بـەپێی یاسا، پاشا، یان فەرمانڕەوا دەرک ناکرێ بەڵـکو زۆرتـر لـە پێوەنـدی لەگـەڵ خەڵـک «یان volk» دەناسرێتەوە و لـە زۆربـەی لێدوانەکانـدا، واژەی «خەڵـک» هاوسـنوور لەگەڵ «نەتەوە» بووە. خەڵـک یـان نـەتـەوە لـە بـاری یاسـادانان و سـەربەخۆیی و حکوومەت کـردن بەسـەر خـۆدا لـە دەروونی دەوڵـەتی خـۆدا بـە حـاکم زانـراون. دەوڵـەتەکان ئـەم هـاوکێش بوونـەی خەڵـک و نـەتـەوە لەگـەڵ هەمەلانـە کـردنی چاوکراوەیی جەماوەرەکان لە لایەن زمان و سیاسـەتەکانی فێرکـردنی دەوڵـەتەوە بەهێزیان کردووە. ناسیۆنالیستەکان هەمیشە هـەموو خەڵـک (بێجگەلـە جارجارێـک کۆچەران و کرێکارانی دەرەوە) بە هاوڕاوێژی خۆی دەزانێ. ئەوان هـەروەها رەوا بوونی سیاسی لە دەروونی سەرجەمدا دەبینن. هەرکە رەوا بوون و مانـا و گرنگـی

سیاسی سەرجەم خەڵک جێکەوت، ئەو کات هەنگاوێکی کورت بەرەو واتای حەیاتی دیکە ـ واتە دێموکراسی ـ هەڵدێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی ئیرادەی نەتەوە.[١٠٤] ئەم دێموکراسییە میللیانە مومکینە لیبرالی، شۆڕشگێڕی یان بەتەواوی پارێزگارانە بن. زانیاری خەڵکی یان میللی قۆناغێکی تایبەتە و زۆرتر لەژێر ڕێبەرایەتی برێک لە نوخبەگەرایی خاکم بە وەتەنپەرستی توندڕەوی دوژمنی کردنی بێگانە بیچمی خۆی دەگۆڕێ. دێموکراسی بایەخی زاتی نییە بەڵکو زۆرتر ئامێرە. برێک مەسەلەی ڕەوا بوون چارەسەر دەکا، بەڵام کاتێک هاوکێش لەگەڵ ئامانجە میللیەکانی دەوڵەت دەبێ، ئەو کات چارەنووسی تەواوی ئەو بۆ پێشبینی نابێ.[١٠٥] پێوەندی نێوان دێموکراسی و ناسیۆنالیزم لە نووسراوەکانی کەسایەتیگەلێکی وەک ئەرنێست ڕۆنان و جان ستوارت میلیشەوە بەهێز کرا. ڕۆنان تەوسیفێکی بەناوبانگی لە نەتەوە هەیە و ئەوە «بەهەموو پرسی هەموو ڕۆژە» ناودێر دەکا، و بە بۆچوونی میل ئیرادەی نەتەوایەتی ڕەنگدانەوەیەکی دیکە لە مادە و جەوهەری حکوومەتی دێموکراتیکی نوێنەرایەتی بوو.[١٠٦] بەم حاڵەوە، مانایەکی دیکە لە دێموکراسی وەکو دێموکراسی هاوبەشی سانترالیزمی دێموکراتیک یان «دێموکراسی سەرمایەداری» فاشیستی بوونی هەیە. دێموکراسی هەر تەنیا پێویستانە لەگەڵ دێموکراسی لیبرال بەتەنیایی پێوەندی نییە. دەسەڵاتی میللی دێموکراتیکی خەڵک دەتوانێ شاراوە مافەکانی تاک پێشێل بکات. ئەم کارە دەکرێ بەلای لایەنگرانی «دێموکراسی سەرمایەداری» ناسیۆنالیزمی فاشیستییەوە ببینرێ.

حەیاتیترین واتای یاسا، یان بەڵگەی ناسیۆنالیستی کە ئەمەش پێوەندی نزیکی لەگەڵ دێموکراسی و حاکمییەت هەیە، خودموختارییە. ئەمە پرەنسیپێکە کە لەسەر بنەمای ئەوە هەر نەتەوەیەک مافی هەیە خۆی لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ فۆرم بدا و حکوومەت یاساکانی خۆی دەسنیشان بکات. ئەمە واتایە کە بەتایەت لە لێدوانەکانی سەدەی بیستەمدا بەهێزەوە هاتە ئارا، ئەگەرچی تەبارنامەی ئەو بەرەو داو و بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. زەمانی بالای ناوبانگ و ترۆپکی بەرچاوی ئەو بلاوبوونەوەی چواردە پرەنسیپی پرێزیدێنت ویلسۆن پاش جەنگی جیهانی یەکەم بوو. هەر ئەو جۆرە کە تۆژەرێک نووسیویە: «خودموختاری بە

بۆچوونی ویلسۆن پیتێکی دیکە بوو بۆ دەسەڵاتداریتی خەڵک».[١٠٧] بۆچوونی خەڵک لە ڕاستیدا هەمان بۆچوونی خودا بوو. ویلسۆن خۆی لە ڕادەی کەسانێک کە لە ئارەزووی خودموختاریدا بوون سەرسووڕ مابوو.[١٠٨] ویلسۆن هەروەک ماتزینی لە سەدەی نۆزدەهەم، بە بوونی برێکی ئاستەنگی نەتەوە باوەڕی بوو. هەر دووکیان وایان بیر دەکردەوە کە ڕادە و ئیمکاناتی کردەوەی هێندێ لە دەوڵەتە میللییەکان بەرتەسک دەکا.[١٠٩] پاش جەنگی جیهانی دووەم، خودموختاری یەکێک لە پایە گرنگەکانی وتووێژی دەوڵەتەکان دەربارەی پاککردنەوەی ئیستیعمار بوو.[١١٠] لەگەڵ پێکهاتن و پەرە گرتنی ڕێکخراوە نێونەتەوایەتییەکان، خودموختاری ئەگەرچی ئێستا لە ناخەوە لەگەڵ شاراوە بوو بە واژەی وتاری سیاسی کۆتایی سەدەی بیستەم.[١١١]

ئەو جۆرە کە بەر لەمە باسکرا، لە ڕێنوێنی لەمەڕ خودموختاری گواستنەوەیەکی زیرەکانە لەباری گۆڕین بە ڕێنوێنی لیبرالی قەراردادی لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی تاک بوونی هەیە. تاکی ئازاد خودموختارە لەبەر ئەمە، میللی ئازادیش بە ڕواڵەت خودموختارە. نەتەوە بووە بە پێواری حکوومەت. جگە لە گرفتێک کە لە وتن لەمەڕ «خودی» نەتەوەیێک بوونی هەیە، مەسەلەی حەیاتی لێرەدا ئەم ڕاستییەیە کە خودموختاری میللی پێویستانە لەگەڵ خودموختاری تاک یەکسانی نییە.[١١٢] ناسیۆنالیستە لیبراڵەکان ڕواڵەتێک لە ڕاگواستنی خودکاری یەکێک بە یەکی دیکە پەسند دەکەن. هەموو نەتەوە خودموختارەکان، دەتوانن لە هەمان حاڵدا نەتەوە ئازادەکان بن.[١١٣] لەبەر ئەمە دێموکراسی نوێنەرایەتی دەتوانێ بەشی نەهادە بنەڕەتییەکان بێ. خودموختاری لە ئاستی تاکدا ڕەنگە بەم مانایە بێکە حکوومەت ئەوانەی کە ڕەئی دەدەن، ئازادانە دەسنیشان دەکەن. بەم حاڵەوە خودموختاری لە بوارێکی دیکەدا تەواوکەری مافی دەوڵەت یان جەماوەر بۆ مەوجوودیەتی سەربەخۆ و جیاوازی خۆیەتی. مافی volk [نەتەوە]ی ئەڵمان لەژێر فەرمانڕەوای ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان، یان هەر سیستەمێکی تایبەتخوازی دیکە، هەروەها لەگەڵ خودموختاری ڕەوا بوون بەدەسدێنێ. لەم بارەی دواییدا، تاکەکان دەکەونە هاوبەشی کردن یان «خۆیەکان»ی خۆیان لەگەڵ سیاسەتە میللییەکان دەناسن. بە بارێکی دیکە، لەم ڕوانگەی دواییدا پێگەیەکی کەم بۆ ئازادی تاکی ئۆرتۆدۆکس یان

دێموکڕاسی نوێنەرایەتی بە شێوازێکی لیبرالی یان سۆسیال دێموکڕاتیک بوونی هەیە. لە راستیدا لە باری واژەیەوە زۆر دژوارە کە بزانین چۆن خودموختاری تاکی خالیس دەتوانێ لەگەڵ خودموختاری میللی سولح بکات. هەر دوو روالەتەن لەگەڵ یەکتر بەشێوەی شاراوە جیاوازیان هەیە و بە چۆنیەتی راڤەیەکی ناسکەوە بەسراونەتەوە کە لە پێوەندییەکی تاک لەگەڵ نەتەوە بەرێوە بچێ. بەشێوەی روالەتی، ناسیۆنالیزم بەناوی خودموختاری هەر بەو رادە لەگەڵ فاشیزم سازگارە کە لەگەڵ لیبرالیزم چ بە ناوی دێموکڕاسی و چ دەسەلاتداریێتی واژەیەکی شاراوەیە.

ئابووری میللی

لە ماوەی سەدەی رابردوودا ناسیۆنالیزمی ئابووری یەکێک لە رەوەندەترین خۆنوێنی بە کردەوەی، ئەگەرچی هێشتا دوولایەنە، لەگەڵ ئابووری سیاسی لیبرالی ئۆرتۆدۆکسدا بووە. لە بناخەوە، ناسیۆنالیزمی ئابووری رەوشتێکە کە دەخوازێ نەتەوە لە زەمانی شەڕدا بەشێوەی مامناوەندی خۆبژیو و لە خولەکانی ئاشتیدا لە ژیانی ئاسوودەیدا بێ. باوەڕی هەیە کە نەتەوەکان تێدەکۆشن کە پێوارەکان و قالبگەلی شیاوی ژیان بۆ ئەندامی خۆی بە هۆی رەچاوکردنی سیاسەتە لەپێشترەکان بۆ پیشەکانی خۆی و هاندانی خۆی و کڕیاران بۆ کڕینی کەل و پەلەکانی ناوخۆ پێکبێنن هەتا هاوکێش کردنی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە و هەندەران و پێوارە میللییەکان پایەدار و مسۆگەر بێ. لەبەر ئەمە، گوزەران و ئاسوودەیی ژیانی میللی پێوەندی نزیکی لەگەڵ ئاسوودەیی ئابووری هەیە. لەسەرەکیترین ئاستی خۆیدا باوەڕی هەیە کە پرۆژە ئابوورییەکان لە پلەی یەکەمدا لە دەروونی سنوورەکانی دەولەتە میللییەکاندا دەسنیشان بکرێن نەک بەهۆی بازرگانی نێونەتەوایەتی. ئەم ناسیونالیزمە ئابوورییە بۆ پشتگری لە پیشە تازەپێگرتووەکان دژی بازرگانی گشت ولاتەکان دەتوانێ سیاسەتی شەڕخوازانە ـ کاتی راپەڕین بە قۆناخی ئەمپریالیستی ـ یان پشتگری ببێت.

ئەندێشەگەلێکی زۆر جیاواز زۆرتر دەربارەی ناسیۆنالیزمی ئابووری هاتوونە ئارا. لە پلەی یەکەمدا گرنگ ئەوەیە کە لە نێوانی ئەوانەدا جیاوازی دابنێین. بەم

حاڵەوە، ناسیۆنالیزمی ئابووری زۆرجار بەرامبەرە لەگەڵ دوو بزووتنەوەی ئابووری ئوروپایی تایبەت، واتە کامرالیزم و مێرکانتیلیزم زانراوە. بەم جۆرە بۆ وێنە ناسیۆنالیزمی ئابووری زۆرتر لە کتێبەکاندا بە ناوی نئۆمێرکانتیلیزم تەوسیفیان کردووە. ئەم ڕێبازە لەگەڵ خۆبژیوی ئابووری، ناسنامەکان و پێرستی نرخەکان و سیاسەتە پاڵپشتەکانیش دەناسرێتەوە. هەموو ئەم پڕەنسیپانە دەکرێ بە رواڵەت و پلە جیاوازەکان لە ناسیۆنالیزمی ئابووری بزانرێ.

کامرالیزم لە سەدەی شازدەهەمدا لە هێندێ دەوڵەتەکان و هەرێمەکانی ئەڵمان سەریهەڵدا و پەرەی گرت. ئەم ئەندێشە ئابوورییە پێوەندیەکی نزیکی لەگەڵ مەسەلەکان و تێبینییە سیاسەتە ماڵییەکانی ئیدارەی حکوومەتی و شێوازی فەنی بوو. لەم رووەوە کامرالیزم نەک هەر تەنیا لەگەڵ باشترین ڕێی بە دەسهێنانی سامان لە لایەن دەوڵەتەوە بەڵکو لەگەڵ باشترین شێوازی بەکاربردنی ئەم سامانەش سەروکاری پەیدا دەکرد. ئەم ئەندێشە کۆمەڵێک لە خزمەتکاران و کارپێسپێراوانی فەرمانڕەوایانی سیاسی هێنایە ئاراوە.[114] هۆگری و ئامانجی سەرەکی ئەوان ئاسوودەیی ژیانی گشتی لە هەر دەوڵەتێک یان هەرێمێک تایبەت بوو. بنەڕەتی ئەم ئاسوودەییە لە دەستکەوتێکدا بوو کە لە نیشاندانی نیازەکان مسۆگەر دەبوو. بەم شێوە کامرالیزم بە ناوی تێکنۆلۆژی مەدەنی بۆ ئیدارە و فەرمانڕەوایی و حکوومەت بەرفراوان و پەرەی گرت. بۆ زانستی ئابووری و بەتایبەت دەرامەتە ماڵییەکان بە شێوەی پانتایەکی سەربەخۆ و جیا لە سیاسەت نەدەڕوانین، بەڵکو لە لایەنێکی یەکپارچەیی گرنگیان دەزانی کە لە ئاسوودەیی ژیانی گشتی هەرێمی یان وڵاتدا بەشی هەیە. بە جۆرێکی تر، ئابووری پێڕەوی ئاسوودەیی ژیانی سیاسی دەوڵەت بوو. زۆر لە هەرێمە خودموختارەکانی ئەڵمان لەو سەردەمەدا و تەنانەت هەتا سەرەتای دەیەی ١٨٠٠ لەباری جەماوەر و خاکەوە بچووک بوون و لانیزۆری ئابووری وەرزێڕی و گوندییان بوو. برێکی زۆر لەوانە ئەمیران و شازادە سەرەڕۆکانی ناوخۆ ئیدارەیان دەکرد. تاک بەپێڕەوی دەوڵەت دەزانرا و دەوڵەت وەک بنەماڵەیەکی مەزنی یەکگرتوویی شازدە و ئەمیر مامەڵەی لە تەکا دەکرا.

کامرالیزم لەگەڵ مێرکانتیلیزم بەراوردیان کردووە، ئەگەرچی ئەم بەراوردە ئاستەنگیگەلێکی هەیە. لە لووتکەی گەشەکردنی کامرالیزمدا، ئابووری زانست جیا لە دەوڵەت نەبوو. لە لایەکی دیکەوە، مێرکانتیلیزم واتای خۆزانیاریانە لە ئابووری سیاسی بوو، ئەگەرچی هێشتا لەگەڵ بەرزەفڕی دەوڵەتە بنەماڵەیەکان، یان پاشایەتی کۆخواز پێوەندی بوو. سەوداگەران یان مێرکانتیلیستەکان باوەڕیان بە پشتگری کردن لە پیشە ناوخۆیەکان لە لایەن پێکهێنانی بەرگەی پێناسە، میزان کردنی بارودۆخی کارخانەکان بوو. تەنانەت بە دەسهێنانی موستەعمەرات لەم دەلاقەوە بۆی دەڕوانین و دەیان ویست لەوەی مادده خاوەکان بۆ پیشەکان و کارخانە ناوخۆیەکان مسۆگەر بکەن. ئەم ڕێبازە هەروەها ئیدارەی بەراوردکراوی میزانی پاکردەکان بۆ سەرکەوتنی ئابووری بە حەیاتیان دەزانی. لایەنگری پێشکەوتن و باڵا بردنی پیشەکانی ناوخۆ لە لایەن یارانە دان بە ناردن و نەبووین هاندان بەهێنان بوو. مێرکانتیلیزم لە ئینگلستان و کیشوەوی ئورووپا باوەڕی سەرکەوتوو و بەهێز لە بواری ئابووری سیاسیدا هەتا سەدەی هەژدەهەمی پێکدەهێنا. هێندێ لە لایەنگرانی ئەو سەردەمەی ئەم ڕێبازە ڕووداوی بەدەس هێنانی زێڕ و زیو لە لایەن یەکسان بوونی پێویستی بازرگانیشیان لە ڕیشەی مێرکانتیلیزم داناوە. ئامانجی مێرکانتیلیستەکان هەمیشە ناردن باڵاتر لە هێنان بوو هەتا ڕووداوی بە دەسهێنانی ئاسنی بەنرخ و بە سوود. بەم جۆرە بەرهەمی مێرکانتیلیست لە سامان بەرامبەر لەگەڵ بەدەسهێنانی ئەم ئاسنەبە نرخە بوو.[١١٥] هیچ کام لە مێرکانتیلیستەکان باوەڕیان بە ئابووری خۆبژێوی نەبوو. بازرگانی هەمیشە پێوست بوو، بەڵام سوودی ڕووبەڕوو لە بازرگانی بە خەیاڵی خاو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

مێژووی دۆزی دەوڵەتی خۆبژێو تەقریبەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فۆرمگیری کۆبوونەوە سیاسییەکان لە یۆنانی دێرین.[١١٦] بەم حاڵەوە، یەکێک لە کامڵترین ڕەنگدانەوەکانی ئەم دۆزە دەکرێ لە کتێبی فیختەدا بەناوی دەوڵەتی بازرگانی بەسراوە بدۆزرێتەوە کە بە بۆچوونی هێندێ لە لێکۆڵەران لە ستایشی قووڵی بە کۆششەکانی ژاکۆبنەکان لە کۆنترۆڵی پاش شۆڕشی فەڕانسا سەرچاوە

دەگرێ. لەو سەردەمەدا لە پرۆس مێرکانتیلیستەکان لەژێر گوشاردا بوون و ڕەنگبێ لە ١٧٨٦ لە مەیدانبەدەرکران کە بە ئالۆزییەکی ئابووری گەیشت. فیختە نە لایەنگری مێرکانتیلیزم بوو نە بازرگانی ئازاد. ئەو باوەڕی بە دەولەتێکی سەختگیر بوو کە کۆنترۆلی ژیان، کار و هێمنایەتی هەموو هاوولاتانی بە ئەستۆوە بێ. ئەو هەستی دەکرد کە کار نابێ بۆ هاوولاتیان باری قورسی ڕۆژانە بێ بەلکو دەبێ بە شێوەی کارێکی چێژبەخش هەلسوکەوتی لەگەلدا بکرێ. ئەم چێژە دەبێ لە لایەن بڕیارنامەی بە زۆرەملەی دەولەت لەگەل کرێکاران مسۆگەرە بێ هەتا کاری مەعاشی ژیانی ئەوان لە کاردا دەستەبەر بێ. دەبێ هەمووکەس لە سەرانسەر ژیانی خۆیدا لە هەژاری و دەسکورتی و کەم و کووڕی بەدوور بێ. دەولەت دەبێ چاوی لە خەلک بێ؛ لەبەرئەمە، هیچ کەس زیاتر لە نیازی خۆی پوول و پارە نەشارێتەوە و پاشەکەوتەی زیادی نەکات. لە ڕاستیدا پێکهاتەی گشتی دەولەت بە شێوەی سەرهەودا پێچراوەکان لە بڕیارنامەکانی نێوان گروپە ڕێپێداکانی تەولیدکاران، پیشەوەران و بازرگانان تەسەور دەکرا.[١١٧] بە بۆچوونی فیختە، ئابووری کۆنترۆلنەکراو بە کۆششی شێتانە بۆ بەدەسهێنانی پارە دەگەیشتە ئەنجام کە بەش بە حالی خۆی سەری لە ئانارشی و کەس لە کەس و شەڕ دەردەهێنا. تاقانە مالیات دەبوایە بۆ مەعاشی کارمەندانی ڕەسمی دەولەت، مامۆستایان و ئەرتەشیان وسوول بکرێ کە هەلبەت هەموو ئەمانە دەبێ مووچە و هاوکاری بەرامبەریان لەگەل گروپەکانی دیکە ببێت. هەروەها دەولەت دەبوایە لە لایەن حوکمی ڕەسمییەوە هەموو نرخەکان و بایەخەکانی دیاری بکات. بایەخەکان بەپێی سوود وەرگرتن و گۆڕینەوە بوون. بایەخی سەرەکی بووشلێک (بەرامبەر بە ٣٦/٤ لیتر) دانەوێلە بوو. بەم جۆرە هەموو بایەخەکان ئالوگۆڕ دەبوایە لەگەل «پارەی دانەوێلە» بەراورد بکرێ و فیختە ڕێنوێنی دەکرد کە باشترە بەجێی لێدانی سکە، ئەسکناس تایبەت بەناوی (Landgeld ـ پوول و پارەی ولاتێک) بە چاپ بگات کە لە (weltgeld ـ پارەی جیهانی) کە دەبێ بەتەواوی لەژێر کۆنترۆلی دەولەتدا بێ) بۆ ئالوگۆڕ ببێت. بووشلێک (کەویژ یان ڕبە) دانەوێلە بەرامبەر بە ئەسکەناسێک Landgeld بێ ـ فیختە پێشنیاری دەکرد کە ئەم ئەسکەناسە (پارەی کاغەزی پشتیوانەدار) دەکرێ لە پارچە

چەرمێک بێ.[118] سەرەنجام ئەمە کە، سنوورەکان دەبێ پلەپلە بەرووی هەموو بازرگانەکانی دەرەوە دابخرێ و دەوڵەت لە باری ئابوورییەوە خوبژی و بکرێ. بە بۆچوون فیختە (لە دەوڵەتێکی پەسندکراوی عەقڵیدا کەسایەتی راستەقینە نابێ سەرقاڵی بازرگانی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی وڵاتێکی دەرەوە ببێ».[119] هەر چەشنە بەستنی نیوەکارە و زۆر کەمی سنوورەکان هەر دەیتوانی هۆی ئازار و رەنجان بێ. لەبەر ئەمە، داخستنی سنوورەکان دەبێ بەتەواوی بێ. مەکینەکان، ماددە خاوەکان و بەرهەمە وەرزییەکان دەبێ بە وەسیلەی دەوڵەت بێتە ناوەوە، بەڵام سنوورەکانی دیکە دەبێ بەتەواوی داخراوبێتن. تاقە کەسانێک کە رێی سەفەر بە دەرەوەی وڵاتیان هەیە، بیرمەندان و لێکۆڵەرەوانن کە زانیاری تایبەت بە داهێنان و فنوونی نوێ لەگەڵ خۆیان دێنن.[120] چاوەڕوانی لەوان دەکرێ لەگەڵ پیشە ناوخۆییەکان هاوکاری نزیکیان ببێت و داهێنان و فەنی نوێ رابگوازنە ناو ئەوان. بە بۆچوونی فیختە وەها وڵاتێک دەتوانێ بۆ هاووڵاتیانیش ببێ بە بەهەشت. هێمنایەتی تەواو هاووڵاتیانیشی مسۆگەر دەکا و هەژاری لەودا بوونی نابێ، هەموو بەختەوەر دەبن،ماڵیات کەم دەبێ و تاوان کەم دەبێتەوە. باشترە وەبیر دێنێتەوە کە فیختە خۆبژیوی ناوبراوی لەگەڵ باوەڕی پتەو بە پێناسەی میللی بەپێی زمان پێکەوە گرێ دەدا و ئەمە هەر ئەو ناوەڕۆکەیە کە لە کتێبی خیتابەکاندا لەمەڕ ئەو لێدوان کراوە. وڵات هەر تەنیا کاتێک سنوورەکانی لەباری بازرگانی بەتەواوی دادەخرێ کە بە «سنوورە سروشتییەکان» گەیشتبێ، سەرەڕای ئەمە، وەها سنوورگەلێک مومکینە لە شێوەی پێویست لەگەڵ شەڕ و لە کاتی سەرکەوتن بەدەست بێن.[121]

کتێبی فیختە لە تاریکە شەوی سەدەی نۆزدەهەمدا بە دەستی فەرامۆشی سپێردرا، ئەگەرچی کەسانێکی وەک فێردیناند لاسال بوون کە لە ناخەوە بە کتێبی ئەو هۆگر مانەوە. زۆر لە ناوەڕۆکە دایرکراوەکانی فیختەش لە بوارەکانی دیکەدا سەرهەڵدەدەن، ئەو جۆرە کە شوێنی پێی دۆزەکانی ئەو لە لووتکەی گەشە کردنی خولەکانی داڕشتنی پرۆژەی یەکێتی سۆڤیەتدا هێندێ کەس دەیبینن. ئەگەرچی ئەمە بڕێک تێکەڵ بە شات و شووتەوە و نەگونجاو دێتەبەرچاو.[122] لەگەڵ ئەمەشدا، کاتی ئابلۆقەی ئابووری لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم و پاشان

سەرلەنوێ لە ١٩٣٣، لە سەردەمی وەزارەتی دوکتۆر شاخت لە رژێمی نازی کە یەکەمین مێعمارانی پرۆژەکانی ئەڵمان بۆ خۆبژێوی بوو، هۆگری ئابووری بە ئاسەواری فیختە لە ئەڵمان سەرلەنوێ گەشایەوە. دۆزەکانی فیختە لە زەماندا بەشێوەی گشتی لە بواری ئابووری جەنگی خۆبژێوی دابوو کە بەڕێگای جۆربەجۆردا لەگەڵ روانگەی ئەو پێوەندی بوو. هەرچەند کە ئەندێشەکانی فیختە دەنگدانەوەیەکی تایبەت و دیاری لەسەر ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار و ناسیۆنالیزمی سوننەتخواز بوە، لەسەر ناسیۆنالیزم لیبرال کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەهێشتووە. بەم حاڵەوە، ئاشکرایە کە خودی فیختە بە وەها رێژەیەک رازی نەبوو.[١٢٣]

ناوێک کە زۆرتر لە هەمووان وەبیرهێنەری ناسیۆنالیزمی ئابووری پشتگرخوازی ئابووری لە سەدەی نۆزدەهەم دایە. فریدریش لیستی ئابووریزانانی ئەڵمانیە بەتایبەت لەگەڵ کتێبەکەی بەناوی سیستەمی میللی ئابووری سیاسی.[١٢٤] بوار و بەستێنی کتێبی لیست لە پلەی یەکەمدا دوژمنی ئەو سەبارەت بە سیاسەتەکانی توجارەتی ئازادی بریتانیا و شالاوگەلی بەرهەمەکانی کارخانەیی ئینگلیستان بە بازاڕەکانی ئەڵمان بوو. ئەو بە تەواو هێزەوە لایەنگر یەکێتی مشتەریان بۆ هێندێ لە دەوڵەتە هەرێمەکانی ئەڵمان بوو (Zollverein) کە دەبوایە لە بەرامبەری پەلامار و تالانی پیشەکانی ئینگلیسی پشتیوانی لەوان بکرێ.[١٢٥] بەبڕوای لیست مێژووی بڕیارنامەکانی بازرگانی ئینگلیس کۆششێک بوو بۆ رەوانە کردنی دەستکەوتی کارخانەکانی ئینگلستان بۆ بازاڕە تازەکان و «لەناوبردنی پیشە ناوخۆیەکانی ئەو وڵاتانە».[١٢٦] لیست سیاسەتی بازرگانی ئینگلستانی بە یەکێک لە ریشەکانی شۆڕشی ئەمریکای دەزانی.[١٢٧] ئەو بەتایبەت لە مێژووی «یاساکانی زەریاوانی ئینگلستان» و گفتگۆکانی نێوان ئینگلستان و یەکێتی هانسای [کە رێکخراوەیەکی پێکهاتوو لە شارەکانی ئەڵمان و گروپە بازرگانییەکانی ئەڵمان لە دەرەوەی وڵات بۆ داکۆکی لە بەرژەوەندی بازرگانیان دەدرایە قەڵەم] لە عەزابدا بوو. بە بۆچوونی لیست ئینگلستان بە هۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەگەڵ مامەڵەچیانی هانسای لە کێوی بوونی وەرزێڕی رزگار ببوو. ئەو کات بە هۆی

سیاسەتی داکۆکی و پشتگری، وەکو «یاساکانی زەریاوانی» کە نەترسانە لە بازرگانی دەرەوە لە دوورگەکانی بریتانیا بەرگری دەکرد، بالاتر بوونی پیشەسازی و بازرگانی هۆلەند و ئەلمان لە دوورگەکانی ئینگلستان دەکرد. لیست ئەم کارەی بە هۆکاری بەرتەسک کردنەوەی بازرگانی یەکێتی هانسای دەولەتە هەرێمییەکانی ئالمان ولاتی هولەند و هەروەها لەمپەرێک بۆ کۆچەری کرێکارانی شارەزا لە ئوروپا و ئینگلستان دەزانی. ئینگلستان بە کردەوە ئەم رووداوەی بە مەبەستی بەهێزکردن و باشکردنەوەی پیشەکانی خۆی دنەی دەدا. ئەم پرەنسیپە دەربارەی زوغاڵسەنگ و ماسیگیری قبووڵ و بەکاردەبرا. ئینگلستان پاشان نەترسانە بەهێزی دەریای بەتوانای خۆی پاسەوانی لەم سیاسەتە دەکرد.[128] لە راستیدا ئەو ولاتە حازر بوو بۆ پاراستنی ئەم سیاسەتە تەنانەت شەڕی بۆ بکات، وێنەی ئەوە جەنگی دەریای ئینگلستان و هۆلەندا بوو. ئینگلستان پاش گەیشتن بەم لە پێش بوونە بازرگانییە بە بۆنەی کەلوپەلی حەیاتییەوە بێبەزەییانە، خۆی بە پشتیوانی بازرگانی ئازاد پێناسە کرد کە لە راستیدا ئامێرێکی دیکە بوو بۆ پاراستنی سیاسەتی دڵەکوتەی ئابووری خۆی لە بازاڕەکان. لەبەر ئەمە، ئامانجی لیست ئەوە بوو کە ئەلمان و نەتەوەکانی دیکە لە دەست سیاسەتی بازرگانی ئازادی ئینگلستان نەجات بدا.

لیست لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئادام سمیت لەمەڕ وردەکاری مێژووی بازرگانی بریتانیا رواڵەتەن فەرامۆشی هەڵبژاردن بووە.[129] لیست بازرگانی ئازاد، ئابووری بێ بەندوبار و جیهانوەتەنی دەدایە بەر پەلامار، بەلام بە ئیحتیاتەوە رێنوێنییەکانی خۆی دەخستە چوارچێوەی مێژووەوە. ئەو باوەڕی بوو کە هەموو نەتەوەکان لە قۆناخی دوایی خوارەوە تێدەپەڕن: شوانی؛ وەرزێڕی، پیشە کارخانەیەکان هاوکات لەگەڵ وەرزێڕی.[130] قۆناخی دوایی پێویستترین قۆناخ بوو بۆ سەربەخۆیی میللی بەو مەرجە کە نەتەوە خاوەنی خاڵی بەرفراوانی تەواو، جەمعیەت، سەرچاوەی سروشتی تەواو و مادده خاوەکان بێ. بە بڕوای لیست، نەتەوە لەگەڵ زمان، ئەدەبیات، مێژوو، داب و نەریت، یاساکان، سنوورەکان و خوو و ریشەکانی خۆی دەناسرێتەوە و زۆرتر لە نێوان نەتەوەکاندا جیاوازیگەلێکی زەق

و حاشاهەڵنەگر بوونی هەیە. بە رای ئەو هەر نەتەوەیەکی بێ ئاو و خاکی تەواو یان زمانی جیاواز مەحکووم بە رووخان و شکان بوو. ئەو وەکو زۆربەی هاوچەرخانی خۆی بیری دەکردەوە کە نەتەوەکان لەسەر بنەمای سنووری دیاریکراو و ئاو و هەوای خۆی لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە ـ نەتەوە سەرکەوتووترەکان دانیشتووی ناوچە خۆش ئاو و هەواکانن.[131] بازرگانی ئازاد بڕێک لە قۆناخەکان وەکو قۆناخی وەرزێری، پڕ بە پێست بوو؛ لەگەڵ ئەمەدا، کاتێک پیشە کارخانەیەکان لە حاڵی پێهەلگرتندا بوون، لە قۆناخی سێیەم، دەبوایە بە بەرگە پێناسە گومرکییەکان پشتگری کرابان تاکو دەرفەتی بەربلاوبوونەوەی تەواو بە دەس بێنن. ئازادی نێونەتەوایەتی بازرگانی بە مانای کۆیلایەتی میللی بوو. «ڕێنوێنی پیشەسازی تازەپێهەلگرتوو» کە لیست ئەوە بە بەرامبەر لەگەڵ قۆناخی سێیەم دەزانێ، لە لایەکەوە ئەلکساندر هامیلتۆن لە کتێبی راپۆرت لەمەڕ بابەتی کارخانەجات پێڕەوی کرا و هامیلتۆن لەم کتێبەدا هەستا بە پشتگری کردنی حکوومەت بۆ هاندان و پاڵپشتیکردن لە پیشە ناوخۆیەکان ، لیست ئەم ڕێنوێنییەی بەرفراوان کردەوە کە دەوڵەتە هەرێمییەکانی ئەڵمان و پیشەکانی ئەو خولەی لە قۆناخی سێیەمدا دەبینی. توجارەتی ئازاد دیسان دەبێ لە قۆناخی چوارەمدا پڕ بەپێست بێ، واتە کاتێک کە نەتەوە بە رادەی پێویست بەهێز بوو بکەوێتە ململانێ. بەم حاڵەوە بۆ دووری کردن لە خولی گەڕانەوەی بەرەودوای ئابووری، سیاسەتی توجارەتی ئازاد دەبوو بە ترسەوە بەکارببرێ.

لیست لەنێوان ئەوەی کە ناوی ئابووری جیهانوەتەن و لەبەر ئەمە، بازرگانی ئازاد، دەیتوانی کار بکات. بەر لەوە، ئابووری میللی پێویست بوو تاکو مانەوە و گەشەکردنی پیشە ناوخۆیەکانی نەتەوە مسۆگەر بکات. لیست دەربارەی ئابووری جیهانوەتەنی هەم لەگەڵ ڕێبازی فیزیۆکراتەکاندا بوو هەم لەگەڵ ئادام سمیت.[133] ئەو حاشای لەوە بوو کە ئابووری میللی بەم بۆنەوە دەربەست لایەنگری گەڕانەوە بۆ مێرکانتیلیزمە. بە عەکسەوە کێشەی بوو کە ئەو هەر تەنیا برێک پڕەنسیپی بەبایەخی لە مێرکانتیلیزمی بە قەرز وەرگرتووە.[134] ئەو هیچ سکاڵایەکی لە جیهانوەتەن نەبووە. لە راستیدا بۆ ئەو ئاشکرا بوو کە نەزمێکی ئابووری بێخەوش

و ساخ دەبێ لە دوا لێکدانەوەیدا ئامانجی توجارەتی ئازاد بێ. ئەو هەروەها تەئکیدی دەکرد کە سیستەمی ئابووری سالم دەبێ وەکو بریتانیا، یان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دارڕژاو لەسەر بنەماکان و بایەخە لیبرالەکان بێ. مەوجوودییەتێکی دەوڵەمەندی توجارەتی هەر تەنیا لەگەڵ پلەیەک لە ئازادییەکانی تاکی ناوخۆ گەشەی دەکرد.[135] لەبەر ئەمە، ئاشکرا بایەخە لیبرالەکانی بەتەواوی ستایش دەکرد و باوەڕی بوو لە ئەندێشەی سیاسیدا دەبێ لیبرال بی. سەرەڕای ئەمە، لەسەر ئەم باوەڕەش بوو کە ئۆرتۆدۆکسی ئابووریزانانی لیبرال نەیاندەزانی چۆن دەربارەی بنەماکانی ڕێنوێنیگەلی خۆیانەوە لێدوان بکەن.[136]

لیست زانیاری لە بڕێک لایەنە گرنگەکانی لیبرالیزمی زەرووری دەنرخاند. یەکەم ئەمەکە، نەتەوە لیبرالەکان، وەکو ئینگلستان کە لە بازرگانی ئازاددا بەهێزتر بوون ئەم پلەبەرزیەیان لەگەڵ وەلاتانی توجارەتی ئازاد لە ڕابردوو و پشتگری لە پیشە میللییەکانی خۆیان بە دەسهێنابوو. دووەم، بۆ ئەو ولاتانەی کە دواتر دەهاتنە ناو کێبەرکێی پیشەسازییەوە، پلەی بازرگانی ئازاد کەمتر بوو. لە ڕاستیدا لە چاوی نەتەوەکانی لە حاڵی پەرەسەندندا، توجارەتی ئازاد زۆرتر وێچووی ناسیۆنالیزمە پەرەخواز و ئەمپریالیستی نەتەوە بەهێزترەکان بوو، بەڵام بە بەرگێکی دیکەوە.[137] سێیەم توجارەتی ئازادی لیبرالی و بایەخە لیبرالییەکانی کاریان بۆ بازارە ناوخۆیەکان دەکرد و بەسوود بوون. بەڵام هەمیشە بۆ بازرگانی دەرەوە پڕبەپێست نەبوون. ڕێنوێنی و باوەڕی توجارەتی ئازاد، بەرفراوانکردنەوەی مەنتقی ڕێنوێنی بوو کە هێرشی دەکردە سەر ئاستەنگییەکانی حکوومەت لە پانتای ناوخۆدا. سەرەڕای ئەمە، وەها پەرەسەندنێک هەمیشە مەجاز و شیاو نەبوو. لیست وەبیر دێنێتەوە کە لە «بازرگانی ئازاد»دا زەرووڕەتی جیاوازی نێوان ئازادی بازرگانی لە دەروونی ولات و ئازادی بازرگانی نێوان نەتەوەکان نەدرابووە قەڵەم.[138] ئەو دەیگوت ئەم خاڵە سەرەکییە لە بینینی ئادام سمیتدا پۆشراوە ماوەتەوە. چوارەم، لیبرالیزمی جیهانوەتەن بوونی نەتەوەکان بەتەواوی ناهێنێتە ئەژمار و لەبەرچاوی نەدەگرت. دەسەڵاتی سیاسی ئەوان و کاریگەری کەلتووری دەخستە پشتگوێ و بەجێی ئەوە خوازیاری تاکخوازی ناکۆمەڵایەتی دەبوو. لە

ئابووری لیبرالدا واتای بخۆری جیهانی وەپێش هاوولاتی میللی دەکەوت. پێنجەم، لیبرالیزمی جیهانوەتەن لە زانینی ئەم خاڵە کە سامانی راستەقینە نابێ لەگەڵ پوول و پارە بەراورد بکرێ بەڵکو دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی تەولید و دروستکردن بەراورد بکرێ، تێدا مابۆوە. بەپێچەوانەی ئادام سمیت و بۆچوونی ئەو، وزەی بەرهەمێنانی ئەو رادە کە لەگەڵ یەکگرتوویی کاری بەرهەمێنانی هاوبەش ئاسان دەبوونەوە لەگەڵ دابەشکردنی کار ئاسان نەدەبوونەوە. بە وتەی لیست: «وەکو کارخانەیەکی دەرزی دروستکردن لە نەتەوەیکیشدا بەهرەمەندی هەر تاکێک ـ لە هەر باڵێکی جیاوازیانەی تەولیددا ـ و سەرەنجام نەتەوە بەگشتی، پێوەندی بە کۆششەکانی هەموو ئەو تاکانەوە هەیە کە لە پێوەندی تایبەتدا لەگەڵ یەکتر هەیانە».[١٣٩] یەکگرتوویی و یەکپارچەیی نەتەوە، هەم بناخەی بەرهەمهێنانە و هەم بنەمای ئاسوودەیی ژیان و بەختەوەری ئەوان. شەشەم، لیبرالیزمی جیهانوەتەن، دەرەنجامی نابینای خۆی سەبارەت بە مێژووی بازرگانی، لەم راستەقینە غافل ماوە کە دارژاوە لەسەر بوونی پێشووی نەتەوە. هەمیشە دەولەتخوازییەکی شاراوە و ناسیۆنالیزمێکی بەشێوەی ئاماژەیی لە ئەندیشەی لیبرالدا بوونی هەبووە. دەوڵەتەکان و نەتەوەکان دوا بواری سەرەکی بازاڕگەلی لیبرالی سەرکەوتوویان پێکدەهێناوە. چوارچێوەی یاسای میللی، داکۆکی میللی، ئاسوودەیی ژیانی میللی، ئامانجەکانی میللی و دەوڵەتی میللی، هێمنایەتی بەکردەوە هەستپێنەکراو و بەشێوەی بوار و راخەری بازاڕ بووە. بە بۆچوونی لیست، لەبەر ئەمە، بێ هۆ نەبوو کە کتێبی گرنگی ئادام سمیت ناوی سامانی نەتەوەکانی لێنرابوو.[١٤٠] لیست لایەنگری ئەوە بوو کە ئامانجەکانی میللی بەشێوەی ئاشکرا لە چوارچێوەی لیبرالیدا بگونجێندرێ. دەستێبردن و دەستکاری حکوومەت لە بازاڕی میللی بەهۆی سیاسەتگەلی پشتگری، ئەوەی کە لەوەبەر لە ئەندیشەی لیبرالدا بەشێوەی دەروونی و ئاماژەیی بوونی بوو ئاشکرای کردبوو. دەبێ لێرەدا دەرکەوتبێ کە لیست لایەنگری تاقانە ترسی و تاقانە شەڕخوازی، ناسیۆنالیزمی سوننەتخواز یان ناسیۆنالیزمی تەواو عەییار نەبوو، بەڵکو لایەنگری لە ناسیۆنالیزمی لیبرالی بەبایەخ و پێچراوە دەکرد.

دەرەنجام

لە میانەی هەموو ئیدئۆلۆژییەکاندا کە لەم کتێبەدا لەمەڕ ئەو لێدوانمان کردووە، ناسیۆنالیزم پێچراوەترین مەسەلەکان بەدیدێنێ. تەنانەت سەرسەریترین بینەری رووداوە سیاسییەکان لە دەیەی رابردوو، بە گرانی دەتوانێ رەتی کاتەوە کە ناسیۆنالیزم وزەیەکی زۆر بە هێزی لە جیهانی سیاسەتدا بوو. بە پێچەوانەی بە جۆش هاتنی مەزنی ناسیونالیستەکان لە خولی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ئاسیا، ئافریقا و رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەمەدا بە بۆچوونی بڕێک کەس ناسیۆنالیزم لە کۆتایی سەدەی بیستەم باوی بەسەر چووە و خولی بالای راستەقینەی ئەو سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بووە. گومانی تێدا نییە کە جیهان پاش سالی ١٩٤٥ پرەنسیپی بەرهەلستکاری بۆ هێندێ لە ئارەزووە بەرزەکانی ناسیۆنالیستی بووە. هاوکات بوونی مێژووی ناسیۆنالیزم لەگەڵ فاشیزم و ناسیۆناڵ سۆسیالیزم، لە گەشە و نەشەی شاراوەی ئەو، هەتا دەیەی ١٩٨٠ بەتایبەت لە ئوروپا کەم رەنگ و کاڵ بووبووە. بێجگە لەمە، هەم کاردانەوەی دێموکڕاسی لیبرال و هەم کۆمۆنیزمی لە خولەکانی پاش جەنگ یەکێتی ناموقەدەسی نێوان ئەم دوانە دژی ناسیۆنالیزم سەری هەلێنابوو. بە زمانێکی ساکارتر، لە هیچ کام لەم دوو ئیدئۆلۆژییەدا حەز و مەیلێکی ئەوتۆ بە دۆزی ناسیۆنالیستی بەرچاو نەدەهات و ئەمە تا رادەیەک لەو رووەوە بوو کە هەر دوو خاوەنی ئارەزووی بەرزی جیهانوەتەنانە و نێونەتەوایەتی بوون. جگە لەمەش، جەنگی سارد و گفتوگۆکانی سیاسی نێوان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بووە هۆی ئاستەنگی و کەمبوونەوەی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی لە پانتاکانی بندەستی هەر دوو دەسەلات. دێموکڕاسییە لیبرالەکانیش لە روالەتا و تا رادەیەک بە هۆی سوور بوون لەسەر موداراکردن، زۆرخوازی و جۆربەجۆر لە دەروونی جەماوەرە مەدەنیەکان، مایلبوون کە کاریگەرییەکانی ناسیۆنالیزم خاو کەنەوە و لە دەوری خۆی بخەن. سەرەنجام، ئاسوودەیی ژیانی رێژەیی ماددی، و ئابووری زۆربەی سیستمە دێموکراتیکە

لیبرالییەکان لەسەردەمی پاش جەنگ، گیرایی و کێشی ناسیۆنالیزمی بە شێوەی کەژاوەی دەنگ دەربڕین و سکالای بەرتەسک کرد.

لە حاڵی حازر، واتا و کردەوەی ناسیۆنالیزم لە هەڵوێستی نائاسایی دان. ئەو جۆرە کە لەسەرەوە گوترا، زۆر کەس تەسەور دەکەن کە ناسیۆنالیزم لە خولی پاش ساڵی ١٩٤٥ لە حاڵی ئاوا بوون و گیانەڵلا دایە. تایبەتمەندییەکانی ئەو رەوەندە بەردی بناخەی ناسیۆنالیستەکانی دژی ئیستیعمارە. لایەنگرانی «باوەڕی ئاوا بوونی» ئەم ناسیۆنالیزمە دژی ئیستعمارەیە لایەنێکیان لەژێرخان و خەندەکی میللی راڤە نەکردووە کە هەرکە دەوڵەتە میللییەکان دادەمەزرێن بە کرژی بەرەو لاواز بوون دەڕۆن. لە راستیشدا ئەمە تا رادەیەک راستە کە یەککگرتوویی بزووتنەوە ناسیونالیستییەکان و ئازادیبەخش، پلە بە پلە لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتەکان و پەرەگرتنی ئەوان لەناو دەچێ. لەگەڵ ئەمەشدا، رووداوەکانی پاش ساڵی ١٩٨٩ راست هیواکانی کەسانێک کە بەتایبەت لە ئوروپا چاوەڕوانی مەرگی ناسیۆنالیزمیان دەکرد، بەدینەهێنا. زۆر لە ترسەکان، رەخنەکان و گومانگەلی کەونی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەمەڕ ناسیۆنالیزم لە پڕ سەرلەنوێ زیندوو بوونەتەوە. لە زۆربەی بوارەکاندا ناسیۆنالیزم وا دێتە بەرچاو سەرلەنوێ سیستەمی تایەفییان ئاشکرا کردووە کە جارێکی دیکە زیندەخەوگەلێک لە نژادپەرستی، قەومکوژی و چەواشەخوازیگەلێکی چەکدارانە لەوانەوە سەری هەڵێناوە. دێتە بەرچاو کە ناسیۆنالیزمە لە بواری فیکریدا لەگەڵ شەپۆلی بەگوڕی بنەماخوازییەکانی هاوبەش بووە. ئەو جۆرە کە هابس باون دەنووسێ: «ئەگەری ئەوە دەکا کە دید و بینینی بالای زەمینی، تایبەت بە خۆ بوون و هەڵسوکەوت، ترس لە بێگانە و بنەماخوازی بە شێوەی لایەنگەلێک لە دیاردەکانی بێگانە (تاقانە) ببینێ».[١٤١] تەنیا جیاوازی نێوان بنەماخوازی مەزهەبی و ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم لە باری شاراوەتر بوون و کەمتر پرۆگرامدار بوونی کێشی زۆرتری هەیە. هیچ شتێک ناتوانێ بۆشایی ناسیۆنالیزم پڕ کاتەوە و جۆش و خرۆشی نامەنتقی بدۆزێتەوە. لە راستیدا ئەمە یەکەم رەخنەیە کە دەتوانرێ دژی ئەو بەکار ببرێ. پێچەوانەی گشت ئیدئۆلۆژییەکانی‌تر

که لەم کتێبەدا لەمەڕ ئەوان لێدوانمان کرد، ناسیۆنالیزم پتر لە هەمووان دوور لە مەسلەکی بنەماخوازییە. دەخوازرێ عادەت و خووی دەوروبەری خۆی کۆوەکا و لەم رووەوە زایەڵەی ئەو شتەیە کە لایەنگرانی زۆرتر حەز بە بینینی دەکەن. ناسیۆنالیزم یانووسێکی (یانووس لە دینی رۆمی دێریندا خودای «سەرەتای» زەمانی و مەکانی) ئیدئۆلۆژیکی تەواو دیارە. ئەم کارە هەم ئەوە دەکا بە مەسلەکێکی سوودبەخش بۆ لێدوان و هەم لە ناخەوە شاراوەی دەکا.

وێڕای تێرامان لەمەڕ ترس لە بێگانەی ولاتێکی وەک ئینگلستان لە ماوەی جەنگی دوورگەی فالکلەند یان ئوروپای رۆژهەلات لە دەیەی ١٩٩٠ دژوارە کە وەکو رەسالەی ئاکتۆن لەمەڕ ناسیۆنالیزم کە لە ١٨٦٢ بلاوکرایەوە، هەمان هۆگری بە ناسیۆنالیزم سەرلەنوێ بە دەست بێننەوە. ئەو باوەڕی وایە کە ناسیۆنالیزم لە ئەندێشەی سیاسیدا زۆرجار لە ناخەوە بەرەودواخوازە ـ هەم لە باری پشتگری کردن لە ئازادی تاک و هەم پەرەپێدان و پتەوکردنی شارستانییەت. ئەمەکناسی و وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی سەبارەت بە دەوڵەتێک یان ولاتێک هەمیشە بەرەو شاندێکی تایبەتیتر لە رێکخراوەکان و دەستوورییەکان و یاساکان رێنوێنی دەکرێ. دەربارەی ناسیۆنالیزم، وەفاداری و ئەمەگناسی بەشێوەیەک سەبارەت بە گرووپی قەومیە، دەرەنجام دەتوانێ بە سەرکوت یان بێزاری لە هەموو گرووپە قەومییەکان بێتە ئەنجام. لەم بارەوە ئاشکرایە کە گرووپەکان تەنانەت گرووپە قەومییەکان، بەئاسانی و قبوولکراویەکی زۆرترەوە لە نێو سنوور دەوڵەتێکی قانوونمەندی بەرفراوانتر بەدەس بێنن کە هەڵوێستی قەومی یان میللی نەبێ. لەم پانتایەدا، دەوڵەتی چاوکراوەی فرەنەتەوە یان فرەقەومی زۆرتر و کاریگەرتر دەتوانێ بە ئازادی پایەبڵندی مرۆڤ و کرداری شارستانییەتانە یارمەتی بکات. کەم روو دەدا مەگەر بە هەلکەوت دەوڵەتەکان لەگەڵ نەتەوەکان بەرامبەر بن.

دەوری ناسیۆنالیزم لە سیاسەتی جیهانی هاوچەرخدا کەم تا کورتێک لێدوانهرووژێنە. دەربارەی رووداوەکانی ئاخر، زۆر بە دوورە کە ناسیۆنالیزم هۆی گۆڕانکاری لە رووسییە، ئوروپای رۆژهەلات یان ئالمان بووبێ. زۆرتر دەبێ

بوترێ کە ناسیۆنالیزم لە هەڵوێستی ئابووریمەدارییەکدا بەهرەمەند دەبێ کە لە مۆسکۆ یان جێگەکانی دیکە ڕێدەخرێن. گرفتگەلی ئابووری لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو تەواوکەری پاشەکشەی نیزامی و ئابووریە. ناسیۆنالیزمی دواکەوتوو لە هەموو وڵاتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا زۆرتر بەرهەمی هۆکارگەلێکی وەک هەستی ئاوارە بوون و جێگۆڕکێ لە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی - ئابووری خێرا یان جووڵانەوەی جەماوەرییە. بەجۆرێکی دیکە، ناسیۆنالیزم یان بیچمێک لە بناخەی میللی و نوێسازیە یان (لە ئابوورییە پێشکەوتووترەکانە) خۆ نیشاندانێکە کە هەستی ناڕەحەتی لە بەرامبەر داهێنانی رووخێنەر یان گۆڕانکاری کوتوپڕ بەدیدێنێ.

بێجگەلەمە، ئابوورییە میللییەکان و دەوڵەتە میللییەکان گوشارگەلی دەروونی و بێروونیان بە تاقیکردووەتەوە.[١٤٢] ئەگەرچی فریدریش لیست لەمەڕ «پیشە تازە وەسەرپێکەوتووەکان»ی ئەو دەوڵەتانەی کە لە حالی بەرەوپێشچووندا هێشتا کڕیاریان نییە، لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو (جگە لە وڵاتێکی وەک ژاپۆن) ڕوانگەی ئابووری میللی بە جۆرێکی زیرەکانە نێونەتەوایەتی (وەکو GATT [مواقەت نامەگەلی گشتی بەرگە پێناسە و توجارەت]، ڕێکخراوە مالیەکانی نێونەتەوایەتی (وەکو سنووقی نێونەتەوایەتی پارە و بانکی جیهانی) سازمانگەلی نێونەتەوایەتی یاسایی، سیاسی و نیزامی (وەکو ڕێکخراوەی نێونەتەوایەتی یەککگرتوو، دادی نێونەتەوایەتی مافی مرۆڤ ڕێکخراوەی ناتۆ)، سەفەرەکان و کۆچ کردنە نێونەتەوایەتییەکان، نوێنەرە نێو دەوڵەتییەکان و نادەوڵەتی، هەموو ئەمانە هێندێ لە کارکردەکان و ئەرکەکانی دەوڵەتە میللییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم یان بیستەمیان کەم کردۆتەوە. بەتایبەت لە ئوروپا، گەشەی موئەسساتی ئوروپای ناوەندی، پرۆژەگەلی یاسایی و بازرگانی و تەئکیدی زۆر کردن لەسەر ناوچەگەریی، دیسان دەوری ڕەسەنی دەوڵەتی میللی کەم کردۆتەوە.

سێ وەڵامی ڕاستەقینەتر و بیرمەندانەتر دەربارەی گەشەی ناسیۆنالیزم هاتوەتە ئاراوە. وەڵامی یەکەم بریتییە لە ڕەت و نەفی تەواو و کەماڵی ناسیۆنالیزم لە حوکمی ئیدئۆلۆژییەکی رووخاو، کاڵ و گەندەڵ لەگەڵ تەئکیدی

سەرلەنوێ لەسەر جیهانوڵاتی ڕێبازی جیهانخوازی. بێژەرانی ئەم وەڵامە بزاقە جۆراوجۆرەکانی جیهانوەتەن، باوەڕ بە مافی مرۆڤ و بوونی بەرانبەری جیهانی بالاتر لە سنوورەکانن. لاوازی سەرەکی ئەم کێشە ئەوەیە کە زۆرجار بە شێوەیەکی مەترسیدار وەکو «فیکە لێدانی دەم با» دێتە بەرچاو. دورە کە ویستەکانی ناسیۆنالیستی لەناو بچن یان دەوڵەتی میللی یەکپارچەیی بنەڕەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوایەتی لە داهاتوودا بۆ پێشبینی کردن نەبێ. خۆشەویستی دەوڵەتی میللی بێگومان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کەم نەبووەتەوە. بەپێی وەڵامی دووەم ناسیۆنالیزم شێوازی هاوکاری و ئەمەگناسی ویستی مرۆڤایەتییە؛ لەگەڵ ئەمەدا، جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان ناسیۆنالیزمی شەڕخواز و ناسیۆنالیزمی مامناوەندی بوونی هەیە. ناسیۆنالیزمی مامناوەندی قابیلی قەبووڵە. ئەم وەڵامە بە جیاوازییەک نزیکە کە یەکەم کۆهن و پاشان بە لاسایی کردنەوەی ئەو، پلامناتز لە نێوان ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دایان ناوە. وەڵامی دووەم کومەڵێک لە نووسەرانی نوێ قبووڵیان کردووە و ڕەنگدانەوە و زایەڵەی تەئکیدی ناسیۆنالیستە لیبرالەکانە.[١٤٣] عەیب و ئیرادی ئەم کێشە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم ئیدئۆلۆژییەک، هاوتای باوەڕی ریشەیی نییە. هەرکە بە زمانلووسی و جامەلۆسکێیانە بانگهێشتنی گۆڕەپان دەکرێ، کردەوەکانی بۆ پێشبینی کردن نابێ و گومانلێکراوانە (لە ڕاستیدا زۆرتر لە گومان) هەر بەو چەشنە کە لیبرال کەوتوەتە ستایشی تاک، ناسیۆنالیزمیش کەوتووەتە کێشەگەلی نەزانانە لەمەڕ خاک و خوێن. ئەم هەستە بەهێزە لە ئاراد هەیە کە باوەڕە ناسیونالیستییەکانی میل و بە جوولانەوەی پلەبەپلە بەرەو هەڵدێر و نزمایترین و ناپەسندانەترین کێشەیان هەیە. ولامی سێیەم کۆششێکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە گرێدراون بە نەتەوەکان و دەوڵەتەکان، سوورە لەسەر ئەوەکە هاوێرکردنی ناسنامەی ئەوان هەمیشە درۆ بووە. کە وابێ ئەرک ئەوەیە کە دەوڵەتەکان هانبدرێن هەم جۆرەبەجۆری ناوخۆیی و ناوچەیی و قەومی بپارێزن و هەم لەگەڵ کۆما بەرفراوانترەکانی وەکو یەکێتی ئوروپا یا پێوەندی دەرەوەیان ببێت. ئەم پێوەندیانەی دەرەوە ڕەنگە یارمەتی مالی و پەسندکردن و پشتگری کردن لە

پێوەندییە ئابوورییەکان، سیاسی، یاسایی، پێگەی ژین و فێرکردنی نێونەتەوایەتی لەخۆ بگرێ. ئەم رێکارە ئەگەرچی ناسیۆنالیزم لە ناو نابا، بەلام بێگومان لە ئاستەنگ کردنەوە و کەمبوونەوەی کاریگەری ئەو بەشی هەیە و بێتەئسیر نییە.

مەسەلەی گشتی دەربارەی نووسین لەمەڕ، ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە تەنیا فرەوێژی نووسەر هان نادرێ، بەلکو کاتێک پێشبینەکان دێنە ئارا حەز و مەیل بە وەپێشکەوتنی خێرا لە بالاترین پلە یان زیرەکترین نووسەریش دێتەئارا.[144] لەبەر ئەمە، هەنگاونان بۆ پێشبینی کارێکی مەترسیدارە. ئەو جۆرە کە گوتراوە، گومانی تێدا نییە کە کێشەگەلی قەومی و ناسیۆنالیستی لە حالی حازردا لە ناو ناچێت. ناسیۆنالیزم لایەنێک لە سیاسەتی جیهانی لە بەشێکی گرنگ لە سەدەی بیست و یەکەم پێکدەهێنێ. سەرەڕای ئەمە، کاردانەوەی درێژخایەن دەتوانێ ئەوە بگرێتە ژێر بال. زۆر لە پرەنسیپە دوولایەنە رەواکانی دۆزی ناسیۆنالیستی، وەکو هاوکێش شوبهاندنی دەولەت لەگەل نەتەوە و خەلک، هەنووکە دێتەبەرچاو. گرفتی سەرەکی بۆ داهاتووی پێشبینی کردنی، چۆنیەتی بەرتەسک کردنی کاریگەرییەتی ناسیۆنالیزمە.

بەشی دەیەم

بوتەکان و بوتشکێنی

لەم کتێبەدا بە چ دەرەنجامێک دەگەین؟ بڕێک لە لایەنەکانی ئیدئۆلۆژییەکانمان تاوتوێ کرد. یەکەم ئەمە کە ئیدئۆلۆژییەکان پێچراوەیی دەروونیان لەوە زۆرترە کە زۆرجار بیری لێ دەکەینەوە. ئەم مەسەلە هەمیشە لە دەروونی ئیدئۆلۆژییەکاندا لەگەڵ سەرکۆنە یان بێدەنگێکی نەترسانە رووبەڕوو دەبێتەوە. بنەڕەتی کتێب هەر ئەم پێچڕاوە دەروونییە پێکیدەهێنا. بەم حاڵەوە، لێکدانەوەی ناسکتر، زۆرتر نەبوونی پێکهاتنی قووڵی دەروونی ئاشکرا دەکا. دووەم هەر ئیدئۆلۆژییەک هێندێ مەسەلەی بازنەیی، بایەخەکان یان دۆزەکانی هەیە. سەرەڕای ئەمە، ئەم پڕەنسیپانە رواڵەتێکن و هەر تەنیا مومکینە لە حوکمی هێماگەلێکی رێنوێنی گشتیدا تێبینیان لەسەر بکرێ. ئەوانە لە رێبازە جۆراوجۆرەکاندا، بڕێک شتی زیادی و پێوەندیگەلێک بە دەست دێنن. لێرە دایە کە جیازی دەروونی مەزن لە باری راقەوە ئاشکرا دەبێ. سێهەم، ئیدئۆلۆژییەکان هەر تەنیا لە باری دەروونییەوە پێچڕاوە نین، بەڵکو بە یەکەوە تێکەڵیان هەیە و لە شێوازگەلی هاوبەش کەلک وەردەگرن. لە راستیدا بەپێی مەکان، لە نێوان مەکتەبە ئیدئۆلۆژییە جۆربەجۆرەکاندا پێوەندییەکی زۆرتر بوونی هەیە. هەتا لە نێوان رێبازە دەروونییەکانی ئیدئۆلۆژییەک، هەر ئەمە هۆی سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژییە تێکەڵە جۆربەجۆرەکانی وەکو پارێزگاری لیبراڵ، لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی، فەمینیزمی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیزمی ئانارشیستی و ئەوانیتر بووە. دەبێ ئەمە ناوی پێچراوەیی بێروونی لێبنرێ، ئەگەرچی مانای «بێروونی» و «دەروونی» لەم بوارەدا تا رادەیەک مانا نابەخشن. ئێمە لەگەڵ ریشەکان و رایەڵە بەرفراوانەکان لەم پێوەندیە دەروونییە واتاییانەدا روبەڕوو بووینەتەوە.

هەر ماشەرێکی واتاکان و بایەخەکان و پلەبەرزییەکانی ئیدئۆلۆژیکی، بوتبینی **تایبەتی خۆی** هەیە. زۆربەی ئەم واتایانە کە بە**رزەفرێ** بە**یان تێگەیشتنیان هەیە** هەمیشە کێشە دەکەن کە بوتبینی ئەوان هەر تەنیا «ناو»ی دیکە نییە بەڵکو جەوهەرێکی هەستی‌ناسانە لە راستەقینەیە. لە چەند سەدەی رابردوودا مێژوو لەگەڵ دەرفەتگەلێکی زۆری بێسەرکەوتن گەیشتووەتە کۆتایی و بەرەی یەک لە دووی یەکی بوتبینان و مەدحنامەنووسان لەگەڵ مەسەلەگەلێکی زۆرتر دەس بە یەخە بوون

و ناکام ماونەوە، ئەوان نەک هەر تەنیا کاتی خۆیان لە ڕێی شەرح و بەیانی بوتەکاندا مندار کردووە، بەڵکو لە ڕێی ئەمەدا بە فیرۆیان داوە کە بۆچی بوتەکانیان سەرکەوتوانە بە راستەیەکاندا بە راستەقینە نەگەیشتووە. هێندێ لە بوتەکان سەرهەڵدانی دووپاتە و سێپاتەیان بووە، موعجزەئاسا سەریان هەڵداوەتەوە، بەڵام هەمیشە پاش خولێکی مێژوویی کورت، دزەی کەون و گەندەڵ بەڵام پڕشەوق و زەوقیان بووە.

من ئەرکی کردنەوەی کەلکسیۆنێکم لە بوتەکان بەڕێوە برد کە لە دوو سەدەی رابردوودا کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر ژیانی مرۆڤ دانابوو. ئەمە راستە کە من ئەوەم لەگەڵ ئەم میتۆدە کردووە دەبێ وەک جۆرێک بوتشکێنی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. ڕەنگە هێندێ کەس شێوەی کاری من و تەئکید لەسەر ئەوە کە ئەوانە یەکتر دادەپۆشن، ئەوانە بە کرداری رووخێنەر دەربارەی بێخەوشی بوتی چەمکی خۆیان بزانن. ڕەنگە ڕێنوێنی من هێندێ جار لەسەر هەڵوێستەی هێرشی کوتوپڕکراو و شەبەیخوون لێدراو و جاری واشە ئەوە دەخاتە پەراوێزەوە. مومکینە هێندێ لێکدانەوەی من دەرەی بێ نرخ بنرخێنن و بە دەرسگەلێک لە مەبەستی ئاشکرا و ئاسان بشوبهێنن، چونکە ئیدئۆلۆژییەکان هەلگری ناوەرۆکگەلی جۆربەجۆرن و زۆر جار لە باری واتایەوە پڕن لە تێکەڵاوی. لەم بابەتەوە ئەمە بوتشکێنییەکی ناتەواوە. تەنانەت ئەگەر ئەمە راست بێ، لە وەها لێکدانەوەیکدا ئەرکێک یان کارکردی دەرمانی پاشماوە و دواکەوتوو بوونی هەیە. ئەم و ئەو ڕەنگە ڕێنوێنی من بە کۆششێک بۆ «بێهەڵوێستی» یان هەنگاوێک بالای باوەڕە ئیدئۆلۆژییەکان بزانن و حاشا لە بوونی هەموو بوتەکان بکەن. سەرەڕای هەموو شتێک دەربارەی ئەمە کە ئیدئۆلۆژی من یان بوتبینی من چییە، دەگرێ چی بوترێ؟ ئایا گشت بوتشکێنەگان، خۆیان بوتبینانی شاراوە نین؟ ئەم لایەنە بەرگری لە کاری ئیدئۆلۆژیکییە. ئەو جۆرە کە نووسەرێکی بیرورد دەنووسێ: «لەبەر ئەمە، دارا بوونی ئەندێشەیەک لە ئیدئۆلۆژی، بەشێوەی پارادۆکسی، سەرەوخوارییەکی بارێک بەرەو بوونی «ئیدئۆلۆژییەک»ە.[1] من چ کارێکی دیکە لێرەدا دەتوانم بکەم جگە لە مەکە بە ویژدان نزیک ببمەوە؟ تاقانە دۆخی

هاوکێش کردنی تاوان یان بە وشەی یاسایی «کەیفیاتی موخەففەف» ئەمەیە کە هەوڵم داوە دەرک بکرێم.

هەرکام لەو ئیدئۆلۆژیانەی کە من تاوتوێم کردوون، دەتوانێ بەشێوەی شاراوە نووسەرێکی هۆشیار و بیری ورد دەنووسێ: «چۆنیەتییەکانی کورتکراوە»، ئەمەیە کە کۆششمان کردووە لێمان تێبگەن.

هەر کام لەو ئیدئۆلۆژیانەی کە من تاوتوێم کردوون دەتوانێ بەشێوەی شاراوە راڤەیەکی ئاسایی بێ بۆ هەموو ئیدئۆلۆژییەکان. لە راستیدا ئەم کتێبە لە گشتی خۆیدا دەیتوانی لە روانگەی ئیدئۆلۆژیکی هەر کام لە ئیدئۆلۆژییەکانەوە بنووسرێ. بەم حاڵەوە، من تێکۆشاوم هەتا جێیە کە ئیمکانی هەیە لەم رێ تایبەتییە دووری بکەم و خۆبپارێزم. زۆرتر بە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی سەودای دەلالەتەکان و باوەڕگەلی هەر روانگەیەک و سەرنج دان بە پێچڕاوەیی دەروونی ئەو خۆ سەرقاڵ کەم.

بە بۆنەی نەقڵی قەولێک کەس لە سەرەتای ئەم کتێبە لە ئۆمبرتیکۆ هێناومەتەوە، دەبێ سەرنج بدرێ کە من تا رادەیەک خۆم قایل کردووە کە لەژێر پۆشراوەی پۆستمودێرنیستیدا کار بکەم، واتە سەبکگەلێکی زۆری بەیانی سیاسی بگرمە پێش؛ ئەمە نایەتە بەرچاو کە بەیانی دوا راستەقینە یان بناخەی ئیدئۆلۆژییەکان بێ بەڵکو دەرکەوتنی ریشەیەک لە ئیستیعارەکان یان خەیاڵەکانە. راستەقینە لە دەروونی ماشەری ئیدئۆلۆژییەکان دروستکراوە و هیچ کام بەسەر ئەوی دیکەدا پلە و پایەی پێنەدراوە. لەبەر ئەمە، لەگەڵ خەیالاتی جۆربەجۆری زەرووری سەروکارمان هەیە. بەپێچەوانەی ئەم راستەقینە کە من بە قەناعەت گەیشتووم کە راستەقینە لە دەستکەوتەکان و بەراوردە واتایەکان و زمانناسی ئێمەدا نییە، هەتا ئەو جێیەی من دەزانم هیچ رووبەڕوویەکی دوانیم نەکردۆتەوە. من بە تێگەیاند و حاڵی کردنی پێکهاتەشکێنی جیهانی بێکۆتایی لەگەڵ دەلالەتی فیکری هیچ هۆگرییەکم نییە. من نەمویستوە بچمە دەروونی مایەی پەراوێزە نەوێستاوەکان یان پاوەرەقە ئیدئۆلۆژیکان یان بە نووسینەوەی سەرلەنوێی ئەوانەوە خۆ خەریک بکەم. بوێرانە لەسەر ئەم بڕوایەم کە ئیدئۆلۆژییەکان هەمیشە پێکهێنەر و جوستوجۆگەری زانستی متافیزیکی لە بوونی راستەقینەن. ئەوان دەیانەوێ هەڵوێستیان بە شێوەی

هەستناسی ڕەچاوگیریێ. لەبەر ئەمە، ئەوانە چیرۆکی خەیاڵی نین بەڵکو بە بۆچوونی من، بارودۆخ مرۆڤایەتی دێنە ئەژمار. ئێمە بە سیستمەکان و موتڵەقەکان نەگۆڕەکان باوەڕمان هەیە،، زۆرجار دەربارەی گومانە نائیرادەیەکان و ئیفلیجکەر گومان دەکەین. بەڵام ناتوانین لەگەڵ گومان نائیرادەیی ژیان بکەین. ئەمە هەم بارێکی قورسە لە لایەنی سەبکی لێهاتوویی دەلالەتی ئێمەوە و هەم بەخششی ئەوە.

باشترە ئەم کتێبە زۆرتر بە وتووێژێکی پێچراوە لەمەڕ واتاگەلی موتڵەق و ڕاستەقینە بیری لێبکرێ کە زۆر کەس ئارەزووی ئەوەیان هەیە ژیان لەگەڵ ئەوانە بەرنەسەر، هەرچەند کە هاوڕێ لەگەڵ گومانە حاشاهەڵنەگرەکان بێ. هەروەها خوێنەر تێدەگا کە من هێندێ ئیدئۆلۆژییەکانم بۆ ژیان ساکارتر لە باقی ئیدئۆلۆژییەکان دیوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەدا، ئەگەر تاوتوێ کردنی ئیدئۆلۆژی وەک وتوویژ بڕوانین، کەواتە ئەم وتوویژە هەڵگری گوێ پێنەدانە. هەروەها بەشێوەی ئامازەی تەواوکەری گومان، خۆگومان، حورمەت و ڕێزی ڕووبەڕوو و بەرامبەر و خۆکەمبینی بۆ تێگەیشتنە. ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەک دەربارەی موتڵەق بوونی ئیدئۆلۆژیە تایبەتیەکان کاریگەری بێهێزی و لاوازکردنی ببێت، کە بێگومان شتێکی خراپ نییە.

یادداشتەکان

بەشی یەکەم: جەوهەری ئیدئۆلۆژی

1. See Kennedy, 'Ideology'; Head, 'Origins of "ideologue" and "ideologies" and *Ideology and social science.*

2. Head, *Ideology and social science*, p.28

3. Ibid. p.4

4. See Kennedy, 'Ideology' p.356; Head, *Ideology and social science.* PP.114ff.

5. See Kennedy, 'Ideology' p.358.

6. See Stein, "Beginnings of Ideology", p.169.

٧. گێڕانەوە لە:

Kennedy, 'Ideology' p. 362.

٨. ئەو جۆرە کە ئینگلس لە نامەیەکدا نووسیویە: «مرۆڤەکان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، هەر ئەوان لە پێگەیەکی دیاریکراو مێژووی خۆیان دروست دەکەن کە لەودا گەشە و بالایان کردووە، پێگەیەک کە لەسەر بنەمای پێوەندی راستەقینەی بوونی لەوەبەر، یەکێک لەوانە پێوەندی ئابوورییە؛ سەرەڕای ئەمە، کارتێکراوی لە پێوەندییەکی دیکە ـ پێوەندی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی ـ یە کە کاریگەری بوێرانە و یەکلایەنەیان هەیە و هۆکاری سەرەکی لە نێوان ئەواندا پێکدەهێنێ». گێڕانەوە لە:

Mclellan, *Ideology*, p. 22.

٩. چاو لە لێدوانە دژ بە یەکە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ ئەم خاڵە بکە کە ئایا مارکس واژەی زانیاری درۆی بەکار بردووە یان نا، هەروەها کەڵک وەرگرتنی سەیری خودی ئینگلیس لەوە سەرنج.

Plamenatz, Ideology, p. 25; Seliger, *Marxist Conception of Ideology*, p. 28FF;

Parekh, *Marx's Theory of Ideology*, pp.12ff; Mcelellan, *Ideology*, pp.18ff; Adams, *Logic of Political Belief*, pp.9ff.

10. Ricoeur, *Lectures on Ideology and Utopia*, p. 8.

11. Mannheim, *Ideology and Utopia*, p.69.

12. See n. 11 above.

13. See, for example, Williams, *Concepts of Ideology*, pp.27-8; Ricoeur, *Lectures on Ideology and Utopia*, p.167

14. Mannheim, *Ideology and Utopia*, pp.70ff.

15. Ibid, pp.137ff.

١٦. بەشــە ســارد و هیوابـڕەکانی کۆتــایی کتـێبی ئیـدئۆلۆژی و یۆتۆپیـا بـاس لـە وتووێژە توندەکان لەمەڕ «کۆتایی ئیدئۆلۆژی» لە وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەکـا؛ سەرنج.

Mclellan, *Ideology*, p.49

17. Fukuyama, "*End of History*?"

١٨. لەمەڕ ئەم خاڵە دیسان لە بەشی پێوەندی لەگەڵ پارێزگاریدا لێدوان کراوە.

١٩. نووسەرانی وەک و. هـ. گرین لیف، نوئێل ئوسۆلیڤان، ر. ن. برکی، کن مینوگ و دەیڤید منینگ زۆر لـەژێر کاریگـەری ئوکشاتدا بـوون. لـە کتـێبی ویراسـتاری منینـگ بەناوی ڕواڵەتی ئیدئۆلۆژی (*The Form of Ideology*) زۆر لە گرووپی کارناسی مەزن کە لە زانکۆی دورهام لە لایەن منینگوە بەڕێوە دەبرا، لە ڕەها کردنی ئـەم کتێبـەدا بەشـداریان بووە. مایکل ئوکشات بۆ ماوەی دە ساڵ تاوتوێکەری بێرورونی بوو کـە لـە پـێش وتـاری کتێبی ناوبراودا گوتی، سمینارەکانی ئەم خولە دەرسییە دەبـێ لـە «بـەردەوامـی فیکـری تایبەتمەند» سوود وەربگرن (ل vii). هەموو نووسـەرانی نوێ، وەکو گوردوون گراهام لە کتێبی ئەندێشەی سیاسی لە پێگەی خۆیدا و یان ئادامز لە کتێبی مەنتقی باوەڕی سیاسـی (*Ian Adams, The Logic of Political Belief*) دەریـان بـڕیوە کـە لـە بـاری فیکرییـەوە قەرزداری هەڵوێستی ئوکشات منینگ بوون، بەڵام ویستوویانە مابەینی ڕەخنەیی خۆیـان لەگەڵ ئەو بپارێزن. لەگەڵ ئەمەدا، هەر دوو کتێبەکان کە بە جۆرێکی دیکە کەم تـا کـورت مەنتقی بوون، تا ڕادەیەک بە کۆشش و دوودڵییەوە بۆ وەلانانی خاڵگەلێک کـە ڕواڵـەتەن بۆ خوێنەری مامناوەندی بووە، ئاسـتی خۆیـان هێناوەتـە خـوارێ. بـۆ خوێندنـەوەتـرین لێدوان دەربارەی ئەم گرووپە لێدوان دەربارەی ئەم گرووپە لە پێوەندی لەگـەڵ ئەندێـشەی ئوکشات، سەرنج.

Williams, *Concepts of Ideology*, ch. 3.

هەروەها سەرنج بە بەیانی کلاسیکی دانیل بێل لە:

20. Lipset, *Political Man*, p. 406.

Daniel Bell, The end of Ideology: *On The Exhaustion of Political Ideas in the 1950s*; Shils, 'The End of Ideology' and 'Concept and Function of Ideology' and Waxman (ed.), *End of Ideology Debate.*

21. Lipset, *Political Man*, p. 408.

22. See Duncan, 'Understanding Ideology', p. 649.

23. Butler and Stokes, *Political Change in Britain.*

24. See Goldie, in Ball, Farr and Hanson (eds), *Political Innovation*, p.268.

25. Shils, 'Concept and Function of Ideology', p.74.

26. MacIntyre, *Against The Self - Images of The Age*, p.5.

27. Hamilton, 'Elements of Ideology', p. 22.

28. Kuhn, *Structure of Scientific Revolutions*; Feyerabend, *Against Method*; Lakatos and Musgrave, *Criticism and The Growth of Knowledge*; Hesse, *Revolutions and Reconstructions*.

29. See, Adams, *Logic of Political Belief*, pp. xiii 3

هەروەها لەمەڕ ئەم ورەیە لەسەر کار، سەرنج.

Corbett, *Ideologies* and Plamenatz, *Ideology*.

لە راستیدا، لەگەڵ هێندێ پلەی جیاواز لە خۆزانیاری، پێشمەرجی ئەندێشەی سیاسی لێکدانەوەیەک لەسەردەمی ئێستەدا بوونی بووە.

٣٠. ئەم خاڵە لە هاوێرکردنی ناوەندی مارتین سلیگر لە نێوانی تەسەوری گشتی «بەستێنی» و «گونجاو» لە ئیدئۆلۆژیدا دەنگی داوەتەوە. سەرنج.

Ideology and Politics.

٣١. دەربارەی راپۆرتی دوایی بوونی جۆربەجۆری و پێچراوەیی لە بۆچوونە نوێکان لەمەڕ ئیدئۆلۆژی. سەرنج.

Thompson, *Studies in the Theory of Ideology*.

32. Seliger, *Ideology and Politics*, p.120

33. Ibid, pp.192-3.

34. Ball, *Transforming Political Discourse*, p.4.

35. Farr in Ball, Farr and Hanson, *Political Innovation*, p.24-5.

٣٦. بە بۆچوونی ریکۆ «شایستەگی دوورکەوتنەوە هەمیشە بەشێک لە ئەندێشەیە» سەرنج.

***Lectures on Ideology and Utopia*, p.233.**

بەشی دووەم: لیبرالیزم

1. See Collins, *Liberalism in 19th-Century Europe*, p.3.

2. Eccleshall, *British Liberalism*, p.4.

3. See Hayek, *Philosophy, Politics, Economics and History of Ideas*, p.119; Gray, *Liberalism*, p. x.

4. Arbalester, *Western Liberalism*, p.7.

5. See Laski, *Rise of European Liberalism; Macphrson, Political Theory of Possessive Individualism*; Arbalester, *Western Liberalism*.

٦. دەربارەی بۆ چوونە رەخنەیەکان لەم خاڵەدا، سەرنج.

Hall, *Liberalism*, pp. 1-3.

٧. من لەم بارەوە لە بەشی سێهەمی کتێبەکەمدا بە تەسەلی لێدوانم لەسەر ئەندیشەگەلی گرێدراو بە دەوڵەتی (*Thories of the State*) کردووە.

8. See Constant, *Political Writings*.

9. Talmon, *Origins of Totalitarian Democracy*.

١٠. لە راستیدا کەشوهەوای فەڕانسا پێچراوەتر لەمە بوو. مەشرووتەخوازان و لایەنگرانی حکوومەتی یاسای لیبرالتریش بە دەستەگەلی جۆراوجۆر دابەشبوون.

11. See Sheehan, *German Liberalism*.

12. Figgis, *Political Thought From Gerson to Grotius*, p.118

١٣. دەربارەی بۆچوونی پۆزەتیڤ سپێنسێر؛ بڕوانە.

Greenleaf, *British Political Tradition*, p.48, and Gray, *Liberalism*,

بۆچوونەکانی سپێنسێر (the "maverick" p. 31).

Eccleshall, *British Liberalism*, p.31

١٤. ئەگەر کەسێک ناوەڕۆکی نووسراوەی لەمەڕ لیبرالیزم تۆژیبێتەوە، دەبینێ کە کۆششەکانی بۆ راڤە و بەیانی ئەم رێبازانە گەیاندۆتە ئەنجام. بۆ وێنە لیبرالیزمی یەکپارچە رووبەڕووی سۆسیالیزمی رەسمی و رواڵەتی:

Hallowell, *Decline of Liberalism*, p.20;

لیبرالیزمی عەقڵخوازی گالیکان لە بەرامبەر لیبرالیزمی گومانخوازی بریتانیایی لە:

Hayek, *Constitution of Liberty*, pp.55-6;

کارکردی لانیکەمی لیبرالیزمی ئابووری ئازاد لە بەرامبەر لیبرالیزمی زۆرخوازی دەستێوەردەر لە:

Mc Closkey, *'Problem of Liberalism'*, pp. 250ff;

لیبرالیزمی بالای عەقلخواز لە بەرامبەر لیبرالیزمی زۆرینەخوازی میکانیکی:

Dunn, *Western Political Theory*, p. 34;

کۆخوازی لە بەرامبەر لیبرالیزمی ئازادیخواز:

Greenleaf, *British Political Tradition*;

لیبرالیزمی کلاسیک لە بەرامبەر لیبرالیزمی مودێرن:

Gaus, *Modern Liberal Theory*;

لیبرالیزمی کلاسیک لە بەرامبەر لیبرالیزمی پێداچوونەوەی خواز:

Gray, *Liberalism*;

لیبرالیزمی کانتی لە بەرامبەر لیبرالیزمی فایدەباوەڕ:

Sandel (ed.), Liberalism and its Critics

شیکارانیتر، پێیان وایە لیبرالیزم رشتەیەک لە سوننەتە پێچراوەکانە بە یەکێتییەکی سەمبولیک لە دەوروبەری هێندێ تاکتیکەکاندا: بڕوانە.

Manning, Liberalism. or Eccleshall, *British Liberalism*.

15. See Giessey and Salmon in Hotman, *Francogallia*, p. 124.

١٦. هەروەکو پوکوک دەڵێ: «ئەگەرچی لاک پاشخانێکی تیۆریک لەمەڕ یاسای بنەڕەتی و حکوومەتی یاسا دەخاتەڕوو، لە چوارچێوەی بگۆڕی بیرۆکەکان کە بەگشتی پەسند کراو لەبارەی یاسای بنەڕەتییەوە نەیدەنووسی و بیری لێنەدەکردەوە، و شیاوی بەلگەهێنانەوەیە کە لە سەدەی هەژدەهەم (ئەو) بۆ کەسانێک نووسەر بوو کە تا رادەیەک لە دەرەوەی سیستەمێکی جێگیر و سەقامگرتوودا بوون» بڕوانە.

Pocock, Language and Time, p.144

١٧. هەروەکو ئێکلشال دەڵێ: «هەم لیبرالەکان و هەم سۆسیالیستەکان... چووبوونە ناخی پرۆسەیەکی هاوبەشی بیروباوەڕی رادیکالی و تونرەوەوە کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی سەدەی حەڤدەهەم پەرەی سەندبوو» بڕوانە.

Eccleshall, British Liberalism, p. 44.

18. Dangerfield, *Strange Death of Liberal England*, p.20.

١٩. ئەمە نێوی کتێبێک بوو؛ بڕوانە.

Graham and Clarke, New Enlightenment.

٢٠. ئەمە زۆرتر لە بریتانیا و تا ئەندازەیەکیش لە ئەڵمانیا بەرلە شەری جیهانی یەکەم راست دەردێ. سەرەڕای ئەمەش، ئیدە لیبراڵە نوێیەکان کەمێک دواتر لە ولاتانی تری ئورووپاش، بۆ نموونە لە ئیتاڵیا لە نووسراوەکانی گوئید دێ رۆگ جیئرۆ پێشوەچوون؛ بڕوانە.

Bellamy, 'Idealism and Liberalism'

٢١. لە بارەی هێنانە ئارای لێکدانەوەی لێکۆڵەرانەی لیبرالیزمی نوێ لە بریتانیا؛ بڕوانە.

Vincent, "New Liberalism in British".

٢٢. کینز و بوریج لە بریتانیا وەکو «لیبراڵە نوێیەکان» دادەنران، بەلام جیاواز لەگەڵ هابسۆن و هابهاوس. بێگومان ئەوانە کەمتر نیگەرانی لایەنی ئەخلاقی بۆ لیبرالیزم بوون. بۆ لێدوانی زیاتر لەم بارەوە؛ بڕوانە.

Freeden, *Liberalism Divided*.

23. Hallowell, *Decline of Liberalism*, p.20.

24. See Vincent, '*Classical Liberalism*', pp.143-4

25. See Bernstein, *Liberalism in Edwardian England*.

٢٦. بە جۆرێکی تر دەکرا بەڵگە بێنینەوە، بەرێگای لیبرالیزمی قەراردادخوازی سوننەتی، کە تاکەکان بەکردەوە بەسەر کۆمەڵگەدا شکاونەتەوە و مافی بنچینەییان هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرا ئاوا لێکیدەینەوە کە هیچ لە پێشبوونێکی بەکردەوە یان سروشتی وەکو لە پێشتربوونێکی ئەخلاقی وادانراوی تاک بەسەر کۆمەڵگەدا دیاری نەکراوە.

27. Deywey, *Individualism*.

28. In Hayek, *New Studies on Philosophy*.

29. Gaus, Modern Liberal Theory, p.2; Eccleshall, *British Liberalism*, pp.6-7.

30. See Parekh in Berki and Parekh (eds), *Morality of politics*, p.81

٣١. لەمەڕ ئەندێشەکانی راتبارد لە بەشی پێنجەم «ئانارشیزم» لێدوانمان کردووە.

32. Ritchie, *Principles of State Interference*, p.57, n.1.

33. Herbert, *Right and Wrong of Compulsion by the State*, p. m14.

34. Barry, *Classical Liberalism*, p.106.

٣٥. رەند ئەمە «ئەخلاقی بەرچاو خواز» ناو دەنێ. ئەو جۆرە کە دەڵێ: «ئەخلاقی بەچاو خواز بە غورووەوە لە خۆخوازی عەقلانە لایەنگری دەکا ـ بەم مانایە کە: بایەخی پێویست بۆ ژیان و مانەوەی مرۆڤ بە شێوەی مرۆڤ ـ بەم مانایە کە: بایەخی پێویست بۆ ژیان و مانەوەی مرۆڤایەتی... ئەخلاقی بەرچاوخواز باوەڕی وایە کە خێری مرۆڤ تەواوکەری قوربانی دانی مرۆڤایەتی نییە و ناتوانێ بەهۆی قوربانی کردنی هیچ کەس بۆ کەسێکی دیکە بە دەس بێ»؛ بڕوانە.

Rand, *Virtue of Selfishness*, p.31

36. Quoted in Tame, 'The Moral Case for Private Enterprise', in Turner (ed.), *Case for Private Enterprise*, p. 17.

37. Humboldt, *Limits of State Action*, p.37.

38. Ibid., p.18.

39. Ibid., P. 16; Mill, *Utilitarianism*.

لیبرالیزمی کانت لەگەڵ لیبرالیزمی هومبولت خزمایەتی بوو. کانت لە پلەی یەکەمدا بە ئەخلاق و ڕێنوێنی فەلسەفی گرێدراو بە رعایەتی ئەخلاق بۆ تاکەکان بەناوی ئامانجەکان خۆی لە خۆیدا هۆگری بوو. سەرەڕای ئەمە، دەرەنجام لیبرالیزمی کانت لە کردەوەدا سیاسییەکی زۆر ئاشکرا و بەرچاو بوو. بڕوانە.

Howard Williams' *Kant's Political Philosophy*, p.128.

40. Sidgwick, *Elements of politics*, p.58.

41. Wiltshire, *Herbert Spencer*, p.154.

42. Dicey, *Law and Public Opinion in England*, p. xxx.

43. See Spencer, *Man Versus State,* essay 4; Nozick, *Anarchy State and Utopia*, pp.32-3; See also Arbalester, *Western Liberalism*, pp.350-2 and Pearson and Williams, *Political Thought and Public Policy.*

44. Hayek, *Constitution of Liberty*, pp.38, 57 and 61.

جان گرەی لەسەر کۆنە کردنی میلدا پێڕەوی لە هایک دەکا. ئەو لە رەسالەیەکدا دەنووسێ: «نموونەی حاکمی میل لە لیبرالیزمی هاوچەرخ لە ریشەوە نادروستە و دەبێ رەها بکرێ. بە باوەڕی من ئەگەر ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ لیبرالە کلاسیکەکان کاریکی عاقلانەمان کردووە»؛ بڕوانە.

Gray, 'Mills and Other Liberalism in Haakonssen (ed.), *Tradition of Liberalism*, p.137.

45. See Gray, *Hayek on Liberty*, pp.42-3.

46. Green, *Prolegomena to Ethics*, pp.234.

دەربارەی پلانی بەشی گرەین؛ بڕوانە.

Vincent and Plant, *Philosophy, Politics and Citizenship.*

47. Hobhouse, *Liberalism*, p.128.

لەمەڕ بۆچوون و روانگەکانی هابسۆن (J. A. Habson) بڕوانە.

Allett, New Liberalism, p.204.

48. See Hobhouse, *Metaphysical Theory of the State*, p.60, and Collini, *Liberalism and Sociology*, pp. 10,97.

49. Freeden, *Liberalism Divided*, p. 108.

٥٠. ئەو جۆرە کە ئەلکشال لەم بارەوە دەڵێ، بۆ لیبرالەکان «پایەداری سیاسی دەلالەتی لەسەر بوونی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی لە کەسانێک هەیە کە بەدووی ئامانجگەلێکی هاوبەشەوە لەگەڵ یەکهاوکاری دەکەن». بڕوانە.

Eccleshall, *British Liberalism*, p.6.

51. Freeden, *Liberalism Divided*, p.266.

٥٢. بڕوانە: لیبرالیزم و بۆ وێنە مەنتقزانی ئەو، کۆششگەلێک کراوە تا ئەم دۆزە گشتییە سەرلەنوێ بەیان کرێتەوە، بۆ وێنە لە مقالەی مەک کالومدا، «ئازادی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ »، ئەمە راستەوخۆ پێوەندی بە لێدوانی ئێستاوە نییە.

53. Hayek, *Philosophy, Politics, Economic and the History of Ideas*, p.134.

54. Hayek, *Constitution of Liberty*, pp. 16-17.

55. Gray, *Liberalism*, p. 62.

ئەو جۆرە کە هایک دەڵێ «یاسا، ئازادی و ماڵکییەت سێ کوچکەیەکی پێکەوە لکاون و جیا نابنەوە. بڕوانە.

Hayek, Law, *Legislation and Liberty*, vol. I, p. 107.

56. Eccleshall, *British Liberalism*, p.21.

57. Ritchie, *Natural Right*, pp. 11-12.

٥٨. بە بۆچوونی نوزیک قەڵەم ڕەوگەلێکی تایبەتی بوونیان هەیە کە دەتوانرێ ئازادی لەواندا بەرتەسک بێتەوە، بۆ وێنە ئەگەر مافی ڕەسەنی خاوەندارییەتی لە کاتی دەسدرێژی بە پێشمەرجەکانی لاک بکەوێتە بەردەست تێبردن؛ بڕوانە.

Nozick, *Anarchy State and Utopia*, pp. 85, 178-82.

٥٩. مەک فێرسۆن ئازادی مەنفی بە شێوەی «ئازادی دژی هەڵبژاردن» پێناسە دەکا کە تەواوکەری پارێزراو لە دەسەلاتی هەڵبژاردنی ئەم و ئەودا»یە؛ بڕوانە.

Macpherson, *Democratic Theory*, p. 118.

60. Green , *Works*, vol.3, pp.370-1.

61. Samuel, *Memoirs*, p.25.

ج. ئا. هابسۆنیش گوتوویە کە «زەوی ئازاد، سەفەر ئازاد، دەسەلات ئازاد، متمانە، هێمنایەتی، بەرانبەری و فێرکردن و پەروەردە ئازاد، هیچ مرۆڤێک بۆ ئامانجەکانی ژیانی شارستانییەتی سەردەم «ئازاد» نییە مەگەر هەموو ئەم ئازادیانەی ببێت»؛ بڕوانە.

Hobson, *Crisis of Liberalism*, p. 113.

62. See Vincent and Plan, *Philosophy, Politics and Citizenship*, pp.73-6.

63. See Hayek, *Constitution of Liberty*, pp.440. n.10.

64. Hayek, *Philosophy, Politics, Economics and the History of Ideas*, p. 140.

65. Hayek, *Constitution of Liberty*, p.93.

٦٦. جگه لە شێوەی بیۆلۆژیکی، ئەم ڕێنوێنییە دەبێ بەرانبەر بەشکرار لە هێندی لە گروپەکان لە کۆمەڵگەدا بەدیدێنێ و بەیاد بێنێتە. کەواتە ئەم چینە بە یەکەوە بەسراوە، کە لە بەرژەوەندی ئاسوودەیی ژیان دەکەن، دەسەڵاتی وەئەستۆگرتنی چالاکی بەربەرەکانی سەربەخۆییان لە بازاڕدا نییە. هایک نایهەوێ وەکو سپێنسێر تا رادەی ئەم کێشەشە کۆمەڵایەتیانە بچێتەپێش.

67. Quoted in Greenleaf, *British Political Tradition*, p.81.

68. See Acton, *Moralsof Markets*, p. 71.

69. Gauss, *Modern Liberal Theory of Man*, p.43.

70. Green, *Works*, p.376.

٧١. بە بۆچوونی راولێز «هەموو نێعمەتە سەرەتایە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئازادی و دەرفەت، دەستکەوت و سامان، بناخەکانی عززەت و نەفس ـ بە شێوەی بەرامبەر داڵبەخشکراون مەگەر ئەمەکە داڵبەشی بەرامبەر هەرکام یان سەرجەم ئەم نێعمەتانە هاوکێش بێ» *Rawls, Theory of Justice* ئەندێشەی راولێز لەمەڕ عەدالەت تایبەتمەندانە ڕێنوێنییەکی ئاشکرایە کە ئەو بەناوی ئامێرێکی لیبرالیزمی کلاسیک دەیخاتەڕوو، وەکو قەراردادخوازی و تاکخوازی ناکۆمەڵایەتی عاقڵانە بۆ بەرقەراری هەڵوێستێکی لیبرالی کۆمەڵایەتی لەمەڕ عەدالەتی دابەشکاری. لە راپۆرتی خۆخوازی عاقڵانە لە کۆتاییدا خۆ لە مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی خەڵکدا دەبینێتەوە.

72. Ritchie, *Natural Rights*, p. 16.

73. Gray, *Hayek on Liberty*, p.77.

٧٤. بیرمەندانی لیبرالی دیکەی وەکو جان راولێز و رانڵێد دوورکین بوونیان هەیە کە ئەوانیش ئەم ڕێڕەوەی کانت پەسند دەکەن، بەڵام واتای نەزمی «عادڵانە» یان «ماف» دڵپاکانە لە هایگ یان نوزیک راڤە دەکەن.

75. See Sandel, *Liberalism and the Limits of Justice.*

76. See Sandel, *Liberalism and its Critics*, pp.5-6.

حەول و دەولێکی نوێتر لە ئەندێشەی سیاسیدا بوونی بووە کە ڕێنوێنیگەلی گرەینی بە شێوەی بنەمایەکی دیکە بۆ لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی هێناوەتە ئاراوە. بۆ وێنە لە رەسالەیەکی نوێدا هاتووە کە «لە حاڵێکدا کە لیبراڵە تاکخوازییە کلاسیکەکان هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ لە ڕێنوێنی سیاسی لەمەڕ ئامانجە کۆکان خۆیان پاراستووە، لیبراڵە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر

ناچــار بــوون هێنــدێ راڤــەگەلی هاوبەشــیان لەمــەڕ ئامانجگــەلێک بــۆ گەیــشتن بــە بەڵێنەسەرەکییەکانی لیبرالی وەکو پلەی بالای سەربەخۆی تاک پێیان داگرتوو». بڕوانە.

William M.Sullivan, 'Bringing the Good Back In', in Douglass, Mara and Richardson (eds), *Liberalism and the Good*, p. 149.

77. Hayek, *Constitution of Liberty*, p. 14.

78. Hirschman, *Passions and Internets*, p.42.

٧٩. بڕوانە. بە مەقالەی

Kenneth L.Schmitz, 'Is Liberalism Good Enough?' in Douglass, Mara and Richardson, *Liberalism and the Good*.

80. For Example, Arbalester, *Western Liberalism*.

81. Greenleaf, *British Political, Tradition*, p.25.

82. See Gray, *Liberalism*, pp.27-8

٨٣. ئادام سمیت باوەڕی بە فێرکردن و پەروەردەی دەوڵەتی بوو، کابدەن خوازیـاری مقەڕەراتی دەوڵەتی لە هێڵی ئاسـن و فێرکـردن و پـەروەردە بـوو، سـتوارت میـل هەمیـشە تایبەتمەندیگەلێکی لە رادەبەدەری لە ئابووری ئـازاددا دەبـینی. بـۆ وێنـە منـدالان و شـێت و ناتەواوەکان دەبێ لەژێر چاوەدێری باوکسالارانەدا بـن، سـیج ویکیش بـاوەڕی وابـوو کـە پـشتگری و چـاوەدێری لـە منـدالان، تۆڕگـەلێکی پۆسـتی، رێکوپێـک کـردنی ئاوەڕۆکـان و فازلاوەکان، کێش و بڕەکان و غەیرە دەبێ لەژێر چاوەدێری دەوڵەتا بن.

84. Hobson *Crisis of Liberalism*, pp. 92-3.

85. See Gray, *Liberalism*; Barry, *Classical Liberalism*.

86. Ruggiero, *History of European Liberalism*, p. 48.

87. Ibid., p. 157.

88. Laski, *Rise of European liberalism*, p. 243.

89. Ibid., p. 248.

٩٠. بەتایبەت بڕوانە.

Freeden, *Liberalism Divided*.

بەشی سێهەم: پارێزگاری

1. Kirk, *Portable Conservative Reader*, p. Xii

2. Blake, *Conservative Party*, p.7.

3. O'sullivan, *Conservatism*, p.9.

4. Scruton, *Meaning of Conservatism*, p.21.

5. Allison, *Right Principles*, p.2.

تەد هۆندریک لە کتێبی دوایی خۆیدا لەمەڕ پارێزگاری بە کێشە وەستاوە کە لەم کێشەدا دووچاری شکستی تەواوی فەلسەفی بووە. بڕوانە.

Honderich, *Conservatism*, ch.2.

6. See Huntington, *Conservatism'*.

ئارتۆر ئاگی لە لێکۆلینەوەی نوێی خۆیدا سەبر و خۆڕاگرییەکی زۆری سەبارەت بە موژاد و لێکۆلینەوەی هانتینگتۆن لە خۆی نیشان ئەدا و باوەڕی هەیە کە «جێی پێکەنینە کە ئەمە زۆر کاردانەوەی نییە». سەرەڕای ئەمە کە من تا رادەیەک هۆگریم بە بۆچوونی ئەو هەیە، بەلام ناتوانم بەراستی هۆی رەخنەکانی ئاگی بزانم، بێجگەلەمە، لەسەر لێکۆلینەوەی شاراوەی ئەو لەمەڕ پێگەی پارێزگاری لە «سوننەتێکی بەرفراوان» نەک هەر ئێمە بە قەناعەت ناگەینێ بەڵکو تووشی سەرسوورمانمان دەکا؛ بڕوانە.

Aughey, in Eatwell and O'sullivan (eds), *Nature of the Right*, p.102.

7. Cecil, *Conservatism*, p.9.

8. Kirk, *Portable Conservative Reader*, P. Xii.

9. Schuettinger (ed), *Conservative Tradition*.

10. See Auerbach, *Conservative Illusion*, p. 5; see also Austern, *Edmund Burke and Joseph de Maistre*, p.22.

11. Auerbach, *Conservative Illusion*, p.26.

12. Stanils, *Burke and the Natural law*.

13. Smith, *Disraelian, Conservatism*, pp.8.16.

14. Pocock, *Virtue, Commerce, and Historym* p.210,and O'Gorman (ed.), *British Conservatism*, p.9.

15. Feiling, 'Coleridge'; Cecil, *Conservatism*; Quinton, *Politics of Imperfection*; Huntongton, 'Conservatism'; and Eccleshall, 'English Conservatism an Ideology'.

16. Eccleshall, *'English Conservatism as Ideology'*, p. 71; see also Eccleshall, *English Conservatism since the Restoration*.

17. Eccleshall, 'English Conservatism as Ideology', p.71.

18. O'Gorman, *British Conservatism*, p.9.

19. Schochet, *Partiarchalism*, p.120; Figgis, *Divine Right of Kings*, p.176.

20. See Dickinson, *Liberty and Property*, p.18.

21. O'Gorman, British Conservatism, p.9.

22. See Kirk, *Conservative Mind*, p.4.

٢٣. پوکوک لێرەدا ئاماژە بەم تایبەتمەندییە دەکا کە «ئەگەر پارێزگاری داکۆکی لە سیستەمی مەوجوودە، پارێزگاری سەدەی هەژدەهەم داکۆکی لە شۆڕش بوو»؛ بڕوانە.

Pocock, *Virtue, Commerce, and History*, p. 158.

24. Allison, *Right Principles*, p. 3.

25. Gilmour, *Inside Right*, p.53.

تەد هۆندریکیش ئارەزووی هەیە هیوم لە چنگی پارێزگاری رزگار بکا، بەلام لەم بارەوە بە هۆی ناوبانگی فەلسەفی ئەو «چونکە گومان لەوەدا نییە کە گەورەترین فەیلسووفی بریتانیایە». بڕوانە.

Honderich, *Conservatism*, p.47.

26. Johnson and Boswell, *Western Islands of Scotland and Hebrides*, p.342.

27. O'Sullivan, *Conservatism*, p.29-30.

لەمەڕ سەرەتای ئەندێشەی پارێزگاری لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسا؛ بڕوانە.

Roger Eatwell in Eatwell and O'Sillivan, *Nature of the Right*, p.63.

28. See Honderich, *Conservatism*, pp.124ff.

29. Hamppsher-Monk, *Edmund Burke*, p.19; see also O'Gorman *Edmund Burke*. p. 55 and Dickinson, *Liberty and Property*; p. 283.

٣٠. ئەمە بەتەواوی و بە روونی لە پارێزکارانی فەرانسادا دەبینرێ؛ بڕوانە. بە هەڵبژێراوەی

Maurras in McClelland (ed.) *the French Right*; Griffiths, 'Anti-capitalism'; T. S. Eliot's Idea of a Christian Society.

31. Smith, *Disraelian Conservatism*, p.2; Blake, *Conservative Party*, pp.24-5; Hoover and Plant, *Conservative Capitalism*.

32. Mannheim, *Conservatism*, p.47.

33. O'Sillivan, *Conservatism*, pp. 28, 82-3.

34. Hartz, *Liberal Tradition in America*;

بۆ لێدوانی رەخنەی زۆرتر لەم بوارەدا؛ بڕوانە.

Aughey's essay in Eatwell and O'Sillivan, *Nature of the* Right pp. 108-12.

35. See Noble, *'Conservatism* in *USA'*, p.635.

لە دەیەی رابردوودا نووسەرە ئەمریکاییەکانی وەک ناتان گلیزێر، ئەیرۆینگ کریستۆل و دانیل بێل «پارێزکارانی نوێ» ناودێرکراون. ئەوانە ئەگەرچی لە بوونی «حکوومەتی مەزن»، گەشەی کۆی خەرجی ئاسوودەیی ژیانی و بێهێزکردنی پشت بەستن بە نەفسی تاک و داخ و کەسەری خۆیان رادەگەیێنن، لە بەرژەوەندی ئابووری سەرمایەداری ناهاوکێش نگەران نەبوون. بالاتر لەوە، وجوودی بازارە ناهاوکێشییەکان بە هۆکاری بێهێزکردنی شاراوەی بایەخە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکا زانیوە. بڕوانە.

Kirstol, 'When virtue loses all her loveliness'; O'Sillivan, *Conservatism*, p. 145.

36. See Hams-jürgen Puhle, 'Conservatism in Modern German History'.

٣٧. لەمەڕ مەسەلەی دابەشکردن ؛ بڕوانە.

Allison, *Right Principles*, p.7.

لەمەڕ بیروباوەڕێکی رەسەنەوە؛ بڕوانە.

Quinton, *Politics of Imperfection* and G.Graham, *Politics in its Place*, P. 172.

38. Greenleaf, *British Political Tradition*; Hampsher-Monk, *Edmund Burke*.

39. Epstein, *German Conservatism*; Schuettinger, *Conservatism Tradition*.

40. See Norton and Aughey, *Conservatives and Conservatism*

و راپۆرتی پێچراوه و مەزنی راجێر ئەیتول له «سەبکەکانی ئەندێشه» لـه مـاف، واتـه مافی کۆنەپەرستانه، مامناوەندی، رادیکاڵ، توندڕەو و راسته نوێیەکان؛ بڕوانه.

Eatwell in Eatwell and O'Sullivan, *Nature of the Right*, pp. 63ff.

٤١. ئوسۆلیـﭭان لـەم بـارەوە رەخنـەی لـه راجێـر سـکرۆتۆن هەیـه. ئـەو دەڵـێ «سکرۆتۆن... له راستیدا تووشی گەورەترین تاوانی سیاسی بـووه؛ ئـەو لـه رادەبـەدەر لەمەڕ سیاسـەت پرسیار دەکا، پێکەنین لێره دایه که ئـەو دەربـارەی شۆڕشـی نـاوخۆ لـه فەلسـەفەی کۆمەلایەتی بەڵگه دێنێتەوە»، بڕوانه.

O'Sullivan in Eatwell and O'Sullivan, *Nature of Right*, p.180

42. See selection from the work in Buke (ed.), *How Conservative Think*, pp. 56-8.

43. Gilmour, *Britain Can Work*; see also Macmillian, *Middle Way*.

٤٤. دەربارەی مێژووی ئەم گروپه سەرەتاییانه؛ بڕوانه.

Bristow, 'Liberty and Property Defence League'.

45. See for example, Bosanquet, *After the New Right*; Hall and Jacques (eds), *Politics of Thatcherism*; Levitas (ed.), *Ideology of the New Right*; N.P.Barry, *The New Right*; and D.King, *The New Right*; Eatwell and O'Sullivan, *Nature of the right*, ch.1; Hoover and Plan, *Conservative Capitalism*.

46. D.Green, *The New Right*.

47. In Hall and Jacques, *Politics of Thatcherism*, and Levites, *Ideology of The New Right*.

48. See Cowling (ed.), *Conservative Essays*: Scruton, *Meaning of Conservative*.

49. See Cowling, *Conservative Essays*.

50. Maistre, *Consideration on France*, p.97.

51. Scruton, *Meaning of Conservatism*, p.34.

٥٢.   جێی واتای سەرەتایی و بەرهەمی بـەرەک لـە «سـەمایـەداری سروشـتی»یـە. بیرمەندانی پارێزگـار بەلـگە و دەلیـل و راپۆرتگـەلی جیـاواز لەمـەڕ ریبـەری سروشـتی دەخەنەڕوو.

53. Viereck, *Conservatism Revisited*, pp. 44-5.

54. Maistre, *Considerations on France*, pp. 23.

٥٥.   بەم حاڵەوە، هۆندریک لەگەڵ ناوەڕۆکی دەوڵەمەندی دینی و هەڵوێستی بەرەک دایە. ئەو وەبیر دێنێتەوە کە «بەرەک ئەمەی هەڵبژاردووە کە هەر تەنیا ئاماژە بە جیهانی شاراوە دەکا». ئەو لە شوێنێکی دیکەدا بێپەردە و راشکاوترە: «خودا دەوڵەتی موقـەدەر کردوە» کەوابێ باشتر ئەوەیە کە ئێمە لەوەدا دەستێوەردان نەکەین؛ بڕوانە.

Honderich, *Conservatism*, p. 159.

٥٦.   دەربارەی بۆچوون مەزهەبی سەدەی بیستەم، بڕوانە.

Hogg, *Case for Conservatism.*

٥٧.   هێنـدێ لـە نووسـەرانی لیـبرال کلاسـیکی ئـەم دواییانـە وەک فـۆن هـاوکێش تێدەکۆشن باوەڕی ناتەواو لە پلان و گەلاڵەیەکی بەرتەسکدا بەکاربەرن. بـۆ وێنـە هایـک دەڵێ ئێمە پاشەکەوتێکی ئاستەنگی زانیاریمان لەبەردەستدا هەیە کە پێویستانە لە حوکمی دادوەری ئێمە لە سیاسەت و ئابووری پێشمان پێدەگرێ.

58. Kirk, *Conservative Mind*, p.6.

59. Scruton, *Meaning of the Conservatism*, p. 11.

60. Maistre, *Considerations o France*, pp. 88, 95.103.

61. See Mannheim, *Conservatism*, pp. 139-40; and Aris, *Political Thought in Germany*, p. 224.

62. See Kirk, *Portable Conservative Reader*, p. XV.

63. Burke selections in Hampsher-Monk, *Edmund Burke*, pp. 188-9; also Burke *Political Writing and Speeches*, pp. 294-5.

64. Quoted in Epstein, *German Conservatism*.

65. See Oakeshott, *Rationalism in Politics*.

66. See Coleridge's explanation of the 'Idea' in the opening section of his *On the Constitution of the Church and State* which expounds this theme, pp. 12-13; for discussion of this. See Muirhead, *Coleridge as Philosopher*, pp.65ff; also Calleo, *Coleridge and the Modern State*, pp.63 ff.

67. Maistre, *Considerations on France*, p. 95.

68. Quoted in Mannheim, *Conservatism*, p. 132.

٦٩. لایەنە هاوبەشەکانی نێوان شارەکانی برازیلیا یان تەنانەت کانبرا لە بابەت مەنتقییەوە بوونی هەیە!

70. Oakeshott, *Rationalism in Politics*; see also Greenleaf, *Oakeshott's Philosophical Politics*, pp.473ff.

71. See Wolin, 'Hume and Conservatism' p. 1001.

72. See Allison, *Right Principles*, p. 36.

73. Scruton, *Meaning of Conservatism*, p. 42.

74. Hampsher-Monk, *Edmund Burke*, p. 36.

٧٥. (macroanthropos) بە مانای مرۆڤی زەلام و شێوەغوول؛ بڕوانە.

Novalis'and Müller's Writings in Reiss (ed.), *Political Though of the German Romantics*.

76. Cobban, *Edmund Burke*, p. 88.

77. Maistre, *Consideration on France*, p. 80.

٧٨. بە نیسبەت دڵنیایەوە تەئکید دەکا کە «پارێزگاری لە نێوان ئیدئۆلۆژییە سیاسییە گرنگەکاندا لە باری تەئکید لەسەر... ئەخلاقی یەهوودی ـ مەسیحی تاقە». بڕوانە.

Nisbet, *Conservatism*, p. 68; see also Cecil, *Conservatism*, p. 75; Rossiter, *Conservatism in America*, p. 44; Hogg, *Case for Conservatiam*, ch. 2.

79. See Quinton, *Politics of Imperfection*, p. 90; Scruton, *Meaning of Conservatism*, p. 171; Allison, *Right Principles*, p. 18; Tännsjö, *Conservatism*, p. 30.

80. Nisbet, *Sociological Tradition*, p. 48, and *Conservatism*, p. 77.

81. Allison, *Right Principles*, p. 32.

٨٢. بۆ لێدوان لەمەڕ دۆزی «ڕۆحانییەتی میللی»؛ بڕوانە.

Coleridge, *Constitution of Church and state*, pp. 77ff; Eliot's notion of the Community of Christians', can be found in eliot, *Christian Society*, pp. 42-3.

83. Mallock, *Aristocracy and Evolution*

هەر ئەو جۆرە کە لە پێشوتاری کتێبەکەدا گوتوویە، سوود وەرگرتنی ئەو لە وشەی ئاریستۆکراسی [یان سەرمایەداری]، ئاماژەی هەیە بە «کەسانی خۆش دیمەنی هەڵکەوتوو و کەمینەی کارامە و هیچ پێوەندی بە پێگەی ئەندامییەوە لەم بارەوە کە لە چ بنەماڵەیەک لە دایکبوون، نییە».

84. Viereck, *Conservatism Revisited*, p. 30.

شیکاری ئاکادیمیک دەربارەی ئەم نوخبانە باوەڕی وایە کە هەڵکەوتوانی پارێزگار لە ئینگلستان لە ساڵی ١٦٨٨ زۆر نەگۆڕاون. ئەوان لە سەدەی بیستەمدا لە سەرمایەداری زەویدارەوە بوون بە خاوەن پیشەسازی و سەرەنجام بوون بە چینی مامناوەندی؛ بڕوانە.

Eccleshall, 'English Conservatism as Ideology';

هەروەها بۆ ئەندێشەی ئالیسۆن لەمەڕ ئەم ڕێنوێنییە؛ بڕوانە.

Right *Principles*, p. 63.

85. See Scruton, *Meaning of Conservatism*, p. 48, and Covell, *Redefinition of Conservatism*, p. 63.

86. Maistre, *Considerations on France*, p. 92.

87. Nisbet, *Conservatism*, p. 40.

88. Waldergave, *Binding of Leviathan*, p. 90.

٨٩. کوئین تین هۆگ باوەڕی وایە کە «بنەڕەتی پاکانەی مافی خاوەندارێتی تایبەتی لە کۆتایی کاردا باوەڕە بە بایەخی بێکۆتایی کەسایەتی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەم بایەخە هەر تەنیا لەبەر تیشکی گشتی و ئیلاهی کە لە نێو بازنەی ویستی خودادا دەبینرێ». بڕوانە.

Hogg, Case for Conservatism, pp. 98-9; see also Nisbet, *Conservatism*, p. 56

90. Hogg, *Case for Conservatism*, p. 99.

91. See Scruton, *Mearning of Conservatism*, pp. 72-3.

92. See Dickinson, *Liberty and Property*, p. 285.

93. See Ortega y Gasset, *Revolt of the Masses*.

٩٤. بڕوانە. بە هەڵبژێراوەکانی نووسراوەی مـورا لـە کتـێبی McCelland (ed.)The French Right، لێدوان لەمەڕ ڕەخنەی داوسۆن لە دیموکراسی لە پێوەندی لەگەڵ مـورا و ت. س. ئێلیوت؛ بڕوانە.

O'Sullivan, Conservatism, pp. 135ff.

95. Pugh, *Making of Modern British Politics*, p. 3.

96. See Smith, *Salisbury on Politics*.

97. Scruton, *Meaning of Conservatism*, p. 59.

98. Worsthornein Cowling, *Conservative Essays*, p. 149.

99. Eccleshall in Wccleshall et al. (eds), *Political Ideologies*, p. 102; see also Nisbet, *Conservatism*, p. 37; Auerbach, *Conservative Illusion*, p. 37; Macpherson, *Burke*.

100. Gilmour, *Britain Can Work*, pp. 65-6.

101. Hampsher-Monk, *Edmund Burke*, p. 20.

١٠٢. سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە پارێزگارانی لیبرال بە لانی زۆرینـەی ئـازادی بـازاڕ باوەڕیان هەیە، لەمەڕ ئەمە کە ئەم ئازادیانە هەتا کوێ دەبێ بەرفراوان بێتەوە هەست بـە نیگـەرانی دەکـەن. کاتێـک مەسـەلەگەلی کۆمەڵایـەتی و ئـەخلاقی، بـۆ وێنـە دەربـارەی مەسەلەگەلی ڕەگەزی، خاوەندارێتی ڕەگەزی، بنەماڵەیی و ئەخلاقی تایبەتی و سانسۆڕ و قرتانی چەمکەکانی بڵاوکراوە دێتە ئارا ئەو دەم زۆر لە پارێزگـارانی لیـبرال دەربـارەی بەرفراوانبوونەوەی ئـازادی دووچـاری گومـان دەبـن. سـەرەڕای ئەمـە، لایەنگـەلێک لـە ئازادیخوازانی باڵی «ڕاستی نوێ» (یان ئانارکۆکاپیتالیستەکان) زۆر موشتاقی بەرفراوان بوونەوەی ئازادییەکانن و دەرەنجام بە دژی دەوڵەت دێنە ئەژمار کە لە بەشـی پێنجـەمی ئەم کتێبەدا لێدوانی لەسەرکراوە.

103. Eliot, *Christian Society*, pp. 97-8.

104. See Schuettinger, *Conservative Tradition*, p. 17.

105. See Calleo, *Coleridge and the Modern State*, p. 3.

106. Nisbet, *Conservatism*, p. 65.

١٠٧. کابت هاوکات لەگەڵ لێدوان لەمەڕ قەشەکان، کۆەفرۆشەکان، دەلالانی بوورس و ئەفسەرانی دەریایی و سەربازی دەڵێن: «لێرەدا هەزاران هەزار جووت لەم سێبەرە شوومانە و بەختەکانە بوونیان هەیە کە چالاکانە بە پەروەردەکردنی ئاغایان و خانمانەوە سەرقاڵن؛ و هەموویان لە حاڵێکدا کە مالتووس دەیویست کۆنترۆلی لەسەر پەروەردەی چینی کرێکاردا بەکارببرێ، هەموویان جایزەی بارهێنان وەردەگرن! مالتووس لە کوێیە؟ قەشەی حەوانەوەی جەماوەر لە کوێیە؟»؛ بڕوانە.

Cobbet, *Rural Rides*, p. 161.

108. See Calleo, *Coleridge and the Modern State*, pp. 13,20.

109. See Griffiths, 'Anti-Capitalism', pp. 723,735.

١١٠. ئەمە تا رادەیەک ئەو شتەیە کە سێر هێنرێ مین دەربارەی دۆزی خۆی لەمەڕ بزووتنەوەی جەماوەرەکان لە پلەی کۆمەلایەتی هەتا قەرارداد لە مێشکیدا بوو.

111. See Waldegrave, *Binding of Leviathan*, pp. 58ff; Scruton, *Meaning of Conservatism*, pp. 94ff; Gilmour, Britain can Work; Covell, *Redefinition of Conservatism*, pp 56-7.

112. Gilmour, *Britain can Work*, p. 12; see also Cowling, *Conservative essays*, pp.1ff.

113. Gilmour, *Britain can Work*, p.12.

114. Ibid., p. 101.

115. Graham, *Politics in its place*, p. 185.

١١٦. گراهام لە کتێبی ناوبراودا ئەمە بە پلەی باڵای دەسەلات دەبینێ. لەم دواییانەدا هوندریک لە کتێبی پارێزەگاری بەشی دووەمدا ئەوەی بە شێوەی بێدەسەلاتیەکی ئاشکرا بینیویەتی.

بەشی چوارەم: سۆسیالیزم

١. لە بۆ چوونی سەرجەم گرێبەستدا، زۆرتر سوننەتی لیبرالی قەراردادخواز (لە ژان لاکەوە بگرە هەتا راولیز)، بۆ بەیانی نەریتی وەئەستۆگرتن و عۆدەداری ئێمە و جەوهەری دەسەلات کەلک وەرگیراوە. لەگەڵ ئەمەدا، هێندێ لە ئانارشیستەکان بەتایبەت پرۆدۆن، کە ئەوە بە ئامێرێکی دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت دەزانێ هەروەها کەڵکیان وەرگرت. پرۆدۆن لە بەشی پێنجەمدا تاوتوێ دەکرێ.

٢. دەبێ بوترێ کە لێکدانەوەی مارکس زۆرتر لەم لایەنەوەیە. ئەو هەروەها شۆڕشەکانی ١٧٨٩ و ١٨٤٨ بە شێوەی رووداوگەلێکی سیاسی زەروری لە مێژووی بزووتنەوە بەرەو شۆڕشێکی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریایی دەزانێ.

3. See Claeys, *Citizens and Saints*, p. 323.

4. Lichtheim, *Origins of Socialism*, p. 219; see also Beer, *History of British Socialism*.

5. See C.H.Johnson, *Utopian Communism France*.

٦. «رێکخراوەی دەروونی ئەم کۆمەڵگە کۆمۆنیستییە سەرەتاییە، لە فۆرمی نموونەیی ئەو لەگەڵ ئاشکرا کردنی مورگان لە جەوهەری راستەقینەی gens و پێوەندی ئەو لەگەڵ قەبیلە بە باشی نیشان دراوە».

Marx and Engels, *Communist Manifesto*, P. 79.

٧. ئینگلیس لە پێش وتاری چاپکراوی ئینگلیسی ١٨٨٨، کتێبی مانیفیستی کۆمۆنیستی «نێونەتەوایەتیترین بەرهەمی تەواوی ناوەرۆکەکانی سۆسیالیستی» زانی، هەر ئەو، ل ٦١.

٨. ناو و شکل SPD لە ١٨٩٠ قبوول و رەیی بەدەسهێنا.

9. See Miller and Potthoff, *German Social Democracy*; see also Bernstein's Work *Evolutionary Socialism*, Tudor (eds), *Marxism and Social Democracy*. It is not quite so certain though that the actual political activity of the SPD always bore out the rigid theoretical commitments.

10. See Dennis and Halsey, *English Ethical Socialism*.

١١. دەربارەی مێژوو و یەکسانخوازان بە شێوەی پێگەی سەرهەڵدانی سۆسیالیزم، بڕوانە.

Greenleaf, British Political Tradition, p. 351.

12. Hill in Winstanley, Law of Freedom, p. 9.

ئەدوارد بەرنشتاین نووسەری پێداچوونەوە خواز سۆسیالیستیش یەکەم ئاساری خۆی لەمەڕ جەنگی ناوخۆ لە ئینگلیس بە ئیلهام لە مارکس نووسی. هەموو هاوچەرخانی وینستنلی وەکو جیمز هەرینگوتیش زۆر جار هەڵبژێراون. کۆمەڵێک لە تۆژەران بەرفراوانی ئەم کێشەیان ئاشکرا کرد.

C.B.Macpherson's *The Political Theory of Possessive Individualism.*

شایانی باسە کە جۆرج وودکاک وینستنلی بە ئانارشیستێکی رەسەنی ئازادیخواز دەزانی. ئەو دەڵێ: «کۆششەکانی وینستنلی و هاورێکانی بۆ پەیرەوی کردن لە پرەنسیپی سوننەتی جۆرج میل لەسەر دەسپێکی سوننەتی ئانارشیستی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی راستەوخۆ راوەستاوە»؛ بڕوانە.

Woodcock, Anarchism, p. 46.

13. Hobsbawm, *Age of Revolution.*

14. Lichtheim, *Origins of Socialism*, p. viii.

15. Schwartz, *Chinese Communism*, pp. 73ff; Fanon, *Wretched of the Earth.*

16. Greenleaf, *British Political Tradition*, pp.350ff.

17. Berki, *Socialism.*

18. See Manuel, *New World of Saint-Simon and Prophets of Paris*; also, for a more general study of utopianism, Goodwin, *Social Science and Utopia.*

19. On Fourier, see Riasanovsky, *Charles Fourier.*

20. On Saint-Simon, see Saint-Simon, *Social Organization*; Manuel, *New World of Saint-Simon*; Ionescu (ed.), *Political Though of Saint-Simon. One Owen, see Morton*, Robert Owen.

21. See Dennis and Halsey, *British Ethical Socialism.*

22. See Marx and Engels, *Selected Writings.*

23. See Landauer, *For Socialism*. Proudhon is discusses in ch.5.

24. D.Miller, Marx, Communism and Markets', pp. 182ff: see also A.Nove's study, *Economics of Feasible Socialism*.

ئەم بینینە لەسەر حزبە سۆسیالیستەکان (بەتایبەت حزبی کۆمۆنیست) لەسەرانسەری ئوروپای رۆژئاوا کاردانەوەی بوو.

25. See Estrin and Le Grand (eds), *Market Socialism*; Forbes (ed.), *Market Socialism*; and the most systematic study to date by Miller, *Market, State and Community*.

٢٦. ئەو جۆرە کە جۆرج ئۆروێل دەنووسێ: «گەڕانەوەی بەرەوداو لە لایەن رونیاسازانی خەیالی وەکو ویلیام موریس و دێموکراتە عارفەکانی وەکو والت ویتمەن، لە لایەن رۆسۆ، لە لایەن کەسانی دیکەوە و یەکسانخوازانی ئینگلیسی لە لایەن گوندنیشنانی راپەڕیوی سەدەکانی ناوەراست، گەڕانەوە بۆ مەسیحیانی سەرەتا... لە راستیدا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سروشتی مرۆڤ ئەوندە باش هەیە کە لەگەڵ ئەو دەسپێبکەین و توانای بەرەو پێشچوونی بەرفراوانی هەیە. ئەم باوەڕە وزەی بزووتنەوەی سەرەکی بزاڤی سۆسیالیستی بووە». بە گێڕانەوە لە:

Crick, Orwell, p. 507.

27. See Penty, *Restoration of the Guild System*, or Landauer, *For Socialism*.

٢٨. «پلە و رەدەبەندی میزانی سەوداکان و حەز و مەیل دەبێ بەشێوەی ناسک و میزان بە گروپەکان رشتەکانەوە گرێبدرێ ئەو جۆرە کە ئەوان بتوانن بەیان و رەنگدانەوەکان و رازیبوونی ئازاد بە دەست بێنن».

Riasanovsky, *Fourier*, p. 42.

فوریە باوەڕی وابوو کە دوازدە سەودا سەرەکی مرۆڤایەتی بوونی هەیە کە خۆی بە ٨١٠ جیاوازی وردبینیەوە هەلگری دابەشکردنە. ئەگەر کەسێک ئەم جیاوازییە وردبینانە دوو بەرامبەر بکاتەوە بۆ ئەوەی مامەڵە رووبەڕووەکان لە نێوان کەساندا سەر بگرێ، ئەو دەم دەتوانرێ رادەێ پلەی بالای جەماوەری ئارمانج شاری حیساب بکرێ کە دەکاتە ١٦٢٠.

29. See Claeys, *Citizens and Saints*, p. 16.

30. See McLellan, *Engels*, p. 73.

31. Engels 'Speech at the Graveside of Karl Marx and Engels, *Selected Writings*. Engels' Work 'came to be accepted as the authoritative frame of reference through which Marx's Work was to be Viewed', Wright, *Socialism*, p. 43.

٣٢. هەڵویستی تایبەتی خودی لنین بەتەواوی یەکدەست و ڕێک نەبوو. ئەو بە جۆرێکی سەرسوورهێنەر هەڵویستی ئیرادەخوازانەی لەگەڵ ماتریالیزمی وشک تێکەلاوی کرد. دژوارە کە چالاکخوازی کتێبی [چ باید کرد]ی ئەو لەگەڵ جەبرخوازی ئاساری فەلسەفی ئەو بە ناوی ماتریالیزم و ئامپریوکریتیسیزم ئاشت بکەینەوە. ڕێی تێدەچێ کە لنین وەکوو هەلپەرستێکی شۆڕشگێڕ دابنێین.

33. See Miller and Potthoff, *German Social Democracy*, pp. 240-2.

34. Anthony Arblaster in Parekh (ed.), *Concept of Socialism*, p. 148.

٣٥. بئاتریس وێب بۆ وێنە هێربێرت ئیسپینسێری ستایش دەکرد کە خودی خۆی لەگەڵ ئەو دۆستایەتی بوو و دەیگوت: «ئەو بە منی دەگوت کە هەمو ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکان ڕاست ئەو جۆرە تەماشا بکەین کە گیا و گیانەوەرانن ـ ئەگەر کەسێک لەمەڕ ئەشیا بە باشی زانیاری بە دەس بێنێ دەتوانێ بە بینین، دەست بکا بە جیا کردنەوە و بەیانی ئەوان بە کردەوەی ئەوان تا ڕادەیەک پێشبینی بکات».

B.Webb, *My Apprenticeship*, p. 38.

36. See Crosland, *Future of Socialism*, p. 84.

37. S.Webb, *Facts for Socialists*, Tract no. 5., quoted in M.Cole, *story of Fabian Socialism*, p. 18.

38. Greenleaf, *British Political Tradition*, p. 371.

39. Selections from *The New Christianity* can be found in Saint-Simon, *Social Organization*, pp. 81ff.

٤٠. فوریە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «ڕاستی و بازرگانی بە هەمان ڕادە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن کە مەسیح و شەیتان». بازرگانان لە ڕێگرەکان باشتر نین.

Riasianovsky, *Fourier*, pp. 161-2.

41. See Marx, *Early Texts*.

42. See Jay, *Dialectical Imagination.*

43. See, Particularly, the final chapter of Bernstein's *Evolutionary Socialism* entitled 'Kant not Cant'. See, also, Gay, *Dilemma of Democratic Socialism*, pp. 145ff.

44. See, Olivier's essay in Shaw (ed.), *Fabian Essay in Socialism*, pp. 96ff; also Ball, 'Moral Aspect of Socialism'.

45. Dennis and Halsey, *English Ethical Socialism*, pp. 125-26.
بئاتریس ویبیش لە پێشکەوتن و تەکامول «زۆر جار لە نێوانی پلەی تاوانی رۆشنبیران و مالکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەدوێ؛ بڕوانە.

B.Webb, My Apprenticeship, pp. 179-80.

46. Callaghan, *Socialism in Britain*, p. 55.

47. Wright, *British Socialism*, p. 2.

48. Tawney, *Acquisitive Society*; Dennis and Halsey, *English Ethical Socialism*, p. 151; Greenleaf, *British Political Tradition*, P.414; Wright, *British Socialism and Socialism*,; Terrill, *Tawney and His Times*.

٤٩. من ئەمانە کەم تا کورت هاوکێش لەگەڵ ئەم جۆرە لە بەرچاو دەگرم، ئەگەرچی لەگەڵ سەرهەڵدانی رەخنەی فەمینیستی لە سۆسیالیزم، عاقڵانە ئەوەیە کە لەمەڕ بایەخی «برایەتی» زۆر بەپارێز بین. زۆرینەی سۆسیالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، یەکێتیە سنفییەکان و هی وەکو ئەوان قسە و دەمیان لە برایەتی وەردەدا. زۆر لە سۆسیالیستە هاوچەرخەکانم بەم تەوسیفانە دڵخۆش نین، یان هەر پێیان خۆش نییە، ئەوە بە تێگەیەنێکی زۆر بەرتەسک لە جەماوەر و کۆمەڵگە دەزانن کە بێگومان دەبێ هەموو ژنان بە شێوەی هاوولاتییەکی بەرامبەر لەخۆبگرێ. بۆ لێدوان لەمەڕ ئەم خاڵە؛ بڕوانە.

Anne Philips 'Fraternity' in Pimlott (ed.), *Fabian Essays.*

50. For early-nineteenth-century uses, see Claeys, *Citizens and Saints*, P. 299; on William's use of the notion of community, see R. Williams, *Long Revolution.*

51. See Crick, *Orwell*, p. 507.

52. On aspects of this theme, see David Miller's essay 'In what sense must Socialism be Communitarian?', in Paul, Miller, and Paul (eds), *Socialism*; also Plant, Equality, *Markets and the State*.

53. See Plant, *Community and Ideology*.

54. Wood, 'Marx on Rights and Justice', p. 281.

55. See Crick in Pimlott (ed.), *Fabian Essays*, p. 157.

٥٦. بۆ وێنە ئایا لە ویستە تایبەتییەکان «نیازەکان» موتڵەقە یان نیسبی؟ ئەگەر نیازەکان موتڵەقن چ شتگەلێک دەگرنەخۆ؟ پێوەندی نێوان نیازەکان و ویستەکان چییە؟ ئایا هاوێر و جیاوازییەکی روون لە نێوان ئەم دەسکەوتانەدا بوونی هەیە؟ ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەش لێدوان لەمەڕ نیاز دووچاری گرفت دەکەن.

٥٧. ئەو جۆرە کە بئاتریس گوتوویە: «ئێمە بە «مرۆڤی بەهەستی مامناوەندییەوە» باوەڕمان نییە، لامان وانییە کە ئەو بتوانێ زۆرتر لەوەی کە نارەزامەندییەکان باس دەکات، ئەنجام بدات، فیکر ناکەین بتوانێ رێی چارەسەرێک بدۆزێتەوە... ئارەزوومان هەیە کارناسانی پسپۆڕ بێنینە ناو کارەوە»؛ بڕوانە.

B.webb, *our Partnership*, p. 120.

58. Tawney, *Equality*.

59. On the Kantian rational will argument, see Bernstein, *Evolutionary Socialism*. Mill's later reflections, 'Chapters on Socialism', Figure in the utilitarian guise; see Mill, *On Liberty*.

60. See Discussion in plant, 'Socialism, Markets and End-State', in Estrin and Le Grand *Market Socialism*.

61. Cole, *Self-Government in Industry and Guide Socialism Restated*.

٦٢. من لەمەڕ ئەم بابەتە لەگەڵ بەشبەشی زۆرتری ئەم کتێبە ئەندێشەگەلێک لە بابەتی دەوڵەت (بەشی پێنجەم) لێدوانم کردووە. هەروەها بڕوانە.

Hobbio, *Which Socialism*?

و رواڵەتەن بۆچوونی مارکوویچ لە لایەنێکی زۆر جیاوازە کە «بەبۆچوونی مارکس، مەسەلەی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی کۆشش بۆ ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە

بەشێوەی چاوکراوانە و ئازادانە، بەشێوەی عەقلانیتر و مرۆڤانەتر مومکینـە. بـەم هۆیـە، دەوڵەت زۆر ناخایەنێ و زەروورەتی نییە».

Markovic, *Democratic Socialism*, p. 19.

63. Barker 'Fabianism and the State' in Pimlott, *Fabian Essays*, p. 28. Barker notes in this essay the 'The whole conception of the Fabian state as depicted by the webs is a massive and high-minded self-denying ordinance' (p. 34).

64. See Hirst, 'Democracy: Socialism's best reply to the right', in Hindess (ed.), *Reactions to the Right.*

٦٥. گۆڕینی ناو بـە (PDS (Partito Democratico della Sinistra بەشـێوەی هێمـای دیاریکەری گۆڕانکاری ئیدئۆلۆژیکییە.

66. The best selected collection of Gramsci's writings is *Selections from Prison Notebook*; see also the studies by Femia, *Gramsci's Political Though*, and Simon, *Gramsci's Political Though.*

67. For the medieval wing of the Guild, see Penty, *Restoration of the Guild System*, and for the national guilds see S.G.Hobson, *National Guilds and the State*, and Cole, *Guild Socialism Restated.*

68. Tawney, *Acquisitive Society.*

69. See Plant, *Equality, Markets and the State*, p. 5.

70. See Gorz, *Farewell* to the Working Class; Kitching, *Rethinking Socialism*, pp. 62-3.

٧١. بئاتریس ویب ئەنـدامی خـوارەوەی سۆسیالیـستەکانی «بـە هۆکـاری هەمیـشە گەوج کە لە تالاریکدا دێن و دەچن و... دەس دەکـەن بـە گاڵـتەی تـەواو گەوجانـە» بـاس دەکا. بڕوانە.

B.webb, *our Partnership*, p. 134.

٧٢. ئەمە بەشێکی سەرەکی لە پەیامی لایەنگرانی سۆسیالیزمی بازاڕە؛ بڕوانە.

Estrin and Le Grand, *Market Socialism.*

هەروەها بۆ موتاڵای زۆرتر لەمەڕ کۆل؛ بڕوانە.

Wright, G. D. H. Cole.

73. See Penty, *Restoration of the Guild System*, and Cole, *Guild Socialism Restated*;

74. See Plant, 'Socialism Markets and End States' in Estrin and Le Grand, Market Socialism, p. 71.

75. Estrin and Le Grand, *Market Socialism*, p. 23.

بەشی پێنجەم: ئانارشیزم

١. واتای ژیان کردن لە کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت یان حکومەت، لە باشترین شێوەی ئەو، دەتوانێ دوو مانای ببێت. یان کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی بێزیان و رووخاو بەلام بێکردەوەیی لەخۆگرتووە، شتێک کە بەرهەمی ئەندێشە لەمەڕ گرفتی کۆمەڵگەی هاوچەرخە یان کۆشش بۆ دۆزینەوەی بریکارێکی بەکردەوە بۆ دەوڵەتە. شایستەیی بۆ ژیان لە وەها کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەتدا پێوەندی ناسکی بە لێهاتوویی تایبەتی یان سیاسییەوە هەیە.

٢. ئەو جۆرە کە نووسەرێک دەڵێ: «ئانارشیزم» لەگەڵ ئەمە کە هێنەری زیندەخەوێکی بەرفراوان لە دۆزەکانە ناتوانێ وەکو مارکسیزم بە شێوەی ئیدئۆلۆژییەکی ناسک و میزان پێناسە بکرێ». بڕوانە.

Cahm, *Kropotkin*, p. ix.

هەروەها چاو لە لێدوان بکە:

D. Miller, *Anarchism*, p. 2; Gaus and Chapman, in Pennock and Chapman (eds). *Anarchism*, p. xvii; also Ritter, *Anarchism*

3. Proudhon, *Selected Writing*, pp. 88-9.

واباشە لێرەدا سەرسەری وەبیر بێنینەوە کە پرۆدۆن لەم بارەوە جیا کردنە و هاوێری نێوان دەسەلاتی حکوومەت و دەوڵەتی قبوول نەدەکرد.

٤. باکونین رەخنەی مارکس لە پرۆدۆن لە کتێبی هەژاری فەلسەفەدا پەسند دەکرد.

٥. مایلبوونی درێژخایەنی ئەم لێدوانانە لەم خولەدا، بڕوانە.

Cahm, *Kropotkin*, pp. 36-43.

6. See Clark, 'Master Lao and the Anarchist Prince', in Clark, *Anarchist Moment*, p. 163. David Miller, amongst other commentators, mention this point in Passing; See Miller, *Anarchism*. P.3 James Joll.speaks of Zeno and the Stoics in the same vein, *Anarchist*, p. 13.

7. Taylor, *Community, Anarchy and Liberty*, p. 33.

٨. ئەو هەروەها دەڵێ: جەماوەری وەرزێری، گوندی، کیبوتسەکان و کۆمۆنە خەیاڵییەکان لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا نەریتی ئانارشیستیان بووە؛ هەمان، ل، ٣٥ـ٣٧.

٩. هەمان، ل، ٣٨.

١٠. ئەگەر خاوەن ئینساف بین، تایلۆر تا رادەیەک ئەم کێشەی دوایی دەسەلماند، ئەگەرچی حەز دەکا کە لەگەڵ ئەو بەشێوەی نامێژوویی پاککردنەوە رەفتار بکات.

11. Pilgrim, '*Anarchism and Stateless Societies*', p. 367.

12. See P. Thomas, *Karl Marx and the Anarchists*, pp. 7-8; also Cahm, Krpotkin, pp. 7. For a good study of Godwin as an anarchist, see Clark, *Philosophical Anarchism of William Godwin*.

13. Rocker, *Anarcho-Syndicalism*, p. 21.

دەیڤید ئاپتریش ئەم خاڵە دێنێتە ئاراوە واتە ئەمە کە ئانارشیزم رەخنەی سۆسیالیستی لە سەرمایەداری لەگەڵ رەخنەی لیبرالی لە سۆسیالیزم تێکەڵ کردووە؛ بروانە.

'The Old Anarchism and the New' in Apter and Joll (eds), *Anarchism Today*, pp. 1-2. See also for roughly the same idea, D.Miller, *Anarchism*, p. 3.

14. For the Classic study of the Spanish Experience, see Brenan, *Spanish Labyrinth*.

15. See Avrich, *Russian Anarchists*, pp. 209-22; Guérin, *Anarchim*, pp. 98-101; Arshinov, *Makhnovist, Movement*.

16. See for example, Bookchin, *Ecology of freedom*, *Post-Scarcity Anarchism, or Tawards an Ecological Society*; or Ward, Anarchy in Action.

١٧. بۆ درێژە پێدانی زۆرتر دەربارەی ئەم چالاکیە بلاوکردنەوەیە بێجگەلە زانیاری مەربووت بە «گروپی جوستوجۆگەری ئانارشیستی» دامەزراو لە بریتانیا لە ١٩٨٥ـ١٩٨٤، بڕوانە.

Goodway (ed.), *For Anarchism*, pp. 1-16.

١٨. دەربارەی مەسەلەی وتووێژی گرێدراو بە توندوتیژ و ئاشتی؛ بڕوانە.

Friedrich, '*Anarchist Controversy*'.

١٩. ئەو لە یەکێک لە تازەترین کارەکانیدا خۆی هـەم بـە ئێکـۆئانارشیـست و دواتـر ئانارکۆکۆمۆنیستێک باس دەکا، بڕوانە.

Bookchin, *Toward an Ecological Society*, pp. 92,251n.

20. Kropotkin, *Mutual Aid*, pp. 271ff.

21. See Bookhein, *Ecology of freedom and Toward an Ecological Society.*

22. For An excellent study of French syndicalism, see Jennings, *Syndicalism in France*.

23. See Holton, *British Syndicalism* 1900-1914; Morgan, '*Socialism and Syndicalism*'.

24. Rocker, *Anarcho-Syndicalism*, p. 134.

25. D. Miller, *Anarchism*, pp. 125,132.

26. J.Carroll's introduction to Stirner, *The Ego and His Own*, p. 33.

27. Ibid., p. 34. See also, for a more rigorous separation of Stirner from anarchism, Patterson, *Max Striner*; also D. McIntosh,'Dimensions of anarchy' in Pennock and Chapman, *Anarchism*, pp. 240ff.

28. Clark, *Marx Stiner's Egoism*, pp. 89.

29. Gaus and Chapman, and Wieck, in Pennock and Chapman, *Anarchism*, pp. xxv, 215.

30. See R.Graham, 'The Role of Contract in Anarchist Ideology', in Goodway, *For Anarchism*, p. 163.

31. See V. Richards, 'Notes for a Biography', *in Malatesta*: *Life and Ideas*, p. 209; Guérin, 'Marxism and Anarchism' in Goodway, *For Anarchism*, p. 118.

٣٢. باشترین موتالا لەمەڕ پێوەندی مارکس لەگەڵ ئانارشی کتێبی پۆل توماس بەناوی کارل مارکس و ئانارشیستەکان. پێوەندی ئانارشی لەگەڵ لیبرالیزم لە هێندێ لە موتالادا باس کراوە ئەگەرچی لێدوانی سیستماتیک تەواو نابێ و لەمەڕ ئەو باقی دەمێنێ.

33. Rothbard in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 193.

٣٤. ئەو دەڵێ: «ئێمە بێخەوش و خالیس بوون لە تاوان و بە باش بوونی گشتی خەلک باوەڕمان نییە».

V. Richards (ed.), Malatesta: *his Life and Ideas*, p. 193.

35. Kropotkin, *Mutual Aid*, p. ix.

36. Ibid., p. 14.

تاکخوازی هابز کرۆپۆتکین بە بۆچوونەکانی ت. هـ. هاکسلی و تەکامولی بەربەرەکانییەوە گرێداوە. لە راستیدا هاکسلی لە توێژیەوەی خۆیدا بەناوی «خەبات بۆ بوون لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا» کە وەگەڕخەری کرۆپۆتکین لە نووسیندا یارمەتی رووبەڕوو بوو، لە هابز بۆ بەیانی روون کردنەوەی واتای تەکامولی بەربەرەکانی کەڵک وەردەگرێ.

٣٧. ئەو جۆرە کە کرۆپۆتکین دەڵێ: «کۆمەڵگە قبوولی و پێویست بە یارمەتی بەرامبەر و پشتگری بەشی جودایی هەڵنەگر و زاتی و سروشتی مرۆڤە کە لە هیچ خولێک لە مێژوودا ناتوانین ئاشکرای بکەین کە مرۆڤەکان لە بنەماڵە بچووکەکاندا جیا لەوانی دیکە ژیانیان کردووە، لە پێناوی کەل و پەلی پێداویستی ژیان شەڕیان لەگەڵ یەکتر کردووە».

Mutual Aid, p. 153.

٣٨. هەمان، ل ١١٢.

٣٩. لەمەڕ ئیمان کرۆپۆتکین بە «مانای باش» جەماوەر؛ بڕوانە.

Kropotkin, Conquest of Bread, p. 109.

Malastesta, Anarchy, pp. 34-5.

لەمەڕ حوکمی ساکاری کرۆپۆتکین، بڕوانە.

40. Bookchin, *Toward an Ecolgical Society*, pp. 59-60.

41. Berkman, *ABC of Anarchism*, p. 27.

٤٢. وێنەی غەریزی، وێرانگەر و ناسیستماتیکی دۆزەکانی باکونین کە هۆگری بە پەروەردە دانی ئەوی بوو رەنگە زیادەڕەوی بێ. بۆ دروستکردنەوەی ئەم بۆچوونە لەمەڕ میراتی باکونین؛ بڕوانە. Kelly, Mikhaeil Bakunin

Avirch, 'Legacy of Bakunin'.

43. Bakunin, *Statism and Anarchy*, p. 205.

بۆ لێدوان لەمەڕ دژایەتی باکونین لە بۆچوونی تەکامول و پەرەپێدانی کرۆپۆتکین؛ بڕوانە.

Thomas, *Karl Marx and the Anarchist*, pp.286-8; Avrich, *Russian Anarchist*, pp. 92ff; and Avrich's introduction to Bakunin's *God and the State*, p. vi.

44. See Sorel, *Reflections on Violence*.

بۆ زانیاری زۆرتر؛ بڕوانە.

Jennings, George Sorel

دەربارەی کاردانەوەی گشتی بێرگسۆن؛ بڕوانە.

Scott, *Syndicalism and Philosophical Realism*, or Pilkington, *Bergson and His Influence*.

٤٥. سووریل لە حەماسەیەک لە حاڵەتی رۆحی پاڵەوانانی هومێر یان ئەبەرمەردی نیچە دەبێژێ ـ سەردەمێکی نوێ لە دەلاوەری و جوامێری و پاکی و ساکاری؛ بڕوانە.

Sorel, Reflections on Violence,

ئەو جۆرە کە هوولم، وەرگێڕی ئەو، گوتوویە: «تێگەینی شۆڕشێک کە دژی دیموکراتیەت بێ، سەرەڕۆیی لە زانستی ئەخلاق کە عەقڵخوازی و نیسبیخوازی بەگشتی رەتدەکاتەوە و لەسەر پرەنسیپی راز و رەمز لە دیندا بایەخ دادەنێ... کە لە مودێرنیزم و پێشکەوتن بە گاڵتەجاڕەوە دەدوێ و واتایەکی وەک شەرافەت و کەرامەت بێمانای راستەقینە بەکار دەبا... دژاوارە»؛ بڕوانە.

Hulme, *Speculations*, p. 250.

46. Godwin, *Enquiry Concerning Political Justice*, p. 758.

47. Ibid., p. 761.

48. Stirner, *The Ego and His Own.*

٤٩. لئو تۆلستۆی بەناوبانگترین داکۆکی مەسیحی لە ئانارشـی کـردووە، ئەگـەرچی ناتوانرێ ئاساری ئەو راڤە و راژەی ئۆرتۆدۆکسی ، اوەڕی مەسیحی ناوبنرێ؛ بڕوانە.

Tolstoy, *Kingdom of God and Peace Essay.*

٥٠. دەربارەی بەڵگە هێنانەوەی دەروونناسی، بڕوانە.

Gustav Landauer, *For Socialisn .*

51. Proudhon, *Revolution in the 19th Centry*, p. 292.

ئەگەرچی ئاشکرایە کە پرۆدۆن لە واتای دەولەت، دەسـەلات یـان یاسـا بـە جـۆرێکی سابت کەلکی وەرنەگرتووە؛ بڕوانە.

Vernon, *Citizenship and Order*, pp. 82ff.

52. Nock, *Our Enemy the State.*

53. Rothbard in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 195.

54. Bakunin, *Statism and Anarchy*, p. 3.

55. Theterm 'spook' is Stirner's.

56. Rothbard, *For A New Liberty*, p. 3.

57. See Bakunin, *Statism and Anarchy*, pp. 14,26.

58. Kropotkin, *Mutual Aid*, n., p.165.

59. Ibid., p. 294.

٦٠. لێـرەدا شـاراوەیەک بـوونی هەیـە، بـۆ وێنـە هـۆگری بـاکونین و پـرۆدۆن بـە فیۆدالیزمی ئەمریکایی، یان عەشقبازی و ئەوینداری پرۆدۆن لەگەڵ سیاسەتی پەرلـەمانی هۆگری دیکەی ئەو بە دەولەت، ئەو جۆرە کە لەم دوایانەدا تۆژەرێـک گوتوویـە پـرۆدۆن «واژەی دەولەت بێ ناخۆشی و شەرم بەکاری دەبا و گرنگتر ئەوەیە کە گرنگییـەکی زۆر بە دەولـەت دەدا. دەولـەت «چـالاکی یەکـەم و بەڕێوەبـەری گـشتییە»... لەگـەڵ ئەمـەدا، دەربارەی باوەڕپێکراوی دادی ئـەوەی کـە پـرۆدۆن پێشنیاری دەکـا زۆرتـر وێچـووی دەولەتی فیدراڵە هەتا کۆنفیدراسیۆنێک»؛ بڕوانە.

Vernon, *Citizenship and Order*, pp. 82-3.

٦١. بوکچین بەم شێوازە خاڵ دێنێتە ئاراوە و باوەڕی وایە کە «مارکسیزم زۆرتر دەیتوانی ئیدئۆلۆژی سەرمایەداری تەواوعەییار بێ، راست لەو رووەوە کە رەخنە بنەڕەتییەکانی رووی لە تەولیدی سەرمایەدارییە بێ ئەوەی کە بناخە فەرهەنگییەکانی ئەو بانگهێشتی گۆڕەپانی خەبات بکات، بڕوانە.

Bookchin, *Toward an Ecological Society*, 29.

62. Kropotkin, *The State*, p. 41.

63. Berkman *ABC of Anarchism*, p. 9.

64. Rocker, *Anarcho-Syndicalism*, p. 31.

٦٥. من مەسەلەی دووپاتبوونەوەی ئەخلاقی کە ئانارشیستەکان لەسەر بنەمای ئەو بایەخیان بە ئازادی داوە، وەلادەنێم.

66. Stirner, *The Ego and His Own*, p. 118.

67. Clark, *Max Stirner's Egoism*, pp. 61ff.

٦٨. لێدوانێکی سەرنجڕاکێش لەم بارەوە لە مقالەی خوارەوە بوونی هەیە:

Flower, 'Anarchist Tradition of Political Thought'.

69. Rothbard in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 193.

70. Rothbard, *For A New Liberty*, p. 23; see also Berkman, *ABC of Anarchism*.

71. On the issue of self-government, see Proudhon, *Selected Writings*, p. 94; Bakunin, *God and the State*, p. 30; Clark, *Anarchist Moment*, p. 225; also see Wolff, *In Defense of Anarchism* and Carter, *Political Theory of* Anarchism. For some of the ripostes to Wolff, see essay by R.T.De George, G.Wall and p.Riley in Pennock and Chapman, *Anarchism*.

٧٢. لئو تولستۆی باوەڕی وایە کە ئازادی راستەقینە لەگەڵ یاسای ئەخلاقی موعیزەی سەرکێو بەرامبەری دەکات؛ بڕوانە.

Tolstoy, *Kingdom of God*;

هەروەها بڕوانە،، بە مالاتستا لەمەڕ ئەمە کە ئازادی پێویستانە ئامانجە ئەخلاقییەکان وەبیر دێنێتەوە، لە کتێبی ئەو بەناوی: *Anarchy*, p. 24

73. Rocker, *Anarcho-Syndicalism*, p. 32.

٧٤.   بوكچین له نووسراوه جۆربەجۆرەکانی خۆیدا لەسەر ئەم خاڵە زۆر تەئکید دەکا. بڕوانە. بە لێدوانی کلاسیک لە:

Clark, *Anarchist Moment*, pp. 224ff.

بە لای هێندێ نووسەرانەوە قبوول کراوە کە عەقڵانییەت، دۆستی و بەیانی حاڵیش بەشێک لە ئازادین. مایکل تایلۆر لە لێدوانێک لەمەڕ ئەم بابەتە گوتوویە کە ئەو دەیتوانی لەم بارەوە لەمەڕ بەیانی حاڵ و حەدیسی نەفس و خودموختاری بەشدار بێ «لە حاڵێکدا کە نیشان درا کە چالاکی هەڵبژاردنی رەخنەیی لەمەڕ ئەم واتا خودموختارییە خۆی هۆی دیاریکراوی زۆرداری نەبووبێ» لەگەڵ ئەمەدا، ئەو دەڵێ ئەگەری ئەنجامی ئەم کارە نەگونجاوە؛ بڕوانە.

Taylor, *Community, Anarchy and Liberty*, p. 150.

ئەو هەروەها عونسوری وەگەڕخستنی لەمەڕ پێوەندی ئازادی موسبەت (خودموختاری) لەگەڵ کۆمەڵگە وەبیردێنێتەوە. هەمان ل. ١٦٤.

75.   Tolstoy, *Kingdom of God*;

٧٦.   تایبەتمەندیگەلێکیش بوونی بوو. بۆ نموونە: راتبارد لە ئاسەواری جۆراوجۆردا تێدەکۆشێ یاسایەکی ئانارکۆکاپیتالیستی دروست بکات کە لە حکوومەت یان دەوڵەت وەرگیراوە و لەسەر بنەمای مافی خاوەندارێتی بەسەر خۆدا، نەبوونی توندوتیژی و لە بەرەوەست نانی زەوی وەرزێڕی دارژاوە. هەموو ئانارشیستەکانیش حکوومەت لە دەوڵەت جیا دەکەنەوە.

77.   Proudhon, *Revolution in the 19th Century*, pp. 206-7.

٧٨.   پرۆدۆن دەڵێ: «قەراردادی کۆمەڵایەتی یاسای لە پێشبوونە کە لە لایەن ئەوەوە هەر هاووڵاتییەک عەشقی خۆی، هۆشی خۆی، کاری خزمەتگوزاری خۆی، تەولیداتی خۆی و کەلوپەلی لە ئیختیاری کۆمەڵگەی دادەنێ و لە بەرامبەردا، دڵۆڤانی دۆزەکان، کارەکان، بەرهەمهێنان و کەلوپەلی هاووڵاتییەکی دیکە بە دەس دێنێ»، ل ١١٤.

٧٩.   هەمان کتێب، ل ١١٢.

80.   See D.Wieck, 'Anarchist Justice', in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 271.

81.   Kropotkin, *Mutual Aid*, pp. 58-9.

82. See discussion of this in Avirch, *Russian Anarchists*, p. 29.

83. Kropotkin, *Conquest of Bread*, p. 15.

84. Ibid., pp. 238,241.

85. I am thinking here of ventures like A.S.Neill's summer hill school.

86. D.MacIntosh in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 268.

87. D.MacIntosh in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 268.

88. Rothbard in Pennock and Chapman, *Anarchism*, p. 191-2.

٨٩. ئەو جۆرە کە کلارک دەڵێ: «یەکێتی خۆخوازان وەبیرهێنەرەوەی ئەنجوومەنێکە کە لەودا خەڵک بە یەکەوە کار دەکەن نەک لەبەر خۆشگوزەرانی هەمەلایەنە یان شادی و بەختەوەری زۆرتر بەڵکو لەو رووەوە هەر تاکێک حەز دەکا زۆرتری ببێت»، بڕوانە.

Clark, *Max Stirner's Egoism*, p. 79.

90. Stirner, *The Ego and His Own*, p. 142.

٩١. باکونین لە کتێبی دەوڵەتخوازی و ئانارشی، لا ١٣، ٤٦ و ١٩٨ تێبینیگەلێکی لەمەڕ ئەم روانگە فێدراتیڤییەی خۆی هەیە.

92. Bookchin, *Toward an Ecological Society*, pp. 47-9.

93. Kropotkin, *Conquest of Bread*, pp. 179-84.

٩٤. کرۆپۆتکین لە کتێبی مەزار، کارگەکان و کارخانەکاندا وەسییەت و پەندی بەکردەوەتر و راستبینانەتری بۆ ئەم کۆمۆنانە هەیە.

95. Bookchin, *Toward an Ecological Society*, pp. 68-9.

ئەم خاڵە هەم ئاساری گاندی و هەم لە ئاساری شوماخردا رەنگیداوەتەوە.

96. Kropotkin, *Conquest of Bread*, pp. 161ff.

کرۆپۆتکین لەو سەردەمەدا لەگەڵ برێک لەم بۆچوونانە بەشدار بوو، بۆ وێنە لەگەڵ نووسەری مارکسیست ئۆگۆست ببل؛ بڕوانە.

Bebel, *Womwn and Socialism*.

ئەم بۆچوونە هەنووکە دەتوانێ جێی رەخنەی ئیدئۆلۆژی فەمینیستی هاوچەرخ بێ، بڕوانە. بە فەسڵی ٧.

97. Graham in Goodway, *For Anarchism*, p. 157.

98. Graham introduction to proudhon, *Revolution in the 19th Century*, p. ix.

99. See Holton, *British Syndicalism* 1900-1914, p. 17.

100. On the attitudes of Syndicalistsin Wales, see Morgan, 'Socialism and Syndicalism'.

101. See Holton, *British Syndicalism* 1900-1914, p. 35.

102. See Best (ed.), *Industrial Syndicalism*, p. 65. On the Bourse du Travail, see Joll, *Anarchists*, pp. 197-200.

103. Graham in Goodway, *For Anarchism*, p. 171.

104. Proudhon, *Revolution in the 19th Century*, pp. 146,244.

105. Bakunin, *Statism and Anarchy*, p. 313.

106. See Alan Ritter in Penock and Chapman, *Anarchism*, p. 131.

بەشی شەشەم: فاشیزم

1. Notle, *There Faces of Fascism*, p. 17.
2. See Juan Linz's essay in Laqueur (ed.), *Fascism*, p. 14.
3. Mussolini mentions this ancestry; see 'Doctrine of Fascism', p. 268.
4. Mack Smith, *Mussolini*, p. 47.
5. See introduction by Miller Lane and Rupp (eds), *Nazi Ideology*, p. xxv.
6. Robert Skidelsky, *Oswald Mosley*, p. 299.

دەربارەی پێوەندی پێچراوەی فاشیزم لەگەڵ ڕاست سەرنج بە وتارێک لە:

Eatwell and O'Sullivan (eds), *Nature of the Right*.

7. Rocco, 'Political Doctrine of Fascism', pp. 42-4.

8. Sternhell in Laqueur, Fascism, p. 333.

لەمەڕ فاشیزم بە شێوەی میراتبەری سوننەتی پایەداری پارێزگاری، بڕوانە.

Weiss, *Fascist Tradition.*

٩. ئەگەرچی دەبێ وەبیر بێنینەوە کە کۆمەڵێک لە بیرمەندان بۆچوونگەلێکی زیرەکانە و وردبینانەیان دەربڕیوە. بۆ وێنە ناوەڕۆکەکانی رۆشنبیری سەدەی نۆزدەهەم هاوڕێ لەگەڵ هۆکارە شاراوەکان بۆ پەرەپێدانی دوارۆژ، دەتوانرێ بێ‌زیان بزانرێ. رێیەکی دیکە ئەمە کە دەکرێ بوترێ بە جۆرێکی ئیستمرار دۆزە دیاریکراوەکان بوونیان بووە. هەروەها برێک لە بەردەوامە فیکرییە رواڵەتییەکان بوونیان بووە، بەڵام فاشیستەکان لە پێناوی چەمکی شەیتانی خۆیاندا دۆزەکانیان بەتەواوی گۆڕیوە. سەرەنجام ئەمە کە ئیستمراری دۆزەکان بوونیان بووە بەڵام بێکاتالیزۆری جەنگ وێستانی ئابووری و ناهێمنایەتی کۆمەڵایەتی بەرەو پێشکەوتن نەچووە.

10. Crasten, *Rise of Fascism*, p. 63.

11. Trever-Roper, in woolf (ed.), *European Fascism*, p. 18.

12. See n. 11 above.

١٣. لەمەڕ یەکێک لە دێرینەترین، هەرچەند هێشتا پێچڕاوەترین راپۆرت ئەم هێلە فیکرییە خوازیانە سوودی لێوەردەگرن؛ بڕوانە.

Franz L. Neumann, Behemoth. See also Kitchen, *Fascism*.

14. Marcuse, *Reason and Revolution*, p. 410.

15. Quoted in H.A. Turner (ed.), *Reappraisals of Fascism*, p. 119.

16. See Mosse, *Nazism*, p. 49. Futher critical discussion of this point can be found in Hans Mommsen's essay in Laqueur, *Fascisim*, p. 157.

17. See David Forjacs' essay in Forjacs, (ed.), *Rethinking Italian Fascism*, p. 43.

18. Erikson, *Young Man Luther*, p. 104; see also Binion, 'Hitler's Concept of Lebensraum'.

19. Koenigsberg, *Hiltler's Ideology*, p. 58. The emphasis is Koenigsberg's.

20. Adorno, *Authoritarian Personality.*

21. O'Sillivan, *Fascism*, p. 25; see also Carsten in Laqueur, *Facsicm*, pp. 465ff.

٢٢. لایەنێک لەم ئالۆزییە دینییە کارل یۆنگی رەوانتویژ بەیانی کردبوو. ئەو باوەڕی بوو کە دیرۆکەکانی مەسیحی مردوون. لە شارستانییەتی ئێستەی ئێمەدا «دیرۆک لال بووە و هیچ وەلامێک ناداتەوە». لەم بارەوە «ئێمە لە بەرامبەر دیاردەی نازیزمدا گێژ و سەرلێشێواو ماوینەتەوە... رووبەڕووی پرسیاری پڕکارەساتی شەیتان بووینەتەوە و تەنانەت نازانین چ شتێک لە بەرامبەر ئێمە دایە»؛ بڕوانە.

Jung, Memories, *dreams and Reflections*, pp. 363-4.

23. Quoted in /Ruggiero, *European Liberalism*, p. 343.

24. Collingwood, 'Facsim and Nazism', pp. 170ff.

وتاری ناوبراو لە کتێبی خوارەوە چاپکراوەتەوە. بڕوانە.

Collingwood, *Essay in Political Philosophy*, ed. David

بوچر لە پێشەکی کتێبی ناوبراو داد لەمەڕ ئەم لێکۆلینەوە و موتالای بەرفراوانی خۆی لەمەڕ کالینگ وورد قسە دەکا و لێدوان دەکا؛ بڕوانە.

Boucher, *Social and Political Thought of R.G.Collingwood.*

25. See Rauschning, *Revolution of Nihilism.*

26. Maritain's *Twilight of Civilization*, Quoted in O'Sullivan, *Fascism*, p. 24.

27. Pois, *National Socialism*, p. 28.

28. Stern, Politics of Cultural Despair; *Mosse, Crisis of German Ideology*; Pulzer, *Political Anti-Semitism in Germany and Austria.*

29. See Gregor, *Interpretation of Fascism*, p. 45.

30. Barrington Moore Jnr, in *Social Origin of Dictatorship and Democracy*,

بۆ وەسفی پەرەگرتنی فاشیزمی ئیتالیایی لە ریفۆرمی «پێداچوونەوەی پارێز» کەڵک وەردەگرێ. هەروەها بڕوانە.

Organski, *Stage of Political Development*; Apter, *Politics of Modernization*; and G.E.Black, *Dynamics of Modernization.*

31. Sauer, in Turner, *Reappraisals of Fascism*, p. 132.

٣٢.   لە بارەی نارەزایەتی گشتی سەبارەت بە بۆچوونی نوێکردنەوە بەتایبەت لە ئالمانیا؛ بڕوانە.

Barcher in Laqueur, *Fascism*, p. 205.

٣٣.   من تەنیا بەو ئەندێشانەی کە بڕێک لە خۆشناوترن، ئاماژە دەکەم. ئەندێشە و روانگەی بەرچاوتریش بوونیان هەیە کە لەگەڵ جێیەکی کەم کە هەمانە دەکرێ تاوتوێ بکرێن. بۆنموونە ئوسۆلیڤان لە کاریدا لەمەڕ فاشیزم، لە فاشیزم بە شێوەی «شێوازێکی چالاکی» سیاسی لە رووبەڕوو لەگەڵ دۆزگەلی سیاسی «ئاستەنگ» دەدوێ. ئەم سەبکە چالاکە لە بابەتی بڕێک لایەنەکانەوە، وەکو ئەندێشەیەکی نوێ لەمەڕ ئازادی، باوەڕی بێسوود بەتوانای ئیرادەی مرۆڤایەتی، ئەندێشە لەمەڕ حاکمییەتی خەڵک و ئەندێشەیەکی نوێ لەمەڕ شەیتان پێناسە کراوە؛ بڕوانە.

O'Sullivan, *Fascism*, ch.1.

بۆ بڕێک لێدوانی بەکەڵک و کاربرد ئەم دۆزە؛ بڕوانە.

H.Williams, *Concepts of Ideology*, pp. 94-5.

34. Bullock, *Hitler*, p. 237;Mack Smith, *Mussolini*; Nolte *Three Faces of Fascism*; *Trevor-Roper*, *Last Days of Hitler*. Also for some Discussion of this interpretation, see Pois, *National Socialism*, pp. 15ff.

35. On National Socialism in this point, see W. Carr in Laqueur, *Fascism*, pp. 122ff.

36. Arendt, *Origins of Totalitarianism*; Popper, *Open Society and its Enemies*; Talmon, *Origins of Totalitarianism Democracy*; Friedrich and Brzezinsk;, *Totalitarian Dictatorship Democracy*; Friedrich and Brzezinski, *Totalitarian Dictatorship and Autocracy*.

٣٧.   بیرمەندانی کۆمەڵگە کۆمایەک سفەتی بێ‌ریشە و تەنیای کۆماکانیان تاوتوێ کردووە. بۆ لێدوان لەمەڕ ئەم بۆچوونە لە پێوەندی لەگەڵ فاشیزم؛ بڕوانە.

Gregor, *Interpretations of Fascism*, pp. 118ff.

٣٨.   ئەم خاڵە لەم بەشەدا کە پێوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە تاوتوێ دەکرێ.

39. On classes and Fascism, see Carsten in Laqueur, *Fascism*, p. 460.

40. Linz, in Laqueur, *Fascism*, p. 16.

41. Ibid., p. 17.

42. Ibid., p. 18.

43. For excellent martial no French fascism, see Soucy, *Fascism in France, Fascist Intellectual and French Fascism.*

44. See Weber, *Varieties of Fascism*. There is considerable debate on this whole issue; see Eatwell and O'Sullivan (eds), *Nature of the Right.*

45. See Stanley Payne in Turner, *Reappraisals of Fascism*, p. 151.

46. See Wood in Eatwell And O'Sulliavan, *Nature of the Right*, pp. 141-3.
پریمود ریوەورا کەسایەتی پایەبلندی فالانژی ئیسپانیاش تێدەکۆشێ هەتا لە نێوان فاشیزم و باڵی راستی جیاوازی دابنێ و کێشە دەکا کە ئەوانە نە چەپ بوون و نە راست؛ بڕوانە.

'Foundation of the Spanish Falange' in Primo de Rivera, *selected Writings*, pp. 53-4.
هەروەها دەبێ لێرەدا بوترێ کە فاشیزم پێوەندییەکی لێدوان هەڵایەسێنی لەگەڵ سۆسیالیزمیشدا بوو کە زۆرتر لە دەیەی ١٩٢٠ لە ئیتالیا دەبینرا و بۆ نموونە بەناوی جێنشینی ئۆرگانیک و سروشتی مامەڵە دەکرا؛ بڕوانە.

Adrian Lyttelton in Laqueur, *Fascism*, p. 83.

٤٧. لەمەڕ ئەم پرسیارە؛ بڕوانە.

Classes in Turner, *Reappraisals of Fascism*.

٤٨. زۆ شتێرنهێل لەو بڕوایەدا بوو کە «نازیزم ناتوانێ... بە شێوەی تاقانە بیچمی جیاوازی فاشیزم مامەڵە بکرێ» بڕوانە.

Sternhell in liqueur, Fascism, p.328.

٤٩. دەربارەی وەڵامی گشتی فاشیستە ئوروپاییەکان بە ئەڵمان؛ بڕوانە.

Mosse, *Crisis of German Ideology*, pp. 314ff.

دەربارەی تێبینییە تەواو و مەسەلەکانی موسۆلینی؛ بڕوانە.

Mack Smith, *Mussolini*, p. 216.

موسۆلینی بە هاوکارەکانی گوتبوو کە کاتێک هیتلێر لەمەڕ بابەتەکان دەدوێ وەکو «گرامافۆنێکە کە حەوت ئاهەنگی جۆراوجۆر لێدەدا و کاتێک لێدانەکەی تەواو دەکا سەرلەنوێ ئەوانە لێدەداتەوە» لە راستیدا هیتلێر لە وتوویژی خۆی لەگەڵ موسۆلینیدا بەوی گوتبوو کە ئیتالیاییەکان رەنگە بە هۆی رەنگی پێستی بۆرتر خۆی هێماگەلێک لە خوێنی رەشپێستەکان لە خۆیاندا هەبێ و لەبەر ئەمە، لەخوارەوەی ئارییاییەکانن کە بێگومان نابێ هێند بەلای موسۆلینییەوە خۆشەویست بن؛ بڕوانە.

Mack Smith, *Mussolini*, p. 214-5

٥٠. دەربارەی بابەتی توندوتیژی؛ بڕوانە.

Klaus Epstein in turner, *Reappraisals of Fascism*, p. 17.

51. Nolte, *Three Faces of Fascism*, p. 574; de Grand *Italian Fascism*, ch.10.

52. See, for example, Mussolini's article 'Which Way is the World Going?', From the Party journal *Gerarchia*, February 1922; also Lyttelton (ed.), *Italian Fascisms*.

53. Robert *Syndicalism Tradition and Italian Fascism*, p. 318.

رابێرتس پێوەدەچێ و دەڵێ کە «ئەو پرسانەی کە... رەخنەگرانی نامارکسیستی لیبرالیزمی ناڕەحەت دەکرد، لە پرۆدۆن و ماتزینییەوە بگرە تا دورکیم و دوگویی، بە رادەیەکی زۆرەوە تووشی قەیرانی ئیتالیایی لیبرال ببوونەوە... فاشیزمی چەپ بە ئەنجامدانی شۆڕشی سنفخواز پێدەچێ رەوت و پرۆسەیەکی گەورە لە نەریتی رەخنەی دژەمارکسیستی لە لیبرالیزم و سەرمایەداری لێبکەوێتەوە؛ (*ibid*, 319-320 pp)

٥٤. «بیست و پێنج خاڵ» لە ئاساری خوارەوە بە دەس دەکەوێ.

Miller Lane and Rupp, *Nazi Ideology*, and Oakeshott (de.), *Social and Political Doctrines*.

پرۆگرامێک وەئەستۆی گرتبوو کە ئەو خاڵانەی خوارەوە بێنێتە دی: کار بۆ هەمووان و پیشەی تەواو و کەماڵ (٧)، وەلانان و قرتاندنی دەرامەدی رەنج پێوەنەکێشراو و رزگاری لە خەرجی بەرژەوەندی (١١)، دەس بەسەراگرتنی هەموو سوودەکانی جەنگ (١٢)، خۆماڵی کردنی هەموو کارتێلەکان و تەراستە بازرگانییەکان (١٣) بەش لە سوودی پیشەکاندا (١٤)، هاوبەشی کردنی بەشی زەخیرەکان و یارمەتی دانی پیشە ساواکان

(١٦)، دەس بەسەرداگرتنی ئەو زەویانەی کە بە هۆی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەسارەتیان نەدراوە (١٧)، سوودخۆری و گرانفرۆشی سزای مەرگی هەیە (١٨)، خۆماڵی کردنی فێرکردن و پەروەردە (٢٠)، پووچەڵ کردنەوەی کاری منداڵان و...

55. See Bellamy's useful discussion of Gentile in *Modern Italian Social Theory*, ch.6.

٥٦. گێڕانەوە لە:

Mack Smith, *Mussolini*, p. 200.

سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەمە لەگەڵ لێکدانەوەی بولوک لە دۆزە سەرەتاییەکانی هیتلێر کە ئەوانە سەرجەم بە نارەسەن دەزانێ، بەرامبەریان هەیە: «ئەوانە قالبگەلێک لە دۆزە سیاسییەکانی بازاڕی رادیکاڵ و پانژێرمەن (ناوی قەومێکە لە نژادی سپی ئاریا) بوون». بڕوانە.

Bullock, *Hitler*, p. 44.

٥٧. ئەشمیت زۆرتر دەیویست بڕێک لە رەخنە مەنفیتر و کارکردی ناسیۆناڵ سۆسیالیزم بسەلمێنێ؛ بڕوانە.

Schmitt, *crisis of Parliamentary Democracy*.

دەوری هایدگر شاراوەترە. ئەو ئەگەرچی لەسەرەتاوە شەوق و زەوقێکی زۆری سەبارەت بە ناسیۆناڵ سۆسیالیزمی لە خۆنیشان دەدا، دواتر رووی لێوەرگێڕا.

58. Linz in liqueur, *Fascism* ,p. 15.

59. See A. Hamilton, *Appeal of Fascism*.

60. Marinetti, 'Futurist Manifesto' in Lyttelton, *Italian Fascism*, p.211.

٦١. پاپینیش وەبیر دێنێتەوە: «عەزیەتباری لەسەر مردوو، کات کوشتن لەگەڵ ئاهـ و نالەی هەستناسکی و مرۆڤدۆستانە، دووپاتبوونەوەی وتەگەلی قالبی لەمەڕ پیرۆز کردن و حورمەتی حەیاتی مرۆ، رەنگە رەتکردنەوەی حەیاتێک بێ کە لە دەوروبەری ئێمە لێدەدا و گەشە دەکا و تیشک دەهاوێژێ. ژیانی بێکەماڵ و سەختی بایەخێکی نییە: قوربانی کردن شەوقی پاڵەوانانەی وەها ژیانێک بە سوودی ژیانی فانی و زووتێپەڕ رەنگە گیان لە گەورەترین بایەخەکانی ئەو بێبەش بکات» بڕوانە.

Papini in Lyttelton, *Italian Fascisms*, pp. 106-7.

دەربارەی بۆچوونگەلێکی ئەوتۆ لەمەڕ زەرووڕەتی مەعنەوی جەنگ؛ بڕوانە.

Gentile, '*Philosophic Basis of Fascism*', p. 290.

62. Primo de Rivera, Selected Writings, p.56; Papini in Lyttelton, Italian Fascisms, p.100; Gentile, 'Philosophic Basis of Fascism', p.292; Mussolini, 'Doctrine of Fascism' pp.170-1.

63. Gentile, 'Philosophic Basis of Fascism', p.301.

64. Ibid., pp. 300-1.

من هەر تەنیا کۆکراوەیەکی زۆر کورتم لە جوابی جنتیلەدا لێرەدا هێناوەتەوە. لە راستیدا جنتیله ڕێنوێنییەکی لەمەڕ عەقڵخوازی لە باوڕەی خۆی لەمەڕ ئیدەئالیزمی دەروونی جێکردووەتەوە. ئەمە کە ئایا ئیدەئالیزمی دەروونی بەڕاستی پێوەندی لەگەڵ جۆری فاشیستی هەیە یان نا «کە من لێی بە گومانم» مەیل و نزیکایەتی جنتیلە ڕەنگە پێچراوەترین وەڵامی فاشیستی لەم بوارە دایە.

65. Bullock, *Hitler*, p. 37.

66. Mack Smith, *Mussolini*, p.145. Compare these remarks on the masses with Hitler's quoted in Bullock, *Hitler*, p. 37.

67. Rocco, 'Political Doctrine of Fascism', pp. 33. See also Mussolini, 'Doctrine of Fascism', p. 166.

شتێرنهێل لەم بارەوە دەیگوت «ئیدئۆلۆژی فاشیستی لە سوننەتێکی سیاسی لە دایکبوو کە تاکی بە کارکردی ژیانی کۆمایی دەزانی»، بڕوانە.

Sternhell in Laqueur, *Fascism*, p. 364

68. Gentile, 'Philosophic Basis of Fascism' ,p. 301.

69. Gentile, *Genesis and Structure of society*, p. 82.

70. Ibid., p. 131. See also Gentile in Lyttelton, *Italian Fascisms*, p. 307; Mussolini, '*Doctrine of Fascism*', pp. 167-8.

71. See mosses, *Crisis of German Ideology*, p. 15; Sternhell in Laqueur, *Fascism*, p.337.

٧٢. ئەو جۆرە کە رابرت پۆیس دەڵێ: «ئاردزووی ژیان لە هاوئاهەنگی تەواو لەگەڵ سروشت و بێزاری لە نموونەگەلی ژیان لەگەڵ خوێنانەیی شاری بڕێک دیاردەن کە لەسەرانسەر جیهانی رۆژئاوا دایمە لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵگە مکانیزەکان و هەنووکە خودکاری نارەحەتیان بووە. رەنگە زۆربەی وتەی نازییەکان... لەگەڵ پێشوازی لایەنگرانی پێگەی ژین رووبەڕوو بێتەوە»، بڕوانە.

Pois, *National Socialism*, p. 122.

عەشقی بەناوبانگی هیتلێر بە ئاڤەلان و هۆگری بێوێنەی ئەو بە گیاخۆریش بێ پێوەندی بەم بینینەوە نییە.

73. Hitler, *Mein Kampf*, p. 313.

٧٤. بیرمەندێک دەڵێ کە موسۆلینی «حەزی دەکرد بەهۆی یاسای ئیلاهیاتەوە خۆی بە پیاوێکی دەرکراو لە کۆمۆنیۆن بزانێ»، سەرەڕای ئەمە، لە زۆربەی کاتەکاندا وا دێتەبەرچاو کە موسۆلینی لە باری کۆمەلایەتییەوە هەستی دەکرد خۆی بە بێهێز و سزادراو دەزانێ. گوتراوە کە یەکێک لە هۆکانی ئەمە کە ئەو رەسمی سلاو کردنی تایبەتی رۆمی بەجێی دەس لێدانەوە کردە باو، بێزاری تایبەتی ئەو لە هەر چەشنە لێکخشانی لەشی بوو؛ بڕوانە.

Mack Smith, *Mussolini*, p.127.

75. Quoted in Pois, *National Socialism*, p. 70.

76. See also, for wonderful accounts of Marinetti's fascist cookbook, O'Sullivan, *Fascism*, p. 143.

77. See Mack Smith, *Mussolini*, p. 174.

78. Papini in Lytteiton, *Italian Fascisms*, pp. 101-3. See also de Grand, *Italian Fascism*, p xii.

79. Charter of Labour, 21 April 1927; see Oakeshott, *Social and Political Doctrines*.

80. Primo de Rivera, *Selected Writing*, p. 60.

81. E. Corradini in Lyttelton, *Italian Fascisms*, p.139. See also J.Goebbels, 'National Socialism or Bolshevism', and A. Rosenberg, 'The Folkish Idea of the

State', in Miller Lane and Rupp, *Nazi Ideology*, pp. 70,78. Goebbles, in the above, argues the national socialism is anti-capitalist, anti-Semitic and anti-bourgeois.

82. See Papini in Lyttelton, *Italian Fascisms*, p. 104.

83. Mussolini, 'Doctrine of Fascism', p. 167. See also Gentile's clear statement of the same point in *Genesis and structure of society*, p. 121.

84. Hitler, *Mein Kanpf*, pp. 357-8.

85. See the comprehensive study of these now rather obscure figures. Stern, *Politics of Cultural Despair*.

86. Pois introduction to Rosenberg *Selected Writing*, p. 19.

87. Mosse, *Crisis of German Ideology*, p. 4.

88. Rosenberg *Selected Writing*, p. 80.

89. Hitler, *Mein Kampf*, p. 587.

90. Hitler, *Mein Kampf*, p. 356-7.

.٩١ داره بۆچوونی بەم شێوەیە: «کەسێک کە گیای ناو باخ بژار نەکا زۆر زوو بەسەرسوورمانەوە دەبینێ کە گیا بەکارنەهاتووەکان گەشە و بالایەکی لە رادەبەدەریان کردووە و تەنانەت خوو و رەوشتی سەرەکی گیایان لە دەست داوە و گۆڕاون. لەبەر ئەمە، ئەگەر باخەوان دەیهەوێ کە باخ شوێنی پەروەردەی گیا بێ، بە جۆرێکی دیکە، ئەگەر باخەوان دەیهەوێ بەسەر یاسای بێڕەحمی وزەی سروشتا زاڵ بێ، دەبێ ئیرادەی هەبێت... کەواتە راست هەنووکە قسە لە قەوم و میللەت کردن، میراتی نەزمی ئەڵمانی کەون بووە کە بژار کردنی گیا بێسوودەکان و پارێزگاری کردن لە باخ (کە بێگومان لە زانیاری خوێنی قەومەکانی ژێرمەنی سەرچاوە دەگرێ، و لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیک داڕژاوە) بارودۆخی پێویست بۆ ژیان و گەشە کردن پێکهێناوە؛ بە گێڕانەوە لە:

Miller Lane and Rupp, Nazi Ideology, p. 115.

.٩٢ لەم سوننەتەدا رۆحی مرۆ لەگەڵ زەوی پێوەندییەکی نزیکی بوو. نووسەرانی ئەڵمانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، وەکو راتزل و ریهل ویستوویانە لە نووسراوەکانی خۆیاندا تیشک بخەنە سەرئەم خاڵە و ئاشکرای بکەن. ئەو جۆرە کە مووسە دەڵێ، «ریهل

کۆمەلانی جۆراوجۆری ئەلمانی بەپێی سەرزەویەک کە لەودا نیشتەجێن شیدەکردەوە»، بڕوانە.

Mosse, *Crisis of German Ideology*, pp. 19ff

93. See the essay R.Eatwell,'The Holocaust Denial: A Study in Propaganda Technique', in Cheles, Ferguson and Vaughan (eds), *Neo-fascism in Europe*.

94. Primo de Rivera, Selected Writing, p . 61-2. see also Hitler, Mein Kampf, p. 416, Mussolini, 'Doctrine of Fascism', p. 166.

95. Schmitt, *Crisis of Parliamentary Democracy*, p. 50.

96. Ibid., p. 5.

97. Ibid., p. 15.

98. See Skidelsky, *Oswald Mosley*, p. 72.

جنتیلەش لە وتەیەکدا فاشیزم بە شێوەی «واتایەک لە دەوڵەت لەگەڵ ئامانجی چارەسەری گرفتی سیاسی کە بە شێوەی بەرهەمی حەزەکان و سەوداگەلێکی هەوسارپساوی جەماوەری خەلکی نەزانی پاش جەنگ بە رق گەیشتووە» وەسف دەکا.

Gentile in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 306.

99. See Mack Smith, *Mussolini*, p. 173; Gentile in Lyttelton, *Italian Fascism*, p.301; Primo de Rivera, 'Guidelines of the Flange: The Twenty-Six Points', November 1934, Point VI, *Selected Writings*. For the various ambiguous senses of totalitarianism, see Forjacs, *Rethinking Italian Fascism*, pp. 2-3.

100. Gentile, *Genesis and structure of society*, pp. 179,183.

101. See Gentile, '*Philosophic Basis of Fascism*', p. 301.

موسۆلینی کە هۆگریەکی کەمی بە ئازادی تاک لە خۆی نیشان دەدا، ئەوەی بە «تەرمێکی لەتوپەتکراو» شرۆڤە دەکرد، بڕوانە.

Smith, *Mussolini*, p.162.

102. Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 262.

103. Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 260.

جنتیلەش لەمەڕ ئەم ناوەڕۆکە گوتویەتی «پووچەڵ بوونی زاتی واتای لیبرالی ئازادی بۆ لیبرالەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش ئاشکرا بوو. شیاوی فاشیزم نەبوو کە سەرلەنوێ لەگەڵ ئەوان تێهەڵچێ» بڕوانە.

Gentile, '*Philosophic Basis of Fascism*', p. 304.

بواری تێگەیینی ئەڵمانی لە ئازادی لەگەڵ بەڵگە و قۆناخێکی زۆر ئاشکرا بووە، لەمەڕ ئەم وتووێژە؛ بڕوانە.

Stern, *Politics of Cultural Despair*, p. xxix.

104. Rosenberg, *Selected Writing*, p. 93.

105. Mussolini, 'Doctrine of Fascism', p. 166;see also Papini, Rocco and Gentile in Lytteltn, *Italian Fascisms*,pp.110,260, 313-4; Gentile, 'Philosophic Basis of Fascism', p. 303; and for the concept of freedom developed in the most systematic manner, see Gentile, *Genesis and structure of society*, pp. 122-3.

106. Rosenberg, *Selected Writing*, p. 98; see also his later remarks on freedom in a speech made in June 1935, 'Weltanschauung und Kunst',p. 162.

107. Rosenberg, *Selected Writing*, p. 192.

کاتێک هیتلێر دەڵێ: «ئێمە، ئارییەکان، دەتوانین هەر تەنیا دەوڵەت بە ئۆرگانیزمەی زیندوو میللەت بزانین کە هەر تەنیا ئەرکی پاراستنی ئەم نەتەوەیەی بە ئەستۆوە نییە، بەڵکو... ئەوە بە بالاترین پلەی ئازادی دەگەیێنێ» ڕاست هەر ئەم خاڵە وەبیر دێنێتەوە؛ بڕوانە.

Hitler, *Mein Kampf*, p. 358.

108. Rosenberg, *Selected Writing*, p. 192.

پۆیس دەڵێ: نازییەکان «بەشێوەی گشتی واتای تەواو یان «دەوڵەتی تاکحزبی و تاقانەسواری گۆڕەپان» قبووڵ نەکردووە؛ بڕوانە.

Pois, *national Socialism*, p. 67.

109. Broszat, *The Hitler State*, p. 358.

110. Gentile, '*Philosophic Basis of Fascism*', p. 291.

111. Skidelsky, *Oswald Mosley*, p. 313.

موسۆلینی روالەتەن و سەرزارەکی لنینی بە هۆی ڕێبەرایەتی هەمەلایەنەی ستایش دەکرد. ئەو هەروەها حەزی دەکرد بەراوردی دەسکەوتەکانی خۆی لەگەڵ کەسایەتی مەزنی رابردوو هانبدا. گۆڤاری دەرچووی مانگانە (*Gerarchia*) لە لایەن موسۆلینییەوە لە پلەی سوقرات، ئەفلاتوون، ماکیاڤێلی و ناپلیۆن پشتگری لێدەکرد؛ بڕوانە.

Mack Smith, *Mussolini*, p. 194;

112. See Mommsen and Bracher essay in Laqueur, *Fascism*.

113. The best study of this is Mack Smith, *Mussolini*.

١١٤. گوتفریت فدر نموونەیەکی تایبەت لە کۆششی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی بۆ پلان ڕشتنی ئەندێشەی دەوڵەتی سنفی دەخاتەڕوو. ئەو بانگهێشتی دەکرد کە شێوەی نوێی دەوڵەت جێگری کۆماری لیبراڵی وایمار ببێ: «بەتایبەت دەبێ حزبە پەرلەمانییەکان و دارودەستەکانی پەرلەمان وەلابنرێن، بالاتر لە هەمووان، نابێ جۆرە سیاسی و ئابوورییەکان نوێنەرایەتی خەڵک لە تاقە پارلەمانێکدا پێکەوە تێکەڵ بکەن... ماڵی میللەت (بە شێوەی مەجلیسی یەکەم) پێناسەی بەرژەوەندی تەواوی خەڵکە، ئێستا ئەمە کە شۆڕای ناوەندی دەبێ پێناسەی بەرژەوەندی ئابووری خەڵکی کرێکار بێ»؛ بڕوانە.

'The Social State reprinted in Miller Lane Rupp, Nazi Ideology, p. 34.

115. On Moeller van den Bruck, See Mosse, *Crisis of German Ideology*, p. 283. On p. 296; also Cassel's essay in Turner, *Reappraisals of fascism*, p. 75.

116. See Gentile, 'Philosophic Basis of Fascism', p. 296. On the odd relation of Sorel to Mussolini, see Jennings, *George Sorel*, pp.159-60. For a detailed study syndicalism in relation to Italian Fascism, see Roberts, *Syndicalism Tradition and Italian Fascisms*.

117. For deeply supportive remarks on syndicalism on these themes, see A. Lanzillo's essay in Lyttelton, *Italian Fascism*, pp. 202-3.

118. Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 280.

119. Ibid., p. 281.

120. Gentile in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 312.

روككۆش لە «سەندیکالیزم یان سنفخوازی» قسە دەکا؛ رەنگە هەردووک دۆز لە حوکمی مەیلێکی وەک یەک هەستپێ نەکراون؛ بڕوانە.

Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 276.

121. See the excellent discussion of this whole area in Lyttelton, *Seizure of Power*, ch.9.

122. Primo de Rivera, *selected writings*, p. 172.

123. Classes in Turner, *Reappraisals of Fascism*, p. 70; see de Grand, *Italian Fascism*, pp. 88, 163.

124. Gentile *Genesis and structure of society*, p. 147.

125. Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 295.

١٢٦. ئەسکید لسکی دەڵێ: «بەپێی دەرکی ئابووری، پرۆگرامی بڵاوکراوە لە لایەن موزلییەوە لە کتێبی بریتانیای کەبیرتر لەژێر کاریگەری فاشیزمی قارەدا بوو»؛ بڕوانە.

Skidelsky, *Mosley*, p. 302.

127. Bullock, *Hitler*, pp. 358-9.

١٢٨. بەپێچەوانەی ئەم راستەقینە کە زۆر لە فاشیستە ئیتاڵیایەکان بە کردەوە لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ دۆزی بازاڕی ئازادیان بە ئەستۆ بوو.

129. Primo de Rivera, *Selected Writings*, p. 134. Strasser in Miller Lane and Rupp, *Nazi Ideology*, p. 89. The stress is Strasser's.

130. Strasser in Miller Lane and Rupp, *Nazi Ideology*, p. 89. The stress is Strasser's.

131. See Rocco in Lyttelton, *Italian Fascism*, p. 294.

132. Hitler quoted in Bullock, *Hitler*, pp. 281-2.

133. Milward in Laqueur, *Fascism*, p. 409.

134. See Milward in Laqueur, *Fascism*, p. 411.

135. Mosse, *Nazism*, p. 48.

بەشی حەوتەم: فەمینیزم

١.   بڕوانە.

Dale Spender, Man-Made Language

ئـەم دۆزە تایبەتـە لەمـەڕ زمـان کـە تێکـەڵ بـە نـاوەڕۆکی پیاوسـالارانە، یـان «کوتەکهەڵسووڕێنەرانە»یە لـە لایـەن فەمینیـستە فەڕانـسەوییەکان وەکـو ئیریگـاری، سیشوو و کریستوڤا و هەروەها پێڕەوانی ئەمریکایی ئەوانەوە پەرەی پێدراوە.

2. Aladjem, '*Philosopher's Prism*', p. 278.

3. Banks, *Faces of Feminism*, p. 3.

4. Charvet, *Feminism*, p. 1.

5. Radcliffe-Richards, *Sceptical Feminist*, p. 13-14.

6. Carole Pateman, '*Democracy and Feminism*' in Pateman, *Disorder of Women*;

Bouchier, *Feminist Challenge*, p. 2; Randall, *Feminism and Political Analysis*' , p. 514.

7. Toril Moi's essay in Lovell (ed.) *British Feminist Thought*, p. 368.

8. Spender, *Women of Ideas*, p. 34.

9. See Griffin, *Women and Nature*, p. xvii.

هەروەها گریفین دەڵێ: «ئەم راستیە کە پیاو خۆی بە بەشێک لـە سروشـت نازانـێ بەڵکو بالاتر لە ماک خۆ دەشوبهێنێ، بە بۆچوونی من کاتێک گرنگی پەیدا دەکـا کـە لـە رووبەڕووی ئەم مامەڵەدا دەوێستێ کە ژن هەم نەوی‌تر لـەوە هـەم بەسـراوەتەوە بـە سروشتەوە» (لا xv). ئاساری مری دیلییش پێوەندی لەگەڵ ئەم روانگە هەیە؛ بڕوانە.

Daly, Gyn-Ecology and Pure Lust.

10. On Daly's use of Jungian themes see, for example, Daly, *Pure Lust*, ch. 2.

11. Spender, *Women of Idea*, p. 33.

12. See, For Example, Mary Hawkesworth, 'Feminist Rhetoric', pp. 452-3 and n. 30.

13. Virginia Woolf Comments very favourably on the founding role of Aphra Behn in *A Room of one's own* (1929).

14. Kramnick in Wollstonecraft, *Vindication of the rights of Women*, p. 7; see also Tomalin, *Life and Death of Mary Wollstonecraft.*

١٥. لەمەڕ قۆناخە دەروونییەکانی شەپۆلی دووەم؛ بڕوانە.

Dietz, 'Citizenship with a Feminist Face',p. 19;

لەمەڕ چوار شەپۆل یان قۆناخ؛ بڕوانە.

H. Eisentstein, *contemporary Feminist Thought*;

فەمینیزمی پۆستمودێرن «شەپۆلی سێیەم»ە؛ بڕوانە.

C.Sylvester in Zalewski, 'Debauching of Feminist Theory', p. 33.

١٦. ئولیوبنکس دەڵێ: «لەبەر ئەمە، ئەوانە بەتایبەت زمانی مافە سروشتییەکان لەگەڵ پێوەندی نێوان پیاوان و ژنان کۆک دەکەن و کێشەی بەرامبەری دوورەگەزییان نییە»؛ بڕوانە.

Banks, *Faces of Feminism*, p. 29.

١٧. پاش سووزان ب. ئانتۆنی خەباتگێڕی کۆنەکار و دێرین کە ئەم پێشنیارەی هانا ئاراوە، ناوی براوە.

١٨. نووسەرانی خەیاڵی و لیبرالی لەگەڵ بەیانێکی زۆرتر لە بەشەکانی دوایی ئەم فەسڵەدا تۆژینەوەی لەسەر دەکەین.

19. Greer, *Female Eunuch*; Mitchell moved more decisively towards psychoanalytic Interests in *psychoanalysis and Feminism*. For discussion and examples of British feminism (Greer and Mitchell onward), see the recent study and reader, Lovell, *British Feminism Thought*.

20. See Boucher, *Feminist Challenge*, pp. 44ff.

21. Delmar in Mitchell and Oakley (ed.), *What is Feminist*, p. 3.

22. See 'Feminist and Ecology' and 'Ritual is Essential', appendices B and F in Devall and Séssions, *Deep Ecology*, pp. 229-31 and 247-50.

23. Z.Eisenstein, *Liberal Feminism*, p. 5.

24. See Pateman, *Sexual Contract.*

25. Okin, *Women in Western political thought*, p. 200.

26. For the exceptions - condorcet, Helvetius, Von Hippel and Wollstonecraft, see the excellent and detailed essay on these and other theorists by Ursula Vogel in Evans et al. (eds), *Women and Political Theory.*

27. Aphra Behn, Wary Astell, Catherine Macauley, and Olympe de Gouges; see Spender, *Women of Ideas*, pp.44-50.

28. Radcliff-Richards, *Sceptical Feminism.*

ئاكین دەبێژێ هەموو فەمینیستەکان «لە وامێکی کە فەمینیزم بە لیبرالیزم قەرزدارە، ئاگادارن. ئەوان دەزانن کە چۆن بێ سوننەتی لیبرالی، فەمینیزم دووچاری تەنگژەیەکی زۆر دەبوون»؛ بڕوانە.

Okin, justice, *Gender and the Family*, p. 61.

لەگەڵ ئەمەدا، هەم ئاکین و هەم رادکلیف - ریچاردز خوازیاری لیبرالیزمی راولسی بوون و ئەندیشەگەلی عەدالەت بە بنەماڵە و ژنانیش بەتەواوی بەرفراوان بووەتەوە. پەروەردەی منداڵ، کار لە ماڵدا و وەکو ئەوانە دەبوایە لە هەر لێدوانێک لەمەڕ عەدالەت تێیدا بگونجێ. ئاکین ئەمە بە پێشکەوتنی مەنتقی راولسی دەزانێ.

٢٩. چاو بکەن لە پێشەکی:

Felix Markham to Saint-Simon, *social Organization*, pp. xxxvii-xxxix.

30. See B.Taylor, *Eve and the New Jerusalem*, p. 22.

دەربارەی پێوەندی هیلر هەتا بێنتام، هیلریش دەڵێ فوریە و ئەوونی گونجاندووە، ئەگەرچی وا دێتە بەرچاو هێچیان یەکتریان خۆش ناوێ.

31. Bebel's *Women under Socialism.*

بەرهەمێک بوو کە کەوتە بەردڵان و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆری لێکرا و ئەو خاڵە ئینگلیسی خستە تەنگەتیلکە. ئەم کتێبە یەکەم جار لە ١٨٧٨ بڵاو بۆوە. لە ١٨٨٣ و ١٨٩١ لەگەڵ پێداچوونەوەیەک، سەرلەنوێ چاپ کرایەوە. پەنجاهەمین چاپی ئەڵمانی ئەو لە ١٩١٠ بە چاپ گەیشت.

32. See Diana coole's excellent study, *Women in Poitical Theory*, pp.208ff.

33. Jaggar, *Feminist Politics*, p. 304; see also Z.Eisenstein (ed.), *Capitalist Patriarchy*, p. 1, and Tong, *Feminist Thought*.

34. Jaggar, *Feminist Politics*, p. 83.

35. See, For example, Greer, *Female Enuch*; Firestone, *Dialectic of Sex*; Millet, *Sexual Politics*.

36. Jaggar, *Feminist Politics*, p. 84.

٣٧. ئەو جۆرە کە نووسەرێکی فەمینیست گوتوویە، بیر و ئەندێشەی ژنی ناوەندی «خوازیاری لابردنی مەنتق و عەقڵ و قبوولی پرەنسیپی وجوودی پێوەندی تایبەتی ژنان لەگەڵ سروشتە»؛ بڕوانە.

J.Evans, 'Overview of the Problem for Feminist Political Theorists', in Evans et al., *Women and Political Theory*, p. 4.

ئەم خانمە باوەڕی وایە کە تامس کوهن فەیلسووفی زانست، لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ژنی ناوەندی زۆر نزیکە.

38. see Moi (ed.), *French Feminist Thought*.

39. Lawson, *Reflexivity*, p. 93.

40. Lyotard, *Postmodern Condition*, p. xxiv.

41. Quoted in D.C.Stanton's essay in Eisenstein and Jardine (eds), *Future of Difference*, p. 73.

42. Hawkesworth, '*Feminist Rhetoric*, p. 449.

43. Irigaray, *The Sex which is Not One*, p. 74.

44. Moi in Lovell, *British Feminist Thought*, p. 368.

45. See Chodorow, *Mothering*; Gilligan, *In a Different voice*.

46. Boling, '*Democratic Potential of Mothering*', p 608.

47. Dietz, '*Citizenship with a Feminist Face*', p. 28.

48. Elshtain, *Public* Man, *Private Woman* and 'Reflection on War and Political Discouse'; Ruddick, *Maternal Thinking*. For critical discussion and further bibliography an this, see Diez 'Citizenship with a Feminist Face', see also

J.Stacey ‘ Are Feminist Afraid to Leave Home? The Challenge of ProFamily Feminism’ in Mitchell and Oakley, *what is Feminism*?

49. See J.Stacey in Mitchell and Oakley, *what is Feminism*? Also Boling, ‘Democratic Potential of Mothering’, pp. 608ff.

50. Ruth Levitas in Forbes and Smith (eds), *Politics and Human Nature*, p. 116.

51. Wollstonecraft, *Vindication of the Rights of Woman*, p. 82.

52. Ibid., p. 142.

53. Ibid., p. 91.

54. Ibid., p. 86; see also p. 156.

55. Ibid., p. 94.

56. Mill in Collini (ed.), *On Liberty*, p. 138.

ئەگەرچی بەلای میل و هەروەها ئینگلیسەوە باوەڕێکی بەهێز لەمەڕ پێگەی «سروشتی» ژنان بوونی هەیە.

٥٧. هەرچەند کە میل ئیمکانی بوونی وەها زانستێکی لە داهاتوودا دەربارەی خوو و نەریتی مرۆڤ ـ کردەوەناسی ژیانی یان گیانەوەری ـ بەئاسانی دەزانی.

58. Mill in Collini (ed.), *On Liberty*, p. 137.

59. Quoted by Engels in Marx and Engels (eds), *Selected Writing*, p. 503.

60. Engels in ‘*Origin of the Family*’, Ibid., p. 510.

61. Jaggar, *Feminist Politics*, p. 69.

62. Ibid., p. 132.

63. Mackinnon, ‘Feminism, Marxism, Method and the State: An Agenda For Theory’ in Keohane, Rosaldo and Gelpi (eds), *Feminist Theory*, p. 30.

64. Ibid., p. 29

65. Simone de Beauvoir, Second Sex.

66. Ibid., p. 684.

67. Firestone, *Dialectic of Sex*. Jaggar sees this work as the first 'sustained and systematic work by a contemporary redical feminist'; see Jaggar, *Feminist Politics*, p. 85.

68. Kate Millet, *Sexual Politics*.

هەم ژنانە و هەم پیاوانەی بەلاوە لە دوورەگەزتیەتی چاتر بوو.

٦٩. یەکێک لە نووسەرانی فەمینیستی هاوچەرخ وێرای ئاخاوتن لەمەڕ ئۆردووگا مەرگبارەکانی ئەڵمانیەکان لە جەنگی جیهانی دووەم، کێشە دەکا کە «نازییەکان لەگەڵ بەکەمبینینی ژنانی فەڕانسەوی بە رەسمییەت ناسینی جۆری مرۆ، پێوارێکی نوێیان لە نێرینە بوون هێنایە ئاراوە»؛ بڕوانە.

Dworkin, *Pornography*, p. 145.

نووسراوە جۆراوجۆرەکانی دوورکین هەر لەسەر ئەم ناوەڕۆکانە دەڕوا؛ بڕوانە.

Dworkin *Women Hating or Intercourse*

70. Quoted in Jaggar, *Feminist Politics*, p. 264.

71. See Dworkin, *Pornography*, p. 52-3.

72. See Randall, 'Feminism and Political Analysis', p. 522.

73. Quoted in Jaggar, *Feminist Politics*, p. 97.

74. See Randall, 'Feminism and Political Analysis', p. 521.

75. See Coole, *Women, in Political Theory*, p. 266; also Lloyd, *Man of Reason*; Macmillan, *Women*, *Reason and philosophy*, and Radcliff – Richards, *Sceptical Feminist*.

76. See Rich, *of Women Born*, and Keller, *Reflections on Science and Gender*.

77. See H. Eisenstein, *Contemporary Feminist Thought*, p. 66; or articles by Oakley, Rose and Ruzek in Mitchell and Oakley, *What is Feminism*? Not all Agree on the positive view of Standpoint theory. Vieky Randall contends that it is over-ambitious; see Randall, 'Feminism and Political Analysis', p. 523.

78. Wollstonecraft, *Vindication of the Rights of Women*, p. 131.

79. Ibid., pp.124-5.

80. Mill in Collini, *On Liberty*, p. 143.

81. Ibid., p. 119.

82. Engels in Marx and Engels, *Selected Writing*, p. 502.

83. Ibid., p. 504.

84. Z.Eisenstein, *Radical Future of Liberal Feminism*, p. 8.

85. Z.Eisenstein, (ed.), *Capitalist Patriarchy*, p. 5.

٨٦. بەپێی نووسراوەی هیدی هارتمان: «لە حاڵێکدا کە تۆژینەوەی مارکسیستی بینینی سەرەکی لەمەڕ یاساگەلی پەرەپێدان و تەکامولی مێژوویی و بەتایبەت یاساگەلی سەرمایە دەخاتەڕوو، وتارەکانی مارکسیزم تووشی کوێررەگەزیەتین. هەر تەنیا تۆژینەوە تایبەتییەکانی فەمینیستی نەریتی سیستماتیکی پێوەندی نێوان ژنان و پیاوان ئاشکرا دەکا. لەگەڵ ئەمەدا، تۆژینەوە فەمینیستی خودبەخود ناکاملە، چونکە لەمەڕ مێژوو کوێر بووە، بەڕادەی پێویست ماتریالیستی نییە. هەم لە تۆژینەوەی مارکسیستی، بەتایبەت میتۆدی مێژوویی و ماکی ئەو، و هەم لە تۆژینەوەی فەمینیستی، بەتایبەت قبوول کردنی پیاوسالاری لە حوکمی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و مێژووییدا دەبێ کەلکی لێوەربگیرێ، ئەگەر دەخوازین تەکامولی کۆمەلگە سەرمایەدارییەکان رۆژئاوا و گرفتێک کە ژنان لەودا گرفتار بوون، لێی تێبگەین».

Hartmann in Sargent (ed.), *Unhappy Marriage of Marxism and Feminism*, pp. 2-3; see also Rowbotham, *Women Resistance and Revolution* ;Z.Eisenstein, *Capitalist Patriarchy*; and A.Kuhn and A.M. Wolpe (eds), *Feminism and Materialism.*

87. Hartmann in Sargent, *Unhappy Marriage of Marxism and Feminism*, p. 9.

لێدوانە سەرنجڕاکێشەکان لە ساڵەکانی دواییدا لە دەروونی باڵی «چەپی نوێ» لەمەڕ ئەم خاڵە بوونی بووە.

٨٨. وولستۆن کرافت زۆر بەپارێزەوە لە کۆتایی کتێبەکەی خۆیدا لە مافی دەنگدانی بەرامبەری ژنان دێنێتە سۆ و باسی دەکا، بەلام هەر تەنیا بەشێوەی ئاماژەیەکی زووتێپەڕ؛ بڕوانە.

Wollstonecraft, *Vindication of the Rights of Woman*, p. 260.

٨٩. ئەو جۆرە کە میل دەڵێ: «پرەنسیپێک کە پێوەندی کۆمەڵایەتی مەوجوودی نێوان دوو رەگەز میزان دەکا ـ پێڕەوی یاسایی رەگەزێک لەوی دیکە ـ خۆی لە خۆیدا هەڵەیە و هەنووکە یەکێک لە لەمپەری سەرەکی رووبەباش بوونی دۆخی مرۆڤ دێتە ئەژمار، دەبێ جێی خۆی بە پرەنسیپی یەکسانی تەواو بدا»؛ بڕوانە.

Mill, *On Liberty*, p. 119.

چارڤێت سکالای هەیە کە میل پاساوی تەواوی لەمەڕ پێویستی بەرامبەری ئەنجام نەداوە و هەر تەنیا دەڵێ بەرامبەری عادلانەیە؛ بڕوانە.

Charvet, *Feminism*, p. 36.

90. Diana Coole sees Mill's Marital ideas as 'perhaps the most progressive aspect of his thought', Coole, *Women in Political Theory*, p. 144.

91. For example, Radcliffe-Richards, *Sceptical Feminist*; Dietz, 'Citizenship with a Feminist Face';Okin, *Justice, Gender and the Family*.

92. See Hawksworth, 'Feminist Rhetoric', p. 464, n.16.

93. See Flax, 'Gender and Feminist Theory' and *Thinking Fragments*.

٩٤. پلانی جیاوازی ژن کە ئایا بە شێوەی کارکردێکی بیولۆژیکی، بیچمناسی، دەروونناسی، رەگەزایەتی یان تەجر بەتایبەتییەکانی ژیان لە ئارا دایە، زیندەخەوێک لە بنەماخوازی بەدیدێنێ. هەرچەشنە نارەزامەندییەک بە «نێر» و «مێ» لە حوکمی جەوهەرێک کە هەڵگری پرسیارکردن نییە. بۆ فەمینیزم پرمەترسییە، چونکە هەر جیاوازییەکی سەرەکی کە قبوول بکرێ، دەتوانێ بنەمایەک بێ بۆ رێنوێنی لە پێناو پاراستنی «ژن» لە پێگەی «سروشتی» خۆیدا بێ.

95. Wollstonecraft, *Vindication of the Rights of Woman*, p. 166.

96. As she observed: 'A master and mistress of a Family ought not to continue to love each other with passion', Ibid., p. 113.

97. Engels in Marx and Engels, *Selected Writings*, p. 502.

98. Ibid., p. 503.

99. See Jaggar, *Feminist Politics*, pp. 67-9.; Hartmann in Sargent, *Unhappy Marriage of Marxism and Feminism*, p. 9.

100. See Rosalind Petchesky's remarks on production and reproduction in 'Dissolving the Hyphen :' A Report on Marxist- Feminist Groups 1-5' in Z. Eisenstein, *Capitalist Patriarchy*, pp. 376-7.

101. See article 'The ''Family Wage'': Some Problems for Socialists and Feminists ' by M. Barrett and M. MacIntosh in Lovell, *British Feminist Thought.*

102. Daly, *Gyn-Ecology.*

103. For example, Dietz, 'Citizenship with a Feminist Face'.

104. Engels in Marx and Engels, *Selected Writings*, p. 579.

105. See Kollontai, *Selected Writing.*

106. Jaggar, *Feminist Politics*, p. 132.

107. H. Eisenstein, *Contemporary Feminist Thought*, p. 51.

108. See Kariel, 'Feminist Subject Spinning in the Postmodern Project', p. 255.

109. O'Neil essay in Silverman (ed.), *Postmodernism*, pp. 78-9

110. Zalewski, "Debauching of Feminist Theory", p. 34.

تورودویل مواش دەڵێ: «ئەگەر پۆستمودێرنیزم لانیکەم بەمانای لیۆتارد «جێگر» ئەم واژە، فەمینیزم بە سەرکوتگەری دەسەڵاتداری متافیزیکی دەزانێ، کەواتە چۆن دەتوانێ خۆی بە ناو فەمینیستی پۆستمودێرن رابگەیێنێ یان، رەنگە باشتر، خۆی بە فەمینیستێکی پۆستمودێرن بزانێ؟ ئایا لە راستیدا ئەمە مانای هەیە؟» ؛ بڕوانە.

Moi essay in Lovell, British Feminist Tought, p. 36

بەشی هەشتەم: ئەکۆلۆژیزم

1. Porritt, *Seeing Green*, p. 3.

هەڵبەت واژەی «ئەکۆلۆژی» ئێستاش ناوێکی زانستی بەرچاوە.

٢. بڕوانە. بە یادداشتنی ژمارە ١ بەم جۆرە پوریت ناوی یەکەم کتێبی خۆی *Seeing Green* لێناوەو ناوی باشترین کتێبی دوایی ئەدرو دابسۆن *Green Political Thought*یە.

3. Ward and Dubos, *Only one Earth*, p. 37.

4. Goldsmith (ed.), *Blueprint for Survival*, p. 69.

٥. شایەدی ئەو سەرنجە سیاسی و میدیا لەسەر کێشە زانستییەکان لەمەڕ کونەکانی توێژی ئۆزۆنە. بۆ لێدوانی زۆرتر لەم بارەوە؛ بڕوانە.

Yearly, *the Green Case*, p. 45.

سەرەڕای ئەمە، شاراوەگەلێک لەمەڕ پێوەندی لێدوانهوروژێنی زانستی و نگەرانیگەلێکی بەرچاوتر بوونی هەیە کە لە لێدوانی دواییدا دێتە ئاراوە.

٦. ئەندێشەی سیاسی سەوز لەگەڵ قبوول کردنی ئەم چەمکە کراوە کە «ئێمە خۆمان لە ڕووبەڕووی ئاڵۆزی جیهاندا دەبینین کە لەگەڵ هەر لایەنێک لە ژیانی ئێمە پێوەندی هەیە».

Spretank and Capra, *Green Politics*, p. xv

٧. بەپێی وتەی ئانا براموێل سوودی سەرەتا لە Ecology لەباری ریشەناسییەوە پێوەندی لەگەڵ هەموو واژەکانی وەکو Ethnology و Economics هەیە؛ بڕوانە.

Bramwell, *Ecology in 20th Century*, pp. 14-15.

واژەیەکی دیکە لێرەدا دەبێ بێتە ئارا و ئەوە Ethnology [قەومناسی] (یان موتالای نژادەکانە).

٨. هەکێل سالیانێکی زۆر لە زانکۆی ینا مامۆستای گیانەوەرناسی بوو.

٩. بە گێڕانەوە لە زمانی براموێل، ئەکۆلۆژی لە سەدەی بیستەم، لا ٤٠. من تۆژینەوەی براموێل لەم بوارەدا هەم هوروژێنەرانە و هەم زۆر سوودمەندی دەبینم. ناتوانم بڵێم کە لەگەڵ هەستی ناسکی شاراوە لەم کتێبەدا شەریکم کە بە بۆچوونی من ناوەڕۆکەکان زایە دەکا.

١٠. گرنگی مەسیحییەت لێرەدا ئەمەیە کە هێندێ کەس ئالۆزی ئەکۆلۆژیکی دەگێڕنەوە بۆ خوو و نەریتی مەسیحییەت. وتارێکی کلاسیکی کە ئەم ئەندێشەی بۆ یەکەم جار هێنایە ئارا، نووسراوەی لین وایتی لاو، بە ناوی «ریشەگەلی مێژووی ئەکۆلۆژیکی» بوو. سەرەڕای ئەمە، زۆر لە نووسەران لەسەر ئەوە کێشەی بۆچونیان بوو و کەوتنە مشتومڕ. لەمەڕ یەکێک لە ئاشکراترین و هاوکێشترین دژی ڕێنوێنییەکانی لین وایت بڕوانە. بدەنە کتێبی خوارەوە:

Robin Attfield, *Ethics of Environmental Concern.*

11. Max Oelschlaeger's recent work *The Idea of the Wilderness.*

لە ڕاستیدا ئۆلشلگیر باوەڕی وایە کە کارەکان لە زەمانی خولی نوێ سەنگیدا روویان لە خراپتر بوون کردووە، پاش ئەم خولە نێچیروانان و کۆکەروانانی خواردەمەنی زیانێکی زۆریان بە پێگەی ژین نەدەگەیاند.

12. Tokar, *Green Alternative*, p. 34.

13. For Discussion of the origins of the movement here, see Pepper, *Roots of Modern Environmentalism*, and more generally Worster, *Nature's Economy.*

14. See, for example, Spretank and Capra, *Green Politics*, pp.157ff; Porritt, *Seeing Green*, pp. 26ff; Weston (ed.), *Red and Green*, pp. 15ff.

15. See Dobson, *Green, Political Thought*, pp. 8-9.

16. See Russel, *Awakening Earth.*

17. See Haeckel, *Riddle of the Universe*, pp. 224, 310.

١٨. گەورەپیاوانی ئایینی هاوچەرخ لە بواری ئەکۆلۆژی، بەتایبەت کەسانێک کە چاوکراوانە شێوەی «تایبەتمەندی مەعنەوی» پەسند دەکەن، هەڵوێستی خۆیان لە یەکگرتوویی جیاوازی دەزانن. ئەوانە خۆیان «یەکگرتوویی وجوودی» ناو دەنێن لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەم ڕێنوێنییە کە خوداوەند نابێ بەشێوەی زاتی یان بەتەواوی هاوزات لەگەڵ سروشت لێی تێبگەین. خوداوەند هەم زاتی و بالاتر لە سروشتە. لەبەر ئەمە، بۆچوونی ئەوان لەگەڵ هەگل فەرقی هەیە، بۆ نموونە:

M. Fox, *Original Blessing*. Ch.1

19. Haeckel, *Riddle of the Universe*, p. 236.

بیر و بۆچوونی هەگێل نزیکییەکی زۆری لەگەڵ فەلسەفەی تەوحیدی ئەسپینوزا هەیە. لەبەر ئەمە، تەواو و کەماڵ سوودبەخش نییە کە فەیلسووفانی ژینگەی نوێ، وەکو ناسیونالیستی، دوال، سیسۆن و وارویک فاکس ئاشکرا شەیدای فەلسەفەی ئەسپینوزا بوون.

20. Ibid., p. 311.

واژەی تایبەتی anthropistic دێتە بەرچاو کە تایبەتی هەگێل یان وەرگێڕە. واژەیەکی نزیکتر anthropic بە مانای لە یان تایبەت بە مرۆ. بوونی هەیە کە قاموسی ئینگلیسی ئاکسفۆرد ئەوەی «کەموێنە» سەبت کردووە و مێژووی ئەو بە ١٨٥٩ دەزانێ.

٢١. موتالایەک لەمەڕ «سروشت» و کاریگەری میتۆدی ئەو لەسەر ئەندێشەی سەدەی بیستەم و بایەخەکانی ئەو نووسراوە. کاری براموێل خاڵی دەسپێکی ئەم تۆژینەوەیە؛ بڕوانە.

Bramwell, *Ecology in 20th Century.*

٢٢. براموێل لایەنەکانی ئەم مێژوو تایبەتیەی لە هەمان کتێبیدا تاوتوێ کردوە.

23. Lowe and Goyder (eds), *Environmental Groups in Politics*, pp.15ff

گروپی ئۆریودانیش لە سێ شەپۆل دواوە، یەکەم بە خولی سەرەتایی رۆمانتیک واتە ئاوڕ لە ١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستە دەداتەوە و کەسایەتیگەلێکی وەکو وردزورس، ئێمێرسۆن و تورۆ لە خۆ دەگرێ، قۆناخی دووەم نێوانی ١٩٠٠ هەتا ١٩٢٠ بوو کە سەردەمی تێکنۆکراتی ژینگە و لەبەر ئەمە، پرۆگرامی زیندووکردنەوەی دارستانەکان، پاراستنی خاک و... لەخۆدەگرێ؛ قۆناخی سێهەم نیوەی دەیەی ١٩٦٠ دەگرێتەبەر؛ بڕوانە.

Porritt and Winner, *Coming of the Greens*, p. 20.

24. Lowe and Goyder (eds), *Environmental Groups in Politics*, pp.25ff

٢٥. رێیەکی دیکەی گەیشتن بەم دۆزە لە روانگەی ئانتۆنی داونزەوە «خولەکانی تێرامان»ە، واتە زەمانێکە کە سەرجەم خەڵک لەمەڕ بابەتێکی تایبەت (وەکوو پیسکردنی پێگەی ژین) بەئاگا کرابوونەوە.

26. See the work of Stephen Cotgrove and Andrew Duff Dummarized in Lowe and Goyder (eds), *Environmental Groups in Politics*, pp.26-7ff

27. Ash, *New Renaissance*, pp. 15-16.

پوریت له ١٩٤٨ گوتبووی: «من به نووسینی دوو مانیفیستی هەڵبژاردنی گشتی بۆ حزبی ئەکۆلۆژیکی دەمویست ئەم خاڵە بێنمە ئارا کە ئەکۆلۆژی ئێمە چییە؟ دێتە بەرچاو کە ئەندێشەی سیاسی ئێمە تێکەڵاوییەکی ساکارە لە پراگماتیزم (فەلسەفی زانستی) و ئیدەئالیزم، عەقڵی سەلیم و بینینە. ئەگەر ئەمە ئیدئۆلۆژییە، جۆری جیاواز لەگەڵ ئەو شتێکە کە بەسەر ژیانی ئەمڕۆی ئێمەدا زاڵە»، لەگەڵ ئەمەدا، ئەو دواتر هەم هێرش بە سۆسیالیزم و هەم بە پارێزگاری دەکا و دەڵێ: «دەبێ شتێک بێ کە بتوانین بیکەینە جێنشینی ئەوانە؛ نەک ئیدئۆلۆژییەکی بەهێزی دیکە (چونکە ئیدئۆلۆژییەکان خۆیان بەشێک لە بۆ وێنە) بەڵکوو جیهانبینییەکی جیاواز»؛ بڕوانە.

Porritt, *Seeing Green*, pp. 43-4. See also Porritt and Winner *Coming of the Greens*, P. 11, and W. and D. Schwarz, *Breaking Through*, ch. 1.

28. Ash, *New Renaissance*, pp. 27-8.

29. Dobson, *Green Political Thought*, p. 69.

٣٠. هەوڵێکی زۆر بۆ هەڵبەستنی پردێک لەسەر ئەم بۆشاییە هاتە ئەنجام ئەگەرچی تا رادەیەک ناتەواو بووە. دابسۆن لە زۆر شوێن سەرنجی بۆ ئەم مەسەلە راکێشاوە؛ بڕوانە.

Dobson, '*Deep Ecology*' *and Green Political Thought*;

لە وەڵام بە دابسۆن رابین ئاتفیلد کێشەی کردووە کە کتێبی نوێی ئەو باکاترین دڵ بە ناوی بایەخەکان، مناقشە و پێگەی ژین «بەرفراوانترین کۆشش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلانی دابسۆن لە پێوەندی بە فەلسەفەی ژینگە لەگەڵ کردەوەی کۆمەڵایەتییە»؛ (Attfield 'Deep Ecology' p. 65) ئەوانە بیچمێکی پێشکەوتوو و پێچراوە لە کەش و وەردانەوەی دەخل و خەرج ئامادەی کاریان کردووە کە بەسراوەتەوە بە «شیکردنەوەی کاردانەوەگەلی بایەخی کردەوەکان و سیاسەتەکان» کە بەش بە حاڵی خۆی هەل بۆ داوەریگەلێک لەمەڕ هەڵوێست دەربارەی پێگەی ژین دەڕەخسێنێ (ibid, p. 65). دەمێنێ کە بزانین ئایا ئەم ویستە پێشوازی لێ دەکرێ یان نا. لەگەڵ ئەوەی کە

سەرنج بە مەسەلەی گەورەی لێکدانەوەی سیاسەتی گشتی دەربارەی کەش و وەرددانەوەی دەخل و خەرج لەمەڕ مەسەلەگەلێکی وەکو فڕۆکەخانەکان شوێنی هێلی شەمەندەفەر لە سێ دەیەی رابردوودا پێکیهێناوە، ئەم خاڵە شایانی تێڕامانە.

31. See , Spretank and Capra, *Green Politics*, p. 29; Bunyard and Morgan-Greenville, *Green, Alternative*, p. 281; W. and D.Schwarz, *Breaking Through*, pp. 126-7; Tokar, *Green, Alternative*, ch. 1; Porritt and Winner, *Coming of the Greens*, p. 10; and for discussion of this point, Dobson, *Green, Political Thought*, pp. 47-8.

32. Dobson, *Green, Political Thought*, p. 11.

٣٣. لێرەدا دەبێ وەبیر بێنمەوە کە لە دەستە کردنی خۆم لە ناوەڕۆکەکان، ئاسانیان دەکەمەوە و هەروەها لە مەسەلەی فەلسەفی تێکەڵ بە چەمکە تایبەتییەکان کە لە رادەبەدەر پێچراوە بن خۆمیان لێ لادەدەم. بەم حاڵەوە تیپۆلۆژی کارکردی من پێچراوەتر لە ئاساییە. تیپۆلۆژی ئاسایی لە ئەدەبیاتی نێوان ئەکۆلۆژیستەکان «دەرەکی» و «ناوەکی» جیاوازی دەدەنێ کە بەشێوەی خوارەوەیە:

ناوەکی	***دەرەکی***
تاقانە گروی هەستیناسی	دابەشکردنی هەستیناسی
ئەخلاقیاتی سەرچاوەگرتوو لە متافیزیک	ئەخلاقیاتی جیا لە متافیزیک
بایەخی زاتی	بایەخی ئامێری
ئیختیار	جەبر یان زۆر
کردەوەی سیستمەکان	کردەوە مکانیکی یان مەکینەیی
بایەخی بیۆسفێر یان ئیکۆسفێر مرۆڤەکان	بایەخی لە پێش بوونی
پرەنسیپی	ریفرۆم خواز
لایەنگری داهاتووی پایەدار	لایەنگر بە پیشەسازی بوون

٣٤. ریچارد سیلڤان ئەم قاڵبە ڕێنوێنییەی «ئەگەری تاقانە بایەخ» ناو دەنێ؛ بڕوانە.

Richard Sylvan, '*Critique of Deep Ecology*'.

شکڵێک لەم ڕێنوێنییە دەتوانرێ لە مقالەیەک بە ناوی W. H. Murdy, "Anthrocentrism" ببینرێ. لە جێیەکدا دەڵێ: «پێڕەوی باوەڕی مرۆڤخوازانە بوون و مانای سەلماندنی ئەم کارەیە کە جۆری مرۆ زۆر زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بایەخێکی هەیە... بۆ مرۆ شیاوە کە پێڕەوی باوەڕی مرۆخوازانە بێ» ئەو پاشان دەڵێ مەسەلەی ئەکۆلۆژیکی ئێمە خۆی لە خۆیدا لە پێڕەوی مرۆخوازانەوە هەڵناقوڵێ بەڵکو لە کەمبینی تێگەیشتنی مرۆخواز سەرچاوە دەگرێ؛ بڕوانە.

Murdy in Scherer and Attig (eds), *Ethics and the Environment*, pp. 13,20.

35. For discussion of these, see W. Fox, *Toward a Transpersonal Ecology*, p. 160.

36. Leopold, *Sand County Alamance*; also Naess, 'Shallow and Deep Ecology Movement' and *Ecology, Community and Lifestyle*.

37. See Rodman in Scherer and Attig, *Ethics and the Environment*; the second and sessions, Deep Ecology; for the Buddhist interpretation, See Gary Snyder's essay 'Buddhism and the Possibilities of a Planetary Culture', appendix G in Devall and Sessions, *Deep Ecology*; Warwick Fox's work is best exemplified in the detailed reply to Sylvain's critique of Deep Ecology (see Sylvan, 'Critique of Deep Ecology'; W. Fox, *Approaching Deep Ecology*) and more recently in a very comprehensive study, *Toward a Transpersonal Ecology*. A recent summary of eco-philosophy literature describes Fox's 1986 piece as 'the best explanation and defense of the Deep ecology position'; see Katz, 'Environmental Ethics', p. 268. Fox's work is clearly inspired by Naess; however, the more recent 1990 book makes a number of subtle changes which, in my view, distance him from Naess.

٣٨. من ئەو واژانە کە ج. ر. ڕوودمەن و ڕابین ئاتفیلد کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەکارم هێناون، بەڵام ئەوەم گۆڕیوە.

39. See singer, *Expanding Circle*, p. 123; see also Regan, *Case for Animal Rights*.

40. Singer, *Expanding Circle*, p. 123.

41. See, *Particularly*, The work of Paul Taylor, *Respect for Nature*.
ئەو بە توندی لە نێوان تەوەری «پێڕەوی باوەڕی مرۆخوازانە» و بازنەی «حەیاتخوازانە» جیاوازی دادەنێ و خۆی بە لایەنگری دووەمی دەزانێ. لەمەڕ ئەم باوەڕە حەیاتخوازی ژینخوازییە سەرنج بدە تابلۆی، لاپەڕەکانی ۹۹ـ۱۰۰.

42. Callicott in Scherer and Attig, *Ethics and the Environment*, and also Callicott, 'Non-anthropocentric Value Theory'; Holmes Rolston III, *Environmental Ethics*, and article 'Are Values in Nature Subjective or Objective?' in Elliot and Gare (eds), *Environmental Philosophy;* Taylor, *Respect for Nature.*

43. For an excellent discussion of intrinsic value with bibliographical references, see Attfield, *Theory of Value and Obligation*, ch. 2. See also the interchange in *Cogito*: Dobson, 'Deep Ecology', and Attfield, 'Deep Ecology and Intrinsic Value'.

44. For example, Holmes Rolston III, *Environmental Ethics.*

٤٥. «جۆری شتگەلێک کە رەنگە بایەخی زاتیان ببێت، شتەکان خەلک یان هەموو گیانلەبەران نین بەڵکو ئەزموونەکان، چالاکییەکان و پەرەپێدانی تواناییەکان و لێهاتووییەکانن... گفتوگۆ لەمەڕ بایەخی زاتی خەلک، کاتێک رێیەکی دیکەی بۆ گفتوگۆ لەمەڕ دۆخ و مافەکانی ئەوان بوونی نییە، دەبێ لە حوکمی نبگەرانی لەمەڕ بایەخی زاتی ژیانی ئەوان وەکو ژیانێکی بەبایەخ بەرچاو بگیرێ»؛ بڕوانە.

Attfield, *Theory of Value and Obligation*, p. 31.

46. See W.Fox, *Approaching Deep Ecology*, and, more particularly, *Toward a Transpersonal Ecology.*

٤٧. بۆوێنە موورای بوکچین تەئکیدێکی زۆری لەسەر جیاوازی نێوان رێبازی ئەکۆلۆژیزمی کۆمەلایەتی و پێگەی ژینخوازی هەیە؛ بڕوانە.

Bookchin, Toward an Ecological Society, p. 27.

تەنانەت لە هەڵسەنگاندنگەلێکی ئاکادمیکی وەکو دابسۆن جیاوازی بۆیرانە بوونی هەیە؛ بڕوانە.

Dobson, *Green Political Thought*, p. 3.

48. Worster, *Nature's Economy*.

٤٩. بە وتەیەکی دیکە، بەرامبەر ناکوێ ئاوای سیاسی و کوجامەرحەبا.

٥٠. یەکێک لە نووسەرانی ئەم و دواییانە دەڵێ: «لێکدانەوەی لە بابەتەکانی ژینگە و کۆمەڵایەتی لە قالب و چوارچێوەی بەرفراوان لە ئیدئۆلۆژی و فەلسەفەی باڵی راست رووەدا. باوەڕ بە سنووری «سروشتی» بۆ دەستکەوتی مرۆڤ رەتکردنەوەی دابەشکردنی کلاسیک و بۆچوونی رۆمانتیک لەمەڕ «سروشت» ریشەی هەموویان لە سوننەتەکانی پارێزکاری و لیبرالی دایە؛ بڕوانە.

Weston, *Red and Green*, p. 24.

٥١. هەر ئەو چەشنە کە وێستۆن دەڵێ: «فیکر ئەمەکە دوڕنای ئەمریکایی گرنگتر لە مرۆڤە بە مانای ئازاد بوون لە گوشاری مەسەلەکانی مرۆڤایەتی وەکو هەژارییە». هەمان کتێب ل، ٣.

٥٢. من بێجگەلە سوننەتی Völkisch کتێبی سەیر، بەلام پایەداری خوارەوەم لە نەزەر دایە:

Edward Goldsmith, *A Blueprint for Survival*.

53. Ash, *New Renaissance*, p. 23.

لێرەدا تێکەڵاوییەک لە دوو خاڵ بوونی هەیە واتە: (ئەلف) بایەخی زاتی سروشت و (ب) ئەم ئەندێشە کە مرۆڤایەتی زاتەن بەشێک لە سروشتە. بە بۆچوونی من، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە باڵی سیاسی قووڵی ئەکۆلۆژی (بەتایبەت) رەنگە بڵێین هەر دوو کێشە پێوەندیان بە یەکەوە هەیە و هەر دووش راستن. مرۆڤەکان یەکێک لە بوونەوەرەکانی سروشتن و سروشت زاتەن بە بایەخە. سەرەڕای ئەمە، من لێرەدا نەمگوتووە کە ئەم دوو خاڵە ئیسەرم پێوەندی پێکەوە هەیە. لە راستیدا گوتوومە پێوەندیان نییە و دەتوانن بەتەواوی جیاوازانە تاوتوێ بکرێن.

54. Lovelock, *Gaia*.

وشەی «گایا» لە کارکردی سەرەکی ئەو بە مانای «ئیلاهەی زەمین» بوو. ئەگەرچی دەبێ بڵێم کە دۆزی زەمین بە شێوەی ئۆرگانیزمی خۆگەڕ - «زەمینی زیندوو» — پێشەکی لە لایەن کۆمەڵێک لە بیرمەندان و فەیلسووفانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەوە کەوتووەتە بەرباس و تۆژینەوە؛ بڕوانە.

Barmwell, Ecology in 20th Century, pp. 61ff.

55. Yearly, *The Green Case*, p. 146.

هەروەها بڕوانە،، بە کورتەیەک لە بڕێک رەخنەگەلی دژی زانستی لەم بەشەدا.

56. See W. Fox, *Toward a Transpersonal Ecology*, p. 118; Devill and Sessions, *Deep Ecology*, p. 67. Fox appears to be somewhat disenchanted with the idea in this later work.

57. Tokar, *Green Alternative*, pp. 9-10.

لەم دۆزە تایبەتە لە بەشی سەرەتایدا رەخنەی لێگیراوە. من بە هێندێ رەخنە لە بەشی تایبەت بە ئانارشیزمیش ئاماژە دەکەم

58. Redcliff in Weston, Red and Green, p. 86.

ویستۆن هەروەها دەڵێ: «جیهانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فیزیکی بوونی هەیە کە ئێمە ژیانی تێدا بکەین. ئەمە بەو مانایە کە پێگەی ژینخوازان دەبێ هەم نیگەرانی جیهانی فیزیکی بێ وهەم کۆمەڵایەتی»، هەر ئەو کتێبە، ل ٢.

٥٩. رێگایەک بۆ دەرچوون لەم بنبەستە ئەم باوەڕییە کە چاوکراوەیی ئێمە بەشێوەی سروشتی پێکەوە و لەبەر ئەمە، بەشێک لە سروشتە. بەڵام هەمیشە شتێکی سەیر و مەتەڵێکی هەڵنەهاتوو لەم باوەڕەدا بوونی هەیە. ئەندێشەیەکی تەکامولی هەڵواسراوە بەم پێشمەرجەوە کە بوونی چاوکراوەنەیە. ئەندێشەی تەکامولی بەرهەمی چاوکراوانەیە لەبەر ئەمە، چاوکراوەیی پێشمەرجێکە کە ئەندێشەی تەکامولی پاڵی بەوەوە داوە و بەرفراوان دەبێتەوە. باوەڕی ناوبراو کە تەئکیدی هەیە چاوکراوەیی بە شێوەی سروشتی کامڵ بوو هەڵگری ئەوەیە کە تەکامولی سروشتی پێشمەرجی چاوکراوەیی بێ. وا دێتە بەرچاو کە ئەمە لەگەڵ باوەڕی یەکەم دژایەتی هەیە. بیر و بۆچوونی من ئەوەیە کە چاوکراوەیی تەواوکەری جیاوازی لە کارکردی ئاسایی تەکامولییە. هەرچەند کە بەتەواوی دڵنیا نیم کە جەوهەری ئەم جیاوازی چییە.

٦٠. بڕوانە. بەشی یەکەم و لێدوانگەلێک لەم بوارەدا.

61. Bahro, *From Red to Green*, pp. 221-2.

62. Ryle, *Ecology and Socialism*, p. 66.
لەسەر ئەم خاڵە دەبێ تەئکید بکەم کە رایل دەوڵەت دەکا بە سەرمایە. لە لایەکی دیکەوە ئەو دانی پێدا دەنێ کە وەها دەوڵەتێک زۆرتر خۆی بە قەرزداری روانگەی سۆسیالیستی ویلیام موریس دەزانێ هەتا مارکسیزم؛ بڕوانە. ل ٧٠ـ٦٩.

63. See Bookchin, *Ecology of Freedom and Toward an Ecological Society.*

64. See Ophuls in Pirages (ed.), *Sustainable Society*; see also Ophuls' own work, *Ecology and the Politics of Scarcity.*

65. Ophuls in Pirages, *Sustainable Society*, pp. 162-3.

66. Goldsmith and Hildyard (eds), *Green Britain*, p. 345.

67. Porritt, in Goldsmith and Hildyard (eds), *Green Britain*, p. 117-18.

68. Porritt quotedin W. and D.Schwarz, *Breaking Thought*, pp. 259-60. See also Porritt, *Seeing Green*, pp. 10-11.

69. See Elkington and Burke, *Green Capitalists*; also the Practically motivated book for Green consumers, Elkington and Hailes, *Green Consumer Guide*. This Position, which relies on market methods to achieve environmental ends, will receive more discussion in the next section on the new economics.

70. See Fromm, *To Have or To Be*?

71. Robertson speaks of a fundamental movement fron instrumental to 'inner directed expressive values' in *Future Work*, pp. 76-9; see also Spretanak and Capra, *Green Politics*, pp. xvi, 29;Ash, *New Renaissance*, pp.24ff.
٧٢. بە باوەڕی جیمز رابێرتسۆن کۆمەڵگەی نوێ «لە بایەخەکان و ئامانجە کەمییەتەکانەوە بەرەو چۆنیەت؛ لە پێوەندی ناتایبەتی بەرەو تایبەتی و نێوان تایبەتی؛ و لە دەخڵ و خەرجی پوول و پارەوە بەرەو پێویستە راستەقینەکانی مرۆڤایەتی دەڕوا»؛ بڕوانە.

Spretnak and Capra, *Green Politics*, p. xx.

73. Ophuls in Pirages, *Sustainable Society*, p. 168.

لێرەدا دەبێ ئەوە وەبیر بێنمەوە کە من باوەڕم نەبووە کە ئوفولس ئەکۆلۆژیستێکی قووڵە، بەڵکو روانگەیەک کە ئەو لێرەدا دەیهێنێتە ئارا زۆرتر تێکەڵ بە کەشـشێکە بـۆ ئەکۆلۆژیـستە قووڵـەکانە. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە بـوکچین وێـڕای لێـدوان لەمـەڕ روانگـەی خـۆی لەمـەڕ جـەماوەرێکی ئەکۆلۆژیـستی کۆمەڵایـەتیش سـەرنج دەداتـە هەنگاوەکانی کروپۆتکین؛ بڕوانە.

Bookchin, *Toward an Ecological Society*, p. 104.

74. Ophuls in Pirages, *Sustainable Society*, p. 168.

75. Tokar, *Green Alternative*, p. 31.

76. See Schumacher's amazingly popular work *Small is Beautiful*, ch.4.

٧٧. لایەنگـەلی نـەبوونی توندوتیژی بـە شـێوەی یـەکێک لـە چـوار کوڵـەکەی کۆمەڵـگەی ئـەکۆلۆژیکی لـە پـاڵ دەسـتی ئەکۆلۆژیـدا، بەرپرسـایەتی کۆمەڵایـەتی و دیموکراسی جەماوەری خەڵک لە ئارا دایە؛ بڕوانە.

Spretnak and Capra, *Green Politics*, p. 41

78. See also W. and D.Schwartz, *Breaking Through*, p. 207. On this question of the change in the whole 'Lifestyle', see Porritt and Winner, *Coming of the Greens*, ch.8.

79. Robertson, *Future, work*. This will be explores a little more in the next section.

80. Goldsmith, *Blueprint for Survival*, pp. 51,53. Kirkpatrick Sale suggests neighborhoods of 500-1000 and larger units of 5,000-10,000; see Sale, *Dwellers in the Land*, pp. 62-4.

81. Tokar, *Green Alternative*, p. 27.

82. See n.81 above.

83. Ibid.,p.27, and Sale, *Dwellers in the Land*; see also Dobson's discussion here, *Green Political Thught*, pp. 117ff.

٨٤. «ڕێکخراوەی دروستکراو لەگەڵ دیموکراسی هاوبەشی سیاسەتی سەرەکی خۆی بەرامبەر بە ڕاپرسی دیاری و دەسنیشان دەکا. هەل بۆ خەلک دەرەخسێنێ کە دەستیان بە هەموو حزبە ڕاستەقینە و سەرەکییەکان ڕابگا، لە پێکهاتەی سلسلەمەراتبی پاریز و دووری بکەن»؛ بڕوانە.

Spretnak and Capra, *Green Politics*, p. 35; Bahro, *From Red to Green*, p. 222;

لێرەدا وێچوونکگەلێکی زۆر بەتەوژمی نێوان ئەکۆلۆژیستە قوولەکان و ئەکۆلۆژیستە کۆمەلایەتییەکانی وەکو بوکچین بوونی هەیە کە دیموکراسی هاوبەشی لە ڕووبەڕوو لەگەڵ دیموکراسی نوێنەرایەتی ڕادەگرێ؛ بڕوانە.

Bookchin, *Toward an Ecological Society*, p. 216.

85. See Spretnak and Capra, *Green Politics*, p. 47; Robertson, *Future, Work*, pp. 79-80.

86. Goldsmith, *Blueprint for Survival*, p. 48.

87. Ibid., p. 49.

٨٨. ئەندرۆ دابستۆن لێرەدا سیاسەتی بەردەوامی دەوڵەتی چین دەربارەی ئەمە کە هەر بنەماڵەیەک دەبێ منداڵێکی ببێ، دێنێتە وەبیرم کە ڕوالەتەن لەگەڵ پێشوازی و پشتگری خەلک ڕووبەڕوو بووەتەوە.

89. See Dobson, *Green Political Thought*, pp. 96-7.

90. Goldsmith, *Blueprint for Survival*, p. 50.

91. Ash, *New Renaissance*, pp. 53-4.

92. Goldsmith, *Blueprint for Survival*, p. 52. Tokar, *Green Alternative*, p. 31; Spretnak and Capra, *Green Politics*, pp.45, 178-9; Robertson, *Future Work*, p. 141.

٩٣. لێرەدا گرفتێکی دیکە لە ئارا دایە کە لە ناوەڕۆکەکانی ئەکۆلۆژیدا هیچ شوێنێکی سابت لە ڕێنوێنی دەربارەی مانای «ئازادی» بوونی نییە. هەمیشە لە واتاکانی لیبرالیدا ڕەخنە لە ئازادی نێگەتڤ بوونی هەیە؛ بڕوانە.

Pirages, *Sustainable Society*, p. 9.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئاشکرا نییە کە تا چ ڕادەیەک لە ئازادی بەجێی ئەو هاتووەتە ئاراوە.

٩٤. هەروەها لەمەڕ مەسەلەی «یەکەم ئیدئۆلۆژی»؛ بڕوانە.

Porritt in Goldsmith and Hilyard, *Green Britain*, pp. 344-5.

دەربارە راڤەیەکی زۆر ویچوو لەمەڕ پیشەسازی خوازی و گەشە کردن؛ بڕوانە.

Goldsmith, *Blueprint of Survival*, p. 26.

95. See Pepper's contemptuous remarks on this theme in *Roots of Modern Environmentalism*, p. 5.

96. Spretnak and Capra, *Green Politics*, p.78.

٩٧. ئابوورزانانی ئەمڕۆیی، نئۆکلاسیکەکان، مارکسیستەکان، کینزییەکان\ یان ڕێبزگەلی نوێ کینزی هەمیشە بێ‌ڕوانگەی ئەکۆلۆژیکین. بەجێی بە رەسمییەت ناسینی ئابووری بە شێوەی لایەنێک لە گشت پێکهاتی کۆمەلایەتی و ئەکۆلۆژیکی، ئەوانە دەیانەوێ ئەوە جیاواز و بە شێوەی نموونەگەلی بۆچوونی زۆر لە راستی بە دووریاسبکەن... ئەوانە سەبارەت بە خەرجە کومەلاَیەتییەکان و ژینگەی دروستکراو لەگەڵ سەرجەم چالاکی ئابووری کەمتەرخەمن» هەمان کتێب، ل ٧٨ـ٧٧.

98. Goldsmith and Hilyard, *Green Britain*, pp. 25.

99. Ekins (ed.), *Living Economy*, p. xviii

100. Pirages, *Sustainable Society*, p. 3.

101. See Spretnak and Capra, *Green Politics*, p.88.

102. See Goldsmith and Hilyard, *Green Britain*, pp.6-20.

103. Ryle, *Ecology and Socialism*, p. 46.

104. Weston in his introduction and Pepper's article in Weston, *Red and Green*, pp. 28,119-21. See also Pepper's heated discussions in *Roots of Modern Environmentalism*, also Porritt and Winner's somewhat irate response to Pepper and Weston as 'the angry spluttering from worn-out ideologues who have long since lost touch with the real world' in *Coming of the Greens*, p. 256.

105. Elkingtion and Burke, *Green Capitalism*, p. 23; see also Pearce, Markandya and Barbier, *Blueprint for Green Economy*.

106. Elkingtion and Burke, *Green Capitalism*, p. 239.

107. Ibid., p. 252.

108. Porritt and Winner, *Coming of the Greens*, p. 151; see also Yearley's discussion, *The Green Case*, p. 106.

109. Robertson, *Future Work*, p. 5.

110. See Ekins, (ed.), *Living Economy*, pp. 44ff; part 2 of the book is entitled 'Putting People First'.

111. Ibid., p. 55.

112. Robertson *sane Alternative and future work*; Dauncey, *Unemployment Handbook and Nice work.*

113. Robertson, *Future Work*, p. x.

114. Ibid., p. xii; Ekins, Living Economy, p. 169; Schwarz, *Breaking Through*, p. 22.

115. See Robertson, *Future Work*, p. 175.

116. See Ekins, *Living Economy*, pp. 241ff; Spretnak and Capra, *Green Politics*, pp. 97ff.

117. Robertson in Ekins, *Living Economy*, pp. 114. This Ruskinian notion of 'health as Wealth' is in fact one of the main points of Robertson's earlier book, *the Sane Alternative.*

118. Ekins, *Living Economy*, p. 128.

119. Ibid., 139-65.

120. Daly (ed.), *Steady-State Economy*; see also his article 'The Steady-State Economy: What, Why and How' in Pirages, *Sustainable Society.*

١٢١. دیلی وەبیرمان دێنێتەوە کە ئێمە لە دەرهێنانی کانە بەجۆش هاتووەکان وزەی پێویستی بەکاردەهێنن بە وزەی نابەکارهێنان. ئانترۆپی، جیاواز لە پاراستنی وزە، تەواوکەری ئەوەیە کە لە ماکی جێگۆڕکێپێکراو. بەردەوام وزە لەسی ئەرجەم سیستم کەم کەینەوە. وزە پێویستی بەکارهێنان سەرچاوەیەکی بەرتەسکە؛ بڕوانە.

Pirages, , Sustainable Society, pp. 107-110.

١٢٢. دیلی پاشـان هـاوڕێ لەگـەڵ جـان ب. کـاب پێناسـەیەکی بـەرفراوانتری لـەم باوەڕە خستوەتەڕوو. لەو جێیە کە کتێبی ئەو لە کۆتایی نووسـینیدا ئـەم کتێبـە کەوتـە دەست من نەمتوانی باوەڕەکانی ئەو بنووسمەوە؛ بڕوانە.

Daly and Cobb, Common Good.

123. On the systems view as opposed to the mechanistic view, see Capra, *Turning Point*. On the scientific ambivalence and opposition, see yearly, *The Green Case*, h. 4.